دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqrathlamontada.com

تۆڵستۆی

وەرگێڕانی: جەوهەر مەحموود داوغا

شەڕو ئاشتی

ئەلیادەی سەدە نوێیەکان

بەرگی سێیەم

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

شەڕو ئاشتی

ئەلیادەی سەدە نوێیەکان

ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی
عەبدولڕەحمان زەبیحی ٢٠٢٠

بەڕێوەبەری دەزگا: سیروان حەمەسەعید حەمەخورشید

ناوی کتێب:شەڕو ئاشتی -ئەلیادەی سەدە نوێیەکان-

ناوی نووسەر: لیۆ تۆڵستۆی

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: فارس غصوب

وەرگێڕانی بۆ کوردی: جەوهەر مەحموود داراغا

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

زنجیرە: (٤٧)

نۆرەی چاپ: ٢٠٢٠

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: نرخی هەرسێ بەرگەکە (٢٣٠٠٠)دینار

چاپ: چاپخانەی تاران

Tel: 0533202936 07701549509

email: jamalerfan99@gmail.com

jamal erfan cultural foundation

www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، بەرامبەر ماکسی مۆڵ

لیۆ تۆڵستۆی

شەڕو ئاشتی

ئەلیادەی سەدە نوێیەکان

وەرگێڕانی
جەوهەر مەحموود داراغا

بەرگی
سێیەم

پـاری سێیەم

بەشی یەك
لە یاساكانی مێژوودا

مرۆڤ تا رکێفی یەکەیەکی تەنی جولاو نەکات، مامەڵەی لەگەڵ کۆی ئەو شتە جولاوەی بۆ ناکرێت. بۆیە ئەوە نیمچە مەحاڵە بۆ درکەکانی مرۆڤ، بتوانێت پەی بە جوڵەی سەروو مڕی کۆی شتەکە بکات. بەڵام خۆ لە بەشە جوێ کراوەکەی شتە جولاوەکەیشدا، بەشێکی زۆری هەڵە مرۆڤایەتیەکان روو دەدەن.

خەڵکەکە هەموویان مەزهەبی "سەفستە"[1]، لای دێرینەکان دەزانن. کە تێیدا هاتووە: هەرچەند "ئاشیل تاودان"یشی، دە هێندەی تاودانی ئەو کیسەڵەیە، لە بەردەمییەوە دەڕوات.. کەچی ناتوانێت پێی بگاتەوە!

تا "ئاشیل" ئەو ماوەیە دەبڕێت: تاکو بە کیسەڵەکەدا بگاتەوە، کیسەڵەکەیش "دەیەک"ی ئەو دووریەی بڕیوە و، ئەویش ڕێژەیەکی دووریەکە دوور کەوتووەتەوە! واتا لە سەدا، یەکی ئەو ماوەیەی بڕیوە، کە کیسەڵە بڕیویەتی.

لە کۆندا چارەسەری زۆر سەخت بوو. **مەحاڵبوونی گەیشتن بە ئەنجام لە کێشەی نەگەیشتنەوەی ئاشیل بە کیسەڵەکە** ئەوەبوو، کە جووڵەی هەر یەکەیان بە جیا و دوور لە جووڵەی ئەویتریان وەردەگرت. ئەوەیان پشتگوێ خستبوو، کە هەردووکیان لە یەک کاتدا و، پێکەوە دەجووڵان! ئەگەر یەکەکانی جووڵە زیاتر و زیاتر وەربگرین، ئەوا تەنیا و تەنیا لە چارەسەر نزیک دەبینەوە و، هەرگیز ناگەینە چارەی تەواو و کۆتایی.

---

١ ـ مەبەست لە: نەمانی جووڵەیە.

کەوابوو بۆ ئەم شەڕەیش ئەگەر هەموو جوولّە بچووکەکان پێکەوە وەرنەگرین، ئەوا ناگەینە چارەسەری تەواو! ئەمەیش لقێکی بیرکاریی نوێیە. کە لە هونەری "ژمارە و پێوان"دا دۆزراوەتەوە.

ئەم بڕە بچووکانە وەلّامی ئەو پرسیارانەی داینەوە، کە جاران وەلّامدانەوەیان سەخت بوو. ئەم لقە نوێیەی بیرکاری، لە خەلّکە دێرینەکە ونبوو. نەیاندەزانی بەشە هەرە وردەکانی کێشەکانیش، لە چارەسەرەکاندا بەکار بەرن.

لەگەڕان بە شوێن یاساکانی مێژوویشدا، هیچ جیاوازییەکی لەگەلّ ئەو بارەدا نییە. رەوشی مرۆڤایەتیی سنووردار، بە زنجیرەیەکی لە ژمارە نەهاتووی ویستە کەسییەکان، لە خۆیاندا جوولّەی سەرو مڕن.

زانینی یاساکانیشی مەبەستی مێژووە. شێوازی مێژووی سەرەتایی، هەلّبژاردنی رووداوە بەردەوامەکان و، پشکنینی سەربەخۆ و، جیا لەوانیتر بوو. کە ئەمە نەشیاوە و، رووداوێک نییە، کە بە رووداوەکەی پێش خۆیەوە نەبەسترابێتەوە.

هیچ رووداوێکیش سەرەتای نییە، بەلّکو بە رووداوێکی ترەوە پەیوەندە. شێوازەکەی تری مێژوویش، لە سەر کردەوەکانی کەسێکی وەکو قەیسەر. یان سەرکردەی سوپایەک دەنووسرایەوە. ئەویش لەبەر ئەوەی نوێنەری ویست و ئارەزووەکانی خەلّکێکی زۆر بوو.

. زانستی مێژوو لە پەرەسەندنیدا بەشە وورد وردەکانی رووداوەکان پێ لە ملی لێکۆلّینەوە دەبن و، مێژوویش بەم کارەی خۆی لە راستییەکان نزیکتر دەکاتەوە.

بەلّام هەست دەکەین چەند رووداوێک پێویستیی بە ئەوەیە کە بەجیا و دوور لە رووداوانی تر لێی بکۆلّرێتەوە. کە ئەوەیش لە خۆیدا پەسەند کردنی رێ و شوێنەکانی مێژووە سەرەتاییە نازانستییەکانە.

ویستەکانی کۆمەلّگەیەک لە کەسێتییەکی مێژووییدا کۆ ببێتەوە: پووچ کراوەتەوە و ئێمەیش راست و چەپمان پێدا هێناوە. هەلّ هێنجان لە مێژووەوە و، بێ خۆماندوو کردنی ڕەخنەگر، بۆ خۆی لەبەر یەک هەلّدەوەشێتەوە و، ئاسەوارێکی لێ نامێنێتەوە. تەنیا لە بەر ئەوەی کە ئەو ڕەخنەگرە، ئەو بابەتەی بە جیا و، دوور لە رووداوەکانی پێش خۆی، شیکردووەتەوە و، لێوەی دواوە. حەقی خۆیشیەتی، هەمیشە هەرەس بێنێت. چونکە رکێفی رووداوە ورد و درشتەکانی پێش خۆی نییە. تاکو یەکە هەرە وردەکانی رووداوەکەیش جێی خۆیان لە لێکۆلّینەوەکانماندا نەگرن، ناتوانین چاو ببڕینە گەیشتن بە یاساکانی مێژوو.

پازدە ساڵی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم. وێنەیەکی ریزپەڕی، ملیۆنان کەس پیشان دەدات، کە کارو کاسبیی خۆیان جێ هێشتووە و، لەوبەری ئەورووپاوە هاتوون بۆ ئەمبەر و، تالّان و کوشت و بڕیان کردووە و، دەمێک سەرکەوتوون و، دەمێکیش شکست خواردوو و بەزیو بوون. ژیانەکە خۆیشی لە چەند ساڵێکدا دەگۆڕدرێت و، ڕەوشی بزووتنەوەکە، یەکەمجار چالاک و، بەرە بەرە خاو دەبێتەوە.

هۆی ئەو بزووتنەوەیە چییە؟ یان بە لای کەمەوە یاساکانی چین؟ ئەوە بیر و ژیریی مرۆڤە، ئەمەی لێ دەپرسرێت. بە خستنە ڕووی چەند جوولّە و بزووتنەوەی، بیست، سی کەسێکی، نێو خانوویەکی پاریس، میژوونووسان وەلاممان دەدەنەوە و، ئەو جوولّە و بزووتنەوانە: بە شۆڕش ناو دەبەن. ئەمجا بە دوور و درێژی لە ژیانی ناپلیۆن و، بڕێک لە یاوەرانی و، دوژمنانییەوە دەدوێن.

بە دوایدا هەرخۆیان دەنووسن:

"ئەمە شوێنی پەیدا بوونی بزووتنەوەکەیە و، هەر ئەمەیش یاساکانییەتی."

بەلام عەقڵی مرۆڤایەتی نەک ئەم شیکردنەوەیە ڕەت دەکاتەوە. بەڵکو بە ئاشکرا ئەو شێوازی شیکردنەوە هەڵەیە ڕەت دەکاتەوە. چونکە کۆمەڵێک ویست و خواستی مرۆڤانە، ئەو شۆڕشەی دروست کردووە.

ناپلیۆن دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر ئەو ویست و خواستانەی، لە کۆڵ کردووە، لە ناوی بردوون.

میژوو دەڵێت:

لەگەڵ ئەوەیشدا هەر کاتێک داگیرکردن بووبێت. داگیرکەر هەبووە. هەر کاتێک کوودەتا لە هەر وڵاتێکدا بووبێت.. لەگەڵیشیدا پیاوانی مەزن هەبووە.

عەقڵە مرۆڤانەکەیش وەلام دەداتەوە:

ئەوە ڕاستە هەر کاتێک داگیرکەر پەیدابووبێت.. شەڕیش دروستبووە. بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە داگیرکەران هۆی شەڕ هەڵگیرسان بووبن. یان یاساکانی جەنگ لە چالاکیی تاکە کەسیەوە هەڵناهێنجرێت. واتا کەسێکی سەرکردە نابێتە سەرچاوەی یاساکانی جەنگ.

هەموو جارێک کە لە سەعاتەکەم دەڕوانم و میلەکەی لە سەر (١٠)یە. گوێم لە دەنگی زەنگەکانی کڵێسەکەی نزیکمەوە دەبێت. ئەم ڕووداوی هەموو سەعات (١٠) و یەک بیستنی زەنگی کڵێسەکەی نزیکمەوە. نابێت بمگەیەنێتە ئەوەی کە شوێنی میلی سەعاتەکەی من دەبێتە هۆی زەنگێدانەکەی کڵێسەکە.

هەر کاتێک گوێم لە فیک و هۆڕی جوولّەی شەمەندەفەرێک و خولانەوەی پێچکەکانی بوو. بۆم نییە وا بیربکەمەوە کە فیک و هۆڕ و خولانەوەی پێچکەکانی تەنیا هۆی ڕۆیشتنی شەمەندەفەرەکە بووە. لادێیەکان دەڵێن لە کۆتایی بەهاراندا بە هۆی پشکووتنی چرۆی دار بەڕووەکانەوە، بایەکی سارد هەڵدەکات. بەڵام من ئەوەم لا پەسەند نییە. چونکە هەڵکردنی بایەکە هیچ کاریگەریەکی بەسەر ئەو چرۆکردنەوە نییە. وای دەبینم بارو دۆخی دوو ڕووداوەکە لەو وەرزە یەکی خستوون و هیچی تر. وایشی دەبینم کە هەرچەند بکەم و بکۆشم لە چاودێریکردنی وردی میلی سەعاتەکەمو زەنگی کڵێسەکەو فیکو هۆڕی

شەمەندەفەرەکەو خولاندنەوەی پێچکەکانیو جوولەکردنیو هەڵکردنی بایەکەو کرانەوەی چرۆی داربەڕووەکان. هەرگیز هۆی زەنگلێدانو جوولەی شەمەندەفەرەکەو هەڵکردنی ئەو بـا بەهاریە نیە.. تێناگەم. تاکو بگەمە هۆیەکان پێویستە بە تەواوی باری سەرنجەکەم. بگوێزمەوەو لێکۆڵینەوە بۆ یاساکانی جوولە و بەهەڵم بوون و زەنگ و بـایەکە بکەم. پێویستە هەمان شێوازیش بـۆ مێژوویش بکرێت. مێژوو خۆیشی ویستوویەتی لەمە بە ئـاگا بێت.

بۆ ئەوەی بنەما و یاساکانی مێژوو بدۆزینەوە. پێویستە بە تـەواوی خستنە ڕووەکانی بگـۆڕین و پـاشا و وەزیـران و ژەنـەرالان وەلاوە بنێین و، وێڵیـان بکـەین و لـە جوولـە و بـزوتنەوە وردە پێکـەوە شـەتەکدراوەکان بکۆڵینـەوە، کـە دەبنـە پـاڵنەری بزووتنـەوەی گروپـەکان.

کەسێکیش نییە بتوانێت بڵێت کە لـە چ بارێکدا مرۆڤ بـە هـۆی ئـەم ڕێیـەوە دەتوانێت: دەستی بە یاساکانی مێژوودا بگات. لـە کاتێکدا کە کەسێک نکوولی لـەوە ناکات کە: ئەمـە تەنیا ڕێگایە بۆ گەیشتن پێی.

عـەقڵی مرۆڤانـەیش، بـە هێنـدەی یـەک لەسـەر ملیـۆنی عـەقڵی مێژوونووسـان لـە نووسینەوەی وەسفی بزووتنەوەکانی پاشا جۆرا و جۆرەکان و، ژەنـەرالان و، وەزیران، یان پیشاندانـی بیروڕای ئەوان لە بـارەی ئەو کردەوانەوە نیـیە.

بەشی دوو
زەردەی پــەڕ

هێزەکـانی رووس، بـە شـکاوی لـە بـەردەم سـوپای (١٢)ی نەتـەوەی ئـەوروپادا کـەم بوونەوە و، لەگەڵ هاوڵاتیانی رووسیشدا لە سەرەتادا تا سمۆلنسک، لـە پاشەکشـەدا بـوون و، دواجـار بـەرەو "بورۆدینۆن و، خۆیـان لـە بـەرەنگار بوونـەوە، لەگەڵ سـوپای فەڕەنسـا دەدزییەوە.

سوپـاکەی نـاپلیۆنیش بـەرەو مۆسـکۆ بـووەوە و تـا دەهـات پەرۆشـتر دەبـوو، بـۆ ئـەو کـارەی. هـەر وەکـو زیـاتر بـوونی خێرایـی تـەنێک، لـە کەوتنـە خوارەوەیـدا و، بـە نزیکتـر بوونەوەی لە زەوییەوە.

ئـەوانیش تـا لـە مۆسـکۆوە نزیکتـر دەبوونـەوە، خێراتـر دەبـوون. وابـوو کـە سـوپا برسـییەکەی نـاپلیۆن بـە هـەزاران "فرسـەخ[1]ی بـەجێ هێشـتبوو و، هـەروا دە دوازدە فرسـەخێکی مـابوو، بـە ئامـانج بگـات و، مۆسـکۆ داگیـر بکـات. بۆیـە تـا دەهـات بـەرەو ئامانجەکەیان خێرا و خێراتر دەبوون.

لە نێو سوپای رووسیشدا، تا پاشەکشـەیان زۆرتر دەبـوو: رق و کینـەیان ئەسـتوورتر دەبوو. دواییـن پێکدادان، لە نێوان ئەو دوو سـوپایەدا لـە بوورۆدینـۆ رووییدا. بـەڵام سـوپای رووس، وەک چـۆن تۆپێـک بـە تـەوژم دەکشـێت و، لـە ناکـاو بـەر بـەردێک دەکـەوێت و دەگەڕێتەوە. هەر بەو شێوەی گەڕانەوەی تۆپەکە ئەویش پاشەکشەی کرد.

---

١ ـ فرسەخ: زاراوەیەکی پێوانەیی فارسییە و هەر فرسەخێک(٦) کیلۆمەترە. وەرگێڕی کوردی

سوپای رووس بۆ بیست و پێنج فرسەخی دواوەی مۆسکۆ، پاشەکشەی کرد. فەرەنسییەکانیش گەیشتنە مۆسکۆ و، وەستان.

لە پێنج هەفتەی یەکەمی مانەوەیاندا لە مۆسکۆ، هیچ شەڕ و پێکدادانێک رووی نەدا. فەرەنسییەکان وەکوو درندەیەکی پێکراوی کوشندە، چۆن دوای لە دەستدانی خوێنێکی فرە، برینەکەی خۆی، دەلیسێتەوە و لە شوێنی خۆی جوولێ بۆ ناکات.. ئاوا پێنج هەفتە لە مۆسکۆدا مانەوە و، بێ ئەوەی هیچ بکەن.

دواتر هیچ هۆیەکیش بۆ هەڵاتن نەبوو و، سەرکەوتوویش بوون. کەچی لە ناکاو و بە پرتاو بە رێی کالوگادا هەڵهاتن و، خۆیان لە بەرەنگاربوونەوە، لەگەڵ سوپای رووسدا، دەدزییەوە و، زۆر بە خێرایی پاشەکشەیان دەکرد و، بەرەو سمۆلنسک دەبوونەوە.

ئەمجا گەیشتنە پشت سمۆلنسک و، دواتر پشتی ڤیلنا و، بە دوای ئەویشدا بۆ پشت بیریزینا و، تا دەهات دوورتر دەکەوتنەوە.

ئێوارەی (٢٦)ی ئاب، کۆتوزۆف و هەموو سوپای رووس، گەیشتنە ئەوەی کە خۆیان شەڕەکەی بوورۆدینۆیان بردووەتەوە. کۆتوزۆف زۆر بە رووتی، ئەم هەواڵەی بە ئیمپراتۆر دا.

ئەمجا فەرمان بە هەموو هێزەکانی رووس درا، تا خۆیان ئامادەی بە گڕا چوونەوەیەکی نوێ بکەن. تاکو گورزێکی کوشندە، ئاراستەی دوژمن بکەن. سەربازانیش دەیانزانی ئەم فەرمانە، قسەی رووت نییە و، فەرەنسییەکان بەزیون و، لە پاشەکشەدان.

بەڵام ئەو ئێوارەیە و، ڕۆژی دواتر ڕاپۆرتەکان، زیانێکی زۆری سوپای رووسیان خستە ڕوو. لە ئەوانە: لە دەستدانی نیوەی سەربازانی سوپا. ڕاپۆرتەکان هێندە ئەو کارەیان گران کردبوو، کە مەحاڵ بوو ئەو سوپای رووسە، لە توانایدا بێت بەرەنگاری سوپای بەزیوی فەرەنسا ببێتەوە.

پێش ئەوەی دابین کردنی بوودجە و، زەخیرەی شەڕی بەرەنگاربوونەوە و، سەرژمێریی کۆژراوانی سوپا و، دانانەوەی ژەنەرالانی سەرکردە، بۆ لەشکرەکە و، سەربازان تێر بخۆن و، بنوون و بحەوێنەوە، مەحاڵە بتوانن شەڕیان بۆ بکرێت.

سوپای فەرەنسایش بە خۆیدا هاتەوە و، خۆی ئامادەی بەرەنگار بوونەوەی سوپای رووس کرد. کۆتوزۆف و، سوپای رووسیش، خوازیاری سبەینێی پەلاماری سوپای دوژمن بوو. بەڵام تەنیا بە حەز کردن شەڕ ناکرێت. بەڵکو توانا پێویست بوو، بۆ ئەو کارە. بەڵام ئەو توانایە نەبوو.

ئەوەبوو لە هەنگاوی یەکەمدا، پاشەکشەیان کرد و، نەیاندەتوانی ئەوە نەکەن. هەنگاوی دووەمیشیان، بە هەمان شێوە بوو و، پاشەکشەیان کردەوە.

دواجار بەبێ ویستی خۆیان و، بار و دۆخەکە سەپاندی، کە لە مۆسکۆی پایتەختیشیان پاشەکشە بکەن و، بۆ دوژمنی جێ بهێڵن.

چەندین پرسیار هەیە و، پێویستە ئەوانەی لەسەر کورسی و مێز دانیشتوون و پێیان وایە: دەبێت نەخشە داڕێژراوەکانی شەڕ، وەکوو خۆی جێبەجێ بکرێت، وەڵام بدەنەوە. لەوانە ئاخۆ بۆچی کۆتۆزۆف، لە کاتی پاشەکشەیدا، ئەوە و ئەوەی نەکرد؟ دوای ئەوەی لە مۆسکۆ پاشەکشەی کرد: بۆچی لە رێی کالۆگاوە، یەکسەر نەگەڕایەوە؟ ئەی بۆچی کۆتۆزۆف، لە بەردەم ڤیلییدا، سەنگەری لێ نەدا و، خۆی قایم نەکرد؟

ئەوانەی ئەم جۆرە بیرۆکانەیان لە لا دروست دەبێت، ئەوەیان بیردەچێت کە ناتوانن ئەو هەل و مەرجانە، وەلاوە بنێن، کە وا لە سەرکردەی باڵا دەکات، ئەو ڕێ و شوێنە بگرێتە بەر.

ئەو چالاکییەی ئەو، پەیوەندی بەوەوە نییە، کە ئێمە لە پشتی مێزێکەوە دانیشتووین و، نەخشەی شەڕەکە لەبەردەستماندایە و، ئەندێشەی دەکەین. سەرکردەی باڵا، سەرەتای شەڕە دەبینێت، نەوەکوو ئەوەی ئێمە پێشبینیی بۆ دەکەین، یان خاوەن تیۆرە جەنگییەکانی پشت مێزەکان دەیبینن.

ئەو سەرکردەی پێکەی شەڕە بارو دۆخەکەی دەورو بەری بە جۆلاوەیی دەبینێت و، هەموو ڕووداو و، بارو دۆخەکە پێکەوە دەبینێت. ڕووداوەکە ڕوو دەدات و بە دوایدا، شتەکانی تر وردە وردە دەردەکەون، واتا گشتییەکەیشی سات بە سات و، تا ئاکارەکان وەدەرنەکەون، ڕوون نابێتەوە.

سەرکردەی باڵا دەکەوێتە نێو کۆمەڵێک پیلانگێڕی و، سەرقاڵی و فەرمانی سەپاو و، پڕۆژە و، ئەنجومەن و، هەڕەشە و گوڕەشە و، فریودانی ئاڵۆزەوە. بەدوای ئەمانەیشدا لە سەرێتی وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەیش بداتەوە، کە لە دژی لێی دەکرێن. لە ساتە مۆلەقەکانیشدا تەنیا بیر لە یەک پڕۆژە ناکاتەوە. بەڵکو بە دەیان پڕۆژە.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەر پڕۆژەیەک لەو پڕۆژانە، لە سەر دوو بنەما بە تۆکمەیی جێگیرە. کە بنەمای ستراتیجی و جوولەیە. پێدەچێت کە سەرکردەی باڵا هێندەی لە سەر بێت، پڕۆژەیەک هەڵبژێرێت. لە کاتێکدا ئەوە مەحاڵە و کات چاوەڕوان نابێت و، لە سەری ناوەستێت.

گریمان بۆ کۆتۆزۆڤیان دەستنیشان کرد، کە لە بیست و هەشتی مانگدا شارێی کالوگا بگرێتە بەر. لەو کاتەدا یاریدەدەری سەربازیی میلۆدارۆفیتش هات و، پرسیاری ئەوەی لێکرد: ئاخۆ لەگەڵ فەرەنسییەکان بە شەڕ بێت! یان پاشەکشە بکات و، بەرەنگاریان نەبێتەوە؟ لەم بارەدا پێویستە بڕیارەکەی کۆتۆزۆڤ خێرا و کتوپڕ بێت. ئەو دەڕوات و، بە دوایدا یاریدەدەری ئازووخە و خۆراک دێت و، لێی دەپرسێت: لە کام ڕێگاوە ئازووخە بۆ سوپا بنێرێت؟

ئەمجا سەرۆکی خەستەخانە دێت و دەپرسێت: کە ئاخۆ بریندار و پێکراوەکان، بۆ چ

شوێنێک بگوێزێتەوە؟

دوای ئەو تەتەرێک دێ و، نامەیەکی ئیمپراتۆری پێیە و، بۆی نووسیوە کە رازی نییە کۆتۆزۆڤ، مۆسکۆ چۆڵ بکات.

ئەمجا رکابەرەکەی سەرکردەی بالا دێت و، تەقەلای هەڵکەوتنی هەل دەکات تاکو پاشقولی لێ بگرێت - لەم جۆرانەیش زۆرن و یەکێک نین - بۆ ئەو مەبەستە گلاوەی خۆی، پرۆژەیەکی پاشەکشەی دەخاتە بەردەم و، کتومت پێچەوانەی پرۆژەکەی کۆتۆزۆڤ خۆیەتی و، کشانەوە بە شارێی کالوگادا.

هەر لەو کاتەدا سەرکردەی بالایش، هەست بە ماندووبوونێکی فرە دەکات و، پێویستی بە حەوانەوە و نووستن هەیە. کەچی ژەنەرالێکی ڕێزدار خۆی بە ژووردا دەکات و، گلە و گازندەی ئەوەیەتی، کە ڕەوا نییە برێکیان لە سەرموچە بێبەشن!

بە دوای ئەمیشدا خەڵکێکی زۆری هاوڵاتیان، خۆیان بە ژوورەکەیدا دەکەن و، داوا دەکەن بپارێزرێن.

ئەمجا ئەفسەرێک خۆی بە ژووردا دەکات و، کۆمەڵێک زانیاری دەداتە دەست کۆتۆزۆڤی سەرکردەی بالا و، پێچەوانەی ئەو زانیاریانە بووە کە هاوڕێیەکی پێش خۆی، بۆی هێنابوو.

بە دوای ئەویشدا.. ڕۆڵی سیخوڕێک و دیلێکی شەڕ دێت. ئەمجا ئەو ژەنەرالەی کە نێردرابوو، بۆ بەرەی شەڕەکە، تاکو پشکنین بۆ سەنگەرەکانی پێشەوەی دوژمن بکات.

ئیدی هەر ئەفسەرە و، بە شێوەیەک وەسفی بەرەکەی دەکات. ئەمانە کێشەیەڵێکن، کە نەدەبوو لە کاتێکدا سوپا هەر پێنج فرسەخ لە سوپای دوژمنەوە دوور بوو، باس بکرێن.

بەشی سێ
باری کۆتۆزۆڤ

کاتێک ئەو ئیرمۆلۆڤەی کۆتۆزۆڤ ناردبووی، تـاکو چـاودێری بکات، لـە سـەرکردەی گشتیی گەیاند، کە ناتوانرێ بە شداریی شەڕێک بکرێت، لە دەوروبەری مۆسکۆ و، پێویستە درێـژە بـە پاشەکشەی سوپا بدرێت.

کۆتۆزۆڤ بە بێدەنگی لێی روانی بوو و وتـبوو،"ئادەی دەستی خۆتم بدەرێ."

دەستی ئەوی هەڵسوڕاندبوو و پێی وتبوو،"دیـارە تۆ نەخۆشیت و، تەواو نیت! بیر لـەو قسانە بکەوە کە دەیانڵێیت."

کۆتۆزۆڤ تـا ئـەو کاتـەیش، وا بیـری نـەکردبووەوە، بـەبێ شـەڕو بەرەنگاربوونـەوە لـە دەوروبەری مۆسکۆ بکشێتەوە.

لە بەرزایی یاکلۆنایا و، شەش فرسەخ دوور لە سنووری درۆگۆمیلۆڤەوە گالیسکەکەی بەرەو خوار کردەوە و، لایدایە کەناری رێیـەکە و، لەسـەر کورسییەکەی لێی دانیشت.

کۆمـەڵێک ژەنـەرال لێی کۆ بوونـەوە و، کۆنـت رۆستۆبشـینیش، کـە تـازە لـە مۆسـکۆوە هاتبووەوە، چووە نێویان. ئـەو کۆمەڵەیش بوو بوونە چەند کۆمـەڵێکی بچـووک بچووکـەوە و، وتوویژیشیان لەسـەر لایـەنە باش و خراپەکەی، ئەو هـەڵوێستە بوو، لە ئەوانە بارودۆخی سـوپا و، ئـەو پیلانانـەی بۆیـان دانـابوو. هـەروەها لـەبارەی بـاری دەروونیـی دانیشـتوانی مۆسکۆوە و، چەندین بابەتی سەربازییانە.

هەر یەکە لە ئەوانە، بێ ئەوەی کەس بانگی ئەو کۆ بوونەوەیـەی کرد بێ، یـان نـاوی لیژنـەی راوێـژکارییان لـێ نـرابێت. وا هەسـتی دەکـرد لـە ئـەنجوومنی سـەربازیدا وتـوویژ

دەکات.

ناوەناوەیەکیش بە چرپە هەوالی تاکە کەسییان بە یەکتر رادەگەیان و، دواتر بە دەنگی بەرزتر دەگەڕانەوە سەر باسە گشتییەکە.

کەسیشیان ڕێیان بە خۆیان نەدەدا، بۆ کەمێکیش بێت، سوعبەت بکەن. یان پێبکەنن و بزەیەک بکەن. هەر هەموویان خۆیان وا پیشان دەدا، کە لە ئاستی بارودۆخە مەترسیدارەکەدان.

هەر گروپە و لە تەقەلای ئەوەدا بوو، لەگەڵ گفتوگۆیەکەیدا لە سەرکردەی گشتییەوە، خۆی نزیک بکاتەوە. کورسییەکەی ئەویش، ببووە چەقی کێشکردنی هەموانیش. هەموانیش دەیانویست قسەکانیشیان بگاتە گوێی کۆتۆزۆڤ.

کۆتۆزۆڤیش گوێی لێ گرتبوون و، ئەو قسانەیشی کە گوێی لێ نەبوایە پرسیاری لە بارەوە دەکرد. بەڵام ئەوەی هەبوو، بەشداریی ئەو قسانەی نەدەکرد و بیروڕای خۆی لە بارەیانەوە نەدەدا.

زۆر جاریش کە لە قسەی لایەکیان دەگەیشت، رووی لێ وەردەگێڕان. هەروەکوو ئەوەی، شتێکی لێ بیستبن، زۆر لەوە جیاواز بێت، کە خۆی بیری لێ کردووەتەوە. هەندێکیان ـ لە بارەی شوێن و پێگەی سوپاوە ـ کە دەدوان.

هێندەی ڕەخنەیان لە شیاویی کەسی سەرکردەی شوێنەکە بوو، هێندە بە تەنگ خودی پێگە و شوێنەکەوە، نەدەهاتن!

هەندێکی تریان، ڕەخنەیان لەوە بوو، کە گوایا هێرشەکە، لە کاتی خۆی دواکەوتووە و، دەبوو دوو ڕۆژ لەمەوپێش دەست بەکار بوونایە!

کۆمەڵەی سێیەمیش، لە بارەی شەڕی سالامانکەوە دەدوان و، یەکێک لە میوانە نوێیەکان، فەڕەنسی بوو و، بە ناوی کرۆسارەوە، بەرگێکی ئیسپانیی پۆشی بوو. ئەو شەڕەی وەسف دەکرد.

ئەم کرۆسارە لەگەڵ میرێکی ئەڵمانیی کارگێڕ لە سوپای ڕووسدا، لە ئابڵووقەکەی ساراگۆسیان دەکۆڵییەوە. کرۆسار وا دەدوا کە پێویستە هەر بەو شێوەیەی ساراگۆس: بەرگری لە مۆسکۆیش بکرێت.

لە کۆمەڵەی چوارەمیشدا ڕۆستۆبشین، بڕیاریدا لە پێناوی مۆسکۆدا و، لەگەڵ خۆبەخشە مۆسکۆڤییەکاندا و، لەبن دیوارەکانی مۆسکۆدا، خۆی بە کوشت بدات. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوەندەی بۆی دەکرێت، سکاڵای ئەوە بکات: کە وێڵیان کردووە. چونکە ئەگەر بە ئاگا بوایە، ئێستا ڕەوشی ڕووداوەکە بە ئاقارێکی تردا ڕۆیشت بوو.

کۆمەڵەی پێنجەمیش: قووڵیی خۆیان لە ستراتیژدا دەنواند و، ئاراستەی یەکەسەربازییەکانیان دیاری دەکردو، بە پێویستیان دەزانی کە دەبوو پێیدا بڕۆیشتنایە.

کۆمەڵەی چوارەمیش: فرەیان وت و، ئەوەی کە نەیانوت: باسی شەڕو بارودۆخەکە بوو. لە کاتێکدا کۆتۆزۆڤیش لای خۆیەوە، بێ وڕەو پرزەبڕاو دەردەکەوت.

لە هەموو ڕووداوەکاندا یەک شت تێگەیشت بوو، کە بە کردەوە و لەسەر زەویی واقعی بارودۆخەکە مەحاڵە بەرگری لە مۆسکۆ بکرێت. کە ئەگەر بۆ ئەو کاری بەرگرییەیش، سەرکردەیەکی هەڵەشەی شێتیش بدۆزنەوە و ئەوە بکات: لە شکست و بەزین بەولاوە، هیچی تری لێ بەرهەم نایەت.

جا ئەوە چۆن دەبێت سەرکردەکان، هێرشێک ببەن کە سوور بزانن، بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت لە دوای خۆیەوە، پشتگیری بکرێت؟ شوێنکەوتوانی سەرکردەکان خۆیشیان، ئەو ڕاستییە بزانن. لە کاتێکدا هەر خۆیشیان بڕیاردەری نێو گۆڕەپانی شەڕەکەن! دواتر ناچنە شەڕێکەوە کە سوور بزانن زۆر کارەساتبارە.

بینیگسنێک کە خۆی پێگەی شەڕەکەی دەستنیشان کردبوو و، ڕووی ئەوەی هەبوو، کە نیشتمانپەروەریی خۆی بۆ ڕووسیا پیشان بدات.

دیارە کە دەبوو کۆتۆزۆڤیش بە ڕووی گرژەوە، گوێی بۆ شل بکات. کەوابوو بینیسن دەیویست بەرگری لە مۆسکۆ بکرێت و، فرۆفێڵەکەیشی لای کۆتۆزۆڤ وەکوو ڕۆژی ڕووناک دیار بوو.

ئاخر بە بەدواداهاتنی پەلامارەکەی بینیگسن قورسایی زیان و ناو زڕاندنەکەی، دەکەوتە سەرشانی کۆتۆزۆڤ. چونکە ئەو پیاوە کاتی خۆی، بەرەنگاری سوپای دوژمنی خۆی نەبوو بووە و، پاشەکشەی بە سوپاکەی کردبوو و، تا گەیاند بوونییەوە کێوی "مۆن دی موانۆ"[1].

خۆ ئەگەر لەو پەلامارەیشدا، بەختی یاربوو و، سەرکەوتنی بە دەست بهێنایە ئەوا نازینی سەرکەوتنەکەی بۆ خۆی دەبرد و، دەبوو کۆتۆزۆفیش، هەر زەقەی چاوی بهاتایە! خۆ هەر هیچیشی دەستنەکەوێت..ئەوا دەستە سووربووەکەی بە خوێنی ئەو، بە دەستەوەدانەی مۆسکۆ دەشتەوە.

بەڵام ئەم هەموو پیلانگێڕییانە، بە هێندەی خەمە گەورەکەی خۆی، بایەخی پێ نەدا. خەمەکەیشی ئەوەبوو، وەڵامی ئەو پرسیارەی کە لە خۆیی کردبوو دەست نەکەوتبووەوە!

ئەو پیرە پیاوە بەو پرسیارە سەرو دڵی خۆی گرتبوو: ئاخۆ من وام کرد کە ناپلیۆن بگاتە مۆسکۆی پایتەخت!؟ کەیش ئەمەم کرد!؟ کێ بڕیاردەری ئەو تاوانەیە!؟ دوێنێ بوو.. کاتێک فەرمانم بە بلاتۆف دا پاشەکشە بکات؟ یان پێرێ.. کاتێک خۆم خەوەنووچەم بوو و، ڕێم بۆ بینیگسن والا کرد و، ئەویش سەرپەرشتیی ئەو هێرش و پەلامارەی کرد!

یان بڵێی.. کارەساتەکە پێش ئەمانە بووبێت، کە باسم کردن؟ بەڵام کەی بڕیار لە

---

۱ ـ مۆن دی موانۆ: واتە کێوە چۆلەکە. ـ وەرگێڕی کوردی

یەکلایی کردنەوەی هۆی ئەم بە دەستەوەدانە دەدرێت؟ پێویستە کۆڵ لە مۆسکۆ بدرێت. پێویستە سوپا پاشەکشە بکات. ئەم فەرمانەیش بە هێندەی دەست لە کار کێشانەوەی، لە سەرکردایەتیی گشتی سەخت بوو.

لە کاتێکدا لەو بڕوایەدا بوو، کە تەنیا خۆی، توانای بە سەر سەرکردایەتی کردنی سوپادا و، ئا لەم بارو دۆخە هەستیارەدا دەشکێت! تەنیا و تەنیا خۆی لە توانایدایە، روو بە ڕووی رکابەرێک ببێتەوە، کە ئەو ناپلیۆنیە و، وا ناسراوە پیاوێکی نەبەزە!

لەبەر ئەوە هەر بە بیر کردنەوە، لە دەرکردنی فەرمانەکە، هەموو گیانی دەلەرزی. بەلام هەر پێویستە بڕیارێکی یەکلایی کەرەوە دەربکات و، کۆتایی بەو وتوێژ و، هێنانو بردنە بهێنێت، کە ئامادەبووان جڵەویان بۆ شل کردووە.

لەسەر کورسییەکە هەستا و، فەرمانی بە بالآترین ژەنەرالا دا، نزیک ببێتەوە:

"مێشکی سەرم.. باش بێت یان خراپ، دەبێت خۆی، خۆی دابمەزرێنێت!"

ئەمجا بەرەو ڤیلی چوو و، لەوێ گالیسکەکەی لە چاوەڕوانیی ئەودابوو.

بەشی چوار
ئەنجومەنی سەربازی

سەعات دوو، ئەنجوومەنی سەربازی لە کۆختە خۆشەکەی ئاندریە سافۆستیانۆڤی لادێیدا کۆبوونەوە. ئەو کۆختەیەی، تا ساڵی ١٩١٧یش، کۆتۆزۆڤ خاوەنی بوو. پیاوان و ژنان و منداڵان و، ئەندامە گرنگەکانی خێزانەکە، هەموویان لە ساباتەکەی ئەوبەر داڵانەکەوە بوون و، هەر مالاشای شەش ساڵانی، بنەماڵەی ئاندریەی جوتیار، لە ژوورەکەدا مابووەوە.

پیاوی باڵایش بە کوڵۆیەک شەکر، خۆی لەلای خۆشەویست کردبوو. خۆیشی لە سەرخۆ چای هەڵدەقوڕان.

ئەو چکۆلەیەش دەمێک لە روخساری کۆتۆزۆڤی دەڕوانی و، دەمێکیش لەو مەدالیایانەی، سەر سنگی ئەو ژەنەرالانەی، کە بەرودوا دەهاتنە ژوورەوە و، لەسەر کورسییە پانو پۆڕەکان دادەنیشتن.

باپیرە کۆتۆزۆڤیش ـ هەروەکو مالاشا بانگی لێ دەکرد ـ لە شوێنە کەمێک تاریکەکەی، نزیک بە کوانووی ئاگرەکە دانیشتبوو. کورسییەکە بە جوولّە بوو و ، وەکو خەریکی یەخەی کراسەکەی بوو، قۆپچەکەی دەکردەوە، هەر قرخ و هوڕیشی بوو.

میوانەکان یەکە یەکە دەچوونە بەردەمی و، چۆن و چاکییان لەگەڵ دەکرد. ئەویش تەوقەی لەگەڵ هەندێکیان دەکرد و، سەری بۆ هەندێکی تریان، نەوی دەکرد. لەوبەرییەوە پەنجەرەیەکی پەردەدار بوو. کاییسارۆڤی یاریدەدەری سەربازی ویستی پەردەکە هەڵ بداتەوە. بەڵام پیاوی باڵا، ئاماژەی دایە کە شتی وا نەکات.

بە دەوری مێزە دارسنەوبەرەکەدا، زۆرێک دانیشتن و، تەنانەت یاوەرەکان چەند کورسییەکی تریان هێنا و، ئەفسەرانی تریش، هەر لە نزیکی ئەو مێزە سەر بە چەندین نەخشە و، قەڵەم و کاغەز رازاوەوە، دانیشتن و، دوایەمین کەسانیش کە درەنگ گەیشتن، ئیرمۆلۆڤ و، کاییسارۆڤ و، تووەل بوون.

لە شوێنی سەردەستەی کۆڕەکە و، لە ژێر تابلۆی پیرۆزدا، بارکلی دوتۆللی، بە زنجیر و خاچە شۆڕەوەبووەکەی ملییەوە، دانیشت. نێوچەوانە پانەکەی، هێندەی تر رووتاوەیی سەری وەدیار خستبوو. ئەوە دوو ڕۆژی رابردوویش، بە دەست "تا"ەوە نالاند بووی و، لەم دانیشتنەیشیدا، لەرز دایگرتبوو.

ئۆفارۆڤ لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو و، زۆر بە توندی و، بە چرپە وەکو ئاماده بووان قسەی بۆ بارکلی دەکرد. دۆلۆخۆڤیش، کە پیاوێکی کورتەبالای قەڵەو بوو، هەر دوو دەستی بە سەر ورگیدا درێژ کردبوو و، لەگەڵ گوێ گرتنەکەیشیدا، جارو بارێک بە وردی برۆکانیشی یەک دەهێناوە.

لەو لایشەوە "ئۆسترمان ـ تۆلستۆی" دانیشتبوو. ئانیشکی راستی لە سەر مێزەکە دابابوو و، سەرە زلەکەی خستبووە سەری و، وا دەردەکەوت کە لە لێکدانەوەیەکی قووڵدا بێت.

راییڤسکییش نائارامییەکەی خۆی بە لوول کردنی تیتکی لاجانگی، بە دوو پەنجەی و، دەمێک روانینی لە کۆتۆزۆڤ و، دەمێکیش لە دەرگای ژوورەکە، خۆی هێور دەکردەوە.

روخسارە جوانەکەی کۆنۆڤیتشینیش، سۆزاوی بوو. بەڵام فێڵاویش دەینواند. سەرنجەکانی بە مالاشای چکۆلەوە گیرسابووەوە و، چاوێکی لێ داگرت و ئەوی خستە پێکەنین.

هەموان چاوەڕوانی بینیگسن بوون و، ئەویش بە هۆی خواردنە خۆشەکانەوە دواکەوتبوو و، بەوە بۆی پۆشرابوو، گوایە لە بەسەر کردنەوەی پێگەی یەکە سەربازییەکان نەبووەتەوە و، هەر لە سەعات چوارەوە، تاکوو سەعات شەش، کەسیان دەرگای وتوویژیان لە بابەتی کۆ بوونەوەکە والا نەکرد.

بە درێژایی کاتی چاوەڕوانیەکە، بە چرپە باسی شتی تریان بۆ یەکتر دەکرد. کۆتۆزۆڤیش تا بینیگسن ئاماده نەبوو، لەبەر کوانووەکە دوور نەکەوتەوە و، نەچووە نزیک مێزە دارسنەوبەرەکەوە.

به هاتنی بینیگسنیش خۆی لە رووناکیی مۆمەکان بە دوور گرت و، دەم و چاوی لە تاریکیدا هێشتەوە.

بینیگسن کۆرەکەی بە ئەم پرسیارە کردەوە:

"ئاخۆ مۆسکۆی پایتەختی دێرینی پیرۆز، بە بێ شەڕ وێڵا دەکرێت، یان بەرگریی لێ دەکرێت؟"

ئەم پرسیارە کپییەکی قوواڵیی بە دوای خۆیدا هێنا. روخسارەکان تاڵ و خەمۆکی بوون و، گوێیان لە کۆتۆزۆڤ بوو، بە دەم نەرمە کۆکەوە، ورتە ورتی بوو و، خەڵکەکە هەموویان چاویان لەو بڕی.

بینییان وا رووی گرژ کردبوو، وەکوو ئەوەی، بیەوێت بگری. بەڵام ئەمەیش زۆری نەخایاند و، لە ناکاو پرسیارەکەی بینیگسنی کردەوە:

"پایتەختی دێرینی پیرۆزی رووسیا! ڕێم بدە ئەی خاوەن شکۆ، پێت بڵێم کە ئەم پرسیارە بە لای ڕووسەکانەوە، هیچ واتایەکی نییە."

بە دەم قسەکانیشییەوە، لەشە کەتەکەی بەرەو پێش لار کردەوە:

"پێویست بەو پرسیارە ناکات! چونکە لە خۆیدا بێ واتایە. ئەو کێشەیەی بە هۆیەوە، ئێوەم بانگهێشتی کۆبوونەوە کردووە، کێشەیەکی سەربازییە و، بەم شێوەیەیە:

رزگاری و سەرفرازیی رووسەکان، بە سوپاکەیانەوەیە. ئاخۆ ئەوە باشترە لە پێناوی مۆسکۆدا، سەرکێشی بە سوپاوە بکەین و، بەرەنگاری داگیرکارانی ببینەوە؟! یان بە بێ تەقە مۆسکۆ بدەین بە دەستیانەوە؟! دەمەوێت بیروڕای ئێوە لە بارەی ئەم پرسەوە وەربگرم."

ئەمجا پاڵی بە کورسییەکەیەوە دایەوە.

ئامادەبووان کەوتنە گفتوگۆ. بینیگسن پێی وانەبوو، کە شەڕەکەی دۆڕاندووە. بۆیە رای خۆی خستە پاڵا بیروڕای بارکلی و، ئەوانەی دەیانووت مەحاڵە لە ڤیلیدا بتوانین، بەرەنگاری سوپای فەڕەنسا ببینەوە.

ئەوێک کە دەمی لە خۆشویستنی مۆسکۆ دەسوو. ئەوەی خستەڕوو کە پێویستە لە شەودا، یەکە سەربازییەکانی باڵی راستی سوپا، بەرەو یەکەکانی باڵی چەپ ببرێت و، بەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوو، پەلاماری باڵی راستی سوپای فەڕەنسا بدرێت. بیروڕاکان جیاواز بوون و، بڕێکیان لایەنە نەرێنییەکان و، بڕێکی تریشیان، لایەنە ئەرێنییەکانیان خستە ڕوو.

ئیرمۆلۆڤ و، دختۆرۆڤ و، راییڤسکی، خۆیان دایە پاڵ بینیگسن و، پێویست بوونی بەرەنگار بوونەوەی فەڕەنسییەکان. ئاخۆ بە پاڵنەڕی پێشکەش کردنی قوربانی، لە پێناو رزگار کردنی مۆسکۆ، ئەوان ئەو بڕیارەیان دابوو؟ یان بە هەند راگرتنی کەسایەتیی

خۆیان بوو؟ لەوە دەچوو، ئەوان هەستیان بەوە نەکردبێت، کە بە تەنیا کۆ بوونەوەی "ئەنجومەنی سەربازی" ناتوانرێت باری شتەکان بگۆڕێت.

لە راستیدا مۆسکۆ درابـوو بە دەستەوە. هەندێک لەو ژەنەرالانە، هەستیان بە لە دەستبانەکەی مۆسکۆ کردبوو و، گفتوگۆیان لە بارەی ئاراستەی رەوی سوپاوە بوو.

مالاشای چکۆلەیش، بە چاوی ئەبڵەقەوە، لە کەسەکانی بەردەمی دەڕوانی و، جۆرێکی تر، لەو "ئەنجومەنی سەربازی"یە گەیشتبوو. ئەو پێی وابوو ئەمە شەڕی نێوان باپیرەی ئەو و، ئەو هەموو بەرگ شۆڕی کلک درێژەوەبوانەیە، کە لێی کۆ بوونەتەوە. لە دڵی خۆیشیدا بینیگسنی بە کلک درێژ ناونابوو. کە کلک درێژانی دەبینی، تووڕە دەبن، لە دڵە پچووکەکەی خۆیدا، دەیدایە پاڵ باپیرەی و، رقی لەوانی تر دەبووەوە.

سەرنجی روانینە فێڵاوییەکەی باپیرەی دا و، قسەکەی بەرامبەر بینیگسنی کلک درێژ، وای کرد سوور هەڵ بگەڕێت و، بکەوێتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا.. وا هەستی کرد باپیرەی بەسەر ئەودا، زاڵ بووە و ئەوی داوە بە زەویدا!

قسەکانی کۆتۆزۆفیش بەرامبەر بینیگسن، تەنیا بیروڕا بوو، کە دەبوو باڵی راستی سوپا، لەگەڵ باڵی چەپی سوپاکەدا تێکەڵ بکرێتەوە و، پەلاماری باڵی راستی سوپای فەڕەنسیی پێ بدرێت و، ئەو مەترسییانەشی کە لێی دەکەوێتەوە.

کۆتۆزۆف وتـی:

"بەڕێزان.. من ناتوانم بە باشیی، ددان بە پیلانەکەی کۆنت بینیگسندا بنێم. چونکە جوولە کردن بە سەرباز و، نزیک بە دوژمن، هەمیشە مەترسیدار بووە! مێژووی سەربازییش، پشتگیریی لەم قسەیەی من دەکات. هەر بۆ نموونە...."

بە کۆتۆزۆفەوە دیاربوو، کە بیری دەکردەوە و، لە هەمان کاتیشدا لە بینیگسنیشی دەڕوانی.

ئەمجا لە سەری ڕۆیشت:

"بۆ نموونە شەڕەکەی فردلاند. کە هیوادارم بە وردی کۆنتی بەڕێز بیری بکەوێتەوە، زۆر بە باشی سەرکەوتوو نەبوو. چونکە سەربازەکانمان نزیک بە ئەوان کۆ کردبووەوە..."

تا خولەکێکیش دوای ئەم قسەیە، هەموان بێدەنگ بوون. ئەمجا کەوتنە گفتوگۆ و چەندین جار کپ دەبوونەوە و، دواتر دەستیان پێ دەکردەوە. هەندێکیشیان هیچیان پێ نەبوو، تاکو بیخەنە سەر قسەکەی کۆتۆزۆف.

کۆتۆزۆف هەناسەیەکی قوولّی هەڵکێشا و، هەموان رووبان تێ کردەوە، چونکە پێیان وابوو، کە دەیەوێت قسەی تر بکات.

ئەویش وتـی:

"زۆرباشە بەڕێزان! وای دەبینم کە دەبێت هەر خۆم زیانەکەی بدەم."

ئەمجا بە گران توانیی هەڵبسێتە سەر پێ و، لە سەری ڕۆیشت:

"بەڕێزان گوێم لێ گرتن و، بڕێکتان لەگەڵ بۆچوونەکەی مندا نین."

ئەمجا کەمێک بێدەنگ بوو.

دواتر درێژەی بە قسەکانی دایەوە:

"بەڵام من بە پشت بەستن، بەو دەسەڵاتەی کە پاشام و نیشتمانەکەم، پێی بەخشیووم.. فەرمان دەدەم بە پاشەکشە کردن.

ئیدی هێندەی نەبرد و ژەنەرالەکان وەکو ئەوەی لە تازییەوە بێنە دەرەوە.. بڵاوەیان لێ کرد.

هەندێکیشیان بە چرپە و، جیا لەو قسانەی لە کۆڕی ئەنجومەنەکەدا هەیان بوو، کەوتنە دواندنی سەرکردەی گشتی.

خزمەکانی مالاشایش لە مێژ بوو، چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی ئەو کچە بوون. ئەویش بە قاچە وردە ڕووتەکانییەوە، خۆی کرد بە نێو ئەو ڕان و قاچە درێژ و ئەستوورانەی، ژەنەرالەکاندا و، فرتەی کرد و، هاتە دەرەوە و، خۆی گەیاندە ئەودیو دەرگاکە و، خۆی ون کرد.

دوای ئەوەی ژەنەرالەکان ڕێیان پێدا و دوورکەوتەوە. چووە بەر مێزەکە و دوو ئانیشکی لە سەری دادا و، کەوتە بیرکردنەوە لە وەڵامی ئەم پرسیارە سەپاوە:

"بەڵام ئاخۆ دەبێت کشانەوە لە مۆسکۆ، کەی بێت!؟ ئەمە چۆن ڕوویدا و، چۆن بەم ئەنجامە گەیشتین؟ کەس نەما من نەبێت، کە ببمە بەرپرسی ئەم کارە؟"

شەو درەنگ بوو و "شێندەر"ی یاریدەدەری سەربازیی هات و ئەمیش پێی وت،"نەخێر! نەخێر! من چاوەڕوانی ئەمە نەبووم! تەنانەت خۆیشم بڕوام بە خۆم نەکرد!"

شنیدەریش ڕووی کردە کۆتۆزۆف و وتـــــی:

" خاوەن شکۆ پێویستە تۆ پشوویەک بدەیت."

بەڵام کۆتۆزۆف، لە بری ئەوەی وەڵامی ئەو بداتەوە، هاواری کرد:

"نەخێر! نەخێر! نابێت کارەکەمان بە دڵی ئەوان، بڕوات بە ڕێوە. هەر وەکو تورکەکان، گۆشتی ئەسپ دەرخواردی ئەمانیش دەدەین."

بە مستە ئەستوورەکەی، مستەکۆڵەیەکی لە مێزەکە دا و، دووبارەی کردەوە:

"بەڵێ! هەر دەبێت ئەوانیش، لەو گۆشتە بخۆن بەو مەرجەی..."

بەشی پێنج
ئامادەکاریی سوتاندنی مۆسکۆ

هەر لەو کاتەدا رووداوێک لە دروستبووندا بوو. کە بایەخی جیاوازتر بوو، لە کشانەوەکەی سوپا لە مۆسکۆ. ئەویش سووتاندنی مۆسکۆ خۆی بوو.

رۆستۆپشینیش بە لێپرسراوی یەکەم دەزانرا، لەو نێوەندەدا. چونکە ئەو بە پێچەوانەی، ئاراستەی کۆتوزۆڤەوە دەجووڵایەوە. ئەو رووداوەیش کە چۆڵکردنی مۆسکۆ و سووتاندنی بوو. وەکو شەڕەکەی بورۆدینۆ بوو و، نەدەکرا سوپا پاشەکشە نەکات، بۆ پشتی شارەکەوە.

هەر رووسییەک نەکوو تەنیا بە شیکردنەوەیەکی ئاکادیمیانە، بەڵکو بەو هەستەی کە لە سنگی خۆی و باو و باپیرانیشیدا بوو، هەستی بەوە دەکرد، کە چیی تر روو دەدات. هەر لە سمۆلنسکەوە، تا هەموو دێهاتەکانی سەر زەوییەکانی رووس، ئەمەی تێیاندا رووبان دەدا و، هەر وەکوو ئەوەی مۆسکۆ، دەستی کۆنت رۆستۆپشینی، هەر تێیدا نەبوو.

گەل بە ئارامییەوە، چاوەڕوانی هاتنی دوژمن بوو، بێ ئەوەی شەڕ و ئاژاوە دروست بکات! بە ئارامیبەوە، لە چاوەڕوانیدا بوو و، زۆر بە تۆندی ئاگاداری ئەوەیش بوو، کە دەزانێت لە کاتی پێویستدا، هەر شتی باش دەکات.

تا دوژمن نزیکتر دەبووەوە لە مۆسکۆ، زیاتر و زیاتری دەوڵەمەندەکان، زێدی خۆیان چۆڵ دەکرد و، سامان و مااڵیان بۆ ئەو هەژارانە جێ دەهێشت، کە زێدی خۆیان جێ نەهێشتبوو.

دەوڵەمەندانیش هەرچییەک قورس بوایە و، بۆیان هەڵ نەگیرایە و نەگوازرایەتەوە، ئەوا دەیانسووتاند. وەکو هەر رووسییەک ، خۆیان بڕوایان بەو کارەیان بوو. چونکە لەو ساڵی ١٨١٢یەدا لە مێشکیاندا چەسپابوو، کە مۆسکۆ داگیردەکرێت. بە ڕەو کردنی دەوڵەمەندان: لە مانگی تەمووز و سەرەتای مانگی ئابیشدا: ئەو ڕاستییە، پشتڕاست کرایەوە.

پێیان دەوترا شووڕەییە لە مەترسی ڕابکەن و، شار چۆڵا بکەن. هەر کەسانی سوک و ڕسوا: مۆسکۆ جێ دەهێڵێن.

هەرچەند ڕۆستۆپشین وای بڵاو دەکردەوە، هەڵاتن شووڕەییە. ڕەو کەرانی بە ترسنۆک لە قەڵەم دەدا. بۆچی شار چۆڵ دەکرێت؟ ڕۆستۆپشین وەسفی ئەو کارەساتانەی ناپلیۆنی بۆ کردبوون، کە بە سەر ئەو شوێنانەیدا هێنابوو، کە داگیری کردبوون. بەڵام ڕەویان کرد و، مۆسکۆیان چۆڵ کرد.

هەرچەند هەموو زۆر باش دەیانزانی کە بەرلین و ڤییەنا، دوای داگیرکردنیشیان، لە لایەن ناپلیۆنەوە: بە ئاسوودەیی و بە ئارامی دەژیان و، دانیشتوانەکەی زۆر ئاسوودە بوون، بە تێکەڵ بوونیان لەگەڵ ئەو فەڕەنسییە شۆخ و شەنگانە. کەچی دەوڵەمەندەکان و ڕۆشنبیران ڕەویان کرد و مۆسکۆیان جێهێشت.

ڕەویان کرد. چونکە ئەو ڕووسییانە لە خۆیان نەدەپرسی، کە ئاخۆ دوای داگیر کردنەکە، بە ئاسوودەیی یا بە شپرزەیی لەگەڵ داگیرکەرە فەڕەنسییەکاندا دەژین؟ پێیان وابوو ژیان لە سایەی ئەو ڕژێمەدا مەحاڵە و، بەڵایەکی گەورەیە.

لە پێش بە دەستەوەدانی بوورۆدینۆ و، دوا بە دوای بە دەستەوەدانیشی: ڕێژەی ڕەوەکە زۆرتر بوو و، گوێیان بە بانگەوازی دەوڵەت و، داوای بەرگری کردنیان لە مۆسکۆ، نەدا. ئەو بانگەوازانەیان، وێڵ کرد، کە حاکمی مۆسکۆ داوای لە خەڵکەکە کردبوو، تاکو گروپی گەورە دروست بکەن و، وێنەی پیرۆزی"ئیبریان" هەڵبڕن و، بچنەوە بە گژ داگیرکەردا.

بەڵام دانیشتوانەکە گەیشتبوونە ئەوەی، کە سوپایەک بەو مەزنییەوە، لە توانایدا نەبێت، بەرەنگاری ئەو داگیرکەرە ببێتەوە.. ئیدی دانیشتوانەکە چۆن دەتوانن، بە خاو و خێزان و، ژن و کچانیانەوە، ڕوو لە هەر سێ شاخەکەی دەوری مۆسکۆ بکەن و، لەوێوە بەرگری لە پایتەخت بکەن.

هەرچەند جێ هێشتنی مواک و ماڵیان بۆ دوژمنان، سەخت و پەژارەداریش بێت، هەر دەبێت ڕەو بکەن. هەر بیریشیان لەوە نەکردەوە، ئەو شارە مەزنە دێرینە دەسووتێت و، ئەوانەیشی نەیانتوانیوە لەگەڵ خۆیان ببەن، لەگەڵ شارەکەدا دەسووتێت. بە کۆمەڵ ڕەویان نەدەکرد و، بەو کارەیان شتێکی باشیان بۆ گەلی ڕووس کرد.

خـاتوونێکی مـەزن، خـۆی و کۆیلـە زنجییـەکانی، لـە مـانگی حوزەیراندا، بـەرەو ئـەو مولّکانەی لە هەرێمی ساراتۆڤدا هەیبوو، رەویان کردبوو. چونکە ئەو خاتوونە وا هەستی کرد بوو، کارەکەری ناپلیۆن نییە! وا خرۆشابوو، کە وەکو شۆڕەبی دەلەرزی. کەسانێکی زۆری وەکو ئـەو خـاتوونەیش، بە سادەیی و سروشتیانە بەشداربیان لـە رزگار کردنی رووسیادا هەبوو.

رۆستۆبشینیش کە دەمێک هەلّاتنی دانیشتوانی بە عەیب و عار دەزانی و، دەمێکیش ئەو چەکە بێ کەلّکە لە کار کەوتووانەی، بە سەر سەرخـۆشاندا، دابەش دەکرد. ئـەمجا گروپی زۆری لە دانیشتوان پێکدەهێنا و، وێنـەی کەسـانی ئاینی پیرۆزی، پێ بـەرز دەکردنـەوە و، دەمێک گالیسـکەکانی دانیشـتوانەکەی پایتـەختی، بـە سـوغرە دەبـرد و، جـاری وایش بـوو هەڕەشەی سووتاندنی مۆسکۆی دەکرد.

دەمێک فەرمانی دەدا کە سیخووڕەکانی دوژمن بگرن و، بیدەنـە دەست خـۆی. دەمێکی تر، ئەو کارەی رەت دەکردەوە. دەمێک رێی بـە "ئۆپێر ـ شالـمیە" دەدا، کـە مامەلّـە لەگەلّ فەڕەنسـییەکان بکـات... دەمێکـیش فـەرمانی دەدا پیرەمێـردە کلیوتشـاریفی، بەڕێـوەبەری پۆستەی بەڕێز: بگرن.

بە بێ هۆ داوای لە مۆسکۆییەکان دەکرد، کە بدەنـە شاخ و، بچنەوە بە گڕ داگیرکەردا. دواتـر تاوانبـارێکی دەدایـە کۆمەلّـە خـەلّکێکی بەردەرگاکـەی و، ئـەوانیش لـە ناویـان دەبـرد. خۆیشی لە دەرگای پشتەوە دەچووە دەرەوە.

ئەو رۆستۆبشینەی، کە مەرگی خۆی، پێ باشـتر بـوو، لـە بـە دەسـتەوەدانی مۆسکۆ و، ئـەشکەنجەی دانیشـتوانی. لەولایشـەوە و، لـە یادەوەرییەکەیشـیدا بـە فەڕەنسـی ئـاراستە و شوێنی شەڕەکانی، بە شیعر نووسی بوو.

هەرچەند باش لە رووداوەکان نەدەگەیشت.. بـەلام پەلەقاژەی ئـەوەی بوو شتێک بکات نیشتمانپەروەری و، ئازایەتی خۆی دەربخات. تەقەلاکانیشی هەر لە یـاریی منالّان دەچـوو!! دەمێکیش زۆر لاوازانە دەستی وەر دەدایە، وەستاندنەوەی رەوی خەلّکەکە.

بەشی شەش
پیلانەکەی هیلین

بە گەڕانەوەی لەگەڵ کەسانی دەربارێ ڤیلنا، بۆ پیترزبۆرگ، هیلین کەوتە هەڵوێستێکی زۆر شڵەژاوەوە.

لە فیلنایش پەیوەندیی لەگەڵ میرێکی لاوی بیانیدا بەستبوو. هەر کە ئەوگەڕایەوە پیترزبورگ، ئەو ئەمیرەیە و بەڕێزە مەزنەکە، پێکەوە داوای مافەکانی خۆیان دەکرد. ئەمەیش هیلینی تووشی کێشەیەکی نوێ کرد. چونکە دەبوو پەیوەندیی هاوڕێیەتی خۆی لەگەڵ ئەو میرەدا بهێڵێتەوە و کارێک بکات، کەسیان هەستی بریندار نەبێت.

ئەمەش بەلای هەر ئافرەتێکی تر‌ەوە، ئەگەر مەحاڵیش نەبوایە کارێکی زۆر سەخت بوو. بۆ ئەو کۆنتیسەی پیزۆخۆڤ، کە هیلین بوو، کێشەیەکی سەخت نەبوو. چونکە ئافرەتێکی سەرکەوتوو بوو.

ئەگەر بیویستایە هەڵس و کەوتی خۆی، بشارێتەوە و، پەنا بۆ فڕو فێڵ ببات تاکو لەو شڵەژاوییە رزگاری ببێت، لە هیچ کۆی نەدەکردەوە و، هەموو شتەکانی لە خۆی تێک دەدا. بەڵام ئەو وەکو پیاوێک بوو و، هەرچییەکی بویستایە، وەدەستی دەخست.هەمیشە خۆی بەرەوا دەزانی و، خراپەکانی دەخستە ئەستۆی کەسانی تر.

یەکەمجاری بوو، ئەو میرە بیانییە پرکێشی بکات و، سەرزەنشتی هیلین بکات. هیلینیش سەرە جوانەکەی راست کردەوە و، نیوە لا کردنەوەیەک. بە لایدا لای کردەوە و بە بڕواوە وتی:

"ئـا ئەمە خۆپەرستیی پیاوان و زبرییانە! لەمە زیاترم لێ چاوەڕوان نەدەکردیت. ژن لە پێناو ئێوەدا قوربانی دەدا و، ئازار دەچێژێت.. ئێوەیش بەم شێوەیە پاداشتی دەدەنەوە! ئاخر ئەمە کەی مافی تۆ بووە، لە هاوڕێیەتی و پەیوەندییەکانی رابردووم بپرسیت!؟ ئەو باوکم بوو. بگرە لە باوکم لە پێشتر بوو."

میرە ویستی قسە بکات و، هیلین مۆڵەتی نەدا و وتـی:

"باشە، بەڵـێ، رێی تێدەچێت، ئەو هەست بە سۆزێک بکات، بەرامبەرم! بەڵام خـۆ ئەوە وا ناگەیەنێت: دەرگای بە رووما دابخەم. من پیاو نیم تاکو نکوولّیی لێ بکەم. خـاوەنشکۆ ئەوە بزانـە، لێ پرسینەوە لـەو شـتانەم نـاکرێت. ئەوە تـەنیا وێژدانم و یەزدانـە، ئـــەو لێ پێچینەوەم لەگەڵ دەکات و بەس."

لەو کاتەدا دەستی لە سەر سنگە جوانەکەی دانابوو و، لە ئاسمانی ڕوانی.

"بەڵام بۆ خاتری ئاسمان.. گوێم لێ بگرە!"

"مارەم بکە.. ئـەوا دەبمە کۆیلەت."

"بەڵام ئەمەیان مەحاڵـە!!"

"چونکە دانابەزیتە ئاستی پلەی کۆمەڵایەتیی من؟ تـۆ..."

دەستی کردە گریان.

پیاوە نەجیبزادەیش ویستی ئارامی بکاتـەوە. بـەڵام هیلین بێئـەوەی وا خـۆی دەربخات کە دەیەوێت، سۆزی ئەو بـە لای خۆیدا ڕادەکێشێت، پێی وت کـە هێز نییـە بتوانێت ببێتـە بەربەست بۆ هاوسەرگیری."

میرە لاوە بەرهەڵستیی کرد و، وەختەبوو خۆیشی بەدەستەوە بدات و وتی:

"بەڵام یـاساکان و ئـایین..."

هیلینیش وتـــی: "یـاساکان، ئـایین..جا ئەگـەر ئەمانـە سـوودیان بۆ کێشـەکان نـەبێت..بێ کەڵکن." دوای چەند ڕۆژێک و لە ئاهەنگێکدا، کە خـۆی لە "کامینی ـ ئۆسترۆف"دا، سـازی دابـوو، پیـاوێکی سەرسـپییان پـێ ناسـاند، نـاوی "دوجـۆبیر بیتـر" بـوو. مەسـیحی بـوو و بەرگێکی کورتی پۆشی بوو. لە باخەکەدا و بـە دەم ئاوازی مۆسیقاوە و، لەبـەر ڕۆشنایی شاپلّیتە ئاگراویـەکان، ماوەیـەکی زۆر لـە بـارەی خۆشەویستیی خوا و مەسیح و، دڵەکـەی مەریـەمی پـاکیزە و، ئـەو ئـارام بەخشـییەی هـەردوو دنیـاوە، قسـەی کرد و، وتیشـی تـەنیا بڕوادارییەک هەبێت، ئایینی کاسۆلیکە.

ئەو قسانە هێندە کاریگەریی بەسەر هیلینەوە بوو، کە چەند جـارێک فرمێسک بـە چاوانیدا هاتە خوارەوە و، تەنانەت بەڕێز جۆبێریش لەگەڵیدا دەگریا.

سـەماکەرێک هـات و، بـۆ سـەما کـردن، فـەرمووی لـە هیلیـن کـرد و، ناچـاری کـرد قسـەکانی پێ ببڕێت.

بۆ ئێوارەی دواتردا بەڕێز جوبێر خۆی، هات بۆ ماڵی هیلین و سەردانی کرد. ئیدی لەو ئێوارە بە دواوە، بووە یەکێک لە هامشۆکەرانی ئەو ماڵە.

ڕۆژێکیان هیلینی گەیاندە کڵێسەی کاسۆلیک و، ئەویش کڕنووشی بۆ ئەو خاچە بردو، ئەو فەڕەنسییە شەنگەی، کە تەمەنی لاویی تێپەڕاندبوو، دەستی خستە سەر سەری هیلین و، ئەمیش هەستی بە موچڕکەیەکی ئارام کردنەوە کردووە و، ئەوانیش وایان دانا، ئەوە هێمای بوورەیی و لێ خۆش بوونی یەزدانە.

ئەمجا قەشەیەکی جبە ئاودامانیان، هێنایە بەرەو رووی، تاکو ددان پێدانانەکان لە هیلین ببیستێت.

ڕۆژی دواتر قوتوویەکیان لە قوربانیی پیرۆز، بۆ هێنا و خستیانە خزمەتییەوە. دوای چەند ڕۆژێک ئاسوودانە بیستییەوە، کە کردوویانە بە ئەندامی کڵێسەی راستەقینەی کاسۆلیک. پاپا خۆیشی لەوە ئاگادار کراوەتەوە.

هەردووکیان نزیک بە پەنجەرەیەکی کراوەوە، دانیشتبوون و، بەدەم شنە باکەوە، بۆنی گوڵەکان لێوەی دەهاتە ژوورەوە.

هیلین کراسێکی سپیی پۆشی بوو و، لە ئاستی سنگ و بەرۆکیدا، تەنک بوو بووەوە. قەشەکەیش قەڵەوێکی لێو ئەستوور بوو و، زۆر بە جوانی ریشی تاشی بوو و، لە نزیکییەوە دانیشتبوو. دەستە سپییەکانی لە سەر ئەژنۆکانی دانابوو و، بزەیەک لە سەر لێوانی بوو.

جاروبارێک سەرنجی جوانییەکەی ئەوی دەدا و، بیروڕای خۆی بەرامبەر ئەو باسەی نێوانیان دەردەبڕی. هیلینیش بە دڵەڕاوکێوە، بزەیەکی بۆ دەکرد و، لەو پیاوە قژ لوولە لێو ئەستوورەی دەڕوانی و، پێی وابوو لە بابەتی وتوێژەکە، رەنگە لابدەن. قەشەکەیش هەرچەند کاریگەریی جوانیی ئەوی بە سەرەوە بوو، بەڵام یاساکانی پیشەکەی، فێری کردبوو ددان بە خۆیدا بگرێت.

قەشەی ڕابەری ویژدان، بەم شێوەیە شیکردنەوەی بۆ کرد:

"تۆ سوێندت بە دڵسۆزییەوە خواردووە، لە کاتێکدا بێ ئاگایت لەوەی پیاوەکەت، ئەو ئەرکانەی تۆی، پشتگوێ خستووە. لێرەوە ئەو پیاوەیش هەڵەیەکی راستەقینەی کردووە. ئاخۆ ئەمە لە خۆیدا هەڵەیەکی ئاساییە؟ یان هەڵەیەکی کوشندەیە؟ چونکە نیازی خراپ، لە پشت ئەم کارەتەوە نەبووە و، ئەگەر ئێستا بە مەبەستی منالّبوون و، منالّ بەخێو کردن شوو بکەیت. ئەوا دوور نییە ئەم هەڵەیەت جێی لێبووردن بێت."

ئەم وتانە هیلینی بێزار کرد و، کتوپڕ وتی:

"منێک کە ئاینێکی راستەقینەم وەرگرتووە، پێم وانییە بە هیچ پەیمانێکی ئاینییەوە بەسترابمەوە!"

قەشەی بەڕێوەبەری ویژدان هەڵیدایە:

"کەوابوو وەرە خاتوونی کۆنتیسە با ڕێک بکەوین."

ئەمجا کەوتە پووچەڵ کردنەوەی بیروڕاکانی کچە ڕەوانییەکەی خۆی.

بەشی حەوت
نامەکەی هیلین

بەو گوێرەی ئەوەی ڕێنماکاران لێوەی دەدوێن، هیلین دەیزانی کێشەکەی لە ڕووی ئایینەوە، هەر زۆر ئاسانە. بۆیە بڕیاریدا خەڵکەکە ئامادە بکات، تاکو ئەو تەڵاقدانەی ئەو پەسەند بکەن و، بە لایانەوە ئاسایی بێت.

لە هەنگاوی یەکەمیدا، پارێزەرە پیرەکەی خۆی گرت. ئەویش وای پیشاندا کە بۆ ئەوەی مافی بەرگریی هەبێت لێی، پێویستە شوو بکات. بۆیە بە تۆندی بایەخی بە هیلین دا، هەر وەکو چۆن زووتر میرە لاوەکە بە تۆندی گرت بووی.

هیلینیش پێداگریی ئەوەی دەکرد، کە شوو کردنەوەی زۆر ئاسانەو هەر وەکوو، شووی یەکەمجاری کچێک وایە.

ئاخر ئەگەر وانەبوایە و، هەر بکڕووزایەتەوە.. ئەوا کێشەکەی خۆی دەدۆڕان. بەڵام کارەکە پێچەوانە بووەوە و، هیلین کەوتە باس کردنی و، زۆر بە دڵپاکی بۆ هاوڕێ دڵسۆزەکانی، ئێ خۆ زۆرینەی دانیشتوانی پیترزبۆرگ، هاوڕێی بوون.

وا قسەی دەکرد، کە میرەی لاو و، پیاوە مەزنەکە، هەردووکیان داوایان لێ کردووە شوویان پێ بکات. خۆیشی لای خۆیەوە، هەردووکیانی خۆشدەوێت و، نایەوێت کەسیان خەمبار بکات.

ئەم هەواڵە لە هەموو پیترزبۆرگدا بڵاوبووەوە، کە هیلین داوای تەڵاقی نەکردووە. چونکە ئەو پڕوپاگەندەیە و بەو شێوەیە، وا دەکات خەڵکێکی زۆر، دژی ئەو داوا نایاساییەی هیلین بوەستنەوە. نەک هەر ئەمە بەڵکو گوایا هیلینی داماو، لە خەمی ئەوەدایە، کە ئاخۆ شوو بە کامیان بکات؟ بە راستی ئەو سەردەمە، بەشێکی کەم نەگەیشت بوونە ئەو ئاستە و، ئەو کارەی هیلینیان بە پیس کردنی، پڕۆژەی هاوسەرگیری دەزانی و، ئەمانەیش کەسانێکی کەمی دەربار بوون و، بێدەنگییان لە بەرامبەر ئەم کێشەیەدا هەڵبژاردبوو.

بەڵام ئەوەی کە شوو کردنی ژن و، مێردە کۆنەکەی: هێشتا لە ژیاندا مابێت، کارێکی باشە، یان خراپ؟ جێی گومان بوو! کەس نەبوو لەم بابەتە بکۆڵێتەوە. چونکە زووتر و، کەسانی لە من و تۆ شارەزاتر ئەمەیان یەکلایی کردبووەوە.

کەوابوو کەسێک نەبوو، گومانی لە رەوایی ئەوە بووبێت. چونکە کەس نەیدەویست بە بەرەنگاربوونەوەی ئەو رەواییە: بە گێل سەیر بکرێت و، خۆی لە کۆمەڵگادا رسوا بکات.

ماری دیمیتریێفنا ڕۆسیمۆڤ نەبێت، کە تازە هاتبووە پیترزبۆرگەوەو بۆ سەردانیی یەکێک لە کوڕەکانی. ئەم ژنە راشکاوانە و، بە پێچەوانەی بیروڕای کۆمەڵگاوە، قسەی کرد. هەرکە هیلینی لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا بینیی، وەستاندی و لەبەرچاوی ئەو هەموو خەڵکە پێی وت،"تۆ پێت وایە، شتێکی نوێت داهێناوە.. لە کاتێکدا پیاوان دەبینیت ژنەکانیان زرت و زیندوون، کەچی ژنی تر دێنن! نەخێر... ئازیزەکەم! تۆ لەم کارەتدا زۆر دواکەوتوویت! چونکە دەمێکە خەڵکەکە هەستیان بەمەی تۆ کردووە! ئەمەی تۆ لە هەموو شوێنێکی ئەم..."

ماری دوای ئەوەی سەرنجێکی ئاگراویی هیلینی دا، وەکو ئەوەی هەڕەشە بکات، دەست و مەچەکی لێ رادەوەشاند و درێژەی بە قسەکانیدا، بە جێی هێشت.

هەرچەند ماری دیمیتریێفنا کەسێتییەکی تایبەتی هەبوو. بەڵام خەڵکی پیترزبۆرگ، پێیان وابوو کەمێک لە سیفەتی شێتێتیی پێوەیە. بۆیە گوێیان بە قسەکانی پێشووی، بەرامبەر هیلین نەدا و، تەنیا ئەو دوا رستەیەیان لەبەر خۆیانەوە دووبارە دەکردەوە، کە مەبەستی قسەکانی ماریی بە دەستەوە دەدا.

میر ڤازیلییش هەموو قسەکانی پێشووی بیر چووبووەوە، بەڵام سەدان جار ئەوەی دوایی لەبەر خۆیەوە دووبارە کردەوە. هەر کاتێکیش ئەو ماریێە بچوایەتە سەردانی ئەم، بە کچەکەیی خۆی دەوت:

"هیلین دەمەوێت قسەیەکت بۆ بکەم."

ئەمجا لەوانی تری دوور خستەوە و پێی وت:

"وام بیستووە کە پڕۆژەیەکت بە دەستەوەیە، لە بارەی... خۆت باشتر دەزانیت

مەبەستت چییە. باشە! کچە ئازیزەکەم، خۆت دەزانیت وەکو باوکێک دڵم بەمە خۆشە کە بزانم تۆ... زۆریشم ئازارت چەشت... بەڵام کچۆڵە ئازیزەکەم... لە دڵی خۆت زیاتر، گوێ لە کەس مەگرە! ئەمە ئەو قسەیە بوو، کە دەمویست پێت بڵێم."

ئەمجا نێوچاوانی لە نێوچاوانی هیلین خشاند و، لێی دوور کەوتەوە.

بیلیبینیش کە بە رەخنەگرێکی لێزان ناسرابوو و، تەنیا هاوڕێی هیلین بوو. هیلینیش وەکو هەر خاتوونێکی تووژە بالاکانی کۆمەڵگە، کردبوویە هاوڕێی خۆی.

لە کۆ بوونەوەیەکی چکۆلەی چەند کەسیشدا لەو بارەیەوە پێی وت:

"بیلیبین گوێ بگرە..."

"هەمیشە هیلین کەسانی وەکوو ئەوی، بە ناوی خێزانەکانیانەوە بانگ دەکرد."

دەستە سپیە بە موستیلە قورسەکانی لە کەمەر خستبوو، کە قسەی دەکرد هەر وەکو خوشکی خۆت، بە منیش بڵێ کە دەبێت چی بکەم؟ کامە لەو دوانە!؟

بیلیبینیش نێوچاوانی یەک هێناوە و، بە بزەیەکەوە وتی:

"ئەگەر بتزانیبا ئاوا غافڵگیرت نەدەکردم. من وەکو هاوڕێیەکت بیرم لەم کێشەیەت کردووەتەوە. چەندین جاریش پێیدا چوومەتەوە. هەر وەکو خۆیشت دەیبینیت ئەگەر شوو بە میرە لاوەکە بکەیت: تا هەتایە" بە پەنجەکانی کەوتە بژاردنێ هەڵی هاوسەرگیرییەکی تر، لە دەست خۆت دەدەیت و، کەسانی دەربارانی شاهانە، بێزارت دەکەن و، خۆیشت دەزانیت کە خزمایەتیش لە ئارادایە.

بەڵام ئەگەر شوو بە کۆنتە پیرە بکەیت، ڕۆژانی دوادوایی ژیانی ئەو پیرە پڕ لە بەختەوەری دەکەیت. لە دواییشدا: دەبێتە بێوەژنی ئەو پیاوە بااڵیە... میرە لاوەکەیش تووشی هەڵەی مارە کردنی بێوەژنێکی پلە نزم نابێت!"

لێرەدا بیلیبین چرچەکانی نێوچاوانی گرژ کرد.

هیلین دەستی خستە سەر سەردەستی بیلیبین و، بە ڕوویەکی خۆشەوە وتی:

"هاوڕێی باش هەر وەکو تۆ دەبێت! بەڵام کێشەکە لەوەدایە، من ئەمیش و ئەویشم خۆشدەوێت! نامەوێت دڵی کەسیان بشکێنم! ئامادەم ژیانم لە پێناوی بەختیاریی هەردوکیاندا بەخت بکەم!"

بیلیبینیش شانەکانی هەڵتەکاند و، بێ توانایی خۆی بۆ ئەو کێشەیە دەربڕی.

دواجار سەرێکی بادا و، لە دڵی خۆیدا وتی:

ژنێکە ..!! نازانم چۆن وەسفی بکەم! نەخێر دەیەوێت ژنی هەرسێکیان بێت!

کاڵفامانهیش لێی پرسی:

"بەڵام پێم بڵێ، ئەی میردەکەت چۆن لە ئەمەی تۆ دەڕوانێت!؟ ئەو بەم کارەی تۆ، ڕازی دەبێت!؟"

هیلینیش پێی وابوو میردی ڕازییە و هاواری کرد:

"ئـۆو! ئەویش زۆر منی خۆشدەوێت! لەبەر من هەموو شتێک دەکات!"

نێوچاوانی گرژ کرد و وەکو ئەوەی، رستە هەڵ ببژێرت، دوای کەمێ پـرسیی:

"تەنانەت تەڵاقدانیشت!؟"

هیلین: دایە قاقای پێکەنین.

ئەمیرە کۆراگینی دایکی هیلینیش، گومانی لە دروستیی ئەو هاوسـەرگیرییە هـەبوو، کە هیلینی کچی، قسەی لێوە دەکرد. هەمیشە ئیرەییشی بە کچەکەی دەبرد. بۆیە ئارامی لەبـەر هەڵگیرا و، چوو پرسی بە قـەشەیەکی رووسی کرد: لەبارەی ئەو بار و دۆخانەی کە تێیدا ژن تـەڵاق دەدرێت. ئـاخۆ ژن بـۆی هەیـە لـە کاتێکدا مێردی زیندووە بێت.. شـووی تـر بکاتەوە!؟

قەشەکە پێی وتبوو، کە شـتی لـەو جۆرە گونجـاو نییـە و، بـە خۆشـحاڵییەوە دەقی ئـەو ئایەتانەی ئینجیلی بۆ هێنابووەوە، کە ئەو کارە رەتدەکاتەوە.

بەیانییـەکی زوو، دایکـە خـۆی گەیاندە هیلینی کچی، تـاکو بتوانێت بـە تـەنیا بیگرێت و، قسەی لەگەڵ بکات. چەکی دەستیشی ئەو ئایەتانە بوو و، پێیشی وابوو شتێک نییـە هـەڵیان بوەشێنێتەوە!

هیلینیش ئەمەی لە دایکی بیست، بزەیەک هاتە سـەر لێوانی.

دایکە پیرەی لێی دووبارە کردەوە:

"بەڵـێ! زۆر راشـکاوانە لـەم ئایەتـەدا هـاتووە کـە دەڵێت: هەرکەسـێک بێوەژنێـک مـارە بکاتەوە..."

هیلینیش پێی وابـوو، بـە زمـانی رووسـی قسـە کـردن لـەو کێشـەیەی، شـتەکان روون و ئاشکرا نابن.

بۆیە بە فەرەنسی وەڵامی دایـەوە:

"قسەی گێلانە مەکە! تۆ هیچ لەبارەیەوە نازانیت. من پلەیەکی وای کۆمەڵایەتیم هەیە، کە چەندین ئەرکم لە سەر شان بێت."

دایکی هەڵیدایە:

"بەڵام کچە شیرینەکەم..."

هیلینیش هـاواری کرد:

"ئـۆی! دایکـە.. تۆ چۆن نازانیت، کـە بـاوکی پیرۆز، بـۆی هەیـە، برێک جیاکـاری و لـێ دەرکردن بۆ خەڵک بکات!؟"

لەم قسانەدا بوون خاتوونێکی یاوەر و هاوڕازی هیلین هات و، پێی ڕاگەیاند کە بەڕێزی مێردی، لە هۆڵـەکەدا، چاوەڕوانی ئەوە و، دەیەوێت کە ببینێت.

هیلینیش وتـی:

"نەخێر! پێی بڵێ، نامەوێت کە ببینم و، لێی تووڕەم. چونکە خاوەنی قسەی خۆی نییە."
لاوە گەنم رەنگە دەم و چاو درێژکۆلەکە، هات بۆ لای و پێی وت:
"خاتوونی کۆنتیە هەموو هەڵەیەک لێبووردنی تایبەتیی خۆی هەیە."
خاتوو ئەمیرە پیرەی دایک، بۆی نووشتایەوە و رێزی لێنا. بەڵام لاوەکە هەر سەرنجیشی نەدا. ئەمجا پیرەژن بە سەر لەقاندن ئاماژەی بە کچەکەی دا و، خۆی لێ دزییەوە و، چووە دەرەوە.
لە دڵی خۆیشیدا وتی:
"بەڵێ! ئەو ڕاست دەکات! حەقی خۆیەتی! ئای چۆن ئەو تەمەنی کچۆڵەیی و هەرزەکارییەی خۆمان ـ کە ناگەڕێتەوە ـ ڕۆیشت و، عەقڵمان بە هیچ نەشکا و، ئەم هەموو شتەی ئێستامان نەدەزانی!"
بەدەم سەرکەوتنە نێو گالیسکەکەیەوە، هەرخەریکی بیرکردنەوە بوو لەم بارەیەوە.
لە سەرەتای مانگی ئابدا کێشەکەی هیلین چڕ بووەوە و، ئەویش نامەیەکی بۆ مێردەکەی ـ کە پێی وابوو ئەمی زۆر خۆشدەوێت ـ نووسی.
لە نامەکەدا روونی کردبووەوە، کە ئایینێکی راستەقینەی وەرگرتووە و، تکای ئەوەیە کە دەست بە جێبەجێ کردنی ڕێ و ڕەسمی جیابوونەوەکەیان بکات. چونکە دەیەوێت شوو بکات بە "ن. ن".
لە کۆتایی نامەکەیشدا بۆی نووسیبوو، "دواجار لە خوا دەپاڕێمەوە کە یارمەتیدەرت بێت... هاوڕێکەم.
هاوڕێی خۆت: هیلین"
ئەم نامەیەی ڕەوانەی مالّی پیەر کرد. پیەریش لەو کاتەدا، لە سەربازگەی بوورژدینۆ بوو.

بەشی هەشت
تەنگو چەڵەمەکەی پییەر

بۆ جـاری دووەم و، لـە دوادوایی کۆتابـوونی شـەڕەکەدا، پییـەر یەکـەی تۆپخانـەکەی ڕاپیڤسکیی جێ هێشت و، لەگەڵ چەند سـەربازێکدا بـە دۆڵێکدا بـەرەو هەرێمی کنیازکۆڤۆ هەڵات. لەوێوە گەیشتە خەستەخانەیەک. بەڵام خۆی لە نێو ئـەو هاوار و نالّەیەدا بۆ نەگیرا و، ئەوێیشی جێهێشت.

هەموو حەز و ئارەزووەکەی بوو بووە ئەوەی، لەو دیمەنی شـەڕ و خۆێن و، هـاوار و نـالّەیە، زیـاتر دوور بکەوێتـەوە و، ژیـانێکی ئاسـوودە بـە سـەر بـەرێت و، جـارێکی دی، بتوانێت ئـارامانە سـەرخـەوێک لە نوێنەکەی خۆی و لە ژوورەکەی خۆیدا بشکێنێت.

وا هەستی کرد، بۆ ئەوەی بار و دۆخەکەی نێو دەروونی خۆی، بـە ڕوونی ببینێت و، بۆ ئـەوەی ئەو دیمەنانەی، بە چاوی خۆی بینیویەتی، بـە جوانی تێی بگـات... دەبێت ژیانـە ئاسانەکەی جاران، بە دەست بێنێتەوە. بەڵام خۆ ئەوەتا لەو بارو دۆخەوە دوورە.

هەرچەند هوشیەی گوللە تۆپ و، ویزەی دەسـتڕێژی فیشـەک، بـە سـەریدا تێنەدەپـەڕی. بەڵام ئەو دۆڵەیشی وەکو گۆڕەپانی شـەڕەکە دەهاتـە بـەرچاو. ئـەو خـوێن و ڕوخسـار و چـاوە ئەبڵەق و، تەقانەی دەهاتەوە بەر چاو و گوێ.

لـە هـەر کوێیـەکی دەڕوانـی، گـۆمی خـوێن و، ڕوخسـاری بـە ئـازاری، سـەربازە پـاڵتۆ لەبـەرەکان و، ویـزەی فیشـەک بـوو. هەرچەنـد لـە گۆڕەپانی شـەڕەکەوە دووریـش کـەوت بووەوە، کەچی دیمەنە دزێوەکانی شەڕەکەی، لێ دوور نەکەوتبووەوە. با گـەرما و تـەپ و تۆزی ڕێگاکەیش لەولاوە بوەستێت.

دوای ئەوەی سێ فرسەخێکی لە شـارێنی بـەرەو مۆجاییسک بڕی. لایدایـە کەنـار ڕێ. زەردەپەڕ و، بە دوایدا تاریک داهات و، دەنگی تۆپبارانەکە نەما. لەسـەر زەوییەکە هـەردوو

ئانیشکی کردە کۆڵەکە بۆ لەشی و، بۆ ماوەیەکی فرە، کەوتە روانین لەو تارماییانەی، بە بەرچاویدا تێدەپەڕین.

دوا جار وا هاتە بەرچاوی، کە گوللە تۆپێک بە فیکە فیک بەرەو رووی هاتووە و، کتوپڕ هەستا! ئیدی کە بە ئاگا هاتەوە، نەیزانی چەند لەوێدا ماوەتەوە.

نیوەشەو سێ سەرباز لقە دارێکی شکاویان بە دوای خۆیاندا راکێشا و، لە نزیکیەوە، ئاگرێکیان کردەوە. خواردنیان کردە قسەکانیانەوە و، خستیانە سەر ئاگرەکە. دواتر بێ ئەوەی بایەخ بە پیرەریش بدەن، دەستیان کرد بە خواردن.

لە ناکاو یەکێکیان لێی پرسی:

"ئەرێ! ئەی تۆ سەر بە چ فەیلەقێکیت؟"

لە راستیشدا مەبەستی بوو کە پێی بڵێت:

"دەتوانیت بێیت لەگەڵمان بخۆیت. بەڵام دەبێت ئەوەیشمان پێ بڵێیت سەر بە کام فەیلەقیت؟"

جا پیرەریش، بۆ ئەوەی کە بچێتە دڵیانەوە، دەبوو لەو لووتبەرزی و، پلە و پایەیەی خۆی دابەزێنێت.

بۆیە هــاواری کرد:

"مـن؟ مـن؟ ئەفسـەرێکی فیرقـەی خۆبەخشـانم و، بـۆ ئـەم شـەڕە هـاتبووم، بـەڵام ئـەوەتا ئێستا، ئەوانم لێم ون بووە."

سەربازێکیان بە لاقرتیوە وتـی:

"سەیری ئەمەیش ناکەن!"

دوانەکەی تریش سەریان لەو قسەیەی بادا.

ئەوەی یەکەم لە سەری رۆیشت:

"ئەگەر خواردنەکەمانت بە دڵـە فەرموو لەگەڵمان بخۆ."

ئەمجا کەوچکەکەی خۆی لستەوە و، دای بە پیرەر، تاکو لەگەڵیان بخوات.

پیرەریش لەبەر ئاگرەکەی ئەواندا، دانیشت و لە قسەکەی ئەواندا، دەستی بـە خـواردن کرد. وا هەستی کرد تا ئەو دەمە، خواردنی وا بە چێژی نەخواردووە!

سەری بەسەر قسەکەدا شـۆڕ کردبـووەوە و، کـەوچک بـە دوای کەوچکدا، هەڵیدەدایـە دەمییەوە.

سێ سەربازەکە لەبەر ڕووناکیی ئاگرەکە، سەرنجی روخساری پیرەریان دەدا.

ئەمجا یەکێکیان لێی پرسی:

"زۆرباشە.. ئەی بە نیازی کام رێگا بگریتەبەر؟"

پیرەر وەڵامی دایەوە:

"بە نیازم بەرەو مۆجاییسک بڕۆم."

سەربازەکە لێی پرسییەوە:

"تۆ لە پلە بالاکانیت؟"
ئەویش وەڵامی دایەوە:
"بەڵێ."
دیسان لێی پرسی:
"ئەی ناوت چییە؟"
ئەویش وتی:
"پیوتەر کیریلۆڤیتش."
ئەویش پێی وت:
"باشە پیوتەر کیریلۆڤیتش.. تۆ پێشمان بکەوە و، ئێمەیش رێنوێنیت دەکەین و، رێگات پیشان دەدەین."
ئیدی لەو شەوە تاریکە ئەنگوستە چاوەدا، پییەر و، سەربازەکان، بەرەو مۆجاییسک بەڕێکەوتن و، لەگەڵ قووقەی کەڵەشێری بەرەبەیاندا، گەیشتنە مۆجاییسک. بە لاپاڵەکەدا بەرەو شارەکە بوونەوە.
پییەریش دوای سەربازەکان کەوتبوو و، هەر لە بیریشی چووبوو، کە ماڵەکەی ئەویش لەو شارەیە، تا ئەو دەمەی، لە ناوەراستی لاپاڵەکەدا لووتی تەقی بە لووتی خزمەتکارەکەی خۆیدا.
کاتێک پێش خۆی چوو بووەوە بۆ مۆجاییسیک و، خانووەکەی خۆیان. دواتر هاتبوو تاکو بە شوێن پییەردا بگەڕێت.
لەو تاریکییەدا، بە هۆی شەپقە سپییەکەی سەرییەوە ناسییەوە و پێی وت:
"خاوەن شکۆ! ئومێدمان لێت بڕیبوو، چۆن دەبێت بە پێ بڕۆیت!؟ تکایە وەرە."
پییەریش پێی وت:
"ئای! بەڵێ."
سەربازەکان وەستان و یەکێکیان پرسیی:
"کەوابوو ئێستا خزمانی خۆتت دۆزییەوە! پێم وابێت ئەی پیوتەر بلۆڤیتشە کاتی خواحافیزیی هاتبێت."
ئەوانی تریش وتیان:
"خوات لەگەڵ.. ئەی پیوتەریلۆڤیتش."
پییەریش کە بیری بە لای شوێنکەوتنی خزمەتکارەکەیەوە بوو، پێی وتن:
"خواتان لەگەڵ."
دەستی بە گیرفانیدا کرد، تاکو پارەیان بداتێ. بەڵام بە لایەوە شیاو نەبوو ئەوە بکات. کە گەیشتیشە ماڵەوە، سەرنجیدا، ژوورێکیان بە چۆڵی نەماوەتەوە. بۆیە ناچار چووەوە حەوشەکە و، لە نێو گالیسکەکەدا لێی راکشا و، پاڵتۆکەی بە سەر خۆیدا دا و، لێی نووست.

بەشی نـــۆ
گەڕانەوە بۆ مۆسکۆ

هەر کە پییەر لە گالیسکەکەدا سەری نایەوە، هەستی کرد، وا خــەو دەیباتەوە. کەچی سەرلەنوێ گوێی لە گرمەی تۆپ بوو: **بووم! بـووم!** ئەمجا نالّـە و هـاواری خەڵکی بیست و، بە دوایدا بۆنی خوێن و بـارووتی کرد.

لـە نێو ئـەو هـەموو ترس و دڵەڕاوکێ و، بۆنی بـاروود و خوێنـەدا، چـاوی کردەوە و، سەری لە پاڵتۆکەیەوە دەرهێنا.. کە سەرنجیدا دنیا، کش و ماتـە و، نـە گرمـەی تـۆپ و، نـە وێزەی فیشەک و، نە بۆنی خوێن و بارووتەوە!

لە دەم دەروازەی دەرەوەی کۆشکیشدا، کەسێکی سـەر بـە ماڵەکـەی بینی، دوو پارچـە تەختەی لەسـەر سـەر نـابوو. هـەر کە وێستی لە جێی خۆی راست ببێتەوە. کۆترێک دای لـە شـەقەی باڵ و، ئەمی ڕاچڵەکاند و، پڕ بە دڵ ترسا!

شوێنەکە بـە بۆنی ئالیک و خوێن و قیر، پڕ بـوو و، ئـەو شـوێنە هـەر لـە خـان و گـەوڕ دەچوو!

پییـەر خۆشـیی، لـەو بـۆن و بەرامـەیـە دەهـات. لـە بۆشـایی نێوان کۆشـک و خانەکـەدا، ئاسمانی شین، بە خۆی و ئەستێرەکانییەوە بە جوانی دەبینرا.

سـەری خۆی بە پاڵتۆکەی داپۆشییەوە و لە دڵی خۆیدا وتـــی:

سوپاس بۆ خوا!! هەموو ئەو شتە ناخۆشانە بەسەرچوون. ئۆو! چ ترسێکی تۆقێنەر بوو! چەندە عەیبە: خۆم بدەم بە دەست ترسەوە! لە کاتێکدا ئەو سەربازانە، بە درێژایی ئەو کات و، تا کۆتایی لە شوێنی خۆیان بە ئارامی ماونەتەوە!

بەلای پییەرەوە، ئەوان هەر ئەو سەربازانە بوون، لە رێ ئەویان تێر کرد و، تابلۆی خواناسی پیرۆزیان بڵند کردبووەوە و، نوێژیان لەبردەم کڵێسەدا کرد و، لێی دەپاڕانەوە.

ئەوان هەر ئەو کەسە نامۆیانە بوون، کە تاکو ئێستایش ئەو نەیناسیون. ئەوان لە بیر و ئەندێشەی ئەودا، جۆرێک زەق بوونەتەوە، کە شتەکانی تری نێو میشکی ئەویان، کردووە بە ژێرەوە.

جارێکی تر ویستی بخەوێت، بەڵام کەوتەوە بیر کردنەوە:

"ئەی لەبەرچی منیش بە هەموو جەستە و رەوانی خۆمەوە، هەر وەکوو ئەوان، سەربازێک نەبم! ژیانێکی هاکازایی بۆ خۆم بژیم. تاکوو منیش گیانێکی وەکوو ئەوان، بچێتە ناخمەوە و، هەست و نەستم وەکوو ئەوانی لێ بێت.

بەڵام ئەی چۆن دەکرێت، لەو ژیانە دەرەکییە، شەیتان ئامێزە رزگار ببم؟ ئەو کاتەیش تێپەڕیوە بتوانم لەوە رزگارم ببێت. کاتی خۆی دەمتوانی لە دەست باوکم هەڵ بێم. هەروەها دەتوانرا دوای شەڕی بەرامبەرێنەکەم لەگەڵ دۆلۆخۆف، وەکوو سەربازێک، بۆ فەیلەقێک بگوازرامایەتەوە."

"گرتەکانی ژیانی رابردووی بە دوای یەکدا و بە گوژم بە بەر چاویدا تێ دەپەڕین"

ئێوارە خوانی یانەکە و، ئەو تووڕە کردنەی دۆلۆخۆف، کە ئەمی تووڕە کرد! ئەی پیاوچاکەکەی تۆرگۆک! یان کۆبوونەوە پیرۆزەکەی، کۆڕی ماسۆنیان.

ئەی کۆ بوونەوەکەی "یانەی ئینگلیزی" هەندێکیان نزیک بوون و ئازیز بوون. لە سەرووی مێز و خوانەکەوە، دانیشتبوون. ئۆو! ئەوە خۆیەتی! پیاوچاکەکەیە!

ئەمجا پییەر ئاوا بیری کردەوە:

"بەڵام ئەو مرد. ئەو مرد و، نازانم ئاخۆ جارێکی دی، زیندوو دەبێتەوە!؟ چەندە بە داخ بووم، بۆ مردنی ئەو! ئای چەندە بەختەوەر دەبم، ئەگەر جارێکی دی بە زیندوویی بگەڕێتەوە!"

ئاناتۆل و دۆلۆخۆف و، نیسڤیتسکی و، دینسۆف و ئەوانی تر، بە دەوری مێزی خوانەکەوە دانیشتبوون. ئەوان کۆمەڵێکی ناسراو بوون بە لای پییەرەوە. ئەو خەڵکەیش بە ئاناتۆل و دۆلۆخۆفیشەوە، هاواریان دەکرد وّ، گۆرانییان دەچڕی.

بەڵام دەنگی فرە زاڵ لە نێویاندا دەنگی پیاوچاکەکە بوو و، هەر لە نالەی گۆرەپانی

شەڕەکە دەچوو. هەرچەند پییەر، لەوە نەدەگەیشت کە ئەو دەیووت.. بەڵام دەیزانی باسی کوودەتایەکی وا دەکات، کە ژیانی ئەوان بگۆڕێت.

کێشەی پییەریش ئەوە بوو، هەرچەند ئەم ئەوانی دەناسی، بەڵام ئەوان ئەمیان نەدەناسی! بۆیە ئەمیش تەکانی دایە بەرخۆی و، هەستا تاکوو شتێک بڵێت و، سەرنجی ئەوان بۆ خۆی رابکێشێت. بەڵام هەستی کرد، قاچەکانی سارد و سڕن و، پاڵتۆکەی بە سەرەوە نەماوە! کە سەرنجی دەورو بەری خۆیشی دا، ئەوە بۆشایی ئاسمانەکەیە و، ئەوەیش رەنگی شینباوی مانگەشەوەکەیە و، هەر وەکو خۆیەتی و، هەوا بە شەونم شێدارە وەکو جاران، کۆڵێک تەریق بووەوە! قاچەکانی بە ژێر پاڵتۆکەدا کردەوەوە و بەسەر خۆیدا دایەوە.

پییەر کەوتەوە بیر کردنەوە:

"وا بەرەبەیانە. بەڵام من چیمە بەمەوە کە باسی دەکەم! پێویستە خۆم وا رابهێنم، تا کۆتایی قسەکانی قسەکەر گوێ بگرم. پێویستە لە قسەکانی پیاو چاکانیش تێ بگەم."

پییەر خۆی لە ژێر پاڵتۆکەیدا ون کردەوە. نە بیری بەلای کۆڕی ماسۆنییان و، نە بەلای پیاوچاکەوە مایەوە. کەوتە کۆ کردنەوەی، ئەو وشە و رستانەی لە کۆڕەکەدا بیستبووی و، سەرلەنوێ رستەکانیانی، دانەوە دەم یەک، تا بەڵکو شتێکیان لێ تێ بگات.

دواتر گەیشتە ئەوەی، کەسێک لە دەرەوەی کۆڕەکە ئەو قسانەی کردووە! مەحاڵە لە کاتی بە ئاگایشدا، بتوانێت لەو بیرۆکانەوە بدوێت.

دەنگێک لە مێشکیدا وا دەنگی دایەوە:

"سەختترین شتێک لە جیهاندا، ئەوەیە ئازادییە مرۆڤایەتییەکان، رکێفی یاسای ئاسمان بکرێن!! مرۆڤ سادە بێت! ژێر رکێفی خوادا بکەوێت. نەتوانێت، لە دەستی رزگار ببێت. ئەو جۆرانە: قسەیان نییە و کردەوەیان هەیە. "قسەیان لە زیوە.. بەڵام بێدەنگییان زێڕە". هەر کەسێک لە مردن بترسێت: لە بەهای خۆی کەم دەکاتەوە. مرۆڤیش خاوەنی ئەو شتانەیە، کە لێیان ناترسێت. گەر ئازار نەبوایە مرۆڤ نە سنووری خۆی دەزانی و، نەخۆیشی دەناسی! یەکخستنی بیروڕاکان، کارێکی ئەستەمە.. زۆریش! بەڵام پێویستە یەک بخرێن..."

پییەر یەکخستنی بیروڕاکانی بە پێویست زانی بۆیە هاواری کرد:

"بەڵێ! پێویستە یەکیان بخەینەوە! ئێستا کاتی خۆیەتی..."

ئەو دەیزانی کە بە یەکخستنەوەی بیروڕاکان، هەموو ئەو کێشانەی ئازاری دەدەن، چارەسەر دەبن.

ئەم دەنگە لە ناخیدا دەزرنگایەوە:

پێویستە ئەسپەکان ڕێز بکرێنەوە و، قەتارەیان پێ ببەسترێتەوە. کاتی خۆیەتی خاوەن شکۆ! کاتی خۆیەتی خاوەن شکۆ.

تووماز ئەوە دەنگی خزمەتکارەکەی بوو و، هاتبوو تا پییەر بە خەبەر بێنێ و، تیشکی خۆرەکە کەوتووەتە سەر دەم و چاوی.

ئەویش لە حەوشە پۆخڵەکەی خانەکە و بیرەکەی ناوەڕاستی و، ئەو کۆمەڵە سەربازەی دەڕوانی، کە ئەسپە لاوازەکانیان ئاو دەدا.

لە دەروازە کراوەکەیشەوە، ناوە گالیسکەی دەبینی، دەپەڕینەوە. بە قێز و بێزێکەوە ڕووی وەرگێڕا و، چاوانی نوقاند و، لە سەر کورسیی گالیسکەکە خۆی گرمۆڵە کردەوە.

لە بەر خۆیەوە وتی:

"نەخێر! نامەوێت ئەوە ببینم. نە دەمەوێت ببینم و، نە تێی بگەم. تەنیا ئەوەم دەوێت، ئەوەی کە بە خەون پیشانیان داوم.. بیزانم. ئەگەر خەونەکە یەک ساتی تری بە دەمەوە بوایە، لە هەموو شتەکانی خەونەکە تێدەگەیشتم. ئەمجا هەستی بە ترس کرد، لە واتای قوواڵی خەونەکەی.

خزمەتکار و گالیسکەوان و دەرگاوان، ئەوەیان بۆ پییەر گێڕایەوە، کە ئەفسەرێک هەواڵی ئەوەی بۆ هێناوین، سوپای فەڕەنسی لە پێشڕەویدایە بەرەو مۆجاییسک و، سوپاکەی خۆیشمان لە پاشەکشەدایە.

ئەمیش فەرمانیدا ئەسپەکان تاقەت بکەن و، خۆی بە پێیان بەرەو شار بووەوە و، داوای لێ کردن شوێنی بکەون.

یەکەکانی سوپا ڕۆیشتن و، بە دوای خۆیاندا نزیکەی (١٠٠٠٠) سەربازی بریندار جێ هێشت. ئەوان لە سەر شۆستە و، لە پشتی پەنجەرە و نێو کۆڵانەکاندا و، بە دەوری گالیسکەکانەوە بە کۆمەڵ دەبینران. هاوار و ناڵە و جنێویان ئەو ناوەی پڕ کردبوو.

دوای ئەوەی ئەسپەکانیان لێ بەست، گالیسکەکەی پییەریان شوێن خست. بەڵام لە ڕێ ژەنەراڵێکی هاوڕێی بە بریندار بینی و، بە هانایەوە چوو و، گالیسکەکەی خۆی خستە بەردەستی و، فەرمانیدا بیگەیەننەوە مۆسکۆ.

بە ڕێگایشەوە هەواڵی مردنی ژنبراکەی و میر ئاندریەیان پێدا.

بەشی دە
چیرۆکی بانگەوازەکە

لە سێی مانگدا، پیێەر گەیشتە شارەکە و، لە دەروازەی شارەکە یاریدەدەرێکی سەربازیی کۆنت ڕۆستۆبشین هاتە پێشوازیی.

ئەمجا پێی وت:

"هەموو شوێنێکت بۆ گەڕاین و تۆمان بۆ نەدۆزرایەوە. زۆر پێویستە کۆنت بتبینێت و، کارێکی گرنگی بە تۆیە."

پیێەر لە جیاتی ئەوەی بڕواتەوە بۆ مالّی خۆیان، سواری گالیسکەیەک بوو و، بەرەو مالّی حاکم بووەوە.

ڕۆستۆبشینیش بەیانیی ئەو ڕۆژە، لەخانووەکەی تری و، نێو گوندی سۆکۆلینکیی دەرەوەی شار، گەڕابووەوە. لێرەیش دالان و ژووری میوانەکەی جمەی دەهات لەو فەرمانبەرانەی، کە خۆی ناردبووی بە شوێنیاندا و، لەگەڵ ئەوانەی خۆ و سەر هاتبوون، تاکو فەرمانی نوێی لێ وەربگرن.

پێشتر ڤاسیلتشیکۆڤ و بلاتۆڤ، توانیبوویان ببینن و، تێیان گەیاندبوو، کە مەحاڵە بتوانن بەرگری لە مۆسکۆ بکەن و، دەبێت هەر بدرێت بە دەستەوە.

تا ئەو دواییانەیش، ئەم هەواڵەیان لە خەڵکەکە شاردبووەوە. بەڵام فەرمانبەر و سەرۆکایەتی و بەڕێوەبەرەکانیش، وەکوو ڕۆستۆبشین، ئەمەیان دەزانی. جا ئەو فەرمانبەر و سەرۆکانە، هاتبوون تاکوو ڕێ و شوێنی یاسایی وەربگرن و، خۆیان لە بەرپرسیارێتیی شتومەکە میرییەکان ڕزگار بکەن.

ئەو کاتەی پیەر خۆی کرد بە ژووری میواندا، تەتەڕێکی نامەبەری سوپا، لە ژوورەکەی دەهاتە دەرەوە.

پیەریش بە دووچاوی ماندووەوە، کەوتە سەرنجدانی روخسارە لاو و پیرەکان لە سەربازان و هاوڵاتیان، لەوانەی کە وەکوو خۆی، لە چاوەڕوانیدا بوون. ئەمجا چەند ناسیاوێکی تێدا دۆزینەوە و، کەوتە چاک و چۆنی لەگەڵیان.

وتوویژی ئامادەبووان درێژەی کێشا:

"دەرچوونی لە سەربازی و دیسانەوە هێنانەوەی بۆ نێو سوپا، لەخۆیدا کارێکی خەوشدار نەبوو. چونکە کەس ناتوانێت سبەینێ بێنێتەوە بەرچاوی خۆی و داهاتوو نادیارە!"

یەکێکی تر کاغەزێکی چاپکراوی بڵند کردەوە و وتی،"بەڵێ! بەڵام ئەمە خۆیەتی ئەو دەنووسێت..."

قسەکەری یەکەم تێهەڵچووەوە:

"ئەوە جیاوازە... ئەمە ئەرکە و بۆ گەل و نەتەوەیە."

پیەریش پرسیی:

"ئەوە چ باسە؟"

یەکێک وەڵامی دایەوە:

"ئەوە... ئەوە دوایەمین نووسینی بڵاو کراوەی ئەوە."

پیەر بڵاوکراوەکەی لێ وەرگرت و، ئەمانەی تێدا خوێندەوە:

میری "مەزنی بالا" بۆ ئەوەی بەو یەکە سەربازییانە بگاتەوە، کە بۆ بە گەیشتنەوەن پێی و، بە پەلە هاتوون: لە مۆجاییسک تێپەڕین و، لە سەربازگەیەکی وا تۆکمەدا، بارو بنەی خستووە، کە دوژمن ناتوانێت پەلاماری بدات.

لێرەیشەوە (٤٨) چەکی تۆپهاوێژ و، چەندین سندوق گوللە تۆپی بۆ نێردراوە. میری (مەزنی بالا)یش، لای خۆیەوە پێداگریی ئەوەی کردووە، تا دوا دڵۆپی خوێن بەرگری لە مۆسکۆ بکات.

برادەرینە.. پیاوی بالا، ئامادەیە شەڕی سەر شەقام و، نێو کۆلانەکانیش لەگەڵ داگیرکەر بکات. هەر بەوەی خزمەتگوزارییەکان وەستاون، ئێوە تووشی دڵەڕاوکە مەبن. تەنیا ئێمەین لە کاتی گونجاوی خۆیدا، حساب لەگەڵ ئەو گەورە دزانە دەکەین! ئەو کاتە پێویستم بە دێ نشینان و، لاوانی بە هێز دەبێت. دوای یەک دوو ڕۆژی تر بانەگەواز بۆ ئەمەیش دەکەم.

ئێستایش کە گوێی خۆم لێ کەڕ کردووە، پێویستم بە قسە کردن نییە. کاتێک دێت: کە هەر یەکێکمان تەنیا تەورێک یان قەمەیەک، یان داسێکی دروێنە، بۆ شەڕی

فەرەنسییەکان پێویست بێت! چونکە فەرەنسییەکان تۆکمەیی گورزەیەک هەرزنیشیان نەماوە بۆ دروێنە کردن!

دوای نیوەڕۆی سبەینێ.. خۆپیشاندانێکی ئایینی ڕێکدەخەم و، تابلۆی ئیبیریای پیرۆزیان پێ بڵند دەکەمەوە و، نزای چاکبوونەوەی هەرچی زووتری سەربازە پێکراوەکان دەکەین. لەوێش ئاوەکەیان پیرۆز دەکەین، تاکو زووتر چاک ببنەوە. بۆ خۆیشم چاوێکم ئازاری هەبوو! بەڵام ئەوەتا ئێستا هەردوو چاوم دەبینێت.

پیەر هاواری کرد:

"بەڵام سەرۆکە باڵاکانی سوپا، بە منیان وت، کە نابێت لە ئێستادا بیر لە شەڕی نـاو شار بکەینەوە و..."

فەرمانبەرە پلە یەکەکەیش وتـی:

"بـەڵـێ! ئێستایش ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە دەکرد."

پیەریش پرسیی:

"ئەمە چی دەگەیەنێت: "چاوم تووشی نەخۆشی بووبوو، بەڵام ئێستا بە هەردووکیان شت دەبینم."

ئەفسەرە یاریدەدەرە سەربازییەکە بە خەندەیەکەوە وتـــی:

"ئاخر ئەوکات لەوەبوو چاوی کوێر ببێت! کە پێم وت خەڵکیی هەواڵی دروستیی تۆ دەپرسن... زۆری خەفەتی پێ خوارد."

بزەکەی هەر بەسەر لێوانەوە بوو، کە لە پیەریشی پرسی:

"ئەڕێ بەڕاست.. بیستمان کێشەی خێزانیت هەبوو! کۆنتیسیەی هاوسەرت..."

پیەریش زۆر بێبایەخانە وتـــی:

"هیچ هەواڵێکم لەو بـارەیەوە نییە! نازانم خەڵکی لەو بـارەیەوە چی دەڵێن؟"

ئەویش بە پیەری وت:

"بۆ خۆت دەزانیت، زۆرێک لەو قسانە هەر لە خۆوە هەڵدەبەستڕێن!"

پیەر پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

"جا باشە خەڵکەکە لەو بـارەیەوە چی دەڵێن؟"

یاریدەدەرەکە بە هەمان بزەوە لەسەری ڕۆیشت:

"دەڵـێن کۆنتیسـەی هاوسـەرت، سـەفەری هەنـدەران دەکـات! گومـانی تێدانییـە ئـەوە مەحاڵـە!"

پیەریش لە دەوروبەری ڕوانی و وتـــی:

"دەشێ ئەوە ڕوو بدات و سەفەر بکات."

ئاماژەی بە پیرێکی کورتەباڵای سەرو ریش وەکو بەفر کرد و پرسیاری کرد:

"ئا ئـەوە.. کێیە؟"

"ئەوە بازرگانە.. ڕاستتر بڵێم مەی فرۆشە و، نێوی "فیریشتشاگین"ە. بێگومان خۆیشت، چیرۆکی بانگەوازەکەت بیستووە؟"

پیرەر لە ڕوخساری بازرگانە پیرەکەی ڕوانی و، بێ ئەوەی هەست بە ناپاکیی بکات لە ڕوخساری ئەودا و،هاواری کرد:

"ئۆوا! "خۆ ئەوە فیریشتشاگین خۆیەتی!"

یاریدەدەرە سەربازیەکە وتی:

"ئەم پیرە پیاوە خۆی نییە! بەڵکو باوکی ئەو کەسەیە کە بانگەوازەکەی نووسیوە و، دواتر کوڕەکەی ئەویان، لە کونجی بەندیخانە توند کردووە. پێم وابێت هەر ئەوەیش دێنێت!"

پیرێکی چکۆلە مەدالیایەکی بە سەر سنگیدا شۆڕ بووەوە و، فەرمانبەرێکی ئەڵمانی، کە لە مەدالیاکەی ئەمیان لە مل کرابوو، لە قسەکەران نزیک بوونەوە.

یاریدەدەرەکە لە سەری ڕۆیشت:

"چیرۆکی ئەو بانگەوازە ڕوون نییە! ڕووداوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو سێ مانگ بەر لە ئێستا."

ئەوەیان بەوە کۆتایی هێنا و بابەتەکەیان بە کۆنت گەیاند. ئەویش فەرمانیدا، لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ. کافرین ئیڤانیتشیش لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئەوەی دەرخستووە، کە ئەو بانگەوازە، شەست و سێ دەستی کردووە!

هاوڵاتییەکی مەدەنییان هێناوە و لێیان پرسیوە: "تۆ ئەم بانگەوازەت لە کوێوە هێناوە!؟"

ئەویش وتوویەتی: "لەفڵانو فڵان کەسەوە، وەرم گرتووە!"

ئەمجا چوونەتە لای فڵان و فڵان، ئەوانیش بەرە بەرە، شوێن دەساو دەست کردنەکە کەوتوون و، تا گەیشتوونەتە فیریشتشاین... ئەم پیاوەیش بازرگانێکی پچووکی بێ فێڵە!

ئەمجا یاریدەدەرە سەربازییەکە، بە پێکەنینەوە لەسەری ڕۆیشت:

"ئەمجا لە فریشتشاین خۆیشیان پرسی بوو: ئەی تۆ ئەم بانگەوازەت لە کێ وەرگرتووە!؟"

ئەویش وتوویەتی: کە لە کەسی وەرنەگرتووە و خۆی نووسیویەتی!

پیرەریش وتی:

"بەڵێ! تێی دەگەم! کۆنت ویستوویەتی ئەو تاوانە بخاتە ئەستۆی کیلیوتشاریف."

یاریدەدەرە سەربازییەکە بە سڵەمینەوە وەڵامی دایەوە:

"نەخێر! هەرگیز.. کیلیوتشاریف باجی چەند هەڵەیەکی پچووکی خۆی دایەوە و، بەو هۆیەوە بوو دەسەڵات دووری خستەوە."

کۆنت لە ددانپێدانەرەکەی پرسی بوو:

"چۆن توانیت بەو شێوەیە: ئەو بانگەوازە بڕازێنیتەوە؟"

لە سەر مێزی نانخواردنەکە ڕۆژنامەیەکی هامبورگی ڕاکێشا و وتی:

"ئا ئەمەتا! تۆ بانگەوازەکەت دانەڕشتووە، بەڵکو وەرتگێڕاوە! وەرگێڕانەکەیشت خراپە! گێلی بێ مێشک! چونکە تۆ زمانی فەڕەنسی باش نازانیت! دواتر ئەی تۆ چۆن تێی دەگەیت؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"نەخێر! هیچ ڕۆژنامەیەکم نەخوێندووەتەوە. تەنیا خۆیشم ئەو بانگەوازەم داڕشتووە."

کۆنتیش پێی وتـەووە:

"کەوابوو تۆ ناپاکیت! دەتدەم بە دادگای بـاڵا. پەتی سێدارەیش لە ملت هەڵدەخەن!"

ئەویش وتبووی:

"نەخێر! هیچ ڕۆژنامەیەکم نەخوێندووەتەوە. بەڵکو بە دەستی خۆم ئـەوەم نووسـیوە و، خۆیشم دەدان بەوەدا دەنێم."

کۆنت ناچار بوو بنێرێت بە شوێن باوکیدا. بـەڵام ئەوەیش سـوودی نـەبوو و، کـوڕە لـە دەدان پێدانانەکەی خۆی، پەشیمان نەبووەوە.

ئەوەبوو دادگایی کراو بڕیاری کاری سەختی زۆرەملێی، بەسەردا سـەپا و، کەوتـە ژێر باری کاری سەختەوە. باوکی هات و زۆر بۆ بەزەیی هاتنەوە بە کوڕەکەیدا پاڕایەوە! بەڵام وەکـو خۆیشت دەزانیت، ئـەو یـەکێک بـوو لـە نـەوەی بازرگانـە پچووکـەکان و، پلـە نـزم و ڕسوا و داوێنپیس و، هەمیشـە بـە دوای ئـافرەتە گوندنشینە سـۆزانیەکانەوە بـوو! ئـێ خـۆ پاشایش ئـامۆزای ئەو نییە!

کوڕەکەیشـی لاوێکـی نامۆیـە و، ئـەم باوکەیشـی دوکـانی گۆشـتی بـرژاوی بابۆڵـەی سەرپێی هەبوو، لەسەر پردی پێترۆس.

بیهێنـە بـەرچاوت، کـە ئـەم پیـاوە ئەیقونەیـەکی گـەورەی خواوەنـدی بـاوکی هەیـە و، سۆیلەجانێک بە دەستێکییەوەیە و، گۆی زەوییش بـە دەسـتەکەی تریـەوەیـە! ئـەزانی دوای ئەوەی چەند ڕۆژێک، ئەو تابلۆ پیرۆزەی لای خۆی و لە ماڵەکەی خۆی، گل دایـەوە.. ئـەو ڕسوایە چیی کرد!؟ وێنەکێشێکی لە خۆی ڕسواتری بۆ بردە ماڵـەوە....

بەشی یـازدە
دیارنەمانی پیزۆخۆف

لە گەرمەی ئەو دەنگ و باسە نوێیانەدا بوو، کە پییەر، چووە بەردەم نووسینگەکەی. لە کاتی چوونە نووسینگەکەیدا، سەرنجی رۆستۆبشینی دا، دەستی بە نێوچاوانییەوە گرتوە و، پیاوێکی چوارشانەیش، قسەی بۆ دەکرد. کە پییەری بینی، جێی هێشتن و، چووە دەرێ.

ئەویش کە دەوری چۆلا بوو بە پییەری وت:

"ئـای! بەخێر بێیت.. هـەی جـەنگاوەری بـە ناوبانگ. بیستوومە چۆن باسی پێشرەویی تۆو ئـازایەتیی تۆیان کردووە! هەرچەند ئەمە باسەکەی ئێستای منو تۆ نییە."

درێژەی بە قسەکانی دا و وەکو ئەوەی ماسۆنی بوون لە خۆیدا تاوان بێت:

"ئـازیزەکەم ـ لە نێومان دەرنەچێت ـ خۆ ئەمە تۆیش ماسۆنیت!"

پییەر بێدەنگ بوو و، ئەویش لە سەری رۆیشت:

"مـن لـە سـەرچاوەی ئـەم هەواڵە دڵنیـام. خۆیشـم خوازیـارم تـۆ ماسـۆنی بیـت. بـەڵام لەوانەیان نەبیت، کە بە بیانووی ڕزگار کردنی ڕەگەزی مرۆڤەوە، خەریکن ڕووسیا لە نێو دەبەن!!"

پییەریش هەڵیدایـە،"بـەڵـێ! من ماسۆنیم."

ئەویش وتـی:

"بـڕوانە ئـازیزەکەم! خـۆت ئاگاداریت کـە بـەڕێز سپیرانسـکی و، مانییتسکی ڕەوانـەی شـوێنێکی کپ و ئـارام کراون. بـەڕێز کلیوتشـاریف و ئـەوانی تـریش لەوانـەی بانگەشـەی هـەڵ پێکانـەوە و، دروسـت کردنـەوەی پەیکـەری حـەزرەتی سـوڵەیمان و تەقـەڵای ڕووخاندنـی پەیکەری نیشتمان دەکەن: هەر هەمان چارەنووسی ئەوانی تریان بوو.

بێگومـان ئێمـەیش پـاڵنەری خۆمـان هەیـە، بـۆ ئـەو ڕێ و شـوێنەی بەرامبـەر ئـەوان

گرتوومانەتەبەر. من ئەوە ڕەت ناکەمەوە، کە بەڕێوەبەری پۆستە و گەیاندن پیاوێکی باش بوو.. بەڵام مەترسیداریش بوو. بیستوومە تۆ گالیسکەکەی خۆت خستووەتە خزمەتی ئەوەوە و، ئەویش شاری پێ بە جێ هێشتووە. تەنانەت ئەویش بڕێک کاغەزی داوە بە تۆ! جا منیش وەکوو باوکت ئامۆژگاریت دەکەم: هاوڕێیەتی ئەو جۆرە کەسانە مەکە. تا بۆیشت دەکرێ: بە زووییی ئێرە بە جێ بهێڵە.

پیەریش لێی پرسی:

"بەڵام ئەی کۆنت.. تاوانی کلیوتشاریف چی بووە؟"

ڕۆستۆبشین قیژاندی:

"پێویستە من شت بزانم... نەک تۆ! بۆیە چی دی پرسیار مەکە."

پیەریش بێ ئەوەی سەیری ڕۆستۆبشین بکات وتی:

"ئەوان بەوە تاوانباریان کردووە، کە گوایا بڵاوکراوەکانی ناپلیۆنیان لێرە بڵاو کردووەتەوە! بەڵام بەڵگەی ئەو تاوانبار کردنەیان بە دەستەوە نییە. بەڵام بۆ فیریشتشاگین..."

ڕۆستۆبشین برۆکانی یەک هێنایەوە و، توندتر قیژاندی:

"ئێمە ئەوەین کە دەیبینیت....فیریشتشاگین پیاوێک بوو، ویژدانی خۆی فرۆشت بوو! ئەو ناپاکی نیشتمانە و، سزای شیاوی خۆی وەردەگرێت."

ڕۆستۆبشین وا دەیشیڕاند وەکو ئەوەی سەرکۆنە کرابێت وتی:

"تۆم بۆ ئەوە بانگ نەکردووە، گفتوگۆی ڕەفتارم لەگەڵ بکەیت. بۆ ئەوەم بانگ کردوویت، ئامۆژگاریت بکەم. یان لە بارەی تۆوە بۆ ڕاستییەکان بگەڕێم. من تکای ئەوەت لێ دەکەم: پەیوەندیت لەگەڵ کەسانی وەکو کلیوتشاریڤدا بپچڕێنیت! لێرەیش بڕۆیتە دەرەوە. منیش لای خۆمەوە، هەرچەندە ئێوە زۆریش بن، هەوڵ دەدەم ئەم شێتییە لە میشکیان دەربێنم!"

بێگومان بە خۆی زانی و بەو قسە و هەڕەشانەی لە پیەری بیزۆخۆفی کرد، سنووری خۆی بەزاندووە. لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەو پیاوە هیچ سنووڕێکی نەبەزاندبوو.

بۆیە زۆر بە نەرم و نیانی هاواری بۆ کرد و، دەستی گرت:

"ئێمە خەریکین تێکدەشکێین! کاتی ئەوەیشم نییە، بە زمانی گوڵ ئەوانە بدوێنم کە کارم پێیانە. جاری وا هەیە مرۆڤ تووشی سەرەگێژە دەبێت. دەی ئازیزەکەم بە نیازیت بۆ ئەمە چی بکەیت؟"

پیەریش بێ ئەوەی سەری بڵند بکاتەوە و، سەیری بکات، وتی:

"هیچ شتێک ناکەم!"

کۆنتیش برۆکانی یەک هێنایەوە و وتی:

"ئامۆژگاریەکی برایانەیە ئازیزەکەم: تا دەرەنگی نەکردووە و تا زووە.. ئێرە جێ بهێڵە! ئەمە هەموو ئەو شتە بوو، کە دەمویست پێتی ڕابگەیەنم. ڕزگار بوونیش بۆ ئەو کەسەیە

گوێ له ئامۆژگاری دەگرێ. ئیدی خوات لەگەڵ... ئازیزەکەم."

که خەریک بوو پێ بنێتە ئەودیو دەرگاکەیشەوە، وەستانی و پێیشی وت:

"ئەرێ بەراست کۆنتیسەی هاوسەریشت، کەوتووەتە نێو چنگی باوکانی پیرۆز و، هاوڕێیانی حەزرەتی یەسووعەوە؟"

پیەر پیزۆخۆڤیش، وەڵامی ڕۆستۆبشینی نەدایەوە و، بڕۆکانی هێنابووەوە یەک و، بە هەڵچوون و پەشۆکاوییەکی ئەوتۆوە، چووە دەرەوە، کە هێشتا شتی وای بە خۆوە نەبینی بوو.

تاریک داهاتبوو، کە گەیشتەوە ماڵی خۆیان. هەر ئەو ئێوارەیە شەش حەوت کەسی جیاواز، هاتبوون بۆ لای. لەوانە ئەمیندارێ نهێنیی لیژنە و، سەرکردەی لیواکەی و، تۆمارکارەکەی و، سەرکاری خزمەتکارانەکەی.

لەگەڵ هەندێکیش لەوانەی بەرژەوەندییەکانیان تێکەڵ بوو. هەر یەک لەوانە کاری لای ئەمیان بوو و، دەیانویست رێکی بخەنەوە و، کۆتایی پێ بێنن.

پیەرێش هیچ لەمانە نەدەگەیشت. کە وەڵامی ئەوانەیشی دەدایەوە، هەر بۆ ئەوە بوو، کە هەرچی زووترە: لە دەستیان رزگار ببێت!

دواترو کە هەر خۆی بە تەنیا مایەوە.. زەرفی نامەی هاوژینەکەی کردەوە و، کەوتە خوێندنەوەی.

لەبەرخۆیەوە دەستی پێ کرد:

ئەوان: "واتە سەربازانی یەکەکانی تۆپهاوێژ"، ئەو میر ئاندریەیەی کە کوشتی... پیرەمێردەکە... سادەیی لە کڕنووش بردندایە، بۆ یەزدان... پێویست بوونی ئازار... واتای شتەکان... پەیوەستبوون... جارێکی تر هاوسەرەکەم،شوو دەکاتەوە... پێویست بە بیرچوونەوە و تێگەیشتن دەکات...

هەر بە بەرگەکانی دەرەوەیەوە، خۆی هاویشتە نێو نوێنەکەیەوە و، هێندەی پێنەچوو نووست.

بەیانیی ڕۆژی دواتر، هەر کە لە خەو هەستا، سەرکاری خزمەتکار تێی گەیاند کە کۆنت ڕۆستۆبشین، پۆلیسێکی ناردووە بۆ پرسیاری ئەوەی، کە ئاخۆ پیەر سەفەری کردووە!؟ یا خەریکە سەفەر دەکات!؟

لە دالانی ماڵەکەیشیدا هەروا دە کەسێک، چاوەڕوانی ئەو بوون و، کاریان پێی بوو. بەڵام ئەمیش دوای خۆ گۆڕینەو بۆن لە خۆدان، لە پلیکانەی خزمەتکارانەوە و، بە دزیی چاوەڕوانکەرانەوە، خۆی لێ دزینەوە و چووە دەرەوە.

لەو کاتەوە تا کاولکارییەکەی مۆسکۆ، نە دانیشتوانی کۆشکەکەی و، نە هیچ کەسێکی تر: دوای ئەو هەموو گەرانەیش بە دوایدا! کۆنت پیەر پیزۆخۆڤیان نەبینییەوە و، بە جۆرێک دیارنەما، کەس نەیزانی لە کوێیە!!

بەشی دوازدە
بنەماڵەی ڕۆستۆف

بنەماڵەکەی ڕۆستۆف، تاکو یەکەم ڕۆژی ئەیلوولیش، لە مۆسکۆدا مایەوە و، ئەو ئێوارەی دوژمن خۆی کرد بە شارەکەدا.

دوای ئەوەی پیتیا پەیوەندیی، بە لەشکری ئۆپۆلنسکیی قەوقازییەوە کرد. ئەو لەشکرەی تازە پێک هێنرابوو، خەفەت کۆنتیسەی دایکی داگرت.

ئەو بیرۆکەیەی لا دروست بوو، کە لەبەر ئەوەی دوو کوڕی لە سوپادان و، لە یەکیشەوە دوورن.. ئەمڕۆ بێت، یان سبەینێ.. یەکێکیان هەر لە دەست دەدا و، دەکوژرێت. دووریش نییە، هەردووکیان بکوژرێن و، هەر وەکوو چۆن سێ کوڕی هاوڕێیەکی خۆی کوژرابوون، ئەمیش هەمان کارەساتی بەسەر بێت و، ئەمیش هیچی لە ئەو هاوڕێیەی زیاتر نییە.

ئەم بیرۆکەیە مێشکی داگیر کردبوو و، بە درێژیی ئەو هاوینە، بیری لێ کردەوە. بۆیە تەقەلایەکی فرەی دا، کە نیکۆلا، لە خۆی نزیک بکاتەوە. ئەمجا زۆر خەریکی پیتیای کوڕی بوو و، ویستی لە پیترزبۆرگ و، لە نزیک خۆیەوە دایبمەزرێنێت. بەڵام هەرچەندی کرد و کۆشا، هیچی بۆ نەکرا.

تەنیا و تەنیا دەبوو پیتیا لەگەڵ فەیلەقەکەی بگەڕێتەوە. یان ڕاژەکەیان بگواستایەتەوە بۆ فەیلەقێکی تر.

هەرچی نیکۆلایش بوو، کەس نەیدەزانی لە چ سەربازگەیەکە! لە دوای دواییین نامەیەوە، کە تێیدا باسی بینینی خاتوو ماریی بۆ کردبوون: ئیدی نەدەزانرا کوێوە کەوتووە.

کۆنتیسەی داماو خەو و خۆراکی لەبەر هەڵگیرابوو و، هەر کە شەوانە خەو دەچووە چاوی، هەردوو کوڕەکەی بە کوژراوی لە بەردەمی خۆیدا دەبینی و، بە دەم گریانەوە ڕادەچڵەکی!

دوای چەندین راوێژ کردن، لەگەڵ دۆست و ناسیاوانی دەسترۆیشتووی خۆی.. کۆنت رێیەکی باشی دۆزیەوە، بۆ ئارام کردنەوەی کۆنتیسەی هاوسەری، بەوەی پیتیای لە فەیلەقی ئۆپۆلنسکییەوە بۆ فەیلەقە تازە پێک هێنراوەکەی پییەر پیزۆخۆف گواستەوە، کە ئەو دەمە تازە لە دەوروبەری مۆسکۆ هەڵیاندابوو و، خەریکی دروست کردنەوەی بوون.

تەنیا بە نزیک بوونەوەی کورێکیان لە دایکەکەوە، دڵدانەوە و ئارام بەخش بوو پێی. ئومێدی بەوە بوو، هەر لە بندەستی خۆیدا بێت. چونکە دواجار دەتوانێت کارێک بکات، ئەو کوڕەی، لە شوێنی وا دابنرێت، کە لە بەرەی شەڕ بە دوور بێت.

کۆنتیسە هەموو جارێک دەیوت"

کوڕە نۆبەرەکەی، لە ئەوانی تر جیاوازە و، خۆشەویستترە و، لەو کاتەوەی دواییین نامەی گەیشتووە و، باسی ناسینی ئەمیرە ماری کردبوو، شوێنی نادیارە و، لە مەترسیدایە.

بەڵام ئەو دەمەی پیتیای پاشەبەرەی بوو بە سەرباز" هێشتا مناڵ بوو. ئەو لوت کوڵە پانە، چاو شینەی کە هەمیشە کەسەکانی دەوروبەری لە نێو ماڵەکەدا بێزار دەکرد و، دەستی بە هەر شتێکدا بگەیشتایە دەیشکاند! کە بوو بە سەرباز و تێکەڵ بە کۆمەڵێک کوڕ و کاڵ و هەرزەکاری دەم ڕووت بوو، لەوانەی هێندە زیان بەخش و تۆقێنەرن، هەر بۆ رابواردن و خۆشیی خۆیان، شەڕ دەنێنەوە! لێرە بە دواوە تێگەیشتم ئەو کوڕەیانم کە هێشتا مناڵە و، مووی لێ نەهاتووە، لە چ مەترسیەکدایە! ئیدی خۆشەویستی ئەو بە رادەیەک بوو، هەر پێوانە نەدەکرا، بە منداڵەکانی تر!

تا لە ڕۆژی هاتنەوەی پیتیا نزیکتر دەبووەوە: دڵەڕاوکێیەکەی کۆنتیسە پتر دەبوو. هەر بە بینینی سۆنیا تووڕە نەدەبوو و بەس، بگرە بە ناتاشای لەبەر دڵانەکەیشی. کاتێک لەگەڵ مێردەکەی، دەهات بۆ لای پەست دەبوو!

لە دڵی خۆیشیدا بە خۆیی دەوت:

چ پێویستییەکەم پێیانە؟ پێویستم بەمانە هەر نییە! تەنیا و تەنیا پێویستم بە پیتیایە.

لە کۆتا ڕۆژەکانی مانگی ئابدا، بنەماڵەی ڕۆستۆف، نامەی دووەمی، لە نیکۆلاوە پێگەیشت. لە حکومەتی "ڤۆرۆنیگ"ەوە نووسیبووی، کە ناردوویانە ئەسپ بۆ سوپا بکڕێت. ئەم نامەیە ئارامی و ئاسوودەیی بە کۆنتیسە نەبەخشی. بگرە خەمەکەی بۆ پیتیا زۆرتر کرد.

هەرچەند هەموو خزمان و ناسیاوانی، بنەماڵەکەی ڕۆستۆف، هەر لە بیستی ئابەوە، یەک بە دوای یەکدا، شاری مۆسکۆیان جێ هێشتبوو و، خەڵکەکەیش ئامۆژگاریی کۆنتیسەیان کردبوو، کە ئەوانیش ڕەو بکەن و، بە زووترین کات، مۆسکۆ جێ بێڵن. بەڵام ئەو، باسی ڕەو کردنی، بەر لە گەڕانەوەی پیتیای پەسەند نەبوو و، لە چاوەڕوانی

هاتنەوەی کوڕە نازداریدا بوو. تا ئەوە بوو لە بیست و هەشتی ئابدا، پیتیای کوڕە نازداری گەڕایەوە.

ئەو ئەفسەرە شازدە ساڵانەیش، هیچ پێی خۆش نەبوو، لە گەڕانەوەکەیدا، دایکی ئەو هەموو سۆزەی جارانی منالێی بۆ دەر بڕی. دایکیشی ئەوەی لێ شاردەوە کە لە دڵی خۆیدا بڕیاری لێ دابوو، کە نەهێڵێت جارێکی دی، ماڵ و مۆسکۆی جێ بهێڵێت!

پیتیایش هەستی بەوە کردبوو و، بە زبری لەگەڵ دایکی دەجوولایەوە و، دەیویست لە خۆشەویستیی ئەو کەم بکاتەوە! بەڵام ترسی ئەوەیشی بوو، جارێک لە جارەکان، خۆی بۆ رکێف نەکرێت و، باوەش بەو دایکەیدا بکات و، خۆی لە لۆچەکانی تەنوورەکەیەوە بئاڵێنێت و، تێر تێر بۆنی دایکی بکات!

بە درێژایی ڕۆژانی مۆڵەتەکەی، خۆی لە دایکی بە دوور دەگرت و، زۆربەی کاتی خۆی لەگەڵ ناتاشا، بەسەر دەبرد. چونکە خۆشەویستییەکی برایانە، ئەو کچەی خۆشدەویست.

بە هۆی کەمتەرخەمیی کۆنتەوە، ڕۆژی بیست و هەشتی ئاب، خۆیان بۆ ئامادە نەکرا ڕەو بکەن. تا ئەوەبوو سیی مانگ، گالیسکەکانی ناوچەی ریازان، گەیشتن.

لە بیست و هەشتەوە تاکو سی و یەکی ئەو مانگە، پشێوییەکی فرە، کەوتە نێو مۆسکۆی پایتەختەوە. لە ڕۆژئاوای شارەوە و، لە ڕێی بەرەو دۆرۆگۆمیلۆڤەوە، بە هەزاران بریندارى شەڕی بوورۆدینۆ، بە گالیسکە دەکرانەوە، بە مۆسکۆدا و، لە دەروازەکانی تریشەوە، بە هەزاران کەس بە گالیسکەی، پڕ لە شتومەکی ماڵەوە هەڵ دەهاتن و، مۆسکۆیان جێ دەهێشت.

بە هۆی ئەو بڵاوکراوانەوەی ڕۆستۆپشینەوە، کە بە مۆسکۆدا بڵاوی دەکردەوە، هێندەی تر، پشێوی کەوتەوە و، پڕوپاگەندەی خراپ کەوتە سەر زاری هاوڵاتیان.

هەندێک دەیانوت، گوایە ڕەو کردن و چۆڵ کردنی پایتەخت، قەدەغە کراوە. بڕێکی تر دەیانوت، نەخێر کارەکە وانییە و، تابلۆی پیرۆزانی نێو کڵێسەکانیان داگرتووە و، بە زۆر پاڵ بە خەڵکەکەوە دەنێن، تاکو ڕەو بکەن و، زۆریشیان لێ دەکەن بۆ کۆچ کردن.

فڵان کەس دەڵێت لە بوورۆدینۆدا، جارێکی تریش سوپامان ناچاری ڕوو بە ڕوو بوونەوە بووە، لەگەڵ فەرەنسییەکان و، ناچاری کشانەوەیان کردوون. فیسار کەسیش دەیوت: سوپای ڕووس بنەبڕ بووە و، یەک سەربازیان بە زیندوویی دەرنەچووە! یەکێکی تر وتوویەتی: خۆبەخشە مۆسکۆڤییەکان، ڕوو دەکەنە سێ چیاکە و، پیاوانی ئایینیش، پێشەنگیانن!

یەکێکی تر بە گوێتدا دەچرپێنێت: کە میتربۆلیت ئۆگەستینیش ئەو ئازادیی جووڵەیەی جارانی نەماوە و، بڕێک سیخوڕیشیان گرتووە. شۆڕشگێڕە دێنشینەکانیش دەچنە سەرەڕێی کاروانان و ڕووتیان دەکەنەوە.

بەڵام هەموو ئەمانە چەنەبازی و قسەڵۆک بوون! راستییەکەیش ئەوە بوو، کە ئەوانەی دەڕۆیشتن، هەر وەکوو ئەوانە بوون، کە ڕەویان نەدەکرد و دەمانەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە کۆڕی ئەنجومەنیش نەگیرابوو، بەڵام بڕیاری چۆڵ کردنی مۆسکۆ دەرچووبوو. پێویست بوو هاوڵاتیان کۆچ بکەن و، هەموو شت و مەکەکان لە دەست داگیرکەر ڕزگار بکرێن.

هەموویان داڕووخانی کتوپڕی مۆسکۆیان لە بەرچاو بوو. کەچی تاکوو یەکەم ڕۆژی ئەیلوولیش، هیچ شتێک نەگۆڕدرا.

مۆسکۆیش هیچی لە چارەنووسی خۆی لا شاردراوە نەبوو و، هەستی بەو کوودەتایە کردبوو، کە چاوەڕێی دەکات. بەڵام هەر لەسەر ژیانی سروشتیی خۆی سەرومڕ بوو. هەر وەکو کەسێکی لێهاتبوو، کە بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووبێت و، چەند ساتێک و هەموو شتێک بە لایەوە کۆتایی بێت!

هەرچەند کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەربازییش، نەبەسترابوو، بۆ بڕیاری چۆڵا کردنی مۆسکۆ، دانیشتوانەکە هەستیان کردبوو، کە پێویستە بە زووترین کات، ڕەو بکەن و، هەرچییەکیان بۆ دەرباز دەکرێت، لەگەڵ خۆیان بیبەن. وا هەستیان دەکرد، لە ناکاو کار لە کار دەترازێت و، مۆسکۆ دا داگیر دەکرێت.

بەڵام لەو چەند ڕۆژەی دواتردا، هیچ ڕووی نەدا و، دانیشتوانەکەیش وەکو ئەو کەسانەیان لێ هات، کە فەرمانی لە سێدارەدانیان، بە سەردا سەپابێت و، لە چاوەڕوانی جێبەجێ بوونی فەرمانەکانیاندا بن. بەڵام ئەو بەملاولای خۆیاندا بڕوانن و، شەپقە کەمێک خزاوەکانی خۆیان ڕێک بخەنەوە.

لەو سێ ڕۆژەی پێش کەتنەکەی مۆسکۆ،دا بنەماڵەی ڕۆستۆف، شڵەژابوون. ئەوەشیان بە هۆی کێشەی خزمەتکارانیانەوە بوو. کۆنت ئیلیا ئاندرییێتشی سەرۆک خێزان، لە جرت و فرتی گەڕاندا بوو، بە دوای هەواڵی نوێدا. بەڵام هەوڵەکانی بۆ کۆچ کردن سەرپێیانە و نادیار بوو.

کۆنتیسەی هاوسەریشی، هەر خەریکی پێچانەوەی شتەکان بوو و، هەمیشەیش بێزار و، هەر بە شوێن پیتیای کورپەوە بوو و، ئیرەیی بە ناتاشایش دەبرد، چونکە زۆربەی کاتەکان، کوڕە شیرینەکەی لای ئەو بوو و، دایکی پشتگوێ خستبوو.

لە ڕووی کار کردنیشەوە، بە تەنیا سۆنیا شتەکانیشی لەگەڵ کۆ دەکردەوە و، دەیبەستن. بەڵام دوای ماوەیەک، ئەویش کپ و خەماوی دەبینرا.

ئەو دواین نامەیەی نیکۆلا، کە کۆنتیسە بە خۆشییەوە بۆی خوێندبووەوە و، پێیشی وتبوو قەدەری خوایی، لە پشت ئەو ڕووداوەوە بووە: ئەوی شڵەژاند بوو.

هەموو جارێک ئەوەی دەووتەوە و دەیووت:

"هەرگیز بەوە شادمان نەبووم، کە میر ئاندریە پۆلکۆنسکی هات و ناتاشای داوا کرد. بەڵام هەمیشە ئارەزووی ئەوەم بووە و، حەزم کردووە کە نیکۆلا هەرزەکارەکەم، ئەمیرە ماری، مارە بکات. پێشبینیی ئەوەیش دەکەم، ئەو هاوسەرگیرییە، سەربگرێت! ئای! چەندە کارێکی چاک دەبێت!"

سۆنیا هەستی بەوە کردبوو، ئەوە راستییەکە و، تەنیا هۆیەکی لەبارە، بۆ دەربازبوونی، بنەماڵەی ڕۆستۆف و، لە ئەو قەیرانە ئابووریییەی تێی کەوتوون. ئەگەر نیکۆلا ئەو ئەمیرە میزاتگری بنەماڵەیە مارە بکات، ئەوا بنەماڵەکەی خۆی قوتار دەکات. بەڵام ئەم بیرۆکەیە، لە ناخەوە ئازارێکی فرەی دەدا.

ڕەنگە هەر بۆ بیر چوونەوەی، بیرکردنەوە لەو هاوسەرگیرییە، ئەویشیان، وا خۆی خەریکی مااڵ پێچانەوە و، کۆ کردنەوەی شت و مەکەکان، کردبێت! بە جۆرێک خۆی خەریک کرد، تەنانەت یەک خولەکیشی، بە خۆی نەهێشت بوو بۆ بیر کردنەوە.

کۆنت و کۆنتیسەی هاوسەریشی، بۆ کۆکردنەوە و، خۆ ئامادەکردن بۆ ڕەو کردنیان، تەنیا پشتیان بەو بەستبوو. ناتاشایش بە پێچەوانەی ئەوەوە بوو. نەک هەر هیچی نەدەکرد، بەڵکو شتومەکەکانیشی دەشێواند بەسەر یەکدا.

ئەو ڕۆژە بە هۆی ڕاکردنیان بە مااڵکەدا و قاقای پێکەنینی: بە هۆ و بێ هۆوە مااڵ پڕ بوو بوو، لە تەپەی پێیان. کە پێدەکەنین هیچ هۆیەک نەبوو، تاکو بیان هێنێتە پێکەنین! بەڵکو خۆیان دڵیان خۆش بوو! ئیدی ئەوەبوو هەرچییەکیان لە مااڵکەدا دەبینی، یان دەبیست.. بۆ ئەوان دەبووە مایەی پێکەنین!

کە پیتیا دڵخۆش بوو، بە هۆی ئەوەوە بوو، گەورە بوو بوو و، وەکوو خەڵکی دەیانووت: بووبووە پیاوێکی کەتە و زەبەلاح و، بەهێز. ئەوێک وەکوو هەرزەکارێک لە مااڵ چووە دەرو، بووە سەرباز تا بەشداریی شەڕ بکات. بەڵام لە شەڕەوە دوور بوو. ئێستایش کە لە مۆسکۆدایە، زۆر نزیکە شەڕ لێرە و، بەم نزیکانە بەرپا ببێت.

باری دەروونیی ناتاشایش باشە و، ئەویش لەگەڵیدا ڕووخۆشە! ئەی بۆ دڵخۆش نەبێت!؟ ئەوەتا پیاوێک هەیە، کە پێی سەرسامە.

سەرسام بوونی ئەوانی تری دەوروبەریشی، وەکوو ڕۆنی مەکێنە وایە بۆی و، بۆ بەردەوام بوونی جوواڵەکانی، پێویستێتی! ئەو کەسەیشی کە پێی سەرسامە پێتیایە.

بەوە دڵخۆش بوون کە شەڕ، دەرگای بە مۆسکۆی پایتەخت گرتبوو! خەڵکەکەیش لەبەر دەروازەکانی شارەوە، دەجەنگن. لە کەنارەکانی شار چەک دابەش دەکرێت و، دانیشتوانی پایتەختیش، هەر یەکە و بە لایەکدا هەڵدێن! دواجار شتێکی نادیاری ڕیزپەڕ ڕوویداوە و، سەرنجی هەرزەکاران ڕادەکێشێت!

بەشی سیازدە
ئەفسەرە پێکراوەکان

ڕۆژی شەمە (٣١)ی ئاب، هەموو شتەکانی مالّی بنەماڵەکەی ڕۆستۆف، قڵپ ببوونەوە، هەموو دەرگاکان لە سەر گازی پشت بوون! شتومەکەکان گوازرابوونەوە و تابلۆ و ئاوێنەکان، لە شوێنی خۆیان نەمابوون.

سندوقێکی زۆر لە ژوورەکاندا بوو و، پووش و پەڵاش و، پارچە پەتی ڕەنگا و ڕەنگ، لەو ناوەدا کەوتبوو.

دێنشینان و کۆیلەی خێزانەکە خاوە خاو، هەنگاویان دەنا و، شتیان دەگواستەوە. لە گۆڕەپانی بەر کۆشکیشدا، چەندین گالیسکە وەستا بوون. بڕێکیان ڕاست و چەپ دوای بار کردنیان بە پەت شەتەک درابوون و، هەندێکی تریشیان، لە چاوەڕوانیی بار کردندا بوون.

کۆنتیسەیش بە هۆی تەق و هوڕ و ژاوەژاوی ماڵەکەوە، تووشی سەر ئێشە بوو بوو و، بە دەستەسڕێک نێوچاوانی بەستبوو و، لە لایەکەوە لێی درێژ بوو بوو.

پیتیایش چووبووە، سەردانی هاوڕێیەکی بەڵکو لەگەڵ ئەودا شتێکی بۆ بکرێت و، ڕاژەکەی خۆی، لە فیرقەی خۆبەخشانەوە بگوێزێتەوە، بۆ سوپای فەرمیی دەوڵەت.

سۆنیایش لە هۆڵە گەورەکەدا، هەر خەریکی کۆ کردنەوەی پیاڵە و قاپی فەخفووری و، شتە شوشەکان بوو.

ناتاشایش لە ژوورە شپرزەکەی خۆیدا، لە کراسێک رامابوو، کە بۆ چوونە یەکەم ئاهەنگ و، لە پیترزبۆرگ لەبەری کرد بوو و، بێدەنگ لە بەردەمی خۆی دەڕوانی و، دالّغە بردبوویەوە و، هەستی بە تەریق بوونەوە کرد.

کاتێک سەرنجیدا دانیشتوانی نێو مالّەکە، هەموو سەرقاڵی ئیشن و، ئەمیش دەستت بەتاڵە. هەرچەند حەزی دەکرد، خۆی سەرقاڵا بکات. بەڵام حەزی لە ئیش کردن نەبوو. سەرپێیانە کاری هەڵ نەدەپرووکان و، بە وردی کاری نەدەکرد. لە پێشدا چووە سەر کارەکەی سۆنیا و، دەستی کرد بە شت کۆ کردنەوە.

دوای کەمێک ئەوێی جێ هێشت و، چوو بۆ کار کردن لە ژوورەکەی خۆیدا. یەکەمجار کەوتە یاری کردن بە بەرگە کۆنەکانی و، کەوتە دابەش کردنیان بەسەر کارەکەرەکانی کۆشکدا. دواتر گەڕایەوە سەر ئیشی ژوورەکەی.

دوای کەمێک لەوەێیش بێزار بوو و هاواری کرد:

"دونیاشا.. ئازیزەکەم! دواتر ئەم شتانەم بۆ دەپێچێتەوە.. وا نا!؟"

هەر کە دنیاشا پەیمانی پێدا، کە هەموو شتێکی بۆ بکات. لە سەر زەویی ژوورەکە دانیشت و، کراسە کۆنی تایبەت بە سەماکەی خۆیی بە دەستەوە گرت و، گەڕایەوە نێو بیرەوەریەکانی و، ئەو شتانەی کە هیچ پەیوەندییەکی، بە قیژوهۆڕ و گفتوگۆی کارەکەرانی نێو ژوورەکانەوە نەبوو و، ئەو خشە و تەپەی پێیانەی، هاتوچۆی کارەکەرانەوە، لە ژووری بەرەو پلیکانەکە دەهات.

دواترناتاشا هەستایەوە سەر پێ و، چووە بەر ئەو پەنجەرەیەی کە بەسەر شەقامەکەدا دەڕوانی. سەیری خوارەوەی کرد و، کاروانێکی دوور و درێژی گالیسکەیەلێکی، پڕ لە سەربازانی پێکراو و، بریندارانی بینی، لەسەر شەقامەکە وەستابوون.

کارەکەران و خزمەتکاران و، دایەنە پیرەی منالّان و، چێشتلێنەر و، شۆفێر و گالیسکەوانەکانیش لەو بریندارە، زۆرەی ناو گالیسکەکانیان دەڕوانی.

ناتاشا سەرپۆشێکی سپیی، بە سەریدا دا و، بە هەردوو دەستی، هەردوو چمکی دەستەسرەکەی بە دەستەکانی گرت و، بە ڕاکردن چووە خوارەوە، بۆ سەر شەقامەکە.

ماڤرا کۆزمینیتشنای سەرکاری کارەکەرانیش، لە گالیسکەیەکیان چووە پێشەوە کە سەری بە نایلۆن داپۆشرابوو و، کەوتە قسە کردن لەگەڵ ئەفسەرێکی لاوی راکشاوی رەنگ زەردی، نێو گالیسکەکە.

ناتاشایش هێشتا دەستی لە چمکی سەرپۆشەکەی سەری بەرنەدابوو و، بە ترسێکی فرەوە، گوێی بۆ قسەکان هەڵخستبوو.

لە ماڤراکۆزمینیتشنای پرسی:

"شتی وا چۆن دەبێت؟ هیچ خزمێکت لە مۆسکۆ نییە؟ تۆ لە خانوویەکی ئەواندا ئاسوودەتر دەبیت. بۆ نموونە لە ئەوانەی ئێرە ولای خۆمان: ئەو خانووانەی خاوەنەکیان ڕەویان کردووە.

ئەفسەرەکە بە دەنگی نزم وتی:

"نازانم ئاخۆ شتی وا ڕێ پێ دراوە. ئەوەیش سەرکردە خۆیەتی و، پرسیاری لێ بکە. "ئاماژەیشی بە پزیشکێکی کەتە دا، کە بە کەناری شەقامەکە و، بە ریزی گالیسکەکاندا دەهات".

ناتاشا بە ترسێکەوە لە بریندارێکی ڕوانی و بەرەو پزیشکەکە ڕای کردو لێی پرسی،"ئێمە بۆمان هەیە بریندار گل بدەینەوە و، بیبەینەوە ماڵ و تیماری بکەین!؟"

پزیشکەکە دەستێکی بە شەپقەکەی سەرییەوە گرت و، بە زەردەخەنەیەوە پرسیی:

"دەتوانین بەچ شتێک لە خزمەتدا بین.. کچۆلەکە!؟

ناتاشایش هێمنی بە ڕوخسار و، هەموو گیانی جدی بوونییەوە دیاربوو. هەرچەند هێشتا هەردوو چمکی سەرپۆشەکەی سەری، هەر بە دەستەوە بوو. مێجۆریش زەردەخەندەکەی، بۆ ئەوە پرسیارەی کە ئاخۆ دەتوانێت بریندارێک بباتەوە بۆ ماڵی خۆیان و تیماری بکات، ڕەوی بووەوە وتی:

"بۆ ناکرێت!؟ دەتوانیت."

ناتاشا سەرێکی بۆ لەقاند و، بە ڕاکردن چووەوە بۆ لای ماڤراکوزمینیتشنای داموکاوە، بەسەر بریندارێکدا و، چرپاندی بە گوێیدا،"دەتوانین.. ئا ئا دەتوانین ئەوە بکەین!"

گالیسکەکە پێچی کردەوە و، خۆی کرد بە گۆڕەپانەکەی بەردەم ماڵی ڕۆستۆڤدا. لە کاتێکدا دەیان گالیسکەی تریش، خۆیان کرد بە حەوشەی ماڵەکانی دەورو بەردا، چونکە ئەو ماڵانەیش هەمان مەبەستی ئەمیان هەبوو.

ڕوخساری ناتاشا، ئاسوودەیی پێوە دیاربوو و، چووە بووە نێو جیهانێکەوە کە بە لایەوە نوێ بوو. ماڤراکوزمینیتشنا پشتگیریی ناتاشای کرد و، بریندارێکی فرەیان بردەوە و، بە ناتاشای وت:

"بە هەرحاڵ دەبێت باوکیشت لەم کارەمان ئاگادار بکەینەوە."

ناتاشایش وتی:

"جا بۆچی!؟ بزانێت و نەزانێت چوون یەکە! بیشزانێت هەر بێسوودە. تەنیا شەوێکە و،

ئێمە لە هۆڵەکە بە سەری دەبەین. ئەو بەشەیشی لە کۆشکدا بۆمان تەرخان کراوە، دایدەنێین بۆ ئەفسەرە پێکراوەکان."

ماڤرایش وتـی:

"کچۆڵەکە تۆ باش بیر لەمە ناکەیتەوە. پێویستە داوا بکەین ڕێمان پێ بدەن. تاکو دواتر بتوانین شتومەکی پێویست و، ژووری خزمەتکارانیش بە کار بێنین."

ناتاشا هەڵیدایە:

"زۆر باشە! وا من دەڕۆم داوای ڕێ پێدان دەکەم."

ناتاشا بە ڕاکردن بەرەو ماڵ بووەوە و، لەسەر نووکی پەنجەکانی پێی، خۆی کرد بە ژوورەکەی دایکیدا،"دایکە! ئەوە نەنووستوویت؟"

دەمێک نەبوو دایکی چاوی چووبووە خەو، وتـی:

"ئـۆو ئاخر چۆن دەتوانم بنووم؟"

ئەویش لەبەردەم دایکیدا چووە سەر ئەژنۆ و وتـی:

"دایکـە چکۆلـە گەنجەکـەم: جـاریکی تـر، ئـاوا خەبـەرت ناکەمـەوە ببـووڕە. ماڤـراکوزمینیتشنا ناردوومی بۆ لای تۆ. کەمێک لەمەو پێش، لە بەرەکانی جەنگەوە، بڕێکی زۆر ئەفسەری پێکراویان هێناوەتەوە. ئـاخۆ ڕێمان دەدەیت تیماریان بکەین؟ ئـاخر ئەوان شوێنێکیان نییە، ڕووی تێ بکەن! من لێم ڕوونـە ڕێمان دەدەیت.... "

بە هەناسە بڕکێوە و، بە پەرۆشەوە قسەکانی بۆ دایکی دەکرد.

کۆنتیسە هەڵیدایـە:

"کام ئەفسەرانە؟ کێ ئەوانەی هێناوە؟ لێت تێناگەم!"

ناتاشا دایە قاقای پێکەنین و، دایکیشی زەردەخەنەیەکی بۆ کرد.

ئەمجا ناتاشا لە سەری ڕۆیشت:

"هەر دەمزانی ڕازی دەبیت. هەر ئێستا منیش دەچم ئەمەی تۆیان پێ دەڵێم."

دایکی ماچ کرد و، چووە دەرەوە. لە دالانەکەدا ڕوو بە ڕووی باوکی بووەوە و، دیار بوو ئەویش هەواڵی ناخۆشی پێ بوو.

بە ڕوویەکی تاڵـەوە و، بێئەوەی ئاگای لە پیاهەڵدانەکەی ناتاشا بێت وتـی:

"زۆر دواکەوتین و یـانەکەیش داخرا و، پۆلیسەکان ئێرەیان جێ هێشت."

ناتاشایش لێی پرسی:

"بـاوکە دەهێلیت بریندار بهێنینە ماڵەوە؟"

باوکیشی وەڵامی دایەوە:

"بێگومان. بەڵام کارەکە ئەمە نییە. داوای من ئەوەیە ئەم کارە هیچ و پووچانە، وێڵ بکەین و، با هەر یەکەمان کارێکی وا بکەین، بۆ سبەینێ ئامادە بین. سبەینی هەر لە بەیانییەوە... "

کۆنت ئەمەی بۆ سەرکاری خزمەتکاران و خزمەتکاران دووبارە کردەوە.

پیتیایش دەمەو نیوەڕۆ گەڕایەوە و هەواڵی پێبوو.

"دەڵێن هاوڵاتیان خۆیان گەیاندووەتە کرملین و، خۆیان پڕ چەک کردووە. هەرچەند وا بڕیار بوو، دوو سێ ڕۆژ لەمەو پێش بانگەوازی خۆبەخشین و، بە هاناوە چوونی سوپا بکرایە. بەڵام هاوڵاتیان خۆیان ئامادەی سبەینێ کردووە، تاکو خۆیان بگەیەننە سێ چیاکە و، ئەو شوێنەی کە شەڕە گەورەکەی تێدا بەرپا دەبێت.

کۆنتیسە لە کاتی قسە کردنی کوڕەکەیدا، بە ترسێکەوە لە ڕووە سوور هەڵگەڕاوە هەژاوەکەی ئەوی دەڕوانی و، پێی وابوو زۆر بەوە بەختەوەر دەبێت پێی بڵێت کە پەیوەندی بە یەکە چەکدارەکەی خۆیەوە نەکات.

با لەمەودوا بۆ خۆی هەر خەریکی باس کردنی ئازایەتی و، ڕەوشت و نیشتمان بێت. با دنیا پڕ بکات لە کەرێتییەکانی هەرزەکاری و، ڕەخنەی کەسی پێ پەسەند نەبێت. هەر بۆیەش بە هیوای ئەوە بوو پێش هەڵگیرسانی شەڕەکە، سەفەر بکات. ئەم کوڕەیشی بکات بە بەرگریکاری خۆی و، خێزانەکەی. هەر بۆیەش بە هیچ شێوەیەک وەڵامی قسەکانی پیتیای نەدەدایەوە.

کاتێک لە نانخواردن بوونەوە، کۆنتیسی بردە ئەولاوە و، بە پاڕانەوە و، لاڵانەوەوە، داوای لە کۆنت کرد، بەڵکو سەفەرەکەیان بکەن. گەر بۆی دەکرێت با هەر ئەمشەو سەفەر بکەن.

بە شێوە نازونووکێکی ژنانەوە و، لەو جۆرەی عیشق و خۆشەویستی بەرهەمی دێنێت. بە دەم فرمیسک ڕشتنەوە، تێگەیاند کە ئەوێک گوێی بە هیچ نەدەدا، ئێستا زەندەقی چووە و، هەر خەفەت دەیکوژێت: گەر بێت و، هەر ئەمشەو سەفەر نەکەن. ئەمەیشی لەوە نەبوو، خۆی وا پێشان بدات. بەڵکو هەر زۆر بە ڕاستیشی بوو و، زۆر دەترسا.

بەشی چواردە
میر ئــاندریــە

شوسی هاتبووە سەردانی کچەکەی. بـە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەی، نزیک بـە مەخزەنی خواردنەوەکەی، شەقامی "میاسنیتسکایا" ڕوویدابوو، هێندەی تر کۆنتیسەی ترساند.

شوسی لەبەر قەرەباڵغ بوونی شەقامە سەرەکییەکە، بە سەرخۆشان، نەیتوانی بـوو، بـە پێ پێیدا، تێپەڕێت. نـاچار بە سواری گالیسکە، لـە شـەقامێکی کورتـەوە خـۆی گەیاندبووە ماڵی کۆنتیسە.

گالیسکەوانەکە ئەوەی بۆ گێڕابووەوە، کـە خـەڵکەکە بەرمیلـە شەرابـەکانی دوکانـەکان، دەشکێنن و، دەخۆنەوە و دەخۆنەوە.

هەر دوای نـانخواردن، هـەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی ڕۆستۆڤ، کەوتنـە کـار کـردن و، شت پێچانەوە و، خۆ ئامادە کردن، بۆ سەفەر. لە ناکاو کۆنت خۆیشی کەوتە کار کردن و، یارمەتیدانیان و، هاتوچۆ کردن، بە دااڵن و ژووڕەکاندا و، هەر هاواری بوو: دەست و برد بکەن. چونکە بە دڵی ئەو نەبوون.

پیتایش سەرپەرشتیی ئەو خزمەتکارانەی دەکرد، کە لە حەوشەکەدا کاریان دەکرد.

سۆنیایش هێندە کەوتبووە، بەرچاوی کۆنت و فەرمانی دژ بەیـەکی درابوو، بـە سـەردا، سەری لێ تێک چوو بوو!

خزمەتکارانیش کردبوویان بە قیژو هوڕ و، خۆیان بە ژوورەکاندا دەکرد. ڕێیان دا لە پێچانەوەی شتومەکەکاندا یارمەتییان بدات. چونکە چاوەڕێی فرە بێژی و، سەرقاڵبوونی بێسوودیان، لێ دەکرد و، ئەوانیش حەزیان لە گوێ گرتنی، لەو جۆرە نەبوو. لە کاتێکدا ئەویش مەبەستی بوو، ئەوان گوێی لێ بگرن. کە تێگەیشت ئەوان نایانەوێت گوێی لێ بگرن، زۆری پێ ناخۆش بوو و، خەریک بوو دەست بکاتە گریان. زۆر ماندوو بوو، بە دەست پێچانەوەی جانتاکانەوە و، ئەوانی تێگەیاند، کە ئیشکەرێکی ماندووە.

کە ئەو کەوتە کارکردن، لە هۆڵەکەدا دوو سندوقی کراوە هەبوو. یەکێکیان پڕ کرابوو، لە قاپ و قاچاغی شووشە و فەخفووری. ئەوی تریشیان شتومەکی ناوماڵی تێدا بوو.

سەر مێز و تەپڵەکەکان، بە شتومەکی جوان ڕازابوونەوە و، خزمەتکاران کۆیان کردنەوە و، دەبوو سندوقی سێیەمی بۆ بێنن.

ناتاشا وتی:

"سۆنیا چاوەڕێم بە. ڕەنگە بتوانین جێی ئەو شتانەی تریش لەو دوو سندوقەدا بکەینەوە."

سۆنیای دانەری ئەو شتانەیش وتی:

"مەحاڵە کچێ! زووتریش ئەو هەوڵەم داوە."

ناتاشا وەڵامی دایەوە:

"بەڵام هەر کەمێک لە سەرم بوەستە."

ئەمجا بە پەلە کەوتە دەرهێنانەوەی شتە گەورە لە کاغەز پێچراوەکانەوە و وتیشی:

"پێویستە ئەو قاپ و قاچاخە گەورانە، بخرێنە نێو نوێنەکانەوە."

ئەوەی شت و مەکەکەی دەپێچایەوە وتی:

"ئاخر نوێنەکان خۆیشیان سێ سندوقیان گەرەکە."

ناتاشایش وتی:

"تۆ کەمێک چاوەڕوان بە.. دەبینیت."

بە پەلە فەخفووریانی گەورەی دەستکاری خۆمالیی شاری کیێڤی دەرهێنا و وتی: نابێت ئەمانە لێرە دابنرێن.

بەڵای فەخفووریانی دەستکاری "ساکس"یشدا لای کردەوە و وتی:

"بەڵام ئەمانەیان دەکرێت لە نێو نوێنەکاندا دابنرێت."

سۆنیایش بە دەم بۆڵە بۆڵەوە وتی:

"ناتاشا کۆڵ بدە.. ئەوان بە بێ تۆیش، بۆیان چارەسەر دەبێت."

سەرکاری خزمەتکارانیش هەڵیدایە:

"کچەکە چونکە ئەوە..."

بەڵام ناتاشا هەر خاو نەبووبووەوە. ئەوەی لە سندوقەکەدا بوو دەری هێنا. بڕیاریشیدا، هەموو شتە بەکارهاتووەکان و، بڕێک قاپ و قاچاغیش بار ناکەن.

سەرلەنوێ کەوتەوە دانانەوەی ئەو شتە دەرهێنراوانە. لە راستیشدا هەر وای کرد و شتە سادە و ناجۆرەکانی، خستە لاوە و، ئەوانەیشی جوان و بەهادار بوون، خستییەوە سندوقەکە.

ویستی سەری دوو سندوقەکە بنێتەوە. هەرچەندی کرد و کۆشا، یەکێکیان سەرەکەی نەدەنرایەوە. داوای لە بەرپرسی گەنجینە و پیتیا کرد، کە ئەملاولای لەگەڵ رابکێشن، بەڵکو دایبخەن.

سۆنیا هاواری لێ هەستا:

"بەسە! ناتاشا.. هەرچەند ئەوەی دەیکەیت، راستیش بێت. بەڵام ئەوەی دواجار دەربێنەوە."

ناتاشا هاواری کرد:

"نەخێر.. ئادەی پیتیا توندی بکە و، دەی ڤاسیلیتش، تۆیش..."

هەر کە سەرەکەی نایەوە و دایخست، بە چاوانی پڕ فرمێسکەوە کەوتە چەپڵە ڕێزان بەوەی سەرکەوتوو بوو. ئەمجا بە وردیەکی فرەترەوە، ڕووی لە کارێکی تر کرد.

کە کۆنتیان لە سەرپێچیی کچەکەی ئاگادار کردەوە، تووڕە نەبوو. ئیدی ناتاشا وای لێهات، خزمەتکارەکان پرسیاریان بەو دەکرد: کە ئاخۆ شتی تر بخەنە گالیسکەکانەوە؟ یان بە گوریس شتەکانی ناویان ببەستنەوە؟

هەر بە هۆی زیرەکیی ئەوەوە: شتە سادە و کۆن و هەرزان بەهاکانیان بار نەکرد و، لە کۆڵ خۆیان کردەوە. لەگەڵ ئەو هەمووماندوو بوونەیشیاندا، کەچی هێشتا هەموو شتەکانیان تاکو ئێوارە، بۆ کۆ نەکرایەوە.

ناچار کۆنت بڕیاریدا، سبەی بەیانی، سەفەرەکەیان دەست پێ بکەن. ناتاشا و سۆنیا، هێندە ماندوو بوون، هەر بە بەرگەکانی بەریانەوە خۆیان بە نێو نوێنەکاندا کرد و لێی نووستن.

هەر ئەو شەوە، پێکراوێکی تریان، هێنایە شەقامی بۆڤارسکایاوە و، لەو کاتەدا ماڤرا کوزمینتشنای سەرکاری کارەکەران، لەبەر دەرگا بوو. هەر کە ئەو بریندارەی بینی، کردی بە ماڵی ڕۆستۆڤدا.

ئەو بریندارەیش، بە قسەی مال رێکخەرەکە، پیاوێکی پلە بالا بوو. بە گالیسکەیەکی سووکەڵەی، بە قوماش پۆشراو، هێنابوویان و، لەسەر کورسییەکەی تەنیشت گالیسکەوانەکەیشەوە، خزمەتکارێکی پیری بەڕێز دانیشتبوو. گالیسکەیەکی ساکار بە پزیشکێک و، دوو سەربازەوە، شوێن گالیسکەیەکی ناسک و جوان کەوتبوو.

پیرەژنە رووی لە یاوەرە پیرەکە کرد:

"فەرموو بێنە مالّی ئێمە، تکایە. خانەخوێ سەفەری کردووە و مال چۆڵە."

پیاوەکەیش بە هەناسە هەڵکێشانەوە وەڵامی دایەوە:

"ئۆوا! بەڵێ.. بڕوامان نەدەکرد کە بە زیندوویی بگاتە ئێرە. ئێمەیش لە مۆسکۆ مالّمان هەیە. بەڵام... بەڵام دوورە و چۆڵیشە."

ماڤراکوزمینیتشنایش وتی:

"دەی.. بێنە مالّێ ئێمە.. هەموو شتێکمان هەیە."

ئەمجا هەرخۆیشی پرسیی:

"لەوە دەچێت، برینەکانی زۆر سەخت بێت... وا نا؟"

ژنە یاوەریش جووڵەیەکی وای کرد کە نیشانەی بە خەمبوونی بوو و وتی:

"بڕوامان نەدەکرد، کە باری ئاسایی ببێتەوە! پێویستە لە پزیشک بپرسین."

پزیشکەکەیش وتی:

"بۆ نا!"

یاوەرەکە گەڕایەوە، بۆ ناو گالیسکە ناسک و جوانەکە و، سەرنجی ناوەوەی داو سەرێکی بادا و، بە گالیسکەوانەکەی وت، لە ئەوێوە پێچ بکەوە، بۆ ئەو چۆڵاییە و، خۆیشی لە نزیک ماڤراکوزمینیتشناوە وەستا.

ژنەکەیش هاواری کرد:

"ئای! یەسووعی مەسیح!"

ماڤراکوزمینیتشنا پێی وتن، کە بریندارەکە ببەنە خانووی سەرکردە و تی:

"یەک بەرێزی ئەوێ رێگریتان لێ ناکات."

لەبەر ئەوەی نەدەبوو، بریندارەکە بە پلیکانەکاندا سەربخەن، بردیانە ئەو ژوورە کە خاتو شووس ئەو کاتە تێیدا نیشتەجێ بوو.

"پێکراوە بریندارەکەیش میر ئاندریە پۆلکۆنسکی بوو."

بەشی پازدە
هەستەکانی کۆنت

دوایەمین ڕۆژی مۆسکۆ یەکشەمەیەکی پاییزی کەش و هەوا خۆش بوو و، دەنگی زەنگی کڵێسەکان، وەکوو جاران بڵند بووەوە، بۆ بانگ کردنی قوداس.

هەر لەوە دەچوو، کەس پێشبینیی کارەساتەکەی نەکردبێت! تەنیا دوو دەست پێشخەری نەبێت، کە هێمای ئەو بارە نالەبارە بوون. ئەو دوانەیش هەڵوێستی هاوڵاتیان و، بەرزبوونەوەی نرخی شتومەکی نێو بازاڕ بوو.

هەر لە بەربەیانیی زووەوە، کرێکاران و خزمەتکارانی ماڵەکان، کۆمەڵ کۆمەڵ ڕوویان لە هەر سێ چیاکە کرد و، بە دوایشیاندا کە فەرمانبەران و، خوێندکارانی لاهووت و، پیاوماقوولان، هاتن، هێندەی تر مەزنییان، بەو کارە بەخشی.

ئیدی هاوڵاتیان تێگەیشتن، کە مۆسکۆ دەکەوێت! بڵاوەیان لێ کرد و، نرخی چەک و زێڕ و گالیسکە بەرز بووەوە و، پارەی نەختینەی گیرفانی خەڵکەکە و، شتومەکی خۆشگوزەرانی و جل و بەرگ دابەزی بۆ نیوەی نرخەکەی..

لە کاتێکدا لاوازترین ئەسپ و هێستری دێنشینان (٥٠٠) ڕۆپڵی دەکرد. شتومەکی ماڵ و، ئاوێنەی چێوە برۆنز، کەمترین پارەی دەکرد!

بنەماڵەی ڕۆستۆف، هێشتا بە باشی لەوە نەگەیشتبوون و، لەو کۆشکە مەزنەدا، ئەو شەوە تەنیا سێ کەس ڕۆیشت و، هیچیش لەو ماڵە نەدزرا. ئەو سێ گالیسکەیەیش کە لە گوندەکانەوە، بۆ بنەماڵەی ڕۆستۆف نێردرا بوو، تاکو ماڵەکەی پێ بگوێزنەوە، لە خۆیدا سامانێکی مەزن بوو بۆ ئەو چەند ڕۆژە و، جێی ئیرەیی خەڵکەکە بوو!

ئـەو شـــەوە و، بـەیانیی زۆژی یەکـەمی ئـەیلوول، ئـــەفسەرێکی زۆر لـــەو پێکـراوە بـرێندارانە، کـە لـەو مالآنـەی دەوروبـەر لایاندابوو: رووویـان لـە خزمـەتکارانی بنەماڵەکـەی زۆستۆف نـا، تـاکو لـەو گالیسکانانەی هـەیانـە: پێان بـدەن و، پێی بگـەنـەوە شـار و شـوێنی خۆیان.

خزمـەتکارانیش، بۆیـان بـە خـەم دەبـوون و دەگریـان. هـەرچـەند ئـەو بـرێندارانـەیش، جێی زێز و بایـەخ بـوون و، کۆمـەڵێک گالیسکـەی ئـەسپ لێ بـەستراو، لـەبـەر پلیکانـەی حـەوشـەکـەدا بـەســترابوونـەوە، بـــەڵام دەیـــانوت، کـــە تـەنانـــەت پرکێشـــیی ئـــەوەیش ناکـــەن، داخـــوازیی پێکراوەکانیش بـە سـەرکارەکـەی خۆیان بڵێن!

ئـەگـەر یـەک گالیسکـەیان بدایـە بـە پێکراوێک، ئیدی نـەیـانـدەتوانی گالیسکـەکانی تـر نـەدەن بـەو بـرێندارانـەی تـر. سـەرکاری خزمـەتکاران بـەو شـێوەیـە بیـری دەکـردەوە. بۆیـە بـە نـاوی ئاغاکەیـەوە بـەو جۆرە دەدوا.

سـەرکار لـەبـەر دەروازەی دەرەوە، لـەگـەڵ یـاوەری ئـەفسـەری بـرێندار کـە قـــۆڵێکی بـە ملیدا هـەڵواسیبوو قسـەی دەکرد. هـەر کـە چـاوی بـە ئاغاکـەی کـەوت ئامـاژەی بـە ئـەفسـەرو یاوەرەکـەی دا کـە دوور بکـەونـەوە.

کۆنـت بــەری دەسـتی بـــە پێشـــی ســـەرە رووتاوەکـەیـدا هێنـا و، هـەرچـەنـد کـەسیشـیانی نـەدەناسی، بـە چـاوی بـەزەییـەوە لـەو ئـــەفسـەرە و یاوەرەکـەی روانـی. بـەڵام سـەری بـەخێر هێنانی بۆ نـەوی کردن.. وتـــی:

"ڤازیلییس، کـەوابوو هـەموو شتـەکان ئـامادەن؟"

ئـەویش وەڵامی دایـەوە:

"قوربان...هـەر ئێستا دەتوانیت ئـەسپـەکانیان لێ ببـەستیت."

گـەورەکـەیشی وتـــی:

"زۆر زۆر باشە! هـەر کۆنتیسـەی هاوسـەرم لـە خـەو هـەسـتا.. نـاوی خـوای لـێ دێنـین و، سـەفەرەکـەمان، دەست پێ دەکـەین."

ئـەمجا لـە ئـەفسـەرەکـەی پرسی:

"ئـەی تۆ کێیت، بـەڕێزم؟ تۆیش سـەر بـەم کۆشکـەی منیت؟"

رووە زەرد هـەڵگـەڕاوەکـەی ئـەفسـەرە سـوور هـەڵگـەڕا و وتـــی:

"بۆ خاتری ئاسمان.. کۆنت لـە سـووچێکی گالیسکـەکـەتدا جێم بکـەوە. من هیچ شک نـابـەم. بـا گالیسکـەی گواستنـەوەی بارهـەڵگریش بێت، هـەر رازیم."

هێشتا ئـەفسـەرەکـە قسـەکانی تـەواو نـەکردبوو، کـە یاوەرەکـەی کـەوتـە پاڕانـەوە.

کۆنتیش هەڵیدایە:

"بەڵێ! بەڵێ! بەسەرچاو. منیش بەختەوەر دەکەیت و هەر زۆریش، ڤازیلیتش گیان.. ئادەی.. فەرمان بدە لە گالیسکەیەکیاندا جێی هەردووکیان بکەرەوە. گەر لە یەکێکیاندا جێیان نەبووەوە: ئەوا با لە دوو گالیسکەدا بن."

ئەفسەرە بریندارەکە بە پەشۆکاوییەوە، سوپاسی کۆنتی کرد. کۆنتیش کە لە دەورووبەری خۆی روانی.. حەوشە و بەر دەروازە و، بەر پەنجەرەکانی پڕ بووە لە بریندار و یاوەرەکانیان! هەموو بە چاوی داوای بەزەییەوە، لە کۆنتیان دەڕوانی و، کۆنتیش بەرەو پلیکانەکە دەڕۆیشت.

سەرکاریش خزمەتکارانیش شوێنی کەوت و، وتی:

"بەڕێزتان دەفەرموون، تا بچینە کۆڵانەکەوە؟ ئەی بۆ تابلۆکان دەڵێن چی؟"

دوای ئەوەی کۆنت فەرمانیدا ئەو پێکراوە بریندارانە دەر مەکەن. لەگەڵ سەرکارەکەی خۆیدا چوونە ماڵەوە. بە چرپە و وەکو ئەوەی، خەمی ئەوەی بێت گوێیان لە قسەکەی بێت وتی: "بە هەرحاڵ دەتوانین دەستبەرداری بڕێک لە شتومەکی ماڵ بین و، نەیبەین لەگەڵ خۆمان."

کۆنتیسەی هاوسەری کۆنت، سەعات نۆ لە خەو هەستا و، پیرەژنە ماترینا تیمۆفییفنای، گەورە رێکخەری کارەکەران، هات بۆ لای و تێی گەیاند کە (ماری کارلۆڤنا- شووسی) خۆی تووڕە کردووە و، دەڵێت،"بە هیچ شێوەیەک بەرگە هاوینەکانم داناگرمەوە و، لەگەڵ خۆم دەیبەم."

کۆنتیسە هەوڵیدا بزانێت شووسی خان، بۆ تووڕە بووە؟ دواتر بۆی دەرکەوت کە لە باری داگیراوی، یەکێک لە گالیسکەکاندا، سندوقی شتومەکەکانی ئەوی تێدابووە. بەهۆی دڵە زۆر باشەکەی خۆیەوە، فەرمانی دابوو، کە سندوقەکان دابگیرێنەوە و، بریندارەکان بخەنە شوێنی ئەو سندوقە داگیراوانە.

کۆنتیسە چووە بەردەمی و لێی پرسی:

"چی رووی داوە.. ئازیزەکەم!؟ دەڵێن فەرمانت داوە سندوقەکان دابگیرێنەوە!"

ئەویش وتی:

"ئازیزەکەم.. دەمویست خۆم بێم و، ئەمەت پێ بڵێم. کۆنتیسە چکۆلەکەم ئەفسەرێک هات و، داوای چەند گالیسکەیەکی لێ کردم، بۆ گواستنەوەی بریندارەکانیان. لە جێی ئەم شتومەکانەی ئێمە جێی دەبێتەوە. بەڵام ئەم بریندارانە چۆن دەکرێت جێیان بێڵین و، پشتیان تێ بکەین؟ فەرموو خۆت بیری لێ بکەرەوە.. ئازیزەکەم! ئێمە خۆمان ئەم

بریندارانـەمان هێناوەتـە مـاڵی خۆمانـەوە. خۆیشـت ئـەوە دەبینـی. بـــۆ لەگەڵ خۆمـان نەیانبەین؟ خۆ ئەوان بێزارمان ناکەن!"

کۆنت وەکو ئەو جارانەی کە لـە بارەی پارەوە دەدوا و، ئارامانە کەوتـە قسـە کردن. کۆنتیسـەیش لەگەڵ ئـەو شـێوازەیدا راهـاتبوو و، هـەموو جـارێکیش کـە پڕۆژەیـەکی بـاس دەکـرد و دواتـر بـە زیـانی پـارە و پـوولی منـاڵەکانی دەکەوتـەوە! لـە ئەوانـەیش: پـڕۆژەی هەڵواسینی تـابلۆکانی ڕاڕەوەکە و، بـاخـە زستانەییەکەی و، دروست کردنـی هۆڵـی شـانۆ لە کۆشکدا.

بۆیـە هەر جارێک بـەو شـێوازە دەدوا، کۆنتیسـە ترسـی لێ دەنیشت و، خۆی بۆ ڕەت کردنەوەی پڕۆژەکەی ئەو، ئامادە دەکرد.

بۆیە خۆی وەکو سەرکۆنەکراو و، بەشخوراوێک پیشاندا و وتـی:

"گوێ بگرە کۆنت.. تۆ ئێمەت بەوە گەیاند کـە نابێت بـۆ ئـەم خانووەمـان چـاوەڕوانـی پووڵێک بین لە کەس. ئێستایش دەتەوێت شتومەکی منـاڵەکانمان و، نێومـاڵەکەمان لە دەسـت بدەین!؟ تـۆ خۆت وتت کە بایی (١٠٠٠) ڕۆپڵ شتومەکی مـاڵمان هەیـە. هـەرگیز ئـەم کـارەت پەسـەند ناکـەم. تـۆیش ئازادیـت.. چـی دەکـەیت بیکـە! ئـەوە ئـەرکی دەوڵەتـە کـە بایـەخ بـە پێکراوەکـانی شـەڕ بـدات و، خۆیشـیان ئەمـە چـاک دەزانـن. سـەرنجی مـاڵی بنەمـاڵـەکەی لۆبـۆخینی بەرامبـەرمان بـدە.. ئـەوان هـەر لـە پێرێـوە، باریـان کـرد و ڕۆیشـتن و، هـەموو شتەکانی خۆیان لەگەڵ خۆیان برد. ئەو هەموو خەڵکەی تریش هـەر وایـان کردووە.. تـەنیا ئێمە گێل و هێڕین! تـۆ ئـەگەر بەزەییت بە مندا نایەتەوە.. لانـی کـەم بـەزەییت بـە منـاڵەکانی خۆتدا بێتەوە!

کۆنت بە تووڕەییەوە ژووڕەکەی ئەوی جێ هێشت.

ناتاشا لەو کاتەدا کە باوکی دەچووە دەرەوە، خۆی کرد بە ژووردا و پرسیی:

"بـابە... ئەوە چی ڕوویداوە؟"

کۆنتیش بە تـووڕەییەوە وەڵامی دایەوە،" هیچ نەبووە! ئەوە ئیشی تۆ نییە!"

ناتاشایش هەڵیدایـە،" بەڵام هەموو شتێکم بیست!.. دایکم ڕازی نییە.. وانا!؟"

کۆنتیسـەی دایکیشی هەڵیدایـە،" ئەوە کێشەی تـۆ نییە!"

ناتاشا بە بێدەنگی بەرەو پەنجەرەکە بووە و وتـی،"بـاوکە..بێرج هاتووە..."

بەشی شازدە
گواستنەوەی بریندارەکان

بێرج زاوای بنەماڵەی ڕۆستۆڤ بوو. گەیشتبووە پلەی سەرکردە و، دوو مەدالیای ڤلادمیر و سانت ئانیشی، پێ بەخشرابوو. هەمیشە پۆستی ئارام و حەواوەی وەردەگرت.. وەکوو پۆستی "یاریدەدەری نووسینگەی یەکەم" لە "ئەرکانی جەنگ"ی فەوجی دوو.

لە بەیانیی یەکی ئەیلوول، راستەوخۆ لە سوپای ڕووسەوە هاتبوو. هەرچەند هیچ ئیشێکی لە مۆسکۆدا نەبوو. بەڵام کە دەیبینی، هەر ئەفسەر بوو، دەهات و مۆڵەتی وەردەگرت و، سەفەری مۆسکۆی دەکرد: ئەویش مۆڵەتی وەرگرت و خۆی کردەوە بە مۆسکۆدا.

بە سواری گالیسکەیەکەوە، کە دوو ئەسپی لێ بەسترابوو و، زۆریش رازاوە و، قەشەنگ بوو. خۆی گەیاندە مالّی خەزووری. بە وردی لە گالیسکە وەستاوەکانی حەوشەکەی ڕوانی و، دەستەسرێکەی دەرهێنا و، دەم و چاوی خۆی پێ سڕی و، لە ملی گرێدا و، ورد ورد بە ڕاڕەوەکەدا ڕۆیشت و بەرەو هۆڵەکە ملی نا.

کۆنتی لە ئامێز گرت و، دەستی ناتاشا و سۆنیایشی ماچ کرد و، هەواڵی دروستیی کۆنتیسەی پرسی.

کۆنتیش هەڵیدایە:

"ئێستا کات، کاتی لە یەکتر پرسینەوەیە. تۆیش پێمان بڵێ سوپامان خەریکی چیە؟ ئاخۆ... پاشەکشە دەکات!؟ یان دەجەنگێت؟"

بێرج وەڵامی دایـەوە:

"مەگـەر خـوا بزانێت وەڵامـی ئـەوە چییـە.. هـەر خۆیشـی چـارەنووسی نیشـتمانی بـە دەستە. سوپا بە پاڵەوانەکانی بە خرۆشە. سەرکردەکان لە کۆبوونەوەیەکی سـەربازیدا کۆ بوونەتەوە. وەکو دەڵێن ـ ئیدی دوای ئـەو کۆ بوونەوەیـە، چـی ڕوو دەدات؟ ئـەوە مەگـەر خوا خۆی بزانێت."

بـــەڵام لای خۆمـەوە ئـەوەت پـێ دەڵـێم، سـوپای ڕووس جۆرێکـە کـە وشـەکان ناتوانن ئازایـەتی و، مەردایـەتییان دەر ببـڕن! شـەڕی ڕۆژی (٢٦)ی مانـگ، باشـترین بەڵگـەی ئـەم قسـەیەی منە.. هـەر وەکوو ئـەو ژەنەرالە کە لە کاتی گێڕانـەوەی شـەڕەکە بـە سـنگی خۆیدا کێشا و، سـوور بوو لە سـەر ئـەوەی، کە ئـەوانی سـەرکردەی سـوپا نـەکوو هـەر پێویسـت بـوو سـەربازان بـەرەو ڕووی دوژمـن بکاتـەوە، بەڵکـو دەبـوو، زۆر بـە تونـدی ئـەوان بوەستێنێت.

ئەمجا بە دەنگی بڵند وتـــی:

"ئەوە شەڕێک بوو، هەر لە دێرینەکانی خۆمان دەهات. بارکلی دوتۆللی ـ ئەم قسەیە بۆ خوا دەکەم ـ ژیانی لە سەر دەستان بوو و، لـە نێو یەکە سـەربازییەکانیدا بـوونی هـەبوو. قیلڤایش بەسەر چیـاوە بوو. تۆیش ئەمە بێنەوە بەرچاوی خۆت!"

لێرە بە دواوە چیی لەملاو ئەولاوە بیستبوو، بۆی گێڕانەوە. ناتاشا چاوی لە بێرج بـڕی بوو و، گوێی لێ گرتبوو و، لەوە دەچوو چاوەڕێی وەڵامی ئـەو پرسیارە بێت کـە لـە دڵـی خۆیدا لێی کردبێت!

بێـرج بـە لای ناتاشـادا لای کـردەوە، وەکـوو ئـەوەی، وەڵامـی ئـەو سـەرنجە بـێ بـڕانەوەیەی ئەو بداتەوە و، بیەوێت لە خۆیی ڕازی بکات، هاواری کرد:

"سـوپای ڕووس شـەڕێکی دەکـرد، کەمونـە بـوو! کەسـیش ناتوانێت بـە هێنـدەی خـۆی وەسفی بکات. "خـۆ ڕووسیا، تـەنیا لـە مۆسکۆدا نییـە.. بەڵکـو لـە دڵـی نـەوەکانی خۆیدایـە! ئێوەیش هەر پێتان وا نییە!!"

لەو کاتەدا کۆنتیسە ماندووانە، لـە ژووڕەکـەی خـۆی هاتـە دەڕەوە. بێرج بـەرەو ڕووی چـوو و، سـەرێکی بـۆ نـەوی کـرد و، بـە دەم مـاچ کردنـی دەسـتەکانییەوە، چـاک و چـۆنیی لەگەڵ کرد و چووە لایەوەو پێی وت:

"بەڵـێ..دایە گیـان، هـەموومان بـە بـارو دۆخێکـی سـەختدا تێدەپـەڕین.. بـەڵام تـۆ بـۆ وا خەمۆکیت؟ ئێستایش بۆ سەفەر کردن کاتی زۆرت لە بەردەمدا ماوە..."

کۆنتیسەیش ڕووی لە میێردەکەی کرد و وتی:

"نازانم پیاوەکانمان چی دەکەن؟ کەمێک لەمـەوپێش پێیان ڕاگەیاندم، کـە هێشـتا هـەموو شتـــەکان ئامـادەی سـەفەر نـین. پێویسـتە یـەکێک فەرمانـدەری کارەکـان بێـت و، ئـــەمە

میتانکای وەبیرهێنامەوە.هەرگیز لەم دەردیسەرییە رزگارمان نابێت!"

کۆنت وێستی وەڵامی بداتەوە.. بەڵام بە باشی زانی، کە هیچ نەڵێت و، بەرەو دەرگاکە بووەوە. بێرجیش هەڵەکەی قۆزتەوە و، هنگێکی کردە دەسڕەکەی دەستییەوە.

دواتر سەری بڵند کردەوە و وتـی:

"باوکە.. دەمەوێت تکایەکت لێ بکەم."

کۆنت وەستا و وتـــی:

ئـــۆو!

بێرج بە زمانە شیرینەکەی خۆی وتـــــی:

نکەمێک لەمەوپێش، بە بەردەم مااڵی یۆسۆبۆڤدا تێپەڕیم. سەرکاری ماڵەکە منی دەناسی و، هاتە بەردەمم و پرسیی: دەتەوێت شتی نێومااڵ بکڕیت؟ منیش شوێنی کەوتم... دەڕوانم کەنتۆرێکی جل و بەرگ و، مێزێکی خۆڕازاندنەوەی زۆر نـایاب دانراوە بـۆ فرۆشـتن! خۆیشـت ئاگاداریـت ڤیـرا چەنـدەی حـەز لێیـە! چەنـدین جـاریش لـە سـەری، بووەتـە دەمەقاڵـەمان! ئەو دوو پارچەیە، ماڵەکەی قەشەنگتر دەکرد.

زۆر نیان و ئاسایی درێژەی دایە:

"ئای کە نازدارو قەشەنگن! چەند چەکمەجۆ کڵۆمی ئینگلیزیی پێوەیە! دەزانیت ئەوە هـەر ئـەو شـتەیە کـە "ڤیـرا" حـەزی لێـی بـوو و داوای دەکـرد. منـیش زۆر ئـارەزوومە بیکەمـە دیارییەکی چاوەڕواننەکراو بۆی! لە خوارەوەو لە حەوشەکەدا چەندین دێنشینی تێدایە تکا دەکەم یەکێکیان بنێریت، بۆمان بێنێتو منیش تۆڵەی ئەم چاکەیەت بۆ دەکەمەوە..

کۆنت برۆکانی یەکهێنایەوەو کۆکەیەکی تووڕەییانەی بۆ کردو وتـی:

"ئەوە بە کۆنتیس بڵـێ! چونکە لێرە ئەو فەرمانڕەوایە!

بێرج بەرپەرچی دایەوە:

-"ئەگەر ئەمە بەڵاتانەوە سەختە، تەنیا مەبەستم سپرایزێک بوو بۆ ڤیرا."

کۆنتە پیرە هاواری کرد:

"ئـای شەیتان بچێتە بن کڵێشەتانەوە! بـە شـەیتانم سپاردن! بـە شـەیتانم سپاردن!! ئێوە پیاو شێت دەکەن."

ئیدی کۆنت چووە دەرەوە و، فرمێسک بە چاوانی کۆنتیسەدا هاتە خوارەوە.

بێرجیش وتـی:

"بەڵێ! دایە گیان.. بار و دۆخەکە بۆ خۆی سەختە!"

ناتاشا لەگەڵ باوکیدا چووە دەرەوە و، بە راکردن شوێنی کەوت، وەکوو ئەوەی بـیر لە شتێک بکاتەوە.

بـەڵام دواتـر بـەرەو پلیکانـەکان رای کـرد. لـە سـەر پلیکانـەکانیش پیتیـا، چـەکی بەسـەر خەڵکەکەدا دابەش دەکرد و، ئەو چەکدارانەیش لەگەڵ کاروانێکدا بەرەو مۆسکۆ دەچوون.

لـه کاتێکـدا گالیسـکەیەکی زۆر لـه حەوشـەکەدا ئامـادە بـوون، دوانیـان بارەکانیـان داگیرابوو. یاوەرێک چوو بووە ژێر باڵی ئەفسەرێکی زەرد هەڵگەڕاو و، سـەری خسـتە نێو یەکێک لەگالیسکەکانەوە.

پیتیا لە خوشکەکەی پرسی:

"تۆ هۆیـەکەی دەزانیت؟"

ناتاشا تێگەیشت کە مەبەستی لە دایک و باوکی هـەردووکیان و، وتوویژەکـەی نێوانیـان بوو و، وەڵامی نەدایەوە.

بۆیە هەر خۆیشی وەڵامی خۆی دایەوە و وتی:

"چونکە باوکم دەیویست هـەموو گالیسکەکان تـەرخانی بریندارەکان بکات. ڤاسیلیتش، خـۆی ئەمـەی بۆ گێڕامەوە. منیش لای خۆمەوە..."

ناتاشا بە تووڕەییەوە لای کردەوە بە لایەوە و هـاواری کرد:

"منیش لای خۆمەوە.... منیش لای خۆمەوە.... ئەمە رسوایەتییە! هێندە قـێزەونە، ناتوانم بیڵێم.. ئێمە خۆمان کێین؟ لە ئەڵمانەکان باڵاتر نین."

کەوتـە هەڵکێشـانی هەناسـەی تونـد و، تووڕەییەکـەی بـە راکردن بەسـەر پیلیکانەکانـدا رەوانـدەوە، کە بـە هەنگاوێک چـوار پلەی پلیکانەکەی دەبڕی!

بێرج لای خەسـوویەوە دانیشـتبوو و، کۆنتیش لـەو لای خۆیـەوە سـەیلی دەکێشـا. ئـەو کاتەی ناتاشا، بە روخسارێکی تووڕەوە خۆی بە ژووردا کرد، باوکی دەهات و دەچوو.

ئەویش بەرەو رووی دایکی رای کرد و قیژاندی:

"ئەی دادو هاوار! چەند قێزەونە! عـەقڵم نایبرێت! تۆیش هـەر لـە هـەمان فـەرمانی ئـەوت نەدابێت!"

کـۆنتیس و بێـرج هێنـدەی بـەوە تـۆقین: هێنـدە سـەرسـام نـەبوون! هـەردووکیان لـە کچەکەیان دەڕوانی و، کۆنتیش لە شوێنی خۆی وشک بوو بوو و، لای پەنجەرەکەوە گوێی لێ گرتبوون.

ناتاشا قیژاندی:

"دایکە..ئەوە مەحاڵە! سەرنجی حەوشەکە بدە. ئەوان پشتگوێیان خستوون..."

دایکیشی پرسیی:

"ئەوە چیتە!؟ کێیان پشتگوێ خستووە؟ کچەکە تۆ خۆت: چیت دەوێت؟"

ناتاشایش وتـی:

"بەڵام بریندارەکان! نەخێر.. دایکە شتی وا نابێت. ئەوە ناوی نییـە.. دایـە گیان. مـن حـەز ناکەم، بـەم شـێوەیە بـدوێم. کیژۆڵەکـەی دایکـم لـێم ببـوورە. ئـاخر ئێمـە ئەمانـەی بـارمان کردووە بۆچیمانە؟ تـۆ سـەیرێکی حەوشـەکەبکە.. بـڕوانە!! شتی وا چۆن دەبێت!؟"

کۆنت لە نزیک پەنجەرەکەوە وەستابوو و، گوێی لە ناتاشا گرتبوو. لە ناکاو پرخەیەکی بۆ کرد و، روخساری لە شووشەی پەنجەرەکەوە نزیک کردەوە.

کۆنتیسە کە لە کچەکەی ورد بووەوە: هەڵچوونە دەروونییەکەی ئەو و شەرمەزاریی خۆیی بینی. کە لە حەوشەکەی روانی و، لەولایشەوە مێردەکەی رووی لێ وەرگێڕابوو، شپرزە و بێر بڵاو بوو.

قسەکانی کچەکەی پەرچداوە و، بە تەواوی خۆی نەدا بە دەستەوە و وتـی:

"ئـۆو! چۆنتان پێ خۆشە وا بکەن... ئێوە پێتان وایە کەسێکم ئـازار داوە؟"

ناتاشا هەڵیدایە:

"دایکە.. دایکە کچۆڵەکەم: ببوورن!"

بەڵام کۆنتیسە کچـەکەی لـە خـۆی دوورخستەوە و، لـە مێردەکـەی نـزیک بـووەوە و، وەک هەر تاوانبارێک سەری بۆ مێردەکەی نەوی کرد و وتی:

"ئـازیزەکەم بە دڵی خۆت.. فەرمانیان پێ بکە. لە راستیدا من باش تێ نەگەیشتبووم."

کۆنت چـاوانی پڕ فرمێسک بـوون و، گلمە گلمێکی کرد و، کۆنتیسـەی لـە ئامێز گرت. ژنەکەیشی ئەو ئامێز گرتنەی پێ باش بوو.

روخسارە پڕ تەریقی یەکەیشی لە سنگی مێردەکەیدا شاردەوە و وتی:

"یەک سالانە.. دوو سالانە فێر دەکات!"

ناتاشایش پرسیی:

"دایکە... بـاوکە ئێستا دەتوانین، فەرمان بدەین.. وا نـا!؟ دەتوانین..."

لەسەری رۆیشت و وتـــی:

"لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، شتی لە پێویستیی خۆمان زیاتریش، لەگەڵ خۆمان دەبەین."

هەر هێندە کۆنت ئاماژەی دایە.. ئیدی وەکو بۆ یاری کردن بچێت. بـە راکردن هـەر لـە ڕاڕەوەکەوە بۆ حەوشە رۆیشت.

خزمەتکارانو کارەکەران لێی کۆ بـوونەوە و، بڕوایان بـە فەرمانەکەی نـەکرد تـاکوو کۆنت لە پەنجەرەکەوە و، بە ناوی کۆنتیسـەوە فەرمانەکەی بۆ دووبارە کردنەوە.

فەرمانەکـەیش وا بوو،"دەبێت هـەموو سندوقە بـارکراوەکان دابگیرێنـەوە و، بخرێنـەوە گەنجینەکە و، بریندارەکان سوار بکرێن."

ئیدی ئەوانیش هەر هێندەیان خۆش بوو، تـا لـە فەرمانەکـە گەیشـتن. ئیدی زۆر بـە دڵی خۆشـەوە کەوتنـە کـار. چونکـە هـەر چارەکـە سـەعاتێک لـەوە و پێش، پێیـان وابـوو نـەکوو بریندارەکان وێڵ دەکرێن.. بەڵکو مەحاڵە سواری گالیسکەکان بکرێن.

خەڵکەکە وەک ئەوەی کاتیان بە دەستەوە نەمابێت. شوێنیان بۆ بریندارانی سـاز کـرد و، ئـەوانیش زەردو لاواز لـە ژووڕەکـان هـەر بـە خۆبـەکێش کـردن لـە ژووڕەکانـەوە هاتنـە دەرەوە و، بە دڵێکی خۆشـەوە، ئاپوورەی گالیسکەکانیان دا.

ئەو هەواڵە خۆشە، بە دەوروبەردا بڵاو بووەوە و، هەر بریندار بوو بە هەڵەداوان خۆی دەکرد بە کۆشکەکەی بنەماڵەی ڕۆستۆقدا. زۆرێکیش لە بریندارەکان، هەستیان بە بەخشندەیی ئەو بنەماڵەیە دەکرد و، لێیان دەپاڕانەوە کە شتومەکەکان بار بکرێنەوە و، ئەمان لەسەر بارەکانەوە و، لە سەر سندوقەکان جێ بۆ خۆیان خۆش دەکەن. بەڵام خەڵکەکە هەر هێندە فەرمانی داگرتنی سندوقەکانیان وەرگرت، ئیدی مەحاڵا بوو بیانوەستێنن.

بە درێژایی شەوی رابردوو، ئەو هەموو سندوقە پڕ بە قاپ و قاچاغی جوان‌و، تابلۆی برۆنز و، تەختە هەڵکۆڵراوانە، لەو حەوشەیەدا، کە لە گالیسکەکانیان داگرت بوون و، بۆ ئەوەی لە بری ئەو سندوقانە بریندارەکان بخرێنە شوێنیان، بێ ناز کەوتبوون.

تۆمارکەرەکە پێشنیاری کرد:

ـ دەتوانین چوار بریندار تر هەڵ بگرین و، گالیسکەکەی خۆمیان بۆ تەرخان دەکەم. چارەمان نییە! ئەی خۆ ئەو چوارەیان جێناهێڵین!

کۆنتیسەیش وتی:

"ئەو گالیسکەیەیان بۆ چۆڵ بکە.. کە شتومەکەکەی منیان لێ بار کردووە. منیش دونیاشا لەگەڵ خۆمدا سوار دەکەم."

شتومەکەکانی گالیسکەکەی کۆنتیسەیشیان داگرت و، چۆڵیان کرد. هەر خەڵکی بریندارێش بوو، لە پڕ پەیدا دەبوون و، ناتاشایش لە ژیانیدا هێندەی ئەو ڕۆژە، بەختەوەر نەبوو.

پیاوان سندوقێکیان بە پلیکانە تەنگەبەرەکەدا سەردەخست، لە ناتاشایان پرسی،"ئەرێ ئەم سندوقە قورسە چیی تێدایە!؟"

ئەویش وەڵامی دانەوە:

"کتێبەکانی ئاغا کۆنتی تێدایە. دایبنێن و جێی بێڵن. ڤازیلیتش خۆی چارەی دەکات. ئێستا پێویستمان بەو سندوقە نییە."

گالیسکەکان بە خەڵکە بریندارەکان پڕ بوون و، لە یەکتریان دەپرسی،" ئاخۆ پیتیا لە کوێ سوار بێت و، جێی بۆ نەماوە!"

ناتاشا هاواری کرد:

"لای گالیسکەوانەکە خۆیەوە دادەنیشێت. وانا پیتیا؟"

سۆنیایش وەکوو ناتاشا سەرقاڵ بوو. بەڵام کارەکەی پێچەوانەی ئەو بوو! چونکە ئەمیان لە نێو گالیسکەکە، شتی دادەگرتە خوارەوە و، لیستی بۆ کردبوون و، لە سەر خواستی دایکی، ناوی دەنووسین. تەقەلای ئەوەیشی دەدا، زۆرترین شتومەک لە گالیسکەکاندا بهێڵێتەوە.

بەشی حەڤدە
ڕەوی بنەماڵەی ڕۆستۆڤ

سەعات دوو و نیوی دوای نیوەڕۆ، گالیسکەکانی بنەماڵەی، ڕۆستۆڤ گەیشتن و، لەبەر پلیکانەکاندا وەستان. ئەو گالیسکانەی، کە بریندارەکانیان هێنا بوو، یەک بە دوای یەکدا، لە حەوشەوە چوونە دەرەوە.

لە کاتی هاتنە خوارەوەیدا، گالیسکە خنجیلەکەی، میر ئاندریە، سەرنجی سۆنیای ڕاکێشا. سۆنیا لەگەڵ کارەکەرێکدا، سەرقاڵی دابین کردنی شوێنی حەواوەدا لە نێو گالیسکەکەدا، بۆ کۆنتیسە. هات بە لایەوە و، خۆی شوێنی بۆ دیاری کرد.

ئەمجا سەری لە دەرگای گالیسکەکەوە دەرهێنا و پرسیی:

"ئەی ئەو گالیسکە قەشەنگە، هی کێیە!؟"

کارەکەرە یاوەرەکەی وەڵامی دایەوە:

"ئەی نازانیت.. کچۆڵە؟ ئەوە هی میرێکی بریندارە و، ئەمشەویش لای ئێمە ڕۆژی کردووەتەوە و، لەگەڵ خۆیشمان ڕەو دەکات."

دیسان پرسییەوە:

"بەڵام کێیە و، ناوی چییە؟"

کارەکەرە یاوەرەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

"زاوا زێڕینە کۆنەکەی خۆمانە! میر ئاندریە پۆلکۆنسکی! دەڵێن گوایا چاک بوونەوەیشی مەحاڵە!"

سۆنیا به قەڵەمبازێک، خۆی هەڵدایە خوارەوە و، بە راکردن بەرەو لای دایکی چوو. دایکیشی شەپقەیەکی ناسک و، شاڵێکی گونجاوی بەسەر شانیدا دابوو و، ئامادەی سەفەرەکەی بوو.

هەر بە هۆڵەکەدا دەهات و دەچوو و، چاوەڕێی ئەوە بوو، کە پێش رەو کردنەکەیان، ئەندامانی بنەماڵە ـ هەر وەکوو باو و نەرێتیان بوو ـ پێش رەو کردنیان، لەو هۆڵەدا کۆ ببنەوە و، نزای سەفەر کردن بکەن. ئەمیش هەر خۆی بوو و، ناتاشای لەگەڵ نەبوو.

سۆنیا خۆی بە ژوورەدا کرد و وتی:

"دایکە.. خۆ ئەوە میر ئاندریەیشمان لەگەڵە و، زۆر بە سەختی پێکراوە!"

کۆنتیسە چاوەکانی ئەبڵەق بوون و، سەیری ئەملاولای خۆی کرد و پرسیی:

"ئاخۆ ناتاشا..."

ئەم هەواڵە بەلای کۆنتیسە و سۆنیاوە، وەکو یەک بوو. ئەوان ناتاشا دەناسن و، ترسی ئەوەیان بوو، کە ئەویش ئەم هەواڵە ببیستێت! بەڵام لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان خاتری میر ئاندریەیان زۆر لە لابوو. خەمیان لە بیر کردنەوەی ئەو دوانەی تریان دەخوارد.

سۆنیا دووبارەی کردەوە:

"تا ئێستا ناتاشا ئەمەی نەزانیوە. بەڵام بە درێژی سەفەرەکە لەگەڵیدا دەبێت!"

کۆنتیسەی دایکی لێی پرسی:

"وتت.. برینەکەی زۆر سەختە!"

سۆنیا بە سەر لەقاندن بەڵێی بۆ دایکی کرد.

کۆنتیسە کچەکەی لە ئامێز گرت و، دەستی کردە گریان. لە دڵی خۆیشیدا هاتە سەر ئەوەی، کە هەموو ئەو ڕووداو و کارەساتانە، بە دەستی خوایە و، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، کە ڕێیەکانی بەرەو خوا ئەزموونی مرۆڤەکان خۆیانن!

ناتاشا سوور هەڵگەڕا بوو و، بە راکردن هات و لە کۆنتیسەی پرسی:

"ئەوەتا دایە گیان هەموو شتێک ئامادەیە.. چاوەڕێی چی دەکەن؟"

کۆنتیسەیش وەڵامی دایەوە:

"هیچ.. ئەگەر خۆت ئامادەیت دەتوانین سەفەرەکەمان دەست پێ بکەین."

بە سەر جانتاکەی سەر کۆشیدا نووتایەوە، تاکوو شڵەژاوییەکەی خۆی بشارێتەوە. سۆنیایش ناتاشای لە ئامێز گرت و، ماچێکی کرد.

ناتاشایش بە دڵەڕاوکێوە لێی روانی و پرسیی:

"ئەوە چیتە! شتێک ڕوویداوە؟"

سۆنیا وەڵامی دایەوە:

"نەخێر... هیچ نییە."

ناتاشا بە وردی و گردییەکەی خۆی وتـــی:

"شتێکی خراپ بۆ من هەیـە؟ چی بـووە!؟"

سۆنیایش هەناسەیەکی هەڵکێشا و ورتەی نەکرد.

کۆنـت و پیتیـا و شووسـی خـانم و، ماڤراکوزمینیتشـنا و، ڤـازیلیتش خۆیـان کـرد بـە هۆڵەکەدا و، دەرگاکەیان داخستەوە و، بێئـەوەی لـە یـەکتر بـڕوانن، چەند چرکەیـەک لێی دانیشتن.

یەکەم کەس کۆنت هەستا و، هەناسەیەکی هەڵکێشا و، بەرامبەر تابلۆی پیـرۆز خاچێکی لە سـەر سنگی خۆی کێشا و، ئیدی ئەوانی تریش، وەکوو ئـەویان کرد.

ئـەمجا کۆنـت دەسـتی خسـتە سـەرشـانی ماڤراکوزمیتیشـنا و ڤاسـیلیتش و، ئـەوانیش دەستیان گرت و ماچیان کرد. بـۆیە کۆنتیش ئـەوەی بەرامبـەر ئـەو دوانـە کـرد، چونکـە بەشداریی سـەفەرەکەیان نەدەکرد و، لە مۆسکۆدا دەمانەوە.

ئـەویش دەسـتی دا بـە پشـتی هـەردووکیاندا و، چرپـە چرپێکی کـرد. کۆنتیسـیش بـەرەو شوێنی نوێژەکەی بووەوە. سـەرنجیدا سـۆنیا کڕنـووش بـۆ چـەند تابلۆیـەکی پـیرۆز دەبـات. لەو تـابلۆیانەی کە جێیان هێشتبوو و، نـەیان پێچابووەوە.

لە حەوشەکە و لەبـەر پلیکانەکـەدا، چـەندین خزمـەتکار بـەو چـەکەوە وەستابـوون، کـە پیتیـا دابەشـی کردبـوو، بـە سـەریاندا و، بریتـی بـوو لـە، خەنجـەر و شمشـێر و، دەرەلنگی پانتۆڵـەکانیان کردبـوو، بـە پێڵاوەکانیانـدا و، قایشـیان تونـد لـە کەمـەر بەسـتبوو و، خواحافیزییان لەگەڵ ئەوانە دەکرد، کە لە کۆشکدا دەمانەوە.

لـە کاتی رۆیشـتندا، بیریان دەکردەوە کـە چییان نـەکردووە و، چییان بیرچـووە. بۆیـە دوو چەکـدار، تـا درەنـگ لـە هـەردوو دەرگـای گالیسـکە کراوەکـەداو بـە پلیکانەکـەوە وەستابـوون و، چـاوەڕوانی سەرکەوتنی کۆنتیسەخان بوون.

کارەکەرانیش لە هاتن و چوونی بەردەوامدا بوون و، شتیان لە ماڵەکە دەهێنایە دەرەوە و، دەیانخستنە گالیسکە مەزنەکەوە، یا پچکۆلەکە، یان سێیەمەوە.

کۆنتیسە وتـی:

"هەمیشـە ئێمـە شـتمان بیـر دەچێـت.. رەنگـە تـۆیش ئـەوە بزانیـت، کـە مـن نـاتوانم ئـاوا دابنیشم و حەواوە بم."

کۆنتیش سەرێکی بـادا. پیرەمێردە ئیڤیمی گالیسکەوان، بێدەنگ لێی دانشتبوو و، گوێی بە هیچ شتێکی دەوروبـەر نـەدەدا. ئـاخر ئـەو سـی سـاڵ، ئـەزموونی لەگەڵ ئـەو بنەماڵەیـەدا هـەبوو و، دەیزانـی بـەو زووانـە ناکەونـە ڕێ. دەیزانـی بـە دەم ڕۆیشـتنیانەوە، دوو سـێ جارێک دەبێت بوەسـتن و، شـتیان بیـر دەکەوێتـەوە و، چـەند جـارێکیش کۆنتیسـە، ملـی لـە دەرگای گالیسکەکەوە دێنێتە دەرەوە و، لە لێژییەکاندا هاوار دەکات، بۆ خـاتری مەسـیح، بـا

گالیسکەکە هێندە خێرا لێ نەخوڕدرێت!

هەموو ئەوانەی دەزانی و، بە ئارامییەوە چاوەڕوان بوو و، هەر ئەوەیشی لە ئەسپەکانی گالیسکەکەی، چاوەڕوان دەکرد. بە تایبەتی ئەسپە سەرکولی لای چەپ، کە جاروبار سمکۆڵێکی دەکرد و، دانەکانی لە لغاوەکەی دەمی توند دەکرد.

دواتر پلیکانەی گالیسکەکەیان لابرد. دوای ئەوەی هەر یەکە و جێی خۆی گرت و لێی دانیشت. ناردیان بۆ سندوقێکی تر و، کۆنتیسە، ملی لە دەرگاکەوە دەرهێنا و بڕێک نزای کرد.

بە دوایدا "ئیڤیم"ی گالیسکەوانیش، شەپقەکەی بڵند کردەوە و، خاچێکی لە سەر سنگی خۆی کێشا. بە دوایدا گالیسکەوان و خزمەتکاران، وەکو ئەویان کرد.

ئیڤیم شەپقەکەی کردەوە سەری و وتی:

"پشت بە خوا."

ئەمجا هاواری لە ئەسپەکان کرد:

هێی..

قامچیی لە ئەسپەکان راوەشاند. ئەسپی لای راست جووڵا و، گالیسکەکە کەوتە لەرینەوە. کە گالیسکەی بەرلین، چووە سەر شەقامەکە، هێندەی پێنەچوو گالیسکەکانی تریش، پێی گەیشتنەوە. هەرکە بە دەم رێوە گەیشتنە بەرامبەر کەنیسە، سەرنشینانی گالیسکەکان، خاچیان لە سەر سنگیان کێشا.

ئەو خزمەتکارانە و، ئەو کارەکەرانەیشی کە لە مۆسکۆدا دەمانەوە، تا سەر شەقامەکەیش بەمبەر و ئەوبەری رێگاکەدا، بە راکردن شوێنیان کەوتن.

ناتاشا کە لە نێو گالیسکە ئالبەرلیندا، بەرامبەر دایکی دانیشتبوو، هەرگیز دڵخۆشیی وای بە خۆوە نەبینی بوو. خانووە کۆنەکانی مۆسکۆ و، رەوی بە کۆمەڵی هاوڵاتیانی بینی. ناوەناوەیش سەری لە دەرگاکە نزیک دەکردەوە و، لە کاروانی دوورو درێژی گالیسکەی بەرێندارانی، شەڕەکەی دەبینی.

لە پێشەوەی کاروانەکەدا، بە ئاشکرا گالیسکەکەی میر ئاندریە جوێ دەکرایەوە. بەڵام ئەم لای خۆیەوە، نەیدەزانی ئەو گالیسکەیە کێی تێدایە!

چەند کاروانێکی تری، بریندارانی شەڕ، کە لە نیکیتسکاییا و، بریسنابیاوە هاتبوون، لە شەقامی کۆدریندا لەگەڵ ئەمان یەکیان گرتەوە و، ناچار بوون کە خۆیان لە دوو ریزدا، رێک بخەنەوە. کاتێک بە دەوری برجی سۆفارییڤدا دەسووڕانەوە، لە ناکاو ناتاشا بە سەرسووڕمانەوە هاواری کرد:

ـ ئۆو خوایە گیان! دایکە! سۆنیا! سەیر بکەن.. ئەوە خۆیەتی!

ئەوانیش پرسییان:

کـــێ!؟

ناتاشایش زیاتر داموکایەوە، تـاکوو جوانـتر ئـەو کەسە کەتەیە، ببینێت کە پاڵـتۆیەکی گالیسکەوانەی لەبەردابوو و، بـە رۆیشتنەکەیشیدا لـە پیاوماقوولێک دەچـوو و، بـە پۆشـاک خۆی گۆڕی بێت! لەو کاتەی ئەمان لێیان دەڕوانی، ئەو لەگەڵ پیرەمێردێکی کورتەبالادا، لـە شەقامەکە دەپەڕینەوە.

ناتاشا پێی وتن:

"بـــڕوانن.. ئـــەوە پیـــەر پیزۆخۆفـــە و، پاڵـــتۆی گالیســـمەوانیی لەبـــەر کـــردووە و، پیرەمێردێکی کورتەبنەی پێکەنینهێنیشی لەگەڵدایە. لێم روونە ئەوە خۆیەتی."

لە سەری ڕۆیشت:

"بـەڵـێ! بـەڵـێ! سوێندتان بۆ دەخۆم، ئەوە پیەر پیزۆخۆف خـۆیەتی و، پاڵـتۆی یـەکێک لەو گالیسکەوانانەی لەبەر کردووە."

کۆنتیسە هەڵیدایە:

"بەڵام نەخێر! ئەوە، ئەو نییە. ئەمە چ کەرێتییەکە دەینوێنیت!؟"

ناتاشایش هاواری کرد:

"دایکە.. لە سەر گەردنی خۆم گرەو دەکەم!"

بە گالیسکەوانەکەیشی وت:

بوەستە! بوەستە!

بـەڵام گالیسـکەوان نـەیتوانی خێـرا بوەسـتێت. چونکـە چەنـد کـاروانێکی تـریش، لـە میشتشانسکاییاوە هاتبوون و، خۆیان کرد بەو شەقامەدا کە ئەمانی بە سەرەوە بوو. هاوار هاواری خێرا کردن و، ڕێ کردنەوەیان بوو بۆیان.

لە ڕاستیدا هەموو سەرنشینەکان پیەریان بینی بوو. یـا لانیکەم پیـاوێکی پاڵتۆ لەبەری لەوچـوویان بینی بوو، سەری داخستبوو و، شەقامەکەی دەبڕی.

پـیرەمێردێکی کورتەبالای لەگەڵ بوو، کە لەوە دەچوو، یاوەری بێت. پیرە کورتەبنەیش، کە سەری ناتاشـای بینی، لـە دەرگـای گالیسکەکەوە هـاتبووە دەرەوە، بـە هێمنی ئانیشکی پیەر پیزۆخۆفی ڕاکێشا و ئاماژەی بە گالیسکەکەی ئالبـەرلین دا و، چەند وشـەیەکی دا بـە گوێیدا.

ئەویش هێندە سەرقاڵی بیر کردنـەوە بـوو، بـە گـران لـە پـیرە گەیشت! دواتـر سـەرنجی ڕوخساری دەرگـای گالیسکەکەی دا و، هەر زوو ناتـاشای ناسییەوە. ئـەمجا ڕووی کردە گالیسکەکە. بەڵام چەند بیرەوەرییەکی خۆی بیر کەوتەوە و وەستا.

ناتاشا بە ڕوویەکی خۆشەوە دەستی بۆ پیەر درێژ کرد و هاواری کرد:

"ئەی پیوتەر کیریللیتش.. وەرە پێشـەوە! خـۆت ئاگات لێیـە، کـە پێمـان زانیویت! شـتێکی باش بوو. بەڵام بۆ ئەم بەرگەت پۆشیوە؟"

پییەریش دەستە دریژ بووەوەکەی گرت و، لێزانانە ماچی کرد و، پێ بە پێی گالیسکەکە لەگەڵی دەرۆیشت.

کۆنتیسە بە شتێک لە بەزەییەوە لێی پرسی:

"ئەی کۆنت، ئەوە چیت بە سەر هاتووە!"

پییەریش وتی:

"چی!؟ هیچم بە سەر نەهاتووە و، پرسیار کردنیشی ناوێت!"

بەلای ناتاشادا لای کردەوە و، بێئەوەی لێی بڕوانێت، هەستی بە رووە خۆش و نازدارەکەی دەکرد.

دیسان کۆنتیسە لێی پرسی:

"کەوابوو بە نیازی چیت؟ لە مۆسکۆدا دەمێنیتەوە؟"

پییەریش وەڵامی نەدایەوە.

درەنگانێک ئەویش پرسیی:

"لە مۆسکۆ؟ بەڵێ لە مۆسکۆ دەمێنمەوە. خوات لەگەڵ."

ناتاشایش وتی:

"زۆر بە داخەوەم کە پیاو نیم! ئەگەرنا.. هەمیشە لەگەڵ تۆ دەبووم! دایکە.. گەر رێم بدەیت، منیش لێرە دەمێنمەوە و، لەگەڵتان نایەم!"

پییەریش سەرنجێکی دا و، ویستی شتێک بڵێت. بەڵام کۆنتیسە پێی بڕی:

"لەوە دەچێت تۆیش بەشداریی شەڕەکەت کردبێت!؟"

پییەریش وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ! بەشدار بووم.. شەڕی تریش بەڕێوەیە.

ئەمجارەیان ناتاشا هەڵیدایە:

ـ بەڵام کۆنت ئەوە چیت بەسەر هاتووە!؟ شێوەت گۆڕدراوە!

پییەریش وەڵامی دایەوە:

"ئۆو! لە بارەی هەموو شتێکەوە، لێپرسینەوەم لەگەڵ مەکە. چونکە ئێستا وڕو کاسم.. سبەینێ.. نەخێر سبەینێیش نا.. خواتان لەگەڵ. خواتان لەگەڵ!"

لە سەریشی رۆیشت:

ـ"ئای! کە ساتەوەختانێکی تۆقێنەرە!"

ئەمجا لە گالیسکەکە دوورکەوتەوە و، کەوتە سەر شەقامەکە.

ناتاشایش ماوەیەکی تر، لەبەر دەرگای گالیسکەکەدا مایەوە و، بە رووبەکی خۆشەوە و، بە شتێک لە لاقرتی کردنەوە، لەدڵی خۆیدا: سەرنجی وەدوی ئەو پیاوە خست.

بەشی هەژدە
رازەکەی پییەر

ئەو دوو ڕۆژەی، پییەر لە ماڵ دیار نەمابوو، لەو ئەپارتمانە چۆڵەدا مابووەوە، کە زووتر، بازدییڤی تێدا نیشتەجێ بوو.

ئەمانە ڕوویان دابوو:

ڕۆژی دواتر و دوای گەیشتنی بە مۆسکۆ، لە خەو هەستا و، دوای بینینی ڕۆستۆبشین، ماوەیەکی فرە، مابووەوە و، هەر بیری لە خۆی و ئەو قۆناغەی پێی گەیشتبوو، کردبووەوە و، مەبەستییان لەو هەڕەشەیەیان، چی بووە!؟

کە ئەوەیان پێ ڕاگەیاند فەڕەنسییەک لە چاوەڕوانی بینینی دایە و، نامەیەکی هاوسەرەکەی پێیە! کتوپڕ هەستی بە پەشۆکاوییەکی نادیار کرد. بە خۆی وت کە کۆتایی شتەکان هاتووە و، ئیدی کاتی کاول بوون و، لەبەریەک هەڵوەشاندنەوە و، تێداچوونییەتی! ئیدی ڕەوا و ناڕەوا لێک جوێ ناکرێتەوە!

دەمێک لەسەر کورسییەکە دادەنیشت و پێدەکەنی و، لە ژێر لێوەوە شتێکی دەوت و، دەمێکیش هەڵدەستا و، دەچووە پشت دەرگاکەوە و، لە کونی کێلوونەکەوە لە ڕاڕەوەکەی ئەودیوی دەڕوانی و، دیسان دەگەڕایەوە شوێنی خۆی و، لێی دادەنیشتەوە و، کتێبێکی بە دەستەوە دەگرت.

سەرکاری خزمەتکاران، خۆی بە ژوورەکەدا کرد و، بە پیپەری راگەیاند کە ئەو فەرمانبەرە نامەی هاوسەرەکەی ئەوی پێیە، هەر چاوەڕوانە و، دەڵێت زۆر پێویستە و، دەبێت گەر بۆ خولەکێکیش بووە: بتبینێت. بە هەمان شێوە، بێوەژنە بازدییفیش دەیەوێت پێش گەرانەوەت بۆ گوند: بتبینێت.

پیپەریش بە سەرکارەکەی وت:

"ئۆوا! بەڵێ! هەر ئیستا.. یان دەمەوێت بڵێم نەء! پێیان بڵێ.. کەمێکی تر، خۆم دێم بۆ لایان."

بەڵام هێشتا ئەو نەچووبووە دەرەوە، پیپەر دەستی دایە شەپقەکەی و، لەسەر مێزەکەی هەڵگرت و، لە سەری نا و، بە ڕاڕەوەکەدا ڕۆیشت و بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە و، لەوێ دەرگاوانەکەی بینی وەستا بوو.

بەڵام پلیکانەیەکیش بەرامبەری هەبوو، کە دەچووەوە سەر دەرگای پشتەوە. ئەویش ڕووی تێ کرد و، لەوێوە چووە دەرەوە. هەر لە دەرگاکە چووە دەرەوە.

ئەو گالیسکەوانەی گالیسکەکانیان وەستاندبوو، هەر ئەویان بینی، شەپقەکانیان لە سەریان داکەند و، سەری سڵاویان بۆ نەوی کرد.

پیپەریش هەستی بە سەرنجەکانیان کردو، وەکوو نەعامە چۆن سەری خۆی بە لمەکەدا دەکات، ئاوا سەری خۆی نەوی کرد و، چووە سەر شەقامەکە. بە لایشییەوە وابوو، کە لەو بەیانییەدا و، پەلە ترینی هەموو کارەکان ئەوەیە: کتێبەکانی جۆزیف ئەلکسییتش و، کاغەزەکانی وەر بگرێت.

هەر کە دەستی بە یەکەمین گالیسکەدا گەیشت، سەرکەوت و فەرمانیدا بیگەیەنێتە زۆنگاوەکانی بەتریارک ئیتیان دوپارتریاش و، مالّی بازدییف.

بە هەر لایەکی خۆیدا دەڕوانی، هەر ڕیزە گالیسکە بوو، مۆسکۆیان چۆڵا دەکرد و، ئەویش پەشۆکابوو و، هەر خەریکی خۆپاراستن بوو، لە بوون بە ژێرەوەی گالیسکەکان و، هەر لە منالّی لە قوتابخانە هەڵاتوو دەچوو.

کە سەرکەوتە نێو گالیسکەکەیشەوە، بە دڵێکی خۆشەوە، کەوتە دواندنی گالیسکوانەکە و، ئەوەی بۆ گێڕایەوە کە لە کرملین، چەک بە سەر خەڵکەکەدا دابەش دەکەن و، ڕەوانەی هەر سێ چیاکەیان دەکەن. چونکە چاوەڕوان دەکرێت لەوێ شەڕێکی گەورە ڕوو بدات.

هەرکە گەیشتنە زۆنگاوەکانی پەتریارک. کەوتە پرسی مالّی بازدییف، چونکە زۆر دەمێک بوو، سەردانیی ئەوی نەکردبوو. لە دەرگاکە نزیک بووە و، کەوتە لێدانی دەرگا.

پیرەمێردە جیراسیمی، زەردباوی سەر ڕووتاوە، بە ڕاکردن هات و، ئەو پیپەرەی بینی، کە پێنج ساڵا لەوەوپێش، لەگەڵ ئاغاکەی خۆیدا، لە تۆرجۆک بینی بووی.

پییەر لێی پرسی:

"کەس لە ماڵەوەیە؟"

جیراسیم وەڵامی دایــەوە:

"خــاوەن شــکۆ... بــە هــۆی ئاڵــۆزیی بــار و دۆخەکــەوە، خــاتوو ســووفی دانیلۆڤنــا و منداڵەکانی چوونەتەوە، سەر مووڵکەکانی لە تۆرگۆک."

پییەریش وتی:

"لەگەڵ ئەوەیشدا دێمە ژوورەوە، چونکە دەبێت چەند کتێبێک هەڵبژێرم."

خزمەتکارەیش وتــی:

"سەرچاوان.. خوالێخۆشبوو ماکار ئەلکسییڤیتشیش، هەرچەند ژیریی لە دەست دابوو، لێرە مابووەوە."

خۆ پییەریش دەیزانی ماکار ئەلکسییڤیتشی، بـرای خـوالێخـۆشبوو، نیمچە شێت بوو و، هەمیشە سەرخۆش بوو.

پییەر خۆی کرد بە ماڵدا و وتــی:

"بەڵێ! بەڵێ! ئەوە دەزانم. دەی بـا کەمێک خێرا بکەین."

پیرەمێردێکی بااڵبەرزی لـووت سـوور. ڕۆبێکی نێو مـاڵی لـە بـەردا و، جوتێک سـۆڵەی لاستیکی لە پێدا و، لە ڕاڕەوەکەدا وەستابوو.

هەر کە پییەری بینی بۆڵەبۆڵێکی لێوە هاتو بە ڕاڕەوەکەدا ڕۆیشت و، خۆی ون کرد.

جیراسیمیش لە بارەی ئەو بااڵبەرزەوە وتــی:

"پیاوێکی بلیمــەت بـوو! وەکـو دەبینیت، ئێستا ژیریی زۆر لاواز بـووە. دەتـەوێت بچیتە کتێبخانەکە؟"

پییەریش بە سەرلەقاندن رازی بوونی ڕاگەیاند.

ئەویش درێژەی دایــە:

"ئەوەتا مۆرەکەی پێوەیە و، پێش خـۆت کـەس نەچووەتـە ژوورەوە و، خـاتوو سـووفی دانیلۆڤنـایش فـەرمانی داوە: کـە هـەر کەسـێک لـە لایـەن تـۆوە هـات کتێبخانەکـەی بدەینـە دەست."

پییەر خۆی کرد بەو کتێبخانە تاریکەدا، کە تاکوو پیاوچاکەی ڕێنوێنی، لـە ژیـاندا بـوو، ئەم بە ترس و لەرزەوە خۆی پێدا دەکرد. لە مردنی جۆزیف ئەلکسییڤیتش بـەدواوە، کـەس دەستی بۆ شتێکی ئەو ژووڕە نەبردبوو و، تـۆز لـە هـەموو شـتەکان نیشتبوو و، شـوێنەکە خەمناک بوو.

جیراسیم پەنجەرەیـەکی کردەوە و، لـە سـەر نـووکی پـێ، لـە ژووڕەکـە چـووە دەرەوە. پییـەریش بـە نێـو کتێبخانەکـەدا گـەڕا و، خـــۆی گەیانـدە دۆلابێـک کـە تـــۆمارە دەسـت وخەتـەکانی تێدابوو و، ئـەوەیانی هـەڵگرت، کـە کـاتی خـۆی لـە هـەموو تۆمـارە دەسـت و

خەتەکانی تر، لە کۆڕە ماسۆنییەکاندا پیرۆزتر بوو. پیاوچاکەیش بە دەست و خەتی خۆی شەرح و شیکردنەوەی لە پەراوێز خستبوو.

پییەر ئەو دەست و خەتەی برد و، لە سەر مێزی خوێندنەوەکەی کە هەر تەپوتۆز بوو، داینا و، چەند لاپەڕەیەکی هەڵدایەوە. ئەمجا لەویش بێزار بوو و، سەری خستە نێوان هەردوو بەری دەستی و، دالّغە بردبییەوە.

جیراسیمیش ناوەناوە دەهات و بە دزییەوە، لە نێو کتێبخانەکەی دەڕوانی و پییەری هەر بەو شێوە دالّغە لێدانەوە دەبینی. پتر لە دوو سەعات بەو شێوەیە مایەوە، جیراسیم ناچاربوو، لەودیو دەرگای کتێبخانەکەوە، تەق و هوڕێکی وا دروست بکات، تا پییەر بە ئاگا بێتەوە. بەڵام پییەر هەر گوێیشی نەدایە.

ناچار خۆی کرد بە کتێبخانەکەدا و پرسیی:

"ڕێ بە گالیسکەکە بدەم، تاکو بڕوات؟"

پییەر بە ئاگا هاتەوە و وتی:

"هـا! بەڵێ!"

ئەمجا قۆپچەیەکی ڕۆبەکەی جیراسیمی، کەمێک بادا و، سەرنجێکی پیرە کورتەبالای دا و، بە چاوی بە فرمێسکەوە وتی:

"گوێ بگرە! گوێ بگرە! دەزانیت کە سبەینێ شەڕ و کوشتار دەست پێ دەکات؟"

جیراسیمیش وەڵامی دایەوە:

"وا دەڵێن!"

ئەمجا پێی وت:

"داوات لێ دەکەم کە بە کەس نەڵێیت.. من کێم! چیشم پێ وتیت ئەوە بکە."

جیراسیمیش وتی:

"لە پەزێراییت دام.. گەورەم. ئێستایش خواردنت بۆ بێنم؟"

کتوپڕ پییەر سوور هەڵگەڕا و وتی:

"نەخێر ئەوەم ناوێت. جل و بەرگی دێنشینان و دەمانچەیەکم بۆ پەیدا بکە."

جیراسیمیش دوای کەمێک دڵەڕاوکە و بیر کردنەوە، وتی:

"فەرمانتە.. گەورەم."

بە درێژایی ئەو ڕۆژە، پییەر لە نووسینگەکەی پیاوچاک مایەوە و، هەر جارێکیش جیراسیم بە دزییەوە دەچووە سەیر کردنی، ئەوی دەبینی بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو و، لەبەر خۆیەوە دەدوا! شەوەکەیشی شوێنێکیان بۆ ڕێکخست و، لێی نووست.

بە درێژایی سالانی خزمەتکاریی خۆی، کەسی لەو پییەرە سەیر و نامۆتری، لەو ماڵەدا نەبینی بوو! بەوەیش دڵخۆش بوو، کە کەسێک هەیە ئەو خزمەتی بکات.

ئێوارەیەکیان پاڵتۆیەکی لادێیانەی بۆ هێنا و، بیئەوەی بیر لەوە بکاتەوە، کە پییەر دەمانچەی بۆ چییە؟ پەیمانیشی پێدا سبەینێ دەمانچەکەیش ئامادە بکات.

لە شەویشدا دوو جاران ماکار ئەلکسییتش، بە خۆی و جووتە سۆلە لاستیکەکەی پێیەوە، هات و بە دزییەوە و، بە وردی لە پییەری روانی! هەر کە پییەریش هەستی بە هاتنی ئەو دەکرد، بە پەلە خۆی نقوومی جلەکانی ماڵەوەی دەکرد.

پییەر ئەو پاڵتۆی گالیسکەوانەی لەبەر کرد بوو، کە کاتی خۆی، بۆ جیراسیمی کڕی بوو و، ئەمیش دوای شتن و پاک کردنەوەی، پێی بەخشی بووەوە.

ئەوەبوو دوای ئەوەی، ئەو پاڵتۆیەی پێ لەبەر کردبوو: لەگەڵیدا بەرەو بورجی سۆخارۆڤ چوو بوو، تاکوو دەمانچەیەکیشی بۆ بکڕێت و، لووتیان بە لووتی بنەماڵەی ڕۆستۆڤدا تەقییەوە!

بەشی نۆزدە
ناپلیۆن لە کەناری مۆسکۆدا

لە ڕۆژی یەکەم و دووەمی ئەیلوولدا، کۆتۆزۆف، فەرمانی بە سوپای ڕووس دا، بە کەناری مۆسکۆدا پێچ بکەنەوە و، بچنەوە سەر ڕێگای ڕیازان. هەر ئەو شەوە یەکەکانی بەرایی سوپا، لە سەرخۆ بەو تاریکییە، کەوتنە جوولە.

بەڵام بەرەبەیان لە پردی دوموگۆمیلۆڤی سەر ڕووباری مۆسکڤای ڕۆژئاوای شار، نزیک بوونەوە. بە تۆپەڵ خەڵکیان بینی، پەلەی پەڕینەوەی پردەکەیان بوو و لەوبەرەوە وەستابوون. هەموو ڕێ و بانەکانیان گرتبوو. چونکە لە دوایانەوە چەندین یەکەی سەربازی هەبوو، کە هێندە زۆر بوون، لە ژمارە نەدەهاتن.

بە تەرس و دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە، سوپای ڕووس، بەرەو ڕێڕەوی بەلەمەکان بوونەوە. کۆتۆزۆڤیش کە بەو ڕێبڕانەی زانی، فەرمانی دەرکرد بگەڕێنە دواوە و بە کەناری ئەوبەری مۆسکۆدا بڕۆن.

سەعات دەی سە لەبەیانیی ڕۆژی دووەمی ئەیلوول، تەنیا پاشەبەرەی سوپاکە نەبێت، کەس لە شارۆچکەی دوروگۆمیلۆڤ و دەوروبەری شاردا، نەمابووەوە. بەشی هەرە زۆری سوپاکە مۆسکڤای تێپەڕاند و، لە مۆسکۆ دوور کەوتەوە.

هەر لەو کاتەدا ناپلیۆن و، سەربازانی گەیشتبوونە چیای بۆکلانایا و، لەو بەرزاییانەوە، لەو دیمەنانەیان دەڕوانی.

هەر لە شازدەی ئابەوە، تاکوو دووی ئەیلوول و، هاتنە ناوەوەی سوپا دوژمنەکەی فەڕەنسا و، لە شەڕەکەی بورودینۆوە، کەش و هەوا پاییزانەیەکی زۆر قەشەنگ و خۆش بوو.

تیشکی خۆری نزیک بە ئاسۆی خۆرنشین، لە تیشکی بڵاو بووەوەی بەهاران بە تینتر بوو. مرۆڤیش پڕ بە سییەکانی هەوای پاییزەی هەڵدەمژی. لەو شەوانی ئەنگوستەچاوانەدا، گوڵە ئەستێرە دەبارین و، ترس و خۆشییان لەگەڵ خۆیان بۆ گۆی زەوی دەهێنا.

سەعات دەی بەیانیی، دووی ئەیلوولیش، هەمان جوانیی ئەو یەکەم ڕۆژەی مانگی هەبوو و، هەتاوی ئەو بەیانییەیش ئەفسووناوی بوو. بە تایبەتیش کە لە لوتکەی چیای بۆکلۆناییاوە، لەو زەویانەی بەردەمی و ڕووبارە بریسکەدارەکەی و، گومەزی بریسکاوەی کڵێسەکانی دەدا.

کە ناپلیۆنیش ئەو دیمەنە قەشەنگانە و، خانووبەرە سەرنجکێشانەی بینی، بە ئیرەیی پێ بردنەوە، هەستی بەو جوانیانە کرد.

هەر ڕووسییەک لەو مۆسکۆیەی بڕوانیایە: پێی وادەبوو دایکی خۆیەتی. خۆ ئەگەر بێگانەیەکیش، سەرنجی بەو سیفاتە مێینانەی ئەو شارە بدایە، سەرسام دەبوو! ناپلیۆن خۆیشی هەستی بەوە کردبوو!

ناپلیۆن لە ئەسپەکەی دابەزی و وتی:

"ئەم شارە ئاسیاییە کڵێسە زۆرە: مۆسکۆی پیرۆزە. ئەمە خۆیەتی و، ئەو شارە دێرینەیە! کە لە کاتی خۆیدا، دەستمان بە سەریدا گرت."

فەرمانیدا نەخشەی دیزاییینی ئەو شارەیان لە بەردەمدا کردەوە و، لیلورم دیدڤیڵی وەرگێڕیان بۆ بانگ کرد.

لە مێشکیشیدا وا بیری دەکردەوە:

شارێک دوژمن بیگرێت، وەکو ئەو کێژەی لێ دێت، پەردەی کچێنیی لە دەست دابێت!

لە سمۆلنسک و، توتشوکۆڤیش، کاتێک سەیری ئەو بارو دۆخە نوێیە ڕۆژهەڵاتییە و، ئەو زەویانەی تری بەر پێی خۆی، بە داگیر کراوی کردبوو، هەمان ئەم قسەیەی کردبوو. وەکو خۆی لەو ساتە بیرکردنەوەیدا، هەستی پێ کردبوو، ئەم نمونەیەی وتبووەوە.

ئەوەتا ئەو خەونەیشی کە لە مێژ بوو، ختووکەی دابوو، وا هاتە دی. ئەو خەونەی تا ئەم درەنگانەیش، بە دوورە دەستی دەزانی. خۆیشی ئەو بارودۆخەی پێ نامۆ بوو و، لەو بەیانییە گەش و ڕووناکەدا، دەمێک لەو شارە قەشەنگە نازدارە و، دەمێکیش لە نەخشە و دیزانەکانی دەڕوانی.

لە دڵی خۆیشیدا دەیوت:

بەڵام بڵێی ئەمە ڕاست بێت و، کارەکە پێچەوانە نەبێتەوە! ئەم شارە نازدارە.. لە ژێر

پێی منەوە چاوەڕوانی چارەنووسی خۆی بکات؟ ئاخۆ ئێستا ئەلکسەندەر لە کوێیە!؟ ئاخۆ ئەم ساتەوەختە بیر لە چی دەکاتەوە!؟ ئای! کە شارێکی مەزنی قەشەنگە! ئاخۆ دانیشتوانەکەی لە ژێر ڕۆشنایی چیدا من ببینن!؟

ئا بەو شێوەیە بیری دەکردەوە. سەرەڕای ئەوەیش سەربازەکانی خۆیشی بیر دەهێنایەوە.

سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و، لەو سەربازانەیشی ڕوانی، کە بە ڕێ و ڕەسمێکی، فرە جوان و نیزامیانە، ڕەوتیان دەکرد و، بە خۆیی وت:

ئەمە ئەو بەرهەمەیە، کە دەبێت: پیشانی بێ بڕوایان بدرێن! پێویستە ئەم سەربازانەیش، خەڵات بکرێن! تەنیا بە وشەیەکی من.. یان ئاماژەیەکم: ئەم شارە دێرینانەی قەیسەر: لە دەست دەردەچێت! بەڵام بەزەییم هەمیشە کارایە، لە بە هاناوە چوونی ستەم لێ کراوەتدا. دەروونیشم فراوانە و پێویستە ئەمە بسەلمێنم.

کتوپڕ بە خۆیی وت:

نەخێر! مەحاڵە.. بەم مۆسکۆیە گەیشت بم!! کەچی خۆ ئەوەتا.. بە خۆی و ئەو گوومەزە زێڕینانەیەوە، کە تیشکی خۆرەکە، بەسەریانەوە، دەدرەوشێنەوە و بەرامبەر خۆمن! بەڵام دەیشیان پارێزم و، دواتر زاراوەیەلی دادپەروەری و، بەزەیی لە سەر ئەو تەلارە بااڵیانە بە هێڵی درشت دەنووسم! ئەوە تەلاری درندە و ستەمکارانە! ئەوەیش دەزانم لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا: دواجار ئەلکەسەندەر ئەم کارەم، بەرز دەنرخێنێت!

ناپلیۆن پێی وابوو ئەم ڕووداوانەی ڕوویانداوە، ئەنجامی زۆرانبازیی خۆی و ئەلکسەندەر بووە!

دریژەی بە خۆ دواندنەکەی دا:

بێگومان لەو کریملینە بڵندەوە: یاسای دادپەروەریان پێدەبەخشم! واتای شاری ڕاستەقینەی ئێرەیان تێ دەگەیەنم! وا لە نەوەکانی داهاتوویان دەکەم، کە بە خۆشەویستییەوە، لە داگیرکەری وڵاتەکەیان بدوێن!

بە نوێنەرانیان دەڵێم، کە نە شەڕخواز بووم و، نە شەڕیشم ویستووە. کە ئەم شەڕەیشم تووش بووە، بە هۆی خاوەنشکۆکەتانەوە بووە.

ڕێز لە ئەلکسەندەریش دەگرم و، هەر لێرە و لەم مۆسکۆیەدا، ئامادەم ئاشتەوایی لەگەڵدا بکەم و، پەیمانێکی لەگەڵدا واژۆ بکەم، کە شایستەی گەلەکەم بێت. شەڕخواز نیم و، ئاشتی و ئارامیم بۆ شوێنکەوتوانم دەوێت! ئەوەیش چاک دەزانم ئامادەبوونیان بەهرەی جوانترین گفتوگۆم پێ دەبەخشێت. جۆرێک دەدوێم ئاسایی و ڕوون. بەڵام هەر بە ڕاست... بە ڕاست.. ئێستا من لە مۆسکۆدام!!

بەڵێ.. ئێرە خۆیەتی!!

سەرنجێکی یاوەران و پیاوانی خۆی داو فەرمانیدا:

"ئادەی.. با پیاوماقوولانیان بێنە لام."

ژەنەرالێک لە نێویاندا هاتە دەرەوە و بڕێک لە یاوەرە ناسراوەکانیش شوێنی کەوتن.

دوای دوو سەعات و، دوای ئەوەی نانی خوارد. بەسەر چیای بۆکلۆناییاوە لێی دانیشت و، لە چاوەڕوانیی نوێنەرانی مۆسکۆدا مایەوە.

پێشووتر خاڵە سەرەکییەکانی وتارەکەی بۆ نوێنەران، سەرە قەڵەم کردبوو و، هەمووی گیانی مەزنی و شەرەفمەندی بوو. لە مێشکی خۆیشیدا ڕۆژی کۆ بوونەوەی لە "کۆشکی قەیسەران"دا، دیاری کردبوو. کە تێیدا گەورە ڕێزدارانی رووس و، گەورە بەرپرسانی دەربار دەبینێت و، بە پشت بەستن بە سۆزی دانیشتوانی شارەکە، حاکمیش هەڵدەبژێرن.

کە ئەوەیشی بۆ دەرکەوت: چەند دامەزراوەیەکی خێرخوازی لە مۆسکۆدا هەیە.. بڕیاری دا کە ئەو دامەزراوانە، پاراوی پارە بکات. چونکە لە مۆسکۆدایە و، پێویستە ئەویش وەکوو قەیسەران: بەخشندە بێت و، گەر لە ئەفریقیایش بوایە، دەبوو سەردانی مزگەوتی بالبرنسی بکردایە.

جا بۆ ئەوەی بە تەواوی سۆزی ڕووسییەکان، بۆ خۆی کێش بکات.. وەکوو هەر فەرەنسییەکی کۆڵەوار، لە ئاستی هەموو کارە بەزەیی و سۆز بەخشەکاندا، بە نیاز بوو، لە ڕووی دەرەوەی هەموو دامەزراوەکاندا، لە بری ئەوەی بنووسێت: پێشکەش کراوە بە دایکە کۆڵە بە بەزییەکەم! فەرمانیدا لە سەر ئەو دامەزراوانە بنووسرێت: (ئەم دامەزراوەیە پێشکەش کراوە بە دایکە ئازیزەکەم). بەڵێ ئەو دەقە بوو نەک رستەی "خاتوونی دایکم".

دیسان کەوتەوە بیرکردنەوە:

"بەڵام بڵێی دەستم بە مۆسکۆدا گەیشت بێت و، ئەمە راست بێت!!؟"

هەر خۆیشی وەڵامی خۆی دەدایەوە:

"بەڵێ! ئەوە خۆیەتی‌و لەبەر دەممدایە! بەڵام بۆچی نوێنەرانی شارەکە هێندەیان پێچوو و، هەر نەهاتن!؟"

هەر لەو کاتەدا لە ریزەکانی دواوەی پیاوانی ئیمپراتۆردا، مارشاڵ و ژەنەراڵەکان، بە چرپە دەدوان.. چونکە ئەوانەی کە نێردرابوون، تا لەگەڵ خۆیان پیاوماقوولانی شار بێنن: بێئەوەی کەسیان دەست بکەوێت، گەڕابوونەوە! ئاخر دانیشتوانی شارەکە، هەموویان هەڵاتبوون! لەبەر ئەوە" نێردراوەکانی ناپلیۆن ڕەش داگەڕابوون و، ترسیان لێ نیشتبوو.

هەرچەند ئەم ڕووداوە بۆ خۆی، زۆر مەترسیدار بوو. بەڵام ئەوان خەمی چۆڵ کردنی مۆسکۆیان نەبوو. بەڵکو خەمی ئەوەیان بوو، کە چۆن ئەم هەواڵە بە ناپلیۆنی ئیمپراتۆر ڕابگەیەنن؟ ئەوان بۆ شێوازێک دەگەڕان، کە بە جۆرێک ئاگاداری بکەنەوە: وەکو فەرەنسییەکان دەڵێن: شایانی لاقرتێ و گاڵتەجاڕی نەبێت! ئەگەر بڵێن: چاوەڕوانی

پیاوماقوولان دەکەن. دەبێتە درۆیەکی نەشیاو.. چونکە مۆسکۆ، لە چەند دەمرووتێکی بەدمەست بەولاوە، کەسی تری تێدا نەماوە.

هەندێکی تریان پێیان باش بوو، بچنە نێو شار و، هەرچییەکیان لە رەمەکی خەڵکەکە بەردەست کەوت.. بیانهێننە بەردەم ئیمپراتۆر.

بڕێکی تری دەرباری شاهانە: ئەوەیان پەسەند نەبوو و، دەیانووت بە هەر شێوەیەک بێت، دەبێت ئیمپراتۆر لەو راستییە، ئاگادار بکەینەوە.

ئەو بەڕێزانەی دەربار وتیان:

"پێویستە کۆتایی بەم هەواڵە بێنین.. بەڵام بەڕێزان..."

تا دەهات هەڵوێستیان لە بەرامبەر ناپلیۆندا، بەرەو ئاڵۆزتربوون دەچوو. چونکە ناپلیۆن نوقمی بەخۆ نازین و، جێبەجێ کردنی نەخشەکانی خۆی بوو. تا دەهات چاوەڕوان کردنەکە شپرزەتری دەکرد.

دەهات و دەچوو و، خۆی وا پیشان دەدا، کە ئارامە. جار و بارێکیش، دەستی دەبرد بۆ کەناری شەپقەکەی و، سەیری شارێی بەرەو مۆسکۆی دەکرد.

یاوەرانی دەرباری شاهانە، هەر مقۆمقۆی هەواڵەکەیان بوو و، لە ژێر لێویشەوە دەیانووت: پێویستە بە جۆرێک تێی بگەیەنین: نەبێتە جێی گاڵتە و لاقرتی.

بەڵام دواتر هەر خۆیان وتیان:

بەڵام ئەوە مەحاڵە...

لەو کاتەدا، ئیمپراتۆریش چاوەڕوانیی: ماندووی کردبوو و، وا هەستی دەکرد وەکوو ئەکتەرێکی کۆمیدیی لێهاتووە و، درێژبوونەوەی کاتەکە، ماندووی کردبێت. دواتر سەرێکی لەقاند و دەستی بادا.

تۆپچی تێی گەیشت و، یەکەم تۆپی بەرەو ناو شارەکە تەقاند و، ئەمە ئاماژەیەکیش بوو، بۆ تۆپخانەکانی کەنارەکانی شارەکە، تا ئەوانیش تۆپبارانی خۆیان دەست پێ بکەن.

هێندەی پێ نەچوو، یەکە سەربازییەکانی کالوگا و، دورۆگۆمیلۆڤ، کەوتنە پێشبڕکێی خۆ کردن بە نێو مۆسکۆدا. یەکەکانی سوارە و، یەکەکانی پیادە، لە پێشبڕکێی هەرچی زووتری، چوونە ناوەوەدا بوون و، پەڵەی تەپوتۆزی رێگا گڵەکەیش، بە سەریانەوە، پەنگی خواردبووەوە.

ئەو پێشبڕکێیە وای کرد، کە ناپلیۆنیش لە تەکیاندا بگاتە دەروازەی دوورۆگۆمیلۆڤ. بەڵام لەو شوێنەدا، فەرمانی پێدان، کە ئیتر بووەستن و، خۆیشی چاوەڕوانی نوێنەرانی شارەکە بوو.

بەشی بیستەم
مردووانی نێو پووڕە هەنگەکە

وەنەبێت کە مۆسکۆ چۆڵ کرا، ئیدی هیچ کەسێکی تێدا نەمابێت. (٢%)ی دانیشتوانی شارەکە، مابوونەوە. بەڵام و وەکو ئەو پووڕە هەنگەیان لێهاتبوو، کە شاهەنگەکەیان جێ هێشتبن و، چاوەڕێی مردن بن.

هەرچەند لە ڕووکەشدا بە جووڵە و چالاک دەردەکەوتن. بەڵام لە ناخدا مرد بوون. لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا، چەند هەنگێک بە دەوریدا دەخولایەوە، وەکوو ئەوەی پووڕەکە زیندوو بێت و، بۆنی هەنگوین ئەو ناوەی پڕ کرد بێت. تەماشاچییش هەنگ ببینێت لێی دێنە دەرەوە.

بەڵام ئەو خولانەوەیە بە دەوری شارەکەدا، هەمان سووڕانەوەی هەنگ نییە، بە دەوری پووڕەیەکی زیندوودا. ئەگەر یەکێک لە دیواری پووڕە هەنگەکە بدات. ئەوا بە دەیان هەزار، هەنگ بە هووترە دێنە دەرەوە و، دەیکەنە دەنگە دەنگ و هەرا. بەڵام ئەگەر ئەو پووڕە هەنگە ژیانی تێدا نەمابێت.. ئەوا لە وڕەی پێکدادانی باڵی چەند هەنگێک بەولاوە هیچی تر نابیسترێت.

مرۆڤ هەست بە بۆنی سپرتۆیەکی بۆندار و، هەنگوین ناکات. هەست بەو بەرامەیە ناکات، کە بە نێو خەڵکەکەدا بڵاو دەبێتەوە. بەڵکو تێکەڵ بە بۆنی گەنیوی دەبێت. ئیدی هەنگە مێیە پاسەوانەکانیش، وەکو جاران نابنە پاسەوانی دەروازەی پووڕەکە و، خۆیان بە کوشت نادەن لە پێناویدا.

ئەو گفتوگۆ و دەنگە دەنگەی ژیان و، چالاکییان کە لە دەنگی کولاندنی ئاو دەچێت.. نامێنێت. تەنیا جوولەی هەڕەمەکیی ناجۆر و، چوونە ژوورەوە و، هاتنە دەرەوەی مێشە رەشە و، ونبوونی پاسەوانی کردن دەبینرێت. ئەو مێشە رەشانە دەبینرێن، کە نوقمی هەنگوینن.

بێ لەو مێشانە، تەنیا هەنگانێک دەبینرێن کە بە کۆلا و بارەوە، خۆیان بە کووڕەی هەنگەکەدا دەکەن و، لەو سەرەوە بە دەستی خاڵی دێنە دەرەوە. لەگەڵ تالانکاراندا ئەو کووڕەیە جێ دێڵن. کە هەنگەوانەکەیش، لە بەشی خوارەوەی پووڕەکە دەڕوانێت، هەنگەکان بە ونگە ونگ، مێو بە سەر خانەکاندا دەڕێژن.

هەنگە مێینە ماندووە بێزارەکانیش، لەملا و ئەولای کووڕەکەدا، دەبینرێن. تۆپەڵ تۆپەڵ، هەنگوینی رژاو و، لاشەی چەندین هەنگ، کە لە گیانەلادان و، هێشتا چوارپەلیان دەجوولێتەوە و، بڕێک هەنگی مردوویش، لەو دەورە کەوتوون و لە شوێنەکەی خۆیان لا نەبراون.

کە هەنگەوانەکە، شانەکەی سەرەوە رادەکێشێت و، لێی دەڕوانێت. لە بری ئەوەی رۆحی ئەو هەنگوینە و، خانە ئاوەدانەکان بە گەرا و هەنگوین ببینێت، خانە ئەندازەییەکان دەبینێت، بەڵام بە چۆڵی!

هەموو شوێنەکانی پووڕەکە چۆڵ و بە جێماوە. هەموو شتەکانیش پیس و ئاڵۆز بوون. مێشە رەشە تالانبەرەکانیش، لێزانانە دزەیان کردووەتە، نێو پووڕە هەنگەکە و، هەنگە مێیە کارەکەرە لاواز و شکستخواردوو و، بێدەسەڵاتەکانەوە.

لەولایشەوە دوو هەنگە مێینە، بە تووڕەییەکی فرەوە، پەلاماری هەنگە مردووەکان دەدەن و، دەیانبەنە دەرەوەی پووڕەکە و، فڕێیان دەدەن و دەگەڕێنەوە و، دوانی تر دەبەن. بێئەوەی خۆیشیان بزانن چی دەکەن؟

لەولاتریشەوە دوو هەنگە مێینە پیرەیش، هەر خەریکی پاک کردنەوەی خۆیان دەبن و، ناوەناوەیش خواردن دەکەن، بە دەمی یەکەوە! بێئەوەی بە خۆیان بزانن کارێکی چاک دەکەن: یان خراپ؟

لە سووچێکی تری کووڕەی هەنگەکەدا تۆپەڵێک هەنگی لێیە و، یەکتری ژێر پێ دەخەن. یەکێکیان پەلاماری نێچیرەکەی خۆی دەدات و، دەیکوژێ. هەنگە کوژراوەکەیش، وەکوو بڵقی سەر ئاوی لێ دێت و، دەکەوێتە خوارەوە و، نێو هەنگە مردووەکانی تر و، ون دەبێت.

ئەمجا هەنگەوانەیش شانەی ناوەڕاست رادەکێشێت و، لە بری ئەوەی بە هەزاران هەنگ و چەندین تۆپەڵەی ڕەشەوەبوو، ببینێت: پشتیان لە یەک کردبێت و، چالاکانە کار بکەن... چەند سەد هەنگێک دەبینێت: سست و ماندوو و، نیوە گیانن! هێندە لاوازن، کە ئەگەر بە

دەستی هەنگەوانەکەیشەوە بدەن، خۆیشیان نامرن!

زۆرێکیش لەولاترەوە مردوون. ناچار هەنگەوانەکە لە هەلێک دەگەڕێت، تا ئەو پووڕە هەنگە، بێنێتە دەرەوە و بیسووتێنێت.

مۆسکۆیش وەکو ئەو پووڕە هەنگە چۆڵ بوو و، ناپلیۆنیش برۆکانی یەک هێنابووەوە و، لەولاوە بە بێزارییەوە، لە لای دیواری حەوشەی "کۆلیژ دۆلاشامبەر"وە دەهات و دەچوو. چاوەڕوانی گەیشتنی نوێنەرانی مۆسکۆی پایتەخت بوو. هەر چەند ئەوە کارێکی باو بوو. بەڵام رۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو. ناپلیۆن پێی وابوو ئەوە ڕێ و ڕەسمێکی پێویستە.

لە هەندێک کووچە و کۆڵانەکاندا، خەڵکانێکی بێکارە دەهاتن و دەچوون. بێ ئەوەی خۆیشیان بزانن چی دەکەن!؟

کە هاتن بۆ لای تا کار و ڕێ و شوێنی پێویست بگرنە بەر، بۆ ئەم بار و دۆخە، پێیان وت، مۆسکۆ چۆڵە! هەڵوێستەیەکی کرد و کەوتەوە هاتوچۆ کردنەکەی خۆی.

ئەمجا گەڕایەوەو فەرمانیدا:

"گالیسکەکەم بۆ بێنن."

سواری گالیسکەکە بوو و، یاریدەدەرە سەربازییەکەیش بە دوایدا سەرکەوت.

ناپلیۆنیش لە بەرخۆیشیەوە هەر دەیووت و دەیووتەوە:

"مۆسکۆ چۆڵە لە دانیشتوانەکەی! ئای! کە شتێکی بڕوا پێ نەکراوە!"

ناپلیۆن خۆی نەکرد بە شارەکەدا! بەڵکو لە خانێکی شارۆچکەی دوروگۆمیلۆڤی کەناری مۆسکۆ لایدا.

بە هێندە ئەو سپرایزە شانۆگەریەیش، کۆتایی هات.

بەشی بیست و یەك
راو و ڕووت و تالآنکاری

هەر لە سەعات دووی بەیانییەوە، سوپاکەمان، مۆسکۆی چۆڵ کرد و، بریندار و لە پێکەوتووانی، بە دوای خۆیدا کێش کرد. لەو ماوەی چۆڵکردنەی سوپادا، گەورەترین قەرەبالغیی، لە سەر پردەکانی پییەر و مۆسکڤا و، ئەیاووزا دروستبوو.

لە کاتێکدا یەکەکانمان بە دەوری کریملندا بووبوونە دوو بەشەوە. بە دەوری دوو پردی مۆسکڤا و پییەردا، مۆڵیان خواردبوو. ژمارەیەکی فرەی گاڵتەپێنەکراو ئەو هەلی پشێویی وەستاندنی سوپاکەیان قۆستەوە و، بەرەو دوا گەڕانەوە و، خۆیان دزییەوە و، بە بێدەنگی بە دەڕژایی ڕێگای کلێسەی "ڤازیلی پیرۆز"ی مەزندا و، ڕێی دەروازەی بوورۆڤینسکی، تاکوو گۆڕەپانی سوور، گەڕانەوە دواوە نێو مۆسکۆ. بە خۆیشیان دەوت تالآن و راو و ڕووت لەم شوێنەدا لە هەموو ئەو شوێنانەی تر، ئاسانترە!

ئەو کۆمەڵە سەربازە تالآنچی و، راو و ڕووتکەرانە، لە هەموو لایەکەوە رووبان کردە جۆستینیە دڤوور. ئەو سەربازە تالآنچییانە شوێنی فرۆشیارە دەستگیرەکانی ئەو هەڕێمەیان گرتەوە و، بە خۆیان و بەرگە فەرمی و، لە چەک دامالڕاو و، پاڵتۆ دڕێژەکانیانەوە، بە دەستی بەتاڵەوە خۆیان دەکرد بە کۆڵانەکاندا و، بە باڕێک شت و مەکی تالآنییەوە، دەچوونە دەرەوە!

بەشێکی کەمی بازرگانانیش، بە ترسەوە بە نێو ئەو سەربازە تالآنچییانەدا دەگەڕان و، دوکانیان بۆ دەخستنە سەر گازی پشت.

لە گۆڕەپانی جۆستینیە دڤوریشدا، تەپڵکوتان هەر خەریکی بانگەواز خوێندنەوە بوون، بۆ سەربازە تالانچی و راو وڕووتکەران. بەڵام بەو کارەیان لە بری کێشکردنی لە سوپا هەڵاتووانی فیرار: دوورتری دەخستنەوە. زۆری پێ نەچوو لە نێو ئەو سەربازە پاڵتۆ لەبەرانەیشدا، کە دوکانەکانیان دەبڕی و، راووڕووتیان دەکرد، سەربازانێکی پاڵتۆ خۆڵەمێشیی سەرتاشراو پەیدا بوو بوون. دوو ئەفسەر لەوانە یەکێکیان مەدالیایەکی لە بەرۆک دابوو و، سواری ئەسپێکی چوارپەل کورتی لاوازی کاهی ڕەنگ بوو بوو. ئەوی تریشیان پاڵتۆیەکی ئاوامانی تا قولەپێی لەبەردابوو. لەسەر گۆشەیەکی ئیلئینکادا وەستابوون و، خەریکی وتوێژ بوون.

سێیەمیشیان بە غار کردن بە ئەسپەکەیەوە، گەیشتە سەریان و پێی وتن:

ـ ژەنەرالا فەرمانی دەرکردنی هەموویانی داوە! زۆر بە پەلە و، بە هەر نرخێک بێت. ئەمە ئەو پەیمانەیە کە لە وەسف کردن نایەت!

بەمەیش بڵاوەی بە نیوەی سوپاکە کرد! لەو کاتەدا سێ سەرباز بەبێ چەک و، بە بەرچاوییەوە، خۆیان کرد بە کۆڵانێکدا و، چمکی پاڵتۆکانیان گرێ دابوو.

ئەویش هاواری لێ کردن:

"ئەرێ ئەوە بۆ کوێ دەچیت!؟ ئێوەیش، رسوایان بوەستن!"

ئەفسەرێکی تر، وەستا و هەڵیدایە:

"دەتەوێت بیانوەستێنیت!! هیچت بە دەستەوە نییە، بۆ وەستاندنیان! وا باشە تۆ بگەڕێتەوە و، فریای ڕاکردنی ئەو سەربازانە بکەویت: کە تاکو ئێستا لە ریزەکانی لەشکرەکەتدا ماونەتەوە. هەر ئەوەندەیشت بۆ دەکرێت."

ئەویش پرسیی:

"ئاخر چۆن دەتوانین بەرەو پێش بڕۆین!؟ لە کاتێکدا ئەم هەموو سەربازانەیان، لە دەوروبەری ئەم پردە مۆڵیان داوە و، هێندە قەرەبالغییە، ناتوانن لەمە زیاتر بەرەو پێشەوە بڕۆن. دەبێت ریزەکان وا ڕکێف بکەین، ریزەکانی دواوە، پەرش و بڵاو نەبنەوە."

ئەفسەرێکی گەورەیش هاواری کرد:

"کەوابوو بەرەو ئەوێوە بڕۆ و، هەڵیان ببڕە! شوێنیان بکەوە."

ئەوەیان کە مەدالیاکەی پێوە بوو، لە ئەسپەکەی دابەزی و، تەپڵکوتەکەی بانگ کرد و، هەر هێندە ئەو دوانە، خۆیان بە کۆڵانەکەدا کرد، کتوپڕ کۆمەڵێک سەربازیش دیار نەمان."

بازرگانێکی چەناگە چاڵی، لووت زیپکاوی، کە لە پیاوێکی حیسابی دەچوو، لەو ئەفسەرە هاتە پێشەوە و دەستی هەڵ تەکاند و وتی:

"نەجیبزادەکەم، بفەرموو با بمپارێزن. کۆڵینەوەیەکی فرە ناکەین و، لە پەزیراییتداین. گەر کوتاڵی چۆغەت گەرەکە، چەندت دەوێت بۆت ئامادە دەکەم. بەڵای کەمەوە خانەدانێکی وەکو تۆ، دوو پارچەی پێویستە. ئێمە لە پەزیراییتداین و، چاک هەست بە شتەکان دەکەین.

بەڵام قوربان چی روو دەدات!؟ فەرهوود و راووڕووت کردنە! هێندە بمانپارێزن تاکو دوکانەکانمان دادەخەین."

کۆمەڵێکی تری دوکاندار، لە ئەفسەرەکە کۆبوونەوە. دەم و چاو درێژکۆلەیەکی زیتەڵە لە هاوڕێکەی خۆی پرسی:

"چیە! تۆ هەر 'دەقیژێنیت و هیچ نالێیت!؟ پێویستە کە سەرێکیان پەڕاند، قژەکەی سەر، نەگرییت!"

نیوە لا کردنەوەیەکیش بەلای ئەفسەرەکەدا لای کردەوە و لە سەری ڕۆیشت:

"حەزت لە چییە، بە ئارەزووی خۆت، هەڵببژێرە."

فرۆشیاری یەکەم هەڵیدایە:

"تۆ ئەی ئیڤان ڤیدرۆڤیتش، بە ئارەزووی خۆت قسە دەکەیت! تکایە ئەی نەجیبزادە لەگەڵ من وەرە."

فرۆشیارە باریکەلەکەیش هەڵیدایە:

"چۆن چۆنی.. بە ئارەزووی خۆم، قسە دەکەم!؟ خۆ تەنیا لە سێ دوکانەکەمدا، بایی (٣٠٠٠٠٠) ڕۆپڵ شتومەکم دانـاوە! ئـەگەر سوپاکەمان ئێرەیش چۆڵا بکات، چۆن دەتوانین پارێزگاری لە کوتالا و شتومەکەکانی خۆمان بکەین؟ هەرچەند ئەوەیش دەزانین هەرچییەک خوا نەیکات.. نابێت!"

فرۆشیاری یەکەم داموکایەوە و، کڕنووشی بۆ ئەفسەرەکە برد و وتی:

" خانەدان تکات لێ دەکەم!"

ئەفسەرەکەیش بە ئاشکرا، دڵەڕاوکێ بە ڕوخسارییەوە دیاربوو.

لە ناکاو خۆی بە چوخمێکدا کرد و هاواری کرد:

"دوای ئەم هەمووڕووداوانە، بۆ من هەموو شتەکان وەکو یەکن."

کە ئەفسەرەکە لێی نزیک بووەوە. لە نێو دوکانەکەدا هەموویان بە گڕ یەکدا دەچوونەوە.

پیاوێکی پاڵتۆ خۆڵەمێشییان، لە دوکانە پڕ ژاوەژاوەکە کردە دەرەوە. پاڵتۆ خۆڵەمێشییەکە خۆی داموکانەوە و، خۆی کرد بە نێوان فرۆشیاران و، ئەفەسەرەکەدا و، خۆی ون کرد.

ئەفسەرەیش هات بە سەروگوێلاکی ئەو سەربازانەی، لەو دوکانەدا بوون! بەڵام هەر لەو کاتەدا، هاوڵاتیانی سەر پردەکەی مۆسکۆا کردیانە قیژو هوڕ!

ناچار ئەفسەرەکە بە هەڵەداوان گەڕایەوە گۆڕەپانەکە و پرسیی:

"ئەوە چی ڕوویداوە؟"

بەڵام بە درێژایی ڕێی، بەرەو کڵێسەی: ڤازیلیی پیرۆزی مەزن، قیژوهۆڕ لە خەڵکەکە بەرز ببووەوە!

ئەفسەرەکە و، یاوەرانی سواری ئەسپەکانیان بوونەوە و، بە غار پردەکەیان تێپەڕاند. دوو چەکی تۆپهاوێژی بینی، کە پێچکەکانیان دەرهێنرابوو. هەر سەربازیش بوو، بە پیادەڕەوی دەڕۆیشتن.

چەند گالیسکەیەکی گوازەرەوەیش هەڵگێڕدرابوونەوە! گالیسکەیەکی جووت ئەسپەیش، لەولاوە وەستابوو. چوار سەگی راوییش، پێکەوە بەسترابوونەوە. سەر گالیسکەکەیش، کێوێک شتومەکی بە سەرەوە بوو.

لە سەروو ئەو بارە بڵندەیشەوە، ژنێک دانیشت بوو. قاچەکانی لە هەوادا بوو و جۆرێک دەیقیژاند، کە بەنی دڵی دەپچڕاند.

هاوڕێیانی ئەفسەرەکە تێیان گەیاند، کە کاتێک ئیرمۆلۆڤ زانیویەتی سەربازەکانی خەریکی بە تاڵانبردنی سامانی هاوڵاتیانن و، راووڕووت دەکەن و، هاوڵاتیانیش بۆ دەربڕینی ناڕەزایی، ڕێی پردەکەیان لە سوپا بڕیوەتەوە.

بڕیاری داوە کە ئەو پردە تۆپباران بکات و، ئەو خەڵکە و سەربازەکانیش بە پەلە ویستوویانە، لە پردەکە بپەڕنەوە! بەو هۆیەوە بۆتە قەرەباڵغی و ئەو هەموو رووداوانە، لەو شپرزەبوونەی خەڵکەکەوە، دروست بووە و، چەندین گالیسکە قڵپ بوونەتەوە!

دواجار ڕێی پردەکە کراوەتەوە بۆ سوپاکەی "ئیرمۆلۆڤ" و پێیدا پەڕیونەتەوە.

بەشی بیست و دوو
ماڤراو ئەفسەرە نەناسراوەکە

لەو کاتەدا، ناوەڕاستی مۆسکۆ چۆڵ و، تاک و تەرایەک خەڵک دەبینرا. دەرگای دوکان و بازاڕ و خانوبەرەکان، داخرابوون. ناوەناوە مەیفرۆشەکان دوکانیان کرابووەوە و، گۆرانیی بەدمەستەکان دەبیسترا.

گالیسکەیەک چییە، بە سەر شەقامەکانەوە نەدەبینرا و، بە دەگمەن ترپەی پێی کەسێک بە ڕێگاکانەوە دەبیسترا! بۆڤارسکاییا چۆڵ و کپ و خامۆش بوو و، حەوشە فراوانەکەی کۆشکی بنەماڵەی ڕۆستۆڤیش، بە جوانی دەبینرا و، هەرچەند پووش و پەڵاشی بڵاو و، تەرس و شیاکەی ئاژەڵان بە ناوەدا بڵاو بوو بووەوە. بەڵام بە خەڵک چۆڵ بوو.

لەو کۆشکە مەزنەدا هەرچی سامانی بنەماڵەکە هەبوو، مابووەوە و، هیچیان نەبردبوو. تەنیا ئۆنیاسی دەرگاوان و، خزمەتکارە چکۆلەکەی، میشکای ناو بوو و، لە نەوەی ڤاسیلیتش بوو، لەو کۆشکەدا مابوونەوە.

میشکا پۆشەرەکەی سەر ئەرغۆنەکەی لادابوو و، بە پەنجەیەک پیانۆی لێ دەدا و، دەرگاوانەکەیش هەردوو دەستی لە کەمەر نابوو و، لە بەردەم ئاوێنەیەکی هەڵواسراودا، بە خۆی پێدەکەنی!

لە ناکاو میشکا بە هەردوو دەست، کەوتە پیانۆ لێدان و، هاواری کرد:

"مامە ئینیاس.. سەیرم بکە! ئەها دەتوانم ئەرگۆنەکە بژەنم! وا نا؟"

ئینیاسیش، کە هێشتا ڕووی گەشاوەی وای بە خۆیەوە نەدیبوو! وتی:

"بڕوات پێ دەکەم."

خانمی ماڤرا کوزمنیتشنا، به دزییەوە خۆی کرد بە ژووردا، پێی وتن:

"ئێوە رووزەردیی ناکێشن! بە راستی دەبوو، تەریق ببوونایەتەوە! بە تایبەتی ئا ئەم قەڵەوە فوودراوەی، کە لە قاقای پێکەنین دەدا و، دەقریکێتەوە! ئاخر دەبوو ئێوە شتەکانتان رێک بخستایەتەوە! بەڵام ئێوە هەر بۆ ئەمە باشن! ئەوە ڤازیلیتشە خۆی بە پێوە بۆ راناگیرێت! کەمێک چاوەڕێ بن.

ئینیاس قایشەکەی پشتی رێکخستەوە و، سەری داخست و، بزەکەی لێوانی تەری و، تەریقیی کێشا و، لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

بەڵام میردمنداڵە پیانۆژەنەکە وتی:

"پووڕە چکۆلانەکەم.. ئێتر بە ئارامی پیانۆکە دەژەنم."

خانمی ماڤرایش دەستی لێ بڵند کردەوە و پێی وت:

"منیش بە ئارامی سزایەکی شایستەت دەدەم. راکە سەماوەرەکە ساز بدە."

ماڤراکوزمنیتشنا پیانۆکەی، لە تەپو تۆزەکەی پاککردەوە و، دایپۆشییەوە و، هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا و، لە هۆڵەکە چووە دەرەوە و، دەرگاکەی کڵۆم دا.

کە گەیشتە حەوشەکە وا بیری کردەوە:

"ئێستا پێویستە بۆ کوێ بچێت!؟ خۆی بکات بە ژوورەکەی ڤاسیلیتشدا و، چایەکی لەگەڵ بخواتەوە؟ یان بچێتە گەنجینەی شتومەکەکانەوە و، ئەو شتانە رێک بخاتەوە، کە بە پەرش و بڵاوی جێیان هێشتووە؟"

دەنگی هەنگاوێکی خێرا لە شەقامە کپ و چۆڵەکەدا، بڵند بووەوە و، لە بەردەم بەلەکۆنەکەدا کپ بووەوە. ئەمجا دەستێک خەریکی کردنەوەی دەروازە دوو تاکییەکە بوو.

خانمی ماڤراکوزمینیتشنا، لە دەروازەکەوە نزیک بووەوە و هاواری کرد:

"کێت دەوێت؟"

ئەوی ئەودیو دەروازەکەیش، وەڵامی دایەوە:

"کۆنتم دەوێت.. کۆنت ئیلیا ئاندرییڤیتش ڕۆستۆڤ."

خانمیش پرسییەوە:

"ئەی خۆت کێیت؟"

دەنگێکی زووسیی نزیک بە دل، وەڵامی دایەوە:

"ئەفسەرێکم و دەمەوێت ئەو ببینم."

خانمی ماڤرا دەرگا دوو تاکییەکەی لێ کردەوە و، ئەفسەرێکی هەڕدە سااڵنە خۆی کرد بە ژووردا. شێوەکەی ڕوخساری ڕۆستۆڤی بیر هێنایەوە.

خانمی ماڤرا بە ڕوویەکی خۆشەوە وتی:

"بەڕێزەکەم... هەموویان سەفەریان کردووە. دوێنێ ئێوارە سەفەریان کرد."

ئەفسەرە لاوەکە، زمانێکی بە لێوانی خۆیدا هێنا و، تووشی دڵەڕاوکە بوو و، نەیدەزانی چی بکات. لەگەڵیدا بچێتە ژوورەوە، یان بچێتە دەرەوە!؟

بە دەنگی بڵند وتـــی:

"ئـای کە جێی داخـە! ئـۆو چەندە جێی داخە!"

لـەو کاتـەدا مـاڤرا کوزمینیتشـنا بـە سـۆزەوە لـەو ئـەفسەرە لاوەی دەڕوانـی. چونکـە سیماکەی خێزانەکەی ڕۆستۆڤی وەبیر دەهێنایەوە.

ئەمجا لێی پرسی:

"بۆچی دەتویست: کۆنت ببینیت؟"

ئەفسـەرە لاوەکە، بە نیازی چوونە دەرەوە، لە دەروازەکە نزیک بووەوە و وتی:

"تازە کاتەکەمان لە دەست دەرچووە و، چارەمان نەماوە!"

کەمێک بێدەنگ بوو و، دواتر هەڵیدایە:

"لەبەر ئەوەی من خزمی کۆنتم و، ئەویش خاتری منی زۆر دەویست."

ئەمجا سەرنجێکی پاڵتۆ و پێڵاوەکانی خۆی دا و وتـــی:

"ئەو هەموو ڕێیەم بڕیوە و، گەیشتوومەتە ئێرە. پارە و پوولم پێ نەماوە بۆیـە هاتووم بۆ لای کۆنت."

ماڤرایش قسەکەی پێ بڕی و وتـی:

"خولەکێک چاوەڕوان بە! تەنیا خولەکێک!"

هەرکـە ئەفسـەرەکە، تـاکی دەروازەکـەی بـەردا، مـافرا بـە هـەنگاوی پیرەژنانـە بـەرەو نـاوەوە هەنگاوی نـا. لاوەکەیش سـەری داخست و، کەوتـە سـەرنجدانی پێڵاوە دڕاوەکانی خۆی.

بە تارمەکەدا دەهات و دەچوو و، لەبەر خۆیەوە دەیوت:

"جێی داخە کە مامەم نەبینی! بەڵام بە خوا ئەمیش ژنێکی مـەرد دیـارە! ئـەرێ ئەوە بۆ کوێ چوو؟ بمزانیبایە لە سـەر کـام شـەقامـ.. تـاکو پەیوەندیم بـە فەیلەقەکەمـەوە بکردایـە. ڕەنـــگە ئێسـتا فەیلەقەکـەم لـە "ڕۆگۆجسـکاییا،وە ــ بـــەربەستێکە دەکەوێتـە ڕۆژهـەڵاتی مۆسکۆوە ـ نزیک بوو بێتەوە."

مـاڤرا کوزمینیتشـنا بـە ڕوویـەکی خۆشـەوە، لـە گۆشـەیەکی حەوشـەوە دەرکـەوت و، دەسـرۆکەیەکی لـوولکراوی بـە دەسـتەوە بـوو. کـە گەیشـتە لای ئەفسـەرەکە، لـوولیی دەسرۆکەکەی کردەوە و، بیست و پێنج ڕۆپڵی لێ دەرهێنا.

به جوانی دەستی بۆ ئەفسەرەکە درێژ کرد:

"گەر خاوەن شکۆ خۆی لێرە بوایە.. بەڵام من ڕەنگە بتوانم.. ئێستایش..."

ماڤرا لە تەریقیدا خۆیشی نەیدەزانی چی دەڵێت.

لاوەکە نە بەڕێەرچی دایەوە و، نە بە پەلەیش بوو. پارەکەی لێ وەرگرت و سوپاسی پیرەژنەی کرد.

پیرەژنەیش دووبارەی کردەوە:

"ئەگەر کۆنت خۆی لێرە دەبوو.. خوا ئاگادارت بێت بەڕێزە نیانەکە."

داموکایەوە و تا بەر دەروازەکە شوێنی کەوت و پێی وتەوە: خوات لەگەڵ.

لاوەکەیش بزەیەک گرتی و، لەوە دەچوو گاڵتەی بە خۆی بێت! هەر بە لۆقە کردن، بەو شەقامە چۆڵ و کپانەدا، بەرەو فەیلەقەکەی خۆی بۆی دەڕچوو.

ماڤرا کوزمینیتشنایش، ماوەیەکی فرە، لەودیو دەرگا داخراوەکەوە مایەوە و، چاوانی نوقمی فرمێسک بوو بوو.

شەپۆلی سۆز و بەزەیی، بەرامبەر ئەو ئەفسەرە لاوە رایتەکاندبوو و، ناوەناوەیش سەری رادەوەشاند.

بەشی بیست و سێ
قیڕو هوڕەکە

لە خانوویەکی نوێی سەر شەقامی فارفارکادا، کە هەر نهۆمی سەر زەوییەکەی تەواو بووبوو و، کرابووە مەیخانە، قیڕو هوڕ و، دەنگی گۆرانیی سەرخۆشان و، بەدمەستان، ئەو ناوەی پڕ کردبوو.

دە دوازدە کەسێک، بە دەوری مێزێکەوە و، بە چاوانی سوور هەڵگەڕاو و، ڕوخساری عارەقاوییەوە، لە ژوورێکی پۆخڵدا دانیشتبوون. لەوپەڕی سەرخۆشییاندا دەمیان پان دەکردەوە و، بێ ئەوەی دەنگیان لەگەڵ یەکدا یەک بخەن و، شێوەیەکی قەشەنگ بە گۆرانییەکە بدەن، گۆرانییان دەچڕی.

خۆ بۆ ئەوە نەیاندەگوت، کە حەزیان لە گۆرانییەکە بووبێت! بەڵکو ئەوەیان بۆیە دەکرد، تاکو بیسەلمێنن، کە سەرخۆشن و، چێژیان لە خواردن و خواردنەوەکەیان وەرگرتووە!

تەنیا لاوێکی زەبەلاحی گەنم ڕەنگی، کراس شینی پان و پۆڕ لەبەر، لە نێویاندا بە پێوە بوو، کە لووتێکی باریکەلە و، دەمێکی پەل و، چاو و برۆ ناڕێکی هەبوو. دەنگی وتنی گۆرانییەکەی، بە سەر ئەوانی تردا زاڵ بوو. سەردەستی قۆڵێکی کراسەکەی تاکو ئانیشکی هەڵکردبوو و، پەنجەکانی پۆخڵ و لە یەکەوە دوور بوون. زوو زوو قۆڵە هەڵکراوەکەی دادەکەوتەوە و، بە دەستی ڕاستی بێ ئەوەی پێی بێزار بێت، هەڵی دەکردەوە.

لای دەرگاکەوە قیڕوهوڕ پەیدابوو و، ئەو لاوە زەبەلاحەیش هاواری لێ کردن:

"هاوڕێیان.. بەسیەتی شەڕ مەکەن!"

بێئەوەی قۆڵی کراسەکەی دابداتەوە، بەرەو پلیکانەکە چوو. کرێکارەکانی تریش شوێنی کەوتن. ئەو کۆمەڵە کرێکارە، بە سەرکردایەتیی ئەو لاوە زەبەلاحە، لە کارگەوە هاتبوون بۆ ئەو مەیخانەیە و، لەگەڵ خۆیان پێستەیان هێنابوو، تا لە حەقی ئەو مەیەدا کە دەیخۆنەوە، بیدەن بە خاوەن مەیخانەکە.

کرێکارانی کارگەی ئاسنیش، کە گوێیان لەو قسیڕوهوڕە بووە، کە لەو مەیخانەیەوە دێت، پێیان وابووە تاڵانچییانن و، داویانە بەسەر ئەو مەیخانەدا و، ئەمانیش بە زۆرخۆیان کردووە بە مەیخانەکەدا.

لەو کاتەدا کە کرێکارەکان گەیشتنە بەر دەرگای مەیخانەکە، خاوەن مەیخانە دەستی دابووە، یەخەی ئاسنگەرێک و، نەیهێشتبوو، بێتە ژوورەوە.

ئاسنگەرەکە لە دەستی مەیخانەچی دەرپەڕی و، لە سەر زەوییەکە رەهێڵا بوو و، سەری پێش لەش و لاری، دای بە زەویدا. هاوڕێیەکی کەوتووەکەیش، پەلاماری دەرگاکەی دا و، بە هەردوو دەستی، قورگی مەیخانەچییەکەی گرت.

لاوە قۆڵا هەڵکراوە زەبەلاحەکەیش، مستەکۆڵەیەکی دا بە نێوچاوانی ئاسنگەرە هێرشبەرەکەدا و هاواریشی کرد:

"هاوڕێیان فریامان بکەون، ئەمانە لێمان دەدەن!"

ژنێکی ماڵە دراوسێکەی مەیخانەیش قیراندی:

"ئۆی! خوایە گیان! خۆ ئەوە مەرگیان پێشاندا!"

خەڵکێکی فرە لەوەیان کۆبوونەوە، کە دەم و چاوی، خەڵتانی خوێن بوو بوو.

یەکێکیان رووی کردە مەیخانەچی:

ــ بە دامالینی پارە و پوول و، پۆشاکی هەژاران و نەداران، کۆڵت نەدا! ئەوەتا چاویشت لە خۆیان بڕیوە و، پێستیان دەبەیت بۆ دەباغانە.. هەی دزی چەپەڵ!

لاوە زەبەلاحەکەیش، دەمێک لە مەیخانەچی دەڕوانی و، دەمێکیش لە کابرای ئاسنگەر... هەر وەکو ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە، ببێتە لایەنگری کامیان!

لە ناکاو مەیخانەچی هاواری کرد:

"هەی کوژەر!! ئادەی هاوڕێیان هەر ئێستا قۆڵبەستی بکەن!"

کە مەیخانەچییەکەیان، بۆ دا بە زەویدا، ئەویش شەپقەکەی سەری داگرت و، چەند جارێک کێشای بە زەویدا و وتی:

"ئای ئای!! خۆ ئەوە خۆم قۆڵبەست دەکەن!"

لەوە دەچوو پرسیارەکەی کاریگەر بووبێت، بۆیە هێرشبەرانی، بڵاوەیان کرد!

مەیخانەچی شەپقەکەی لە سەر زەوییەکە هەڵگرتەوە وێ هاواری کرد:

"خۆم دەیناسم! زۆر چاک دەیناسمەوە! دەچمە لای بەڕێوەبەری پۆلیس. ئـۆوا! جا پێت وایـە ناچم؟ چونکە کەس بۆی نییە تاڵانی و راو و ڕووت بکات!

ئاســـنگەرە دەم و چـــاو خـــەڵتانی خوێنـــەیش شـــوێنیان کـــەوت و، کرێکـــارو خۆهەلقورتێنەرانیش، بە دوایاندا و، بە بۆڵە بۆڵا شەقامەکەیان گرتە بەر.

لە گۆشەیەکی شەقامی مارۆسیکا و، بەردەمی خانوویەکی گەورەی، دەروازە داخراو، کە تابلۆیەکی بە سەرەوە بوو و، لێی نوسرابوو: "کارگەی دروست کردنی پێڵاو" نزیکەی بیست کرێکاریکی ڕەش و ڕووت و، باریکەلەی شڕۆڵە و، پاڵتۆ کۆن وەستابوون.

کرێکارێکی زۆر لاوازی بـرۆ ئەستوور وتـــی:

"بـا.. ئاسایانە ڕۆژانەکانمان بدەنێ! ئەو خوێنی مژیوە! خـۆیشی وا پیشان دەدا، بێ تـاوانە! ئەوە هەفتەیەکە، ئەمرۆ بـە سبەیمان پێ دەکات! تـا ئێمـەی خستە سـەر ساجـی عەلی! ئێستایش هەر خۆی بڵاوی کردووەتەوە، کە هەڵاتووە!"

کە ئەو کۆمەڵە و دەم و چـاو خـەڵتانی خوێنەکەی بینـی، بێدەنگ بـوو و، فـرە پەرۆشـی ئەوەیش بوو، کە بەسـەر ئەوانیش هاتبوو.

خۆی تێکەڵیان کرد و لێی پرسین:

"ئـەرێ ئەوە ئێوە بۆ کوێ دەڕۆن؟"

ئەوانیش وەڵامیان دایـەوە:

"ڕوون و ئـاشکرایە، کە بۆ بنکەی پـۆلیس دەچین!"

دووبارە پرسییەوە:

"ئـەرێ کاکە پێم بڵـێ: هەر بە ڕاستی سوپای خۆمان سەرکەوتوون!؟"

بوو بە پرسیار و وەڵام و، قـیڕو هـوڕ و ژاوەژاو. مەیخانـەچی هەلەکـەی قۆستەوە و، خـۆی لێ دزینەوە و، گەڕایەوە بۆ مەیخانەکەی.

لاوە کەتە زەبەلاحەکەیش، بێئەوەی ئاگای لە خۆ دزینەوەی دوژمنەکەی بێت، دەست و قۆڵە ڕووتەکەی با دەدا و، دەیویست سەرنجی خەڵکەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

خـۆ هەڵقورتێنـەرانیش، وێڵـی وەڵامـی ئـەو کۆمەڵـە پرسیارە بـوون، کـە لایـان دروست بووبوو. بۆیە هەر زوو لێی کۆ بوونەوە.

کەتە زەبەلاحەکە بە زەردەخەنەیەکەوە وتـــی:

"دەبێت فـەرمانمان بـدەنێ، ڕەوایـی بەرجەسـتە بکـەین. ئەمـەیش کـاری دەسـەڵاتدارانی دەوڵەتە. ئـەی خەڵکە مەردەکە وا نییـە؟ ئـاخۆ خـەڵکانێکی تر پێیان وانییە، کە دەوڵـەت دەسەڵاتـی نەماوە؟ ئەگەر دەوڵەت نەبوایە ئێستا هەموومانیان تاڵان کردبوو!"

گوێیـان لـە یـەکێکی تـریش بـوو دەیووت،"ئـای ئەمـە چ درۆیەکـە! ئـەوان بـەم شـێوەیە مۆسکۆ جێ دەهێڵن؟ ئەوە ئەو پێی ڕابواردوویت و، تۆیش بڕوات پێ کردووە. خۆ ژمارەی

سەربازەکان هێندەیش کەم نەبووەتەوە، مۆسکۆیان بۆ نەپارێزرێت! بەڵام رێیشیان دەدەن، کە بێتە ژوورەوە! ئاخر سەرکردایەتییەک هەر دەبێت، بەرەنگاری ئەم کارە خراپە بێتەوە."

ئاماژەیان بە لاوە کەتە زەبەلاحەکەیش دا و، وتیان:

"گوێی لێ بگرن بزانن چی دەڵێت!"

لە بەردەم دیواری "کیتایی ــ گورود"دا کۆمەڵە خەڵکێک، دەوری کەسێکی پاڵتۆ قورسیان دابوو و، ئەویش کاغەزێکی بە دەستەوە بوو.

خەڵکەکەیش ئەمەیان دەووتەوە:

"بانگەوازە! ئێستا ئەوان بەیان دەخوێننەوە.. بەیان!"

پیاوە پاڵتۆ خوریيە قورسەکە بڵاوکراوەیەکی (٣١)ی ئابی بۆ دەخوێندنەوە.

زەبەلاحەکە خۆی گەیاندە ریزی پێشەوە و، داوای لێ کرد کە سەرلەنوێ بۆیان بخوێنێتەوە.

ئەویش بە دەنگێکی دلێرەوە دەستی پێکردەوە:

"سبەینێ هەر لە بەیانیی زووەوە، دەچم بۆ لای پیاوی باڵا ــ زەبەلاحەیش بزەیەک نیشتە سەر لێوانی ـ تاکو لە بارەی کاری خۆمانەوە و، یارمەتیدانی سوپاکەمان بۆ تەفر و تووڕا کردنی دوژمن، ڕاوێژی لەگەڵ بکەم."

دوای ئەو دریژە پێدانە بانگەوازکەر وەستا.

لاوە کەتە زەبەلاحەکەیش سەرکەوتووانە هاواری کرد:

"دەی زۆر باشە! دەبێت ئەم میوانە بێگانانە، ڕەوانەی لای شەیتان بکەین و، لەناویان بەرین. سبەینێ دەگەڕێمەوە ئێرە و، نانی نیوەڕۆ پێکەوە دەخۆین. دواتر پێکەوە دەست بە کارەکانمان دەکەینەوە."

زەبەلاحەکە سەری قورسی نەویی کرد. بێگومان کەس لەو کۆتاییەی نەگەیشت. ئەم رستەی سبەینێ بۆ نانی نیوەڕۆ دەگەڕێمەوە ئێرە. بە ئاشکرا بێزارکەری بانگەوازکەر و گوێگران بوو. چونکە درکەی گشتیی خەڵکەکە پێویستیی بە وشە و ڕستەیەلی لەوە مەزنتر بوو. نەک ئاوا سادە و سووک. دواتر نەدەبوو ئەو ڕستانە لە نوێنەری دەسەلاتدارانەوە دەرچێت.

هەموان بێدەنگییەکی وەڕسبوونیان کرد. لاوە زەبەلاحەکەیش لێوەلەڕەی بوو و، هەر دەمەو لەسەر لاقێکی دەوەستا.

لە پشت خەڵکەکەیشەوە کەسێک هاواری کرد:

"دەڵێن چی گەر هەموان بچین و، خۆمان هەواڵەکەی لێ بپرسین؟ ئا ئەوەیش خۆیەتی! بەڵام چۆن چۆنی؟.. ئەی بۆ نا؟.. بێگومان پێمان دەڵێت..."

خەڵکەکەیش لە گالیسکەی سەرکردەی پۆلیسی ، کە دەمێک نەبوو، گەیشتبووە گۆڕەپانەکە و، دوو پاسەوانی سوارەیشی بە دواوە بوو، روانی. بە فەرمانی ڕۆستۆبشین

بەڕێوەبەری پۆلیس هەر ئەو بەیانییە، نێردرابوو بۆ سووتاندنی بڕێ خانووبەرە و، بۆ ئەو کارەیشی پارەیەکی باشی وەرگرتبوو و، پارەکەی پێ بوو.

ئەویش کە خەڵکەکەی بینی بەرەو رووی سەرکردە چوون، بە گالیسکوانەکەی وت، کە بوەستێت.

هاواری کردە ئەوانەی بەرەو گالیسکەکەی چوون:

"ئەڕێ ئــەوە، چیتان دەوێت؟"

کە کەس وەڵامی نەدایەوە، ئەویش پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

"ئەم کۆمەڵە خەڵکە چییان دەوێت؟ پێم بڵێن."

یەکێک بە ناوی هەموانەوە وتــی:

"ئەوانــە دەیانــەوێت.. بانگەوازەکــە جێبــەجێ بکــەن و، ژیــانی خۆیــان بــۆ نیشــتمان بــەخت بکەن و، خزمەت بکەن. نەک بەو زەم کردنەی کۆنت کردبووی گوایە ئەمانە یاخی بوون!"

سەرکردەی پۆلیسیش قیژاندی:

"کۆنت بۆ ئــەوە نەڕۆیشتووە، تاکو زەمــی ئێوە بکات! ئــەو لێرەیــە و، خــۆی ڕێنماییتان دەداتێ."

بە گالیسکەوانیشی وت: **لێی بخورە**.

تەق و هوڕی گالیسکەکە، بە دەوری ئەو خەڵکەدا، بڵند بووە، کە گوێیشیان لە قسەکانی دەوڵەت بوو، تا لە چاو ون بوو، لێیان ڕوانی.

گالیسـکەی بەڕێوەبــەری پۆلیســیش، بــە دەوری خەڵکــە زۆرەکــەدا، خــولێکی خــوارد و، بەڕێوەبەر ترسا و فەرمانی بە کاروانچی دا و، ئەیش زۆر بە پەلە دوورکەوتەوە.

لاوە کەتە زەبەلاحەکەیش مرخاندی:

"هاورێیان.. ئەوانە فریومان دەدەن و، دەمان خەڵەتێنن!"

بۆ حاکمیش داموکایەوە و هاواری کرد:

"لاوەکان، مەهێڵن لە دەستمان دەربچن!"

خەڵکەکەیش هــاواریان کرد:

"ئادەی ... دەستبەسەری بکەن."

ئــەمجا بــە ڕاکــردن کەوتنــە دووی گالیســکەی بەڕێــوەبەری پــۆلیس. ئــەویش بــەرەو لۆبیانکا بووەوە. خەڵکەکەیش لە نێو خۆیاندا کەوتنە قسە کردن.

نەجیبزادەیان و بازرگانان، یەک بە دوای یەکدا، خۆیان دزییەوە و، ئێمەیان وەکو سەگ لەنێو برد.

بەشی بیست و چوار
بارودۆخی رۆستۆبشین

ئێوارەی یەکەم ڕۆژی ئەیلوول، کۆنت رۆستۆبشین، دوای ئەوەی کۆتۆزۆڤی بینی، گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ. بەوە زۆر هەستی بریندار کرا، کە لەگەڵ ئەودا کۆتۆزۆڤیش بانگهێشتی "ئەنجومەنی سەربازی" نەکرابوو، تا لە بەرگری کردن لە مۆسکۆدا، بەشدار بێت.

ئەو بیروڕا نوێیەیشی بەلاوە سەیر بوو، کە نەک ئاسایشی مۆسکۆ، لە سەربازگە شتێکی لاوەکی بوو، بەڵکو پشتگوێیش خرابوو! بۆیە بە رسوایی و، بێ وڕەییەوە گەڕایەوە.

گەیشتە ماڵەوە و، بە جل و بەرگەکەیەوە، لەسەر قەنەفەیەک لێی راکشا و، تاکوو سەعات یەکی بەرەبەیان و، هاتنی پۆستەبەر، بە ئاگا نەهاتەوە.

نوسراوێکی لەلایەن کۆتۆزۆڤەوە بۆ هاتبوو و، تێیدا داوای لێ کردبوو، لە کاتی پاشەکشە بە شارەکەدا و، لە ڕێی "ڕیازان"ەوە، هێزی پۆلیس بنێرێت، بۆ یارمەتیی سوپاکەی.

ئەم داوایە، کارێکی خراپی کردە سەر رۆستۆبشین. تێگەیشت کە دەبێت مۆسکۆ چۆڵ بکرێت. نەک هەر لەو کاتەوە، کە کۆتۆزۆڤی لە سەر چیای بۆکلۆنایيا بینی بوو ئەمەی دەزانی، بەڵکو هەر لە شەڕەکەی بوورۆدینۆوە ئەوەی دەزانی! ئەو کاتەی کە هەموو ئەو ژەنەرالانەی گەڕابوونەوە مۆسکۆ، بە یەک دەنگ وتبوویان بەرەنگار بوونەوە مەحاڵە!

لەو کاتە بە دواوە، هەرچی سامان و، شتە بە بەهاکانی "تاج" بوو، هەمووی گواستبووەوە، بۆ شوێنی بێ مەترسیی پاڕێزراو. نیوەی هاوڵاتیانی مۆسکۆیش کۆچیان کردبوو. ئەوەبوو ئەو نامەیە و، بەو نیوەشەوە: ئەوی بێزار کرد.

جا لە بیرەوەرییەکانیدا و، بۆ ئەو ڕەوەی نیوەی شارە، دوو بیانووی نوسیبوو:

"بۆیە داوای لە خەڵکەکە کردبوو، کۆچ بکەن: تاکوو ئاسایشی شارەکەی بۆ بپارێزرێت

و، دانیشتوانیش له شەڕ به دوور بگرێت."

ئەگەر ئەو دوو کردەوەیەی رۆستۆبشین رەوایی پێ بدرێت، ئیدی هەموو هەڵس و کەوتەکانی تری، بەر لۆمە ناکەون. بەڵام ئەگەر ئەوە وابێت، ئەی بۆ گەنجینەی زێڕ و زیوی کڵێسەکانی مۆسکۆ و، چەک و بارووت و، عەمبارەکانی گەنم چۆڵ نەکران و، نەگوازرانەوە!؟ بە هەزاران کەسی ئەو شارەیان کارەساتبار کرد و، بەوە فریویاندان کە مۆسکۆ چۆڵ ناکرێت؟

کۆنت رۆستۆبشین بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە:

"بۆ بەرکەمالکردنی ئاسایش بوو."

بەڵام ئەی باشە بۆ چەندین تەن، کاغەز و نووسراوی فەرمیی، فەرمانگەکانیان و، باڵۆنی لیبیخ و، چەندین شتی بێ نرخی تریشیان برد؟

کۆنت رۆستۆبشین بۆ ئەمەیش دەیوت:

"ئاخر ئەوەیان بۆ چۆڵکردنی شارەکە بوو، تاکوو دوژمن چاو نەبڕێتە داگیر گرتنی، لەبەر ئەو شتانە! هەر هەنگاوێکی لەو جۆرە، بۆ پاستنی ئاسایش بوو."

رۆستۆبشین لەو ساڵی (١٨١٢)یەدا پشتی بە چ بنەمایەک بەستبوو، پاراستنی ئاسایشی مۆسکۆ؟ ئەو هۆیانە چی بوون، کە وای لە رۆستۆبشین کردبوو، گریمانی دروست بوونی فیتنەی، لە نێو شاردا ببینت؟ دانیشتوانی شارەکە چۆڵیان دەکرد و، سوپاکەیش، پاشەکشەی دەکرد و، دوژمن دەچوونە شوێنەکانی ئەوان.

نە لە مۆسکۆ، نە لە هیچ شوێنێکی تری رووسیادا، هیچ شتێکی لەو جۆرە رووی نەدا! تاکو یەک و دووی مانگی ئەیلوولیش، نزیکەی (١٠٠٠٠) کەسێک لە مۆسکۆدا مابوونەوە و، رەویان نەکردبوو. بێ لەو قەرەباڵغییەی کە لە حەوشەی سەرادا دروست بوو، هیچی تر رووی نەدا و، هیچ ئاژاوەیەک دروست نەبوو!

خۆ کۆنت رۆستۆبشین، بەو دابەش کردنی چەکە، بە سەر هاوڵاتیاندا و، بە تۆقاندنیان، دەیتوانی هەموو گەنجینەی کڵێسەکان و، بارووت و، یەدەکی چەکەکان بگوێزێتەوە. بە ئاشکرا کردنی، نیازی چۆڵکردنی مۆسکۆ، مەترسیی مل نەدانی هاوڵاتیانیش دەڕەوێنێتەوە!

رۆستۆبشین بەو پەرۆشیی نیشتمانییەوە، لە بیر و ژیریی دەسەڵاتی بااڵدا دەژیا و، ئەو تۆندڕەوە، کە پێی وابوو خۆی حوکمی توێژەکانی خوارەوە دەکات. هەر لەو کاتەوەی دوژمن سمۆلنسکی داگیر کردبوو، ئەو خۆی بە رابەری ویژدانیی گەلی رووس دانابوو.

ئەویش وەکو هەر ئیداریەکی تر، خۆی سەرکردەی خۆپێشاندانەکانی دانیشتوانی مۆسکۆ نەبوو و بەس، بەڵکو بانگەوازەکەی، ئاراستەی سۆزیشیانی دەکردبوو. ئەویش بەو رستە بریق و باقدارانەی کۆمەڵی باڵا ـ کە هەمیشە گەل رقیان لەو شێوازە بووە ـ کە بەیان و بانگەوازەکانی پێ دەنووسییەوە. ئەو رۆڵە کە رۆڵێی سەرکردەی هەستی

نەتەوایەتی بوو زۆری ئاسوودە دەکرد. کەچی وا هەستی کرد کە زەوی لە ژێر پێیدا دەکشێت.

هەرچەند زۆر بە باشیش ئاگاداری رووداوەکان بوو. بەڵام تا دوا ساتەکانی بەدەستەوەدانی مۆسکۆ، چۆڵی نەکرد. دانیشتوانی شارەکە بە بێ ڕەزامەندیی ئەو چۆڵیان کرد. کە ئیدارەی وەزارەت و فەرمانگەکان، لەسەر داواکاریی فەرمانبەرەکان خۆیان بوو. هەر سوورپش دەیزانی کە هەر دەبێت مۆسکۆ چۆڵا بکرێت. خۆی نەبوایە نەیدەهێشت، کەس ڕۆڵا لەو کارەساتەدا بگێڕێت. ئیدی بە هەموو توانا و بزێوی خۆیەوە تەقەلای دەدا.

"جا ئەو چالاکییەی سوودی چیبوو؟ چ کاریگەرییەکی لەسەر دەروونی گەل دادەنا؟"

ئیدی چالاکیی خۆی لە بزواندنی هەستە نەتەوەییەکانی گەلداو رق ئەستوورکردنی ڕووسەکان، لە دژی فەڕەنسییەکان بەکاردەبرد. هەروەها بەرزکردنەوەی وڕەی گەل.

بەڵام کە کێشەکە بارى ئاسایی خۆی وەرگرت، تێگەیشت کە تەنیا بە بوغزاندن و، رقبوونەوە لە فەڕەنسییەکان و، تەنیا بە قسە کردن سوودمەند نابن و، بێکەڵکە.

بەڵام رق و کینە، کە بە شەڕ مەحاڵ بێت. بڕوا بە خۆ بوون کاریگەریی نەبێت، لە ئازاد کردنی مۆسکۆدا. کاتێک بە هوروووژم دانیشتوانی مۆسکۆ چۆڵیان کرد. ئەمان بەم دەست پێشخەرییە کوێرانەیان، هەستی نەتەوایەتیی خۆیان دەربڕی. ئیدی ڕۆڵی ڕۆستۆپشین واتایەکی بۆ نەمایەوە. ئەو وا هەستی کرد کە زەوی لە ژێر پێیدا دەکشێت و، کتوپڕ خۆی بە تەنیا و لاواز و، شایستەی گاڵتەجاڕی بینییەوە!

ڕۆستۆپشین بینینی نامەی فەرمانەکەی کوتوزۆڤی بەس بوو، تا هەست بەو سووکایەتییە بکات و، ڕاچەنێت و، بە ڕوونی بە تاوانەکەی خۆی بزانێت. هەموو مواڵک و ئەو شتانەی سەر بە دەوڵەت بوون، لە مۆسکۆدا مابوونەوە و، لە مەترسیی شەڕەکەی، دوور نەخستبوونەوە و، دواتر بووە کارێکی مەحاڵ.

کەوتە بیرکردنەوە بێ ئەوەی بتوانێت هەر هیچ نەبێت ڕسوا و ناپاکەکان بۆ خۆی دیاری بکات:

"کەوابوو: کێ تاوانبارە؟ کێ بووە هۆی هاتنە ئارای ئەم بارودۆخە؟ بێگومان خۆم نەبووم! چونکە من هەموو شتێکم ئامادە کردبوو و، مۆسکۆ لە چنگی خۆمدا بوو. جا ئەوە چۆن بوو!! ئەوەتا بەچی گەیشتووین! ئەی ڕسوایان! ئەی ناپاکان!"

لە ڕاستیدا هەر دەبوو ڕقی لە ڕسوا و ناپاکان بێتەوە. چونکە ئەوانە ئەو کەسانە بوون، کە ئەمیان بەو ڕسواییە گەیاند.

بە درێژایی ئەو شەوە، هەر خەریکی دەر کردنی فەرمانی سەربازی بوو، بۆ ئەو لەشکرانەی، کە خۆیان داوای چارەسەریان لێ کردبوو. دەوروبەرەکەیشی هەرگیز بەو بارە، پڕ لە دڵەڕاوکێ و هەڵچوونەوە، نەیانبینی بوو. بە درێژایی ئەو شەوە بێ وچان لێیان دەپرسی:

"خاوەن شکۆ.. نێردراوانی بەڕێوەبەری یەکە سەربازییەکان هاتوون و، داوای فەرمانی سەربازیت لێ دەکەن. لەلای ئەنجومەنی پیرانەوە.. لە لایەن زانکۆوە.. لە لای هەتیوخانەوە.. لە لایەن جێگری نوێنەری مەزنەوە.

"ئەی فەرمانتان چییە بۆ پیاوانی ئاگرکوژێنەوە؟ بۆ بەڕێوەبەری بەندیخانە؟

ئەویش زۆر بە کورتی وەڵامی دەدانەوە و، فەرمانی دەردەکرد و، خۆیشی دەیزانی کە فەرمانەکانی سوودیان نەماوە."

ئەودەم دەرکەوت، خەڵکانێکی تر، ئەو پلانی کارانەیان لێ تێکدابوو، کە زۆر بە وردی دایرشتبوو. پێویستە هەر ئەو خەڵکانی تر، لێپرسراوێتی ئەو بارودۆخە لە ئەستۆ بگرن.

رۆشتۆبشین وەڵامی نێردراوی بەڕێوەبەرایەتیی فەرمانگەی یەکەکانی دایەوە:

"بڕۆ بەو گێلە بڵێ، با پاسەوانی نوسراو و بەڵگەنامەکانی خۆی بێت. ئەی ئەو پرسیارە رسوایانەیە چییە تیمی ئاگر کوژێنەوەکان کردوویانە!؟ ئەوان خاوەن ئەسپی خۆیانن.. خۆیان بگەیەننە "فلادمیر"[1]. خۆ نابێت خۆیان و کەرەستەکانیان بۆ فەڕەنسییەکان جێ بێڵین!

ئەمجا پێیان وت:

"خاوەن شکۆ.. ئەوە چاودێری شێتخانە هاتووە! ئەی چی بەو بڵێین!؟ چ وەڵامێکی بدەینەوە؟"

"ئا... پێیان بڵێن، با هەموو بڕۆن!.. ئەوە هەموو شتێکە بۆ ئەوان. لەبەر ئەوەی هەر لەو شێتانەن، کە سوپای ئێمە بەڕێوەدەبەن. شێتەکانیش بەرەڵای شارەکە بکەن! ئەڵبەتە ئەمە ویستی خوا خۆیەتی!"

کە پرسیاریشیان لە بارەی بەندییە، کۆت و زنجیر لە پێیەکانی نێو قوڵایی بەندیخانەکانەوە لێ کرد.. چییان لێ بکەین؟

کۆنت بە چاودێری بەندیخانەدا هەڵشاخا و قیژاندی:

"چاوەڕێی چی دەکەیت!؟ دەتەوێت دوو لیوای سەرباز بنێرم بۆ پاسەوانی کردنیان!؟ بە خوا من دوو لیوا شک نابەم! هەر هەموویان ئازاد بکە!"

ئەمجا پرسیی:

"خاوەن شکۆ ئەی بەندییە سیاسیەکانی، وەکوو میشکۆف و ڤیریشتشاگین؟

رۆستۆبشینیش پرسیی:

"ڤیریستشاگین؟ بۆچی ئەو پیاوە تاکو ئێستا لە سێدارە نەدراوە؟ بیهێنن بۆ خۆم؟"

---

١ ـ ڤلادمیر: هەرێمێکە و (٣٠٠) کم لە "مۆشکۆ"وە دوورە.

بەشی بیست و پێنج
کشانەوەی رۆستۆبشین

سەعات نۆی سەر لە بەیانی، یەکەکان کەوتنە دەرچوون لە مۆسکۆ و، ئیدی کەس نەهات، بۆ وەرگرتنی فەرمانی سەربازی. هەر یەکە و بە گوێرەی ئەو توانایەی لە بەر دەستیدا بوو، کەوتە رەو کردن و، چۆڵکردنی مۆسکۆ.

ئەوانەیشی کە مانەوە و کۆچیان نەکرد، بە دەستی خۆیان بوو. خۆیان بڕیاردەری خۆیان بوون.

کۆنت رۆستۆبشینیش، فەرمانی دابوو، گالیسکەیەکی بۆ ئامادە بکەن و، بیگەیەننە سوکۆلنیکی. خۆیشی بە دڵەڕاوکێ و رەنگی زەردەوە، دەستەکانی سەر یەک نابوو و، لە چاوەڕوانیدا بوو.

لە ئاشتیدا هەر بەڕێوەبەرێک لای خۆیەوە پێی وابوو، ئەو چاکانەی دەست گەل دەکەوێت، بە هۆی ئەو پیاوەوەیە و، جڵەوی بەڕێوەچوونیشیان، بە دەست خۆیەتی و، خۆیشی لەو بڕوایەدایە، گەل ناتوانێت دەستبەرداری ببێت!

بە درێژایی ئەو ئارامییەی باڵی بە سەر چێوەی مێژووی ئەودا کێشابوو، بە هۆی لێخوڕینی ئەو بەلەمە لاوازەوە بووە، کە خۆی سەرپەرشتیی کردووە. پێیشی وایە ئەو کەشتییەی کە خۆی بەڕێوەی دەبات، تەنیا بە توانای خۆی دەڕوات.

بەڵام کە کەشتییەکە رەوتی تێک دەچێت و، شەپۆلە شکاوەکانی سەریەکی دەریا، لێی دەشکێنن و، دەبینێت چۆن کەشتییەوانەکان خەریکی رێکخستنەوەی کەشتیەکەن و،

ئەویش رسوایانە لە سووچێکەوە دەڕوانێت و، دەسەوسانە و، هیچی پێ ناکرێت: تێ دەگات کە کەشتییەکە، خۆی ڕێی خۆی دەبڕێت و، لەو خەیاڵپڵاوییەی خۆی تێ دەگات و، بەوە دەزانێت کە لە کەسێکی لاواز بەوڵاوە هیچی تر نییە و، نە سەرۆکە و، نە کەسێکی بەسوود! بەڵکو بێبایەخێکی داماوە. ئەو ڕۆستۆبشینە، خۆیشی ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوتبوو.

ئەو سەرکردەی پۆلیسەی، کە ئاپوورەی خەڵکەکە و، لاوە کەتەکە، ڕێیان پێ گرت و، ئەویش هێندەی پێ کرا، کە لەدەستیان هەڵبێت. لەو کاتەدا خۆی بە لای کۆنت ڕۆستۆبشیندا کرد، کە گالیسکەوانەکە هات و، پێی ڕاگەیاند، گالیسکەکە ئامادەیە و، کارەکەی خۆی بە جێ هێناوە. ئەوەیشی تێگەیاند، کە خەڵکێکی فرە، لە حەوشەکەدا چاوەڕوانی بینینی ئەون.

کۆنت بێئەوەی هیچ بڵێت، هۆڵەکەی تێپەڕاند. دەسکی دەرگای بەلەکۆنەکەیشی گرت، تا بچێتە دەرەوە. بەڵام گەڕایەوە و، لە پەنجەرەکەیەوە بۆ حەوشەکەی روانی، تاکوو خەڵکەکە ببینێت.

لاوە کەتە زەبەلاحەکەی بینی، کە لە ڕیزی پێشەوەی خەڵکەکە وەستابوو و، بە دەم قسە کردنەوە، دەستیشی ڕادەوەشاند. ئاسنگەرە دەم و چاو خوێناوییەکەیش لە تەنیشتیەوە وەستابوو. لە پشت پەنجەرەکەیشەوە، گوێی لە نەڕەو نرکەی خەڵکەکە بوو.

ئەمیش بە دەم جێ هێشتنی بەر پەنجەرەکەوە وتی:

"گالیسکەکە ئامادەیە؟"

یاریدەدەرەکەیش وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ! خاوەن شکۆ ئامادەیە."

گەڕایەوە کەناری پەنجەرەکە و لە بەڕێوەبەری پۆلیسی پرسی:

"بەڵام ئاخۆ ئەوانە چیان دەوێت؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"خاوەن شکۆ.. ئەوانە بۆ ئەوە کۆبوونەتەوە، تاکو ئامادەیی خۆیان پیشان بدەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی فەرەنسیەکان..بەڵام قوربان ئەوانە ئاژاوەچین و، بە شەڕەشەق لە دەستیان قوتار بووم! قوربان گەر ڕێم بدەیت باسی..."

ڕۆستۆبشین مڕاندی و بە تووڕەییەوە وتی:

"فەرموو.. بکشێوە دواوە. بە بێ تۆیش خۆم دەزانم چی بکەم."

دیسان لە دەرگای بەلەکۆنەکەوە، لە ئاپوورەی خەڵکەکەی روانی. لە ناخیشیدا بە داخی ئەوە بوو، کە ئەو خەڵکە، وا لێی دەڕوانن، ڕوودانی ئەو بارودۆخە بە هۆی ئەوەوە ڕووی دابێت.

بە خۆیشی وت:

"ئـا ئەوەیان کرد، بە رووسیا، کە کردیان! ئا بەو شێوازەیش هـەڵس و کـەوتم لەگەڵ دەکەن!"

وەکو هەر کەسێکی تووڕە، لە مەبەستی شتەکانیش دەگەڕا. چاوی هەر لەسـەر کۆمەڵە خەڵکەکەی، نێو حەوشەکە بوو.

دیسان بە خۆیشی وتەوە:

"ئا ئەمانە گەندەڵەکانی کۆمەڵگان.. بازاڕییە گێلەکانن!"

لـە لاوە کەتـە زەبەلاحەکـە و دەسـت جوڵاندنەکـەی روانـی و، لەسـەر خـۆ دواندنەکـەی پێشووی رۆیشت:

"گومانیشی تێدا نییە، کە ئەمانیش قوربانیی بارو دۆخەکەن!"

کتوپڕ ئەمەی بە مێشکدا هات. رەنگە لەبـەر ئـەوە بووبێت دەیویست هۆکار بـۆ تـووڕە بوونەکەی خـۆی بدۆزێتەوە.

دیسان پرسییەوە:

"گالیسکەکە ئامادەیە؟"

یاریدەدەرە سەربازییەکەیش وتییەوە:

"بەڵـێ! قوربان. ئەی لە بارەی ڤیریشتشاگینەوە فەرمانت بە چییە؟ ئاخر ئـەویش لەبـەر پلیکانەکەدا چاوەڕوانە."

رۆستۆبشین وەکوو ئەوەی شتێکی بیر کەوتبێتەوە هاواری کرد:

ئـای!

دەرگای بەلەکۆنەکە کرایەوە و، رۆستۆبشین بە هەنگاوی لەسـەرخۆوە، چـووە پێش و، خەڵکەکەیش بێدەنگ بوون و، کلاو و شەپقەکانیان لە سەر داگرت و، چاویان تێ بڕی.

ئەویش بە دەنگی بڵند هاواری لێ کردن:

"چۆنن کوڕەکانم! سوپاس بۆ هاتنتان! ئـا ئێستا دێمە خزمەتتان. بەڵام پێویستە لە پێشدا شتێک لەو تاوانباڕە بکەم، کە بووە هۆی لە دەستدانی مۆسکۆ. چاوەڕێم بکەن."

هەر وەکو چۆن بە خێرایی دەرکەوت، ئاوایش بە خێرایی لە نێو ژووورەکاندا ون بوو و، تەقەی داخستنی دەرگاکەیش بە تووندی هات.

خەڵکەکە هەستیان بە ئاسوودەیی کرد و، پەشیمانی تەنگە چیکەڵانییەکەی خۆیان بـوون و، لە نێو خۆیاندا پۆزشیان بۆ بێ وڕەییەکەی خۆیان دەهێنایەوە:

"ئـا! ئەوە لە تاوانبارانیشمان رزگار دەکات. ئەوە ئەوەیە کە تۆ پێت دەوت: فەڕەنسییە.. وا ئێستا پیشانت دەدات، کە یاسا چییە؟"

هـەر دوای چەند خولـەکێک ئەفسـەرێک، لـە بەلەکۆنەکـە هاتـە دەرەوە و، فـەرمانی بـە سەربازان دا. ئەوانیش چەکەکانیان خستە سەرشان. خەڵکەکەیش رووبان لە بەلەکۆنەکە و، لەو سەربـازانە وەرگێڕا.

ئەفسەرەکەیش بەرەو پلیکانکە چوو. هەر لـەو کاتەیشـدا رۆستۆبشین لـە بەلەکۆنەکـەوە

دەرکەوت و، وەکوو ئەوەی چاو بۆ شتێک بگێڕێت وابوو.

هاواری کرد:

"کوا.. ئەو لە کوێیە؟"

لەو کاتەدا لاوێکی سەرتاشراوی، مل باریکی بینی، کە تازە مووی سەری دەهاتەوە. لە سووچێکی ماڵەکەوە دوو سەرباز هێنایان. پاڵتۆیکی تووکنی لە بەردا بوو. دیاربوو کە کاتی خۆی، پاڵتۆیەکی نایاب بووە و، شاڵە شینەکەی هێندە لێکخشاو بوو، پەڕپووت بووبوو و، لە تووکی گورگ چنراوی بەسەردا دابوو. شەروالەکەی پۆشاکی کەتانی بەندیخانە بوو و، شڕۆڵە و پۆخڵا بوو و، دەرەلنگەکانی، کرا بوو بە پێڵاوە دڕاوە پیسەکانیدا و، وای کردبوو، کە هەنگاوەکانی لەرزۆک بن.

ئەمجا رۆستۆبشین لە دواین پلەی پلیکانەکەی روانی و بانگی کرد:

"ئا! بیهێنن بۆ ئێرە! "

ئەویش بە هەنگاوی گران هات و، زرەی زنجیری پێیەکانییەوە دەهات. بە پەنجەیەکی لکی شاڵە، دوو هەڵەفەدراوە چڵکنەکەی بە دەوری ملە باریکەکەیەوە بوو، کەمێک دوورخستەوە و، قۆڵە باریک و دەستەکانی لەسەر ورگی خۆی دانا.

لە کاتێکدا لە سەر پلیکانەکە وەستابوو، چەند چرکەیەک ئەو خەڵکە بێدەنگ بوون. تەنیا پرتە و بۆڵە و، کەمێک جووڵەی ریزەکەی دواوە دەبیسترا.

رۆستۆبشین برۆکانی یەک هێنایەوە و، دوای کەمێ چاوەڕوانی پڕ هاواری کرد:

"کورینە! ئەم پیاوە ڤیریشتشاگینەی رسوایە. ئەو کەسەیە، کە بووە هۆی بە دەستەوە دانی شاری مۆسکۆ."

لاوە کەوڵە پاڵتۆ لەبەرەکەیش دەستەکانی لەسەر ورگی دانابوو و، کەمێک خۆی بە پێشدا نووشتاندبووەوە. رووە رەقەڵەکەی، بە هۆی سەرە تاشراوەکەیەوە هێندەی تر داماوی و، ناشیرینیی پێوە دەرخستبوو.

هەر کە کۆنت قسەکانی کرد. ئەویش وردە وردە نێوچاوانی بڵند کردەوە. لە ژێرەوەش، وا لە کۆنتی دەڕوانی، وەکوو ئەوەی، بیەوێت شتێک بڵێت.

بەڵام رۆستۆبشین هەر لێیشی نەڕوانی. لە نزیکی گوێبەوە، هێڵێکی عارەق جۆگەلەی بەست بوو و، بە لاجانگیدا هاتبووە خوار و، لە تاڵە دەزوو دەچوو.

چاوەکان بەرەو رووی بوونەوە و، ئەویش لەوانی روانی. کەچی ئەو روانینەی ئەوان، وەرەی وەبەر هێناوە و، بزەیەکی خەمناکی هاتە سەر لێوان.

ئەمجا سەرنجی ڤیریشتشاگینی دا و وتی:

"ئەمە ناپاکیی بەرامبەر ئیمپراتۆرو، نشتمان کردووە و، خۆی بە ناپلیۆن فرۆشتووە! ئەمە یەکەم کەسێکە، کە ناموسی رووسییەکانی پۆخڵا کردووە. هەر بە هۆی ئەمیشەوە مۆسکۆمان دۆڕاند."

هەر وەکوو ئەوەی رسوایی هەڵوێستی لاوەکە، هەژانبێتی، هاواری کرد:

"خۆتان حوکم بە سەریدا بدەن! وا من ئەم تاوانبارەم بەخشی بە ئێوە."

خەڵکەکە ریزەکانی خۆیان ڕێکخستەوە و، شانیان لە شانی یەک توند کرد. هەناسەیان لە خۆیان بڕی و، لە چاوەڕوانیی ڕووداوێکی تۆقێنەری نادیاردا بوون.

ئەوانەی ریزی پێشەوە بە جوانی گوێیان لە قسەکان دەبوو و، بە چاوانی ئەبڵەقەوە دیمەنەکانیان دەبینی. هەموویان دەمیان داپچڕی بوو.

ڕۆستۆبشین هــاواری کرد:

"تاکو ئەم ناپاکە، لە ژێر دەستتاندا دەتۆپێت، لێی بدەن! ئەمــە نامووسی ڕووسییەکانی لەکەدار کردووە، من فەرمانی ئەوەتان پێ دەدەم."

کە جەماوەرەکە ئــەو قسانەیان لێ بیست و، ئەو تــووڕە بوونەیان لێ بینی، مــڕ و مرخێک لە نێویاندا دروست بوو و، دواتر هەموویان کپ بوونەوە.

ڤیریشتشاگین کە جەماوەرەکەی بینی، کپ بوونەوە هاواری کرد:

"کۆنت! ئــەی کۆنت! بە تەنیا خوا خۆی، دەتوانێت دادوەریمان بکات!"

دیسان سەری بڵند کردەوە و، عارەق بە دەم و چاو و، ملە باریکەکەیدا هاتە خوارەوە. بەڵام ئیتر نەیتوانی هیچی تر بڵێت. چونکە ڕۆستۆبشین لێی هاتە دەنگ:

ــ فەرمانتان دەدەمێ.. هەلا هەلای بکەن!

ئەفسەری پاسەوان شمشێری لە کالان دەرهێنا و، هاواری کرد:

"شمشێرەکانتان دەربێنن!"

ئەمجارەیان جەماوەر جووڵەی تێکەوتەوە و، گەیشتە ریزی یەکەمیش. هەر بە هــووترە گەیشتنە لای پلیکانەکە. لاوە کەتــە زەبەلاحەکەیش، گەیشتــە نــزیکی ڤیریشتشاگین و، ڕقو کینە لە نێوچاوانی دەباری.

ئەفسەرەیش بە دەنگێکی نزمی وا، کە بڕێکیان گوێیان لێ نەبوو وتــی:

"دەی بریندارى بکەن و لەشی توێ توێ بکەن!"

لە ناکاو سەربازێک، بووە ئاگرێکی تووڕە و، بەلای پانیی شمشێرەکەی دای بە سەری ڤیریشتشاگیندا. ئەوەندە لێدانەکە لە ناکاو بوو، هێندە فریاکەوت هاوار بکات:

ئــاخ!

زۆر ترسا و هەر نەیدەزانی چییان لێی دەوێت.

تووڕە بوون و، هاوار و قیژە، لەنێو خەڵکەکەدا بڵاو بووەوە و هاواریان دەکرد:

"ئــۆو! پەروەردگاری من!"

بەڵام ڤیریشتشاگین لە تاو ئازار، هاواری کرد و، ئەو هاوارەیش بووە هۆی تێداچوونی. هەستی بەزەیی خەڵکەکەی دڕاند و، تاوانەکەی کە لەوێدا بانگەوازی بۆ کرا جێبەجێ کرا و، هاوارەکەی ئەو لە نێو قیژ و هوڕی خــەڵکەکەدا ون بوو.

هەر وەکوو ئەو کەشتییەی لێهــات، کە شەپۆلی حەوتەمی تووڕەی دەریا قووتی دەدات.

بەو شێوەیە لە ڕیزی حەوتەمی جەماوەرەکەوە تووڕەیی ئەو خەڵکە شەپۆلی دا و، لەگەڵ هەموو شتەکانی تریشدا، نوقمی کرد.

ئەو سەربازەی کە یەکەمجار بە لای پانی شمشێرەکەی لێی دا، وێستی جارێکی دی لێی بداتەوە. بەڵام ڤیریشتشاگین هەردوو دەستی بۆ پێشەوە درێژ کرد و، بە ترسێکی فرەوە، بۆ ناو خەڵکەکە ڕای کرد.

لاوە کەتە زەبەلاحەیش، قورتمی گرت و، نینۆکەکانی لە ملە باریکەکەی ئەو چەقاند و، دای بە زەوییدا و، بەرەو نێو خەڵکە پەلاماردەرەکە، خڵ بوونەوە. بڕێکیان لە ڤیریشتشاگینیان دەدا و، بڕێکی تریان، لە لاوە کەتە زەبەلاحەکە.

هاوار و قیڕوهوڕ بە جۆرێک بوو، سەگ خاوەنی خۆی بۆ نەدەدۆزرایەوە و، بوو بووە سمڕ سمڕێ.. کلکی کەری تیا بپچڕێ! تەنانەت سەربازەکان، زۆر بە گران توانییان کرێکارە دەم و چاو خەڵتانی خوێنەکە، دوور بخەنەوە و، نەهێڵن ببێ بە ژێر دەست و پێوە.

هەرچەند تووڕەیی جەماوەرەکە، گەیشتبووە ئاستێک و، دەبوو زۆر زوو تاوانەکەیان کۆتایی پێ بێت. بەڵام لەت و پەت کردنی لێدراوەکە، زۆری پێچوو. ئاپوورەکەیان جۆرێک بوو، کەس نەیدەتوانی: کوشندانە پێیدا بماڵێت.

ـ لاکەوە.. لاکەوە! با وای پێدا بماڵم، گیانی دەر بکەم... هێ! ئا بزانن ئەم ناپاکە مرد؟

"نەخێر...هێشتا هەناسە دەدات! پشیلەی حەوت ڕۆحە! دەی ئەمەیش بگرە! ها مرد؟"

کە قوربانییەکە نرکە و نااڵەی نەما و، لە هەناسەدان کەوت! جەماوەرەکەیش کۆڵیان لێدا.. ئیدی هەر یەکە و دەچووە سەری و، بە ترسەوە سەیرێکی دەکرد و دوور دەکەوتەوە.

لە نێو خۆیشیاندا ئەمەیان دەوتەوە:

"ئای پەروەردگار! ئەمە دوای ئەو ناپاکییەی چۆن ژیاوە؟ لاوێکی تازە هەڵ چوویش بوو! ڕەنگە نازداری دایە و بابەیش بوو بێت! ئای گەلی داماوی ڕووس!"

ـ خۆ ئەوەیش دەڵێن ئەو داماوە، ئەو کەسە نەبووە، کە ناپاکیی کرد بێت!

ـ سەیرە! دەڵێن ئەوەیشی کە دای بە زەویدا نیوە گیان کراوە!

"ئای لەو کەسانەی کە لە هەڵەکانیان ناترسن!!"

جەماوەرەکە ئەمەیان دەوت و دەوتەوە. ئیستا و دوای ئەوەی ڕوخساری ڤیریشتشاگین شین هەڵگەڕا و، نیوەی ملی بڕابووەوە. پۆلیسێک مانەوەی ئەو لاشەیەی بە مردوویی و، لەو شوێنەدا، بە دیمەنێکی ناشایستە زانی و فەرمانیدا، فڕێی بدەنە سەر شەقامەکە. دوو سەرباز هاتن و، دوو لاقە شکاوەکەی ڤیریشتشاگینی قوربانییان ڕاکێشا و، بردیان. سەر تاشراوەی سەرومل خوێناویش، لەتری دەدا و چەند جارێک خۆی کێشا بە لاشەکەدا.

ئەو کاتەی ڤیریشتشاگین بە دەستی جەماوەرەکەوە، کەوتە زەوی. رۆستۆبشینیشی زەرد هەڵگەڕاویش پەشۆکابوو! لە بری ئەوەی بڕواتە لای گالیسکەکەی، بە شپرزەییەوە چووە نهۆمی خوارەوە و، خۆیشی نەیدەزانی چی دەکات؟ وەکوو کەسێکی "تا" لێ هاتوو، چەناگەی خوارەوەی دەلەرزی و، خۆی بۆ جڵەو نەدەکرا.

دەنگێکی تۆقێنەر لە دوایەوە وتی:

"لێرەوە بەڕێز.. لێرەوە! دەتەوێت بۆ کوێ بچیت؟"

رۆستۆبشین توانای وەڵامدانەوە و، قسە کردنی نەمابوو. بۆیە رووی کردە ئەو شوێنەی ئەو بۆی دیاری کردبوو و، بە کوێدا هاتبوو. هەر بەوێیشدا گەڕایەوە.

گالیسکەکەی لەبەر پلیکانەی پشتەوەی ماڵەکە، چاوەڕوانی بوو و، تا سواریش بوو، گوێی لە ژاوەژاوی جەماوەرەکە بوو.

فەرمانی دا بیگەیەنێتە، دێی سۆکۆلنکی و، ماڵەکەی خۆی. کە گەیشتنە میمنیتسکایا، دەنگی جەماوەرەکە نەما و، بە داخەوە بوونەکەی لە بیر چووەوە! ئەمجا کەوتە بیر کردنەوە لەوەی کە چۆن فەرماندە باڵاکانی سوپا، خۆیان قوتار کردووە و ئەو هەموو کێشەیەیان بە سەر ئەمدا جێهێشتووە!

بە لاقرتیوە بە خۆیی وت:

"ئەو گاوانە رەوەندانە هەروا ترسناکن! قێزەونن! هەر وەکوو گورگن و، بە گۆشت پێدانیان نەبێت، ئارام نابنەوە!"

قسەکەی ڤیریشتشاگینیشی بیرکەوتەوە کە پێی وتبوو "**کۆنت! تەنیا خوا خۆی دادوەرمانە!**" و، تەزوویەکی سارد بە موورەغەی پشتیدا هات.

دوای کەمێک بزەیەکی قێزەونی بۆ خۆی کرد و، وا بیری کردەوە:

"من کۆمەڵێک ئەرکی ترم لە ئەستۆ بوو. دەبوو جەماوەرەکە خاو بکەمەوە. خۆ لەبەر بەرژەوەندی گشتی. ئێ خۆ جەنگیشە و، دەبێت خەڵکانێکی فرە ببنە قوربانی."

ئەمجا کەوتە بیرکردنەوە لەو ئەرکانەی، کە بەرامبەر خێزانەکەی لەسەر شانێتی و، بەرامبەر ئەو شارە داگیرکراوەی، کە لە ئەستۆی ئەودایە. لەگەڵ ئەوانەشدا بەرامبەر ئەو ئەرکانەی، کە دەبێت بۆ خۆیی بکات. نەک بۆ کەسی ڤیۆدۆر ڤاسیلیتش رۆستۆبشین، وەکوو خاوەن پۆست.

پێیشی وابوو وەکو کەسێکی خاوەن پۆست، هەر بە ئەم قسەیە، بۆ بەرژەوەندیی گشتی، خۆی کردووەتە قوربانی. وەکوو دەسەڵاتدار و نوێنەری ئیمپراتۆریش: ئەگەر من تەنیا فیودۆر ڤازیلیتش رۆستۆبشین بوومایە، ئیستا نەخشە ڕێگایەکی ترم دەبوو. بەڵام ئەوەتا پێویستە ژیانی حاکم و ڕێزی ئەویش بپارێزم.

لەگەڵ هەڵتەکەی گالیسکەکەی ژێرپدا، دەلەرێوە و، گوێیشی لە قیژە و هاواری جەماوەر نەمابوو. لە وەرگرتنی چێژی حەوانەوەدا بوو.

ئەم بیرۆکەیە نوێ نەبوو بە لایەوە. بە درێژایی مێژوو و، سەرلەبەری شەڕ و

پێکدادانەکان، کەسێک نەبووە، بە کوشتنی بەرامبەرەکەی، سەغڵەت بووبێت! چونکە هەموو کارە خراپ و تاوانەکانی، داوەتە پاڵا ئەوەی: گوایا ئەوەی بۆ بەرژەوەندیی گشتی و، بەختەوەریی خەڵکانی تر، کردووە! خۆ ئەو بەختەوەرییەی خەڵکانی تریش، هەمیشە لای ئەوانەی کە حەزەکانیان کوێر نەبووەتەوە.. شاردراوەیە! تەنیا ئەوانە هەستی پێ دەکەن، کە پەلامار دەدەن! هەر ئەو کاتەیش، خۆیان دەزانن چییان کردووە و، پێکهاتەی ئەو کوشتنەیش چۆنە؟

ئێستا رۆستۆبشین ئەم راستییەی بۆ دەرکەوتووە و، بەختەوەرە!

بیانووی بۆ ئەو بە کوشتدانە دۆزیبووە وە، کە سزادانی تاوانبارێک بوو و، لە هەمان کاتدا ئارام کردنەوە و، دامرکاندنەوەی رق و کینەی خەڵکەکەیش. ئەو کارەیش بۆ خۆی، دامرکاندنەوەی رک و کینەی جەماوەرە راپەڕیوەکە بوو!

دیسان وا بیری کردەوە:

"لە کاتێکدا "ئەنجومەنی پیران" فەرمانی بەند بوون و کاری سەختی بەسەردا سەپاندبوو، ئەمیش نەیتوانی، چاوی خۆی لە ئاستی ناپاکێکی وادا، بنووقێنێت و، کوشتی. قوربانییەکم بە گەلەکەم بەخشیوە، تاکوو ئارامیان بکاتەوە. لە هەمان کاتدا ناپاکێکم، بە سزای خۆی گەیاندووە."

هەر کە گەیشتەوە گوند، بە ویژدانێکی ئاسوودەوە، فەرمانیدا، کە لەوێ بمێنێتەوە. هەر دوای نیو سەعات، کەوتە غار کردن بە سواری ئەسپەکەیەوە و، بە هیچ شێوەیەک، بیری لەو کارەساتانەی پێشوو نەکردەوە!

دواتر بە گالیسکەکەی خۆی، رووەو ئیاووزا بووەوە. چونکە پێیان راگەیاندبوو کە کۆتۆزۆف لە ئەوێیە. لە مێشکی خۆیشیدا سەرقاڵی ئامادە کردنی رستەیەلێک بوو کە لۆمەی ئەوی پێ بکات. وایش هەست دەکات، کە ئەو هەموو کارەساتانە، لە بەجێ هێشتنی مۆسکۆوە، تاکوو تێداچوونی رووسیایش، لە ئەستۆی ئەوە.

لە گالیسکەکەدا خۆی بۆ نەدەگیراو بە تووڕەییەوە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانی.

کۆتۆزۆف لە روخساری رۆستۆبشینی روانی و، وەکوو ئەوەی هەر هیچیشی پێ نەوترابێت و، بیەوێت شتێک تێ بگات. ئەمەیش وای کردرۆستۆبشین بێدەنگ بێت.

کۆتۆزۆف سەرێکی بادا و، چاوی لە سەری هەڵنەبڕی و وتی:

"بەڵام من بە هیوای ئەوە نیم، کە بێ بەرەنگاربوونەوە، مۆسکۆ بدەم بە دەستەوە."

ئاخۆ کۆتۆزۆف کە ئەمەی وت.. بیری لای شتێکی تر بووبێت؟ چونکە ئەم قسانەی زۆر بێکەڵک بوو؟

رۆستۆبشین قسەیەکی لە سەر بیرۆکەکەی کۆتۆزۆف نەکرد و، سواری گالیسکەکەی بووەوە و، خۆی گەیاندە پردەکە، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە و، بە قامچی کەوتە لێدانی ئەسپەکانی گالیسکەکە، بۆ ئەوەی ڕێ بۆ پەرینەوە لەو پردە بکاتەوە.

بەشی بیست و شەش
داگیرکردنی مۆسکۆ

دەوروبەری سەعات چوار بوو، کە سوپاکەی مۆرا، خۆی کرد بە مۆسکۆدا. پێشەنگی ئەو سوپایەیش، هێزی سوارەی وەرتەمبرگیین بوو. بە دوای ئەوانیشدا و، راستەوخۆ، پاشای ناپۆلی هات و، چەندین یاوەر بە دەوریەوە بوون.

کە گەیشتنە ناوەڕاستی ئیربات و، نزیک سان نیکۆلا ریڤیلیە، مۆرا فەرمانیدا بوەستن و، چاوەڕوانی راپۆرتی لەشکری پێشەنگ بن، لە بارەی قەڵای کریملنەوە.

بڕێکی کەم لەوانەی هەڵ نەهاتبوون، لە مۆرا کۆبوونەوە. کەوتنە سەرنجدانی ئەو سەرکردە رێکپۆشە قژ درێژەی، کە پەڕێکی درێژ بە شەپقەکەیەوە بوو و، بە سەرسامییەکی تێکەڵا بە ترسەوە، لێیان دەڕوانی.

لە نێو خۆیشیاندا دەیانووت:

"پێم بڵێ.. ئەمە قەیسەرەکەیانە؟ زۆر باشە..."

وەرگێڕەکەیان لە کۆمەڵە خەڵکەکە نزیک بووەوە و، خەڵکەکەیش لە نێو خۆیاندا وتیان:

"شەپقەکەت بەرز بکەوە.. شەپقەکەت..ئێوەیش شەپقاکانتان بەرز بکەنەوە..

وەرگێڕەکە رووی لە دەرگاوانێکی پیر کرد و، پرسیاری ئەوەی کرد: ئاخۆ زۆری ڕێ ماوە، بۆ کریملن؟"

دەرگاوانە پیرەکە پۆڵۆنی بوو و، لە زمانی رووسیی نەدەزانی. بۆیە هیچی لێ تێ نەگەیشت و، خۆی کردەوە بە نێو ئاپووڕەی خەڵکەکەدا.

مۆرا لە وەرگێڕەکە نزیک بووەوە و، داوای کرد پرسیار بکات، سوپای رووس لە کوێیە؟ یەکێک لە نێو خەڵکەکەدا، تێگەیشت و، هەموویان پێکەوە وەڵامیان دایەوە.

ئەفسەرێکی فەڕەنسی گەڕایەوە و، بە مۆرای راگەیاند، کە قەڵاکە بە دیواری حــەوشە دەورە دراوەکەیەوەیە. بێگومان لەو دیویشەوە، سوپای رووس بۆمان دانیشتووە!

مۆرایش وتــی،" زۆر باشە! تێگەیشتم."

بە لای ئەفسەرێکی دەوروبەری خۆیدا لای کردەوە و، فەرمانی پێدا کە رووی چوار لوولە توپی سووک، بکەنە دەرگاکان و تۆپبارانیان بکەن.

یەکەیەکی تۆپخانە، لەوانەی کە بە شوێن مۆراوە بوون، هاتە دەرەوە و بە درێژایی ئەربات رۆیشت. کە گەیشتە خوار "فۆزدڤیگنکا"وە، وەستا و مۆڵی خوارد.

چەند ئەفسەرێک کەوتنە دیاری کردنی شوێنی لوولە تۆپەکان و، سازدانیان. ئەمجا بە هــۆی دووربینەکانیانــەوە، کەوتنــە چــاودێری و، پشــکنینی کــریملن. لــەو کاتــەدا زەنگــانی کڵێسەکان دەزرنگانەوە و، کاتی نــوێژی ئێوارەیان رادەگەیاند.

ئەمەیش فەڕەنسییەکانی تۆقاند و، پێیان وابوو کە ئەوە ئــاگادار کردنــەوەی هــەڵگرتنی چەکە، بۆ هاوڵاتیــان! هەندێک لــە ســەربازانی پیادەیش، بــەرەو ئــەو دەروازەی کۆتاڤییڤــە چــوون، کــە هاوڵاتیــان لــەودیوەوە، چەندین دار و تەختــەی ئەســتووری گــوێزی تۆکمــەیان دابووە بــەر.

لــەو کاتــەدا کــە ئەفســەرێک لەگەڵ کەتیبەکەیــدا، بــە ڕاکــردن لــە دەروازەکــە نزیــک بــوو بوونەوە، دەنگی تەقینی دوو فیشەک هــات. ناچــار ئەفســەرێکی نێو تۆپخانــە دابەســتراوەکە، فەرمانی بەو کەتیبەیە دا و، ئەوانیش وەستان و، زۆر بە پەلە گەڕانەوە دواوە!

لە دەروازەکەوە سێ فیشەکی تر تەقی. ڕانی سەربازێکی فەڕەنسیی پێ بریندار بوو و، هــاوار و قیژەیــەکی نــامۆ، لــە ســەنگەرێکەوە بیســترا. کتــوپڕ ڕوخســاری شــادیی تێکــەڵا بــە دڵــەڕاوکێی ئەفســــەر و ســــەربازان، بــــەرامبەر ئــــەوانەی ئــــەودیو دەروازەکــــە کــــە خــــۆیان ئــامادەی خەبات و ئــازار و کوشتن کردبوو، بە تــووڕەبوون گۆڕدرا.

هــەر لە مارشاڵێکەوە تا دوایــەمین ســەرباز، تێگەیشتن کە ئــەو گۆڕەپانە، نــە گۆڕەپانی فۆزدڤیگنکایە و، نە مۆخۆڤاییایە و، نە دەروازە دوو تاکییەکەی کۆتاڤییڤــە و، نــە تیرینتیەیــە. بەڵکو گۆڕەپانێکی نوێی شەڕە.

چــاوەڕوان دەکرێت لەو گۆڕەپانەدا، شــەڕێکی خوێناویی ڕوو بدات! هــەموانیش خۆیــان بۆ ئامادە کرد.

قیژە و هاواری سەنگەرەکان، وەستا. لوولە تۆپەکان ئاراستە کران.

ئەفسەرێک فەرمانیدا:ــ گڕیان بدەن.

گوللــە تۆپــەکان وەکــوو بــەرد، دایــان بــە دەروازەکــەدا و، دوو گەوڵــە دووکــەڵا، بــەرەو

ئاسمان بووەوە. دوای دەنگدانەوەی دوو فیشەکە تەقیوەکە، بە درێژایی دیواری کریملندا، ژاوەیەکی نامۆ بە سەر سەری فەڕەنسییەکانەوە بیسترا.

تومەز دەنگی فڕینی پۆلێکی گەورەی قەلەڕەشی نێو کێڵگە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەر بوو و، دایان لە شەقەی باڵا و، بە ئاسمانی گۆڕەپانی شەڕەکەدا باڵاو بوونەوە. هێندە زۆر بوون، بەری ڕۆژیان گرت!

هەر لەو کاتەدا دەنگی پیاوێک باڵند بووەوە و، لە دووکەڵەکەدا وەکو تارمایی دەبینرا. بەرگێکی شڕۆڵەی لە بەردابوو و، تفەنگەکەی دەستی ئاراستەی فەڕەنسییەکان کردبوو.

ئەفسەری تۆپخانە هاواری کرد، "گڕیان بدەن!"

لەگەڵ تەقەدا، دوو گوللە تۆپیش تەقێنرا. بەر دەروازەکە کەوت و، چەقە دووکەڵا باڵاو بووەوە. لە نێو سەنگەرەکانەوە هیچ جووڵەیەک نەدەبینرا.

جارێکی تر ئەفسەرانی فەڕەنسی، بەرەو دەروازەکە بوونەوە و، سەربازە پیادەکانیش بە دوایانەوەن. لەو نێوەدا سێ بریندار و، چوار کوژراو کەوتن و، دوو پیاوی شڕۆڵەیش، بە بن دیوارەکەدا هەڵاتن و، بەرەو زنامنکا بوونەوە.

ئەفسەرەکە ئاماژەی بە پارچە تەختە و لاشەی کوژراوەکان دا و وتی:

"ئەمانە دوور بخەنەوە."

کوژراوەکانیان پاڵدا و، پەلاماری بریندارەکانیشیان دا. بریندارەکان کێ و کێ بوون؟ کەس ئەوەی نەزانی. هەر هێندەیان دەربارە وتن، کە لەو ناوەیان دوور بخەنەوە. دواتر بە هۆی بۆگەن بوونیانەوە، کۆیان کردنەوە.

تەنیا کەسێک کە باسی ئەم ڕووداوەی کرد، تییەری میژوونوش بوو و، ئەویش بەم قەبە کردنی ئەو ڕووداوەوە، بەم شێوەیە، باسی لێوە کردووە:

"ئەو پیس و ڕسوایانە، خۆیان کردبوو بە قەڵای پیرۆزدا و، دەستیان بەسەر چەند تفەنگێکی جبەخانەیەکدا گرت و، بەو تفەنگانە، تەقەیان لە فەڕەنسییەکان کردبوو. هەندێکیان هەر بە شمشێر سەریان پەڕێندرا و، کریملنیان لێ پاک کرایەوە."

ئەمجا سەرکردە مۆرایان ئاگادار کردەوە: ئێستا ڕاڕەوەکە پاک کراوەتەوە. ئیدی فەڕەنسییەکان دەروازەکەیان شکاند و، چوونە ناوەوە و، لە گۆڕەپانی "ئەنجومەنی پیران"دا، سەربازگەی خۆیان دامەزراند.

دواتر سەربازەکانیشیان، کەوتنە دەرهێنانی دەرگا و پەنجەرە تەختەکانی ماڵان و کردیانە خۆراکی ئاگر.

چەند لیوایەکی تری سەربازی کریملن یان تێپەڕاند و، لە مۆزۆسییکا و، لۆبیانکا و، لە ناو بۆکرۆڤکادا سەربازگەیان پێکەوە نا.

بڕێکی تری ئەو سوپایەیان، لە فۆزدڤیگنکا و زنامنکا نیشتەجێ بوون. ئەوان وەکوو هەر یەکەیەکی فەرمانگە نەبوون، تاکوو بە فەرمی و، وەکوو هەر وڵاتێکی خاوەن

شارستانیەت، خانوویان بخەنە بەردەم. بەڵکو هەر خانوویەک چۆڵ بوایە و، دڵیان بیگرتایە بێ ئاگادارکردنەوەی خاوەنەکەی، تێیدا نیشتەجێ دەبوون و، وەکوو سەربازگەیەکی گشتی، تێیدا دەژیان.

هەرچەند فەرمانبەرەکان جل و بەرگیان شۆر و، برسی و ماندوو بوون. بەڵام بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و، ڕێ و ڕەسمی یاسای سەربازی، هاتنە مۆسکۆوە. ئەوان لەگەڵ ئەو ماندووبوونە و، ئەو لاوازییەی کە تووشیان هاتبوو، لەو شەڕانەدا.. هێشتا بە توانا بوون و، دەبوو بە هەند وەربگیرێن.

کەچی هەر ئەوەندەی گەیشتن، بە نێو شارەکە بڵاو بوونەوە و، ئیدی بەرەڵا کران و، لە یاسا چوونە دەرەوە. هەر هێندەیان خۆش بوو، کەوتنە ناو ناز و نیعمەتی، ئەو خانووە چۆڵانەوە. ئیدی ئەو سوپا مەزنە تواپەوە! ئیدی تێکەڵا بەو کەمە هاوڵاتیانە بوون و، ئەوانیش ناتۆرەی تاڵانچییان بەسەردا بڕی بوون.

دوای پێنج هەفتە و، کە لە مۆسکۆ چوونە دەرەوە، ئەو سەربازە برسییانە نەما بوون و، شتومەکە تاڵان کراوەکانیان، لە گالیسکەکان بارکرد و، بڕێکی تریان هەر بە کۆڵ پشت، وەکوو تاڵانچی و، راوو ڕووتچیان، بردیان و، شارەکەیان جێ هێشت. ئیدی ئامانجی داگیر کردنی مۆسکۆ نەدەزانرا! ئاخۆ ئەوان بۆ کوشتاری شارەکە هاتبوون؟ یان بۆ تاڵان کردن و راوو ڕووت؟ هەر وەکوو ئەو مەیموونەیان لێ هاتبوو کە دەست دەکات بە دەمی گۆزەکەدا بۆ گوێز دەرهێنان و، چنگ بە گوێزەکاندا دەکات و لەبەر قەبە بوونی چنگەکەی، دەستی لە قوڕگی گۆزەکە، نایەتە دەرەوە! ئەگەر گوێزەکانیش بەر بداتەوە نێو گۆزەکە، ئەوا لە کیسی دەچێت!

تاڵانچیانیش دەستبەرداری شتەکانیان نەدەبوون و، وەکوو ئەو مەیموونە و گویزەکانیان، لێ هاتبوو.

هەر دوای دە خولەکێک، دوای هاتنە ناوەوەی فەیلەقێک، ئیدی لە نێو ماڵەکاندا هەر سەربازان بوون، بە پاڵتۆکانیانەوە لە پەنجەرەکانی خانووە چۆڵەکانەوە دەبینران.

دەستیان بە سەر خۆراکدا دەگرت و، دەرگای چەپەرەکان و، گەوڕی ئاژەڵ و، ئەسپەکانیان دەشکاند. قۆڵیان لێ هەڵ دەکرد و، هەویریان دەشێلا. چێشتیان لێدەنا!

لە بازاڕەکانیشدا خۆیان بە ژنانەوە دەنووساند و، یارییان لەگەڵ منالاندا دەکرد. هەرچەند ژمارەیان لە بازاڕ و دوکانەکاندا، کەمی نەکردبوو. بەڵام شێوەی سەربازیی خۆیان دۆڕاند بوو!

فەرمان لە دوای فەرمان، لە "ئەرکانی جەنگ"ەوە دەردەچوو و، داوای دوور کەوتنەوەی، ئەو سەربازانەی خۆیانیان دەکرد و، دەست لە تاڵان کردن و، راووڕووت کردن هەڵبگرن و، لە شاردا بڵاوە نەکەن و، ئازاری هاوڵاتیان نەدەن.

بەڵام ئەو پیاوانەی کە تا دوێنێ سوپایەکی زەبەلاحیان پێک هێنابوو. ئێستا هەر گوێیش بە فەرمانی سەربازی نادەن و، بە نێو ئەو شارە کاول بووەدا، بڵاوەیان لێ کردووە و، خانووی دەوڵەمەندانی، پڕ لە راخەری گرانبەهایان، بە گەورە نەدەزانی، بۆ کردنە تەویلە بۆ ئەسپەکانی ژێریان.

ئەفسەرەکانیش لە کێبڕکێی ئەوەدا بوون، کە هەواڵی دۆزینەوەی ماڵە خانەدانێکیان پێ بگات. تا یە زووترین کات دەستیان پێبدا بگات و، هەرچی زووترە، شتو مەکەکانی نێوی تاڵان بکەن. ئەو ئەفسەرانەیشیان، کە دەیان ناردن بۆ ڕێگری کردن، لە سەرباز و ئەفسەرە تاڵانچییەکان، کە ئەو تاڵان و بێ سەرو بەرییەیان دەبینی، خۆیشیان دەستیان پێ دەکرد و، فەرمانەکانیان وەلاوە دەنا!!

سامان و شت و مەکەکان، هێندە فرە بوون، کە چەند شوێنێکی دەوروبەری سەربازەگەکانیان هەر دەستیشیان، بۆ نەبرابوو!

تاڵانچیان وا چاویان بڕیبووە خانووبەرەکان، کە سامانێکی هێندە فرەیان تێدابێت، سەرووی بیرکردنەوەی مرۆڤ بێت و، لەو تاڵانیانەی پێشوو زۆرتر بێت. بۆیەیش تا دەهات، تاڵانچییان لەو شارەدا زۆر و زۆرتر دەبوون.

شارەکە لە زەویی وشکەوەبووی قلیشاو دەچوو و، تاڵانچییانیش وەکوو ئاو، کرابوون بە سەریدا و، خێرا تێیدا ون دەبوون!

ئەو سوپا برسییە، هەر بە گەیشتنی بە ئەو شارە دەوڵەمەندەی چۆڵا لە دانیشتوانەکەی، کەوتنە راوو ڕووت و، بە تاڵان بردنی سامان و شتومەکە بە نرخەکانی، نێو خانووبەرەکان. وای لێهات ئەو شارە لە خانووی رووخاو و، کەلاوە و، بازاڕی سووتاو و، خاشاکێکی زۆر بەولاوە، هیچی تری تێدا نەما!

فەرەنسییە داگیرکەرەکان، سووتاندنی مۆسکۆیان بۆ نیشتمانپەروەریی رۆستۆبشین دەگێڕایەوە. ڕووسییەکانیش بۆ درندەیی سوپای فەرەنسا!

لە راستیدا نابێت سووتاندنی ئەو شارە، بخرێتە ئەستۆی هیچ کەس و لایەنێک. مۆسکۆیەک کە خانووبەرە و، تەلار و بازاڕەکانی، لە دار و تەختە دروست کرابن و، هۆکاری سووتانی بۆ ڕەخسابێت: هەر دەبێت کە بسووتێت. نەک هەر مۆسکۆی خاوەن (١٣٠) ماتۆڕی ئاوڕاکێشی کۆنی ناجۆریش، بەڵکو هەر شارۆچکە و گوندێکی تەختە بەندی تریش، لەو بارو دۆخەدا بوایە هەر دەسووتا.

شارێک دانیشتوانەکەی چۆڵی بکات، وەکوو ئاردی نێو دەوەنی لێ بێت. چونکە بە درێژایی ئەو چەند ڕۆژە، ئاگر و ئاسنی، بە سەردا باری بوو!

شارێک ــ ئامادەکاریی پۆلیسی ئاگرکوژێنەوەیشی بۆ کرا بێت ــ هەموو ڕۆژێک ئاگرباران بکرێت.. هەر دەسووتێت!

شارێک دانیشتوانەکەی چۆڵی کرد بێت و، سەربازێکی فرەی بیانیی سەبیلکێشی تێ رژابێت و، لە گۆڕەپانی "ئەنجومەنی پیران"ەکەیدا، بە ئارەزووی خۆیان ئاگری تێدا بکەنەوە و، کورسییەکانی ئەو ئەنجومەنە چۆڵکراوە، بکەنە بزووتکی ژێر مەنجەڵەکانیان و، پۆژی دوو جاران، چێشتی پێ لێ بنێن.. دیارە کە گریمانی سووتاندنی چەندجارە، بەرە و بان دەبێت.

مۆسکۆ بە هۆی ئاگری سەبیلەکانیان و، کوانووی ئاگری چێشتخانەکانیان و، ئاگری دەستی ئەو سەربازانەی، کە لەبەر ئەوەی خاوەن خانووبەرە و تەلار و بازاڕەکانیان، نەدەناسی، زۆر بێ ویژدانانە و، نا بەرپرسانە، هەڵس و کەوتیان دەکرد... سووتا.

گریمانێک نییە، کە کەس و لایەنێک، بە تایبەتی بۆ سووتاندنی شاری مۆسکۆ لە پارێزدا بووبێت ـ کە ئەم گریمانە فرە لاوازە ـ چونکە هیچ پاڵنەرێکی روون نییە بۆ کردنی ئەو کارە.

لە هەمان کاتدا ئەوەیش دەزانرێت، کە ئاگرەکە و ، لەو بارودۆخە سەختەدا، وا تەشەنە دەکات و، مەزن دەبێت، کە بە هیچ جۆرێک و بە هیچ کەس و لایەنێکیش، رکێف ناکرێت!

بۆیە ناکرێت ئەو خەڵکە ڕەو نەکردووەی ماونەتەوە: بە هۆکاری سووتاندنی مۆسکۆ تاوانبار بکرێن. وەکو ئەوەی کە ئەو فەرەنسییانە دەیانخستە پاڵیان! یان وەکوو ئەوەی کە ڕووسییەکان دەیانخستە پاڵا ناپلیۆن. یان بزووتکی ئاگر خستنەوەکەیان دەخستە دەستی تاڵانچیان و، دز و ڕاوورووت کەران و، وەکوو ئەوەی بەم دواییانە، هاوڵاتیان قسەیان لێوە دەکرد.

دەبێت ئەو هۆیانەی پێشووتر وتران، پشتگوێ نەخرێن. دەبوو مۆسکۆ وەکوو هەر گوند و شارۆچکەیەکی تر بسووتێنرایە.. چونکە خاوەنەکەی چۆڵی کردبوو. کەسانی نامۆ بەو شارە، تێیدا نیشتەجێ بوو بوون و چێشتیان تێدا لێدەنا.

مۆسکۆ دانیشتوانەکەی خۆی سووتاندی! ئەوانەی کە لێی چووبوونە دەرەوە و چۆڵیان کردبوو!! نەکوو ئەوانەیان تێیدا مابوونەوە. هەر ئەمەیش ڕاستییەکە بوو.

مۆسکۆ وەکوو شارەکانی بەرلین و ڤیەننا، بێ زیان دەرنەچوو و، دوای داگیر کردنی سووتێنرا.

هۆیەکەیشی ئەوە بوو، دەبوو لە بری هەلاتنی دانیشتوانەکەی و چۆڵکردنی.. کلیلی کلۆمی دەروازەکانی شارەکەیان، سەرقاپێکی پڕ لە نمەکی نان و خوێ بخستایە و، پێشکەش بە فەرەنسییەکانیان بکردایە.

بەشی بیست و حەوت
دەروونی پییەر

فەرەنسییەکان وەکوو ئەستێرە، لە ناوەڕاستی مۆسکۆوە، بەرەو کەنارەکانیٚ و شارۆچکە نزیکەکانی، کشان. دەمەو ئێوارەی دووی ئەیلوول، گەیشتنە ئەو گەرەکەی کە پییەری تێدا نیشتەجیٚ بوو.

ئەوە دوو رۆژ بوو، پییەریش بیرۆکەیەک میٚشکی جەنجاڵ کردبوو و، خۆیشی نەیدەزانی کەی و لە کوێوە، میٚشکی رکێف کراوە و، وای بە سەر هێناوە، کە هیچی لە رابردوو و، لە ئێستا بیر نەمابێت!

ئەوانەیشی دەیبیستن و دەیبینین، وەکوو ئەوە وابوو، خەون بوو بە لایەوە! کە ماڵەکەی خۆیشی جیٚ هێشتبوو، هەر لەبەر ئاڵۆزیی کێشەکەی و، بێدەسەڵاتیی خۆی بوو، لە چارەسەریدا.

بە بیانووی پشکنینی، کتێبخانەی جۆزیف ئەلکسییڤیتشی لە دنیا دەرچووەوە، خۆی گەیاندبووە ئەو شوێنە. ئەگەر نا لە راستیدا، لەو راتەکاندنانەی، ژیانی خۆی، هەڵا هاتبوو. چونکە ئەو بۆ لانەیەک دەگەڕا، کە لە ژاوە و پشێوی،دوور بێت. ئەو لانە ئارام و دوورە دەستەیشی، لە ماڵی جۆزیفدا دۆزییەوە و، هەروایش بوو.

کە لە سەر کورسییە تۆزاویی کتێبخانەکە دانیشت و، پاڵی لیٚ دایەوە، هەستی کرد کە لە ئەو شوێنە کپەیٚ، بۆنی مردووی لیٚ دێت، بیرەوەریی رۆژە یەک لە دوای یەکەکانی ژیانی خۆیی، لە بیر و ژیرییدا، ژیایەوە.

بیرەوەرییەکانی شەڕی بورۆدینۆ، کە تێیدا هەستی بە سووکیی خۆی و، قالۆریی ژیانی کرد، بە بەراورد بە ئەو کەسانەی، نوقمی راستی و سادەیین.

گیراسیم هات و، لە ئەندێشەکانی دەرهێنایەوە. ئاخر ئەو بیرۆکەی بەرگری کردنی هەبوو لە مۆسکۆ و، ئەمەیش ئارەزووی مۆسکۆییەکان بوو. بۆیە داوای لە گیراسیم کرد پاڵتۆ و، دەمانچەکەی بۆ بێنێت. بەوەیش گەیشتبوو کە ناوی خۆی لای خەڵکەکە و، لەم شوێنە نوێیە ئاشکرا نەکات.

لە ڕۆژی یەکەمی پشوویدا، چەند جارێک ویستی بە دەستنووسەکانی ماسۆنیاندا بچێتەوە، بەڵام بێسوود بوو. پەیوەندیی نێوەکەی خۆی و، بۆناپارتی بە شێوە ئەفسوناوییەکەی بیر هاتەوە. کە "ئاروسی بیزۆخۆڤ" بوو. بەوە هۆشداریی پێ درابوو: تا کۆتایی بە ژیانی حوکمی دڕندە بێنێت. ئەمە تا ئێستایش وەکوو خەونێک بوو بە خەیاڵیدا گوزەری دەکرد و، هیچی بەسەر بیر و لێکدانەوەیەوە جێ نەهێشتبوو.

ڕۆژی دواتر ڕێی بەرەو سێ چیاکەی گرتەبەر. تەنیا بیری لەوە دەکردەوە، کە درێغی نەکات و، بەرامبەر داگیرکەران تواندار بێت و، شایستەی بێت. بەڵام کە ئێوارە گەڕایەوە، تێگەیشت کەس نییە بەرگری لە مۆسکۆ بکات.

لەو کاتە بەدواوە، هەرچی ڕێیەک بۆ ڕزگاریی مۆسکۆ لەبار بوایە، لە لای ئەو ببووە ئەرک بە سەرییەوە، بۆ گرتنە بەری. ئێستا ئەرکی سەر شانیەتی نێوی خۆی، بە شاراوەیی بهێڵێتەوە و، لە مۆسکۆدا بمێنێتەوە و، بە شوێن ناپلیۆنەوە بێت و، بە دەستی خۆی بیکوژێت.

دواتر یان خۆی بکوژێت... یان سنووڕێک بۆ ئازار و ئەشکەنجەکانی ئەوروپا دابنێت. ئەو ئازار و دەردەسەریانەی، کە لە خەیاڵی پییەردا، هۆکارەکەی تەنیا و تەنیا ناپلیۆن بوو.

پییەر بە دوورو درێژی ڕووداوەکەی ڤییەنای ساڵی (١٨٠٩)یشی دەزانی، کە قوتابیەک بۆ لەناوبردنی ناپلیۆن، هەوڵی دابوو. ئەوەیشی دەزانی دوای سەرنەکەوتنی ئەو قوتابییە، هەر زوو لە سێدارە درابوو.

ئەو مەترسییەی لەو کارەیدا بوو، هێندەی تر، بە پەرۆشی کردبوو، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی، دوو سۆزی هاوتا لە هێزدا وەی پییەریان بەرز کردبووەوە.

یەکەمیان پێویستیی بە قوربانیدانی خۆی و، ئازارچەشتن هەبوو. ئەو پێویست بوونەی، کە کارەساتە مەزنە گشتییەکە، بە ئاگای هێنایەوە و، هەر ئەو سۆزەیش بوو، کە بیست و پێنجی مانگ پاڵی پێوەنا، بەرەو "مۆجاییسک" ڕۆیشت و، فڕێی دایە ناو جەرگەی شەڕەکەوە و، وای لێ کرد لە ماڵەکەی خۆی و، ئەو ژیانە خۆشەی هەڵ بێت و، بە بەرگەکەی دەرەوەیەوە، لە سەر قەنەفەیەکی بێ زەمبەلەک لێی دەنوێت و، لە خواردنەکەی گیراسیمی خزمەتکاریش دەخوات.

سۆزی دووەمیش ئەو هەستە نالەبارەی ڕووسییەکان بوو، کە قێزیان لە هەموو کێشە دەست کردەکان دەهاتەوە. لەوانەی مرۆڤ خۆی دەیان هێنێتە ئاراوە.

لە ناکاو پییەر لە کۆشکی سلۆپۆدسکیدا هەستی بە بەختەوەرییەکی نامۆ کرد و، ئەوە بۆ یەکەمین جاری بوو، کەوا سامان و دەسەلات و ژیان و، هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ، خۆی ماندوو دەکات بۆ وەدەست هێنانیان و، هێشتنەوەیان، گرنگیی نامێنێت. جگە لەو گەشکەیەی کە دڵی تێدا نقووم دەبێت.

ئەوە هەستی خۆبەخشێکی پێشمەرگە بوو، ئەو دەمەی کە بە دوایین "کۆبیک"ی گیرفانی، خۆی بەدەمەست دەکرد. یان وەکو ئەو پیاوە سەرخۆشەی کە بێ هیچ مەبەستێک، دەکەوێتە ئاوێنە شکاندنی مەیخانەکە.

لە کاتێکدا لێی روون بوو، دواتر زیانەکانی ئەو کارە ناهەمواریەی پێ دەبڕێرن و، هەموو پارەی گیرفانی لێ دەستێنن. ئەو هەستەی مرۆڤ وا لێ دەکات، کاری هەڵە و پێچەوانەی راستی بکات. بە شێوەیەکی گشتی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەیەوێت بیسەلمێنێت.

لە سەرووی یاساکانی مرۆڤەوە، یاسایەلێکی باڵاتر هەیە! دادگایەکی باڵا هەیە و، حوکم بە سەر ژیاندا دەدات و، لە یاساکای مرۆڤ باڵاترە.

هەر لەو ڕۆژەوە و، لە سلۆپۆدسکی، بۆ یەکەمجار، پییەر هەستی بەوە کرد و، زۆرێش لێی رازی بوو. دوای ئەو هەنگاوانەیشی، کە لەو پێناوەدا نابووی، پییەر هەڵاتنی لە مااڵ و پاڵتۆ و دەمانچەکەی خۆی بوو و، گریمانی گەڕانەوەیشی بۆ خۆی دانا بوو.

دوای ئەوەیش کە لە لای بنەماڵەی ڕۆستۆڤیش وتبووی: مۆسکۆ چۆڵ ناکەم. ئەو هەڵاتنەی بۆی بووە مایەی رسوایی و شەرمەزاری. پییەر خۆیشی هەستی بەوە کردبوو، کە ئەگەر وەکوو مۆسکۆییەکان ئەویش هەڵ بێت چی لێ بەسەردێت.

باری بیرو ژیریی پییەر، لەگەڵ باری جەستەییدا گونجاو بوو. ئەو خواردنە قورسانەی لەم ڕۆژانەی دوایدا خواردبوونی و، لەوە و پێش پێیان رانەهاتبوو. ئەو عەرەقەی خواردبوویەوە و، بێبەش بوونی لە جن و ڤۆدگا و، جگەرەی نایاب و نەگۆڕینی جلەکانی ژێرەوەی و، نەنووستن بۆ ماوەی دوو شەوی یەک لە دوای یەک و، شەو بەسەربردنی لە سەر قەنەفەیەکی کورتترلە باڵای ، بە جۆرێک پییەری هەژاندبوو کە خەریک بوو شێت ببێت.

کات دووی دوای نیوەڕۆ بوو و، فەرەنسییەکان خۆیان کردبوو بە مۆسکۆدا. پییەر ئەمەی زانیبوو. بەڵام لە بری ئەوەی ئیشەکانی خۆی بە گورجی ڕاپەڕێنێت، کەوتە بیرکردنەوە لە وردەکارییەکانی پڕۆژەکەی مێشکی خۆی.

وەنەبێت هیچ بیرۆکەیەکی لەبارەی چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژەیەوە و مردنی ناپلیۆنەوە هەبێت. بەڵام مردنی ئەو و، کارە پاڵەوانانەکە و، ئازایەتییەکەی، هەمیشە لە بەرچاو بوو و، چێژیشی لێ وەردەگرت.

بەم جۆرە کەوتە بیرکردنەوە:

"بەڵێ! قوربانیی یەکێک بۆ خاتری هەموان. پێویستە یا سەرکەوتن بە دەست بێنم، یان بمرم! بەڵێ! وردە وردە دێمە پێشەوە... ئەمجا لە ناکاو... بە ڕاست ئاخۆ دەمانچەکە، یان خەنجەرەکە لە پێشەوە بەکار بێنم؟ بە هەرحاڵ بۆ من هەردووکیان چوونیەکن! ئەوەیش بزانە... ئەوە من نیم، کە سزات دەدەم! بەڵکو دەستی قەدەرە!"

پیەر بیری لەو وشانەیش کردەوە کە لە کاتی خەنجەر وەشاندنەکەدا پێویست دەکات بیڵێت.

لەسەر بیرکردنەوەکەی ڕۆیشت:

"زۆر باشە! چیی تر!؟ ئێستا ئیدیی قۆڵبەستم بکەن و مەحکەمەم بکەن."

سەری داخست و خەم و بڕوا بە خۆ بوون، بە ڕوخسارییەوە دەردەکەوت. هەر لەو کاتەی کە پیەر لە نووسینگەکەی جۆزیف ئەلکسیێفیتش بە پێوە وەستابوو و، خۆ بە خۆی خۆی، ئەو بیرەی دەکردەوە، دەرگاکە کرایەوە و ماکار ئەلکسیێفیتش، لە دەم دەرگا بوو و، ئەو ڕووکارە تۆقێنەرەی جارانی پێوە نەمابوو. بەرگی ناومالّی والایی پۆشی بوو. سەرەتا سەرخۆش بوونی پێوە دیاربوو و کەمێک زەرد هەڵگەڕابوو.

هەر پیەری بینی کەمێک شڵەژا. بەڵام زوو فریای خۆی کەوت و، ورەی دایەوە بەر خۆی. ڕانە باریکەکانی لە ژێر قورسیی جەستەیدا دەلەرزین. بەرەو ناوەڕاستی ژوورەکە چوو.

لە پیەر هاتە پێشەوە و بە دەنگێکی گڕ وتی:

"هەموان تووشی ترس و تۆقاندن بوون! منیش دەڵێم: خۆم نادەم بە دەستەوە! ئەی وانییە گەورەم؟"

ماکاریش وەکوو بیرکەرەوەیەک خۆی پیشاندا. بەڵام هەر کە دەمانچەکەی، لە سەر مێزی نووسینگەکە بینی، پەلاماری دا و، خۆی گەیاندە ڕاپەوەکە.

گیراسیم و دەرگاوانەکە گرتیان و، ویستیان دەمانچەکەی لێ بسەنن. پیەریش بە ڕاکردن بەرەو دالانەکە هات و، لە دووڕەوە بە چاوێکی پڕ بەزەییەوە، کەوتە ڕوانین لەو پیاوە پیرە.

ماکار ئەلکسیێفیتشیش خۆی توند دەکرد و، خۆی بە پاڵەوان هاتبووە بەرچاو و دەیقیژاند:

"ئێوەیش پەلاماری چەک بدەن! دەی پەلاماری چەک بدەن! نەخێر منیش ئەم چەکەتان نادەمێ."

گیراسیمیش شانێکی لێدا و، بە دەرگاکەدا بردییە دەرەوە و پێی وت:

"بەسیە! تکایە با بەس بێت! تکا دەکەم، ئەوەی دەستی خۆتم بدەرێ! دەی گەورەم..."

ماکار کردییەوە بە نەڕەنەڕ:

"تۆ کێیت!؟ بڵێی ناپلیۆن بیت!؟"

گیراسیمیش وتـــی:

"گەورەم ئەمە باش نییە! بچۆوە ژوورەکەی خۆت.. بڕۆ لەوێ کەمێک بحەوێوە. بفەرموو و، دەمانچەکەم بدەرێ."

ماکاری سەرخۆشیش دەمانچەکەی بڵند کردەوە و توندتر قیژاندی:

"بگەڕێ دواوە، هەی کۆیلەی رسوا! دەستم لێ مەدە! ئاە! دەبینیت؟"

گیراسیمیش چرپاندی بە گوێی دەرگاوانەکەدا:

"باوەشی پێدا بکە و، بیدە بە کۆڵتدا."

ئەمجا ماکاریان بە راکێشان بەرەو دەرگاکە برد.

هێندەی نەبرد، بوو بە قیژ و هوڕی، پیرەی بەدمەست. قیژەیەکی بڵند لە ژوورێکی لای پلیکانەکانەوە پەیدا بوو و، چێشتلێنەرەکە بە هەڵەداوان خۆی بە ژورەکەدا کرد و قیژاندی:

"ئەوەتان.. خۆیانن!! ئۆو پەروەردگار! سوێند دەخۆم، کە ئەوانە خۆیانن! چوار سەربازی سواره بوون!"

دالآنە پڕ قیژو هوڕەکە، کپ بوو و، تەنیا دەنگی بادانی دەسکی دەرگای بەلەکۆنەکە دەبیسترا.

بەشی بیست و هەشت
ژیانی ئەفسەرەکە

پییەر بڕیاری دابوو کە پێناسەکەی بشارێتەوە و، نەهێڵێت بزانن کە فەڕەنسی دەزانێت. تا ئەو کاتەی ئەرکەکەی خۆی بەجێ دێنێت. لە ڕاڕەوەکەدا وەستابوو و، خۆی ئامادەی ئەوە کردبوو، هەرکە فەڕەنسییەکان هاتنە ژوورەوە، ئەمیش خۆی بشارێتەوە. بەڵام بێ ئەوەی لە جێی خۆی بجووڵێت.

فەڕەنسییەکان هاتنە ژوورەوە و، دوان بوون. یەکێکیان ئەفسەرێکی کەڵەگەتی ڕەنگ و ڕوو جوان بوو. ئەوی تریشیان سەربازێکی سادەی یاوەر بوو. گردیلەیەکی باریکەلە بوو. بە ڕوخساریدا لە کەمێک هێڕ دەچوو.

یەکەمجار ئەفسەرەکە خۆی کرد بە ژوورەدا و، گاڵۆکێکی پێ بوو و، کەمێک دەشەلی و، لە ڕۆیشتندا خۆی دەدا بە سەریدا. دوای چەند هەنگاوێک وەستا و، لەوە دەچوو حاڵانووەکەی بە دڵا بێت. بەڵای سەربازەکانی بەردەرگای حەوشەکەدا لای کردەوە و، فەرمانی پێدان ئەسپەکان بێتن.

ئەمجا بە پۆزێکەوە کەمێک سمێڵی خۆی بادا و، ڕووی کردە هەموان:

"چۆنن.. ئەی ئامادەبووان؟"

کەسیان وەڵامیان نەدایەوە و، ئەویش خۆی لێڵا نەکردو کەوتە پشکنینی شوێنەکە!

ئەمجا لە گیراسیمی پرسی: "گەورەی ئێرە خۆتیت؟"

گیراسیمیش پرسایانە لێی ڕوانی.

ئەفسەرەکە بە وردی بە باڵای ئەو پیاوە کورتەباڵایەیدا ڕوانی، کە لە بەردەمیدا بوو و وتی: "کارتیرا کارتیرا ئەمەیش شوێنی نیشتەجێ بوون!"

بە دوای ئەودا دەستی خستە سەرشانی گیراسیمی تۆقیو و، پێی وت:

"ئۆو!! شەیتان بە نەفرەت بێت.. خۆ فەڕەنسییەکانیش مناڵیەلێکی ژیرن! دەی پیرە با

رقبوونەوە لە مێشکی خۆمان دەربکەین!"

چاوانی گێڕا. هەر کە پیرەی لە نزیک دەرگاکەدا بینی وتـی:

"ئـۆو! ئەوەیان دەرەبەگەکە خۆیەتی! ئەرێ ئێوە زمانی فەڕەنسی نازانن؟"

گیراسیم بە ئەفسەرەکەی وت:

"گەورەکان لێرە نین... منیش لە فەڕەنسی ناگەم! ئەوەتا لە خزمەتتدام."

ئەفسەرەکەیش بـە پێکەنینەوە پـەنجەی بـۆ لووتی برد و، وێستی تێی بگەنێت. بـەڵام ئەویش لەم نەگەیشت. ئەمجا بە شەلە شەل بەرەو دەرگاکە و لای پیرەر چوو.

پیـرەریش خوازیـاری ئـەوەبوو، ئەفسـەرەکە درەنـگ بگـات و ماکـار ئەلکسـیێیتش و دەمانچەکـەی دەسـتی نـەبینێت. ماکـاریش بـە دەمانچەکـەی دەسـتییەوە، لـە دەرگـای چێشتخانەکەوە هات. ئەو بەدەمەستە هەرکە ئەفسەرەکەی بینی.

لوولەی دەمانچەکەی تێ کرد و هاواری کرد: هێرش بەرن!

ئەفسـەرەکە وەرچـەرخا و، پیـەر خـۆی دا بـە سـەر ماکـاری بەدەمەسـتدا. تـاکوو دەمانچەکەی لێ بسەنێت. بەڵام ماکار بۆی رێکەوت و، فیشەکێکی تەقاند. ژوورو راڕەوەکە دەنگی دایەوە و پڕ بوو، لە چەقە دووکەڵ. فەڕەنسییەکە زەرد هەڵگەڕا و بە پەلە چووە دەرەوە.

پیـەر دەمانچەکـەی لـە ماکـار سـەند و، فڕێـی دایـە ئـەولاوە و، بـە پەلـە گەیشـتە سـەر ئەفسـەرەکە و، بیـری چـووەوە بـە نیـاز بـوو نـەهێڵێت، کـەس بزانێت کـە زمـانی فەڕەنسـی دەزانێت و لێی پرسیی:

"خۆ بریندار نەکردوویت؟"

ئەفسەرە فەڕەنسییەکەیش دەستی بە لەشی خۆیدا گێڕا و وتـی:

"پێم وایە... بریندار نەبووم."

ئاماژەی بە برینی هێڵێکی سەر دیواری ژوورەکە دا و وتی:

"هەر بە موجیزە رزگارم بوو!"

ئەمجا بە جدی لە پیرەری پرسی:"ئەو پیاوە کێ بوو؟"

پیرەریش خۆی بیرچووەوە و وتـی:

"لە راستیدا من زۆر بە داخم بەوەی کە رووبدا! ئەو پیاوە شێتە و لێی ناگیرێت! ئاخر خۆیشی نازانێ چی کردووە!"

ئەفسـەرە فەڕەنسـییەکە یەخـەی ماکـاری بەدەمەسـتی گـرت. ماکـار کەوتـە لـەتردان و، هۆشی بە خۆی نەبوو و، کەوتە زەوی.

ئەفسەرەیش ئەوەی لێ بینی، لێی دوور کەوتەوە و پێی وت:

"هـەی تاوانبار.. دەبێت باجی ئـەو کردەوەیـەی خۆت بدەیت. چونکە ئێمـەی فەڕەنسـی دوای هەر سەرکەوتنێکمان، بە بەزەییین."

ئەمجا بە تووڕەییەوە لە سەری ڕۆیشت:"بەڵام بەزەییمان بە ناپاکدا نایەتەوە!"

پیەر بە فەرەنسی زۆر پارایەوە و، تێی گەیاند، کە ناکرێت لێ پێچینەوە لە کەسێکی بێئاگا و بەدمەستی، نزیک لە شێتییەوە بکرێت.

لە سەرەتادا ئەفسەرەکە بە ئارامی گوێی بۆ شل کرد. لە ناکاو بزەیەک گرتی و، سەرنجێکی وردی ئەوی دا.

ئەمجا بەدستی بۆ پیەر دریژ کرد و وتی:

"بە راستی تۆ ژیانی منت پاراست! بێگومانم کە تۆیش فەرەنسیت!"

بۆ ساتێکیش گومانی بۆ دروست نەدەبوو، کە تەنیا فەرەنسییەکان کاری جوامێرانەی وایان لە دەست دێت! ئەوەیش بە ئەوەی کە، ژیانی ژەنەرالا رامبالی سەرۆکی ئەو یەکەیەی سیازدەیەی رزگار کردووە. ئەوەیش بۆ خۆی کارێکی جوامێرانەیە. پیەریش لای خۆیەوە بە ئەرکی خۆیی دەزانی، کۆلا نەدەر بێت و، رزگاری بکات.

کەچی لە ناکاو هاواری کرد:

"نەخێر! من فەرەنسی نیم و رووسیم!"

ئەفسەرەکەیش بە لاقرتیوە وتی:"ئا! ئا! ئا! ئەمە بە یەکێکی تر بڵێ و، بە من مەڵێ! خۆ من بەختەوەرم، بە ناسینی هاوڵاتییەکی وەکو تۆ!"

ئیدی هەر وەکوو قسە بۆ برایەکی خۆی بکات، لە سەری رۆیشت:

"زۆر باشە! کەوابوو چی بکەین لەم پیاوە تەقەکەرە؟"

پیەریش ئەو ساتەی بیر هاتەوە، کە ئەو سەرخۆشە بەدمەستە، پەلاماری دەمانچەی سەر مێزەکەی دا و، نەیانتوانی لێی بسەندنەوە و، لەو کاتەدا ئەو ئەفسەرە فەرەنسییە خۆی کرد بە ژووردا!

لە ناکاو ئەفسەرە فەرەنسییەکە هەستایە سەرپێ و هاواری کرد:

"تۆ منت لە کوشتن رزگار کرد!! بڵێیت و نەڵێیت: تۆ هەر فەرەنسیت!! داوات لێ کردم کە لێی ببوورم.. ئەوا بە قسەم کردیت و، لێی خۆش بووم. ئادەی ئەم بەدمەستە ببەن."

پیەریش دەستی ئەو کەسەی گرت، کە بە فەرەنسی لە قەڵەمی دابوو و، بردییە ژوورەوە. سەربازانی حەوشەکە بە دەم دەنگی تەقەکەوە هاتن و، دوای پرسیار کردن، ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ سزادانی تاوانبار.

بەڵام ئەفسەرەکە ئەوانی لە جێی خۆیان، وەستان و، رایگەیاند:

"کاتی پێویست بانگتان دەکەم."

تاکو سەربازەکان چوونە دەرەوە، یاوەری ئەفسەرەیش چێشتخانەکەی پشکنی.

کە گەڕایشەوە لای ئەفسەرەکە پێی وت:

"لە چێشتخانەکە شۆربا بە پەراسووی بەرخەوە ئامادەیە. بۆت بێنم؟"

ئەفسەرەیش وتی:

"ئەی بۆ خراپە! دەی.. با بێت."

بەشی بیست و نۆ
سەرکردە رامبڵ

پییەر لەگەڵ ئەفسەرەکەدا چووە ژوورەوە و، بە ئەرکی سەرشانی خۆیی زانی کە پێی بڵێتەوە: ئەو فەڕەنسی نییە و رووسییە. پییەر دەیویست خۆیی لێ بدزێتەوە. بەڵام ئەفسەرەکە ڕێی پێ نەدەدا.

رووی خۆش و وەفا و نیانیی زۆری، بەرامبەر پییەر نواند. بەرامبەر ئەو کەسەی لە مردن ڕزگاری کردبوو. ئەمەیش وای کرد کە پییەر لێرە بە دواوە، نەتوانێت کە دەست بە رووبەوە بنێت.

ئەفسەرەکە سەری لەوە سوڕمابوو، بۆچی ڕزگارکەرەکەی سووڕە لە سەر ئەوەی کە رووسییە و، فەڕەنسی نییە!؟ شانێکی هەڵتەکاند و، تێی گەیاند کە خۆیشی بە رووسی بزانێت. چونکە بەڵای ئەمەوە وەکوو یەکە. ئاخر ئەمیش ئەو چاکەیەی ئەوی بە درێژایی ژیانی بیر ناچێتەوە.

بەڵام ئەگەر ئەو ئەفسەرە، ئاگای لە دڵ و دەروونی پییەر بوایە، ئەوا پییەر ناچار دەبوو، ئەوی بە جێ بهێشتایە. بەڵام کە دەروونی پییەری بۆ نەخوێندرایەوە، وای کرد پییەر بمێنێتەوە.

ئەفسەرەکە سەرنجی جل و بەرگە پۆخڵە گرانبەهاکانی بەری و، موستیلەکەی پەنجەی پییەری دا و لێی پرسی:

"فەڕەنسیت؟ یان ئەمیرێکی رووسیی خۆ گۆڕیویت؟ من بە ژیانی خۆم قەرزاربارتم! بۆیە ئامادەم ببمە هاوڕێت. فەڕەنسییەکان بەم شێوەیەن و، خزمەت کردن و سووکایەتی

پێ کردنیان بیرناچێتەوە. هەر هێندەم لە دەست دێت کە ببمە هاوڕێت."

لە جوولّە و هەڵس وکەوت و، روخساری ئەو ئەفسەرە فەڕەنسییەدا وەفا و مەردایەتی دەبینرا و، وەکوو فەڕەنسییەکان دەڵێن: ویژدانی پوختە بوو.

تا ئەوە بوو بێئاگایانە پیپەریش بزەیەکی بۆ کرد و، دەستی هاوڕێیەتی بۆ درێژ کرد و توند گوشیی.

ئەمجا ئەفسەرە فەڕەنسییەکە خۆی بە پیپەر ناساند و وتـی:

"مـن سـەرکردە رامبـاڵم و، لـە کۆمەڵـەی سـیازدەیەمم. شایستەی مـەدالیای ڕێزلێنـانی "شەڕی حەوتەم" بووم. لە بری ئـەوەی کە دەبوو، ئێستا لە گالیسکەی فریاکەوتندا بوومایە و، گوللەیەکی ئەو شێتە بەدمەستەم بـە جەستەوە بوایە، وا هـەژدە هـەژدە قسان دەکەم! ئاخۆ تۆیش، ڕێزی ئەوەم لێ دەگریت، تاکوو منیش بزانم قسە لەگەڵ کێ دەکەم؟"

پیپەریش سوور هەڵگەڕا و، دەریخست کە ئێستا ناتوانێت ناوی ڕاستەقینەی خۆیی پێ بڵێت.

فەڕەنسییەکەیش قسەکەی پێ بڕی و وتـــی:

"ببوورن.. من لە بارودۆخەکەی ئێوە تێدەگەم. تۆ ئەفسـەریت.. هێندەی مـن هەسـتی پێ بکەم، ئەفسەرێکی پلە بااڵیشیت! چەکت لە دڕی ئێمە هەڵگرتووە. ئەوە ئیشی من نییە. هێندە بۆ من بەسە، کە بە ژیانی خۆم قەرزاربارت بم! هەموو تواناکانی من لە خزمەتی تۆدایە."

لە ناکاو پێیشی وت:

"تۆ کەسێکی مەردیت!"

پیپەر سەری داخست.

ئەویش هەڵیدایە:

"مادام خۆت ئەوەت دەوێت، منیش ناوت ژێر کۆڵەکە دەنێم،! وتت بـەڕێز پیپـەریت؟ زۆر باشە.. بە دڵـمە."

گۆشتی بەرخیان بۆ خستنە سەر مێزی نانخواردن و، سـەماوەریان لەگەڵیدا دانـا. مـەی و عـارەق هـات و، ئەوانەیشیان لـەو سـندوقە ڕووسییەوە هێنـابوو، کـە پێیـان بـوو. ئـەمجا ڕامبڵ فەرمووی لە پیپەر کرد و، کەوتە خواردن.

زۆر بە تاسووقەوە دەیخوارد و، خێرا خێرا دەیوت:

"نایابە! بە چێژە!"

پیپەری بڕسیش، وەکو ئەوی کرد، لە خواردندا. مۆریلی یـاوەری ئەفسـەرەیش هـات و، مەنجەڵێکی فافۆنی پێ بوو و، ئـاوی گـەرمی تێدابوو. قاپێک مـەیی سـووری تـێ هەڵکێشـا. قاپێـــک شـــەرابی کواسیشـــی هێنـــابوو. ئەمـــەیان جـــۆرە شـــەرابێک بـــوو، بـــە لای فەڕەنسییەکانیشەوە ناسراو بوو و، ناویان نابوو: ئاوە لیمۆی بەراز. بەڵام مادام سـەرکردە مەیی لەوە باشتری لابوو. ئەو قاپەی تری، دایە دەست سەربازەکە، تا بیخواتەوە.

سەرکردە بە دەستەسرەکەی ملی، قاپەکەی گرت و، پێکێک بۆ پیرەر و پێکێکی بۆ خۆی تێکرد و، بەو خواردنە چەورە و ئەو مەیە چالاک بووەوە و کەوتە فرە بێژی:

"بەڵێ پیرەری ئازیز.. من قەرزاری تۆم. تۆ منت رزگار کرد. ئاخر وەکو خۆت دەمبینی، هێندەم گوللە پێوەیە.. پێویستیم بەوەی ئەو بەدمەستە نەبوو!"

ئاماژەیشی بە دوورینەوەیەکی روخساری خۆی دا. ئەمجا وتی کە وەکو دەبینیت.. قاچیشم باش لە دووم نایەت! ئەمەیان لە شەڕە مەزنەکەی حەوتی مانگدا و، لە مۆسکۆڤا بەسەرم هات و پێکرام.

ئەم گوللەیەی بە قەبرغەمەوەیە، هی شەری واگرامە. لەو شەڕەدا، رووسەکان بەرگرییەکی کەم وێنەیان کرد و، دەهێنێت، شانازیی پێوە بکەن. بڕوا بکە گەر شەڕەکە دووبارە ببوایەتەوە، دیسان بەشداریم تێیدا دەکرد. تەنانەت بۆ ئەوانەیش گریانم دێت، کە ئەو شەڕەیان نەبینی!

پیرەریش وتی:"منیش لەو شەڕەدا بووم!"

رامبۆ هاواری کرد:

"بە ڕاستتە!؟ باشتر کە لەوێ بوویت. بە دەر لە هەموو شتێک، ئێوە لەو دوژمنانەن، کە شانازیتان پێوە دەکرێت! ئەو گردۆڵکە چکۆلەیە: زۆر خۆڕاگر بوو!

ئەمجا سەبیلەکەی پڕ تووتن کردەوە و، لەسەری ڕۆیشت:

"کارێکتان پێمان کرد.. باجەکەیمان دا! وەکو دەمبینی سێ جاران چووم بۆ لای. سێ جار گەیشتینە سەر یەکەکانی تۆپخانە و، وەکو کەرۆشک بەرەو دواوە ڕاونراینەوە. ئای پیرەری ڕێزدار، کە شتێکی قەشەنگ بوو. پیاو بۆ خوا قسە بکات.. نیشان شکێنانی قەرەوڵەوانانتان زۆر کارامە بوون! شەش جار ئەوانم بینی ریزەکانیان ڕێک دەخستەوە و، بە ڕەزمێکی سەربازیی قەشەنگ و، وەکوو ئەوەی نمایش بکەن، دەڕۆیشتن بەڕێوە!"

ئای کە پیاوانێکی قەشەنگ بوون! پاشاکەمان ـ پاشای ناپۆلی ـ زۆری پێ جوان بوو و، لای ئێمەوە دەستخۆشیی لێ دەکردن.

دوای خولەکێک وتی:

"وا باشترە.. پیرەری ڕێزدار! وا باشترە! ئێوە لە گۆڕەپانی جەنگدا تۆقێنەرن و، لەگەڵ ژنانی جواندا نیانن!"

فەرەنسییەکە زۆر دڵخۆش بوو. زۆریش لە خۆی ڕازی بوو. پیرەریشی ناچار کرد، بۆی پێ بکەنێ. ئەو وشەیە وای لە فەرەنسییەکە کرد، جارێکی دی بارو دۆخی مۆسکۆی بیربکەوێتەوە.

بۆیە وتی:

"ئۆو! بە راست ژنانیش مۆسکۆیان جێ هێشتووە!؟ ئای کە بیرۆکەیەکی غەمگینە! باشە ئەوان لە چی دەترسان؟"

پیرەریش وتی:

"ئەی ئەگەر رووسییەکان پاریسیان داگیر بکردایە.. ژنە فەڕەنسییەکان هەڵ نەدەهاتن؟
ئەفسەرە فەڕەنسییەکەیش وتـی:
"ئاە! ئاە! ئاە! ئەم پرسیارە زۆر بە هێز بوو!پاریس؟ بەڵام پاریس..پاریس."
پییەریش هەڵیدایـە:
"بەڵـێ! پاریسی پایتەختی جیهان..."
ئەفسەرەکە بە بێدەنگی لێی روانی.
لە ناکاو بە دوو چاو و لێوی بە بزەوە وتـی:"زۆر باشە! ئەگەر خۆت ددانت پێدا نەنایە کە رووسییت! گرەوی ئەوەم لە سەر دەکردیت، کەوا تۆ پـاریسیت! چونکە ئەوەت تێدایە کە خۆیشم نازانم چییە." دیسان بێدەنگ بووەوە، تاکوو لەسەرخۆ، سەرنجی پییەر بدات.
ئەمجا لە سەری رۆیشت:
"لـە هـەموو جیهاندا، یـەک پـاریس هەیـە.. تـۆیش لـە پـاریس بوویت و، دواتر بوویتـە رووسی! بە ناموسم چۆنم بۆ دانابوویت.. هەروا دەرچوویت!"
پییەر دوای ئەو هـەموو ناڕەحەتییەی، ئەو چەند ڕۆژەی ئێرەی و، کاریگەریی مـەی خواردنەوەکەی و، ئەو لاوە فەڕەنسییە رووخۆشە چێژێکی خۆشی پێ دابوو.
ئەفسەرەکە لە سەری رۆیشت:
"جـا ئـەوە.. باسـی ژنانمـان کـرد. دەڵێن ژنـانی ئێرە، زۆر جـوان و قەشـەنگن! بـەوەی فەڕەنسییەکان دێنە مۆسکۆوە و، ئەوان هەڵاتوون، شتێکی خراپیان کردووە.. ئەوان هەڵدێن و، تـا گوێچکەیان لە قورِو خۆڵی ئەو چۆڵەوانیانە دەنێن! دێنشینانی موجیک، وەکو ئێوە نین! لـە کاتێکدا کـە ئێوە لـە ئـەوانمان چـاکتر دەناسـن. ئێمـە ڤییـەنا و بـەرلین و مەدرید و ناپۆلی و، ڕۆما و، فارسۆڤیا و، هەموو پایتەختـەکانی جیهانمـان گرت... بەڵـێ ئەوان لێمـان دەترسن. بەڵام ئێمەیشیان خۆشدەوێت! بە کەڵکی ئەوە دێین، خەڵکەکە بماننـاسن."
ئیمپراتۆر نیازی وابوو لەسەری بڕوات و، پییەر قسەکەی پێ بڕی:
"ئیمپراتـۆر... ئایا ئیمپراتـۆریش..."
ئەفسـەرەکە وەڵامـی دایـەوە:"ئیمپراتـۆر.. دادوەر و بـدە و، بـە بـەزەیی و بـە یاسـا و بلیمەتـە!! ئیمپراتـۆر دەبێت وابێت! ئـەوە خـۆمم ئـەم قسـانە دەکـەم و، منیش ڕامبـاڵم. هـەر وەکوو دەمبینی هەشت سـاڵا لەمەوبەر، دوژمنی بووم. باوکیشم کۆنتێکی ڕەوکار بوو. ئەو پیاوە منی بەزاند! دیلی کردم. نەمدەتوانی بـەرگریی لـە ئـەو کـارە مـەزن و سـەربەرزانەی بکەم، کە بۆ فەڕەنسای بەدەست هێنابوو. بەڵـێ! ئـەو بۆ خـۆی سـوڵتانی زەمـانی خۆیـەتی! سوڵتانی زەمانی داهاتوویشە." پییەر وەکوو ئەوەی بە هەڵەوە گیرابێت، پرسیی:
"ئەو لە مۆسکۆدایە؟"
فەڕەنسییەکە سەیرێکی کرد و، بە پێکەنینەوە پێی وت:
"نەخێر! سبەینێ دەچێتە مۆسکۆوە."

مۆریل هات و قسەکەی پێ بڕین و، ئاگاداری سەرۆکەکەی کردەوە، کە سوارانی ورتمبرگیین گەیشتن. ئەوان دەیانەوێت ئەسپەکانیان بهێننە شوێنی ئەسپەکانی خۆمان. کێشەکەیش لەوەدایە هەر چۆنێک بدوێنرێن تێناگەن!

سەرکردە رامبالّ ناردی بە شوێن رەقیبی یەکەمی، بەرپرسی ئەو سوارانە و، کە هێنایان لێی پرسی، "ئاخۆ چۆن رەوایە شوێنێک کە زووتر گیراوە: بگیرێتەوە؟ کێ فەرمانی گرتنی ئەم کۆشکەی پێ داوە؟"

لەبەر ئەوەی رەقیبی یەکەم، فەرەنسیی باش نەدەزانی، لە کۆمەڵێک پرسیار، وەڵامی دوانیانی دایەوە. ئەویش ناوی فەیلەق و، ناوی سەرۆکەکەی بوو. بۆ ئەوانی تریش وەڵامەکەی بە نیوە فەرەنسی و، نیوە ئەڵمانی دایەوە.

پییەریش ناچار کەوتە وەرگێڕانی قسەکانی رامبالّ بۆ سوارەکە و، قسەکانی سوارەکەیش بۆ ڕامبالّ. دواجار کە ئەڵمانییەکە لە داواکاریی ڕامبالّ تێگەیشت، خۆی و سوارەکانی زوو لە کۆشکەکە چوونە دەرەوە.

ئەمجا سەرکردە چووە سەر پلیکانەکان و، چەند فەرمانێکی دەرکرد. کە گەڕایەوە پییەری بینی، هەر لە جێی خۆیدایە و، سەری خستووەتە نێو دەستەکانی و، پێدەچێت کە خەریکی خەمخواردن بێت.

لە راستیشدا هەر وابوو. چونکە کە رامبالّ چووە دەرەوە، بە خۆیدا چووەوە و، ئەو بارودۆخەی هەڵسەنگان. ئەوەی لەو چرکە ساتەدا خەمی لێ دەخوارد، گرتنی مۆسکۆ نەبوو، کە ئێستا داگیرکەران بەختەوەرانە تەراتێنی تێدا دەکەن! تەنانەت خۆیشی لە سایەی ئەواندایە. هەرچەند ئەمانە قورس بوون بە لایەوە. بەڵام بە هێندەی بێدەسەڵاتییەکەی خۆی، قورس نەبوو لە سەری. بە هۆی چەند پێکێک مەیەوە و، نیانیی ئەو فەرەنسییە ئەو خەمەیشی ڕەواندەوە.

پییەریش بیری هەر بە لای، پیلانەکەی خۆیەوە بوو. دەمانچەکە و پاڵتۆکە ئامادەیە. سبەینێ ناپلیۆنیش دێتە مۆسکۆوە. ئەویش وایدەبینی کوشتنی ناپلیۆن لە خۆیدا: کارێکی سوودبەخش و مەردانە دەبێت. بەڵام ئێستا وا هەست دەکات، ئەو کارە جێبەجێ ناکات! بەڵام بۆچی؟ خۆیشی نەیدەزانی. تەنیا لە ناخیدا وا هەستی دەکرد، لەگەڵ ئەو پڕۆژەی کوشتنە ناڕوات.

سەرکردە بە شەڵە شەڵ و، فیکە لێدان، خۆی کردەوە بە ژووردا. پییەریش پێی وابوو بە ئەو زۆر بڵێییەی کاتی لەگەڵدا بە سەر برد و، سەرەتا بەلایەوە خۆش بوو و، فیکەلێدانەکەی.. لوولدانی جووتە سمێڵە تەنکەکەی. مایەی سووکایەتی بوو بۆی.

ئەمجا بەم شێوەیە بیری کردەوە:

"هەر ئێستا و، بێ ئەوەی قسەیەکیشی لەگەڵ بکەم.. دەڕۆم."

هەرچەند بەو شێوەیە، بیریشی کردەوە. بەڵام لە جێی خۆی نەبزوا! ئەو هەست کردنەی، بە لاوازیی خۆی، لە شوێنی خۆیی چەقاندێ و، جوولّەی بۆ نەکرا. دەیویست هەڵ

بستێتەوە و، دوور بکەوێتەوە. بەڵام هیچی بۆ نەدەکرا.

کەچی رامبالی سەرکردە، بە پێچەوانەی ئەوەوە بوو. ئەو دوو جار بە ژووڕەکاندا گەڕا و، هەموو گیانی پێدەکەنی.

لە ناکاو هاواری کرد:

"زۆر جوانە! ئەو کەسێکی ئەڵمانییە! سەرکردەی وەرتمبرگینە و، کوڕێکی مەردیشە!"

ئەمجا چووە بەرامبەر پییەر و لە سەری ڕۆیشت:

"جا هەر بەم بۆنەیەوە.. کەوابوو تۆ ئەڵمانییش دەزانیت؟"

پییەریش بێ ئەوەی قسەیەک بکات لێی دەڕوانی.

ئەویش درێژەی دایە:

"کەوابوو.. چۆن توانیت بە ئەڵمانی بڵێیت پەناگە؟"

پییەریش لە بەرخۆیەوە وتـــی:

"پەنـاگە؟ پەنـاگە بە ئەڵمانی ئۆنتەرکۆنفتە."

سەرکردەیش هێندە بە تۆندی دوا، کە خۆیشی بڕوای بە خۆی نەکرد و وتی:

"دەڵێی چـی؟"

پییەر دووبـارەی کردەوە:

ئۆنتەرکۆنفت!

سەرکردەیش بزەیەک گرتی و بە چاوانی داپچڕاوەوە وتـــی:

"ئۆنتەرکۆنفت! هەرچەند ئەڵمانەکان بۆ خۆیان، دڕندەن.. جێی شانازیشن!"

ئەمجا سەرکردە ڕامبالّ لە سەری ڕۆیشت:

ـ وانییە پییەری بەڕێز؟

هەر خۆی درێژەی دایـــە:

ـ زۆر باشە.. ئادەی قاپێکی ترم، لەم مەیە مۆسکۆفییە بۆ بێنن! ئەی وا نییە؟

بە دڵێکی خۆشەوە هاواری کردە مۆریلی خزمەتکاری:

ـ مۆریل.. بـڕۆ قاپێکی پچووکی ترمان بۆ گەرم بکە..!

مۆریل لەگەڵ قاپەکەدا، چەند مۆمێکی داگیرساویشی هێنا. سەرکردەیش لەبەر ڕۆشنایی ئەو مۆمانە، بە وردی لە ڕوخساری پییەری ڕوانی. بەوەی سەرسام بوو کە سۆزێکی بە پەڕۆشی پێوە دیـــار بـوو! دوای نزیکبوونـەوەی، بـە سـەریدا داموکایـەوە و، بـە تونـدی هەردوو دەستی گوشی!

ئەمجا لێی پرسی:

ـ باشە... تۆ خەمبار دیاریت! بڵێی هی ئەوە بێت، کە من خراپەم لەگەڵت کردبێت!؟ شتی وا نابێت! دەبێت ڕاستییەکەیم پێ بڵێیت! ئـاخۆ لە بارەی منەوە شتێک لە دڵتدا هەیـە؟ ئـاخۆ ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە.. پەیوەندیی بە جەنگەکە و، هەڵوێستەوە هەیـە!؟

پییەریش سەرنجێکی پڕ سۆز و خۆشەویستیی، ئەوی دا و وەڵامی نەدایەوە.
سەرکردە فەرەنسییەکە بە دەم سنگ کوتانەوە هاواری کرد:
ـ بە شەرەف... بە شەرەفـ! بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەیش، کە تۆ منت رزگار کردووە لە مردن، من هەست بە هـاوڕێیەتی تۆ دەکەم! ئـاخۆ دەتوانم دەستی پەیمانت بۆ درێژ بکەم!؟ تۆیش سەرپشک بە... بە دارمدا دەدەیت! بە بەردمدا دەدەیت! من لای خۆمەوە، پەیمانێکە و بە تۆی دەدەم و، تا گیانم تێدا مابێت. ئەمەیش دەڵێم.. خۆ ئەوەتا دەستەکەی ترم، لەسەر دڵمە!
پییەریش وتـی: ـ سوپـاس.
سەرکردە بە وردبیش لێی روانی و، هەر وەکوو ئەو کاتەی بە ئەڵمانی پەناگەکەی وت.
لە ناکاو بە رەنگی روون و دڵخۆشانە کاتی تێکردنی دوو پێکی تر هاواری کرد:
ـ ئۆخەی لەم بارەدا! بە خۆشیی ئەم هاوڕێیەتیەمانەوە دەینۆشم!
پییـەر یەکبینـە پێکەکـەی هەڵدا و، کـە ئـەوەی لـێ بینـی، دەسـتی ئـەوی گوشـی. ئـەمجا پێکەکەی خۆی هەڵدا.
دواتر شانی لەسەر مێزەکە دادا و، دەستی پێ کرد:
ـ بەڵێ! هاوڕێ ئازیزەکەم.. ئەمەیە تاو و تویێەکانی زەمانە! کێ دەیووت کە من دەبمـە سەرباز و، سەرکردەی کۆمەڵە سوارەیەک و، لـە خزمـەتی ناپلیۆندا دەبـم!؟ کـەچی ئـەوەتا لێرە و لە مۆسکۆیش، لەگەڵیدام!
ئەمجا وەکو ئەوەی بیەوێت چیرۆکێکی دوورو درێژ بگێڕێتەوە وتـی:
ـ پێویستە ئازیزەکەم، ئەوەیشت پێ بڵێم، نـاو و نازنـاوی بنەماڵـەی ئێمـە، لـە کۆنترینی نازناوەکانی فەرەنسایە!
ئـەمجا کەوتـە گێڕانـەوەی مێـژووی بـاوو بـاپیرانی و، باسـی سـەردەمی منـاڵیی‌و هەرزەکاریی و، هەموو کێشە داراییەکانی ئەوسای بنەماڵـەکەی.
دواتـر وتـی:ـ لـە سـەروو ئەمانەیشـەوە دایکی دامـاوم رۆڵێکی گرنگی لـە قسـەکانمدا هەبوو. دوای ئەوەی کەمێک بووژایەوە، لە سەری رۆیشت:
ـ ئەمەیش خاتری خۆت بێت. گرنگ ژیـانێکە کە لەسەر بناغەی خۆشەویستی دروست بووبێت! خۆشەویستی.. ئەی وانییە، پییەری بەڕێز؟ پێکێکی ترت بۆ تێ بکەمەوە؟
ئەوەی دەرخواردی دا و، سێیەمیشی بۆ خۆی تێ کردەوە و درێژەی دایـە:
ـ ئـۆی! ئـــەی ژنـان! ژنـان!
ئەمجا سەرکردە بەچاوانی نیمچە نیشتووەوە، کەوتـە باسی عیشق و خۆشەویستی و، ئـەو هەڵەشـەییانەی لـە پێنـاوی عیشـقدا کردوونـی! هەڵەشـەکانی فـرە بـوون و، لـە کـاتی گێڕانەوەیاندا، بە وردی لە خۆیت بڕوانیایە، بـە جۆرێـک و پەرۆشییەکی واوە دەیگێڕانـەوە، بە ئاسانی بڕوات پێ دەکرد.
بۆیـە ئـەو گێڕانەوانـەی، پڕ بـوون لـە رووت بوونـەوەی ژنـان. چـونکە فەرەنسییەکان،

تەنیا ئەو لایەنە، سەرنجکێشی عیشقیان بوو!

سەرکردە وای دەگێڕایەوە و، هێندە بە وردی وەسفی پاڵەوانە ژنەکانی نێو چیرۆکەکانی دەکرد، وەکوو ئەوەی، تەنیا کەسێک بێت لە جیهاندا، باشترین چێژی لە عیشقبازی وەرگرت بێت!.

بەڵام پیەر بەگوێگرتنەکەیشی تەریق دەبووەوە! دیاربوو ئەو عیشقبازییەی ئەو سەرکردەیە و، فەرهەنسییەکان بە گشتی، قسەیان لە بارەیەوە دەکرد. لەو عیشقە نەبوو کە پیەر لەگەڵ ژنەکەی خۆی کردبووی. ئامادەیش نەبوو لەو جۆرە عیشقە، لەگەڵ ناتاشا بکات.

رامبالّیش لای خۆیەوە، رقی لەو جۆرە خۆشەویستییە دەبووەوە، کە پیەر کرد بووی. چونکە وەکوو خۆی دەیووت: جۆری یەکەمیان خۆشەویستیی شۆڤێرانە! یان عیشقی گێلانەیە!

سەرکردە پێی وابوو، عیشق پەیوەندییەکی ریزپەڕە، لەگەڵ ژنان و، چەند شتێکی نامۆ و سەرنجڕاکێشە و، هەر ئەوانەیش رووکاری دەرەوەی سۆز پێک دەهێنن.

بەو شێوەیە سەرکردە کەوتە گێڕانەوەی عیشقبازییە سەرنجڕاکێشەکانی:

"جارێکیان دەستی لەگەڵ ژنێکی سی و پێنج سالاندا، تێکەڵا کردبوو. لە ژێرەوەیش دەستی لەگەڵ کچی: هەمان ژندا تێکەڵا کردبوو! ئیدی ئەو ئافرەتەی ناچار کرد و، کچەکەی مارە کرد! ئەو پێکدا هەڵپژانی دایک و کچە لە زووەوە رووی دابوو و، گوایە سەرکردە هەر بۆ خۆشی دەیگێڕایەوە.

ئەمجا کەوتە گێڕانەوەی، چەندین چیرۆکی عیشقی خەڵکانی تر و، بڕێک چیرۆکی ئەڵمانیایی پێکەنین هێنیشی گێڕایەوە. لە بەر خۆیەوە زاراوە (ئۆنتەرکۆنفت ـ پەناگە)یشی وتەوە و، عیشقی ئەو سەردەمەی، کەوا خێزانەکان کەلەرمی جنراویان بە سرکەوە دەخوارد. ئەوەیشی دەرخست، کە ئەو سەردەمە کچانی سوورفلی جوان هەبوو! دواتر گەیشتە گێڕانەوەی، دواترین سەرکێشی خۆی، کە لە ولاتی پۆلۆنیا بەسەری هاتبوو.

ئێستایش ئەو سەرکێشییە، بە لایەوە نوێ بوو و، بە تامەزرۆییەوە دەیگێڕایەوە.

سەیرەکە لەوەدابوو لە هەر چیرۆکێک لەوانەی کە دەیگێڕانەوە، ژیانی کەسێکی لە مردن رزگار دەکرد! لەم چیرۆکی پۆلۆنیایەیدا، دیسان ژیانی پیاوێکی پۆلۆنیی رزگار کردبوو. ئیدی بە گوێرەی گێڕانەوەکەی، کابرای پۆلۆنی، جلەوی ژنەکەی دابووە دەست، ئەم سەرکردەیە! ژنەکەیش جوانکیلەیەکی پاریسی بوو. لە هەمان کاتدا، مێردەکە خۆیشی سەرقالّی خزمەت کردنی فەرەنسا بوو. ئیدی عیشقی سەرکردە و ئەو ژنە، وا کەوتەوە: کە ژنەی پۆلۆنی ویستوویەتی رەدووی بکەوێت!

لەگەڵ ئەوەیشدا سەرکردە، زۆر مەردانە، ژنەکەی داوەتەوە دەست کابرای پۆلۆنی، پێیشی وتووە: "هەر وەکوو چۆن جاری پێشوو، ژیانتم رزگار کرد، وا ئێستا ناموسیشتم

رزگار کردووە!!"

ئیدی بە سڕینەوەی فرمێسکەکانی، وێستی پیشانی بدات کە خاوەنی قسەی خۆیەتی و، عیشقی ئەو ژنەی، کابرای پۆڵۆنیی لە دڵدا سڕیوەتەوە.

کات لە نیوەی شەوی تێپەڕاندبوو. چیرۆکەکانی سەرکردەی فەڕەنسی، کارێکی وای کرد، کە بیرەوەرییەکانی پییەریش بێنە پێشەوە.

ددانپیانانەکانی سەردە وای کرد خۆشەویستیی بۆ ناتاشا ببووژێتەوە. ئەمجا کەوتە بەراورد کردنی عیشقەکەی خۆی، بەو عیشقانەی سەرکردە رامبالّی فەڕەنسی. چیرۆکی بەڕەنگار بوونەوەکەیشی، لە نێوان ئەرک و خۆشەویستییەکەی و، بینینی ناتاشا، لە نزیکی بورجی سۆخاریڤەوەی بیر هێنایەوە.

چۆناو چۆن، کاتی خۆی ئەو پێک گەیشتنەی لەگەڵ ناتاشادا، بە سادە هاتبووە پێش چاو و، بگرە لەوەبوو هەر بیریشی بچێتەوە! کەچی ئێستا و دوای گۆڕگرتنی لەو چیرۆکانەی ڕامبالّ، کاریگەریی زۆری ئەو بینینەی بە سەرەوە دەرکەوتەوە:

"پیوتەر کیریللیتش.. وەرە... ناسیمیتەوە!"

کە ئەم چەند وشەیەی لە ناتاشا بیست. سەرنجی چاوە گەشەکانی دا. شەپقەیەکی ژنانەی سەفەری بە سەرەوە بوو. ئەگریجە باخواردووەکانیشی لەملاو ئەولای شەپقەکەوە هاتبووە دەرەوە.

دوای ئەوەی سەرکردە لە چیرۆکی ژنی ئەو پۆڵۆنییە بووەوە و، چۆن گەڕاندبوویەوە بۆ مێردەکەی.

لە پییەری پرسی،" ئاخۆ تۆیش هەستت بە گرنگیی ئەو هەڵوێستە کردووە؟"

ئەو هەڵوێستەی سەرکردە، کە پێی لە بەرژەوەندیی خۆی خشاندووە و ئەو ژنەی کە زۆری خۆش ویستووە: گەڕاندوویەتەوە بۆ مێردەکەی خۆی!

پییەریش سەری بڵند کردەوە و، بڕیاریدا کە چی لە بیر و هزریدایە دەری ببڕێت. کەوتە قسە بۆ هەمنشینەکەی و، تێگەیاند کە ئەو بە جۆرێکی تر، لە عیشق و خۆشەویستی دەگات! تێگەیاند کە لە هەموو ژیانیدا، تەنیا یەک کچی خۆشویستووە! لە کاتێکدا، دەیشیزانی ئەو کچەی بە نسیب نابێت!!

سەرکردە هاواری کرد: هــە!!

ئەمجا پییەر ئەوەیشی تێگەیاند، کە هەر لە تازە پێگەیشتنی ئەو کچەوە خۆشی ویستووە! بەڵام چونکە هێشتا ئەو کچۆڵەیەکی منداڵ بووە، هەرگیز نەیوێراوە، بیر لە هاوسەرگیریش بکاتەوە، لەگەڵیدا..خۆیشی لە باوکێکی هاوسەرگیر و، ڕەسمی نەبوو! تەنانەت نازناوی بنەماڵەیشی نەبوو. تاکو نازناو و، سامانی بە میراتی بۆ بمێنێتەوە و دەوڵەمەند ببێت. ئیدی ئەمیش نەیوێرا هەستی عیشقی خۆیی بۆ دەربببڕێت و، لە هەست و نەستی خۆیدا، پلەیەکی زۆر لە خۆی بااڵتری بۆ ئەو دانابوو. هەر بۆیەیش نەیدەوێرا هیچ بدرکێنێت.

که له قسەکانیدا گەیشتە ئەم خاڵە، لە سەرکردەی پرسی،"که ئاخۆ تا ئێرە لەو عیشقەی ئەو گەیشتووە؟" سەرکردەیش وا ئاماژەی دا، کە هەرچەند هیچیش لەو جۆرە عیشق و خۆشەویستییە نەگەیشتووە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە، کە چیرۆکەکەی تەواو نەکات."

لەبەر خۆیشییەوە وتـی،" عیشقی ئەفلاتوونییە!! ئەفلاتوونی!!"

ئەمە بۆ هۆی کاریگەریی مەیەکەوە بوو! یان کەسێکی تری وەکو سەرکردەی دەست نەدەکەوت، رازی دڵی خۆی، بۆ بگێڕێتەوە، یان ئەو هەموو گریمان و ئەگەرانە پێکەوە زمانی بەستراوی پییەریان کردەوە، کەس نەیدەزانی!

بە هەرحاڵ کەوتـە قسـە و، زمانیشـی لـە دەمیدا وشـک بـوو بـوو و، ئـەو هـەر لـە گێڕانـەوەی بـە سـەرهاتی ژیـانی خـۆی نەدەوەسـتایەوە و، کەوتـە گێڕانـەوەی ئاهـەنگی هاوسـەرگیرییەکەی و، ئـەو خۆشەویستییەی ناتاشـا بـۆ هاوڕێکـەی ئـەم و، دواتـر ناپـاکی کردنی ناتاشا لە هاوڕێکەی.

ئەمجا باسی ئەو هەستەی کرد، کە بۆ ناتاشای هەیە. بە هۆی پرسیارەکانی رامبالّەوە، دڵانـی بـەوەیشدا نـا، کـە بـە هـۆی پێگـەی کۆمەڵایـەتیی، بـاڵای خۆیـەوە نـەیتوانیوە هاوسەرگیریی لەگەڵ بکات.

ئەوەی کە سەرکردەی سەرسام کردبوو. ئەوە بوو، ئەم پیاوە دوو کۆشکی مەزنی جێ هێشتووە و، نازنـاوی بنەماڵەی خۆی شاردبووەوە و، مۆسکۆیشی جێ نەهێشتبوو!

دوای نیوەشەوێکی درەنگ، چوونە سـەر شـەقامەکە. شـەوێکی بێگـەرد بـوو. لای چـەپی شاری مۆسکۆوە و، لای پیترۆڤکاوە، یەکەم ئاگر کەوتبووەوە. لای راسـتی مۆسکۆیشـەوە، مانگەکـە بـە ئاسـمانەوە بـوو. بەرامبـەر ئـەویش هەسـارە کلکدارەکـە بـوو و، گـوێی بـۆ عیشقەکەی پییەر، شل کردبوو.

لەبەر دەرگادا گیراسیم و چێشتلێنەر و، دوو فەڕەنسی وەستابوون. ئەمانیش بە دەنگی بڵند لە گفتوگۆ و پێکەنیندا بوون و، لەو رووناکاییەیان دەڕوانی، کە بە ئاسمانی مۆسکۆوە بوو.

ئـەو ئـاگرە، کاریگەرییـەکی فـرەی بـە سـەر مۆسـکۆوە هـەبوو و، تـا ئـەو کاتـەش ئـەو کاریگەرییەی تێنەپەڕاندبوو.

پییەر لەو کاتـەدا کە، لە ئاسمان و، مانگ و، هەسـارە کلکدارەکـەی دەڕوانـی و، هەسـتی بە سۆزێکی دڵا فێنک کەرەوە دەکرد.

لە دڵی خۆیشیدا وتـی،" ئای کە دیمەنێکی قەشـەنگە!"

بەڵام لە ناکاو بیری پرۆژەکـەی خـۆی کەوتـەوە و، سـەری دایـە ژان! نـاچار شـانی بـە دیوارێکەوە نا، بۆ ئەوەی نەکەوێتە زەوی. بیئـەوەی داوا لـە هاوڕێکـەی بکات، کـە رێـی پـێ بـدات. لێـی دوور کەوتـەوە و، خـۆی کـردەوە بـە ماڵەکـەدا و، ژووەرەکـەی خـۆی و، بـە بەرگەکەی بەرییەوە، لەسەر قەنەفەکە لێی نووست.

بەشی سی
دیاردە سەرەتاییەکان

لە دووی ئەیلوولدا و، چەند خاڵێکی دوور لە مۆسکۆوە بڵێسەی ئاگر دەبینرا! ئەمەیش کاریگەریی فرەی، بەسەر هەڵاتوانی مۆسکۆ و، ئەو سوپایەی لە پاشەکشەدا بوو، دانا.

کاروانی بنەماڵەی ڕۆستۆڤیش، هەروا بیست "فیرست ــ فرسەخ"یک، دوور لە مۆسکۆوە و، لە میتشیتشی وەستا. چونکە دوا کەوتبوون و، دەرەنگانێکی ڕۆژی یەکەم، سەفەرەکەیان دەست پێ کردبوو. ڕێگەیش بە خەڵک و گالیسکە، سیخناخ بوو. ئەمجا بە هۆی بیرچوونی شت و مەکێکی پێویست و، گەڕانەوەیان تا بۆیان بێتنەوە، چەند جارێکیش ناچاری وەستاندن بوون.

هێندە ئەو کارانە ماندووی کردبوون، ناچار بوون هەروا پێنج فرسەخێک، دوور لە مۆسکۆوە، بار و بارخانەیان بخەن و، بحەوێنەوە.

دەرەنگانێکی ڕۆژی دواتر بە ئاگا هاتنەوە. ڕێگرییەکی فرەیشیان هاتە بەردەم و تەنانەت، نەیانتوانی لە گراند میتشیشیشی تێپەڕێنن. لە سەعات دەی بەیانییەوە بنەماڵەی ڕۆستۆڤ و، بریندارەکان بە نێو ماڵەکاندا بڵاو بوونەوە.

دوای ئەوەی یاوەران و خزمەتکاران، لە خزمەت کردنی ئاغاکانیان بوونەوە. خۆیشیان دەستیان کرد بە نانخواردن. دواتر ئەسپەکانیان ئالیک دا و، ئەمجا هاتنە دەوروبەری خانووەکە و روانین بە دەورو بەردا.

لەو شەوە پـاییزەدا، لە ماڵێکی دراوسێیاندا، یاریدەدەری رائیڤسکی سەربـازی هـەبوو. کە پەنجەیەکی شکا بوو و، هاوارو قیژەی ئازارەکەی، ئەو نـاوەی پڕ کردبوو. ئەو شـەوە یازیدەدەرە سەربازییەکە، لە بەرهەیوانی بنەماڵەی ڕۆستۆڤدا، ڕۆژی کردەوە و، ئەوەندەی هـاوار و نـاڵەی ئـەو پەنجەیـەی کردبـوو، نەیهێشـتبوو، کۆنتیسـە چـاوانی لێک بنێـت! تـا ناچـاری کردبـوو، بـۆ دوورکەوتنەوە لـە هـاوار و ناڵەی ئەو بریندارە و، تـا بێخـەم لێی بنوێت. خۆی کردبوو، بە ژوورێکی تری خانووەکەدا.

یـەکێک لـە خزمـەتکارەکان، بریسـکەیەکی ئـاگری لـە نزیکـی گالیسـکەیەکەوە بینـی بـوو. ئاگری یەکەم، دەمێک بوو دەسووتا. هەمووانیش شوێنی ئەو ئاگری یەکەمـیان دەزانـی و، بە بوتیتی میتیشتشیی چکۆلەیان دادەنا. ئەو شوێنەیش، مامۆنۆڤی قـەوقازیی، خـۆی ئـاگری پێوە نابوو.

یاوەرێکی بنەماڵەکە وتـــی:

"ئـەی ئا ئـەوە؟ هاورێیان.. ئەوە ئاگرێکی تـرە!"

خەڵکەکە هەموویان ڕوویان کردە بریسکەکە.

بەڵام ئەوە چیە؟ دەڵێن قەوقازیانی ماموۆڤ، خۆیان میتیشتشی چکۆلەیان سووتاندووە!

یەکێکی تریان:

"ئەوێ بێت؟ نەخێر! زۆر لەو شوێنە دوورترە!"

یەکێکی تر هەڵیدایە:

"باش سەیر بکە..بێگومان ئەو ئاگرە، لە نێو شاری مۆسکۆ خۆیدایە."

دوو خزمەتکار لە پلیکانەکە هاتنە خوار و، بـەرەو پشـتی گالیسـکەکە چـوون. دواتـر بـە پلیکانەکەدا سەرکەوتنەوە.

یەکێکیان وتی:

"بڕوانە.. زیاتر کەوتووەتە لای چەپی مۆسکۆوە. میتشتشی کەوتووەتە ئەو شوێنەوە."

خەڵکەکە لەو دوانە کۆبوونەوە و، یەکێکیان وتـــی:

"هـا! بڕوانە ئەو زمانە ئاگرانە و، بڵیسـەکانیان چۆن بڵند دەبنەوە! بەڕێزان ئـەوە مۆسـکۆ خۆیەتی، دەسووتێت! جا ئیتر سۆشتنشیڤکایا بێت، یان ڕۆگۆسکاییا."

کەس وەڵامی ئەو سەرنجەی نەدایەوە. ماوەیەکی باش ئەو خەڵکە بە کپ و بێدەنگی، لە کڵپەی ئەو ئاگرانەیان دەڕوانی.

یاوەرێکی پیر لە کۆنت دایید تیرانتیتشی گرووپی یـانەی میشکا نزیک بووەوە.

دواترا لێی پرسی:

"چاوەڕێی چییت.. گیلە چکۆلە؟"

کۆنت بانگت دەکات و، کەس وەڵامی ناداتەوە. بڕۆ بەلای جل و بەرگەکانەوە.

میشکایش وتـی،"چووم ئـاو بێنم."

خزمەتکارێکیش پرسیـی،"ئەی دانیل تیراتیتش تۆ؟ تۆ دەڵێی چی؟ گومانی تێدا نییـە، کـە ئەمیش مۆسکۆییە!"

دانیل بێدەنگانە دەیڕوانی و تا دەهات ئاگرە سەماکەرەکە لە گەورەبووندا بوو.

دەنگێک بیسترا:

خوا پشت و پەنامان بێت.. بمانپارێزێت، لەو بۆن سووتاوی و، وشکە سااڵییە!

یەکێکی دی وتـی:

"بڕوانە.. ئەو ئاگرە، تا دێت نزیکتر دەبێتـەوە! ئۆو ئـەو خەڵکە پۆلـە باڵندەی شـۆکا، بـە ئاسمانەوە دەبینێت! پەروەردگار بەزەییت پێماندا بێتەوە."

دانیلیش، کە تا ئەو دەمە بێدەنگیی لێ کردبوو پرسیـی:

"ئەی ئەوانە کێن، کە ئەو ئـاگرە دەکوژێننەوە؟"

لەسەرخۆ لە سەری ڕۆیشت:

"بەڵـێ! برادەرینە.. ئێستا دایکە پاکیزەی بازنگ سپی، لە مۆسکۆدایە!"

لە ناکاو دەنگی تێکچوو و، وەکوو پیاوێکی پیر، دەستی کردە گریان.

هەر وەکو ئەوە وابوون، تا ئەو قسەیان نەبیستبوو، هەستیان بە ئاگرەکە نەکرد بێت!

ئەمجا ئاخ و داخ و هەناسە هەڵکێشان، تێکەڵ بە گریانی خەڵکەکە بوو.

بەشی سی و یەک
پلانەکەی ناتاشا

هاوڕازەکە گەڕایەوە بۆ لای گەورەکەی و، ئەوەی بۆ گێڕانەوە، کە مۆسکۆ گڕی گرتووە و، دەسووتێت! کۆنت پاڵتۆکەی لەبەر کرد و، چووە دەرەوە، تاکو سەرنجێک بدات. خاتو شووس و سۆنیا، کە ئەمیان هێشتا بەرگەکانی دانەکدبوو، لەگەڵیدا چوونە دەرەوە. تەنیا ناتاشا و کۆنتیسە، لە ماڵەوە مابوونەوە.

پیتیا شوێن فەیلەقەکەی خۆی کەوتبوو و، فەیلەقەکەیشی بۆ ترۆیتسا چوو بوو. ئەو شوێنەیش (٦٨) فرسەخ لە مۆسکۆوە دوور بوو.

هەر کە کۆنتیسە بە سووتاندنەکەی مۆسکۆی زانی، دەستی کردە گریان. بەڵام ناتاشا هەر ئەبڵەق ببوو! لەولاوە لە سەر کورسییەکی بێ پشت دانیشتبوو، لەو کاتەوەی هەواڵەکەی پێگەیشتبوو، پەشۆکا بوو و، لە شوێنی خۆی نەجووڵا بوو. هەر گوێیشی بە قسەکانی باوکیشی نەدەدا. ئەو تەنیا گوێی بۆ نالەی یاریدەدەرە سەربازییەکە گرتبوو، کە لە دووڕەوە دەبیسترا.

سۆنیا هەر لە دەرەوە گەڕایەوە هاواری کرد:

"ئای کە تۆقێنەرە! پێم وابێت ئەو مۆسکۆیە کوڵ و کۆی، دادەمرێتەوە! بڵێسەکەی ترسناکە! ناتاشا بچۆ بەردەم پەنجەرەکە و، بڕوانە! ئا ئێستا شتەکان بە رووتی دەبینرێن."

سۆنیا بەو قسانەی، دەیویست کەمێک دڵی بداتەوە. بەڵام هەر وەکو ئەوەی تێی نەگات، ناتاشا بەویدا هەڵڕوانی! ئەمجا کەوتەوە روانین بە سووچی زۆپاکەدا.

کۆنتیسە پێی وابوو، پێویستە ناتاشا لە میر ئاندریە و بریندار بوونەکەی و، بوونی لەگەڵ کاروانەکەی ئەماندا بە ئاگا بێت.

سۆنیا زۆر هەژا و، داوای لێبووردنی کرد. کە شتی لە ئەو جۆرە نەکات. ئەمجا دەستی کردە گریان. وا ئێستایش دەیەوێت لێی خۆش ببن.

سۆنیایش وتــی:

"ناتاشا.. بڕوانە چۆن مۆسکۆ، دەسووتێت! زۆر تۆقیوەرە!"

ناتاشایش پرسیی:

"چی دەسووتێت؟ ئاە! مۆسکۆ!"

وەکو ئەوەی بیەوێت هەستی سۆنیا بریندار نەکات، لای کردەوە بە لای پــەنجەرەکەدا و، پێوەی دیاربوو کە هیچیشی نەبینی بوو.

بۆیە سۆنیا وتــی:

"بەڵام خۆ تۆ هیچت نەبینی!"

بە شێوەیەک وەڵامی دایەوە، وەکوو ئەوەی بیەوێت بڵێت وازم لێ بێنن:

"بەڵێ! بــەڵێ! زۆر چاک بینیم."

کۆنتیس و سۆنیا، تێگەیشتن کە مۆسکۆ و سووتــاندنی و، هــەر رووداوێکی تر، بە هێندەی پووشێک لەم ساتەدا، بایەخی نییە بەلای ناتاشاوە.

کۆنــت گەڕایــەوە پشــت دیــواری حەوشــەی کۆختــە تەختــە بەندەکــە و لێــی راکشــا. کۆنتیسیشــەیش لــە ناتاشــا نزیــک بــووەوە و، هــەر وەکــو هــەموو جارێــک و، لــە کــاتی نەخۆشــکەوتنیدا دەیکــرد: بــەری دەســتی بــە ســەریدا هێنــا. ئــەمجا لێــوانی خســتە ســەر نێوچاوانی، تاکو بۆی دەربکەوێت تای هەیە! یان نــا!"

دواتر لە ئــامێزی گرت و پێی وت:

"بگری کچۆڵەکەم.. ئەوەتا تۆ دەلەرزیت! پێویستە سەرخەوێک بشکێنیت."

ناتاشا وەڵامی دایــەوە:

"بنووم؟ بەڵــێ، زۆر باشە.. هەر ئێستا دەچم تاکو بنووم."

ئــەو بەیانییــە زانــی بــووی، کــە میــر ئــاندریــە پێکــراوە و، بریــنەکــەی زۆر مەترسیدارە! سەرەتادا پرسیاری بە دوای پرسیاردا دەکرد.

ناتاشا دەیویست بزانێت، کە لە کوێ و چۆن پێکرا؟ ئاخۆ بریــنەکانی مەترسیدارن؟ هــەر زوو هەستی کرد، کــە پرســیار لــە هــەر کەسێکیان بکات.... هــەر یــەک جــۆر وەڵامیــان لــێ وەردەگرێتەوە! بۆیە ناچار کۆڵی لە پرسیار کردن و قسە کردنیش دا. ئیدی چــووەوە سەر ئــەو کورســییە بــێ پشــتەی کــە زۆر کــات لــە ســەری دادەنیشــت. هەمیشــە دوو چــاوە

گەورەکەی، جێی مەترسیی کۆنتیسە بوو و، ئەوەشی بۆ دەوروبەرەکەی درکاندبوو. لەوە دەچوو، لە ناخەوە بڕیاری کارێکی تۆقێنەری دابێت! ئەوە کۆنتیسە خۆی بوو، وا بیری لەو کچە دەکردەوە.

ئەمجا بانگی کرد:

"ناتاشا بەرگەکانی بەرت دابکەنە.. ئازیزەکەم. لەسەر جێگەکەی خۆیشم بنوو."

کۆنتیسە هەر خۆی بە تاک دەنووست. بەڵام خاتوو شووس و، دوو کچەکەی لە سەر پووش و زەوی پێکەوە دەنووستن.

ناتاشا کە ئارامیی لە دەستدابوو وەڵامی دایەوە:

"دایکە.. لێرە دەنووم! لەسەر زەویەکە."

ئەمجا لە پەنجەرەکەوە نزیک بووەوە و، گوێی لە هاوار و نالەی یاریدەدەرە سەربازییە پەنجە شکاوە بوو. ملی بە تاکی پەنجەرە کراوەکەدا بردە دەرەوە و، خۆی دا بە بایە شێدارەکەدا.

کۆنتیسە ملە ناسکەکەی بینی، کە چۆن لە چێوە تەختەی پەنجەرەکە گیربووە. ناتاشایش دەیزانی کە ئەو هاوار و نالەیە.. میر ئاندریە نییە.

کۆنتیسەیش لە ناتاشای روانی و پێی وت:

"دەی! ئازیزەکەم.. چکۆلەکەم! بڕۆ بنوو."

ناتاشایش بە دەم داکەندنی بەرگەکانی بەرییەوە وتی:

"ئا! بەڵێ! هەر ئێستا! هەر ئێستا!"

دوای ئەوەی بەرگەکانی داکەند، چووە سەر ئەژنۆ و، کەوتە داهێنانی قژە نەرمەکەی و، خستی بە پێشدا. پەنجە باریکەکانی لە نێو قژەکەی ناو، لەگەڵیدا زۆر بە خێرایی، دەمێک سەری بەملادا و، دەمێکیش بەولایدا دەخست و، چاوە گەورەکانیشی هەمیشە کراوە بوو. ئەمجا لەسەر سەرچەفی سەر پووشی ژوورەکە و لای دەرگاکەوە لێی راکشا.

سۆنیا پێی وت:

"ناتاشا.. لە ناوەڕاستدا بنوو!"

ناتاشایش وتی:

"لێرەدا ئاسوودەم."

بە بێزارییەوە لە سەری رۆیشت:

"ئەوە چییە.. دەی هەموتان بنوون."

خۆیشی سەری کردەوە بە ژێر لێفەکەدا.

کۆنتیسە و شووس و سۆنیا، خۆیان رووت کردبووەوە و، چووبوونە نێو نوێنەکانیانەوە. ئیدی سێبەری تابلۆکە لە سەر دیوارەکە کەوتبووە سەما کردن.

حەوشەکەیش بە تیشکی ئاگری میتشتشیی چکۆلەی سووتاو، رووناک بوو بووەوە. قیژ و هۆڕی، سەرخۆشانی ئەو مەیخانەیەی کەوتبووە پێچی ئەو شەقامەی کە قەوقازییەکانی، سەر بە مامۆنۆڤ، تالانیان کردبوو. لەگەڵ ئەو هاوار و قیژەی یاریدەدەرە سەربازیەکە، سەرومڕ بوو.

ناتاشا گوێی هەڵخستبوو و، بۆی نەجووڵا. یەکەمجار گوێی لە نوێژ و نزای دایکی بوو. ئەمجا جێرەی نوێنەکانی و، ئەمجا پرخەی خاتوو شووس. بە دوایدا فیکەیەکی کورتی دەکێشا. بەڵام سۆنیا بێدەنگ هەناسەی خۆی دەدا. کۆنتیس ناتاشای بانگکردو ئەویش وەڵامی نەدایەوە.

سۆنیا بە چرپە وتی:

"دایکە گیان پێم وابێت نووستووە."

دوای کەمێک بێدەنگی، دیسان کۆنتیسە بانگی کردەوە. بەڵام ئەمجارەیان کەس وەڵامی نەدایەوە. دوای کەمێک، ناتاشا گوێی لە هەناسەدانە لە سەرخۆکەی دایکی بوو و، تێگەیشت کە نووستووە. خۆیشی ئاگای لێ نەبوو، قاچە چکۆلەکانیشی لە ژێر لێفەکەوە هاتبووە دەرەوە و کەوتبووە سەر زەوییە ساردەکە.

کەڵەشێرێک لە دوورەوە قوقاندی و، پاش کەمێک کەڵەشێرێکی نزیک، وەڵامی دایەوە. ئیدی دنیا کپ بووەوە و، لە هاوارو ناڵەی ئەفسەرە پەنجە شکاوەکە بەولاوە، دەنگی کەسی دی نەدەبیسترا.

ناتاشا راست بووەوە و بە چرپە وتی:

"سۆنیا.. ئەوە هێشتا نووستوویت؟ دایکە!"

کەس وەڵامی نەدایەوە. دوای ئەوەی وێنەی خاچێکی لە سەر سنگی خۆی کێشا پێیە رووتەکانی لە سەر زەوییە ساردەکە دانا و، وەکو پشیلە زۆر بە خێرایی خۆی گەیاندە کلۆمی ساردی دەرگاکە و رایکێشا. وا هات بە خەیاڵیدا کە لە دەرەوەی کۆختەکە، خەڵکی لە دیوارەکان دەدەن. تۆمەز ئەوە دەنگی دڵی خۆی بوو، بە خێرایی و پڕ لە ترس و خۆشەویستی، لێی دەدا!

دەرگای کردەوە و، چووە دەرەوە. پێیەکانی بە زەوییە ساردەکە بووژایەوە و، موچڕکەیەک بە گیانیدا هات. هەر ئەو پێیانەی بەر لاشەی کەسێکی نووستوو کەوت و، تێپەڕاند.

ئەمجا ئەو ژوورە تەختەبەندەی تەنیشت ژووری نووستنەکەی خۆیانی کردەوە، کە میر ئاندریەی تێدا راکشابوو. ژوورەکە تاریک بوو و، لە گۆشەیەکیدا لاشەیەک راکشابوو. مۆمێکیش کە لە دووگی مەڕ دروست کرابوو، دەگڕا.

هەر لە بەیانییەوە و، لەو کاتەوەی بە بریندارببوونی میر ئاندریەی زانی بوو، بڕیاری دابوو، کە هەر دەبێت ببینێت! بەڵام خۆیشی نەیدەزانی، بۆچی هەر دەبێت ببینێت!؟ هەر

هێندەی لێ تێگەیشتبوو، کە ئەو بینینە سزایە! بۆیەیش پێی وابوو کە پێویستە ببینێت.

ئـەو ڕۆژەی بـە ئومێـدی بینینـی ئـەو ئێوارەیـەی ئـەوەوە، بەسـەر بـرد. ئێسـتایش چرکەساتی بینینی ئەو و، ترس و بیمی یەکەم بینینی ئەوی، چووبووە بیرو هۆشەوە. چۆن بتوانێت بە کەمئەندامی ئەو ببینێت!؟ ئاخۆ ئێستا چەندی مابێتەوە؟ بڵێی ئەویش وەکوو ئـەو یاریدەدەرە سـەربازییەی لێ هاتبێت، کە شـەو و ڕۆژ، لـە تـاو ئازارەکانی هـاوار و نالـەی بێت؟ بەڵـێ ئەویش هەروا بوو. لە خەیاڵیشیدا، گوێی لەو هاوار و نالەیەی ئەو دەبوو.

کـە لـە گۆشـەیەکدا تۆپـەڵێکی نارۆشـنی بینـی، هـەر دوو ئـەژنۆ بەرزەوەبووەکـەی ژێـر بەتانییەکە، وای کرد کە جەسـتەی ئەوی بێتـەوە بـەرچاو و کۆڵێـک ترسـا. بـەڵام خـۆی بـۆ نەگیرا و، چووە پێشتر! زۆر بە ئارامی هەنگاوی بە دوای هـەنگاودا هـەڵ دەهێنـا و، کاتێکی زانی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستاوە و، دەوروبەری پڕە لە شتومەک.

لەسـەر تاکێک کورسـیی تەختە و، لـە ژێـر تابلۆکانـدا، وا پیـاوێکی تـر ڕاکشـاوە. توومـەز ئەوەیشـیان تیمـۆخین بـوو. ئـەو دوانـەیش لـە سـەر زەوییەکـە ڕاکشـابوون، پزیشـک و یاوەرەکەی بوون.

لەو کاتەدا یاوەرەکە هەستا و، چەند وشـەیەکی وت. تیمـۆخینیش بـە دەسـت بڕینەکـەی قاچییـەوە دەینـاڵان. ئـەو لەبـەر ئـازاری خـۆی، خـەوی لـێ نەکـەوتبوو و، کـە لـە ژێـر بەتانییەکەوە ئەو کچەی بە بـەرگی شـەوەوە بینی و، شـەپقەیەکی تـەنکی بـەسـەرەوە بـوو، ئەبڵەق ببوو!

قسەکانی یاوەریش بڕیتی بوو لە:

"لێرەوە وەرە! تۆ چیت دەوێت؟"

ئەمە وای کرد کە ناتاشا پەلـە بکات، لـە بینینی ئـەو لاشـەیەی گۆشـەکە. پێویسـتە ئـەو جەستەیە، هەرچەند مەترسیدار و تۆقێنەریش بێت، هەر ببینێت!

تا ئـەو کاتـە مۆمی دووگـە مـەڕەکـە، بـاش نەدەسـووتا و، ژوورەکـە نیمچـە تاریـک بـوو. بەڵام لەو کاتەدا کە ناتاشا سـەرنجی وردی دەدا، گڕی مۆمەکـە زۆر بـووەوە و بـە جـوانی میر ئـاندریەی بینی. ئاندریە هەردوو دەستی بەسـەر بەتانییەکەدا درێژ کردبوو.

بەڵـێ.. هەر لە خۆی دەچوو! بـەڵام ڕەنگـە زەردەکـەی و، ئـەو ئەبڵـەق بوونـەی ئاسـایی نەبووبێت! هەروەها ملە باریکە منااڵنەکەیشی، کە لە یەخە کراوەکەیـەوە هاتبووە دەرەوە.

ئـەو شـێوەیە وای کردبـوو، وەکـو کەسـێکی دڵپـاک بنووێنێت و، شـێوەیـەک بـوو لـەوە و پێش وا نەیبینی بوو! بۆیە بـە پەلە خۆی گەیاندە بەردەمی و، بۆی بە چۆکدا هات.

میر ئـاندریەیش بزەیەکی بۆ کرد و دەستی بۆ درێژ کرد.

بەشی سی و دوو
بە یەك گەیشتنی دوو عاشقەكە

هەفتەیەک بە سەر بە ئاگا هاتنەوەکەی میر ئاندریەی، نیو گالیسکەی فریاکەوتنی دروستی و، لە گۆڕەپانی شەڕەکەی بوورژدینۆدا تێپەڕی بوو. (تا)یەکەی دانەدەبەزی و، تا دەهات ریخۆڵەکانی هەڵایسانی فرەتری بە خۆوە دەبینی. ئەمەیش لەو زانیاریانە بوو، کە پزیشکە چاودێرەکەی، دەیدا بە دەوروبەرەکەی.

ڕۆژی حەوتەم بە تامەزرۆییەوە، میر ئاندریە پارچە نانێکی بە کووپێک چاوە خوارد. دواتر پزیشکە تایبەتەکەی، هەستی بە دابەزینی تایەکەی میر ئاندریە کرد.

بەرە بەیانی ئەو ڕۆژە، میر ئاندریە بە ئاگا هاتەوە. یەکەم شەوی سەفەرەکەیشیان، کەش و هەوا فێنک بوو. بارو دۆخیان وا بۆ سازدا، تا بە ئارەزووی خۆی بنوێت.

بەڵام کە گەیشتنە میتیشتشی، میر ئاندریە پێداگریی ئەوەی کرد، کە لە گالیسکەکە دابەزن و، لە دەرەوە کووپێک چای بدەنێ. بەڵام کاتی داگرتنی لە گالیسکەکە و جووڵاندنی، هێندە ئازارەکەی توند بوو، دیسان بوورایەوە. ماوەیەکی فرە لەسەر ئەو زەوییە و، ئەو دەرەوەیەی خۆی داوای کردبوو، چاوانی نیشت و، بێ جووڵە مایەوە.

ئەمجا چاوانی کردەوە و بە چرپە وتی:

"ئەی چایەکەم.. کوا؟"

پزیشکەکەی سەرسامی ئەوەی بوو، کە چۆن شتە سادە وردەکانیشی بیر ماوە!؟ بە کەمێک لە دڵەڕاوکێوە رایگەیاند، کە دروستیی لە جاران باشترە! بەڵام بە هۆی ئەزموونی فرەی خۆیەوە، تێگەیشت گەر ئەمجارەیش نەمرێت.. ئەوا بەم نزیکانە و، بە هۆی تووندیی ئازارەکەیەوە، هەر دەمرێت!

هـەر لـە سـەرەتای پێکرانەکەیـەوە و، لـە کـاتی ئـەو بریندار بوونەیـدا، یاوەرێـک بـۆ یارمەتیـدانی نێردرابـوو. پلـەی ئـەو یـاوەرەیش مێجـۆر بـوو و، نێـوی تیمـۆخین بـوو. ئـەو تیمۆخینە، لووت کوڵێکی سوورباو بوو و، لە هەمان شەڕدا ـ کە شەڕی بوورژدینۆ بـوو ـ پێکرا بوو و، قاچێکی بریندار بوو.

لەبەر ئەوەی بریندەکەی سووک بوو. کرابوو بە یاوەری میر ئاندریەی بریـن قوولا. بێ لەوانەی کە ناویان هات.. پزیشکێک و، یاوەرێک و، گالیسکەوانێک و، چەند کەسێکی تری بە دواوە بوو.

چایەکـەیان بـۆ هێنـا و، ئـەویش زۆر بـە تاسـووقەوە، خواردیـەوە! لـە کاتێکدا چـاوە (تا)دارەکانیشی، بڕی بووە دەرگاکە و، وەکوو ئەوەی هەوڵا بدات کە شتەکان وەبیر خۆی بێنێتەوە.

ئەمجا پرسیی،"ئیدی چا بـا بەس بێت! تیمۆخین لێرەیـە؟"

تیمۆخین خۆی گەیاندە ئـاندریە و، دەستەکانی بە کورسییەکەوە گوشی:

"ئـا ئەمەتام... خاوەن شکۆ!"

میر ئـاندریـەیش لێی پرسی،"ئـەی برینەکەی قاچی تـۆ چۆنـە؟"

تیمۆخین وەڵامی دایـەوە،"برینی من؟ هیچێکی وا نییە! بەڵام ئەی تۆ؟"

میر ئـاندریە وەکوو بیر لە شتێک بکاتەوە، ماوەیەک بێدەنگ بوو و دواتر وتی:

ـ بڵێی کتێبێکم دەست بکەوێت.. تاکو بیخوێنمەوە؟

تیمۆخین لێی پرسی،"چ جۆرە کتێبێک؟"

ئەویش وتـی،"ئینجیل! ئاخر خۆم ئینجیلم نییە!"

تیمۆخینی پزیشکی سوپا، پەیمانی پێدا کە ئینجیلی بۆ پەیدا بکات. ئەمجا پرسی ئەوەی لێ کرد، کە ئێستا هەست بە چی دەکات؟ ئەویش زۆر بـە ئاگایی و بـە بێزاریـیەوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەوی دایەوە. ئەمجا داوای لێ کردن کە پشتییەک بخەنە ژێر سەری.

پزیشـک و یاوەرەکـەی، پاڵتۆکـەیان لەسـەر لـەش و برینەکـەی لادا و، هێنـدە بۆگـەنی برینەکـەی کاریگـەر بـوو، ناچـار لـووتی خۆیـان هەڵبەست. ئـەمجا هـەرچۆنێک بـوو، بـاری راکشـانەکەیان گـۆڕی و، ئـەو کارەیـان هێنـدە بـە ئـازار بـوو: جـارێکی دی میـر ئـاندریە بوورایەوە و، کەوتە بزرکاندن و هەر داوای ئینجیلی دەکرد! دەیووت با لای خۆمەوە بێت. ئـاخر خـۆ پـارەی زۆری تێناچێت! مـن ئینجـیلم نییـە! تکایـە بـۆم پەیـدا بکـەن. ئەگـەر بـۆ خولەکێکیش بووە، با لامەوە بێت!

ئیـدی بـە چرپـە.. زوو زوو ئەمـەی دەووتـەوە. پزیشـکەکە هەسـتا و چـوو دەسـتە خوێناویەکەی خۆی بشوات.

میر ئـاندریەیش بە یاوەرەکەی تەنیشتی وت:

"تۆیش هەست بە گرنگیی داواکەم ناکەیت؟"
کە پزیشکەکە گەڕایەوە بە یاوەرەکەی وت:
"ئازاری برینەکەی ئاندریە زۆرە و، پێم سەیرە کە بەرگەی دەگرێت!"
یاوەرەکەیش وتی:
"ئای باوکە یەسووع!! بۆ خۆت ئاگاداریت، کە ئێمە درێغیمان نەکردووە!"
ئەوە یەکەمجاری بوو ئەو میر ئاندریەیە، هەست بە مەترسییەکەی خۆی بکات. ئەوەیشی بیر کەوتەوە کە بریندارە و، بیریشی کەوتەوە کە بە گەیشتنیان بە میتیشتشی و، وەستانی گالیسکەکە، داوای کردبوو دابگیرێت و، ببرێتە کۆختەیەکی تەختە بەندەوە.
ئەوەبوو دوای داگرتنی لە گالیسکەکە و، بە گەیاندنی بە کۆختەکە و، ئازاری فرەی جاریکی دی بوورابووەوە. لە کۆختە چکۆلەکەدا بە ئاگا هاتەوە و، کوپێک چای خواردەوە. ئەمجا کەوتە بیرکردنەوە و، هەوڵی بە یەکەوە لکاندنی نەخشەی برینداربوونەکەی و، کاتە هەرە چالاکەکانی سەردەمی برینداربوونەکەی دا.
ئەو دەمەبوو کە لە خەستەخانەی، بنکەی سەرەکیی سوپا بوو. هەست و هۆشی، لەوێدا وای بۆ رەخساندبوو، ئاڵوگۆڕ بەسەر بیرکردنەوەیدا بێت و، ئومێد ژیانی پێ ببەخشێتەوە. ئەمەیش بۆ ئەو، دڵخۆشکەرە بوو.
ئەم بیرو رایانەی خۆی، هەرچەند زۆر روونیش نەبوون، رەوانی ئەوی داگیر کردبوو. ئەوەیشی وەبیر خۆی هێنایەوە، کە ئێستا هەست بە بەختەوەریی دەکات. ئەم بەختەوەرییەی ئێستایشی، بە هۆی ئینجیلەکەوەیە و، بۆیەش داوای کێبی ئینجیلی کرد بوو.
بەڵام ئەو دوانەی، باری درێژبوونەکەیان گۆڕی، جارێکی دی پەتی بیر کردنەوەیان پچڕاند. ئەوە سێیەم جاریشی بوو، لەو شەوە کپ و خامۆشەدا، بە ژیانی دەرەوە ببەسترێتەوە.
لە دەرەوە یەکێک گۆرانیی دەچڕی و، لای خۆیشیەوە مێشێکی گەورە، قنگەی دەهات و، بە دەوری پشتییەکەی ژێر سەری و، مۆمە داگیرساوەکەی بەرامبەریدا دەسووڕایەوە.
رەوانی ئاندریە لە باری ئاسایی خۆیدا نەبوو. چونکە پیاوی دروست و ساغ و بێ کێشەی جەستە، بە هەزاران بیر و بۆچوون، بە مێشکیدا گوزەر دەکات. بەڵام ئەو بە ویستی خۆی زنجیرەی بیرەوەری خۆی وەستاندو کەوتە بیرکردنەوە لە یەک بابەت! ئیدی بیر و هۆشی بە کەمەری ئەو تەنیا بابەتەدا دەخولایەوە. هەر بۆیەش پێوەی دیاربوو، کە میر ئاندریە لە باری سروشتیی خۆیدا نەبوو.
بیرو ژیریی ئەو، دوور لە ویستی خۆی بوو. بە هیچ شێوەیەک بۆی رکێف نەدەکرا. وێنە و بیرەوەرییەکانی، لە یەکەوە دوور بوون. جاری وا بوو، بیر کردنەوەی، وەکو جارانیی لەش ساغیی.. لەوپەڕی چالاکیدا بوو. بەڵام لە ناکاو بیرکردنەوەیەکی دی، دەهاتە

شوێنی و، دواتر نەدەچووەوە سەر بیر کردنەوەکەی پێشووتری!

لە کۆختە تاریکەکەدا راکشابوو و، چاوە گەورە تاداڕەکانیشی بڕی بووە بەردەمی و، وا بیری کردەوە:

"بەڵێ! مژدەی بەختەوەرییەکی نوێم پێ درا. بەختیارییەک، کە نە بە هێزە ئابووری و، نە بە هێزە دەرەکییەکان رکێف دەکرێت! ئەو بەختیارییەی، کە کەس ناتوانێت لە مرۆڤی بسەنێتەوە!! ئەو بەختەوەریەیش، تەنیا بەختەوەریی ڕەوان و خۆشەویستییە! هەموو کەسێکیش لە توانایدایە لە ئەمانە بگات."

ئەم مژدەیەیش تەنیا خوا خۆی دەتوانێت بیدات. چۆن خوا مژدەی ئەمەی پێداین؟ ئەی باشە بۆچی.. کوڕەکەی؟"

لە ناکاو گوێی لە یەکێک بوو بانگی ئەوی دەکرد و دەیوت:

بیتی... بیتی... بیتی...!

ئیدی خۆیشی نەیدەزانی ئەوە خۆیەتی و، دەیبزرکێنێت! یان ئەو دەنگە، لە دەرەوەی دەروونی خۆیەوەتی و، بانگی دەکات!

سەر لە نوێ دەنگە ناسکەکە بانگی کردەوە:

ئی! تی! تی! دیسان ئی..

میر ئاندریەیش هەستی کرد، خانوویەک کە لە پارچە تەختەی ورد دروست کرا بوو و، هێندەی دەرزییەک بەرز بوو: بە بەر چاویەوە بڵند بووەوە! ئەمیش لە دڵی خۆیدا هەستی کرد، کە پێویستە ئا ئەو خانووە تەختەیە: هاوسەنگیی خۆی بپارێزێت.. تاکوو نەکەوێتە خوارەوە. بەڵام هێندەی زانی خانووەکە کەوتە سەر زەوی. کەچی هەر دوای کەمێک جارێکی دی. ئەو خانووە بڵند بووەوە!

میر ئاندریەیش بە خۆیی وت:

"ئای! خۆ ئەو خانووە شێوەی لاکێشە وەردەگرێت و، تا دێت گەورە و گەورەتر دەبێت!"

لەو کاتەدا میر ئاندریە، گوێی هەڵخستبوو. سەرنجی بازنەیەکی سووری دەدا. کە بە دەوری گڕی مۆمەکەدا بوو. بە جوانی گوێی لە هوشپە و ترپەی باڵەکانی مێشە گەورەکەیش بوو. هەستی کرد ئەو مێشە گەورەیە، دەمێک خۆی بە دەم و چاوی ئەودا دەدا و، دەمێکیش خۆی بە پشتییەکەی ژێر سەریدا دەدا.

لە سەروو هەموو ئەمانەیشەوە. ئەو خاڵە سپییە روونە بوو، بە دەرگاکەوە دەیبینی! لێیشی روون بوو، کە ئەوە پەیکەری "ئەبول هوول"ە. خەمی ئەوەیشی بوو کە ئەمە بە سەریدا بکەوێت و، وردو خاشی بکات.

میر ئاندریە لای خۆیەوە وا بیری کردەوە:

"رەنگە ئەو پەیکەرە.. کراسەکەی خۆم بێت و، لەسەر مێزەکە دانرابێت! ئەمە لاقەکانی خۆمە و، ئەوەیش دەرگاکەیە! دەی باشە.. کە شتەکە ئاوایە: بۆچی پەیکەرەکە هەر لە خۆیەوە درێژ دەبێتەوە؟"

بیتی.. بیتی.. بیتی..! تی! بیتی!

میر ئاندریەیش وەکوو ئەوەی بپارێتەوە هاواری کرد:

"بەسیەتی! بەس! تکا دەکەم. ئیدی بوەستە."

دیسان بیرۆکە زۆر روونەکان گەڕانەوە نێو میشکی.

لە کاتی بیرکردنەوە روونەکەیدا بە خۆی وت:

بەڵێ! خۆشەویستیی راستەقینە! ئەو عیشقە نا، کە مەبەستەکەی روون و ئاشکرایە و، پاڵنەر و هۆیەکانی ئاشکران! بەڵکو ئەو خۆشەویستییەی لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمندا و، لە کاتێکدا لە سەر کەنارەکانی مردن بووم و، بۆ یەکەمجار هەستم پێکرد! ئەو کاتە بەو عیشقەم زانی و، تێگەیشتم کە ئەمە کاکڵەی رەوانمە. ئیدی لەو خۆشویستنەمدا، پێویستیم بە ئامانج و هۆ نەبوو! ئەوەتا ئێستا هەست بەو ئاسوودەییە دەکەم! ئەو خۆشەویستییەیش: خۆشویستنی خەڵکانی تر. خۆشەویستیی دوژمنانی مرۆڤە! خۆشویستنی هەموو شتێکە!

ئەو خۆشەویستییە لەو بارە ناجۆرانەدا، دەچێتەوە سەر خوا خۆی. بەڵام خۆشەویستیی کەسێکی دەوروبەر.. ئەو خۆشەویستییەیە، کە بە مرۆڤ خۆیەوە بەندە. بەڵام خۆشویستنی دوژمنەکانمان.. ئەمەیان، خۆشەویستیی ئاسمانییە! هەر بۆیەیش لە بەرەنگاربوونەوەمدا، لەگەڵ ئەو دوژمنەم، هەستم کرد کە خۆشمدەوێت! بەڕاست ئاخۆ ئەو پیاوە چیی بەسەر هاتبێت!؟ بڵێی مردبێت!؟ ئەگەر مرۆڤ خۆشویستنی مرۆڤانەی کرد، ئەوە وا دەگەیەنێت کە ڕۆژێک دێت ئەو عیشق و خۆشەویستییە بگۆڕدرێت بە کینە و، رقبوونەوە! بەڵام خۆشەویستییە ئاسمانییەکە، بۆ خۆی نەگۆڕە! تەنانەت مردنیش تێکی ناشکێنێت! چونکە ئەو خۆشەویستییەیان، کاکڵەی رەوانی مرۆڤە!!

لە ژیانی خۆمدا رقم لە خەڵکانێک بووەتەوە و، خەڵکانێکیشم خۆشویستووە! بەڵام بە هیچ جۆرێک، رقبوونەوەکەم نەگەیشتووەتە ئەوپەڕی و، بەشی خۆشویستنم تێدا هێشتووەتەوە!

لە ناکاو وێنەی ناتاشای هاتەوە بەرچاو و، هەرگیز بەو شێوەیە نەی دیبوو. چونکە ئەو رەوانی ناتاشای دەبینی!

میر ئاندریە بە خۆی وت:

خۆزگە جارێکی دی ناتاشام دەبینییەوە. هەر بۆ جارێکیش بوایە سەرنجی چاوەکانیم بدایەتەوە و، دواتر پێم بووتایە...

- بیتی... بیتی... بووم!

دیسان میشه گەورەکە، خۆی دایەوە بە دەم و چاویدا و، دواتر بە پشتییەکەی ژێر سەریدا! لە ناکاو میر ئاندریە، سەرنجی بە لای دنیاکەی تردا چووەوە!

ئەو دنیایەی پڕە لە راستی و، لە ئەندیشە! لەو دنیایەی ئەودیودا، خانوویەکی تر بڵند بووبووەوە. خانوویەک کە نەک هەر نەدەڕووخا.. بەڵکو تا دەهات گەورە و گەورەتر دەبوو! بازنە سوورەکە هەر بە کەمەری ئاگری مۆمەکەوە بوو. کراسەکەیشی، لێ ببووە پەیکەری "ابو الهول" و، بە دەرگاکەوە دەبریسکایەوە. روخساری ئەو "ابوالهول"ە ئەفسانەیەیشی، بە روخسارە زەرد هەڵگەڕاوەکەی ناتاشا دەهاتە بەرچاو.

ئەمجا ویستی ئەو وێنانە لە میشکی خۆی دەربکات و، کەوتەوە بیرکردنەوە:

ئۆو! ئەم بزرکاندنە بەردەوامە، چەند ئازار بەخشە!

بەڵام روخسارەکەی بەر دەرگا، هەر لە شوێنی خۆی مابووەوە و، نەیتوانی لە بیر و ژیریی خۆی دەربێنێت! تا دەهات لێی نزیک و نزیکتر دەبووەوە! هەرچەند میر ئاندریە ویستی بچێتەوە نێو، ئەندیشە و بیرۆکەکانی ئەو دنیاوە.

بەڵام ئازار و بزرکاندنەکە نەیهێشت! لە ناکاو هەستی کرد دەم و چاوێک گەورە و گەورەتر دەبێت و، تا دێت نزیکتر دەبێتەوە! دواتر هەستی بە ئازاری جەستەی کرد و بوورایەوە.

کە بە ئاگا هاتەوە، تێگەیشت کە ئەو دەم و چاوە ناتاشا بووە! ناتاشا خۆی! ئەو ناتاشایەی، کە دەیویست ئاسمانیانە: خۆشی بوێت! کە وردتر سەرنجی دا، ناتاشای بینی لە بەردەم جێیەکەیدا، هاتبووە سەر چۆک. ئەوەتا ناتاشایە و، بە گۆشت و خوێنی خۆیەوە!!

ناتاشایش دانی بە خۆیدا گرت و، نەیهێشت کە پێی بزانێت، چەندە بۆی گریاوە! بەڵام رەنگە زەردەهەڵگەڕاو و، لەرەی چەناگەی خوارەوەی خۆی، بۆ رکێف نەکرا!

میر ئاندریە هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشاو بۆی پێکەنی و، دەستی بۆ درێژ کرد،"ئەوە خۆتیت!؟ ئای چەندە بەختەوەرم!"

ناتاشایش بۆی چووەوە، سەر ئەژنۆ و، لێی نزیکتر بووەوە و، دەستی گرت و بە سەریدا داموکایەوە و، میر ئاندریەی ماچ کرد.

ئەمجا سەری بڵند کردەوە و وتی:

ببوورن! لێم ببوورن!

میر ئاندریەیش وتی:

خۆشمدەوێیت!

ناتاشایش دووبارەی کردەوە:

ببوورن.....

میر ئاندریەیش لێی پرسی:

"لە چیی تۆ ببوورم؟"

ناتاشا به تەریقیەوە وتـی،"لە ئەوەم ببوورە..... لەوەی کە کردم...!"
ئەمجا کەوتە ریز کردنی چەندین ماچی دەستەکانی.
ئـاندریەیش وتـی:
"زۆر لەوە زۆرترم خۆشدەوێیت، کە خۆت دەیزانیت! لەوەش فرەتـرە، کە جاران بۆ تۆ هەم بوو."
ئـەمجا بـە دەستە بـێ هێزەکـەی، چەناگـەی ناتاشـای بڵند کردەوە. تـاکوو تێر تێر لێی بڕوانێت! لەولایشەوە چـاوانی ناتاشـا، نـوقمی فرمێسکی بەختـەوەری بـوو بـوون. هـەر ئـەو چاوانەی کە بە شەرم و سۆز و خۆشەویستی و، شادیەوە لێی دەڕوانی.
میر ئـاندریەیش هێندە سەرقاڵی سەرنجی چاوە گەورە جوانەکانی بوو، هیچی تری تێدا بۆ نەخوێندرایەوە. دوابەدوای ئـەو دیمەنانە گوێی لە ژاوەژاو بوو. ئەوەیش یاوەرەکە بـوو، کە میری بە خەبەر هێنا. ئەمجا پزیشکەکە.
بـەڵام تیمـۆخین بـە هـۆی ئـازاری برینـی قاچییـەوە، تێرخـەو نـەبووبوو. بۆیـە هـەر لـە سـەرەتاوە، ئاگـای لـەو دوو عاشـقە و، پێـک گەیشـتنەکەیان بـوو. ئـەمجا بـە سـەرچەفەکە دایپۆشییەوە و، خۆیشی بەسەر کورسییە تاکەکەوە، گرمۆڵە کرد.
پزیشکەکە شوێنی نووستنەکەی خۆی جێ هێشت و وتـی:
"ئەرێ ئەوە چییە؟ فەرموو کیژە.. زوو بچۆ دەرەوە."
لەو کاتەدا خزمەتکارێک لای کۆنتیسەوە هات و، لە دەرگای دا، تاکو بزانێت کچۆڵەکەی خۆیی لێرەیە؟
ناتاشا وەکو ئەوانەی بە دەم خەوەوە، دەڕۆن چووە دەرەوە. هەر کە خۆی کردەوە بە ژوورە تەختەبەندەکەی تردا. خۆی دا بەسەر نوێنەکانیدا و، دایە پڕمەی گریان.
ئیدی لە هەموو قۆناغەکانی سەفەرەکەی بنەماڵەی ڕۆستۆفدا، ناتاشا چالاکانە خـەریکی تیمار کردنی برینەکەی ئـاندریە بـوو. کارێکی وای کرد پزیشـکەکـە ددان بـەوەدا بنێت، کـە تاکو ئێستا کچێکی بە وێنەی ناتاشای، بەو چالاکییەوە نەبینیوە.
هەرچەند پزیشکەکەی میر ئاندریە، بە کۆنتیسەی ڕاگەیاندبوو، گریمانی ئەوە هەیە، ئەم ئاندریەیە بە دەم ڕێوە و، لە سەفەرەکەی بنەماڵەی ڕۆستۆفدا، گیان لە دەست بدات! بـەڵام کۆنتیسـە دڵـی نـەهات ڕێگری لـە کچۆڵەکـەی خـۆی بکات و، نـەهێڵێت میـر ئـاندریە تیمـار بکات.
کۆنتیسە ئەوەی لەبەرچـاو گرتبوو، کە ئەگـەر تـەمەن مـەودای دا و نـەمرد. هەرچەند هیچ دیاردەیەکی دڵخۆشکەرە، بۆ ئـەوەیش نـەبوو! دوور نییـە کـە دڵداریـەکـەیان جـارێکی دی ببووژێتەوە.
ئەو شتەیش کە سەرنجی هەموویانی ڕاکێشابوو. ژیان، یان مردنی میر ئـاندریە بـوو! کە نەک هەر ئەو مردنە، لە ئەستۆی پۆلکۆنسکی بوو و بـەس! بەڵکو لـە ئەستۆی هـەموو گەلی ڕووسیش بوو.

بەشی سی و سێ
ئاگرکەوتنەوە

بەیانیی سێیەم ڕۆژی ئەیلوول، پییەر درەنگ خەبەری بووەوە و، هەستی بە سەرئێشەیش کرد. ئێوارەی ئەو ڕۆژە، هەر بە بەرگەکانی دەرەوەیەوە نووستبوو و، هەستی دەکرد لە بەریدا قورسە. تەریقیی ئەوەیش بوو، کە دوێنێ هەڵەیەکی گەورەی کردووە. هەڵەکەیشی لەگەڵ سەرکردە رامبالّی فەڕەنسی و، کاتی قسە کردن کردبووی.

هەرچەند سەعات یازدە بوو. بەڵام هەوا بێگەرد نەبوو. ئیدی پییەر هەر کە لە خەو رابوو، کەوتە هەڵگۆفتنی چاوەکانی. کە دەمانچە "مستوو" نەخشینەکەی خۆی: ئەوەی گیراسیم، خستبوویەوە شوێنی خۆی، بە سەر تەپڵەکەکەوە بینی، بیری کەوتەوە کە ئێستا لە چ باریکدایە و، کاتی خۆی بڕیاری چیی دابوو، تاکو لەو ڕۆژەدا بیکات؟

وا بیری کردەوە:

بڵێی دوا نەکەوتبم! نا! چونکە ئەویش پێش نیوەڕۆ خۆی بە مۆسکۆدا ناکات.

ئیتر کەوتە خۆ ئامادە کردن. دوای ئەوەی جل و بەرگەکەی بەری ڕێک خستەوە، دەمانچەکەی هەڵگرت و، خۆی ئامادەی ڕۆیشتن کرد. بەڵام لەو کاتەدا ئەوە یەکەمجاری بوو، پرسیار لە خۆی بکات: ئاخۆ دەتوانێت ئەم دەمانچەیە بە دەستەوە بگرێت و، بە شەقامەکاندا بڕوات؟ نەخێر..مەحاڵە بتوانێت ئەم دەمانچە نەفرەتییە، لە نێو ئەو پاڵتۆ پان و پۆڕەدا بشارێتەوە! نە دەتوانێت بیخاتە ژێر قایشەکەی پشتی و، نە بیخاتە بن هەنگڵییەوە. ئەمجا ئێستا ئەو دەمانچەیە یەک فیشەک چییە، تێیدا نییە! کاتی نەبووە زووتر پڕ فیشەکی بکات.

زووتریش چەندین جار خۆی دواندبوو و وتبووی: گەورەترین هەڵەی ئەو قوتابییەی، کە ساڵی (١٨٠٩) ویستبووی ناپلیۆن تیرۆر بکات، ئەوە بوو کە پەنای بۆ خەنجەر بردبوو! کەچی بە خۆی وت:

کەواتە.. خەنجەریش بە کەڵکی ئەم کارە دێت!

تەنیا مەبەستی پییەریش ئەوەبوو، کە بیسەلمێنێت لە سەر تیرۆر کردنی ناپلیۆن، سوورە! بۆیە خەنجەرە خراپە کالان سەوزە سادەکەیشی هەڵگرت. ئەو خەنجەرەی، کە کاتی خۆی، لەگەڵ دەمانچەکەدا، لە نزیک بوورجەکەی سۆخاریف کڕیبووی. ئەمجا لە ژێر بەرگەکانیدا شاردنییەوە.

زۆر هەوڵیدا لە چوونەدەرەوەیدا رامبالّی فەڕەنسی، نەیبینێت. بۆیە قایشی پانتۆڵەکەی توند کردەوە و، شەپقەکەی بە پێشدا خست و، ڕاڕەوەکەی بڕی و، چووە سەر شەقامەکە سەرەکییەکە.

ئەو ئاگرکەوتنەوەیەی مۆسکۆ و، ئەوەی کە دوێنێ ئێوارە، پییەر هەر گوێیشی نەدابوویە، ئێستا شێوەیەکی تری لە خۆ گرتووە! لە چەند لایەکەوە مۆسکۆ دەسووتا! ئاگر بەربووە، ئەو شەقامەیش، کە گالیسکەی تێدا دروست دەکرا! لەگەڵ گەڕەکەکەی بەرامبەری.

هەروەها ئاگر لە جۆستینی دفووریش بەر بووبوو! لەگەڵ بۆڤارسکاییا و نێو کۆختە تەختەبەندەکانی، سەر ڕووباری مۆسکۆا و، هەروەها ئاگر لە مەخزەنەکانی تەختەی، نزیک بە پردی دوورۆگۆمیلۆڤیش بەر بووبوو.

ئەو ڕێگایەی پییەر دەیویست پێیدا بڕوات، چەند شەقام و کۆڵانێکی تەنگەبەر بوو. هەر لە بۆڤارسکاییاوە، بۆ ئاربات و، لەوێوە بۆ کڵێسەی نیکۆڵای پیرۆز.

لە مێژ بوو پییەر ئەو شوێنەی، بۆ خۆی لە مێشکیدا دیاریی کردبوو و، هەر لەوێشدا کردەوە تیرۆرییەکەی تێدا ئەنجام بدات. بەشێکی زۆری خانووبەرەکان دەرگا و پەنجەرەکانیان داخرابوو. گەڕەکەکان چۆڵ و هۆڵ بوون. بایەکەیش بۆنی بۆکڕووزی پێوە بوو. لێرە و لەوێیش، بە دەم ڕێگاوە، ڕووسییە ڕوخسار ترساوەکانی دەبینی. هەرچەند نەیاندەزانی ئەو کابرایە کوێندەرییە؟ چ کارەیە؟ بەڵام بەسەرسامییەوە لەو پییەرەیان دەڕوانی! چونکە سەرەڕای ئەوەی باڵای بەرز بوو. تۆکمە و بە خۆوەیش بوو. بۆیەیش سەربازە فەڕەنسییەکان وەکوو ئەو خەڵکە سەرنجەکانیان شوێن پییەر خست.

پییەریش وەکو ڕووسییەکانی تر، بە ترس و دڵەڕاوکێوە، لە سەربازە فەڕەنسییەکانی نەدەڕوانی و، بگرە هەر گوێیشی نەدەدانێ!

لە بەردەم مالێکدا سێ سەربازی فەڕەنسی، پییەریان وەستاند و، پرسیاری ئەوەیان لێ کرد، کە ئەگەر زمانی فەڕەنسی دەزانێت: با لەگەڵ ئەم ڕووسییانە بدوێت و، قسەکانی ئەوان بکاتەوە بە فەڕەنسی بۆیان.

پییەریش بە سەرلەقاندن تێی گەیاندن کە فەرمانسی نازانێت و، بە ڕێی خۆی گرتەوە بەر. لە کۆڵانێکی تردا، سەربازێکی پاسەوان، بە تەنیشت سندوقێکی سەوزەوە وەستابوو و، بانگی ئەوی کرد. بەڵام پییەر تێی نەگەیشت. نەشیزانی بپەڕێتەوە ئەوبەری شەقامەکە و، خۆی لێی بە دوور بگرێت. بۆیە ئەمجارەیان سەربازە پاسەوانەکە بە تووندی فەرمانەکەی بە سەردا سەپاند.

بەڵام ئەمجارەیشیان پییەر بیری هەر بە لای بیرۆکە پڕ مەترسیەکەی خۆیەوە بوو و، ئاگای لە پاسەوانەکە نەبوو! خۆ ئەگەر کەسیش ئەوی نەوەستاندایە. ئەو کارە پڕ مەترسییەکەی خۆیی، بۆ ئەنجام نەدەدرا. چونکە ناپلیۆن پێش زیاتر لە چوار سەعات، دوورۆگۆمیلۆڤی تێپەڕاندبوو. بەرێی ئارباتدا، خۆی گەیاندبووە کریملن. تەنانەت ناپلیۆنیش بە هۆی ئەو ئاگر کەوتنەوەوە، دەروونی فرە ئاڵۆز بوو. بە دەم رێوە فەرمانی دابوو، کە سەربازەکان هەوڵ بدەن، ئاگرەکە بکوژێننەوە و، تالانی نەکەن و، دانیشتوان تووشی ترس و تۆقاندن نەکەن.

پییەر لەو شتانە بێ ئاگابوو و، ئەوەی بیری لێ دەکردەوە، ئەوەبوو کە لە کارە تیرۆریستییەکەیدا، لاواز نەبێت و، لای خۆی و خەڵکی سووک و رسوا نەبێت. هەرچەند پییەر ئاگای لەو شتانە نەبوو کە لە دەوروبەری دەگوزەرێت. بەڵام بە باشی دەیزانی ڕێگای خۆی بگرێتەبەر و، بە شەقام و کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا بڕوات و، ڕێی بەرەو بۆڤارسکاییا، ون نەکات.

تا لە بۆڤارسکاییا نزیکتر دەبووەوە، دووکەڵی ئاگر کەوتنەوەکە، چڕتر دەبووەوە و، مرۆڤ هەستی بە گەرمبوونی فرەتر دەکرد.

بە دەوروبەریدا و، ناوەناوە زمانەی ئاگر، لە بنمیچ و پەنجەرە و، کەلەبەری خانووەکانەوە، دەهاتە دەرەوە. هەموو ئەوانەی بە دەم رێوە دەیبینین، ترس و تۆقیوی و دڵەڕاوکە، بە روخساریانەوە دیاربوو.

پییەر دەیزانی، رووداوێکی مەزن رووبداوە. بەڵام خۆی نەیدەزانی بەرەو ئاگرەکە دەڕوات! بە ڕاڕەوێکدا تێپەڕی و، گەیشتە ئەوبەر بۆڤارسکاییا و، ئەمجا باخەکەی کۆشکی میر گرۆزینسکی.

هەر کە گوێی لە قیژە و هاواری ژنێک بوو: وەکو ئەوەی لە خەو ڕاچڵەکی بێت وابوو و، هەر زوو سەری بڵند کردەوە. شتومەکی نێو مالا بە ناو چیمەنی ئەو ماڵەدا بڵاو بووبووەوە. سەماوەر و تابلۆی وێنە و، چەندین سندوق کەوتبوون.

لە نێو سندوقەکاندا، ژنێکی باریکەلەی تەمەن مامناوەند، لێی دانیشتبوو. ددانەکانی پێشەوەی درێژ بوو و، پاڵتۆیەکی ڕەشی درێژی لەبەردابوو و، شەپقەیەکیشی بە سەرەوە بوو. خۆی بەملاولادا دەخست و، خۆی دەلاوانەوە و، بە کوول دەگریا.

دوو کچیشی به دەورەوە بوو. یەکێکیان دە ساڵانە و، ئەوی تریان، دوانزە ساڵانە بوو. بەرگەکانی بەریان، پۆخڵ و پاڵتۆیان بە سەردا لەبەرکردبوو و، بە پەڕۆشەوە لە دایکی گریاویان دەڕوانی.

کۆڕێکی حەوت ساڵانەیش، لە پاڵتۆیەکەوە ئاڵێنرا بوو. لە باخەڵی پیرەژنە بەختوکەرەکەیدا بوو و، دەگریا. خزمەتکارێکی پێ پەتیی پیس و پۆخڵیش، لە سەر سندوقێک دانیشتبوو.

مێردەکەیشی کورتەبالایەکی کەمێ کۆماوە بوو. بە بەرگەکانی بەریدا دیاربوو، فەرمانبەرێکی بچووک بێت. بەوەدا ئەو پیاوە سندوقەکانی دەجووڵان. لەوەدەچوو بۆ شت بگەڕێت.

ژنە لە ناکاو بە چاوی بەفرمێسکەوە خۆیدا بەسەر پێڵاوەکانی پیرەرداو وتی:

"ئەی کەسە مەردە مەسیحییەکە: رزگارمان بکە! یارمەتیمان بدە! بەڕێزی ئازیز! هەر کەسێک بیت.. یامەتیمان بدە! کچەکەم! تووخوا کچە چکۆلەکەم! ئەوەیانم لە هەموویان بچووکترە! خۆم جێم هێشت. سووتا! ئۆوا! ئۆوا! ئەوە چارەنووسی خۆت بوو! ئۆف کچە چکۆلەکەم.. ئۆف!!"

پیاوەکەی لە سەرخۆ وتی:

"ئارام ببەوە! ماری نیکۆلاییڤنا،بێگومان خوشکەکەت لەگەڵ خۆی بردوویەتی."

دایکەیش دیسان لەسەری ڕۆیشت:

"ئەگەر وانەبێت.... ئەی لە کوێیە؟"

ژنەکە ئارام بووەوە و وتی:

"گێلە! هەی ئاژەڵی درندە! تۆ دڵت نییە! نابینم خەفەت بۆ کچەکەیشت بخۆیت! ئەگەر هەر کەسێکی تر، باوکی ئەو کچە بوایە، نەیدەهێشت ئەو کچە بسووتێت! خەڵکینە ئەم پیاوە گێلە: نە پیاوە و نە باوک!"

بە پیرەریشی وت:

"بەڵام تۆ! تۆ... پیاویت و، دڵت باشە! کە ئاگرەکە گەیشتە گەڕەکەکەمان گەیشتە ماڵی ئێمەش، ئەوەبوو کارەکەرەکەم هاواری کرد، ئای خوایە گیان! خانووەکەمان گڕی گرت. ئەمجا کەوتینە کۆ کردنەوەی شت و مەک و، هەرچییەکمان بۆ هەڵگیرا، لەگەڵ خۆمان هێنامان و، هەڵاتین. تابلۆی پیرۆز و سیسەمی هاوسەرگیریەکەمان، بۆ دەرچوو. شتەکانی تری نێو ماڵەکەمان، کلۆکۆیان دامرکایەوە. هەموو منداڵەکانم لەگەڵ خۆم هێنا. هەرچەند ئەملاو ئەولام بۆ کاتیا کرد: نەمدۆزیەوە! ئای پەروەردگار!!

بە دەم گریانەوە لە سەری ڕۆیشت:

"کاتیا چکۆلەکەم: سووتا! سووتا!"

پیرەریش پرسیی،"ئەو کچۆڵەیە لە کام خانووەیاندا ماوەتەوە؟"

که ژنه له پییەری روانی. تێگەیشت که ئەو پیاوە، دەتوانێت یامەتییان بدات. بۆیە خێرا خۆی دا بە رانەکانیدا و، کەوتە پارانەوە لێی،"بەڕێزی نیان! باوکە گیان! ئەی پیاوچاک.. دڵم ئاسوودە بکە!"

کارەکەرەکەیشی بانگ کرد و پێی وت:

"کچە پۆخڵەکە. ئەنیسکا! راکە و پێشی ئەم پیاوە بکەوە و ماڵەکەمانی پیشان بدە."

پییەریش هاواری کرد:

"دەی... پێشم بکەوە کچەکە! ئەوەی لە توانامدا بێت.. دریغی ناکەم."

کاتیای پۆخڵ لەودیو سندوقێکەوە هاتە دەرەوە و، سەرو قژەکەی ڕێکخستەوە و، بە پێخاوسی پێشی کەوت.

پییەریش لە کەسێک دەچوو، کە تازە هۆش خۆی هاتبێتەوە! بووزابووەوە و، چاوانی دەبریسکایەوە و، شوێن ئەنیسکا کەوت. تا پێی گەیشتەوە: گەیشتبوونە بۆڤارسکاییا.

شەقامەکە پڕ بوو لە دووکەڵی ڕەش و، خانووەکانی ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکە دەسووتان.

ژەنەرالێکی فەڕەنسی بۆ کۆمەڵێک ڕووسی دەدوا. پییەریش خەریک بوو لەو ئەفسەرە نزیک دەبووەوە.

سەربازە فەڕەنسییەکان هاواریان بۆ کرد:

"ئەو ڕێگەیە قەدەغەیە و پێیدا مەڕۆ."

کارەکەرەکەیش پێی وت،"مامە.. لێرەوە بڕۆ!"

بەو کۆڵانەیشدا تێپەڕین. ئەمجا بە حەوشەکەی بنەماڵەی نیکسۆلین. بە شوێن خۆیدا گەڕایەوە دواوە. هەنگاوەکانی پان و پۆڕ کردبوو، تاکوو بە ئەنیسکادا بگاتەوە. هەر بە ڕاکردن ئەو شەقامەیشی تێپەڕاند و، بەرەو کۆڵانەکەی لای چەپ بووەوە. سێ خانووی تر و، دواتر بە لای ڕاستدا و بە دەرگایەکدا چووە ژوورەوە.

کارەکەرەکەیش وتی:

"هەر ئێستا دەگەین."

بە ڕاکردن حەوشەکەیان تێپەڕاند و، دەرگای باخێکی کردەوە. ئەمجا بە سەرلەقاندن، پییەری تێگەیاند، کە سەرنجی ئەو باڵەی چەپی خانووەکە بدات، کە بە چ شێوەیەک دەسووتێت! لایەکی ئەو خانووە، وەکو سووتابوو، دایشڕووخابوو. ئەو لایەیشی کە بە پێوە مابوو: دەسووتا و، گڕ لە پەنجەرەکان و، بنمیچەکەیەوە دەهاتە دەرەوە.

بەڵام هەر کە پییەر، گەیشتە دەم دەرگاکە، وەستا و خەریک بوو گەرمی ئاگرەکە و، ئەو هەموو دووکەڵە، بیخنکێنێت!

بۆیە پرسیی:

"کام خانووەیان ماڵی ئێوەیە؟"

ئەنیسکای کارەکەریش وتـی:

"ئـۆو! ئـۆو! ئەوە خۆیەتی! ئەو خانووە پچووکە ماڵەکەی ئێمەیە. ئای کاتیا ئێستا تۆ لە ئاگرەکەدایت! ئـای ئـازیزەکەم! ئـۆو! ئـۆو!"

ئەنیسکا واهـات بەخەیاڵیـدا، دەبێت بەرامبـەر ئاگرەکـە قسـە بکـات و، هەسـتی خـۆی دەربـبڕێت.

پیـیەریش بـەرەو ئـەو لایـە چـوو، کـە کارەکەرەکـە پیشـانی دابـوو. بـەڵام زۆریـی کڵپـەی ئـاگرەکە و گەرمییەکـەی، ئـەوی وەسـتان. ئـەمجا سـەرنجی دەوروبـەری خـۆیی دا و، خانوویەکی گەورەی لە ئەوبەر خۆیـەوە بینی. لایـەکی ئـەو خـانووە دەسـووتا و، خـەڵکێکی فرەی فەڕەنسی، دەوریان دابوو.

سـەرەتا پیـیەر نـەیدەزانی ئـەو فەڕەنسـییانە بۆچی لـەوێن!؟ دواتر چـەند کەسـێکی بینی، یەکێکیان رادەکێشا. یەکێکی تری بینی، بە لاپـانی شمشـێرەکەی دای بـە پشـتی لادێیەکدا و، پـاڵتۆ ناودارەکەی بەری پێ داکەند و، رووتی کردەوە و، بردی بۆ خۆی.

ئەمجا پیـیەر تێگەیشت کـە کەوتووەتـە نێو کۆمـەڵێک راووڕوتکـەر و تاڵانچیـیەوە! بـەڵام کاتی ئەوەی نـەبوو، قوڵتر بیر لـەو کێشـەیە بکاتـەوە. تـەق و هـوڕی دیوارەکـان و، کەوتنـە خـوارەوەی میچـەکان و، هـاژە و هـووژەی، گـڕی ئاگرەکـە و، چـــڕپی دووکـەڵی رەشـی ئاگرەکە و، دەمێکیش بە کڵپەی ئاگرەکە رووناک دەبووەوە.

دەبینرا کە چـۆن گڕەکە، لەم دیوارەوە دەگوازرایـەوە بۆ دیـوارێکی تـر. فڕک و هـوڕی خەڵکەکـە و، ئـەو چەقـە دووکەڵـە و، گـەرم بـوونی هەواکـە، هـەر وەکـوو منداڵێک کـاری تێ کردبوو. تەنانەت وای لێ کردبـوو، هـەموو شـتەکانی خـۆیی بیر چووبـووەوە و، واهـەسـتی دەکرد کە لاوێکی چالاک و بەتوانایە. بۆیە بە راکردن بـەو لایـەی خـانووەکەدا رای کرد.

خەریک بوو خۆی بکات بەو لایەدا، کە هێشتا بـە پێوە مـابوو و، دانـەڕووخابوو. بـەڵام بەسـەر سـەری خۆیـەوە، گـوێی لـە دەنگەدەنگی خـەڵکانێک بـوو. بـە دوایدا دەنگی کـەوتنی شـتێکی زۆر قـورس لـە نزیکییـەوە هـات و، کـە سـەرنجیدا چەنـد سـەربـازێکی فـەڕەنسی تـۆپەڵێک زنجیریـان خسـتووەتە خـوارەوە و، چەنـد سـەربازێکی تـری فەڕەنسـیش، لـە خوارەوە بۆ ئەو شتە قورسە چوون.

یەکێک لەو سەربازانە پیـیەری بینی و، هاواری بۆ کرد:

"باشە! ئەی ئەوە چیی دەوێت؟"

پیـیەریش وتی:

"منداڵێک لەو خانووەدایە! ئـاخۆ ئێوە ئەو منداڵەتان نەدیوە؟"

چەند کەسێک پێکەوە هاواریان کرد:

"ها! ئێستا ئەو خنکاوە! تۆیش بڕۆ بەڕێی خۆتـەوە!"

سـەربازێکیان گومـانی ئـەوەی لـە پیـیەر بـوو، بـەوەی بیـەوێت ئـەو تـۆڕە زنجیـرەی کـە پڕیان کردبوو لە شت و مـەکی زێڕ و، برونـزی گرانبـەها و، هەڵیاندابووە خـوارەوە، لێیان

بسەنێتەوە. بۆیە کەوتــە هەڕەشە کردن لە پیپەر.

سەربازێکی فەڕەنسی لە سەرەوە هــاواری کرد:

ـ منان؟ لە نێو باخچەکەدا گوێم لە قسەیەکی وابوو. رەنگە منالی پیاوەکەی زوو بوو بێت. پێویستە کەمێک مرۆڤانەیش هەڵس و کەوت بکەین.

پیپەریش پرسیی،"ئەو منالە لە کوێیە؟ لە کوێیە؟"

فەڕەنسییەی سەرەوەیش ئاماژەی باخچەی پشتەوەی خانووە سوتاوەکە دا:

"لێرەوە! لێرەوە! کەمێک لە سەرم بووەستە. ئێستا دێم بۆ لای تۆ."

دوای چەند چرکەیەک، لە پەنجەرەی نهۆمی خوارەوەوە، هاتە دەرەوە. کوڕێکی تەمەن مام ناوەندی، چاو ڕەش و، خاڵێک بە نێوچاوانییەوە بوو. کراسێکی لەبەردابوو و، هاواری گەیاندە هاوڕێکانی پەلە بکەن!

گەرمییەکەیش تا دەهات زیاتر دەبوو! ئەمجا لەگەڵ پیپەردا و، بە پشتی خانووەکەدا و، بە ڕێیەکی بە لم پۆشراودا ڕۆیشتن. لەناکاو فەڕەنسییەکە ئاماژەی بە شتێکی لاکێشەیی دا. کە نزیک بوونەوە، ڕوانیان کچێکی سێ سالانەیە و، بە بەرگێکی گوڵگوڵییەوە، لەسەر کورسییەک ڕاکشاوە.

فەڕەنسییەکە وتی:

"ئەمە هەر ئەو منالەیە: تۆ بۆی دەگەڕایت! ئۆی بیرم چوو منالەکە کچیشە.. باشترا پیاوە کەتەکە، ئیدی خوات لەگەڵ. ئاخر پێویستە ئێمەیش، برێک مرۆڤ دۆست بین و، هەموومان دەمرین."

ئەمجا فەڕەنسییە خاڵدارەکە، بە ڕاکردن بەرەو هاوڕێکانی ڕای کرد. پیپەریش لە خۆشیدا بە هەناسەبڕکێوە، خۆی گەیاندە کچە چکۆلەکە و، ویستی هەردوو دەستی بخاتە ژێر جەستەی و هەڵی بگرێت. بەڵام سەرنجیدا ئەو منالە تووشی دەردە بەرازیش بووە. بەڵام ڕوخساری، هەر لە ڕوخساری دایکی دەچێت.

کە کچەیش ئەو ڕوخسارە نامۆیەی بینی، کەوتــە قیژە قیژ و، ویستی هەڵ بێت! بۆیە خێرا پیپەر خستییە سەر هەردوو دەستی. بــەڵام کچەکە بە دەستە بچووکەکانی، ویستی وای لێ بکات نەیبات.

پیپەریش هەستی بە قێز لێبوونــەوەی خۆی کرد لە ئەو کچۆڵەیە و، هەر وەکوو ئەوە وابوو، ئاژەڵێکی کردبێتە باوەش. ئەمجا کەوتە ڕاکردن بەرەو خــانووە گەورەکە. بە هۆی ئاگرەکەوە نەیدەتوانی بەرێی خۆیدا بگەڕێتەوە. ئەنیسکایشی بۆ نەدۆزرایەوە.

هەرچەند کچکۆڵەکە خۆیشی تەڕ کردبوو. بەڵام پیپەر بە توندی بە سنگی خۆیەوە نوساندبوو. گوێی بە قێزلێ هاتنەوەکەی خۆی نەدا و، بــەزەیی پێداهاتنەوەکە زاڵتر بوو بە سەریدا و خــۆی گەیاندە باخەکە تــاوەکو لەوێوە ڕێگای دەربــازبوون بــدۆزێتەوە و، ئــەم کچە نەخــۆشە بگەیەنێتەوە بە دایکەکەی.

بەشی سی و چوار
دەستگیرکردنی پییەر

دوای ئەوەی پییەر بە منالّەکەوە و، بە راکردن چەند کۆلانێکی بڕی. بارەکەی گەیاندە باخی گرۆزینسکیی گۆشەی بۆڤارسکایيا.

یەکەمجار ئەو شوێنەی بۆ نەدۆزرایەوە، کە لێوەی دەرچوو بوو، بۆ رزگار کردنی کچۆلّەکە. چونکە هەر دوای دەرچوونی لەو خالّەوە. هێندەی شتومەکی تریان لە خانووە گڕ گرتووەکانەوە، هێنابووە ئەو باخەوە و، لە سووتاندن رزگاریان کرد بوو، شێوەی باخەکەیش گۆڕابوو. هەر بۆیە پییەریش شوێنی خێزانی کچۆلّەکەی بۆ نەدۆزرایەوە!

هەرچەند ژمارەیەک سەربازی فەرەنسی، بە بەرگی جۆرا و جۆرەوە، تێکەڵ بە خێزانە رووسییە بێ لانە و بانەکان بوو بوون. بەلّام پییەر هەر گوێیشی پێ نەدان. تەنیا مەبەستی ئەو، دۆزینەوەی ئەو خێزانەی کچۆلّەکە بوو، کە خێزانێکی فەرمانبەری چکۆلەی، حوکمەتی بوو. تاکو منالّەکەیان بداتەوە و، بگەڕێتەوە بۆ خانووە سووتاوەکان و، خەڵکانێکی تری کلّۆلّی لێقەوماو، لە سووتاندن رزگار بکات.

گەرمیی ئاگرەکە و راکردنەکە، ئارامییەکی پێ بەخشی بوو. بەوەش وردەی روو لە هەڵکشان بوو. هەمان ئەو هەست و پەرۆشییەی یەکەمجاری هەبوو.

ئەو بە گوژم رای کرد، تا ئەو منالە رزگار بکات. منالەیش بە سنگییەوە ئارام ببووەوە. دەستەکانی لە پاڵتۆ زلەکەی پییەر توند کردبوو. خۆی بە سەر باسکی پییەردا دابوو و، ئاژەڵانەئاسا، لە دەورو بەری خۆی دەڕوانی.

پییەریش ناوەناوە، بە زەردەخەنەیەکەوە، لە منالەکەی سەر باسکەکانی خۆی دەڕوانی و، هەستی بە بێگەردیی دەروونی ئەو منالە نەخۆشە دەکرد. نە فەرمانبەرە بچووکەکە و، نە هاوسەرەکەی، لە شوێنی خۆیان مابوون. ناچار پییەر کەوتە گەڕان بە باخەکەدا و، روانین بە روخساری خێزانەکاندا.

لەگەڵ ئەو هەموو دڵەڕاوکەدا، نەیتوانی سەرنجی ئەو خێزانە ئەرمەنییە نەدات، کە پیرێکی ڕۆژهەڵاتیی تێدابوو. ئەو پیرە ملپێچێکی تیسکنی لە مل ئاڵاندبوو و، جووتێک پێڵاوی نوێی لە پێدابوو.

پیرەژنێکیش لە هەمان تەمەنی ئەو پیرەمێردە رێکپۆشەدابوو. ئەو دوو پیرە، ژنێکی گەنجیشیان لەگەڵدا بوو. پییەر ئەو خێزانەی هێندە بە لاوە جوان بوو، بە نموونەی خێزانێکی ڕۆژهەڵاتییانەی لەقەڵەم دەدان!

ژنە جوانەکە، دوو برۆی ڕەش و، دەم و چاوێکی درێژکۆلەی گوڵڕەنگی قەشەنگی هەبوو. کەوتبووە نێوان ئەو هەموو شت و مەکە فڕێدراوەی گۆڕەپانەکە و، نێو ئەو هەموو خەڵکەوە!

فەرووپەکی تیسکنی لە ملدابوو و، سەرپۆشێکی وەنەوشەیی بە سەرەوە بوو. هەر لە لاسکی ناسکی پاراوی گیایەک دەچوو، فڕێ درابێتە سەر بەفرێکی باریوو!

کچە جوانەکەش، لەسەر سندوقێک و، پشت پیرەژنەکەوە دانیشتبوو. بە دوو چاوی گەشی، ژێر برژانگە ڕەشەکانییەوە، لە بەردەمی خۆیی دەڕوانی. پییەریش هەستی بەو جوانییەی ئەو کرد و، خەمی تووشبوونی ئەو کێژەی بوو، لەگەڵ فەڕەنسییەکاندا.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە پییەر، سەرقاڵی دۆزینەوەی خێزانی کچۆڵەکەیش بوو، بەڵام فریای سەرنجدانی ئەو کێژە جوانەیش کەوت. ئەمجا گەیشتە ئەوسەری گۆڕەپانەکە و، ئەو باخە پڕ لە شتومەکی مال و، خەڵک و خێزانانە. ئەو خێزانە داماوەی خاوەن کچۆڵەکەی، هەر بۆ نەدۆزرایەوە و، بە سەرسامییەوە وەستا! ئەم پیاوە کەڵەگەت و کەتەیە و، منالەکە، بوونە جێی سەرنجی خەڵکەکە.

بڕێک لە خێزان و خەڵکە ڕووسەکە، لێیان کۆبوونەوە و لێیان پرسی:

ـ ئەی پیاوە مەردەکە! کەسێکت لێ ون بووە؟ تۆ دیارە پیاوێکی مەردیت! ئەم منالە هی کێیە؟

پییەریش وەڵامی دایــەوە:

"ئــەم کچۆڵەیــە منــاڵی ژنێکــە.. فەرووێــەکی رەشــی لەبــەردابوو و، ئــا لێــرەدا خــۆی و منداڵەکانی تری، دانیشتبوون."

ئەمجا ئەویش لێی پرسین... ئاخۆ کەسیان ئەو خێزانەیان نەدیوە و، نازانن بۆ کوێ چوون؟

لەولا ئەوانیشەوە مجێورێکی کڵێسە، پیرەژنێکی ئاوڵاویی دەدواند:

ــ گومانی تێدا نییە، ئەمەی کە ئەم لاوە دەیڵێت.. هــەر بنەماڵەکەی ئانفیرۆنە! خــوایە بەزەییت پێماندا بێتەوە!

ئەمجا مجێوری کڵێسەکە لەبەرخۆیەوە وتــی:

پــەروەردگار... بەزەییت پێماندا بێتەوە!

ژنەکەیش وتــی:

ــ جا باشــە: دەبێت ئێستا ئــەو بنەماڵــەی ئانفیرۆن لــە کوێن؟ پێم وابێت، ئــەوان ئــەم بەیانییــە ســەفەریان کردووە. بێگومــان ئەمــە کچــی مــاری تیکۆلاییڤنایــە. یــان ئــەوەتا کچــی بنەماڵەکەی ئیڤانۆڤە!

خزمەتکارێکیش ئەم ڕوونکردنەوەیەی دا:

"ئەم پیاوە دەڵێت ژنێک، بەڵام ماری نیکۆلاییڤنا هێشتا کچە!"

پییەریش وتــی:

"گومانی تێدانییە کە ئێوە دەیانناسن!ئافرەتێکی بەلەباریکەی دان درێژ بوو."

ژنێکیش ئاماژەی بە سەربــازە فەڕەنسییەکان دا و وتــی:

"بەڵام ئەوە ماری نیکۆلاییڤنا خۆی بوو. کاتێک ئەو فەڕەنسییە دڕندانــە پــەلاماریــان دا، ئەویش خــۆی گەیاندە ئەم باخە."

مجێوری کڵێسەکە دووبارە وتییەوە:

ئــەی پــەروەردگار.... بەزەییت پێماندا بێتەوە!

ژنێکی تریش وتــی:

ــ لێرەوە بڕۆ.. بیگرە! ئەوەتا ئەوان لەوێن. ئا ئەوە خۆیەتی! ئەوەتا هێشتا کۆڵی نــەداوە و، هــەر دەگری! ئەوە خۆیەتی. لێرەوە بۆی بــڕۆ.

بەڵام ئەوە چەند ساتێک بوو، پییەر ئاگای لە دەوروبەری نەمابوو و، هەر گوێیشی لــەو ژنە نەبوو. هەر خەریکی سەرانجدانی خێزانە ئەرمەنییەکە بوو.

بینیی دوو سەربــازی فەڕەنســی لێیــان نزیــک بۆتــەوە. یــەکێکیان کورتــە بنەیــەکی پــێ

خاوس بوو. پاڵتۆیەکی شینی لە بەردا بوو. پارچە پەتێکی کردبووە قایش و لە کەمەری بەستبوو. شەپقەیەکیشی بە سەرەوە بوو.

سەربازەکەی تریان، زیاتر سەرنجی پییەری راکێشابوو. درێژێکی باریکەلەی کووڕی، گەنم ڕەنگ بوو. خاو وخلیچک و، شتێک لە گێلیی پێوە دیار بوو. پاڵتۆیەکی زبری لە بەردابوو. پانتۆڵێکی شین و، جووتێک پێڵاوی بەرزی دڕاوی، لە پێدا بوو.

سەربازە کورتەبنە پێخاوسە پاڵتۆ شینەکەیان، لە ئەرمەنییەکەوە، نزیک بووەوە و، شتێکی پێ وت و، ئاماژەی بە پێیە بە پێڵاوە نۆێیەکەی پیرەمێردەکە دا.

پیرەیش بە پەلە پێڵاوەکانی پێی داکەند. خاوەن پاڵتۆ زبرەکەیش، لە بەردەم کچە جوانە ئەرمەنییەکەدا، هەر دوو دەستی لە گیرفان نابوو و، وشک وەستابوو و لێی دەڕوانی!

پییەریش بە ژنەکەی وت،"ئادەی... ئەم منالەم لێ بگرە."

ناچار کچۆلەکەی لە سەر زەوی دانا و، چاویشی هەر لەسەر خێزانە ئەرمەنیەکە بوو و، وتی،"ئادەی... تۆ ئەم منالە بگەیەنەوە دەست کەس و کارەکەی... باشە!"

پیرە پێڵاوەکانی داکەند بوو و، سەربازە فەڕەنسییەکەیش، تاکی دووەمی پێڵاوە دڕاوەکەیی پێی خۆیی دادەکەند.

پیرەیش بە چاوە فرمێسکاوییەکانییەوە، بۆلە بۆلێکی لێوە هات. پییەر بە خێرایی لەو دیمەنەی روانی. ئەم لای خۆیەوە، سەرقاڵی سەربازە فەڕەنسییە، پاڵتۆ زبرەکەوە بوو. بەڵام کە وردتر سەرنجیدا، وا وردە وردە سەربازە فەڕەنسییەکەی دی، خۆی لە کچە ئەرمەنییە جوانەکە نزیک دەکاتەوە!

دواتر دەستەکانی لە گیرفانی دەرهێنا و، ملی کچەکەی گرت. کچەش وا پەشۆکابوو، جوولەی بۆ نەکرا و، لەوە دەچوو کە هەر ئاگای لە هیچ نەبێت! تا پییەر ئەو چەند هەنگاوەی بە پەلە بڕی.

سەربازە فەڕەنسییەکە، ملوانکە ئاڵتوونەکەی، ملی کچە جوانەی پچڕاند و، لە ملی دامالّی. کچەیش هێندەی بۆ کرا، دەست بۆ ملی خۆی بەرێت و، بیکاتە قیژە!

پییەر نەڕاندی و، پەلاماری سەربازە فەڕەنسییە کووڕەکەی دا و قیژاندی:

ـ کۆڵا لەو کچە بدە!

سەربازە درێژە، کەمێک کووڕەیش، ڕەهێڵ بوو و، کەوتە سەر زەوی. دواتر هەستایەوە و، بە پەلە هەڵات. کورتەبنەکەیشیان، هەر پێڵاوەکانی فرێدا و، پەلاماری شمشێری لە پییەر دا و هاواری کرد:

کۆڵ لە کەرێتی بدە... هـــا!

پییەریش پەلامارەکەی خۆی وادا کە پێی وا بوو: ئەم کێشەکەی، لە کێشە کۆنەکەی مەزنترە و، بگرە دە هێندەیشە! خـۆی دا بە سەریدا و، نەیهێشت شمشێر هـەڵ بێنێتەوە و، کەوتە مستەکۆڵە لێدانی. جەماوەرەکەیش کردیانە چەپڵەڕێزان و، هاندانی پییەر.

بەڵام لەو کاتەدا، کۆمەڵێک سەربازی سواڕە، لەوسەری شەقامەوە دەرکەوتن و، دایانە غار. هەر دەوری پییەر و، سەربازە کورتەبنە پێخاوسەکەیان دا. لێرە بە دواوە ئیدی پییەر هیچی نەبینی، تاکوو لە بیرەوەریی خۆیدا بیهێنێتەوە.

هێندەی بیر مابوو کە لە سوارەیەکیشی دابوو. بەڵام ئەوان دوای ئەوەی کەلەپچەیان کرد، زۆریان لێدا و، دواتر کەوتنە پشکنینی.

ئەوەیشی بیر مابوو کە سەربازێکیان وتبووی:

ـ گەورەم.. خەنجەرێکی پێیە!

ئەفسەرەکەیش رووی کردبووە سەربـازە پێخاوسەکە:

ـ ئـۆو چەکی پێیە؟ ئەمە شتێکی باشە. کەوابوو دادگای سەربازی سزای دەدات!

ئەمجا رووی کردە پییەر و وتی:

"تۆ فەڕەنسی دەزانیت؟"

پییەریش چاوە خۆین تێزاوەکانی گێڕا و، هیچی بۆ نەوترا. نائارامییش بە روخسـاریەوە دیاربوو.

ئەفسـەرەکە چرپاندی بـە گـوێی سـەربازێکدا و یەکسـەر چـوار سـوارە، چـــوار دەوری پییەریان گرت.

ئەفسەرەکە لە پییەری دووبـارە کردەوە،"زمـانی فەڕەنسـی دەزانیت؟ ئـادەی زمانزانێک پەیدا بکەن."

یەکێک کە بەرگی مەدەنیی پۆشی بوو، لە ریزەکە هاتە دەرەوە. هـەر کـە پییـەر ئـەوی بینی، یەکسەر ناسییەوە.

کاتی خۆی ئەو فەڕەنسییەی لە مۆسکۆ لە یەکێک لە گەنجینەکاندا بینی بوو.

زمانزانەکە سەرنجێکی پییەری دا و وتـــی:

لەوە ناچێت ئەمە سەر بەم گەلە بێت!

ئەفسەرەکەیش هـــاواری کرد:

"ئـۆو! ئـۆو! کەوابوو ئەمە سـەر بـەو تاقمەیـە کـە مۆسکۆیان سـووتان! ئەمانـە ئـاگریان خستووەتەوە.

ئەمجا درێژەی دایـــە:

لێی بپرسە.. کێیە؟ با خۆی بناسێنێت.

وەرگێڕەکە بە راناوی تاک ئەوی دواند و پرسیی:

"لە سەرتە وەڵامی دەسەڵاتداران بدەیتەوە.. تۆ کێیت؟"

. لە ناکاو پیاوەر بە فەڕەنسی وتـی: ۰

"ناوی خۆمتان پێ ناڵێم! ئێستایش من دیلی ئێوەم و بمبەن.

ئەفسەرەکەیش بڕۆکانی یەک هێنایەوە و وتـی:

ئـۆو! ئـۆو! بـا بـڕۆین.

خەڵکەکەیان لێ کۆ بووەوە و، ژنە ئاوڵاوی و کچۆڵەکەیش، لە پیاوەرەوە زۆر نزیک بوون.

ئەو ژنە شوێن پیاوەر کەوت و پێی وت:

"پیاوی ئازا و مەرد.. بۆ کوێت دەبەن؟ ئەی ئەگەر ئەم کچۆڵەیەی ڕزگارت کردووە، هی ئەو نەبوو: من چی لەم کچۆڵەیە بکەم؟"

ئەفسەرەکە پرسیی:

ئەم ژنە چی دەوێت؟

هەرچەند پیاوەریش لای خۆیەوە، هەستی کرد، وەکو سەرخۆشی لێ هاتووە! بەڵام کە رزگار کردنی کچۆڵەکەی بیر کەوتەوە، جارێکی تر دڵخۆش و بەختەوەر بووەوە.

ئەمجا ڕووی کردە ئەفسەرەکە و وتـی:

"تۆ دەڵێی چی؟ ئەو کچۆڵەکەی منی پێیە! ئەو کچۆڵەیەی لە سووتاندن ڕزگارم کرد. خۆیشی نەیدەزانی ئەو درۆیەی بۆ کردووە؟ درۆیەک کە هیچ سوودێکی بۆ ئەو نەبووە."

ئـەو گروپـە سـوارەیەی، کـە پیاوەریـان گـرت. گروپێـک بـوو، لـەو سـەدان گروپـەی دۆرۆسنلی فەڕەنسـی، پێکی هێنابوو و، ناردبوونییە نێو مۆسکۆوە، تـاکوو: تاڵانچییـان و، ڕاووڕووتکەران و، دزان و ئەو سەربازە فەڕەنسییە تەعەداکەرانە بوەستێنن و، بیانگرن و، نەهێڵن سووکایەتی بە دانیشتوانی مۆسکۆ بکەن.

جـا ئمانـەیش لـەو کارەیانـدا، پێنج کەسـی تریشـیان گرتبـوو. کـە دوکانـدارێک و، دوو خوێندکاری پەیمانگەی ئایینی و، لادێیەک و، خزمەتکارێک و، چەند تـاڵانچییەکی تریش.

بەڵام ئەوەیان کە لە هەموویان جێی گومانتر بوو، پیاوەر بوو! هەموو ئەوانەیان، ڕاپێچی حەوشەی خانوویەکی گەورەی زۆبۆقۆ کرد. چونکە لەو حەوشەیەدا، یەکەیەکی سەربازیی فەڕەنسی جێگیربوو.

پیاوەریان لە گیراوەکانی تر، جیا کردەوە و، "چاودێرییەکی سەرومڕیان دەکرد.

بەشی یەکەم
نامەی پیاوە ڕێزدارەکە

لەو کاتەدا و لەو بارەی پێتزربورگدا، خەبات لە نێوان پاڵپشتانی ڕۆمیانیتسیف و، فەرمانڕەواکان و، ماری فیدرۆڤنا و تساریفیتش و، چەندین کەسایەتی باڵای تردا سەروەرێ بوو و، لە جارانیش تووندتر بوو.

شێرانی دەست و پێوەندی شاهانەیش، بەشدار بوون و، دەیانمڕاند. بەڵام ئەو ژیانە بێ کێشەیان، کە سەرقاڵییان تەنیا ڕووکەش و خۆنواندن و، تراویلکە و، وەهم بوو، سەروەرێ بوو.

ئەوانیش لە سەریان بوو خۆیان، فرە ماندوو بکەن، تاکوو مەترسی و، هەڵوێستی وردی گەلی ڕووسی و، ئەو بارودۆخەی تێی کەوتووە، باشتر تێی بگەن.

ئاهەنگە سەما ئامێز و، پێشوازییەکانی دەربار و، شانۆگەرییە فەرمانڕەواکان و، بەرژەوەندییە باڵاکانی، دەرباری شاهانە و، پیلانگێڕییەکان، هەر وەکوو جارانی خۆیان لە پێگە باڵاکاندا سەروەرێ بوون.

خەڵکەکەیش، مەترسی و دڵەڕاوکێیان لە بارودۆخەکە پیشان دەدا. بەڵام بە چرپەیش، قسەیان لەوە دەکرد، کە هەردوو خاتوونە ئیمپراتۆرەکەیش، پێچەوانەی بارو دۆخە سەختەکە، ڕەفتار دەکەن.

خاتوو ماری فیودۆرۆڤنای ئیمپراتۆر، هەر خەریکی پاراستنی دامەزراوە تەندروستی و ڕۆشنبیرییەکان و، ئەو دامەزراوانەی بوو، کە بە ناوی خۆیەوە بوون. بە ناوی پاراستنی

ئەو دامەزراوانەوە، خەریک بوو بیانگوێزێتەوە بۆ کازان و، هەموو شتەکانی ئەو دامەزراوانە پێچرابوونەوە و، ئامادەی بار کردن بوون.

خاتوو ئەلیزابێسی ئیمپراتۆرەیش، هەر کە لێیان دەپرسی ئاخۆ کەی فەرمانی سەفەر کردن دەردەکات؟ بە پەرۆشییەکی رووسیانەوە دەیوت: کە ئەو فەرمانە لە دەستی ئەودا نییە و، دەبێت ئیمپراتۆر خۆی، بڕیاری لێ بدات. بەڵام ئەو لای خۆیەوە، بڕیاری داوە، کە دوایەمین کەس بێت، رەو بکات و پێترز بۆرگ جێ بهێڵێت.

لە (٢٦)ی ئاب و، رێک رۆژی شەڕەکەی بوورۆدینۆدا: ئانا پاڤلۆڤنا، ئاهەنگێکی ساز دابوو و خاڵی گرنگی ئەو ئاهەنگەیش، خوێندنەوەی ئەو نامەیە بوو، کە پایەداری بەڕێز. لەگەڵ وێنەی سێرجی پیرۆزدا، بۆ ئیمپراتۆری ناردربوو.

ئەو نامەیەیش، هێندە جوان دارێژرابوو، بە نموونەی نیشتمانپەروەری و، رەوانبێژی ئایینی دادەنرا. بۆ خوێندنەوەی ئەم نامەیەیش پشتیان بە میر ڤازیلی بەستبوو. چونکە ئەو بەهرەیەکی باشی خوێندنەوەی هەبووو

ڤازیلی خوێنەری نامەکانی دەربارەی ئانایش بوو و، بە شێوەیەکی روون، وشە و رستەکانی دەخوێندەوە و، زۆر بایەخی بە مانای وشەکان نەدەدا. ئانایش وا راهاتبوو، کە کەسانێکی فرە، لە ناوداران و سیاسەتمەداران، بانگی ئاهەنگەکانی بکات و، مەبەستیشی بوو، وتار و شیعرەکان، بە ئاڕاستەیەکدا بڕۆن، کەوا لە کەسە باڵاکان بکات، ئیدی قێزیان لە خۆیان بێتەوە، کە لە کاتێکدا وڵات لە شەڕ و ئاست تەنگییەکاندایە، ئەوان بەشداری لە ئاهەنگە فەرەنسییەکانیدا دەکەن و، بایەخ بە کێشەکانی وڵات نادەن و، خزمەتی دەربار ناکەن. جا لە بەر ئەوەی، کەسێکی ئەو تۆی لە نێو ئامادەبووانداا نەبینی، کە لە هۆڵی رابواردن و سەمادا، تەریقیی ئامادەبوونیان بکاتەوە. بۆیە ئەو خوێندنەوەیەی دواخست و، وتوویژی لە بارەی شتی گشتییەوە، لە نێوان ئامادەبووانداا، هێنایە ئاراوە. هەواڵی نوێی ئەو کاتە، نەخۆشییەکەی کۆنتیسە پیزۆخۆڤ ـ واتە هیلین ـ بوو. ئەو لە ناکاو هەستی بەسەرئێشە کردبووو ئیدی نەیتوانییوە بەشداریی ئەو ئاهەنگ و کۆبوونەوانە ببێت، کە بە ئامادە بوونی ئەو: رازاوەتر دەبوون.

ئەوە کەوتە سەر زاران، کە پێشوازی لە کەس ناکات و، نایەوێ کەس ببینێت و، خۆی داوە بە دەست پزیشکێکی ئیتاڵییەوە و، گوایە ئەو پزیشکە بەڵێنی داوە بە زووترین کات، چاکی بکاتەوە و، بەڕێگەیەکی نوێی ریزپەڕ، بۆ چارەسەر کردن. ئەو ئیتالییە نەیهێشتووە خۆی بدات بە دەستی پزیشکە بە تواناکانی پایتەختەوە.

خەڵکەکەیش دەیانزانی کە نەخۆشییەکەی، بە هۆی ئەوەوەیە، کە پەیوەندیی توند و تۆڵی، لەگەڵ دوو کەسدایە و، ئەمەیە کە توشی پشێوی کردووە.

چارەسەرە نوێیەکەی، ئەو ئیتاڵییەیش ئەوەیە، ئەو دوو کەسە، لێک جوێ بکاتەوە و،

هیلین شوو به یەکێکیان بکات.

بەڵام کەس نەیدەوێرا، لە بەردەم پاڤلۆڤنادا، شتی وا بڵێت. ئیدی ئامادەبووان خۆیان وا پیشان دەدا، کە هیچ شتێک لەو بارەیەوە نازانن. هەر لەم قسانەیش لەو بارەیەوە لە ئاهەنگەکەدا دەبیستران، دەڵێن: نەخۆشییەکەی کۆنتیسە زۆر سەختە!

پزیشکەکەیشی وتوویەتی: گوایە هەناسە سواڕە! تەنگەنەفەسییە!؟ ئۆو! ئەمە نەخۆشییەکی مەترسیدارە!

یەکێکی تر دەیووت:

دەڵێن، بە هۆی ئەو تەنگەنەفەسیی ئەوەوە، دوو رکابەرە عاشقەکەی ڕێک کەوتوون و، هەر هەموویشیان پەسەندیان بووە.

یەکێک:

"پیرە کۆنت کە لە پزیشکەکەیەوە ئەو تەنگە نەفەسییەی بیست وەکوو مناڵ دایە پڕمەی گریان."

ئەوی تر:

"ئۆو، بە مردنی ئەو خانمە، ئێمە زیانێکی گەورە دەکەین، چونکە ئەو ژنێکی ئەفسوناوییە."

ئانا پاڤلۆڤنایش لێیان نزیک بووەوە و وتی: "ئەوە لەبارەی ئەو کۆنتیسە داماوەوە دەدوێن. ناردوومە تاکوو لە بارەیەوە زانیاریم هەبێت. ئەوان تێیانگەیاندووم، کە باری دروستیی کەمێک باشترە."

پاشان دریژەی دایە: "ئۆو! گومانی تێدانییە، لە قەشەنگترین و سەرنجڕاکێشترین ژنانی دنیایە! هەرچەند خۆم و خۆی، سەر بە دوو فکری جیاوازین، ئەمە نابێتە بەربەست بۆ وتنی راستییەکان و، ڕێز لێ نانی. بەڵام بە داخەوە ئێستا زۆر بەد بەختە."

هەرزەکارێک پێی وابوو، کەمێک لە نهێنی نەخۆشیی کۆنتیسەی دەرخستووە. بۆیە بە ئارەزووی خۆی، سەرسامیی خۆی پیشاندا، بەرامبەر مانەوەی پیاوێکی فریودەر و، فێڵبازی ئیتاڵی بە تەنیشت نوێنی نووستنەکەیەوە! پیاوێک لە بری ئەوەی وەکوو پزیشکێک، باشترین دەرمانی بۆ بنووسێت، وەکوو ساختەچییەک خراپترین دەرمانی بۆ نووسیوە.

ئانا پاڤلۆڤنایش بە زبرییەوە بەو هەرزەکارە لەخۆ باییەی وت:

"ڕەنگە تۆ لە من بە ئاگاتر بیت لەو بارەیەوە! بەڵام هێندەی من ئاگادار بم، ئەو پیاوە ئیتالییە، زانایەکی زۆر بە توانایە و، پزیشکی تایبەتیی شا خاتوونی ئیسپانیا بووە."

دوای ئەوەی سنووری بۆ قسە کردنی ئەو کوڕە دانا، لە بیلیبینیشی روانی و، سەرنجیدا ئەویش لە نێو کۆمەڵێک نەمساویدایە و، لەگەڵ وتنی وشەکانیدا، دەمێک ڕووە گرژ دەبێت و، دەمێکیش کراوە.

لەبارەی بەڵگەنامەیەکەوە، کە لەگەڵ ئەو دوو بەیداخەی نەمساییەی ئەو "ویتجنشتاین[1]"ەی لە پیترسبۆرگدا، پێیان دەگوت: پاڵەوانی بیرپۆل لە شەڕدا، بە دەستی هێنابوو، قسەی دەکرد و دەیوت:

"من ئەمە بە شتێکی قەشەنگی دەبینم."

ئانا پاقڵۆفنایش ویستی سنووریک بۆ ئەو وتوویژەی ئەویش دابنێت و، مۆڵەت بدرێت بە بانگهێشت کراوان وتارێکیان گوێ لێ بێت، کە زووتر لێی بە ئاگا هێنراونەتەوە.

بۆیە وتی،"ئەوە دەڵێی چی؟"

بیلیبینیش ئەم رستەیەی لە نامە دبلۆماسییەکەی دەوڵەت دووپات کردەوە:

"ئیمپراتۆر راگەیاندنی نەمسا، بە راگەیاندنێکی دۆست دادەنێت و، پێی وایە رێی راستەقینەی خۆی ون کردووە."

میر ڤازیلییش لەولاوە هاواری کرد،"جوانە! جوانە!"

لە ناکاو میر هیپۆلیت هەڵیدایە،"رەنگە رێگەی فرسۆڤیا بوو بێت."هەرچەند وەکو خۆیشی، نەیزانی چیی وت و، ئەوانیش لە مەبەستی نەگەیشتن. بەڵام هەموویان رووبان کردە ئەو. "هیپۆلیت ـ پییەر" خۆیشی، هەر سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد، چونکە خۆیشی، لە قسەی خۆی تێنەگەیشتبوو! ئەو پیاوە چەند جارێک سەرنجی ئەوەی دابوو کە رێ دەکەوێت، کەسێک سەرپێیانە قسەیەک دەکات. کەچی کتوپڕ لەلای گوێگرانی بۆی دەبێتە ئەو پەڕی زیرەکی و دانایی! لە بەرئەوە جارو بار لەو بۆنانەدا قسەیەکی فڕێ دەدا، سا بەڵکوو، زیرەکی و دانایی بۆ لە قەڵەم بدرێت!

جا بەو شێوەیە بیری کردەوە:

بەڵکو قسەکانم باش دەربچێت! ئێ، با رستەکانیشم بێ سەروبەر بن... بەڵکوو ئەمە خوایە، لێکدانەوەیەکی باشیان بۆ بکەن و، منیش بە کەسێکی زیرەکو دانا دابنێن!

لە راستیشدا لە ئەو ماوە بێدەنگییەی، بە دوای قسەکەی ئەودا هات، کەسێک هاتە ژوورەوە، کە ئانا پاقڵۆفنا لە چاوەڕوانییدا بوو و، کەسێکی زۆر سارد بوو.

ئانا بە بزەیەکەوە، پەنجەی هەڕەشەی لە "پییەر" راوەشاند و بە دوو مۆمدانەوە، فەرمووی لە میر ڤازیلی کرد. لە سەر ئەو مێزە دوو مۆمدانەکەی دانا، کە میر ڤازیلی لێی دانیشت.

پاشان نامەیەکی خستە بەردەستی و، تکای لێ کرد، بە دەنگە خۆشەکەی بۆ هەمووانی بخوێنێتەوە. وەکوو ئەوەی پرسی ئەوەیان پێ بکات، کە ئاخۆ کەس هەیە پێی ناخۆشبێت بیخوێنێتەوە؟

دواتر میر ڤازیلی دەستی پێ کرد:

---

۱ لویس ویتجنشتاین:مارشاڵێکی ڕووسی بوو و، لە جەنگی لیبزیکدا ناوبانگی دەر کرد.

"ئەی ئیمپراتۆر... خاوەن شکۆی بەخشندە!"

که بۆی دەرکەوت، خەڵکەکە کپ بوون قسەیەکیان نییە، لە سەری رۆیشت:

"مۆسکۆ پایتەختی هەرە لە پێشی خۆتە! ئۆرشەلیمی نوێی ئیمەیشە و، وا پێشوازی لە مەسیحەکەی خۆی دەکات."

میر ڤازیلی زۆر بە جوانی ددانی بە جێناوی یی دوای وشەی مەسیحەکەدا نا..

"مۆسکۆ وەکوو دایکێکە و، منداڵەکانی پێکەوە لە ئامێز گرتبێت و، بیان لاوێنەتەوە و، بە سەرکەوتن و لێهاتوویەکانی ئێوەدا هەڵا دەدات!"

پاشان درێژەی دایە:

"بە حیکمەت و زانایی خۆت... ئەی ئیمپراتۆر، رووناکتر بووەتەوە و، بۆت دەلاوێنێتەوە!"

میر ڤازیلی ئەم چەند وشەیەی دوایی، بە دەم هەنسکدانەوە وت. بیلیبینیش لەولاوە، بە وردی سەرنجی نینۆکی پەنجەکانی خۆی دەدا. هەندێکیش لە ئامادە بووان، بە ترسەوە لە یەکترییان دەڕوانی و، وەکو ئەوەی لە خۆیان بپرسن، "ئاخۆ هەڵەیەکیان کردبێت!؟"

ئانا پاڤلۆڤنایش هەر وەکوو ئەور پەی، بە دەم خواردنی، ئەو نانی پیرۆزەوە، کە قەشە لە ڕێ و ڕەسمی کڵێسەدا بە دەمییەوە کرد بێت و نزا بکات، ئاوا وشەکانی میر ڤازیلیی دەوتەوە: "خوایە بەڵایەلێکی وەکو "جولیات"[1] لە کەنارەکانی فەڕەنساوە، بەرەو ڕووی دوژمن بکەرەوە... خوایە بەڵای جولیات بەسەر ئەو فەڕەنسییانەدا ببارێنە، کە دێنە زەوییەکانی ڕووسیاوە. بەو بڕوا کۆیلایەتییەی"داود" پێغەمبەری ڕووسی... خوا یار بێت بە قۆچەقانییەکەی، سەری زۆردار خوێناوی بکات. ئەم تابلۆی قدیس "سێرج" بەختەوەرە بە بەختیار بوونی نیشتمانەکەمان، پێشکەش بە ئیمپراتۆر خاوەن شکۆ بێت. بەداخەوە کە ئەم بێهێزییەی جەستەم ڕێم نادات بە بینینتان شادبم. لەخوا داواکارم نەوەی دادپەروەر فرەتر بکات، تاکو ئێوە ئاسوودە بکەن.

ئامادەبووان هوتافیان بۆ دانەری نامەکە و خوێنەرەکەی کێشا:

ئای لەو بەهێزییە و، لەو بەپێزییە! ئای لەو شێوازە نایابە!

بانگێشت کراوانی ئانا پاڤلۆڤنا ماوەیەکی زۆر، لەسەر هەڵوێست و، نیشتمان قسەیان کرد و، ئەو وتارە سۆزی جوڵاند بوون. بەرامبەر ڕووداوی شەڕەکە زۆریش بڕوایان بە غەیب هەبوو.

ئانا پاڤلۆڤنایش هەڵیدایە:

"دواتر بە بۆنەی ساڵیادی لەدایکبوونی ئیمپراتۆرەوە، هەواڵی خۆش دەبیستین! من لای خۆمەوە پێشبینی ئەمە دەکەم!"

---

١ ـ جولیات: زەبەلاحێکی فەلەستینی بوو. داوود پێغەمبەر بە قۆچەقانی بەردێکی تێ گرت و بەردەکە بەر نێوچانی کەوت و دەم و دەست گیانی دەرچوو.

بەشی دوو
مردنی هیلین

لە راستیدا رۆژی دواتر، پێشبینیەکەی ئانا پاڤلۆڤنا، لە کاتی نوێژی سوپاسگوزاریی "تیدییوم"دا و، لە کۆشک، بە بۆنەی جەژنی لە دایکبوونی ئیمپراتۆرەوە، راست دەرچوو.

میر ڤۆلکۆنسکی بانگ کرا بوو. ئەویش کڵێسەی جێهێشت بۆ ئەوەی نامەکەی کۆتوزۆف وەربگرێت. نامەکە بە پێشەکییەکی جوان بۆ ئەو راپۆرتەی رۆژی شەڕەکەی تاتارینۆڤۆ، رازا بووەوە.

کۆتوزۆف نووسیبووی:

ڕووسیاییەکان هەنگاوێکیش پاشەکشە ناکەن. سوپای فەڕەنسا لە سوپای خۆمان، زیاتر سەربازو، ئامێری جەنگیی لە دەست داوە. ئەم راپۆرتەیشی بە پەلە و بەسەر پێوە نووسیوە. ئێستاش دەبێت بڕوات و، زانیاری پتر کۆ بکاتەوە. ئەمەش وەکو مژدەیەکی سەرکەوتنەوە بوو و، لە گۆڕەپانی جەنگەوە نوسرابێت. ئێستاش تاکوو نوێژی سوپاسگوزاریم، لە کڵێسە نەکرد، نەهاتوومەتە دەرەوە.

پێشبینییەکەی ئانا پاڤلۆڤنا هاتەدی و، ئەم بەیانییە شار گیانی جەژنی بەبەردا کراوە و، هەمووان لەو بڕوایەدا بوون، کە سەرکەوتنی گشتییان بەدەست هێناوە. تەنانەت بڕێکی خەڵکەکە پێیان وابوو، ناپلیۆن خۆیشی دەستبەسەر کراوە و، ئێستا لە بەندیخانەدایە. فەرەنسایییەکانیش، ناپلیۆنیان لە پۆستەکەی دامالیوە و، خەڵکەکە سەرۆکێکی تریان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە.

زۆر ستەم بوو، کەسێک دوور لە سوپاوە، بتوانێت هەست بە شتەکان بکات! یان ئەو دەست و پێوەندانەی دەرباری پاشا، بتوانن ئەمە بکەن. زانیاریی رووداوەکان بۆ خۆیان کۆ دەبوونەوە و، وەکوو سپرایزی سەرکەوتن دەبیشتران.

راپۆرتەکەی کۆتۆزۆڤ، ئاماژەی بە ناوی قوربانیانی رووسییەکان دابوو. لەو لیستی ناوانەدا تۆتشکۆڤ و، پاگراسیۆن و، کۆتاییسۆڤ، هاتبوو.

هەواڵی کوژرانی کۆتاییسۆڤ، لەو لیستەدا بۆ چینی بۆرژوای پێترزبۆرگ، بوو بووە کارەسات. ئەو خەڵکە هەموو دەیانناسی و، ئیمپراتۆر خۆیشی دەیناسی. ئەو لاوێکی قەشەنگ بوو.

ئەو رۆژە کە خەڵکەکە چاویان بە یەکتر دەکەوت، دەیانووت:

چەند سەرسوڕهێنە!!

نزایان دەکرد.

"بەڵام ئەی کۆتاییسۆڤ! ئای لەو کۆستەی ئەویش! لە دەستمان چوو!!

ڤازیلی بە بەخۆنازینەوە هاواری دەکرد:

"چیم پێ وتن لە بارەی کۆتۆزۆڤەوە؟ هەموو جارێک ئەمەم وتووە و، وتوومەتەوە: کۆتۆزۆڤ تەنیا کەسێکە کە بتوانێت ناپلیۆن ببەزێنێت! بەڵام رۆژی دواتر هیچ هەواڵێک لە سوپاوە نەبوو و، بیرورای گشتیی بەلای دڵەڕاوکێدا شکایەوە."

دەست و پێوەندانی دەرباریش، کە ئیمپراتۆریان بە خەفەتباری دەبینی.. ئەوانیش خەمیان دەخوارد.

لایەنگرانی کۆتۆزۆڤیش کۆڵیان لە پیاهەڵدانی هێنا و، ئیدی کەوتنە تاوانبار کردنی، بەوەی کە بووەتە مایەی خەم و خەفەت، بۆ ئیمپراتۆر!

ئەوان دەیانووت:

ئای چ هەڵوێستێکی هەبوو!

ئەو رۆژە میر ڤازیلی نەیویست بەشان و باهووی کۆتۆزۆڤدا هەڵبدات. هەر باسی ئەو سەرکردەی بااڵیەش بکرایە، ئەو بێدەنگیی لێ دەکرد. -

ئەو ئێوارەیە هەموو شتەکان وا دەردەکەوتن، هەواڵە تۆقێنەرەکان، بە دوای یەکدا بێن، بۆ ئەوەی پەژارەی پێترزبۆرگییەکان بگەیەننە ترۆپک! بەوەی هەواڵی مردنی لە ناکاوێ کۆنتیسە "هیلین"ی "پیزۆخۆف"یان بە هۆی نەخۆشییەکەیەوە راگەیاند! ئەوەی کە لە نێو خەڵکەکەدا "بڵاوبوو، ئەوەبوو کە بە هۆی توندبوونی دڵەوە مردووە.

بەڵام لە نێو نزیکانی خۆیدا، مقۆمقۆی ئەوە هەبوو، کە پزیشکە تایبەتەکەی شا خاتوونی ئیسپانی، بڕێک دەرمانی کەمی بە هیلین نۆشیوە، بۆ باشتر بوونیدا. بەڵام هیلین لە شپرزەیی بەرامبەر وەڵام نەدانەوەکەی مێردەکەی، بۆ نامەکەی ئەو پییەرە، نەگبەتە داوێن پیسە و، لە هەمان کاتدا پەرۆشیی بۆ کۆنتە پیرەیش، وای لە هیلین کردووە، بڕێکی زۆر لەو دەرمانە بخواتەوە و، بە ئازارێکی فرەوە بمرێت.

ئەوەیش دەگێڕنەوە گوایە! میر ڤاسیلی و کۆنتە پیرە، ویستوویانە ئەو پزیشکە ئیتالییە، لە تیمار کردنی هیلین بوەستێنن.

ئەمەیشیان وەکوو بەڵگە لەلا بوو، کە ئەوی تاوانبار دەکرد! بۆیە دواتر ڤاسیلی و کۆنتە پیرە ناچاربوون، بە پاشەکشە لێی و، ئەویش کەوتەوە گیانی هیلینی داماو.

کەوا بوو باس و خواسی، خەڵک لەم سێ تەوەرەدا دەسووڕایەوە:

یەکەمیان: دواخستنی تەڵاقدانی هیلین لە لایەن مێردەکەیەوە و، دووەمیان لە دەستدانی کۆتاییسۆڤ، لە شەڕدا و، سێیەمیشیان مردنە لە ناکاوەکەی هیلین بوو.

هەر رۆژێک، دوای راپۆرتەکەی کۆتۆزۆڤ لە بارەی بارودۆخی مۆسکۆوە، مۆسکۆ درا بە دەستەوە و، کەوتە ژێر دەستی فەرمانبەرانەوە و، هێندەیشی نەبرد هەواڵی بە دەستەوەدانی مۆسکۆ، بە هەموو شاردا بڵاوبووەوە.

ئەمەیش لە خۆیدا، مایەی رووزەردی و، تەریقی بوو، بۆ ئیمپراتۆر. ئوێ! ئەمە لە خۆیدا چ هەواڵێکی سەخت و، چ هەڵوێستێک بوو، بە لای ئیمپراتۆرەوە! کەوابوو کۆتۆزۆڤییش ناپاکێک بوو، بۆ خۆی!

میر ڤازیلییش، سەرقاڵی بەڕێکردنی سەرخۆشیکارانی تازییەی کچەکەی بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا کە ڤاسیلی ـ ڤازیلی تازیەباریش بوو، کەچی داشۆرینەکانی کۆنی خۆیی بۆ کۆتۆزۆڤ، لە بیر نەکردبوو و، ئەوەی لای میوانە سەرخۆشیکارەکانی دووبارە دەکردەوە، کە لە پیرێکی کوێری خەڵەفاوی داوێنپیسی وەکو کۆتۆزۆڤ، لەوە زیاتر چاوەڕوان نەدەکرا!

پاشان هەر خۆی بە سەرسامییەوە دەیووت:

"پێم سەیرە! ئاخر چۆن چارەنووسی رووسیا، دەخرێتە بەردەستی پیاوێکی لە ئەو

جۆرە!؟ خۆ دەبوو ئەو خەڵکە، بڕێک گومانیان لەو هەواڵە دڵتەزێنە، هەر ببوایە. چونکە ئەو هەواڵە هێشتا بە فەرمی ڕانەگەیەنرابوو.

بەڵام ڕۆژی دواتر، ئەم ڕاپۆرتەیان لە ڕۆستۆبشینەوە پێگەیشت:

"یاریدەدەرێکی سەربازیی، سەر بە کۆنت کۆتۆزۆف، نامەیەکی کۆتۆزۆفی بۆ هێناوم و، تێیدا داوا دەکات چەند ئەفسەرێکی بۆ بنێرم، تا سەروبەری سوپا بەزیوەکەی، لە گەڕانەدواوەی بەرێی ڕیازاندا، بۆ بگرن. بە داخیشە بۆ جێهێشتنی مۆسکۆ! ئەی خاوەن شکۆ.. کۆتۆزۆف بەو کردەوەیەی چارەنووسی مۆسکۆی پایتەختی پاشایەتی ئێوەی بڕیاردا! کاتێ دێ... دوای ئەم چۆڵکردنەی مۆسکۆ کە هێمای مەزنیمانە و، ئێسک و پرووسکی باوو باپیرانتی لە خۆ گرتووە، هەموو ڕووسیا ڕاپەڕێت. منیش ملکەچی سوپا بووم و فەرمانمدا: هەموو شتێک بخەنە ژێر رکێفی سوپاوە... ئێستایش لە گریان بەولاوە، بۆ چارەنووسی نیشتمانەکەم، هیچی ترم بە دەستەوە نەماوە."

دوای ئەوەی ئیمپراتۆر ئەم ڕاپۆرتەی خوێندەوە، بە هۆی میر ڤۆلکۆنسکییەوە ئەم نووسراوە شاهانەیەی بۆ کۆتۆزۆف ڕەوانە کرد:

میر "میخائیل ئیلار یۆنۆڤیتش ـ کۆتۆزۆف"!

لە (٢٩)ی ئابەوە هیچ ڕاپۆرتێکی تۆم پێنەگەیشتووە. لە کاتێکدا لە (١)ی ئەیلولدا و لەڕێی "یارۆسلاڤل ـ ڕۆستۆبشن"ەوە، ڕاپۆرتێکم لە حاکمی گشتیی مۆسکۆوە بۆ هاتووە و، ئەم هەواڵە دڵتەزێنە ناڕەوارەی، چۆڵکردنی پایتەختم پێ ڕادەگەیەنێت! ئاخۆ دەتوانیت کاریگەریی خراپی ئەم کارە، لە سەر من بهێنیتە بەرچاوی خۆت!؟ سەرم سوڕماوە لە ئەمە و، لەو بێدەنگییەت و، هەر ئەمە تووشی دڵەڕاوکەی کردووم. ئەم نامەیەت بە هۆی یاریدەدەری سەربازیی جەنەرال ڤۆلکۆنسکییەوە بۆ دەنێرم. ڕامسپاردووە لە بارەی بارودۆخی ڕاستەقینەی سوپاوە و لێکۆڵینەوە، لەگەڵ خۆیشت بکات. تا بزانین بۆچی ئەم بڕیارەت دا؟

بەشی سێیەم
تا دوایەمین پیاو

دوای نۆ رۆژ لە چۆڵکردنی مۆسکۆ، نێردراوێکی کوتوزۆف، هەواڵەکەی بە فەرمی گەیاندە پێترزبۆرگ. ئەو نێردراوەیش کەسێکی فەرەنسی بوو و، زمانی رووسیشی نەدەزانی! بەڵام پێداگریی لە سەر رووسی بوونی خۆی دەکرد و، ناویشی میشوو بوو. هەر زوو ئیمپراتۆر لە کۆشکی "کامینی ـ ئۆستروۆف"دا، پێشوازیی کرد.

میشوویش کە پێش ئەو جەنگە، مۆسکۆی نەبینی بوو و، زمانی رووسیشی نەدەزانی، هەستی بە کاریگەریی فرەی، بینینی خاوەن شکۆی بەخشندەمان کرد.

ئەم پیاوە لە بیرەوەرییەکانی خۆیشیدا ئەمەی نووسیبوو:

"کە بەڕێوە بووم بۆ گەیاندنی، نامەی هەواڵی سووتاندنی مۆسکۆ بۆ ئیمپراتۆر، بڵێسەی ئاگر کەوتنەوە لە مۆسکۆدا، بەرپێی رووناک دەکردمەوە!"

هەرچەندە خەمەکەی میشووی ئەفسەر، وەکو خەمی رووسییە رەسەنەکان نەبوو. خەمی ئەو ئەوەبوو، کە هەر بە چوونە نووسینگەی ئیمپراتۆر، خاوەن شکۆ لێی پرسی بوو: **ها سەرکردە... هەواڵی ناخۆشت بۆ هێناوم!؟**

میشوویش هەناسەیەکی هەڵکێشابوو و، چاوانی نەوی کردبوو و وتبووی:

"زۆر ناخۆشیش... خاوەن شکۆ! مۆسکۆ چۆڵکراوە!"

لە ناکاو ئیمپراتۆر بە تووڕییەوە پرسیی:

"هەر بە بێ بەرگری کردن و، بەرەنگار بوونەوەیش: پایتەختە دێرینەکەتان دا بەدەستەوە!؟"

پاشان میشوو، زۆر بە رێزەوە ئەو نامەیەی کۆتۆزۆڤی دایە دەست، کە هەواڵەکەی پشتڕاست کردبووەوە. بە تایبەتیش ئەوەی تێیدا نووسرابوو: شەڕ کردن لە دەوروبەری مۆسکۆ مەحاڵە. مارشاڵیش خۆی لە دووڕیانی لە دەستدانی مۆسکۆ، یان مۆسکۆ و سوپای رووسدا، بینی بووەوە! ئەوەی پێ باش بووە، کە هەر شارەکە لە دەست بدات باشترە، لەک شارەکە و سوپاکەیشی.

ئیمپراتۆر بێ ئەوەی لێی بڕوانێت، گوێی لە میشوو گرتبوو.

پاشان لێی پرسی،"دوژمن خۆی کرد بە شارەکەدا؟"

میشوو بە متمتانەوە وتـــی،"بەڵێ خاوەن شکۆ! بەڵام ئێستا شارەکە بووەتە خۆڵەمێش! کە من جێم هێشت دەسووتا."

بەڵام کە لە روخساری ئیمپراتۆری روانی و بۆی دەرکەوت قسەکانی کاریگەریی زۆری بە سەرەوە بوو: وەختە بوو بتۆقێت!

ئیمپراتۆر کەوتە هەناسەبڕکێ و، لێوەلەرە و، چاوە شینە جوانەکانی، نوقمی فرمێسک بوون. بەڵام ئەمەیش هەر ساتێک بوو.

برۆکانی یەک هێناوە و، سەری بڵند کردو، بە بڕوا بە سور بوونەوە وتی:

ــ سەرکردە.. پێم وایە... بە ئەمەی کە رووی داوە: خـــوا قوربانیی خستووەتە سەر شانمان! منیش ئامادەم، کڕنووش بۆ ویستەکانی خوا ببەم. بەڵام تێمبگەیەنە میشوو، چۆن سوپا ئەمەی بینیوە و، بێ هیچ بەرگرییەک و، بە بێدەنگی شارەکەی جێ هێشتووە!؟ ئاخۆ شیاوە پایتەختە دێرینەکەی من، پشتگوێ بخرێت!؟ تۆیش هەست بە وشکبوونەی ورەیان ناکەیت؟

کە میشوو ئیمپراتۆری بەخشندەی بینی، ئارام بووەوە و، هاتەوە سەرخۆی. بەڵام کە ئیمپراتـۆر ئـەو پرسـیارە وردەی لـێ کـرد، وەڵامـی پێشـوەختی بـۆ ئامـادە نـەکرد بـوو و، شڵەژایەوە و، قسەی بە بەردا هێناو ئەم پرسیارەی لە ئیمپراتۆر کرد:

خاوەن شکۆ.. ڕێم دەدەیت وەکوو سەربازێک ڕاشکاوانە قسەت لەگەڵ بکەم؟

ئیمپراتـۆریش وتی،"هەمیشـە داوای ڕاسـتگۆیی دەکـەم، ئـەی سـەرکردە. هـیچم لـێ مەشارەوە. دەمەوێت راستییەکە چۆنە، ئاوا بیزانم."

میشوو بزەیەک نیشتە سەر لێوانی و، خۆیشی نەیدەزانی ئـاخۆ کاتی ئـەوە هـاتووە، یاری بە وشەکان بکات و، ڕێزدارانە رستەکان دابڕێژێت!؟

دواتر وتی:

"خاوەن شکۆ! خاوەن شکۆ! ئەو دەمەی من سوپام جێ هێشت، هـەر لـە ئەفسـەرانییەوە تا دەگاتە سەربازانی، لە ترس و تۆقێن و، دڵەڕاوکێدا بوون..."

ئیمپراتۆر قسەکەی پێ بڕی:

"چۆن شتی وا دەبێت!؟ بۆچی ڕووسییەکانیش، بە کارەسـات دادەڕووخـێن!؟... شـتی وا

نابێت!... هەرگیز!"

میشوو هەر چاوەڕێی ئەمەی، لە ئەنجامی قسە داڕشتنەکەی دەکرد و، بە رووبەکی پڕ لە ڕێزەوە وتی:

"خاوەن شکۆ! سوپا خەمی ئەوەیەتی، کە ئێوە بەو دڵە پاکەی خۆتانەوە دانووسان و ئاشتەواییان لەگەڵ بکەن."

نوێنەرە ڕووسییەکە پێداگریی ئەوەی کردەوە:

"سوپا بە پەرۆشە و، بۆ شەڕ کردن دەڵێی لە سەر ئاگرە! تاکو خۆبەخت کردنی خۆیان لە پێناوی خاوەن شکۆدا بسەلمێنن."

ئیمپراتۆریش بەم قسەیە ئاسوودە بوو و، ئارام بووەوە. پاشان دەستی خستە سەرشانی میشوو و وتی:

"ئۆوا! ئاسوودە و بێخەمت کردم، ئەی سەرکردە."

پاشان سەری داخست و، کەمێک بیرەنگ بوو.

لە ناکاو ڕاست بووەوە و بە رووبەکی خۆش و مەزنییەوە وتی:

"زۆر باشە! بگەڕێوە نێو سوپا و، بەو مەرد و نەبەردانە و، بە ئەو نیانیەیش کە بەدەم ڕێوە دەیانبینیت بڵێ: کەوا من ئەگەر دوا سەربازیشم لە دەستدا... ئەوا سەرکردایەتیی "پیاو ماقوڵان" و "جوتیاران"یش دەکەم و، هەموو موڵک و ماڵ و، تاکو دوا پووڵیشم، دەخەمە پێناوی نیشتمانەوە.

بە پەرۆشییکی فرەترەوە، وتی:

"چونکە موڵک و ماڵەکەم، توانای لە ئەوە فرەترم پێ دەبەخشێت، کە دوژمنم بۆی دانـاوم."

چاوە شینە جوانەکانیشی لە ئاسمان بڕی و وتـــی:

بەڵام گەر وا ڕێکەوتبوو، کە نەوەکانی خۆم، لە سەر کورسیی پاشایەتی پشتا و پشتمان دانەنیشتن و، چارەنووس لە تابلۆکانیدا ئەمەی بۆ نووسی بوون. ئەوا منیش ریشێکی درێژی تاکو ئێرەم ـ دەستی بۆ سەرسنگی خۆی درێژکرد ـ دەهێڵمەوە و، دەڕۆم و، لەگەڵ دوایین جوتیاری خۆمدا نان و پەتاتە دەخۆم و، پەیمانی ئاشتەوایی لەگەڵ دوژمن مۆر ناکەم!! ئـەو شوورەییە مۆر نـاکەم، بۆ گەلێک کە هەر خۆم ئاگاداری قوربانییە مەزنەکانیانم!....

ئیمپراتۆر بە دەنگێکی کەمێک شڵەژاوەوە، ئەمانـەی وت و، وەکوو ئەوەی بیەوێت، فرمێسکی چاوانی، لە میشوو بشارێتەوە.

دواتر ڕووی لێی وەرگێڕا و، چووە ئەوسەری ژووری نووسینگەکەی. دواتر بە هـەڵ هێنانەوەی هەنگاوی بڵاوەوە، بەرەو میشوو هاتەوە و، هەردوو سـەرووی ئانیشکی ئـەوی

توند گوشی و، رووه ئارامەکەی سوور هەڵگەڕابوو و، چاوانی بریسکەی وره بەرزیی دەدایەوه.

دەستی به سنگی خۆیدا کێشا و وتی:

ئەی میشووی سەرکردە، ئەمەی لێرەدا پێت دەڵێم، بیرت نەچێتەوه. رەنگە رۆژێک بێت، بە خۆشییەوه، ئەم بیرەوەرییانە، جارێکی دی باس بکەینەوه. نابێت من و ناپلیۆن، هەردووکمان پاشا بین! فێر بووم کە چۆن بیناسم!؟ چی دی منی بۆ فریو نادرێت و، ناتوانێت بمخەڵەتێنێ...

برۆکانی یەک هێنایەوه و بێدەنگ بوو. روخساری میشوویش کاریگەریی ئەو قسانە و، بڕوا بەخۆ بوونی پێوه دەرکەوت. لەو کاتەدا ئەوێکی بیانی، بەڵام بە دڵ و بە گیان رووسی - وەکو لە بیرەوەرییەکانیشیدا نووسی بووی - زۆر هەژا بوو.

میشوویش لای خۆیەوه، پێی وابوو ئەو لەخۆیدا هەڵگری ویست و خواستەکانی، گەلی رووسە.

بۆیە وتی:

"خاوەن شکۆ! ئا لەم ساتەدا، بەڕێزتان واژۆی سەربەرزیی نەتەوەکەی خۆتان و، رزگار کردنی ئەوروپا دەکەن."

دواتر ئیمپراتۆر بە سەر لەقاندن، ڕێی چوونە دەرەوەی پێدا.

بەشی چوارەم
ئەرکی سەرشانی ڕۆستۆف

هەرچەند ئێمە لەو سەردەمانەیشدا، نەژیاوین، کە نیوەی وڵاتی ڕووسیا لە ژێر دەستی داگیرکەردا بوو و، دانیشتوانی مۆسکۆ بەرەو شوێنە دوورە دەستەکان هەڵات بوون. بەڵام هەست بەوە دەکەین ڕوسییەکان هەر لە سادەکانیانەوە، تاکو باڵاکانیان، بیریان بەلای قوربانی دانەوە بووەوە، لە پێناو ڕزگار کردنی نشتمانیاندا، یان بۆ لە دەستدانی نیشتمانیان گریاون.

لە ڕاستیدا ڕۆمان و چیرۆکەکانی ئەو سەردەمە، پڕن لە کردەوەی خۆبەخت کردن و، خۆشەویستی نیشتمان و، دنیایەک بێزاری و، تاڵی و نەبەردیی نێوان ڕووسەکان.

بەڵام ڕاستییەکە بەو شێوەیە نەبوو! کە ئەو ڕووداوەیش وا کەوتووەتەوە. لەبەر ئەوە بوو، تەنیا لە ڕووە مێژوویییەکەی ئەو سەردەمەمان ڕوانیوە و، چاومان لە لایەنە مرۆڤایەتی و، بەرژەوەندیی تایبەتیی تاکەکان پۆشیوە!

بەرژەوەندیی تاکە کەسیش، شێوازێکی جیاواز لە بەرژەوەندیی گشتی وەردەگرێت، بێئەوەی کەس پێی بزانێت. زۆرینەی خەڵکەکەی ئەو سەردەمەیش، بە هۆی سەرقاڵییان، بە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانەوە، بێئاگابوون لە ڕەوشی ڕووداوەکان.

لە راستیشدا هەر ئەوانیش، هۆی راستەقینەی رووداوەکان بوون. هەر ئەوانیش بوون دەیانویست لە رەوتی رووداوەکان تێ بگەن و، دەیشیانویست بەشدار بن و، بەو عەقڵییەتەوە و ئارەزوومەندی کاری نەبەردایەتی و قوربانیدان بن بۆ نیشتمان.

لە کاتێکدا ئەوانە ئەندامانێکی لە هەموان بێ خێرتر بوون لە کۆمەڵگادا. ئەوانە بە پێچەوانەی خەڵکەوە شتەکانیان دەبینی. کارەکانیان وا دەردەخست کە نیاز پاکانە بووە. ئەمەشیان بۆ خۆی جۆرێک بوو لە گێلی و هێڕی! بۆ نموونە: دوو فەیلەقەکەی پییەر و، مامۆنۆف. کە هەر خەریکی بە تاڵانبردنی گوندە رووسییەکان بوون.

ئەو خواردنی نەسیلەی، خاتوونەکان لە مااڵنی خۆیانەوە، بۆ سوپایان ئامادە دەکرد و، دەیاننارد تاکوو بگاتە بریندار و پێکراوانی شەڕەکە، هەرگیز نەدەگەیشتە دەستیان و... هتد.

تەنانەت ئەوانەیش کە تەقەلایان دەدا لە تێگەیشتن و، سۆزیان بۆ بارودۆخی راستەقینەی رووسیا لە قسەکانیاندا دەردەکەوت، لە نزیکی رووداوەکانیش بوون، بێئاگا بوون لە ئاکامی کارەکانیان.

فەرمانی وایشیان دەسەپاند، کەم کەس خۆی لەبەریدا دەگرت. خەڵکیان تاوانبار دەکردو کارەکانیشیان لە جێی خۆیدا نەبوو. لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو لە رووداوە مێژوویییەکاندا هەست بە سوودوەرگرتن لە زانست ناکرێتو هەستپێکردنیشی قەدەغەیە.

لە پێترزبۆرگ و، هەرێمەکانی دوور لە مۆسکۆوە، ژن و پیاوانێک بەرگی چەکدارە خۆبەخشە جوانەکانیان لە بەردا بوو. هەمیشە لە خەمی چارەنووسی رووسیا و پایتەختەکەیدا بوون و، قسەیان لە قوربانیدان بە گیانی خۆیان دەکرد. کەچی لە نێو ئەو سوپایەدا مۆسکۆیان بۆ دوژمنەکەیان چۆڵ کرد. باسێک لەو مۆسکۆیە و لە قوربانیدانەکان نەدەکرا و، هەر بیریشیان لێ نەدەکردەوە! تەنانەت لە کاتی سوتان و دامرکاندنەوەی کڵۆکۆی ئاگرەکەی مۆسکۆیشدا، سەربازێک سوێندی ئەوەی نەخوارد، کە تۆڵەی سوتاندنی ئەو شارە، لە فەرەنسییەکان بکاتەوە! هەموویان سەرقاڵی وەرگرتنی ئەو بۆدرەیە "مووچەیە" بوون کە هەر دە رۆژ جارێک وەریاندەگرت!

نیکۆلا ڕۆستۆفیش، کە لە سەردەمی خزمەت کردنی سەربازیەکەیدا، هەڵگیرساندنی شەڕ بۆ ئەو سپرایز بوو! هەرگیز ئەو هەستەی نەبوو کە پێویست بێت، خۆی بە قوربانی نیشتمان بکات.

کەچی پۆستەکەیشی وا کەوتبووەوە، کە دەبوو بەرگری لە نیشتمان بکات. ئەویش خەمساردانە، لە رووداوەکانی دەڕوانی و، گەر لێی بپرسردرایە بیرۆڕای بەرامبەر بارودۆخی نیشتمانەکەی چۆنە!؟ بەوە وەاڵمی دەدایەوە، کە گوایا ئەوە شتێکە پێویست ناکات ئەو بیری لێ بکاتەوە! ئەوە کاری کۆتۆزۆف و سەربازە پلە باڵاکانی تری و، ئێمەو ماناں، بۆ ئەو کارە دانەنراوین.

لەبەر ئەوەی بیستبووی سەر لە نوێ فەیلەقەکان دروست دەکرێنەوە. پێی وابوو کە

جارێکی دی شەڕ هەڵدەگیرسێتەوە. بەلایشییەوە سەخت نەبوو، گەر بۆ دوو ساڵی تریش، سەرکردەی فەیلەقێک بێت.

بە هۆی ئەم بیر کردنەوەیەوە بە دڵخۆشییەوە، سەفەرەکەی بۆ ڤۆرۆنیگ پەسەند کرد، تاکوو ئەسپ بۆ فیرقەکەی دابین بکات. بەڵام بۆ ئەوە بە داخ نەبوو، کە نەیتوانیوە لەو شەڕەی دواییدا بەشداری بکات. بەڵکو زۆریش دڵخۆش بوو بەمەیان و، هاوڕێکانیشی هەستیان بەوە کردبوو.

پێش چەند رۆژێک، نیکۆلا ڕۆستۆڤ پارە و زەخیرەی پێویستی وەرگرت و، بڕێک لە سوارەکانی وەکو پێشەنگ پێش خۆی ڕەوانە کرد. خۆیشی سواری گالیسکەی پۆستە بوو و، بەرەو فۆرۆنیگ بووەوە.

ئەوەی چەند مانگێک بە سەریەکەوە، بارودۆخی شەڕ و ژیانی سەربازگەی دیبێت، دەزانێت کە نیکۆلا، چەندە دڵخۆش بوو، بە بەجێ هێشتنی ناوچەی سەربازگەکان و، خەم و ماندووبوونەکان و، کاروانی زەخیرە و خەستەخانە سەربازییە گەڕۆکەکان.

هەر کە خۆی بینییەوە دوورە لە سەربازان و گالیسکەی گواستنەوەی سەربازان و، خاشاک و پاشەڕۆی سەربازگەکان و، سەرلە نوێ چاوی بە گوندە ئاوەدانەکان و، جوتیارانی پیاوان و ژنان و، خانووبەرە و دیوەخانی ئاغایان و، کێڵگەکان و، رانە مەڕومااڵت و، خانووی پۆستەبەری گالیسکەدار، دڵی کرایەوە و، هەر لەوە دەچوو ئەوە یەکەمجاری بێت، ئەو شتانە ببینێت!

ئەو ئافرەتە خڕوپڕانەی سەرە ڕێی و، دوور لەوەی سەربازان دەوریان دابێتن. بەختەوەر دەبینران و، سوعبەت و دەزبازییەکەی ئەمیان وەک سەربازێکی ڕێبوار، پێخۆش بوو.

شەو بوو کە نیکۆلا گەیشتە ڤرۆنیگ و، ئەو ماڵەی بۆی تەرخان کرابوو. باری لەبار بووو یەکسەر کەوتە بەجێگەیاندنی ئەو حەزانەی لەسەربازگەدا لێی قەدەغە کرابوو. ڕۆژی دووەم و، دوای ئەوەی ریشەکەی تاشی و، جوانترین ئەو بەرگانەی پۆشی کە لە میژبوو، لەبەری نەکردبوو، چووە سەردانی حاکم.

سەرکردەی هێزی خۆبەخشان، پیرەپیاوێکی ژەنەراڵی مەدەنی بوو و، ئەم بە پلە و بەرگەکەی بەری زۆر سەرسام بوو. پیرە پیاو، بە شێوەیەکی وا پێشوازی کرد و بەخێری هێنا، کە لە هەرێمەکەدا، دەسترۆیشتوویی پێوە دیاربوو. هەر وەکوو ئەوەی مافی خۆی بێت پرس و ڕای لەگەڵ بکات و، لە توانایدا بێت، مانەوەکەی پەسەند بکات، یان پەسەندی نەبێت و دەری بکات.

کە نیکۆلا ئەوێی جێ هێشت، باری دەروونیی هێندە لەبار بوو، دڵی بەرامبەرەکەشی خۆش دەکرد.

رووی کرده نووسینگەی حاکم. حاکمەکەیش کورتەباڵایەکی سادەی نیان بوو. شوێنی مەیدانی ئەسپ و رەشە وڵاخەکانی نیشاندا و، ناوی کەسێکی پێ وت، کە لە کڕینی ئەسپدا لێزانە و، دەتوانێت باشترین کۆمەڵە ئەسپی بۆ بکڕێت. بە کورتییەکەی یارمەتییەکی زۆری ئەوی دا.

خواحافیزیشی لە نیکۆڵا کرد، لێی پرسی،"تۆ کوڕی کۆنت ئیلیا ئاندریڤیتشیت؟ هاوسەرەکەم هاورێیەکی ئازیزی دایکت بوو! رۆژانی پێنج شەموان، پێشوازی لەوانە دەکەم کە دێنە سەردانم. جا لەبەر ئەوەی ئەمڕۆیش پێنج شەمەیە، تکا دەکەم بفەرموون بۆ ماڵم و، گوێ بە ڕێ و ڕەسمی سەردانەکان مەدەن."

نیکۆڵا لای حاکم چووە دەرەوە و، سواری گالیسکەکەی پۆست بووەوە و، بەرەو خاوەن خانووەکەی بووەوە، کە هەروا بیست فرسەخێک دوور بوو. لە سەرەتادا و، لە قۆرۆنیگ هەموو کارەکانی باش دەیاندا بە دەستەوە و، خۆش بوون بە لایەوە و، بە گوێرەی ڕووخۆشییەکەی خۆی بوو.

خاوەن خانوو و، مەیدانی وڵاخی بەرزەکە، خۆیی تێیدا نیشتەجێ بوو. ئەویش ئەفسەرێکی کۆنی سوپای سواره و، ڕەبەنێکی شارەزای ئەسپ بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا پیاوێکی ڕاوچی بوو، کارگەیەکی بچوکی کۆنی دەرهێنانی عارەقیشی هەبوو. لەگەڵ کارگەی دروست کردنی خواردنەوەی هەنگاری، چەندین ئەسپی ڕەسەنیشی هەبوو.

نیکۆڵایش بێ چەند و چوون حەڤدە ئەسپی هەڵبژاردەی باشی لێ کڕی و، (٦٠٠٠) ڕۆپڵی پێدا و، لەو جۆرە بوو کە کەتیبەی سوارەکەی، وای لێ بکات، کەسێکی بە دەرەوە و ناسراو بێت! دوای ئەوەی ژەمێکی باشی خوارد. لەو خواردنەوە هەنگاریەکەیشی بەسەردا کرد، کە ئەو پیاوە بەرهەمی دەهێنا.

پاشان خاوەن خان و مەیدانی وڵاغەکەی، لە ئامێز گرت و، ئیدی بە جێناوی کۆی ڕێزلێنان نەیدەدوان! چەند ڕەفتارێکی ناشایستەیشی کرد و، هەر خۆیشی تێکنەدا! دوای ئەوەی سواری گالیسکەکە بووەوە، هانی گالیسکەوانەکەی خۆیشی دا هەرچی زووترە، بیگەیەنێتەوە جێ و، فریای ئاهەنگەکەی حاکمی بخات.

دوای ئەوەی سەری بە ئاوی سارد شت. بەرگەکەی بەری گۆڕی و، بۆنی لە خۆی دا و، خۆی بە ماڵی حاکمدا کرد. لەبەر ئەوەی لە کاتی دیاریکراو دواکەوتبوو، ئەم ڕستەیەی بۆ خانەخوێ ئامادەکردبوو: دواکەوتن لە نەهاتن باشترە!

ئاهەنگەکە سەمائامێز نەبوو. بەڵام بانگهێشت کراوان، دەیانزانی کە دوای کەمێک (کاترین پیترۆڤنا، چەند پاچە ئاوازێکی ڤالس، بە پیانۆ دەژەنێت و، کارێک دەکات خەڵکەکە بێنە ناوە و، بۆ سەما کردن، دەستی یەک بگرن.

لە (١٨١٢)دا هەموو هەرێمەکان لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا بوون. تەنیا جیاوازییش هاتنی دەوڵەمەندانێکی زۆر بوو، لە مۆسکۆوە. ئەو کارەیش بووە هۆی چۆڵکردنی شارەکە

و، دیاربوو ئەو قسە باوەیان کردبوو کە دەڵێت: چش...گەر دوای نەمانی خۆم، لافاو جیهانیش بەرێت! ئەوان دەوڵەمەندانە دەژیان و، بەمە گرژییان لە نێو خەڵکەکەدا دروست دەکرد.

ئیدی لەبری قسەی پڕوپووچ، لەبارەی باران بارین و، سایەقە و، دروستیی ناسیاوان، کە لەو بارودۆخەدا دەبوو، هەر لە یەکتریان بپرسیایە، گفتوگۆی خەڵکەکە بوو بوو بە باسی مۆسکۆ و، شەڕو ناپلیۆن.

ئەوانەی لە مااڵی حاکم بوون، سەردەستەی کۆمەڵگای قۆرۆنیگ بوون. خاتوونانێکی فرەی مۆسکۆیی لێ بوو کە نیکۆلا زووتر ناسیبوونی. یەک سوارەیشیان تێدا نەبوو، رکابەری سوارەی هەڵگری مەدالیای جۆرجی پیرۆز بکات!

شۆڕەسواری ئازوخەی درەوشاوەو لە هەمان کاتدا نیان و لێهاتوو، کۆنت ڕۆستۆف بوو. لە نێو پیاوەکانیشدا دیلێکی ئیتالیایی هەبوو، کە لە نێو سوپای فەڕەنسادا گرتبووی! نیکۆلا هەستی کرد، ئەو دیلە مایەی سەربەرزی ئەوە و، پێیشی وابوو کە هەموو کەسێک ئەم بۆچوونەی ئەو دەزانێت. بۆیە ڕێزێکی فرەی بۆ ئەو ئیتالییەیش نواند.

دوای بااڵو بوونەوەی ئەو بۆنە خۆشەی لە خۆیی دابوو، ، بە نێو ئامادە بووان و چەندبارە کردنەوەی ڕستەی: دواکەوتن لە نەهاتن باشترە. خەڵکێکی زۆری لێ کۆبووەوە و، سەرنجی ئامادەبووانی کێشی خۆی کرد!

لە ناکاو وا هەستی کرد، خۆی کەسی لە پێش و، هەڵبژاردەی نێو ئاهەنگەکە و، ئەو خەڵکانەی هەرێمەکەیە. دەمێک بوو، لەو هەموو فرسەخانەی بڕی بووی و، ئەو ماڵانەی تێی چوو بوو. لەو جۆرە هەستە بێبەش بوو و، ئەو جۆرە لە خۆ ڕازی بوونەی، بەو شێوەیە، بە خۆوە نەدی بوو.

هەروەها لە لای خاوەن خانووەکەی کە هەواداری ئاوازو مۆسیقا بوو. کارەکان ـ وەکو خۆی پێی وابوو ـ خوا خوای لالێکردنەوەی ئەو بوون.

لەم ئاهەنگی حاکمەیشدا، خاتوونە ژنەکان و کچان، خوازیاری دواندنی ئەو بوون و، پیرانیش لە پێشبڕکێی هەرچی زووتری، ژن هێنانی ئەم شۆڕە سوارەدا بوون. تەنانەت هاوسەرەکەی حاکم خۆیشی، لە ڕیزی ئەو خاتوون و کچانەدا بوو، کە بە تاسە و پەرۆشییەوە، لێیان دەڕوانی.

هاوسەری حاکم لە هاتنیدا بە شێوەیەکی وا، پێشوازیی کرد، هەر وەکوو ئەوەی خزمێکی نزیکی بێت! هەر وایش بوو، کاترین کەوتە ژەنینی ئاوازی ڤاڵس و سەما دەستی پێ کرد و، نیکۆلایش هەر زوو بە سەما قەشەنگەکەی و، لێهاتوویی خۆی، ڕکێفی ئامادەبووانی کرد و، تەنانەت خۆیشی، سەری لە خۆی سوڕما بوو!

لە مۆسکۆیش هەر بەو شێوەیە بوو. بەاڵم لێرە و ئەمجارەیان دەیویست سەمایەکی

ناوازەی وا بکات، کە جیاواز بێت و، تەماشاچییان و، خەڵکی هەرێمەکە، وا لێ بکات، کە ددان بەوەدا بنێن، هێشتا سەمای نوێی وا، لە لای دانیشتوانی مۆسکۆ هەیە و، هێشتا نەگەیشتوەتە هەرێمەکانی دەوروبەری.

سەرنجی نیکۆلا تەنیا لەسەر ئەسمەرێکی قەشەنگی گۆشتن و چاوشین بوو. ئەو ئەسمەڕەیش، هاوسەری فەرمانبەرێکی ناوچەکە بوو. ڕۆستۆڤ لەو هەرزەکارانە بوو، کە پێی وابوو ئەو جۆرە ئافرەتانە، با هاوسەری کەسانی تریش بن... هەر بۆ ئەو دروست بوون! بۆیەیش بۆ ساتێکیش چاوی لە سەر هەڵنەدەگرت. هەڵس و کەوتێکی نیانانەی وای لەگەڵ مێردی ئەو چاوشینە دەکرد، وەکوو ئەوەی پیلانی بۆ دانابێت.

مێردەکەیش وریایانە، هەستی بەوە کردبوو و، هەر کە نیکۆلای دەدواند، رووی گرژ دەکرد. بەڵام نیکۆلا جار و باریک، هەر سنووری دەبەزاند و، وای دەکرد، مێردەکەی پتر بڕوا بێنێت بە نیازە گلاوەکەی.

هەر لەو کاتانەیشدا ژنە چاوشین، کراوە و، چالاکتر دەبووەوە. ئەمەش بە پێچەوانەی روخساری گرژ و تاڵی مێردەکەیەوە بوو.

بەشی پێنجەم
پرۆژەی هاوسەرگیری

نیکۆلا لە خۆنزیک کردنەوە، لە ژنە ئەسمەرە چاو شینەکە، زێدەڕۆیی کرد و، گەلێکی پێدا هەڵدا و، بە دڵێکی خۆشەوە، پاڵی بە پشتی کورسییەکەیەوە دا، تاکوو کەمێک بحەوێتەوە.

دەمێک لاقەکانی نێو پانتۆڵە تەنگەکەی، کە تایبەت بوو و، بۆ سواری کرابوو. یەک دەهێناوە و، دەمێکیش بڵاوی دەکردنەوە. بۆنێکی خۆشیشی بڵاو کردبووەوە بەو ناوەدا و، بە بە خۆ نازینەوە، لە پێڵاوە جوانەکانی خۆی دەڕوانی. پاشان بە ژنە ئەسمەرە چاوشینەکەی وت، کە بە نیازە، لەم شاری ڤۆرۆنیگەدا، ژنێکی دیاریکراو هەڵ بگرێت!

چاو شینەکەش پرسیی:

ـ ئەو ژنە کێیە، کە بە نیازیت هەڵی بگریت!؟

نیکۆلایش وەڵامی دایەوە:

ـ جوانترین و لە بارترینی ژنەکانە! ـ جارێکی تر سەرنجێکی ژنە چاو شینەکەی تەنیشتی دایەوە ـ چاوانی شینن و، دەمی گەوهەرەو ـ سەیرێکی سەرشانە رووتەکەیشی کرد ـ پێست و بااڵی لە دیانا دەچێت...

مێردەکەی لە هاوسەرەکەی نزیک بوەوە و، بە رووبەکی تاڵەوە، پرسیاری ئەوەی لێ کرد، کە ئاخۆ باسی چی دەکەن؟

نیکۆلا هەستا و وتی:

ـ ئــۆو! نیکیتائیڤانیتش... ئەوە تۆیش لێرەیت!

وەکوو ئەوەی حەز بکات، ئەویش لەو یارییە ئاگادار بکاتەوە و، تێگەیاند کە بە نیازە ژنێک هەڵ بگرێت.

مێردەیش بە ساردییەکەوە پێکەنی و ژنەکەیشی لە دڵەوە لە قاقای دا.

کابانی مااڵکە بە نیانییەوە، لێیان نزیک بووەوە و بە لۆمە کردنەوە وتی:

ـ ئانا ئینیاتییڤنا خوازیارە بتبینێت. کەوابوو دەی نیکۆلا... بێگومان رێم دەدەیت، کە بە نیکۆلا بانگت بکەم... وا نـا!؟

بەوەیدا کە بە توندی ددانی بەو دوو وشەی ناوەکەدا نا. نیکۆلا بۆی دەرکەوت کە ئەم ئانایە ژنێکی گرنگە.

پاشان پێی وت:

ـ بێگومان دەچم بۆ لای! بەاڵم ئەو ژنـە کێیە؟

کابانی مالا وتـی:

ـ ئەو ئانائینیاتییڤنا مالڤنتسیڤە... بە هۆی خوشکەزاکەیەوە نـاوی تۆی بیستووە! ئـاخر کاتی خۆی، تۆ خوشکەزاکەیت رزگار کردووە! ئێستا زانیت ئەو ژنە کێیە؟

نیکۆلا هاواری کرد:

ـ من خاتوونانێکی فرەم رزگار کردووە و، یارمەتیم داون.

کابانی مالا وتی:

ـ خوشکەزاکەی ئەم خاتوو ماری پۆلکۆنسکییە. ئێستا ئەو کچـە لەگەڵ ئـەم پووڕەیدا، لێرە لە ڤۆرۆنێگ نیشتەجێیە و، لێرە دەژی... ئـۆو! ئەوە بۆ سوور هەڵگەڕایت؟ کێشـەیەکت هەیە!؟

نیکۆلایش هەڵیدایە،"نەخێر! نەخێر! پووڕە."

کەیبانووی مااڵیش وتـی،"دەی کەوابوو هەستە بـڕۆ. ئـۆی کە پێکەنین هێنیت!"

کەیبانووی هاوسەڕی حاکم، نیکۆلای شوێن خۆی خست و گەیاندی.

ژنێکی کەڵەگەتی قەڵەو، شـەپقەیەکی شینی لـە سـەر نابوو و، تـازە لەگەڵ باالا تریـنی هەڕێمەکە، لە یاریی کاغەزێن گەڕابووەوە. ئەو ژنـەیش خاتوو (مالڤنتسیڤ ـ ئانا) پووڕی خاتوو ماری بوو.

بێوەژنێکی دەوڵەمەندی وەجاخ کوێر بوو. هەموو ساڵەکە، لـە ڤۆرۆنیگ بەسـەر دەبـات. ئـەو کاتـەی ڕۆستۆڤ گەیشـتە لای، ئـەو قـەرزی خـەڵکی دەدایـەوە. بـە تیلـە چاوێک، لـە

ڕۆستۆڤی ڕوانی و، بێزاریی خۆیشی دەربڕی لەوەی کە یارییەکەی بە ژەنەرالا دۆڕاندووە.

دەستی ڕۆستۆڤی گرت و پێی وت،"ئازیزەکەم هەر بەم هاتنە دڵخۆشت کردم."

دوای ئەوەی چەند قسەیەکی کرد لەبارەی ماری و باوکە خوالێخۆش بووەکەیەوە. پێیەوە دیار بوو، کە ئەو باوکی ئەوی خۆشنەویستووە. دواتر هەواڵی میر ئاندریەی پرسی گەر شتێکی لایە. کە لەوەیش دەچوو ئەم مالڤنتسیڤە، ئەویشی خۆشنەوێت.

ئیدی پێش ئەوەی نیکۆلا ڕۆستۆڤ ڕەوانە بکات، داوای لێ کرد زوو زوو بێتە میوانیی. نیکۆلایش پەیمانی پێدا، کە لەمەودوا سەردانی بکات. بە سوور هەڵگەڕاوییەوە کڕنووشی بۆ مالڤنتسیڤ برد.

کە قسەی لە بارەی خاتوو ماریەوە بۆ دەکرا، بە جۆرێک هەستی بە شڵەژانی تێکەڵا بە جۆرێک لە ترس دەبوو. خۆیشی بۆی لێک نەدەدرایەوە.

دوای ئەوەی خاتوو مالڤنتسیڤی جێهێشت. حەزی کرد، خۆی بکات بە نێو کۆمەڵەی سەماکەراندا. بەڵام هاوسەرەکەی حاکم، بە دەستە ئەستوورەکەی توند قۆڵی گرت.

لەگەڵ خۆی بردی و، پێی وت کە دەیەوێت قسەی لەگەڵ بکات. کە گەیاندییە شوێنەکەی خۆی، دانیشتوەکانی ئەوی، وردە وردە خۆیان دزییەوە و چۆڵیان کرد.

ژنی حاکم بە جدی و بە نیانی پێی وت:

"باشە ئازیزەکەم، دەزانیت چ ژنێک باشە، تا بیکەیتە هاوسەرت؟ ئاخۆ ڕێم دەدەیت، بە ناوی تۆوە، ئەم هەڵبژاردنەت بۆ بکەم؟"

نیکۆلا وێستی بزانێت و پرسیی:

"ئەوەی بۆت هەڵبژاردووم، کێیە؟"

خاتوو میر. کایترین پیترۆڤنا دەڵێت: لیلی بۆ تۆ زۆر لە بار و شیاوە. بەڵام من پێم وایە، ئەم خاتوو میرە لە تۆ باشترە! حەز دەکەیت، دەست وەردەمە ئەم کارەوە بۆت؟ لێم ڕوونە کە دایکیشت، بۆ ئەم کارەم سوپاسگوزار دەبێت. ئاخر میرم.. خاتوون فرە قەشەنگ و سەرنجڕاکێشە! هێندەیش ناشیرین نییە، لێی بێزار بیت.

نیکۆلایش هەڵیدایە:

"هەرگیز! پووڕە گیان... هەر بەوەی کە من کەسێکی سەربازیم. نە داوا دەکەم و، نە هیچ ڕەتدەکەمەوە. هەرگیز ئەوە ناکەم."

ئەم ڕستەی دواییەی جۆرێک وت، کە خێرا و بێ بیر کردنەوە بوو.

پاشان ژنی حاکم پێی وت:

"زۆر باشە! کە وابوو بیری لێ بکەرەوە. ئاخر ئەو یاریی منااڵن نییە.ن

نیکۆلایش لێی پرسی:

کێ یاریی منالان نییە!؟

ژنی حاکمیش وەکوو لەگەڵ خۆی قسە بکات، پێی وت:

"نەخێر! نەخێر! ئەوە هەر قسە بوو. تۆ کەسێکی کۆڵنەدەریت."

نیکۆلا خێرا بەرپەرچی دایەوە،" بەڵام نا، نا ئێمە دوو هاوڕێی نایابین. هەرگیز وا بیر ناکەمەوە ئەمە بۆ کات بەسەر بردن بێت."

لە کاتی نانخواردنی ئێوارەدا، کتوپر ڕِلە دڵی خۆیدا وتی،"چ کەڕێتیەکم کرد، بەرامبەر هاوسەری حاکم؟ دیارە ئەو دەیەوێت بەم ژن هێنانەی بۆ من، لووتم ببڕێت! باشە... ئەی سۆنیا چی لێ بکەم!؟"

کە داوایشی لە کەیبانووی خانەخۆی کرد، تاکو جێیان بێڵێت، ژنی حاکم ئەوی بیر خستەوە، کە زۆر باشتر بیر لەو بابەتە بکاتەوە.

نیکۆلایش دەستی گرت و لە ئەوانی تری دوورخستەوە و پاشان پێی وت:

"بە هەر حاڵ پووڕە گیان... دەبێت ئەمەت هەر پێ بڵێم..."

ژنی حاکمیش وتی،"چی هەیە هاوڕێ؟ وەرە ئێرە با دابنیشین."

لە ناکاو نیکۆلا هەستی کرد، کە پێویستە ئەوەی لە ناخیدایە بەم ژنەی ـ کە نایناسێت ـ بڵێت. کە هێشتا نە بە دایکی و، نە بە خوشکی و، نە بە هاوڕێی خۆیشی وتووە!

دواتر واهات بە خەیاڵیدا کە ئەگەر عیشقەکەی بۆ ئەو ژنە، بدرکێنێت، ئەوا هەڵە دەکات و، ئەوەیشی بیر خۆی خستەوە، کە بە بڕێک هەڵەی بچووک بچووک، کاتی خۆی کێشەی سەختی بۆ بنەماڵەکەی ناوەتەوە.

بۆیە، کە دانیشت پێی وت:

"بابەتەکەم ئەمەیە کە ئێستا بۆت دەگێڕمەوە، پووڕە گیان. دەمێکە دایکم بە نیازە کە کچێکی دەوڵەمەند و بووەم لێ مارە بکات و، بیکاتە هاوسەرم. بەڵام ئەم بیرۆکەیەی ئەو، وای لێ کردووم، قێزم لە خۆم بێتەوە! بۆیە نامەوێت بۆ موڵک و سامان هاوسەرگیری بکەم."

ژنی حاکمیش وتی:

"ئۆوا! زۆر باش لە مەبەستت دەگەم."

نیکۆلایش لە سەری ڕۆیشت:

"بەڵام خاتوونی ئەمیرە ماری پۆلکۆنسکی، شتێکی ترە! یەکەم شت، پێویستە لای تۆدا دان بەوەدا بنێم، کە زۆر پێی سەرسامم و، بە گوێرەی دڵی منە! هەر لەو کاتەوەی بە هۆی کێشە و ئاڵۆزییەکەیەوە، ئەوم بینیوە، وام بیرم کردۆتەوە، کە ئەو ڕووداوە قەزا و قەدەر بووە. تۆ لەگەڵ منداڵ بیری لێ بکەرەوە. لە کۆنەوە، دایکم ئەو کچەی خستبووە

بیری خۆیەوە، بەڵام بۆنەیەک بۆ من نەڕەخسا، کە ئەو ببینم. خۆیشم نەمدەزانی بۆ!؟ ئێستا و ئەوسا، هەر یەکمان نەبینی! تاکو ناتاشای خوشکیشم، دەزگیران و مارەبڕی براکەی ئەو بێت، من ناتوانم هاوسەرگیریی لەگەڵ بکەم. بەڵێ ئەو دەمەی، هاوسەرگیریی خوشکەکەی من و، براکەی ئەو، هەڵوەشایەوە، ئەمجا من ئەمە دەدرکێنم. ئێستایش ئەمە یەکەمجارە و، لای تۆ."

هاوسەرەکەی حاکم، ئانیشکی نیکۆلای بە خۆشەویستییەوە گوشی و، نیکۆلایش لە کەیبانووی هاوسەری حاکمی پرسی:

"سۆنیای ئامۆزام دەناسیت؟ ئاخر من ئەو ئامۆزایەم خۆشدەوێت و، پەیمانم پێداوە و، مارەی دەکەم..."

سوور هەڵگەڕابوو و، کەمێک شڵەژاویشی پێوە دیاربوو، کە لە سەری ڕۆیشت:

ـ دەبینیت کە پێویست ناکات، لە بارەی ئەو هاوسەرگیرییەوە هیچی تر بڵێین.

هاوسەری حاکمیش وتی:

"ئازیزەکەم! ئازیزەکەم! ئەم قسەیە چییە؟ بەڵام تۆ، وردتر بیری لێ بکەرەوە، ئاخر ئەو سۆنیایە، سامان و مووڵک و مااڵێکی نییە! خۆ تۆ خۆیشت ددانت بەوەدا نا، کە باری ئابووریی باوکت باش نییە! پاشان ئەی دایکت! بە خوا ئەو هاوسەرگیرییەی تۆ باسی دەکەیت، ئەو دەکوژێت! ئەمەت لێ ڕوون بێت، کە دەیکوژێت! هەرچی سۆنیایشە تەنیا دڵێکی هەستیاری ناسک، چی بۆ دەکات و بەچی دەگەیەنێت!؟ ئەوە دایکتە ورەی بەرداوە و بێزارە! سامان و مووڵکەکەی، خـۆیشت لە مەترسیدایە...

نـەخێر ئازیزەکـەم ئەمـە دەسـتی کەسـی تێـدا نییـە و، دەبێـت هـەردووکتان تـۆیش و سۆنیایش، لە ئەمە تێ بگەن."

ئەم بە ئەنجام گەیشتنەی ژنی حاکم، بە دڵی نیکۆلا نەبوو و، بێدەنگیی لێکرد.

دواتر وتی:

"بە هەرحاڵ پووڕە گیان.. شتی وا ناکرێت. پاشان ئاخۆ خاتوو ماری بە من ڕازییە و، بە مێردی خۆی پەسەندم دەکات، لە کاتێکدا ئەو هێشتا تازیەباری مردنی باوکێتی؟ ناکرێ هەر بیریشی لێ بکاتەوە."

هاوسەری حاکمیش وتی:

"بۆچی تۆ پێت وایە.. کتوپڕ ماریت لێ مارە دەکەم!؟ چەندین ڕێو شوێن بۆ ئەو کارە هەیە."

نیکۆلایش دەستی خاتوونی کەیبانوو و، هاوسەری حاکمی ماچ کرد و وتی:

ئای کە قەشەنگیت، پووڕە!

بەشی شەشەم
یەکەم سەردانیی

دوای ئەو بینینەی نیکۆلا رۆسۆف و، بە گەیشتنی خاتوو ماری بە مۆسکۆ، برازاکەیی لە لای دایەنەکەی بینی. لەگەڵ نامەیەکی میر ئاندریە، کە رێی بەرەو ڤۆرۆنیگ و، لای مالفنتسیف پووڕەی خوشکی باوکی، بۆ دیاری کردبوو.

نارەحەتییەکانی سەفەرەکە و، ئەو دڵەڕاوکێیەی بە هۆی براکەیەوە، هەستی پێ کردبوو، لە نیشتەجێ بوونەکەی لە خانووبەرەیەکی نوێدا و، ئەو خەڵکانەی کە یەکەم جار بوو، بینی بوونی، لە دڵی خۆیدا پەنگی دابووەوە. لەگەڵ ئەو بایەخدانەی کە دەبوو بە برازاکەی بدات و، هەوڵی رۆشنبیر کردنی بدات.

ئەمانە هەمووی لە دڵی خۆیدا پەرچ دابووە و، بە درێژایی نەخۆشییەکەی باوکی و مردنیشی و، بە تایبەتیش، دوای بینینی ڕۆستۆف. خەمەکانی لە دەستدانی باوکی و، لە دەستدانی ڕووسیا، بووبووە خەمێکی گەورە بۆی.

ئێستایش دوای مانگێک، لە کپ و بێدەنگی، دیسان خەمەکانی هەڵیانداوەتەوەو لە جاران بە ئازارتر بوو. هەستی بە خەمی مەترسیی، سەر براکەیشی بوو بووە سەربار.

ئەو برایەی تەنیا دڵخۆشکەرەی بوو، کە بۆی مابووەوە. زۆریش بایەخی بە پەروەردە کردنی برازاکەی خۆی دەدا. هەموو جارێکیش، وا بیری دەکردەوە، کە بە باشی ئەم ئەرکەیانی بۆ بە جێ ناگەیەنرێت. بۆیە بڕیاریدا، ئەو هەستی خۆشەویستییەی، بەرامبەر ڕۆستۆف بخنکێنێت و، نەهێڵێت لە دڵیدا پەرە بسەنێت.

رۆژی دوای ئاهەنگەکە، هاوسەرەکەی حاکم هات، بۆ مالّی مالقنتسیف و، پێکەوە کەوتنە گفتوگۆ، لە بارەی خاتوو ماری و ڕۆستۆڤەوە و، ئەوەی تێگەیاند کە پێویستە هەنگاوی یەکەمیان، لە ئێستادا ئەوە بێت، ئەم دوو گەنجە بە یەک بگەیەنن، تاکوو لە نزیکترەوە یەکتر بناسن.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە بە فەرمی خوازبێنیی ئەو کچە بکرێت. پاشان کە ژنی حاکم ڕەزامەندیی پووڕەی وەرگرت، لە لای خاتوو ماری، کەوتە پیاهەڵدانی نیکۆلا ڕۆستۆڤ و، تێی گەیاند کە چۆن کاتێک ناوی خاتوو ماریی هێناوە، ڕۆستۆڤ سوور هەڵگەڕاوە. بەڵام لە بری ئەوەی، خاتوو ماری پێخۆشحاڵ بێت.. پێی تەنگەتاو بووە! چونکە تەنیا بەوەی، کە ڕێی بە خۆی داوە، سەر لە نوێ ورەی ڕووخایەوە، حەز و ئارەزوو و، سەرزەنشت و گومانەکانی، سەریان هەڵدەیەوە.

تا دوو ڕۆژی دواتریش، خاتوو ماری لە چاوەڕوانی سەردانی ڕۆستۆڤدا بوو. هەمیشەیش بیری بە لای ئەو هەڵوێستەوە بوو، کە دەبێت بەرامبەری هەی بێت.

دەمێک بڕیاری دەدا، کاتێک ئەو دێت، بۆ سەردانی پووڕەی خوشکی دایکی، نابێت خۆی لە دالّانەکەوە دەربکەوێت. چونکە جوان نییە تازیەبار بێت و، پێشوازیی سەردانیکەرانیش بکات.

دەمێکیش بە خۆی دەوت، کە ئەوەیش جوان نییە بۆ ئەو، پێشوازی لەو کەسانە نەکات، کە کاتی خۆی، بە هانایەوە چوون و، ڕزگاریان کردووە.

دەمێکی تریش وا دەهات بە خەیاڵیدا کە ئەم پووڕەی خوشکی دایکی و، هاوسەرەی حاکم، تیلەچاوی خۆیان هەیە بۆ ئەوو ڕۆستۆڤە.

جارووبارێک دروستیی ئەو تیلەچاوە، بە قسەکانیانەوە دیار بوو. جاری وایش هەبوو، بە خۆی دەوت کە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی هەڵەیە.

لە خۆی دەپرسی:

"ئاخۆ بەم شێوەیە، بیر کردنەوە لە هاوسەرگیریی: سوکایەتی کردن نییە بە بارو دۆخی ژیانی ئەوێک، کە هێشتا بەرگی ڕەشی پۆشیوە؟ ئاخۆ سوکایەتی کردن نییە، بە یاد کردنەوەی باوکی؟"

کە بیری لەو کاتە دەکردەوە، بەڕەو ڕووی ڕۆستۆڤ دەچێت و، ئەو قسانەی بەوی دەڵێت و، ئەو وەڵامانەی کە ڕۆستۆڤ دەیداتەوە. دەمێک بە زمانی زبری لە قەڵەم دەدا و، دەمێکیش بە پڕ واتا و پەسەند.

سەرەڕای هەموو ئەمانەیش، خەمی ئەوەی بوو، لەو ڕوو بە ڕووبوونەوەیەدا، پەشۆکاویی پێوە دیار بێت و، ئابڕووی بچێت!

بەڵام دوای نوێژی ڕۆژی یەکشەمە و، کاتێک خزمەتکارەکە هات و، پێی ڕاگەیاند کە

کۆنت ڕۆستۆف هاتووە، هیچ شڵەژانێکی پێوە دەرنەکەوت... هێندە نەبێت. کەمێک سوور هەڵگەڕابوو.

خاتوو ماری سەری لە خۆی سوڕما، کە ئاوا بە ئارامی و، لەسەرخۆ و سروشتی دەدوێت، پرسیی:

"پووڕە گیان... پێشووتر تۆ ڕۆستۆفت بینیوە؟"

" ڕۆستۆف هاتە ژووڕەوەو خاتوو ماری سەری داخست. وەکو ئەوەی بیەوێت ڕێ بە سەردانیکەر بدات، تا خۆش و چۆنیی خۆی، لەگەڵ پووڕەیدا بکات. پاشان لەو کاتەدا کە ڕۆستۆف بەلای ئەویشدا لای کردەوە، روانینەکەی چاوە بریسکەدارەکانی، ئەوی بینی.

خاتوو ماری لەبەری هەستا و، بەجۆرێک ئەو دەستە ناسکانەی بۆ درێژ کرد، کە کێژانە و قەشەنگ بوو. بە شێوەیەک لەگەڵی دوا، کە هەموو سیماکانی ناسکی ئاوازی ژنانەی تێدابوو و، تەنانەت کچە بۆرییەنیش، لە هۆڵەکەدا بوو.

بە سەرسامییەوە لە خاتوو ماریی روانی و گەیشتە ئەوەی، کە ژنە سۆزانیش بە هێندەی ئەو، سەرکەوتوو نابێت لەکێشکردنی، ئەو پیاوەدا کە بۆ کات بەسەربردن، بێت بۆ لای!

کچە بۆرییەن لە خۆیی پرسی:

"بڵێی ئەم ڕەشباوییە کەمەی ڕوخساری خاتوو ماری، دەستکرد بێت! یان هەر سروشت وا قەشەنگی کردووە و، من هەستم پێ نەکردووە؟ ئەمە لە کەیەوە هێندە قسە زان و، لەبڵەبان بووە!؟

خۆ گەر لەو ساتەدا، خاتوو ماری بە بیریدا بهاتایە بیر لە گفتوگۆ و هەڵسوکەوتی خۆی بکاتەوە... لە کچە بۆرییەن زیاتر بەخۆی سەرسام دەبوو. چونکە هەر هێندەی بەس بوو، ئەو ڕوخسارە جوانەی ڕۆستۆفی بینی. ئیدی وڕەی بڵندتر بووەوە و، ژیانی لەلا جوانتر و تۆکمەتر بوو و، بووژایەوە.

هێڵەکانی ڕوخساری، نامۆی بەرەو ڕوناکی و جوانتر دەچوون و، وەکوو هێڵە نادیارەکانی تابلۆیەکی هونەرمەند وابوو، کە لە تابلۆکەیدا دەردەکەوتن و تادێت قەشەنگتر دەبێت.

ئیدی هەموو ساتەکانی ناخی، دەڕوونی و هەموو ئاراستەکانی ئازار و خەم و، خۆ خواردنەوەی... بەرەو ڕوناکی و، خێرو خۆشی بوونەوە و، بە ڕوونی لە بزەی لێوان و ڕوخسارە پڕ خۆشەویستییەکەیدا دەبینرا.

ڕۆستۆفیش لای خۆیەوە و، هەر لە یەکەم سەرنجیدا بۆی، هێندە بە ڕوونی و ئاشکرایی، هەستی بە خاتوو ماری کرد، هەر وەکوو ئەوەی هەموو ژیانی خوێندبێتەوە وا بوو.

خێرا هەستی بەوە کرد، کە ئەم کێژەی بەرامبەوی وەستاوە، هەستێکی بۆی هەیە، کە

تا ئەو دەمە، لە هیچ ئافرەتێکی تردا بەدیی نەکردبوو. لە هەموو ئەو ئافرەتانەیش باشترە، کە ئەو ناسیونی! تەنانەت لە خۆیشی باشترە!

وتوویژەکانی هەردووکیان سادە و ساکار بوو. لە بارەی شەڕەکەوە قسەیان کرد و، ئەو دوانەیش، وەکوو هەموو رووسییەکانی تر، زێدەڕەوییان دەکرد، لە بە خەم بوونیان بۆ رووسیا. نیکۆلا وریایی خۆی نواند، بەوەی توانیی بابەتەکە بگۆڕێت، پاشان کەوتنە باسی ژنی حاکم و خزمانی.

خاتوو ماریش لای خۆیەوە، بە هیچ شێوەیەک، باسی میر ئاندریەی بۆ نەکرد و، کاتێکیش پووڕەی خوشکی دایکیشی، ناوی براکەی لە قسەکانیدا هێنا.. ماری لێزانانە، باری قسەکەی پێ گۆڕی و، بابەتێکی تری هێنایە پێشەوە.

بە رووتی دەربڕینی خەمەکانی بۆ رووسیا بوو، کە چاکسازیانە دەدوا و خۆشەویستیی براکەیی لەدڵدا پێوە دیار بوو. بەو گفتوگۆو ڕەفتارەی ماریدا، بۆی دەرکەوت کە خزمانیشی، وەکوو ئەم، لە کەسێتیی و، باشیی هەڵسوکەوتی تێ نەگەیشتوون.

نیکۆلا وەکوو ماری نەبوو. ئەم کە ناوی ماریان لا بهێنایە، دەشڵەژا و، سوور هەڵدەگەڕا. پیاوێک نەبوو، ئەو قسانەی کە دەیکرد، زووتر بیری لێ کردبێتەوە و، خۆی بۆ ئامادە کردبێت. بەڵکوو ئەوەی لە دڵیدا بوو.. لە سەر زمانیشی بوو، هەمیشەیش، قسەکانی لە جێی خۆیاندا بوون.

لە کاتی ئەو سەردانە کورتەیدا، بێدەنگییەکی تێکەوت. ئەویش بە هاتنە ژووڕەوەی ئاندریە چکۆلە بوو. نیکۆلایش وابوو هەر کەمندالّی دەبینی... دەیدواند و، بڵندی دەکردەوە. پاشان لێی دەپرسی:

"ئاخۆ حەز دەکەیت ببیتە شۆڕە سوار؟"

هەر وایشی لە میرە چکۆلە کرد و، هەمان پرسیاریشی لەو کرد. پاشان لە ئامێزی گرت و، منالّەیش دڵخۆشانە کەوتە جوولّە جوولّ.

خاتوو ماریش بە دزییەوە، چاوێکی لێ داگرت. کە ئاوڕی لە خاتوو ماری دایەوە و، ئەو سەرنجە پڕ خۆشەویستییەی ئەوی بینی، لە خۆشیدا سوور هەڵگەڕا، وەکوو ئەوەی بە هەستەکەی ماریی زانیبێت.

بە سۆزێکی فرەوە ئاندریە چکۆلەی ماچ کرد. بە هۆی تازەبارییەکەیەوە، خاتوو ماری، هێندە نەدەچووە دەرەوە. بۆیە ڕۆستۆفیش، بە باشی نەزانی کە جارێکی دی، سەردانی بکات.

بەڵام هاوسەرەکەی حاکم، کۆڵی لە کێشەی هاوسەرگیریی ئەو دوانە نەدەدا. زوو زوو ئەو وەسف کردنەی کە خاتوو ماری وەسفی ڕۆستۆفی کردبوو: دەوتەوە. هەروەها ئەو وەسفە باشانەی ڕۆستۆف، بۆ خاتوو ماریی کردبوو. بەمەیشی هانی ڕۆستۆفی دەدا، کە

خۆشەویستی خۆی بۆی دەربببڕێت.

گەیشتن بەو مەبەستەی، کە پێک گەیشتنێکی تری، ئەو کوڕو کیژە، لای سەرۆکی کۆمسە و پێش بەڕێوەچوونی پیرۆزکردنەکە، ڕێک بخەن. هەرچەند ڕۆستۆف هاوسەری جاکمی لەوە ئاگادار کردبووەوە، کە هیچی لەو بارەیەوە پێ ناڵێت. بەڵام ئامادەیە ببینێت:

چۆن ئامادەسازی بۆ کرابوو، ئاوا بەڕێوەچوو. ڕۆستۆف لای خۆیەوە لاری لە پاکی و چاکیی، خاتوو ماری نەبوو و، کەوتە نێوان بەگژا چوونەوەیەکی کەمخایەن بۆ ڕێکخستنەوەی ژیانی و، ملدان بەوەی بار و دۆخ بە سەریدا سەپاندوویەتی.

تا ئەوەبوو خۆی دا بە دەست ئەو قەدەرەی خۆیەوە، کە خۆی لەبەر تەوژمیدا بۆ ناگیرێت. هەستی بەوەیش دەکرد، کە ئەگەر هەستی خۆشەویستیی خۆی بۆ خاتوو ماری دەربببڕێت. دوای ئەو هەموو پەیمانانەی، بە سۆنیای دابوو، بە کارێکی ڕسوایی لە قەڵەم دەدرێت!

دەشیزانی کە هەرگیز خۆی وەک کەسێکی ڕسوا پیشان نەداوە. ئەوەیشی دەزانی، کە ئەگەر خۆی بدات بە دەم گوژمی ئەم شەپۆلەوە... هەر هەڵەیەک ناکات و ببڕێتەوە. بەڵکو کارێکی زۆر ترسناک دەکات و، کارەکەش لەو کارە ترسناکانەیە کە هەرگیز لە ژیانیدا نەیکردووە.

دوای ئەو بەیەک گەیشتنەیشی لەگەڵ خاتوو ماری، دیوی دەرەوەی ژیانی ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهات. لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو ئەو شتانەی کە زووتر بەلایەوە قەشەنگ و جوان بوون، ڕەونەقی نەمابوو.

جۆرێک بیری لە خاتوو ماری دەکردەوە، کە لە هەموو کچانی تر جیاواز بوو. ئەو حەزەی لە سۆنیای بوو. بەو شێوەیە حەزی لە خاتوو ماری نەبوو. وەکوو هەر لاوێکی بە ڕەوشت، کە بیری لە کچێک بکردایەتەوە، وای لێکدەدایەوە، کە بیکاتە هاوسەری خۆی.

بەم شێوەیە وێنای دەکێشا: ژنێک بە بەرگی سپیی ماڵەوە دانیشووە و، سەماوەرێکی لاوەیە. گالیسکەیەکی بۆ گەڕان لە بەردەرگایە و، منداڵەکانیان بە دایە و بابە، هەردووکیان بانگ دەکەن. پاشان یەکێکیان خۆی بەوەی تردا هەڵدەواسێت.. ئیدی لەم جۆرە هەڵوێستانەی خێزان و منداڵ، لە ئەم تابلۆیانەدا، تینو بژێوی و خۆشییان پێ دەبەخشی.

بەڵام کە بیری لەو خاتوو ماریە دەکردەوە، کە دەیانویست لێی مارە بکەن، هەرگیز ئەم وێناکردنانە و، ئەم تابلۆیانە لە خەیاڵیدا دروست نەدەبوو.

هەرکاتێک بیری لە هاوسەرگیریی ئەو دەکردەوە، هەستی دەکرد ئەم کارەی هەر هەمووی هەڵەیە و، توشی دڵەڕاوکەی دەکرد.

بەشی حەوتەم
دەستکراوەبوونی نیکۆلا

هەواڵی شەڕە نەگریسەکەی "بوورۆدینۆ"و زیانە مەزنەکەمان لە کوژراو و پێکراو لەگەڵ لەدەستدانی مۆسکۆو، شاری فۆرۆنیجدا لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولدا، پێگەیشت. خاتوو ماریش بەهۆی ڕۆژنامەکانەوە زانیی براکەی بریندار بووە. هەرچەند نیکۆلایش ماوەیەک بوو نەیدیبوو، بەڵام بیستبووی کە خاتوو ماری بەنیازە سەفەری براکەی بکاتو بڕوات بە شوێنیدا بگەڕێت. هەر چەندە شوێنەکەیشی نازانێت.

بەڵام ڕۆستۆف نە هەواڵی شەڕی بورۆدینۆ و، نە چۆڵکردنی مۆسکۆ وڕەیان پێ بەرنەدا و، کاریان تێ نەکرد و، کینەی تۆڵە کردنەوەیان تێدا دروست نەکرد. بەڵام لە ناکاو، مانەوەی لە ڤۆرۆنیگ بێزاری کرد و هەستی کرد لە شوێنی شیاوی خۆیدا نییە و، بە دڵی خۆیشی نییە. ئەو قسانەیش لەو بارەیەوە، بەرگوێی دەکەوت، شاز و ریزپەڕ. خۆیشی نەیدەزانی چۆن بیر لەو بارودۆخە بکاتەوە؟ پێیشی وابوو، بە گەڕانەوەی بۆ ڤۆگۆ، هەموو بارودۆخەی لەلا ڕوون و ئاشکرا دەبێت. بۆیە پەلەی کرد لە کڕینی ئەسپەکان و، لە هەموو بارێکدا، بێزار بووبوو. تەنانەت لە خزمەتکارانی و چاودێریی سرییەکەی خۆیشی.

چەند ڕۆژێک پێش سەفەرەکەی، بۆنەی پیرۆز کردنی ئایینیی، لە کڵێسە سازدرا بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی سوپاوە و، نیکۆلا ڕۆستۆفیش ئامادەی بوو. کەمێک لە دوای حاکمەوە جێی خۆی کردەوە و، ترس و بیم بە ڕوخساریەوە دیار بوو.

هەرچەند لەو بۆنە ئایینیەدا بەشدار بوو، بەڵام بیری بەلای شتێکی ترەوە بوو. کە ئاهەنگەکە کۆتابوو، هاوسەری حاکم، بانگی کرد و ئاماژەی بە تارماییەکی ڕەشپۆش دا، کە لە پشت تیپی مۆسیقاکەوە بوو.

پاشان لێی پرسی:

"خاتوونی ئەمیرەت بینی؟"

نیکۆلایش هەر زوو تێگەیشت کە مەبەستی خاتوو ماریيە. تەنیا بەوەدا نەیناسییەوە کە روخساری لە سەر لا، لە ژێر شەپقەکەی سەریدا دەبینرا، بەڵکو بەو جۆشخواردنەی کە لەگەڵ ئاوازە ئایینیەکەدا و، پەرۆشییەکەی بۆ بۆنەکە و خاچەکەی بەرۆکیدا ناسییەوە.

"سەری سوڕما لە روخساری، چونکە هەر هەمان سیما و، هەمان ئەو هەستەی پێوە بوو، کە کاتی خۆی بینی بووی! بەڵام بە جۆرێکی دی سیمای دەبریسکایەوە و، پەژارەی قووڵ و، کاریگەریی نزا و نوێژەکەی پێوە دیاربوو.

بۆ نزیک بوونەوە لە خاتوو ماریی ئەمیرە، چاوەڕێی ڕێ پێدانی هاوسەری حاکم نەبوو و، باو و نەرێتی کۆمەڵایەتیش، ئەوەی شیاو نەکردبوو، تا بۆی داموکێتەوە و، بە تایبەتیش لە کڵێسەدا. بۆیە چوو بۆ لای و پێی ڕاگەیاند، کە بە کێشەکەی ئەم دواییەی ئەوی زانیوە و، پڕ بە دڵ هاوخەمێتی.

هەر هێندە خاتوو ماری دەنگی ئەوی بیست، ڕووی ڕوناک بووەوە و، خەم و خۆشییەکەی خۆی وەلاوە نا.

ڕۆستۆف پێی وت:

"هەر دەمویست ئەوەت پێ بڵێم، کە میر ئاندریە سەرکردەی فەوجێکە و، کەم نییە. ئەگەر لەو شەڕەدا بکوژرایە، ئەوا ڕۆژنامەکان هەواڵەکەی ئەویان بڵاو دەکردەوە."

خاتو ماری بێ ئەوەی، هەر لە قسەکانیشی گەیشت بێت، لێی ڕوانی و، بەو هەستەی نیکۆلای بەرامبەری خۆی زانی و، ئەوەیش فرە خۆشحاڵی کرد.

ڕۆستۆف درێژەی دایە:

"نموونەی زۆریشم بیستووە، لە بارەی تەقینەوەی گوللە توپەوە و، دەڵێن ئەگەر لەگەڵ تەقینەوەیدا، پێکراوەکانی دەم و دەست نەکوژێن.. ئەوا برینەکانیان سووک و بێ مەترسی دەبن. من خۆیشم لەو بڕوایەدام..."

خاتوو ماری قسەکەی پێ بڕی و وتی،"ئۆوو! ئاخۆ ئەو ڕووداوە چەند تۆ... قینەر بێت!"

بینینی نیکۆلا ڕۆستۆف، هێندە کاری تێ کردبوو، ڕستەکەی بۆ تەواو نەکرا و زۆر ناسک و لێزانانە، سەری نەوی کرد و شوێن پووڕەی خوشکی دایکی کەوت.

ئەو ئێوارەیە نیکۆلا ڕۆستۆف، بە هیچ لایەکدا نەچوو و، لەگەڵ ئەسپفرۆشەکان هەر خەریکی حساباتی کڕینی ئەسپەکان و، پارەکانیان بوو. کە لەو کارانەی بووەوە، کات لەوە درەنگتر بوو، تا بچێتە دەرەوە. بۆ نووستنیش زوو بوو... بۆیە کەوتە بیر کردنەوە و، هاتوچۆ بە ژوورەکەیدا. لەم کێشەیەیدا لەگەڵ خاتو ماری، بە کێشەیەکی سەیر و چارە سەختی زانی.

زووتر و لە سمولنسک، خاتوو ماری، کاریگەریی فرەی بە سەرییەوە جێ هێشت بوو.

بـه تایبـەتیش لـەو بـارو دۆخـه تایبەتـەدا، کـه بـۆی رێکخسـت، تـاکوو بـی بینێت و، پێی سەرسام بوو.

ئـەو قسانەیشـی کـه دایکیشـی لـه بـارەی ئـەو کچـەوه، پێـی وتبـوو: دەوڵەمەنـدترین هاوسەری دنیایه و، بەختەوەر ئەو کەسەیه، که مارەی دەکات! بۆیه ئەمانه وایان له نیکۆلا ڕۆستۆف کرد، ورد و وریایانەتر، لەو کچه بڕوانێت. لەو سەردانییانەی که لـه ڤۆرۆنیگیش بـۆ لای مـاری دەیکـرد. نـەک هـەر ببـووه یادەوەرییـەکی خـۆش بەلایـەوه. بـەڵکوو کاریگەرییەکی باشیشی کردبووه سەر. جوانییه تایبەتییەکەی و، ئەو ڕەوشته باڵایەی که تێیدا بەدی کردبوو، وای له نیکۆلا نەکرد به دوورکەوتنەوه له شارەکه و له ماری: بۆی به داخ بێت و، خەفەتی پێ بخوات! بەڵام ئـەم پێک گەیشتنەی له کڵێسـەکه بـه مـاری، وێنـەی ئەو خـاتوونەی نەخشی دڵی نیکۆلا کرد. هەر زوو نیکۆلا هەستی بـه کاریگەریی ئەو بینینه کرد و، تێگەیشت وێنەی ئەو کچه له دڵیدا، لەوه چەسپاوتر بووه، کەخۆی چاوەڕوانی بوو. نەخشـێک لـەوه قـوڵتر بـوو، کـه ئاسـوودەیی ئـەو، پێویسـتی بـوو... ئـەو ڕووه ژاکـاوه خەماوییـەی و، ڕوانینـه بریسـکەدارەکەی و، جوولّـه هاوسـەنگانەکەی، کـه پـڕ بـوون لـه ئالوودەبوون و، ئەو دەم و لێوه تەنکەی!... ئەمانه بوونه هۆی ڕاچڵەکاندنی ئارەزووی ئەو. ئەو غەمگینییەی به ڕوخساری خاتوو ماریـەوه دەبینرا، هێمـای قووڵیی جیهانی ئەو بوو. ئـەو جیهانـەی کـه بـه گـوڕم نیکـۆلا ڕۆسـتۆڤی، کێشـی خـۆی دەکـرد و، ئـەمیش وەکـوو نێچیرێکی بێ دەسەڵات، نەیتوانی بەرگری له خۆی بکات.

له دڵی خۆیدا وتی: **گومانی تێدا نییه کچێکی سەرنجکێشه! مولک... مولک! بۆچی من ئازاد و دەستکراوه نەبم، بۆ ژیانی خۆم؟ ئاخر بۆچی هێنده پەلەم کرد، له هـەڵبژاردنی سۆنیادا؟**

بیرکردنـەوەی لـه جیهـانی داهـاتووی لەگەڵ سـۆنیا، وەکـو یاریـیـەکی خـۆش دەهاتـه بەرچاو. بەڵام هەمان بیر کردنـەوه بـۆ ژیـانی داهـاتووی، لەگەڵ خـاتوو مـاری، بـه سـەخت

بیئەوەی به خۆی بزانێت... کەوته بەراورد کردنی ئەو دوو کچه! یەکێک لەو جیاوازیانه، هەژاری سۆنیا له لایەک و، ئەو توانا و بیرو ژیرییەی ماری هەیبوو. کـه تەنانـەت خۆیشی ئەم توانایەی ماریی نەبوو. سامانه فرەکەی خاتوو ماری و، نەبوونی له سۆنیادا.

کەوتـه ئـەو بەراوردانـه و، دواتـر پرسـی ئـەوەی لـه خـۆی کـرد، کـه بـۆ دەبێت ئـازاد و دەستکراوه نەبێت؟ چۆن خۆشەویستیی خـۆی بـۆ ئاشـکرا بکات؟ ئـاخر چـۆن سـۆنیا بکاتـه هاوسەری خۆی؟ ئەو بەراورد و تێکەڵکردنی وێنایانه بێزاری کرد. تابلۆی ژیانی داهاتووی خۆی، لەگەڵ سۆنیادا ڕوون و ئاشکرا و سـاکار بـوو. چونکه هـەموو شتەکانی لـه بـارەی کچه ئامۆزای خۆیەوه دەزانی. بەڵام داهاتووی لەگەڵ خاتوو ماریـیدا، بـۆ وێنـا نـەدەکرا و، هەرچەندی دەکرد و دەکۆشا، هیچی لێ تێنەدەگەیشت. بگره جاروبارێک، لێی دەترسا.

بیـر کردنـەوەی لـه جیهـانی داهـاتووی لەگەڵ سـۆنیا، وەکـو یاریـیـەکی خـۆش دەهاتـه بەرچاو. بەڵام هەمان بیر کردنـەوه بـۆ ژیـانی داهـاتووی، لەگەڵ خـاتوو مـاری، بـه سـەخت

دەهاتە پێش چاو و، بگرە بڕێک ترسناکیش بوو بەلایەوە.

بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەرێ ئەوە چۆن نوێژەکەی دەکرد! ڕاستە دەڵێن نوێژ، شاخ دەگوێزێتەوە. نوێژی خاتوو ماربیش پەسەندکرا و بوو. باشە ئەی بۆچی منیش داوای پێداویستییەکانم لە خوا نەکەم؟ بەڵام ئاخۆ پێویستییەکانی من چی بن!؟ بپارێمەوە تا دەستکراوە بم؟ یان بپارێمەوە، دەستم لە دەستی سۆنیا ببێتەوە!؟ ئەمانەیش لێم ڕوونە کە لە خەم و خەفەت بەولاوە، هیچی تریان بە دواوە نییە! یان ئەو بە دواداهاتنەی ئابووریی بنەماڵەکەمان؟ یان خەمی دایە؟... ئەمانە بۆ خۆیان، خەم و خەفەتن... ماندووکەرن... ماندووکەرا! پاشان لە ڕاستیدا لە ناخەوە ئەوم خۆش ناوێت. نەخێر! وەکوو پێویست خۆشم ناوێت. ئای! خوایە گیان! لەم بیری خەم و پەژارە و، کێشە تۆقێنەرانە، دەرم بێنە!"

لە ناکاو بێ ویستی خۆی، بە خۆی وتەوە:

"بەڵێ بڕوابوون، کێو دەگوێزێتەوە! بەڵام دەبێت دڵیش پارای بڕوابوون بێت. وەکوو ئەو نوێژە نەبێت، کە ئێمەومانان دەیکەین. لەوەی خۆم و ناتاشا دەیکەین. لەو نوێژەی سەردەمی منالیی هەردووکمان و، سادانە دەپارایەوە کە خوا بەفری ناو شارمان بۆ بکات بە شەکر! دوای نوێژەکەی کڵێسەمان: هەردووکمان ڕامان دەکردە دەرەوە، تاکو بزانین بەفرەکە بووەتە شەکر!؟ نەخێر نابێت پارانەوەی ئێستا، وەکو ئەو دەمەی منالیم وابێت.

بەو شێوەیە نیکۆلا ڕۆستۆف، خۆی دەدواند و، سەبیلەکەی دەخستە لالێوی و، پەنجەکانی دەستی لە پشت خۆیەوە ئاڵشت دەکرد و، دەهات و دەچوو و، تابلۆی کەسە پیرۆزەکانی دەهێنایەوە بەرچاوی خۆی. پاشان ئەو نوێژەی کرد، کە لە مێژ بوو، نەیکردبوو و، فرمێسک کەوتە گۆشەی چاوانی. کاتێک لاڤرۆشکای خزمەتکار، بە خۆی و کۆمەڵێک کاغەزەوە، هات، ئەم خەریک بوو بگری.

نیکۆلا ڕۆستۆف، بە پەلە باری دانیشتنەکەی خۆی گۆڕی و هاواری کرد:

"هەی گێلە... کەس ڕێی پێ نەدابووی، ئەوە چۆن وا خۆت بە ژووردا کرد؟"

لاڤرۆشکایش بەساردێکەوە وتی:

"ئەم کاغەزانە لای حاکمەوە هاتوون. پۆستە هات و ئەم دوو نامەیەی تۆی تێدابوو."

نیکۆلاش ووتی:

"زۆر باشە! بمدەرێ و سوپاس.. ئیدی دەتوانیت بڕۆیت."

کە دوو نامەکەی لێ وەرگرت. سەرنجیدا و، دەست و خەتەکانی ناسییەوە و زانیی، یەکێکیان لە دایکیەوەیە و، نامەکەی تریش، لە سۆنیاوەیە.

لە پێشدا نامەکەی سۆنیای کردەوە. دێڕە سەرەتاکانی خوێندەوە و، زەرد هەڵگەڕا و چاوانی ئەبڵەق بوو.

ترس و خۆشی کەوتە دڵییەوە و، بە دەنگی بڵند وتی:

نەخێر! وا نابێت!

بەژووڕەکەدا کەوتە هاتوچۆ و، خوێندنەوەی نامەکە. ئەم دیوی نامەکەی گرت و، کەوتە تەواو کردنی خوێندنەوەکەی. دیسان خوێندنییەوە. پاشان لە جێی خۆی و، بە پێوە وشک بوو و، دەمی داچەقاند و، چاوانی ئەبڵق بوو!

خۆ ئەوەی کەمێک لەمەو پێش، بۆی پاڕابووەوە، خوا پەسەندی کردووە! بۆیە بە تووندی سەرسام بوو! ئەمە شتێکی تێدایە و، دەبوو چاوەڕوانی ئەمە بوایە. بەڵام ئەم پەسەند کردنەی نزاکەی و، بەو خێراییە، وای کرد هەر بە ڕێکەوتی دابنێت. ئەو گرێ کوێرە ئاڵۆزەی کە نەدەکرایەوە، دەست والایی و، ئازادیی نیکۆلا بوو. کەچی وا هەر لە خۆیەوە و، بە هۆی ئەم نامە چاوەڕوان نەکراوەوە، کە لە سونیاوە بۆی هاتبوو، کرایەوە!

لەو نامەیەدا هەواڵی ئەوەی بە نیکۆلای دابوو، کە کارەساتەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی و، لە دەستدانی ئەو هەموو شتومەکەی نێو ماڵ، بە هۆی ڕەو کردنەوە لە مۆسکۆ و، ئەو زیانە زۆرەی لێمان کەوت و، ئەو ساردییەی ئەم ڕۆژانەی دوایی: وای لێ کردووم، کە لەو پەیمانەی بە منت دابوو: تاکوو هاوسەرگیریم لەگەڵ بکەیت، دەستت والا بکەم و، ڕزگار ببیت. ئەوە زۆر ئازارم دەدات، ئەگەر بێت و، ببمە هۆی خەم و خەفەت و ساردی، بۆ خێزانێک کە لە هەموو ڕوویەکەوە، خۆم بە قەرزاربارییان دەزانم! پاشان هەموو عیشقەکەی منیش، بەختەوەر کردنی ئەو کەسەیە، کە خۆشمدەوێت. لەبەر ئەوە تکات لێ دەکەم دەستت کراوە بێت، ئازاد بەو، هەرچەندە کەسێکی تریش نادۆزیتەوە بە هێندەی سۆنیاکەی خۆت، تۆی خۆش بوێت، خۆت بە منەوە مەبەستە.

هەردوو نامەکە لە ترۆپیتساەوە دەرچووبوو. نامەکەی کۆنتیسی دایکیشی باسی لەو دوو ڕۆژە دەکرد، کە لە مۆسکۆ بەسەری بردبوو و، باسی سەفەرەکەی و، سوتاندنەکەی مۆسکۆ و، لە دەستدانی شتومەکی ماڵەکەی تێدابوو. هەر لەو نامەیەدا نووسیبووی، میر ئاندریە و پێکراوانێکی زۆر، لەگەڵیاندا سەفەریان کردووە و، میر ئاندریە برینەکانی زۆر مەترسیدارە. بەڵام پزیشکەکەی لە سەر ئەوە سوورە، کە میر ئاندریە هەر چاک دەبێتەوە. سۆنیا و ناتاشایش، هەر خەریکی تیمار کردنی ئەون. ڕۆژی دواتر نیکۆلای ڕۆستۆف، نامەکەی دایکی برد و، چووە سەردانی ماری، هەرچەندە نە خۆی و، نە ئەویش، لە سەر ئەوەی کە نووسرابوو: 'ناتاشا تیماری دەکات' هیچ قسەیەکیان نەکرد، بەڵام بە هۆی ئەو نامەیەوە، هەردوکیان هەستیان بە نزیک بوونەوەیەکی باشتر و، بگرە هەستیان بە خزماتییش کرد. لە یەک و، ڕۆژی دواتر، ماری لە سەفەرەکەیدا بۆ یارۆ سلاڤل، ڕۆستۆڤی شوێن خۆی خست و، دواتریش ڕۆستۆڤ، خۆی گەیاندەوە فەوجەکەی خۆی و، پەیوەندیی پێوە کردنەوە.

بەشی هەشتەم
هۆیەکانی نامەکەی سۆنیا

ئەمەش چۆنییەتیی، نووسینی ئەو نامەیەی، کە سۆنیا، لە ترۆییستاوە، بۆ نیکۆلا ڕۆستۆڤی ناردبوو و، ئاواتەکەی ئەوی تێدا هێنایەدی. بیرۆکەی ئەوەی کە کۆنتیسە کوڕەکەی خۆی ببینێت، کچێکی دەوڵەمەند مارە بکات: ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، لای کۆنتیسەی دایکی نیکۆلا، گەشەی دەکرد و، بیریشی هەر بەلای ئەوەوە بوو، کە سۆنیا ڕێگریی نەهاتنەدیی، ئەم ئاواتەیەتی.

لەو ڕۆژانەی دواییدا و، دوای ئەو نامەیەی نیکۆلا بۆی ناردبوون و، تێیدا ناسینی خاتو ماریی لە بۆگۆتشارۆڤۆ، بۆ باس کردبوون و، ئەو میراتە زۆرەی ئەو کچە کە لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە، پەژارە و بێزاریی زۆری، لای سۆنیا دروست کردبوو. چونکە دەیبینی کە دایکی نیکۆلا، چۆن هەلەکان دەقۆزێتەوە، بۆ سەرکۆنە کردنی ئەو کچە بێدەسەلاتە و، هەمیشە خەریکی بێزار کردنی دەبێت و، هەستی بریندار دەکات.

چەند ڕۆژێک پێش جێ هێشتنی مۆسکۆ، ئەم کۆنتیسەی کە ڕووداوەکە بیروڕایەکانی قڵپ کردبووەوە، سۆنیای بانگ کردە لای خۆی و، لێی پارایەوە، کە بۆی بسەلمێنێت بە وەفایە بۆ ئەو یارمەتیانەی، کە بۆ بنەماڵەکەی ئەو داویانە... بەوەی نامەیەک بۆ نیکۆلا ڕۆستۆف بنووسێت و، تێیدا پەیمانی شوو کردنەکەی بە نیکۆلا و، ئەو پەیوەندییەی نێوانیان هەل بوەشێنێتەوە.

پاشان پێی وتبوو:

ئاسوودە نابم، تاکو ئەو پەیمانەم نەدەیتێ!

سۆنیای داماویش فرمێسکەکانی هێرشیان بۆ هێنا و، ماوەیەکی باش، بۆ خۆی گریا. پاشان بە دەم گریانەوە، پەیمانی بە کۆنتیسە دا، کە چۆنی پێخۆشە وا بکات. بڕیاری دا کە لە پێناو بەختەوەریی ئەم خێزانەدا، کە تێیدا پەروەردە بووە و بە خێو کراوە، هەموو قوربانییەک بدات. هەرچەند دەیشیزانی کە لە ناخەوە، ئازاری زۆر دەچێژێت و، ئەمەی دەیکات، بریێک لە ناخیدا پێک دێنێت، کە هەرگیز ساڕێژ نابێتەوە. ئێ خۆیشی هەمیشە خەریکی قوربانیدان بووە، لە پێناوی کەسانی تردا. تێگەیشت هەر هێندە دەتوانێت، کەسایەتیی خۆی و بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت.

خۆ گرتنەوەی لە حەزەکانی، بە کارێکی ئاسایی و سروشتی دەزانی و، هەرکاتێک پێی لە حەزێکی خۆی دەخشاند و، دەیکردە قوربانییەکی تر، لە قوربانییەکانی... دڵی خۆی بەوە خۆش دەکرد: کە رەوانی خۆی مەزنتر بووە و، لە خۆی رازییە و، خەڵکییش لێی رازین و، زیاتر بە لای نیکۆلاوە پەسەند دەبێت و، شایستەترە بۆ ئەو نیکۆلایەی کە بە لایەوە، لە هەموو کەسێک لەم دنیایەدا، خۆشەویستترە بە لایەوە.

بەڵام قوربانییەکەی ئەمجارەی، پشت کردنە ئەو ئامانجەیە، کە هەموو قوربانییەکانی پێشووی، لە پێناوی ئەودا داوە! دابڕانە لە پاداشتی قوربانییەکانی. دابڕانە لە هەموو شتە بەهادارەکانی ژیانی!

هەستی بە تاڵاو کرد، بەرامبەر ئەو هەموو خەڵکەی کە چاکەکانیان لە خەم و پەژارە بەو لاوە، هیچی تریان پێ نەبەخشیوە. هەستی بە ئیرەیی کرد بە ناتاشا، بە ئەوی کە هەرگیز تاڵاوی لەو جۆرەی ئەوی نەچەشتووە و، ناچاریش نەبووە قوربانی بە حەزەکانی خۆی بدات، لە پێناو خەڵکانی تردا.

بەڵکو دەوروبەرەکەی ناچار کردووە، کە لە پێناوی ئەودا قوربانی بدەن. کەچی هەمیشە خۆشەویست و نازداری دەوروبەرەکەیشی بووە!!

ئەوە یەکەمجاری بوو، سۆنیا هەستی کرد ئەو خۆشەویستییە ئارامە پاکەی گۆڕدراوە، بە عیشقێکی پڕ سەرکەشی و، بزێوی و، سنووربەزێنیی بیرۆ ژیری و ئایین! بۆیە بە قسەی کۆنتیسەی کرد و، هەموو هەست و خۆشەویستی خۆیی پەنهان کرد و، هیچی لە لای کۆنتیسە نەدرکاند و، لە دڵی خۆیشیدا، بڕیاریدا، هەر کە گەڕایەوە و، دەستی پێبدا گەیشت، بێ سڵ کردنەوە داوای لێ دەکات مارەی بکات و، کۆتایی بە کێشەکە بێنن و، هاوسەرگیریی خۆیان، بکەن.

ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی، مانەوەی بنەماڵەی ڕۆستۆڤ و، ئەو چەند ڕۆژەی دوایی و، باری مۆسکۆیە، سۆنیای نوقمی پەژارە کرد و، هێندەی تر ئاسۆی لێڵا و تاریک بوو. ئەو خۆ سەرقاڵ کردنەیشی، بە ئیش و کاری ماڵەوە، تەنیا شتێک بوو کە پەنای بۆ دەبرد، تاکوو لە بیر کردنەوە و، خەم خواردنی دوور بخاتەوە.

بەڵام هەر بەوەی کە بۆی دەرکەوت، میر ئاندریە لێرەیە، لەگەڵ ئەو بەزەیی هاتنەوەیەی بەو و ناتاشادا، ئەو هەستەی لا دروست بوو، کە خوا نایەوێت لە نیکۆلا دوور بکەوێتەوە. سووڕ دەیزانی ناتاشا میر ئاندریەی خۆش دەوێت و، کۆڵی لێ نادات. ئەوەیشی دەزانی کە یەکتر بینینیان و، ئا لەم بارودۆخە مەترسیدارەدا هێندەی تر یەکتریان لە لا خۆشەویست دەبێت.

ئیدی نیکۆلا بە هۆی ئەم خزمایەتییە نوێیەوە، کە میر ئاندریە دەبێتە زاوای، ناتوانێت خاتوو ماریی خوشکی، مارە بکات. ئەوەیش کە زانراوە بە گوێرەی ئاینیی ئەرسۆدۆکسی و، لای خەڵکەکە، حەرامە هاوسەرگیری لە نێوان برای ژن و خوشکی مێرددا، بکرێت و، شەرع ڕێ نادات.

لەگەڵ ئەو هەموو شتە خراپانەی، لە سەفەرەکەیاندا چاوەڕوان دەکرێت ڕوو بدەن. بەڵام بڕوا بوون بەوەی: قەدەری خوایی لە پێناو دەستوەردان لە کاروباری سۆنیادا لە ئاردایە، دڵخۆشی دەکرد.

لە قۆناغی یەکەمی سەفەرەکەدا، بنەماڵەی ڕۆستۆف، لە کڵێسەی "سلالون ـ تیرینتیە" وەستان. لە ئۆتێلی کڵێسەکە سێ ژووریان گرت و، تێیدا مانەوە. کۆنت و کۆنتێسە بەڕێزەوە لەگەڵ ئەو سەرۆکی کڵێسەیە دەدوان، کە هاتبوو بۆ سەردانی بڕێک لە دۆستانی.

سۆنیایش هەر لەوە دەچوو لەسەر ئاگر بێت، بۆ زانینی ئەوەی ناتاشا و میر ئاندریە چی دەڵێن؟ لە دەرگاوە دەنگی هەردوکیانی دەبیست، بەڵام تێیان نەدەگەیشت.

لەناکاو دەرگاکە کرایەوە و، ناتاشا بە پەشۆکاوی هاتە دەرەوە. لە ناتاشا نزیک بووەوە، بێ ئەوەی ئاگای لە سەرۆکی کڵێسە بێت، کە لەبەری هەستاوە و بەرەو ڕووی دەچێت، تاکو پیرۆزی بکات و، بە دەستی چەپی کەوا ئاودامانەکەی خۆی گرتووە و، دەیداتەوە بە سەر دەستی ڕاستیدا. پاشان دەستی کۆنتیسەی گرت.

کۆنتیسە وتی، "هێی... ناتاشا وەرە بۆ ئێرە."

ناتاشا لێیان نزیک بووەوە و باوکەسەرۆکی کڵێسە، دەستی بە سەردا هێنا و، ئەوی پیرۆز کرد و، داوای لێ کرد، کە داوای یارمەتی لە خوا و "سێرجی پیرۆز" بکات، چونکە "سێرجی پیرۆز" لەشە مۆمیا کراوەکەی لەو کڵێسەیەدا بوو.

هەر ناتاشا لەوان دوور کەوتەوە، دەستی هاوڕێکەی گرت و، بردی و خۆیان کرد بە ژوورە چۆڵەکەی تەنیشتیاندا.

پاشان هاواری کرد:

"سۆنیا ئەوە ڕاستە؟ ئەو دەژی و نامرێت؟ سۆنیا ئای لەم بەدبەختییەیشمدا چەند بەختەوەرم! سۆنیا... ئازیزەکەم، بارو دۆخەکەمان، هەر وەکو جارانە! ئەو هەر نەمرێت. نایشتوانێت. چونکە... چونکە...ن

قوڵپی گریانەکەی گەرووی گرت.

سۆنیایش وتی:

"ئای! بەڵێ! منیش ئەوەم دەزانی! سوپاس بۆ خوا! ئەو دەژی و نامرێت!"

کاریگەریی ئەو هەواڵە، بەسەر سۆنیاوە، لەوەی ناتاشا کەمتر نەبوو. چونکە ترس و خەم و دڵەڕاوکێیەکەی، کە نەیدەوێرا لای کەس بیدرکێنێت، کەمتر نەبوو لە ترس و دڵەڕاوکێی ناتاشا. دواتر باوەشی پێدا کرد و دایە پڕمەی گریان.

وا بیری کردەوە:

گرنگ ئەوەیە کە ئەو بژی!

دوای ئەوەی هەردوکیان زۆر گریان و، زۆریشیان وت. ئەو دوو دەستە خوشکە فرمێسکەکانیان سڕییەوە و، لە دەرگای ژوورەکەی میر ئاندریەوە نزیک بوونەوە.

ناتاشا لەسەرخۆ دەرگاکەی کردەوە و، لە ژوورەکەی روانی. میر ئاندریە پاڵی دابووەوە بە سێ پشتییەوە، کە بۆی دەرکەوت هەناسەدانەکەی رێک و پێک بوو. سۆنیا دەستی ئامۆزاکەی گرت و دووری خستەوە و هاواری کرد:

"ئۆی... ناتاشا!"

ناتاشایش لێی پرسی، "ئەرێ ئەوە چیتە!؟ ئەوە چیتە؟"

سۆنیایش وتی، "ئەو هەر وایە! رێک وایە!"

ناتاشا بە هێواشی دەرگاکەی لەسەر میر ئاندریە داخستەوە و، قۆڵی سۆنیای گرت و بردیە لای پەنجەرەکەوە، بێ ئەوەی بزانێت کە ویستوویەتی چیی بڵێت.

سۆنیا بە پەشۆکاویەوە وتی:

"بیرت ماوە، ئەو دەمەی کە لە ئۆترادنوای بووین و، ئێوارەی سااڵیادی لە دایکبوونت بوو، کە ئاوێنەکەم بۆ گرتیتەوە و، داهاتووتم خوێندەوە. ئەها پێم وتیت کە میر ئاندریە دەبینم ڕاکشاوە و نەخۆشە!

ناتاشا ئەبلەق بوو و وتی:

"بەڵێ! بەڵێ!"

سۆنیا لە سەری ڕۆیشت:

"بیرتە؟ ئەو کاتە ئەوم بینی و، ئەمەیشم بە هەموو خەڵکەکە و، بە تۆ و، بە دنیاشایش وت، کە لە سەر جێگا ئەوم بینیوە. "کە ئەم قسانەی دەکرد، ددانی بە وشەکاندا دەنا و، لەگەڵ هەر رستەیەکدا دەستیشی دەجوڵان."

"لەسەر جێگە و نوێنەکەی خۆی، ئەوم بینی و، چاوانی نیشتبوون و، بە پۆشەرێکی گوڵگوڵیی، داپۆشرابوو. ئەوەتا ئێستاش هەر ئەو پۆشەرە گوڵگوڵییەی بە سەرەوەیە! "

چونکە ناتاشا ئەوەی ئەو ڕۆژەی بیر کەوتەوە، کە سۆنیا ئەوەی پێ وتبوو. بە تایبەتی

باسی ئەو پۆشەرە گولّگولّییەی کە کاتی خۆی پێی وتبوو، هاواری کرد!!

هاواری کرد:

"بەلێ! بەلێ! گولّگولّی بوو، راست دەکەیت!"

پاشان پرسیی:

"جا ئەمە چ واتایەک دەگەیەنێت؟"

سۆنیایش سەری خستە نێو هەردوو دەستییەوە و وتی:

"ئۆو! منیش هیچ لەو بارەیەوە نازانم! بەڵام سەرنجکێشە!"

دوای چەند خولەکێک میرئاندریە لە زەنگی دا و، ناتاشا چووە ژوورەوە و، سۆنیایش لە بەر پەنجەرەکەدا مایەوە و، لەو رێکەوتە سەرسوڕهێنەی دەکوڵییەوە و، هێشتا هەژانی وای بە خۆوە نەدبینی بوو.

هەر لەو رۆژەدا نامەی خەڵکەکە دەنێردرا بۆ سوپا و، لێیان وەردەگیرا. کۆنتیسە کەوتە نووسینی نامە بۆ کوڕەکەی.

هەر کە سۆنیا لێی نزیک بووەوە، نووسینەکەی وەستاندو وتی:

"سۆنیا! سۆنیا! دەتەوێت شتێک بە نیکۆلا بڵێیت؟"

سۆنیایش لە چاوە ماندووەکانی ئەودیو شوشەی چاویلکەکەیەوە، ئەوەی خوێندەوە کە دەیەوێت بزانێت: ئەم چی بە نیکۆلا ڕۆستۆڤی کوڕی بڵێت. پارانەوە و ترسی ڕەتکردنەوەی پێوە دیار بوو. دواتر ئەو رق و کینەی، کاتێک ئەو داواکەی ڕەت بکاتەوە.

سۆنیا چووە بەردەمی و بە چۆکدا هات و، دەستەکانی ماچ کرد و وتی:

دایە هەر ئێستا بۆت دەنووسم.

سۆنیا کاریگەریی ئەم شتانەی دوایی پێوە دیار بوو. بە تایبەتی کارەساتەکەی دوێنێی بەوەی پووری داوای لێ کردبوو، بەرامبەر نیکۆلا بیکات. ئەم ئەوەیشی بیر خۆی هێنایەوە، کە ناتاشا و میر ئاندریە یەکیان گرتووەتەوە و، گەر خوا کردی، هەردوکیان هاوسەرگیری دەکەن.

ئەوا نیکۆلا ڕۆستۆڤ خاتو ماریی لێ حەرام دەبێت و، ئایین رێی پێ نادات مارەی بکات. بۆیە نامەیەکی وای بۆ نیکۆلا ڕۆستۆڤ نووسی کە سەرسامی کرد و، چەند جارێکیش بە دەم نامەنووسینەکەوە، فرمێسکی چاوە ڕەشەکانی سڕییەوە.

بە هەموو ژیریی خۆیشییەوە، پێی وابوو کارێکی پاڵەوانانە دەکات!

بەشی نۆیەم
لێپرسینەوەی یەکەم

هەرچەند لە بنکەی پاسەوان و، دوای گرتن و راپێچ کردنەکەی پییەر، ئەفسەر و سەربازەکان هەڵس وکەوتی دوژمنیان لەگەڵ دەکرد. ناوەناوەیش، لایەکیان لێ دەکردەوە. دیاربوو کە هەرچەند شەڕیشی لەگەڵ کردبوون، بەڵام ئەوان ترسی ئەوەیان بوو، ئەم پییەرە، کەسێتییەکی بااڵی هەبێت.

بەڵام بەرەبەیانی رۆژی دواتر، پاسەوانەکان گۆڕدران و، ئەمان هەڵس وکەوتیان زۆر لە وانەی دوێنێ باشتربوو، لەگەڵ گیراوەکان. ئەو پیاوە کەتە زەبەالحەی، پاڵتۆیەکی الدێیانەی لەبەردابوو، بە الیانەوە کەسێک بوو، کە بۆکسێنی لەگەڵ تاڵانچییان کردووە و، ئێستا ژمارە (١٧) ئەو بەندییە رووسییانەی پێدراوە، کە لە سەرکردایەتی بااڵوە، فەرمانیان بۆ دەرچوو بوو.

کەسێتیی خۆی و، ئەو زمانە پاراوە فەڕەنسییەی پێی دەدا، وای کردبوو تەنانەت فەڕەنسییەکان خۆیشیان پێی سەرسام بن! لەگەڵ ئەمانەیشدا، یەکێک لە ئەفسەرەکان، داوای ئەو ژوورە تایبەتییەی کرد، کە بە جیا ئەویان تێدا بەند کردبوو. بۆیە لەو

ژوورەیان وەدەرنا و، تێکەڵی گیراوە گومان لێکراوەکانی تریان کرد. ئەوانەی کە پییەریان تێکەڵ کرد، کەسانی رسوا و، چەورەی بازاڕ بوون. هەر کە بۆیان دەرکەوت لە خانەدانە نەجیبزادە و ئاغاکانە، ئا بەو جۆرەیش زمانی فەڕەنسی دەزانێت، خۆیان بە دوور دەگرت لێی. ئەمەیش ئازاری پییەری دەدا.

رۆژی داتر بۆی دەرکەوت، کە ئەم هەموو گیراوانە و بە خۆیشیەوە، بە تاوانی ئاگر خستنەوە گیراون. رۆژی دوای ئەو رۆژەیش، هەموویان بەرەو ئەو خانووە راپێچ کران، کە ژەنەرالێکی فەڕەنسیی سمێڵ چەرمووی تێدا بوو، لەگەڵ دوو سەرکردە و، چەند فەڕەنسییەکی قۆڵا بە قردێلە.

پییەریش وەکوو ئەوانی تر، بە شێوازێکی روون و، ئەو شێوازەی کە کەسانێک پەیڕەوی دەکەن، دوورن لە هەستە مرۆڤانەکانەوە.

پرسیاران: ئەو کێیە؟ بۆ کوێ دەچوو؟ مەبەستی لەوە چی بوو؟... هتد.

ئەم پرسیارانەیش فڕیان بە سەر کرۆکی بابەتەکەوە نەبوو! وایشی نەدەکرد کێشەکە رووتر بکاتەوە. وەڵامەکانیش زۆر جاران، دەبوونە پاڵپشتی فرەتری ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵیان و، وەکوو ئەو هەموو پرسیارانەی، کە دواجار تاوانبار لە تاوانەکەوە نزیکتر دەکاتەوە و، ناچاری دان پێدانانی دەکات. هەمیشە پەلەی ئەوەیان بوو، کەسەکە بیبەنەوە، سەر ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵی.

پییەر بەرەو ئەو تاوانە دەبرا کە هەموویانی پێ تاوانبار دەکرا. ئامانجیش لەو لێپرسینەوەیە، هەر ئەوە بوو. پییەر لەوەیش گەیشتبوو، کە فێڵ و فریودانەکەیان لەو لێپرسینەوانەدا، ئەو زمانە شیرینە، پڕ لە ڕێزە بوو، کە بەکاریان دەهێنا. ئەوەیشی دەزانی کە چارەنووسی بە دەست ئەو چەند کەسەوەیە و، بە زۆرو بە هێز هێناویانەتە ئێرە و، دەسەڵات لای خۆیانە و، پێویستییان بە دان پێدانانەکانی ئەمانە و تاوانبار کردنی خەڵکەکەیە.

پێشی وابوو کاری ئەوان هیچ پێویستیی بەو فڕوفێڵە نییە، کە بە کاری دێنن. گومانی تێدا نییە هەموو وەڵامەکانیش، بۆ سەپاندنی تاوانەکە بە کار دەهێنران و، بەو ئاراستەیەیش، شیکردنەوەیان بۆ دەکرد.

کە لێیان پرسی:

ئەوکاتەی ئەویان گرت: خەریکی چی بوو؟

بە شێوازێکی تراجیدیایانە لە وەڵامدا وتی:

"لەو کاتەدا منالێکم لە سووتاندن ڕزگار دەکرد!"

کەلێشیان پرسی،"بۆچی لەگەڵ تاڵانکەر و شڕەخۆران بە شەڕ هاتوویت؟"

لە وەڵامدا وتی:

"بەرگریم لە کچێک کرد. بەرگری کردن لە کچان ئەرکی هەموو پیاوێکە و..."

نەیانهێشت قسەکانی تەواو بکات. چونکە لەوێ بە دواوە، لە خزمەتی کێشەکەدا نەبوو. بەڵام لە بەرهەیوانی خانوویەکی سووتاودا چیی دەکرد؟ هەر وەکو شایەتەکان دەیانووت؟

ئەویش وەڵامی دایەوە،"بۆ ئەوە چووە، تاکو بزانێت، چی لە مۆسکۆدا روو دەدات؟"

دیسان قسەکەیان پێ بڕی و پرسییان:

"بۆچی نزیک بەو خانووە سووتاوە بووە؟"

پاشان پرسیاری یەکەمیان لێ کردەوە، کە وەڵامی نەدابووەوە: تۆ کێیت؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"ناتوانێت ناوی خۆی بڵێت!"

ژەنەرالە سمێڵ چەرمووە سووربلوەکە بە پێداگرییەوە وتی:

"ئادەی تۆمار کار، بنووسە بارەکە مەترسیدارە. بارەکە زۆر مەترسیدارە!"

دوای دەست بە سەر کردنی پییەر بە چوار رۆژ، لە نزیک دیواری زۆبۆڤەوە ئاگر کەوتەوە. بۆیە پییەر و سێ تاوانباری تریان، گواستەوە بۆ خانوویەکی بە کڕێی گەڕەکی "جی دوکریمیە".

لە کاتێکدا لە شەقامەکە دەپەڕیەوە، هەر وەختەبوو ئەو دووکەڵەی کە باڵی بە سەر هەموو مۆسکۆدا کێشابوو، بیخنکێنێت! لە سووتاندن و دوکەڵ بەولاوە، لەو شارەدا هیچی تر نەدەبینرا.

هێشتا لە گرنگیی سووتاندنی مۆسکۆ نەگەیشتبوو و، بە سەرسامییەوە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانی! لەو چوار رۆژەیدا کە پییەر لەو خانووە بە کرێ گیراوەدا مایەوە. لەوە گەیشت بە هۆی گفتوگۆی لەگەڵ سەربازە فەڕەنسییەکان، کە ئەوان رۆژ لە دوای رۆژ چاوەڕوانی ئەو بڕیارەن کە مارشاڵ بۆ ئەم دەست بە سەراگیراوانەی دەردەکات. لەو رۆژانەی پێشدووی ئەیلوولیشدا بۆ جاری دووەم دەست بەسەراگیراوەکان کەوتنەوە بەر لێ پێچینەوە و، ئەو رۆژە لە سەختترینی رۆژەکانی تەمەنی پییەر بوو.

بەشی دەیەم
لێپرسینەوەی دووەم

لە هەشتی ئەیلوولدا ئەفسەرێک هات بۆلای بەندکراوەکان، بەو شێوازە پڕ بایەخەی پاسەوانەکەدا، ئەو ئەفسەرەی، سەر بە "ئەرکانی جەنگ"ی سوپا بوو. لیستێکی بە دەستەوە بوو و، بێ ئەوەی ناوی بێنێ، ئاماژەی بە پییەر دا و، هاواری کرد: ئەی ئەو کەسەی، کە ناوی خۆی نادرکێنێت.

کەوتە بە سەر کردنەوەی بەندکراوەکان و، فەرمانیدا: با خۆیان پاک و خاوێن بکەنەوە و، پێش ئەوەی بییانخەنە بەردەستی مارشاڵ بەرگی شیاویان لەبەر بکەن.

دوای سەعاتێک، پییەر و، هەر سیازدە بەندکراوەکەی تر، ڕیزکران و درانە پێش و، بەرەو گۆڕەپانی قدیسە "شان دی ڤییرج"ی پیرۆز بران. ئەو گۆڕەپانەی کە کاتی خۆی، تەتەرە داگیرکەرەکان، فەرمانیان بە سەرخەڵکەکەدا سەپاندبوو، زێڕ زیو و، کێڕی سەر بە مۆر، وەکو سەرانە بدەن و، ئێستاش لە یادی ئەو بیرەوەرییە تاڵەدا، ئەو شوێنە ئەو ناوەی لێ نراوە.

ڕۆژێکی خۆرەتاوی خۆشی دوای باران بارین بوو، کە پییەریان دەگواستەوە لە بنکەی کەتیبەی پاسەوان و، لە دیواری زۆبۆقەوە هەڵم بەرز دەبووەوە و، هەوایش لەو ڕۆژەدا زۆر پاک بوو. دووکەڵەکانی ئەملاولایش وەکوو ڕۆژانی تر بە ئاسۆیی بە هەواکەدا نەدەکشا.

بەڵکوو ستوونی و لە ئاستی خۆیان دەچوون بە ئاسماندا. هەرچەند ئاگر لە هیچ شوێنێکەوە نەدەبینرا، بەڵام دوکەڵ مۆسکۆی داماو کردبوو. بە گوێرەی سەرنجەکانی پیەریش مۆسکۆ کاول بووبوو. کەلاوەیەکی زۆری خانووە رووخاوەکان کە بوو بوونە سەلوێنک و، چەندین تەباخ و زۆپا شکاویان تێدا کەوتبوو. ئەو هەموو دیوارە داروخاوە رەشەوەبووانە و، شتومەک بە خەڵووزبووانە دەبینران.

هەرچەند پیەر زۆر بە وردی سەرنجی دەدا، بەڵام گەڕەکێکی بۆ نەناسرایەوە. هێندە نەبێت لە هەندێک شوێندا کڵێسەکان وەکوو خۆیان مابوونەوە.

کریملنیش هیچی لێ نەهاتبوو و، رەنگی سپێتی بوورجەکانی دەبریسکایەوە. ئیڤانی مەزنیش ـ کە بە بووڕجی زەنگ ناسرابوو و، بەرزییەکەی نەوەد و حەوت مەتر بوو ـ لە نزیک گومەزی کڵێسەی "نۆڤۆ ـ دیڤیتشی" بوو و، ئەمیشیان ئەو ناوەی لە گۆڕەپانی پاکێزەکانەوە وەرگرتبوو ـ دەبریسکایەوە.

دەنگی زەنگی کڵێسەکە، لە ئاسماندا جۆرێک بوو و، بەو زەنگێدانانەدا پیەر بۆی دەرکەوت ئەو رۆژە یەکشەمەیە و، جەژنی سالیادی لە دایک بوونی مریەمی پاکیزەیە.

بەڵام ئەوەبوو ئەو رۆژە، جەژنی خەڵکەکە نەبوو و، لە کەلاوەی سووتاو و چەقە دوکەڵ بەولاوە، هیچی تر نەدەبینرا. لە نێو شارەکەیشدا جاروبارێک چەند کەسێکی شڕو شپرزە دەبینران و، جۆرێک بوون، هەر کە یەکێکیان ببینیایە خۆیان دەشاردەوە، چونکە لە فەڕەنسییەکان دەترسان! بە رووتی دیاربوو، هێلانەی رووسەکان لەبەریەک هەڵوەشاو و شپرزە بوو.

پیەر وا هەستی کرد، کە سەردەمێکی جیاواز و زۆر جیاوازی سەختی فەڕەنسییەکان بەڕێوەیە و، لە سەر دار و پەردووی سەردەمی رووس هەڵچنراوە. ئەمەیشی لە رەوتی گروپی سەربازانە و، رێکخراوەییان و رووی خۆشیانەوە بۆ دەرکەوت بوو. یان بەو دڵە خۆشەی ئەو فەرمانبەرە فەڕەنسییەی نێو گالیسکە دوو ئەسپیەی کە سەربازێک دەیئاژوو، هەی بوو.

هەر بە رەزمی ئەو ئاوازە سەربازییەدا، کە لە لای چەپی گۆڕەپانی پاکیزەیانەوە بەرز دەبووەوە، ئەو بڕوایە. بەڵکو هەر لەو کاتەیشەوە هەستی پێ کردبوو، کە ئەو ئەفسەرە فەڕەنسییەی لیستی ناوەکانی پێ بوو و، هاتبوو بەندکراوەکانی دەپشکنی.

پیەر لە لایەن سەربازە فەڕەنسییەکانەوە دەستگیر کرابوو و، لەگەڵ دەیان گیراوی تر، چەند جارێک ئەم شوێن و ئەو جێیان پێ کردبوو. دەکرا ئەویش لە نێو ئەو دەیان گیراوەدا ئاسایی بێت و، بە هێندەی ئەوان بایەخ بە کێشەکەی بدرێت... بەڵام نەخێر! ئەوەی ئەو جیاواز بوو، چونکە: ناوی راستەقینەی خۆی لەو لێپرسینەوەیەدا نەدا و، بە هۆی شاردنەوەی ناوەکەیەوە لە شوێنێکی جیاواز دانرابوو، کە لەگەڵ بەندییەکانی تردا،

پێش خۆیان دەدا. وا هەستی دەکرد وەکوو شتێکی بێ نرخ، کەوتووەتە ژێر ڕەوڕەوەی ئامێرێکی زۆر تۆکمە و سەنگینەوە.

پیەر و بەندییەکانی تریان، پێش خۆیان دا و، بەرەو لای ڕاست و گۆڕەپانی پاکیزانی نزیک بە کڵێسە. دواتر کردیانن بە خانوویەکی سپیی نێو باخێکی گەورەدا. کە ماڵی میر تشیرباتۆڤ بوو. ئەو شوێنە بوو، کە زۆر جاران پیەری بۆ هاتبووو بە قسەی سەربازەکانیش میر دیکمۆ هیلیش هەر لەو شوێنەدا، نیشتەجێ بووە. ڕاپێچی بەرەو پلیکانەکانیان کرد و، یەکە یەکە بردیانن ژوورەوە و، پیەر شەشەم کەسیان بوو.

بە دڵانە پەنجەرەدارەکەدا و، پاشان هۆڵەکە و، دواتر ڕاڕەوەکەدا بردیان و، پێشووتر پیەر هەموو ئەو شوێنانەی بینی بوو. تاکو گەیاندیانە نووسینگەیەکی میچ نزم. کە لە دەرگاکەیدا یاریدەدەرێکی سەربازی وەستابوو.

پیەر هێندە بێزار بوو، تەنیا وشەیەکیشی بۆ نەدەوترا. بەلایشیەوە داڤۆ ژەنەرالێکی فەڕەنسی نەبوو و بەس. بەڵکو بە توندوتیژیش ناسرابوو. لەوبەری ژوورەکەوە لەسەر کورسی و مێزێک دانیشتبوو و، چاویلکەکەی بە سەر لوتەوە بوو.

کە پیەریان لێ نزیک کردەوە، سەری بە سەر چەند کاغەزێکدا شۆڕ کردبووەوە و، دەردەکەوت کە بە بایەخەوە لێیان بڕوانێت.

بێئەوەی سەری بڵند بکاتەوە لێی پرسی: لە یەکەم سەرنجدا لە ڕوخساری داڤۆر...

لەو کاتەدا کە چاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەکەی بوو، وا دەردەکەوت کە پەروەردەکارێکی توندوتیژ بێت!

پیەریش لای خۆیەوە، ئەوەی دەزانی کە ڕەنگە خولەکێک دواکەوتن، لە وەڵامدانەوەی ببێتە هۆی لە دەستدانی ژیانی. لەگەڵ ئەوەیشدا خۆیشی نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتەوە.

وا بۆی چوو کە ئەگەر وەکو لێپرسینەوەی یەکەمجار وەڵام بداتەوە. ئەوە کارێکی گاڵتەجاڕ و بێ سوود دەبێت. ناوی خۆی و پێگە کۆمەڵایەتییەکەیشی ئاشکرا بکات، ئەوا ڕسوایی بە سەر خۆیدا دێنێت.

داڤۆ سەری بە چاویلکەی بڵند کردەوە و چاوێکی پێدا گێڕا و وتی:

"خۆم ئەم پیاوە دەناسم!"

موچڕکێکی سارد بە بڕبڕەی پشتی پیەردا هات و، دەتووت هەردوو گوێی نێو کەڵەمە کەوتووە، هێندە سوور هەڵگەڕابوو.

پاشان وتی:

"ژەنەرالی بەڕێز... چۆن من دەناسیتەوە؟ ئاخر من بۆ یەک جاریش تۆم نەبینیوە!"

داڤۆ پیەری وێڵ کرد و، ڕووی لە ژەنەرالێکی تر کرد و پێی وت:

"ئەو پیاوە سیخوورێکی ڕووسەکانە."

داڤۆ پشتی تێ کرد و، پیەریش هەستی کرد زمانی کرایەوە و، کەوتە گۆ، کتوپڕ

هەستی کرد کە ئەم داڤۆیە میرە و، وتی:

"نەخێر! خاوەن شکۆ نەخێر! بۆت نەڕەخساوە بمناسیت. من ئەفسەرێکی فیرقەی خۆبەخشان بووم و، هەرگیز مۆسکۆم جێ نەهێشتووە.

داڤۆ لێی پرسی،"ناوت چییە؟"

پییەریش وتی،"پیزۆخۆف."

داڤۆیش لێی پرسییەوە:

"بەچیدا دەیسەلمێنیت کە درۆم لەگەڵ ناکەیت!؟

پییەر بە زمانێک، کە زیاتر پاڕانەوە بوو، تاکو هەست کردن بێت بە سوکایەتی وتی خاوەن شکۆ!

داڤۆ سەری بڵند کردەوە و، لە پییەری روانی. ئەویش چاوی لە داڤۆ نەتروکاند. هەر ئەو کارەیشی ئەوی ڕزگار کرد لەو گومانە.

سەرنجی ئەو دووانە، بارەکانی شەڕو ڕەوایی تێدا دەخوێنرایەوە. ئەو دوو پیاوە دیسان ڕوو بە ڕوو لە یەکیان روانییەوە. لە چەند چرکەیەدا هەزاران بیرۆکە بە خەیاڵی هەردوکیاندا هات و، دواجار هەستیان کرد کە مرۆڤن و برای یەکترن.

لە یەکەم سەرنجدا و، ئەو دەمەی سەری لەسەر کاغەزەکان بڵند کردەوە، هەروەکو شتێکی ئاسایی لە پییەری روانی. دەیشیتوانی هەر لەوێدا بینێرێت بۆ لە سێدارەدان و ویژدانیشی سەرکۆنەی نەکات. بەڵام ئێستا روانینەکەی وا نەماوە و بە مرۆڤی دادەنێت!

بە ساردییکەوە لێی پرسی:

"چۆن ڕاستیی ئەو ناوەی خۆت دەسەلمێنیت؟"

پییەریش دو ڕامبالی سەرکردەی فەڕەنسیی بیری ئەو هێنایەوە و، فەوجەکەی و، ئەو شەقامەی ماڵی ئەوی لێیە.

داڤۆ دووبارەی کردەوە:

"ئەوە یەکەمجار نییە کەسێک بە ناوێکی ترەوە خۆی بناسێنێت."

بۆیە پییەریش کەوتە هێنانەوەی بەڵگەی فرەتر، بۆ ڕەوایی ناوەکەی. لەو کاتەدا یاریدەدەرێکی سەربازی هات و، شتێکی بە داڤۆ وت. هەواڵەکە داڤۆی خۆشحاڵا کرد و، خۆی ڕێکخستەوە و، بێئەوەی گوێ بە پییەر بدات، هەڵسا و ڕۆیشت. پێش ئەوەی بڕوات، پییەریان بیر خستەوە.

ئەویش بڕۆکانی یەک هێنایەوە و، سەیرێکی تری کردەوە و، فەرمانیدا، بیبەن. بەڵام بۆ کوێی ببەن؟ پییەر خۆیشی نەیدەزانی. ئاخۆ بۆ شوێنە کۆنەکەی دەبەنەوە؟ یان بۆ ئەو شوێنەی سێدارەی لێیە؟ ئەو شوێنەی کە لە گۆڕەپانی پاکیزانەوە، پیشانیان دابوو. لای کردەوە. یاریدەدەرە سەربازییەکە لە داڤۆی پرسی.

ئەویش وتـی:

بەڵێ! بێگومان وایە!

بەڵام ئاخۆ ئەو "بەڵێ"یە چی بگەیەنێت؟

هیچی لە بارەی ئەو کاتەی پرس و جۆی لێ کرابوو و، ئەو شوێنەی ئەوێان بۆ دەبرد، بیر نەمابوو. بە جۆرێک وڕ بوو بوو، کە هەستی بە دەوروبەرەکەی خۆیشی نەدەکرد و، توانای قسە کردنیشی نەمابوو. هەر هێندەی لەسەر بوو، کە پێویست بە رۆیشتن بکات و، پێ بەر پێ بنێت...

کـە هـەموویان وەسـتان... ئـەویش وەسـتا. تـەنیا یـەک بیرۆکـە بـە میشـکیدا دەهـات و دەچوو. ئەویش وەڵامی پرسیاری ئاخۆ ئەوە کێ بێت فەرمانی سێدارەی بە سەردا دراوە؟

بێگومـان ئـەمان لەوانـە نـەبوون، کـە یەکـەمجار لـێ پێچینـەوەیان لەگەڵ کـرد. نـەخێر کەسـێکیان ئـەو فەرمانـەیان نەدەویسـت! توانـای دەرکردنـی فـەرمانی لـە سێدارەدانیشـیان نەبوو. خۆ داڤۆیش بـە رق و کینـەوە لێی نـەڕوانی بـوو. ئای... گـەر لێپرسـینەوەکەی داڤۆ یەک خولەکی تریشی بـە دەمـەوە بدایـە، تێدەگەیشت کە ئەوان هەڵـەن لـەو تـاوان خسـتنە پاڵەی پییەر.

تەنانـەت یاریـدەدەرە سـەربازییەکەیش خراپـەی ئـەوی نەدەویسـت. بـەڵام خۆ دەیتـوانی نەیەتـە ژوورەوە. کـەوابوو کامیـان کوشـتنی ئـەویان دەویسـت؟ کێ دەیویسـت لـە هیـوا و ئاوات و حەزەکانی لە ژیان بێبەشی بکات.

پاشان پییەر وا هەستی کرد، کەسێک نەبووە لەوانـەی لێپرسـینەوەیان لەگەڵ کرد بـوو، کە تێداچوونی ئەویان بوێت. یاسای چەسپاو بوو، فەرمانی کوشتنی بەسـەر پییەردا دابوو.

ئەو یاسایەیە لە ژیان بێبەشی دەکات. هەر ئەویش لە ناوی دەبات.

بەشی یازدەیەم
لە سێدارەدان

بەندییەکان لە خانووەکەی میر تشیرباتۆقەوە بەرەو خواروی گۆڕەپانی "پاکیزان" و لای چەپی کڵیسەکە ڕاپێچ کران. لەوێش باخێکی سەوزی لێ بوو کە ستونێکی تێدا چەقێنرا بوو.

لە پشت ستوونەکەیشەوە، چاڵێکی گەورە هەبوو و، بە دەوریدا لاوانەیەکی گڵا و خۆڵە، هەڵدرابووەوە. لەوێش خەڵکێکی فرە، لە شێوەی نیوە بازنەیەکدا کۆ بوو بوونەوە. بڕێکیان ڕووسی بوون و، بڕێکیش لە سەربازە بێکارەکانی، سەر بە سوپای فەڕەنسی بوون و، ئەڵمانی و ئیتاڵی و فەڕەنسیی جل وبەرگ جیاوازبوون.

فیرقەیەکی فەڕەنسی لای ڕاست و چەپی مێخێکەوە وەستابوون و، بەرگیان شین و، قردیلەی سوور بە سەر شانەکانیانەوە بوو. بەندییەکان بە گوێرەی لیستی ناوەکان ڕیزکرابوون.

پییەر شەشەمین کەس بوو. پاشان بەرەو ستوونە چەقیوەکەیان بردن. لە ناکاو لە هەموو لایەکەوە، دەنگی تەپڵ بەرز بووەوە. پییەر ڕاچڵەکی و، پێی وابوو، دڵی لەت لەت دەکەن. هەموو بیرو هۆشی لە کار کەوت و، تەنیا گوێ و چاوی لە کاردا بوون. تەنیا ئارەزوویشی کۆتایی هاتن بوو، بەو مەینەتییەی تێی کەوتووە و، بڕانەوەی ئەو ترس و بیمە بوو، کە خەریک بوو، جێبەجێ دەبوو. لەگەڵ ئەو هەموو خەمەیشیدا، لە ڕوخساری هەموو بەندییەکانی هاوڕێی ڕوانی.

دوانی پێشەوەیان، سەریان سفر کرابوون و، لەو بەندیانە دەچوون، کە فەرمانی کاری گرانیان بە سەردا سەپابێت. یەکەمیان دریژێکی باریکەلە بوو. ئەوی تریان تووکنێکی گەنم ڕەنگی لووت پان بوو.

سێیەمیشیان خزمەتکارێکی چل ساڵانەی لاجانگ سپی بوو. پێوەی دیاربوو کە خواردە و بووە بووە. چوارەمیش لادێییەکی جوانی، ڕیش لاکێشەیی تەنک و چاو ڕەش بوو.

پێنجەمیشیان کوڕێک بوو، لە هەڕەتی لاویدا بوو و، هەژدە ساڵانی تێنەپەڕاند بوو. زەردباوێکی لاواز بوو و، بەرگێکی باڵاپۆشی لەبەردابوو.

پیاوە گوێی لە فەڕەنسییەکان بوو، لەوەیان دەپرسی، کە ئاخۆ چۆن حوکمەکەیان بە سەر بەندییەکاندا جێبەجێ بکەن؟ یەک یەک... یان دوو دوو؟

جوولەیەک کەوتە، نێو سەربازانەوە و، دیاربوو کە پەلەیان بوو، لە بەجێ هێنانی کارەکەیاندا. لە پەلە کردنی ئەو کەسانە نەدەچوو، کە کارێکی گرنگ جێبەجێ بکەن! بەڵکو پەلە کردن بوو، لە کارێکی قێزەون و نەفرەت لێ کراو.

فەرمانبەرێکی فەڕەنسی، لای ڕاستی ڕیزی بەندکراوەکانەوە وەستا و، فەرمانەکەی بە زمانی ڕووسی و فەڕەنسی خوێندەوە. ئەفسەرەکە ئاماژەیەکی دا و، چوار سەرباز هاتنە دەرەوە و، هەر دوانیان ئەملاولای بەندکراوێکیان گرت.

لە سەرەتای ڕیزەکەوە، دەستیان پێ کردبوو. بە بەستنەوەی دوو بەندکراوەکە بە ستوونەکەوە بارودۆخەکە هێور بووەوە. ئەو دوانە لە کاتی هێنانی گونییە خۆڵەکاندا، سەرنجێکی یەکتریان دا و بە دەوروبەری خۆیانیاندا ڕوانی و، وەکوو ئاژەڵێکیان لێ هاتبوو، کە چاوەڕوانی هاتنی ڕاوچی بکات.

یەکێکیان خاچێکی لە سەر سنگی خۆی کێشا و، ئەوی تر خەریکی پشت خوراندن بوو و، بزەیەکی تەریقی و بێدەسەڵاتی، بە ڕوخساریەوە دەبینرا.

دوو سەربازەکە هاتنەوە و، چاویان بەست و، گونییەکەیان بەسەردا کرد و، زۆر بە پەلە، دوانزە سەرباز لە ڕیزەکە هاتنە دەرەوە و، بە یەک ڕەزم هەنگاویان هەڵ دەهێنا و، هەشت هەنگاوێک دوور لە ئەولای ستوونەکەوە وەستان، کە دوانەکەی پێوە بەسترا بووەوە.

پیاوە ڕووی وەرگێڕا، تاکوو کارەکەیان نەبینێت. کتوپڕ نالە هات و، بە لای پیاوەوە لە گەورەترین هەورەبروسکە بەهێزتر بوو! دواتر کەوتەوە ڕوانین. دووکەڵێکی فرە و، زەردهەڵگەڕاویی، ڕوخساری فەڕەنسییەکانی بینی.

دەستیان دەلەرزی و، ڕوویان کردە چاڵە گەورەکە و، لە کەناریدا وەستان. پاشان دوو بەندیی تریان هێنا. ئەم دوانەیش وەکوو دوانەکەی تر، لە دەوروبەری خۆیان ڕوانی و، بڕوایان بەوە نەدەکرد و، تێی نەدەگەیشتن بۆچی ئەوەیان بە سەر دێت! چونکە ئەوان بۆیان نییە، لە بەهای ژیانیان، دابماڵن.

دیسان پیاوەر، ڕووی لە ستوونەکە وەرگێڕایەوە، تاکوو کارەساتەکە نەبینێت. ئەمجارەیان نالەیەکی وا هات، کە پەردەی گوێی دەدڕی.

پیاوەر دیسانەوە تەقینەوەکە و، دوکەڵ و، خوێن و ڕوخساری پەشۆکاوی

فەرەنسییەکانی بینییەوە، کە چوونــەوە سەر کەناری چــاڵە گەورەکەی بە دەوروبەری ستوونەکەدا بوو، شانیان لە شان دەسوو و، دەستیان دەلەرزی.

پییەر کەوتە هەناسەبڕکێ و، وەکو ئەوەی لە خۆی بپرسێت،"دواجار هــەموو ئەمانەی روو دەدەن چین!؟" روو بە ڕووی روانینی هەر کەسێکی دەوروبەری دەبووەوە، هــەر ئــەو پرسیارەی هــەبوو! لــە روخســاری ئامادەبووانــدا، هــەر لــە ســەربازە ڕووســییەکانەوە، تــا فەرەنسییەکان و، هەر هەموو روخسارەکان... هەر ئەو زەندەقچوونە و، ئەو ترس و بیمــە و، ئــەو خەباتــە بــوو، لــە پێنــاو مانــەوەدا! پاشــان پییــەر لــە خــۆی پرســییەوە،"ئاخۆ کێ لــەم کارەساتە بەرپرسە!؟ کێ!؟ ئەوەتا خۆ ئەوانیش بە هێندەی من پــەژارە دەخۆن!"

یەکێکیان هـــاواری کرد:

"تیرهاوێژانی سریەی هەشتا و شەش، بۆ پێشەوە!"

پێنجەم بەندیی، تەنیشت پییەری وەستاویانەوە هێنا و، پییەر نەیدەزانی کە خۆی و ئــەو بەندییانەی دوای خۆیین لە ریزبەندییەکەدا، رزگاریــان بووە و، ئیدی ڕاپێچی ئــەو ستوونە ناکرێن. تاکوو فەرمانی لە سێدارەدانیان لەسەر جێبەجێ بکرێت! بۆیە بە ترسێکی فرەترەوە لە کارەساتەکەی روانی.

پێنجەم بەندیی کرێکارە، کراس ئــاودامانەکە بــوو. هــەر کــە دەستیان بۆ بــرد. خــۆی بــە پییەردا هەڵواسی. ئەویش پاڵی پێوەنا و، وێستی لە خۆیی دوور بخاتەوە.

کرێکارەکــەیش دەیمرخانــد و، لەگــەڵیان نەدەڕۆیشــت. ناچــار دوو ســەربازەکە چوونــە بندەستییەوە و، هەر بــە ڕاکێشان بردیان. کە بــە ستوونەکەیانەوە بەستەوە بێدەنگ بــوو، چونکە لەوە دەچوو لە بارودۆخی خۆی گەیشتبێت. کە گەیاندیانە لای ستوونەکە. چاوەڕێی بەستنەوە بوو و، وەکو ئــاژەڵێکی بــرێندار لە دەوروبەری خۆی دەڕوانی.

پییــەر ئــەمجارەیــان نــەیتوانی ڕووی وەربگێڕێت، تــا کارەســاتەکە نــەبینێت. کاریگــەریی کوشــتنی ئـــەوانەی پێشــوو و، ئـــارەزووی خــۆ هەڵقورتــاندن، وایــان کــرد بیــەوێت ئــەم کارەساتە ببینێت.

کابرایش دوای بەستنەوەی کپ بووەوە و، قاچــەکانی لێک هەڵدەســوو. پاڵیــان پــێ بــە ستوونە خوێناوییەکەوە پێ دا. بەڵام خۆی باری پاڵدانەوەکەی بە ستوونەکەوە پــێ خــۆش نەبوو و، خۆی ڕەپ کرد.

پییەریش وا بە وردی سەرنجی ئەو داماوەی دەدا... کە نەیهێشت جوولەیــەک بەســەریدا تێپەڕێت و، نەیبینێت.

دیاربوو شتێکیان بیستبوو. بۆیە هەشت تفەنگ بــە دەســت لــە ریزەکە هاتنــە دەرەوە. بەڵام پییەر هیچ تەقینەوەیەکی نەبیست. هەرچەند هەوڵی زۆرشــی دا بیری خــۆی بێنێتــەوە. بــەڵام کرێکارەکــەی بینــی، لــە نێــو پــەتی بەســتنەوەکەدا شــل بــوو بــوو. لــە دوو شــوێنی

جەستەیەوە خوێن فیچقەی کرد و، بە هۆی سەنگینیی لاشەیەوە، لۆیەکانی پەتەکە کشابوون. سەرە سەنگینەکەیشی، بە ملدا بەرەو دوو ئەژنۆی شۆڕ بوو بووەوە.

پیەر بە پەلە بەرەو ستوونە چەقێنراوەکە، رای کرد و کەس نەیگرت. چەند کەسێک بە دەوری کۆڕاوەکەدا و، بە ڕوویەکی زەردهەڵگەڕاوەوە وەستان. سەربازێکی پیری فەڕەنسی بەربووە، گرێکانی پەتەکە، تاکو بیان کاتەوە، لە کاتێکدا جەستەکە بە هۆی هاتنەوەیەکی ماسولکەکانییەوە، هێشتا دەجوڵایەوە.

دواتر لاشەکەیان بە ڕاکێشان فرێدایە خوارەوە، بۆ نێو چاڵەکە. هەموویان تاوانیان پێوە دیاربوو و، ئەو پەلە کردنەیشیان تەنیا بۆ شاردنەوەی تاوانەکەیان بوو.

پیەر کە لە بنی چاڵەکەی ڕوانی، کرێکارەکەی بینی لەسەر لا کەوتووە و، سەری نزیک دوو ئەژنۆیەتی. شانێکیشی لە ئەویتریان، بڵندتر بوو و، دەجووڵا. بەڵام ئیدی بە خاکەناز، کەوتنە پڕ کردنەوە و خۆڵ بەردانەوە بۆ نێو چاڵەکە.

سەربازێک بە تورەییەوە، هاواری لە پیەر کرد، کە لە کەناری چاڵەکە دوور بکەوێتەوە و، بێتە دواوە.

بەڵام ئەو تێی نەگەیشت و، بەڵای ستوونەکەوە مایەوە و، ئیدی کەس لێی نەپرسییەوە. کە چاڵەکە پڕبووەوە، فەرمان دەرچوو پیەریان هێنایەوە نێو ریزەکە.

پاشان سەربازەکانی ئەملاولای ستوونەکە، لەسەر یەک ڕەزم، هەنگاویان هەڵنا و، نیوە بازنەیەکیان دروست کرد. بیست و چوار سەربازەکەی تر، فیشەکەکانیان لە تفەنگەکانیان دەرهێنا و، بە پەلە ڕایانکردەوە شوێنی خۆیان.

پیەر دەیڕوانی و، هیچ بایەخی بەو سەربازانەی بەرامبەر ستوونەکە وەستا بوون، نەدەدا. لە کاتێکدا کە دوو دوو بەرەو شوێنەکانی خۆیان رایان دەکرد، یەکێکیان نەبێت... هەموو ئەوانیتر خۆیان گەیاندەوە سریەکەیان. ئەو سەربازەیش گەنجێکی زەردباو بوو و، بێڕییەکەی بە پشتی سەریدا خزا بوو. قۆناغی تفەنگەکەی لەسەر پێشی پێڵاوەکەی داناببوو و، هەر کە گوێی لەو تەقەیە بوو، کە لەوبەر چاڵەکەوە کرا، پەشۆکا. وەکوو بەدمەستێک لەتری بۆ پێشەوە دەدا و، بۆ خۆ گرتنەوە، هەنگاوی دووەمی بەرەو دواوە دەنا. ئەفسەرێکی پیر لە ریزەکە هاتە دەرەوە و، هەردوو شانی گرت و، هێنایەوە نێو ریزەکە. بەرە بەرە، خەڵکە ڕووسی و فەڕەنسییەکەیش، بڵاوەیان لێ کرد و، هەریەکە سەری خۆی شۆڕ کرد و، لێی دا و ڕۆیشت.

فەڕەنسییەک هاواری کرد:

"ئیدی ئەمە فێریان دەکات: لێرە بە دواوە، چۆن چۆنی ئاگر بکەنەوە."

پیەر سەیری ئەوەیانی کرد، کە قسەکەی کرد. سەرنجیدا، بۆ بیانوو دەگەڕێت بۆ ئەوەی، کەمێک لەمەوپێش لێی ڕوودا و، هیچ بیانوویەکی بۆ نەدۆزرایەوە.

هەر هێندەی بۆ کرا، دەستێکی گوێ پێنەدانی بڵند کردەوە و لێیدا و ڕۆیشت.

بەشی دوازدەیەم
لە بەندیخانە

دوای جێبەجێ کردنی حوکمی لە سێدارەدانەکە. پییەر لە بەندکراوەکانی تر جوێ کرایەوە و، بە تەنیا لە کڵێسەیەکی داڕووخاوی پڕ لە خاشاکدا بەند کرا.

دەمە و ئێوارەیش، ئەفسەرێکی پاسەوان بە یاوەریی دوو سەرباز، هات و بە پییەری راگەیاند، کە فەرمانی لێخۆش بوونی بۆ دەرچووە و، پێویستە بگوێزرێتەوە بۆ یەکێک لەو خانووانەی، کە لە دارو تەختە و، کۆڵەکە ئاسنینە دەرهاتووەکانی خانووبەرە سووتاوەکان دروست کراون و، دیلەکانی شەڕیان تێدا بەند کراون.

پییەر برایە خانوویەکی لەو جۆرە و، بەو شەوە تاریکە، دەوروبەری بیست کەسێک ئەو خانووە تەختەیەیان دەپاراست، کە ئەوی تێ کرا و، ئەویش دوای ئەوەی، لەو کەسانەی روانی. هیچی بۆ دەرنەکەوت و، خۆیشی نەیدەزانی چی دەگوزەرێت و، چییان لەو دەوێت؟ هەرچەند هەستی دەکرد و، گوێی لێیان بوو. بەڵام هیچ تێنەگەیشت! هەرچەند لەو جەستە و، دەم و چاوانەی روانی. بەڵام هەر هێندەی بۆ دەرکەوت، کە هیچ واتا و بایەخێکیان نییە.

لەو کاتەوەی ئامادەی ئەو کوشتنە بە مەبەستە بوو، کە ئەو پیاوانە بە بەرچاوییەوە کردیان و، حەزیشیان بە ڕوودانی نەدەکرد. ئیدی هەموو شتێک بە لایەوە هەرەسی هێنا و، دەوروبەری بە کۆمەڵە خاشاکی ئاسن و، بارووت دەهاتە بەر چاو و، واتاکانی خۆیان لە دەست دابوو.

ئایینی پووکایەوە و، بڕوای بە مرۆڤایەتی و دەستەمۆ بوون بۆ کۆمەڵگا نەما و، تەنانەت بڕوای بە ڕەوانی خۆیشی و، بە خوایش نەما! هەرچەند زووتریش بڕوای بەو شتانە نەبوو. بەڵام هەرگیز بەم تووندییەی ئێستای نەبوو. ئەگەر جاران گومانێکی لەو جۆرەی لە دەروونداً دروست ببوایە، ئەوا سەرزەنشتی خۆی دەکرد و، دەگەیشتە ئەو بڕوایەی، کە دەبێت ڕێگەیەک بۆ کۆتایی هێنان بەو گومانە بدۆزێتەوە.

"بەڵام ئێستا هەموو جیهان کاول دەبێت، بێ ئەوەی ڕۆڵی ئەوی تێدابێت. ئەو دنیایەی کە بە لای ئەوەوە، لە کۆمەڵە خاشاکی بێ واتا دەچوو. بۆیە وا هەستی دەکرد، کە لە ئاست بووژانەوەی بڕوا بوونی بە ژیان، بێدەسەڵاتە.

لەو شەوە تاریکەدا و، لەو خانووە دار و تەختەیەدا، دیاردەکانی شەڕەکە لێی کۆ بوونەوە. لەبەر ئەوەی لە نێو خۆیاندا، بە کەسێکی بە بایەخیان دەزانی: لە گۆشەیەکدا ئەویان دانا و لێی کۆبوونەوە و، بە پێکەنینەوە کەوتنە بانگ کردنی ئەوانی تر.

یەکێک بەو بەرییەوە، هاواری کرد: "ئەوە خۆیەتی برادەرینە... ئەمە ئەو میرەیە کە..."

پییەر بێدەنگ لە سەر کۆمەڵە پووشێک دانیشت. چاوانی دەکردەوە و هەر کە دایدەخستنەوە، وێنەی کرێکارە بەستراوەکەی بە ستوونە ئاسنەکەوە دەهاتە بەرچاوی و، خێرا چاوانی دەکردەوە. دایدەخستنەوە و وێنەی کوژەرەکان و لێک خشاندنی قاچەکانیانی، بە بەستراوەیی دەهاتەوە بەرچاو.

هەرچەند لەو کاتەدا لە ڕوخساری کرێکارەکەی نەڕوانی بوو، بەڵام دەهاتەوە بەرچاوی، کە چۆن چۆنی چاوی تێ بڕی بوو.

پیاوێکی کورتە بالا، لای پییەرەوە دانیشت و، هەر زوو بە هۆی بوونی عارەقەکەیەوە، پێی زانی. لەوە دەچوو خەریکی شتێک بێت بە قاچەکانی و لەو تاریکیەدا پییەر دەم و چاوی ئەوی نەدەبینی. بەڵام هەستی بەوە دەکرد، کە ئەو چاوی تێ بڕیوە. تا ئەوە بوو دواتر بۆی دەرکەوت، گۆرەوییەکانی دادەکەند.

پێچراوە کەتانە درێژەکەی لە پووزی کردەوە و، پاشان بە هەمان شێوەی لە قاچەکەی تری کرد و، گۆرەوییەکەی داکەند. ئەو کارەیشی زۆر بە کارامەیی کرد. پاشان جووتە پێلاوەکەی بە سنگەکەی دیوارەکەی پشت سەری خۆیدا هەڵواسی و، باوەشی کرد بە دوو ئەژنۆیدا و، بە وردی کەوتە روانین لە پییەر.

ئەویش لە بەرامبەریدا، هەستی بەوە کرد کە بە بینینی ئاسوودەیە. چونکە ئەو کەسە جووڵەی کار کردنی لە داکەندنی گۆرەوییەکانیدا و، ڕێک و پێکییەکەی لە دانانی شت و مەکەکانیدا، نیشانەی بە سەلیقەیی ئەو پیاوە بوو. تەنانەت بۆنی عارەقەی لەشیشی فرە ناڕەحەتی نەکرد و، ئەمیش کەوتە سەرنجدانی ئەو.

لەناکاو کورتە بالا وتی:"گومانم نییە تۆ بڕێکت لە کارەساتەکە بینی! وانا گەورەم؟"

دەنگێکی ئاوازدار و، ڕستەیەلێکی سادە، وای کرد پییەر وەڵامی بداتەوە. بەڵام لێو و

چەناگەی، کەوتە لەرە لەر و، چاوانی نوقمی فرمێسک بوون.

کورتەبـالا نەیهێشت، بێدەسەلاتیی خۆی پیشان بدات و، وەکو پیرەژنـە رووسییەکی بە بەزەیی وتـــی:

"ئەوە چییـە! خـەم مـەخۆ... دڵە چکۆلەکـەم! خـەم مـەخۆ ئازیزەکـەم. هـیچ نـەبووە. ئەمـە بارێکی خراپە و، دەبێت پێیدا تێپەڕین! نەک هەر ئەوە... بـەڵکو دەبێت سوپاسگوزاری خوا بین... کـە ئـاوا بـە زیندوویی ماوینەتـەوە و، جەستەمانیان وردو خـاش نـەکردووە! ئەگـەر مرۆڤانێکی بێ نرخ هەبن، ئەوا پیـاو چاکانێکی فرەیش هـەن.. پاشـان بـە دەم قسـەکردنەوە، کڕنـووشی بردو بە کۆکە کۆک هەستا.

پییەر دەنگی ئەوی لەوبەری هۆڵەکەوە بیست کە دەیوت:

"ئەوە خۆتیت هەی رسوا! خۆتیت رسوا! گەڕاویتەوە. دەی وەرە خوارەوە."

سەربازەکە سەگێکی چکۆلەی ـ کە جلێکیان لەبەرکردبوو ـ لێ دوورخستەوە.

ئیدی زمانە پڕ ڕێزەکەی هێنایەوە گۆڕێ و پێی وت:

"بگرە... بخۆ بەڕێزەکەم."

لە هەگبەکەیدا، پەتاتەی سوورەوەکراوی بۆ دەرهێنا.

بەشی پییەری دا و درێژەی دایە:

"ئێوارە شۆربایان پێداین، کە هەر لە پەتاتەیش نەدەچوو!"

بـە درێژایـی ئـەو ڕۆژە، پییـەر دەمـی لـە خـواردن نـەدابوو. بۆیـە بـۆنی پەتاتەکـەی زۆر بەلاوە خۆش بوو. لێی وەرگرت و سوپاسی کرد.

سەربازەکەیش هەڵیدایە: "ئـەوە چییە! ئەوە بەو شێوەیە، پەتاتە دەخۆیت؟"

پارچە پەتاتەیەکی سوورەوەکراوی برد بۆ دەمی خۆی و لەسەری ڕۆیشت:

"خەڵکی، ئـا... ئاوا دەیخۆن."

چەقۆکەی بە دەستەوە گرت و، پەتاتەیەکی دوو لەت کرد و، خوێی پێوە کرد."

دواتر وتی: "هیچ وەکو پەتاتە نییە! ئەمەیشم بۆ تاقی بکەرەوە."

پییەریش هاواری کرد:

"هـەموو شـتەکان بـە لای منـەوە، وەکـو یـەکن. بـەڵام ئـەو داماوانـەیان بۆ لـە سێدارەدا؟ دوایەمین کوژراویان، هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە بیست ساڵان!"

کورتەبالایش وەکو ئەوەی بێ ویستی خۆی قسەکان لە دەمی دابکەوێت، وتی:

"ش! ش! نابێت وا بڵێیت! نابێت!"

پاشان لە سەری ڕۆیشت: "کەوابوو گەورەم، تۆیش لە مۆسکۆدا مابوویتەوە؟"

پییەریش وتی: "چونکە نەمدەزانی بەو خێراییە، هەڵدەکوتنە سـەرمان و مۆسکۆ دەگرن! بۆیە منیش مامەوە. ئەوەیشم کە کرد بە ڕێکەوت بوو.

دیسان پرسیی:

"کەوابوو ئازیزەکەم، لە ماڵەکەی خۆتدا، تۆیان گرتووە؟"

پییەریش وتی:

ـ نەخێر! وانەبوو. چووم تاکو ئاگر کەوتنەوەکە ببینم، لەوێ منیان گرت و تەنیا لە سەر ئەوە، لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردم، کە گوایا من ئاگرەکەم لەو شوێنە بەرداوە!

کورتەبالایش هەڵیدایە:

"دادوەر لە کوێ بێت... زوڵم و زۆریش هەر لەوێیە!"

پییەر دوا بەشی پەتاتەکەی نێو دەمی قوتدا و، لێی پرسی:

"ئەی تۆ! لە کۆنەوە تۆیش لێرەیت؟"

"رۆژی پێنج یەکشەمە بوو، منیان لە نەخۆشخانەی مۆسکۆدا گرت."

"سەربازیشیت؟"

"بەڵێ، سەر بە فەوجی ئابشیرۆن بووم و، تایەکی توندم لێ هاتبوو. ئەوانیش هیچیان بە ئێمە نەگوتبوو. ئێمە بیست سەربازێک بووین. نە بڕوامان بەم کارەساتە بوو و، نە بیریشمان لێ کردبووەوە."

پییەریش لێی پرسی:

"بێزاریش نیت، بە ئەم دۆخە؟"

"چۆن مرۆڤ بێزار نابێت؟ ئاخر من نێوم"پلۆتۆنە ـ ئەفلاتون"ە و، نازناوی بنەماڵەییشم: کاراتاییڤە."

لە سەری رۆیشت و وتی:

"لە فەوجەکەی خۆیشمدا، "هەڵۆ چکۆلەکە"م پێ دەڵێن! ئیدی چۆن بێزار نەبم؟" ئاخر مۆسکۆ دایکی هەموو شارەکانی تری ڕووسیایە. ئەو کرمەی "قونەیبیت" کون دەکات، خۆی دەمرێت! ئەمەیش لە پەندەکانی پێشینانی خۆمانە."

پییەر پرسیی:

"چی؟ ئەوە چۆن ئەوە دەڵێیت؟"

کاراتاییڤیش وەڵامی دایەوە:

"من؟ وتم: ئێمە بۆمان نییە ڕەوایی بە ڕووداوەکان بدەین و، قەدەری خودان."

لە سەری رۆیشت:

"کەوابوو گەورەی خۆم، تۆ مولکدار و، خاوەن خانووبەرەیت؟ بووەیت؟ دایک و باوکت، ئاخۆ لە ژیاندا ماون؟"

پییەر ئەوی باش نەبینی و، کەوتبووە تاریکییەوە، بەڵام هەستی بە لێوە تەڕەکانی و، ئاسوودەیی بەرامبەرەکەی دەکرد، لە کاتی پرسیار کردنیدا.

بە وەڵامە خێراکەی پییەر پەشۆکا و دواتر وتی:

"ژن بۆ ئامۆژگاریی چاک و، خەسووەکانیش بۆ پێشوازی کردنی چاک. بەڵام هەرگیز ئەوانە ناگەنە دایکێکی نیانی بە سۆز و بەزەیی!"

پاشان پرسیی،"ئەی منداڵت هەیە؟"

هەر کە وەڵامی نەرێنیی لە پیرەرە بیست، بە شڵەژانەوە وتی:

"ئەمەیش هێندە خراپ نییە و، هێشتا لاویت و دەتوانیت وەچە بخەیتەوە. گرنگ لێک تێگەیشتنی ژن و مێردە..."

پیرەر بێ ئاگایانە، هاواری کرد:

ئێستا هەموو شتەکان بە لامەوە وەکو یەکن!

پلاتۆنی کورتەبالا وەڵامی دایەوە:

"ئەی پیاوە مەردەکەم..ئازادی و دەرچوون لە بەندیخانە، دوو شتی رەت نەکراوەن."

وا دانیشت و جێی خۆی خۆش کرد، کە ئامادەی وتوێژێکی فرە بێت و وتی:

"بەڵێ هاوڕێ ئازیزەکەم، هەموو پێکەوە دەژین و، نیشتمانێکی پان و پۆڕ و، زەوییەکی فرەمان هەیە. هەم جوتیاران و، هەم ئێمە ژیانێکی باش دەژین و، سوپاس بۆ خوا! ئێمەیش شەش دروێنەکەر بووین، بە دەوری باوکمانەوە و، بەروبوومەمان کۆ دەکردەوە. مەسیحییەکی نیان و ژیانێکی ئاسوودە و، باشمان بوو. ئێستایش ئاوامان بەسەر هاتووە...

پاشان کورتە بالا، ئەوەی بۆ گێڕایەوە کە چۆن چووەتە زەویی قەدەغەکەی دراوسێیەکیانەوە و، دەستی کردووە بە داربڕین. پاسەوانەکە گرتوویەتی و، بە تووڵی تەپ، تا توانیویەتی لێی داوە و، دواتر دراوە بە دادگا و، لەوێش سزای ئەوەی بە سەردا سەپێنراوە، کە بکرێتە سەرباز و، رەوانەی شەڕ بکرێت.

ئەمجا بە بزەیەکەوە، بە پیرەری وت:

"ها! بەڵێ ئازیزەکەم، تۆ ئەمە بە ئازاری سەخت دەبینی. کەچی لە خۆیدا بەختەوەریە! ئەگەر من ئەو تاوانەیشم نەکردایە، ئەوا هەردەبوو براکەم بکرێتە سەرباز. لە کاتێکدا ئەو خاوەنی خێزانێکی فرە و، چوار منداڵ بوو! بەڵام من هەر هاوسەرەکەمم بەجێ هێشت و منداڵمان نەبوو. لە راستیدا منیش خوا منداڵێکی پێ بەخشیم، بەڵام دواتر و، بەر لەوەی ببمە سەرباز، ئەویش منداڵە ساوەکەی بردەوە بۆ خۆی!"

"جارێکیان کە بە مۆڵەتم لە سەربازگە هاتمەوە. دەزانی چیم دی؟ بینیم لە جاران باشتر بەڕێوەدەچێت. حەوشەکەمان بە ئاژەڵ ئاوەدانە و، ژنان سەرقاڵی کاری خۆیانن و دوو برایشم لە دەرەوەی گوند، کار دەکەن. تەنیا میکائیلی چکۆلە بێکار بوو."

باوکم پێی وتم:

"منداڵکانم هەموو لەلا یەکسانن. ئاخر گاز لە هەر پەنجەیەکی مرۆڤێک بگیرێت، هەر هەموو پەنجەکان هەست بە ئازارەکەی دەکەن. خۆ ئەگەر پلاتۆنیش خزمەتی سەربازیی

نەکات، دەبێت میکائیلی برات ببێتە سەرباز."

بڕوا بکە ئێمە هەموو لە تابلۆی پیرۆز چووینە پێشەوەو ، ئەویش وتی:

"میکائیل، تۆ لێی بچۆ پێشەوە و کڕنووشی بۆ بەرە."

پاشان بە منی وت،"تۆیش و هاوسەرەکەت و برازاکانیشت تێگەیشتن؟"

"ئا ئەمە واتای ئەو رەفتارەی ئەو بوو. قەزا و قەدەر چی بوێت، ئەوە هەڵدەبژێرێت. بەختیاریی مرۆڤ لە تۆڕی ماسی دەچێت! کە لە ئاوەکەدا رایدەکێشێت: قەبە دەبێت! کە لە ئاوەکەیشی دەهێنیتە دەرەوە، هیچی تێدا نییە!"

خۆی لە نێو پووش و پەڵاشەکەی ژێریدا گرمۆلە کرد و دوای کەمێک وتی:

"زۆر باشە، پێم وابێت خەو دەمباتەوە."

خێرا خاچێکی لە سەر سنگی خۆی کێشا و، لەبەر خۆیەوە وتی:

"ئەی پەروەردگار! یەسوعی مەسیح. ئەی نیکۆلای پیاوچاک، فلۆری پیاوچاک لۆرانی پیرۆز.. بەزەییتان پێماندا بێتەوە و ڕزگارمان بکەن."

کە لە نوێژ و نزاکەی بووەوە، لە سەر پووشەکە قنج و قیت لێی دانیشتەوە.

پێش ئەوەی پاڵتۆکەی بە سەر خۆدا بدات وتی:

"بەم شێوەیە بوو ئەی پەروەردگار! وام بە سەر بێنە، وەکو بەرد بنووم. کە بە ئاگا هاتمەوە وەکو نانی گەرمی تازە بم!"

پییەریش لێی پرسی:

"ئەوە چ نوێژێک بوو، تۆ خوێندت؟"

پلاتۆنیش وتی: "چی؟ چیم وت؟ نوێژی ڕووە و خوام کرد. ئەی تۆ؟ ئەی تۆ نوێژکەر نیت؟"

پییەریش وتی: "بەڵێ! منیش نوێژکەرم، بەڵام تۆ هاواری فلۆری پیرۆزو لۆرانی پیرۆزت کرد!"

پلاتۆن بە پەرۆشەوە بەرپەرچی دایەوە: "بۆچی؟ چونکە ئەوان ئەسپەکان دەپارێزن. پێویستە مرۆڤ، بیر لە ئاژەڵانیش بکاتەوە... لەم دەڵە سەگە بڕوانە! ئەها... چۆن وەکو تۆپ خۆی گرمۆڵە کردووە!"

پاشان دەستی برد بۆ قاچەکانی خۆی و لە سەری ڕۆیشت: "ئەم بۆگەنە، چەند سارەە!"

پاشان خۆی بۆ دیوەکەی تری وەرگێڕا و لێی نووست.

لە دەرەوەیش و لە دوورەوە، دەنگی هاوار و قیڕ و هوڕ و گریان دەهات. ئاگریش بە سەر دیوارە تەختەکانەوە دەبینرا. بەڵام لە نێو ماڵەکەدا، بارودۆخەکە کپ و تاریک بوو. ماوەیەکی باش پییەر لەو تاریکیەدا لە سەر پشت درێژ بوو بوو و، دەیڕوانی.

گوێیشی بۆ پرخە پرخەکەی پلاتۆن شل کردبوو. پاشان هەستی کرد ئەو جیهانە ڕەوانییەی خۆی، کە پێشتر داڕووخابوو، سەر لە نوێ دەبووژێتەوە.

بەشی سیازدەیەم
پلاتۆن کاراتاییف

پییەر راپێچی خانووەیەکی تەختەبەند کرا، کە زووتر بیست و سێ سەربازی دیل و سێ ئەفسەر و، دوو فەرمانبەری تری تێدابوو و، چوار هەفتە تێیدا مایەوە. ئەو هەموو گیراوانە کاریگەرییەکی لێیان، بە سەر پییەرەوە جێ هێشت.

پلاتۆن کاراتاییف نەبێت کە جوانترین و بە نرختترین بیرەوەریی لای پییەر دروست کرد. چونکە ئەو پیاوە نموونەیەکی زیندووی رووسییەکان و، چاکی و گونجاویان بوو.

بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر، کە ئەو پلاتۆنەی بینی، تێگەیشت کەسایەتی پلاتۆن لە پاڵتۆ فەرەنسییە سەوزباو و پشتوێن پەت و شەپقە پەراوێزدار و، جووتە پێڵاوەکەی و ئەو پێکەوە زۆر گونجاوەیدا، دەبینرا.

سەرە تۆپ ئاساکەی و، پشت و سنگی و شانەکانی، کە ڕێک و سازدراو بوون و، ئامادەی وەرگرتنی هەر شێوە و باریێک بوون. تەنانەت زەردەخەنە پڕ هۆگری و، دوو چاوە گەورە رەشەکانیشی، هەر بازنەیی بوون.

بێگومان پلاتۆن پەنجا ساڵانی تێپەڕاندبوو. بە ئاشکرا لەو باسانەدا دەردەکەوت کە ئەو بەشداریی شەڕی تێدا کردبوو. بەڵام خۆی نەیدەزانی تەمەنی چەندە.

بەڵام دوو ڕیزە دانەکانی لەکاتی پێکەنیندا ـ کە زۆریش پێدەکەنی ـ سپی و جوان و تۆکمە بوون و، یەک تاڵ مووی سپی، لە ڕیش و سەریدا نەبوو. لەش و لاریشی، نەرم و بەهێز و، خۆڕاگر بوو.

روخساری پاک و هەرزەکاریی لێ دەباری. دەنگیشی ساز و لەبار بوو. بەڵام ئەوەی که زۆر سەرنجکێش بوو، ڕێک و پێکیی قسەکانی و، بزێویی بوو. وا دەریشدەکەوت، کە هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کەچی بڵێت. بۆیە خێرا بوو لە قسە کردندا و، زیـرەک بـوو لـە هەڵبژاردنی وشەدا و، گفتی ڕەوان بوو.

ئەمەش وای کردبوو کە قسەکانی لێ وەربگیردرێت و ،جێی متمانەبێت. بەرگری لەشی و، بـڕوا بـەخۆ بـوونی لـە ڕۆژانـی دیلیـدا، ئـەوی بـە تۆکمـەیی و، دروسـتی هێشـتەوە و، نەیهێشت نەخۆش بکەوێت.

هەموو بـەیانی و ئێوارەیەک و، کاتی نووستن، ئـەمەی دووبارە دەکردەوە:

"ئەی پەروەردگارا و، گەورەو سەروەرم... وەکوو پارچە بەردێک بنووم...وەکوو نانێکی چاک و بە سوودیش بە ئاگا بێمەوە!"

بـەیانیانیش کـە لـە خـەو ڕادەبـوو، جۆرێک دەجـووڵا، شـانەکانی سـەقامگیر دەمانـەوە و دەیوت:

"مـرۆڤ کـە ڕادەکشـێت: وەکـو گۆیـەک خـۆی لـوول دەکـات. کـە هەڵیشدەسـتێت خـۆی دەتەکێنێت." لەڕاستیشدا وابوو و، کە دەنووست وەکو پارچە بەردێک بوو. هـەر بـە ئاگایش دەهاتەوە، بێ دواکەوتن کارێکی دەدۆزییەوە و، دەیکرد. هـەر وەکو منـاڵێک چۆن لە خـەو را دەبێت، پەلاماری یارییەکانی دەدا و، یارییان پێ دەکات، هەموو شتێکی بە جوانی دەکرد.

گەر زۆر باشیش نەبوایە لە کارێکدا، وای ئەنجام دەدا، خراپ نەبوایە. چێشـتی لـێ دەنـا و دروومان و پینەچێتی دەزانی. هەمیشە سەرقاڵ بوو. هەرچەند حـەزی بـە قسـە کـردن و ئاواز و گۆرانی بوو، بـەڵام ڕێی بە خۆی نەدەدا، پێیانەوە کات بە فیڕۆ بدات. تەنیا شەوانی بەو شتانەوە بەسەر دەبرد.

وەکـو گـۆرانیبێژێکی شـارەزا، گـۆرانی نـەدەوت، بـەڵکو وەکـو بولبـول و باڵنـدە. ڕەزمـی ژنانە و، شتێکی لە خەمباری پێوە دیاربوو. کـە وەکـو دیـل کراوانـی دەوروبەریشـی ڕیشـی هاتـەوە، ئـیدی هـەڵس وکـەوتی سـەربازیی خـۆی و ڕێورەسـمی سـەربازیی وەلاوە نـاو، بووەوە بە کۆڕە لادییەکەی جاران.

دەیوت: "سەربازی مۆڵەت وەرگرتوو، کراسەکەیشی بە ناقۆڵاکەیی، دەهێڵێتەوە!"

هەرچەند گەیی لە ڕۆژانی خزمەتـی سـەربازییەکەی نـەبوو. بـەڵام نـەدەبوو قسـەی لـە بـارەوە بکردایـە. زۆر جـاران ئەوەیشـی دەوت، کـە هـەرگیز لـە سـەربازیدا تووشـی لێدان نـەبووە. کـە بابـەتێکی دەگێڕایـەوە، جاروبـار پـەنای بـۆ بیرەوەرییـەکانی خـۆی دەبـرد و، زۆریش شانازیی پێوە دەکردن.

بیرەوەریی ئەو کاتانەی کە ئەو مەسیحی بووە. ئەو پەندە پێشینانەی ئەو بـە کاری دەهێنـا، هیچـی نادروسـت و، سێکسـییانە و، نـاشیرین نـەبوون و، لـە قسـە و باسـی سەربازانی تر نەدەچوو.

زۆربەی پەندەکانی ئەو، میللی بوون و، واتای قوڵیان نەبوو. گەر لە رەوشی باسەکەی ئەوت دەربێنایە و، بە جیا بەکارت بهێنایە، بە سوود نەدەمایەوە و، کەس لێی تێ نەدەگەیشت و، دەبوو تەنیا لە بۆنەی گونجاوی خۆیدا بەکار بهاتنایە.

زۆر جاران لە کاتی قسە کردنیدا، بیروڕاکانی دژ بەیەک دەبوونەوە، کەچی هەرچی ئەو بیوتایە، هەمیشە ڕاست دەردەچوو. وەکو حەزی لە قسە کردن بوو. دەربڕینیشی باش بوو. قسەکانیشی بە پەند و ئامۆژگاری، کە زۆر جاران خۆی دروستی دەکردن، دەڕازاندەوە و، قەشەنگیی قسەکانیشی لەوەدا بوو، کە ئەو چەندین ڕووداوی دەهێنایەوە و، قسەکانی خۆی پێ تۆکمە دەکرد. ئەو ڕووداوانە لەوانە بوون، کە پیاوەر بینی بوونی و، هەر گوێیشی پێ نەدابوون! کەچی بە دەمی ئەو و، قسە کردنیی ئەو، مەزنییان هەبوو و، بە بایەخ بوون. ئەو هاوڕێیەتی و هۆگری و خۆشەویستیی، بەو شێوەیە نەبوو، کە پیاوەر تێی گەیشتبوو. بەڵام ئەو هەموو کەسێکی خۆشدەویست و، مرۆڤدۆست بوو. ئەو خۆشویستنەیشی، بۆ چەند کەسێکی دیار نەبوو. بەڵکوو بۆ هەموو ئەوانە بوو کە دەیبینین.

سەگەکەی خۆی و، هاوڕێ فەرهەنسییەکانی خۆیشی خۆشدەویست. پیاوەریشی خۆشدەویست، چونکە دراوسێی بوو. بەڵام پیاوەر، هەرچەند ڕوو بە ڕوو وەسفی دەکرد و، بە ڕوونی ئەو هەموو تایبەتمەندییە جوانانەیشی تێدا دەبینی و، هەستی پێ کردبوو، بەڵام گەر لێیشی دوور بکەوتایەوە و نەیبینیایە، بۆ خولەکێکیش خەمی ئەوی نەدەخوارد و، بۆی بە داخ نەبوو. پلاتۆن کاراتاییف، لەگەڵ بەندکراواندا، زۆر جدی بوو. بەندکراوەکانیش هەندێ جار، بە هەڵۆ چکۆلە، بانگیان دەکرد و، جاری وایش بوو بە پلاتۆن. سوعبەتێکیان لەگەڵ دەکرد، کە هەستی بریندار نەبێت و، بە بێ بوغز و کینە، دەیاننارد بۆ کاری زۆرەملێ. بە لای پیاوەریشەوە، پلاتۆن کەسێکی سادە و ڕاستگۆ بوو. لە نوێژ و نزاکانی خۆی بەولاوە، هیچی تری لەبەر نەبوو. ئەگەر گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی دەست پێ بکردایە، دەردەکەوت کە خۆیشی نازانێت چۆن چۆنی کۆتایی پێ بێنێت!

هەندێک جار قسەکانی هێندە چڕ و قوڵ و بە واتا بوون، پیاوەریان ناچار دەکرد کە پێی دووبارە بکاتەوە. ئەو قسانەی پێش ماوەیەکی کەم دەیووتن، بیری دەچووەوە. تەنانەت شیعری ئەو گۆرانیانەیشی لەبەر نەبوو، کە بەلایەوە خۆش بوون و، پێیان سەرسام بوو! لەو گۆرانیانەیش کە حەزی لە بیستنیان بوو: (دارسەندەل) و "برا چکۆلەکەم" و، ئەو دڵەی ئازارم دەدات" بوو.

خۆ گەر واتای گۆرانییەکانیان، لێ بپرسییایە، نەیدەزانی، چونکە لە وشەکانی شیعری گۆرانیەکان، باش تێ نەدەگەیشت. ئەگەر سەرنجی ژیانی تایبەتیی پلاتۆن خۆیت بدایە، بێ واتا بوو، هیچی تێدا بەسەر نەبوو. بەڵام ئەگەر وەکو گەردیلەیەک، لە نێو گشتدا، لێت بڕوانییایە، بۆ خۆی شت بوو.

بەشی چواردەیەم
سەفەرەکەی ماری

کە خاتوو ماری، لە نیکۆلای بیست، براکەی لای بنەماڵەی ڕۆستۆڤە و، لە شارۆچکەی یارۆسلاگە. هەرچەند پوورەی خوشکی دایکیشی، پێی خۆش نەبوو: کەوتە خۆ ئامادە کردن بۆ سەفەر.

ویستیشی برازاکەی لەگەڵ خۆی ببات و، بە باوکی شاد بکاتەوە. نەیدەویست بزانێت و، نە پرسیاری سەختی و، ماندوویی ڕێگەکەیشی کرد و، نە ئەوەیش کە ئاخۆ دەکرێت سەفەرە بکات، یان نەء؟

ئەرکەکەی هەر ئەوە نەبوو، کە خۆی بگەیەنێتە ئەو برایەی، کە ڕەنگە لە کەناری مەرگدا بێت. بەڵکو پێویست بوو، کوڕەیشی بگەیەنێتە باوکی. هەر بۆیەش سوور بوو، لەسەر بڕیاری سەفەر کردنەکەی.

لەوە دەچوو برینەکانی سەخت بێت، ئەگەرنا، نامەی هەر بۆ دەنووسی. خاتو ماری بەو جۆرە بیری کردەوە. بۆیە بە خۆی دەگوت، هەرچەند ڕێگا دوورو، سەفەر سەختیش بێت، دەبێت هەر بڕوات.

لە چەند ڕۆژێکدا خۆی ئامادەی سەفەرەکە کرد. لەو شتانەی ئامادەی کرد بوو، گالیسکە پان و پۆرەکەی بەرلین بوو. هەر ئەو گالیسکەیەی کە لە سەفەرەکەی بۆ ڤورۆنیگیشدا بە کاری بردبوو. لەگەڵ چەند گالیسکەیەکی بار هەڵگر و، چەند دانەیەکی سوکەڵەی تر، کە لە دار حەیزەران دروست کرابوون.

بـه نیـازیش بـوو کچـه بـۆریین و نیکـۆلا چکۆلـه و دایەنەکـەی و، ئـەو پیرەژنـەی کـه سەرپەرشـتیی نیکـۆلای دەکـرد و، سـێ کارەکـەر و تیخـۆنی سەرکـاری خزمـەتکاران و، یـاوەرێکی گـەنج و پاسـەوانێکیش ـ کـه ئەمـەیان هـی پـووره‌ی بـوو ـ لەگەڵ خـۆی ببـات. نەدەبوو بیر لەو زێگا ئاساییانه بکرێتەوه، که به مۆسکۆدا تێدەپەڕن.

ئەو لارێیانەیشی که به بلیبتسک و ڕیازان و، قلادمیر و، شوابادا تێدەپەڕێت، سەفەرەکه درێژتر دەکاتەوه و، کێشەی زۆری دێته ڕێ. خەڵکەکەیش دەڵێن جارو بـار فەڕەنسـیيەکان لەو نـاوانەدا دەبینرێن و، به هۆیانەوه کاروانچییان تووشی کێشه دەبن.

لەو سەفەرەدا، کچه بۆریین و، دیسالّ و خزمەتکاران و کارەکەرانی یـاوەر سـەریان لـه خـۆڕاگیی خـاتوو مـاری سـوڕما، چونکه دوایـەمین کـەس بـوو، کـه دەنووسـت و، یەکـەمین کەس بوو، که له خەو هەڵدەستایەوه.

هـیچ بەربەسـتێک کـۆڵی پـێ نـەدا. هـەر بـه هـۆی ئـەو خـۆڕاگری و، وره بڵنـدی و، چالاکییەیەوه، یاوەرانی وره‌یان بڵند بووەوه و، بەرگەی سەختی و دژواریـەکانیان گـرت و، له کۆتـایی هەفتەکەدا، گەیشتنه یـارۆسلاڤ.

ئـەو ڕۆژانـەی دوایـی، خاتـوو مـاری کـه لـه شـارەدێی ڤورۆنیگدا بـه سـەری بـرد، لـه خۆشترینی ئەو ڕۆژانه بـوو، کـه لـه ژیانیدا گوزەراندبووی. خۆشەویستیی بۆ ڕۆستۆڤ بـۆی نەدەبووه مایەی ئازار و ئـەشکەنجه و، بگره خەبـاتیشی بۆ نەدەکرد. چونکه ڕەوانی ئەوی داگیر کردبوو و، تێکەڵی گیانی بوو بوو.

هەرچەند خاتوو ماری، لای کەس قسەیشی نەدەکرد. بەڵام به هۆی دوا کۆ بوونـەوەی لەگەڵ نیکۆلا ڕۆستۆڤدا، ئـەو دەمەی هات و هەواڵی براکەی دایه، بـەوەی کـەلای بنەماڵـەی ڕۆستۆڤه، دەیزانی بۆ خۆی، کچێکی ڕەوان سووکه دەچێتـه دڵـەوه. گەیشـته ئـەم ڕاسـتییه و، وای کرد که زۆر متمانەی به خۆی بێت و وره‌ی بڵند بێت.

نیکۆلا هەرگیز ئەوەی نەوتبوو، که ئەگەر میر ئاندریه چاک بێتەوه. پەیوەندیی ئاندریه و ناتاشا ئاسایی دەبێتەوه. کەچی خاتوو ماری له ڕوخساری ئەودا هەستی بەوه کردبوو، که پەیوەندیی ئەو دوانه، ئاسایی دەبێتەوه.

نیکۆلا خۆشحاڵ بـوو، بـەوەی کـه ئـەو خزمایەتییـه کۆنـه، وای کـردووه ئیـدی بتوانێت عیشقی خۆی بۆ خاتوو ماری دەربـبڕیت و، هەندێک جـار دانْغـەی بـەوەوه لـێ دەدا و، لای خۆیەوه، دەیزانی ئەوه یەکەم عیشقه که دەیکات.

تـەنیا بـەوەیش کـه دەیزانـی، کەسـێک خۆشـی دەوێت، خۆسشـحاڵ دەبـوو. و، دواتـرین دڵداریشی دەبێت. هەرچەند ئەو ماوەیه بەختەوەر بوو، به عەشقەکەی. بەڵام میر ئـاندریەی هەر له بیر بوو و، خەمی بۆ دەخوارد.

بـه پێچەوانەیشـەوه، ئـەو خۆشەویسـتیەی وای کردبـوو، کـه فرەتـر خـۆی بـه دەسـتی خۆشەویسـتیی براکەیـەوه بـدات و، بـۆی بەخـەم بێـت. هەنـدێک جـارو لـه کـاتی

سەفەرەکەیشیدا، ئەو خەمەی براکەی وای دەکرد، یاوەرەکانی لەو رێیەدا مەترسیی تووشبوونی، بە نەخۆشی لێ بکەن. بەڵام چالاکیی و ئەو سەرقاڵییە فرەیەی، بەو سەفەرەوە وای کرد، لەو خەمەی سووک ببێت و، زاڵ بێت بەسەریدا و، هێز و توانای بۆ بگەڕێتەوە. دەرگای گالیسکەکان کرانەوە. لای چەپی خانووەکە ئەستێڵێکی پان و پۆڕی، ئاو بوو و، لە رووبارەکەوە ئاوەکەی بۆ هاتبوو. لای راستیشیەوە پلیکانەیەک بوو چەندین خزمەتکار و کارەکەر، لە چاوەڕوانیی هاتنی ئەواندا بوون. لە نێویاندا کچێکی هەرزەکاری تەڕ و پاراوی، پرچ درێژی رەشتاڵە هەبوو. بزەیەکی تێکەڵ بە دڵەڕاوکەی لە سەر لێوان بوو. وەکو لە یەکەم سەرنجدا خاتوو ماری بۆی چوو بوو. ئەویش سۆنیا بوو.

کە لە یاروسلاڤل نزیک بوونەوە، ماری کەوتە بیر کردنەوە لەوەی: کە ئاخۆ چی ڕوو بدات؟ نەکو لە چەند ڕۆژێکدا، بەڵکو بە تەنیا لەو ئێوارەیەدا. ئەم پرسیارە کاری فرەی لە خاتوو ماری کرد.

کاتێک ئەو پاسەوانەی ناردبووی، پرسیاری ماڵی بنەماڵەی ڕۆستۆڤ بکات، لە نێو یارۆسلاڤلدا، گەڕایەوە و خۆی گەیاندەوەوە کەناری یاروسلاڤل و، لای گالیسکە بەرلینی خاتوو ماری و، خاتوو ماری ڕوخسارە زەردهەڵگەڕاوەکەی ئەو پاسەوانەی بینی، زیڕەی مەرگی کرد.

پاسەوانەکە پێی وت: "خاوەن شکۆ، هەموو زانیارییەکم لایە. بنەماڵەی ڕۆستۆڤ لە گۆڕەپانەکەدان و، لە خانووی پرۆنیکۆڤی فرۆشیاردان، لەسەر کەناری ڕووباری ڤۆلگا.

خاتوو ماری، بە چاوانی ئەبڵەقەوە، سەرنجی وردی ڕوخساری پاسەوانەکەی دا و، هێندە لە دڵەڕاوکێدا بوو، پرسیارە سەرەکییەکەی - کە زانیاری بوو، لە بارەی براکەیەوە - بیر چووەوە!

بۆیە کچە بۆربین، ئەو پرسیارەی کرد: "ئەی میر ئاندریە؟"

پاسەوانەکەیش وەڵامی دایەوە:

"میر ئاندریەی ڕێزداریش، لەگەڵ بنەماڵەکە، لە هەمان خانووبەرەدایە."

خاتو ماری بە خۆی وت:

"کەوا بوو... هێشتا زیندووە!"

ئەمیش لە سەرخۆ پرسیی،"ئەی بارودۆخی چۆنە؟"

پاسەوان وەڵامی ئەمەشیانی دایەوە،"خزمەتکارەکان دەیانووت، کە هێشتا هەر وەکوو خۆیەتی. خاتوو ماری داوای ڕوون کردنەوەی تری نەکرد و، سەرنجێکی خێرای نێکۆڵا حەوت سالانەی بەردەمی خۆی دا. زۆریش بەوە خۆشحاڵا بوو، کە گەیشتوونەتە شارەکە. ئیدی سەری داخست و بێدەنگ بوو.

گالیسکە بەرلینی قورسیش، کەوتەوە تەق و هۆڕ و جیڕە جیڕ و، تا گەیشتن و پەیژەیان بۆ شۆڕ کردەوە زەوی، سەری بەرز نەکردەوە. دابەزی و یاوەرانیشی بە دوایدا دابەزین. خاتوون لە سەرکەوتن بە پلیکانەکەدا پەلەی کرد.

بەڵام کچە پرچ رەشە درێژەکە پێی وت،"لێرەوە! لێرەوە!"

هێندەی پێنەچوو، خاتوو ماری، روانیی لە هۆڵەکەدا ژنێکی ڕۆژهەڵاتیانەی لێ بوو. هەر کە چاوی بەم کەوت، بە پەلە چووە پێشوازیی و، خاتوو ماریی لە ئامێز گرت. ئەم ژنە خانەخوێیەیش، پیرەژنە کۆنتیسە بوو.

دوای ماچ کردنی پێی وت:

"ئای کچۆڵەکەم.. کە خۆشم دەوێیت! من زۆر لە مێژە تۆ دەناسم."

پاشان خاتوو ماری، بۆی دەرکەوت ئەمە پیرەژنە کۆنتیسەیە و، پێویستە ئەمیش شتێک بڵێت. بۆیە بە زمانی فەڕەنسی، چەند ڕستەیەکی سۆز و نەوازش ئامێزانەی پێ وت.

پاشان پرسیی،" ئەی بارودۆخی میر ئاندریە چۆنە؟"

کۆنتیسە وەڵامی دایەوە:

"پزیشکەکە وتوێەتی لە مەترسی دەرچووە. بەڵام بە نزاوە چاوانی بۆ ئاسمان بڵند کردەوە و، ئەمەش نیشانەی پێچەوانەیی قسەکەی خۆی بوو."

خاتوو ماری پرسییەوە:

"ئەی ئێستا ئەو لە کوێیە؟ دەتوانرێت ببینرێت؟ ها... دەتوانرێت؟"

کۆنتیسەیش وتی: "هەر ئێستا خاتوونەکەم! هەر ئێستا هـــاوڕێکەم."

لەو کاتەدا دیسان، نیکۆلا چکۆلەی هێنایە ژوورەوە و، کۆنتیسە پرسیی:

"دیـارە ئەمـەیش کوڕەکەیـەتی. وانـا؟ شـوێنی باشـمان هەیـە و، جێتـان لێـرە دەبێتـەوە. چونکە خانووەکە گەورەیە. ئـۆی کە منالێکی قەشـەنگ و سـەرنجڕاکێشە!"

کۆنیسـە، مـاریی بـردە ژوورێکـی تـر و، سـۆنیایش بـە دوایانـەوە. بـە دەم ڕێـوە کەوتـە قسـەی نیان و منالانە، بۆ نیکۆلا چکۆلە.

پیرە کۆنت هات تاکو خاتوو ماری بە خێر بێنێت. ئەو پیرە پیاوە، بە بـەراورد لەگەڵ دوایـەمین جاردا، کە ماری بینی بووی، زۆر گۆڕدرابوو. ئەو پیرە چکۆلە چالاکە پڕ بزێوی و، بڕوا بە خۆ بووە نەمابوو و، ئێستا پیرێکی شپرزە و بێدەسـەلاتە و، جێی بەزەییە!

کە ماریی دەدواند، هەر بەملاو ئەولای خۆیدا دەڕوانی و، لـەوە دەچـوو لـە دڵەڕاوکـەی ئەوەدا بێت: ئـاخۆ ئـەم قسـانەی دروسـتن و، هـیچ هەڵەیـەکی نـەکردووە؟ دەسـتی لـە خـۆی بەردابوو و، تێگەیشتبوو، کە بووەتە ئەرک بە سەر ژیانـەوە و، لـە دەسـتدانـی مۆسکۆیش، هێندەی تر وزەی پێ بەردابوو و، دەستی لە خۆی شتبوو.

هـەموو هەڵپـە و ئـارەزووی خـاتوو مـاری، بینینـی هـەرچی زووتـری براکـەی بـوو. وا هەستی کرد، بەم قسـە و ڕووپامایـە، کاتەکـەی بـە فیـڕۆ دەدەن. بەتایبـەتی ئـەو بـەلاولوی برازایەی کە پێی هەڵدەستان.

هەرچەند بـەملاو لایـدا دەڕوانـی. بـەڵام ناچـار بـوو، ئـەو ڕێ و ڕەسـمە پـەیڕەو بکـات. چونکە دەیزانی ئەمەی کە ئەوان دەیکەن، لەگەڵ ئەو منالە، دەبێت هـەر بکرێت و پێویسـتە

بەرگە بگرێت.

پاشان کۆنتیسە دەستی سۆنیای گرتو وتی:

"ئەم کچە.. سۆنیای برازامە، جا خاتوونەکەم، هێشتا ئەمەت باش نەناسیوە."

خاتوو ماری لای کردەوە بەلای سۆنیادا و لە ئامێزی گرت و ماچی کرد.

سۆنیایش هەوڵی دەدا، ئەو تۆرەیی و قینەی کاتی خۆی، لە بیر خۆی ببات‌ەوە. ئەوەیشی کە زۆر ئازاری سۆنیای دەدا، ئەوەبوو کە دەوروبەرەکەی لێ تێ نەدەگەیشتن.

ئەمجارەیان ماری رووی لە کەسێکی دیاریکراویان نەکرد و پرسیی:

"ئێستا ئەو لە کوێیە؟"

سۆنیا وەڵامی دایەوە:

"ئەو لە نهۆمی خوارەوەیە و، ناتاشایش خەریکی خزمەتکردنیەتی. ئێستا نازانین چۆن هاتنی تۆی پێ رابگەیەنن."

خاتوو ماری.. ئاخر ئێستا تۆ ماندووی سەفەری.

ماریش چاوانی پڕ فرمێسک بوو و، بە تووڕەییەوە بەلای کۆنتیسەدا لای کردەوە، تاکوو داوای لێ بکات، کە رێگای بەرەو براکەی پیشان بدات. کەچی دەنگی پێی یەکێک دەبیستترا لەودیوو دەرگاکەوە، کە زۆر لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا و، لەوە دەچوو دڵخۆشکەرە بێت. خاتوو ماری سەرنجی دا، وا ناتاشا هات. هەر ئەو ناتاشایەی، کە دوایەمین جار لە مۆسکۆ پێشوازی کرد و، هەرگیز خۆشی لێی نەدەهات.

بەڵام هەر کە لە روخساری روانی، بۆی دەرکەوت، چەند خەمخۆری براکەیەتی و، دڵسۆزە بۆی. بۆیە وەکو هاورێیەکی نزیکی، هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرد و، بەرەو رووی چووو. لە ئامێزی گرت و، سەری خستە سەرشانی و، دەستی کردە گریان. هەر کە ناتاشا لە سەر کەناری قەرەوێڵەکەی میر ئاندریە دانیشت، ئەمجا بە ئاندریەیان راگەیاند، کە خاتوو ماریی خوشکی، گەیشتووە. ئیدی هەر بە لۆقە بەرەو ژوورەکەی سەرەوە هات و، ئەوە بوو خاتوو ماریش، ئەو هاتنەی بە دڵخۆشکەر زانی بوو.

کە خاتوو ماری بە نەرمە غار بەرەو هۆڵەکەی خوارەوە چوو. تەنیا شتێک کە بیری لێ دەکردەوە خۆشەویستی بوو. ئەو خۆشەویستییەی، کە سنووری بۆ نەبوو. خۆشەویستیی بۆ ئاندریە و، بۆ نیکۆلا و، بۆ ناتاشاو بۆ هەموویانی هەبوو و، زۆری حەز بە خزمەتکردنیان بوو.

لەو کاتەدا بۆی دەرکەوت، کە ناتاشا نە بیر لە خۆی و نە بیر لە پەیوەندیەکەی بە میر ئاندریەوە دەکات... هەر بە یەکەم سەرنج خاتوو ماری، ئەوانەی بۆ دەرکەوت. بۆیە زۆر بە دڵێکی پاکەوە، بە سەرشانی ناتاشاوە گریا.

ناتاشایش بە دەم گریانەوە، بەرەو ژوورەکەی ئاندریەی برد و پێی وت:

"دەی! وەرە بابچین بۆ لای، دەی... خاتوو ماری."

خاتوو ماری سەری بڵند کردەوە و، فرمێسکەکانی سڕی. وێستی پرسیاری تری لێ

بەرگە بگرێت.

پاشان کۆنتیسە دەستی سۆنیای گرتو وتی:

"ئەم کچە.. سۆنیای برازامە، جا خاتوونەکەم، هێشتا ئەمەت باش نەناسیوە."

خاتوو ماری لای کردەوە بەلای سۆنیادا و لە ئامێزی گرت و ماچی کرد.

سۆنیایش هەوڵی دەدا، ئەو تۆرەیی و قینەی کاتی خۆی، لە بیر خۆی بباتەوە. ئەوەیشنی کە زۆر ئازاری سۆنیای دەدا، ئەوەبوو کە دەوروبەرەکەی لێ تێ نەدەگەیشتن.

ئەمجارەیان ماری رووی لە کەسێکی دیاریکراویان نەکرد و پرسیی:

"ئێستا ئەو لە کوێیە؟"

سۆنیا وەڵامی دایەوە:

"ئەو لە نهۆمی خوارەوەیە و، ناتاشایش خەریکی خزمەتکردنیەتی. ئێستا نازانین چۆن هاتنی تۆی پێ رابگەیەنن."

خاتوو ماری.. ئاخر ئێستا تۆ ماندووی سەفەری.

ماریش چاوانی پڕ فرمێسک بوو و، بە تووڕەییەوە بەلای کۆنتیسەدا لای کردەوە، تاکوو داوای لێ بکات، کە رێگای بەرەو براکەی پیشان بدات. کەچی دەنگی پێی یەکێک دەبیسترا لەودیوو دەرگاکەوە، کە زۆر لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا و، لەوە دەچوو دڵخۆشکەرە بێت. خاتوو ماری سەرنجی دا، وا ناتاشا هات. هەر ئەو ناتاشایەی، کە دوایەمین جار لە مۆسکۆ پێشوازی کرد و، هەرگیز خۆشی لێی نەدەهات.

بەڵام هەر کە لە روخساری روانی، بۆی دەرکەوت، چەند خەمخۆری براکەیەتی و، دڵسۆزە بۆی. بۆیە وەکو هاورێیەکی نزیکی، هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرد و، بەرەو رووی چووو. لە ئامێزی گرت و، سەری خستە سەرشانی و، دەستی کردە گریان. هەر کە ناتاشا لە سەر کەناری قەرەوێڵەکەی میر ئاندریە دانیشت، ئەمجا بە ئاندریەیان راگەیاند، کە خاتوو ماریی خوشکی، گەیشتووە. ئیدی هەر بە لۆقە بەرەو ژوورەکەی سەرەوە هات و، ئەوە بوو خاتوو ماریش، ئەو هاتنەی بە دڵخۆشکەر زانی بوو.

کە خاتوو ماری بە نەرمە غار بەرەو هۆڵەکەی خوارەوە چوو. تەنیا شتێک کە بیری لێ دەکردەوە خۆشەویستی بوو. ئەو خۆشەویستییەی، کە سنووری بۆ نەبوو. خۆشەویستیی بۆ ئاندریە و، بۆ نیکۆلا و، بۆ ناتاشاو بۆ هەموویانی هەبوو و، زۆری حەز بە خزمەتکردنیان بوو.

لەو کاتەدا بۆی دەرکەوت، کە ناتاشا نە بیر لە خۆی و نە بیر لە پەیوەندیەکەی بە میر ئاندریەوە دەکات... هەر بە یەکەم سەرنج خاتوو ماری، ئەوانەی بۆ دەرکەوت. بۆیە زۆر بە دڵێکی پاکەوە، بە سەرشانی ناتاشاوە گریا.

ناتاشایش بە دەمێ گریانەوە، بەرەو ژوورەکەی ئاندریەی برد و پێی وت:

"دەی! وەرە بابچین بۆ لای، دەی... خاتوو ماری."

خاتوو ماری سەری بڵند کردەوە و، فرمێسکەکانی سڕی. ویستی پرسیاری تری لێ

بکات. پێی وابوو که ناتاشا هیچی لێ ناشارێتەوە، بۆیە پێی وت:

کەوابوو .....

بەڵام کتوپڕ بیدەنگ بوو. تێگەیشت بە وشە و رستە و پرسیار، سەختە بگاتەوە بە وەڵام. بۆیە چاوی بە چاوانی ئەوەوە گیرسایەوە و، بە چاو، ئەوی دواند.

ناتاشا لە خاتوو ماریی ڕوانی و، وا هەستی دەکرد، کە ماری بە سەر شەپۆلی دەریایەک دڵەڕاوکێ و دوو دڵییەوەیە! یاران... ئاخۆ چی دەزانێت، بە ماری بڵێت! یان لێی بشارێتەوە؟ وا هەستی دەکرد، تاکو ئەو بەو قوواڵی و وردییەوە، لە ڕوخساری بڕوانێت و، بە دڵیدا ڕۆبچێت، مەحاڵ دەبێت، بتوانێت ڕاستییەکانی لێ بشارێتەوە.

کتوپڕ ناتاشا کەوتە لێوەڵەڕە و، دایە پڕمەی گریان و، هەر هێندەی بۆ کرا بە دەستەکانی ڕووی خۆی بشارێتەوە.

ماری هەستی بە هەموو شتەکان کرد. بەڵام هەر پەنای بۆ ئومێد کردن بردەوە. بۆیە هەرچەند بڕوای بە پرسیارەکەی نەبوو، بەڵام هەر پرسیی:

"ئێستا برینەکانی چۆنە؟ باری دروستیی چۆنە؟"

سۆنیا هیچی بۆ نەدەوترا، ئەوەندە نەبێت وتی: "ئێستا... ئێستا... خۆت دەبینیت."

هەردوکیان لە ژوورەکەی تەنیشتی شوێنی میر ئاندریە مانەوە، تا سەرخۆ بێتەوە.

پاشان خاتو ماری پرسیی:

"ئاخۆ ئاقاری نەخۆشییەکەی بەرەو چییە؟ ئاخۆ لە مێژە باری زۆر خراپە؟ ئەمە... کەی وای لێ بەسەر هاتووە؟"

ناتاشا بۆی گێڕایەوە کە لە ڕۆژانی سەرەتای پێکرانیدا، باری دروستیی ناجێگیر بووە، بەڵام لە شارۆچکەی ترۆییتسا، دروستیی کەمێک باشتر بووە. پزیشک تەنیا ترسی گارگرینی لێی بووە، دواتر ئەو ترسەیش ڕەویوەتەوە.

ناتاشا لەسەر ئەوە سوورببوو، کە پزیشک پێی وتووە، ئەو کێم و زووخاوەیش وشک دەکات. ناتاشا بە هۆی ئەو چاودێری کردنەیەوە، شارەزایی باشی لە بواری تیمار کردنی برینەکەیدا پەیدا کردبوو.

ناتاشا لەسەری ڕۆیشت: "لەگەڵ ئەمەیشدا... خۆیشم نازانم... بەڵام خۆت ئەوەت لێ ڕوون دەبێتەوە و لە باری دروستیی ئەو ئاگادار دەبێت."

خاتوو ماریش پرسیی:

"ئەو کەم توانا و لاواز بووە؟ ئەی کێشی دابەزیوە؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"نەخێر! شتەکە پەیوەندیی بەوەوە نییە. شتێکی کەمێک خراپترە. ئێستا خۆت دەیبینیت... ئۆف! ئۆف! خاتوو ماری... میر ئاندریە کەسێکی زۆر نیانە. نەخێر ناتوانێت بژی! ناتوانێت بژی... چونکە..."

بەشی پازدەیەم
بەڵگە سەرەتاییەکان

هەر کە ناتاشا دەرگاکەی بۆ کردەوە و، لە چوونە ژوورەوەدا، خاتوو ماریی خستە پێش خۆی، ماری قورگی پڕ بوو بوو. زۆر تەقەلایدا، خەمەکەی بشارێتەوە و، وەکوو کەسێکی ئارام خۆی پیشان بدات. بەڵام لێیشی روون بوو، کە خۆی بۆ ناگیرێت و هەر دەگری.

خاتوو ماری لە مەبەستی ئەو قسەیەی ناتاشا گەیشت، کە پێی وتبوو: "ئەوە پێرێ و لە ناکاو ڕوویدا". تێگەیشت کە ئەو زێدەڕەویی کردووە، لە سۆز و خۆشەویستیدا. ئەو سۆزە لە ناکاوە، لە بەڵگە سەرەتاییەکانی سەرەمەرگە.

کە ماری لە دەرگاکە نزیک بووەوە، ئەندێشەی وێنەی ڕوخساری ئاندریەی برایی بۆ هێنایە پێشەوە و، ڕوخساری بچووکی سەردەمی منالّیی. ئەو ڕوخسارە بێگەردە منالّانە سادە و بێ خەوشەی، زووتر زۆر بە کەمی دەهاتەوە بەرچاوی. دەیشیزانی کە چەند قسەیەکی پڕ سۆزی پێ دەڵێت و، بە هەمان شێوازی باوکی دەدوێت. ئەو قسانەی بۆ دەکات، کە باوکی لە سەرەمەرگیدا پێی وتبوو.

خاتو ماریش بەرگە ناگرێت و، لە فرمێسکەکانی خۆیدا دەتوێتەوە. بەڵام خۆ ئەم بینینە، دەبێت هەر ڕووبدات، بۆیە وەرەی دایە بەر خۆی و چووە ژوورەوە.

تا وردتر له براکەی بڕوانیایە، پتر فرمێسک بەر قوڕگی دەگرت. دواتر سەرنجەکانی بە چاوانی ئاندریەوە گیرسایەوە. لەسەر قەنەفەیەک دڕێژ بوو بوو. سەرێنێک لە ژێر شانەکانیدا بوو. پاڵتۆیەکی نێو ماڵ و ناودار، بە سەریدا درابوو. کە لە پێستی سمۆرە دروست کرابوو.

زۆر لاواز بوو و زەرد هەڵگەڕابوو. ئەو دەستەیانی کە دەستەسرێکی پێ گرتبوو، هێندە باریک ببووەوە، پێوەی دیاربوو. بە دەستەکەی تری، خەریکی سمێڵە باریکەکەی بوو و، چاویشی لە هەردوکیان بڕی بوو.

هەر کە خاتوو ماری روخساری براکەیی بینی، هەنگاوەکانی خاو کردەوە و، هەستی کرد هێور بووەتەوە و، فرمێسکەکانی کەم بووەتەوە و، گریانی کۆتا بووە. وای بۆ چوو کە تاوانبارە بەرامبەر ئەو روخسار و روانینە.

بەڵام دواتر لە خۆی پرسی:

"بەڵام من چ تاوانێکم کردبوو؟"

بە سەرنجەکەی میر ئاندریەدا، وا دەردەکەوت کە ئەم وەڵامەی پێ بێت:

"تاوانی ژیان و، بیرکردنەوە لە تاوانی خۆت، لە کاتێکدا من..."

ئەو لا کردنەوە و، روانینە و، لاکردنەوەیەکی بە لای ماری و ناتاشادا، نەک هەر دەوروبەری ئاندریەی تێدا دەخوێنرایەوە. بەڵکوو دیوی ناوەوەی ئاندریەشیی تێدا دەخوێنرایەوە.

بە دڵ و گیان ئەو خوشک و برایە، یەکتریان لە ئامێز گرت.

میر ئاندریە بە دەنگێکی کز و لاواز پێی وت:

"بەخێر هاتی ماری.. چیت کردووە وا گەیشتیتە ئێرە؟"

بە هەمان دەنگی نزم و لاوازەوە لێی پرسی:

"نیکۆلا چکۆلەکەی منیشت، لەگەڵ خۆت هێناوە؟"

خاتوو ماری کە سەری لە پرسیاری براکەی سوڕمابوو، پرسیی:

"ئێستا چۆنیت؟"

میر ئاندریەش وتی:

"بۆ ئەمەیان ئازیزەکەم... دەبێت لە پزیشک بپرسیت."

بۆ ئەوەی کێشەکەی سووک و ئاسان بنوێنێت، بە سادەییەوە قسەی دەکرد، بێ ئەوەی خۆیش بزانێت چی دەڵێت.

دواتر وتی:

"سوپاس بۆ هاتنەکەت... هاوڕێی ئازیز."

خاتوو ماری، دەستی براکەی توند گوشی و، ئەویش کەمێک برۆکانی یەک هێنایەوە. لە

کاتێکدا ئاندریە بێدەنگیی هەڵبژاردبوو، خاتوو ماریش، نەیدەزانی چی بڵێت. پاشان ماری تێگەیشت، دوو رۆژ پێش ئێستا چی رووی داوە؟ بە تایبەتی ئەو سەرنجە نیمچە رقبوونەوەیەی و، گوێنەدانی بە شتەکانی جیهان و، دەوروبەری. لەوە دەچوو میر ئاندریە زۆر بە ستەم لە جیهان تێ بگات. بەڵکوو لەوە دەچوو، ئەو شتێک بکات کە زیندووەکان تێی ناگەن.

· لە ناکاو هاواری کرد:

"بەڵێ! قەدەر جارێکی تر من و ناتاشای پێکەوە کۆ کردەوە. بەڵام بە شێوەیەکی نامۆ!"

هەرچەند خاتوو ماری بە باشیی گوێی لە ئاندریە بوو، بەڵام هیچی لێ تێ نەگەیشت. میر ئاندریە زۆر نیان و بە سۆز بوو. چۆن توانیی بەو شێوەیە لە بەردەم کەسێکدا قسە بکات، کە سوور دەزانێت خۆشەویستێتی و، ئەویش ئەمی خۆشدەوێت؟ ئەگەر پێی وابووایە کە چاک دەبێتەوە و، لەو نەخۆشییە هەڵدەستێتەوە، ئەوا ئازادانە نەدەدوا. خۆ بیزانیایە کە دەمرێت. بەزەیی پێدا دەهاتەوە و، نەدەبوو لە رووی ناتاشادا، بەو شێوەیە بدوێت. مادام شتەکەی بۆ دەرکەوتووە. هەموو شتەکان بە لایەوە چون یەکن.

گفتوگۆ ساردەکەیان ناوە ناوە دەپچڕا.

ناتاشا وتی:"ماریی خوشکت، لە رێگای ریازانەوە هاتووە."

میر ئاندریە هەستی بەوە نەکرد، کە هەر ناوە ڕووتەکەی خوشکی، بە کار هێناوە و، ڕێزی ئەوی نەگرتووە.

دیسان وتییەوە:

"بۆیان گێڕاوەتەوە، کە هەر هەموو شاری مۆسکۆ، کراوەتە خۆڵەمێش و..."

ناتاشا بێدەنگ بوو. چونکە ئەوەی باشتر بوو. میر ئاندریەیش پێوەی دیاربوو کە دەیویست، بە وردی گوێ بگرێت. بەڵام هێشتا ئەوەی ئەو دەیویست، نەوترابوو.

وتی:"بەڵێ! دەڵێن مۆسکۆ سووتێنراوە! ئەمە جێی خەم و پەژارەیە."

لەو کاتەدا لە بەردەمی خۆی دەڕوانی و، پەنجەکانیشی بە سمێڵیەوە خەریک کرد بوو.

وێستی خۆییتر خۆی نیشان بدا و لە خوشکی پرسی:

"ئاخۆ... کۆنت نیکۆلات بینی؟"

پاشان بەوە خۆشحاڵ بوو، کە ئەوەی مەبەستێتی وا دەوترێت و وتی:

"ئەو بۆ ئێرەی نووسیوە، کە تۆی بە دڵە و زۆریش!"

پاشان بە دڵێکی خۆشەوە لەسەری ڕۆیشت:

"ئەگەر تۆیش ئەوت بە دڵە. ئەوە بۆ هەردوکتان باشە و، ئیدی تۆیش شووی پێ دەکەیت."

ئەم قسانە هەر یەک واتای هەبوو. ئەویش نیشانی دەدا کە میر ئاندریە لە جیهانی زیندووانەوە دوورە.

بۆیە خاتوو ماری هـاواری کرد:

"بۆچی لەبارەی منەوە، قسە دەکەیت؟"

ناتاشا هەستی کرد بەو سەرنجەی خاتوو ماری، بێدەنگیی بە باش زانی و، سەری بڵند نـەکردەوە.

خاتو مارێ لە براکەی پرسی:

"ئـاندریە... دەتەوێت نیکۆلا چکۆلەکەت ببینیت؟"

ئەمەی بە دەنگی بڵند لێ پرسی و لەسەری رۆیشت:

"ئەو هەمیشە ناوی تۆی لەسەر زمانە!"

لـەو دانیشـتنەدا یەکـەم جـاری بـوو، بزەیـەک نیشـتە سـەر لێوانی. بـەڵام خـاتوو مـاری تێگەیشت کە ئەوە ئەو بزە خۆشییە نییە، کە دەبوو بەرامبـەر بینینی کوڕەکەی هەیبوایە. چونکە باشترین شێوەی قسە کردنی لەگەڵدا بە کارهێنا بۆ بیرخستنەوەی کوڕەکەی.

میر ئـاندریەیش وتی:

"بەڵێ شادمانم نیکۆلا بچکۆلەکەم دەبینم. خۆ دروستیی ئەو باشە؟"

کە نیکۆلا چکۆلـەیان بـۆ لای بـاوکی هێنـا. منـاڵەکە بـە ترسـەوە لـە بـاوکی روانـی! لەبـەر ئەوەیش، کەسیانی نەبینی بگرین، ئەویش نەگریا.

بێئەوەی میر ئـاندریە بزانێت چیی پێ بڵێت، ماچی کرد.

خاتو ماریش لە میر ئاندریە نزیک بووە و، ماچێکی سەری کرد و، خۆی بـۆ نـەگیرا و، دەستی کردە گریان.

میر ئاندریە سەرنجی خوشکەکەی دا و لێی پرسی:

"ئەوە بۆ نیکۆلای چکۆلە دەگرێت!؟"

خاتوو ماریش بە دەم هەنسکدانەوە، سەری بەڵێی بۆ نەوی کرد.

پاشان میر ئاندریە پرسیی،"ماری، ئەوە تۆیش؟"

کتوپڕ بێدەنگ بوو.

خاتو ماری پرسیی،"دەتویست چی بڵێیت؟"

ئـاندریەش وەڵامی دایەوە:

"هیچ... پێویستیش ناکات بگریت."

هـەر کە خوشکی بینی، دایـە پرمـەی گریـان، تێگەیشت کـە ئـەو بۆیـە دەگـری سـوور دەزانێت زۆری پێناچێت و، نیکـۆلا چکۆلـە هـەتیوو دەکـەوێت. بۆیـە زۆری تەقـەلا دا بـە بیرەوەرییەکانیدا بچێتەوە و بۆ دواوە بگەڕێتەوە نێو ژیانی زیندووان.

وا بیری دەکردەوە:

بەڵێ! گومانی تێدا نییە کە هەتیوو کەوتنی نیکۆلا، خەمێکی زۆریان دەداتێ. لەگەڵ

ئــەوەشدا چەندە کارێکی ئاسانە!

بە خۆی وت و، حەزیشی دەکرد بچێتە نێو بیر کردنەوەکانی خوشکەکەیەوە:

چۆلەکەکانی ئاسمان نەدەچنین و، نە دروێنە دەکەن. کەچی باوەی ئاسمان تێریشیان دەکات! بەڵام خۆ دەبێت ئەمان لەمە تێ بگەن. رەنگە ئەم دوانە بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆیان، لەمە بگەن... یان هەر تێیشی نەگەن! ئەم دوانە بەم شێوەیە تێناگەن. کە ئەو هەموو سۆزەی پێیانەوە بەستووە و، ئەو هەموو بایەخە و، ئەو هەموو بیرو رایەی کە بەلامانەوە، زۆر بایەخدارن. هەر هەموو ئەوانە، بێ بایەخن! نەخێر ئێستا ئێمە ناتوانین لە یەکتری تێ بگەین.

میر ئاندریەی چکۆلە، تەمەنی بەرەو حەوت ساڵان دەچوو. بە ئاستەم فێرە خوێندنەوە بوو بوو. ئیدی کاتی ئــەوەی بوو، فێری نووسین و وەرگرتنی زانیاری و، ســەرنج بێت. هەرچەند ئــەگەر لــە هــەموو زانیارییــەکانی جیهانیشی پێ ببڕایــە، هێشتا نەیدەتوانی بــەو شێوەیە، لە بارودۆخی میر ئاندریەی باوکی و، خاتو ماریی بگەیشتایە. ئەو هــەموو شتێک تێگەیشتبوو و، چــووە دەرەوە و هــیچ نــەگریا، بــەڵام نــاتاشا لەگەڵیدا چــووە دەرەوە. کــە چوونە دەرەوە، نیکۆلا چکۆلەی چــاو گەورە باوەشی کرد بەڕانەکانی ناتاشــادا و، دەســتی کردە گریان.

ئیدی لەو کاتە بە دواوە، ئــەو منداڵە خۆی لــە دیســال و، لــە لاوولۆ هاتنەکــەی کۆنتیســە دەدزییەوە.

زۆر جاران لە نهۆمی سەرەوە بە تەنیا دەمایەوە و، لە هەموویان زیاتر خاتوو ماری و ناتاشای خۆشدەویست و، وا هەستی دەکرد کە ناتاشای لە پووری زیاتر خۆشدەوێت!

هەر کــە خاتوو مــاری، لــە ژووورەکــەی میر ئاندریــە هاتــە دەرەوە، بــە هــۆی روخســاری ناتاشاوە، شتاکانی بۆ روون بووەوە. لە بــارەی چاک بوونــەوەی میر ئاندریــەوە، ناتاشــای نــەدەدوان. بــــەڵکو جێــی ئــــەوی گرتــــەوە لــــە سەرپەرشــــتی کردنــــی بریندارەکــــەدا و، لای قەنەفەکەوە، بێدەنگ لێی دانیشت و، چــــاوانی نووقاند و، لــە هــەموو دڵییــەوە کەوتــە نزا و پاڕانەوە.

بەشی شازدەیەم
مردنی ئاندریە

میر ئاندریە هەستی بە سووک بوونی کێشی خۆی دەکرد و، هەستیشی بەوە دەکرد، کە دەمرێت. تەنانەت نیوە مردوویش بووە. هەستی بە لێکترازانی خۆی دەکرد، لەگەڵ شتەکانی دنیادا. هەستی بە سووکبونێکی پڕ چێژی نامۆ دەکرد. چاوەڕوانی شتێکی دەکرد کە دەبوو هەر ببوایە و، پەلەیشی نەبوو لێی.

ئەو شتەی کە بە درێژایی ژیانی بیری لێ دەکردەوە، ئێستا بە هۆی ئەو سووکەڵە بوونە بەو چێژە نامۆیەوە، هەست دەکات زۆر نزیکە لێی. زووتر لە مردن دەترسا و، دوو جاریش هەستی پێ کردبوو و، تووشی دڵەڕاوکێی کردبوو و، نزیک بە کۆتایی خۆی بوو بووەوە. کەچی ئێستا هەست بەو دڵەڕاوکەیە ناکات!

یەکەمجاریان کە هەستی پێ کرد، ئەو دەمە بوو کە گوللە تۆپێک لەبەردەمیدا دەخولایەوە و، ئەمیش چاوەڕوانی سەرنجی بەروبوومی کشتوکاڵ و بێشەڵان و ئاسمانی دەدا و، هەستی دەکرد لە کۆتایی خۆیەوە نزیک بووەتەوە.

دوای تەنگ و چەڵەمەکەی و، کاتێک هەستەکانی بۆ گەڕایەوە. وا هات بە خەیاڵیدا، کە لە باری گرانیی ژیان رزگاری بووە. ئەو ژیانەی کە توند توند گرتبووی. هێندەیشی پێنەچوو گوڵی خۆشەویستیی تا هەتا لەدڵیدا کرایەوە و پەیوەندیەکانی بە ژیانەوە پچڕا.

لەو کاتەوە ئیدی هەرگیز بیری لە مردن نەکردەوە. چ جای ئەوەی لێشیی بترسێت! لەو کاتی سەعات و نیوە، بە ئازارەدا، زۆر بە وردی بیری کردەوە و، لە ئازاری برینەکەیدا کەوتبووە بزرکاندن. تا وای لێهات پتر و پتر، لە ژیان جوێ دەبووەوە و، خۆیشی گومانی لەوە نەبوو.

شتەکان و هەموو خەڵکەکەی خۆشدەویست. خۆیشی دەکردە قوربانی. واتا تەنیا کەسە کە خۆی خۆشنەدەویستو بۆ دنیا نەدەژیا. بۆیە تاکوو پتر لە خۆشەویستییە نوێیەکەیدا، قوولْتر بوایەتەوە... پتر و پتر، خۆی لە شتەکانی دنیا دەگرتەوە.

لە سەرەتاوە هەستی بە نزیکبوونەوەی خۆی کرد لە مردن، بە خۆی وت:

. **زۆر باشە! ئەمەیان باشترە!**

بەڵام دوای ئەو شەوەی میتیشنشیی، کە تێیدا لە بزرکاندن نزیک بووەوە، هەستی کرد، ئەوە لەبەردەمیدا قوت بووەتەوە، کە خۆی حەزی لێیەتی. فرمێسکی چاوانی سڕی و، بە دەستی توند لێوەکانی گوشی و بە دزییەوە، عیشق خۆی کردەوە بە دڵیدا و، چێژی ژیانی پێ بەخشییەوە.

پاشان بیروڕای رووناک و دڵەڕاوکێی جارانی، بۆ گەڕایەوە. لەو هەستانەی کاتی خۆی لە توانایدا نەبوو، بیری خۆی بێنێتەوە، وەکوو ئەو هەستەی، کە هەستی بە کۆراگین کرد لە خەستەخانەی سەربازیدا بوو و، بینی بووی ئازار دەچێژێت.

هەستی بە مەترسیی مردنی ئەو کۆراگینە دەکرد. بەڵام نەیدەوێرا ئەو پرسیارە، لە کەس بکات. لەو کاتەدا نەخۆشی رێی سروشتیی خۆی لە لەشی ئاندریەدا گرتە بەر و، پێش گەیشتنی خاتوو ماری بە دوو رۆژ: خەباتێکی ورد لە نێوان ژیان و مردنیدا، دەستی پێ کردبوو.

ئاندریە توند خۆی بە ژیان و مانەوەیدا هەڵواسی بوو. چونکە خۆشەویستیی ناتاشا پاڵپشتی بوو. لەبەر ئەوەی بە هەموو جەستەیەوە، لە سەر جێیەکەی هەڵ گەڕابووەوە و، بەرامبەری وەستابوو.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو. دوای نانخواردنی و، هەرچەند "تا" یەکەی کەمێک بەرز ببووەوە. بەڵام بیر و بۆچوونەکانی، زۆر گەشاوە بوون. سۆنیایش لە نزیک مێزەکەوە دانیشتبوو و، دڵغەی لێ دابوو.

لە ناکاو بەختەوەری میر ئاندریەی داگرت و، وا بیری کردەوە:

"ئاە! ئەوە خۆیەتی!"

لە راستیدا هەر وایش بوو. چونکە لەو کاتەدا، ناتاشا خۆی کرد بە ژوورەکەیدا و، بێدەنگ بۆ سەرپەرشتی کردنی نەخۆشەکە چووە شوێنی سۆنیا. بۆ ئەوەیش ئیدی سۆنیایش پێویستی بە حەوانەوە هەبوو.

ناتاشا لە سەر کورسییەکی نەرم و نیان دانیشت. لایەکی روخساری تیشکی روناکیی مۆمەکەی لە ئاندریە شاردبووەوە. ناتاشا دەستی کرد بە گۆرەوی چینین. لە بەرئەوە، خۆی فێری چنینی گۆرەوی کردبوو. چونکە جارێکیان میر ئاندریە پێی وتبوو، باشترینی ئەوانەی خزمەتی نەخۆشەکان دەکەن، ئەو پیرەژنانەن، کە بە دیار نەخۆشەوە دەمێننەوە و، بەشێنەیی خۆیان بە گۆرەوی چنینەوە خەریک دەکەن. ئەمیش بە خێرایی شیشی

چنینەکەی لێک گیردەکرد.

ئاندریەیش سێبەری لەسەر لای روخساری ناتاشای بە سەر دیوارەکەوە دەبینی. ناتاشا جوولەیەکی کرد و، گلۆلەکانی لە کۆش داکەوت و، خل بوونەوە. بۆیە راپەڕی و سەرنجێکی میر ئاندریەی دا و، کۆی کردنەوە و، لە شوێنی خۆی دانیشتەوە.

ئەویش سەیری ناتاشای دەکرد، بێ ئەوەی بجوڵێت. هەستی کرد دوای ئەو پەلە کردنەی، پێویستی بە هەناسەیەکی قوولا هەیە. بەڵام ئەو هەر گوێیشی بەو کارە نەدا. لە کلیسەکە پێکەوە قسەیان کردبوو.

ئاندریە بە ناتاشای وتبوو، کە ئەگەر چاک بێتەوە، ئەوا نەزرێک بۆ خوا دەکات. لەو جارە بە دواوە، یەکتریان نەدواندبوو و، باسی داهاتووی خۆیان.

ئاندریە لەگەڵ گوێگرتن لە دەنگی شیشەکانی چنینی ناتاشا، کەوتە بیر کردنەوە:

"ئاخۆ دەکرێت؟ بەڵێ، ئەمە دەکرێت؟ بڵێی قەدەر ئەمجارە لەگەڵ ئەم ناتاشایەدا منی بۆ ئەوە کۆ کردبێتەوە، تەنیا بۆ ئەوەی تێیدا بمرم؟ من لە هەموو کەسێکم زیاتر خۆشدەوێت. کە من بەم شێوەیە خۆشم بوێت... کەوابوو دەبێت ئێستا چی بکەم؟"

لە ناکاو نرکە و نالەی ئازاری لێ بڵند بووەوە.

ناتاشا کە ئەو نالەیەی ئەوی بیست، گلۆلە و گۆرەوییەکەی لەولاوە دانا و، لێی چووە پێشەوە و، بەسەریدا نووشتایەوە.

کە بریسکەی چاوانی میر ئاندریەیشی بینی لێی پرسی:

"ئەوە نەنووستوویت؟"

میر ئاندریەیش وەڵامی دایەوە:

"دەمێکە لە تۆ دەڕوانم. هەستم پێت کرد، کە هاتیتە ژوورەوە. کەس وەکو تۆ ئارامیی: شیرین و خۆش، بە من نابەخشێت! بۆیە خوازیاری ئەوە بووم، لە خۆشیدا بگریم."

ناتاشا پتر بە سەریدا نووشتایەوە و هێندە بەختەوەر بوو بەو قسانەی، کە هەر وەسف ناکرێت.

میر ئاندریە لەسەری رۆیشت:

ـ ناتاشا هەر زۆرم خۆشدەوێیت. لە هەموو دنیا زیاترم خۆشدەوێیت!!

ناتاشایش وتی،"منیش هەروام!"

پاشان سەری وەچەرخاند و دواتر وتی،"بەڵام بۆچی خۆشەویستییەکی، لە رادەبەدەر؟"

میر ئاندریەیش وتی،"بۆچی لە رادەبەدەر؟ لە دەروونی خۆتدا چۆن بیر دەکەیتەوە؟ بە ویژدانت، من دەژیم و نامرم؟ تۆ خۆت بڕوا بەمە دەکەیت؟"

کەمێک میر ئاندریە بێدەنگ بوو. پاشان دەستی ناتاشای گرت و ماچی کرد.

"ئای! چەند قەشەنگ دەبێت... گەر نەمرم!"

ناتاشایش چەندە بەختەوەر بوو، هێندەیش دڵەڕاوکەی بوو. بیری کەوتەوە کە دەبێت هیچ شتێکی کاریگەر بە نەخۆش نەوترێت. دەبێت لە شوێنی کپ و ئارامدا بێت. ناتاشا بەختەوەرییەکەی ئەو ساتەی خۆی کپ کرد و وتی:

"تۆ تاکو ئێستا نەنووستوویت.. تکا دەکەم هەوڵا بدە بنوویت."

میر ئاندریە، تۆندتر دەستی گوشی و، ئەویش چووەوە شوێنی خۆی ، نزیک مۆمە داگیرساوەکەوە، کە لە شوێنی خۆی دانیشتەوە، دوو جار تیلەچاوی دایە و چاوە بە بریسکەکانی ئەوی بینی.

پاشان بە خۆی وت:

"تاکو گۆرەوییەکە تەواو نەکەم، سەیر ناکەمەوە و، ددان بە خۆمدا دەگرم."

لە راستیشدا هێندەی پێنەچوو و، میر ئاندریە چاوانی لێکنا و نووست. بەڵام دوای کەمێک، راپەڕی و تێگەیشت، کە ئارەقێکی ساردی کردووەتەوە. هەر بە دوای بە ئاگاهاتنەوەکەیدا، کەوتەوە بیر کردنەوە لە مردن و، لە ژیان. بە تایبەتی ئەو مردنەی، کە هەستی دەکرد، لێوەی نزیکە.

بە خۆیی وت:

عیشق! خۆشەویستی بۆ خۆی چییە؟ عیشق و خۆشەویستی رووکاری ژیانە! عیشق بۆ خۆی ژیانە! بە هۆی خۆشەویستییەوە نەبوایە، هیچ لە ئەمانە فێر نەدەبووم، کە ئێستا دەیزانم. ئەم هەموو شتانە، بۆیە بوونیان هەیە: چونکە من عاشقم. خوا خۆشەویستە. بە لای منەوە مردنیش تەنیا گەردیلەیەکی ئەو خۆشەویستیەیە و، گەڕانەوەی پارچەیە بۆ گشتەکەی خۆی. بۆ سەرچاوە تا هەتاییەکەی خۆی.

هەرچەند ئەو بیروڕایانە، دڵدانەوە بوو بۆ ئەو، بەڵام هەر بیر کردنەوەیەکی ڕووت بوو. لەبەر ئەوەی ئەم بیروڕایانەی پێویستی بە بەڵگە بوو، بۆ سەلماندنی راستییەکان. دڵەڕاوکە و گومانی خستەوە دڵ. دواتر خەوی لێکەوتەوە.

لە خەویدا هەر لە هەمان ژووردا راکشاوە. بەڵام ئەمجارەیان دروستە و، نەخۆش نییە. کەسانێکی رسوای زۆر بە بەردەمیدا تێپەڕین و، ئەمیش لە بارەی بابەتێکی زۆر بێبایەخەوە دەیدواندن.

ئەوان بەرەو لایەک دەڕۆیشتن و، ئەمیش کارەکەیانی بە بێ بایەخ دەزانی و، بیروڕای لەوەی ئەوان مەترسیدارتر، لە میشکیدا بوو. کەچی ئاوایش هەر لە بارەی بابەتی بێ بایەخەوە، گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن و، زۆریش وریایانە دەدوا، پاشان ئەو هەموو خەڵکە، بڵاوەیان لێ کرد.

تەنیا کێشەیەکیش کە مابووەوە، داخستنی دەرگاکە بوو. کڵۆمدانی بوو. ئاخۆ کاتی ئەوەی دەبێت، دایبخاتەوە یان نا؟ ئەمەیش ئەو هەموو شتە بوو، کە لەسەر ئەو وەستابوو.

هێند بە خێرایی ڕێی دەکرد، کە ئیدی قاچەکانی هەڵیان نەدەگرت. ئەوەیشی دەزانی کە

هەلی بۆ نارەخسێت و، ناتوانێت دایبخات. شتێکی تۆقێنەر لەوبەرییەوە، قورسایی خۆیی خستبووە سەر، کە سەر بە مرۆڤایەتی نەبوو.

مردن لە دەرگا دەدات و، خەریکە دێتە ژوورەوە. لەبەر ئەوەی ئەم ناتوانێت دەرگاکە دابخاتەوە، کە وابوو مردن هەر دێتە ژوورەوە.

لە ژێر فشاڕی دەرەوەدا دەرگاکە کرایەوە و دیسان داخرایەوە. تەوژمێکی تری سەروو توانای مرۆڤ هات. بەڵام بێکەڵک بوو.

بێدەنگ دوو تاکی دەرگاکە خۆی دا بەدەستەوە و، ئەمیش بەخۆی وت:

"ئەوە خۆیەتی! وا هاتە ژوورەوە!"

ئەوەی هاتبوو مردن بوو. میر ئاندریە هێدی هێدی دەستی بە مردن کرد. لە کاتی مردنەکەیدا ئەوەی لە بیر بوو کە نووستووە! بۆیە تەقەلای فرەی دا بۆ هەستانەوە.

پاشان بە خۆیی وت:

"بەڵێ ئەوەی کە بۆم هات مردن بوو! من مردبووم و، ئێستا بە خەبەر هاتوومەتەوە. بەڵێ! مردن بە ئاگا هاتنەوەیە!"

لە ناکاو رەوانی رووناک بووەوە. ئەو پەردەیە لابرا کە ناوەوەی خۆیی لێ شاردبووەوە. هەستی کرد وەکو ئەوەی لەو بە هێزتر بووبێت و، تا ئەو کاتە پێی بەسترابوون. تا کۆتایش ئەو سووکەڵەبوونەی جەستەی هەر مابوو.

کە بە ئاگا هاتەوە سەر ئارەقێکی سارد کەوتبوو. لە سەر قەنەفەکە خۆی جوڵاند و، ناتاشا هات بۆ لای و لێی پرسی: کە ئاخۆ هیچی پێویستە؟ میر ئاندریە وەڵامی نەدایەوە و، هەر لێی دەڕوانی و، بێ ئەوەی خۆیشی بزانێت چیی دەوێت؟

ئەمە باری میر ئاندریە بوو، پێش دوو رۆژ بەر لە گەیشتنی خاتوو ماری. لەو دەمەوە، ئیدی "تا" یەکەی بەرە بەرە، ئازاری ئاندریەی دەدا. بەڵام قسەکانی پزیشک خۆشەویستیی ناتاشای نەدەجوواڵان.

ئەو، دیاردە رەوانییەکانی لە میر ئاندریەدا بەدی کردبوو و، لە دیاردەکانی تر بە ئازار تر بوو. لە راستیدا لەو دەمەوە میر ئاندریە لە سەرخۆ لە ژیان دەچووە دەرەوە. ئەمیش رێک بە هەمان خێرایی لە خەونەکەی دەچووە دەرەوە. پێی وابوو، جێ هێشتنی ژیان، لە جێ هێشتنی خەونەکەی گەلێک خاوتر بوو.

ئەم رۆژانەی دوایی، ئاسانتر لێ بەسەرچوو، لە رۆژانی ئاسایی خاتوو ماری و ناتاشایش، کە هەمیشە لە دەوری بوون و هەستیان بەمە کردبوو.

کەسیان نەگریان و ئازاری خۆیان نەدا. ئیدی وا هەستیان کرد، جێی بایەخیان نییە و هەستی پێ ناکەن. ئەوەی کە بۆیان مابووە یادەوەرییەکانی ئەو دواییەی بوو. لەگەڵ جەستەیەک کە لە گیانەڵادا بوو. ئەمەیش هێندە کاریگەریی لەسەر دانابوون کە مردنەکە

خۆی بەو شێوەیە کاریگەریی نەبوو، نە لە دووری ئەو نەلە نزیکییەوە نەدەگریان.

بە هیچ شێوەیەکیش ئەو دووانە، لە بارەی میر ئاندریەوە قسەیان نەدەکرد. هەردوکیان هەستیان دەکرد تا دێ، میر ئاندریەیان لە دەست دەردەچێت و، لێیان دوورتر دەکەوێتەوە.

هەردوکیشیان هەستیان دەکرد، کە ئەوە راستییەکەیە و، دەبێت رووبدات.

ئیدی هەموویان هاتنە سەری و خواحافیزییان لێ کرد. کە نیکۆلا چکۆلەی کورپیشیان بۆ برد. نێو چاوانی ماچ کرد و پاشان رووی لێ وەرگێڕان. داوایان لێ کرد کە کورپەکەی پیرۆز بکات و، بە قسەی کردن. پاشان چاوی بە دەوروبەردا گێڕا، وەکوو ئەوەی بپرسێت: ئاخۆ شتێکی تر ماوە تاکوو بیکات؟

خاتو ماری دوای چەند خولەکێک لە ساردبوونەوەی جەستەی براکەی وتی:

کۆتا بوو و مرد!

ناتاشا لە جەستەکە هاتە پێشەوە و، سەرنجێکی چاوانی دایەوە و بە دەستی خۆی لێکی نانەوە. پاشان لێوانی نایە سەر چاوانی و، ئەو کارەی بووە نزیکترین یادەوەری بۆی. بۆ کوێ چوو؟ ئێستا ئەو لە کوێیە؟

کە لاشەکە شۆردرا و، کفنیان کردەبەری، لە سەر مێز دانرا. پاشان هەموان نزیکی کەوتنەوە و، مالئاواییان لێ کرد.

نیکۆلا چکۆلە دەستی کردە گریان. کۆنتیسە و سۆنیایش بۆ ناتاشا و بەختەکەی دەگریان. بۆ ئەو کەسەی کە ئیدی بوونی نامێنێت.

پیرە کۆنتیسە بۆ خۆی دەگریا. چونکە دەیزانی ئەویش هێندەی نەماوە هەمان هەنگاوی مردووەکە بنێت! ئەویش بەم نزیکانە، ئەم هەنگاوە ترسناکە دەنێت.

ئێستا وا خاتوو ماری و ناتاشا دەگرین. ئەوان بۆ خۆیان نەدەگریان، بەڵکوو لە کاریگەریی ئەو گیانەڵا و مردنە بوو، کە بە بەرچاویانەوە رووبدا.

پاری دووەم

بەشی یەکەم
رەوتی بالّی سوپاکە

زانینی هۆکاری دیاردە و رووداوەکان حەزێکە و جێگری ژیریی مرۆڤە. بەڵام بڕێک لە هۆیەکان هەن، کە بیری مرۆڤیان ناگاتێ! لەبەر ئەمەیش بیری مرۆڤ بە یەکەمین رووداوی ئاسانەوە دەگیرسێتەوە و دەڵێت: ئا ئەمە هۆی رووداوەیە. چونکە بێدەسەڵاتە لە بەرامبەر مەرجە ئالۆزەکانی و پانتاییە ناکۆتاکانی ئەو رووداوەدا. بێدەسەڵاتە لە بەرامبەر ئەو دیاردە مێژووییانەدا و، لێکۆڵینەوەی کردەوەی تاکە کەسەکان دەکات.

لەوە دەچێت ویستی خواوەندیان لەگەڵدا بێت و، ئەمەش کۆنترین بیرۆکەیە. بە دوایدا ویستی ئەو کەسە پلە بالّایانەن، کە پالّەوانان. لەگەڵ ئەوەیشدا هێندە بەسە مرۆڤ، قوول بێتەوە لە کاکڵەی هەر رووداوێکی مێژووییدا، واتا لە چالاکیی کۆی ئەو مرۆڤانەی کە لەو رووداوە مێژووییانەدا بەشدار بوون.

تا کۆڵەرەوە لەوە دڵنیا ببێتەوە کە ئەوە ویستی پالّەوانی رووداو نەبووە، کە جەماوەری ئاراستە کردووە! بەڵکو جەماوەرەکەّ خۆی هەمیشە ئاراستەی خۆی وەردەگرێت.

تێگەیشتن لە رێبازی هەر رووداوێکی مێژوویی و بەم رەنگە. یان بە هەر جۆرێکی دی، رەنگە جیاوازییەکی ئەو تۆی نەبێت. لەگەڵ ئەوەیشدا لە نێوان ئەوانەدا کە دەڵێن: هێرشی گەلانی رۆژئاوا، بەرەو رۆژهەلات، بە ویستی ناپلیۆن بووە و، ئەو بەو شێوەیەی ویستووە و، لە نێوان ئەوانەدا کە دەڵێن: ئەو رووداوە دەبوو، هەر رووی بدایە. ئەمە هەر وەکوو ئەو نەبوونی جیاوازییەیە لە نێوان ئەو کەسانەی وتوویانە: خۆر وەستاوە و، ئەستێرەکان بە کەمەریدا دەخولێنەوە. لەگەڵ کەسانێکی دی کە بە هۆی نەزانینیانەوە پرسیویانە: چ شتێک زەوی راگرتووە؟ بەڵام پشتگیری لەوەیش دەکەن، کە یاسایەلێک هەن، ئەو جوولانە و جوولانی ئەستێرەکانی پێ رێکخراوە. نە شتی لەو جۆرە هەیە و، نە شتی واش دەبێت. کاتێک کە هۆی تر هەبێت بۆ رووداوی مێژوویی، لە گەورە هۆی نێو هەموو هۆیەکان بەولاوە، هیچی تر نییە. بەڵام یاسایەلێک هەیە رووداوەکان دەبات بەرێوە. ئەو یاسایەلەیش زۆربەی جار، نادیار دەبینرێن. جارو بارێکیش، وای بۆ دەچین کە هەستی پێ دەکرێت.

هەر وەکوو چۆن دۆزینەوەی جوولەی هەسارەکان رووی نەدەدا، تاکوو بیردۆزی نەبوونی جوولەی زەوی پشتگوێ نەخرا. ئاوایش، هۆکارەکانی رووداوە مێژووییەکان پەی پێ نابەین، تاکوو بە یەک جاری کۆڵینەوە لە رووداوەکان لە رێگەی ویستی تاکە کەسەوە، لە بیری خۆمان لانەدەین.

دوای شەڕی بورۆدینۆ و، داگیرکردن و، سووتاندنی مۆسکۆ. بەلای مێژوونووسانەوە رەوی سوپای رووس گرنگترین قۆناغی شەڕەکەی سالی (١٨١٢) بوو. ئەو رەوەی لە رێی ریازانەوە دەستی پێکرد و، بەرەو رێی کالوگاو رووەو سەربازگەی تارو تینۆ ـ ئەمەیش گوندێکە دەکەوێتە سەر رووباری نارا ـ و ئەمەیان ناو ناوە، رەوەکەی گوندی کراسنایا باخرای باڵی سوپاکەی رووس.

مێژوونووسان ئەو مەلحەمەی رەوی سوپای رووسە، دەدەنە پاڵ چەند کەسێک و، تا ئێستایش، لە سەریشی کۆک نین. خودی بیانیان و تەنانەت مێژوونووسە فەڕەنسییەکانیش، هەر کاتێک باسی ئەو رەوەی باڵی سوپای رووس دەکەن: ددان بە بلیمەتیی ژەنەرالە رووسەکاندا دەنێن.

بەڵام ئاخۆ بۆچی مێژوونووسە ریازانیەکان و بە دوایاندا رەمەکی خەڵکەکە ئەمە دەدەنە پاڵ بەرچاوڕوونیی تاکە کەسێک؟ بەرچاو ڕوونییەکی لەم جۆرەیش کە بە هۆیەوە رووسیا رزگار بوو و، بۆ ناپلیۆنیش بووە مایەی تیاچوون! ئا ئەمەیە کە تێگەیشتنی سەختە.

لە قۆناغی یەکەمی ئەو جوولە و رەو کردنەی باڵی ئەو سوپایەدا، هەست بەقوولی و بلیمەتی نەدەکرا. چونکە بارەکە پێویستی بە بیر کردنەوەیەکی قوول نەدەکرد و، دەبوو هەر سوپایەک گەر هێرشبەر نەبێت. روو لەو شوێنانە بکات، کە تێیدا سەرچاوەکانی

دریژەدان بە ژیانی تێدایە. هەرە باشترین ریگایش کە سوپاکەی دوای شەڕی (١٨١٢) پێیدا تێپەڕێت... ریگای کالوگا بوو.

لە قۆناغی دووەمی رەوی ئەو باڵەی سوپادا. سەخت بوو، هۆی ئەوە بزانرێت کە ئاخۆ بۆچی مێژوونووسان، ئەو رەوتی سوپایەیان بە رزگار بوونی رووسیا و، لە دەستچوونی دەستکەوتەکانی فەڕەنسا، لە قەڵەم دەدا؟

رەوی ئەو باڵەی سوپای رووس، نەک هیچ چاکسازییەک، یان تایبەتمەندیەکی نەخستە سەر رووداوەکە، بەڵکوو ئەگەر بارودۆخەکە یارمەتیی ئەو رەوەی نەدایە، دوور نەبوو ئەو رەوەیان ببوایەتە هۆی تێداچوونی خۆیان.

ئاخۆ ئەو دەمە ناپلیۆن هەستی بە لاوازیی سوپاکەی خۆی نەکردایە، چی رووی دەدا؟ یان ئەگەر بە ویستی بینیگسن و بارکلی بوایە و، شەڕی کراسنایا باخرا بکرایە؟ ئەی ئەگەر فەڕەنسییەکان، لە کاتی سەفەرەکەیاندا، هێرشیان بکردایەتە سەر باڵی سوپای رووس، چی رووی دەدا؟ یان ئەگەر ناپلیۆن بە یەک لەسەر دەی ئەو پەرۆشییەی، بۆ شەڕەکەی سمولنسک هەیبوو، هێرشی بکردایەتە سەر ئەو باڵەی سوپای رووس و، لە کاتی گەیشتنیاندا بە تارۆتینۆ؟ ئەی ئەگەر فەڕەنسییەکان بەرەو پێترزبۆرگ بچوونایە چی؟

هەموو کارە چاکەکەی، ئەو باڵەی سوپای رووس، لەو سەفەرەی، بە رێی ریازاندا، کە دوور نەبوو، یەکێک لەو گریمانانە بە سەر خۆیاندا قڵپ ببوایەتەوە و، تووشی تێداچوونی تەواوی بکردنایە.

لە قۆناغی سێیەمدا، بەهێزترین شتێک، کە هەستی پێنەدەکرا. ئەوەبوو ئەوانەی کە کۆڵینەوەیان بۆ مێژوو دەکرد، هەر بە ئارەزوو نەیاندەویست تێبگەن لەوەی، ئەو رەوەی سوپای رووس، بە ئارەزوو و ویستی تاکە کەسێک نەبوو. تەنیا یەک کەس پیلانی بۆ ئەو رەوە دانەنابوو. ئەو راوە رێوییەی لە کشانەوەکەیاندا بەکار برا لە ڤیللی، لە لایەن کەسێکەوە، نەخشەسازیی بۆ نەکرابوو. بەڵکوو هەنگاوە یەک لە دوای یەکەکانی سوپاکە، خۆی بەرهەمی هێنابوو.

رەوی ئەو باڵەی سوپای رووس هەر بە دەرەوە و پێزانراویش نەبوو، تاکو ئەو دەمەی سەفەرەکەیان تاووتوێ کرد و، کارەکەیان چووە خانەی رابردووەوە.

لەو کۆڕی "ئەنجوومەنی جەنگ"ەی کە لە ڤیللی گیرا، بیرۆکەی زاڵ لە سەرکردایەتی گشتیی سوپای رووسدا، کشانەوە بوو. بەڵام کشانەوەیەک بە شێوەی راستەهێڵ. واتە دەبوو بە رێی نیجنی ـ نۆفگۆرۆودا بوایە. بە تایبەتیش دوای ئەو گفتوگۆ تایبەتە و، تێیدا ولانسکۆی، بۆ سەرکردەی گشتیی، روون کردەوە کە خۆراک تەنیا بە کەنارەکانی رووباری ئۆکادا و حکومەتانی هەرێمەکانی "تووڵا" و، "کاگۆڵا" دەگات.

لە بارەی پاشەکشەی سوپا بەرەو نجنی ـ نۆفگۆرۆود. ئەوە بە هۆی پانیی رووی

ئاوی رووباری ئۆکاوە. خۆراک و پێداویستییەکان ناگاتە دەستی سوپاکە.

ئەمە یەکەم هێماو ئاماژە بوو، بۆ پشتگوێخستنی ئەو ڕێگایە و سەفەر نەکردنیان پێیدا. بۆیە سوپاکە ناچاربوو ئەو هەموو میانەیە تێپەڕێنێت و، ڕوو لە خـواروو بکات و بـەرەو ڕیـازان ببێتەوە و، بۆ ئەوەیش کە لە بنکەکانی زەخیرەو خۆراکی سـوپاوە نزیکتر ببێتـەوە. بـە هـۆی خـــاو بوونـەوەی سـوپای فەرەنسـا و، بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان، خۆیـان لـە بەرەنگار بوونەوەی سوپای ڕووس دەدزییەوە.

سـوپای ڕووس دوای ڕەوە مەترسـیدارەکەیان، بـۆ گەیشـتن بـە ڕێگـای تـوولا لـەڕێی کەناری ڕووبـاری باخراوە بـە هێڵێکـی کەوانـەیی و، بـە گرتنەبـەری ڕێـی تـوولاوە، بـەرەو خواروو بووەوە، تاکو بە گەنجینەی خۆراکی سوپا بگاتەوە.

بە خەیاڵی کەسیشیاندا نەهاتبوو، ئەم شتە لە سەر ویستی کەسێک بووبێت و، زووتـر پیلانی بۆ دانرابێت.

بەشی دووەم
نامەکەی ناپلیۆن

رەوتی باڵی سوپا رەسەنەکەی رووس، بە پێچەوانەی هیرشبردنەوە بوو و، بە هێڵێکی راست بەرەو دوا، پاشەکشەی کرد. لەو کاتەوەی هێرشبردن وەستابوو، ئەویش لە رێیە پێشووەکەی خۆی لایدا.

کە خۆیشی بینی سوپای دوژمن شوێنی نەکەوتووە، بە شێوەیەکی سروشتی لایدا و، کێشی بنکەکانی زەخیرە و خۆراکی سوپا بوو. خۆ ئەگەر گریمانی ئەوەیش دابنێین، کە ئەو دەمە سوپای رووس هیچێک لە سەرکردەیانی بلیمەتی تێدا نەبووە و، لەو سەرکردە بلیمەتانە بێبەش بووە: چۆن ئەو سوپا مەزنە، ئەو کارەی دەکرد، کە کردی.

گواستنەوەی رێڕەوی کشانەکەی ئەو باڵە سەربازییە، لە "نیجنی ــ نۆ ڤگووورد"ەوە بۆ "ریازان ــ تولا ــ کالوگا"، زۆر سروشتی بوو. ئاخر سوپا تاڵانچییەکەی فەڕەنسا، ئاراستەی سوپاکەی کۆتوزۆڤی دیاری کردبوو! ئەوانە، هەر بە سەپاندن بە سەر کۆتوزۆڤیاندا سەپاند لە پێترزبۆرگەوە، ئەو سەفەرە بکات.

ئەوە بوو لە تارۆتینۆدا، کۆتوزۆڤ، فەرمانێکی شێوە زبری، بە ئاگا هێنانەوەی لە ئیمپراتۆرەوە پێگەیشت. بەوەی لە رێی ریازانەوە پاشەکشەکەی کردبوو و، ئیمپراتۆر بە سەریدا سەپاند، کە لە بەردەم کالوگادا، سوپاکە مۆڵا پێ بدات و بیوەستێنێت.

پاشان ئەو قەبارەیە لە سوپای رووس، خل بووەوە و، پەلامار و شەڕەکەی بوورۆدینۆ سەپێنرا بە سەریدا. ئیدی لە کالوگا وەستێنرا و، ئەو سوپایە بە خۆیدا هاتەوە و، ئامادەبووەوە بۆ بەرگە گرتنی گورزەکانی دوژمن.

کەوابوو لێهاتوویی کۆتۆزۆف هەر لەوەدا نەبوو، کە پێی دەوترا بگرە و بەردەی ستراتیژ. لەوەدابوو تەنیا خۆی لە واتای رووداوە ئانوسانەکان دەگەیشت. تەنیا ئەو بوو، کە لە هەڵوێستی سوپای دوژمن و، ئەو لە جوولەکەوتنەی تێگەیشت و، هەلەکەی قۆستەوە.

هەر ئەویش بوو، شەڕەکەی بۆرۆدینۆی بە سەرکەوتن بۆ لە قەڵەم دا. ئەوە هەر کۆتۆزۆف خۆی بوو، بەو سیفەتەی ژەنەراڵ و خاوەن پلەی سەرکردەی باڵای سوپا بوو، دەیتوانی سوپای رووس روو بە ڕووی بەرەنگار بوونەوەیەکی نابەرامبەرو چەندین شەڕی شکستخواردوو بکاتەوە، لەگەڵ سوپای فەرەنسادا و، سوپای رووس بە تەفروتوونا کردن بدات.

بەڵام ئەو ئەوەی نەکرد و چالاکیی خۆی لە دوورخستنەوەی سوپاکەی، لە روو بە ڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای دوژمندا، بەکار برد.

ئاژەڵە بریندارەکەی شەڕی بۆرۆدینۆ کەوتووە و، راوچییەکەی هەڵاتووە و جێی هێشتووە. بڵێی بە زیندوویی مابێتەوە؟ بڵێی کەمێک هێز و توانای، تێدا مابێت؟ یان وا خۆی پیشان دەدات، کە هێزی تێدا نەماوە؟

ئەمانە شتێکیەلێک بوون، کە راوچییەکەی، لێیان بێئاگا بوو. لە ناکاو ئەم ئاژەڵە بریندارە، کە هۆشداریدانی، نزیک بوونەوەی کۆتابوونی بوو، چالاک بووەوە. بەڵام هەر لەو کاتەدا، ئەو خستنە بەردەمی، پرۆژەی ئاشتەواییە، هاتە ئاراوە کە لۆریستۆن لەگەڵ خۆی بۆ کۆتۆزۆفی هێنابوو.

ناپلیۆن بۆ کۆتۆزۆفی نووسیبوو:

"خێر.. ئەوە نییە کە هەیە! بەڵکو ئەوەیە کە بە خەیاڵدا دێت!"

کۆتۆزۆف (٣٢)ی ئەم قسانەی فرە کرد و، بە بێ واتای لە قەڵەم دا.

هەروەها تێیدا هاتبوو:

گەورەم... میر کۆتۆزۆف. وا یەکێک لە یاریدەدەرە سەربازییەکانی خۆمم ناردە لاتان، تاکو لە بارەی چەندین شتی گرنگەوە گفتوگۆت لەگەڵ بکات. حەز دەکەم متمانەت بە هەموو ئەو قسانە هەبێت، کە ئەو دەیکات. بە تایبەتی ئەو رێزگرتن و بە مەزن زانینەی ئێوە، کە من لە مێژەوە هەستم پێکردووە. ئەم نامەیەشم لەم ئەرکە پتری پێ نەسپێردراوە و، هیچ ئامانجێکی تری نییە. منیش لە خوا دەپارێمەوە کە پارێزگارت بێت و، پیرۆزیت پێ ببەخشێت.

مۆسکۆ ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٨١٢

واژۆ
ناپلیۆن بۆناپارت

کۆتۆزۆڤیک کە کاری بۆ ئەوە دەکرد، نەهێڵێت سوپاکەی ڕوو بە ڕووی جەنگ ببێتەوە، وتی:

"نەوەکانی داهاتوو کە ببینن، من جوانێنەری یەکەمی تەگبیرێکم لە تەگبیرەکان. ئەوا نەفرەتم لێ دەکەن! چونکە ئەمە شێوازی بیر کردنەوەی میللەتەکەمە."

لەماوەی ئەو مانگەدا کە سوپای ڕووس، لە شاری تارۆتینۆ، خەریکی حەوانەوە و ماندوێتی دەر کردنی خۆی بوو: سوپای فەڕەنسیی داگیرکەریش، لە مۆسکۆدا خەریکی تاڵان کردن و، ڕاووڕووت بوو. ئیدی ئاڵ و گۆڕی ڕێژەیی، لە توانای هەردوو سوپادا ڕوویدا. هەم لە ڕووی ژمارەوە و، هەم لە ڕووی وزە و، ئەو بیرۆکانەی دەیجوڵاندن. تەرازووی هێزەکان، بە لای سوپای ڕووسدا شکایەوە. سەرەتای دیاردەکانی پێویست بوونی هێرش کردن، دەرکەوت.

لە دیاردەکانی سەرهەڵدانی بەرەنگاربوونەوە ئەمانە بوو:

"هەڵس و کەوتی لۆریستۆن. زۆریی خۆراک و زەخیرە لە تاروتینۆدا. هاتنی چەندین ڕاپۆرت کە ئەوەیان تێدابوو، سوپای فەڕەنسی چەقی بەستوەوە و، پشێوی کەوتووەتە ریزەکانیانەوە. ئاو و هەوای خۆش و لەبار و، ئەو حەوانەوە فرەیەی یەکە سەربازییە ڕووسییەکان بە خۆیانەوە دی بوو. ددان بەخۆدا نەگرتنی سوپای ڕووس. دەست تێوەردان و، چاودێری کردنی سوپای فەڕەنسا، لە لایەن سوپای ڕووسەوە. نەبەردیی سوپا بە دزە کردنە نێو سوپای فەڕەنساوە و، بە تایبەتی لە تاروتینۆدا."

هەواڵی سەرکەوتنەکانی گوندنشیان لە بەگژا چوونەوە بچووک و لاوەکییەکاندا. ئەو پاڵنەری تۆڵە سەندنەوەیە کە لە دڵی هەموو سەربازێکی ڕووسیدا چەکەرەی کردبوو و، بە تایبەتیش لە دوای داگیر کردنی مۆسکۆوە.

لە سەروو هەموو ئەمانەیشەوە، ئەو بڕوا بە خۆ کردنە، شاردراوەیەی، لە ڕەوانی هەر سەربازێکدا هەبوو و، بە ئەوەیش کە، ژمارەی سەربازانی ڕووس هەر وەکوو جاران نەماونەتەوە و، سەرکەوتن هەر بۆ خۆمانە.

مادام ڕێژەکەیش زۆر بووە، کەوابوو دەبێت هێرش ببرێت. ئەو ئاڵوگۆڕەی لە ئاستی باڵادا بە سەرکردەکان کرد و، دوو هێندە چالاکییانی بەرەو بان برد. ئەمانە هەر وەکوو زەمبەلەکی بەربووی، زەنگی سەعاتێکیان لێ هات، لەو دەمەیدا کە دەکەوێتە زەنگ لێدان.

بەشی سێیەم
شا بۆڤالوڤە قەوقازییەکە

سوپای رووس بە سەرکردایەتیی کۆتۆزۆڤ و، ئەرکانی جەنگەکەی بوو و، ئیمپراتۆر لە پێترزبۆرگــەوە، خۆی ئاراستەی دەکرد. لــە پێترزبۆرگدا نەخشەسازییەکی وردیان بۆ هــەموو جەنگەکە دانابوو و، پێش بــە دەستەوەدانی مۆسکۆ، ئــەم ئامادەباشییە کرابــوو و نێردرابوو بۆ کۆتۆزۆڤ، تــاکوو جێبەجێی بکات.

هەرچەند ئەو نەخشە و پلانە، وا دانرابوو کە مۆسکۆ، لــە ژێر رکێفی خۆماندا بــوو و، لە لایەن "ئەرکانی جەنگ"ەوە دانرابوو و، کەوتبووە بواری جێبەجێ بوونەوە.

کۆتۆزۆڤیش هەر ئەو ســەرنجەی لە سەری هەبوو، کە دەیوت:

"ئەو جوولانــەی کە بــە یەکەیــەک، یــان چەند یەکەیــەکی ســەربازی دەکرێت، بــۆ ئــەوەی سەرنجی دوژمن، لە سەر شوێنێکی تری سوپاکە هــەڵبگیردرێت و، فریوی بدات، کارێکی باش نییە و، بە تایبەتیش ئەگەر ئەو جوولەیە هیچ ئامانجێکی نەبێت."

ئــا ئەم فریو و، لە خشتە بردنەی، بــە کارێکی ســەخت دەزانی. بۆیــە لــە پێترزبۆرگەوە، یــەک بــە دوای یەکــدا، زانیــارییی نوێیــان بــۆ دەنــارد و، لــە بارەیــەوە داوای راپــۆرت و، چاودێریکردنیشی دەکرا.

لەسەروو ئەمانەیشەوە "ئەرکانی جەنگ"ی سوپا، روو بە ڕووی ئاڵوگۆڕێکی فراوان ببووەوە. چونکە دوو کەسی دی، دیاری کرابوون، تاکو بخرێنە شوێنی پاگراسیۆنی کوژراو و، ئەو بارکلییەی، کە سووکایەتی پێ کرابوو.

چاکترین ڕێگای چارەسەر بۆ ئەو دوو ئاڵوگۆڕە، بە وردی تاووتوێ کرابوو. "أ" بخرێتە شوێنی "ب". یان "د" بخاتە شوێنی "أ". هەر وەکو ئەوە وا بوو، ئەو ئاڵوگۆڕانە، بۆ ڕازی کردنی "أ" و "ب" بێت، وابوو.

بە هۆی ئەو هۆگرییەی نێوان کۆتۆزۆف و، سەرۆکی ئەرکانی جەنگ، کە بینیگسن بوو و، ئەو گواستنەوانەی یەکە سەربازییانەوە، کە پێویست بوو بکرایە. هەروەها بوونی کەسانێک لە سەربازگەکاندا کە متمانەی ئیمپراتۆریان هەبوو، حیزبەکانیش زۆڵی تۆکمەتریان گێڕا لە جارانیان.

"أ" پیلانی بۆ "ب" دەگێڕا و، "د" بۆ "س". ئەمە هەموو گرتنە بەری، ئەو ڕێ و شوێنانە بوو، کە لەو شەڕانەدا بەڕێوە دەبرا و، لە زۆربەی ئەو پیلانگێڕانەیاندا، بەکاریان دەبرد. مەبەستیشیان دەستگرتن بوو، بە سەر بەڕێوەبەرایەتیی سەرپەرشتیی شەڕەکاندا.

لەولایشەوە شەڕ ڕێچکەی ئاسایی خۆی گرتبوو و، هیچ پێویستییەکی بەوان نەبوو. چونکە شەڕەکان پشتیان بە پەرچەکرداری جەماوەرەکەوە بەستبوو. هەر گوێیش بە ئامادەکاری و ڕێنماییەکان نەدەدرا. لە نێوەندە بالاکانیشدا هەر بڕوایان بەو ڕێ و شوێنە و، سۆزی جەماوەر بەستبوو.

لە نامەیەکی ئیمپراتۆردا بۆ کۆتۆزۆف، هەر دوا بە دوای شەڕی تارۆتینۆ نووسرابوو:

ئەی... میر میخائیل ئیلاریۆنۆڤیتش! لە (٢)ی ئەیلوولەوە، مۆسکۆ بە دەستی دوژمنەوەیە. ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییانەی تۆیش، مێژووی بیستی مانگی پێوەیەو بۆ ڕزگار کردنی یەکەمین پایتەختمان و، تۆیش تاکو ئێستا بەرامبەر دوژمن هیچت نەکردووە! بەڵکو هەر پشت بەستن بەڕاپۆرتەکانی خۆت: تۆ لە پاشەکشەدا بوویت!

هەرێمی سێربۆخۆڤیش، کەوتووەتە ژێر دەستی فەوجێکی دوژمنەوە. "تووڵا"یش بە هۆی کارگە بەناوبانگەکەیەوە، کە فرە بۆ سوپا بە بایەخە: وا کەوتووەتە مەترسییەوە.

بە هۆی ڕاپۆرتەکەی ژەنەراڵ ونتزنگیرۆدەوە وای دەبینم کە فەوجێکی (١٠٠٠٠) سەربازیی دوژمن، لە ڕێگەی پیترزبۆرگەوە نزیک دەبێتەوە. فەوجێکی چەند هەزار کەسیی تریش، ڕووی لە هەرێمی دیمیترۆف کردووە.

سێیەم فەوجیان کەوتووەتە سەر ڕێی قلادمیر. چوارەمیشیان ژمارەیان زۆر زۆرە و، لە نێوان ڕۆزا و، مۆجاییسک سەربازگەیان دروست کردووە. ئەوانی تریش لە مۆسکۆدا و،

تا بیست و پێنجی مانگیش، هەر مابوونەوە.

بە گوێرەی زانیارییەکانمان سوپای دوژمن بەش بەش بووە و، تا ئێستایش ناپلیۆن و پاسەوانانی، لە مۆسکۆدا ماونەتەوە. ئاخۆ لەبەر مەزنیی سوپای دوژمنە، کە تا ئێستا نەتونراوە هێرشیان بکرێتە سەر؟ بەڵام ئەوەی دیارە ئەوەیە: ئێمە دەتوانین و، گریمانی دەرکردنیشیان دوورە دەست نییە و، با کەمیش بن و سوپاکەیشتان بچوکتر بێت، هەر بەو فەپلەقانەی ژێر دەستی تۆ دەکرێت!

هەر بە گوێرەی بارو دۆخەکە، دەتوانی هێرش بکەیتە سەر سوپایەک، کە لە لەشکرەکەی خۆت لاوازترە و، دەتتوانی هەر بە لە ناوبردن، لە ناویان بەریت. ئەگەریش نا، بە لانیکەمەوە، ئەوان ناچاری کشانەوە بکەیت.

بەو کارەیش دەتوانرا، بەشێکی فرە، لەو هەڕێمانەی کە ئێستا وا لە ژێر دەستی دوژمندا، لە ژێر دەسەڵاتی خۆماندا بمانایەتەوە. هەروەها بەو کارەیشت، دەتتوانی بەرگریت لە تووڵا و شارەکانی تر بکردایە.

تۆ لەم کارەساتە بەرپرسیت، کە بۆ ئەو شێوەیە، دوژمن لە توانایدا بووە، سوپایەکی وا زۆر بنێرێتە پێترزبۆرگ و هەڕەشە لەو پایتەختە بێ چەکە بکات. چونکە تۆ هەموو توانایەکت لە بەردەستدا بووە و، ئەگەر بە وردیەکی بڵندەوە کارت بکردایە، دەتتوانی نەهێڵیت ئەمە رووبدات... بیرت نەچێت کە تۆ ئێستا لە سەرتە: وەڵامی پرسیارەکانی میللەتە تووڕەکەمان بدەیتەوە.

خۆیشت باشم دەناسیت، کە لەخەڵات کردنی پاڵەوان و نەبەردانداء تا چەندە بدە و دەست بڵاوم! منیش و رووسییایەکانیش، مافی خۆمانە چاوەڕوانیی جووڵەی غیرەت لە تۆ بکەین. لە بلیمەتی خۆت و تایبەتمەندیەکانی سوپاکەت و، ئازایەتییان چاوەڕوانی کاری باشتر دەکەین.

لەو کاتەیدا، کە ئەم نامەیە گەیشتە کۆتۆزۆف، سوپاکەیشی، لە هەڵچوونی دەروونیدا بوو و، کۆتۆزۆف، لە توانایدا نەبوو، بەر بە هێرشی نەگرێت، بۆ سەر دووژمن و، هەر بە راستییش، سوپاکە لە هێرش و پەلاماردا بوو.

لە دووی تشرینی یەکەمدا و، لەگەڵ سەربازەکانی لە کێومالکردندا بوون. شاپۆقالۆڤی قەوقازی کەرێشکێکی کێویی کوشت. کەرێشکی دووەمی بریندار کرد و شوێنی کەوت. ئیدی چووە قوولایی دارستانەکەوە و، دوور کەوتەوە. تاکوو گەیشتە باڵی چەپی سوپاکەی مۆرا. ئەو سوپایەی، کە هێشتا پێ رانەگەیشتبوو، خۆی کۆ بکاتەوە و، ئامادەی هیچ جۆرە بەرەنگار بوونەوەیەک نەکرابوو.

ئەم قەوقازییە' بە پێکەنینەوە، باسی ئەوەی بۆ ئەو هاوڕێیانەی کردبوو، کە خەریکبووە بە نەشارەزایی، بکەوێتە نێو سوپای فەرەنساوە!

سەربازە ئالا هەڵگرەکەی، کە گوێی لەم چیرۆکە دەبێت، ڕاپۆرتێکی نایاب، لەم بارەیەوە، بۆ سەرۆکەکەی دەنووسێت. دواتر نێردرا بە دووی ئەو قەوقازییەدا و لەسەر ئەو ڕووداوە، لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرا. سەرکردەکانیشی ئەو بیرۆکەیەیان بۆ هات، کە بۆچی ئەو هەڵە نەقۆزنەوە و، پەلامار نەدەن بۆ وەدەست هێنانی چەند ئەسپێک؟ بەڵام یەکێک لەو سەرکردانە بەرزترین ئەفسەری سوپای دەناسی. هەواڵەکەی دا بە ژەنەرالێکی ئەرکانی جەنگ.

ئەوە ماوەیەکیش بوو، پشێوی کەوتبووە، نێو ئەو ئەرکانی سوپایەوە! پێش چەند ڕۆژێکیش بەرمۆلۆڤ، هاتبوو بۆ لای بینیگسن و، لێی پاڕابووەوە تاکوو بە هۆی نزیکییەوە، لە ژەنەرالی سەرکردە، ڕێی پێ بدات هێرش بکاتە سەر دوژمن.

بینیگسن وەڵامی دابووەوە:

ئەگەر نەمناسیبای، پێم وادەبوو، پێچەوانەی ئەمە داوا دەکەیت. هێندەیشم لە سەرە شتێکت پێ بڵێم. ئێستایش لە سەرمە کە ئامۆژگاریی سەرکردەی باڵا بکەم تاکوو کارێکی تەواو پێچەوانەت بە سەردا بسەپێنێت.

بەشی هەواڵگیریش، ئەو هەواڵەی قەوقازییەکەیان پشتڕاست دەکردەوە. هەموو لایش سووربوون لەسەر ئەوەی، کە کاتی هێرشە و، ڕوداوەکە پێگەیشتووە. زەمبەلەکی سەعاتەکە کشاوە و وا زەنگەکە لێ دەدات. ئەمە وای کرد کە کۆتۆزۆف بەو هەموو زیرەکی و، ئەزموون و سەرناسییەی خۆیەوە، بایەخ بەو داخوازییەی بینیگسن بدات، کە لە ڕاپۆرتێکدا لەو بارەیەوە زووتر ناردبووی بۆ ئیمپراتۆر. ئەو ڕاپۆرتە تێیدا هاتبوو: "جڵەوی سوپا لە دەست دەرچووە!! کارێک بکەن، کە بینیگسن بەر لە ژەنەرالەکان ببڕێتەوە و، نەهێڵێت سەربەخۆ و، بێ فەرمانی شەڕ، سوپا هێرش بکات. ئەمەیش دەروونی ئیمپراتۆری هەژاند و، وای کرد وا لەو فەرمانی جێبەجێ کردنی ئەو داوایەی بینیگسنە بکرێت، کە لەگەڵ ئەوەیشدا مەترسیدارە و، بێ سوودیشە! خۆیان ئازاد بن! ئەوە بوو، ئیمپراتۆریش، پشتگیریی ئەو ڕووداوەی کرد، کە هەر دەبوو ڕوو بدات.

بەشی چوارەم
چەند فەرمانێك بۆ یەرمۆلۆڤ

راپۆرتەکەی بنیگسن و، زانیاریی قەوقازییەکان، ئەوەیان دەسەلماند، کە بالّی چەپی سوپای فەڕەنسی بە دەرەوەیە و، پێویستە ئامادەکاریی هێرشکردنە سەریان بکرێت. کاتی دیاریکراو بۆ هێرشەکە دانرا و، رۆژی پێنجی تشرینی یەکەم بوو. سەر لە بەیانیی رۆژی چوارەم، کۆتۆزۆڤ فەرمانەکانی واژۆ کرد.

تووەلیش فەرمانەکانی بۆ یەرمۆلۆڤ خوێندەوە و، فەرمانی پێدا کە ڕێ و شوێنی پێویست بۆ ئەم فەرمانانە بگرێتە بەر.

یەرمۆلۆڤ وتی:

"باشە! برا باشە! ئیدی کاتم بە دەستەوە نییە."

پاشان لە کۆختە تەختەبەندەکەی هاتە دەرەوە. تووەل پلانێکی نایابی دانابوو. ئەمەیشی هەروەکوو پلانەکەی ئۆستەرلیتز لێ کرد و، هەر رستەیەکی بە ئەڵمانی تێدا نوسرابوو، ئەو نەیخوێندەوە.

دەستەی یەکەمی سەربازان، بەرەو ئەم یان ئەو ناوچەیە دەبێتەوە. دەستەی دووەمیش بۆ ئەم یان ئەو شوێنە دەچێت و، ئیدی ئەوانی تریش بەو شێوەیە. ئەو هەموو دەستانە دەبوو لەکاتی دیاری کراوی خۆیاندا و، بە گوێرەی خشتەی پلانەکە بگەنە ئەو شوێنانەی بۆیان دیاری کرابوو و، دوژمنیان لە نێو ببەن.

ئەم پلانەیش وەکوو هەموو پلانەکانی پێشووّ بێ کەم و کورتی بوو. بەڵام دیسان ئەم دەستەیانە، هیچیان لە کاتی دیاری کراوی خۆیاندا، نەگەیشتنە پارچە زەوی و، شوێنی

دیاری کراُوی خۆیان، هـەر وەک لە هەموو پـلانەکانی کۆنیشیاندا بەو شێوەیەیان کردبوو.

هـەموو ژمـارەی نووسـراوی پێویسـتی پلانەکـە، ئامـادە کـرا. ئەفسـەرێک بـە نێـوی یەرمۆلۆڤـەوە بانـگ کـراو، نوسـراوەکانیان دایـە دەسـت، رەوانـەیان کـرد، تـاکوو بەسـەر دەستەکاندا دابەشی بکات و، لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا، جێبەجێی بکەن.

ئەفسەرەکەیش کوڕە لاوێکی پاسەوانان و، یاریدەدەری سەربازیی کۆتۆزۆڤ بوو. زۆر بە بەخۆ نازینەوە، کە ئەم فەرمانەی لە ئەستۆ خراوە، بەرەو مالّی یەرمۆلۆڤ بووەوە.

کە گەیشت، یەکێک لە یاوەرانی یەرمۆلۆڤ، وەلّامی دایەوە:

"چووتە دەرەوە."

ئەفسەرەکە ناچار بەرەو ئەو مالّە بووەوە، کە یەرمۆلۆڤی بۆچووە.

لەوێیش پێیان وت:

"نەخێر! ژەنەرالّ، لێرەیش نییە!"

ناچار ئەفسەرە لاوەکە، سواری ئەسپەکەی بووەوە و، بەرەو مالّێکی تر کەوتە غاردان و، دیسان تووشی هەمان وەلّام بووەوە.

پاشان ئەفسەرە لاوەکە بەخۆی وت:

"ئای لەم بەختە رەشەی منیش! دەی... گرنگ ئەوەیە من بەرپرس نیم، لەم دواکەوتنە!"

ناچار هەموو سەربازگەکە گەڕا و، هەندێک پێیان دەوت، کە دوور بـە دوور بینیویانـە، کە فلّانە کەس شوێنی بەجێ هێشتووە و، لەگەلّ چەند ژەنـەرالّێک رۆیشـتووە. لـە کاتێکدا بڕێک سەربازی تر، لەسـەر ئـەوە سوور بوون، کە ئێستا گەڕاوەتەوە مالّی خۆی.

ئەفسەرە لاوەیش هەر شوێناوشوێنی دەکرد و، کەسێک نەبوو، شوێنی راستەقینەی ئەو ژەنەرالّە بزانێت و، پێی بلّێ. ناچار ئەفسـەرە لاوە چەند بابۆلّەیـەک نـانی لای هاوڕێکـانی خوارد و، گەڕایەوە بۆ پێشەنگی سوپا و، شوێنەکەی خۆی، لای میلۆ رادۆڤیتش.

بەلّام سەیرەکە لەوەدابوو ژەنەرالّ میلۆرادۆڤیتشیش لـە شـوێنی خـۆی نـەمابوو. بـەلّام ئـەو هەوالّەیان لای ئەفسـەری پاسـەوان دانابوو، کە ئەو چووە بۆ ئاهـەنگێکی سـەمائامێزی سازدراوی، مالّی ژەنـەرالّا کێکین. گومانیشـی تێدا نییـە کـە یـەرمۆلۆڤیش ئێسـتا لـە هـەمان شوێنە!

ئەفسەرە لاوەکەیش پرسیی:

"باشە... ئەی ئەو مالّەی ئەو ئاهەنگەی تێدا ساز کراوە، لە کوێیە!؟ن

ئەفسەرێکی قەوقازی، دەستی بۆ مالّێکی دوور راکێشا:

"لەوێیە! لە ئێتشکینۆ."

ئەفسەرەیش بەسەرسامییەوە پرسیی:

"چۆن دەبێت لەوێ بێت!؟ ئاخر ئەو شوێنە کەوتووەتە دوای هێلّەکانی سوپامانەوە!"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"فۆجینیان ناردووەتە سەر هێڵەکە. ئێستا ئەوان لە ژێر تۆپبارانێکی خەستدان! لە کاتێکدا ئەوان دوو تیپی مۆسیقا و سێ تیپی گۆرانییبێژیان لەگەڵدایە."

ناچار ئەفسەری سوارە، بەرەو پشتی هێڵەکە بووەوە. بەڵام پێش ئەوەی بگاتە جێ، گوێی لە گۆرانیی سەمایەک بوو، کە لەنێو سەربازاندا زۆر باوبوو. ئەویش: گۆرانیی"لە کێڵگەکاندا... لەکێڵگەکاندا!" بوو.

جاروباریش دەنگی دەهۆڵ و زورنا، بەسەر هەموو دەنگەکانی تردا زاڵ بوو. ئەفسەرە لاوەیش هەرچەند جاروبار هەستی بە تاوانباریی خۆی دەکرد، بەوەی فەرمانەکانی هێشتا نەگەیاندووە، بەڵام بە گۆرانییەکەیش، چالاکتر ببوو..

سەعات دەوروبەری نۆ بوو، لە ئەسپەکەی دابەزی و، بە پلیکانەی ماڵێکدا سەرکەوت، کە بە هۆی ئەوەوە ئەو خانووە کەوتبووە نێوان سوپای رووس و سوپای فەرەنساوە و، هیچی لێ نەهاتبوو.

لەرارەوەکەوە بڕێک خزمەتکاری بینی، مەییان پێ بوو. بڕێک گۆرانی بێژیش لەبەر پەنجەرەکەیدا وەستابوون. ئەفسەرە لاوەکەیان بردە ژورەوە و، ئەویش کە سەرنجیدا، سەرەڕای یەرمۆلۆڤ، زۆربەی ژەنەرالانی تریش لەوێ بوون!

ئەو ژەنەرالانە لە ریزێکی نیوە بازنەیدا دانیشت بوون و، قۆپچەی چاکەتەکەنیان کردبووەوە و، لە قاقای پێکەنینیان دەدا. لە ناوەراستی هۆڵەکەیشدا ژەنەرالێکی بالا مامناوەندیی جوانی، روخسار سوور هەڵگەڕاو، سەمای دەکرد و، جاروبار پاژنەی پێڵاوەکانی پێکدا دەدا و، دەنگێکی پێ پەیدا دەکرد و، پاشان دەهاتەوە سەر ئەژنۆ.

ها! ها! ها! چالاکانەتر... ئەی نیکۆلا ئاندرێیڤیتش! ها! ها!

ئەفسەرە لاوە وا هەستی کرد، کە بە هێنانی ئەو فەرمانی سەربازییە، بۆ ئەو ژەنەرالانە، دوو جاران تاوانبارە. بۆیە ویستی پاشەکشە بکات و، هیچیان لەو فەرمانانە پێ نەدات. بەڵام ژەنەرالێک دوور بە دوور، ئەفسەرە لاوەی بینی و، یەرمۆلۆڤی لێ تێگەیاند.

ژەنەرال یەرمۆلۆڤ، برۆکانی یەک هێنایەوە و، بەرەو لای چوو. دوای ئەوەی گوێی لە خۆی گرت، کاغەزەکانیشی لێ وەرگرت.

هاوڕێیەکی ئەفسەری تەتەریش، لە بارەی ئەو ئێوارە یەرمۆلۆڤەوە، لێی پرسی،"پێت وانییە: ئەمە خۆ شاردنەوە نییە، لە وەرگرتی ئەو فەرمانە سەربازییانەی بە تۆ بوو؟ ئەمە لە خۆیدا پیلانگێڕیە!؟ ئەم یەرمەلۆڤە، ئەم کارەی بە تەگبیر کردووە! ئەو دەیەوێت کۆنۆڤیتش بخەڵەتێنێت. چاوەڕوان بە... بەیانی دەبینیت: کە چ پشێویەک دروست بووە!"

بەشی پێنجەم
بزووتنەوەیەکی شکستخواردوو

بەرەبەیانی رۆژی دواتر، کۆتوزۆقە پیرەیان لە خەو هەستان. ئەویش نوێژەکەی کرد و، خۆی گۆڕی. سواری گالیسکە سووکەڵەکەی بوو و، لە دڵیشەوە، رقی لە سەرپەرشتیی ئەو شەڕە بوو. چونکە خۆی بڕوای پێنەبوو.

لە لیتاشۆڤکاوە، بەرەو تۆتینۆ بووەوە، کە پێنج فرسەخێک دوور بوو و، لە ئەو شوێنەی کەوتبووە پشتی تۆتینۆوە و، دەبوو دەستەکانی سوپاکەی لێی بن و، ئامادە کرابن، بۆ هێرش بردن.

لە گالیسکەکەدا خەو دەیبردەوە و، کە بەئاگا دەهاتەوە، گوێی هەڵدەخست تاکوو بزانێت، بەرەو لای راست دەستڕێژ ناکرێت؟ یان هێشتا هێرش دەستی پێ نەکردووە؟

بەرە بەیانێکی، شێدارێکی پایزانە بوو و، کپی باڵی بەسەر دەوروبەردا کێشابوو.

گەیشتە تۆرتینۆ و، هەستی کرد سوارانێک بەرەو، ئەم رێگەیەی کە ئەوی لە سەرە، دەڕۆن و، ئەسپەکانیان دەبەنە پەڵە گوڵەکانی ئەوبەر رێگاکەوە. بۆیە ئەمیش گالیسکەکانی وەستان و، پرسیاری لێ کردن: کە ئاخۆ ئەمانە سەر بە کام فەیلەقن؟ بۆی دەرکەوت کە ئەو سوارانە، سەر بە دەستەیەکی سوپاکەی خۆیانە و، دەبوو لە زووەوە لە شوێنی دیاریکراوی خۆیاندا بوونایە و، دواکەوتوون.

سەرکردەی باڵای پیر، بە خۆیی وت: بێگومان، ئەمە هەڵەیە ئەوان کردوویانە!

دوای ئەمان، کۆتوزۆڤ، چەند فەیلەقێکی تری، سەربازانی پیادەی بینی بەو ناوەدا باڵاو بوونەتەوە و، بە فانیلە و دەرپێیەکی ژێرەوە، خەریکی دار هێنان و چێشتلێنانن! ئەفسەرێکی ئەوانیشی بانگ کرد و لێی پرسی... ئەویش وەڵامی دایەوە، کە هێشتا هیچ فەرمانێکی هێرشبردنیان پێ نەگەیشتووە!

کۆتوزۆڤیش وتی:

"چۆن شتی وا دەبێت؟ ئا ئەمەیە کە..."

بەڵام بێدەنگ بووە و، ناردی بە شوێن سەرکردەکەیاندا. خۆیشی بە هەناسەی سواڕەوە، لە گالیسکەکە دابەزی و، کەوتە هاتوچۆ.

کە ئەفسەرەی ئەرکانی سەرکردە هات، ئەم سوور هەڵگەڕابوو. سوور هەڵگەڕانەکەیشی لەبەر ئەوە نەبوو، کە هەڵە کراوە. بەڵکو لەبەر ئەوە بوو، کە یەکێکی دەستکەوتووە، بە سەریدا بتەقێتەوە و، لێی تووڕە ببێت. بە هەناسە بڕکێ و جنێودانەوە، رووی کردە ئیخنی ئەفسەر و دوو دەستی کردە مشتەکۆڵە لێی.

ئەمجا کۆتۆزۆڤ هاواری لێ کرد:

"ئەم رسوایەتییە چییە؟ گۆڕە هەمووتان گوللەباران بکرێن..هەی بێ نرخینە!"

هەستی بە ئازارێکی فرە کرد. ئاخر ئەو ژەنەرالّی یەکەم سەرکردەی بالّابوو و، ئەو هەموو خەڵکە دەزانن کە لە رووسیادا، چەندە ناسراو و، دەسترۆیشتووە و، کەس پۆستی بالّای ئەوی نییە!

بۆیە بەخۆی وت:

"ئاخر سوودی ئەو هەموو نزا و نوێژانەی ئەم بەیانییە چی بوو!؟ ئاخر بۆ بە درێژایی شەو لێی نەنووستم... تاکو بەیانی حسابم بۆ هەموو شتەکان بکردایە. خۆ کاتێک ئەفسەرێکی سادە بووم، هێندە دڵسۆز بووم، کەس نەیدەویرا لێ پێچینەوەم لەگەڵ بکات و، گاڵتەم پێ بکات!"

کەوتە هاوار و نالّە و دەتووت، بە لێدا، لێی دەدەن! بەڵام دوای کەمێک، هێز و توانای لەبەر بڕا و، سەرنجی ئەملاولای خۆی دا و، هەستی کرد، جنێوێکی فرەی داوە. سواری گالیسکەکەی بووەوە و پاڵی دایەوە و بێدەنگی لێ کرد.

کە تووڕە بوونەکەی ڕەوییەوە. کەوتە گوێگرتن و، سەرداخستن. دواتر کەوتە گوێگرتن لە بینیگسن و، کۆنۆڤینیتش و تووەل، بەوەی کە هەموویان داوایان دەکرد: هێرشبردنە شکستخواردووەکەیان، بخەنە سبەینێ.

کۆتۆزۆڤیان ناچار کرد، کە بەو بڕیارەیان رازی بێت. بەڵام ئەو ڕۆژە یەرمەلۆڤی، هەر بۆ نەبینرا و، ڕۆژی دواتر ئەویش، گەیشتە جێ!

بەشی شەشەم
کوژرانی باگۆڤـۆ

هـەر لـە ئێـوارەی رۆژی دووەمـەوە، هێزەکـان لـە شـوێنی دیـاریکراوی خۆیـان کـۆ بوونەوە. بۆ شەوەکەی هێرش دەستی پێ کرد. شـەوێکی پایزە بـوو و، پەڵـە هـەورەکانی ئاسمان، رەشێکی مـەیلە و مۆر بوو و، بارانیان پێوە نەبوو.

هەرچەند زەوییەکە شێدار بوو. بەڵام قوڕ و چڵپاو نەبوو، یەکەکان سـەربازییەکان، بێ چرپە دەڕۆیشتن. تەنیا جاروبارێک دەنگی تـەقوهوڕی لوولـە تۆپەکان دەهـات. گفتوگۆ بـە دەنگی بڵند و، جگەرە کێشان قەدەغە بوو.

ئەمانە ئەو سوپا جوڵاوانەیان، هێندەی دی جوان کردبوو. پیاوان بە سنگێکی فراوانەوە دەجووڵان. چەند دەستەیەک سەرباز وەستێنراون و، کران بە کۆمەڵ و گروپ و، لـە سـەر ئـەو زەوییە رووتەکەیش، لێی نوسـتن و حەوانـەوە و، پێیـان وابـوو گەیشـتوونەتە شـوێنی دیاریکراوی خۆیان.

بەڵام چەندین دەستەی سەربازانی تریش، بـە درێژایـی ئـەو شـەوە، لەسـەر رەوەکـەیان سەرو مڕ بوون. تا گەیشتنە ئەو شوێنەی، کە بە گوێرەی پلانەکـەیان نـەدەبوو ئـەو شـەوە بگەن.

بەڵام کۆنت "ئورلۆف ـ دینسۆف" و، یەکە سـەربازییە قەوقازییەکـەی، کـە بچـووکترینی یەکە سـەربازییەکان بوو، لە کاتی خۆیدا گەیشتە شـوێنی دیـاریکراو. ئـەو فەوجـە لەوپـەڕی ئـەو سـنوورەی دارسـتانەکەوە وەسـتا، کـە دەکەوتـە سـەرەڕێیەکەی، نێـوان گونـدی سترۆمیلۆڤۆ و، گوندی دمیترومۆسکۆی.

بەرەبەیان کۆنت "ئۆرلۆف ـ دینسۆف"یان لە خەو هەستان و، سەربازێکی هەلاتوویان لە سەربازگەیەکی سوپای فەرەنساوە، خستە بەردەم. ئەو پیاوە پۆلۆنییە، ئەفسەرێکی سوپای فەوجی بوونیاتووسکی بوو. بۆیشی شیکردنەوە کە هەلاتنەکەی، لە بەر ئەوە بووە مافیان خواردووە و، دەبوو زۆر لەمەوپێش پلەکەیان بۆ ئەفسەر، بلند بکردایەتەوە، چونکە لە هەموو ئەوانی تر، ئازاتر بووە. بۆیە لە فەرەنسییەکان هەلگەڕاوەتەوە و، ئێستا تەنیا بیر لە تۆلە کردنەوە دەکاتەوە لێیان.

پێداگریی ئەوەیشی کرد، کە ئێستا مۆرا، هەر فرسەخێک لێرەوە دوورە. وتیشی هەر ئێستا ئەگەر سەد سەربازم بخەنە ژێر دەست، ئەو مۆرایەتان بە دیلکراوی بۆ دێنم.

کۆنت "ئۆرلۆف ـ دینسۆف" راوێژی بە هاوڕێکانی کرد. چونکە بیرۆکەکە، هاندەر بوو. ئەوانیش بیرۆکەکەیان بە دلا بوو و، خۆیان بۆ ئەو کارە بەخشی.

دوای گفتوگۆیەکی فرە، ژەنەرالا میجۆر جریکۆف بڕیاریدا، دوو سرییەی قەوقازی، لەگەل خۆی ببات و، شوێن ئەو سەربازە پۆلۆنییە هەلاتووە بکەوێت.

کۆنت "دینسۆف" لە کاتی بەڕێ کردنی ئەفسەرێکدا وتی:

"بەلام ئەوەیشت بیرنەچێت... کە ئەگەر درۆمان لەگەل بکەیت، وەکوو سەگ، هەلدەواسم. خۆ ئەگەر راستیشت کرد، ئەوا سەد دوکا"ی زێڕینت دەدەمێ!"

ئەفسەرە هەلاتووەکە، بێئەوەی هیچ بلێت، سواری ئەسپەکەی بوو و، شوێن گریکۆف کەوت و، هەموویان لە دارستانەکەدا ون بوون.

هەرچەند کۆنت دینسۆف، بە هۆی ساردیی ئەو بەرەبەیانەوە، لەسەرمادا دەلەرزی، بەلام لەبەر ئەوەی کارەکە مەترسیدار بوو، خۆی سەرپەرشتیی ئەو کارە سەربازییەی کرد... ناچار سواری ئەسپەکەی بوو و، خۆی گەیاندە ئەودیو دارستانەکە و، کەوتە چاودێری کردنی سەربازگەکەی دوژمن. لە ژێر تیشکی ئەو بەرەبەیانەدا، هەر لە تارمایی دەچوو. پاشان لە ئاگری دەوارەکانیانی دەڕوانی.

یەکەکانی خۆیشمان، لای راستی کۆنت ئۆرلۆف دینسۆفەوە و، بە لاپالی بانێکدا دەڕۆیشتن. بەو ناوەیدا روانیی و، هەرچەند دەوروبەر بێگەرد و روون بوو، بەلام ئەم هیچی نەبینی.

هات بە خەیالی کۆنت دینسۆف و یاریدەدەرە سەربازییە، چاو تیژەکەیدا، کە چالاکی کەوتووەتە، نێو ئەو سەربازگەیەی دوژمنەوە.

دوای سەرنجدانی لە سەربازگە فەرەنسییەکە، ئۆرلۆف وتی:

"ئـای! لەوە دەچێت، کاتی ئەو کارەی ئێمە نەبووبێت!"

ئەمەی بە کەسێک دەوت، کە زووتر متمانەی پێ بوو. لە ناکاو ئۆرلۆف بۆی دەرکەوت، کە ئەو چەکدارە فەرەنسییە، فێلباز و درۆزن بووە و، درۆی لەگەل کردوون! بۆیە بە بێ ئەو دوو سرییەی قەوقازییانەیش، کە هەر خوا خۆی دەزانێت ئەو فێلبازە سەری پێ ناون

به چ کونێکەوە! دەبێت هێرشی خۆی بکات.

لە خۆی پرسی:

"ئاخۆ شیاوە لە نێو ئەو هەموو یەکە سەربازییانەدا، ژەنەرالێکی بالای ئاوا دیل بکرێت و، بفڕێنرێت؟ بەڵێ گومانی تیانییە ئەو ڕسوایە فریوی داوین!

ئەفسەرێکی یاوەر، کە هەر وەکو دینسۆف بیری دەکردەوە و، ئەویش گومانی هەبوو، لە هەمان کاتدا لە سەربازگەکەیشی دەڕوانی وتی:

"دەتوانین بانگی بکەین."

ئۆرلۆڤیش وتی: "هـا؟ بـە راستتە؟ ئێوە دەڵێن چـی!؟ ئـاخۆ فـەرمان دەردەکرێت بـۆ هێنانەوەی؟" کۆنت ئۆرلۆف سەرنجێکی سەعاتەکەی دەستی دا و بڕیاری دا:

"بەڵێ! بەڵێ با بگەڕێینەوە، ئەوە خۆر هەڵات و بەیانییە."

یاریدەدەرە سەربازیەکە، جڵەوی ئەسپەکەی ژێری ڕاتەکاند و، بە لۆقە خۆی گەیاندەوە بـە گریکـۆڤ. ئیـدی هـەر بـە گەڕانـەوەی، بڕیـاری هێرشـبردنی دەرکـرد. بـەو تەقـەلا سەرنەکەوتووەیشی زۆر لـە دڵەڕاوکـەدا بـوو، هـەروەها بـەو نزیکییـەوە لـە سـەربازگەی دوژمن و، نەگەیشتنی یەکەکانی تری سوپاکەی، زۆر نیگەران بوو.

بەهێواشی فەرمانیدا: "بەرەو ئەسپەکانتان ببنەوە."

پاشـان وێنەیـەکی خـاچی لـە سـەر سـنگی خـۆی کێشـا. بـەوەی خـۆی داوەتـە پـەنا خـوا. دەنگی هۆرا! لە دارستانەکەدا بڵند بووەوە. قەوقازییەکان لە چەند یەکەیەکدا کە هەر یەکەیە و سەد سەرباز بوو، ڕۆیشتن و هەر سەدە و، بە دوای سەدی تردا دەڕۆیشتن و، دەتووت سەری فەردە گەنمیان بەرداوە.لە ڕووبارە چکۆلەش پەڕینەوە.

ئەو کاتەی فەڕەنسییەکان قەوقازییەکانیان بینی، دەنگێکی ترسناکیان لێوە هـات. ئـەوان بە سەری ڕووت و پێی پەتی، کەوتنە ڕاکردن و، تۆپهاوێژەکانیان جێ هێشت. هەر یەکە و بە لایەکدا هەڵات و، ئەسپ و تفەنگ و چەکەکانیان، جێ هێشت و هەڵاتن.

ئیدی قەوقازییەکان بێ گوێدانـە دەوروبـەر، کەوتنـە ڕاونـانی سـەربازە فەڕەنسییەکان. ، بیرو هۆشی قەوقازییەکان، هەر بە لای تاڵان کردن و، بەردانی بەند کراوانەوە بوو.

ئیدی کەس گوێی بە فەرمانە سەربازییەکان نەدەدا. ئەوان (١٥٠٠) سەربازیان دیل کرد. سـی و هەشـت تۆپهاوێژیـان دەسـتکەوت. لەگەڵ چەنـدین بەیـداخ. بـەڵام ئـەوەی کـە قەوقازییەکانی زیاتر بۆ خۆی ڕادەکێشا، ئەسپ و زین و پۆشەڕەکان بوو. لەگەڵ هەزاران شتی تر. لەولایشـەوە، فەڕەنسییەکان بـە خۆیانـدا هاتنـەوە و، ڕیزەکانیـان ڕێکخسـتەوە و، کەوتنـە دەسـتڕێژ کـردن. "دینسـۆف"یش هەمیشـە چاوەڕوانی سـربییەکانی بـوو و، هـەرگیز زێدەڕەویی لە چوونە ناوەوەدا نەدەکرد.

دەبـوو لـەو کاتـەدا و، بـە گـوێرەی پلانـە سـەربازییەکایان، دەسـتەی یەکـەم بـڕوات و...

پاشـان پیـاده دواکـەوتووەکان، کـە بـە سـەرکردایەتی بینیگسـن بـوو، بـە دوایانـدا. پاشـان ئـاراستە کردنی سەرکردە تووەل، لە کاتی گونجاوی خـۆیدا.

ئەوان بـەرەو شوێنێک رۆیشتن و، لە راستیدا ئـەو شوێنە نەبوو، کە لـە پلانەکـەدا بـۆی دیاری کرابوو. کارەکە وا کەوتـەوە، کـە ئـەو پیاوانـەی بـە دڵێکی خۆشـەوە هێرشیان بـرد، بـۆەستن و، رووبـەرووی زەردییان پێوە دیـار بـوو و، تـەریق بوونـەوە. ئیـدی بـە شـوێنی خۆیانـدا گەڕانەوە.

غەڵبە غەڵب و ژاوەژاو و، لێک تووڕەبـوون دروست بـوو و، باسـی دواکـەوتنی خۆیـان دەکرد. پاشان بە سادەیی کەوتنـە رۆیشتن و، دەیانـووت هـەر دەگەینـە شـوێنێک، کـە ببینـە ئامانجێکی لە بار و رەخساو، بۆ دوژمنانمان.

لـەم شـەڕەدا تـووەل، رۆڵـی وێـروزەری لـە شـەڕی ئۆسـتەلیتزدا دەبینـی. بـە سـواری ئەسپەکەیەوە، لەمسـەری سوپاکەیەوە غاری دەدا، بۆ ئەو سـەری. پاشان بۆی دەرکەوت کە کارەکە پێچەوانەی پیلانەکە بەڕێوەچووە.

فەیلەقەکەی باگۆڤۆیش دوای خۆرهەڵاتن، هـەمان شـتی بـە سـەر هـاتبوو. کـە لەراسـتیدا دەبوو، هـەر لە زووەوە ئەو فەیلەقە خۆی بگەیانایەتـەوە "دینسـۆف." تـووەل هەسـتی کرد، بە هۆی ئەو شکستەیەوە نـاموسی شکاوە.

پاشـان وای دانـا کـە کەسـێک تاوانبـاری ئـەم کێشـەیەیە. بۆیـە هـەر زوو خـۆی گەیانـدە سـەرکردەی فـەوج و، چەنـدین قسـەی رەق و سەرزەنشـتی بەسـەردا بـاران. پاشـان تێـی گەیاند کە ئـەو دواکەوتنـەی لـە گەیشـتن بـە شـوێنی دیـاریکراوی خـۆی، لـە سـێدارەدانی بـە دواوەیە.

بـاگۆڤـۆی پیـریش، کـە هـەر بـە رووکـەش ژەنـەراڵ نـەبوو. بـەڵکوو کـوڕی شـەڕ و جەنگاوەرێکی بە ئەزموونیش بوو و ئـەو هـەموو ژاوەژاوەی تـووەل، سـەغڵەتی کردبـوو: پەتی بێدەنگیی شکاند و کەوتە وەڵامدانـەوەی تووەل و، پێی وت:

"پێویستم بە گوێگرتن لە وتارەکانی تۆ نییە! تـەنیا خـۆم دەزانـم کـە خـۆم و سـەربـازانم چۆن دەمرن." پاشان تەکانی بۆ پێشـەوە دا و شوێن فەوجەکەی ئەو کەوت.

کە چووە گۆڕەپانی شەڕەکەوە، کەوتە بەر ڕێژنەی دەسترێژی گوللـەی فەڕەنسـییەکان. باگۆڤۆی مـەرد، هیچی لە بارەی ئەوەوە نەپرسی، کە ئاخۆ ئـەم شـەڕە سـوودی دەبێت، یـان نا؟ بەڵکوو راستەوخۆ فەوجەکەی بردە نێو شـەڕەکەوە.

بارەکـە زۆر مـەترسـیدارتر بـوو. فیشـەک و گوللـە تـۆپ، دەبـاری! تـاکو گوللەیـەکی بەرکەوت و، هـەر لەوێدا کوژرا!

تەنانەت بۆ ماوەیەکیش فـەوجەکەی خۆی، بـووە ئـامانجی گوللەبارانی فەڕەنسـییەکان و، زۆریان لێ کوژرا و، شـەڕەکەیش بە سوودێ خۆیان نەبوو.

بەشی حەوتەم
شەڕی تارۆتینۆ

هەر لەو کاتەدا کە دەستەیەک سەربازی رووسی بەرەو پێش دەچوون، کەوتن بەسەر سوپای فەڕەنسییەکاندا. کۆتوزۆقیش لە دەستەکەی خۆیەوە نزیک بوو. زۆر باشیش دەیزانی کە ئەم شەڕەی دەیکات لە رسوایی و سەرشۆڕی بەولاوە، هیچی تری لێ بەرهەم نایەت! بۆیە تا لە توانایدا بوایە، یەکەکانی سوپاکەی دەوەستان و، پشووی پێ دەدان و، خۆیشی بێدەنگ بە سەر پشتی ئەسپە بۆرەکەیەوە، دەهات و دەچوو و، وەڵامی ژەنەرالان و ئەفسەرانی دەدیەاوە، بێ ئەوەی هیچ پەرۆشییەکی بۆ ئەو پلانانە هەبێت، کە لەبارەی هێرش بردنەوەکەوە، دەیانخستە بەردەمی.

کە میلورادۆڤیتش پرسیاری کرد، ئاخۆ سەربازەکانی خۆی پێش بخات وتی:

"هەر هێرشبردن لە سەر زمانە و، نابینیت کە ئێمە جوولەکانمان بێکەڵکە!"

وەڵامی یەکێکی تری دایەوە:

"تۆیش مادام نەتزانی مۆرا، بە زیندوویەتی بگریت، هەر ئەم بەیانییە لە کاتی خۆیشیدا ناتوانیت بگەیتە ئەو جێیەی کە بۆت دیاریکراوە... تازە کاتەکەت بە فیڕۆ داوە!"

هاتن و ئەو هەواڵەیان پێدا ــ کە ئەوانیش لە قەوقازییەکانیان بیستبوو ــ کە ئەو سەربازە فەڕەنسییانەی پێشووتر لە سەربازگەکەدا بوون و، سەنگەر و پێگەیان توندو تۆڵا نەکردبوو: ئەو سەربازگەیەیان جێ هێشتووە و، ئێستا دوو لیوای فەڕەنسی چوونەتە

شوێنیان.

کۆتۆزۆف که دەمێک بوو، هیچی به یەرمۆلۆف نەوتبوو، وتـی:

"من ئێوەم بینی داوای هێرشبردنتان دەکرد و، هـەر یەکەتان گوزرەیەک پرۆژەتان بۆ ئـەو کـارە هـەبوو. بـەڵام کـە هێرشـەکە جێبـەجێ دەکرێـت، ئێـوە هیچتـان ئامـادە نـین و، ئامادەکاریەکانتان، تەواو نەبووە. لە کاتێکدا ئەوەتا دوژمن، خۆی بۆ هـەموو شـتێک ئامـادە کردووە."

یـەرمۆلۆف چاوەکـانی نیمچـە نیشـتوو کـرد و، بـزەیەکی سـادە چـووە سـەر لێـوانی و، تێگەیشت، کە کۆتۆزۆف بەوە کۆڵی لێ دەدات.

یەرمۆلۆف ئەژنۆیەکی لە رایسفسکییەوە ژەند و وتی:

"ئەوەتا پێم رادەبوێرێت!"

دوای کەمێک یەرمۆلۆف لە کۆتۆزۆف نزیک بووەوە و بەڕێزەوە پێی وت:

"خـاوەن شـکۆ! زیانـت لـێ نەکـەوتووە، ئێسـتایش نـەچووە بچێـت و، دوژمـن لەبـەر دەستدایە و، دەتوانیت فەرمانی هێرشبردن بدەیت. تـا ئێسـتا پاسـەوانەکان بـۆنی بـاروت نەچووە بە لووتیاندا."

کۆتۆزۆف وەڵامی نەدایەوە. کە پێیان راگەیاند یەکە سەربازییەکانی مۆرا پاشەکشـەیان کردووە، فەرمانە چاوەڕوان کراوەکـەی بـۆ رۆیشـتن دەرکرد. بـەڵام هـەر دوای چەندسـەد هەنگاوێک سـوپاکە و، ئەو دەیوەستاندن و، بۆ سێ چارەکە سەعاتێک دەحەوانەوە.

کـەوابوو هـەموو هێرشـەکە، بـە سـەر شـانی قەوقازییـەکانی، ژێـر دەسـتی "ئۆرۆلـۆف - دینسـۆف"ەوە بوو و، یەکەکانی تریش، چوندسـەد سـەربازێکیان، لـێ کوژرا.

ئەنجامەکەیش واکەوتەوە کە کۆتۆزۆف مەدالیایەکی ئەڵماسی پـێ بەخشـرا. بینیگسـنیش چەند پارچە ئەڵماس و (١٠٠٠٠٠) رۆپڵی پێ بەخشرا.

ئەفسـەرانی تـریش، هـەر یەکـە و بـە گـوێرەی پلەکـەی خـەڵاتی پـێ درا! لـە سـەروو ئەمانەیشەوە، ئەو جێگۆرکێیانە بوون، کە لە "ئەرکانی جەنگ"دا رووياندا.

دوای کێشەکەی تاراتینۆ، ژەنەرالان و ئەفسەران، وا خۆیان هەڵدەکێشا:

"لای ئێمە کارەکان ئاوا بەڕێوەدەچن! هەموو شتێک پێچەوانە بووەتەوە!" پاشـان لـە نێـو خۆشـیاندا دەیـانووت، کـە ئەگـەر گێلێتییـەک لـەو هیرشـبردنەدا بکرایـە، کارەکـە وا نەدەکەوتەوە.

ئیدی یان رەخنەیان دەگرت، بێ ئەوەی هیچی لێ تێ بگەن. یان ئـەوەبوو تێگەیشـتبوون و، لاقرتێیان بە ئیشەکەی خۆیان دەکرد. چـونکە هەموو شەڕەکان، ئیدی شەڕی تـارۆتینۆ،

یان شەڕی بوورژوادینۆ، یان شەڕی ئۆستەرلیز بوایە: هەمیشە بە پێچەوانەی پیلانە بۆ ئاریژراوەکەی ئەوانەوە دەکەوتەوە.

هەمیشە ئەو گریمانانە دەرنەچوون، کە پلان دانەرەکان چاوەڕێیان دەکرد! هەر ئەمەیش کاکڵەی بابەتەکە بوو.

هێزیەلێکی فڕۆکەی سەربەخۆ، لە کاتی شەڕەکاندا دەهاتنە گۆڕێ، کە لە ژماردن نەدەهاتن. بۆیە هەرگیز ڕەوتی شەڕەکە پێش ڕوودانی، مەزەندە نەدەکرا و، نەدەزانرا. ئاراستەی شەڕەکەیش وا نەدەکەوتەوە، کە تەنیا هێزێک بیبات بەڕێوە.

ئەگەر چەند هێزێکیش کار بکەنە سەر ئاراستەی شەڕەکە، بێگومان ئاراستەی هیچ یەکێک لەو هێزانە وەرنەدەگرا. بەڵکوو ئاراستەکە نێوەندگیریی نزیکی وەردەگرت.

ئەگەر چیرۆکەکانی مێژوونووسان و، بە تایبەتی فەرەنسییەکان بخوێنینەوە، تێدەگەین کە ئەو شەڕانەی ئەوان کردوویانە، هەموویان پلان بۆداڕێژراو بوون. بۆیە تەنیا شتێک کە لەو چیرۆکانەوە وەدەستی دێنین، ئەوەیە کە ئەو چیرۆکە مێژووییانە ڕاست نین!

بە ئاشکرا دیارە، شەڕەکەی تارۆتینۆ، کە پلاندانەرەکەی تووەل بوو، نەگەیشتە ئامانجی خۆی. نە ئەو ئامانجەیش کە ئۆرلۆف هەیبوو، لە بە دیلگرتنی مۆرا، هاتە دی. نە ئەو ئامانجەی کە بینیگسن بیری لێ کردبوەوە، کە تەفروتوونا کردنی ئەو باڵەی سوپای فەرەنسا بوو و، نە ئامانجی قەوقازییەکانی تێدا هاتەدی، کە تاڵانکردن بوو، ئەگەر ئامانج ئەوە بوایە، کە ڕووسییەکان هەموویان هەر ئەوە ئامانجیان بوو، سوپای فەرەنسا لە خاکەکەی خۆیان دوور بخەنەوە.

ئێمە وەکوو ڕۆژی ڕووناک لێمانەوە دیارە، کە شەڕی تارۆتینۆ بە هۆی چەندین هەڵەوە، کۆتابوو.

سەخت و، بگرە مەحاڵ بوو، مرۆڤ بیر لە ئەنجامێکی لەوە باشتری بکردایەتەوە. کە شەڕەکەی پێگەیشت. مەزنترین ئامانجمان بە دەست هێنا! لە کاتێکدا کەمترین ماندووبوونمان بەرکەوت و زیانەکانیشمان هێندە بچووک بوو، کە بە کەڵکی باس کردنیش نەدەهات.

بارەکەمان لە پاشەکشە و بەزینەوە، گۆڕی بۆ هێرشبردن و، دەرخستنی لایەنە لاوازەکانی سوپای فەرەنسا. دەستێکی باش لە سوپای ناپلیۆن وەشێنرا و، وایان لە سەربازانی ئەو سوپایەی فەرەنسا کرد، هەڵبێن!

بەشی هەشتەم
بلیمەتیی ناپلیۆن

دوای سەرکەوتنە دیارەکەی ناپلیۆن لە مۆسکوڤا، خۆیشی کرد بە مۆسکۆدا. کە گومانیشی تێدا نەمابوو، فەرەنسییەکان بووبوونە ئاغای گۆڕەپانی شەڕەکە.

رووسەکانیش لە پاشەکشەدا بوون و، پایتەختێکی پڕ چەک و خواردن و، سامانێکی لەبن نەهاتووشیان دا بەدەستەوە و، مۆسکۆ کەوتە دەستی ناپلیۆن.

سوپای رووس دوو هێندەی سوپای فەرەنسی بێ هێز و لاواز بوو و، بە درێژایی مانگێک، وای پیشان نەدەدا، کە حەز بە بەرەنگاربوونەوە بکات، لەگەڵ سوپای دوژمندا. سوپای ناپلیۆنیش باشترین پێگەی هەبوو و، دەیتوانی بە سوپا دووهێندە بە تواناکەی، پەلاماری هەر پارچەیەکی سوپای رووس بدات و، تێکی بشکێنێت.

لە توانایشیدا بوو، پەیمانی ئاشتەوایی لە بەرژەوەندی خۆی مۆر بکات، لە کاتێکدا رووسەکان پەیمانی ئاشتەوایی رەت بکەنەوە، ئەوا دەیتوانی بە جوولەیەک بە سوپاکەی، پێترزبۆرگ بخاتە مەترسییەوە. یان لەو بارەدا دەتوانێت بەرەو سمولنسک یان ڤیلنا بگەڕێتەوە. یان لانیکەم بۆ پاراستن و، درەوشاوەیی سەرکەوتنەکانی، لە مۆسکۆدا بمێنێتەوە. ئەمەیش پێویستیی بە بلیمەتی نەبوو.

دەیتوانی بە ئاسانترین شێوە ئەوە بکات. یان دەیتوانی سوپاکەی بەرەڵا نەکات بۆ تاڵان و فەرهوود کردن. دەیتوانی کارێک بکات، بەرگی زستانە بۆ هەموو سوپاکەی دەستەبەر بکات و، رکێفی باشی دابەش کردنی خۆراکیش بکات، بۆ ئەو سوپایەی کە لە مۆسکۆدایە.

که بـه قسـەی میژوونووسـه فەرەنسییەکان، خـۆراک و زەخیرەیـەکی ئـەوتۆ لـه مۆسکۆدا یوو، که بەشی دە مانگی ئەو سوپایە بکات. بەڵام ناپلیۆنی بلیمەتریني بلیمـەتان و، خـاوەن ئەزموونەکان، وەکو میژوونووسان پێیاندا هەڵدەدا، ئەمەی نەکرد.

هەر بەوەوە نەوەستا، تەگبیرکان پشتگوێ بخات. بەڵکو دەسەڵاتی خـۆی بەکار هێنـا و، خراپترین و نالـەبارترین گریمانـەکانی هـەڵبژارد. نـاپلیۆن لـه نێـو ئـەو هـەموو گریمانانـەدا، ئەوەی دانەنا کە ئەو سوپایەی وەرزی زستان لە مۆسکۆدا بە سەر بەرێت. یان سـوپاکەی بـەرەو پێترزبـۆرگ ببـات. یـان رێی "نیجنی ـ نۆڤگـوروود" بـه سـوپاکەی بگرێتەبـەر. یـان کشانەوە بەرەو سەروو، یان لەوەیش دوورتر بەرەو خوار.

ئەو رێیەی کە دواتر کۆتـۆزۆف گرتبوویـه بـەر، هـەڵبژارد و، خراپترین و نەگریسترین شتی هەڵبژاردبوو، کە مانەوەی بوو، تاکوو تشرینی یەکەم لە مۆسکۆدا.

رێی دا بە سوپا برسییەکەی: مۆسکۆ تـالان بکات. پاشان بە دوو دڵییەوە سـوپاکەی لـه سـەربازگەیەکی مۆسـکۆ دەرکـرد و، لـه سـوپاکەی کۆتـۆزۆف نزیـک کـردەوە. بـەڵام بەرەنگاری نەبووەوە. بـەرەو لای راست بـووەوە و، گەیشتە "مـالۆ ـ یارۆسلاڤڵ، لـه بـری ئـەوەی کۆتـۆزۆف، ڕێ بـه سـوپـاکەی بگرێت، بـەرەو "مۆجاییسک" بـووەوە، بـێ ئـەوەی بۆشاییەک لە سوپاکەیدا دروست بکات.

ئەو رێگا قیرتاوەی گرتەبەر، کە بە نێو چەند هـەرێمی خاپوور کراودا تێدەپەڕی. بۆیـه جوولـەی لەمـه هـیچ و رسـواتر نـەبوو، کـه ئـەو هـەڵیبژاردبوو. ئەنجامـەکانیش ئەمـەیان دەرخستبوو.

ئەگەر وای دابنێین مەبەستی ناپلیۆن لە پێشڕەوی کردن بە سـوپاکەی، ئـەوە بـوو بێت کۆتایی بەو سوپایە بێنێت. ئـەوە نەدەهاتـه دی، چونکـه بـا سـوپای رووسـیش لـه توانایـدا بوایە، هـەموو شتێک بکات، چاکترین پلانی سـەربازی بۆ خاپوور کـردن و، لـەناو بردنـی سوپای فەرەنسی، نەیدەتوانی زاڵ بێت بە سەریدا!

ناپلیۆنی بلیمەت هـەموو ئەوانـەی کرد. بـەڵام ئەگـەر بڵێین سـوپاکەی خـۆی لـه نـاوبرد چونکه خۆی ئەوەی دەویست... یـان ناپلیۆن خۆی گێل بوو. دەبنـه قسـەیەلێکی هەڵـە! هـەر وەکو ئـەو هەڵەیـەیی لێ دێت، کـه وتوویانـه تـەنیا خـۆی، سـەرکردایەتیی سوپاکەی خـۆی کردووە و، بە بلیمەتی بەرەو مۆسکۆ چووە!

لـه هـەردوو بارەکـەدا، هەڵسـوکەوتی نـاپلیۆن لـه هەڵسـوکەوتی سـەربازێک بـه بایـەختر نـەبووە! تـەنیا ئـەوە بـووە، جوولـەیان بـه گـوێرەی یاسـاکانی رووداوەکـه بـووە. ئـەوەیش دڕۆیـەکی ئاشـکرایە کـه دەڵێن: سـوپاکەی نـاپلیۆن لـه مۆسـکۆدا زۆر لاواز بـووە! وەکـوو میژوونووسـان وتوویانـه. لـەو کاتـەدا و، بگـرە پـێش ئـەو کاتـه و، دواتـریش و لـه سـاڵی (١٨١٣)دا، زیرەکیـی خـۆی بـاش بـەکار هێنـاوە، تاجوولـه بـه بەرژەوەندیـەکانی خـۆی و

سوپاکەی بکات.

لەو ماوەیەدا چالاکییەکانی ناپلیۆن کەمتر سەرسوڕهێن نەبوو. لەوانەی لە میسر و ئیتالیا و نەمسا و، تەنانەت لە بروسیادا نواندی! ئیستایش نەماندەزانی بلیمەتیی ناپلیۆن لە میسردا چی بوو؟ ئەو زانیاریانەشی کە لەبەردەستدان لە چاوی فەرەنسییەکانەوە خۆیانن! یان حوکمدان بە سەر ئەو بلیمەتییەی لە نەمساو بروسیادا هەیبوو. خۆ بە دەستەوەدانی سوپاکان، بە ساغی و بێ تەقە و شەڕ، قەڵا و دیوارە بەرگرییەکان بۆ خۆیان، شتێک بوون و، ژیری نەیدەبڕین!

بۆیەش ئەڵمانیەکان ئەمەیان بۆ بلیمەتیی ناپلیۆن دەگێڕایەوە. بەڵام ئیمەی رووس سوپاس بۆ خوا، پێویستمان بەوە نییە، بۆ شاردنەوەی خەوش و ناجۆریەکانمان پەنا بۆ ئەوە بەرین، کە گوایا ناپلیۆن بلیمەت بووە!

باجی خۆمان داوە، تاکو مافی ئەوەمان هەبێت، کە بە سادەیی و بێ سڵ کردنەوە لە کارەکانی ناپلیۆن بڕوانین.

چالاکییەکانی ناپلیۆن لە مۆسکۆدا، هەر وەکوو شوێنەکانی تر بوو. فەرمان بە دوای فەرماندا دەردەچوو. پلان بە دوای پلاندا دەهات و، خۆی دایدەنان! هەر لەو سەعاتەوەی، سوپاکەی کرد بە مۆسکۆدا، تا ئەو کاتەی لێی چووە دەرەوە ئەوە ئیشی بوو. نەبوونی دانیشتوانەکە و نوێنەرایەتی خانەدانەکان و، تەنانەت سوتاندنی مۆسکۆ خۆیشی، ئەوی تووشی دڵەڕاوکە نەکرد!

بەرژەوەندیی سوپاکەی پشتگوێ نەخست و، بزوتنەوەکانی دوژمنەکەیشی چاودێری دەکرد. بۆ بەختەوەر بوونی گەلەکانی رووسیا و، بەڕێوبردنی کارەکانی لە پاریس و تەقەلاکانی بۆ پەیمانی ئاشتەوایی و، مۆر کردنیش هەر بەو شێوەیە بوو و، پشتگوێی نەخستبوون.

بەشی نۆیەم
ڕێکخستنە ئیداریيەکان

هەر لە چوونە نێو مۆسکۆی ناپلیۆنەوە، ئاگایی تۆندی سەربازیی ئاراستەی ژەنەرالا سیباستیان کردبوو و، تێگەیاندبوو، کە پێویستە چاودێریی جوولّەی سوپای ڕووسی بکات.

یەکەکانی سوپاکەی خۆی بە هەر چوارلادا بنێرێت. بە مۆرایشی ڕاگەیاند کە دەبێت ئەویش کۆتۆزۆف بدۆزێتەوە. پاشان تەگبیری دیواری بەرگریی "کریملن"ی کرد. بۆ نەخشەی ڕووسیایش پلانە بلیمەتەکەی خۆی بۆ داهاتوو دارشت.

لە ڕووی دیبلۆماسیشەوە ناپلیۆن یاکوڤیلڤی بانگی لای خۆی کرد. ئاخر ئەو ناپلیۆنەش سەرکردەیەکی داماو بوو، خۆشی نەیدەزانی چۆن مۆسکۆ جێ بهێڵێت! لە بەرامبەر ئەودا کەوتە باسکردنی سیاسەتی خۆی و، بلیمەتییەکانی و مەزنی خۆی. دوای ئەوەی نامەیەکی بۆ ئەلکسەندری ئیمپراتۆر نووسی. تێیدا ئەوەی نووسیبوو کە وەکو برایەک لە سەریەتی لە ڕەفتارە خراپەکانی ڕۆستۆبشین لە مۆسکۆدا ئاگاداری بکاتەوە.

ئەو نامەیەی دایە یاکۆڤیلڤ و، ڕەوانەی پێترزبۆرگی کرد. هەروەها کەوتە خۆهەڵکێشان لە بەرامبەر تۆتۆلمیندا و، پاشان پیرەیشی ڕەوانەی پێترزبۆرگ کرد، تاکو بکەوێتە دواندنیان لەو شارە.

لە ڕووی دادیشەوە فەرمانی بە ڤۆرشبۆب دا، لە بارەی ئاگرکەوتنەوەکە و، ئەوانەی بوونەتە هۆی ئاگر کەوتنەوەکە، بکۆڵێتەوە و، بێ سێ و دوو گوللەبارانیان بکات. ڕۆستۆبشین ئەو دڕندەیەی دۆزییەوە کە ماڵەکەی سووتاندبوو، بەڵام سووتاندنی مۆسکۆ خرایە ژێر ڕکێفی دەستوورەوە و، شارەوانی دانرایەوە و ئەم بانگەوازە بە دەروازەکەیدا

هەڵواسرا.

بۆ دانیشتوانی مۆسکۆ!

لێقەومانەکەتان سەختە. بەڵام خاوەن شکۆی ئیمپراتۆر و پاشا، دەیەوێت سنوورێک بۆ ئەمە دابنێت. چەندین نموونەی تۆقێنەر فێری کردن کە یاخی بوون و تاوان کردن، چ سزایەکی بە دواوەیە. ڕێ و شوێنی توند گیراوەتە بەر، بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەم پشێویانە و بووژاندنەوەی ئاسایشی گشتی. تا بەڕێوەبردنێکی باوکانە دەست پێ بکات. کەسانی ئەو بەڕێوەبردنەیش، لە لایەن خۆتانەوە هەڵدەبژێردرێت. تاکو بەڕێوەبەرایەتییەکی شارەوانی دابمەزرێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتییەی شارەوانی لە خۆتان دەبێت و، شوێن بەرژەوندییەکانی خۆتان دەکەوێت. ئەندامانی ئەم شارەوانییەش بە قردێلە سوورەکانیدا دەناسرێنەوە.

پۆلیسی شارەوانی بە گوێرەی یاسای کۆن دانراوە و، بە هۆی چاکیی پیاوەکانیانەوە، تا ئێستا بە باشی یاساکانی سەپاندووە. حوکمەت دوو قۆمیساری گشتی داناوە، واتە دوو بەڕێوبەری پۆلیس و، بیست قۆمیسەر، ئەمانە بەسەر هەموو گەڕەکەکانی شاردا بڵاو بوونەتەوە. ئەمانەش بە هۆی قردێلە سپیەکانیانەوە دەناسرێنەوە و، لە باڵی چەپیان بەستووە. پاشان زۆرێک لە کۆیسەکان ڕێ و ڕەسمە ئاینییەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت. خەڵکەکەی دەبینین و یارمەتیشیان دەدەین.

ئەمە ئەو ڕێ و شوێنانەیە، کە حکومەت گرتوبەتییەبەر تاکوو ڕێک و پێکی بگەڕێتەوە بۆتان و، بارو دۆختان چاک بکەین. بەڵام بۆ سەرکەوتن لەو بوارەدا، پێویستە تەقەلاکانی ئێوەش بخرێتە پاڵ تەقەلای حکومەت.

دەبێت - ئەگەرکرا - کارەساتەکە لە بیر خۆتان ببنەوە و، ئومێد بخەنە دڵتانەوە، بۆ ئەوەی بگەنە ژیانێک کە خەم و خەفەت و، ئازارەکانی کەمتر بێت. لێتان ڕوون بێت: مردن چاوەڕوانی ئەوانە دەکات کە دەیانەوێت ئازاری ئێوە بدەن. یان بیانەوێت ئەوانەیشی ماوەتەوە لە تاڵانەکان، جارێکی دی تاڵان بکرێتەوە. ئەوانیش بە مردن دەگەن.

متمانەی گشتی بگێڕنەوە وەکوو برا بە یەکەوە بژین. یارمەتی یەکتر بدەن. یەک بگرن بۆ چوونەوە بە گژ تاوانباراندا. گوێڕایەڵی حکومەت بن. هێندەیشی نەماوە کە جۆگەڵەی فرمێسکی چاوانتان وشک بێت.

لەبارەی ڕۆزی و خۆراکیشەوە، ناپلیۆن فرمانی دەرکردبوو کە چەندین لیژنە بە نهێنی پێک بهێنرێت، بۆ تاڵان کردنی خۆراکی هاوڵاتیانی مۆسکۆ، تاکوو خۆراکی سوپای خۆیانی پێ دەستەبەر بکەن.

لە ڕووی ئایینیشەوە ناپلیۆن فەرمانیدا کۆیسەکان وەکوو جارانی خۆیان بکرێنەوە و، کاروباری ئایینی خۆیانی تێدا بەجێ بێنن.

بۆپاراستنی بازرگانی و پاراستنی خۆراکی سوپایش ئەم ئاگادارییە دەرچوو:

ئاگاداری ...

ئەی دانیشتوانی مۆسکۆی ئارام و پیاوانی کارو کرێکارانی دوورکەوتەی شار.

ئێوە ئەی کرێکارانی سەر زەوی، کە بە هۆی ئەو وەهمەی لاتان دروست بووە، پەرش و بڵاون و، بە گوندەکاندا بڵاو بوونەتەوە. ئارامی گەڕاوەتەوە بۆ مۆسکۆو یاسا تێیدا بەرکەماڵ! هاوڵاتیان بە ئارامی لە ماڵ دێنە دەر و، متمانەیشیان هەیە کە بە ئاسوودەییش دەگەڕێنەوە و، ترسیان ڕەویوەتەوە.

هەر کەسێک تووندوتیژی بەرامبەر خۆتان و، موڵک و ماڵەکانتان، بەکار بێنێت، بە تووندی سەرکوت دەکرێت! ئێوە ئێستا لە سایەی ئیمپراتۆر و پاشادان و پارێزراون. ئەوانە دەبنە دوژمنتان، کە لە فەرمانەکانی ئەم ئیمپراتۆرە دەردەچن! کەوابوو فەرمانەکان پەسەند بکەن و، بۆ ئاسوودەییتان ڕوو بکەنە خاوەن شکۆ!

ئەی هاوڵاتیان... ئەی کرێکاران و پیشەوەرانی سوودبەخش... با بۆ ماوەیەک کرێکانیشتان کەمتر بێت: بگەڕێنەوە سەر کارەکانتان.

ئێوەش: ئەی جوتیاران...

ئیدی مەترسن و لە دارستانەکان بێنە دەرەوە و، خۆتان مەشارنەوە و، بگەڕێنەوە کۆلیت و ماڵەکانتان. متمانەتان بەوە هەبێت، کە ئێمە سەرومانتان دەپارێزین. لەشاردا چەندین سایلۆ هەیە و، دەتوانن زیادەی بەرهەمی دانەوێڵەکانتان ببەن بۆی و، لێتان وەردەگیرێت. حکومەت ئەم تەگبیرانەی گرتووەتەبەر تاکوو نرخی بەروبوومەکانتان دانەبەزێت:

١ـ هەر لە ئەمڕۆوە جوتیاران و کشتکاران و، دانیشتوانی دەوروبەری مۆسکۆ، دەتوانن بەروبوومەکانیان هەرچییەک بێت، بیهێنن بۆ مۆسکۆ... سایلۆیان لە شەقامی مۆخۆڤایا و، ئاخۆتنیریا، بۆ ئامادە کراوە.

٢ـ بەروبوومەکانیان بە گوێرەی ڕێکەوتن لێ وەردەگیرێت. ئەگەر خاوەن بەرهەم لە نرخدا نەگەیشتە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەت، ئەوا بۆی هەیە بەروبوومەکەی جارێکی دی بباتەوە بۆ ماڵی خۆی.

٣ـ ڕۆژانە یەکشەموان و چوارشەموانی هەموو هەفتەیەکیش، تەرخانی بازاڕی گشتییە. بۆ سەربازانێکی فرەیش تەرخان کراوە، تاکو پارێزگاریی گواستنەوەی ئەو بەروبوومانە بکەن و، کاروانەکان بپارێزن. ئەمەیش بۆیە پەیڕەو دەکرێت، تاکوو جوتیاران و گالیسکەکانیان بگەڕێنەوە و، گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە.

٤ ـ ئەی دانیشتوانی شارو دێنشینان... بە بەردەوامی ڕێ و شوێنی تووندوتۆڵ دەگیرێتەبەر، بۆ ئەوەی بازرگانی ئاسایی پێک بێتەوە.

ئێوەیش ئەی پیاوانی دەست ڕەنگین و، پیشەوەر و کرێکاران. سەر بە هەر گەل و تیرە

و هۆزێک بن. گوێڕایەڵی ئیمپراتۆر و پاشای باوک بن. هاوکاریی بکەن تاکوو ئارامی و ئاسودەیی و بەختەوەریتان بۆ بگەڕێتەوە. ڕێزی خۆتانیان بۆ دەربخەن. لەگەڵ ئیمەیش یەککگرتووبن."

فەڕەنسییەکان ئاهەنگیان بۆ خەڵکەکە دەگێڕا و، خەڵاتیان بە سەر ئەو ڕەش و ڕووتانەدا دەبەخشییەوە، تاکو متمانە بەخۆبوونیان، تێدا زیندوو بکەنەوە. ناپلیۆن بەو هەموو سەرقاڵییەی خۆیەوە بە کێشەکانی دەوڵەتەوە، بە سواری ئەسپەکەیەوە، بە شەقامەکاندا دەگەڕا. تاکوو ئارامی ببەخشێت بەو خەڵکە. خۆی دەکرد بەو شانۆگەرییانەی، کە هەر خۆی بۆ خەڵکەکەی پێکدەهێنا.

چی لە توانادا بوایە بۆ چاکە کردن دریغیی نەدەکرد و، ئەمەش ببووە جوانترین بەش لە زەخرەفەی سەر تاجەکەی. فەرمانی دابوو لە سەر ڕووی دەرەوەی دامەزراوە تەندروستییەکان بنووسرێت: "مااڵی دایکم" تاکو بەمە مەردایەتیی خۆی وەکو پاشایەک پیشان بدات.

هەتیوخانەکان دەگەڕا و، دەستی سپیی بۆ هەتیوان و چەتیوان، درێژ کرد و، رزگاری دەکردن. ئەوانیش ئەو دەستە سپییەیان ماچ کرد. بە ڕوویەکی خۆشەوە لەگەڵ تۆتۆڵمین دەدوا. لە دواجار و، بە گوێرەی ڕۆمانە پڕ کاریگەرییەکەی تییەری نووسەر، ناپلیۆن فەرمانی دابوو، بە پارەی ڕووسیی ساختەکراو، مووچەی سەربازانی خۆی بدرێت. تاکوو ئابووریی ڕووسیا تووشی داشکان بکات.

ناپلیۆن فەرمانی بە دابەشکردنی یارمەتی دا، بە سەر لێقەوماوان و زیان لێکەوتووانی، ئاگر کەوتنەوەکەدا. ئەمەش هاندەرێکی باش بوو و، لە سوپای فەڕەنسیی دەوەشایەوە. بەاڵم بۆ خۆراک: کە ئەمەیان بەاڵیانەوە لەوە بە نرختر بوو، تاکوو بدرێت بە بێگانانێک بە خۆیان و، خۆیشیان دوژمنیشیان بوون.

ناپلیۆن پارەی بە ڕۆپڵی کاغەز بە سەر خەڵکەکەدا دابەش کرد. تاکوو خۆیان خۆراکی پێ بکڕن.

بەاڵم لەبارەی سوپاوە و، گوێڕایەڵیی هاوڵاتیانەوە، زۆر بە تۆندی لێ پێچینەوە لە ئەرکە سەربازییەکان دەکرا و، زۆر بە جدیش، بە دوای تاڵانچییانەوە بوون.

بەشی دەیەم
رێکخراوەکانو ئەنجامەکانیان

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ئامادەکارییە و، ئەو بایەخ و پیلانانەی، کە لە وانی تر خراپتر نەبوو. بە قوولبوونەوە بە ناخی شتەکان نەدەگەیشتن. بەڵام وەکوو میلەکانی سەر رووی سەعات، دەخولانەوە و، بە گوێرەی سوڕانەوەی مەکینەکەی نەبوون.

لە ئەو گۆشەنیگای سەربازییەوە، کە تیەری میژوونووس، لە وەڵامێکیدا، بۆ "باروون ڤەن"ی میژوونووس و سکرتێری لە پێشینەی ناپلیۆن، لە بارەیەوە نووسیبووی: ئەو بلیمەتییەی ناپلیۆن، لێی قوولتر و لەبارترو قەشەنگتر نەبوو.پێویستە بگەڕێنرێتەوە بۆ پازدەی تشرینی یەکەم، نەکوو بۆ رۆژی چوارەمی ئەو مانگە.

ئاخر ئەو پلانەی بۆ ئەو رۆژەی دانابوو، هێندە لە واقیعەوە دوور بوو، جێبەجێ نەدەکرا. پلانەکەیشی بۆ تۆکمە کردنی کریملن بەوەی دەبوو کڵیسەی "ڤازیلیی بەختەوەر"- کە ناپلیۆن خۆی، مزگەوتی پێ دەگوت - بڕووخێنن، دەرکەوت کە ئەویش پلانی کارێکی بێسوود بوو.

دانانی چەندین لوغم لە ژێر کریملندا، تەنیا بۆ رازیکردنی دڵی ئیمپراتورێک بوو، کە دەیویست بە چوونە دەرەوەی لە مۆسکۆ، بیتەقێنێتەوە و کەسانی تری، پێ لە نێو بەرێت: هەر وەکوو ئەوە بوو، سزای زەوی بدرات چونکە بووەتە هۆی، کەوتنە زەویی منالێکی چکۆلە. پاشان شوێنکەوتنی سوپای رووس: کە ببووە مەبەستی سەرەکیی ناپلیۆنی گەورە، لە خۆیدا دیاردەیەکی تیژپەڕ بوو.

لە تیلەچاوی دیبلۆماسییەوە، هەموو بەڵگەکانی مەزنی نەفس و ویژدانیی ناپلیۆن

بەرامبەر تۆتۆلمین و ئەیاکۆڤلیڤ ـ کە هەموو هەڵپەی ئەمەی دواییان پێش هەموو شتێک، تەنیا ئەوەبوو: پالتۆیەک و گالیسکەیەک بۆ خۆی وەربگرێت ـ بێ سوود بوو و، بەلای ئەلکسەندەرەوە سوودێکی نەبوو. چونکە پێشوازیی لەو دوو نوێنەرەی ناپلیۆن نەکرد و، گوێیشی بە پێشنیازەکانی ئەو ناپلیۆنە نەدا.

لە تیلەچاوی بەڕێوەبردنیشەوە، شارەوانیی شارەکە، کاری تاڵان و راو وڕووتی بۆ نەوەستێنرا. دەرکردنی ئەو فەرمانەیش تەنیا سوودی بۆ ئەو کەسە سەربازییانەی خۆیان هەبوو، کە خەریکی تاڵانکردن بوون. بەوەی ئەوانەیش بە بیانووی پاراستنی ئاسایشەوە کەوتبوونە تاڵان و دزیکردن.

لە تیلەچاوی ئایینیەوە، ئەوەی کە لە میسردا زۆر بە ئاسانی جێبەجێ بوو بە کردنەوەی مزگەوتێک. ئەو شێوازە لە مۆسکۆدا، هیچ سوودێکی نەبوو. ئەو دوو یان سێ قەشەیەی دۆزیبوویانەوە و وێستبوویان رکێفی خزمەتکردنی ناپلیۆنیان بکەن بکەن. کەچی یەکێکیان لە دریژەی رێ و رەسمی کڵێسەکەدا، لەلایەن سەربازێکی فەڕەنسییەوە، چەندین زللەی خواردا! فەرمانبەرێکی فەڕەنسییش، ئەم راپۆرتەی لە یەکێکی تریان دابوو:

ئەو قەشەیەی خۆم دۆزیمەوە و، بانگهێشتم کرد تا رێ و رەسمی ئایینیی لە کڵێسەکەدا بەجێ بێنێت: راستە کڵێسەکەی پاک کردەوە، بەڵام دەرگاکەی کڵۆمدا: ئەمشەویش هاتنەوە و، دەرگاکەیان زەوت کرد و، کڵۆمیان شکاند و، هەرچی کتێب هەبوو دڕاندیان و، چەندین شتومەکیان پێکدا هەڵپژاند.

لە تیلەچاوی بازرگانییشەوە، ئەو بانگەوازەی داگیرکەر بۆ پیشەوەر و دێنشینان دەریکردبوو: سوودی نەبوو، دێنشینان چواردەوری قۆمیسەرەکانی بانگەوازبەدەستان و، داگیرکەریان دەگرت و، دەیانکوشتن. هەروەها ئەو شانۆیانەی کە ناپلیۆن لە کریملن و، لە مالّی بۆزنیاکۆڤ کردبوونییەوە، بە هۆی رووتکردنەوەی ئەکتەرەکانییەوە، لەلایەن دز و تاڵانچییانەوە، داخران.

چاکە کردنیش لە نێو مۆسکۆدا، ئەنجامی خۆی نەدا بەدەستەوە. مۆسکۆ نوقمی پارەی راست و ساختە بوو. ئیدی دزو تاڵانچییانی فەڕەنسی پێویستیان بە پارە نەما و، رووبان لە زێڕ کرد.

تەنیا بەهای ئەو پارانە دانەبەزی، کە ناپلیۆن دەستبڵاوانە، بەسەر لێقەوماوانی مالا سووتاودا دەیبەخشییەوە. بەڵکو بەهای پارە زیوەکانیش کە هاوتای زێڕیش کرابوون، زۆر دابەزی بوو. دیارترین نموونە لە بێکەڵکیی ئەو تەگبیر و بڕیار و فەرمانانەی، لە ئاستی بالای دەسەڵاتدا دەردەچوو: ئەوە بوو کە نەیانتوانی تاڵانچیانییان و، راووڕووتکەران و، دزو جەردەکان بووەستێنن و، یاسا سەروەر بکەنەوە.

ئەمەیش راپۆرتێکی دەسەڵاتی سەربازییە:

هەرچەند فەرمانیش بە وەستاندنی دەرچووە! بەڵام تاڵان و راوو رووت، لە شارەکەدا

سەرومڕە. یاسایش سەروەر نییە! یەک فرۆشیار بە شێوەی شیاوی خۆی مامەڵە ناکات. فرۆشیاری نـان و خـۆراک هەڵەشـەن و، سەرکێشی دەکـەن. شـتو مـەکی دزراو دەفرۆشنەوە.

بەشێک لە مانیش کەوتوونەتە بەر تاڵانچییانی فەوجی سێی سەربازان، هەر بە هێندە کۆلیان نەداوە، کە هاوڵاتیانی داماو تاڵان بکەن. بەڵکو خۆراکی زنج و چاڵەکانی ژێر زەویشیان لێ زەوت کردوون.

دڕندەیی ئـەوانـە گەیشتووەتە ئاستێک، کە بـە چـاوی خـۆم بینیومـە، بـە شمشێر بریندارییان کردوون. شتی تریش زۆرە!

ئەمڕۆ کە نۆی تشرینی یەکەمە...

هیچی شتێکی نوێ نییە و، سەربـازان پرکێشی دەکەن و، تـاڵان و دزی دەکـەن. تاڵان و ڕاو ڕووت، سـەرومڕە. لـە یەکەکانمانـدا، کۆمەڵـە دزانێـک هـەن، کـە پێویسـتە بـە هـۆی پاسەوانانێکی بە هێزەوە، بوەستڕێنێن...

ئەمڕۆ ڕۆژی چواردەی تشرینی یەکەم....

ئیمپراتۆر بە ئەمـە زۆر نیگەرانـە، کـە لەگەڵ ئـەو هـەموو فەرمانـە سـەرکوتکەرانەی بۆ تـاڵانچیان دەرچووە، دەبینێت، ئەو تاڵانچییانە لەگەڵ ئەودا خۆیان بە کرملینیشدا دەکەن و، دزی و تاڵان دەکەن. تاڵانی و ڕووتکردنـەوە، لـە نێوان پاسـەوانانی دوێنێ و ئەمڕۆدا، لـە جاران زۆرتر بووە.

ئیمپراتـۆر زۆر بـە ئـازارەوە، ئـەو سـەربازانە دەبینێـت، کـە تـا دوێنـێ لـە خزمـەتی ئیمپراتۆردا بوون و، نموونە بوون لە ملکەچیاندا بۆ فەرمانەکان: ئێستا وا هەڵگەڕاونەتەوە و، ڕسوا بوون کە پەلاماری گەنجینەکانی سوپاکەی خۆیان و هاوڵاتیان بدەن و، تاڵانیان بکەن. تەنانەت هێندە ڕسـوان، ڕێز لـە پاسـەوانان و ئەفسـەرانی پـاسەوان ناگرن و، بگرە سوکایەتیشیان پێ دەکەن و لێیان دەدەن.

دادوەر نووسیبووی:

"مارشاڵی کۆشکی گەورە سکاڵای تۆندی ئەوەی هەبوو، کە هەرچەند فەرمانی تۆندی دەرکردووە و، هۆشداریی داوە. کە چی هێشتا سەربازان لە سووچ و پەنای کۆشک و ژێر پەنجەرەکاندا، پیسی و میز دەکەن! تەنانەت لە ژێر پەنجەرەی ژووری ناپلیۆن خۆیشیدا!

سوپای فەرەنسی وەکو ڕەوە ئاژەڵێکی بەرەڵای لێ هاتبوو، ئەو خۆراکانەیش دەشێلێت، کە لە برسێتی ڕزگاریان دەکات!

ئیدی تاکو لە مۆسکۆدا بمایەتەوە: بەرەو داڕمان دەچوو و ، خۆی لە کۆتایی خۆوە نزیک دەکردەوە. کەچی ئەو ناپلیۆنە لە جێی خۆی نەدەجووڵا!

تیەری میژوونووس، نووسیبووی:

لەناکاو دوای ئەو ترسەی لە ریزەکانیدا بڵاو بووەوە، بە هۆی هەواڵی ئەو کاروانە سەربازییانەوە، کە لەسەر ڕێی سمۆلنسک بە دیل گیرابوون، بە هۆی تاڵان و فەرهوود کردنیانەوە و، هەروەها هەواڵەکەی شەڕی تاڕۆتینۆ. هەر ئەم هەواڵە ناپلیۆن خۆی لە نمایشێکی سەربازیدا بیستبووی و، هەر ئەمە وای کرد سزای ڕووسییەکان بدات و، کتوپڕ بڕیاری جوواڵە بە سوپا بدرێت.

ئاخر ئەوە پیاوانی ڕووس بوون وایان کرد، سوپای فەڕەنسا هەڵبێت و، مۆسکۆ جێ بهێڵێت. تاڵانچییان و دز و فەرهوودکەران، بەخێرایی شت و مەکەکانیان پێش خۆیاندا و هەڵاتن. تەنانەت ناپلیۆن خۆیشی بەشە تاڵانیی خۆی، لەگەڵ خۆی برد و هەڵات.

وەکو تییەر نووسیویەتی:

"ناپلیۆن کە کاروانی خەڵکەکەی بینی، ڕێی لە ڕەوی سوپا گرتووە. کەچی فەرمانی سووتاندنی گالیسکە زیادەکانی نەدا. چونکە ئەزمونێکی فرەی جەنگی هەبوو. سەرنجی ئەو گالیسکە سوکەڵانە و، گالیسکەکانی بەرلینی گەورەی تایبەت بە سەربازەکانی خۆی دا و، هۆشداریی دا، کە ئەو گالیسگانە لە کاتی سەفەری سوپاکەدا و، بۆ گواستنەوەی سەربازانی بریندار و نەخۆشەکان و، خۆراک پێویست دەبن.

هەڵوێستی سوپا، وەکو ئەو ئاژەڵە بریندارەی لێ هاتبوو، کە هەست بە مردنی خۆی دەکات و، خۆیشی نازانێت، چی دەکات. شیکردنەوەی بزووتنەوە و جووڵەکانی ناپلیۆن و، پلانە بلیمەتانەکانی و، بزواندنی سوپاکەی، هەر لە چوونە نێو مۆسکۆیەوە، تا ئەو کاتەی: لە خاپوور کردنی سوپاکەی خۆی بەوڵاوە، هیچی تر نەبوو. گرژ بوونەکانی سوپاکەیشی، لەو ئاژەڵە برین سەختە دەچوو."

زۆر جاران کە ئاژەڵی بریندار دەکەوێتە بەر ڕێژنەی گوللەی ڕاوچییەکەوە، بە هێڵێکی ڕاست ڕوو لە ڕاوچییەکەی دەکات و، پاشان بە هەمان ڕێدا دەگەڕێتەوە! بەمەیش پەلە لە مردنی خۆی دەکات. ناپلیۆنیش لە ژێر فشاری سوپاکەیدا، هەمان ئەو جووڵەیەی دڕندە بریندارەکەی کرد. بە هۆی ئازاوەی شەڕەکەی تاروتینۆوە، ترس کەوتە دڵی ئاژەڵە بریندارەکە و، بەرەو ڕووی ئاگرەکە ڕۆیشت، تا گەیشتە شوێنی ڕاوچی و، لە وێوە جارێکی دی، کلکی شۆڕ کردەوە و، بەرەو دوا کشایەوە. پاشان وەکوو هەموو ئاژەڵە بریندارەکان، بەرەو دوا بووەوە.

خراپترین و مەترسیدارترین ڕێی گرتەبەر، کە ڕێیە کۆنە ناسراوەکەی خۆی بوو!

ناپلیۆنێک کە ئێمە پێمان وابووە، هەموو جووڵە سەربازییەکانی بە دەست خۆی بووە. هەر لەو پەیکەرە چکۆلەیە چووە، کە دەکرێت، بە لووتی کەشتییەکانەوە.

لە هەژاندنیشیدا هەر لە منااڵێکی چکۆلە دەچوو. منااڵێک دەستی سەوڵی بەلەمێکی نێو ئاوی گرتووە و، پێی وایە خۆی ئەو بەلەمە لێ دەخوڕێت و، ڕەوی بەلەمەکە، لە ژێر جلەوی خۆیدایە...!

بەشی یازدەیەم
پییەر لە بەندیخانەدا

بەرەبەیانی شەشی تشرینی یەکەم، پییەر لە خانووە تەختەبەندەکە، هاتە دەرەوە و، لەبەر دەرگا کەوتە یاری کردن بە تووتەڵە سەگێکی مەیلە و پەمەیی، درێژکۆلەی، چوارپەل کول.

ئەو سەگە چکۆلەیە لە خانووەکەدا دەژیا و، لایان دەنووست. هەرچەند ئەو تووتەڵەیە جاروبار لە رکێفیان دەردەچوو و، سەری دەنایەوە وخۆی دەکرد بە شارەکەدا، بەڵام دواتر دەگەڕایەوە شوێنی خۆی. لەوە دەچوو ئەو تووتەڵەیە بەرەڵا بووبێت و، زووتر لای کەس نەبووبێت. نە ناویشی هەبوو نە هیچ. کەچی فەرەنسییەکان بە ئازوور بانگیان دەکرد.

سەربازێک بە ناوی "فمجالکا"وە، کە زۆری حەز لە چیرۆک بوو، خۆی کرد بە خاوەنی و، لە خۆی گرت. بەڵام کاراتاییف و، هاورێکانی هەر بە بۆرە، یان بە گوێ شۆڕ، بانگیان دەکرد. تووتکە سەگەکەیش ئاژەڵێکی بێزارکەر نەبوو. چونکە نە بنەچەو نە رەنگ و نەگەورە و، نە ناوێکی دیاریکراوی هەبوو. کلکی هەڵەفە دەکرد و، پاشوویەکیانی بڵند دەکردەوە و، قورسایی، سەر سێ پەلەکەی تری دەخست. لە هەموو شتەکان رازی بوو و، لەسەر زەوییەکە درێژ دەبوو و، خۆی دەخولاندەوە. جاری وایش بوو لەبەر هەتاوەکە، درێژ دەبوو. یان یاریی بە پارچە تەختەیەکی فرێدراو دەکرد.

پییەر کراسێکی پۆخڵی دڕاوی لە بەردا بوو و، ئەوە دواین پارچەی بەرگەکانی بوو. لەگەڵ پانتۆڵێکی سەربازی. کاراتاییف ئامۆژگاریی کردبوو دەرەلنگەکانی کەمێک هەڵدڕێ بوو، تا لەبارتر بێت بۆی. شەپقەکەیەکی جوتیارانەیشی بە سەرەوە بوو.

لەو ماوەیەدا پییەر لە رووی جەستەییشەوە گۆڕابوو. هەرچەند هەر تۆکمەیش بوو،

بەڵام وەکوو جاران بە قەڵەوی نەمابووەوە! سمێڵەکەی و ریشەکەی بەشی خوارەوەی روخساریان داپۆشیبوو. قژە سەریشی تەواو درێژو بڕ بووبوو و پڕ بوو، لە ئەسپێ. شتێکی وەکوو شەپقەیشی بەسەرەوە مابوو. وەکو کەسێکی بەورە و ئارام، دەهاتە بەرچاو و، بەجۆرێک بوو، کە جاران شتی وای بەخۆوە نەدیبوو. لەجێی ئەو پێ لەملییەی، جاران لە چاوانیدا دەخوێنرایەوە، بڕوایەکی تۆکمەی کارای هەبوو. پێیەکانیشی پەتی بوو.

پێیەریش دەمێک لەو کێڵگەیەی خوارەوەی دەڕوانی، کە ئەو بەیانییە چەندین گالیسکە و ئەسپ، پێیدا تێپەڕین. دەمێکیش بۆ دوور و، ئەوبەر رووبارەکەی دەڕوانی. دەمێکی تریش، لەو سەگە چکۆلەیەی دەڕوانی، کە هەر بەڕاستی بە نیازە گازی لێ بگرێت. پاشان لە پێیە پەتییە پیسەکانی خۆی دەڕوانی و، یاری پێ دەکردن. هەر کە پێیە پەتییەکانی خۆی دەبینی، بزەیەکی لە خۆرازی بوون روخساری دەگرتەوە. بە بینینیان ئەشکەنجەکانی خۆی وەبیر دەهاتەوە و، ئەو شتانەی بیر دەهاتەوە، کە لێیانەوە فێر بووە، ئەو بیرەوەریانەیش بەلایەوە ئازیز نەبوو.

ئەوە چەند رۆژێک بوو، کەش و هەوا لەبار و، ئاسمان بێگەرد و خۆرەتاو بوو. بەڵام بەیانیانەکانی کەمێک زوقم دەبینرا و، بەو بارەی ئاوو هەوایان دەوت: هاوینە ژنانە! دەرەوە گەرم بوو و، هەتاوەکە گەرم و گەرمایەکی لەو جۆرەیش، بۆ رۆژێک بەیانییەکەی زوقم کەوت بێت، لە خۆیدا: وەکوو مایەی سەرسامی و، جێی چێژ بەخشینیش بوو! ئەو تیشکە ئەفسوناوییەی خۆر بەسەر هەموو شتە دوورو نزیکەکاندا، بڵاو بووبووەوە. کێوێک لە چۆلەکە و، گوندەکە و، کڵێسەکە و، خانووە سپییە گەورەکە، لە دوورەوە دەبینران. دارە رووتەڵەکان و، لم و بەردەڵانی و، سەربانەکان و، خاچە شینەکەی کڵێسە و، گۆشەی خانووە شینەکە، هەموو جیا بە جیا و، لە دوورەوە دەردەکەوتن.

لەو شوێنانە نزیکتر، کەلاوەی خانووی پیاوێکی گەورە بوو. کە فەرەنسییەکان داگیریان کردبوو. ئەو خانووە پەرژینێکی سەوز، چوار دەوری دابوو. ئەو خانووە رووخاوە، پۆخڵ و قێزەون بووە، ئێستا لە ژێر تیشکی خۆرەکەدایە جوانی بەخشە و، رەوانی ئەوی هێنور دەکردەوە.

عەریفێکی فەرەنسی بە بەرگێکی ناجۆر و، کڵاوێکی پۆلیسییەوە، لە گۆشەیەکی خانووەکەوە، بە سەبیلێکی کورتی لالێوەوە، هاتە دەرەوە.

چاوێکی داگرتو بە پێیەری وت:

ـ چ خۆرێکە؟ ئاە! کیربڵێ بەرێز، ـ فەرەنسییەکان پێیەریان بە کیربڵا ناو دەبرد. ـ ئەمە پێمان دەڵێت: ئیدی بەهارە!

شانیشی بەلای دەرگاکەدا دادابوو و، هەرچەند هەموو جارێک پێشنیارەکەی ڕەتدەکردەوە، کەچی بە پیرەری وتەوە: با سەبیلێکت بۆ پێ بکەم تاکوو بیکێشیت.

پاشان وتی:

ـ ئا لەم ئاو و هەوا پوختەدا، کەمێک پیاسەمان بکردایە باش بوو...

پیرەریش لێی پرسی، کە ئاخۆ چی دەزانێت لە بارەی ڕۆیشتنی سوپاوە؟ عەریفەکەیش پێی وت: سوپا بەم نزیکانە دەڕوات. ڕۆژانە بۆ ئەو مەبەستە فەرمان دەردەچێت. دەبوو ئەمڕۆیش فەرمان بۆ بەندیخانە و، بەندکراوەکان دەربچوایە.

هەر لەو خانووەی پیرەری تێدابوو، سەربازێکی تێدابوو، بە ناوی سۆکۆلۆڤەوە لە گیانەڵادا بوو. بۆیە پیرەر ئەو عەریفەی ئاگادار کردەوە. ڕێوشوێنی پێویست بەرامبەر ئەو سەربازە بگرێتە بەر.

عەریفەکەیش بە پیرەری وت کە ئاسوودەیە چونکە خەستەخانەی زۆر ڕێک و پێکمان هەیە و، تایبەت بە نەخۆشە و، سەرکردایەتیی باڵا هەموو شتێکی بۆ دابینکردووە.

عەریفەکە لەسەری ڕۆیشت:

"پاشان "کیریل ـ پیرەر"ی بەڕێز. هەر هێندەت لەسەرە یەک وشە بە سەرکردە بڵێیت. خۆیشت ئەمە دەزانیت. ئۆو! ئەو کەسێکە و... هیچی بیر ناچێتەوە. کاتی گەڕانەوەی، بە سەرکردە بڵێ. ئیدی هەموو شتێکت بۆ دەکات."

ئەو سەرکردەیەی کە عەریف باسی دەکرد، چەندین جار گفتوگۆی لەگەڵ پیرەر کردبوو و، بە دوورو درێژی لە گەڵی دوا بوو. هەمیشە لە گەڵیدا باش بوو.

عەریفەکە درێژەی دایە:

"بڕوانە! بەو تۆماسی پیرۆزە، سوێند دەخۆم، ڕۆژێکیان سەرکردە بە دەمی خۆی لەبارەی تۆوە پێی وتم کە تۆ پیاوێکی ڕۆشنبیری، فەڕەنسی زانیت! گەورەیەکی ڕووسیت و تێوە گلاویت. بەڵام پیاویت!"

پاشان وتی:

"تۆ کەسێکیت تێگەیشتنت هەیە... هەر شتێکت پێویست بوو، بەخۆم بڵێیت.

هەرچیی داواکرد بۆی دەکەم. کاتێک مرۆڤ ڕۆشنبیر بێت، زانستی خۆشدەوێت و، پیاوی چاک و باڵایە."کیریل ـ پیرەر"ی بەڕێز، بۆیە ئەمانەت پێ دەڵێم. بە هۆی چاکیی تۆوە نەبوایە، لەو کێشەیەی ئەو ڕۆژە ڕوویدا: شتەکان بە ئاقاری زۆر خراپدا دەڕۆیشت و، بەم شێوەیەی ئێستا نەدەکەوتەوە. "

دوای ئەو فرە بێژییە، عەریفەکە لێیداو ڕۆیشت. ئەو کێشەیەی ئەو ڕۆژەیش ڕووی

دابوو، ئەوە بوو: کە بەندکراوان و فەرمانبەرەکان بووبووە شەریان. پیاوەر توانیبووی، هاوڕێکانی ئازاد بکاتەوە و، کۆتایی بە شەڕەکە بێنێت.

هەندێک لە بەندکراوەکان پیاوەریان بینیبوو، لەگەڵ عەریفەکە قسەی کردبوو. پرسیاری ئەوەیان لا دروست ببوو، کە ئاخۆ عەریفەکە چی وتووە؟ لە کاتێکدا پیاوەر ئەوەی بۆ گێڕانەوە کە باسەکەی باسی رۆیشتنی بەم نزیکانەی سوپا بوو.

سەربازێکی زەردباوی باریکەلەی فەرمانبەری شڕۆڵە، هاتە بەردەرگاکە. پەنجەکانی دەستی هێنایە ئاستی نێوچاوانی و، سڵاوێکی جوانی سەربازیی کرد و، رووی کردە پیاوەر و، پرسیاری تلاوتوسی سەربازی کرد، چونکە دوێنێ کراسێکی پێ دابوو تاکو بۆی بدووڕێتەوە. ئاخۆ لێرەیە یان نا؟

هەفتەی رابردوو فەرمانبەرەکان هەریەکەیان، کەتان و چەرمیان پێدا بوو... ئەوانیش کەتانەکەیان لێ دابوو بە بەندکراوەکان، تاکوو کراسیان بۆ دروست بکەن و، بۆیان بدوورن.

کاراتاییف تەنیا پانتۆڵێکی لە پێدابوو و، کراسێکی شڕو درِاوی لەبەردا بوو. قژەکەیشی لوول و، بە شێوەی کرێکارەکان داهێنرابوو و، بە پارچە پەتێک بەسترابوو.

بلاتۆف کراسەکەی بڵاو کردەوە و، بە بزەیەکەوە هاواری کرد:

"من پەیمانم دابوو، کە هەینی ئەم کراسە تەواو دەکەم. ئەوە ئەمڕۆ هەینییە و، کراسەکەم تەواو کردووە."

پاشان لە کراسەکەی دەستی روانی و وتی:

"دەبینیت چەند جوان دروومان کراوە!"

لە پێشەوە فەرمانبەرەکە سەری هێنایە ژوورێ، پاشان هەردوو قۆڵی و هەڵکرد و، کەوتە پشکنینی کراسەکە و، بە بەر خۆیی گرت و سەرنجی دروومانەکەیی دا.

پلاتۆن بە بزەیەکی رازیبوونەوە ئاوڕی دایەوە و وتی:

"من بۆ خۆم هیچ پێویستم بە ئەم بەرگدروویەم نییە و، وتراویشە کە کەرەستەی پێویستت نەبوو، مێشێکت بۆ لە ئاو ناکرێت!"

فەرمانبەرەکەیش وتی:

"زۆر باشە! ئەمە باشە! سوپاس. بەڵام گومانی تێدا نییە کە قوماشی لێ ماوەتەوە."

کاراتاییف لەسەری رۆیشت:

"شتەکان باش دەبن. تەنانەت گەر بەسەر چەرمەکەیشتدا لەبەری بکەیت، هەر باش و شیاو دەبێت. دواتریش بۆت دەردەکەوێت چەندە تێیدا ئاسوودە دەبیت!"

فەڕەنسییەکە پارەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و، دای بە کاراتاییڤ و وتییەوە:

"سوپاس! سوپاس مامە پیرە! باقییەکەی... بەڵام باقییەکەی...ن

پیرەر وا هەستی کرد کە پلاتۆن نایەوێت لە فەڕەنسییەکە بگات. کەوتە چاودێریان، بێ ئەوەی خۆی لە قسەکانیان هەڵبقورتێنێت.

کاراتاییڤ لەسەر سوپاسکردنی فەڕەنسییەکە و، هەڵدانی بە دروونەکەی خۆیدا سەرومڕ بوو. فەڕەنسییەکەش پارچە لیماوەکانی کەتانەکەی، توند گرتبوو و، پەنای بۆ پیرەر برد، تاکوو ئەم بەندکراوە رووسییە تێ بگەیەنێت.

کاراتاییڤ وەڵامی دایەوە:

"ئاخر ئەو چ سوودێک لەو سەرە پارچانەی ئەو کەتانە دەبینێت، کە کراسەکەم لێ دروست کردووە؟ بەڵام ئێمە راستە قوماشی لێ دروست دەکەین و پێمانی پێ دەبەستین. بەڵام ئەگەر ئەو هەر سوورە لەسەر وەرگرتنەوەی..."

روخساری کاراتاییڤ سوور هەڵگەڕا و، تۆپەڵێک سەرەمەقەستی لە کراسەکەی دەرهێنا و، بێ ئەوەی سەیری فەڕەنسییەکە بکات، دەستی بۆ درێژ کرد.

کەدووریش کەوتەوە لەبەرخۆیەوە وتی:

"حەیف و مەخابن!"

کە فەڕەنسییەکە سەرنجی روخساری پیرەری دا، تێگەیشت و، هاواری کرد:

"گوێ بگرە پلاتۆن! ها ئەوە سەرەپارچەکانن و، من نامەوێت."

دوای ئەوەی سەرەپارچەکانی دایەوە، رووی وەرگێڕا و، لێیدا و ڕۆیشت.

کاراتاییڤیش سەرێکی بادا و وتی:

"سەرنجی ئەو پیاوە بدە! لەگەڵ ئەوەدا دڵیشیان نیانە. کەچی دەڵێن ئەوانە مەسیحی نین! ئەوان لەوانەن کە باوکە یەسوعمان لەبارەیانەوە وتوویەتی: "دەستێک عارەقی ماندووبوون تەڕی بکات، بدەو کراوەیش دەبێت! بەڵام ئەو دەستەی وشک و برنگ بێت... نووقاو و تەنگیش دەبێت!" ئەوەتا ئەو پیاوە هەرچەند خۆیشی هەژارە... کەچی بدە و بەخشندەیە!"

کاراتاییڤ ماوەیەک بێدەنگ بوو. لە سەرەمقەستێکی کەوتووی دەڕوانی و، بزەیەکی خەیاڵئامێزی بەسەر لێوانەوە بوو.

بەرەو شوێنی خۆی گەڕایەوە و وتی:

"بێگومان مامە پیرە، لەم پارچە قوماشانە، هەڵپێچێکی قەشەنگی خوار ئەژنۆ دروست دەکەم!"

بەشی دوازدەیەم
دەروونی پیاوەر

ئەوە چوار هەفتە بوو، پیاوەر گیرابوو. هەر چەند فەرەنسییەکان بە نیازبوون لە خانووی سەربازەکانەوە بیگوێزنەوە بۆ خانووی ئەفسەران. بەڵام هێشتا هەر لە خانووە کۆنەکەدا مابووەوە.

لە مۆسکۆیەکی سووتاو و پڕ کەلاوەدا، بەرگەی ئەو بەندبوونەی گرت و، بەرامبەر ئەو دابڕانەی لە ژیان تا ئەوپەڕی خۆڕاگر بوو. ئەوەیش بە هۆی لەشی کەتە و تۆکمە و، تەندروستییەوە بوو. تەنانەت وای لێهاتبوو، بەرگێکی ئەوتۆیشی بەبەرەوە نەمابوو. سەیرەکە لەوەدابوو کە بەو بارەی خۆی زۆر ئاسوودە بوو! چونکە کاتی ژیانە خۆشەکەی هەمیشە کەسێکی بێزار بوو و، ئاواتی بە ژیانی نەبووان دەخواست! لێرە و لەوێیش زۆر وێڵا بوو، تاکوو بگاتە تێگەیشتن لەگەڵ دەروونی خۆی. لە شەڕەکەی بۆرۆدینۆدا. بەو ئارامی و ئاسوودەییەی خۆی، کارێکی کرد سەربازەکانی سەرسام کرد!

لە خۆشەویستی خەڵک و لە ماسۆنیدا، هەروەها لە خۆشییەکانی ژیانی گشتیدا، کەوتە کۆڵینەوە و، جێبەجێکردنی بیرۆکەکانی. لە مەی خواردنەوەدا، لە قوربانیدان و پاڵەوانبازیدا. لەو عیشقەیدا بۆ ناتاشا. لە رێبازەکانی بیر کردنەوەی خۆیدا، بۆ بیردۆزەکەی خۆی دەگەڕا. کە ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایانەی دابووی لە بێ ئومێدی بەولاوە، هیچی تری پێ نەبەخشیبوو. ئێستا ئەوە خۆیەتی شپرزەیە و، هەرچەند دەکات، دەروونی ئارام نابێتەوە و، لە ناخیشدا لە خۆی رازی نییە. بە تایبەتی ترسی مردن و رووتبوونەوە، زۆری بۆ

هێنابوو و هەراسان بوو بوو.

لەگەڵ کاراتاییڤدا و، لەگەڵ ئەو چەند خولەکە پڕ لە تۆقان و ترساندنەی، کە بەسەری برد، لە کاتی گوللەبارانکردنی ئەو چەند کەسەی وا، تاوانی سووتاندنی مۆسکۆیان درابووە پاڵ.

کارێکی وای کردە سەر هەموو ئەو بیرۆکە و بیردۆزانەی، لە مێشکیدا بوو، رای مااڵی و لە نێوی برد. نە بیری لە رووسیا دەکردەوە و، نە لە شەڕەکە و، نە لە سیاسەت و، نە لە ناپلیۆن. بۆیشی دەرکەوت کە هەموو ئەو شتانە سوودی بۆ ئەو نییە و، ئەویش پشتگوێیان دەخات. ئەویش وەکو کاراتاییڤ ئەوەی دەوتەوە:

"روسیا و هاوین پێکەوە نایانکرێت!" ئەم وتەیە ئارامییەکی نامۆی پێ دەبەخشی. لێرە بە دواوە ئەو بڕیاری تیرۆر کردنی ناپلیۆنەی، کە کاتی خۆی دابووی، بە شتێکی پێکەنینهێنی دەزانی و، بە وە بیر هێنانەوەیشی، پێکەنینی دەهات! هەروەها ئەو حسابەی لەبارەی ژمارە ئەفسوناوییەکە و، درندەکە و، خەونەکەی یوحەنای پیرۆزەوە، بە گاڵتەجاڕی دەهاتەوە بەرچاو! ئێستا تووڕەییەکەی لە ژنەکەی هەڵیداوەتەوە و، خەمی ئەوەی بوو، ناموسی پێ لەکەدار ببێت و، لە سەنگینی ناوەکەی کەم ببێتەوە و، ببێتە بێشتەخۆشەی سەر زاران. بەم چی ئەگەر ئەو ژنە بە ویستی خۆی بژی؟ چ بایەخێکی هەیە ئەگەر بزانن ئەم گیراوەی بەردەستیان، ناوی کۆنت پیزۆخۆفە؟ ئێستا زۆربەی قسەکانی میر ئاندریەی بیر دەکەوێتەوە و، لە هاوڕایەتی و، بە راستیان دەزانێت.

میر ئاندریە پێی وابوو و دەیووت:

"بەختەوەرییش لە خۆیدا، دیوێکی تری نەرێنیی مرۆڤە!"

ئەمەیشی بە لاقرتێوە دەگوت!!

کە بەو شێوەیەیش دەدوا، پێوەی دیاربوو، دەیویست رووبەکی تری، بیروڕای خۆی دەربببڕێت.

ئەو بیرۆکەیەی کە وتراوە:

حەزی بەختەوەریی ئەرێنیمان، بە تاک تێدا نەچێنراوە! بۆیە ئەم لایەنەمان پاراو نییە و، ئەمیش بووەتە هۆی ئەشکەنجەدانمان.

پییەر ددانی بەمەدا نابوو، بێ ئەوەی بیخاتە چوارچێوەی بیرۆکەکەیەوە. ئازادی لە هەڵبژاردنی کارو سەرقاڵی مرۆڤ خۆیدا، شتێک بوو کە بەختیاریی راستەقینەی بە مرۆڤ دەبەخشی. ئێستا پییەر لە نهێنیی ئەو تام و چێژی خواردنە دەگات، کە مرۆڤی برسی دەیخوات! یان ئەو چێژی ئاوخواردنەوەیە، کە تینوو هەستی پێ دەکات! یان چێژی ئەو سەرخەوەی، کە کەسی خەواڵوو هەستی پێ دەکات! یان خۆشیی ئەو گەرمبوونەوەیەی، کە کەسێکی سەرمابردەڵە، هەستی پێ دەکات!

جا لەبەر بێبەری بوونی پیەر، بە هۆی بەندکراوییەکەوە لە پێداویستییەکانی، وەکوو خواردنی چاک و، پاک و خاوێنی و، ئازادی‌و تواڵێت کردن. ببووە شتێەلێک، بەختەوەریی راستەقینەیان پێ دەبەخشی! سەختیی ئەو ژیانەی نێو بەندیخانە، ئەوەی لە بیر بردبووەوە، کە بە ئاسانی دابین بوونی هەموو پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە، وا دەکات شتەکان چێژیان لێ وەرنەگیرێت! ئەو ئازادییە زیاد لە پێویستەیشی کە دەوڵەمەندییەکەی، بۆی دەستەبەر کردبوو، وای لێ کردبوو، لە چەند لای تڕەوە، ژیانی دابڕووخێت! وای لێ هاتبوو، هەموو خەون و ئەندێشەی ئێستای، ببووە ئازاد بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەیشی دەخستەوە بیری خۆی، کە ئەم مانگی گیران و بەندبوونەی نێو بەندیخانەی، دەبێتە مێژوویەکی بە چێژ و ناوازە بۆی و، کۆمەڵە هەستێکی وا جارێکی دی دووبارە نەبێتەوە! چونکە وەکوو بە جەستە لە بەندیخانە توند کرا و گیرا، بەڵام نەفس و دەروونی: ئازادییەکی ئاسوودەی وای بە خۆوە بینی، کە تەنیا لەو کاتەی بەندبوونیدا، بە خۆیەوە بینی بووی. یەکەم ڕۆژی بەرەبەیان زوو، لە خەو ڕابوو و، لە خانووەکە چووە دەرەوە. ئەو دڵانە تاریکانە و، ئەو شیش و دارو تەختەی کێسەی نۆڤۆدییڤیتیشکییە و، پاشان ئەو زوقمەی سەر قەرسیلە ڕەش داگەڕاوەکان و، دواتر لاپاڵی کێوە چۆڵەکە و، لاپاڵی دارستانە لێژەکەی بەرەو کەناری ڕووبارەکەی بینی. دواتر هەستی بەو هەوا پاکە کرد، وا هەردوو سییەکانی پڕ کردووەتەوە. پاشان گوێی بۆ قیڕەی ئەو قەلەڕەشانە شل کرد، کە بە لاپاڵ و دۆڵەکانی مۆسکۆدا هاتبوون و، خۆیان گەیاندبووە، ئەم کێڵگانە. لە ناکاو ڕووناکییەکی لای خۆرهەڵاتەوە بینی و، بەشێکی گۆی خۆر دەرکەوت و، ئەو دارو پەردوو و، کۆڵەکانەی کێسەکەی ڕووناک کردەوە.

ئەمیش وا هات بە بیریدا، کە لە ژیانیدا چێژی وای بە خۆیەوە نەدیوە! ئەو هەستەیش وا هانەهانەی دا، کە خۆی بۆ هەموو شتێکی چاوەڕوان نەکراو ئامادە بکات و، پێ لە ملی هەموو شتێک بێت.

ئەم تێز بوونەوەیەیشی، بە هۆی ئەو بیرۆکەیەوە بوو، کە هەر لە گیرانییەوە لەو ژوورەدا، هاوڕێکانی لە بارەیەوە دروستیان کردبوو. ئەوەیش وای کردبوو، کە پییەر هەست بە بڵایی خۆی بکات. ئیدی زانینی ئەو چەند زمانەیش و، ئەو ڕێزلێنانەی فەڕەنسییەکە، بەرامبەری نواندبووی و، ئەو چەند بزمارەی کە بە مستەکۆڵە دایکوتابوو بە دیوارە تەختەکەی ژووری بەندیخانەکەدا. ئەمانە بۆ خۆیان بارێکی ڕەخساوی باشیان بۆ پییەر دروستکردبوو. تایبەتمەندییەکان ئەمانە بوون: بەهێزیی... ڕقبوونەوەی لە چێژەکانی ژیان. شێوە ئەندێشە ئامێزەکەی. سادەیی و ساکاریی. کەچی ئەم تایبەتمەندییانە، لە بەندیخانەکەدا، ئەویان کردبووە پاڵەوان!

پییەر خۆیشی وا هەستی دەکرد، کە ئەم ڕێزلێنانەی هاوڕێکانی لە نێو بەندیخانەکەدا: وا دەکات کە هەست بە لێپرسراوێتی نوێی‌تر بکات و، پێویستە بۆیان جێبەجێ بکات.

بەشی سیازدەیەم
رۆژی رەوکردنەکە

بەدرێژایی شەوی شەش و حەوتی تشرینی یەکەم، سوپای فەڕەنسا کەوتە جوولّە کردن و، ئەو چێشتخانە و خانووانەی تێیدانیشتەجێ بوون، رووخانیان. گالیسکەکانیان بارکرد و کەوتنە ڕێ.

سەعات حەوتی بەیانی گروپێکی سەربازیی فەڕەنسی، بە بەرگی شەڕەوە وەستان. کلّاو بەسەر و، چەک بە دەست و، گۆرەوی لەپێ و، تووڕەکەی پڕ شتومەکیان پێ بوو و، لەبەر خانووەکەدا وەستابوون و، گفتوگۆیەکی گەرموگوڕیان بوو و، ناوەناوە جنێوێشی تێدەکەوت و، لەمبەری ریزەکەوە، یەکێک جنێوێکی بە کەسێکی ئەوبەر دەدا.

هەموو خۆیان ئامادە کردبوو و، چاوەڕێی فەرمانی سەفەر بوون، تا دەست بکەن بە ڕۆیشتن. تەنیا سۆکۆلۆڤی لاوازی نەخۆش نەبێت، کە بە هۆی نەخۆشییەوە، چواردەوری چاوانی شین هەلّگەڕابوو و، وەکوو ئەوە وابوو، لە چالّی چاوانی بچنە دەرەوە. لە جێی خۆی مابوو و، نە خۆی گۆڕی بوو و، نە پێلّاوی بە پێوە مابوو. هەر خەریکی تەماشا کردنی هاوڕێکانی بوو و، ئەوانیش ئەمیان پشتگوێ خستبوو. ئەو سۆکۆلۆڤە تووشی نەخۆشیی سکچوون، بوو بوو و خەمی ئەوەی بوو بە تەنیا جێی بهێڵن.

پییەریش پەتێکی کردبووە قایش بۆ ناو قەدی و، ئەو جوتە پێلّاوەی بەسەر پێوە کردبوو، کە کاراتاییڤ لە چەرمی سندوقە چا، بۆی دروستکردبوو. ئەو چەرمەیش کاتی خۆی فەڕەنسییەکە لە بری دروستکردنی کراسێک بۆ کاراتاییڤی هێنابوو. لە نەخۆشەکە نزیک بووەوە و،چوارمشقی لە بەردەمیدا دانیشت.

پاشان پێی وت:

"ترست نەبێت سۆکۆلۆڤ! ئەوان بە یەکجاری رەو ناکەن. لێرەیش نەخۆشخانەی سەربازییان هەیە و، چاک دەبیتەوە و، لە ئێمە باشتر دەبێت."

سەربازە نەخۆشەکە بە دەم نالەیەکی تووندەوە وتی:

"ئۆو! من دەمرم! ئای خوایە گیان!"

پیاوەڕ هەستا و، بەرەو دەروازەی خانووەکە بووەوە و وتی:

"هەر ئێستا دەچم و، داوای ئەمەیان لێ دەکەم."

لەو کاتەدا خەریک بوو لە دەروازەکە بچێتە دەرەوە، عەریفە فەرەنسییەکە و، هەر ئەوەی، دوێنێ سەبیلێکی دا بە پیاوەر، تاکوو بیکێشێت، دەرکەوت و دوو سەرباز بە دوایەوە. بەرگی گۆڕەپانیان لەبەردا و، کڵاو بەسەرەوە و، قایشی تاقم تفەنگیان بەستبوو و، شێوەیان گۆڕابوو. عەریفەکە فەرمانی داخستنی دەروازەکەی پێبوو. چونکە بە نیازبوون پێش رۆیشتنیان سەرژمێریی گیراوەکانی لای خۆیان بکەنەوە.

پیاوەر پرسیی:

"عەریفەکەم... چی لەم نەخۆشە دەکەن؟"

کە ئەم پرسیارەی کرد. لە خۆیشی پرسی، قسە لەگەڵ کێ بکات باشە؟ لەگەڵ ئەم عەریفەی کە دەیناسێت؟ یان ئەمانەی کە بە هۆی خۆبەستنەوە، باش ناناسرێنەوە؟ هەر لەو کاتەدا دەنگی تەپڵ لێدان، لە هەر دوو بەری خانووەکەوە هەستا و، عەریفەکە هەر کە گوێی لە پرسیارەکەی پیاوەر بوو، برۆکانی یەک هێنایەوە و، تاکی دەروازەکەی پێکدا دایەوە و، جنێوێکی دا و، پیاوەر تێی نەگەیشت. ئیدی دیوی ناوەوەی خانووەکە تاریک داهات. دەنگی تەپڵەکەیش، هاوار و نالەی نەخۆشەکەی شاردەوە.

موچڕکەیەک بە برپرەی پشتی پیاوەردا هات و بە خۆی وت:

" ئەوەتا... سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە!"

ئەو روخسارە نامۆیەی عەریف و، رەزمی دەنگەکەی و، تەپڵ لێدانەکەی کە لەوەبوو پەردەی گوێی مرۆڤ بدڕێنێت، وای کرد پیاوەر ئارەزووی کوشتنی بکات.

ئەو هێزە شاراوەیەی دەروونی لە رۆژی گوللەبارانەکەی تاوانبارانی سووتاندنی مۆسکۆیشدا هەست پێکردەوە.

پیاوەر لەسەری بوو، چاوەڕوان بێت و، ئارام بێت. نەگەڕایەوە بۆ لای نەخۆشەکە و، هەر سەیریشی نەکرد. برۆکانی هێنابووەوە یەک و، بە بێدەنگی لای دەروازەکەوە وەستابوو. کە دەرگاکە کرایەوە، بەندکراوەکان وەک مێگەل کەوتنە پاڵنان. پیاوەر دڕی بە گیراوەکانی تر دا و، خۆی گەیاندە سەرۆک. ئەو سەرۆکەی کە بە گوێرەی قسەی عەریفەکە ئامادەبوو، هەموو ئیشێک بۆ پیاوەر بکات و، دەست بە رووبەوە نەنێت. لە روخساریشیدا دیاربوو کە کەسێکی یارمەتیدەرە.

سەرۆک برۆکانی هێنایەوە یەک و بە بەندییەکانی وت:

رابکەن! دەی رابکەن!

هەرچەند پییەر دەیزانی کە تەقەلاکەی بێ سوودە. بەڵام رایکردە بەردەم سەرۆک. سەرۆکیش بە روانینێکی ساردەوە و، وەکوو ئەوەی پییەری هەر نەناسیبێت، پرسیی:

"زۆر باشە! دەتەوێت بڵێیت چی!؟"

پییەر کەوتە باسکردنی باری سەربازە نەخۆشەکە.

سەرۆک هاواری کرد:

"کۆرە بابە... نەخۆشەکە شەیتانە و، دەتوانێت خۆی بڕوات بەڕێوە!"

پاشان پییەری پشتگوێ خستەوە و هاواری کردە هەموویان:

رابکەن! دەی... رابکەن!

پییەریش وەڵامی سەرۆکی دایەوە:

"بەڵام نا...! ئەو لە گیانەڵادایە!"

سەرۆک برۆکانی هێنایەوە یەک و شیراندی:

"تۆ دەتەوێت..."

تەپڵ لێدان دەستی پێکرد: بلان... بلان... راتان بلان. پییەر تێگەیشت ئەو هێزە شاردراوەیەی شەڕەنگێزی و، مەرگدۆستییە زاڵە بە سەر هەموو سەربازەکاندا. بۆیە لە بارەی هەر شتێکی ترەوە قسە بکرایە بێسوود بوو.

ئەفسەرەکان گیراوەکانیان لە سەربازە سادەکان، جوێ کردەوە و بردنیانە پێشەوەی ریزەکە. هەر ئەفسەرەکان سی ئەفسەر بوون. بە پییەر و سەربازەکانەوە دەگەیشتنە سێ سەد کەسێک.

ئەفسەرە گیراوەکانی بەندیخانەکەش، هەندێکیان لە شوێنی ترەوە هێنرابوون. بۆیە بە پییەر نەناس بوون. جل و بەرگی هەموویان، لە جل و بەرگی پییەر لەبارتر بوو. بۆیە راستەوخۆ لە پێڵاو و بەرگەکانی پییەریان دەڕوانی.

لە نزیکی پییەرەوە، میجۆرێکی کەتە بوو و، پێوەی دیاربوو، کە لە نێو ئەوانی تردا خاوەن ڕێز بوو. ڕۆبێکی ناومااڵی لە بەردابوو، کە لە کازان دروستکرابوو. ڕوخساری خڕو قینـاوی دەردەکـەوت. تـووڕەکەی تووتنەکـەی بـە دەسـتێکیەوە بـوو و، سـەبیلە درێـژە تورکییەکەیش، بە دەستەکەی تریەوە بوو.

ئـەم مـیجۆرە زوو زوو هەڵـدەچوو و بیـانووی ئـەوەی هـەبوو کـە ئـەو خەڵکـە لـە ڕۆیشتندا پاڵ بە یەکەوە دەنێن. ئەفسەرێکی باریکەڵەی کورتەباڵایشیان تێدابوو. لەوانی تر دەپاڕایەوە، پێی بڵێن، کە بەرەو کوێ دەبرێن؟ لە چ شوێنێکیش باروبنەیان دەخەن؟

فەرمانبەرێکیشـی تێـدابوو، جووتێـک سـۆلەی لبـادی لـە پێـدابوو و، بـەرگی کەسـانی

هەڵسوڕاوی نێو گەنجینەی خۆراکی پۆشیبوو. بە دەنگی بەرز لە سووتاندنەکەی مۆسکۆ و، ئەو زیانانەی لەو شارە کەوتووە، دەدوا. ئەفسەرێکی پۆلۆنیشیان تێدابوو، کە هەر خەریکی بە درۆخستنەوەی فەرمانبەرەکە بوو.

میجۆرەکە بەساردییکەوە وتی:

"وتوویژ چ سوودێکی هەیە؟ سان نیکۆلا و سان بلیز، وەکوو یەکن بەلای منەوە! ئەوەتا خۆتان دەزانن هەموو شتێک سووتا و بڕایەوە... ئیدی ئەم تەکان و پەلەکردنەتان لەچییە؟ شەقامەکەیش بۆ خۆی، پان و پۆڕە."

ئەمەی وت و سەیری ئەوەی دوای خۆیەوە کرد. بەمەرجێک ئەوەی دوایەوە هەرگیز پاڵی پێوە نەنابوو.

هەر کە گیراوان خانووە داڕوخاو و کەلاوەکانیان دەبینی، هاواریان دەکرد:

"ئۆو! ئۆو! ئەمان چییان کردووە؟ بڕوانن شارەکە نیوەیشی نەماوەتەوە! بەڵێ زووتریش وتبووم کە زامۆسکۆ ڕێتیشیەیش دەسووتێت! ئەوەتا سووتاوە!"

میجۆرەکەیش لەبەر خۆیەوە وتی:

"دەی باشە! کە دەزانن هەموو شتێک سووتاوە. بۆچی هێندە لەسەری دەڕۆن؟ کە گەڕەکی خامۆشنیکییان تێپەڕاند. ئاخر ئەو گەڕەکە یەکێک بوو لەو گەڕەکانەی کە نەسووتابوو، لەبەردەم کڵێسەدا، کۆبوونەوە. هەر لە خۆیانەوە دەستیان کرد بە دروشم وتنەوە و دەیانووت:

"ئەی بێ نرخینە! ئەرێ خۆ ئەمانە مەسیحی نین! بەڵێ... ئەمە مردووە و دەم وچاوی خەڵتانی خوێنە."

پییەریش وەکو ئەوانی تر، خۆی بۆ کڵێسەکە بەکێش کرد و، ئەوەی کە دروشمەکانی دەووتەوە، لەوێ بوو. لەبەر ئەوەی هاوڕێکانی لە خۆی باشتر ئەو پیاوەیان بینی، بۆیان باس کرد کە پیاوێک کوژراوە و دەم و چاوی خەڵتانی خوێنە.

پاسەوانانی ئەو ریزە دوورو درێژە، تۆرەو بێزار بوون. لە گیراوەکان تووڕە بوون لە لاشەی کوژراوەکەیان دوور خستنەوە و، بە لای پانی شمشێرەکانیان دەیانکێشا بە پشتیانداو، دەیانقیژاند بەسەریاندا:

بڕۆن! بە نەفرەت بن! رابکەن دەی...

بەشی چواردەیەم
قۆناغی یەکەم

گیراوەکانی بەندیخانە و پاسەوانانیان و گالیسکەکان، کۆلانەکانی خامۆشنیکییان بڕی، بێ ئەوەی ڕوو بە ڕووی هیچ شتێک ببنەوە و کەس نەبینن. بەڵام کە گەیشتنە نزیک گەنجینەکانی خۆراکەوە، کەوتنە نێو ڕیزێکی دوورو درێژی، لوولە تۆپەکانەوە و، ناوەناوە گالیسکەیشیان تێدابوو و، بە خاوی ڕێگەکەی خۆیان دەبڕی. هەرکە گەیشتنە سەر پردەکە، ریزەکانی دواوە بە ناچاری وەستان و، چاوەڕێی پێشەنگی کاروانەکە بوون بپەڕێتەوە.

گیراوەکان لەسەر پردەکەوە کاروانی دوورو درێژی یەکەکانیان دەبینی، لە پشتیانەوە و لەبەردەمیانەوە، وەکوو میروولە دەجووڵان. بەڵای ڕاستدا و نزیک بە نیسکۆتشنی ڕێگەی کالوجا بوو و، لار دەبووەوە و، ئەوسەری کاروانە سەربازییەکەی تێدا ون دەبوو.

ئەو کاروانانەیش وا درێژ بووبوونەوە، کە ئەوسەریان دیارنەبوو. ئەمە ڕەوی سوپای "دبورهانیە" بوو. ئەوان یەکەم ڕەوە سوپا بوو، کە مۆسکۆی چۆل کرد.

لە دوایشەوە لەسەر شۆستە درێژبووەکەو بەسەر پردی "پییەر"دا. کۆڕەوەکەی سوپای "نی" بوو بە خۆیان و گالیسکەکانیانەوە. کۆڕەوی سوپای "داڤۆ" هات و گیراوەکان بە دوایانەوە بوونو بڕێکیان خۆیان کرد بە شەقامی کالوجادا. ژمارەی زۆری گالیسکە لە کۆمەڵەکەی دبورهانیەدا بووو لە ڕێی کالوجاوە هاتبوونو هێشتا لە مۆسکۆ نەچووبوونە دەرەوە، پێشەنگییە سەربازیەکانی "نی" گەیشتنە شەقامی ئۆردنکای گەورە.

کاروانی گیراوەکان چەند هەنگاوێک ڕۆیشتن و دواتر وەستان. دیسان دەستیان کردەوە بە جوولە. هەر ڕێیەک لەو ڕێیانە پڕ بوو لە گالیسکەی یەک لە دوای یەکو ئاپوورەی خەڵکەکەیش لە خۆیدا کێشە بوو. بە سەعاتێک ڕۆیشتن، توانییان سەد هەنگاوێک بڕۆن. بە دوای ئەو سەد هەنگاوەیشدا پردی کالوجا بوو.

کە گەیشتنە ئەو گۆڕەپانەی کە هەر دوو ڕێی زامۆسکۆوریتشیە و کالوگای دەچووەوە سەر. گیراوەکان ناچاربوون دیسان بوەستنەوە. بە سەعات لەو شوێنەدا مانەوە و هەر لە چاوەڕوانیدا بوون. بۆ هەر لایەک دەڕوانرا، وەکوو دەریا ژاوەی دەهات و شەپۆلی دەدا. هەر جیڕەی گالیسکە و خرمەی پێی ئەسپ و بارگیر بوو و، هاوار و قیژە و جنێوی خەڵکەکە. پییەریش پاڵی دابوو بە دیواری خانووەیەوە و، مێشکی پڕ بوو لەو ژاوە ژاوە.

ئەفسەرەکان بە درێژایی ئەو دیواری حەوشەی ماڵە سووتاوەی پییەر پشتی پێوەدا بوو، گیراوەکانیان ڕیز کردبوو، بۆ ئەوەی بە ئاسانی چاودێرییان بکەن.

کەوتنە گفتوگۆ:

ئای... لەم ئاپوورەی خەڵکە زۆرە! وای لەم قەرەباڵغییە! بڕوانن چۆن ئەو خەڵکە بەسەر لوولە تۆپەکان و یەکتریدا کەوتوون. سەرنجی ئەو فەرووە تیسکنە بدەن! ئەی ڕسواییەنە! بزانن چییان دزیوە! سەرنجی ئەوەیان بدەن! دوای ئەویش، نێو گالیسکەکەی! ئەی ئەوە! ئا ئەو چوار چێوە بە نرخەی دامااڵراوە، دیارە وێنەی کەسی پیرۆز و پاکیزەی تێدابووە! گومانی تێدا نییە، ئەمانە هەموویان ئەڵمانین، ئەم هەموو تاڵانیەیان کردووە. ئەی دێنشینە پۆخڵەکانی خۆمان، ئەو دەمە لەکوێ بوون؟ سەیری ئەوە بکە، کۆڵەکەی هێندە قورسە ناتوانێت لە ژێریدا بە باشی بجوڵێت! ئەی ئەوانەی بەسەر سندوقەکانەوەن! ئای پەروەردگار! بڕوانە بڕێکیان بەگژ یەکدا چنەوە!

دەی... دەستخۆش. قەپۆزی بشکێنە! بەاڵم ئێمەیش دەسەوسان و، تاکوو ئێوارە دادێ، لێرە دەمێنینەوە.

ئا ئەوەیان هەر دەڕوا و شتی لوولکراوی لێ بەردەبێتەوە و، بەخۆیشی نازانێت! ئاڤەوەیش، ژنێکی منااڵبەرە! دەی منااڵ چکۆلەکە هەر ئێستا ڕێت بۆ دەکەنەوە تاکو تێپەڕیت. ئەم کاروانە بێ کۆتایە! ئا ئەم کێژە ڕووسییانەش! کێژانێکن بە ئیسراحەت لە گالیسکەکاندا دانیشتوون.

گیراوەکان لێرەیش وەکو ئەو شوێنەی نزیکی کڵێسەی خامۆنیکی بوو، بۆیان ڕێکەوت سەرنجی ئەو ئاپوورەی خەڵکە بدەن. پییەریش بە هۆی کەتەیی و کەڵەگەتییەکەیەوە، زۆر بە جوانی بەسەر ئەوانی دیکەدا، دەیتوانی دەوروبەری خۆی ببینێت. ژنانێکی نیمچە ڕووتیش لە سێ گالیسکەدا بوون و قیژو هۆڕیان بوو.

هەر لەو ساتەوە کە پییەر ئەو چەند دیمەنە خرۆشێنەرەی بینی. ئیدی هیچی تری

بەلاوە نامۆ نەما! نە ئەو ژنانەی رەویان دەکرد و، خۆیشیان نەیاندەزانی بۆ کوێ دەچن؟ نە دارو پەردووی خانووە سووتاو و داڕووخاوەکان. کاروانێکی ژنان تێپەڕین. بە دوایدا هەر سەرباز و گالیسکە بوون و، پێچکەکانیان دەسووڕایەوە. دیسان سەربازان دەهاتن و ناوە ناوەیش ژنان دەبینران.

پییەریش سەرنجی جوولّەی ئەو خەڵکەی دەدا و، پێی وابوو ئەم جوولّەی خەڵکە و، لۆقەی ئەو ئەسپاتە، هێزێک دەریاندەپەڕێنێت و، پاڵیان پێوەدەنێت. حەزی ئەو هەموو خەڵکە یەک جۆر بوو، ئەویش رۆیشتنی هەرچی زووتر بوو.

هەموویان وەکوو یەک پاڵیان دەنا و، وەک یەک بەگژ یەکدا دەچوونەوە و، وەکو یەک باوەشیان پێکدا دەکرد. دانە سپیەکانیان جیرِ دەبوونەوە و، برۆکانیان دەهێنایەوە یەک. هەمووشیان جنێوفرۆش بوون. هەموو روخسارەکان شەڕەنگێز و تووڕە دەهاتنە بەرچاو و، پییەریان سەرسام کردبوو!

خەڵکەکە زۆر بە خێرایی رەویان دەکرد و تاکوو خۆرئاوا نەوەستانەوە. دواتر گالیسکەکان یەک بە دوای یەکدا ڕیز بوون. خەڵکەکە خۆیان بۆ شەو و حەوانەوە ئامادە کرد. هەموویشیان بێزار و شەڕیان لێ دەباری.

گالیسکەیەکی گەورە خۆی کێشا بە گالیسکەیەکی باری بچووکدا و تێک و پێکی شکاند. چەند سەربازێک چوونە بەردەم گالیسکە گەورەکە و، بە مستەکۆڵە کەوتنە لێدانی سەری ئەسپەکان، تاکوو بەرەو دواوە بڕۆن. پاشان کەوتنە دەرهێنانی سەرنشینانی گالیسکە بچووکەکە.

پییەر سەربازێکی ئەڵمانی بینی، کە برینەکەی زۆر سەخت بوو. دەمێک نەبوو لەو دەشتەدا وەستابوون. هەموویان ماندووی سەفەرەکەیان بوون کە لەو دەشتەدا لالا و پالا کەوتن و وێستیان بحەوێنەوە. ئەوەیان بیرکەوتەوە کە نازانن بۆ کوێ دەچن! لەوەیش تێگەیشتن کە تاکو بڕۆن دەرد و بەلا و ماندووبوونیان پتر دەبێت.

پاسەوانان لەو کاتەوەی دەستیان بەم سەفەرەیان کردووە و، هەڵسوکەوتیان لە ڕۆژانی پێش رەوەکە، زۆر خراپتر بوو بوو... بۆ یەکەم جاریش گۆشتی ئەسپیان بەسەر گیراوەکاندا بەش کرد.

هەر لە ئەفسەرەکانەوە تا دەگات بە دوایەمین سەرباز، هەستیان بە رق و کینە دەکرد، بەرامبەر ئەو بەندکراوانە. رق و کینەیەک، کە کتوپڕ جێی هاوڕێیەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەی نێوانیانی گرتەوە. ئەو رق و کینەیەیش هێندەی تر پەرەی سەند، دوای ئەوەی گیراوەکانیان بە سەر کردەوە و، بۆیان دەرکەوت سەربازێکی ڕووس لە گەرمەی ئەو ڕەو و قەرەبالّغییەدا، خۆی دزیوەتەوە و هەلاتووە! ئەو سەربازێکی تریش، بە بیانووی سک ئێشەوە، خۆی دزیبووەوە و هەلاتبوو.

پییەر فەرەنسییەکی بینی، لە چەقی رێگاکەدا، لە سەربازێکی رووسی دەدا و، گوێی لە سەرۆکی هاوڕێیشی بوو، سەرکۆنەی ئەفسەرەکەی دەکرد، لەسەر ئەو سەربازە هەڵاتووە و، هەرەشەی ئەوەی لێ دەکرد، کە کێشەکەی دەگەیەنێتە ئەنجومەنی جەنگ. کە ئەفسەرەکەیش وتی، ئەو سەربازە رووسییە هەڵاتووە، کە نەخۆش بووە و، هەرگیز نەیدەتوانی سەفەر بکات لەگەڵمان. سەرۆک وەڵامی دایەوە کە فەرمانیان پێیە، هەر سەربازێک یان گیراوێک، لە رۆیشتندا دوا بکەوێت، گوللەباران بکرێت!

پییەریش لای خۆیەوە، وا هەستی کرد، کە ئەو هێزە رەشە قێزەونەی، کە لە کاتی گوللەبارانکردنی، ئەوانەی تاوانی سووتاندنی مۆسکۆ درابووە پاڵیان، تێیدا سەری هەڵدا.

لەو هەموو ماوەی دیلبوونەیدا، بۆی دانەمرکاوەتەوە و، وا ئێستا جارێکی دی لە دەروونیدا و بەم رووداوە چالاک بووەتەوە. بەڵام هەستی بە هێزێکی تریش کرد لە دەروونیدا و، وا بووژاوەتەوە و سەربەخۆیە و، بەو هێزە قێزەونەوە نەبەستراوەتەوە و، لە دەروونیدا ئەمیش لە گەشە کردندایە.

پییەر شۆربایەکی ئارد و شێلمی، لەگەڵ پارچەیەک گۆشتی ئەسپ خوارد. پاشان کە کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێکانی، نەخۆی و نەئەوانی تر، هیچ قسەیەکیان لەبارەی مۆسکۆوە نەکرد و، ئەو شتانەی تێدا بینیبوویان. کەس لە بارەی دڵڕەقی فەرەنسییەکان و، دەرچوونی ئەو فەرمانەی کە سەپاندبووی دواکەوتووان و هەڵاتووان، گوللەباران بکرێن، قسەی نەکرد. هەموویان خۆیان وا پیشاندا، کە چالاکن و نارازین لە خراپبوونی باری ژیانیان و، لەبارەی بیرەوەریی خۆیانەوە دوان.

باسی بڕێک لەو هەڵوێستە پێکەنینهێنانەیان کرد، کە لە کاتی ئەم رەوەیاندا بینیبویان. بە هیچ شێوەیەکیش باسی هەڵوێستی ئێستای خۆیان نەکرد.

دەمێک بوو خۆر ئاوا بوو بوو، ئەستێرەکانی ئاسمان لەملاو ئەولای ئاسماندا دەبریسکانەوە. مانگی پڕی ئاسمانیش رەنگەکەی بە سەر سووردا دەیڕوانی و، هەر لە گڕی ئاگرکەوتنەوە دەچوو.

بینینی ئەو گۆیە سوورە گڕینە، بە دامێنی ئاسمانەوە، دڵ و دەروونی کێشی خۆی دەکرد. هەرچەند ئێوارەکە درەنگ بوو. بەڵام هێشتا شەو بە تەواوی باڵی بەسەر زەویدا نەکێشابوو. پییەر هەستا و، هاوڕی نوێیەکانی خۆی بەجێ هێشت. وێستی بە نێو ئاگرەکانی سەربازەکەدا بڕوات تا بگاتە ئەوبەر، بیستبووی کە سەربازە دیلکراوە رووسییەکان لەو شوێنەن.

ئەمیش دەیویست بیاندوێنێت. بەڵام پاسەوانێکی فەرەنسی وەستانی و ناچاری کرد، بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە. پییەر گەڕایەوە، بەڵام بۆ نێو هاوڕێکانی نا! بەڵکو بۆ لای ئەو گالیسکەیەی کە ئەسپەکانیان لێ کردبووەوە. کەسێک بەلای ئەو

گالیسکەیەوە بوو. کە ئەو گەیشت پالی بە پێچکەی گالیسکەوە دا و، قاچی بەسەر زەوییە سارەدەکەدا درێژ کرد و، ماوەیەکی باش بە بێدەنگی مایەوە و، کەوتە بیرکردنەوە.

نزیکەی سەعاتێک مایەوە و، کەس بێزاری نەکرد. لە ناکاو دایە قاقای پێکەنین و ژاوەژاوی نایەوە. تەنانەت لە هەر چوار لاوە، کەوتنە سەرنجدانی و بۆ ئەوە هاتن تاکوو لە هۆی ئەو قاقا ناکاوەی تێبگەن.

پییەریش هەر پێدەکەنی و بە دەنگی بڵند دەیوت:

"ها! ها! ها! سەربازەکە ڕێی نەدام، تاکو بڕۆم! ئەمانە منیان گرتووە و دیلیان کردووم! تا ئێستایش هەر بەریان نەداوم! بۆچی من کێم!؟ من ڕەوانم نەمرە! ها! ها! ها! "

ئەمەندە لە ناخەوە پێدەکەنی، کە چاوانی فرمێسکیان تێزابوو.

یەکێکیان هەستا و بەرەو ڕووی چوو، تا بزانێت ئەو زەبەلاحە بەچی پێدەکەنێت!؟ بەڵام پییەر لە جێی خۆی هەستا و، کەمێک بە دەوروبەری خۆیدا هەڵڕوانی و، لەو شوێنە دوورکەوتەوە.

تا چاو بڕ بکات سەربازگە گەورەکە بوو. سەرەتا دەنگی هوشپەی گڕی تێدا دەبیسترا. وا ئێستا گفتوگۆ و ژاوەژاو نەماوە و، ئاگرەکەیش تێیدا کوژاوەتەوە. مانگیش هەڵکشاوە و، خۆی لە گوومەزی ئاسمان توند کردووە. ئەو دارستان و پەڵە سەوزانەی کێڵگەکانیش، کە جاران نەدەبینران، وا ئێستا کەوتوونەتە بەر تیشکی مانگە شەوەکە.

پییەر سەری بەرەو ئاسمان بڵند کردەوە و، لە قوواڵایی ئاسمان و ئەستێرەکانی ڕووانی.

دواتر بەم شێوەیە بیری کردەوە:

"هەر هەموو ئەوانە هی خۆمن! هەموویان لە خۆمدا هەن! هەر هەموو ئەوانە ونن! ئەوان ئەو هەموو شتانەیان گرتووە و بردووە و، لە خانوویەکیان توند کردووە، کە بە پارچە تەختە دەورە دراوە!"

بزەیەکی بۆ کرد و، خۆی گەیاندەوە لای هاوڕێکانی و، چووە شوێنەکەی خۆی و، لێی ڕاکشا.

بەشی پازدەیەم
دوختۆرۆڤی گومناو

لە رۆژانی سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا، ناپلیۆن نامەیەکی بۆ کۆتۆزۆڤ نارد و، مەرجەکانی پەیمانی ئاگربەستی پێ راگەیاند. کۆتۆزۆڤیش هەمان وەڵامی نێردراوی جاری پێشووی دایەوە، هەر ئەو وەڵامەی بە لۆرسیتۆنی نێردراوی دابووەوە، کە دانوسانی ئاشتەوایی لەم کاتەدا، شیاو نییە.

دوای ماوەیەکی کەم، کەتیبەی پشتیوانان، کە لە ژێر رکێفی دۆرۆخۆڤدا بوو ئاگادار کرایەوە، کە لەلای چەپی تارۆتینۆوە و، لە ڤۆمینسکوییە چەند یەکەیەکی دوژمنیان بینیوە. لە فەوجێکی بروسی، لە سوپای فەرەنسی دابڕاون و تاک کەوتوونەتەوە و، زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت گەمارۆ بدرێن و، لە نێو ببرێن.

سەربازان و ئەفسەران، داوایان کرد رێیان بدرێت پەلاماریان بدەن. ژەنەرالەکانی ئەرکانی جەنگیش، کە هێشتا وزە و هاندەری سەرکەوتنەکەی شەڕی تارۆتینۆ وزەبەخشیان بوو، تەقەلای خۆیان لەگەڵ کۆتۆزۆڤ دا، کە بە قسەی دۆرۆخۆڤ بکات و رێی بدات ئەو هێرش و پەلاماره دەست پێبکات.

کۆتۆزۆڤیش ئەو هێرش و پەلاماڕەی بە پێویست نەدەزانی. بۆیە چارەسەری مامناوەندییان هەڵبژارد. چارەسەرێک کە دەبێت بێتەدی.

کەتیبەیەکی بچووکیان نارد بۆ ڤۆمینسکونیە و فەرمانی هێرش کردنە سەر ئەو بروسیانەیان پێدا. بە رێکەوتێکی سەیر ئەم کارە زۆر سەخت و گرانەی پەلاماری بروسیەکان، خرایە ئەستۆی دوختۆرۆڤ. ئەو دوختۆرۆڤە کورتەباڵا سادەیەی، کەس نەیبیستبوو رۆژێک لە رۆژان پیلانێکی جەنگی دانابێت. یان فەوجەکانی ژێر رکێفی ئەو وەکوو بەشەکانی تری سوپا بەهرەمەند بووبێت، لە مەدالیا و خەڵاتەکان.

دوختۆرۆڤێک که رارا و دامالّراو له بەهره و، بلیمەتیی سەربازی دەهاتە بەرچاو. لە کاتێکدا، هەر لە شەڕی ئۆستەرلیتزەوە، تاکوو سالّی (١٨١٣)یش لە ریزەکانی پێشەوەی بەرەی شەڕە مەترسیدارەکان دەبینرا. لە شەڕەکەی ئۆستەرلیتزدا دوایەمین یەکەی سەربازی بوو، کە بە خۆراگری لای بەربەستی ئۆجردا مایەوە. لە کاتێکدا کە لەشکرەکانی رووس لە هەلّاتن و پاشەکشەدا بوون. ئەم دوختۆرۆڤە، فەیلەقە لە بەریەک هەلّوەشاوەکانی جارێکی دی کۆدەکردەوە و، دەکەوتە کۆکردنەوەی خۆیان و، چەک و تەقەمەنییەکانی، لە دەستی دوژمن رزگار دەکرد. لە کاتێکدا ئەو لەشکرانە خۆیان لە هەلاتن و پاشەکشەدا بوون.

کاتێک لەشکرەکەی دوختۆرۆڤ لە سمولنسکدا مابووەوە، تەنیا یەک یەکەی سەربازیش لە شوێنی خۆی نەمابووەوە. هەرچەند لەو کاتە ناسکەیشدا ئەم کورتەبالّایە، تووشی "تا"یەکی بێزارکەریش هاتبوو و، ناوەناوە تایەکەیشی بەرز دەبووەوە. بە (٢٠٠٠٠) سەربازەوە رۆیشت بۆ بەرگریکردن، لە شارو بەرەنگاری سوپای ناپلیۆن بووەوە. لە کاتێکدا لە نزیک دەروازەی مال خۆسەوە، بە دەم بەرزبوونەوەی تاکەیەوە دەیبزرکاند، لە سمولنسک دەنگی گوللە تۆپەکان ئەویان راپەڕاند. هەر بە هۆی ئازایەتیی ئەم دوختۆرۆڤە تاداراوە بوو، کە سمولنسک رۆژێکی تر خۆی راگرت.

لە بوورۆدینۆدا و ئەو کاتەی پاگراسیۆن کوژرا و، بالّی چەپی سوپاکەمان کە لە هەر دە سەربازێک نۆ سەربازیان لێ کوژرا، یەکەی تۆبخانە مەزنەکانی سوپای فەڕەنسی ئەویان کردبووە ئامانج. دوختۆرۆڤی رارا و دوور لە بلیمەتییان نارد بۆ چارەسەرکردنی ئەو تۆبخانەیە و، کۆتۆزۆڤ هەلّەکەی خۆیی راست کردەوە و، ئەو دوختۆرۆڤەی نارد. چونکە نیازی بوو یەکەیەکی تر، بۆ ئەو ئەرکە بنێرێت. هەر بە هۆی ئەم دۆختۆرۆڤە کورتەبالّایەی دوور لە بلیمەتی و راڕاییەوە بوو، رووسەکان سەرکەوتن و، سەربەرزیی شەڕی بۆرۆدینۆیان بۆ خۆیان تۆمار کرد.

لەگەلّ هەموو ئەمانەدا. کەسانێکی زۆر ناویان لە شیعر و پەخشانەکانی شاعیران و نووسەراندا، بە پالّەوان تۆمارکرا. بەلّام بە هیچ شێوەیەک ناوی ئەم دوختۆرۆڤە نەهێنرا!

دوختۆرۆڤ بە سوپاکەیەوە نێردرا بۆ ڤۆمینسکۆییە. لەوێشەوە بۆ مالوایاروّز لاڤیتز و، ئەو دوایین شەڕیش بوو لەگەلّ فەڕەنسییەکاندا. ئەمەیش هەر ئەو شوێنەبوو کە سەرەتای کۆتایی هاتنیان تێدا تۆمارکرد. لەگەلّ ئەوەیشدا کە چەندین پالّەوان و بلیمەت، لەو سەردەمەدا ناویان تۆمار کراوە. بەلّام دیسان وەک پالّەوانی شەڕ، کەسێک ناوی دوختۆرۆڤی نەبردووە!

لە دەی تشرینی یەکەمدا، کە دوختۆرۆڤ لە شکرەکەی نیوەی رێی بەرەو ڤۆمینسکۆییە بڕیبوو. فەرمانیدا بە لەشکرەکەی لە دێی ئەرستۆڤۆ لابدەن بۆ حەوانەوە. ئامادەیش بوو،

پلانی هێرشبردنەکە وەکو خۆی و بە وردی، جێبەجێ بکات. جوولەیەکی ناکاوی خێرا کەوتە نێو سوپای فەرەنساوە و لەشکری مۆراوە. وایش بۆ ئەو سوپا زەبەلاحە دانرابوو، شەڕێک لەو ناوچەیەدا بەرپا بکات. کتوپڕ و بەبێ هۆ ئەو سوپایە بازنەیەکی بەلای راستدا دوورست کرد و، کەوتە سەر ڕێی کالوجای نوێ و، خۆی کرد بە گوندی ڤۆمینسکۆییەدا، ئەم گوندەیش زووتر تەنیا فەیلەقێکی بڕووسیی تێدابوو.

تا ئەو دەمە دوختۆرۆڤ تەنیا کەتیبەی ڤینجەر و سیسلاڤینی بچووکی، لەژێر دەستدابوو. لە یازدەی تشرینی یەکەمدا، لەشکرەکەی سیسلاڤین، سەربازێکی دیلکراوی فەرەنسیی پێش خۆی دا و، گەیشتە گوندی ئەریستۆڤۆ.

ئەم دیلە فەرەنسییە پێداگریی ئەوەی کرد، کە ئەو لەشکرەی فەرەنسا کە خۆی کردووە، بە ڤۆمینسکۆییەدا، بەرایی سوپا مەزنەکەی فەرەنسایە و، ناپلیۆن خۆیشی لە نێو ئەو سوپایەدایە.

ئەو سوپا مەزنەی فەرەنسا، ئەوە پێنج ڕۆژە: مۆسکۆی چۆل کردووە! هەر ئەو ئێوارەیەیش کۆیلەیەکی زەوی، کە لە پرۆڤسنکەوە هاتبوو، ئاشکرای کرد کە سوپایەکی مەزن خۆی کردووە بە شارەکەدا.

قەوقازییەکانی دۆرۆخۆڤیش رایانگەیاند کە سوپایەکی پاسەوانی فەرەنسا بەرەو پرۆڤسنک دەڕوات. کەوا دواترین زانیاری دەریخستبوو، ئەو شوێنەی کە دەبوو تەنیا یەکەیەکی فەرەنسی لێبێت، وا ئێستا سوپاکەی ناو پایتەختیش هاتووە بۆی و، تێیدا جێگیربووە. ئەمەش کارێکی چاوەڕوانکراو نەبوو.

دوختۆرۆڤ پەرۆش نەبوو بۆ هێرشکردنەکە. چونکە ئەو فەیلەقە بڕووسییەی ئەوی بۆ نێردرا، لەشکرێکی بچووک بوو. بەڵام ئێستا هەموو سوپای فەرەنسای لێیە!

یەرمۆلۆڤ دەیویست بە ئارەزووی خۆی هێرش ببات و، پرس بە باڵاکان نەکات. بەڵام دوختۆرۆڤ لەسەر ئەوە سووربوو، کە بۆ ئەم هێرشە دەبێت، فەرمانی "سەرکردەی باڵا" وەدەست بێنێت. بۆیە بڕیاریاندا ڕاپۆرتێک بۆ ئەرکان بنێرن. بۆ نووسینەوەی ئەو ڕاپۆرتە و، ناردنی بۆ ئەرکان: ئەفسەرێکی زیرەکیان هەڵبژارد، کە ناوی بۆلخۆڤیتینۆڤ بوو. ئەم ئەفسەرە لە سەری بوو، سەرەڕای گەیاندنی ڕاپۆرتەکە دەبێت بەزاریش وردەکارییەکانی نێو ڕاپۆرتەکەیان بۆ شی بکاتەوە.

نیوە شەو بۆلخۆڤیتینۆ بە خۆی و ڕاپۆرتەکە و، بە سواری و بە یاوەریی قەوقازییەک، ڕۆیشتن.

بەشی شازدەیەم
نێردراوەکەو کۆنۆڤنیتسین

شەوێکی پایزەی ئەنگوستەچاو، چوار رۆژ بوو، باران بە وردی دەباری. دوای ئەوەی بۆلخۆڤیتینۆف سی فرسەخێکی لەو قوڕو لیتەیە بڕیبوو و، دووجاران ئەسپی گالیسکەکەی گۆڕیبوو و، سەعات و نێوێک بەڕێوەبوو.

سەعات دووی بەرەبەیان گەیشت. لەبەردەم کۆختەیەکی تەختەبەندی بچووکدا دابەزی، کە تابلۆیەکی پێوە هەڵواسرابوو و، لێی نووسرابوو"ئەرکانی جەنگ". خۆی کرد بە دالآنە تاریکەکەیدا.

لە دالآنە تاریکەکە و بەردەم یەکێکدا وەستا و، بە دەم لەرزینەوە وتی:

"خێراکە... ژەنەرالێکی ئێشککگرم دەوێت! زۆرم پەلەیە!"

پاسەوانێک بە دەم بەری دەست لێک خشاندنەوە، تا خۆی گەرم بکاتەوە وتی،"ئەو لە دوێنێ ئێوارەوە، لەسەر خۆی نییە و، ئەمە سێیەم شەویشە کە چاوی لێک نەناوە. وا باشە... یەکەمجار، سەرکردە هەڵبستێنم."

بەڵام بۆلخۆڤیتینۆف، خۆی کرد بە ژوورێکدا و سووربوو لەسەر قسەکەی و وتی،"باباتەکە زۆر خێرا و پەلەیە و، لە لایەن ژەنەرال دوختۆرۆفەوە هاتووم."

سەرەتا پاسەوانەکە چووە ژوور و کەوتە بە خەبەرهێنانی یەکێکیان و وتی:

"بەڕێز! بەڕێز! نێردراو هاتووە!"

کەسێکیش بە زەحمەت وەڵامی دایەوە:

"چییە؟ چی؟ لە لایەن کێوە هاتووە؟"

هەرچەند بۆلخۆڤیتینۆڤ لەو تاریکییەدا نەیدەزانی ئەوە کێیە، پرسیاری لێدەکات. بەڵام بە دەنگەکەیدا زانیی کە ئەمە کۆنۆڤنیتسین نییە.

دواتر وەڵامی دایەوە:

"لە لایەن دوختۆرۆڤ ئەلکسی بیترۆڤیتشەوە هاتووە. ناپلیۆنیش گەیشتووەتە فۆمینسکوییە."

ئەویش بە باوێشێکدانەوە هەستا و وتی:

"حەزناکەم خەبەری بکەمەوە. چونکە زۆر نەخۆشە. رەنگە ئەمەی ئێوە دەیڵێن پڕوپاگەندە بێت و، راست نەبێت!"

بۆلخۆڤیتینۆڤیش هەڵیدایە:

"ها... ئەمەیش راپۆرتەکەیە. فەرمانم پێ دراوە، کە راستەوخۆ بیدەمە دەست ژەنەرالی ئێشکگر."

ئەویش وتی،"پەلە مەکە... با مۆمێک دابگیرسێنم."

ئەو پیاوەیشی خۆی دەکێشایەوە بە یاوەرەکەی وت،"لە کوێت داناوە" تاوانبار؟

ئەمەشیان شتشربینینی یاریدەدەری سەربازیی کۆنۆڤینیتسین بوو.

پاشان لە سەری ڕۆیشت،"ئا ئەوەتا! ئەوە خۆیەتی!"

ئەفسەرەکە بۆ مۆمدانەکە گەڕا و، بەبێزاریەوە وتی،"هەی پیس و رسوایانە!"

لەبەر ڕووناکیی مۆمە جوڵاوەکەدا، بۆلخۆڤیتینۆڤ ڕوخساری شتشربینینی لاوی بینی، کەوا مۆمدانەکەی لەبەردەمی ئەودا دۆزیوەتەوە و، لە گۆشەیەکی ژوورەکەیشدا پیاوێک نووستبوو، ئەویش کۆنۆڤینیستین خۆی بوو.

شتشربینین چرایەکی داگیرسان و، سەرنجی نێردراوەکەی دا. بۆلخۆڤیتینۆڤیش هەموو گیانی قوڕ و لیتە و، چڵپاوی ڕێگا بوو. هەر کە وێستی بە سەردەستەکەی کەمێک دەموچاوی بسڕێتەوە. دەم و چاویشی تێهەڵکێشاو هێندەی تر قوڕاویی کرد!

لە کاتی وەرگرتنی نامەکە لە شتشربینینی پرسی،"کێ ئەم زانیارییانەی داوە؟"

بۆلخۆڤیتینۆڤیش وتی:

"زانیاریەکان دروستن. دیلەکان و قەوقازییەکان و، سیخورەکان هەموویان ئەم هەواڵەیان پشتڕاست کردووەتەوە."

شتشربینین لە پیاوە نوستووەکە نزیک بووەوە کە کلێتەیەکی لە سەردابوو و بە پاڵتۆکەی خۆی داپۆشیبوو، وتی،"کەوابوو چار نییە. دەبێت خەبەری بکەینەوە."

پاشان هاواری کرد،"بیتەر بیترۆڤیتش!"

کۆنۆڤینیتسین، جووڵەی بۆ نەکرد.

ئەفسەرەکە بە بزەیەکەوە و، وەکوو ئەوەی بتوانێت خەبەری بکاتەوە وتی:

"بۆ ئەرکانی گشتی!"

هەروایش بوو. سەرە بەکلێتە لۆکەکەی بڵند کردەوە. روخساری کۆنۆڤینیتسین بە هۆی "تا" دارییەکەیەوە سوور هەڵگەڕابوو. راچەنی و هێندەی پێ نەچوو هاتەوە سەرخۆ. دوای چاوگێڕان بە شوێنە رووناکەکاندا، بە ساردێکەوە پرسیی:

"دەنگوباس چییە؟ لە لایەن کێوە هاتووە؟"

پاشان نامەکەی کردەوە و، کەوتە خوێندنەوەی و، گوێیشی لە راپۆرتی ئەفسەرەکە گرتبوو. هەر لە خوێندنەوەی نامەکە بووەوە، پێیە بە گۆرەوییەکانی خستە سەر زەوی و، سۆلە پاژنە بەرزەکانی کرد بە سەر پێوە و، کلێتەکەی لە سەری کردەوە و، دەستێکی بەسەرو قژیدا هێنا.

پاشان پرسیی:

"پەلەت کرد لە هاتنتدا؟ دەی با بڕۆین بۆ لای سەرکردەی گشتی."

کۆنۆڤنیتسین هەر زوو هەستی کرد، ئەم زانیارییانەی پێی گەیشتووە گرنگە و نابێت کات بە فیڕۆ بدرێت. ئیدی ئایا شەڕ بێت یان خێربێت؟ نە بەم جۆرە بیری کردەوە و، نە ئەم پرسیارانەیشی لە خۆی کرد. پێی وابوو کاروباری شەڕ پەیوەندیی بە مێشکو ژیرییەوە نییە. بەڵکوو شتی تر هەیە.

زۆر بە قوولی و لە ناخیدا بە نهێنی بڕوای وابوو، کارەکە بە باشی بەڕێوە دەچێت. بەڵام وەکوو پێویستیش نابێت بڕوات، بە مەیش بێت، پێویستە ئەوەی پێت دەسپێردرێت وەکوو خۆی جێبەجێی بکەیت و، هەر باسیشی نەکەیت، ئەوەی پێویست بوو بیکات بە هێز و توانایەوە دەیکرد.

لەوە دەچوو بیوتەر بیترۆڤیتش کۆنۆڤینیتسینیش وەکوو دۆختۆرۆڤ رێک کەوتبێت لە سەر ناوەکان و، ناوی لە نێو لیستی پاڵەوانانی (١٨١٢)دا هاتبێت، ئەو لیستە چەندین پاڵەوانی وەکوو بارلکی و رایڤیسکی و ئیرمۆلۆڤ و بلاتۆف و میلۆدارۆڤیتشی تێدا بوو. ئەم میلۆدارۆڤیتشەیش وەکو دوختۆرۆڤ، بەوە ناسرا بوو کە پیاوێکی کەم توانا و بێدەسەلات و، رەشۆکی و نارۆشنبیرە و، هەرچەندە هیچ کاتێک پلانی شەری تایبەت بە خۆی نەبوو، بەڵام هەمیشەیش لە شوێنە مەترسیدارەکانی شەڕەکاندا بوو.

ئەمیشیان کە لە ژوورەکەی ئەودا دەنوست و، ژوورەکەیش دەرگاکەی کراوە بوو. لەگەڵ هاتنی پۆستەدا بە خەبەریان دەهێنایەوە. بە درێژایی شەڕەکان، ئەو یەکە سەربازییەی ئەو، ئامانجی تۆپخانەی دوژمن بوو. هەمیشە کۆتۆزۆڤ گلەیی ئەوەی لێ دەکرد، کە لە ژێر رێژنەی دەستڕێژی دوژمندایە و، نەیدەوێرا ئەرکی مەترسیداری پێ بسپێرێت. ئەویش و دختۆرۆڤیش وەکوو دانێکی چەرخی هەڵسوڕانی شەڕەکان بوون و،

بێدەنگ بەشداری بەڕێوەچوونی شەڕەکان بوون.

کە لە کۆلیتەکە چووە دەرەوە، شەوە ئەنگوستەچاوە شێدارەکەی هەست پێکرد. بۆیە کۆنۆڤینیتسین برۆکانی هێنایەوە یەک و، بە هۆی بیر کردنەوەی ئەوەی کە بە هۆی ئەم هەواڵەوە دەسترۆیشتووەکانی ئەرکان تووشی شۆک دەبن و، دەشڵەژێن، سەر ئێشەکەی زۆرتر بوو.

ترسی لە بینیگسن بوو، بە تایبەتی هەر لە شەڕەکەی تارۆتینۆوە و ئەو رکابەرایەتییەی کەوتبووە نێوان بینیگسن و کۆتۆزۆڤەوە. ئیدی پێشنیار دەخەنە روو و دەکەونە گفتوگۆ لەبارەیانەوە و، دواتر بڕیارەکان دەردەکەن.

کە ئەمانەی دەهێنایەوە بەرچاوی خۆی، بێزار دەبوو. لە راستیشدا تووەل هاتە لای و، هەواڵەکەی ئاشکرا کرد. پاشان کەوتە خستنە ڕووی بیروڕاکانی خۆی، بۆ ئەو ژەنەرالەی کە لەگەڵیدا نیشتەجێ بوو.

کۆنۆڤینیتسین ناچار بوو، هیچ نەڵێت و، تەنیا گوێ بگرێت. هەر هێندەی وت کە پێویستە بچینە لای "پیاوی باڵا".

بەشی حەڤدەیەم
لەبەردەم کۆتۆزۆڤدا

کۆتۆزۆڤیش وەکوو پیرانی تر، شەوانە کەمخەو بوو. بۆیە زۆر جار بە رۆژ چەند جارێک سەرخەوی دەشکاند و، خەوەنووچکەی بوو. جاروباریش بە بەرگەکانی رۆژییەوە، شەوانە لەسەر نوێنەکەی درێژ دەبوو و، هەر خەریکی بیر کردنەوە بوو. ئەوکاتەیش، خۆی لە سەر نوێنەکەی درێژ کردبوو و، سەرە گەورە قورسەکەی، کە هێشتا شوێنەواری بریندارى پێوە دیاربوو، خستبووە سەر مەچەکە ئەستوورەکەی و، چاوێکیانی کراوە بوو و، لەو تاریکییەی دەڕوانی.

لەو کاتەوەی ئەو بینیگسینەی کە پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ ئیمپراتۆردا هەبوو، خۆی لەم کۆتۆزۆڤە بەدوور دەگرت. ئەمیش لای خۆیەوە ئارام و ئاسوودە بوو، چونکە لەوە بێخەم بوو، کە ناچاری بکەن سوپا بخاتە شەڕێکی بێکەڵکەوە. وا بیریشی کردەوە کە ئەو وانەیەی لە شەڕی تارۆتینۆ و، رووداوەکانی دوێنێی بە ئازار بۆی، بە شێوەیە لە شێوەکان سوودی هەبووە.

کۆتۆزۆڤ لە دڵی خۆیدا وتی:

پێویستە ئەوە باش بزانن، کە ئەگەر هێرش بە سوپاکەمان بکەین، هەموو شتێکمان لە دەست دەدەین. تەنیا ئارام گرتن و، کات بۆمان بە سوودن. چونکە ئەو دوو نەبەردە رێک بۆ خاتری من دەجەنگن!

ئەو باش دەیزانی کە باش نییە سێوی کرچ و کاڵ، لە دارەکەی بکرێتەوە. چونکە هەرکە پێگەیشت خۆی دەکەوێتە خوارەوە. بەڵام ئەگەر بە نەگەیوی لە دارەکەی دامالێن، ئەوا دارەکەیشی دەشێوێنێنو کەڵکیشی نابێت. لەبەر ئەوەی راوچییش بوو، دەیزانی ئاژەڵی بریندار، زۆر بە تونا دەبێت و، هێزە شکاوەکانی رووسیش وایان لێهاتبوو.

بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە:

"ئاخۆ بریندارببوونی سوپای رووس و، بڕینەکانی کوشندەن!؟ یان نا!؟ ئەمە پرسیارێکی گرنگ بوو و، پێویستی بە ڕوونکردنەوە بوو."

دوای هەڵس و کەوتەکانی لۆریستۆن و بێرتیە و، ڕاپۆرتەکانی پشتیوانان، کۆتۆزۆف کەوتە سەر ئەو بڕوایەی، کە بڕینی سوپاکەی کوشندەیە! لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا پێویستیی بە بەڵگەی تر و، لە سەرێتی چاوەڕوان بێت."

لە دڵی خۆیدا وتی:

"تەنیا پەرۆشیی ئەوان، ئەوەیە بەڕاکردن خۆیان بگەیەننە ئاژەڵە بریندارەکە و بزانن چۆن کوژراوە؟ بە چاکی چاوەڕوانم بن! دەبێت لە پێشیدا سەرقاڵتان بکەم! دواتر دەستدەکەم بە هێرشکردن! ئاخر بۆچی ئەمە بکەم؟ هەمیشە بۆ ئەوەی خۆمتان بۆ دەربخەم. وەکو ئەوەی چێژ و خۆشییەک لە کوشتاردا هەبێت.

ئەوان وەکو ئەو منااڵنەن کە لە خۆشیاندا هەر چۆنێک نیشانە دەگرنەوە، ئامانجەکانیان ناپێکن! لە کاتێکدا ئەمەی ئێمە دەیکەین، هیچ پەیوەندییەکی بەو کارەی منااڵنەوە نییە! ئای کە بگرە و بەردەیەکی قەشەنگە: کاتێک ئەوان تووشی رووداوێک یان دوو رووداو دەبن و خۆ رادەگرن!

ئەوان پێیان وایە فێری ئارامگرتن بوون. بە هۆیەوە چاوکراوە بوون! بە تەواوی ئیدی چاوکراوە بوون!! "پیلانی ئەو هێرشە گشتییەی بیرکەوتەوە، کە لە پێترزبۆرگەوە نێردرابوو" بەڵام ئەو رووداوە لاوەکییانەیش، لەوە زۆرترن کە لە ژماردن بێن!"

ئەوە مانگێک پتربوو، ئەم پرسیارە بە هەڵواسراوی لە میشکی کۆتۆزۆفدا مابووەوە: ئایا ئەو بریندارییەی لە بوورۆدینۆدا تووشی بوون، کوشندە بوو یان نا؟ فەرەنسییەکان مۆسکۆیان لە ژێر دەستایە و، نکوولی لێ ناکرێت. خۆیشی لە ناخەوە پێی وابوو کە ئەو لێدانەی دوژمن، بۆ سوپای رووس وابووە، کە بڕینەکەی کوشندە بێت. ئەویش وەکو ژەنەراڵە لاوەکان، هەرکە شەوانە لەسەر نوێنەکەی رادەکشا دەکەوتە بیرکردنەوە لە گریمانەکان و، ئەوە ماوەی مانگێک بوو، کە لە چاوەڕوانیدا بوو و، هیچی نەکردبوو. ئەمەیش هێندەی تر بێزاری کردبوو.

گریمانەکانی شەڕەکەیش، نەیەکێک و نەدوان بوون. بەڵکو بە هەزاران بوو. تاکوو پتریش بیری بکردایەتەوە، گریمانەکان زۆرتر دەبوون. هەموو تواناکانی جووڵەی سوپای فەرەنسای دەهێنایە پێش چاوی خۆی. دەمێک هێرشی چڕو پڕ. دەمێکیش هێرشی هەمە

لایەنەی پەرش و بڵاوی سوپای ناپلیۆن و، پەلاماردانی شاری پیترزبۆرگ. بۆ بەرەنگاربوونەوەیشی پێویست دەکات، گەمارۆ بدرێن. ئەو گریمانەی کە لە هەموویان ترسناکتر بوو بەلایەوە، ئەوە بوو ناپلیۆن سوپاکەی کۆبکاتەوە و، بیکاتەوە بە مۆسکۆدا و، چاوەڕوانی پەلاماری سوپای کۆتۆزۆڤ بێت.

گریمانی ئەوەیشی دانابوو کە سوپای ناپلیۆن، پاشەکشە بکات و، خۆی بکات بە "میدین"[1] و ئیوخنۆڤ"دا. بەڵام ئەو گریمانەی کە کۆتۆزۆڤ بیری لێ نەکردبووەوە، ئەوە بوو، کە لەرووبدا! ئەو پاشەکشە یانزە رۆژییە بوو، لە مۆسکۆ. ئەو چۆڵکردنەی مۆسکۆ وای کرد کە کۆتۆزۆ بتوانێت، ئەوەی کە نەیدەوێرا بیریشی لێ بکاتەوە... بیکات. کە ئەویش لەناوبردنی تەواوی سوپای ناپلیۆن بوو.

راپۆرتەکانی دوختۆرۆڤ لەبارەی فەوجێکی بروسییەوە و، ئەو هەواڵە نوێیانەی پشتیوانان، لەبارەی تەنگەژەکانی سوپای فەڕەنساوە و، وردەکارییەکانی، یەکە پەرشوبڵاوەکانی ئەو سوپای فەڕەنسییە و، لاوازبوونەیان... کۆتۆزۆڤیان گەیاندە ئەو بڕوایەی، کە ئیدی کاتی پەلاماردان و شکاندن و، پاشەکشە پێکردنی ئەو سوپایەی فەڕەنسایە.

کۆتۆزۆڤ بە هۆی ئەزموونی شەست ساڵەی تەمەنییەوە لە سوپادا، دەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ دەنگۆ پڕوپاگەندەکان بکات. لە حەز و نیازی ئەوانە دەگەیشت، کە پەرۆش بوون بۆ دروستکردنی رووداوەکان و، دەیزانی تاکوو چەند ئامادەن بە جدی کاری بۆ بکەن. ئەوەیشی کە لە نیازیدا بوو، شکست پێهێنانی سوپای ناپلیۆن بوو.

شەوی یازدەی تشرینی یەکەمیش، وەکوو شەوانی تر، کۆتۆزۆڤ لەسەر نوێنەکەی راکشابوو و، سەری خستبووە سەر دەستەکانی و، لە بیرکردنەوەدا بوو. جووڵە کەوتە ژوورەکەی تەنیشتییەوە و، ترپەی پێ دەهاتە گوێ. ئەوانە کە دەهاتن تووەل و کۆنۆڤیتسین و بۆلخۆڤیتینۆڤ بوون.

کۆتۆزۆڤ لە ژوورەکەی خۆیەوە بانگی کرد:

"هۆو! ئێوە کێن؟ وەرنە ژوورەوە! چی هەواڵێکی نوێ هەیە؟"

لەکاتێکدا یاوەرێک مۆمی دادەگیرساند، تووەل کەوتە وتنی کاکڵەی هەواڵەکان. کۆتۆزۆڤیش بە رووبەکی پڕ وڕەوە لێی روانی و، ئەویش لەبەر تیشکی مۆمەکەدا هەستی پێکرد و پرسیی،"کێ ئەم هەواڵانەی هێناوە؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە،"ئەم هەواڵانە دروستن و، گومان هەڵناگرن" خاوەن شکۆ."

کۆتۆزۆڤ وتی،"بۆم بێنن! بۆم بێنن!"

لەسەر نوێنەکەی دانیشت و، لاقێکی درێژ کرد و، ئەوی تری نوشتانەوە ژێر ورگە

---

١ ـ لە دەقە فەڕەنسیەکەدا هاتووە کە ئەم "مدین"ە سەر بە حکومەتی کالوجا بووە.

زلەکەی خۆی. چاوە ساغەکەی هەڵگڵۆفت، تاکوو بە جوانی نێردراوەکە ببینێت. وەکوو ئەوەی روخساری ئەویش بخوێنێتەوە: بە دەنگێکی ئارامی پیرانە و بە دەم داخستنی قۆپچەکانییەوە، بە بۆلخۆڤیتینۆڤی وت:

"قسە بکە... قسە بکە! هاوڕێکەم. زیاتر لێم نزیک ببەوە. چ هەواڵێکت بۆ هێناوم؟ هاڕ ناپلیۆن لە مۆسکۆی پایتەخت چووەتە دەرەوە؟ ئاخۆ ئەمە راستە؟"

بۆلخۆڤیتینۆڤیش، هەموو شتێکی بە وردی بۆ باس کرد.

کۆتۆزۆڤ قسەکەی پێ بڕی و وتی:

"قسە بکە خێرا کاکڵەی بابەتەکەم بۆ باس بکە. بە هەڵچوونەوە مەمهێڵەوە."

دوای ئەوەی بۆلخۆڤیتینۆڤ هەرچییەکی پێبوو بۆی گێڕایەوە. بێدەنگ بوو و چاوەڕوانی فەرمان بوو. تووەلیش وێستی قسە بکات. بەڵام کۆتۆزۆڤ پێی بڕی و وێستی خۆی شتێک بڵێت. بەڵام دواتر رووی خۆی گرژ کرد.

تووەلیش لەسەرخۆ لێی دوور کەوتەوە و چووە سووچی کۆلیتە تەختەبەندە هەرە تاریکەکەوە. بۆیەش کاتی خۆی، ئەو گۆشەیەی هەڵبژاردبوو، چونکە تابلۆی پیرۆزی تێدا هەڵواسرابوو.

پاشان هەردوو بەری دەستی پێکەوە نا و بە دەنگێکی لەرزۆک وتی:

"پەروەردگارم... ئەی گەورە و خوڵقێنەرمان. نوێژ و نزاکانی ئێمەتان پەسەند فەرموو... رووسیات رزگار کرد! سوپاس بۆ تۆ پەروەردگارم!"

پاشان دەستی کرد بە گریان.

بەشی هەژدەیەم
دوو تەقەلاکە

هەر لەو ساتەوەی کە کۆتۆزۆف ئەو هەواڵانەی پێگەیشت، هەموو چالاکییەکانی لە کپ کردنەوەی هەڵچوونی سوپاکەیدا چڕ کردەوە. ئیدی چ بە هێزی دەسەڵاتە بااڵکەی بووبێت، یان بە پارانەوە بووبێت لێیان، تا لە خۆیانەوە هێرش نەکەنە سەر سوپایەک کە لە خۆیدا ماندوو و دەستەوسانە.

دوختۆرۆف بەرەو مالوایارۆسالاڤیتز بووەوە. بەاڵم کۆتۆزۆف پەلەی نەکرد لە سوپاکەی و، داوای کرد کالوجا چۆڵ بکەن و، بگەڕێنەوە پشت شارەکە. کۆتۆزۆف چاودێریی پاشەکشەی سوپای فەڕەنسای دەکرد و، دوژمنیش کە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، لە پاشەکشەی پێچەوانەدا بوو.

مێژوونووسانی دەرباری ناپلیۆن، ئەم بگرە و بەردەیەی ئەویان بە نەبەردانە لە قەڵەم داوە و، بە تایبەتی لە تارۆتینۆ و، مالوایارۆ سالاڤیتزدا، ئەنجامی باشیان بۆی دانابوو، کە ئەگەر کاتی بە دەستەوە بوایە و، فریا بکەوتایە بچوایەتە هەرێمە دەوڵەمەندەکانی خواروو. ئەوا زۆر بە سوودتر دەکەوتەوە. بەاڵم مادام سوپای ڕووسی، خۆی ڕێی بۆ سوپای فەڕەنسی کردبووەوە، تاکوو خۆی بکات بەو هەرێمە دەوڵەمەندانەی خواروودا، ئیدی هیچ ڕێگرییەک بۆ ئەوە نەبووە. مێژوونووسان ئەوەیان بیرچووە، کە لەبەر ئەوەی سەربازانی فەرەنسا، بە ئومێدی ڕزگار بوون و، لە چاوەڕوانیی مردندا بوون.

سوپایەک کە مۆسکۆی دەوڵەمەند بە خۆراک، بگرێت: لە بری ئەوەی بیپارێزێت و، سوپاکەی خۆی پێ تێر بکات، بیخاتە ژێر پێی خۆیەوە و، خاپووری بکات.. بە تایبەتی بە فیرۆچوونی ئەو هەموو خۆراکەی سمولنسکو ڕێ بدات تاڵان و ڕاووڕووت بکرێت: چۆن

دەتوانێت هێز و توانا ئامادە بکاتەوە و بچێتە کالوجاوە؟ ئەو کالوجایەی کە زۆربەی دانیشتوانی، هەڵاتووی مۆسکۆی قین لە دڵی تێدایە؟ئەو سوپایە دوای شەڕەکەی بۆرۆدینۆ و تاڵانکردنەکەی مۆسکۆ، نەیتوانی بە خۆیدا بێتەوە و، خۆی دروست بکاتەوە.

پیاوانی ئەو سوپا مەزنە، لەگەڵ سەرکردەکانیاندا هەڵدەهاتن و بێ ئەوەی خۆیشیان بزانن بۆ کوێ دەچن! هەر هەموویان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کاریان دەکرد و، دەیانویست خۆیان رزگار بکەن. هەر لە ناپلیۆن خۆیەوە تاکوو سەربازێکی سادە، خۆی لەو چارەنووسە نادیارە رزگار دەکرد. بەو هۆیەوە ژەنەرالەکانی سوپای فەڕەنسا، وێستیان لە مالوایارۆسلاڤینز ئەنجومەنێکی جەنگ پێک بهێنن و، لەبارەی خۆیانەوە بدوێن. دوا بیروڕایش ئەوەی "مۆتۆن"[1] بوو. ئەم مۆتۆنەیش لەو ئەنجوومەنەدا گێلترین سەربازیان بوو، وتبووی: "پێویستە بە زووترین کات لەم وڵاتە دەربچین". ئەم قسەیە دەمی هەمووانی داخستبوو و کەس هیچی بۆ نەوترابوو و، تەنانەت ناپلیۆن خۆیشی. بەڵام هەموان، کە لێشیان روون بوو دەبێت پاشەکشە بکەن و رابکەن، لەوە تەریق دەبوونەوە ددان بەوەدا بنێن، کە ناچار دەکرێن رووسیا چۆڵ بکەن و هەڵبێن. ئەم پاشەکشەیە لە کاتی خۆیدا بوو و، فەڕەنسییەکان ناویان نابوو: هووڕای... ئیمپراتۆر!! رۆژێک دوای ئەو کۆبوونەوەیەی ئەنجومەنی جەنگ: بە بیانووی بەسەر کردنەوەی یەکەکانی سوپاوە، ناپلیۆن سەرلەبەیانی چووبووە دەرەوە. خۆی و مارشاڵ و دەست و پێوەندەکانی خۆیان کرد بە نێو گۆڕەپانی شەڕەکەدا. وا رێکەوت تێکەڵا بە قەوقازییە تاڵانچییەکان بووبوو. قەوقازییەکان پەلاماری ئیمپراتۆریان دابوو و، هێندەی نەمابوو دیلی بکەن! ڕەخنە لە ناپلیۆن دەگیرا بەوەی کە ڕێی بە سوپاکەی خۆی دا، بەو شێوەیە تاڵان و ڕاووڕووت بکەن، تا کارەکە وا کەوتەوە خەریکبوو تاڵانچییان خۆیشی بە دیل بگرن. هەر چۆنێک بوو، ناپلیۆن رزگاری بوو. پاشان خەریک بوو "کوڕانی دون" هەر لە نێو سوپاکەی خۆیدا ناپلیۆن بە دیل بگرن! ئیدی ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو، کە پێویستە سوپای فەڕەنسا زۆر بە خێرایی و بە کورترین ڕێگا، ڕوسیا جێ بهێڵێن و هەڵبێن.

ناپلیۆن بە خۆی و ورگەکەی بەردەمییەوە و، بە تەمەنێکی چل ساڵانەوە تێگەیشت، ئێستای وەک جاران نییە، تاکوو سەردەمەکە وەکوو هەویر بێت بە دەستییەوە و، بۆیڕو نەبەرد بێت. هەموو ئەو هۆشداریەی وەردەگرت، کە پێی دەدرا و، هەر زوو چووە سەر قسەکەی مۆتۆن. بە تایبەتیش دوای ئەو ترسەی کە قەوقازییە تاڵانچییەکان بە پەلامارەکەیان بۆ سەری، خستیانە دڵییەوە.

ئەوەبوو وەکوو مێژوونووسان نووسیویانە: فەرمانی دەرکرد بە پاشەکشە لە ڕێی سولنسکەوە. ئەوەی وایکرد ناپلیۆن بچێتە سەر قسەی مۆتۆن و، سوپاکەی دەست بە پاشەکشە بکات، بەڵگەی بوونی فشاری فرەی ڕووسەکان بوو بەسەرییەوە.

---

١ ـجۆن مۆتۆن کۆنت جولۆبۆ: ژەنەڕاڵێکی فەڕەنسی بووە لە شەڕی ئۆستەرلیتزدا دەرکەوت.

بەشی نۆزدەهەم
بەرەو کۆتایی

کە کەسێک دەست بە جوولّە دەکات، ئامانجێک بۆ خۆی دادەنێت، تاکوو بیگاتێ. بۆ ئەوەی هەزار فرسەخ ببڕێت، لە سەرێتی بیر لەو شوێنە بکاتەوە، کە بۆی دەچێت و، لێی دەوەستێت. چونکە ئەوە تینی بەرەو پێشچوونی پێ دەبەخشێت.

ئەو زەوییە دیاریکراوەی، فەرەنسییەکان چاویان تێبڕیبوو: مۆسکۆی پایتەخت بوو. بەلّام نیشتمان زۆر دوورە و ئەوەی کە دەیەوێت ئەو هەزار فرسەخە ببڕێت، لە سەرێتی دوای بڕینی چل فرسەخ و، لە دەرەوەی دارستان، پشوو بدات و، بحەوێتەوە و بنۆێت. پاشان بیرکردنەوەی لە ئامانجی کۆتایدا چڕ بکاتەوە.

ئەم بیرکردنەوەیەش، بەسەر ئاپوورەی خەلّکەکەشدا زاڵ دەبێت. بەلای ئەو سوپا فەرەنسییەی کە بەڕێگەی سمولنسکی کۆندا لە پاشەکشەدا بوون، ئامانجیان گەیشتن بوو بە سمولنسک.

ئەوان پێیان وابوو، ئەو شوێنە کە خستوویانەتە دڵیانەوە و، کردوویانە بە ئامانج، پڕە لە خۆراک و بۆ خۆی شوێنی حەوانەوەیە. لە کاتێکدا ئەرکانی جەنگی ناپلیۆن، خۆیشی دەیزانی خۆراک کەم بووەتەوە. تەنیا بەوەی سوپای فەرەنسی پێی وابوو، خۆراکی زۆر لە سمولنسکدا هەیە، بووە هاندەر و وزەبەخش بە سوپاکە و، پەلەیان بوو، لە گەیشتن بەو شارە. ئەڵبەتە ئەوانەی دەیانزانی خۆراک کەم بووتەوە و، ئەوانەشی نەیاندەزانی. خۆیان هەڵدەخڵەتاند.

هەر وەکو بۆ زەوییە ئامانجەکە، بە پەرۆش بوون بۆ گەیشتنیش بە سمولنسک بە پەلە بوون. هەر کە گەیشتنە شارێچکەکە. کەوتنە پەلە کردن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان. پالنەرێکی مەزن ئەو سوپا فرەیەی پاڵ دەنا و، ئەو ترس و بیمەی مانەوەیان وای کردبوو، کە وا بە یەکگرتووبی لە بەردەم کارەساتەکەیاندا بمێننەوە.

ئەو هەمووە کە (٦٠٠٠٠٠) هەزار سەربـاز بـوون، وەکـو دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ دەیانناسن. هەر هەموویان خوازیاری ئەوە بوون، دیل بکرێن و لەو ژیانە کوللەمەرگییە رزگاریان ببێت. یەکبوونەکەیان بەرەو سمولنسک بە کێشی کردبـوون.

بـەڵام بـەلای رووسییەکانەوە وەستاندنی ئەو سوپا مەزنە، نەک هەر سەخت بوو، بگرە مـەحاڵ بـوو! بێ لـە کۆتـۆزۆڤ هـیچ سـەکردەیەکی رووس، هەستی بـەوە نـەکردبوو. هـەر هێندە بۆیان دەرکـەوت، سـووپا بەزیوەکـەی فەرەنسـا، بەسـەر رێی سمولنسکەوەیە، ئیدی خەونەکەی کۆنۆڤنیتسین هاتـەدی و، هـەموو گـەورە ئەفسـەرانی سوپا وبـستیان سـەرنجی سوپا رابکێشن و، داوایان کرد کە رێی گەڕانەوەیان لێ ببڕنـەوە و، گـەمارۆی ئـەو سـوپایە بدەن و، هەموویان بە دیل بگرن.

ئیدی وای لێهات هەر هەموویان، داوایان دەکرد هێرشیان بکەنە سـەر. تـەنیا کۆتـۆزۆڤ بـوو، کـە بـە هـەموو هێز و توانایـەوە، هـەوڵی دەدا هێـرش نەکرێتـە سـەریان. نەیدەتوانی ئەمەی ئێستای ئێمەیان پێ بڵێت.

شەڕ و رێگرتن لەو سوپا بەزیوە، چ سوودێکی هەیە؟ ئاخر لە ناوچوون و سـەربڕینی ئەو داماوانە و، جگە لە دامالێنی مرۆڤ لە بەهاکانی ژیان بـەوڵاوە، هیچی تر نییـە! وەکوو پیرە پیاوێک ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی بۆ باس دەکردن، کە تێی دەگەیشتن. بـەڵام ئـەوان هەڵدەچوون و، جنوێیان پێ دەدا و دەیانوبست وەکوو ئاژەڵێکی بریندار، لەو سوپا بـەزیوە بـڕوانن و، بـە یـەک هێـرش و پـەلاماردان تـەفرو تونایـان بکـەن. نـە یەرمـەلۆڤ و نـە میلـۆرادۆڤیتش و نـە بلاتـۆڤ و ئـەوانی تـر لـە ڤیازمـادا و نزیـک بـەم سـوپا فەرەنسـییە: نەیاندەتوانی ددان بە خۆیـاندا بگرن و، پەلاماری دوو گروپی سوپای فەرەنسایان دا و، لە ناویـان بـردن. بـۆ ئـەو کارەیشـیان نامەیـەکیان نـارد بـۆ کۆتـۆزۆڤ. هەرچەند کۆتـۆزۆڤ تەقەلای دا. بەڵام سوپاکەمان رێی هەڵاتوانی سوپای فەرەنسی بڕییەوە.

سوپای رووسی بە هەزاران ریزیان دەبەست و، لەسەر ئاوازی مۆسیقا دەڕۆیشتن و، لەگەڵ سوپای بەزیوی فەرەنسیدا بە شـەڕ دەهـاتن و، بـە سـەدان سـەربازیان دەکوشت و، سەدانیشیان لێ دەکوژرا.

لەبارەی رێ بڕینەوە لەو سوپا بەزیوە. نە رێیان بڕینەوە و نە قڵپیشیان کردنەوە. ئەوە سوپای فەرەنسابوو لەسەر رەوی بەرەو سمولنسک سەرمڕ بوو.

پاری سێیەم

بەشی یەکەم
گورزی گەل

شەڕی بوورژوازیی و داگیرکردنی مۆسکۆ و، پاشەکشەی سوپای فەڕەنسی، بیئەوەی هیچ بەرەنگاربوونەوەیەکی نوێ رووبدابێت، یەک ئەنجامی بە مێژوو بەخشی. بریتی بوو لە ئەو گەڕانەوەیەیان بە رێی سمۆلنسکدا و، بێ ئەوەی پەلامار بدرێن.

هەموو مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکن و پشتگیریی دەکەن، کە چالاکی دەرەکیی حکومەت و گەلان لە شەڕەکانیاندا، رەنگی دەداتەوە. ئەنجامی راستەوخۆی سەرکەوتنیان جا چ سەرکەوتنەکە مەزن بێت، یان گچکە، بە فرەیی چالاکی سیاسیانەوە یان بە سستی سیاسیانەوە بەندبووە.

گێڕانەوە مێژووییەکان هەر چۆنێک بن، لە بارەی ئەو پاشایانەوە، یان ئەم کۆمەڵە حکومەتەکانەوە بە رکابەرییان لەگەڵ ئەم پاشایانە نییە. بە ڵکوو سەرکەوتنیان پەیوەندیی بە بەراوردکردنی بە زۆری و کەمیی ژمارەی سوپای بەرامبەرەوە بووە و، سەرکەوتن و بردنەوەی شەڕیش بە توانای چەکەکانی دەستیانەوە بوو و، بە ژمارەی کوژراوانی سەربازەوە بەند بووە. جا ئیتر سێ یان پێنج یان دە هەزار سەرباز لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا دەکەوت.

دواتر دەوڵەتە سەرکەوتووەکە ئەو گەلەی داگیردەکرد کە لە چەند ملیۆن کەسێک پێکهاتبوون. هەرچەند کارەکەیش ڕوون و ئاشکرا نەبێت. بەڵام بەزینی سوپای هەر گەلێک بەزینی توانا و دەسەڵاتی گەلەکەی خۆی بووە. سەرشۆڕیی سوپا و بەزینی، نەدەبووە هۆی سەرشۆڕیی گەلەکەی. هەر شتێکی تری، واقعی لەم جۆرەی کە دەکەوێتە ئەم چێوەیەوە. ئەمە ڕاستییەکە و میژوو سەلماندوویەتی. باشیی چەک و تەقەمەنیی سوپای هەر گەلێک بە بەراورد لەگەڵ گەلەکەی بەرامبەریدا، مایەی زاڵی و بەرەوبان بوونی توانای ئەو گەلە بووە. خۆ ئاستی خراپ و دواکەوتوویی چەک و تەقەمەنی سوپای هەر گەلێک لەگەڵ سوپای گەلەکەی بەرامبەری: هاتنە خوارەوەی توانای ئەو گەلە بووە.

هەر کە سوپایەک لە شەڕدا دەبەزی، ئەوا گەلەکەیشی ماف و ئازادییەکانی خۆی لەدەست دەدا. بە گوێرەی میژوو لە کۆنترین سەردەمەکانەوە، تاکوو ئەمڕۆ هەر وابووە. هەموو شەڕەکانی ناپلیۆن بەڵگەن بۆ ئەو قسەیەی سەرەوە. تا چەند سوپای نەمسا بەزیبێت، هێندەش گەلی نەمسا ماف و ئازادییەکانی زەوت کراوە.

لە کاتێکدا فەڕەنسا مافەکان و، هێزی سوپای لە بەرەوباندا بوو، دوو سەرکەوتنەکەیان لە ئیان و ئۆئیرستادتدا، کۆتایی بۆ وزەی سەربەخۆی ڕووس دانا. دواتر و لە ساڵی (١٨١٢)دا سوپاکەی ناپلیۆن لە نزیک مۆسکۆوە مۆڵیان خوارد و دواتر شارەکەیان گرت.

ماوەی پەلامارەکەی ساڵی (١٨١٢). کە لە بوورۆدینۆوە دەستپێکرد. تاکوو دەرکردنی فەڕەنسییەکان، ئەوەی سەلماند کە سەرکەوتن لە شەڕێکدا هەموو کاتێک نابێتە پاڵنەر بۆ بەزاندنی سنووری ولاتێک. تەنانەت ڕێپێشاندەریش نییە بۆ ئەو سنووربەزاندنە. سەلماندنی ئەوەیشە، کە ئەو هێزەی چارەنووسی گەلێک دیاری دەکات، نە پەیوەندیی بە داگیر کردنەوە هەیە و، نە بە سوپاکەیانەوە و، نە بەشەڕەکانیانەوە. بەڵکو پەیوەندی بە شتی ترەوە هەیە.

میژوونووسە فەڕەنسییەکان وەسفی پێگەی سوپای فەڕەنسییان لە کاتی چۆڵکردنی مۆسکۆدا واکردووە، کە هەموو شتێک لەو سوپا مەزنەدا، زۆر باش و بێ گرێ و گۆڵا بووە. سوپای سواره و یەکەکانی گالیسکە سەربازییەکان و، یەکەکانی توپخانە نەبێت. چونکە ئەسپ و هێسترەکانیان، بێ ئالیک مابوونەوە. ئەم کێشەیە هێندە ئەستەم بوو، کە بەهیچ جۆرێک ئەو قات و قڕییەی ئالیک بۆ ئەو سوپا زەبەلاحە، چارە نەدەکرا! چونکە نیشتەنیانی شارەدێ و دێنشینە ڕووسەکانیش لای خۆیانەوە، هەرچی ئالیکێک لە کادان و تەویلە و گەنجینەکانیاندا بوو، سووتاندبوویان و، ئەوەیان پێ باشتربوو، لە فرۆشتنەوەی بە سوپای داگیرکەری فەڕەنسی.

شەڕەکە هیچ ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی نەدا بەدەستەوە، چونکە دوو جوتیارەکەی

موجیک که کارب و فلاس بوون، وەکو دوو پاڵەوان خۆیان دەرنەخست. هەرچەند نرخی ئالیک لە مۆسکۆدا تەواو بەرز ببووەوە. بەڵام ئەمان دەستیان بە سەر هەموو ئالیکی ئاژەڵی نێو مۆسکۆدا گرت و، هەر لە شوێنی خۆیدا سووتاندیان.

بـا دوو پیاو بێنینەوە بەر چاوی خۆمان، کە شەڕە شیر دەکەن. شەڕەکەیان درێژە دەکێشێت و، لـە ناکـاو یـەکێکیان هەسـت بـە بریندار بوونی خـۆی دەکـات. بۆیـە خێـرا شمشێرەکەی فڕێ دەدات و، دەستی بە هەر شتێکدا بگات، پەلاماری دەدات و، وەکو گورز بە دەوری خۆیدا هەڵیدەسووڕێنێت.

ئەو شەڕکەرەی کە بە نیازە لەسەر شێوە هونـەرییەکە شەڕە شیر بکات، فەرمانـدە و بەرامبەرەکەیشی ئـەوەی کـە پـەلاماری گورزەکـەی دا، روسـییەکەیە. مێژوونووسـانیش، بـەبێ رەچـاو کردنـی بـارو دۆخەکـە و، لای خۆیانـەوە و، بـەگوێرەی یاسـا و رێنماییـەکانی شەڕە شیر، شەڕی ئەو دوانـە وەسف دەکەن و، دەیگێڕنەوە.

لە سووتاندنی سمولنسکەوە، شـەڕێکی وا هەڵگیرسـا کە تـا ئـەو دەمـە رووی نـەدابوو. سـووتاندنی شـارو شـارۆچکەکان و، پاشەکشـەی دوای شـەڕەکان و، ئـەو پەلامارانـەی پشتیوانانی سەر بە سوپای رووس و، ئەوەی فەرمنسییەکان تووشی بوون. پاشەکشەی نوێ و، سووتاندنی شاری مۆسکۆ و، راونانی تاڵانچییان و کاروانەکانیان: لە بنەما و یاسا و هونەری جەنگ، چوو بوونە دەرەوە.

لەو کاتەوە ناپلیۆن هەستی بەو کارەساتە کرد، کە نـەیبینی دوژمنەکـەی شمشێری لێ بـەرز بکاتـەوە. بـەڵکوو گـورزی دوژمنەکـەی بـە دەوری سـەریدا دەخولایـەوە. بۆیـە سـەرکردەکانیش کەوتنـە دەردە دڵا بـۆ کۆتـۆزۆڤ و ئەلکسـەندەر، کـەوا شـەڕەکە هـیچ یاسـایەک لـە خـۆ ناگرێت. وەکوو ئـەوەی کـە کوشـتار و قـەتڵاو عـامی خـەڵکیش، یاسـای تایبەت بە خۆی هەبێت!

خۆ سوپاکەیشمان، رووزەردی بەکاربردنی گورز بوو و، هەمیشە لە پەیداکردنی هێز و توانای نوێدا بوو. سـەرکەوتن شایستەی کەسـانێکی وەکوو فەرمنسییەکانی سـاڵی ١٨١٣ نەبوو. بەڵکو سەرکەوتن شایستەی گەلێکە کە کاتی لێقەومان پرسیاری کار و کردەوەی کەسانی دەوروبەر ناکات. گورزی خۆی دەوەشێنێتو دەوەشێنێت. تاکو رقو کینەی خۆی دادەمرکێنێتەوە.

بەشی دووەم
س: ق = ١٥: ٤

چالاکیی کەسانێک، لە بەرامبەر سوپایەکی فرەو چڕ و پڕدا، بە مەزنترین و بە پیت ترینی ئەو شەڕانەیە، لە فەرهەنگێکدا، کە بە یاساکانی جەنگ ناسراوە. ئەمەیش لەخۆیدا چالاکیی چەند کەسێکە لە بەرامبەر یەکەیەکی چڕی پیاواندا. ئەم کردەوە سەربازیانەیش لەو شەڕانەدا روو دەدەن، کە تایبەتمەندیی نەتەوەیی وەردەگرن.

ئەم شەڕەیش پشت بە ژمارەی سەرباز و هاوتا کردن لەگەڵ ژمارەی سەربازانی سوپای دوژمنەدا، نابەستێت. بەڵکوو هێرشبەران دەکرێنە چەند گروپێکی بچووک بچووکەوە. ئەم گروپانە هەریەکە بەجیا و سەربەخۆ هێرش بۆ سوپای دوژمن دەبات و دەستی خۆی دەوەشێنێت.

خۆ ئەگەر زانییان سوپای بەرامبەریان تۆکمە و کاران و، ئەمان هیچیان لەگەڵیاندا بۆ ناکرێت، ئەوا بێ خشپە دەگەڕێنەوە دواوە، هەر هەلیشیان بۆ ڕێکەوت، جارێکی دی هێرش دەکەنەوە.

جەنگاوەرە ئیسپانییەکان و، بەرگریکارانی نێو، دوو چیاکە، لە قەوقازی و ڕووسیاییەکانیش سالّی (١٨١٢) لەو بارەدا بوون و، خەریکی ئەو شێوە شەڕی گروپانە بوون. بەم شێوە شەڕە دەوترا شەڕی پشتیوانان. ئەم جۆرە شەڕ و هێرشبردنە هەموو یاساکانی دەخستە سەرشانی خۆی و، لەگەڵ تەکتیکی ئەو شەڕانەدا نەدەهاتەوە، کە لەو سەر دەمەدا زۆر باو بوو.

یاسای ئەم شەڕەیش وا دەکەوێتەوە، هەمیشە هێرشبەر لە دوژمنەکەی بەرامبەری بە هێزتر بێت، بە تایبەتی لە سەرەتای هێرشەکەیدا.

شەڕی پشتیوانان ـ هەروەکو مێژوو سەلماندوویەتی ـ هەرچەند بە پێچەوانەی ئەو یاسایانەوە بوو، هەمیشە سەرکەوتوو بووە.. ئەم دژوارییەیش لە زانستی سەربازییەوە سەرچاوەی دەگرت و، ئەوەی گوایا توانای سوپایەک بە ژمارەی سەربازەکانی پێوانە دەکرا. زانستی سەربازییش دەڵێت: تا ژمارەی سەربازانی سوپایەک فرە بێت. لە کاتێکدا هێزبڕی جوواڵە ئەنجامی لێکدانی قەبارەیە لە خێرایی.

لە هەموو رووداوێکی جەنگدا هێزی هەر سوپایەک: ئەنجامی لێکدانی قەبارەیە لە "س" ـ واتە نادیار ــ زانستی سەربازی کە لە مێژوودا نموونەکەی لە ژمارە نایەت. هێزی یەکەکان هاوتای قەبارەیان نەبوون. بەڵکو گروپە بچووکەکان بەسەر ئەو گروپانەدا زاڵ دەبوون کە لە خۆیان قەبارەدار و گەورەتر بوون. ئیدی هۆیەکەیش دەکەوتە نەدیوییەوە و، تەقەللای زۆر دەدرا بۆ دۆزینەوەی ئەو هۆیە. جا چ لە ئەندازەیی پلانەکەدا بوایە، یان لە پڕچەک بوونی ئەو یەکەیە. یان لە بلیمەتیی سەرکردەکانیاندا.

لەگەڵ ئەوەیشدا هێندە بەسە کە نکوولی لەو درۆیە بکرێت، کە گوایا چالاکییەکە دەخەنە پاڵ سەرکردایەتیی باڵا. تاکو بتوانین ئەو "س"ە نادیارە، بدۆزینەوە. ئەو "س"ە وەرەی سەربازانە. واتا پەرۆشیی سەربازان بۆ شەڕو خۆ خستنە بەر مەترسییەوە و، قوڵپدانی ئەو پەرۆشییە، لە دەروونی هەر سەربازێکدا و، دواتر لە کۆی سوپاکەدا.

ئەو پیاوانەی کە پەرۆشی شەڕو کوشتارن، هەمیشە لەو پێگەیانەدا خۆیان دەبینەوە، کە هەمیشە لە باری شەڕکردندا، لێکدانی وەرەی سەربازان لە قەبارەیان دەکاتە: هێزی سوپاکە.

بۆ جوێ کردنەوەی وەرەی سوپایەک و لێکدانی "س"ە نەزانراوەکە. ئەو کێشەیەیە کە دەبێت شی بکرێتەوەو چارەسەر بکرێت، بەم رێگەیە شی دەکرێتەوە:

لە شیکردنەوەی ئەم پرسیارەدا، با کۆڵا لە دانانی گریمان بێنین، شوێنی "س" نرخی هەموو نەزانراوەکەیە. مەرجەکانی وەدەرکەوتنی هێز- وەکو ئامادە کارییەکانی سەرکردە و پڕچەک کردن ــ بە لە لێکدراوەکە دادەنرێت. با پێچەوانەکەی وەربگرین. تەواوی ئەو نەزانراوە، واتە ئەوپەڕی پەرۆشی و کەمترین پەرۆشی بۆ شەڕکردن و، خۆخستنە بەر مەترسیی مردن. دوای دانانی رووداوە مێژوییەکان لەو هاوکێشەیەدا و، بەراورد کردن لەگەڵ کۆی بارەکە. نرخی ئەو نەزانراوە. دەتوانین بە تێڕامان شێوازەکەی دیاری بکەین.

(١٠) پیاو یان (١٠) لیوا یان فەوج، لە شەڕ و کوشتاردا لەگەڵ (١٥) پیاو یان لیوا یان فەوجدا، سەرکەوتوو بوون. واتە هەموو دوژمنەکانی خۆیان کوشت و، خۆیشیان (٤) کەس یان لیوایان یان فەوجیان لەدەستدا. کەوابوو لایەکیان (٤) پیاوی لە دەستداوە. بەڵام

لایەکەی تری شەڕەکە (١٥) پیاوی لەدەستداوە. کەواتە بەراوردی (٤) لەگەڵ (١٥). ئەم هاوکێشەیە و، ئەم یاسایە دروست دەبێت: ٤س = ١٥ق. س: ق = ١٥: ٤ . ئەم هاوکێشەیەیش، هێشتا "س" نرخی نەزانراو نادات بەدەستەوە. بەڵکوو ڕێژەی ئەو دوو نەزانراوە دەدات بە دەستەوە.

یاسای تەکتیک کە هەڵنەرە لە کاتی هێرشبردنی بە کۆمەڵدا و، بە پەرشوبڵاوی لە کاتی پاشەکشەدا، پێداگریی ڕاستییەک دەکات کە هێز و توانای سوپایەک بە بەرزو نزمیی وڕەی سەربازانی دەپێورێت. هەر یاسایەکی سەربازییش کە وڕەی سەربازانی پشتگوێ بخات، ئەوە بەهەڵەداچوونی خۆی دەسەلمێنێت.

لە پاشەکشەی ساڵی (١٨١٢)دا، سوپای فەڕەنسا بە گوێرەی یاسای تەکتیک لە سەریان بوو بە پەرشوبڵاوی خۆیانەوە، بەرگری لە خۆیان بکەن. ئەو سوپایە کۆمەڵا کۆمەڵا دەبوونەوە. چونکە وڕەیان ڕووخابوو. ئەوەیش بە ڕادەیەک بوو یەکەیەکی سەربازی لە توانایدا بوو، ئەو سوپا مەزنە بوەستێنێت. بەڵام ڕووسییەکان بە پێچەوانەوە بوون. لەسەر ڕێنماییەکانی تەکتیک پەلکێشی هێرشبردن بووبوون و، بەبێ ئەوەی پەرشوبڵاو بن و، وەکوویەک قەبارە وابوون. تەنانەت کەسایەتییە ناسراوەکانیان، پێویستییان بەوەرگرتنی فەرمان نەبوو بۆ هێرشبردن بۆ سەر فەڕەنسییەکان.

بەشی سێیەم
شەڕی هێزی پشتیوانان

هەر لەو کاتەوەی دوژمن سوپاکەی کرد بە سمۆلنسکدا، ئەو شەڕە بەرپابوو، کە بە شەڕی پشتیوانان ناسرابوو، ئەمەیش زۆر پێش ئەوەی حکومەتەکەمان ددان بەو شەڕەدا بنێت و، بە فەرمی بە شەڕی بناسێنێت. سەربازانێکی فرەی دوژمنیان لە رەگەوە لەو سوپایە هەڵکەندبوو، ئەو هەموو سەربازانەیش لەو سوپایە دامالڕابوون و، سوپایش هەڵوەری بوو. لەبەر ئەوەی زۆرێکی سەربازان کەوتبوونە تاڵانکردن و راووڕووت و، لە سوپاکەیان دابڕابوون.

قەوقازییەکان گورزی خۆیان لەو سوپایە وەشاند و، بە دوایدا موجیک، واتە جوتیارانی رووس. گورزی رووسییەکانیش هەر وەکو قەپاڵگرتن بوو، لە سەگی بریندارکراو.

دینیس داڤیدۆف بە هەستە نیشتمان پەروەرییەکەی خۆی، یەکەم کەس بوو کە هەستی بەو شیبوونەوە و دارزینەی سوپای فەرەنسا کرد. ئەو شانازییەی بۆ خۆی پچڕی، کە ئەو شێوە شەڕو بەکڕاچوونەوەی، بۆ ئەو بارودۆخەی سوپای دوژمن داهێنا.

لە بیست و چواری ئابدا، گروپێکی پێکهێنا بە ناوی پشتیوانانی داڤیدۆفەوە. ئیدی بە دوای ئەودا چەندین گروپی تر پێکهێنرا. تا دەهات هێرشەکە فراوانتر دەبوون و، ئەو گروپانەیش *لە زۆربوونـدا بـوون*. پشتیوانان کەوتنە خاپوورکردنی ئەو سوپا مەزنەی فەرەنسا. هەر وەکوو گسک لە باخ بدەن و، گەڵا زەردو وەریوەکان کۆبکەنەوە و، لە نێویان بەرن، وابوو. بەو شێوەیە کەوتنە گەسکێدانی ئەو سوپا داگیرکەرە. بەوەیشەوە نەدەوەستان و، دزەختەکانیشیان دادەتەکاند و، گەڵ زەردبووەکانی ئەو درەختانەیشیان رادەماڵی.

لـه تشـرینی یەکـەم و، لـەو کاتـەوەی فەرەنسـییەکان بـە ناچـاری بـەرەو سمولنسـک پاشەکشـەیان کرد و هـەڵاتن، ئـەم گروپانـەی پشـتیوانانیش بایـەخ و بـەهای پـەلامارەکانیان دەرکەوت. بڕێک لەو گروپە پشتیوانانەیش، شـێوازی بـەڕێوەبردن و کاریـان سـەربازیانە و سوپایی بوو. هـەر لە یـەکەی سوپـای پیادەیانەوە، تاکوو یەکەی تۆپخانەیان، یان ئـەرکانی جەنگیان. هەموو ژیانێکی خۆشیشیان بـۆ دەستەبەر کرابوو. فەسیل و گروپـەکانی تریش، نـەک هـەر سـوارانی قـەوقازییان لـەخۆ گرتبـوو، بـەڵکو گروپـی بچووکیـان تێدابوو و، تێکەڵەیـەکی سـەربازی سـواره و سـەربازانی پیادەیـان پێـک هێنـابوو. هەنـدێکیان لـە گوندنشینان و خاوەن مولکەکان و کەسانی مەدەنی وا پێکهاتبوون، کە کەس نەیدەناسین!

وەکوو دەگێڕنەوە:

مجێورێکی کۆنسە سەرکردایەتی گروپێکی پشتیوانانی دەکرد. لە مانگێکدا بە سەدان سەربازیان لە فەرەنسییەکان، بە 'دیل' گرتن. ژنە دەرەبەگێکی پۆلۆنی کە ڤاسیلیسای ناوبوو، بە سەدانی لەو سەربازە فەرەنسییانە کوشتبوو[1].

لـە دوا رۆژەکـانی تشـرینی یەکەمـدا، شـەڕی پشـتیوانان گەیشـتە لووتکـە. ئـەو دەمـەیان تێپەڕاند کە بە ئازایـەتیی خۆیـان سـەرسـام بـوون و، هـەموو ئانوسـاتێک لـە ترسـی سـوپای فەرەنسیدا بـن و، خـەمی ئـەوەیان بێت فریـای دابـەزین نەکـەون، لـە سـەر پشـتی ئەسـپ و گوێدرێژەکانیانەوە و، دیل بکرێن! یان لە دارستانەکاندا چاوەڕوانی راونان بـن لەلایـەن ئـەو سوپا فەرەنسییەوە.

ئێستا ئەم شەڕی پشتیوانانە خۆی جێگیر کردووە و، هەریەکە و لای خۆیـەوە دەزانێت چی بکات بەرامبەر سوپای داگیرکەری فەرەنسا بکات. گروپە بچووکەکانی پشتیوانان و، سـەرکردەکانیان، هێنـدە جەربـەزە بـوون، پـەلاماری وایـان دەدا کـە گروپـە گـەورەکان نەیانوێرابوو ئەو کارانە بکەن. قەوقازییەکانیش دزەیان دەکردە نێو سوپای فەرەنسییەوە و سڵیان لە هیچ پـەلاماردانێک نەدەکردەوە.

لـە (٢٢)ی تشـرینی یەکەمدا، دینسـۆف، کـە سـەرکردەی فەسیلێکی پشتیوانان بوو، زۆر بـە پەرۆشـەوە هـەر لـە بەیانییـەوە لـە نێـو دارسـتانێکدا چـاودێریی کـاروانێکی سـەربازیی فەرەنسیی دەکرد، کـە یـەدەکی تەقەمـەنی و، پێداویستیی سـوارەکانیان پێبـوو و، لـە سـوپا دابڕابـوون و، رێـی بـەرەو سمولنسـکیان گرتبووەبـەر و هێزێکـی مـەزنی پاسـەوانیش، پـاسـەوانیی دەکـردن و، ئـەم زانیـاریانەیش لـە دیـل و هـەڵاتووەکانی ئـەو سـوپایە و سیخوڕەکانی خۆیانەوە دەستیان کەوتبوو.

هەر دینسۆف لە رەوی ئەو سوپای دوژمنە بە ئاگا نەبوو. بەڵکوو دۆڵۆخۆفیش کە ئەویش سەرکردایەتیی گروپێکی بچووکی پشتیوانانی دەکرد و، لەو هەرێمەدا بوو. چـەند

---

١ ـ کتێبی 'میژووی ڕووسیا' نووسینی ئامبۆ.

کەتیبەیەکی تریش لە هەرێمەکە لەو کاروانە بە ئاگا بوون و، ئەوان دەستەی ئەرکانیان هەبوو.

ئەم هەواڵە بە هەموو هەرێمەکەدا بڵاو ببووەوە. ئەوانەی وەکو دینسۆف بوون هەر لەسەرەتاوە لە دانەچیڕەدا بوون، بۆ لێدانی ئەو کاروانە. سەرکردەی ئەو دوو کەتیبەیە ناردیان بۆ لای دینسۆف و، پێیان راگەیاند کە ئاخۆ بەشداریمان دەکات لە پەلاماردانی ئەو کاروانە سەربازییە فەڕەنسییەدا؟ سەرکردەی کەتیبەیەکیان پۆلۆنی بوو و ئەوی تریان ئەڵمانی بوو.

دینسۆف کە هەردوو نامەکەی خوێندەوە، هاواری کرد:

نەخێر برایان ناتوانم هاوکاریتان بکەم، چونکە ریشم هاتووە!

بۆ ئەڵمانیەکەی نووسییەوە، هەرچەند ئەوە گەورەییە بۆ من، لە ژێر سایەی بەڕێزێکی وەکوو تۆدا هێرش ببەم، بەڵام ناچارم خۆم بێبەش بکەم، لەو شانازییە چونکە پێش بەڕێزتان پەیمانم بەو سەرکردە پۆلۆنییە داوە. بە هەمان شێوە بۆ پۆلۆنییەکەیشی نووسی: لەبەر ئەوەی پێشتر پەیمانم بەو ئەڵمانییە داوە... ببوورن. پاشان لە دامێنی نامەکەوە نووسیبووی... دینسۆف.

دوای ئەم وەڵامانە دینسۆف بڕیاریدا لەگەڵ دۆلۆخۆف یەک بگرێت و، هێرش ببات سەر ئەو کاروانە، بێئەوەی گوێ بەو دوو سەرکردە ئەڵمانی و پۆلۆنییە بدات.

(٢٢)ی تشرینی یەکەمدا، ئەو کاروانە سوپایە رێگای بەرەو میکۆلینۆ شامشیڤۆو لای چەپی گرتبوو. لە نێوان ئەو دوو گوندەدا گیایەکی چڕ بوو. لە نێو ئەو گژوگیایەدا دینسۆف رێی دەبڕی و، خۆی بە دارستانەکەدا کرد.

بە درێژایی ئەو رۆژە لەگەڵ چەکدارەکانی بەڕێوە بوو و، چاوی لەو کاروانی سوپایە نەدەتروکان. قەوقازییەکان دەستیان بەسەر ئەو دوو گالیسکە چەقیوەی کاروانەکەدا گرت، کە زینی ئەسپیان بارکردبوو و، لە قوڕاوەکەدا چەقی بوون و گالیسکەکانیان بەرەو دارستانەکە برد. لەو کاتەوە تاکوو ئێوارە ئەو گروپی پشتیوانە شوێن ئەو کاروانەی سوپای فەڕەنسی کەوت، بێ ئەوەی پەلاماری بدات. نەدەبوو، ترس بخاتە نێو ئەو کاروانەوە و، لێشیی بگەڕێت بەبێ خەم بگاتە شامشیڤۆ. بۆیە پەیوەندی بە دۆلۆخۆفەوە کرد، کە وای دانابوو لە شوێنێکی دارستانەکەدا سوپاکەی شازدبێتەوە و، فرسەخێک لە دێیەکەوە دوور بێت. تا خۆیان ئامادە بکەن، بۆ بەرەبەیانی رۆژی دواتر و، وەکوو بروسکە بدەن بەسەر ئەو کاروانەدا و، هەموو سەربازە فەڕەنسییەکان بکوژن و، شتومەکەکانیان تاڵان بکەن.

بە دووری دوو فرسەخ لە پشت میکۆلینۆوە، شەش قەوقازییان نیشتەجێ کرد و، ئەرکیان بۆ دیاری کردن، کە چاودێریکردنی رێگاکە بوو و، هەر کاتێک فیرقەیەکی

سەربازی فەرەنسییان بینی، ئەوا سەرکردەکانیانی لێ ئاگادار بکەنەوە.

لەسەر دۆلۆخۆشیش پێویستبوو لەبەردەم شامشیقۆوە رێگاکە بپشکنێت تا بزانێت چەند لەو کاروانە سوپایەوە دوورە. سەربازانی ئەو کاروانەیان بە (١٥٠٠) سەربازێک خەملاندبوو. لەم لایشەوە دینسۆف دووسەد چەکداری پشتیوانی لەگەڵ بوو. دۆخۆلۆڤیش هەر بە هێندەی ئەو چەکداری هەبوو. بەڵام بە هێندەی سەربازە فەرەنسییەکان نەدەبوو بە خەم و بەربەست لەبەرامبەر دینسۆڤدا. ئەو پێویستیی بە زانینی شتێک بوو، ئەویش ژمارەی ئەو سەربازانە بوو، کە بە شوێن ئەو کاروانەوە بوون. ئەمەیش سەپاندی کە پێویستە زەلامێک لە دوژمن دیل بکات. واتە سەربازێکی دوژمن بە دیل بگرێت.

هێرشبردنی ئەو بەیانییە بۆ سەر گالیسکەکان، زۆر بە خێرایی بوو. تەنانەت ئەو فەرەنسییانەی نزیک بەو گالیسکانە بوون، کوژران. تەنیا یەک تەپڵ لێدەر لە نێو فەرەنسییەکاندا بە زیندوویی دەرچوو. لەبەر ئەوەی ئەو سەربازە تەپڵ لێدەرەیش خۆی لە خۆیدا سەربازێکی گێل بوو و نەدەتوانرا سوودی زانیاریی لێ ببینرێت.

دینسۆف وای بۆچوو کە هێرشبردن بۆ دووەم جار زۆر مەترسیدار بێت. بۆیە لادێیەکی نارد بۆ پێشەوەی کاروانەکە، تاکوو بەلایەنی کەمەوە رائیدێکی فەرەنسیی بۆ دیل بکات و بۆی بێنێت. تاکو بڕێک زانیاریی وەدەست بێنێت.

بەشی چوارەم
دینیسۆف و پیتیا

رۆژێکی کپی باراناویی پایز بوو. ئاسمان و ئاسۆ، یەک ڕەنگیان وەرگرتبوو. کە ڕەنگی ئاوێکی لێڵ بوو. دەمێک بارانەکە ڕشێنەی دەکرد و، دڵۆپە بارانەکە وردبوو. دەمێکیش بە لێزمە و دڵۆپەی گەورە دەباری.

دینسۆف پاڵتۆیەکی خوریی ناوداری لەبەردابوو و، کڵاوێکی بەسەرەوە بوو. کە لە فەروو بوو و، دڵۆپە بارانەکەی پێدا خلدەبووەوە بۆ خوارەوە. بە سواری ئەسپێکی ڕەسەنی باریکەلەوە بوو. سەری وا بەلادا خستبوو، وەکو ئەوەی زۆر بە ئاگای دەوروبەر بێت. دینیسۆف بە رووبەکی گرژەوە لە ژێر بارانەکەدا، بە دەم و چاوێکی ڕەقەڵە و، ریشێکی کورتەوە دەڕۆیشت و، پێوەی دیاربوو کە تووڕە بوو.

بە تەنیشت دینیسۆفەوە، یەکێکی دی لە پاڵتۆیەکی ناودار بە لباد و، کڵاوێک لە فەروو بە سەریەوە بوو و، ئەویش سەرکردەی بااڵی فیرقەکانی قەوقازییەکان بوو. یاریدەدەرەکەی ئەمیش بە سەر پشتی ئەسپێکی "دون"ەوە بوو. کەتە بوو و دیار بوو کە، ئالیکەکەی پێ کەوتبوو.

سەرکردە لۆقاییسکیی قەوقازی، شوێن هەردوکیان کەوتبوو و، وەکوو ئەوان پۆشتە بوو. گەنجێکی کەتەی زەردباوی چاو جوان بوو. هەر زوو سەرنجدەرەکەی تێی دەگەیشت کەوا کەسێکی بڕوا بەخۆ بووە. دینیسۆف بە خۆی و ڕووە گرژەکەی و

تەڕبوونەکەیەوە، لە سوارەیەکی ڕەسەن نەدەچوو، بەڵام وەکوو هەر سەرکردەکەی تر، بەسەر زینی ئەسپەکەیەوە، ئارام و سروشتی بوو.

ئەو لادییەی پاڵتۆ خۆڵەمێشییەکەی لەبەردابوو و، کڵاوێکی سپی بەسەرەوە بوو، هەموو گیانی تەڕی بارانەکە بوو و، وەکوو چاوساغیان بێت، کەمێک پێشیان کەوتبوو. لە دوای ئەویشەوە ئەسپێکی کەرەجیی باریکەلە بوو، کلکێکی تووکن و لاشەویلگە داقلیشاوی هەبوو. بەسەر پشتییەوە ئەفسەرێکی لاو بوو و، پاڵتۆیەکی شینی لەبەردابوو. بە تەنیشت ئەویشەوە، سوارەیەکی لاو بوو. بەرگێکی دڕاوی فەڕەنسیی لەبەردابوو و، کڵاوێکی شینی بەسەرەوە بوو. بە دەستە سووڕباوەکەیەوە خۆی بە سوارەکەی تردا هەڵواسیبوو. قاچە ڕووتەکانی لێکدەخشاند و، هەوڵی دەدا گەرمی ببێتەوە. ئەم کەسە چکۆلەیەیان تەپڵ لێدەرە گێلە فەڕەنسییەکە بوو کە بە "دیل" گیرابوو. بەدوای ئەواندا بەو ڕێیەی کە پڕ بوو، لە گەڵای زەردی وەڕیوی درەختەکان، سوارەکان دەهاتن و سێ سێ بوون و جاری وایش بوو چوار چوار بە ڕێدا دەڕۆیشتن. بە دوای سوارەکانیشدا قەوقازییەکان دەهاتن. ئەمانە بڕێکیان پاڵتۆی فەڕەنسییان لەبەردا بوو. ئەسپە مارۆنییەکانیش بە هۆی تەڕبوونیانەوە بە بارانەکە، ڕەشیان دەنووان و، هەڵمیان لێ هەڵدەستا. بەرگەکانی بەریان و زین و سەرزین و، لغاو و هەموو شتەکانیان تەڕی بارانەکە بوو و، لەگەڵ گەڵا زەردە وەڕیوەکانی سەر ڕێگاکە، دەبریسکانەوە.

لە نێویاندا دوو گالیسکە لە چەند ئەسپێکی فەڕەنسی و قەوقازی بەسترابوون. ئەسپەکەی دینیسۆف لای دایە لاڕێ، تا نەکەوێتە چاڵە ئاوێکەوە و ئەژنۆی بەر قەدی درەختێک کەوت.

دینیسۆف بە لاقرتێوە وتی،"بروسکە لێت بدات! "

دوو سێ قامچی لە ئەسپەکەی خۆی دا و، بەو کارەی خۆی و، ئەوەی لەلایەوە بوو، بە پرژی قامچییەکە تەڕ بوون.

دینیسۆف ئارام نەبوو، چونکە برسی بوو و، لە بەیانییەوە نانی نەخواردبوو و، بارانەکەیش هەر سەرومڕ بوو. نە دۆلۆخۆف دیار بوو و، نە ئەوەی ناردبووی تاوەکوو دیلێکی سوپای دوژمنی بۆ بێنێتەوە. خۆ ئەگەر کارەکان بکەونەوە سبەینێ، ئەوا ئەم کاروانە سوپا فەڕەنسییە لە دەستیان دەردەچێت و، بە دیار چاویانەوە، سوپایەکی پشتیوانانی گەورە پەلاماریان دەدەن و، دەیانماشنەوە.

کە دینیسۆف گەیشتە زەوییەکی ڕووتەند وەستاو، وتی:

"دەبینم... کەسانێک بەرەو لای ئێمە دێن."

سەرکردەی قەوقازییەکانیش لەو شوێنەی ڕوانی، کە دینیسۆف لێیدەڕوانی.

سەرکردەکە وتی،"ئەوان دوو کەسن... ئەفسەرێک و قەوقازییەکە."

دوو سوارەکە بە لاپاڵەکەدا شۆڕبوونەوە بۆ نەدیوییەکە و، دوای چەند خولەکێک

دەرکەوتنەوە. ئەفسەرەکە پێشکەوتبوو و، قامچی دەوەشاند و، پرژی ئاوی بارانەکە بەو ناوەدا بڵاو دەبووەوە. ناچار دەرەلنگی پانتۆڵەکەی تا ئەژنۆ هەڵکردبوو. بە دوای ئەویشدا قەوقازییەکە بە دوایەوە بوو. ئەفسەرەکە خۆی گەیاندە دینیسۆف و، کاغەزێکی تەڕی دایە دەستی و وتی:

"ئەمە لای ژەنەرالّەوەیە. ببوورن کە تەڕیش بووە!"

دینیسۆف بڕۆکانی هێنابووەوە یەک و نامەکەی کردەوە. لەو کاتەدا دینیسۆف نامەکەی دەخوێندەوە، ئەفسەرەکە سەرکردەی قەوقازییەکانی دەدواند.

هەموویان وتیان:

"شتەکە زۆر مەترسیدارە. هەر زۆریش مەترسیدارە! لەبەر ئەوە خۆم و کۆمارۆڤ،هەموو پێویستیەکمان ئامادە کردوە. هەریەکەشمان دوو دەمانچەی پێیە."

کە کورتەبنە تەپڵ لێدەرەکەیشی بینی وتی:

"ئەی ئەمە؟ ئەمە چییە؟ بۆچی روبەڕووی یەک بوونەوە، بۆ شەڕکردن؟ ئاخۆ ڕێم دەدەن... بیدوێنم؟"

لەناکاو دینیسۆف دوای خوێندنەوەی نامەکە هاواری کرد:

"ڕۆستۆڤ! پیتیا! بۆچی هەر زوو نەتووت کە خۆتیت!

پاشان بە زەردەخەنەیەکەوە لای کردەوە و، دەستی بۆ تەوقەکردن لەگەڵ ئەفسەرە لاوەکە درێژ کرد و، بێ ئەوەی وای پیشان بدات، بیرەوەرییە کۆنەکانی بیر کەوتووەتەوە. بەڵام هەر کە بۆی پێکەنی، ویستی بەختەوەریی خۆی پیشان بدات بەرامبەر ئەم ئەرکە نوێیەی. پاشان ئەوەی گێڕایەوە کە چۆن بە بەردەم فەرەنسییەکاندا ڕۆیشتووە و، چۆن ئاگر کەوتنەوەکەی فیازمایشی بینیوە!

بە دڵەراوکێوە دینیسۆف قسەکەی پێ بڕی،ئەویش وتی،"خۆشحاڵم بە بینینت."

پاشان ئاوڕی لە سەرکردەی قەوقازی و یاوەرەکەی دایەوە و وتی:

"ئەی میخائیل ڤیوکلیتیتش...نامەکە لە ئەڵمانییەکەوەیە ئەویشی لە رکێفدایە." دینیسۆف کەوتە باسکردنی ئەو نامەیەی کە پێی سپێردراوە و، ئەوەیشی پشتڕاست کردووەتەوە کە ئەویش پەیوەندیمان پێوە دەکات، بۆ هێرش بردنە سەر ئەم سەربازە فەرەنسییانە.

پاشان لەسەری ڕۆیشت:

"تاکو سبەینێ ئەم سوپای دوژمنە دیل نەکەین... ئەوا بە کوێرایی چاوی ئێمەوە... بە بەردەمماندا تێدەپەڕن."

دینسۆف هەستی بە تێکچوونی ڕوخساری پیتیا کرد. پیتیایش بە درێژیی ڕێگاکە، ویستی خۆی وەکو یاریدەدەرێکی سەربازی بنوێنێت. بەڵام هەستی کرد دوولای پانتۆڵەکەی لە ژێر پاڵتۆکەیەوە ڕەویوەتەوە! بۆیە بیئەوەی سەرنجی کەس ڕابکێشێت

دەستی برد و، لە ژێر پاڵتۆکەوە دوولاییەکەی لێکدایەوە.

بە دوایدا دەستی برد بۆ کڵاوە سەربازییەکەی و، بـە ژەنەرالی وت:

"فەرمانتان بە چییە، خاوەن شکۆ؟ هەروا لە دواتانەوە بم و چاوەڕوانی فەرمان بم؟"

دینیسۆف هەڵیدایە،"فەرمانەکانی من،ها! بۆ دەتوانیت تاکو سبەینێ لێرە بمێنیتەوە؟"

پیتیا هاواری کرد،"ئای! زۆرییش بە خۆشحاڵییەوە، دەتوانم تاکوو سبەینێ بمێنمەوە. ڕێم دەدەیت یاوەرییت بکەم؟"

دینیسۆف پرسیی:

"بەڵێ...بەڵام ئەو فەرمانانە چی بوون کە ژەنەرال پێی دابوویت؟ پێی وتیت هـەر زوو بگەڕێیتەوە؟

ڕوخساری پیتیا سوور هەڵگەڕا و بە دڵەڕاوکێوە پرسیی:

"من هیچ فەرمانێکم پێ نەدراوە... باشە ئێستا دەتوانم؟"

دینیسۆف وەڵامی دایەوە،"زۆر باشە! ڕێک کەوتین."

پاشان ڕووی کردە ژێر دەستەکانی و، زانیاریی پێدان. دەبوو فیرقەکە هـەموویان ڕوو لـە شوێنی بۆ دیاریکراوی خۆیان بکردایە، کـە کـەوتبووە دارستانەکەوە. لـە هـەمان کاتدا ئەفسـەرە خاوەن ئەسپە کەرەجییەکەیش بڕوات بە شوێن دۆلۆخۆڤدا بگـەڕێت و، بزانێت تـا دوا نیوە شەو پەیدا دەبێت؟

خۆیشـی بـە نیـاز بـوو لەگەڵ سـەرکردە قەوقازییەکـە و بێتـادا بـڕوات و، لـە بـەری شامشیڤووە خـۆی بکات بە نێو دارستانەکەدا. تاکوو ئەو بەرەیە دیاری بکات، کە سبەینێ تێیدا بەرەنگاری دوژمن دەبێتەوە.

بە ڕێنماییکەرە لادێیەکەیشی وت،"دەی ڕیش پان... بمانگەیەنە شامشیڤۆ."

دینیسـۆف و پیتیـا و، سـەرکردە و چەند سـوارەیەکی قـەوقازی، بـەلای چەپدا ڕوویـان وەرگێڕا و، ویستیان خۆیان بگەیەننە دارستانەکە.

بەشی پێنجەم
تیخۆن شیرباتۆف

هەرچەند بارانەکە خۆشی کردەوە، بەڵام هەر پرووشەی دەکرد. دڵۆپە ئاوەکان قورس دەبوون و، بەسەر گەڵاکاندا بەرەو زەوی، تڵۆر دەبوونەوە. دینیسۆڤ و سەرکردەی قەوقازی و پیتیا، بێدەنگ شوێن لادێیە کلاو بەسەر و پێڵاوە لە گوش دروستکراوەکە کەوتبوون. لادێیەکەیش بێ خشپە پێی لەسەر گەڵا وەریوە تەڕەکان دادەنا و، بەرەو دارستانەکە دەڕۆیشت.

لادێیەکە گەیشە ملەیەک و وەستا. کەوتە پشکنینی دەوروبەری خۆی. پاشان بەرەو ریزێک درەختی دارستانەکە بووەوە. لە نزیک دار بەڕوویەکەوە وەستا، کە هێشتا گەڵاکانی هەڵنەوەری بوو و، بە چرپە بانگی کرد. پیتیا و دینیسۆڤیش لێی چوونە پێشەوە. ئەوە شوێنێک بوو، کە دەتوانرا سوپای فەڕەنسیی لێوە ببینرێت. بەرامبەریان لاپاڵێکی پەڵەگەنم بوو. لای راستیشەوە و، بەرامبەر بە شیوێکی زۆر لێژەوە، دێیەکی چکۆلە بوو و، بە روونی ماڵی ئاغاکەی ئەو دێیە دەبینرا... بەڵام سەربانەکانی هەموو داتەپی بوو.

لە دووریی دووسەد "ساجین"[1]ەوە کۆمەڵە خەڵکێک لە نێو تەم و مژە جوڵاوەکەدا دەرکەوتن و، دیار نەدەمانەوە. چونکە بایەکە تەم و مژەکەی دەجوڵان. ئەو خەڵکانە لەو دێیە چکۆلەیە و، لە ماڵی ئاغاکەیدا بوون. بە لێژییەکەوە و لە باخەکەی ئەو بەڕێزەدا و، نزیک بە بیرەکانی ئەو وەستابوون.

هەر بە درێژی ئەو رێیەوە بوون، کە بە پردێک دێیەکەی بە گردەکەوە دەبەستەوە. هاوار و قیژەیان بە زمانی بیانی بوو و، دەیانویست ئەسپەکان وا لێ بکەن، گالیسکەکان بە لاپاڵەکەدا سەربخەن.

---

۱ ـ "ساجین"ێک یەکسانە بە ۱۳۳٦مەتر دووجا.

دینیسۆف چاوی لەسەر فەڕەنسییەکان هەڵنەگرت و وتی:

"ئەوان گیراوەکانیان هێناوە بۆ ئێرە."

قەوقازییەکە لە ئەسپەکەی دانەبەزی و، هەرزەکارەکەیش هات بۆ لای دینیسۆف. دینیسۆفیش ئاماژەی بە فەڕەنسییەکان دا و، لێی پرسی کە ناوی یەکەکان بڵێت. هەرزەکارە دیل کراوەکەیش دەستەکانی بە گیرفانەکانیدا کردەوە و، بە ترسێکەوە لە دینسۆفی روانی. هەرچەند دەیویست ئەوەی دەیزانێت پێی بڵێت، بەڵام باباتەکەی لێ تێکەڵ و پێکەڵ بوو و، هەموو وەڵامەکانی بەڵێ بوو. دینیسۆفیش سەیرێکی قەوقازییەکەی کرد و، ئەویش هاوڕای دینیسۆف بوو. پێتیایش سەرقاڵی سەرنجدانی، دەمێک تەپڵکوتە کورتەبنە فەڕەنسییە دیلەکە بوو و، دەمێکیش سەرنجدانی دینیسۆف. دەمێکیش لەو فەڕەنسییانەی دەڕوانی، کە بەو دێیە و دەوروبەریدا، بڵاوەیان لێ کردبوو.

دینیسۆف بە پەرۆشەوە هاواری کرد:

"دۆلۆخۆف، بێت یا نەیەت، لەسەرمانە ئێمە هێرش بۆ ئەو فەڕەنسییانە بەرین."

سەرکردەکەیش وەڵامی دایەوە،"بەڵێ! چونکە ئێرە شوێنی شیاوی خۆیەتی."

دینیسۆف لەسەری رۆیشت:

"سەربازە پیادەکان، لە رێی زۆنگاوەکانەوە دەنێرین بۆ گوندەکە و، باخچەی ماڵەکە."

ئاماژەی بەو دارستانە دا کە کەوتبووە پشت ئاواییەکەوە.

"خۆیشت لەگەڵ قەوقازییەکان، ئا لەوێوە پێشڕەوی دەکەیت. خۆم و سوارەکانیشم، لێرەوە پێشڕەوی دەکەین... چاوەڕوان بن تاکو من یەکەم فیشەک دەتەقێنم."

سەرکردەیش وتی: "ناتوانیت بەو لاپاڵەدا بڕۆیت، چونکە شیوێکی قوواڵی پێدا درێژ بووەتەوە و، ئەسپەکانتانی تێ دەکەوێت. بۆیە پێویستە لای چەپ بگریتە بەر."

لەکاتێکدا ئەوان بە چرپە وتوویژیان دەکرد، لەوبەری زۆنگاوەکانەوە تەقەی فیشەک دەنگی دەدایەوە و، بە دوایدا گەواڵەیەک دوکەڵی سپی بڵند بووەوە. پاشان چەند فیشەکێکی تر تەقی و، بە سەدان فەڕەنسی لەوانەی بەلاپاڵەکەوە بوون هاوارو قریشکو هوڕی ترس و توقیوییان لێ هەستا.

سەرەتا سەرکردە و دینیسۆف زۆر ترسان و، بەرەو دوا بوونەوە. هەر لەو رووداوەوە بۆیان دەرکەوت، کە لە سوپای دوژمنەوە زۆر نزیکن.

تووماز ئەمە پیاوێکی بەرگ سوورە و، کەوتووەتە نێو قوڕ و لیتەوە و هاوارو قیژەی سەربازەکانیش هەر بۆ ئەوەیە!

سەرکردە وتی،"بەڵام ئەوە تیخۆنەکەی خۆمان بووا!"

دینیسۆفیش وتی،"بەڵێ راست دەکەیت."

دینیسۆف هاواری کرد،"هەی لەو رسوایە!!ن

سەرکردەش چاوێکی داگرت و وتی،"ئۆوا! بێخەم"بن... خۆی رزگار دەکات."

پاشان ئەو پیاوە بە پەلەپرووزە، خۆی گەیاندە جۆگەلە ئاوێک و، ئاوی پێویست بوو، ون بوو و، کاتێک سەری هەڵداوە رەشباو دەینوان. چونکە باش قوڕاوی بوو بوو. پاشان تا بۆی کرا بە گاگۆڵکە و لەسەر چوارپەل رای کرد. ناچار فەڕەنسییەکان لێی بێزار بوون و جێیان هێشت.

سەرکردە وتی،"زۆر باشە! ئەو پیاوە چالاکیشە!"

دینیسۆڤیش کە دڵەڕاوکەی پێوە دیاربوو وتی: "ئەو پیاوە چ ئاژەڵێکە؟ باشە تاکو ئێستا چۆن کاتی بەسەر بردووە؟"

پێتایش پرسیی،"ئەو کەسە کێیە؟"

"ئەوە پیاوە تەتەرەکەمان بوو! ناردم تاکوو بچێت فەڕەنسییەک دیل بکات و، بۆم بێنێت و بیکەینە چاوساغ بۆ خۆمان و، زانیاریی لێ وەربگرین."

هەرچەند پێتیا یەک وشە چییە، لە رستەکانی دینیسۆڤ تێنەگەیشتبوو، بەڵام وا سەری بۆ لەقان کە گوایە ئاگاداری شتەکانە! ئەمجا وتی،"ئۆو! زۆر باشە!" تیخۆن یەکێک بوو، لە ئەندامە هەرە پابەندەکان بە ڕێنمایی گروپەکەیەوە. لادێیەکی دێی بۆکۆمسکۆیەی، نزیک بە چات بوو. هەر لە سەرەتای کردەوە سەربازییەکەیدا، خۆی بەو دێیەدا کردبوو و، لە دەرەبەگەکە چوو بووە پێشەوە و، پرسیاری لە بارەی فەڕەنسییەکانەوە لێ کردبوو. ئەویش وەکوو هەر دەرەبەگێکی تری گوندەکان وەڵامی دابووەوە، کە هیچ نازانێت! بەڵام هەر کە تیخۆن، مەبەستی راستەقینەی خۆی تێگەیاندبوو، کە دەیەوێت هێرش بکاتە سەر فەڕەنسییەکان و، ئاخۆ ئەم سەرکەشییە، لە دەوروبەری ئەم ناوەدا، سەرکەوتوو دەبێت؟ خاوەنی هەرێمەکە وتبووی بەڵێ ئێمە چەند تەتەر و شارەزای هەرێمەکەمان هەیە. بەڵام تیخۆن شیرباتۆڤ تەنیا کەسێک بوو کە بایەخ بەم کارە بدات. پاشان دینیسۆڤ شیرباتۆڤی بانگ کرد و، دوای ئەوەی دەستخۆشیی کارەکەی لێکرد، لای دەرەبەگەکەدا، باسی دڵسۆزیی ئەوی بۆ کرد، بەرامبەر قەیسەر و نیشتمان و، پاشان باسی ئەو رق و کینەی ڕووسییەکانەی کرد، بەرامبەر سوپای فەڕەنسا هەیانە. تیخۆنیش کەمێک تەریقی لە قسەکانی دینیسۆڤ کێشا و وتی: "ئێمە بۆ فەڕەنسییەکان خراپ نەبووین. بەڵام دوو دەرزەنمان لە خەڵکی ئاواییەکانی خۆمان گرتووە... چونکە سیخوڕییان بۆ فەڕەنسییەکان کردووە و، کوشتوومانن. بێ لەم کارە، هیچ کردەوەیەکی خراپمان دەربارەیان نەکردووە.

ڕۆژی دواتر دینیسۆڤ، تیخۆنی هەر بیر نەمابوو! بەڵام لە کاتی جوواڵەی سەربازەکاندا هاتن و، تێیان گەیاند کە تیخۆن پەیوەندیی بە گروپەکەیانەوە کردووە و، داوای ڕەزامەندیی دینیسۆڤ دەکات! ئەویش هەر زوو ڕازی بوو.

لەسەرەتادا کاری ئاوهێنان و ئاگرکردنەوە و، کەوڵکردنی ئەسپە تۆپیوەکانیان پێ دەسپارد. بەڵام دواتر ئێواران بە ناوی ڕاوەوە، لە سەربازەکان دوور دەکەوتەوە و، کاتێک

شەو دەگەڕایەوە، باوەشێک بەرگ و پۆشاکی سەربازی و، چەکی لە فەڕەنسییەکان دەدزی و، بەخۆ بادان دەگەڕایەوە. بە مەش سەلماندی کە کەسێکی لەبارە بۆ شەڕی پشتیوانان. بگرە جاری وایش بوو، فەڕەنسیی بە دیل دەگرت و پێش خۆی دەدا و دەگەڕایەوە. ناچار دینیسۆف نەیهێشت ئیدی لەو کارانە بکات و، تێکەڵی سەربازە قەوقازییەکانی کرد. ئەم تیخۆنە، حەزی بە سواریی نەبوو و، هەمیشە پیادە بوو. بەڵام نەیدەهێشت سوارەیەک پێشی بکەوێتەوە! تفەنگێکی هەر وەکوو هێما پێبوو. رمێک و تەورێکی هەمیشە پێبوو و، زۆر چاپووکانە بەکاری دەهێنان.

هەر وەکوو گورگ چۆن بە ددانەکانی کێچی لە پێستەکەی دوور دەخاتەوە، ئاوا بە پەلامارەکانی ستوونە چەقیوەکانی دەکرد بە دوو لەتەوە! تیخۆن جێی شیاوی تایبەت بە خۆی هەبوو. شوێنەکەی جیاواز بوو. لە یەک رۆیشتندا پەنجا فرسەخی دەبڕی و، سەربازانی فیرقەیش هەموو دەچوونە تەماشای.

پێیان دەگوت: "هیچ شتێک نییە زیان بەم شەیتانە بگەیەنێت... چونکە هەموو شتێکی بۆ دەخورێت!"

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، دیلێکی فەڕەنسی لێی هاتبووە دەست و، فیشەکێکی لێ دابوو و، بریندەکەیشی قووڵ بوو. ئەم تیخۆنە بریندارە، هەر بە عەرەق تیماری خۆی دەکرد...ئەو دەمەی ئەم، باسی ئەو فیشەکەی بۆ فیرقەکەی دینیسۆف دەکرد، دیلە فەڕەنسییە تەقەکەرەکەیشی، بە دیارەوە بوو. کەچی تیخۆن هەر گوێیشی بەقسەکانی نەدەدا.

قەوقازییەکان بە دەم قاقای پێکەنینەوە دەیانووت: "زۆر باشە! براکەمان. جارێکی تر ناتبەین بۆ پێشەوەی شەڕەکە، خۆ ئەگەر بریندەکەت کەمێک سەختتر بوایە، ئەوا دەبوویتە پیاوێکی قەموور! تیخۆنیش رووی گرژ دەکردو دەستی دەکرد بە جنێودان بە فەرەنسییەکان. ئەم بریندارکردنە هەروا بە ئاسانی بە سەریدا تێنەپەڕی. ئیدی لە دوای ئەو بریندارکردنەوەی زۆر کەم تەقەللای بە دیلگرتنی فەرەنسیی دەدا.

تیخۆن بە سوودترینو بۆێرترین پیاوی نێو فیرقەکەی دینیسۆف بوو. زۆر شارەزا بوو لە دانانی داو و تەپکەدا، بۆ راو کردنی فەڕەنسیەکان و، بە دیل کردنیان یان کوشتنیان. ئەمە وای کرد بوو، ببێتە نوکتەباز و گاڵتەجاڕی قەوقازی و، هەموو سوارەکان. خۆیشی سەری لەو گاڵتەجاری و نوکتەبازییە دەخورا. ئەمجارەیان و هەر ئەمشەو دینیسۆف ناردی تاکوو فەڕەنسییەکی بە دیل بۆ بێنێت، تا بیکاتە زمانی فیرقەکە... واتە چاوساغی جووڵەی فیرقەکەی خۆی. بەڵام تیخۆن ئەو شەوە خەوی لێکەوتبوو، یان بیری چوو بووەوە، چ فەرمانێکی بەسەردا درابوو! ئێستاش نەزانرا چۆن بوو؟ نەچووبوو بۆ گوندی شامشێگۆ بەرەبەیان خۆی کردبوو بە دارستانەکەدا و، بۆ نێو فەڕەنسییەکان و، دینیسۆفیش بە چاوی خۆی ئەوی لەو بارە ناهەمواردا، بینی بوو.

بەشی شەشەم
نهێنییەکە چی بوو؟

دوای ئەوەی ماوەیەکی تر، لەگەڵ سەرکردە قەوقازییەکە، لەبارەی هێرشکردنەکەوە و بڕیاردان لەسەری گفتوگۆییان کرد، ئێستاش لە فەڕەنسییەکان نزیک بوونەتەوە، دینیسۆف لغاوی ئەسپەکەی وەچەرخان و گەڕایەوە.

بە پیتیای وت،"دەی براکەم... ئێستا دەبێت جلەکانمان وشک بکەینەوە."

کە گەیشتە بنکەی پاسەوانی دارستانەکە. لە جێی خۆی وەستا و، کەوتە پشکنینی چواردەوری خۆی. دینیسۆف پیاوێکی لاق درێژی کراس ئاودامان لەبەر بوو و پێڵاو لە گووش دروستکراوی، لە پێدابوو. کڵاوێکی کازانیی بە سەرەوە بوو، تفەنگێک و، تەورێکی پێبوو. بینیی ئەو پیاوە بە هەنگاوی خێرا بە نێو گژوگیا بەرزەکانی دارستانەکەدا دەڕۆیشت.

هەر کە ئەو پیاوە دینیسۆفی بینی، شتێکی فڕێدایە نێو گژوگیاکەوە و، کڵاوە بەگووش چنراوەکەی سەری لابرد و، لە سەرکردەکەی نزیک بووەوە. ئاخر ئەو پیاوە تیخۆن بوو! پاشان سەری بڵند کردەوە و، لەوە دەچوو خۆی لە پێکەنین گرتبێتەوە و هاکا.. لە قاقا بدات.

دینیسۆف لێی پرسی،"کەواتە... لە کوێوە هاتوویت؟"

تیخۆن بە بڕوا بەخۆ بوون و، ئازایەتییەوە و، بە دەنگێکی نزم وتـی:

" لە کوێوە هاتووم؟... لە راوەدوونانی فەڕەنسییەکانەوە هاتووم!"

دینیسۆف پێی وت،"هـەی ئـاژەڵا! بۆ بـەم سـەعات چـوارە و، بـەم ڕۆژە ڕووناکـە!؟ جـا باشە سەرکەتوو بوویت؟"

تیخۆن وەڵامی دایەوە،"بەڵێ! بەڵێ! یەکێکم لێ بە دیل گرتن!"

دینیسۆف پرسیی،"کوا لە کوێیە؟"

تیخۆن باری شیاوی لەسەر دوو لاقە درێژەکەی وەرگرت و وتی:

"بەڵێ یەکێکم لێ گرتن و، پێش هـەڵاتنی خـۆرا! بـەرەو دارستانەکە بەکێشـم کـرد. بـەڵام دواتر بۆم دەرکەوت، ئەو سەربازە فەڕەنسییە بە کەڵکی ئێمە نایەت! ئەوە بوو هەستم کرد کە دەبێت یەکێک بگرم کە سوودی لێ ببینرێت."

دینیسۆف بە سەرکردە قەوقازییەکەی وت:

"ئاخ! هەی بۆگەن! جا ئـا ئەوە هۆیەکە بوو؟ ئەی بۆ نەتهێنایە لای من؟"

تیخۆن بە وریاییەوە وەڵامی دایەوە:

"جا سوودی چی بوو؟ خۆ بە کەڵک نەدەهات؟ بۆ نازانم تۆ چ جۆرێکت دەوێ؟"

دینیسۆف هەڵیدایە،"ئەی دواتر چی؟"

تیخۆن لە سەری ڕۆیشت،"بە سکەخشێ بۆ یەکێکی تر گەڕام!"

لە ناکاو خۆی دا بە زەویدا و، لە سەری ڕۆیشت،"ئاوا لەسـەر سـک خـۆم بـەکێش کـرد. دواتر یەکێک نزیک بووەوە. منیش ئاوا هەڵەفەکانم بۆ ئامادە کرد."

پاشان تیخۆن قەڵەمبازێکی داو درێژەی دایە،"هـاوارم لێکرد: دەی بـەرەو پێش بـڕۆ بـۆ لای سەرکردە. ئا ئەوەیش خۆیەتی و، فیشک و هـوڕیـەتی! چـواری تـر بـە شمشـێرەوە بـۆم هاتن و، منیش ئەم تەورەم هەڵسوڕاند و، قیژاندم،" بڕۆنە دواوە. بڕۆن بۆ لای شەیتان!"

لەو کاتەدا تەورەکەی دەستیشی هەڵدەسوڕاند. پاشان هاتەوە سەر خۆی.

سەرکردە قـەوقازییەکـە چـاوێکی داگـرتو وتی،"بـەڵێ! بـەڵێ! ئێمـەیش لەسـەرەوە تۆمـان بینی، چۆن لە نێو قوڕاوەکەدا یاریت بە کۆڵەکە تەختەکان دەکرد."

پێتیا زۆر پێکەنینی دەهـات. بـەڵام کـە ئـەوانی دەبینـی زۆر بـە جدیـەوە دەدوان، ناچـار ددانـی بـە خۆیـدا گـرت. پاشـان کەوتـە سـەرنجدانی تیخـۆن و، دەمێکـیش لـە سـەرکردە قەوقازییەکە و، دەمێکی تر لە دینیسۆفی دەڕوانی.

دینیسۆف بە دەم کۆکە کۆکەوە هاواری کرد:

"خۆت لە گێلی مەدە! بۆچی... ئەوەت بۆ نەهێنام کە یەکەمجار گرتبووت؟"

تیخۆنیش بە دەستێکی پشتی خوراند و، بە دەستەکەی تری سەری خوراند. پاشان دایە

قاقای پێکەنین و، هەموو دەم و ددان و، بێخی ددانەکانی دەرکەوتن. بە جوانی دەرکەوت کە ددانەکانی کەل و کۆمن! بۆیەیش ناویان نابوو: تیخۆنە ددان کەل و کۆم.

پیتایش خۆی بۆ نەگیرا و لە قاقای دا

تیخۆنیش هەڵیدایە،"بەراست ئەو کە بەکەڵکی هیچ نەیەت، ئیدی بۆ بەو قورڕاوی و پۆخڵییەوە بیخەمە بەردەمت؟ ئاخر خاوەن شکۆ...ئەو هەر زۆر پیس و پۆخڵاو بۆگەن بوو!"

ئەو لە قورڕوچڵپاو هەڵکێشراوەیش، هەمیشە لەبەر خۆیەوە دەیوت:

"من! من مردووم! دەبێت نوێژی مردووم بۆ بکەن! ناتوانم بڕۆم."

دینیسۆف هاواری کرد:

"ئاژەڵ! من پێویستم بە کەسێکی لەو جۆرەبوو، تا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەم!"

تیخۆنیش وتی:

"خۆ منیش وام لێکرد قسە بکات. پێی وتم: ئێمە شتێکی زۆر نازانین. ئەوان زۆرن، بەڵام هیچ نرخ و گرنگییەکیان نییە. نە ئەمان و نەئەوانیش."

پاشان دینیسۆف لە ئەسپەکەی داو وتی،"لێیان بدەن و دەستتان بە هەموویاندا بگات."

پاشان دینیسۆف بە بڕواوە هاواری کردەوە:

"تیخۆن تۆیش... چاوەڕوانبە... دەبێت دارکاری بکرێیت... تا بە جوانی بتوانیت خۆت لە گێلی بدەیت!"

تیخۆنیش هاواری کرد:

"جا ئەو تووڕەبوونەی بۆچییە؟ بۆچی من ئەو فەڕەنسییانە ناناسم!؟ با شەو دابێت! دوو دانەت بە دیلی بۆ دێنم! گەر پێویستی کرد سیانیش."

دینیسۆف هاواری کرد،"بۆپێشەوە هێرش بەرن."

بە رێگای بنکەی پاسەواناندا و، بێدەنگ کەوتە رۆیشتن و، تیخۆن و پیتیا و قەوقازییەکان دوای کەوتن. پیتیا گوێی لێبوو قەوقازییەکان سوعبەتیان لەگەڵ تیخۆن دەکرد، دەربارەی ئەو پێڵاوە بە گووش چنراوەی کە فڕێی دابووە نێو درکەکانەوە. پاشان پیتیا بۆی دەرکەوت کە ئەو لادییە دەمێک نییە یەکێکی کوشتووە! پاشان لە کورتەباڵا تەپڵا لێدەرەکەی روانی و هەستی کرد دڵی گوشراوە.

ئەفسەرێک هات بۆ لای دینیسۆف و، هەواڵی ئەوەی بۆ هێنا، کە دوای کەمێکی تر دولۆخۆف دەگات و، هەموو شتێک لە شوێنی خۆیدایە. دینیسۆف دڵی بەو هەواڵە خۆش بوو و، کرایەوە و پیتیای بانگی لای خۆی کرد و پێی وت،"دەی.. ئێستا باسی خۆتم بۆ بکە."

بەشی حەوتەم
پیتیا و دیلکراوەکە

هەر دوای جێ هێشتنی کەس و کاری و، شاری مۆسکۆ، پیتیا خۆی گەیاندەوە گروپەکەی. لەوێیش زۆری پێ نەچوو. کاتێک بە خۆی زانی پلەکەی بەرز کرایەوە و، بوو بە ئەفسەری پەیوەندی و، بۆ لای ژەنەرالێکی سەرکردەی کەتیبەیەکی بەهێز گوازرایەوە.

هەر لەو کاتەوەی پیتیا، پلەکەی بەرز کرایەوە بۆ ئەفسەر و، بە تایبەتیش لەو کاتەی لە شەڕەکەی فیازمادا، بەشداری سوپایەکی کارا بوو، ئیدی پیتیا زۆر دڵخۆش بوو و، هەستی کرد کە ئیتر ئەو پیاوێکە بۆ خۆی! هەمیشە هەڵی ئەوەی بوو هەلێکی بۆ بڕەخسێت و، پاڵەوانێتیی خۆی تێدا بنوێنێت. زۆر پەرۆشی ئەو زانیاریانە بوو، کە لە سوپادا فێری بوو بوو. پێشی وابوو، پاکترین و راستترین پاڵەوانێتی، ئەوەیە لە شوێنێکدا روو بدات چاوارێوان نەکراو بێت.

رۆژی بیست و یەکی تشرینی یەکەم، ژەنەرال ئەوەی دەربڕی کە دەیەوێت یەکێک بنێرێت بۆ کەتیبەی دینیسۆڤ. پیتیا داوای کرد و، بگرە زۆریش پاڕایەوە کە ئامادەیە ئەو کارە بکات. هێندە پاڕایەوە کە هەر لەوێدا ژەنەرال داواکەی ئەوی پەسەند کرد.

بەڵام کاتێک ژەنەرال سەرکێشییەکانی پیتیای بیر کەوتەوە، لە کاتی شەڕەکەی فیازمادا، کە یەکێک لە کێشەکانی ئەوە بوو، لە جیاتی ئەوەی فەرمانی سەرکردەکەی جێبەجێ بکات، رۆیشتە پێشەوەی بەرەی شەڕی فەڕەنسییەکان و، لە ژێر ڕێژنەی گوللەبارانـدا بـوو. بۆیە بە سەریدا سەپاند، تا لەگەڵ دینیسۆڤ بێت، نابێت بەشداریی کردەوە سەربازییەکان بکات. هەر بۆیەیش دینیسۆڤ، بە پیتیای وتبوو، دەتوانیت لە هێرشبردنەکەدا، تۆ لێرە

بمێنێتەوە و، پیتیا سوور هەڵگەڕابوو.

تا گەیشتنە نێو دارستانەکەیش، پیتیا وا بیری دەکردەوە، کە دەتوانێت ئەرکەکەی خۆی بە جوانی جێبەجێ بکات و، هەر زووتریش بگەڕێتەوە، بەڵام هەرکە فەڕەنسییەکان و تیخۆنی بینی، بۆی دەرکەوت هەر کە دنیا تاریک بوو، هێرش دەبەن.

بەو تاوە هەرزەکارییەی کە لاوان لە بڕیارێک بۆ بڕیارێکی پێچەوانە دەگۆڕێت، لەگەڵ ئەو هەموو ڕێزەی کە هەیبوو بۆ سەرکردە ژەنەرالەکەی، بڕیاری گۆڕی و، بە خۆی وت: کە ئەو لە ئەڵمانییەک بەولاوە هیچی تر نییە! لەکاتێکدا دینیسۆف پاڵەوانێکە بۆ خۆی! هەروەها سەرکردەی قەوقازییەکان و تیخۆنیش وەکوو ئەوان پاڵەوانە!بۆیە رووزەرد دەبێت گەر لەم کاتە هەستیارە چارەنووسسازە، وێڵیان بکات.

زەردەپەڕ بوو کە پیتیا و دینیسۆفی سەرکردە، گەیشتنە بنکەی پاسەوانان. لە تاریکییەکەدا چەند ئەسپێکی زینکراو بەستراوبوونەوە و، پاسەوانان و قەوقازییەکان، خەریکی دروستکردنی چەند کۆلیتێکی بچووک بوون، لە پارچە تەختە. بۆ ئەوەی دوکوڵی ئاگرەکەیان نەبینرێت، شوێنی ئاگر کردنەوەکەیشیان لە نێو دارستانەکەدا دیاری کردبوو.

لە دەم دەرگای کۆختەیەکی تەختەبەندا، یەکێک قۆڵ و باسکی لێ هەڵماڵی بوو و، لاکی بەرخێکی پارچە پارچە دەکرد. لە نێو کۆختەکەیشدا سێ ئەفسەر دەرگایەکیان هێنابوو و، خەریکی ئەوە بوون بیکەن بە مێزی نانخواردن.

پیتیایش بەرگە تەڕەکانی بەری خۆی داکەند و، دای بە سەربازێک بۆی هەڵبخات و، خۆشی چوو بە هانای ئەفسەرەکانەوە و، کەوتە یارمەتیدانیان، لە دروستکردنی مێزی نانخواردنەکەدا و، هەر بە دە خولەک مێزەکەیان ئامادە کرد. خاولییەکیان لەسەر راخست و، قاپێک مەیی رووم و، نان و گۆشتی برژاوی بەرخەکە و، قوتوویەک خوێیان دانا.

پیتیا لە نێو ئەفسەرەکاندا دانیشت و، کەوتە پارچەکردنی گۆشتە ناسکە چەورە برژاوەکە و، دەستەکانی، چەوریی لێ دەچۆڕا. هەر زۆر سادە و منالانە هەموویانی خۆشدەویست و، ئەوانیش ئەمیان زۆر خۆشدەویست.

دینیسۆف پرسیی،"دەڵێی چی "قازیلی ڤیدرۆڤیتش ـ دینیسۆف": خۆ دەتوانم رۆژێکی تریش لێرە بمێنمەوە... وانا؟"

لەبری ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی بکات خۆی وەڵامی دایەوە:

"خۆ ئەوان منیان بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری ناردووەتە ئێرە. وا منیش زانیاری کۆ دەکەمەوە. پێویستە ئێوەیش لە شوێنێکی شیاوتر من دابنێن. من بۆ خەڵاتکردن ناگەڕێم... تەنیا ئەوەندەم دەوێت..."

بە بزەیەکەوە دینیسۆف دووبارەی کردەوە،"لە شوێنێکی گرنگترو شیاو..."

پیتیا له سەری ڕۆیشت:

"تکات لێ دەکەم فەسیلێک سەربازم بخەنە ژێر دەست، تا منیش بتوانم فەرمان دەربکەم."

بە لای ئەفسەرێکدا لای کردەوە، کە خەریکی بڕینی پارچە گۆشتێک بوو.

بۆمجا لێی پرسی،"ئۆو! چەقۆیەکی خۆمت بدەمێ... تا بە کاری بێنیت؟"

خێرا چەقۆیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و، دایە دەستی، ئەویش سوپاسی کرد.

پیتیا سوور هەڵگەڕا و وتی:

"تکایە... چەقۆکەم هەڵگرە بۆ خۆت! چونکە چەقۆیەکی زۆرم هەیە."

لە ناکاو هاواری کرد:

"ئای! بە هەموو کەسە پیرۆزەکان! لە بیرم نەبوو! شەربەتێکی مێوژی زۆر خۆشم هەیە. پاڵفتەیە و، ئێستا دوکاندارێکی باشم دۆزیوەتەوە و، شتی زۆر باشی لەلایە. منیش زۆرم حەز بە شیرینییە. پێتان خۆشە لە شەربەتەکەم بخۆنەوە؟"

بە پەلە پیتیا چووە دەرەوە و، دوای کەمێک هاتەوە و، سندوقێکی هەڵگرتبوو کە پێچ قاپ شەربەتی مێوژی تێدابوو. پاشان پێی وتن،"تا ئارەزەووتان لێی دەشکێت... لێی بخۆنەوە." پاشان لەسەرکردەی قەوقازیی پرسی،"ئەی تۆ حەزت لە قاوەیەک نییە، تاکوو بۆت لێبنێم؟ دەستەیەک قاوەی چاکم لە دوکاندارەکە کڕیوە. ئەوە گرنگە کە خاوەن دوکانەکە پیاوێکی زۆر بە ڕەوشتە، هەر دێت پێتی بناسێنم. ئەی سێ کوچکەی ئاگردانەکەت خراپ نەبووە؟ سێ کوچکەیەکی باشم کڕیوە و ئەوەتا لە گونییەکەمدایە. پارەیەکی زۆر کەمم پێ داوە. ئەگەر حەزت لێیە پیرۆزت بێت."

لەناکاو پیتیا هەستی کرد زۆری وتووە. بۆیە سوورهەڵگەڕا و بێدەنگ بوو، پاشان کەوتە بیر کردنەوە لە قسەکانی خۆی، تاکوو بزانێت ئاخۆ هەڵەیەکی کردووە؟ تەپڵا لێدەرە فەڕەنسییەکەی بیرکەوتەوە.

بۆیە بە خۆیی وت،"ئێمە لێرە بۆخۆمان چێژ لە ژیان وەردەگرین. ئەی ئاخۆ ئەو پیاوە فەڕەنسییە چۆن بێت؟ ئاخۆ خستبێتیانەتە کوێوە؟ بڵێی تێری بکەن؟"

پیتیا نەیدەوێرا، لێی بپرسێتەوە. پاشان بە خۆیی وت:

"ئەگەر هەواڵی بپرسم. پێم دەڵێت: منااڵێک هەواڵی منااڵێکی تر دەپرسێت. باشە بۆ شەرمی ئەوە بکەم کە لێی بپرسمەوە؟" سوور هەڵگەڕا و خەمی بوو کە دەوروبەرەکەی گاڵتەی پێ بکەن! پاشان پرسیی،"بۆمان هەیە ئەو دیلکراوە بانگ بکەین، تا ژەمێک خواردنی بدەینێ؟ڕەنگە..." دینیسۆڤ قسەکەی پیتیای وانەبینی خەوشی هەبێتو ڕووی زەرد بکات، وتی،"ئەوە خۆم دەچم بۆ هەواڵپرسینی."

پاشان بە خۆیشی وت،"بڕۆ... بڕۆ... هەی چکۆلە داماوەکە."

پیتیا دڕی بە ئەفسەرەکانی تر دا و خۆی گەیاندە لای دینیسۆڤ و وتی:

"ڕێم بدە ماچێکت بکەم، هاوڕێ ئازیزەکەم! ئـای تۆ چەند کەسێکی باشیت!"
کە گەیشتە دەم دەرگاکەیش هاواری کرد،"دەی ماچم بکە: "ڤنسان ـ ڤیسیۆنی"!
دەنگێک لە تاریکییەکەوە هات،"کێت دەوێت... گەورەم؟"
ئەو فەڕەنسییەی دەوێت کە دوێنێ دیل کرا.
قەوقازییەکەیش وتی،"ئۆو! مەبەستت: ڤیسیونییە... وانا؟"
ڤیسیونیایان بۆ بەکاردەهێنا و، بە ناوە راستەقینەکەی خۆیەوە کە ڤنسان بوو بانگیان نەدەکرد. سەربازان و جوتیارە رووسییەکانیش ڤیسینیانیان پێ دەوت.
بەهەرحاڵا، خەڵکەکە بە بیستنی ناوەکەی بەهاریان بیردەکەوتەوە. چونکە بە زمانی رووسی بە بەهار دەڵێن ڤیسنا. ناوەکەیش پڕ بەپێستی تەپڵ لێدەرەکە بوو.
پاشان پێیان وت،"ئەوەتا لەو سووچە دانیشتووە و خۆی گەرم دەکاتەوە."
"ئێوە: ڤیسینیا! ڤیسینیا! ڤسیۆنی نالێن؟"
هەموو ئەوانەی لە تاریکییەکەدا بوون، لە قاقای پێکەنینیان دا!
سوارەیەکی تەنیشت پیتایش وتی:
"کەسێکی چالاکە! دەمێک نییە تێریان کردووە. بڕواناکەم برسیی بێت!"
دەنگی چەند هـەنگاوێک لـە قوڕاوەکـەدا بیسـترا. دواتـر تـەپڵ لێدەر لـە بەردەرگاکـەوە دەرکەوت.
پیتیا هاواری کرد،"ئۆو! ئەوە خۆتیت!؟ دەتەوێت نان بخۆیت؟"
دەستێکی خستە سەرشانی و وتی: "مەترسە! خراپەت لەگەڵ ناکەین، بڕۆ ژووڕەوە... دەی!"
تەپڵ لێدەرەکەیش بە دەنگێکی منالانەوە وتی،"سوپاس... گەورەم."
ئەویش بە تەختەی سەرزەویی دەرگاکە، کەوتە کڕاندنی بنی پێیەکانی.
پیتیـا دەیویسـت زۆرشـت بـەو مێردمندالّـە تـەپڵا لێدەرە فەڕەنسـییە دیلـە بڵێـت. بـەڵام هەرچەندی کرد و کۆشا، ئەو ئازایەتییەی نەبوو و، هەر بە تەنیشتییەوە وەستا بوو.
دواجار دەستی تەپڵ لێدەرەی گوشی و بەسۆزێکەوە پێی وت:
"بچۆ ژووڕەوە!... دەی!"
پیتیا دەرگاکەی بۆ چۆڵ کرد، تاکو بچێتە چووڕەوە و، لەبەر خۆیەوە وتی:
"ئـای... چەند ئارەزوومە، شتی باش بۆ ئەم مێردمنالّە بکەم!"
کە تەپڵ لێدەرەکە گەیشتە ژووڕەوە، پیتیا دوور لـەوەوە دانیشت و، خـەمی ئەوەیشی بوو، ئـەگەر بایەخێکی زۆری پێ بدات، کەسێتیی ئەو لاوە دەشکێنێت.
پاشان دەستی بە گیرفاندا کرد و، پەنجەکانی بۆ پارە گێڕا و لە خۆی پرسی:
"ئاخۆ گەر شتێک پارەی بدەمێ، جێی تەریقی نابێت!"

بەشی هەشتەم
دۆلۆخۆڤ

دینیسۆڤ فەرمانیدا قاپێک مەی و، پارچەیەک گۆشتی برژاوی بەرخەکە و، پاڵتۆیەکی رووسیی بدەنێ. تاکو لە نێو کەتیبەدا بمێنێتەوە و، وەکو دیلکراوێک، دەرنەکەوێت. بەڵام بە گەیشتنی دۆلۆخۆڤ، ئیدی پیتیا ئەو دیلە فەڕەنسییەی پشتگوێ خست.

پیتیا زۆری لە بارەی ئازایەتیی و رق و قینەی دۆلۆخۆڤ بەرامبەر بە فەڕەنسییەکانەوە بیستبوو. بۆیە هەر کە دۆلۆخۆڤ خۆی کرد بە کۆلیتە تەختەبەندەکەدا، ئیدی پیتیا چاوی لەسەر هەڵنەگرت. تاکو پتر سەرنجی بدایە، پتر خۆی قیت دەکردەوە و، وا خۆی پیشان دەدا، ئەمیش ئازایە و، شایستەی هاوڕێیەتی دۆلۆخۆڤە.

دۆلۆخۆڤ بە پۆشینی جل و بەرگە سادەکەی، هێندەی تر پیتیای سەرسامی خۆی کرد. دینیسۆڤ قەمسەڵەیەکی لەبەرکردبوو کە تشکمینی پێ دەوترا و، پتر قەوقازییەکان بە کاریان دەهێنا. ریشێکی جوانی هێشتبووەوە و، تابلۆی نیکۆلای پیرۆزی، خاوەن چەندین موجیزە بە سەر سنگییەوە بوو. شێوازی قسە و گفتوگۆی، جۆرێک بوو گونجاو بوو، لەگەڵ پلەکەیدا. بەڵام دۆلۆخۆڤ کە کاتی خۆی و، لە مۆسکۆدا بە بەرگە فارسییەکەیەوە، سەرنجی خەڵکیی رادەکێشا. ئێستا کارەکە پێچەوانەیە و، شێوەی دەرەوەی رێک وەکوو ئەفسەرێکی پاسەوان خۆی پۆشیوە. ریشی تاشیبوو و، بەرگی سوپای پاسەوانی پۆشیبوو و، خاچێک بە سەر سنگەوە هەڵواسرابوو، کە تابلۆی "سان جۆرج"ی پیرۆز بوو. کڵاوێکی بە سەرەوە و پلە سەربازییەکەیشی پێوە بوو.

چاکەتە تەڕەکەی داکەند و، لە گۆشەیەکی کۆختەکە داینا. بێ ئەوەی سڵاو لە کەس بکات، لە دینیسۆڤ نزیک بووەوە، ئیدی دەستی کرد بە قسەکردن لەبارەی کردە

سەربازیەکەیانەوە و، ئەمەی کە بە نیازن دەستبەکاربن تێیدا. ئەویش باسی نیازی کەتیبەکانی خۆیانی بۆ کرد و، بیروڕای دوو ژەنەرالەکە و، هەرچیی زانی لە بارەی بنکەی هێزەکانی فەڕەنساوە بۆ ئەوی روون کردەوە.

دۆلۆخۆف وتی:

"زۆر باشە، ئێستا هەر ئەوەندەمان پێویستە جۆری فیرقەکانیان بزانین و ژمارەیان، بۆیە پێویستە بچین بۆ بینینیان. چونکە شیاو نییە، بێ ئەوەی ئەم زانیارییانەمان هەبێت، پەلاماریان بدەین. بۆ خۆم حەزم لە کردەی پوختەیە... دەی کێ لەگەڵم دێت، تا روو بکەینە سەربازگەکەیان؟ من بەرگی فەرمیم هەیە.

پیتیا هاواری کرد،"من..! من..! من یاوەریت دەکەم!"

دینیسۆف بە دۆلۆخۆفی وت:

"من هەرگیز پێویستم نییە بچم بۆ ئەوێ! پیتیاش ئەوا..هەرگیز رێی نادەم."

پیتیا بەرهەڵسی کرد و وتی،"جا باشە... بۆچی!؟ بۆچی نابێت من بڕۆم؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە،"چونکە سوودی نابێت!"

پیتیایش وتی،"داوای لێبوردن دەکەم. بەڵام.. بەڵام... لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا هەر دەڕۆم."

پاشان لە دۆلۆخۆفی پرسی،"حەز دەکەیت... یاوەریت بکەم؟"

ئەویش بە دەم سەرنجدانی دیلە فەڕەنسییە تەپڵا لێدەرەکەوە وتی،"ئەی بۆ نا؟"

پاشان دۆلۆخۆف لەدینیسۆفی پرسی،"دەمێکە ئەم مێردمنداڵەتان دیل کردووە؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە،"هەر ئەمڕۆ گرتوومانە و، هیچ نازانێت و، منیش کردوومە بە یاوەری خۆم."

دۆلۆخۆف پرسیی،"ئەی ئەوانی تر لە کوێ دادەنێیت؟" دینیسۆف سوور هەڵگەڕا و هاواری کرد،"لە کوێیان دابنێم؟ هەر کەسێک پسوولەی وەرگرتنی واژۆ بکات، ئەوا من دەیدەمێ. دەتوانم ئەوە بڵێم کە ویژدانم گەردی کوشتنی کەسێکی نەگرتووە! من راستگۆیانە دەڵێم، کە باشتر وایە سی پیاو، تەنانەت(٣٠٠) پیاو بنێرن بۆ شار، تاکو شەرەفی سەربازیی ئەوان پۆخڵ بکەن." دۆلۆخۆف بە بزەیەکەوە وتی،"ئەم کۆنتە لاوە شازدە سالانەیە ئەو وشە و رستە نیانانە دێنێت. بەڵام تۆ دەبوو هەر زوو وەلاوەت بنایە."

پیتیایش بەتەریقییەکەوە وتی،"جا چۆن! خۆ من یەک وشەیشم نەووتووە. تەنیا پێداگریی ئەوەم کرد کە ئامادەم یاوەریت بکەم."

دۆلۆخۆف وەکوو ئەوەی چێژ لەو بابەتە وەربگرێت، کە بەلای دینیسۆفەوە گاڵتەجاڕی بوو وتی:

"بەڵام. براکەم هەردوکمان، ئیدی با ئەم قسە هیچ و پووچانە، بەس بێت ئاخر تۆ ئەم

دیله‌ مێردمنداڵه‌ فه‌رمانبه‌رێت بۆ دانده‌ داوه‌؟ پاشان سه‌ربڕینی بادا. ئه‌مه‌ هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌ بوو، که‌ به‌زه‌یی تۆی بزواندووه‌؟ تۆ به‌نیازیت سی که‌س بنێریت و، ده‌شزانیت هه‌ر له‌ برساندا له‌ رێگا ده‌مرن."

سه‌رکرده‌ قه‌وقازییه‌که‌یش پشتگیریی قسه‌ی ئه‌وی کرد و سه‌ری نه‌وی کرد.

ئه‌ویش وتی:

"به‌ڵامه‌وه‌ گرنگ نییه‌ ئه‌گه‌ر یه‌ک ئه‌نجامیان لێ بکه‌وێته‌وه‌. حه‌ز ناکه‌م وێڕدانم بخه‌مه‌ ژێر ئه‌م قورساییه‌وه‌، ده‌ڵێی: ئه‌وان ده‌مرن. با ئه‌و گریمانه‌ به‌ راست وه‌ربگرین، به‌ڵام خۆ ئه‌وه‌ من نیم ڕوو به‌ ڕووی مردنیان ده‌که‌مه‌وه‌."

دۆڵۆخۆف دایه‌ قاقای پێکه‌نین و وتی،"پێتوایه‌ فه‌رمانیان بۆ ده‌رنه‌کردوون که‌ من بگرن، نه‌ک جارێک بیست جاریش؟ ئه‌گه‌ر سه‌رکه‌وتوو بن، هه‌ر زوو له‌ سێداره‌ت ده‌ده‌ن و، تۆیش به‌ڵایانه‌وه‌ وه‌کو من وایت. به‌ قه‌دی ده‌ره‌ختێکه‌وه‌ ده‌تبه‌ستنه‌وه‌ و، ده‌سترێژت لێ ده‌که‌ن. چا ئیدی با هه‌ر سوارچاک بیت."

له‌سه‌ری ڕۆیشت،"چاوه‌ڕوانین. پێویسته‌ کار بکه‌ین. با یاوه‌ره‌ قه‌وقازییه‌که‌م بڕوات شتومه‌که‌کانم بێنێت. ئاخر دوو ده‌سته‌ جلی فه‌ره‌نسیم له‌وێ یه‌."

له‌ پیتیایشی پرسی،"که‌وابوو ڕێکه‌وتین و یاوه‌ریم ده‌که‌یت؟"

پیتیا سوور هه‌ڵگه‌ڕا و هاواری کرد،"من؟ به‌ڵێ! به‌ڵێ! بێگومان."

سه‌رله‌نوێ پیتیا له‌ گفتوگۆی نێوان دۆڵۆخۆف و دینیسۆف له‌ باره‌ی ئه‌وه‌ی که‌ چی له‌ دیله‌کان بکه‌ن، بێزار بووه‌وه‌.

پیتیا وا بیری کرده‌وه‌:

"ئه‌گه‌ر سه‌رکرده‌ به‌ ناوبانگه‌کان وا بیربکه‌نه‌وه‌، گومانی تێدا نییه‌ که‌ بیرکردنه‌وه‌که‌یان له‌ جێی خۆیدایه‌. گرنگ ئه‌وه‌یه‌ دینیسۆف وانه‌زانێت من گوێڕایه‌ڵی فه‌رمانه‌کانی ئه‌و ده‌که‌م. یان پێی وابێت ده‌توانێت فه‌رمانم به‌ سه‌ردا بدات. من لای خۆمه‌وه‌ بڕیاری خۆم داوه‌."

له‌گه‌ڵ دۆڵۆخۆف ده‌ڕۆم بۆ سه‌ربازگه‌ فه‌ڕه‌نسییه‌که‌. ئه‌گه‌ر ئه‌و بتوانێت ئه‌و کاره‌ بکات، که‌وابوو منیش ده‌توانم!

ئیتر هه‌رچی شتێک له‌ باره‌ی دینیسۆفه‌وه‌ له‌بیرو ژیریدا کۆبووبێته‌وه‌، وه‌لاوه‌ی نا. ئێستایش پێی باشه‌ زۆر به‌وردی ئه‌و کاره‌ سه‌ربازییه‌ جێبه‌جێ بکرێت نه‌کوو بدرێت به‌ ده‌ست شانس و به‌خته‌وه‌. پیتیا هه‌رگیز بیری له‌ مه‌ترسییه‌کانی ئه‌و کاره‌ نه‌کرده‌وه‌.

پاشان پیتیا به‌خۆیی وت،"به‌هه‌رحاڵ، ئێمه‌ ژماره‌ی سه‌ربازانی دوژمن نازانین. به‌ڵام خۆ ژیانی سه‌دان سه‌ربازی خۆمان به‌م کاره‌وه‌ به‌نده‌. به‌ڵام ئێستا ئێمه‌ دوو که‌سین، وا ژیانمان ده‌که‌وێته‌ مه‌ترسییه‌وه‌."

له‌سه‌ری ڕۆیشت،"له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌مانه‌یشدا زۆر ئاره‌زوومه‌ بچم بۆ ئه‌وێ. هه‌رچۆنێک له‌ سه‌رم بکه‌وێت، هه‌ر ده‌چم. ڕێگریم مه‌که‌ن، چونکه‌ سوودی نابێت."

بەشی نۆیەم
لە سەربازگەی دوژمندا

دوای ئەوەی پاڵتۆکانیان لەبەرکرد و، کڵاوەکانیان لەسەرکرد. دۆلۆخۆف و پیتیا ئەو زەویانەیان تێپەڕاند، کە دینیسۆف تێیدا، چاودێریی سەربازگەی دوژمنی کردبوو. لەو شەوە تاریکە ئەنگوستەچاوەدا لە دارستانەکە هاتنە دەرەوە و، بەرەو قوواڵایی سەربازگەکە چوون.

دۆلۆخۆف فەرمانی بە قەوقازییەکان دا، لەو شوێنە چاوەڕێی بکەن. خۆیشی ئاوزەنگی لێدا بەرەو ناوەوە و، پیتیایش بە پەرۆشەوە بەتەنیشتییەوە غاری دەکرد.

پیتیا بە چرپە وتی،"ئەگەر کەوتینە نێویانەوە و گیراین، ناهێڵم دەستیان بگاتە من... دەمانچەیەکم پێیە."

دۆلۆخۆفیش بە چرپە پێی وت،"بە رووسی مەدوێ!"

هەر لەو کاتەدا هاوارێک و، هێنانەوەی میل لە دوورەوە بەرزبووەوە. پیتیا سوور هەڵگەڕا و، دەستی خستە سەر دەمانچەکەی.

دۆلۆخۆفیش بێ ئەوەی غارەکە هێواش بکاتەوە یان خێراتری بکات وتی:

"رم بەدەستانی فیرقەی شەشە."

تارمایی پاسەوانێکی تاریک لەسەر پردەکە دەرکەوت و، لێی پرسین:

"وشەی نهێنی بۆ پەرینەوەتان؟"

دۆلۆخۆف ئەسپەکەی وەستاند و کەمێک چووە پێش و پرسیی:

"پێم بڵێ... سەرکردە جیرار لێرەیە؟"

پاسەوانەکە ڕێگەکەی لێ گرتن و وەڵامی ئەوی نەدایەوە و پرسییەوە:

"وشەی نهێنیی پەڕینەوە؟"

دۆڵۆخۆف تووڕە بوو و بە ئەسپەکەوە هەڵیکوتایە سەری و وتی:

"کە ئەفسەرێک شەوانە هەڵدەستێت بەگەڕان و پشکنین، هیچ پاسەوانێک داوای وشەی نهێنیی لێ ناکات...من هێندەم پرسی ئاخۆ سەرکردە لێرەیە؟"

پاسەوانەکە لاکەوت و دۆڵۆخۆف بە لاپاڵی گردەکەدا سەرکەوت. لە تاریکییەکەدا، یەکێکی بینی لە ڕێگاکە دەپەڕێتەوە. دۆڵۆخۆف وەستانی و، لێی پرسی: کە ئاخۆ سەرکردە و ئەفسەرەکان لە کوێن؟ پیاوەکە سەربازێکی سادە بوو و تووڕەکەیەکی بەسەر شانەوە بوو و، لە دۆڵۆخۆف نزیک بووەوە و، دەستێکی بە یاڵی ئەسپەکەیدا هێنا و، لەسەرخۆ وتی کە ئەوان لە باخی خانووەکەی بەڕێزیدان.

ئەو ڕێیەیان گرتەبەر کە ئاگری سەربازەکان بە ئەمبەرو ئەوبەریدا دەگەڕان و هەرچۆنێک گوێت بگرتایە، دەنگە دەنگ و، گفتوگۆی سەربازان بوو و، بە زمانی فەڕەنسی لە نزیک ئاگردانێکەوە بوون و، سەربازێک چووبووە سەرچۆک و، کڵاوێکی پۆلیسیشی بەسەرەوە بوو و، پاڵتۆیەکی شینی لەبەردا بوو و، ناوەناوە گڕی ئاگرەکە روخساری ڕووناک دەکردەوە. تەشتی قسەیەکی لەسەر ئاگرەکە دانابوو و بە زمەی تفەنگەکەی، شتێکی تێدا ئەم دیو و ئەودیو دەکرد.

ئەفسەرێک لە تاریکییەکەدا و بەوبەر ئاگرەکەوە دەیووت:

"ئۆو! ئەوە زۆر جیرە..!"

یەکێکی تر بە پێکەنینەوە وتی،"دواجار ئەم کەرویشکانە نەرم دەکەین."

هەموویان بێدەنگ بوون و، بە تاریکییەکەیاندا هەڵدەڕوانی، چونکە گوێیان لە ترپەی پێی ئەسپەکانی دۆڵۆخۆف و پیتیا بوو و، ئەوانیش جڵەوی ئەسپەکانیان گرتبوو و لێیان نزیک دەبوونەوە.

دۆڵۆخۆف بە دەنگی بەرز وتی،"چۆنن بەڕێزان!"

ئەفسەرەکە لە تاریکیەکەدا پەشۆکا! یەکێکیان کە لاوێکی کەتەی مل درێژ بوو و، بە دەوری ئاگردانەکەدا وەرچەرخا و، لە دۆڵۆخۆف نزیک بووەوە و پرسیی:

"ئەوە خۆتیت کلیمان؟ لە کوێوە؟"

بەڵام قسەکەی بۆ نەکرا هێندە بێزار بوو. وەکو نەناسێک دۆڵۆخۆڤی بەخێر هێناو لێی پرسی، ئاخۆ چۆن چۆنی یارمەتیی بدات؟ دۆڵۆخۆڤیش بۆی گێڕانەوە کە خۆی و هاوڕێکەی دەیانەوێت پەیوەندی بکەن بە فیرقەکەیانەوە. پاشان لێی پرسین کە ئاخۆ فەوجی شەشی ڕم بە دەستان، لە کوێ بن؟ کەسێک لە ئەفسەرەکان شوێنی ئەو فەوجەی نەزانی.

پیتیایش لای خۆیەوە هەستی کرد کە ئەفسەرەکان بە وردی سەرنجیان دەدەن و بە

چاو دەیان پشکنن! بۆ چەند چرکەیەک هەموان بێدەنگ بوون.

یەکێکیان لەوبەر ئاگرەکەوە بەپێکەنینەوە وتی:

"ئەگەر خۆتان بۆ نانی ئێوارە ناوەتەوە، درەنگ کەوتوون."

رەشمەی ئەسپەکەی دایە دەست ئەو سەربازەی کە چوارمشقی بەرامبەر ئەفسەرە مل درێژەکە دانیشتبوو و قسەکەی بەسەر ئاگرەوە بوو و، شتێکی دەبرژاند. ئەفسەرەکە کەوتە سەرنجدانی پیتیا و، جارێکی تر پرسیی: که ئاخۆ سەر بە کام فیرقەن؟ دۆلۆخۆف وای پیشاندا کە پرسیارەکەی نەبیستووە و، پایپێکی فەڕەنسیی لە گیرفانی دەرهێنا و دایگیرساند و پرسیی، که ئاخۆ له کوێوە بڕوات سەربازی قەوقازیی لێ نییە؟"

وەلامیان دایەوە،"ئەو تاوانبارانە لە هەموو شوێنێک هەن!!"

دۆلۆخۆف لەسەر ئەوە سووربوو کە قەوقازییەکان تەنیا بۆ سەربازە بێکارو گەڕۆکەکان مەترسیدارن. هەرگیز هێندە ئازا نین پەلاماری فیرقەی گەورە بدەن. کەس وەلامی نەدایەوە.

پیتیا لەبەر ئاگرەکەدا وەستابوو و، هەرچەند لە بیرکردنەوەدا بوو بەلام گوێشی لە گفتوگۆکەیان گرتبوو. که وترا: ئێستا دەڕوات.

"دۆلۆخۆف له پرسیار کردن نەکەوت، له بارەی ژمارەی لیواکان و، ژمارەی سەربازانی لیوا و، ژمارەی دیلەکانی رووسیشەوە پرسیی.

به دەم پرسیار کردنەوە وتی،"ئای که کارێکی قێزەونە مرۆڤ چەند لاشەی کوژراو بە دوای خۆیدا رابکێشێت. کەوابوو باشتر وایە ئەو رسوایانە بکوژرێن."

بێدەنگ پیتیا خۆی له دۆلۆخۆف نزیک کردەوە و، لێی پرسی:

"بڵێی هەردوو ئەسپەکەمان بدەنەوە؟"

که دوو ئەسپەکەیان دانەوە، دۆلۆخۆف هاواری کرد:

"ئێوارەتان خۆش و خواحافیز بەرێزان."

پیتیایش ویستی وەکو ئەو قسە بکات، بەلام هەر چەندی کردو کۆشا هیچی بۆ نەگوترا. ئەفسەرانی فەڕەنسییەکەیش، بە چرپە کەوتنە قسە کردن، له نێو خۆیاندا.

دۆلۆخۆف زۆری پێچوو تا توانیی سواری ئەسپەکەی ببێت. پاشان لە دەروازەی دەرەوە چووە دەر و پیتیا بە دوایدا و، هەرچەندی کرد پیتیا نەیوێرا ئاوڕ بداتەوە بۆ دواوە. تا بزانێت ئاخۆ فەڕەنسییەکانیان به دواوە نییە!؟

که گەیشتنە سەر رێیەکە، لەبری ئەوەی دۆلۆخۆف به رێگەکەی خۆیدا بگەڕێتەوە رێی دامێنی دێیەکەی گرت و، بەرەو پێش و، بە نێو کێڵگەکاندا ڕۆیشت. لە شوێنێک وەستا، چونکە گوێی له دەنگە دەنگ بوو.

دۆلۆخۆف پرسیی،"هیچ دەبیستیت؟"

پیتیا کە بە وردی گوێی گرت، گوێی لە خەڵکانێک بوو، بە رووسی دەدوان. لە بەر رۆشنایی ئاگرەکە تارمایی چەندین دیلی بینی. ئەمانیش لە ئەسپەکانیان دابەزین و، بە پیادە رۆیشتن، تا گەیشتنە پردەکە.

پیتیا و دۆلۆخۆف گەیشتنەوە، لای پاسەوانی پردەکە و، ئەویش هەر دەهات و دەچوو و بێ ئەوەی قسە بکات. پاشان گەیشتەوە ئەو دۆڵەی کە قەوقازییەکان تێیدا چاوەڕوانیان دەکرد.

کە لە مەترسی دوورکەوتنەوە دۆلۆخۆف بە بیتیای وت:

"ئێستاش کارەکەمان کۆتابوو و، بە دینیسۆڤ بڵێ: بەیانی دەستبەکار دەبین و دوای یەکەمین تەقەی دەمانچەکە، وەکوو لە سەری رێک کەوتووین. تۆیش خواحافیزت بێت و بگەڕێوە بۆ شوێنی خۆت."

بەڵام پیتیا شانی گرت و هاواری کرد،"نەخێر! تۆ هەروا کەم نیت و، پاڵەوانێکیت لە وێنەت کەمە! چەند ئەمە قەشەنگە! ئای کە خۆشمدەوێیت!

دۆلۆخۆڤیش وتی،"تێگەیشتم! تێگەیشتم!"

بەڵام هەر بەری نەدا. بۆیە دۆلۆخۆڤ خۆی بۆ لار کردەوە و، پیتیای ماچ کرد و لە ئاوزەنگیی دا و، لە تاریکییەکەدا ون بوو.

بەشی دەیەم
شەوی هێرشبردنەکە

هەر لە دەروازەی بنکەی پاسەوان و، دوای ئەوەی پیتیا گەڕایەوە، دینیسۆڤی بینی. چونکە ئەو لە چاوەڕوانی پیتیادا بوو. بە دەم گوێگرتن لە گێڕانەوە پڕ پەرۆشییەکەی پیتیاوە، دینیسۆف وتی،"سوپاس بۆ خوا! ئۆو! سوپاس بۆ خوا!"

دینیسۆف لەسەری رۆیشت،"بەڵام لە پەنای شەیتاندا بیت! خۆ من بە هۆی تۆوە خەو نەچووەتە چاوانم! بە هەرحاڵ سوپاس بۆ خوا! ئێستایش بڕۆ لێی بنوو، هێندەمان بە دەستەوە ماوە کە فریا بکەوین سەرخەوێک بشکێنین و، رۆژ دەبێتەوە."

پیتیا لە وەڵامیدا وتی،"بەڵێ باشە! بەڵام من خەو لە چاوانم تۆراوە و، خۆم باش دەناسم. هەرکە نووستیشم هەموو شتێک کۆتایی دێت. بەڵام لەبەر پەرۆشیی و، دڵەڕاوکێی دەست پێکردنی هێرشبردنەکە، خەوم لێ ناکەوێت."

ماوەیەک پیتیا لە کۆختە تەختەبەندەکەدا دانیشت و، وردو درشتی سەرکێشییەکەی خۆی و دۆڵۆخۆڤی، بە دڵێکی خۆشەوە وەبیر خۆی هێنایەوە. پاشان کەبینیی: وا دینیسۆڤ خەو بردیەوە و کپ بوو، ئەمیش ژووڕە تەختەبەندەکەی جێ هێشت و چووە دەرەوە.

دەوروبەرەکەی نوقمی شەوێکی دوای خۆشکردنەوەی بارانی قەشەنگ بوو. هێشتا گەڵاو لق و پۆپی درەختەکان، دڵۆپە ئاویان لێ دەچۆڕایە ژێر خۆیان. بە دەوروبەری

کۆلیتە تەختەبەندەکانی قەوقازییەکان و، کەمێک لە دواترەوە دوو گالیسکەی گواستنەوە وەستابوو و، ئەسپەکانیان بە تەنیشتیانەوە بەسترابوونەوە و، وەکو دوو پەڵەی تاریک لە دوورەوە دەیاننواند.

لە دۆڵەکەیشدا پاشماوەی ئاگردانەوەکان دەگڕان و، جاروبار دەوروبەری خۆیان رووناک دەکردەوە. سوارەکانیش لە شیرین خەودا بوون. لێرە و لەوێیش دەنگی کەوتنە خوارەوەی دڵۆپە ئاوەکانی لق و پۆپ و گەڵای درەختەکان بە ئاستەم دەبیسترا و دەنگی کاوێژی ئەسپەکانیش بە جوانی لەو شەوە سارده بێگەردەدا، دەهاتە بەر گوێ.

پیتیا کە لە دەرەوەی کۆختە تەختەبەندەکەدا بوو، بەرەو دوو گالیسکەکە بووەوە. چەند کەسێکی لە ژێر دوو گالیسکەکەدا بینی، پرخەی خەویان دەهات. بە دەوری گالیسکەکەدا چەندین ئەسپی زینکراوی سەر بە تووڕەکەی ئالیک لێبوو.

هەرچەند شەوەکەی ئەنگوستەچاویش بوو، بەڵام پیتیا ئەسپەکەی خۆی ناسییەوە! ئەو ئەسپەی ناوی نابوو "کارا باخ" و، ئەم ناوە یەکێکە لە جۆرەکانی ئەسپی قەوقازی. کەمێک لێی نزیک بووەوە.

باوەشی بە ملیدا کرد و تێر بۆنی سەرو کەللەی کرد و وتی:

"زۆر باشە کاراباخ... سبەینێ پێکەوە کردەوەیەکی سەربازیی چاک دەکەین."

قەوقازییەک لە ژێر یەکێک لە گالیسکەکاندا دانیشتبوو، هاواری کرد:

"نەخێر وانییە!"

پیتیا وتی،"پێم وابێت تۆ لیخاتشیڤیت؟ ئەمە زۆر نییە منیش گەیشتووم، چونکە لەسەردانی فەرەنسییەکان بووم!"

پیتیا نەک هەر بە درێژی، بەڵکوو هۆی چوونەکەیشی پێ وت و، تێگەیاند کە ژیانی کەسێک بکەوێتە مەترسییەوە، باشترە لە کەوتنە مەترسیی ژیانی هەموو پیاوەکان.

قەوقازییەکەیش وتی،"کەوابوو گەورەم... باشتر وایە سەرخەوێک بشکێنیت."

پیتیایش وتی،"نەخێر! ئەوە بە من ناکرێت."

هەندێک بەردی دەمانچەم هێناوە! ئاخۆ بەردی دەمانچەکەت خراپ نەبووە؟ پێویستت بەو بەردە نییە؟

قەوقازییەکە سەری لە ژێر گالیسکەکەوە هێنایە دەرەوە، تاکو باشتر ئەو ببینێت. پیتیا لەسەری رۆیشت، کە هەمیشە حەز دەکات شتومەکانی پێویست هەمیشە کۆک و لەبار بن.

ئاخر خەڵکانێک هەن، بێ بەرنامە کاردەکەن و دواتر پەنجەی پەشیمانی خۆیان دەگەزن. بەڵام من حەزم بەمە نییە!

قەوقازییەکە وتی،"تۆ راست دەکەیت."

پیتیایش وتی،"تکایەکی ترت لێ دەکەم... ئازیزەکەم. تکایە سەیرێکی شمشێرەکەم بکە و، بزانە شەکەتە و کول بووە!؟"

خێرا پیتیا بێدەنگ بوو، خەمی ئەوەی بوو، درۆکەی دەربکەوێت! پاشان لە لیخاتشیڤی پرسی،"دەتوانیت شتێکم بۆ بکەیت؟"

ئەویش وتی،"بۆ نا؟"

هەستا و کەوتە پشکنینی کۆمەڵە ئاسنەکەی ژێر گالیسکەکە. زۆری پێنەچوو پیتیا گوێی لە دەنگی شمشێری جەنگ بوو. ئاخر لیخاتشیڤ کەوتە دەمەزەردکردنەوەی شمشێرێک، بە هۆی بەردە ئەستێی تایبەت بە تیژ کردنەوەی شمشێرەوە و، ئەوەی خۆی بەردە هەسانی پێ دەوت.

پیتیا لێی پرسی،"پێم بڵێ... پیاوەکان هەموویان نووستوون؟"

لیخاتشیف وەڵامی دایەوە،"بڕێکیان نووستوون و بڕێکی تریشیان بە خەبەرن."

پاشان پرسیی،"ئەی چییان لە منداڵەکە کرد؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە،"قسێونی دەڵێی؟ ئەویش لەدەم دەرگاکەدا نووستووە."

هەرچەند زۆریش دڵخۆش بوو! بەڵام بە خوا لە ترسدا خەوی لێکەوت.

دوای ئەم گفتوگۆیە ماوەیەکی زۆر کپ بوو و گوێی هەڵخستبوو. هێندەی زانی ترپەی پێی کەسێک پەیدابوو و دوای کەمێک تارماییەک دەرکەوت.

یەکێک لە گالیسکەکە نزیک بووەوە و پرسیی،"ئەوە چی تیژ دەکەیتەوە؟"

لیخاتشیڤیش وتی،"شمشێری ئەو بەرێزە دەمەزەرد دەکەمەوە."

ئەو پیاوەی کە پیتیا پێی وابوو لە سوارەکانی خۆیانە، وتی:

"کارێکی باش دەکەیت. کوپێکیان بۆ ناردیت؟"

ئەویش وتی،"بەڵێ... ئەوەتا نزیک بە پێچکەی گالیسکەکەیە."

سوارەکە کوپەکەی هەڵگرت و بە دەم باوێشکدانەوە وتـی:

"پێم وابێت زۆری نەماوە بۆ بەرەبەیان."

پاشان دوور کەوتەوە.پیتیا لەسەری بوو ئەوە بزانێت لە دارستانێکدایە و، نێو پیاوانی دینیسۆڤ و، هەر فرسەخێکیش لە شارێچکەوە دوورە. لەسەر گالیسکەیەکی بارهەڵگری زەوتکراو لە فەرەنسییەکان دانیشتووە و، ئەسپەکان بە دەروبەرییەوە بەستراونەتەوە. لە ژێر گالیسکەکەیشدا لیخاتیشیف شمشێر تیژ دەکاتەوە.

ئەو پەڵە رەشەی لای راستیش، بنکەی پاسەوانانە. پەڵە سوورباوەکەیش پاشماوەی شـوێن ئـاگر بـوو کـەوتبووەوە خـوارەوە و، نێـو خـۆی و، ئاگرەکـەیش بـەرەو کوژانـەوە دەچوو. ئەو پیاوەی لە کووپەکەی پرسی، سوارەیەک بوو، تینوێـەتی زۆری بۆ هێنابوو. هەرچەند پیتیا پێویستی بەوە نەبوو ئەو شتانە بزانێت. ئەو خۆی لە جیهانێکی ئەفسـوناوی ئەو شەوەدا بینییەوە و، هیچ شتێک بەلایەوە لە راستەقینە نەدەچوو!

بـەڵێ پەڵە رەشەکە، لە بنکەی پاسـەوانان دەچوو، بـەڵام لـە تـۆنێڵێکیش دەچـوو بـەرەو

ناخی زەوی! پەڵە سوورباوەکەیش لە پارچە زەوی دەچوو. بەڵام لە هەمان کاتدا لە چاوی دڕندەیەکی زەبەلاحیش دەچوو! رەنگە راست بێت و خۆیشی بەسەر گالیسکەکەوە بێت! بەڵام رەنگە بەسەر لووتکەی بوورجی دوراییشەوە بێت و، گەر بکەوێتەوە خوارەوە، یەک رۆژ لە نێو هەوادا دەمێنێتەوە تا دەگاتەوە زەوی! رەنگە بە مانگێکیش بگاتەوە سەر زەوی! بگرە رەنگە سەدەیەکی پێ بچێت بۆ کەوتنەوە سەر زەویی!

لیخاتشیفی قەوقازی لە ژێر گالیسکەکەدا بوو، بەڵام رەنگە پیاوێکی زۆر لەبارو لێهاتوویش بێت و، چاکترین پیاو لە ژێر ئەو گالیسکەیەدا بێت و، کەس نەیناسێت! رەنگە ئەوەیشی کە هاتبوو بۆ ئاوخواردنەوە شۆڕەسواریکی راستەقینە بووبێت. بەڵام رەنگە هەر ئەو سوارەیە هەر بوونی نەبووبێت و، تەنیا لە ئەندێشەی پیتیادا، هەبووبێت! شتێک نەبوو پیتیا ببینێت و، پێی سەرسام بێت، ئەو لە جیهانێکی ئەفسوناویدا دەژیا و، چاوەڕوانی هەموو شتێکی تێدا دەکرا!

کەوتە سەرنجدانی ئاسمان و، ئەویشی وەکوو زەوی بە ئەفسوناوی هاتە بەرچاو. ئاسمان لە سەروو ریزە درەختەکانەوە دەبینرا و، پەڵە هەورەکان زۆر بە پەلە ڕەویان دەکرد، وەکوو ئەوەی نەیانەوێت ئەستێرەکان لە نادیاریدا بهێڵنەوە، وابوو. جاری وایش هەبوو پەڵە رەشەکان دەبینران و ئاشکرا دەبوون، کە گەواڵە هەورن. هەندێک جار ئاسمان زۆر بەرز دەبینرا و، جاری وایش هەبوو هێندە نزم دەردەکەوت، کە پێت وابوو دەستت دەیگاتێ! پیتیا چاوانی لێک ناو کەمێک خۆی هێنا و خۆی برد.

دەنگی دڵۆپە ئاوەکانی سەر گەڵاکان لە کەوتنە خوارەوەیاندا، بە ئاستەم دەبیسترا و، خشەخشی گەڵاکان و پڕمەی ئەسپەکانیش دەبیسترا. ناوەناوەیش پڕخەی خەوتووەکان دەهاتە گوێ. دەنگی تیژ کردنەوەی شمشێرە پۆڵاکەیش بە بەردە هەسان وابوو: "زیک... زیک... زیک"! لە ناکاو پیتیا واهات بە خەیاڵیدا گوێی لە ئاوازی تیپێکی میوزیکە و سروودێکی نیشتمانی دەچڕن. ئاخر پیتیایش وەکوو ناتاشا زۆری حەز لە میوزیک بوو. بەڵام میوزیکی نەخوێندبوو و، هەر بیریشی لێ نەکردبووەوە. بۆیە کە ئەو ئاوازەی لە خەیاڵی خۆیدا گوێی لێبوو چەندە بەلایەوە نوێ بوو، هێندەش خۆش! بەرە بەرە میوزیکەکە باشتر دەبیسترا و، دەنگی ئامێرەکان لە یەکتر جوێ دەکرانەوە.

ئیدی پیتیا دەمێک گوێی لە دەنگی کەمان دەبوو. دەمێکیش لە تەپڵ. ئامێرێک دەژەنراو پێش کۆتابوونی چەند ئامێری تر تێکەڵی دەبوون. پاشان ئامێری دووەم و بە دوایدا سێیەم و، پاشان چوارەم. پاشان رەزمەکە تێکەڵ بە یەک دەبوون، تا پارچە میوزیکەکەیان پێک دەهێنا. ئامێرەکان دەستیان پێ دەکردەوە و، کاتێکت دەزانی گوێت لە سروودێکی نیشتمانییە.

یان سروودێکی سەرکەوتنە. پیتیا بەشپرزەییەوە لەخۆی پرسی:

"ئای! دەڵێی خەون دەبینم! گوێیەکانم پڕن لە ئاواز و میوزیک... دەفەرموو ئەوە

دەستیان پێکردەوە! دەی میوزیکەکە... چالاکتربە.ن

چاوانی لێک نا. لە هەموو لایەک دەنگی ساز و ئاواز بوو. تێکەڵ بەیەک دەبوون و دواتر لێک جوێ دەبوونەوە.

پیتیا بە خۆیی وت،"ئای چەندە قەشەنگە! من چۆنم پێخۆشە، بەو شێوەیەیە!"

پاشان هەوڵی ئەوەی دەدا کۆمەڵێکی گەورە بەڕێوەبەرێت.

"دەی... ئارام... ئێستا سەرەی پیانۆکەیە."

ئاوازەکەیش رکێفی بوو بوو.

"ئێستایش دەی... توندتر چالاکتر.. بـا میوزیکەکە خۆشی بەخش بێت!"

لە قوڵاییەکی نادیارەوە رەزمەکە بڵندتر دەبووەوە.

"دەی ئێستایش... دەنگەکان!"

دوور بە دوور دەنگی ژنان و پیاوان دەبیستران و، هەر لەبەرزبوونەوەیشدا بوو. پیتیا هەستی کرد زۆر تامەزرۆی ئەو رەزمانەیە. گۆرانییەکان لە مارشێکدا توانەوە. شمشێرە پۆڵاکەیش هەر لەسەر ئاوازەکەی خۆی بوو: "زیک... زیک... زیک" ئەسپەکانیش لەو لاوە تەکانیان دەدا و سمکۆڵانیان دەکرد و، بارو دۆخەکەشیان تێک نەدەدا. پیتیا خۆیشی نەیدەزانی چەندەی بە سەردا تێپەڕیوە و، ئەو دااڵغەی هەر لای ئاوازەکان بوو. بە داخی ئەوەیش بوو کە نەیدەتوانی هانیان بدات و دەستخۆشییان لێ بکات.

دەنگە نیانەکەی لیخاتشیف، پیتیای بە ئاگا هێنایەوە:

"خاوەن شکۆ! هەموو شتێک کۆتایی هات. ئێستا دەتوانیت فەرمانسییەکانی پێ دوولەت بکەیت."

پیتیا شڵەژاویەکەی رەوییەوەو هاواری کرد:

"کەوابوو رۆژ بووەوە! بە راستی هەر وایە و وا جیهان رووناک دەبێتەوە."

ئەو ئەسپانەی وەک تارمایی دەبینران. ئێستا بە رووتی هەر لە سەرو کەللەیانەوە، تا کلکیان بە رووتی دەبینرێت. لە نێوان لقە گەڵا وەریوەکانەوە، تیشکە شێدارەکەی خۆر دەبینرا.

پیتیا لەسەر گالیسکەکەوە خۆی بەردایەوە و، رۆبڵێکی لە گیرفان دەرهێنا و دای بە لیخاتشیف و، شمشێرەکەی لە کاالن دەرهێنا و، بازنەیەکی بە دەوری خۆیدا دروست کرد و، کردیەوە بە کالانەکەیدا.

قەوقازییەکان ئەسپەکانیان کردەوە و جارێکی دی لە گالیسکەکەیان بەستەوە.

لیخاتشیف وتی،"ئەوەیش سەرکردەیە."

دینیسۆف لە بنکەی پاسەوانان هاتە دەرەوە و، بانگی پیتیای کرد و، فەرمانی پێدا تا شتومەکی پێویستی خۆی، لە ئەسپەکەی ببەستێت.

بەشی یازدەیەم
هێرشبردنەکە

لە نێو ئەو تاریکییەدا بە خێرایی ئەسپەکانیان لە گالیسکەکان بەست و هەر یەکە و شوێنی خۆی لە گروپەکاندا گرت. دینیسۆڤیش لەبەر بنکەی پاسەوانانداوەستابوو و، دواین فەرمانەکانی خۆی پێ راگەیاندن.

پیادەکان پێشەنگی سوپاکە بوون و، ترپەی نزیکەی سەد پێیەک لە نێو قورو چلپاوەکەدا دەبیسترا. هێندەی پێ نەچوو ئەو پیاوانە لە دارستان و، لە نێو ئەو تەم و مژو درەختانەدا ونبوون. سەرکردەی زیین کە سەرکردەی هێزەکە بوو، جارێکی تر فەرمانەکانی بۆ هێزەکە دووبارە کردەوە. پێتیایش ئاڕامانە جڵەوی ئەسپەکەی خۆی بە دەستەوە بوو. چاوەڕێی فەرمانی سواربوون بوو. هەرچەند دەم و چاویشی شوشتبوو، بەڵام روخساری گەرم ڕاهاتبوو و، تەزوو بە پشتیدا دەهات و لە ناکاو ڕادەچەنی!

دینیسۆڤ هاواری کرد،"کەواتە هەموتان ئامادەن! فەرموو خۆتان هەڵبدەنە سەر زینی ئەسپەکان!"

ئەسپە زینکراوەکان هاتنە بەردەمی دینیسۆڤ و، ئەویش کەوتە گاڵتەکردن بە قەوقازییەکە، چونکە هەڵبەستنی زینەکەی شل و قایشەکان تووندوتۆڵ نەبوون.

دینیسۆڤیش دوای ئەوەی چەند جنێوێکی پێدا، خۆی هەڵدایە سەر زینی ئەسپەکەی خۆی. پێتیایش پێی لە ئاوزەنگی خست. ئەسپەکەیش وەکوو ڕاهاتبوو، ویستی گاز لە ڕانی پێتیا بگرێت و، ئەویش خێرا لاقی بڵند کردەوە و سواری بوو. لە دینیسۆڤەوە نزیک بووەوە و، سەرنجیشی بە لای ئەو سوارانەوە بوو، کە بە دوای یەکدا شەپۆلیان دەدا.

پێتیا وتی،"ڤازیلی ڤیدرۆڤیتیش... دیارە کارێکم هەر پێدەبەخشیت... وانا!؟ تکا دەکەم. دینیسۆڤ وا..."

قسەی کرد وەکوو ئەوەی پێتیا لەوێ نەبێت بە توندی وتی:

"تەنیا یەک شتت لێ داوا دەکەم... ئەویش ئەوەیە گوێم لێ بگریت و، خۆت

هەڵنەقورتێنیتە کاری کەسانی تر‌ەوە!"

بەدرێژایی ئەو ڕێگایە دینیسۆڤ پیتیای نەدواند. کە گەیشتنە نێو دارستانەکە، تیشکی خۆر پێدەشتەکانی ڕووناک کردبووەوە. دینیسۆڤ بەچرپە چەند وشەیەکی دا بەگوێی قەوقازییەکەدا، سەربازەکان بەبەردەمی دینیسۆڤ و پیتیادا تێپەڕین. دینیسۆڤیش ڕەشمەی ئەسپەکەی وەرچەرخاند و، بەلاپاڵەکەدا شۆڕبووەوە و، بەرەو نشێوبی دۆڵەکە بوونەوە.

پیتیا بە تەنیشت دینیسۆڤەوە غاری دەکرد و، موچڕکەکەی پشتی بە هێزتر دەبوو. تا دەهات جیهانیش ڕووناکتر دەبووەوە. دوور بەدوور تەم ومژ دەبینرا.

گەیشتنە قوڵایی دۆڵەکە دینیسۆڤ بەلای قەوقازییەدا لای کردەوە و وتی: "ئیشارەتەکە!" قەوقازییەکەیش دەستی بەرز کردەوە و گوللەیەکی تەقاند. بە دوایدا ئەسپەکان سمکۆڵانیان کرد و، بوو بە دەستڕێژی گوللە. پیتیا جڵەوی بۆ ئەسپەکەی شل کرد و، هەر گوێیشی بە دینیسۆڤ نەدا.

دینیسۆڤیش کە ئەوەی لێ بینی، چەند جارێک بانگی کرد. بەڵام بێسوود بوو. ناچار ئەسپەکەی بەرەو پردەکە تاودا. لە بەردەمی ئەودا هەر قەوقازی بوو ئەسپەکەی بەرەو پێشەوە تاودەدا. فەڕەنسییەکانیش ناچار لەمسەری پردەکەوە بەرەو ئەوسەری، ڕایان کرد و یەکێکیان بە پەلە خۆی لە ئەسپەکەی پیتیا ڕزگار کرد و، خۆی فڕێدایە قوڕ و لیتەکەوە.

ژمارەیەک لە قەوقازییەکان لە کۆلیتێکی تەختەبەند کۆبووبونەوە و، سەرقاڵی کارێک بوون. لە بنکەی کۆمەڵەکەشیانەوە، هاوار و نالەیەکی ترسناک هات. پیتیا ڕووی تێ کردن. یەکەم شتێک کە بینیی، ڕوخساری شڵەژاوی فەڕەنسییەک بوو. کە چەناگەی خوارەوەی دەلەرزی و، ڕمێکی تەختەی بە دەستەوە بوو.

پیتیا هاواری کرد،"هوورا! لاوەکان: ئەمانە پیاوانی خۆمانن." پاشان جڵەوی ئەسپەکەی شل کرد و، بە غار شەقامەکەی بڕی. لە بەر دەمیشییەوە چەند فیشەکێک تەقی. سوارەکان و قەوقازییەکان کەوتنە گیانی دیلەکان و لەم شەقامەوە بەکێشیان دەکردن بۆ ئەو شەقام و، هەر هاوارو قیژەیان بوو. لاوێکی فەڕەنسی سەر ڕووتی سوور هەڵگەڕا و، پاڵتۆیەکی شینی لەبەردا بوو. قەمەیەکی بەدەستەوە بوو و، بەرگریی لەخۆی دەکرد و، دژی سوارەکان وەستابووەوە. کە پیتیا گەیشتە سەری ئەو کەوتبوو.

بۆیە پیتیا بە خۆی وت،"ئەمجارەیش دواکەوتم!" پاشان ئەسپەکەی بەرەو شوێنی دەستڕێژەکە تاودا. لە باخی مالّی کابرای دەرەبەگەوە، دەستڕێژی گوللە بوو. فەڕەنسییەکان لەو باخەدا، لە پشتی ئەو پەرژینەی کە لە ڕەزو باخەکەدا بوو، مۆڵیان خواردبوو. لە پشت ئەو پەرژینەوە تەقەیان لەو قەوقازییانە دەکرد، کە لە دەم دەروازەکەدا وەستابوون.

کە پیتیا لەو دەروازەیە نزیک بووەوە و دوکەڵەکە ڕەوییەوە، ڕوخساری دۆڵۆخۆڤی بینی، هاواری پیاوەکانی دەکرد.

لێیشی نزیک بووەوە، گوێی لێبوو دەیقیژاند:

"لە پشتەوە بیانبەن! چاوەڕوانی سەربازە پیادەکانیشمان بکەن!"

پیتیا بەرەو شوێنی تەقە کردنەکە ڕۆیشت و هاواری کرد،"چاوەڕوان بن! هوورا!"

ڕێژنەیەکی گوللە هات و، وێزەی هەندێکیان دەبیسترا. دۆلخۆڤ و قەوقازییەکان شوێن پیتیا کەوتن و، لە دەروازە کراوەکەوە چوونە ناوەوە. لە نێو دووکەڵێکی چڕی جووڵاودا، بڕێک لە فەڕەنسییەکان چەکەکانیان فڕێدا و هەڵاتن. لە گیا و دەغڵەکە هاتنە دەرەوە، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی قەوقازییەکان و، بڕێکیان بە لاپاڵی گردەکەدا شۆڕبوونەوە و، بەرەو زۆنگاوەکان هەڵاتن.

پیتیا جڵەوی بۆ ئەسپەکەی شل کرد و، بەردەوام غاری دەکرد. بەڵام هەر خەریکی دەست هەڵتەکاندن و، خۆ خوارکردنەوە بوو بەسەر ئەسپەکەیەوە و، زۆریش پێکەنینێن بوو. پاشووی ئەسپەکەی کەوتە نێو ئاگرێکی نیمچە کوژاوەوە و، بەدەم غار کردنەوە ئەسپەکەی سڵەمییەوە. چونکە پیتیا بێ ئاگا بوو، لە پڕ گلاو کەوتە سەر زەوییە شێدارەکە.

قەوقازییەکانیش هەر قۆڵەکانیان دەبینی بەسەر ئەسپەکەوە دەیجووڵاندنو سەری نەدەجووڵان! تووەز فیشەکێک بەر سەری کەوتبوو. دوای ئەوەی سەرکردەی کەتیبەکە قوماشی سپی بەست بە نووکی شمشێرەکەیەوە و، بەرزی کردەوە بەرامبەر دۆلۆخۆڤ، دەریخست کە خۆی و کەتیبەکەی دەدات بە دەستەوە.

دۆلۆخۆڤ کەوتە دانوسان لەگەڵیدا. پاشان لە ئەسپەکەی دابەزی و، چوو بەلای پیتیاوە. چونکە کە گلابوو لەسەر زەوییەکە درێژ بووبوو، بێ ئەوەی بتوانێت بجوڵێتەوە.

دۆلۆخۆڤ برۆکانی هێناوە یەک و وتی،"ئەمیش بەشی خۆی وەرگرت."

پاشان سوار بووەوە و، بەرەو دەروازەکە بووەوە، تاکوو دینیسۆڤ ببینێت.

دینیسۆڤ پیتیای بینی بوو: چۆن کەوتووەتە سەر زەوی، هاواری کرد: کوژراوە!

دۆلۆخۆڤ دووبارەی کردەوە،"بەشی خۆی وەرگرتووە."

بەرەو ئەو دیلانەی، قەوقازییەکان دەوریان دابوو چوو و بە دینیسۆڤی وت:

"بە دیل کردنمان ناوێت!"

دینیسۆڤ وەڵامی نەدایەوە. لە پیتیا نزیک بووەوە و، لە ئەسپەکەی دابەزی و، ڕوخساری پیتیای خستە نێو هەردوو دەستە لەرزۆکەکەیەوە، ئەو ڕوخسارەی کە هەر خوێن و قوڕو لێتە بوو.

قسەکانی پیتیا لە گوێیدا زرنگایەوە کە وتبووی: "من خووم بە خواردنی شیرینییەوە گرتووە! شەربەتی نایاب! ئەوەتا ئێوەیش ببەن بیخۆن."

قەوقازییەکانیش بە بە سەرسامییەوە لە دینیسۆڤیان دەڕوانی! گوێیشیان لە نالەیەک بوو، لە دینیسۆڤەوە هات.

هەستا و بەرەو دیوارێکی نزیک ڕای کرد. لە نێو ئەو دیلە ڕووسییانەی، ئەو کەتیبە فەڕەنسییەی: دینسۆڤ گرتبووی: پییەر و پیزۆخۆڤ مابوونەوە.

بەشی دوازدەیەم
بارودۆخی پییەری بەندکراو

هەر لەو کاتەوەی سەرکردەی سوپای فەرەنسا مۆسکۆی جێ هێشت بوو، هیچ تەگبیر و پلانێک بۆ کاروانی دیلەکان ـ کە پییەریش یەکێک بوو لەو دیلانە ـ نەبوو. هەر لە بیست و دووی تشرینی یەکەمەوە و، لەو دەمەوەی ئەو کەتیبەیە مۆسکۆی جێهێشت. لە یەکەکان و کاروانەکانی سوپای فەرەنسا دابڕابوو و نەگەڕابوونەوە.

نیوەی ئەو گالیسکانەی بە دوای ئەم کەتیبەیەوە بوون، لە چۆڵکردنی مۆسکۆدا لێیان زەوت کرا بوو و، تالانچییان بردیان. لە کاتێکدا ئەو گالیسکانە قەوقازییەکان لە خۆراک باریان کردبوو. بەشەکەی تری گالیسکەکان نێردرابوون بۆ بەرایی سوپاکە و، یەک سواڕەی بێ ئەسپ نەمابوو هەموویان ون بوو بوون.

ئەو تۆبخانەیەی کە لە پێشی سوپای دوژمنەوە بوو، نەمابوو و، لەجیاتیدا بە شتومەکی مارشالا جۆنۆ بار کرابوو. بەدوای کۆمەڵەی بەندیەکاندا، کاروانێک بوو کە لەشتومەکی سواڕەکان پێکهاتبوو.

هەر لە "ڤیازما"وە ئیدی سوپای فەرەنسی بە سێ ڕیز نەدەڕۆیشتن و، وەکوو ڕانەمەڕ کۆمەڵا کۆمەڵا دەڕۆیشتن. پشێوی ئەو سوپایە وەکوو پییەر لای خۆی تۆماری کردبوو، گەیشتبووە ئەوپەڕی.

لەو رێیەدا چەندین ئەسپی تۆپیوو و، سەربازی چەقیو لەو قوڕ و لیتەیەدا، دواکەوتوو، هەر یەکە و، سەر بە یەکەیەکی سەربازی جیاواز بوو. ئیدی جاری وابوو لەو سەربازانە دەیاندایە پاڵ سوپا فەڕەنسییەکە.

چەندین جار بەدەم رێوە ئەو سوپای فەڕەنسییە، ئاوازی بوونی مەترسیی، بۆ سوپاکە لێدەدا، بێ ئەوەی هیچ مەترسییەکیش لە ئارادا بێت! بەڵام سەربازانی فیرقەکە، تفەنگەکانیان ئاراستەی پێش خۆیان دەکرد و، دەستڕێژێکیان دەکرد و، دەکەوتنە راکردن و، دواتر سەرلەنوێ کۆ دەبوونەوە و، دەکەوتنە باسی ترس و دڵەڕاوکەی خۆیان. ئەو سێ کۆمەڵە شتومەکەی لەگەڵ سوپاکەدا بەڕێوەبوو. شتومەکەکانی سوارەکان و، کۆمەڵەی دیلەکان و، شتومەکەکانی مارشاڵا جۆنۆ بوو.

لەو (١٤٠) گالیسکەیەی لە گەنجینەی سوپادا بوو، تەنیا شەست گالیسکەی مابووەوە، چونکە گالیسکەکانی تریان بە تاڵانی برابوون. یان سەربازەکان خۆیان بێ هیچ فەرمانێکی سەربازی بۆ کاروباری خۆیان بەکاریان بردبوون و، سوپاکەیان جێ هێشتبوو.

چەندین گالیسکەی جۆنۆ بەو شێوەیە دزرا و، چەند هەڵاتوویەک لە سوپاکەی داڤۆیش، سێ گالیسکەیان بردبوو بۆ خۆیان.

پییەریش هەر بەهۆی گوێگرتن لە ئەڵمانییەک، بیستبووی کە ئەم فیرقەیە گروپێکی پاسەوانانی هەبوو، زۆر لە پاسەوانانی دیلەکان بە هێزتر بوون. بە فەرمانی مارشاڵا سەربازێکیان دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە. چونکە کەوچکێکی زیویان لای ئەو سەربازە دۆزیبووەوە، گوایا دزیبووی!

کۆمەڵەی دیلەکانی ئەو فیرقەیە، کاتێک مۆسکۆیان جێهێشت، لە هەموو بەشەکانی تر، ژمارەیان کەمتر بووبووەوە. ژمارەی دیلەکان، سێ سەد رووسی بوو. بەڵام سەد دیلیان مابووەوە.

سەربازانی ئەو سوپایە بە دیلەکان زیاتر بێزار بوون، تاکو گالیسکە بار کراوەکان، بە شتومەکی مارشاڵ جۆنۆ. چونکە شتومەک و کەوچکەکانی جۆنۆ دەتوانرا بەکار بهێنرێت و سوودی لێ ببینرێت. بەڵام سەپاندنی پاسەوانیکردنی ئەو دیلانە، لە لایەن سەربازانێکی برسی و سەرمابردەڵەی سوپا فەڕەنسییەکەوە، بێزارکەر بوو.

دیلە رووسییەکانیش بارودۆخیان لە پاسەوانەکانیان باشتر نەبوو و، هەموو برسی و سەرمابردەڵە و، بێ توانا بوون و، هەمیشە دەلەرزین. ئاخر دەبێت پاسەوانیکردنی ئەو دیلانە: چ سوودێکی هەبێت؟

پاسەوانەکان فەرمانی ئەوەیان پێبوو، هەر دیلێک لە جێی خۆی وەستا و نەیتوانی پێ بەپێی ئەوان بڕوات: لە شوێنی خۆیدا بیکوژن. ئەم فەرمانەیش قێزەون بوو، بەڵای سەربازانەوە. سەربازە فەڕەنسییەکان خۆیشیان دەترسان و، خەمی ئەوەیان بوو، لەو ڕەوە هەستیارەدا، بەزەییان بۆ دیلەکان بجوڵێت و، ببێتە هۆی ئەوەی کەوا تووشی

کێشەیان بکات. بۆیە زۆر بە توندی و بێ بەزەییانە لەگەڵ خۆیان ئەو دیلانەیان بەکێش دەکرد.

لە کاتێکدا لە دوروگوبۆجیە سەربازەکان گەنجینەکانی خۆیان بە تالان دەبرد، دیلەکانیان لە گەورێ ئەسپەکاندا بەند کردبوو. بڕێک لە دیلە رووسەکان دیوارەکانیان کون کرد و هەڵاتن. بەڵام دواتر گیرانەوە و فەرمانی گوللەبارانیان بۆ دەرچوو. هەرکە لە مۆسکۆ دەرچوون، فەرمان بۆ ئەفسەرەکان دەرچوو کە دەبێت هەر یەکە و لەگەڵ کۆمەڵە سەربازێک بمێنێتەوە و، لەگەڵ ئەواندا بڕوات. بەڵام هەر زوو ئەو یاسایەیان پشتگوێ خست.

پیێەر خۆی لەگەڵ کاراتایف و، سەگە چوارپەڵ گۆجە توکنەکە رێکخست، ئەو سەگەی کە کاراتایفی بە گەورە و خاوەنی خۆی دەزانی.

هەر دوای دوو رۆژە رێ دوور لە مۆسکۆوە، کاراتایف تایەکی قورس دایگرتەوە و، بەو هۆیەوە لە خەستەخانە خەواندیان. تا کاراتایف لاوازتر دەبوو پیێەریش زیاتر لێی دوور دەکەوتەوە. پیێەر لەسەر گوێگرتن لە نووزەی کاراتایف و، ئەو بۆنەی لەشی راهاتبوو. بۆیە هەمیشە هەوڵی ئەوەی بوو، خۆی لێ بە دوور بگرێت و هێندە بیری لێ نەکاتەوە. لە ئەنجامی تێکەڵبوونی پیێەر لەگەڵ دیلەکانی تردا و بە هەموو رۆح و جەستەیەوە، تێگەیشت مرۆڤ بۆ ئەوە دروست بووە بەختیارانە بژی! بەختەوەریشی لە نەفسی خۆی و تێرکردنی پاڵنەرە سروشتییەکاندایە. هەر سەختی و ئاستەنگییەک تووشی ببێت، بە هۆی تێر نەبوون یا زێدەڕەوییە لە تێر کردنی، پاڵنەرە سروشتییەکانی خۆیەوەیە.

ئێستایش دوای سێ هەفتە ڕۆیشتن بەڕێدا، راستییەکی نوێی دەستخست. بۆی دەرکەوت کە لە جیهاندا، شتێکی ئارامبەخش نییە! لە هەمان کاتدا ئەوەیشی بۆ دەرکەوت، کە ئەگەر شوێنێک نەبێت مرۆڤ تێیدا بەختەوەر و ئازاد بێت و، بە شێوەیەک بێت کە بەختەوەری و ئازادییەکەی بێ کەم و کووڕی بێت، ئەوا ئارام نابێت. تێگەیشت کە ئازاریش سنووری خۆی هەیە و، ئازادییش سنووری خۆی هەیە. ئەم سنوورانەیش پێکەوە بەستراون.

ئەو پیاوەی لەسەر نوێنی بە گوڵ چنراو دەنوێت، بەڵام پایەکی قەرەوێلەکەی نووشتاوەتەوە، ئازار دەچێژێت و، هەر وەکوو لەسەر زەوی رەق راکشابێت وایە و، لایەکی جەستەی ساردوسڕ و، لایەکەی تری گەرم راهاتووە. لەوەیش گەیشت کە ئەو دەمەی بێ هیچ فشارێک و، بە ئارەزووی دڵی خۆی هاوسەرگیریی کرد ـ لانیکەم خۆی واتیگەیشتبوو ـ ئەو دەمە ئازادییەکەی لە ئازادیی ئێستای فرەتر نەبوو، ئازادیی ئێستایشی ئەوە بوو، کە لە تەویلەیەکدا بەند کرابوو! هەرچەند زووتر هەر گوێیشی بەم لایەنانە نەدابوو و، بیریشی لێ نەکردبووەوە کەچی هەرچیی دەبینی دەبووە پەژارە بۆی.

خەمەکانیشی ئەو پێخاوسییە و قڵیشان و بوونە برینی پێیەکانی بوو، کە ئازارێکی فرەی دەدا. وای لێ هاتبوو گۆشتی ئەسپی برژاوی بەلاوە زۆر بە تام و چێژ بوو. پاشماوەی بۆنی بارووتی تەقیو بە لایەوە، لە بۆنکردنی خۆی بە چێژتر بوو.

سەرماکە لە رۆژدا زۆر سەخت نەبوو. بەدەم رێوە لەگەڵ رەوی سوپا فەرەنسییەکەدا هەستیان بەگەرم راهاتنی جەستەی خۆیان دەکرد. لە شەویشدا ئاگرێکی فرە دەکرایەوە و، ئەسپێیەکان دەمیان لە پێستی ئەو سەربازە داماوانە دەژەند. بەڵام ئەوەی کە لە هەموو شتەکانی تر زیاتر، ئازاری پییەری دەدا، پێیە پێخاوسە قڵیشاو و برینداوەکەی بوو.

لە قۆناغی دووەمدا، پییەر لە بەر تیشکی لاوازی ئاگرەکەی بەردەمی لە برینەکانی پێی خۆی دەڕوانی. واهات بە بیریدا کە ئیدی ناتوانێت لەگەڵ سوپاکەدا بەڕێدا بڕوات! بەڵام بۆ بەیانی سوپا فەرەنسییەکە کەوتە رۆیشتن، پییەریش لەگەڵیان رۆیشت و، هەر هەستی بە ئازاریش نەکرد. بۆیە بڕیاری دا ئیدی هێندە بیر لە قاچەکانی خۆی نەکاتەوە.

هەر لەو دەمەدا، پییەر هەستی بە مەودای بەرگەگرتنی مرۆڤ کرد. زانیی کە توانای دڵسۆزانەی مرۆڤ وەکوو زمانە دەرگای دەرچوونی هەڵمی مرۆڤە و، زۆر چاک بە ئاگایە لە پاراستنی ژیانی مرۆڤ خۆی.

نەبیستی و نەبینیی دیلێک بکوژرێت، بە هۆی ئەوەوەی کە نەیتوانیوە پێ بە پێی رۆیشتنی سوپا فەرەنسییەکە بڕوات. بەڵام ئەوەی دەزانی کە نزیکەی سەد دیلێکیان لەدەست داوە. ئیدی بیری لەو کاراتایڤە نە دەکردەوە، کە رۆژ لە دوای رۆژ باری دروستیی خراپتر دەبوو! پێشیی وابوو کە رۆژێک دێت بە هۆی نەخۆشییەکەیەوە، گیان لە دەست بدات. تەنانەت هێندە بیری لە خۆشیی نەدەکردەوە! تا باری جەستەی ئاڵۆزتر بوایە، فرەتر لە دەوروبەری دادەبڕا.

تەنیا و تەنیا چێژی لە بیر کردنەوە، لە بیرەوەریەکانی خۆی و، لە زیندە خەونەکانی دەبینی!

بەشی سیازدەیەم
چیرۆکی پیرەی دەستگیر

لە (٢٢)ی تشرینی یەکەمدا، پیەر لەگەڵ سوپا فەڕەنسییەکەدا بەلاپاڵێکی بە قوڕولیتەی خلیسکدا هەڵدەگەڕا و، جاروباریک لە پێیە پێخاوسە بریندارەکەی و، زبریی ڕێگاکەی دەڕوانی. ناوە ناوەیش سەری بڵند دەکردەوە و، بە چواردەوری خۆیی و کۆمەڵەی دیلەکانی هاوڕێی دەیڕوانی و، دیسان سەرنجی پێیەکانی دەدایەوە.

هەموو شتەکان ئاسایی بوو. تووتەڵە سیریی وەنەوشەییش، کەناری ڕێیەکەی گرتبوو و، پێ بەپێی سەربازە فەڕەنسییەکان رای دەکرد و، هەندێک جار بۆ کەشخە کردن پاشوویەکی لە زەوی دەبڕی تا دەوروبەر تێ بگەیەنێت کە زۆر لە ڕۆیشتندا لێهاتووە! جارو باریش بە قەل و داڵەکانی سەر تەرمە مردووەکان دەوەڕی. ئەو تەرمانەیش سەربازانی کوژراو و، ئەسپە تۆپیوەکان بوو و، بڕێکیان دەمێک بوو بۆگەنی کردبوو و، بڕێکیشیان هێشتا بۆگەن نەبووبوو.

تووتکە سیرییش دروستیی زۆر لەو دەمە باشتر بوو، کە لە مۆسکۆ هاتنە دەرەوە. بە هەر لایەکدا دەڕۆیشت، گۆشتێکی زۆری دەست دەکەوت و، ئاپوورەی ڕەوی سوپا فەڕەنسییەکەیش گورگەکانی ناچاری جێ هێشتنی لاشەکان دەکرد و، سیرییش بە ئارامی دەمی لەو لاشانە ڕادەدا. هەر لەبەیانییەوە باران باری و، سەربازەکانیش چاوەڕوانی خۆشکردنەوەی بارانەکە بوون و، دەیانووت کەمێکی تر هەورەکان بڵاوە دەکەن و، ئاسمان دەبێتە سایەقە و ساماڵا. بەڵام دوای کەمێک خۆشکردنەوەی بارانەکە، دیسان دایدەکردەوە و، لە جاری پێشوو خووڕتر دەبوو. جۆگەلەی باراناوی سەر ڕێگەکەیش کەوتبوو و، چی دی زەوی نەیدەتوانی ئاوی زۆرتر هەڵمژێت.

پییەریش لەگەڵ سوپاکەدا دەڕۆیشت و، لە دەوروبەری خۆی دەڕوانی. سی هەنگاوی خۆی دەژمارد و، پاشان سێ هەنگاوی تریش و، سەری پەنجەکانی پێیشی کوور کردبوو.

لەبەر خۆیەوە بارانەکەی دەدواند و دەیووت:

دەی... دەی ببارە! دەی دووبارەی بکەرەوە.

هەرچەند پێی وابوو بیر لە هیچ ناکاتەوە. بەڵام رەوانی زۆر قوڵ بەو شوێنەیدا رۆچووبوو، کە بیرۆکە ئارامەکانی تێدا کۆ بووبووەوە. لەوانە ئەو ئەنجامی بیرۆکەیە بوو، کە دوێنێ ئێوارە گفتوگۆی لەگەڵ کاراتایف کردبوو. پاشنیوەڕۆی دوێنێ و، لە کۆتایی قۆناغەکەدا، لەبەر ئاگرێکدا کە بەرەو کوژانەوە دەچوو، پییەر هەڵدەلەرزی. ناچار ئاگرەکەی جێ هێشت و چووە بەر ئاگرێکی تر، چونکە ئەو ئاگرەیان کڵپە و تینی زۆرتر بوو. لەوێش بلاتۆن پاڵتوێەکی لە خۆیەوە ئاڵاندبوو و، هەر لە تەپڵی سەرییەوە تاکوو نووکی پێیەکانی خۆیی، تێدا شاردبووەوە و، لە کەسێکی دەکرد کە لە نزای پیرۆز کردنی کڵێسەدا بێت. بە دەنگە لاوازە نەخۆشەکەی خۆیشی، چیرۆکێکی بۆ سەربازەکان دەگێڕایەوە، کە پییەریش بیستبووی.

کات نیوەشەو بوو و، کاتی تاڵیهاتنی کاراتایفیش بوو. هەموو تاڵیهاتنێکی کاراتایف دەبووە هۆی هەڵچوون و دروستبوونی بارێکی تایبەت بۆی. کە پییەر دەنگی ئەو داماوەی بیست و، روخسارە بەزەیی جووڵینەکەیی لەبەر تیشکی ئاگرەکە بینی، هەستی کرد دڵی دەگوشرێت. بۆیە ترسی لە دڵە بەسۆزەکەی خۆی بوو و، ویستی خۆی بە دوور بگرێت لێی. بەڵام لەو ئاگرە بە تین و گەشتر لەو دەوروبەرەدا دەست نەدەکەوت. ناچار مایەوە.

بەڵام هەوڵی دەدا لە بلاتۆن نەڕوانێت و پرسیی،"باشە... دروستیت چۆنە؟"

کاراتایف کە دوابەدوای وەڵامەکەی، دریژەی بە چیرۆکەکەدا، وتی:

"دروستیی من؟ گریان بەسەر نەخۆشدا، مردنی ئەو نەخۆشە دوادەخات."

پاشان لە سەری رۆیشت و، بە رووێەکی خۆش و کەمێک ئومێدەوە وتی:

"ئێستاش ئەوە خۆمم! ئا ئەمە خۆمم! ئازیزەکەم."

پییەر ئەو چیرۆکەی پێنج شەش جار، لە دەمی کاراتایف خۆیەوە بیستبوو و هەموو جارێکیش بە دڵێکی زۆر خۆشەوە ئەو چیرۆکەی دەگێڕایەوە. کەچی پییەر هەستی کرد حەز دەکات دیشان گوێی لێ بگرێتەوە! بە تایبەتیش کە دەیبینی زۆر بە پەرۆشەوە دەیگێڕێتەوە. چیرۆکەکەیش بەسەرهاتی پیرەمێردێکی فرۆشیاری دەستگێڕ بوو. کە چۆن لەگەڵ خێزانە خواناسەکەیدا پێکەوە دەژیان. رۆژێک ئەم پیرەمێردە لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێ دەوڵەمەندەکانی دەڕوات. ئەڵبەتە ئەم هاوڕێیەیشی وەکوو خۆی فرۆشیاری دەستگێڕ بووە و، هەردوکیان خۆیان دەکەن بە پێشانگایەکدا کە نیجینی - نۆفگورودی گەلییان پێ وتووە. ئەو دوو فرۆشیارە دەستگێڕە، تاکوو شتومەکیان فرۆشت، فرۆشتیان و، شەو لە خانێکی ئەو دەوروبەرەدا دەمێننەوە، تاکوو رۆژی دواتر زوو بگەڕێنەوە.

بەڵام بەیانی دەرگای ژوورەکەیان دەکەنەوە و، پیرەمێردە فرۆشیارەکە سەرنج

دەدات، فرۆشیارە دەوڵەمەندەکەی هاورێی، خەڵکانی خوێنە! خەڵکەکەیش دوای پشکنین، چەقۆ خوێناویەکەیان لە ژوور سەری پیرەمێردە فرۆشیارەکەی هاوڕێیدا دەدۆزنەوە. پاشان ئەو پیرەمێردە دەکەوێتە بەر لێشاوی لێدان و ئەشکەنجەی پۆلیس و، لێکۆڵەرەوەکان و، هەر بە ساغی لووتیان دەرهێنابوو. دواتر تاوانی کوشتنەکەیان بەسەردا سەپاندوو و، رەوانەی بەندیخانەی کارە سەختەکانیان کردووە.

ئا ئاوا ئازیزەکەم... وا دە ساڵ زیاتر بە سەر ئەو پیرەمێردە دەستگیرەدا تێدەپەڕێت و، لەو بەندیخانەیەدا خۆی راگرتووە و، هیچ کارێکی خراپیشی لەو بەندیخانەیەدا نەکردووە! تەنیا نزایشی ئەوەیە کە خوا ژیانی کۆتایی پێ بێنێت. پاشان لەسەری رۆیشت:

شەوێکیان حوکمدراوەکانی ئەو بەندیخانەی'کارە سەختەکان' وەکو ئێستای خۆمان کۆ بووبوونەوە. هەر یەکە و هۆی حوکمدانەکەی خۆیی، بۆ دەوروبەرەکەی دەگێڕایەوە و دەیپرسی... کە ئاخۆ دەبێت لە بەرامبەر خوادا هەمان حوکمی بە سەردا بسەپێت!؟

ئیدی هەریەکە و بە سەرهاتی خۆی دەگێڕایەوە. ئەوەیان یەکێکی کوشتبووو ئەوی تریان دوانی کوشتبوو! سێیەمیان ناوچەیەکی ئاگر تێبەردابوو و چوارەمیان کۆیلەی زەوی بوو، واتە جوتیاری زەویی دەرەبەگێک بوو و، هەڵاتبوو و، دوای دەستگیرکردنەوەی، هەر زوو حوکمی دەوڵەتیان بەسەردا سەپاندبوو.

پاشان یەکێکیان لە پیرەمێردە داماوەکەی پرسی بوو:

'ئەی تۆ مامە پیرە!؟ تۆ بۆ لێرەیت!؟'

پیرەمێردەیش لە وەڵامدا وتی:

'ئای... برا ئازیزەکانم! من هەمیشە خەمی هەڵەکانی خۆم و، خەڵکانی تریش دەخۆم. چونکە بەرگەی سەختیی رەوان و ویژدانی خۆم ناگرم. هەرگیز چاوم نەبڕیوەتە پارە و سامانی خەڵکانی تر و، زۆر جاران ئەو پارەیەی کە پێم بووە لەگەڵ هەژار و نەدارێکدا بەشم کردووە. من فرۆشیاری دەستگیرم، برا ئازیزەکانم. کاتی خۆی پارە و سامانێکی فرەم هەبوو.

کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی و لەنێو گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیدا وتی،'من سکاڵام نییە بەرامبەر بارودۆخی ژیانی خۆم... چونکە خوا منی هەڵبژاردووە، تاکو نزا لای خوا بکەم بۆ تاوانباران و ئەویش نزاکەم پەسەند دەکات! تەنیا شتێک ئازارم دەدات، بارودۆخی ژیانی هاوسەرە پیرەکەم و منداڵەکانمە.

پاشان لە پڕمەی گریانی دایەوە، لە نێو حوکمدراوەکاوەکانیشدا، کوژەری ئەو فرۆشیارە دەستگیرە هەبوو.

جا ئەوەی کە فرۆشیارە دەستگیرەکەی کوشتبوو پرسیی:

باپیرە گیان... ئەو رووداوە لە کوێ رووییدا!؟ کەی و چ مانگێک بوو؟

کوژەری دەستگیر بە دەم ئازارەوە وردەکارییەکانی لێ داواکرد.

پاشان لە پیرەی دەستگیڕ نزیک بووەوە و خۆی دا بەسەر پێیەکانیدا و وتی:
ـ ئەی پیاوی نیان و دڵپاک: بە هۆی منەوە... ئێستا تۆ ئازار دەچێژیت!
پاشان ڕووی لە کۆمەڵە حوکمدراوەکان کرد و وتی:
هاوڕێیان ئەمەی وتم، تەواوی ڕاستیی ئەو ڕووداوەیە! ئەم پیاوە بە هۆی منەوە، تووشی ئەم هەموو ئازار و ئەشکەنجەیە بووە!! ئەو ڕووداوەی ئەم مامە پیرە گێڕایەوە، من دڕوستم کرد و، بە دەستی خۆم چەقۆ خوێناوییەکەم خستە ژێر پشتییەکەیەوە! مامە پیرە گیان لێم خۆش ببە... بۆ خاتری خۆشەوستیی حەزرەتی مەسیح: لێم ببووڕە!
کاراتاییف کپ بووەوە و کەوتە چاک کردنی تەختەکانی نێو ئاگرەکە و سەرنجی تیشکەکانی دەدا و، بزەیەکی بەختەوەریش بەسەر لێویەوە بوو. پاشان کەوتە دڕێژەدان بە چیرۆکی پیرەمێردە فرۆشیارە دەستگیڕەکە و، بەڵام بە دڵێکی خۆشەوە، چونکە ئەم بەشەی دوایی بەلایەوە گرنگترینی چیرۆکەکەی بوو.
پیرەمێردەیش پێی وت:
ـ هەر خوا خۆی دەتوانێت لێت خۆش ببێت... ئێمە هەموومان لە بەردەمی خـوادا هەڵەکارین. ئەوەتا منیش بە هۆی هەڵەکانمەوە، ئـازار دەچێژم.
مامە پیرەی فرۆشیار، هێندە بە کوڵ گریا، کە فرمێسکی بە خۆڕ لە چاوانی دادەوەرین.
پاشان لێی پرسی:
تۆ ئەمەت پێ چۆنە و، چۆن تێیدەگەیت... هەڵۆ چکۆلەکەم؟ کوژەرەکە بە پێی خۆی چووە بەردەم دەسەڵات و، دانی بەتاوانەکەیدا نا! ئەو حوکمدراوە کوژەرێکی بێبەزەیی بوو، چونکە دانی بەوەدا نا، کە پێشووتر شەش کەسی تری کوشتبوو! کەچی دانی بەوەدا نا، کە ئەم ڕووداوەی سەپاندوویەتی بەسەر ئەو پیرەمێردەدا، ئازارێکە هـەرگیز بیری ناچێتەوە! بەڵێ ئەو بکوژە، دانی بە تاوانەکەیدا نا و، فایلی پیرەمێردە کوژەرەکەیان هێنـا و، کەوتنە نووسین و، داوای وەڵامی نووسراو و، پاشـان ڕۆتینی گەیشتنی ئەو نووسراوەی کە کوژەرەکە دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و، لە بەردەم دادوەردا و، پیرەمێردە فرۆشیارە دەستگیڕەکە، بێتاوان دەکات و، تاوانی کوشتنەکەی لێ دامالێدرێت: سالانێکی فرەی پێچوو و، دواتر دۆسیەی بێ تاوانیی پیرەمێردەی لە بەندیخانەی (کارە سەختەکان) خزێنراو، بە نووسراوێکەوە گەیشت.
بەندکراوەکان کەوتنە گەڕان لە نێو بەندیخانەکەدا و، بە شوێن مامە پیرەدا و دەیان پرسی،"پیرەمێردە غەدرلێکراوەکە لە کوێیە؟"
بەڵام پێش گەیشتنی نووسراوی بێتاوانییەکەی: پیرەمێردەکە مردبوو!
پاشان کاراتاییف وتـی:
ئەی هەڵۆ ئـازیزەکەنم... بەم شێوە مەرگەساتە، چیرۆکەکە کۆتایی هات!
بە بزەیەکەوە لە ئاسمانی ڕوانی و، سەرلەبەری چیرۆکەکەی بە موجیزەیەکی خوایی دەهاتە بەرچاو. ئەم بۆچوونەی کاراتاییف، ئارامیی دەڕوونیی بە پیرەڕیش بەخشی.

بەشی چواردەیەم
کۆژرانی کاراتاییف

لەناکاو دەنگێک بڵند بووەوە، "هەر یەکە و بچێتەوە شوێنی خۆی!"

مقۆ مقۆ و دڵەڕاوکە، کەوتە نێوان دیلەکان و، سەربازەکانی ئەو گرووپە، هەموو چاوەڕوانی هەواڵی خۆشیان دەکرد. لە هەموو لایەکەوە فەرمان دەدرا. لای چەپی گرووپەکەوە، کۆمەڵێک سوارە هاتن، کە ئەسپەکانیان زۆر بە جوانی رازابووەوە و، بەرەو کۆمەڵەی دیلەکان بوونەوە. روخساریان ئەو هەستەی تێدا دەخوێنرایەوە، کە لە باڵاکانی سوپا بن. بەندییەکان دوورخرانەوە و لەولا رێگەکەوە کۆکرانەوە. پاسەوانانی سوپا فەرەنسییەکەیش ریز بوون.

ئیمپراتۆر! ئیمپراتۆر! مارشاڵ! دۆق!

سەربازە تێرو تەسەلەکانی دەرباری شاهانە، لە خۆپیشاندان بوونەوە و گالیسکەیەک هات، کە سێ جوت ئەسپ بەرودوا رایاندەکێشا و، تا دەهات تەق و هورەکەی زیاتر دەبیسترا. پییەر دەم و چاوێکی گەورەی زەرد هەڵگەڕاوی پیاوێکی بینی کە شەپقەیەکی سێ گۆشەی بەسەرەوە بوو. ئەو پیاوە یەکێک بوو لە مارشاڵەکان و، لای خۆیەوە کەتیبەکەی پییەر سەرنجی راکێشا و برۆکانی یەک هێنایەوە و رووی وەرگێڕا، تاکوو هاتنەوەکەی، لێ بشارێتەوە.

ئەو ژەنەرالەی سەرکردایەتیی کاروانەکەی دەکرد، سوورباوێکی دەم وچاو تۆقێنەر بوو. بە سواری ئەسپەکەیەوە بە غار کردن بە دوای گالیسکەکەوە بوو. چەند ئەفسەرێک کۆبوونەوە و، سەربازەکانیش ئاپوورەیان دان و دوودڵی‌و دڵەڕاوکە لە روخساریاندا دەخوێندرایەوە.

هەموویان دەیانپرسی:

. **چیی وت!؟ چیی وت!؟**

لەکاتی رۆیشتنی مارشاڵدا، دیلەکانیان کۆکردەوە، پیادەر کاراتییڤی بینییەوە چونکە لەو بەیانییەوە نەیبینی بوو. کاراتییڤ پاڵتۆ چڵکنەکەی لەبەردابوو و پاڵی دابوو بە قەدی ئەستووری دار بەڕوویەکەوە. هێشتا کراوەیی روخساری ئەو دەمەی چیرۆکی پیاوە پیرە دەستگێڕەکەی گێڕابووەوە، پێوە دیاربوو. کاراتییڤ بە چاوێکی پڕ سۆز و خۆشەویستی لە پیادەری دەڕوانی و، هەوڵی ئەوەی دەدا لێی نزیک ببێتەوە و، شتێکی پێ بڵێت. بەڵام پیادەر زۆر لە خۆی دەترسا و، خۆی وا پیشان دا کە ئاگای لە کاراتییڤ نییە و، لێی دوورکەوتەوە.

کاتێک دیلەکان لەگەڵ سوپای فەڕەنسادا کەوتنە ڕێ، پیادەریش سەیرێکی دواوەی کرد و، بینی کاراتییڤ، هەر دانیشتووە و پاڵی داوە بە قەدی دار بەڕووەکەوە و، دوو فەڕەنسییش بە دەوریادەوە بوون و، قسەیان لەگەڵ دەکرد. پیادەر پشتگوێی خست و، لەگەڵ کاروانەکەدا بە لاپاڵەکەدا سەرکەوت. لە کۆتایی کاروانەکە و، ئەو شوێنەی کاراتییڤ دانیشتبوو، گوللەیەک تەقی! پیادەریش زۆر بە باشی دەنگی تەقینەوەکەی بیست. بەڵام ژماردنی قۆناغەکانی بەرەو سمولنسکی لێ تێکدا. چونکە هەر لە سەرەتای کاروانەکەوە، هەنگاوەکانی خۆی ژماردبوو و، قۆناغەکانی لە بیری خۆیدا ریزبەند کردبوو. بۆیە ناچار بوو، لە سەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە.

دوو سەربازی فەڕەنسی بە بەردەمی پیادەردا تێپەڕین و، هێشتا لوولەی تفەنگی یەکێکیان دووکەڵی لێ دەهاتە دەرەوە. روخساریان هەر وەکوو روخساری ئەو سەربازانە بوو، کە دەستڕێژیان لەوانە دەکرد، کە بە سووتاندنی شاری مۆسکۆ تاوانبار کرابوون!

پیادەر لە سەربازانی روانی و بۆی دەرکەوت ئەوە هەر ئەو سەربازەیە کە کراسەکەی بە ئاگرەکە وشک دەکردەوە و، بە دەستیەوە گڕی گرت و، ئەمیش بڕێک گاڵتەی پێ کرد.

تووتکە سەگەکەیش لای کاراتییڤ مایەوە و کەوتە مڕەمڕ.

پیادەریش لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئای کە سەگێکی گێلە! قرووسکە قوورسک، چ سوودێکی هەیە!؟"

کەس لای نەکردەوە بەلای کاراتییڤدا و، بێدەنگ کەوتنە ڕێ و، وەکوو ئەوەی کەسیش نەکۆڕابێت!! تەنیا دەنگێک دەبیسترا قرووسکە قرووسکی سەگەکە بوو!

بەشی پازدەیەم
رزگاربوون

کاروانی دیلەکان و شتومەکی مارشاڵ لە دێی شامشێڤ وەستا. خەڵکەکەیش لە دەوروبەری سەربازگەکان کۆبوونەوە. پیرەریش لە یەکێک لە ئاگرەکان نزیک بووەوە و، پارچەیەک گۆشتی برژاوی ئەسپی خوارد. پاشان پشتی کردە ئاگرەکە و لێی راکشا و، هێندەی نەبرد خەو بردییەوە. سەرلەنوێ واقیع و زیندە خەونەکانی تێکەڵ بە یەک بوونەوە. دەنگی خۆی بوو، یان دەنگی یەکێکی تر کەوتە شیکردنەوەی بیرۆکەکان بۆی.

بیرۆکەکانیش هەر ئەوانە بوون کە لە مۆجاییسک لای گەلاڵە بوو بوو:

ژیان هەموو شتێکە، ژیان لە خواوەیە! هەموو شتەکان دەجوڵێن و دەگۆڕدرێن ئەو جوڵانە لە خواوەیە! تا ژیان بەردەوام بێت، بەختەوەربوون بە هەست بە خوا لە ناخی دەروندا دەمێنێت. خۆشویستنی ژیان لە خۆیدا خۆشویستنی خوایە. لە هەموویشی سەختتر سەختیی تۆڵە کردنەوەیە و، پاداشتیش خۆشویستنی ژیانە و بە ئازارەکانیشیەوە.

پیەر کاراتییفی بیر کەوتەوە.

لەناکاو وەکو کاراتییف هەر نەشمردبێت، ئەو پیاوە پیرە نیانە چکۆلەیەی بینییەوە! خۆ دەمێکیش بوو، پیەر بیری لەو پیرە داکەوتووە نەکردبووەوە. زووتر ویستبوویشی زانیاریی جوگرافیای فێر بکات. ئەو کاراتییفە پیرە بە پیەری وتبوو:

چاوەڕوان دەبە و، دواتر گۆی زەویی پیشاندابوو. ئەو گۆیە زیندووە، شەپۆلی ئدابوو

و، چێوەیەکی دیاریکراوی نەبوو بوو! هەموو رووبەرەکەیشی لە چەندەها دڵۆپە ئاوێکی فرەی توند پێکەوە شەتەکدراو پێکهاتبوو. هەندێک جار ئەو دڵۆپانەی ئاوەکە دەجوواندن و، جێگۆرکێ دەکەن. یان بە پێچەوانەوە دڵۆپە ئاوێکی گەورەیە و، شی دەبێتەوە بۆ ملیۆنان دڵۆپە ئاوی وردتر. هەر دڵۆپەیەکیش دەیەوێت پان و پۆڕ بێتەوە و، شوێنی فراوانتر داگیر بکات. بەڵام چونکە دڵۆپەکانی تریش، هەمان کار دەکەن: پاڵەپەستۆ دەخەنە سەر یەکتر و، لە چالاکیی یەکتر کەم دەکەنەوە.

مامۆستا پیرە وتــی،"ژیان بۆ خــۆی وایە."

پیرەر ئاوا بــیری کردەوە:

چەند سادە و روونە! باشە چۆن زووتر هەستم بە ئەمە نەکردووە!؟ خوا لە نێوەندای ئەم دڵۆپە مەزنەدایە! هەر دڵــۆپێک دەیەوێت بکشێت تاکوو فراوانترین رووبەر داگیر بکات. دڵۆپەکەیش گەورە دەبێت و پان دەبێتەوە، پاشان دێتەوە یەک و رووبەرەکەی ون دەبێت و رۆ دەچێت. پاشان سەرلەنوێ سەردەکەوێتەوە. هەر وەکوو کاراتییف وایە، ئاخر ئەویش شاد و کراوە بوو و، دواتر ون بوو!

ــ کوڕەکەم ئێستا لە من گەیشتیت؟

مامۆستا پیرە داکەوتووەکە کە کاراتایف بوو، هەموو جارێک ئەمەی دەوت.

دەنگێک هاواری کرد و پیرەری لە خەو ڕاپەڕاند:

ــ تێگەیشتیت... ئەی...!

پیرەر هەستا و لە بەردەم ئاگرەکەدا دانیشت. سەربازێکی فەڕەنسسیش قۆڵەکانی لێ هــەڵکردبوو و، پارچــە گۆشــتێکی کردبــوو بــە زمــەی تفەنگەکەیــەوە و چوارمشــقی بــۆی دانیشت، تــاکو ببرژێنێت. بــە هــەردوو مەچەکــە ســووربــاوە تووکنەکــەی و، پەنجــە کوڵــە تۆکمەکانی، شیشی زمەکەی دەخولاندەوە، تاکوو هەموو ڕووەکانی پارچــە گۆشتەکە باش ببرژێت. ورتەورتێکی بۆ سەربازێکی وەستاوی پشت خۆی کرد:

"بەلایەوە وەکو یەک بوو، ئەی دزی جەردە! دەی!"

بــە دەم خولانــەوەی زمەکــەوە، ســەرنجی پیــەریشــی دا و، پیــەریش بــەرەو تاریکییــەکــە ڕووی وەرگێڕا. سەربازێکی فەڕەنسی پاڵی بە پیــەرەوە نــا و، جێگــەی بــەر ئاگرەکــەی لێ سەند و، کەوتە دەستکێشان بە پشتی تووتکە سەگە تووک وەنەوشەییەکەدا.

پیرەر وتی،"ئاە! ئاخۆ گەڕاوەتەوە؟"

لەسەری ڕۆیشت،"بەڵام نا!"

ئیدی لە کورتی بڕییەوە. کتوپڕ ڕوانینەکەی بلاتۆنی هاتەوە بەرچاو، کە پاڵی بە قەدی درەختەکەوە دابوو و، لە ناکاو فیشەکێک تەقی و، دوو سەربازی تــاوانباری فەڕەنسی بــە ڕاکردن هاتن و یەکێکیان هێشتا دوکەڵ لە لوولەی تفەنگەکەیەوە دەهاتە دەرەوە!

ونبوونی کاراتییف لەو قۆناغەدا، واکەوتــەوە کــە پیــەر هــەوڵ بدات ئــەو ڕاستییــەیش لــە خۆ بگرێت کــە، ئــەو کڵۆڵــەیش کــوژڕاو بڕایــەوە. لــە هــەمان کاتدا لــە شــوێنێکی تریشــەوە

بیرەوەرییەکی هاتەوە بیر، کە مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت، کام کونج و کەلەبەری بیرەوەرییەکانی بوو!؟ بیرەوەریی ئەو ئاهەنگە سەمای شەوانەی، کە ئەو شەوەی لەگەڵ ژنە پۆلۆنییەک بە سەری بردبوو. ئەمەیشی لە هاوینی یەکێک لە ساڵەکانی ژیانیدا و لە بەلەکۆنەکەی خۆیدا و لەشاری کییڤ بوو.

پییەر چاوانی لێکنا و نەگەیشتە ئەنجامی: نە بیرەوەرییەکە و، نە ئەوانەی ئەو رۆژە بینی بوونی! هێندەی پێ نەچوو دیمەنێکی زۆر دڵگیر و ئەو هەموو ئاوی زەریایەی دەوروبەری هاتەوە پێش چاو! پاشان هەستی کرد قاچەکانی داچوو و چوو بە قووتداو سەریشی نوقم بوو.

هەرچەند هێشتا رۆژ نەبوو بووەوە. بەڵام تەقەی دەستڕێژ و ویزەی گوللە و، هاوار و ناڵە، پییەری بە ئاگا هێنایەوە. هەر سەربازی فەڕەنسی بوو، بە راکردن بە بەردەم پییەردا تێدەپەڕین!

یەکێکیان هـــاواری کرد،"ئەوانە قەوقازییەکانن!"

زۆری پێنەچوو، چواردەوری پییەر بە روخساری رووسیی گیرا! زۆریش تێگەیشت: چی قەوماوە! هاوڕێکانی لە هەموو کەلەبەر و رێگەیەکەوە هاواری خۆشییان بۆ پییەر دەکرد. سەربازانێکی پیر، سەربازە رووس و قەوقازییەکانیان لە ئامێز دەگرت و، هاواریان دەکرد،"ئۆخەی برا جوانەکانمان! هـــاوڕێ ئازیزەکانمان! هاوڕێیان!"

ســەربازە رووسـی و سـەربازە قەوقازییـەکانیش، ئـاپوورەی دیلـەکانیان دا و، کەوتنـە بەخشینی نان و بەرگ و پێڵاو، پێیان. لە نێویاندا پییەر دانیشت و دەگریا و، هیچی بۆ نەدەوترا! هەر کە سەربازێکی رووسیی بینی، لـە ئامێزی گرت و کەوتە ماچ کردنی و، لەگەڵیشیدا بە کوڵا دەگریا.

دۆلۆخـۆف لای دەروازە رووخاوەکـەوە، کۆمـەڵێک سـەربازی فەڕەنسـیی لـە چـەک دامالراوی، پێش خۆی دابوو. ئەو کۆمەڵەیەش هێندە لە ناکاو گیرابوون، کە هێشتا سەر خۆیان نەهاتبوونەوە و، بەدەنگی بڵند دەدوان!

بەڵام کە دەگەیشتنە بەردەم دۆلۆخـۆفی قامچی بە دەست، هـەر زوو کپ دەبوونـەوە. قەوقازییەکانیش لە دەروازەکەی تر وەستابوون. ئەو قەوقازییەیش کە لەگەڵ دۆلۆخۆفدا بوو، کەوتە ژماردنی دیلەکان. هەر سەد دیل و، هێڵێکی درێژی لە دەرگاکە دەدا.

دواتر دۆلۆخۆف لێی پرسی،"چەندن!؟" قەوقازییەکە وەڵامی دایەوە،"ئێستا لە ژمـاردنی سەدی دووەمدام!" دۆلۆخۆف لە فەڕەنسییەکانەوە فێر بوو بوو و بەوانی وتـەوە،"بڕۆن! بڕۆن!" کە تەوقەیشی لەگەڵ دیلەکان دەکرد، بریسکەی دڕندەیی لە چاوانیدا دەبینرا.

دینیسۆڤیش بەسەری رووت وشۆڕەوە، شوێن ئەو قەوقازییانە کەوتبوو، کە لاشەی پیتیا ڕۆستۆڤی کوژراویان هەڵگرتبوو. هـەوڵی ئـەوەیان بـوو، کـە لـە باخچـەی ماڵەکـەدا چاڵێکی بۆ هەڵ بکەندن و، بینێژن.

بەشی شازدەیەم
راپۆرتەکەی بیریتیە

لە بیست و هەشتی تشرینی یەکەمەوە، پاشەکشەی سوپای فەڕەنسییەکان دەستی پێکرد. لەبەر ئەوەی وەرزەکەی، وەرزی رەشەبا و سەرماو سۆڵە بوو، هێندەی تر پاشەکشەکەی ئەوانی کارەساتبار کرد.

بڕێک لە فەڕەنسییەکان لە سەرماندا رەقبوونەوە و مردن و، بڕێکی تریان بە دەوری ئاگرەکانەوە مردن و، ئەوانەی تریشیان، پاڵتۆی ناوداری فەروویان لەبەردا بوو و لە چەندین گالیسکەی باری، بچووک بچووکی پڕ لە شتومەک بوون، کە تالانیی: ئیمپراتۆر و پاشایان و دۆقەکانی تێدا بوو.

هەرچەند هەڵاتن و پاشەکشەی سوپا و، لەبەریەک هەڵوەشاندن، ریزەکانی کاروانەکەی هەڵوەشاندبوو، کەچی رەو لە نێوان ڤیازما و مۆسکۆدا، هەر سەرومڕ بوو. لەو حەفتاەسێ هەزار سەربازە فەڕەنسییە، تەنیا سی و شەش هەزار سەربازەیان مابووەوە! بێ لە فیرقەکانی پاسەوان. کە ئەم فیرقانەیش بە هیچ شێوەیەک بەشداریی شەڕیان نەکرد و، کارو پیشەیان تالان و راووڕووت بوو! لەو هەموو سەربازە ونبووەیشیان، تەنیا پێنج هەزار کەسیان لە گۆڕەپانی شەڕەکاندا کوژرابوون! ئەمەیش هاوکێشەی یەکەمی رووداوەکە بوو.

هاوکێشەکان بیرکاریانە بەم شێوەیە شی کرانەوە:

سوپای فەرەنسا لە مۆسکۆوە بۆ ڤیازما و، لە ڤیازماوە بۆ سمۆلنسک و، لە سمۆلنسکەوە بۆ بریزیناوە و، بۆ ڤیلنا دەستی بە توانەوە کرد. ئەگەر کاریگەریی سەرمای سەخت و، پەلاماری ناوەناوەی رووسییەکان و، هەڵەت و سەختیی رێگاوبان و، هەموو رووداوە ناکاوەکانی سروشتی لێ لابەرین: ئەوا دەردەکەوت کە توانەوەی ئەو سوپا فەرەنسییە بەیەک ڕێژە بووە!

هەر دوابەدوای گەیشتنی سوپای فەرەنسا بە ڤیازما، ئیدی ئەو سوپا سێ ریزە رێکخراوە نەما و، وەکوو رانە مەڕومالات، رێگایان دەبڕی! تا کۆتایشی هەر وابوو.

بێرتییە بۆ گەورەکەی سەروو خۆیی نووسی بوو:

پێم وایە ئەوە ئەرکی خۆمە: خاوەن شکۆتان، لەبارەی دۆخی هەموو یەکەکانی سوپاکەتان ئاگادار بکەمەوە. بارودۆخی یەکەکان، هەر ئەوەی بەچاوی خۆم لە ماوەی دوو سێ رۆژدا و، لە هەموو قۆناغەکاندا بینیومە:

یەکە سەربازییەکان لە هەڵوەشاندنەوە، نزیک بوونەتەوە! هەر یەکەیەک چواریەکی سەربازەکانی، لە پشت ئالاکەیان ماوەتەوە! ئەوانی تریشیان رۆیان لەو شوێنانە کردووە، کە خۆراکیان لێیە و، بەو ئومێدەی کە لە یاساکانی سەربازی و فەرمانە سەختەکان، رزگاریان ببێت! بە هەرحاڵا یەکەکانی سوپاکەشمان پێیان وایە: بە گەیشتنیان بە سمولنسک، ریزەکانی خۆیان یەک بخەنەوە و، سوپاکە پێک بهێننەوە.

لەم رۆژانەی دوایشدا بینراوە، کە بڕێک لە سەربازەکان چەکەکانیان فڕێ دەدەن. بۆیە لەم بارو دۆخەدا رێکخستنەوەی سوپا لە سمولنسک دا دەبێتە کارێکی سەپاوی پێویست و خزمەت بە بەرژەوەندیی خاوەن شکۆ دەکات. دەبێت لە رێکخستنەوەی سوپاکەدا، ئەم کارانە بکرێن: ئەو پیاوانە لە سوپا دەربکرێن: کە چەکەکانیان لە دەست داوە. یەدەک و گوللە تۆپەکانی ئەو تۆپانە، بەجێ بهێڵرێن. کار لە کار کەوتوون. چونکە کاتی ئەوە بە دەستەوە نەماوە بەکاربهێرێن. دەبێت خۆراکی پێویست بۆ سەربازانی سوپا ئامادە بکرێت. بە تایبەتی بۆ رۆژانی پشوو حەوانەوەی سەربازەکان. چونکە بڕێکی زۆری سەربازان بە هۆی سەختیی رێگا و ماندوویی و برسی بوونەوە مردوون. دەرمان و چارەسەر زۆر پێویستە بۆ دروستیی سەربازەکان. چونکە لە مەترسیی ئەوەداین لە کاتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمندا کۆنترۆڵکردنی سوپاکەمان لە دەست بدەین.

لە نۆزدەی تشرینی دووەمدا نووسراوە.

(٣٠) میل دوور لە سمولنسکەوە.

لە کاتێکدا سمولنسک بۆ پاشماوەی سوپا فەرەنسییەکە ببووە زەوییە چاوەڕوانکراوەکە و، لە هەڵپەی ئەوەدابوون، خۆیان بگەیەننە ئەوێ. دواتر کەوتنە یەکتر کوشتن، بۆ دەستخستنی خۆراک و، جاروبار خۆراکی یەکتریان دەدزی! دوای ئەوەی هیچیان

نەهێشت، هەڵاتن و لەو شوێنەیش دوور کەوتنەوە و، ملی ڕێیان گرتبوو، بێ ئەوەی بزانن بۆچی و بۆ کوێ دەچن!؟

ناپلیۆنیش بەو هەموو بلیمەتییەی خۆیەوە، هەر بەهێندەی ئەو هەڵاتووانەی لێ تێگەیشتبوو! چونکە ئەویش تا دەوروبەر ڕاوێژیان بۆ نەکردایە، فەرمانی بۆ دەرنەدەکرا! یاوەران و دەوروبەرانی دەربارێش، بەم نازناوە قەبانە یەکتریان دەدواند: گەورەم... ئامۆزا... بیر دیکمۆهل... پاشای ناپۆلی... هتد.

بەڵام ڕاپۆرت و زانیاریدان، لەسەر کاغەز نەبوایە بوونی نەبوو. کەس بیری لە جێبەجێ کردنیان نەدەکردەوە، چونکە لەسەر کاغەز دەمایەوە. هەرچەند بە نازناوی مەزن یەکتریشیان دەدواند، وەکو: **شکۆدار... ئێوەی مەزن... براکەم...** بەڵام هەموویان هەستیان کردبوو چەقاوەسوو و، چەورەیەکی بازاڕن و جێی بەزەیین. خراپەی زۆریان کردووە و ڕۆژێک دێت زۆریان لێدەکەن کە دان بە تاوانەکانی خۆیاندا بنێن و، چییان کردووە بیڵێن. هەرچەند وایان پیشان دەدا بایەخێکی فرە بە سوپا دەدەن، بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا بایەخیان بە خۆیان دەدا و بیریان لە دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ ڕزگار کردنی پێستی خۆیان، لە بردنی بۆ دەباغانە، دەکردەوە!!

بەشی حەڤدەیەم
لە سەرەمەرگدا

جوولەکانی یەکە سەربازییەکانی فەڕەنسی و، ڕووسییەکان، هەر لە پاشەکشەکەو چۆڵ کردنی مۆسکۆوە، تاکوو نییمن وەکوو یاریی چاوبەستنەوە وابوو. ئەو یارییەش چاوی یەکێک دەبەستێتەوە و ئەوی تر چاوکراوە دەمێنێتەوە. چاوکراوە چەپڵەیەک لێدەدا و چاو بەستراوەیش بەرەو دەنگەکە ڕادەکات.

سوپای فەڕەنسا لەخۆیدا شکابوو و، لە هەوڵی ئەوەدا بوو، زۆرترین سەربازی لە دەست سوپای ڕووس، ڕزگار بکات. بەڵام وەکو چاوبەستراوەکە شارەزای ڕێگاکان نەبوو و، هیچیان لە بارەی ناوچەکەوە نەدەزانی و، جاری وابوو، وەکوو چاوبەستراوەکە خۆی فڕێ دەدایە نێو سوپای ڕووسەوە!

لە سەرەتادا سوپاکانی ناپلیۆن، بوونی خۆیان دەسەلماند و، وایان پیشان دەدا کە تۆکمەن. کەچی لەسەرەتای هەڵاتن و، پاشەکشەدا، کەوتبوونە سەر ڕێی کالوجا. بەڵام دواتر کە گەیشتنە سمولنسک. کەوتنە هەڵاتن و زۆر بە خێرایی و، وەکو چاو ساغی یارییەکە زەنگەکەی توند گرتبوو، تاکو دەنگی لێوە دەرنەچێت و، بە شوێنەکەی نەزانرێت.

کەچی زۆر جاران دەبوون بە تووش سوپای رووسەوە! بەو راکردنەیان پێیان وابوو لە دەست رووسەکان رزگار بوون و، تووشی شەڕ نایەن.

خێرایی هەڵاتنی سوپای فەڕەنسا و، خێرایی لە وەدوو کەوتنی سوپای رووس بۆ ئەو سوپا بەزیوە، کارێکی کردبوو، ئەسپەکانیش پێ رانەدەگەیشتن. گروپە کێومالکەرەکانیش، زەوقی سواربوونیان نەمابوو. بە هەرحاڵ هێندە ئەو دوو سوپایەی فەڕەنسی و رووسییە خێرا بوون، لە گۆڕینی شوێنەکانیاندا: هەرچی بکرایە زانیاریەکان لە بارەیانەوە، لە کاتی خۆیاندا نەدەگەیشتن.

گەر زانیاری بگەیشتایە وا سوپای فەڕەنسا لە دووی مانگدا، لە شوێنی مەبەستدایە. تا ئەو دەمەی ڕاپۆرتەکە دەگەیشت، ئەو لەشکرە فەڕەنسییە، دوو قۆناغی تری بڕیبوو و، شوێنەکەی گۆڕی بوو. سوپایەک هەڵدەهات و سوپایەکیش شوێنی کەوتبوو. هەر لە سمولنسک، فەڕەنسییەکان دەیانتوانی ڕێگا بۆ خۆیان دیاری بکەن، دوای ئەوەی چوار ڕۆژ لە سمولنسکدا مانەوە. پێیان وابوو توانیویانە شوێنی سوپای دوژمنەکەیان دیاری بکەن. پیلانیان بۆ سوودی خۆیان و، شێوەی پەلاماردانی سوپای دوژمن دادەنا. بەڵام دوای ئەو چوار ڕۆژەی، ئەو سوپا فەڕەنسییەی کە ڕێکخستنەوەی خۆیانیان لە دەست دابوو، لە سمولنسکدا مابوونەوە، وەکو ڕانەمەڕ هەڵهاتن. نەیاندەزانی کامە لای ڕاستە و کامە لای چەپە! هیچ پیلانێکیان بۆ جوواڵە کردنی سوپاکەیان نەبوو.

ئەو هەموو ڕێگەیان بڕی و، لە ڕێگەی کراسنواییە و ئۆرشای کۆنەوە هاتن، کە خراپترینی ڕێگاکان بوو. لە بەر ئەوەی پێیان وابوو، سوپای رووس بە دوایانەوەیە و لەبەردەمیاندا نییە، بۆیە زۆر بە خێرایی هەڵدەهاتن و، دووریی زۆر دەکەوتە نێوان یەکەکانیانەوە و، جاری وابوو ڕێگای بیست و چوار سەعاتەیان، نێوان بوو و، لەیەکتر دابڕابوون.

سەر قافڵەچیی هەڵاتوان ئیمپراتۆر خۆی بوو و، به دوایدا پاشاکان و، پاشان دۆقەکان. لەبەر ئەوەی سوپای رووس پێی وابوو سوپاکەی ناپلیۆن، بەلای ڕاستدا ڕێ دەگرێتەبەر و تێی دەپەڕێنێت. ئەوەش تەنیا کارێکی دروستە. بەڕەو ئەو ئاراستەیە ڕۆیشت و گەیشتە کراسنواییەی گەورە. ئیدی هەر وەکوو یاریی چاو بەستنەوەکە و، کاتێکیان زانی کەوتنە نێو پێشەنگی سوپاکەمانەوە. هەرکە ئەو سوپا فەڕەنسییە بۆی دەرکەوت کەوتووەتە نێو سوپای ڕووسەوە، پارچە پارچە بوون و، پاشان وەستان. ئیدی ترسێکی کوشندە زاڵ بوو بە سەریاندا و، کەوتنە هەڵاتن و، ئەو سوپایەیان جێ هێشت کە پێیان وابوو، بە دوایانەوەن.

بۆ ماوەی سێ رۆژ ئەو سوپا بەزیوەی فەرەنسا، هەر ماوەیەک هەڵدەهات و دەکەوتە نێو یەکەیەکی سوپای رووسەوە. وەکو ئەو حوکم بەسەردا دراوەیان لێ هاتبوو، کە بە نێو خەڵکدا دەبران، بۆ سزا و، هەر ماوەیەک و، چەند جارێک خەڵکەکە لێیان دەدان. ئەو سوپا فەرەنسییە هەڵاتووە، یەکەم جار کەوتە بەردەم سەربازەکانی جێگری پاشا و، پاشان سەربازەکانی داڤۆو، دواتر سەربازەکانی (نی). ئیدی لە نێو هەر کۆمەڵە سەربازێکی رووسیدا، چەندین تۆپخانە و شتومەکی قورسیان جێ دەهێشت و، نیوەی سەربازەکانیشیان تێدادەچوو.

ئەو سوپا بەزیوەی فەرەنسا ناچار بە شەودا ملی ڕێیان دەگرت و هەڵدەهاتن، تاکوو خۆیان لە روو بە ڕوو بوونەوە، لەگەڵ رووسەکان بپارێزن. فەرەنسییەکانیش تۆڵەی خۆیان لەو زەوی و ڕێگاوبانە دەکردەوە، کە ئاوا ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەی بۆ هێنابوو.

"نی" کەوتە بۆردومانی دیوارەکانی سمۆلنسک. لە کاتێکدا ئەو دیوارانە، هیچ ئاستەنگییان بۆ دروست نەکردبوون. ئەو یەکەیەی نی کەوتبووە دواوەی کاروانەکە. سوپاکەی فەرەنسا و تا سمولنسکیش دە هەزار سەربازی لەگەڵدا بوو. کاتێک گەیشتە ئۆرشا و یەکەکەی ناپلیۆن، تەنیا هەزار سەربازی مابووەوە!

هەرچەند ئەو یەکەیە، شەوانە دەکەوتە ڕێ و بە نێو دارستانەکاندا دەهات، تاکوو هەرچی زووترە لە دینیەبەری تێپەڕێنێت. لە ئۆرشایشەوە کەوتنەوە هەڵاتن بەرەو ڤیلنا. بە درێژایی ئەو ڕێگایەش: یاریی دوو کەسەکە بەڕێوە دەچوو کە یەکێکیان چاوی بەستراوە بوو و، ئەوەی تریش زەنگۆڵەیەکی پێبوو. ئەو سوپایەی فەرەنسایش هەمیشە لە لایەن سوپای رووسەوە ڕاو دەنران و وەدوویان کەوتبوو.

سەرلەنوێ پشێوی لە بیریزینا کەوتەوە. بڕێکی زۆریان خنکان! هەندێکی تریان خۆیان دا بە دەستەوە. ئەوانەیشی توانی بوویان لە روویارەکە بپەڕنەوە ، کەوتنەوە هەڵاتن. گەورە سەرکردەکەیان فەرووەکەی لەبەر کرد و، گالیسکە خلیسکێنەی ژێر خۆی خست و تێی تەقاند و، هاوڕێکانی خۆی جێ هێشت.

هەر کەس توانیی هەڵبێت، ڕزگاری بوو. ئەوانەیشی مانەوە، بڕێکیان لێ مرد و ئەوانی تریش خۆیان دا بە دەستەوە.

بەشی هەژدەیەم
بیرۆڕای میژوونووسان

بەرامبەر ئەو هەڵاتنە خێرایەی فەڕەنسییەکان، کە ئامادە بوون بۆ رزگار بوونیان دەست لە هەموو شتێکی گرانبەهای خۆیان هەڵبگرن و، لە کاتێکدا یەک جوولّە لە جوولّەکانی ئەو ئاپوورەی سوپای فەڕەنسایە، هەر لە ڕێگای کالوگاوە تا هەڵاتنی سەرکردەی سوپاکە خۆیشی، وای پیشان نەدەدا کە ئەوەیان کردەوەیەکی زیرەکانەیە و پاشەکشەیان بە فەرمانی تاکە کەسێک بێت. مەحاڵە بوو میژوونووسانێک هەبن، بتوانن جوولّەی یەکە سەربازییەکان بدەنە پاڵا فەرمانی تاکە کەس، چونکە لە ماوەی ئەو هێرشەدا و، لانیکەم لەو بەزیویەشیاندا، بەڵگەیان بۆ ئەم بیردۆزە پێ نەبوو. کێوێک کتێب لەبارەی ئەو هێرشەوە نووسرا و، لە هەموویاندا پێداگریی ئەوەیان کردووە کە پیلان و تەگبیرەکانی ناپلیۆن و مارشاڵەکان، زۆر تۆکمە و بگرە و بەردەکانی بلیمەتانە بوون! ناپلیۆن هەر لە سەرەتای گەیشتنی بە مالوایارۆسلاڤیتزەوە کەوتە پاشەکشە. لە کاتێکدا دەیتوانی خۆی بگەیەنێتە هەرێمێکی دەوڵەمەند، بە خۆراک و شتومەک. بەوەی ڕێگەکەی تەنیشتی ئەو ڕێگەیەی خۆی بگرتایە. هەر ئەو ڕێگایەی کە دواتر سوپاکەی کۆتۆزۆف پەلاماری ئەو سوپا بەزیوەی دا و راوی نا.

پاشەکشەکەی فرە بێکەڵک بوو. چونکە ئەو گوندانەی بە درێژایی ڕێگاکە بوونیان بوو، هەموویان تاڵان کرابوون و کاول بوون . میژوونووسان ئەم پاشەکشەیەیان و، هەر لە

سمولنسکەوە تا ئورشا بە پیلانێکی قوول و مەزن دادەنا! دوای ئەوەی وەسفی پاڵەوانێتی ناپلیۆنمان بۆ دەکەن، لە کراسنواییە کە وەکوو ئەوان دەیانووت، گوایە: ناپلیۆن ئامادەبوو، شەڕ بکات و، لقە دار بەڕوویەکی تەڕی بە دەستەوە بوو و دەهات و دەچوو و دەیووت:

"بێزاربووم لە ئیمپراتۆری کردن! کاتی ئەوە هاتووە وەکوو ژەنەراڵ کار بکەم."

کەچی ئەو کارەی هیچی لە خێرایی، پاشەکشەی سوپا لەبەریەک هەڵوەشاوە پەرش و بڵاوەکەی کەم نەکردەوە! ئەو سوپایەی کە بەجێمابوو و، کەوتبووە بەر بەزەیی چارەنووس! هەروەها میژوونووسان ئازایەتیی مارشاڵە فەڕەنسییەکانمان بۆ وەسف دەکەن. بە تایبەتی مارشاڵ "نی"! ئازایەتییەکەیشی ئەوە بووە، گوایە بۆ تێپەڕاندنی دێنیبەر و، هەڵاتن بەرەو ئورشا، بە شێوەیەکی بازنەیی سوپاکەی کردووە بە نێو ئەو دارستانەدا!

بەوەیشەوە "لە دەیا نۆ"ی سەربازەکانی لە دەست دابوو! تەنانەت هەڵاتنی ئیمپراتۆری مەزن و، جێ هێشتنی سوپا ئازاکەی، لە لایەن میژوونووسانەوە بە دەستپێکێکی مەزن و بلیمەتانەی، ناپلیۆن وەسف کراوە!

ئا ئەو هەڵاتنەی کە لە هەموو زمانەکانی کۆمەڵەی مرۆڤدا ئەوپەڕی رسوایی دەگەیەنێت! ئاخر خەڵکیی منالانیش رادەهێنن کە تەریقیی هەڵەکانیان بکێشن! بە تایبەتیش لەو جۆرە دەستپێکانە! کەچی لای میژوونووسان چەندین بیانووو بەهانەی بۆ هەڵبەستراوە! کاتێک درێژەدان بە گفتوگۆکانیان مەحاڵا دەبێت. کاتێک کارەکە زۆر دژوار دەکەوێتەوە و، ئەوان بەکارێکی مرۆڤانەی باش و بەڵکو دادوەرانەی دادەنێن، ئەو کاتەی پەنا بۆ مەزنایەتییەک دەبەن، کە هەموو شتێکی رزگار کردووە! لەوە دەچێت بەلایانەوە مەزنایەتی پێوەری خێر و شەڕ لەخۆ نەگرێت! بەلای هەر مەزنێکەوە هەرگیز شەڕو خراپەخوازی بوونی نییە. بۆیە هیچ کردەوەیەکی خراپیش نادرێتە پاڵا کەسی مەزن.

میژوونووسان "ئەو مەزن بووە"یە زۆر دەڵێنەوە! هەر لەو کاتەیشەوە لەبری قسە کردن، لەبارەی چاکە و خراپەوە، قسە لەبارەی ئەو شتە مەزن و ئەوانەی مەزن نەبوو دەکەن. مەزنیش بەلای ئەوانەوە تایبەتە بەو کەسە تایبەتمەندانەوە کە بەپاڵەوان وەسفیان دەکەن. ناپلیۆنی پاڵتۆ گەرمی فەروو لەبەریش، دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی و، سوپاکانی دەدات بە دەست چارەنووسیانەوە. نەک هاوڕێیانی چەک و شەڕ و بەگژا چوونەوەکانی نزیکی خۆی، بەڵکوو ئەوانەیش کە خۆی بانگهێشتی شەڕەکانی کردبوون و، بە کێشی کردبوون! خۆی ئەوەی بە کارێکی مەزن دادەنا و، ویژدانیشی ئاسوودە بوو!! دەیوت:

نێوان موجیزە و "وای دانابوو، خۆیشی شتێکی لە موجیزە تێدایە!" جێی لاقرتێ پێکردن هەنگاوێکە! پەنجا ساڵ جیهان دەیوت و دەیوتەوە ناپلیۆن مەزن بووە! بەڵام بەلای ئێمەی پەروەردەی حەزرەتی مەسیحەوە، چاکە و خراپە پێوەرە و، بێ لەمەیش هیچ پێوەرێکی دی نییە. لە هەرشوێنێکدا سادەیی و خێر و چاکە و، داد و رەوابوون نەبوو، مەزنییش نایەتە گۆڕێ.

بەشی نۆزدەیەم
پرسیارو وەڵامەکان

کام رووسی وەسفی ئەو ماوە کۆتاییەی هێرشی سااڵی (١٨١٢)ی خوێندووەتەوە و هەستی بە خەمێکی تێکەاڵ بە هەاڵچوون و رسوایی نەکردووە؟ کێ هەبووە ئەم پرسیارانەی نەکردبێت: چۆن گەمارۆی ئەو فەرەنسییانەیان نەداوە و تەفروتونایان نەکردوون؟ لە کاتێکدا رووسەکان سێ سوپا بوون و بە ژمارە لەوان فرەتر بوون و گەمارۆیشیان دابووون؟ چۆن ئەوە دەکرێت، وەکوو میژوونووسان دەڵێن: لە کاتێکدا فەرەنسییەکان پەرش و باڵاو و برسی بوون و، زۆربەیان سەرما کوشتبوونی و، بە کۆمەڵ خۆیان دەدا بەدەستەوە و، ئامانجی رووسەکان ئەوە بووە، یەکە فەرەنسییەکان لە یەکتر دابڕن و بە دیل هەموویان بگرن. چۆن بەو شێوەیە ئەو سوپایە خەمسارد بوون، لەو کاتی داگیرکارییەدا و، لە کاتێکدا کە دوواتر سوپای رووس لە رووی ژمارەوە لە سوپای فەرەنسییەکان کەمتر بووە و، هێرشی کردە سەر فەرەنسییەکان و شەڕی بۆرۆدینۆی کرد؟

میژوو- لانی کەم ئەوەی کە بەو ناوە ناسراوە ـ وەاڵمی ئەو پرسیارانە دەداتەوە و دەڵێت،ٔبۆیە ئەو رووداوانە واکەوتنەوە، چونکە کۆتۆزۆف و تۆرماسۆف و تشیتشاگۆف، یان کەسێک لەو سەرکردانە، شارەزای ئەو (بگرەو بەردە ـ مناورات)ە جەنگییانە نەبوون! بەاڵم کە ئەو بگرە و بەردە جەنگیانەیان نەکرد، ئەی بۆ لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە، تا ئەگەر تاوانبار بوونایە فەرمانی رەوایان بەسەردا.بسەپایە.

چونکه نەیانتوانیوە بگەنە ئامانج. کەواتە گەر دڵنیامان بەوەدا نا کە سوپای ڕووس تووشی ئەو بەدواداهاتنە بووە، بە هۆی کۆتوزۆف و تشیتشاگۆف و... هتد. کەچی هەست بەوە ناکەین، لە کاتێکدا سوپای ڕووس بە ژمارەی سەربازێ لە سوپا فەرمانسییە هەڵاتووەکە فرەتر و زاڵ و بەهێز و بەتواناتر بووە و، سوپای فەرمانسای بە مارشاڵ و پاشا و ئیمپراتۆرەکەیەوە لە کراسنواییە و بیریزینا، دیل نەکردووە. لە کاتێکدا تەنیا و تەنیا دیلکردنی سوپا بەزیوەکەی فەرمانسایش ئامانجیان بوو!

شیکردنەوە بۆ ئەم ڕووداوە نامۆ و عاجباییەتیە، بە گوێرەی میژوونووسە سەربازییە ڕووسییەکان کردوویانە: گوایا کۆتوزۆف هەمیشە هێرشبردنی ڕەتکردووەتەوە! بەڵام ئێمەیش ئەوە دەزانین کە کۆتوزۆف، هەمیشە سوپاکەی بۆ ڕکێف نەکراوە لە هێرشبردن و، بە تایبەتیش لە قیازما و تاروتینۆدا.

کەواتە بۆچی ئەو سوپا ڕووسییەی کە شەڕی بۆرۆدینۆی بردەوە و، لە ڕووی ژمارەیشەوە لاواز و کەم هێز بوو. کەچی لە کراسنواییە و بیریزینا هەرچەند لە ڕووی ژمارەوە بە هێزترو بە تواناتریش بوو: شەڕەکەی دۆڕاند و بەزی؟

بۆ بەزینی لە بەرامبەر سوپایەکی پەرش و بڵاو و هەڵاتوو و، لەبەرێک هەڵوەشاودا. ئەگەر ڕووسەکان مەبەستیان بوو بێتەو ئامانجی سەرەکییان ئەوە بوو بێت ڕێی پاشەکشەو هەڵاتن لە سوپاکەی فەرمانسا ببڕنەوەو ناپلیۆن و مارشاڵەکانی بە دیل بگرن، ئەوا پێویستە ئێمە نکوڵی لەوە نەکەین کە گەیشتن بەو ئامانجە مەحاڵا بوو. نەک هەر ئەوە بگرە تەقەلاکان هەموو جارێک بە فیڕۆ چوون و، هۆیەکەیشی مایەی ڕوو زەردی بووە! کەواتە پێویستە بوترێت کە ئەو ماوەی کۆتاییە، بە لای فەرمانسییەکانەوە، زنجیرەیەک سەرکەوتن بوون و میژوونووسە ڕووسەکان، بە تەواوی هەڵەبوون کە بە سەرکەوتنی ڕووسەکانیان لەقەڵەم داوە!

نووسەرە سەربازییە ڕووسییەکانیش کە لە نووسینەکانیاندا زۆر بە مەنتیقەوە پابەند دەبوون، هەر دەگەیشتنە هەمان ئاکامی هەڵە. میژوونووسە ڕووسەکانیش لەگەڵ ئەو هەموو پیاهەڵدانە بە ئازایەتی سوپای ڕووسدا... نابێت نکوڵی لەوە بکەن، کە پاشەکشە و هەڵاتنی فەرمانسییەکان، هەر لە چۆڵکردنی مۆسکۆوە کۆمەڵێک سەرکەوتن بوون بۆ ناپلیۆن و، بەزینیش بوون بۆ کۆتوزۆف.

بەڵام ئەگەر کەرامەتی نەتەوەییش بخەینە لاوە. لەگەڵ ئەو ئەنجامەیشدا هێشتا هەست بە دژواری دەکەین. چونکە ئەو زنجیرە سەرکەوتنانەی فەرمانسییەکان بەرەو تیاچوونی بردن و، ڕزگارکردنی نیشتمانەکەیشیان لە مەحاڵەوە، نزیک دەکردەوە.. سەرچاوەی ئەو دژواریەیش میژوونووسە شیکەرەوەکانی ڕووداوەکان بووە و، ئەو نامانەی بۆ ژەنەرااڵەکان و شوێنە پەیوەندیدارەکانیان ناردووە، ئەو ڕاپۆرت و پیلانانە بوو، کە تێیدا

ئامانجێکیان سەپاندبوو کە هەرگیز لەو ماوەی دواییەی (١٨١٢)ەدا بوونی هەر نەبوو! ئەو ئامانجە بوونی نەبوو و نابێت بوونی بوو بێت. چونکە پێگەیشتنی مەحاڵ بوو.

بێواتایی ئەو ئامانجە سەپاوە، بە پلەی یەکەم لەوەدا بوو کە سوپا فەڕەنسییە بەزیوەکە، زۆر بە خێرایی هەڵدەهات و، ئەو کارەی دەکرد کە ڕووسییەکان دەیانویست. کەوابوو پەلاماردانی ئەو یەکانە چ سوودێکیان بوو؟ لە پلەی دووەمدا مەحاڵا بوو، ڕێ لە سوپایەک بگیرێت، کە هەموو بیرو هۆشیان و، چالاکی و ئارەزوویان هەڵاتن بوو.

لە پلەی سێیەمیشدا، پەسەندی ژیریی مرۆڤ نەبوو، کە سوپای ڕووس سوپایەک بەرەو تیاچوون بەرێت، کە لەخۆیدا بە هۆی بەزیوی و پاشەکشە و هەڵاتنەکەیەوە، بەرەو تیاچوون دەچوو!

لە پلەی چوارەمیشدا: دیسان ژیریی مرۆڤ ڕەتی ئەوەی دەکردەوە، کە هەوڵ بدرێت بۆ دیلکردنی ئیمپراتۆر و، پاشا و دۆقەکان. چونکە ئەوانە کەسایەتییەکن دیل بوونیان دەبووە هۆی کێشەیەکی زۆر گران و، لە سەر سیاسەتی ڕووسیا زۆر گران دەکەوتەوە.

باشترین دبلۆماتی سەردەمیش، کە دۆمیستەرە لەگەڵ چەندینی تردا دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە. ئەوەیش کە ژیریی ڕەتی دەکاتەوە، ئەوەیە کە دیل کردنی هەموو یەکە سەربازییە فەڕەنسییەکان، بکرێتە ئامانجی سەرەکی و، لە کاتێکدا نیوە ژمارەی سەربازی سوپاکەمان لە بەرامبەر کراسنواییەدا توایەوە و، تیاچوو. لە کاتێکدا دەبوو لەو نیوەیەی مابووەوە، چەندین فەوج پێک بهێنرایەتەوە، تا وەدووی دیلەکان بکەوتنایە.

سەرەڕای ئەوەیش سەربازەکانمان بەشە خۆراکی تەواوی خۆیان پێ نەدەدرا و سەربازە دیلەکانیش لە برسانا لێیان بمرێت. سەرلەبەری پیلانەکەیان دەیسەپاند کە ڕێی گەڕانەوە لەو سوپا فەڕەنسییە بەزیوە ببڕنەوە و، دەست بەسەر هەموو سوپاکەدا بگرن. بەڵام پیلانەکەیان وەکوو پیلانی ڕەزەوانەکە دەرچوو! ئەو ڕەزەوانەی کە ویستی ڕانە مەڕەکەی نێو ڕەزەکە: زیانی زیاتر لە ڕەزەکە نەدا و درەخت و نەمامی زیاتر نەبێت بە ژێر پێیانەوە، هەستا و چوو دەروازەی ڕەزەکەی لێ گرتن و کەوتە دارکاریکردنی ڕەوە ئاژەڵەکە!

دیارە ئەو کارە هەڵەشە و هەڵەیەی هەر یەک شیکردنەوە هەڵدەگرێت: ئەویش تووڕەبوون بوو! بەڵام ناشبێت هەروا بە ئاسانی ئێمەیش هەمان هۆیان بدەینە پاڵ. چونکە خۆ ئەوان وەکوو ڕەزەوانەکە تووشی ئازار و بێزاری نەبوون و هێندە خەمخۆری سوپاکەیان نەبوون! پاشان ڕێی پاشەکشە کردن بڕینەوە لەو سوپا بەزیوە عەقڵیش نەیدەبڕی و ئەوە مەحاڵ بوو.

لەبەر ئەم هۆیانە ئەوە مەحاڵ بوو:

لە پلەی یەکەمدا: تاقیکردنەوەی گۆڕەپانی شەڕەکان سەلماندووی کە جوولەی چەندین یەکەی سەربازی و، بە درێژی پێنج فرسەخ، هەر پیلانێکی پێش وەختەی بۆ دابنرێت:

جێبەجێ نابێت و، مەحاڵ دەبێت! پاشان گریمانی یەکگرتنەوەی دوو سوپاکەی تشیتشاگۆف و ویتگنستین زۆر لاوازە و بگرە مەحاڵ دەبێت. کۆتۆزۆڤیش هەروا بیری دەکردەوە.

لە پلەی دووەمیشدا: ئەو بیرۆکەیە، دەچووە خانەی مەحاڵەوە.. چونکە دەبوو سوپای رووسیا، بۆ گەیشتن بەو ئامانجی لەت کردنی سوپای فەڕەنسایە، دوو هێندەی ئەو دەمەیان سەرباز ئامادەی جەنگەکە بکردایە.

لە پلەی سێیەمدا: مەحاڵە، چونکە لە چەمکی سەربازیدا شتی وا مەحاڵە: بڕینەوەی ڕێی کشانەوە بێ واتاییە. مرۆڤ دەتوانێت نان لەت بکات و بیبڕێتەوە، بەڵام ناتوانێت سوپایەک ببڕێتەوە و، پارچە پارچەی بکات. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ڕێ ببڕێتەوە لە سوپایەکی سەربازی. چونکە هەرچۆنێک ڕێی گەڕانەوە لە سوپایەک بگیرێت، هێندە شوێن و ڕێی تر هەیە کە ئەو گەمارۆیە بپسێت و هەڵبوەشێتەوە. شەوو تاریکیش یارمەتیدەرێکی تری شکاندنی گەمارۆکە دەبێت. لەسەروو ئەمانەیشەوە مەحاڵە کەسێک دیل بکرێت، تاکوو خۆی ڕازی نەبێت.

لە پلەی چوارەمدا: کە ئەمەیان بایەخێکی فرەی هەیە. سوپای ڕووس هەر لە دەرچوونییەوە لە تارۆ تینۆوە، تاکوو کراسنواییە: پەنجاهەزار سەربازی بە هۆی نەخۆشی و هەڵاتنیانەوە لە سوپا، لە دەست دا. هەر بەبێ چوونە شەڕەوە نیوەی ئەو سوپایە تێداچوو . لەو قۆناغەی هێرشەکەدا پیاوانی سوپا پێخاوس و بێ پاڵتۆ و خۆراکیان کەم بوو و، لەسەر بەفری سەر زەوییەکە دەنووستن و، پلەی گەرمایش پازدە پلە خوار بەستنەوە بوو. هەشت سەعات بوو و، ئیدی تاریکی باڵی بەسەر زەویدا دەکێشا. بۆیە جڵەو کردنی سوپا دەچووە خانەی مەحاڵەوە.

ئەو یەکە سەربازییە ڕووسییانەی، کە مردن نیوەی لێ کەم کردنەوە، هەوڵی زۆریان دابوو بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ئامانجەی کە گەلەکەمان شایستەی بێت. گوناهی ئەوان نییە، کە چەند ڕووسییەکی تر و، لەوانەی لە ناز و نیعمەتدا بوون، لە ژوورە ڕازاوەکانەوە چەندین پیلانیان دادەڕشت بۆ سوپا و، پیلانەکانیش جۆرێک بوون کە جێبەجێ بوونیان مەحاڵ بێت.

ئەم دژوارییە نامۆیە ئێستا کەس تێی ناگات. ئەویش لە ئەنجامی ئەوەدایە کە مێژوونووسان مێژووی ئەو وتارە سۆزاوییە کاریگەرانەی ژەنەراڵەکانیان بۆ وەسف کردووین، نەکوو مێژووی واقیعی ئەو قۆناغە.

ئەوەی بە لایانەوە بە بایەخی هەبوو، وتەکانی میلۆرادۆڤیتش و ئەو خەڵاتانەی ئەم ژەنەراڵا و ئەو ژەنەراڵ وەریان گرتبوو و، ئەو پیلانانە بوو کە دایان نابوو. بەڵام باسی ئەو پەنجا هەزار داماوەی کە زۆربەیان لە خەستەخانەکان کەوتبوون، یان ئەوانەی لە

گۆڕەکانیاندا بوون: لای ئەوان بایەخی نەبوو و، لە دەرەوەی بازنەی لێکۆڵینەوەکانی ئەوان بوو.

ئەو پیلانەی کە تێیدا ئامانج ئەوە بووە، ڕێی گەڕانەوە لە سوپای ڕووس ببڕنەوە، تەنیا لە مێشکی نزیکەی دە کەسێکدا هەبوو. چونکە نابێت ئەو بیرۆکەیە بوونی ببێت و، ژیریی هزری مرۆڤ پەسەندی ناکات و، شتێکی مەحاڵە.

نەتەوەی ڕووس یەک ئامانجی هەبوو، ئەویش پاک کردنەوەی زەوییەکانی بوو لە داگیرکەران. هەر بە شێوەیەکی خۆبەخۆ بە و ئامانجەی گەیشت. چونکە فەرەنسییەکان خۆیان هەڵاتن و پێویست بوو، ڕێیان لێ نەبڕدرێتەوە و، هیچ کۆسپێک نەخرێتە سەر ڕێیان. لە پلەی دووەمیشدا شەڕی میللی بووە هۆی لەناو بردنی سوپاکەی فەرەنسا. لە پلەی سێیەمیشدا سوپایەکی بە هێز و توانای ڕووس ئەو سوپا هەڵاتووەی فەرەنسای ڕاوەدنا و وەدووی کەوتبوو.

سوپای ڕووس هێندەی لەسەر بوو کە قامچیی خۆی بەسەری ئەو ئاژەڵە هەڵاتووەدا بکێشێت. شوانی ڕانەمەڕی بلیمەتیش دەزانێت کە پێویستە ئاژەڵی هەڵاتوو ئاگای لە مەترسیی قامچییەکە بێت، بەڵام خۆ مەرجیش نییە شوانەکە قامچییەکە سەرومڕ بەکار بێنێت.

پاری چوارەم

بەشی یەکەم
ماری و ناتاشا

مرۆڤ کە ئاژەڵێک دەبینێت لە گیانەڵادایە، ترس دایدەگرێت. جا وەرە ئەوەی لە گیانەڵادایە مرۆڤ بێت و، پیاوێکی خۆشەویستیش بێت! ئەوکات بریندکی قوڵ دەکاتە دڵ و جەستەی، بۆی بە ئازار دەبێت و، جاری وایش هەیە، بریندکە ساریژ دەبێت و، بیر دەچێتەوە. بەڵام بندبڕ نابێت و، هەمیشە مەترسیی کولانەوەی دەبێت.

ناتاشا و ماریش هەمان بیر و هەستکردنیان هەبوو، بەرامبەر مردنی میر ئاندریە و، وردیان روخابوو. لە هەر چاو نوقاندنێکدا، هەوری مەرگیان بەسەر سەری خۆیانەوە دەبینی و، نەیاندەتوانی راستگۆیانە لە ژیان بڕوانن. بیریان تەنیا بەلای پاراستنی بریندکەیانەوە بوو، لە کولاندنەوە و ئازار و بێزارییەکەیەوە بوو.

هەر شتێک... رۆیشتنی خێرای گالیسکەیەکی سەرشەقامەکان. بانگ کردن بۆ خواردنی نانی ئێوارە. یان پرسیاری کارەکەرێک، لە بارەی کراسێکەوە: ماری و ناتاشایان رادەچڵەکاند و، بریندکەنیان دەکولایەوە.

گفتوگۆکانیان جدییانە نەبوو و، دوورو نزیک باسی داهاتوویان نەدەکرد. چونکە باسی داهاتوو و، ئومێد بە دواڕۆژ وەکوو جنێو وابوو بۆیان و، سوکایەتی کردن بوو، بە میر ئاندریە. بۆیە هەردوکیان کەمو زۆر باسی ئەو ئازارەیان نەدەکرد کە چەشت بوویان. چونکە هەرگیز دەمیان نە دەهاتە گۆ و قسە کردن، لە بارەی سادەترین شتی ئەو کارەساتەوە سوکایەتی بوو بەو نهێنییە مەزنەی بە بەرچاویانەوە رووی دابوو.

بەڵام خەمی مەزنیش وەکو شادیی مەزن وایە. خاتوو ماری بە گوێرەی پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی، رێبەری چارەنووسی خۆی بوو و، بەرپرسیش بوو لە برازاکەی.

دوای دوو هەفتە لە تازیەباری، چەندین نامەی لە خزمانییەوە پێگەیشت و، دەبوو وەڵامیان بداتەوە.

لەبەر ئەوەی ژووری برازاکەی شێدار بوو. منداڵەکە تووشی کۆکە بووبوو. ئەلباتیتش هات بۆ بارۆسلاڤل و، حساباتی ئەو ماوەیەی لەگەڵ خۆی هێنابوو و، ئامۆژگاریی خاتوو ماریشی کرد، کە بگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ و، کۆشکەکەی ڤۆزڤیگلنکا. چونکە ئەو کۆشکە هیچی لێ نەهاتووە و، تەنها کەمێک نۆژەنکردنەوەی دەوێت.

لەگەڵ ئەو هەموو ئازار و بێزاریی تازیەباریەی خاتوو ماریدا، بەڵام بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییەکان و، سەرپەرشتیکردنیان، ناچاری کرد کە تازیەباریەکەی خۆی بشکێنێت و، شوێن بەرژەوەندییەکانی خۆی بکەوێت. بەڵام لە ناخیشیدا بۆ ناتاشا و خەمە مەزنەکەی دەگریا، بەوەی ناچار بوو لێی دوور بکەوێتەوە. ئەوە بوو کەوتە چوونەوە بە حساباتی ئەلباتیتش و گفتوگۆ لەگەڵ دیسان، لە بارەی برازاکەیەوە و، گەڕانەوەی بۆ مۆسکۆ.

لەو کاتەوەی ماری کەوتە خۆی و، شوێن بەرژەوەندییەکانی خۆی کەوت ناتاشا بەتەنیا مایەوە. ئەمیش دووڕە پەڕێزیی لێکرد. بەڵام خاتوو ماری داوای لە کۆنتیسەی دایکی ناتاشا کرد، کە ڕێی پێ بدەن، ناتاشا لەگەڵ خۆی ببات بۆ مۆسکۆ. کۆنتی باوکی ناتاشایش، چونکە دەیبینی دروستیی ناتاشا بەرەو خراپی دەچێت، ئەو بیرۆکەیەی زۆر بە دڵ بوو. بەڵام لە مۆسکۆ بوونی کچەکەی ئاو و هەوایەک دەگۆڕێت و، سەرەڕای ئەوەیش لە نێو خەستەخانەی چاک و پزیشکێکی فرەدا دەبێت.

کە ئەمەیشیان بە ناتاشا وت لە وەڵامدا وتی:

"بۆ هیچ شوێنێک ناچم! هەموو ئاواتی منیش ئەوەیە وازم لێ بێنن."

فرمێسکەکانی بۆ نەگیرا و، بە ڕاکردن خۆی کردەوە بە ژوورەکەی خۆیدا. لەو کاتەوەی ناتاشا هەستی کرد ماریی وێڵ کردووە، ئیدی زۆرترینی کاتی خۆی لە ژوورەکەیدا بە سەر دەبرد و، دووڕەپەڕێز بوو لە کەس و کار و خێزانی خۆی. کاتی خۆیی بە دڕوومان و چنینەوە بەسەر دەبرد. ئەو دووڕە پەڕێزییەیش کاری لە دروستیی دەکرد و، بە خراپ دەکەوتەوە بۆی. هەر کە یەکێکی خێزانەکەی خۆی دەکرد بەژوورەکەیدا، خێرا باری دانیشتنی خۆی دەگۆڕی و وای پیشان دەدا کە خەریکی خوێندنەوەیە. یان سەرقاڵی چنینە. بێزاییەکەیشی بەرامبەر کەسی هاتوو بۆ نەدەشاردرایەوە. لە کۆتایی کانوونی یەکەمدا، ناتاشا کراسێکی خوری ڕەشی لەبەرکردبوو. قژەکەیشی بە ئاڵۆزی لە پشت سەرییەوە لوول کردبوو. زەرد و لاواز بوو. لە سوچێکی قەنەفەکەدا، دانیشتبوو و، چاوی لە سوچێکی دەرگاکە بڕیبوو.

ناتاشا کەوتە بیر کردنەوە لە ژیانی ئەو دنیای خۆی. ئەو ژیانەی کە زووتر هەر بیریشی لێ نەکردبووەوە. جاران پێی وابوو ژیانی ئەو دنیا، ژیانێکە زۆر دووڕە دەستە و

هەستی پێ ناکرێت. کەچی ئێستا هەستی دەکرد خەریکە دەستەمۆی دەبێت و، کەمە کەمە تێی دەگات و، بەم ژیانەی ئەم دنیای ئێستای بەراورد دەکات کە کەیلی ئازارو ئەشکەنجە و رسوایەتییە.

کە بیری لەو ژیانە دەکردەوە: دەیزانی ئەودنیایش بوونی هەیە. بەڵام نەیدەتوانی ببینێت و، بەو شێوەیەیە، کە لەم دنیا بۆیان وەسف کردووە. لە میتیشتشی و ترۆییسا یارۆسلاڤلدا دەیبینییەوە. رۆخساری دەبینی و دەنگی دەبیست و رستەکانی ئەوی دەوتەوە. جاری وایش بوو بابەتیەلێکی تری بیر دەهاتەوە، کە زووتر گفتوگۆیان لەسەر کردبوو.

ئا ئەوە خۆیەتی لەسەر قەنەفەکە راکشاوە و، رۆبە فەرووە قەیفەکەی لەبەردایە و، سەری لەسەر دەستە سپییە لاوازەکەی داناوە و، سینەی بە قوڵدا چووە و، شانەکانی دەرپەڕیون و، لێوەکانی گرژ و، چاوەکانی دەبریسکێنەوە و، لاقێکی دەلەرزێ.

ناتاشا هەستی کردبوو، کە ئەو لەبەر ئازارێکی زۆردا خۆی راگرتووە. ئەو ئازارە چییە؟ بۆ تووشی بووە؟ بڵێی هەست بەچی بکات؟ کوێی دەئێشێت؟ ناتاشا بیری لە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەکردەوە. سەری بڵند دەکردەوە و لەبەرخۆیەوە دەدوا. کاتی خۆی ئاندریە پێی وتبوو،"ئەوە جێی مەترسییە کە مرۆڤ پەیوەست بێت بە مرۆڤێکەوە و، ئەو مرۆڤەیش، بە درێژایی ژیانی بە ئازارەوە بنالێنێت. چونکە ئەوە بۆ خۆی ئازارێکی بێ کۆتاییە."

پاشان میر ئاندریە زۆر بە وردی سەرنجی دابوو. ناتاشایش هەروەکوو راهاتبوو، بێ بیرکردنەوە وەڵامی دەدایەوە و هاواری کرد:

"خۆ ناکرێت ئەم بارە سەرومڕ بێت! ئەمە مەحاڵەو هەر چاک دەبیتەوە."

ئێستا دەیبینێت و، ئەو سەرنجە وردەی و ئەو بێ وڕەییەی هەر لەبەر چاوە.

وابیری کردەوە:

"ددانی بەوەدا نا، گەر وا ئازارەکەی بەردەوام بێت، مەترسیدارە، بیرمە ئەمەم پێ وت. بەڵام ئەو بە جۆرێکی تر تێگەیشت. وا بیری کردەوە کە ئەو بارەی ئاندریە زۆر مەترسیدار بێت بۆی. ئەو زۆر بە توندی خۆی بە ژیاندا هەڵواسیوە و لە مردن دەترسێت. منیش زۆر بە رەقی و گێلانە قسەم کرد و مەبەستیشم شتی خراپ نەبوو و، بیرم لای شتەیەلێکی تر بووە. کە ئاندریەم دەبینی لە گیانەڵادایە، هەستم دەکرد، ئیدی هیچ شتێکم لەم دنیایەدا نەماوە و، کەسم نییە. بڵێی ئەویش ئەمەی زانی بێت؟ نە... نەخێر بەوەی نەزانی. ئێستایش هەرگیز ناتوانم ئەو هەڵانە راست بکەمەوە.

بەڵام جارێکی دی ئاندریە هاتەوە بەرچاوی و هەمان قسەکانی پێ وتەوە. ناتاشایش ئەمجارەیان لە خەیاڵیدا وەڵامی جیاوازی لە جاری پێشوو دایەوە.

ناتاشا قسەکەی پێ بڕی و وتی:

"بۆ تۆ زۆر مەترسیدارە، بەڵام بۆ من مەترسیدار نییە. خۆت دەزانیت کە ژیانی بێ تۆ، بۆ من هیچە. چەشتنی ئازار لەگەڵ تۆدا مەزنترین بەختەوەریی منە."

ئاندریەیش لە سەر قەنەفەکە لەو ئێوارە ترسناکەدا و پێش مردنی بە چوار رۆژ، دەستی ناتاشای گرت و، توند گوشیی. ناتاشایش لە خەیاڵی خۆیدا کەوتە وتنی چەند رستەیەکی خۆشەویستی، کە دەبوو کاتی خۆی لە بەردەم میر ئاندریەدا بیوتایە و، نەیوتبوو.

هاواری کرد،"خۆشم دەوێیت!... بەڵێ خۆشم دەوێیت! خۆشم دەوێیت!"

بە دوایدا، زۆر بە توندی هەردوو دەستی بە دەمییەوە گرت. پاشان بە ئازارەوە دەستی کردە فرمێسک هەڵرشتن.

لەناکاو لەخۆیی پرسی،"ئا بەم جۆرە، بۆ کێ قسەت کرد!؟ ئەو لە کوێیە؟ ئاخۆ بارودۆخی ئێستا چۆن بێت!؟"

چاوەڕوانی ئەوەبوو شتە نهێنییەکەی بۆ ئاشکرابێت.

بەڵام لە ناکاو دەرگای ژوور کرایەوە و دنیاشا هاتە ژوورەوە و پێی وت:

"خێرا بچۆ بۆلای باوکت. کارەسات رووی داوە! پیوتەر ئیلیتش... نامە... پاشان دەستی کرد بە گریان."

بەشی دووەم
هەوالی مردنی پیتیا

ئیدی ناتاشا وای لێهاتبوو، لەگەڵ ئارەزووی دوورەپەرێزییەکەی، هەستی بە رق و کینەیش دەکرد، بەرامبەر ئەندامانی خێزانەکەی. خزمانی و باوکی و دایکی و سۆنیا و، خزمە هەرە نزیکەکانی و لە ئەوانەی کە زووتر زۆر هۆگریان بوو بوو. تەنانەت ئەو رستەیەیش کە پێیان دەوت، وەکو ئەوەی بۆ رسوا بوونی ئەو، پێی بڵێن وابوو و، بەو شێوەیە وەریدەگرت.

بۆیە نەک هەر وێڵی کردبوون، بەڵکو وەکو دوژمنیش لێی دەڕوانین. هەرچەند گوێی لە دونیاشا بوو، کە باسی پیوتەر ئیلیتش و کارەساتەکەی بۆ کرد. بەڵام هەر هیچی لێ تێنەگەیشت.

ناتاشایش لە دڵی خۆیدا وتی:

"کارەساتیان بەسەر هاتووە؟ چۆن تووشی رووداو و، کارەسات دەبن؟ خۆ ژیانیان زۆر بە ئارامی و ئاسوودەیی بەڕێوە دەچێت و ئاساییە."

کە ئەم خۆی کرد بە هۆڵەکەدا، باوکی بینی زۆر بە پەلە و بەدەم و چاوی گرژ و گریاوەوە، لە ژوورەکەی کۆنتیسەی دایکی هاتە دەرەوە! تێگەیشت... بۆیە خێرا لەو ژوورە هاتووەتە دەرەوە، تاکوو کات بۆ گریانی بە گوڵ بۆ خۆی، بڕەخسێنێت.

هەر کە ناتاشای کچیشی بینی ئاخێکی قوولی هەڵکێشا و وتی:

"ها... ئەوە پیتیایە. خێرا بچۆ بۆ لای... ئاخر ئەو بانگی تۆ دەکات.."

یە دەم لەتردانەوە، خۆی لە کورسییەک نزیک کردەوە و، هەروەکوو منداڵ، دایە پڕمەی گریان و، خۆی بەردایەوە، نێو کورسییەکە و، روخساری لە نێو هەردوو دەستیدا شاردەوە. لە ناکاو تەزوویەک بە لەشیدا هات و، دڵی داخورپا. هەستی بە ئازارێکی زۆر توند کرد و، گوشرانی دڵی خەریک بوو بیکوژێت.

زۆری پێ نەچوو هەستی بەوە کرد، کە ئەو دیوارەی تێیدا بیر و هۆشی بەند کرابوو، رووخا و هەر لەو کاتەوەی باوکی بینی دەگریا و قیژ و هوڕ لە ماڵەکەدا پەیدابوو و، هاوارو نااڵەی دایکی هاتە گوێ، ئیدی ئازاری خۆیی بیرچووەوە و بەرەو رووی باوکی رای کرد. بەڵام باوکی دەستی بۆ ژوورەکەی دایکی راکێشا.

خاتوو ماری لە ژوورەکەی دایکی هاتە دەرەوە و، دەگریا و زەرد هەڵگەڕابوو و بە دەم رێوە دەلەرزی. بەو بار و دۆخەیەوە رووی لە ناتاشا کرد و، دەستی گرت و شتێکی پێ وت. بەڵام ناتاشا لەراستیدا نە ئەوی بینی و، نە گوێیشی لە قسەکانی بوو. بەرەو دەرگای ژوورەکەی دایکی چوو و، کەمێک هەڵوێستەی کرد. وەکوو ئەوەی بیەوێت کەمێک بە خۆیدا بچێتەوە. پاشان بچێتە ژوورەکەی دایکی و، دواتر خۆی کرد بە ژووردا و بەرەو دایکی رای کرد.

کۆنتیسە لەسەر قەنەفەکە راکشابوو و، شپرزەی قیژە و هاوار بوو. سەری بە دیوارەکەدا دەکێشا و، چەند کارەکەرێک و سۆنیایش، دەستیان گرتبوو و، نەیاندەهێشت ئازاری خۆی بدات. بەڵام هەرکە ناتاشای بینی، قیژاندی و کەسەکانی دەوروبەری دوور خستەوە،"ناتاشا! ناتاشا! ئەوە راست نییە... نەخێر راست نییە... درۆم لەگەڵ دەکات ناتاشا گیان... دەی لێم دوور بکەونەوە! ئەوە راست نییە! کوشتوویانە! ئاخ! ئاخ... ئاخ! راست ناکەن."

ناتاشا ئەژنۆیەکی لەسەر قەنەفەکە دانا و، باوەشی بە دایکیدا کرد و، بە سەریدا نووشتایەوە.

پاشان پێی وت،"دایکە ئازیزەکەم! ئەوەتا لای تۆم! لێرەم دایکە... ئیدی بێ ئەوەی بتوانێت خۆی رکێف بکات، هەر دەیووت و دەیوتەوە."

دایکی وێستی لە ژێر دەستی بێتە دەرەوە، بەڵام سوودی نەبوو.

کۆنتیسە داوای ئاوی کرد و رایسپارد پشتییەکی بۆ بێنن. پاشان لەسەرخۆ دەستەکانی ناتاشای لە ملی خۆی کردەوە. ناتاشایش کەوتە ماچکردنی سەری و دەستەکانی و،

روخساری و، فرمێسکیشی دەرشت.

پاشان دەستی برد و لووتی دایکی خوراند و وتی:

"هاوڕێ خۆشەویستەکەم! دایکە ئازیزەکەم!"

دایکیشی بەستەکانی ناتاشای گوشی و، چاوەکانی لێکنا و کەمێک ئارام بووەوە. کەچی لە ناکاو هەستایە سەرپێ و، بە چوواردەوری خۆیدا روانی. کە ناتاشای بینی. سەری ناتاشای توند بە خۆیەوە نووساند و، خستییە نێو هەر دوو دەستییەوە.

بەدەنگێکی کزو بێ دەسەڵاتانە بە ناتاشای وت:

"ناتاشا تۆ منت خۆش دەوێت؟ ناتاشا، ئاخۆ نامخەڵەتێنی و راستم لەگەڵ دەکەیت؟ کەواتە دەبێت هەموو راستییەکەم وەکوو خۆی پێ بڵێیت! وا نا؟"

ناتاشایش بە چاوانی بە فرمێسکەوە، کەوتە سەرنجدانی دایکی و، سەرنجەکانی کەیلی خۆشەویستی و پارانەوە بوو، لە دایکی و پێی وت: دایە گیان!

ئەو بەگڕا چوونەوە دەروونییەی دایکی، لەگەڵ ئەو واقعەی کە کوڕەکەی کوژرابوو، شکستی خوارد و، ناچاری کرد بکەوێتە وڕێنە و قسە بزڕکاندن!

ناتاشا ئەو دوو شەو و دوو ڕۆژەی وەبیر نەدەهاتەوە. چونکە نە تێیدا نووست بوو و، نە دایکی تێدا بەجێهێشت. لەشەوی سێیەمدا کۆنتیسە کەمێک ئارام بووەوە و، بۆ ناتاشا ڕەخسا سەری بخاتە سەر شانی قەنەفەکە و، سەرخەوێک بشکێنێت. بەڵام جێگاکە کەوتە جیڕ و هوڕ و، بە ئاگای هێنایەوە.

کۆنتیسە دانیشت و لەبەر خۆیەوە کەوتە قسە کردن،"چەندە بەختەوەرم بە گەڕانەوەت! بە ڕاستی تۆیش ماندوویت. چایەک ناخۆیتەوە!"

ناتاشا خۆی لە دایکی نزیک کردەوە و، دایکیشی دەستی ناتاشای هەر بە دەستەوە بوو و، دەیگوشی.

لە بەر خۆیەوە لە سەری ڕۆیشت:

"ئای کە لاوێکی قەشەنگ بوویت! وا ئێستا بوویت بە پیاو!"

ناتاشا خۆی بۆ نەگیرا و بانگی کرد،"دایکە ئەوە تۆ چی دەڵێی!؟"

دایکیشی وەڵامی دایەوە،"ناتاشا... ئەو تیاچوو! نەما!"

پاشان باوەشی بە ناتاشادا کرد و دایە پڕمەی گریانێکی بە کۆڵ.

بەشی سێیەم
رۆیشتنی ماری و ناتاشا

خاتوو ماری رۆیشتنەکەی خۆی، دوا خست. کۆنت و سۆنیایش زۆریان هەوڵ دا جێی ناتاشا بگرنەوە و، خزمەتی کۆنتیسە بکەن. بەڵام بێسوود بوو. تێگەیشتن کە تەنیا ناتاشا دەتوانێت دڵنەوایی دایکی بداتەوە و، ئارامیی پێ ببەخشێت.

ناتاشایش بۆ ماوەی سێ هەفتە، لە دایکی دوور نەکەوتەوە. لای دایکی دەنووست و خواردنی دەخوارد دەدا و دەیدوان. دایکیشی زۆر دڵی بە قسەکانی ئەو دەکرایەوە. بریارەکەی دەروونی کۆنتیسەی داماو، زۆر کاریگەر بوو و، بە ئاسانی ساڕێژ نەدەبوو.

مردنی پیتیا ژیانی لێ سەندبووەوە. لەو کاتەوەی هەواڵی کوژرانی کوڕەکەیی بیستبوو، ئیدی ئەو ژنە پەنجا ساڵەی جاران نەمابوو. دوای مانگێک کە لە ژووورەکەی هاتە دەرەوە، پیرێژنێکی داکەوتووی لاوازی نیوە مردوو بوو و، چێژەکانی ژیانی لە دەست دابوو.

بەڵام ئەو بریارەی کە کۆنتیسەی نیوە مردوو کردبوو، ناتاشای پەلکێشی ژیان کردەوە. بریاری دەروونی مرۆڤ، هەر وەکو بریاری جەستەیی وایە و، تا پاڵنەرێکی بەهێز نەبێت بۆ ساڕێژ بوونەوە، هەرگیز ساڕێژ نابێت. هەر ئەمەیش بوو لە ناتاشای رووداا! خۆی پێی وابوو، ژیانی کۆتایی هاتووە. کەچی لە ناکاو خۆشەویستییە مەزنەکەی بۆ دایکی، رایچڵەکاند، وای لێکرد کە لەبەر خۆشەویستیی دایکی بژی و، ئەو بازنەی خۆ خواردنەوەیەی خۆی بڕەوێنێتەوە.

رۆژانـی دوادوایـی ژیـانی میـر ئاندریـه، نزیکبوونـەوەی ناتاشـای لـه خـاتوو ماریـیـەوه دروست کرد. ئەم کارەساتە نوێیەیش نزیک بوونەوەکەی هێندەی تر گەرم و گوڕتر کرد و، بەهێزتر بوو.

دوای ئـەوەی، خـاتوو مـاری رۆیشـتنەکەی دواخسـت، کەوتـە چارەسـەرکردن و هـەر وەکوو منالێک بەلاولوی ناتاشادا دەهات. بۆ ماوەی سێ هەفتە خۆی سەرقاڵی ناتاشا کرد، چونکە ئەو چەند هەفتەیەی ناتاشا لە ژوورەکەی دایکیدا مایەوە، کاریگەریی خراپی بەسـەر ناتاشاوە جێ هێشتبوو.

ناتاشا خاتوو ماریی بانگ کرد و پێی وت:

"خاتوو ماری پێویستیم بە نووستن نییە... وەرە کەمێک لای من دابنیشە."

خاتوو ماریش پێی وت،"تۆ زۆر ماندوویت... هەوڵ بدە بڕێک بنوویت."

ناتاشایش وتی،"نەخێر... نەخێر... بۆ منت هێناوە بۆ ئێرە؟"

خاتوو ماریش وەڵامی دایەوە:

"تۆ زۆر باش دەزانیت، کە ئێستا باری دەروونیی دایکت زۆر باشتر بووە. ئـاخر دایکت زۆر بە ئـاگاوە دەدوا!"

ناتاشا لە ژوورەکەدا، لەسەر جێگەکەی راکشابوو و، سـەرنجی روخسـاری مـاریی دەدا و، لەخۆیی پرسی،"ئاخۆ خاتوو ماری لە ئـاندریە دەچێت!؟

بەڵێ و نەخێر. بەڵام سیفاتی تایبەت بە خۆی هەیە و نوێیە و نادیاریشە. پاشان منیشی خۆشدەوێت. ئاخۆ ناخی چیی تێدابێت؟ بێگومـان لـە شـتی باش بـەوڵاوە هیچـی نادروسـتی تێدا نییە. بەڵام ئـاخۆ چۆن بیر دەکاتەوە؟

بەڵێ... دەروونی نیانەو پاکە.

بە شەرمێکەوە دەستی گرت و وتـــی:

"ماشـا... ماشـا: وا مەزانـە مـن کەسـێکی خراپم. ئەی وانییـە؟ ماشـا چکۆلـە ئـازیزەکەم، چەندم خۆشدەوێیت! با دوو دەستە خوشکی راستەقینەی یەکتر بین."

پاشـان ناتاشـا باوەشـی بـە ملـی خـاتوو مارییـدا کـرد و، کەوتـە ماچکردنـی روخسـار و دەستەکانی و، هەرچەند هەندێک تەریقیش بووەوە، بەڵام زۆر بەو کارەی بەختـەوەر بـوو. ئیدی لەو رۆژە بە دواوە خۆشەویستی و هاوڕێیەتییەکی زۆر گەرم و گوڕ، لـە نێوانیانـدا هاتە کایەوە. ئیدی هەر یەکتریان دەبینی خۆشەویستییان بۆ یـەک دەردەبڕی و، یـەکتریان مـــاچ دەکـــرد و، زۆرتـــرین کاتیـــان پێکـــەوە بەســـەر دەبـــرد. خـــۆ ئەگـــەر یـــەکێکیان دووربکەوتایەتەوە یان دیارنەمایە، ئەوی تر بـە پەلـە بـۆی دەگەڕا و دەیدۆزییـەوە، چونکـە لەگەڵ یـەکتردا زۆر بـە باشـی هەسـتیان بـە ئاسـوودەیی و ئـارامی دەکـرد. گونجاندنەکـەی ناتاشا و خاتوو ماری، لـە هاوڕێیـەتی بـاڵاتر بـوو. تەنانـەت هەریەکـەیان پێیـان وابـوو بـەبێ

ئەوی تر هەڵناکات. هەردوکیان لەسەر نوێنەکانیان رادەکشان و سەرخەوێکیان دەشکاند و، هیچیان نەدەگوت. دواتر هەڵدەستانەوە و زۆر جار تاکو بەرەبەیان گفتوگۆیان دەکرد.

زۆرجاران باسی رابووردووی خۆیان دەکرد. خاتوو ماری باسی سەردەمی منداڵیی خۆی و، دایک و باوکی و، ئەو خەونانەی ئەو دەمەی خۆی دەکرد. ناتاشایش باسی خۆگرتنەوە و مەسیح و رێبازەکەی بۆ دەکرد و، زۆریش رابردووی خاتوو ماریی خۆش دەویست و، بە هەند وەری گرت.

خاتوو ماریش لایەنێکی شاراوەی گرنگی ناتاشای دۆزیەوە و، بە وردی بیری لێ دەکردەوە. ئەویش بڕوابوونی تۆندی ناتاشا بوو، بە ژیان و بڕوای پتەوی بە چێژەکانی ژیان و، رووە گەش و جوانەکەی هەبوو. ئەم لایەنەیشی بە هۆی گۆڕگرتن لە ناتاشا و، بەسەرهاتی سەردەمی منداڵیی و یادەوەریەکانییەوە بۆ دەرکەوت. وتوێژ و دواندنەکانشیان بەدوور دەگرت لەبیر هێنانەوەی میر ئاندریە.

ناتاشا زۆر لاواز و زەرد هەڵگەڕاو بوو. بە جۆرێک کە خەڵکەکە هەواڵی تەندروستیان دەپرسی.. خۆیشی چێژی لەو بارەی دروستیی خۆی وەردەگرت. بەڵام جاروبار لە خۆی دەترسا، نەک لەوەی کە بمرێت، بەڵکوو خەمی ئەوەی بوو ئەو لاوازییەی جوانییەکەی لە نێو ببات.

بە وردی لە باسکە باریکانی خۆی دەڕوانی و، بە لاوازییان تووشی شۆک دەبوو. یان بەیانیان کە لە روخسارە گرژەکەی خۆی دەڕوانی، بەزەیی بەخۆیدا دەهاتەوە. هەرچەند پێی وابوو کە ئەو بارەی تەندروستیی دەبێت وابێت، بەڵام خەمیشی پێ دەخوارد و، لە خۆی دەترسا.

رۆژێکیان گەیشتە ئەوەی کە دەبێت بگەڕێتەوە سەر شێوە هەڵس و کەوتەکەی جارانی. تاکو جوانیی پێست و روخساری تاقی بکاتەوە. خێرا هۆیەکی بۆ چوونە خوارەوە بە پلیکانەکەدا دۆزییەوە و، دواتر هەروەکوو توتەڵە سەگ، بە خێرایی سەرکەوتەوە سەرەوە.

هەروەکو جاران وێستی بانگی دنیاشادی کارەکەر بکاتەوە، بەڵام ، بەڵام ڕەزمی بانگ کردنەکە، وەکوو جارانی خۆی، دەرنەچووەوە. ئیدی بەرەبەرە برینە دەروونییەکەی بەرەو ساڕێژ بوون دەچوو.

لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمدا، خاتوو ماری گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ. کۆنتی باوکی ناتاشایش، زۆری لە ناتاشا کرد کە لەگەڵیدا بچێت بۆ مۆسکۆ و، بەڵکو بتوانێت لە ئەوێش خۆی پیشانی چەند پزیشکێک بدات.

بەشی چوارەم
پشێوی نێو سەرکردەکانی ڕووسیا

دوای ئەوەی کۆتۆزۆف سوپاکەی بۆ ڕکێف نەکرا، لە ڤیازما ئەو دوو سوپایە دایان بەیەکدا و، ڕووسەکان دەیانویست سوپای فەڕەنسا لەبەر یەک هەڵبوەشێنێن. هەڵاتنی سوپای فەڕەنسا بەردەوام بوو و، سوپای ڕووسیش بە دوایەوە بوو و، ڕاوی دەنا، بێ ئەوەی پەلاماری بدا، تاکو گەیشتە کراسنوایيە.

هەڵاتنەکەی سوپای فەڕەنسا هێندە خێرابوو، یەکەکانی سوپای ڕووس پێیاندا نەدەگەیشتنەوە. تەنانەت ئەسپانی لە تۆپهاوێژە بەستراوەکانیش، فریا نەدەکەوتن، دەکەوتن و لێیان دەتۆپی! ئەو هەوالانەیشی لەبارەی شوێن و ڕێی سوپای هەڵاتووی فەرەنساوە دەگەیشتن، زۆربەیان هەڵە بوون. هەرچەند سوپای ڕووس زۆر بەخێرایی شوێن سوپا بەزیوەکەی فەڕەنسا کەوتبوو و، هەر ڕۆژە و فرسەخێکیان دەبڕی، ئیدی نەیاندەتوانی خێراتر بن لە ڕاونانی سوپای فەڕەنسادا.

بۆ زانینی ماندوو بوونی سوپای ڕووس، هێندە بەسە کە ئەو ڕاستییە بزانین کە لەو دەمەوەی لە تاروتینۆ دەرچوون، (٥٠٠٠) سەربازیان لێ کوژرا و بریندار بوو و، (١٠٠) کەسێکیشیان لێ بە دیل گیرا.

ئەو سوپای ڕووسە، لە تاروتینۆ چووە دەرەوە (١٠٠٠٠٠) سەرباز بوو و، تا گەیشتە کراسنوایيە، ژمارەیان بووە نزیکەی (٤٠٠٠٠) کەس. بۆیە ئەو خێراییەی سوپای فەڕەنسا لە هەڵاتنەکەیدا پێی هەستا، بووە هۆی تواندنەوەی سوپای ڕووس.

جیاوازییەکەی نێوان ئەو دوو سوپایە، ئەوە بوو کە رووسەکان بێخەمانە شوێن سوپا بەزیوەکەی فەرەنسا کەوتبوون و، ئەو سەربازانەی لە سوپا هەڵاتووەکە جێدەما. دەکەوتنە دەست سوپای رووس.

. بەڵام بەجێمانی سەربازە رووسییەکان، مەترسی نەبوو و، هەر لە وڵاتی خۆیاندا دەمانەوە. هۆی سەرەکیی کەمبوونەوەی ژمارەی سەربازە فەرەنسییەکان ئەو خێراییە بوو، لە هەڵاتنەکەیاندا. بەڵگەی تەواویشمان بە دەستەوەیە کە هەر ئەو خێراییە بوو، بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سوپای رووسیش.

ئامانجی تەواوی کۆتوزۆف ئەوەبوو، کە سوپاکەی رێگری نەکات، لە هەڵاتنی سوپای فەرەنسا و، بۆ ئەم ئامانجەیش زۆر تێکۆشا بە تایبەتی لە تاروتینۆ و ڤیازما. ئەمەش پێچەوانەی خواستەکەی خۆی بوو لە پێتررزبۆرگ. چونکە ئەو دەم ژەنەرالە رووسییەکان ئەوەیان دەویست. نەک هەر ئەوە بەڵکوو کۆتوزۆف دەیویست ئاسانکارییان بۆ بکرێت لە کشانەوەیاندا.

سوپای فەرەنسا خێراییەکەی لە پاشەکشەکەیدا بۆ ئەوەبوو، کە سوپای رووسی پێ نەگاتەوە و، تا دەیتوانی خۆی دوور دەخستەوە لە بەرەنگاربوونەوەی سوپای رووس. بۆیە زۆرجاران بە هۆی نەشارەزاییانەوە، رێگاکانیان قەدبڕ دەکرد و، زیانی زۆریان بە خۆیان دەگەیاند.

کۆتوزۆفیش زۆر وریایانە جووڵەی بە سوپاکەی دەکرد و، هەوڵی دەدا کەمترین زیانیان لێ بکەوێت. هەر لە دەرچوونییەوە لە مۆسکۆ، تاکو ڤیلنا رۆیشتنی سوپاکەی بەرێکەوت نەبوو. بەڵکو بە پیلانی کۆتوزۆف خۆی بوو. کۆتوزۆف بەهۆی ئەزموونە سەربازییەکەیەوە نەبوو، کە دەیزانی سوپای فەرەنسا بەزیوە و پاشەکشە دەکات. بەڵکو بە رووسی بوونەکەیەوە بوو. وەکو هەر سەربازێکی رووس دەیزانی فەرەنسییەکان هەڵدێن و، پێویستە وەدوویان بکەون و راویان بنێین.

لەو کاتەدا ژەنەرالەکان و بەتایبەتی ئەوانەیان کە بە ڕەگەز رووسی نەبوون زۆریان حەز دەکرد بلیمەتی و لێهاتوویی خۆیان پیشان بدەن. ئەویشیان لە بە دیل کردنی دۆقێک یان پاشایەکی سوپای فەرەنسادا دەبینییەوە. تاکو بە هۆیەوە بتوانن بڕە سامانێک وەدەست بێنن. ئەوان بە پێچەوانەوە بیریان دەکردەوە و پێیان وابوو کاتی هێرشبردن و، زاڵبوونە بەسەر دوژمندا و، سڵیان لە مەزنیی ئەو هەڵەیە نەدەکردەوە.

کۆتوزۆف کە گوێی بۆیان دەگرت، شانی هەڵدەتەکاند و، زۆرباش لە نیازیان تێگەیشتبوو. ئەوان دەیانویست جووڵە و هێرش بە سوپایەکی پێخاوس و، ڕووت و بێ پۆشاک و برسی بکەن. سوپایەک بە ماوەی مانگێک نیوەیان توایەوە و، نیوەیان مایەوە! پاشان ئەگەر تا لە سنووریان وەدەربنێن شوێنیان بکەوتنایە: دەبوو زۆر لەوە زیاتریان رێگایان ببڕیایە کە تا ئەو کاتە بڕیبوویان.

ئەو ئارەزووی خۆدەرخستن و خۆنواندنەی ئەو ژەنەرالانە، لە کاتی بەرەنگاربوونەوەدا لەگەڵ ئەو سوپا بەزیوەدا دەردەکەوت. لە "کراسنواییە"دا ئەو دیاردەیە رووی دا و، سوپای راوەدووتەری رووس پێی وابوو، کە تەنیا سێ یەکەی سوپای فەڕەنسای گەمارۆداوە و، بە ئاسانی رکێفیان دەکات. کەچی وا دەرنەچوو و، ئەو سوپایە: ناپلیۆن خۆی سەرکردایەتیی دەکرد و، ژمارەیان (١٦٠٠٠) سەرباز بوو!

هەرچەند کۆتوزۆڤ هەموو ڕێیەکی گرتەبەر، بۆ ئەوەی ئەو پەلاماردانە روو نەدات. بەڵام سوپا ماندووەکەی سێ ڕۆژی ڕەبەق سەرقاڵی هێرشکردنە سەر سوپای فەڕەنسا بوو.

تووەل پیلانەکەی دارشت: کە یەکەی یەکەم بجوڵێت و، دواتر ئەوانی تر. بەڵام هەروەکو جاران، هیچ شتێک لەو پیلانە جێبەجێ نەکرا. میر ئۆجین دوو ورتمبرگ لە پێگە بەرزەکەیەوە، کەوتە تۆپبارانی یەکە سەربازییەکانی سوپای فەڕەنسا و، داوای بە هاناوەچوونی کرد و، هیچ یەکەیەکی سەربازیی بۆ نەنێردرا. سەربازە فەڕەنسییەکانیش سوودیان لە تاریکیی شەو وەرگرت و، لە نێو دارستانە چڕەکاندا بڵاوەیان لێ کرد و، دواتر ڕێی هەڵاتنیان دۆزییەوە.

میلۆرادۆڤیتشێک، کە هەمیشە بە خۆی دەنازی و، دەیوت یەکە سەربازییەکەم زۆر کۆکە و، گوێ بە هیچ نادەم: لە کاتی پێویست و روویەڕووبوونەوەکاندا نەدەدۆزرایەوە! میلۆرادۆڤیتشێک خۆی بە شۆڕەسوارێکی ئەوتۆ دادەنا، کەوا هەرگیز لۆمە و گلەیی سەرخۆی نەهێناوە، نێردراوێکی کردە سەر فەڕەنسییەکان و، داوای لێکردن بێ تەقە خۆ بدەن بە دەستەوە.

بەو کارەی کاتی زێڕینی سەرکەوتنی بە سەر فەڕەنسییەکاندا لەدەستدا و پێچەوانەی فەرمانی سەرکردەکانی خۆی جووڵایەوە.

بە ئەسپەکەیەوە بە بەردەم سەربازەکانی خۆیدا غاری دا و پێی وتن:

"کوڕەکانم...ئەوا ئەو فیرقەی سوپای فەڕەنسییەم پێ بەخشین و بتانبینم. یەکە سەربازییەکەیشی کەوتنە ئاوزەنگی وەشاندن و، بە ماندوویی و برسێتی و، بێ وەبیەوە، خۆیاندا بەسەر ئەو فیرقەیەدا کە سەرکردەکەیان بە دیاری پێی بەخشی بوون.

ئەو فیرقەیەیش برسی و ڕووت و، سستی سەرما و شەختە و بەستەڵەک بوون! لە خۆیاندا بێ وەرە و، داماو و نیوە گیان بوون! بۆیە هەر زوو خۆیان دا بەدەست سوپاکەی ڕووسەوە. بەمەیش ئارەزووە لە مێژینەکەی میلۆرادۆڤیتش هاتە دی.

لە کراسنواییەدا (٢٦٠٠٠) دیلیان گرت و، دەستیان بەسەر سەد تۆپهاوێژدا گرت و، دارەکەی دەستی مارشاڵایشیان ـ وەکو خۆیان دەیانووت ـ کەوتە دەست. هەریەکە و ڕێزی خۆی لێ نرا و، تەقەلاکەی میلۆرادۆڤیتش، بەرز نرخێندرا. بەڵام هەموو بە داخی

ئەوەوە بوون، کە نەیانتوانیوە ناپلیۆن خۆی، یان پاڵەوانێک یان مارشاڵێکی فەڕەنسی، دیل بکەن و، بۆ ئەم هەڵەیەیشیان لۆمەی کوتوزۆفیان دەکرد.

ئەو کەسانەی کە ئارەزووەکانیان پاڵنەریان بوو، کەسانێکی داردەستی کوێر بوون، بۆ قیزەونترین پێویستی و بەخەمترینیان! کەچی هەرخۆیان پێیان وابوو پاڵەوانانێکن، کە شایستەی پاداشت و خەڵات بن!

ئەوانە کوتوزۆفیان بەوە تاوانبار دەکرد، کە هەر لە سەرەتای هێرشەکەوە نەیهێشتوە ناپلیۆن راو بنێن. نەیدەویست هەرێمی ڤیلاتۆر، کە کەوتبووە سەرە رێی کالوگاوە، جێ بهێڵێت. چونکە ئەو دەم هەرێمەکە مولکی خۆی بوو و، کارگەی چنینەکەیشی هەر لەوێ بوو. تەنانەت لە بیرەوەرییەکانی ولسنیشدا نووسرابوو، کە گریمانی ئەوەیش لە ئارادا بووە: کوتوزۆف خۆی بە ناپلیۆن فرۆشتبێت و، پەیمانی لەگەڵ واژۆ کردبێت!

هەر کەسە سەردەمی و ناسراوەکان، ئەم قسەیەیان نەدەکرد، بەڵکو نەوەکانی دوای ئەوانیش کە قسەیان لەبارەی مەزنی و بلیمەتیی ناپلیۆنەوە دەکرد، بە کوتوزۆفیشیان دەوت: رێوییەکی پیری رسوا ،و داوێنپیس بووە!

بەڵام وەکوو تریش، رووسییەکان وا وەسفیان دەکرد، کە پیاوێکە وەسف ناکرێت و، شایستە و تایبەتمەند بووە.

بەشی پێنجەم
بە ویژدانەوە لە کۆتۆزۆڤ بدوێین

لە راستیدا لە ساڵەکانی (١٨١٢ ـ ١٨١٣) دا کۆتۆزۆڤیان تاوانبار دەکرد. ئیمپراتۆریش، زۆر لێی تووڕە بوو. مێژوو وای بۆ نووسیبوو، کە کۆتۆزۆڤ پیاوی دەربارو فێڵباز و درۆزن بووە، ناوی ناپلیۆنی لە لادا بهێنرایە، ترس دایدەگرت.

گوایا سوپای رووسی لە کراسنواییە و بیریزیتنا لە سەرکەوتن و بەزاندنی تەواوی سوپای فەرەنسا، بێبەش کردووە. ئەوە چارەنووسی پیاوێکی مەزن بووە و، بیر و ژیریی رووسییەکانیش ددانیان بەو پیاوەدا نەدەنا. رق و کینەی جەماوەر دەبێتە سزادەری ئەو جۆرە پیاوانەی زۆر باڵا، لە بارودۆخی خۆیان دەگەن.

ئەم ناپلیۆنە یەکێک بووە، لە ئامێرە رسواکانی مێژووی ئەو سەردەمە. نە لە تاراوگەکەی خۆی و، نە لە هیچ دەمێکدا، ئەو پیاوە، شتێکی نەکردووە، کەرامەتی خۆی پێ پاراستبێت. کەچی وەکو مێژوونوسانیش وتوویانە: ئەو ناپلیۆنە جێی سەرسامی و پەرۆشیی رووسەکان بووە و، بە پیاوێکی مەزن لێیان ڕوانیوە. بەڵام کۆتۆزۆڤ کە هەر لە سەرەتاوە تاکوو کۆتایی، بۆ جارێکیش خۆی بە درۆ نەخستبووەوە، نە لە قسە و نە لە هەڵس و کەوتیدا دڕواریی نەبوو. ئەو پیاوەی نموونەی پیاوێکی خۆبەختکەر بوو. کەچی بەڵای ئەوانەوە کارەکە پێچەوانە بوو و، ئەو پیاوە لە ساڵی (١٨١٢)دا، بە پیاوێکی شێرزە و دڵەراوکێ، وەسفیان کردووە و، ناوهێنانیشی دەبووە جێی بەزەیی و، رووزەردی بۆ رووسەکان.

کۆتۆزۆف هەرگیز باسی ئەو کارانەی خۆی نەدەکرد، کە لە پێناوی نیشتمانداا دەیکرد و، هەرگیز باسێکی نەدەدرکان، کە دەیەوێت چی بکات و، هەمیشە خۆی زۆر سادە پیشان دەدا. نامەی بۆ دۆستایلی هاوژینی و بۆ کچەکانی دەنووسی و رۆمانەکانی دەخوێندەوە و، حەزی بە هاوڕێیەتیی ژنانی جوان بووە و، سوعبەتی لەگەڵ ژەنەرالان و ئەفسەران و، سەربازانی خۆی دەکرد. هەرگیز پێچەوانەی بیروڕای بەرامبەرەکەی نەدەدوا.

کە رۆستۆبشن بە غار خۆی گەیاندە کۆتۆزۆف و، لەسەر پردەکەی ئەیاوزا ئەوی بینی، کەوتە لۆمە کردنی و، بەوە تاوانباری کرد کە ئەو بووەتە هۆی لە دەستدانی مۆسکۆ!

ئەمجا پێی وت،"ئاخر ئەوە چۆن دەبێت؟ تۆ پەیمانت دا، تاکوو شەڕی دەستەوێخە لەگەڵ دوژمن نەکەیت، لە مۆسکۆ ناچیتە دەرەوە!؟ مۆسکۆیش لە دەستی دوژمندا بوو."

ئاراکشیف هات تاکو لای ئیمپراتۆر، بە کۆتۆزۆف بڵێت تاکو سەرکردایەتیی یەکەکانی تۆبخانە بە ئیرمۆلۆڤ بسپێرێت.

کەچی کۆتۆزۆف وەڵامی دایەوە،"کەمێک لەمەوپێش منیش هەمان شتم وت! "

لە کاتێکدا یەک خولەک لەوە و پێش، لە دڵی خۆیدا، پێچەوانەی ئەوەی وتبوو! کە گوایا: باشتر وایە، خۆی بە دوور بگرێت لەو دیاریکردنەی، ناوی سەرکردەی تۆبخانەیە. هەرچەند ئەو پیرە بەبێ بیرکردنەوە دەدوا و، رستەکانی لەدەم دا دەوەری. بەڵام هەرگیز بە درێژایی ماوەی ئەو جەنگە، پێچەوانەی ئامانجی سەرەکیی شەڕەکە نەبوو. خۆ زۆر جاران و لە بۆنەکاندا بیرکردنەوەی خۆی لە گفتوگۆکانیدا وەدیار دەکەوت. بەڵام کەس تێی نەدەگەیشت. هەر لە سەرەتای ئەو شەڕەی پوورۆدینۆوە کە ئەوە سەرەتای ناکۆکیی بوو لەگەڵ کەسانی دەوروبەری. وتبووی،"شەڕی پوورۆدینۆ لە خۆیدا سەرکەوتنە بۆ ئێمە."

ئەمەی چەندین جار دووبارە دەکردەوە و، بە دەنگی بڵندیش. لە راپۆرتەکانی و رووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ گەورە پیاواندا، تا مردیش ئەمەی دەوتەوە.

هەر ئەویش بوو وتبووی:

"لە دەستدانی مۆسکۆ، ئەوە ناگەیەنێت کە رووسیا لە دەستدراوە!"

لە وەڵامەکەیدا بۆ ئەو لۆریستۆنەی، کە داوای دانوسان و واژۆ کردنی پەیمانی ئاشتەوایی کردبوو. وتبووی: مەحاڵە، چونکە ئەمە ویستی گەلە. هەر کۆتۆزۆف بوو ئاشکرای کرد، کە فەرەنسییەکان بەزیون و، پاشەکشە دەکەن.

هەر ئەویش وتبووی،"هەر جوولەیەکی سوپای ئێمە بەرامبەر سوپا بەزیوەکەی فەرەنسا بێسوودە! شتەکان خۆیان بە سوودی ئێمە دەبن و، خواستەکانی ئێمە دەستەبەر دەکرێن. بۆیە پێویستە پردێکی پەرینەوەی زێڕین بۆ سوپا بەزیوەکەی فەرەنسا دروست

بکەین و، شەڕەکانی تارۆنتینۆ و ڤیازما و کراسنوایە، پێویست نین بکرێن. پێویست دەکات ئەو سوپا پاشەکشەکەرە، بگەیەنرێتە سەر سنوورو تاوانە بهێڵین سەربازێکمان لە شەڕ کردن، لەگەڵیاندا بکوژرێت: ئەگەر لە بەرامبەریدا دە سەربازی فەرەنسی بکوژرێت.

تەنیا ئەو پیاوە بوو، هەرچەند میژوونووسان وایان بۆ وەسف کردوین کە تاوانبارە، چونکە لەلای ئاراکتشیف درۆی کردووە، تاکوو ئیمپراتۆر ئاسوودە بکات. لای پاشاکەیدا تووڕە ببوو و وتبووی:

شەڕێک لەودیو سنوورەوە بکرێت، بێ ئاکامەو، بە زیان بەسەرمان دەشکێتەوە.

کۆتوزۆف نەکو هەر قسەکانی، بەڵکو کردەوەکانیشی بۆ ئەم سێ ئامانجە بوو:

١ ـ چڕکردنەوەی هەموو یەکەکانی سوپاکەی، تاکو چاوەڕوانی رووبەڕوو بوونەوە بێت لەگەڵ سوپای فەڕەنسادا.

٢ ـ بەزاندنی ئەو سوپا پاشەکشەکەرە.

٣ـ دەرکردنیان لەسەر زەوییەکانی رووسیا، بەکەمترین زیانی گەل و سوپامان.

کۆتوزۆف ئەو پیاوە بوو: کە ئالای ئارامگرتن و پەلە نەکردنی هەڵکردبوو. هەر ئەو بوو: پێش دەست پێکردنی شەڕی ئۆستەرلیز، ئاشکرای کرد، کە دۆڕاندنی ئێمە کۆتایی دێت و، چووەوە بە گڕ هەموو ژەنەرالەکانی لای خۆیدا.

هەمیشەیش دەیووت: کە لە شەڕی پۆرۆدینۆدا براوەو سەرکەوتوو بووین. هەر ئەویش بوو کە هەمیشە سوپاکەی بە دوور دەگرت لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سوپا پاشەکشەکەرەکانی فەڕەنسادا و، نەیدەویست شەڕ دروست بکات.

ئێستا لە واتای رووداوێک تێدەگەین. چونکە هەموو رووداوەکان و زانیارییەکان لەبەر دەستدایە. پرسیارەکە ئەوەیە: ئەو کۆتوزۆفە پیرە لە کاتی خۆیدا چۆن هەستی بەو راستییە کردووە و، زانیویەتی ئەوە خواستی گەلەکەیشیەتی!؟ گەلەکەی بەو هەستەی کۆتوزۆفیان زانیبوو، بۆیە هەڵیانبژاردبوو. دەیانزانی پیاوێکە هێرشەکانیشی وا دەست پێ دەکات: کە کەمترین کەس بکوژرێت و کەمترین زیانی لێ بکەوێتەوە.

ئەم وێناکردنە سادەیە و، لە هەمان کاتدا مەزنەی کۆتوزۆف، لە میژووی ئەو کەسانەدا جێی نەدەبووەوە، کە پێیان وابوو، مرۆڤ جوولەی بەو سوپایە کردووە.

بەلای کەسانی دەرباری تەختی شاهانەوە، ئەوە روونە، پیاوی مەزن بوونی نیە. چونکە ئەوان رێبازی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ دیاریکردنی پیاوی مەزن.

بەشی شەشەم
وتارەکەی سەرکردەی بالا

پێنجەم رۆژی تشرینی دووەم. یەکەم رۆژی ئەو شەرە بوو، کە ناوی شەڕی کراسنوایيە بوو. ئێوارەیەکی زوو، دوای چەند وتووێژێک و، دوای چەند جوولەیەکی هەڵەی ئەو ژەنەرالانەی، کە هەرگیز سوپایان بۆ شوێنی شیاوی خۆیان نەجوولاندبوو. ئەوانەی هەمیشە فەرمانی دژ بە یەکیان پێبوو. دوای ئەوەی دەرکەوت کە سوپای فەڕەنسا، لە هەموو لایەکەوە هەڵدێت و، پاشەکشە دەکات و ناکرێ لە هیچ لایەکەوە شەڕ دروست بێت. کۆتوزۆف کراسنوایيەی جێ هێشت، هەر بە رۆژی نیوەڕۆ، بنکەی سەرکردایەتیی گشتیی گواستەوە.

بەیانییەکی سایەقەی سارد بوو و، کۆتوزۆف ژمارەیەکی زۆری لەو ژەنەرالانە بە دواوە بوو، کە خۆشیان نەدەوێست و، بە چرپە زەمیان دەکرد. کۆتوزۆف بە سواری ئەسپە سپییەکەیەوە، بەرەو دووبراییە دەچووو لەرێگادا فیرقەکانی سوپای فەڕەنسا کە ژمارەیان حەوت هەزار سەرباز بوو، ئاگریان کردبووەوە و، خۆیان گەرم دەکردەوە. بە رۆژی نیوەڕۆ بە دیل گیران! هەر لە نزیکی دووبراییەوە، قەرەباڵغییەکی فرەیان دیل کرد، بە بەرگ و پۆشاکی درپاوەوە. هەر دەستیان بە پۆشاک و جلوبەرگدا بگەیشتایە، هەڵمەتیان بۆ برد و، تۆپخانەکەیشیان بە هەڵوەشاوەیی، بەسەر گالیسکەکانەوە بوو.

هەر کە ژەنەرالی سەرکردەی بالا نزیکیان بووەوە، هەموویان چاویان تێبڕی و بێدەنگ بوون. کۆتوزۆفیش بە شەپقە سپییە کەنار سوورەکەی سەرییەوە و، پاڵتۆ گەورە ناوداڕەکەی بەرییەوە، لەسەرخۆ بە سواری ئەسپە سپییەکەیەوە دەهاتە پێشەوە و، ژەنەرالێکیش لەگەڵیدابوو، باسی سەرچاوەی ئەو تۆپخانانە و ئەو سەربازە دیلە زۆرەی بۆ دەکرد. کۆتوزۆفیش وا قوولا بووبووەوە لە بیرکردنەوەکەیدا، هەر گوێیشی لە قسەکانی ئەو ژەنەرالە نەبوو.

زۆر بە خەم و بێزارییەوە، لەو دیلە بەرگ شڕۆلا و ماندووانەی دەڕوانی. زۆربەیان چاو و لووتیان لە سەرما سوور هەڵگەڕابوو و شێوەیانی بە جۆرێک گۆڕی بوو، کە خۆیشیان بە ئاسانی یەکتریان نەدەناسییەوە!

لە نێو فەڕەنسییەکاندا سەرنجی دوو سەربازی دا: یەکێکیان دەم و چاوی زیپکەیەکی فرەی پێوە بوو و، لەگەڵ ئەوی تردا پارچەیەک گۆشتی کاڵیان لەت دەکرد. دوای ئەوەی دەم وچاو زیبکاوییەکە بە ڕق و کینەوە لە ژەنەرااڵەکانی ڕوانی، سەرنجێکی خێرای کۆتۆزۆڤیشی دا و، بە تووڕەییەوە ڕووی لەویش وەرگێڕا و، کەوتەوە لەتکردنی پارچە گۆشتە خاوەکە.

ماوەیەکی فرە کۆتۆزۆف لەو دوو سەربازەی ڕوانی. هێندەی تر ڕوخساری گرژ بوو و، سەرێکی بادا. لەولاتریش سەربازێکی ڕووسیی بینی و، دەستی دا بەسەر شانی سەربازێکی دیلی فەڕەنسیدا و دەستی کردە پێکەنین و، دیاربوو بە ڕوویەکی خۆشەوە شتێکی پێ وتبوو. کۆتۆزۆف ئەمەیشی بە لاوە سەیر بوو و، دیسان سەرێکی بادایەوە!

ژەنەرااڵە ڕووسییەکەیش کە لە هەوڵی ئەوەدابوو سەرنجی کۆتۆزۆف ڕابکێشێت پرسیاری ئەو هەموو ئالا فەڕەنسییەی کرد، کە بە دیلەکان گیرابوو و، وا ئێستا بە بەرایی فەیلەقی بریوبراگنسکییدا هەڵکراوە.

کۆتۆزۆفیش پێی وت،"ئێستا دەڵێی چی!؟ ئای لەو هەموو ئالایە!"

کۆتۆزۆف بەم پرسیارەی، وێستی خۆی لە بیرکردنەوەکانی خۆی بدزێتەوە. پاشان کە چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا، هەزاران چاوی بینی کە سەرنجی دەدەن و، چاوەڕوانی ئەوەن، بزانن چ قسەیەکیان بۆ دەکات!؟

کۆتۆزۆف لە بەرامبەر فەیلەقی بریوبراگنسکییدا وەستاو، چاوانی داخست و هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا. یەکێک لە یاوەرانی کۆتۆزۆف، هێمایەکی دایە سەربازە بەراییە، ئالا بە دەستەکانی فیرقەکە و، ئەوانیش کەوتنە جووڵەی سەربازی.

دوای چەند چرکەیەک کۆتۆزۆف سەری بڵند کردەوە و، کەوتە قسە کردن، ئەفسەرێکی زۆر، ئاپوورەیان دا و، ئەویش دوای ئەوەی چاوی پێیاندا گێڕا، بڕێکی لێ ناسینەوە.

کۆتۆزۆف هاواری سەربازەکانی کرد، پاشان بە ئەفسەرەکانی وت:

"سوپاسی هەمووتان دەکەم!"

لە نێو ئەو بێدەنگییەی سەربازەکاندا وشەکانی بە جوانی بیسترا.

"سوپاسی ئەو خزمەتە دڵسۆزانەتان دەکەم. سەرکەوتنی تەواوتان بە دەست هێنا و ڕووسیا ئێوەی بیرناچێتەوە. پیرۆزیی سەرکەوتن تاهەتا: شایستەی خۆتانە!"

دوای ئەوەی کەمێک بێدەنگ بوو، بە سەربازێکی وت، کە هەڵۆیەکی فەڕەنسیی پێ بوو و، لە کاتی جووڵەی سەربازە ئالا بە دەستەکاندا، هەڵۆکەی نەوی کردبوو:

"سەری هەڵۆکەی دەستت پتر نەوی بکە بۆ ئالاکان. بەم شێوەیە! بەم شێوەیە!
پاشان بە رووی سەربازەکاندا هاواری کرد،"هوورا! کوڕینە!"
هەزاران دەنگ وەڵامی دایەوە،"هوو.. را.. ا.. ا!"
بە درێژایی ئەو ماوەی جوواڵە و هات و هاوارەی سەربازەکان، کۆتۆزۆڤ بەسەر قەڵپووڕی زینەکەیدا نووشتابووەوە و، فێڵاویانە چاوانی لێکنابوو.
چونکە کە سەربازەکان کپ بوونەوە، وتی،"براکانم...ئەمە هەموو کارەکە بوو!"
لە ناکاو شێوە و دەنگی وتارەکەی گۆڕا و وتی:
"سەرکردەی باڵا قسەی خۆی تەواو کرد و، ئێستایش سەرەی پیرەی زۆر سادەیە و، دەیەوێت شتێکی گرنگ بە هاوڕێکانی بڵێت."
لە نێوان سەربازان و ئەفسەراندا، جووڵەیەکی وا دروست بوو، کە دەربانخست دەیانەوێت باشتر گوێیان لە واتاکە بێت. دواتر ئەمەیان بیست:
براکان... ئەمە هەموو کارەکە بوو! دەزانم ئەمە بۆ ئێوە سەختە. بەڵام چی بکەین! ئارام بگرن! پەلە مەکەن! بەم نزیکانە بە ئامانجی خۆمان دەگەین. کە میوانەکانمان بە خاک سپارد، ماندوویەتیمان دەردەچێت. لە بارەی خزمەتگوزارییەکانی ئێوەیشەوە، ئەوا قەیسەر لە بیرتان ناکات. ئەمە بۆ هەمووان سەختە. بەڵام ئێوە لە نیشتمانی خۆتاندان.
ئاماژەیشی بە دیلەکان دا:
بەڵام ئەوان وەک خۆتان دەیانبینن کە چییان بەسەر هاتووە. بارو دۆخی ژیانیان لە خراپترین سوالکەر خراپترە! ئێمە بەزەییمان تەنانەت بە خۆیشماندا نەهاتەوە. کەچی ئەوان هێشتا هەر بەهێز و بەتوانان! بەڵام لە ئێستادا دەبێت بەزەییمان بەوانیشدا بێتەوە. ئەوانیش وەکو ئێمە.مرۆڤن... وانییە کوڕینە!؟
جارێکی دی سەرنجی دەوروبەری خۆی دا و، کاریگەریی ئەرێنییانەی قسەکانی لە چاوانیاندا خوێندەوە. ئەمەیش بزەیەکی پیرانەی خستە سەر لێوانی کۆتۆزۆڤ.
لەناکاو سەری بڵند کردەوە و وتی:
بەڵام چی پاڵی پێوەنان ئەمانە بێنە سەرمان!؟ ئەوان شایستەی ئەو ئازار و بێزارییەن کە تووشیان بووە و، نەفرەتیان لێ بێت!
ئیدی کۆتۆزۆڤ لە ئاوزەنگیی ئەسپیەکەی ژێری دا و، سەربازان دایانە قاقای پێکەنین و، هاوار و بانگەواز و، بڵاوەیان لێ کرد.
سەربازەکان بە باشی لە هەموو وتارەکەی کۆتۆزۆڤ تێنەگەیشتن. بۆیە کەسیش نەیدەتوانی وتارەکەی فیڵد مارشاڵ دووبارە بکاتەوە. بەڵام هەستیان بە واتا قووڵەکانی سەرەتای وتارەکە و، سادەیی و، باوکانەیی کۆتاییەکەی و، ئەو بەزەییە کرد بە دوژمنەکەی خۆیدا هاتەوە. ئەو بەزەییە مرۆیانەی لە دەروونی سەربازێکدا هەبوو.هوتافی سەربازان، راستیی قسەی ئەوی سەلماند.

بەشی حەوتەم
دواییین رۆژ

هەشتی تشرینی دووەم، دوایەمین رۆژی شەڕەکەی کراسنواییە بوو. ئەو ئێوارەیە تا شەو دانەهات، سەربازانی هەردوولا نەگەڕانەوە سەربازگەکانیان. رۆژەکەی دنیا ئارام بوو و، ناوەناوە بەفر دەباری و، سەرما و شەختە بوو.

دەمە و ئێوارە، هەوا خۆش بووەوە و، ئاسمان لە نێوان پەڵە هەورەکاندا، ڕەش دەینوان و، ئەستێرەکان دەبینران. بەڵام هەوا تەواو ساردی کردبوو.

فەیلەقێکی قەرەوڵەوانان کە لە (٣٠٠٠) سەرباز پێکهات بوون و، دوای ئەوەی لە شەڕەکەی پۆرۆدینۆ بوو بوونەوە، گەیشتن و ژمارەیان ببووە نۆسەد سەربازێک! هاتبوون تا ئەو شەوە لە دێیەکی نزیک ڕێگا گشتییە سەرەکییەکە بحەوێنەوە.

بڕێک لە سەرکردەکانی سوپا هاتن و هەواڵیان پێ دان کە کۆلیتە تەختەبەندەکان، بە بریندار و مردووانی سەربازانی فەڕەنسی گیراون. تەنیا یەک کۆلیتەی تەختەبەند ماوەتەوە، ئەویش تەرخانی سەرکردەی فەیلەق کراوە.

سەرکردەکە گەڕایەوە بۆ کۆختەکەی. بەڵام فەیلەقەکە، خۆی کرد بە گوندەکەدا. کە گەیشتە ئەو سەری دێیەکە لە سەرە ڕێگاکاندا کۆمەڵ بوون. دارستانێکی دار بەڕوو نزیکیان بوو، هەرچەند بەفر ئەژنۆیەک باریبووو سەربازەکان بە گران لە نێو بەفرەکەدا دەجوولان، بەڵام زرمەیان لەو درەختانە هەستان و، کەوتنە داربڕینەوە و تەور وەشاندن.

بڕێکی تری سەربازان کەوتنە کار کردن لە دەوروبەری گالیسکە بارهەڵگرەکان و، ئالیکدان بە ئەسپەکان و بۆ خۆشییان مەنجەڵا و قابلەمەیان سەر ئاگر ناو پسکیتیان دابەش کرد بەسەر سەربازەکاندا. بڕێکی تریان خۆیان کرد بە کۆلیتە تەختە بەندەکاندا و، لە لاشەی مردووانیان چۆڵا کرد و، دەستیان بە سەر تەختەی وشکی سووتاندنی نێویاندا گرت و بۆ کردنەوەی ئاگرەکانیان پووشی سەر کۆلیتەکەیان دەرهێنا.

کەسێکیشیان چونە پشت ئاواییەکەوە و، دەستیان کرد بە هاوار و قیژەو گۆرانی وتن. دیواری حەوشەی خانوویەکی گەورەیان بینی و، بە هەموویان پاڵیان پێوەنا و، هاواریان کرد،"دەی... دەی... پێکەوە پاڵدەن!"

لە شەودا بەشێکی زۆری دیوارەکە بینرا لە ژێر قورسیی بەفرە کەڵەکەبووەکەی سەریدا، دەهات و دەچوو. سەربازەکان بەسەر ئەو دیوارەوە بوون، دیوارەکەیش دوای چەند لەرینەوەیەک بەلادا هات و رما. سەربازان بڕێکیان لە قاقای پێکەنینیان دا و، هەندێکیشیان کەوتنە جنێودان.

یەکێکیان هاواری دەکرد،"دوو دوو ئەمدیو و ئەودیوی بکەون! دەی خۆت مەشارەوە! دەی هەموو پێکەوە! ئاگاتان لە خۆتان بێت! خۆتان رێک بخەنەوە!"

سەربازێک زۆر نەرم و ناسک گۆرانی دەچڕی. لە بڕگەی سێیەمی گۆرانییەکەدا کپ بووەوە و بە جارێک بیست سەرباز پێکەوە هاواریان کرد:

هو و ـ و! دەی... کوڕینە پاڵ بنێن!

لەگەڵ ئەو پاڵنانەدا کەچی دیوارەکە نەجوولا و، هەناسەبڕکێی سەربازانیش ئەو ناوەی پڕ کردبوو.

پاشان بڕێکیان هاواریان کرد،"دەی... ئێوە سەربازان، هەر شەشەکەتان! شەیتانانە! یارمەتیمان بدەن... ئێمەیش پاداشتی ئەم یارمەتییەتان دەدەینەوە!"

نزیکەی بیست سەربازێکی سرییەی شەشەمیش، بە لایاندا تێپەڕین و، ئەوانیش بە هانایانەوە چوون و، کەوتنە پاڵنان. دیوارەکە دە مەترێک درێژ بوو و پانییەکەیشی دوو مەترێک دەبوو و، کەوتە لەرینەوە بە دەستیانەوە.

هاواریان کردەوە،"دەی پێش بکەوە...ئەوە ئاژەڵا بۆ ناجوولێیت!؟ بۆ وەستاویت... ورەت بێت!"

جنێودان بەردەوام بوو و، لە ناکاو ئەفسەرێک هاواری کرد:

"ئەوە چی دەکەن؟ سەرکردەکان لێرەن! لە کۆلیتی جنناردان، هەی چڵیتانە! وا منیش یارمەتیتان دەدەم!"

هەر دەستی گەیشت بە پشتی سەربازێک، پاڵی نا و درێژەی دایە:

"ئەرێ... ئەوە نەتاندەتوانی ئارام بن و ئەو قیژ و هورە نەکەن!؟"

سەربازان کپ بوونەوە و یەکێکیان سەروچاوی هەر خوێن بوو، وتی:

"ئاە! ئەم ئاژەڵە! ئەی لەو بەرکەوتنەی دەم و چاوم!"

یەکێکیان بەلاقرتیوە وتی،"ئەی خۆت حەزت بەمە نییە!؟"

بەڵام سەربازەکان بە بێدەنگی بەردەوام بوون، دواتر کە لە دێیەکە چوونە دەرەوە، بە هۆو بێ هۆ، هەر جنێویان دەدا! هەر لەو کۆلیتە تەختەبەندەدا کە سەربازەکان بە بەردەمیدا تێپەڕین، سەرکردایەتیی بالا لە کۆبوونەوەدا بوو، ئەندامەکان بە دەم چاخواردنەوە، بە گەرمی گفتوگۆیان لەبارەی رووداوەکانی ئەو رۆژە و جووڵە کردن بە یەکە سەربازییەکان و، پیلانی سبەینێیان دەکرد.

ئەوەیان هێنایە ئاراوە کە باڵێکی سوپاکە، لای چەپی رێگاکە بگرێت و، رێ بە فیرقەی جێگیری پاشا بگیرێت و، دیلیان بکرێن. کە سەربازەکان دارو تەختەی دیوارە رووخاوەکەیان هێنایەوە، ئاگری چێشتخانەکان کرانەوە و، سەیری هەر لایەکت بکردایە کڵپەی ئاگر بوو.

بازوو و تەورەکان چالاکانە لە کاردا بوون و، کەسیان چاوەڕێی فەرمان نەبوون بۆ کار کردن. سەربازان تەختە و داریان بۆ ئاگری شەوانە هێنا و کۆلیتەیان بۆ سەرکردەکان سازدا و، کەوتنە چێشتلێنان و پاکردنەوەی چەکەکانیان. دیوارە تەختەکەیان چەقاندەوە و کەوتنە ئاگر کردنەوە و، پاشان فوویان بە بۆقییەکاندا کرد و کاتی حەوانەوەیان بۆ سەربازان راگەیان.

سەربازانیش لە دەوری ئاگرەکان کۆ بوونەوە. سەربازێک پێڵاوەکانی دادەکەند و وشکی دەکردەوە و، یەکێکی تر پایپی دەکێشا و، سەربازێکی تریش لەولاوە بەرگەکانی بەری دادەکەند و، بە رووی ئاگرەکەدا دایدەتەکاند، تاکوو ئەسپێکانی نێوی داکەونە ئاگرەکەوە.

بەشی هەشتەم
هەراو هوریای سەربازان

لە بارودۆخێکی بەو شێوەیەی کە بە سەر سوپای رووسدا هات بوو و، بە شێوەیەک کە هەموو پێخاوس و، سەریان رووت بوو. لە پلەیەکی ئاو و هەوای هەژدە پلەی ژێر سفرەوە و، تەنانەت کەمیی خۆراک و رۆزیی، وای کرد بوو، ئەو سوپای رووسە، ببێتە جێی بەزەیی.

کەچی کارەکە وا نەبوو و پێچەوانە کەوتبوەوە. چونکە ئەو سەربازانە و ئەو یەکانەی کە وەریان رووخاو و، کەسانێکی لاواز و بەرگەنەگر بوون، کەوتبوونە دوواوەی سوپای رووس و، بڕێکیان هەلاتبوون. ئیدی هەرچی سەربازی وەرە بەرزو بە توانا و لێهاتوویش بوو، کەوتبووە بەرایی لەشکرەکەی رووسەوە.

سڕییەی هەشت، سەربازێکی زۆری لە خۆ گرتبوو و، کڵپەی ئاگریان زۆر گەشاوە و بە تین بوو. سەربازەکان ئەوەیان کردبوو بە مەرج، کە ئەو سەربازەی لەبەر ئاگرەکە خۆی گەرم دەکاتەوە... لەسەرێتی بچێت داریشی بۆ بێنێت.

سەربازێک بە هۆی دوکەڵی ئاگرەکەوە چاوانی سوور هەڵگەڕابوو هاواری کرد،"هێی ماکییف... ئەوە لە کوێیت؟ ون بوویت... یان گورگ خواردوو بوویت؟ هەستە بڕۆ دار بهێنە!"

سەربازێکی تری بانگ کرد،"دەی... تۆیش بجوولێ! بڕۆ دار بهێنە بۆ ئاگرەکە.

سەربازە رەنگ شەرابییە تەڵخەکە، نە پلەکەی رەقیب بوو و، نە سێ خەتی هەبوو! تەنیا سەربازێک بوو. بەڵام تۆکمە و، بە هێز بوو و ئەو تۆکمەییەی خۆی بەکار دەهێنا و، بەسەر سەربازە لاوازەکانیدا دەخوڕی.

سەربازە لاوازە لووت کورتە چکۆلەکەیش، بە نیازی جێبەجێ کردنی فەرمانەکە هەستا. بەڵام هەر لەو کاتەدا، تارمایی سەربازێک لەبەر تیشکی ئاگرەکەدا دەرکەوت، کە هاتە پێشەوە باوەشێک داری سووتاندنی پێبوو. سەربازە رەنگ شەرابییە تەڵخەکەیش، هاواری بۆ کرد،"بیهێنە بۆ ئێرە."

دار و تەختەکان شکێنران و، بۆ سووتاندن ورد کران. پاشان خرانە نێو ئاگرەکە و، دەستیان کرد بە فوو کردن لە ئاگرەکە و، کۆکردنەوەی چمکی پاڵتۆکانیان. هێندەی پێ نەچوو، ئاگر کڵپەی کرد و گرەکەی خۆش بوو. پاشان سەربازان نزیک بوونەوە و، بڕێکیان سەبیلەکانیان گڕدا و، کەوتنە هەڵمژینی.

لاوە قەشەنگە دارهێنەرەکەیش، پێیەکانی بە زەویدا دەدا و، خۆی گەرم دەکردەوە. دواتر کەوتە گۆرانی وتن و، لە سەر رەزمەکەیشی، پێی بە زەویدا دەکێشا و بە گۆرانی وتی،"ئای دایکە ناسک و نازدارەکەم... شەونمی سارد و جوان و تفەنگ بە دەستەکە"

سەربازە سوورباوەکە، سەرنجیدا کە سۆلەکانی کۆن و رزیوە، هاواری کرد:

"هێی! ئاگات لە خۆت بێت... سۆلەکانت تیاچووە! کۆڵ لە سەما کردن بدە."

سەربازە سەماکەرەکە وەستا و پارچەیەک چەرمی دڕاوی لێ کردەوە و فڕێی دایە نێو ئاگرەکە و دانیشت.

ئەمجا وتی،"بەڵێ! بەڵێ! پیرە گیان."

پارچەیەک قوماشی شینی فەڕەنسیی دەرهێنا و قاچی پێ بەست و وتی:

"گەرمییەکە سرێشی دەکات و، پێکییەوە، شەتەک دەداتەوە."

لە سەری ڕۆیشت،"ماوەیەکی تر پێڵاوی نوێمان بەسەردا دابەش دەکەن. ئەوەیش دەڵێن کە دوای کۆتابوونی جەنگ، دوو هێندەی کرێی خۆمان دەدەنێ!"

ڕەقیبێک هەڵیدایە،"پێم بڵێ، ئەو پیترۆڤە سەگە، لە ڕێ، بەجێما؟"

یەکێکی تر وەڵامی دایەوە،"دەمێک بوو، منیش گومانم لە ئەمە هەبوو."

لە سەری ڕۆیشت:

"ئەو سەربازە، کە دەڵێی سوواڵەتی شکاوە... چی دەوێت؟ خۆ دەڵێن نۆ سەربازی تر دوێنێ لە سرییەی نۆ، دواکەوتوون. ئاخر کەمێک خۆت ژیر بکەوە... کە پێیەکان سەرما بیانبەستێت، ئیدی چۆن دەتوانێت درێژە بە ڕۆیشتن بدات!"

ئەفسەرێک هاواری کرد،"هێی... ئەوە چییە... دەڵێی دەیبزرکێنیت؟"

سەربازێکی تریش وەڵامی ئەوی دایەوە و باسی بەستنی پێیەکانی:

"حەز دەکەیت تۆش ئەو ئازارە بچێژیت؟"

سەربازە لووت کووڕەکەیش لەبەر ئاگرەکە هەستا و پرسیی:

"دەتەوێت بڵێی چی؟"

هەر خۆشیی دڕێژەی دایە:

"مرۆڤی کەتەو قەڵەویش، لاواز دەبێت. لاوازبوونیش لە خۆیدا مردنە."

پاشان ڕووی لە ڕەقیبێکیان کرد و لەسەری ڕۆیشت:

"بۆ نموونە خۆم. هێزو توانام لەدەست داوە و لە هەوڵی چوونە نەخۆشخانەدام. خەمی ئەوەمە ماوەیەکی تر، نەتوانم پێ بە پێی هاوڕێکانم بڕۆم.ن

ئەفسەرەکە لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە،"دەی... گێلانە مەدوێ!"

سەربازە چکۆلەکە کپ بوو یەکێکیتر ویستی بابەتێکی تر بێنێتە پێشەوە وتی:

"ئەمڕۆ ئێمە شتێکی کەممان لە فەڕەنسییەکان وەرنەگرتووە. گەر لەبارەی پێڵاویشەوە بدوێین، ئەوا فەڕەنسییەکان خۆیشیان پێڵاوی هێندە باشیان نییە، پێی بووترێت پێڵاو."

لەسەریشی ڕۆیشت،"تەنیا قەوقازییەکان سەرقاڵی دامالینی سەربازە فەڕەنسیەکانن. هەرئەوانیش کۆلیتەکانیان لە لاشەی مردووە فەڕەنسییەکان پاکردەوە و، فڕێیان دانە دەرەوە و، تەرمەکان بوونە مایەی بەزەیی پێدا هاتنەوە."

سەربازە سەماکەرەکە لە سەری ڕۆیشت:

ـ لە نێو لاشەکاندا یەکێکی تێدابوو، هێشتا زیندوو بوو! هەر گڵمە گڵمی بوو. بەڵام من تێی نەگەیشتم.

قسەکەری یەکەم دڕێژەی دایە:

کوڕینە ئەو لاشانە هێشتا پاک و خاوێن بوون. ئەگەر دەتزانی! ئەوانە چەندین نەجیبزادەیشیان تێدابوو! ڤاسیلینیشیان تێدابوو. ئەو فەڕەنسییانەی بوونەتە سەرباز، لە هەموو چین و توێژەکانی فەڕەنسان.

سەربازە سەماکەرەکەیش بە بزەیەکی سەرسوڕمانەوە وتی:

"سەرەڕای ئەوەی کە یەک وشەی ڕووسی چییە، نایشیزانن!"

یەکێک لە دانیشتووەکان پرسیی:

"بۆ کام تاج دەگەڕێیتەوە؟ ئای کە گێلێکی گاڵتەجاڕن!"

ئەوەی بە سەرسامییەوە پرسیی و لە سەری ڕۆیشت:

پاشان ئەو فەڕەنسییانە شتێکی نامۆیان هەیە... برایان. خۆ ئێوە ئەوە دەزانن، گوندنشینان لە کاتی کۆ کردنەوە و ناشتنی تەرمی سەربازە فەڕەنسییە کوژاراوەکاندا، لە مۆجاییسک، چییان وتووە؟ ئەوان وتوویانە: هەرچەند فەڕەنسییەکان سپی پێستیش بوون، کەچی لاشەکانیان دوای مانگێک بە کوژراوی دۆزراونەتەوە و، نە ڕەنگیان تێکچووە و، نە بۆنیشیان کردووە.

سەربازێکی تر هەڵیدایە:

"بێگومان بە هۆی سەرما و ساردیی ئاوو هەواوە بووە! ئەی وانییە؟ ئەگەر لاشەی کوژراوانی سوپاکەی خۆیشمان بە سەرماکە بیافەستایە... ئەوا بۆنیان نەدەکرد. لەبەر

ئەوەی کوژراوانی خۆمان لاشەکانیان کرم تێی دابوو، ئەوانەی کۆیان دەکردنەوە، دەبوو دەمو لوتیان هەڵبپەستن و، زۆریان بەرگەیان نەدەگرت. لە کاتێکدا ئەو سپی پێستە فەڕەنسییانە لاشەکانیان بەستبووی و بۆنیان نەکردبوو.

ماوەیەک هەموو بێدەنگ بوون، دواتر رەقیبێکیان وتی:

"گومانی تێدانییە کە ئەو دیاردەیە بۆ جۆری خواردنیشیان دەگەڕێتەوە. ئاخر ئەوان خواردنیان شاهانەیە!"

کەس بەرپەرچی پێچەوانەی ئەم قسەیەی رەقیبەکەی نەدایەوە.

بۆیە ئەویش لەسەری ڕۆیشت:

هەر ئەو جوتیارە دێنشینە گێڕایەوە، کە بۆماوەی بیست ڕۆژ، لاشەی کوژراوە فەڕەنسییەکانیان لە دە گوندی نزیک بە یەک و لە مۆجاییسکدا کۆ کردووەتەوە و، لەو دەوروبەرەدا گەلەگورگێکی زۆریش هەبووە...

سەربازە پیرەیش قسەکەی ئەوی پشتڕاست کردەوە و وتی:

"ئەو شەڕە شەڕێکی ڕاستەقینە بوو! مرۆڤ بیری ناچێتەوە. ئەوەیش لەو شوێنەدا ڕووی دا بریتی بوو لەو ئازارانەی ڕووبەڕووی جیهانی هەژاران دەبێتەوە!"

یەکێکیان هەڵیدایە:

"پێم بڵێ.. باپیرە گیان، پێرێ شوێنیان کەوتن، بەڵام دەستیان پێیان نەگەیشت. بەڵام ئەوان چەکەکانیان فڕێدابوو! ئێستایش ئەوەتا بەچۆکدا هاتوون. داوای لێبووردن و بەخشین دەکەن. ئەوان هەر بە ڕووکەش سوپان و، دەڵێن بلاتۆنی سەرکردەیان لەبەرئەوەی "وشەی نهێنی"ی نەزانیوە دوو جاران گیراوە!"

یەکێکیان هەڵیدایە:

"ئەی کسلیڤ تۆ! دیارە مەبەستێکت هەیە! تۆ هەر بۆ درۆ گێڕانەوە باشیت."

ئەویش هەڵیدایە،"درۆی چی؟ ئەوەی دەیڵێم ڕاستترین ڕاستییە!"

ئەوەی تریش وەڵامی دایەوە:

"من بوومایە هەر بە زیندوویی لە گۆڕم دەنا و بە مێخی گوریسی دەوار لێم دەدا، چونکە ئەو پیاوە کەسێکی زۆری بە کوشت دا."

سەربازە پیرەیش بە دەم باوێشکدانەوە وتی:

ـ گرنگ نییە! خۆ هەمیشە لە رکێف دەرناچێت و، تاسەر بۆی ناچێتە سەرو هەر دەگەینە کۆتایی ئەم بارو دۆخەیش."

وتوێژەکەیان کپ بووەوە و سەربازەکان خۆیان بۆ نووستن ئامادەکرد. سەربازێک کە دەمێک بوو، چاوی لە ئەستێرەیەک بڕیبوو، هاواری کرد:

"لی لەو ئەستێرانە بڕوانە! چەندە قەشەنگ و جوانن! هێی... ئەوانە ژنانێکن کە جل و

بەرگە تەڕەکانیان لە تەناف دەخەن! کوڕینە... ئەمە بەڵگەی سااڵیکی پڕ خێر و خۆشییە!

یەکێکی تریان هەڵیدایە،"پێویستە بڕێکی تر، دار بخەینە نێو ئاگرەکەمانەوە."

سەربازێکی تر هەڵیدایە،"بێزارییەکە لەوەدایە، پشتمان لە گەرماندا دەسووتێت... کەچی ورگمان خەریکە لەسەرماندا، بیبەستێت! ئای پەروەردگارم!"

سەربازێکیش بە راکشاوەکەی تەنیشتی خۆی وت:

"ئەڕێ ئەوە بۆ پاڵم پێوە دەنێی!؟ خۆ ئاگرەکە تەنیا بۆ تۆ نییە! سەیرکە چۆن درێژ بووە!"

کپی و خامۆشی باڵی بەسەردا کێشان. بڕێکیان دەیپرخاند و، بڕێکی تریان هەر ئەم دیو و ئەودیویان بوو و، دەیانویست کەمێک گەرم دابێن و، هەندێکیشیان ناوەناوە بە ڕستەیەکی دوو سێ وشەیی، ئەوی تری دەدوان.

سەربازگەیەکی دی کە هەروا (١٠٠) مەترێک لێیانەوە دوور بوو، دەنگە دەنگ و هەرا و هوریایان دەگەیشتە ئەمان و، ناوەناوە لە قاقای پێکەنینیان دەدا.

بە سەربازێکیان وت،"دە فەرموو! بەم سەعات پێنجە، سوعبەت و قسە دەکەن! ئەم خەڵکە چەندە فرە بێژن!؟"

پاشان هەستا و ڕووی لەو سرییەی پێنجە کرد، تاکو هەواڵێک بزانێت.

دوای گەڕانەوەی وتی،"لەوێ شتێک نییە پێکەنینهێن بێت!"

هەموو ڕووداوەکەی نێو ئەو سرییەی پێنجە، ئەوەبوو کە دوو سەربازی فەڕەنسی خۆیان کردووە، بە سەربازگەکەیاندا، یەکێکیان سەرما بڕستی لێ بڕیوە و بووە بە شەختە و یەک پارچە بەستوویەتی! کەچی سەربازەکەی هاوڕێی کردوویەتە کۆڵی و گەیاندوویەتییە سەربازگەکە و، هێندە دڵی خۆشە کە نەمردووەو بە سەلامەتی گەیشتووەتە بەر ئاگرەکە، وا لەخۆشیدا گۆرانی دەچڕێتو سەما دەکاتو سەربازانیش چەپڵەی بۆ لێ دەدەنو لە قاقای پێکەنین دەدەن!

بەشی نۆیەم
رامیال و سرییەکەی ژێردەستی

ئەو سرییەی پێنجەی، لە نێو دارستانەکەدا هەڵیدابوو و، سەربازگەی خۆی ساز دابوو. ئاگرێکی گەورەی لەسەر بەفرەکە کردبووەوە و، قەدو لقە بە بەفر قورس ببووانی سنەوبەرەکانی دەوروبەری پێ ، ڕووناک بووبووەوە.

نیوەشەو سەربازەکانی سرییەی پێنج، لە نێو دارستانەکە لە بەفرەکەدا گوێیان لە خرمەی پێ و، شکاندنەوەی لق و پۆپی درەختەکان بوو.

سەربازێک هاواری کرد،"کوڕینە! ئەوە... ڕەوە ورچە!"

سەربازەکان هەموویان سەریان بڵند کردەوە و، لەبەر ڕۆشنایی ئاگرەکەی نێو دارستانەکە، شێوەی دوو مرۆڤیان بینی، کە یەکێکیان باوەشی بەوی تریاندا کردبوو. ئەوانە دوو سەربازی فەڕەنسی بوون و، ڕێیان هەڵە کرد بوو و، لە دارستانەکەدا خۆیان شاردبووەوە. دواتر لە ئاگرەکە نزیک بوونەوە و کەوتنە قسە کردن. بەڵام سەربازە ڕووسەکان هیچیان لێ تێنەگەیشتن.

یەکێکیان کەڵەگەت بوو و، بێرییەکی ئەفسەرانەی بەسەرەوە بوو و، پێوەی دیاربوو کە زۆر بێهێز بوو. کە گەیشتە نزیک ئاگرەکە لێی دانیشت. بەڵام ئەوی تریان چوارشانەیەکی کورتەباڵا بوو و، لە هاوڕێکەی بە هێزتر بوو و، سەری بە دەستەسڕێک بەستبوو. هاوڕێکەی هەستاند و دەستی بۆ دەمی برد و، شتێکی وت. ئیدی بڕێک لە سەربازانی ڕووس لێیان کۆبوونەوە و، شۆربایەکی جۆ و هەندێک ڤۆدگایان بۆ هێنان.

ئەفسەرە نەخۆشەکە ڕامبال بوو و، پیاوە سەر بە دەستەسڕەکەیش، مۆریل بوو. دوای

ئەوەی مۆریل پێکێک ڤۆدکای هەڵدا و پڕ قسەیەک شۆربای خوارد. گەرم داهات و، دوای ئەوەی کەمێک هۆشی هاتەوە، کەوتە قسە کردن و، زۆری وت و هیچ یەکێک لە سەربازانی رووس لێی تێنەگەیشتن. بەڵام رامبال هیچی نەخوارد و تەنیا لای ئاگرەکەدا شانی دادا، تاکو گەرمی ببێتەوە و، هەر خەریکی سەرنجدانی سەربازانی رووس بوو و، ناوەناوەیش هەناسەیەکی قوونڵی هەڵدەکێشا. مۆریل دەستی بۆ هێماکانی سەر شانی راست و چەپی رامبالا راکێشا و، وێستی سەربازەکان تێبگەیەنێت، کە ئەو رامبالەی راکشاوە، ئەفسەرە و پێویستە ئەوان خزمەتی بکەن و، گەرمی بکەنەوە.

ئەفسەرێکی رووسیی نارد لای سەرکردە، تاکوو لێی بپرسێت کە ئاخۆ رێ دەدات ئەو ئەفسەرە فەڕەنسییە ببەن بۆ لای!؟ ئەفسەرەکە گەڕایەوە و، ڕەزامەندیی سەرکردەی پێ راگەیاندن. سەربازەکانیش تێیانگەیاند کە بچێت بۆ لای سەرکردە. رامبالێش هەستا تاکوو بچێت بۆ لای سەرکردە. لەترێکی دا و خەریک بوو بکەوێت. بەڵام سەربازەکەی تەنیشتی چووە ژێر باڵی و، نەیهێشت بکەوێت.

سەربازەکە بە رامبالی وت،"ئەوە چییە؟ جارێکی تر ئەو بارەی پێشووت بەسەر نایەتەوە... بێخەم بە!"

سەربازەکانی دەوروبەری، بەو لاقرتێیەی ئەو، تووڕە بوون و پێیان وت،"هەی کەری بێ مێشک! زەڕەزەڕ مەکە! رسوای بێ نرخ!"

پاشان لە رامبال کۆ بوونەوە و، هەڵیانگرت و، بردیانە کۆلیتە تەختەبەندەکەوە. رامبالێش هەر قۆڵێکی لە ملی سەربازێکدا بوو،

بە شێوازی سکالا کردن وتی: "ئۆو! هەی کوڕانی بە جەرگ و ئازا! ئای هاوڕێ نیانەکانم!" پاشان سەری وەکوو منال بەردایەوە سەر شانی سەربازێکیان. مۆریلیش لە شوێنێکی باشدا لێی دانیشتبوو و، سەربازەکان ئاپووڕەیان دابوو.

مۆریل فەڕەنسییەکی چوارشانەی کورتەبالا بوو. چاوانی سووتەمەڕۆ و لادێییانە بوو، دەسرێکی لە کڵاوەکەی سەری بەستبوو و، پاڵتۆیەکی فەروەداری ژنانەی زۆر ناشیرینی لەبەردابوو! دەستی کردبووە ملی سەربازێکی رووسی و، بە سەرخۆشی، گۆرانییەکی میللیانەی وڵاتی خۆی دەچڕی. سەربازەکانی دەوروبەریشی دەستیان لە کەمەریان خستبوو و، پێدەکەنین.

ئەو سەربازەی قۆڵی مۆریلی لە ملدا بووحەزی لە گۆرانییەکەی بوو هاواری کرد،"دەی..گۆرانییەکەمان فێربکە و دووبارەی بکەوە، من بەزووبی ئاوازەکەی فێر دەبم! "

مۆریل دەستی کردەوە بە گۆرانی وتن و تێهەڵچووەوە،"بڕی هێنریی چوارەم...

ئەو پاشا نەبەزە!

ئەو شەیتانە چوار پێیە...

سەربازەکەی ژێر باڵیشی کەوتە دەستبادان وّ دووبارە کردنەوەی:

"ڤیڤـا ریکا! ڤیڤ سیرۆڤـارۆر! سیدیا بلاکا!"

که سەربازەکانی دەوروبەر، هۆنراوەو ئاوازەکەیان لەسەربازە رووسە بیست هاواریان کرد،"چەند بلیمەتە! ئای... ئای!"

مۆریلی فەڕەنسییش لەگەڵیان لە قاقای دا!

پاشان سەربازەکان وتیان،"دەی... پیرو ژیرمان... بەردەوامبە!"

ئەی خاوەن سێکوچکەی بەهرە:

بەهرەی خواردنەوە و، شەڕ و پیاهەڵدانی بلیمەتانە!

لەسەریشی رۆیشت:

"ئای... چەند کاریگەرییەکی جوانی لە سەرمان بوو! دەی نۆرەی تۆیە زالیتاییڤ!"

زالیتاییڤ زۆر ماندوو بوو تاکوو ئەمەی وتەوە:

"کیو ـ کیو ـ کیو... لبیتەریبتا لا دیی بو دیی بادییترا فاجالا."

پاشان سەربازە رووسییەکە هاواری کرد: "دەمخۆش! زۆر قەشەنگ بوو! هەروەکوو فەڕەنسییەکان دووبارەت کردەوە! زۆر باشە! ها ها!"

"ئەی تۆ... قسە بکە. ئێستایش هەر برسیتە!؟"

پاشان فەرمانی بەوانەی دەوروبەری کرد: "شۆربای جۆری تریی بدەنێ. هەروا بە ئاسانی تێر نابێت! ئەوانیش جارێکی دی شۆربای جۆکەیان خستەوە بەردەستی، تاکو بیخوات. مۆریل تا توانیی لە شۆرباکەی خوارد و، قسەی سێیەمیشی کۆتایی پێهێنا.

سەربازان بە بینینی ئەو سەربازە فەڕەنسییە خۆشحاڵ بوون. بەڵام سەربازە پیرە بە تەمەنەکان، ئەوەیان بە گاڵتەجاڕی دەزانی و، بە پێویستیان نەدەزانی هێندە بایەخ بەو فەڕەنسییە بدرێت. لەبەر ئاگرەکەوە سەریان لەسەر باسکیان دانابوو و، لە فەڕەنسییەکەیان دەڕوانی و، پێی پێ دەکەنین.

یەکێکیان پاڵتۆکەی بە خۆیدا دایەوە و وتی:

"ئەوانیش وەکو خۆمان مرۆڤن. رووەکی "ئۆڤستین[1]"یش وەکو رووەکەکانی دی لەسەر بنج و رەگی خۆی دەڕوێت."

لەسەریشی رۆیشت:

"ئای! پەروەردگارم! بڕوانن ئەستێرەکان چەند زۆرن! ئەمە سوپاسی دەوێت.

هەموویان کپ بوونەوە و، هەر وەکو ئەوەی ئەستێرەکانیش لەوە بەئاگا بن کە ئیدی کەس نەماوە لێیان بڕوانێت، بۆیە کەوتنە جووڵە و پەخشان کردنی تیشکەکانیان! "

جاروبار زۆر رووناک دەبینران و، ناوەناوەیش وەکوو ئەوەی کۆژابنەوە، تاریک دەبوونەوە. هەر دەتووت، بە چرپە قسەی خۆش بۆ یەکدی دەکەن.

---

۱ ـ ئۆڤستین: جۆرە درەختێکە و ڕووسیەکان بە درەختی شووم و نەگبەتی دەزانن!

بەشی دەیەم
کۆتایی کارە گرنگە پێسپێردراوەکە

لەبەر سەختی بارودۆخیان، تا دەهات، یەکە سەربازییە فەرەنسییەکان، لە کەمبوونەوەیەکی سەرومڕدا بوون. چونکە لە جیاتی ئەوەی هەنگاوێکی قەرارگرتوویان بوایە، کارێکی تری هەڵوەشاندنەوەی سوپای فەرەنسییان بەجێ گەیاندبوو. ئەو کارەساتانەی تووشی سوپای فەرەنسا بوو، زۆر لە یەک دەچوون، سەرچاوەکەیان ئەو پردە رووخاوە بوو، کە تراجیدیایانە رووبدا و لە بیرەوەریدا مایەوە.

رووسییەکان کە زۆریان لە بارەی پیرزیناوە نووسیوەو ئێستایش هەر دەنووسن. هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە لەو کاتەدا سوپای رووس دوور بووە لە شوێنی رووداوەکەوە و، ئەوان سەرقاڵی ئامادە کردن و، پیادە کردنی پیلانەکەی ئەو پڤویلە بوون کە ئەو رووبارەی بە ئاوێکی هەڵکشاوی ستراتیجی دەبینی.

بۆیە هەموویان پێیان وابوو کار بەو پیلانە دەکرێت. هەر بۆیەش هەموویان لەو بڕوایەدا بوون و، ئەوەیان دەوتەوە کە بە پەڕینەوە لە پیرزینا سوپای فەرەنسی تیادەچێت! لەراستیشدا ئەو کارەیان کەم زیانتر بوو، لە رووی تۆپخانە و، سەربازانەوە بە بەراورد بە رووداوەکەی کراسنواییە.

پەڕینەوە لە پیرزینا تەنیا یەک واتای هەبوو. ئەویش ئەوەبوو: بوو بە بەڵگە و، گومانی هەڵنەدەگرت، کە ڕێ بڕینەوە لە سوپای رووس و دابڕانی، هەڵەیەکی مەزن بووە و، کۆتۆزۆڤ هەمیشە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی بڕێکی فرە لە ژەنەرالەکانی نەبوو. هەلاتنی فەرەنسییەکان سەرومڕ بوو و تا دەهات خێراتر دەبوو، چونکە ئامانجیان دیاربوو.

ئاپوورەو رەویان وەکو ئاژەڵی بریندار بوو و، مەحاڵ بوو لەڕێ و رەویان خاو ببنەوە. پەڕینەوەیشیان بە سەر پردەکان و، ئەو پشێو ی‌و ناڕێکییە لە پەڕینەوەکەیاندا باشترین بەڵگەی ئەم بۆچوونەن.

ئەوە بوو پردەکان رووخان و، سەربازانی فەڕەنسا و، خەڵکە رووسە هەڵاتووە تێکەڵەکەیش، بە ئەوان نەدەوەستان و، ئەوانیش وەکوو ئەو سوپا هەڵاتووە ملیان دەنا و نەدەگەڕانەوە و، بەرەو پێش رەویان دەکرد. ئەوان سەربازانێکی بێ چەک و دانیشتوانی مۆسکۆ و ژنان و منداڵانێک بوون، کە لە جیاتی ئەوەی ئیدی بووەستن و خۆ بدەن بە دەستەوە: سواری بەلەمەکان دەبوون و، بە ئاوە بەستووە سەختەکاندا بەرەو پێش دەچوون.

هەڵپەی سەربازە فەڕەنسییەکان لە جێی خۆیدا بوو، چونکە خۆ بەدەستەوەدانەکەیشیان لە هەڵاتنەکەیان خراپتر بوو. ئەگەر فەڕەنسییەکان بگەیشتنایەتەوە نیشتمانی خۆیان، ئەوا تا ماوەیەکی زۆر، لەرەش و رووتیی خۆیشیاندا دەبوونە بارگرانی بۆ کەس وکار و، هاوڵاتیانی خۆیان و، دواجار ئاسایی دەبوونەوە. بەڵام خۆدانیان بە دەست رووسەکانەوە، مانەوەیانە لە بازنەی مەترسییەکاندا و خولاندنەوە لە بازنەیەکی داخراودا و، دەرباز نەبوونیان و، خۆراک و رۆزی بژێویان بەدەستەوە دەبوو و، بێ ئەوەی رووسەکان بیانەوێت و لە نەپەرژاندنیاندا بۆ سەر دیلە فەڕەنسییەکان، وای کردبوو، نیوەی ئەو دیلانە لە سەرما و لە برساندا بمرن! نە بە بەزەییترین سەرکردەی رووس و نە ئەوانەی خوازیاری یارمەتیدانی فەڕەنسییەکان بوون و، نە ئەو دەسەڵاتدارانەیشی کاریان بۆ رووسەکان دەکرد، دەیانتوانی یارمەتیی ئەو دیلە فەڕەنسییانە بدەن.

ئەمەیش بۆ ئەو کۆتاهاتنە بوو، کە سوپای رووسی تێکەوتبوو! خۆ لەبەر پێویستیی زۆری سوپای رووس، بە سەربازەکانی نەدەکرا لە دەمی ئەو برسییانەی خۆی بگرێتەوە و پێشکەشی ئەو سەربازە دیلە فەڕەنسییانەی بکات، کە هیچ کەسێک خۆزگەیان پێ ناخوازێت! ئەو فەڕەنسییانەی کە بێتاوانن و، تەنیا چەند گەرووێەکی بە هاواری گوێ لێ نەگیراو بوون.

گالیسکە و شتومەکە قورسەکانیان سوتاند و، خۆیان لێ رزگار کرد. ئیدی لە هەڵاتن بەولاوە بۆ رزگاربوون، رێیەکی تریان نەبوو. بۆیە هەموو فەڕەنسییەکان ملیان لە پاشەکشە و هەڵاتن نا.

تاکوو پاشەکشەکەیان درێژەی بکێشایە، پتر دەبوونە مایەی بەزەیی پێداهاتنەوە و، بەتایبەتیش لە پیرزنیا بە دواوە.

ئەو پیلانەی لە پیترزبۆرگ دانرابوو، ئومێدی بە سوپای رووس بەخشییەوە و سەرکردەکان، کەوتنەوە تاوانبار کردنی یەکتر و، بە هەموویشیان کۆتۆزۆڤیان تاوانبار

دەکرد. ئەوان وایان لە قەڵەم دەدا، کە بە دواداهاتنی پیلانەکەی پیترزبۆگ لە ئەستۆی ئەوە. بۆیە رقیان لێ هەڵگرتبوو. لاقرتییان بەربڵاو بوو و، کۆتۆزۆڤیش وەڵامی نەدانەوە.

کە دەورو بەرەکانیشی راپۆرتێکیان پێ دەدا و، داوای فەرمانیان لەبارەیەوە لێ دەکرد و، لە پشتییەوە لەیەکتریان دەڕوانی و، کۆتۆزۆڤیان فریو دەدا. هەموو ئەوانەی دەوروبەری گەیشتبوونە ئەوەی کە گفتوگۆ کردنیان لەگەڵ کۆتۆزۆڤ بێکەڵکە. ئەوان هەمیشە چاوەڕێی ئەو وەڵامە بوون، کە هەمیشە بۆ دەوروبەرەکەی هەیبوو .

ئەویش ئەوەبوو، کە پێیان بووترێت: مەحاڵە بە سوپایەکی بڕسیی پێخاوس، ئەو پەلامار و هێرشە، جێبەجێ بکرێت و، بتوانن ئەو رێگا دوورە ببڕن.

جا هەموویان لە سەر ئەم ئاوازەی راهاتبوون. زوو زوو ئەوەیشی دووبارە دەکردەوە، کە چاوەڕێی دابەشکردنی جلو بەرگ و پێڵاو دەکات، بەسەر سەربازانی سوپاکەیدا.

بەم کارەیشی وای کردبوو، کە بگەنە ئەوەی کە بە ڕاستی ئەو پیاوە پیرە بێکەڵکە و، بە تەنیا خۆیان بلیمەت و شارەزا و، پیاوانی شەڕو ڕووبەڕوو بوونەوەن.

دوای ئەوەی ئەمیراڵی جەنگ و کەسی دڕەوشاوە وێتگنستنی پاڵەوانی پێترزبۆرگ پەیوەندیی بە سوپاوە کردبوو ژاوەژاو کەوتبووە ناو ئەرکانی جەنگەوە.

کۆتۆزۆڤیش ئەوەی زانیبووو تەنیا بە هەڵکێشانی هەناسەو شانەهەڵتەکاندن کۆڵی دەدا! جایێکیان بەلاقرتێوە ڕاپۆرتێکی بۆ بینگسن خوێندەوە و دەیشیزانی دەگاتە لای ئیمپراتۆریش: ــ لەبەر تەندروستییە ناجێگیرەکەت تکاتان لێ دەکەم، بە گەیشتنی ئەم ڕاپۆرتە بڕۆن بۆ کالوگا و، لەوێ چاوەڕێ بن، تاکو ئیمپراتۆر لەبارەی ئێوەوە بڕیاری خۆی دەردەکات. لە ئەنجامی وەدەرنانی بینگسن لە سوپا. سوپاکە گەڕانەوەی گەراندۆق کۆستانتان پاڤلۆڤتیشی بە خۆوە بینی و، ئەو چالاکیانەی سەرەتای هێرشەکە نواندی، دواتریش کۆتۆزۆڤ دووری خستەوە.

بە گەیشتنی غەراندۆق، ئەو هەواڵەی بە کۆتۆزۆڤ گەیاند کە ئیمپراتۆر بەهۆی ئەو سستییەوە لە جوواڵەی سوپاکەیدا، زۆر لێی تووڕەیە و دەیەوێت خۆی سەردانی سوپاکەی بکات.

ئەو پیاوە پیرە کە بە هێندەی شارەزایی لە جەنگدا، شارەزای دەرباری شاهانەیش بوو. کە لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا دامەزرابوو. هەر ئەو کۆتۆزۆڤەی بە پێچەوانەی ویستی ئیمپراتۆرەوە ڕەفتاری کرد و، مۆسکۆی چۆڵ کرد و، دای بە دەستەوە. ئەو پیاوە پیرە لەوە تێگەیشتبوو، کە سەردەمی ئەو نیبە و زۆڵی بەسەر چووە و، ئەم دەسەڵاتەی ئیستایشی ڕووکەشە.

هەستی کرد کە چالاکییە سەربازییەکانی بە ئەنجام گەیشتوون و، کارەکانی کۆتایی هاتووە و جێبەجێ بووە. لە سەروو هەموو ئەمانەیشەوە هەستی دەکرد کە تەمەن کاری خۆی لە جەستەی کردووە و، ماندوو و شەکەتە و، کاتی حەوانەوە و پشوودانی هاتووە.

بەشی یازدەیەم
گەیشتنی ئیمپراتۆر

لە بیست و نۆی تشرینی دووەمدا، کۆتۆزۆف خۆی بە شارە خۆشەویستەکەی ڤیلنادا کرد. ئەو ئەوە دووجاران بوو، ببووە والیی ئەو شارە. هەر چەند لە زۆر لایەنەوە بێبەری بوو، لەوانە ژیانی باش و بژێویی شایستە. بەڵام بە ئارامی و دوور لە کاولکاری و داروخان بوو.

کۆتۆزۆف گەڕایەوە، نێو هاوڕێ دێرین و بیرەوەرییەکانی رابردووی خۆی. بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت، خۆی لە سەرقاڵییە سەربازی و رامیارییەکانی دامالّی و، لە ژیانێکی رێک و پێک و، ئارامیشدا خۆی بینییەوە. ئیدی وای پیشان دەدا، کە ئەو ئاڵا و گۆڕانەی لە جیهاندا روو دەدەن، پەیوەندیی بەوەوە نییە!

ئەو تشێتشاگۆڤەی، کە لە هەموو پلەدارانی تری دەوروبەری کۆتۆزۆف، پەرۆشی ڕێ گرتن بوو بە سوپا بەزیوەکەی فەڕەنسا، پێشوازیی کۆتۆزۆڤی کرد. هەر ئەو پیاوەی کە دەیویست جوولّەیەکی سەربازیی وا بکات، یونان و دواتر ڤارسۆڤیای دوژمنی سەرسەخت، بەرامبەر سوپای رووس بهەژێنێت. لەکاتێکدا هەرگیز لە شکرەکەی ژێر دەستی خۆی، ئاراستەی ئەو شوێنەی جەنگ نەدەکرد. کە بە فەرمانی دەولّەت داوای لێ دەکرابوو. هەر ئەو تشێتشاگۆڤە بەوە ناوبانگی هەبوو، کە بوێرانە لە ڕووی ئیمراتۆردا

دەدوا! ئەو پیاوە خۆی بە قەرزاری کۆتۆزۆڤی دەزانی. چونکە کاتێک نێردرا بۆ تورکیا تاکوو دانوسان بکات و، پەیمانی ئاگربەست لەگەڵ ئەو وڵاتە مۆر بکات. بە گەیشتنی بۆ تورکیا، پەیمانەکە مۆرکرا.

دوای گەڕانەوەی لەبەردەم ئیمپراتۆردا، ددانی بەوەدا نا، کە بە هۆی بلیمەتیی کۆتۆزۆڤ و لێهاتوویی ئەوەوە، ئەو پەیمانە مۆر کراوە. بەڵێ ئەو تشێتشاگۆڤە، کەسی یەکەم بوو، کە لە کۆشکی ڤیلنادا پێشوازیی لە کۆتۆزۆڤ کرد و، کۆتۆزۆڤیش هەر لەو کۆشکەدا نیشتەجێ بوو. بە جل و بەرگی ئەمیرال و شمشێرێکی کوڕتی دەم پان و شەپقەکەی بن باخەڵی و، کلیلی کلۆمی شارەکەی بەتەنیشتەوە، پێشوازییەکەی لێ کرد.

دەوروبەرەکەشی زۆر منالانە رقیان لە کۆتۆزۆڤ دەبووەوە و، تەنانەت بەرامبەر پیرەمێردە کۆتۆزۆڤ بەهەڵس و کەوتی تشێتشاگۆڤیشەوە دیاربوو.

لە نێو وتوێژەکەیاندا کۆتۆزۆڤ بە تشێتشاگۆڤی وت:

"ئەو گالیسکە و ئەسپانەی کە تالانیان کرد و بردیان، قاپ و قاچاغێکی بە نرخی زۆریان تێدابوو و، لێم رووتە هەر بۆم دەهێننەوە."

تشێتشاگۆڤیش بە هەڵچوونەوە وەڵامی دایەوە:

"دەتەوێت بە من بڵێیت، گوایە من هێندە قاپ و قاچاخم نییە، تێیاندا، خواردن بۆ تۆ ئامادە بکەم... لە کاتێکدا خۆت دەزانیت هێندەم پێویستیی مالا هەیە، کە دەتوانم گەر هەموو ناسیاوانت بانگهێشتی سەر سفرەوخوانەکەم بکەیت، لەم مالەدا پێداویستییەکانی بۆ دەستەبەر بکەم."

لە وشەکانیدا دەیویست ئەوە بسەلمێنێت کە ئەو بەرپرس نییە، لەو بەدواداهاتنەی لە پیریزینادا رووبدا. هەستی بەوە کردبوو کە کۆتۆزۆڤ ئەو بابەتە هەر لە مێشکیدایە.

کۆتۆزۆڤیش بزەیەک هاتە سەر لێوانی و، شانێکی هەڵتەکاند و وتی:

"بۆیە قسەم کرد تاکوو ئەوەت تێبگەیەنم..."

کۆتۆزۆڤ لە ڤیلنادا، دژی ویست و ئارەزووی ئیمپراتۆر وەستایەوە و، زۆرینەی یەکە سەربازییەکانی جوولان. بە گوێرەی ئەو کەسانەی دەوروبەری رەفتاری نەکرد.

ئەو دەمەی کۆتۆزۆڤ لەو شارەدا مابوەوە، داکەوتبوو و، ئەو گوڕ و تینەی جارانی نەمابوو. هەموو بایەخدانەکەیشی بە سوپا ئەوەبوو، کە ژەنەرالەکانی رادەسپارد، تاکوو فەرمانەکانی ئەو راپەڕێنن. خۆیشی بەختەوەرانە دەژیا و چاوەڕوانی هاتنی ئیمپراتۆر بوو.

لە یازدەی کانوونی یەکەمدا، ئیمپراتۆر گەیشتە ڤیلنا و، لە پیترزبۆرگەوە هاتبوو. پیاوانی دەرباری شاهانە و، کۆنت تۆلستۆی و، میر ڤۆلکۆنسکی و ئاراکتشیڤ و چەند کەسێکی تر لەو سەفەرەیدا، کە بە گالیسکە چکۆلەی خلیسکێنە، سەفەرەکەیان کردبوو، یاوەری بوون.

هەرچەند هەوا زۆر ساردیش بوو، نزیکەی سەد ژەنەرالا و ئەفسەرێک، لەگەڵ

ئەرکانی جەنگدا، بە بەرگی فەرمییەوەو لەگەڵ پاسەوانی شەرەفی فەیلەقی سیمیۆنۆڤسکییدا، لە چاوەڕوانیاندا بوون. نێردراوی ئیمپراتۆر بە سواری گالیسکەیەکی خلیسکێنەی سەر بەفرەوە بوو، کە سێ ئەسپ رایاندەکێشا، زۆر بە خێرایی. پێش ئیمپراتۆر گەیشتە کۆشک و هاواری کرد:

ــ خاوەن شکۆ... دوای کەمێکی دی دەگات.

کۆنۆڤنیستلین بە پەلە خۆی گەیاندە دالانەکە و، کۆتۆزۆڤی لەو هەواڵە ئاگادار کردەوە. دوای خولەکێک پیرەمێردە کەتەکە، بە پۆشاکی تایبەتی فەرمییەوە، کە چەندین مەدالیا بە سەرسینەیەوە بوو و، قردێلەیەکی پانی درێژیش لەسەرشانی چەپییەوە بۆ لای دەستە راستی درێژ بووبووەوە و لێکدرابوو هەستا و، بەرەو پلیکانەکە چوو. کۆتۆزۆڤ شەپقەیەکی گونجاوی لەگەڵ پۆشاکەکەی بەریدا لەسەر نابوو و، هەردوو تاکە دەستکێشەکەیشی بە دەستەوە بوو. تا گەیشتیشە دوا پلەی خوارەوەی پلیکانەکان هەناسەی سوار بوو.

ژاوەژاو و هات و هوریا و، چرپە چرپی دەوروبەر پەیدابوو. گالیسکەیەکی خلیسکێنە بە خێرایی بە بەردەم خەڵکەکەدا تێپەڕی و، بە دوایدا سەرنجی خەڵکەکە بەرەو گالیسکەیەکی خلیسکێنەی تر چوو، کە تارمایی ئیمپراتۆری تێدا دیاربوو و، ڤۆلکۆنسکی لە تەنیشتییەوە بوو.

هەرچەند کۆتۆزۆڤە پیرە ئەوە پەنجا ساڵێکیش بوو، بەو بۆنانە راهاتبوو، بەڵام ئەمجارەیان پەشۆکاوی پێوە دیاربوو. لە کاتێکدا ئیمپراتۆر لە گالیسکەکە دادەبەزی، پیرەیش بە خۆیدا هاتەوە و، شەپقەکەی رێکخستەوە و، سەری بڵند کردەوە. پاشان پێیەکانی جووت کرد و، لەباری سەربازیدا وەستا و، دەستی راپۆرتەکەی بۆ ئیمپراتۆر درێژ کرد و کەوتە بەخێر هێنانی.

ئیمپراتۆریش بەخێرایی و، لە تەوقی سەرییەوە تاکوو بەری پێی، لێی روانی. پاشان برۆکانی یەک هێنایەوە. بەڵام دواتر ددانی بە خۆیدا گرت و، ئامێزی بۆ پیرەمێردە کردەوە و، بە سنگی خۆیەوە نووسان.

ئەمەش کاری لە کۆتۆزۆڤ کرد و، دایە پرمەی گریان. پاشان ئیمپراتۆر سڵاوی لە ئەفسەران و پاسەوانانی فەیلەقی سیمیۆنۆڤسکی کرد و، جارێکی دی مەچەکی کۆتۆزۆڤی گوشی و لەگەڵیدا چووە ناو کۆشکەوە. کە دووبەدوو بوون و دەورو بەریان چۆڵ بوو. ئیمپراتۆر بێزاریی خۆی بۆ خاو و خلیچکی کۆتۆزۆڤ دەربڕی بەرامبەر بەرەنگار بوونەوەی سوپاکەی لەگەڵ سوپا بەزیوەکەی فەرەنسییەکان و ئەو هەڵانەی لە کراسنواییە و پیریزینادا رووبان دابوو.

پاشان بیروڕای خۆی پێ گوت، لە بارەی پەلاماری داهاتووەوە کە بە نیازن جێبەجێی

بکەن. کۆتۆزۆڤیش نە بەرهەڵستی بیرۆکەکەی ئیمپراتۆری کرد و، نە سەرنجیشی هەبوو دەربارەی. بە هەمان شێوەی حەوت ساڵا لەمەوبەری بوو، ئەو دەمەی ئیمپراتۆر لە هێرشبردنەکە و، شەڕی ئۆستەرلیتز ئاگاداری کردبووەوە.

کۆتۆزۆڤ بەهەنگاوە لەرزۆکەکانی لە ژوورەکەوە چووە دەرەوە ئاڵان یەکێک بانگی کرد،"خاوەن شکۆ!"

کۆتۆزۆڤ سەری بڵند کردەوە و ماوەیەکی فرە لە روخساری کۆنت تۆلستۆیی روانی و، تۆلستۆییش لەسەر سینیەکی زیو شتێکی بۆ ڕاگرتبوو و، لە بەردەمیدا وەستابوو، تاکوو پێشکەشی ئەوی بکات.

وا دیاربوو کۆتۆزۆڤ نەیدەزانی چی لە ئارادایە! بەڵام لە ناکاو بەئاگا هاتەوە و، بزەیەک هاتە سەر لێوانی و، بۆی نووشتایەوە و، دیاریەکەی لێ وەرگرت. دیاریەکەیش خاچی جۆرجی پیرۆزی: پلە یەک بوو.

بەشی دوازدەیەم
کۆتایی کۆتۆزۆف

رۆژی دواتر مارشاڵ ئیواره ئاهەنگێکی سازدا و، بە دوایدا ئاهەنگێکی سەما سازدرا و، ئیمپراتۆر تێیدا بەشدار بوو. کۆتۆزۆفیش مەدالیای ڕێزلێنانی جۆرجی پیرۆزی پلەیەکی وەرگرتبوو. ئیمپراتۆریش ڕێزێکی زۆری بۆی نوان. لە کاتێکدا کەسێک نەبوو، نەزانێت کە ئیمپراتۆر ڕقێکی زۆری لە کۆتۆزۆفە و، بارودۆخەکە ئەوەی دەخواست کە ئیمپراتۆر کینەی خۆی پیشان نەدات.

خەڵکەکەیش دەیانزانی کۆتۆزۆف تاوانباره و، پیرەمێردێکی بێکەڵکە. هەر لە کۆنەوە و، لە سەردەمی کاترینەوە، ئەو نەریتە باو بوو، بۆیە هەرکە ئیمپراتۆر خۆی کرد بە هۆڵی ئاهەنگی سەماکەدا، کۆتۆزۆف فەرمانی دا، ئاڵا گیراوەکانی سوپای فەڕەنسایان فڕێ دایە بەر پێی.

ئیمپراتۆریش چەند وشەیەکی وت و، بڕۆکانی هێنایەوە یەک و، هەندێک لە دەوروبەرانی ئیمپراتۆر وایان لێکدایەوە کە دەیەوێت بڵێت: ئای پیرەی گاڵتەجار! ئاخر ئیمپراتۆر لە ڤیلنادا تووڕەییەکەی بەرامبەر کۆتۆزۆف پتر بوو.

سەر لە بەیانیی ڕۆژی دواتر ئیمپراتۆر بە ئەفسەرەکانی دەوروبەری خۆی وت،ئێوە بە تەنیا هەر ڕووسیاتان ڕزگار نەکردووە! بەڵکوو هەموو ئەوروپایشتان ڕزگار کردووە!

لەو قسەیەی ئیمپراتۆرەوە تێگەیشتن کە هێشتا شەڕ کۆتایی نەهاتووە. بەڵام کۆتوزۆف نەیدەویست ئەمە تێبگات و، بوێرانە دەیووت کە ئەم هێرش و پەلامارەیش بارودۆخی رووسیا باش ناکات و، نیشتمان بڵند ناکاتەوە. بەڵکوو پێچەوانە دەبێتەوە و، بارو دۆخەکە خراپتر دەکات و، لە شکۆیی رووسیا دێنێتە خوارەوە. زۆر هەوڵی دا کە ئیمپراتۆر بگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە شیاو نابێت خەڵکانی تریش بە سەرباز بکرێنو هێندەی تر باری سەر شانی دەوڵەت قورستر بکرێت.

ئیدی دەرکەوت کۆتوزۆف بیرۆکەکەی چییە و، ئەو بیروڕایەی ڕەوڕەوەی شەڕەکەی وەستاندبوو.

بۆ ئەوەی ڕوو بە ڕووی کۆتوزۆفی پیر نەبنەوە، ڕێی ئاساییان دۆزیبووەوە. هەر ئەو دەربازبوونە بوو، کە لە ئۆستەرلیتز و، لە سەرەتای پەلامارەکە و، لەگەڵ بارکلی بەکاریان هێنابوو.

ئەو ڕێیەش ئەوە بوو لە سەرەتادا، زۆرێک لە دەسەڵاتەکەیان لە ژێرچنگ دەرهێنا و، بێ قڕە و بڕە، دەسەڵاتەکانی ئەویان خستەوە ژێر دەستی ئیمپراتۆر خۆیەوە. جا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، هەنگاو بە هەنگاو سەرلەنوێ "دەستەی ئەرکان"یان دامەزراندەوە. پلە بە پلە هەموو دەسەڵاتەکانی ئەرکانی کۆتوزۆف گواستراوەیەوە و، ئەرکانەکەی ژێردەستی کۆتوزۆف، هیچ سوڵتەیەکی لە ژێر دەستا نەما و، ئیمپراتۆر بالادەست کرابوو.

لەو پیلانەدا تووەل و کۆنۆڤینیستین و ئیمۆلۆف، لە ئەو پۆستە نوێیەیان وەرگرت و، ئیدی بە ئاشکرا کەوتنە زەمی مارشال کۆتوزۆف و، رایاندەگەیان کە زۆر لاواز بووە و، نەخۆشی زۆری بۆ هێناوە و، پۆستەکەی بۆ جێگرەکەی جێهێشتووە.

پێویست بوو، چۆن گەلانی ڕۆژئاوا ڕوویان لە گەلانی ڕۆژهەلات کرد، بە دوایدا، گەلانی ڕۆژهەلاتیش، ڕوویان لە گەلانی ڕۆژئاوا بکردایە. ئەم پەلامارە نوێیەیش پێویستی بە پیاوێکی نوێ هەبوو! کە تیلەچاوی نوێ و، پاڵنەری نوێی ببوایە! لە پاڵنەر و، لە تایبەتمەندییەکانی کۆتوزۆف نەچوایە.

لە بارەی ڕۆیشتنی گەلانی ڕۆژهەلاتەوە بەرەو گەلانی ڕۆژئاوا و بۆ ڕێکخستنەوەی سنوورەکان، ئەلکسەندەری یەکەم، تەنیا کەسێکی شیاو بوو و، هەر بەخۆی دەکرا! دەبوو کۆتوزۆفیش بۆ ئەو بارودۆخە بوونی هەبووایە و، پێویستیش بوو، بۆ ڕزگار کردنی ڕووسیا و سەربەرزییەکانی میژووی ڕووس.

ژیریی کۆتوزۆفیش ئەوروپا و هاوسەنگی و، ناپلیۆنی بۆ نەدەخوێنرایەوە و، نەیدەتوانی تێیان بگات. ئیستایش کە سوپای فەرەنسا بەزی و، پاشەکشەی کرد و ڕووسیا ئازاد بوو. کارێک و ئامانجێک بۆ کۆتوزۆف نەمایەوە. هەر بۆیەیش مرد.

بەشی سیازدەیەم
دوای دیل بوون

هەروەکو هەمیشە مرۆڤ پێی راهاتووە. پییەریش تاکو لە دیل بوونەکەی رزگاری نەبوو، هەستی بەو ئازار و ئەشکەنجەیەی نەکرد، کە چەشتبووی. هەرزوو دوای رزگاربوونەکەی لە گرتنە، سەفەری ئۆریلی کرد. بەڵام هەر دوای سێ رۆژ لەوێیشەوە بەرەو شاری کیێف بووەوە.

دواتر تووشی نەخۆشی و، تایەکی خراپ بوو و، ناچار سێ مانگ لە ئۆریل لە جێگادا بۆی کەوت و، دواتر بە تەقەلای پزیشکان و، بەکارهێنانی دەرمان دروستیی بۆ گەڕایەوە. هەر لەو کاتەوەی لە دیلبوونەکەی رزگاری بوو و، ئەو ماوەی نەخۆشکەوتنەی، هیچ بیرەوەرییەکی لا دروست نەبوو. تەنیا هێندەی بیر دەکەوتەوە کە ناوەناوە بەفر بارین و، جاروبار سەرماو باران بوو. چەندجار جەستەی سڕ دەبوو و، مێروولەی دەکرد. پەراسوو و لاقەکانی، ئازاری تێدابوو.

ئەو خەمانەیشی بیر مابوو، کە لە کەسانی داماو و گیراوان و هەژارانەوە، بۆی مابووەوە. یان ئەو پرسیارە بێزارکەرانەی ئەفسەران و ژەنەرالەکان، لێیان کردبوو. توانای بیرهاتنەوەی ئەو شوێنانەیشی نەبوو کە تێیدا، ئەو تەمەنە پڕ خەمەی بەسەر بردبوو، کە دیل بوو.

هەر ئەو رۆژەی پیرەمێرد تێیدا لە دیلی رزگار کرا، تەرمی پیتیای رۆستۆفی بینی. هەر ئەو رۆژەیش، زانیی کە میر ئاندریە، مانگێکی تەواو دوای شەڕەکەی پووردینۆ ژیاوە و، دواتر لە پارۆسلاڤل و، لە نێو بنەماڵەی ڕۆستۆڤدا گیانی لەدەست داوە.

هەر ئەو رۆژەیش دینیسۆڤ هاتبوو بۆ لای و، ئەو هەموو هەواڵەی پێدابوو، باسی مردنەکەی هیلینیشی بە گوێدا دابوو و، پێی وابوو کە پیێر زووتر ئەو هەواڵەی بیستووە! ئەو شتانەیش بە لای پیێرەوە نامۆ بوو، بگرە هەرچەندەی دەکرد هەواڵەکانی بۆ هەرس نەدەکرا.

پیێر هەستی دەکرد، لە ئەو هەواڵانە تێناگات و تەنیا پەلەی ئەوەیەتی لەو ناوچانە دوور بکەوێتەوە، کە تێیدا پیاوان یەکتری دەکوژن! دەیویست لە شوێنێکدا بحەوێتەوە، کە ئارام بێت و، تێیدا ئاسوودە بێت و، ئەمیش بە خۆیدا بچێتەوە و بیرو ژیریی خۆی لەو چەند مانگەدا چڕ بکاتەوە، کە تێیدا ئەو هەموو چەرمەسەری و ئەشکەنجەیەی بەسەرهاتبوو.

بەڵام هەر بە گەیشتنی بە ئۆریل نەخۆش کەوت. کە لە نەخۆشییەکەی هەستایەوە، دوو خزمەتکاری بەلای خۆیەوە بینیی، کە لە مۆسکۆوە هاتبوون و، ناویان تیرانتی و ڤاسکا بوو. پاشان یەکێکیشی لە کچە ئامۆزاکانی لە هەرێمی ئیلتیز نیشتەجێ بوو، ئەو هەرێمە پیێر خاوەنی بوو. بۆیە بە بیستنی هەواڵی نەخۆشکەوتنی پیێر، ئەو کچە ئامۆزایەی گەیشتە سەری لە ئۆریل و، کەوتە خزمەتکردنی.

لەو ماوەی چاکبوونەوەی پیێر، لە نەخۆشیەکەی، نەیتوانی خۆی لە بیرەوەرییە تاڵەکانی، رزگار بکات. درەنگانێک گەیشتە ئەوەی کە کەس ئیدی ناتوانێت لە نێو دۆشەک و نوێنەکەی بە زۆر دەریبێنێت و، لەوەیش بێخەمە کە خواردنەکەی لێ نابڕێت و، تێربوونی مسۆگەرە. تا ماوەیەکی زۆریش هەر لە مردنی ژنەکەی و لە نێوچوونی سوپای فەڕەنسا، نەدەگەیشت.

پیێر زۆر بەوە بەختەوەر بوو، کە ئازادیی بۆ گەڕاوەتەوە و، وەکوو مرۆڤەکانی دی هەڵس و کەوت دەکات و، لە هیچی کەم نییە. ئەو ئازادییەی کە یەکەم جار و بە بەجێهێشتنی مۆسکۆ هەستی پێ کردبوو. ئیدی خۆی بە نامۆ دەزانی لەو شارەدا و، نە کەس ئەوی دەناسی و، نە داوای شتێکیان لێ دەکرد. تەنانەت ئازارە نەفسییەکانیشی، بە هۆی مردنی ژنەکەیەوە نەمابوو.

بۆیە جارو بار بە خۆی دەوت:

"ئای! کە شتێکی چاکە! چەندە قەشەنگە! چەندە باشە!"

هەر وەکو جارانی ئەم پرسیارەی لە خۆی دەکرد،"ئەی ئێستا من چی بکەم؟"
دواتر هەر خۆی وەڵامی خۆیی دەدایەوە:
"هیچ شتێک ناکەم! تەنیا دەژیم... ئای! کە ئەمە شتێکی چاکە!"
ئەوە ئەو دەروونەی بوو، کە جاران زۆری ئازاردەدا، ئەوەتا ئێستا نەیکردووەتە نامەردی و ژیانی خۆی کردووەتە ئامانج. هەر لەو کاتەدا جیهانی بە ئامانجی خۆی وەرنەدەگرت. نەمانی ئەو ئامانجە بۆ ئەو چێژی بە ئازادییەکەی بەخشی بوو و بەختەوەری کردبوو. لەبەر ئەوەی بڕوادار ـ ئیماندار ـ بوو، بۆیە گوێی بە ئامانجی خۆی نەدەدا. بڕوابوونەکەی بڕوابوون نەبوو، بە یاسا و ڕێساکان. بەڵکوو بڕوابوونی بوو بە خوایەکی زیندووی هەمیشە لە ئارادا.
گەڕانی ئەو بۆ مەبەستەکەی، گەڕانی بوو بە دوای خوادا. دۆزینەوە کتوپڕیەکەی نە بە هۆی گفتوگۆوە بوو، نە لێدوانە بیرو بیردۆزەییەکان بوو. بەڵکوو سروشتی پێگەیشتنی خۆی بوو. لە کاتی دیلبوونەکەیدا بەوە گەیشتبوو کە یەک خوای چالاک و ئامادە هەیە. ئەم بڕوابوونەیشی، کاتی خۆی، لە دایەنە پیرەکەی خۆیەوە وەرگرتبوو، کاتێک دەیووت: "هەرئێستا خوا لێرەیشە و لەوێیشە! لە هەموو شوێنێکە!" وا هەستی دەکرد ئەوەی دڵی ویستوویەتی لەبەر پێیدا کەوتووە. جاران هەر سەرقاڵی سەیری دوورو شوێنی بڵند بوو، لە کاتێکدا دەبوو هەر سەیری بەرپێی خۆی بکات و، ئەبڵەقیش نەبێت! جاران لە هیچ شوێنێکدا، هەستی بە مەزنیی خوای مەزن نەدەکرد. ئەو پێی وابوو، ئەو خوا مەزنە لە شوێنێکدایە، بۆیە زۆر بە سەرنجەوە بۆی دەگەڕا.
هەرچییەکی لێوە نزیک بوایە لێی تێدەگەیشت. زۆر جاران لە شتی دووری نێو تەمو مژو، وەک تارماییش دەگەیشت! جا بە ئەوروپا سەرسام بوو و، تا ئەو کاتە کتوپڕەی کە تەنیا خوای بە مەزن زانی، بڕوایەکی پتەوی بە ماسۆنییەتی ئەوروپا بوو. دواتر ئەو دووربینەی وەلاوە نا و، ئاسوودە و بەختەوەرانە، کەوتە روانین و سەرنجدانی دەوروبەری خۆی. لەو ژیانەی روانی کە سنووری بۆ نەبوو. تەنیا بڕوای بەو خوا مەزنە بوو، کە ئاگای لە هەڵوەرینی تەنیا تاڵە موویەکیش هەیە، کە لە سەری مرۆڤێک بەر دەبێتەوە و، ئەوەیش کە روودەدا، بە ویستی ئەو خوایە خۆیەتی.

بەشی چواردەیەم
بووژاندنەوەیەکی نــوێ

لە رووکەشدا پیپەر هیچ نەگۆڕدرابوو. هەمان شێوەی جارانی خۆی هەبوو. سەرقاڵ دەبوو. بـیری لە شتەکانی بەرچاوی خۆی نەدەکردەوە. بەڵکو بـیری لە شتی تایبەت بە خــۆی دەکـردەوە. ئەگـەر شـتێکیان لەبـەرچاو هەڵبگرتایـە بـە بیـر کردنەوەیـەکی دووردا ڕۆدەچوو و، نێوچاوانی گرژ دەبوو. بەڵام ئێستا شتەکانی بەرچاوی خۆی و ئەوەی پێی دەوترێت: بیری دەچێتەوە.

هەمیشـە لێـوانی بـە بـزە و، ئامـادەی گـوێگرتن بـوو، لـە بەرامبەرەکـەی. هـەر چەنـد جاروبار شـتی جیـاواز لـەوەی پیشـانی دەدرا، دەبینـی و، بیستنیشـی هـەروا بـوو. هەرچەند جاراران ئارام و لەسەرخۆ بوو، بەڵام وەکو کەسێکی داماو و بەدبەخت دەردەکەوت. بۆیـە خەڵکەکەیش لێی دوور دەکەوتنەوە. بەڵام ئێستا بزە لە لێوانی نابڕێت و بوژاندنەوە و چێژ وەرگرتنی لە ژیان پێوە دیارە.

لە چاوانیدا وا دەخوێنرایەوە،"ئاخۆ... دڵتان بە من خۆشە!؟"

خەڵکانی دەوروبەریشی هەستیان بە ئارامی دەکرد.

جاران فرەوێژ بوو و، خێرا هەڵدەچوو و، زۆر کەم گوێی لە بەرامبـەری دەگرت. بـەڵام ئێستا زۆر بە جوانی، گوێ لە بەرامبەرەکەی دەگرێت. بۆیە خەڵکەکە نهێنییەکانی خۆیان بۆ دەگێڕایەوە.

خـاتوونی ئـامۆزای کـە هـەرگیز، پیپـەری خۆشـی نەویسـتبوو و، بـە تایبـەتیش، دوای مردنەکەی میـرە پیـرە، کـەچی ئـەویش هەسـتی دەکـرد قـەرزاربـاری پیپـەرە. بۆیـە خۆیشـی

گەیاندە شاری ئۆریل، تاکو بە خزمەتکردنی پیپەر، لەو کاتی نەخۆشییەیدا بیسەلمێنێت کە ئەرکی سەرشانێتی خزمەتی بکات. هەر زوویش و دوای مانەوەی لەگەڵیدا، تێگەیشت کە پیپەری خۆشدەوێت. لە کاتێکدا پیپەر هەرگیز تەقەلای نەدەدا، سەرنجی ئەو کچە ئامۆزاکەی کێشی خۆی بکات. ئاساییانە لێی دەڕوانی و کچەیش هەستی بەوە دەکرد و، ئەو سەرنجانەی بە سووکایەتی دەزانی. بەڵام ئێستا سەرنجەکانی جیاوازە و، وا هەست دەکات کاریگەریی لە سەر دڵا و دەروونی داناوە. بە توانایی پیپەر لەوەدا دەرکەوت، کە توانیبووی کار لە بیرو هۆشی ئەو کچە هست نیوە مردووە وشکە، بکات.

خاتوونی ئامۆزا بە خۆی دەوت:

"بەڵێ! ئەو کوڕێکی ئازایە، بەڵام کاتێک کەسانێکی وەکو من کاریگەرییان لە سەری ببێت، باشتر دەبێت، نەکو کەسانێکی خراپ و رسوا."

هەردوو خزمەتکارەکەیشی کە تیرانتی یەکێکیان بوو، بۆیان دەرکەوتبوو کە چ ئاڵوگۆڕێک بەسەریدا هاتووە! هەستیان کرد کە زۆر لە جاران سادەترە! زۆر جاران تیرانتی لە کاتی داکەندنی بەرگەکانی پیپەر و، بردنە دەرەوەی پێڵاوەکانی، بە هیوای ئەوە دەبوو، ئەو پیپەرە، شتێک بڵێت.

پیپەریش هەستی کرد تیرانتی حەزی بە قسەکردنێتی، بۆیە لێی پرسی:

"پێم بڵێ... چۆن توانیت خۆراک بۆ خۆت مسۆگەر بکەیت؟"

تیرانتییش چیرۆکی رووخان و تاڵانکردنی مۆسکۆی، بە کورتی دەگێڕێتەوە و جل بەرگ و پێڵاوەکانی هەر بە دەستەوە بوو و، لە ژوورەکەدا مایەوە. دەمێک دەدوا و هەم گوێی دەگرت. کە ژوورەکەی پیپەری جێ دەهێشت و لە دالانەکەدا گەیشتە ئەوەی کە زۆر لە پیپەرەوە نزیکەو، ئەو پیپەرە، خاتری ئەوی زۆر دەوێت.

ئەو پزیشکەی خەریکی چارەسەری پیپەر بوو، هەموو رۆژێک سەردانی دەکرد و، پێی وابوو وەکوو هەموو ئەو پزیشکانەی رێزی خۆیان رادەگرن، کە هەر خولەکێک لە ژیانیاندا بە نرخە و، دەبێت خزمەتی مرۆڤی تێدا بکەن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا چەندین سەعات لای پیپەر دەمایەوە و، خۆشترین چیرۆکی بۆ دەگێڕایەوە و، لەبارەی هەڵسو کەوتی نەخۆشەکانییەوە دەدوا و بە تایبەتی نەخۆشە ئافرەتەکانییەوە.

دەیوت،"ئەو کەسەیان.. کە پیاو چێژ وەردەگرێت لەو گفتوگۆیەی لەگەڵیاندا دەیکات، وەکوو کەسەکانی هەرێمی خۆمان نین."

لە ئۆریل چەندین ئەفسەری فەرەنسی دیل کرابوون و، رۆژێکیان پزیشکەکە یەکێکی لەو ئیتالییانە هێنا بۆ لای و، لەوە دەچوو ئەو ئەفسەرە ئیتالییەی سەردانی پیپەری دەکرد، بە کچە ئامۆزاکەی سەرسام بووبێت. بۆیە پیپەر لاقرتێی بەو هەستە دەکرد. ئیتالییەکەیش

ئەو کاتانە بەختەوەور دەبوو، کە سەردانی پییەری دەکرد و، باسی رابردووی خۆی و خێزانەکەی بۆ دەکرد و، ئەو عیشق و دڵداریانەی کردبووی. درێژەیشی بە گاڵتە کردن بە فەڕەنسییەکان دەدا. بە تایبەتی بە ناپلیۆن.

هەموو جارێکیش بە پییەری دەوت:

"ئەگەر هەموو ڕووسییەکان کەمێکیش لە تۆ بچوونایە.. ئەو کاتە ڕسوا دەبوون. گەر دەوڵەتێک بە گڕ ئێوەدا بهاتایەوە! ئەوەتا، تۆ لەگەڵ ئەو هەموو ئازارەدا کە لە فەڕەنسییەکانەوە پێت گەیشتووە: کەچی هیچ ڕق و کینەت بەرامبەریان نییە!"

زۆر بە ئاسانی خۆی لای ئەو ئەفسەرە شیرین کرد. چونکە لە حەز و ویستەکانی ئەو دەدوا و، ئیتالییەکەی وا لێ کرد خۆشی بوێت.

لە ماوەی مانەوەیدا لە ئۆریل یەکێک لە ناسیاوانی سەردانی پییەری کرد، کە ناسیاوییەکەی دەگەڕایەوە، بۆ سەردەمی بە ماسۆنی بوونەکەی و، ناوی کونت ڤیلارسکی بوو. لە ساڵی (١٨٠٧) بۆ یەکەمجار بینیبووی.

ئەو ڤیلارسکییە ژنە ڕووسییەکی دەوڵەمەندی مارە کردبوو و، ئەو هاوژینەیشی زەوی و زارێکی فرەی لە شاری ئۆریل هەبوو. خۆیشی پۆستی بنکەی ئازووخەی پێ سپێردرابوو.

هەر کە ئەو پیاوە، زانیی پییەر پیزوخۆڤیش، لە هەرێمی ئۆربیل نیشتەجێیە، هەرچەند پەیوەندیی هاورێیەتییەکی تۆندوتۆڵیش لە نێوانیاندا نەبوو: کەچی ئەو ڤیلارسکییە چووە سەردانی و، هەروەکو ئەو هاوڕێیەی لە بیاباندا بە یەکێکی دی دەگات، ئاوا بەرامبەر پییەر خۆی پیشاندا.

ڤیلارسکی بەوە زۆر بەختەوەر بوو، کە لە ئۆریلدا یەکێکی دۆزیوەتەوە کە سەرقاڵییەکانی وەکوو سەرقاڵیی خۆیەتی. ڤیلارسکی سەری لەوە سوڕما، کە چۆن ئەو پیاوەی بە باشی ناسیوە و لە جێی شیاوی خۆی داینەناوە. زۆرجار بە خۆی دەوت: ئەو پیاوێکی خۆپەرستە!

کۆتای خۆ دواندنەکەی خۆیشی بە ئەم قسەیە هێنا:

"ئێستا باری ڕاستەقینەی خۆتت وەرگرتوە... ئازیزەکەم."

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا چێژی لە هاورێیەتی پییەر وەردەگرت و، هەموو ڕۆژێک سەردانی دەکرد. پییەریش لای خۆیەوە، گوێی لێ دەگرت و، پێی وابوو ئەویش وەکوو خۆی بیر دەکاتەوە.

ڤیلارسکی خێزانی پێکەوە نابوو و، بەخێوکەر بوو و، سەرقاڵی سەرپەرشتی کردنی موڵکو زەوییەکانی هاوسەرەکەی بوو و، وای لەو کارە دەڕوانی، کە بە ئەو هۆیەوە، دەستی گیراوە و ناهێڵێت بەختەوەرانە بژێت. بۆیە ڕقی لە کارەکەی خۆی بوو و، ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی بەختەوەری خۆی و خزمانێ بوو. ئیدی ئەو پیاوە سەرقاڵی کاری

سەربـازی و بـەڕێوەبردن و، سیاسـەتکردن و، ماسـۆنی بوونەکـەی، هـەموو کاتـەکانی بردبوو.

پیـەریش بایـەخی بـەو بارودۆخـە نامۆیـەی دووربـەدوور دەدا و، نەیدەویست کـاری راستەوخۆی بکاتە سەر. یان حوکمی بەسەردا بدات.

پیـەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڤیلارسکی و، خاتوونی ئامۆزای و پزیشکەکە بـەلاوە نـوێ بوو! نەک هەر لەگەڵ ئەوان، بەڵکوو لەگەڵ هەموو ئەوانەیش کە تێکەڵیان دەبوو.

ئیدی وای لێهات بڕوا بهێنێت بەوەی هەموو کەسێک مافی خۆیـەتی کە بەڕێ و شوێنی خـۆی لـە شـتەکان بڕوانێت و، مـافی خۆیـەتی بیر بکاتـەوە، لـەو بابەتانـەی کـە کـردەبین. هەستی کرد ئەویش قورسایی خۆی هەیە و، وەکوو ئەو جارانە نەماوە کە بڕوای بە خۆی نـەبوو: لـە بـواری کارەکـەی خۆیـدا و، بـە تایبـەتی ئـەو بوارانـەی کـە تێیـدا خەرجییـەکانی دەردەچوو.

هەرچەنـد زۆر دەوڵەمەنـد بـوو، کـەچی هەسـتی بـە قورسـایی خـۆی و رۆڵـی خـۆی نەدەکرد. بۆ ئەمە لـە رووی دەروونییـەوە، کـاری کردبـووە سـەر پیـەر و، بـۆی چارەسـەر نەدەکرا.

بۆیە لە خۆی دەپرسی:

"ئـاخۆ پێویسـتە ئێمـە هەمیشـە بـدە و بەخشـندە بـین... یـان پێویسـت نییـە؟ مـن پـارە و سامانم هەیە و، ئەویش پێویستی پێیـەتی. ئـەی ئەگـەر دوو کـەس پێویسـتییان پـێ بـوو، بـە کامیان بدەم. خۆ رەنگە هەردوکیان دەستبڕیش بن؟"

کـە نەدەگەیشـتە ئـەنجام، هـەر یەکـە و بڕێـک پـارەی پـێ دەدان و، دیسـان ڕاڕایـی و دووددڵییەکەی بۆ دەگەڕایەوە. ئەوەی پێی سـەیر بـوو: ئـەوەبوو، ئێسـتا ئـەو ڕاڕاییـەی هـەر نەماوە! ئێستا بێ ئەوەی بزانێت پشتی بەچ یاسایەک بەستووە، خێرا حـوکمی خـۆی دەدات! بەڵام وەکوو جارانی گوێی بە شتە مادییەکان نەدەدا. بەڵام وەکوو جاران نـەمابووەوە، کـە ڕاڕابێت لەوەی چی بکات و چی نەکات! خۆیشی سەری لە خۆی سوڕمابوو، کە دەیبینی وا بـە ئاسـانی کۆمەڵـە کارێـک دەکـات، کـە جـاران بەلایـەوە زۆر سـتەم بـوو! هـەر چەنـد داواکارییەکەی سەرکردەی ڕەت کردبووەوە. بەڵام وا لەگەڵیدا دەجوولایەوە، کە لـە دوایدا ئەو هەر بڕە پارەیەکی لێ وەربگرێت. چونکە دەیزانی سەرکردە پێویستی بە پارەیە.

جێگـری سـەرۆکی کارەکـانی بـۆ سـەردانی کردنـی پیـەر، هاتـە ئۆریـل و ڕاگەیانـد کـە سوتاندنی مۆسکۆ، زیانی دوو ملیۆن ڕۆبڵی لە پیەر داوە. بەرامبـەر بـەم زیانـە گـەر پیـەر قەرزەکانی کۆنتیسە نەداتەوە، ئەوا زیانی پێوە دیار نابێت. لـە کاتێکدا ناتوانرێت کـە زۆری لێ بکرێت تاکوو ئەو قەرزانەی کۆنتیسە بداتەوە. هەروەها لەگەڵیدا دەبێت نۆژەنکردنـەوەی

دوو خانووەکەی مۆسکۆیش ئەو ساڵە رابگرێت. چونکە نۆژەن کردنەوەکە سوودێکی ئەو تۆی نابێت.

پیەر بەبزەیەکەوە وتی:

"بەڵێ! بەڵێ! ئەوە راستە. پێویستم بەو هەموو شتە نییە و، داڕووخانەکەم، لە هەموو شتێکی کردم. بەڵام ئەوە سافلیتشی ئەندیازیار بوو، لە کانوونی دووەمدا لە مۆسکۆوە هات و، و کەوتە باسکردنی بارودۆخی شاری مۆسکۆ و، رایگەیاند کە نەخشەیەکی جوانیشی بۆ خانووەکەی مۆسکۆم داناوە، تاکوو نۆژەنی بکاتەوە.

هەر لەو ماوەیەدا لە ڤازیلییەوە نامەیەکی پێگەیشت. هاوڕێکانی شاری پێترزبۆرگیشی چەند نامەیەکیان بۆ ناردبوو. هەموویان لە بارەی ئەو قەرزانەوە دوابوون، کە ژنەکەی کردبوونی! بۆیە پرۆژەکەی وەلاوە نا و، بە پێویستی زانی بگەڕێتەوە بۆ پێترزبۆرگ و، کێشەی ئەو قەرزانە چارەسەر بکات و، دواتر خانووەکەی مۆسکۆی نۆژەن بکاتەوە.

بۆ ئەوانە هەموویان پێویستن بکرێن؟ هەرچەند نەیدەزانی بۆچی؟ بەڵام بە پێویستی زانی ئەو رەفتارە بنوێنێت. نزیکەی سێ... چواریەکی دەسکەوتەکانی بە هۆی ئەو بارودۆخەوە لەدەست دا.

ڤیلارسکی دەیویست بڕوات بۆ مۆسکۆ و، رێکەوتن لە رێگا یەک بگرنەوە. لە ئۆریلدا و، ئەو ماوەیە پیەر هەستی بە کرانەوە و بەختەوەریی خۆی کرد. کە رێگای نوێی گرتەبەر و هەوای کراوە و، سەدان روخساری ناسراوی کۆنی خۆیی بینییەوە، ئەو هەستەی هێندەی تر بە تین بوو.

بە درێژی رێگاکە هەر وەکوو قوتابیەکی مۆڵەت وەرگرتوو، چێژی لەو سەفەرەی دەبینی. هەموو ئەوانەی کە رووبەڕووی دەبوونەوە، هەر لە لێخوڕی گالیسکەکانەوە، تاکو بەڕێوەبەری پۆستە. یان دێنشینانی سەرەڕێ و، کەسانی نێو دێ: هەموو ئەمانە بەلای پیەرەوە نوێ بوون.

بوونی ڤیلارسکی و، وتنی سەرنجەکانی و، سکالاکانی کە بێ بڕانەوە بوون، لەبارەی هەژار کەوتن و لەو دواکەوتنەی رووسیا لەبەرەو رۆژئاوا بوونەوەکەیدا بوو. هەموو ئەمانەیش بەختەوەرییەکەی پیەری بەرەو بان دەبرد!

پیەر هێزێکی لە رادەبەدەری هەست پێدەکرد لە خۆیدا. بەڵام ڤیلارسکی تەنیا مردنی تێدا دەبینی. هەرچەند لە پیەریشی زۆر نەدەڕوانی، بەڵام دیاربوو کە هاوڕای بوو. چونکە سەری هاوڕابوونی بۆ دەلەقان، دەیویست خۆی لەو گفتوگۆ و، قسەو قسەڵۆکانە بدزێتەوە، کە بە بێسوودی دەزانین. بۆیە زەردەخەنەیەکیشی لەگەڵیدا دەخستە سەر لێوان.

بەشی پازدەیەم
گەڕانەوە بۆ مۆسکۆ

دوای رووخانی شارە مێرووڵەکانی نێو ئەو شارە، دەکەونە وڵەو چالاکی و، کەس نازانێت، بۆ کوێ دەچن. بڕێکیان دوور دەکەونەوە، یان هێلکە نەتروکاوەکانیان پێیە، یان لاشەی مردووەکانیان پێیە، یان ئاردیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتووە.

بڕێکیشیان دەگەڕێنەوە بۆ شارە رووخاوەکەیان. هەر وەکوو چۆن پێکدادانی مێرووڵەکان دوای رووخاندنی شارەکەیان نامۆیە و، هۆیەکانی نەزانراوە. ئاوایش سەخت بوو، هۆی ئەو ئاپوورەدانەی رووسییەکان، دوای چۆڵکردنی ئەو شوێنانە، بزانرێت. هەموو شتێک لە مۆسکۆدا تێکدرابوو و، تاڵان کرابوو. تەنیا شتێک مایەوە و، هەر ئەویش بناغە و سەرچاوەی هێزی شارە رووخاوەکەی مێرووڵەکان بوو و لە مانگی تشرینی یەکەمدا وەکو خۆی مابووەوە، هەرچەند نە میری و نە دەسەڵات و نە کڵێسەکان و نە شتە پیرۆزەکان و، نە سامان و، نە خانووەکان مابوونەوە. زۆربەیان نەمابوونەوە. هەموو شتێک رووخابوو، تەنیا شتێک بە تۆکمەیی مابووەوە کە هێز نەبوو بیروخێنێت: وڕەی بەرزی رووسییەکان بوو. پاڵنەرەکانی گەڕانەوەی رووسییەکان بۆ مۆسکۆو دوای چۆڵبوونی لە سەربازە فەرەنسییەکان جیاواز بوو. هەندێکیان پاڵنەرەکەیان کەسیو سەرەتاییو ئاژەڵیانە بوو. بەڵام ئەو پاڵنەرەی کە هەموویانی پێکەوە دەبەستەوە: گەڕانەوە بوو بۆ مۆسکۆ و، سەرومڕبوون بوو لە سەر چالاکیەکانی جارانی خۆیان.

لـه هەفتـەی یەکەمـدا، مۆسـکۆ، (١٥٠٠٠) دانیشـتوانی بـۆ گەڕایـەوە. دوای دوو هەفتـە دانیشـتوانی مۆسـکۆ (٢٥٠٠) کـەس بـوو و، بـەو شـێوەیە. ئیدی ژمارەکە هـەر بـەرەو بـان دەچـوو. تـاکوو وای لێهـات، لـه پـایزی ١٨١٣دا ژمـارەی دانیشـتوان لـه ژمـارەی دانیشـتوانی (١٨١٢)ی مۆسکۆ زیاتر بوو.

قەوقازییەکان و فەیلەقی وینتزنیگیرۆد و، دێنشینانی دەوروبـەر، لـه بـەرایی گـەڕاوەکان بوون بۆ مۆسکۆ.

ئەوانەی کە زووتر خۆیان کردەوە بە شاری مۆسکۆدا و، بینیـان شـارەکە، چـۆن کـاول بـووە و، تـاڵان کـراوە و، هیچـی بەسـەر هیچـەوە نـەماوە: کەوتنـە دزی و تـاڵانکردنی ئـەو شـتانەی کـه ماونەتـەوە و، هێندەی تـر، مۆسـکۆیان کاولیـان کـرد و، ئـەو تـاڵان و دزییـەی سـەربازە فەڕەنسـییەکان دەسـتیان پێکردبـوو، ئـەمان تـەواویان کـرد. قەوقازییـەکان بەوەیشـەوە نەوەسـتان و، کەوتنـە کـۆ کردنـەوەی ئـەو شـتانەی کـه خەڵکەکـه بـه تـاڵان بردبوویان و، لێیان سەندنەوە و، گەیاندیانەوە سەربازگەکانیان.

ئیدی تا دەهات تاڵانچییان فرەتر دەبوون و، تاڵانکردن سەختتر دەبوو. دواتر خەڵکەکە، خۆیـان لـه تـاڵانکردن گرتـەوە و، دێنشـینان گالیسـکەکانیان لـه گـەنم و نـۆک و نیسـک، بـار دەکرد و دەیانبردە مۆسکۆوە و، نرخەکان هەرزان بوون و، بژێویان ئاسانتر کرد.

بـه هـۆی گرانیی و بەرزبوونەوەی کاری دارتاشـی. دارتاشـانی شـوێنانی تـریش رووبـان کـردە مۆسـکۆ و، کەوتنـە نۆژەنکردنـەوەی خـانووە سـووتاوەکان. فرۆشـیاران چەنـدین دوکانیان بە تەختە دروست کردەوە و، خان و کڵێسەکان نۆژەن کرانـەوە و، پیـاوانی ئـایین کەوتنەوە گێڕانی ئاهەنگی بۆنە ئاینیەکان و، خەڵکە سادەکەیش بڕێک لـه شت و مەکەکانی نێو کڵێسەکانیان بۆ گێڕانەوە.

پۆلیسـەکانیش ئـەو شـتومەکانەی فەڕەنسـییەکان لێیـان جێمـابوو، دابەشـیان کـرد بەسـەر خەڵکەکەدا. بڕێک لە خاوەن خانووەکان، سکاڵایان دا بە دەسـەڵاتداران کە ماڵەکانیان پڕە لە شتومەکانێک، کە لە ماڵانی ترەوە هێنراوان و، تکایە بۆ خاوەنەکانیان بگێڕنەوە.

جنێویان بە پۆلیسـەکان دەدا و، بـەرتیلیان دەدانێ، تـاکوو شـتومەکە سـووتاوەکانیان بـە نرخی زۆرتر لە هی خۆی بخەملێنن.

بەشی شازدەیەم
سەردانەکەی ماری بۆلای خاتوون

لە دەوروبەری کۆتایی کانوونی دووەم دابوو، کە پیرەپیاو گەیشتە مۆسکۆ. لە سوچێکی بە پێوە ماوەی کۆشکەکەیدا مایەوە. دواتر سەردانی رۆستۆبشین و بڕێک لەو هاوڕێیانەی کرد، کە گەڕابوونەوە بۆ مۆسکۆ. رۆژی دواتر خۆی ئامادەی رۆیشتن کرد بۆ پیترزبۆرگ.

خەڵکەکە هەمووپان خۆیان بەسەرکەوتنەکەیانەوە هەڵدەکێشا و، هەموو شتێک بووژانەوەی پێوە دیاربوو. بەختەوەر بوون، بە بینینەوەی سەرلەنوێی پیرەپیاو. هەرکە دەیانبینی پرسیاری ئەوەیان دەکرد، کە ئاخۆ بە چاوی خۆی چیی بینیوە؟ ئەویش هەستی بە خۆشەویستیی بۆ ئەوانە دەکرد و، خۆیشی دەگرتەوە لە باسکردنی هەموو شتەکان. پرسیارەکان هەر چۆنێک بوونایە، گرنگ بوایە، یان بێکەڵک، ئەو وەڵامی دەدایەوە. کە لێیان دەپرسی لە کوێ دادەنیشیت؟ ئاخۆ کۆشکەکانت نۆژەن دەکەیتەوە؟ ئاخۆ سندوقە چکۆلەیەک لەگەڵ خۆت بۆ پیترزبۆرگ دەبەیت؟

وەڵامی دەدایەوە،"بەڵێ... پێدەچێت وابێت و، منیش بە هیوای ئەوەم."

یان وەڵامیەلێکی لەو شێوەیەی دەدایەوە.

پیرەپیاو زانیی کە بنەماڵەی رۆستۆڤ لە کۆسترۆمایان، بۆیە جارو بارێک ناتاشای بیر دەکەوتەوە. هەر رۆژی دوای گەیشتنەکەی بە مۆسکۆ، لە بنەماڵەی درۆپتسکۆییەوە، ئەوەی بیست کە خاتوو ماریپش لە مۆسکۆیە. ئیدی ئازار و خەمەکانی رۆژانی دوایی میر ئاندریە مێشکی پیرەپیاوی داگیر کرد.

لەسەر خوانی نانخواردنی نیوەڕۆ، بیستی کە خاتو ماری لە کۆشکەکەی مۆسکۆیە لە ڤۆزدڤیگنکا و ئەو کۆشکە نەڕووخاوە و نیشتەجێ بووە. بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ چووە سەردانی. بە درێژیی ڕێگاکە میر ئاندریە و هاوڕێیەتییەکەیان و چەندین پێکەوەبوونیان و، دواییین دانیشتنیان لە پوورۆدینۆ لەخەیاڵی دەرنەدەچوو.

کەوتە دواندنی خۆی:

"بڵێی لە کاتی هەڵچوونی دەروونیدا مردبێت، چونکە خۆی ئەوەی بەلاوە شۆڕش بووا؟ بڵێی پێش مردنی لە ژیان گەیشتبێت!؟ پاشان مردنی کاراتییڤی بیر کەوتەوە، بێ ئەوەی خۆی بیەوێت: کەوتە بە ڕاورد کردنی مردنی ئەو دووانە. پاشان بەڕاوردی ژیانی ئەو دووانە."

پییەر بەو دەروونە ئاڵۆزەوە گەیشتەماڵی میرە پیرە. خانووەکە بە پێوە مابوو و، شێوەی جارانی پاراستبوو. پیرە ژنەی دەربار بە ڕوویەکی بڕوا بەخۆبووەوە پێشوازیی لە پییەر کرد و، هەر وەکوو ئەوەی بیسەلمێنێت، کە بە لەوێ نەبوونی میرە پیرە، هیچ شتێک لە یاساکانی کۆشک نەگۆڕدراوە. پیرە ژنە بە پییەری وت: کە خاتوون چووەتە نێو جێوە.

پییەریش پێی وت،"تۆ بڕۆ پێی بڵێ کە ئەو هاتووە. ڕەنگە پێشوازیم بکات."

پیرەژنەی دەرباریش وتی،"فەرمانتە.. ئێوە بفەرموون بۆ هۆڵی تابلۆکان."

دوای کەمێک گەڕایەوە و، دیسان بە دوایەوە بوو و، بە پییەری ڕاگەیان کە خاتوو ماری زۆریش خۆشحاڵە بە بینینی. تکایە ئەگەر دەکرێت بفەرموونە سەرەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. خاتوو ماری لە ژوورێکی میچ نزمی چکۆلەدا بوو، کە تەنیا مۆمێکی تێدا داگیرسابوو و، کەسێکی ڕەشپۆشیش بەلایەوە بوو. دواتر بیری کەوتەوە کە ئەم خاتوو ماریە، هەمیشە هاودەمی ئافرەتی هەبووە. بەڵام هاودەمەکانی کێن؟ ئەمەی بیر نەدەکەوتەوە.

ئیدی سەیرێکی ئافرەتە ڕەشپۆشەکەی کرد و، وای دانا کە یەکێکە لە هاودەمەکانی خاتوو ماری. خاتوو ماری چالاکانە هەستا و، پێشوازی کرد و دەستی تەوقە کردنی بۆ پییەر درێژ کرد.

پاشان پێی وت،"بەڵێ ئەمە ئەو کاتەیە کە تێیدا پێک دەگەین."

بە پەشۆکاویەوە لە ئافرەتە ڕەشپۆشەکەی ڕوانی. پییەریشی پەشۆکان و لەسەری ڕۆیشت:

"لەم دوا دواییەدا باسی تۆم دەکرد. چەندە خۆشحاڵم کە زانیم ڕزگارت بووە! دوای ئەو ماوە زۆرە، ئەمە یەکەم هەواڵی خۆش بوو."

سەرلەنوێ بە دڵەڕاوکێوە لە ڕەشپۆشەکەی لای خۆیی ڕوانی و، ویستی لە سەری بڕوات.

بەڵام پییەر قسەکەی پێ بڕی و وتی:

"بڕوانە! هیچم دەربارەی میر ئاندریە نەدەزانی. پێم وابوو کە کوژراوە و خەڵکەکەی دەوروبەرم ئەمەیان پێ وتبووم. بەڵام کەسانێکی تر تێیانگەیاندم کە کەوتووەتە نێو بنەماڵەی ڕۆستۆفەوە. ئای کە قەدەرێکی سەیر بووە!"

پییەر بە پەرۆشەوە دەدوا و، جارێکی تر لە ڕەشپۆشەکەی ڕوانی. هەستی کرد ئەم ڕەشپۆشە زۆر نیانە و، ڕەوتی گفتوگۆکەی لێ تێکنادات. بەڵام هەر کە نـاوی بنەماڵەی ڕۆستۆفی هێنا، خاتوو ماری پتر پەشۆکا.

ماری سەرنجێکی ڕەشپۆشەکەی داو وتی،"چۆن! تۆ ئەم ئـافرەتە ناناسیت!"

جارێکی دی پییەر سەرنجی ئەو ڕوخسارە لاوازە زەرد هەڵگەڕاوە و، چاو ڕەش و دەم و لێو نامۆیەی دایەوە. تەنیا شتێک بەڵایەوە نامۆ نەبوو، ئەو شتەی کە دەمێک بوو، بیری چوبووەوە. شتێک زۆر ئازیز.

وا بیری کردەوە:

"نـەخێر! هـەرگیز نـاکرێ ئـەو ڕوخسـارە لاوازە، زەرد هەڵگـەڕاوە، ئـەو بێـت! ڕەنگـە کەسێکی دی بێت و، لە ئەو بچێت!"

هەر لەو کاتەدا خاتوو ماری وتی،"ناتاشا!"

ڕوخساری پییەر هەر وەکوو دەروازەیەکی ژەنگ گرتوو، زۆر بە گران کرایەوە! پاشان بە بزەیەک ڕووناک بووەوە. لەو دەروازە کراوەوە، بۆن و بەرامـەی خۆشـیی دایپۆشی و، هەستی بە هەمان بۆنی کۆنینەی بەختەوەری کرد.

کـاتێکیش ناتاشـا بـە ڕوویـدا پێکـەنی، ئیـدی گومـانی نـەما کـە ئەمـە ناتاشـا خۆیـەتی و ئیستایش هەر خۆشی دەوێت.

هەر لە خولەکی یەکەمەوە، بێ ئەوەی بـە ویسـتی خـۆی بێت، دەریخست بـۆ ناتـاشا و خـاتوو مـاری و، تەنانـەت بـۆ خۆیشـی کـە ناتاشـای خۆشـدەوێت. تـا زیـاتر هـەوڵی بدایـە هەڵچوونەکەی بەو ناسینە بشارێتەوە، پتر نهێنییەکەی لای ئەو دوانە دەردەکەوت.

پییەر لە دڵی خۆیدا وتی:

"گومانی تێدا نییە ئەو بارەی دروستبوو، بە هۆی کتوپڕیی هەواڵەکەوە بووا"

کـە ویسـتی مـاری بـدوێنێت، ڕوخسـاری سـوور هەڵگەڕایـەوە و، کەوتـە بزێرکانـدنی قسەکانی و، لە ناوەڕاستی ڕستەیەکدا لە قسە کردن وەستایەوە. کە لـە سـەرەتادا هەسـتی بە ناتاشا نەکرد، لەبەر ئەوە بوو، کە چاوەڕوانی ئەوە نەبوو لەو شوێنەدا ببینێت! بە هۆی ئـەو لاوازی و تێکچوونەیشـەوە کـە بەسـەر ناتاشـا هـاتبوو، بـە ئاسـانی و، خێـرا نەدەناسرایەوە. مەحاڵ بوو پییەر، ناتاشای بناسیایەتەوە. چونکە تەنیا چاوانی ڕەشی و چالاکی جارانی تێدا مابوو، کە ئەوانیش پەژارەیان تێدا دەبینرا. ئەو شپرزە بوونەی پییەر، کارێکی فرەی لە ناتاشا نەکرد، تەنیا گەشاندنەوەیەکی کەمی بە ناتاشا بەخشی.

بەشی حەڤدەیەم
شاگەشکە خۆشەکە

خاتو ماری وتی:

"ئەم کچە وا هاتووە بۆ لای من، تاکو کاتم لەگەڵدا بەسەر بەرێت. دواتر کۆنت و کۆنتیسەی باوک و دایکی، هەرچەند ئەوان دروستیشیان باش نییە، دەگەنە ئێرە. ناتاشایش بۆ خۆی نەخۆشە و، پێویستی بە چارەسەر هەیە و، بە زۆر، لەگەڵ خۆم ئەویشم هێناوە."

پییەریش رووی لە ناتاشا کرد:

"بەڵێ! جا بڵێیت خێزانێک هەبێت، بێ خەم و ئازار بێت!؟ خۆت دەزانیت رۆژی رزگاربوونەکەمان چی رووید! خۆم بینیم، ئای... کە لاوێکی قەشەنگ بوو! "

ناتاشا سەرنجی پییەری دا، وەکو ئەوەی، بە چاوان وەڵام بداتەوە، ئەبڵەق بوو!

پییەر لەسەری رۆیشت:

"بەچ وشە و رستەیەلێک، دڵتەنگی دەردەبڕدرێت!؟ هیچ نییە پارسەنگ بێت بۆی. بۆ دەبێت لاوێکی هێندە نیان، کە پڕبوو لە جووڵە و چالاکی، وا زوو بمرێت!"

خاتو ماریش وتی:

"بەڵێ، لە سەردەمێکی وەکوو ئەمەی ئێمەدا، سەختە ژیان بەبێ بڕوا ئیمان."

پییەر وەڵامی دایەوە،"بەڵێ! بەڵێ! ئەوە راستییەکە سەلماندنی ناوێت."

ناتاشا چاوی لە پییەر بڕی و وتی: **بۆچی؟**

خاتو ماری لە سەری رۆیشت،"چۆن بۆچی! تەنیا بیرکردنەوە لە چاوەڕوان بوون."

ناتاشا کەوتە سەرنجدانی پییەر و، چاوەڕێی شیکردنەوە بوو.

پییەر لە سەری رۆیشت:

"ئەگەر مرۆڤ بڕوای بە خوایەک هەبێت: کە ڕێبەرێتی، دەشتوانێت بەرگەی ئەو کارەساتەی لە شێوەی کارەساتەکەی ناتاشایش بگرێت. یان ئەم کۆستەی ئێوە."

ناتاشا دەمی کردەوە شتێک بڵێت. کەچی بێدەنگ بووەوە. پیەر رووی لێ وەرگێڕا و کەوتە دواندنی خاتوو ماری و، پرسیاری دوا رۆژەکانی هاوڕێیەتیی لێ کرد. شپرزەییەکەی پیەر ڕەوییەوە، بەڵام هەستی کرد ئازادانە ناتوانێت ئیدی بدوێت. هەستی کرد کە دەبێت بیر لە وشە بە وشەی قسەکانی خۆی بکاتەوە و، پێویستە ڕستەکانی کاریگەریی بەسەر ناتاشاوە هەبێت.

خاتو ماریش وەکوو لەسەری ڕاهاتبوو. کەوتە گێڕانەوەی ئەو بارودۆخەی کە میر ئاندریەی تێدا بووە. بەڵام پرسیارەکانی پیەر، وای لێ کرد کە ناچاربێت خەم و پەژارەی، میر ئاندریە بێنێتەوە ئارا.

پیەر بەرەو خاتوو ماری خۆی بە پێشدا خستبوو و، ئەمەی دوبارە دەکردەوە:

"بەڵێ بەڵێ! وابوو! وابوو! بەڵێ! بەڵێ!"

پاشان ئارام بووەوە. هەستی نیان بووبوو، ئەو بە هەموو توانایەوە دەیویست بێ کەم و کوڕی بێت. هەرگیز لە مردن نەدەترسا. ئەگەر هەڵەیشی ببوایە نەدەترسا. پیاوێکی نیان و ناسکیش بوو.

لە ناکاو ڕووی لە ناتاشا کرد و بە چاوی بە فرمێسکەوە وتی:

"ئای لەو بەختەوەرییەی ئەو کاتەی کە تۆی تێدا بینیوە!"

ڕاچەنینێک لە ڕوخساری ناتاشادا بەدی دەکرا و، برۆکانی یەک هێنایەوە و ماوەیەک چاوی داخست.

هەرچەند دوودڵایش بوو لە قسە کردن، بەڵام وتی:

"بەڵێ! بێگومان ئەوساتە بۆ منیش مایەی بەختەوەری بوو."

دوای کەمێک بێدەنگی وتییەوە:

"ئەویش... ئەو... خۆی بە منی وت، کە زۆری ئارەزوو بووە، بم بینێت."

پاشان قسەکانی ناتاشا پچڕ پچڕ بوو و سوور هەڵگەڕا.

لە ناکاو گرژ بوو و، کەوتە قسە و بە پەلە دەدوا:

"کە مۆسکۆمان جێهێشت، لە بارودۆخەکە بێئاگا بووین. من نەمدەتوانی هەواڵی ئەو بپرسینم. کەچی کتوپڕ، سۆنیا بە دەم ڕێوە، پێی وتم، کە ئەویشمان لەگەڵدایە."

هەناسەی سوار بوو سوور هەڵگەڕاو لەسەری ڕۆیشت:

"تەنیا هێندەم دەویست ببینم و لای بمێنمەوە."

ناتاشا نەیهێشت قسەکەی پێ ببڕن و، کەوتە گێڕانەوەی ئەو شتانەی کە هێشتا بۆ کەسی نەگێڕابووەوە. ئەو ئازار و خەمەی، سێ هەفتەی سەفەرەکەی و، مانەوەیان لە

یارۆسلاڤلی، بۆ گێڕانەوە.

پییەر بە دەمی داپچڕاو و، چاوانی بە فرمێسکەوە، گوێی لێ گرتبوو. ئەو دەمەی گوێی لە ناتاشا گرتبوو، نە بیری لە میر ئاندریە دەکردەوە و، نە لە مردن و نە لەو قسانەی کە بۆی دەکرێت! تەنیا بیری لەو ئازار و ئەشکەنجەیە دەکردەوە، کە ناتاشا پێوەی نااندبوو.

خاتو ماریێش روخساری گرژ بوو و، هەر خەریکی خۆگرتنەوە بوو لە گریان.

خاتو ماری بەلای ناتاشاوە دانیشتبوو و، یەکەمجاری بوو، چیرۆکی دواین رۆژەکانی عیشقی ناتاشا و براکەی ببیستێت. گێڕانەوەی ئەو رۆژانە لە ئازارەکانیدا خۆشی بەخشیش بوو، بۆ ناتاشاو پێویست بوو.

ناتاشا سەرومڕ بوو لەسەر گێڕانەوەکەی و، سادەترین رووداوی تێکەڵا بە قوڵترین نهێنییەکانی خۆی دەکرد و، لەوە دەچوو کە نەتوانێت بێدەنگ بێت. هەندێک جاریش بابەتەکانی دووبارە دەکردەوە.

گوێیان لە دەنگی دیسان بوو، لە دەرەوە و لێی پرسین: کە ئاخۆ ڕێ بە نیکۆلای چکۆلە دەدەن بێتە ژوورەوە و، سڵاوی ئێوارانتان لێ بکات.

ناتاشا دواتر وتی،"شتەکان ئاوا بوون کە بۆم گێڕانەوە..."

هەر کە نیکۆلای چکۆلە هاتە ژوورەوە، ناتاشا بە پەلە هەستا، ڕۆیشت و سەری بەر دەرگاکەیش کەوت. بە دەم بۆڵە بۆڵی ئازاری سەرییەوە، چووە دەرەوە. بێ ئەوەی بزانێت بۆچی کتوپڕیش هەستی بە تەنیایی کردووە. پییەر لەو دەرگایەی ڕوانی کە ناتاشای لێوە چووە دەرەوە.

خاتوو ماری لە خەیاڵەکەی پچڕاند، بەوەی سەرنجی ئەوی بۆ نیکۆلای چکۆلە ڕاکێشاوە. پییەریش لەو بارە سۆزییەیدا، برازاکەی ئەوی لە ئامێز گرت و، ماچی کرد و، بە چاوانی فرمێسکاوییەوە دوورکەوتەوە و، بەرەو پەنجەرەکە چوو. دواتر وێستی پێی بڵێت، کە دەیەوێت بڕوات.

بەڵام خاتوو ماری پێشی کەوت و پێی وت:

"نەخێر! مەڕۆ. من و ناتاشا زۆر جاران تاکوو سەعات سێی بەرەبەیان نانووین. تکایە دابنیشەوە. هەر ئێستا پێیان دەڵێم کە خوانی ئێوارە ئامادە بکەن. ئێستا فەرموو بڕۆ خوارەوە و، کەمێکی دی منیش دێمە خوارەوە."

ئەو کاتەی پییەر وێستی بچێتە دەرەوە، خاتو ماری پێی وت:

"ئەوە یەکەم جارە ناتاشا بەم شێوەیە، لە بارەی میر ئاندریەوە دەدوێت!"

بەشی هەژدەیەم
کۆبوونەوە لەگەڵ ناتاشا

پییەر برایە ژوورێکی نانخواردنی رووناک و، هێندەی پێنەچوو، گوێی لە ترپەی پــێ بوو و، خاتوو ماری خۆی کرد بە ژووردا و، ناتاشایشی لەگەڵدا بوو. هەرچەند ناتاشا روخساری گرژ بوو. بەڵام ناتاشایەکی ئارامیش دەردەکەوت.

پییەر و خاتوو ماری و ناتاشا، هەستیان بــەو بێزارییە دەکرد، کە بە دوای قسە کردن لە بارەی شتێکی ترەوە دێت. نەیشدە ڕەخسا بچنەوە، سەر باسەکە کۆنەکەیان. بارو دۆخەکە بێدەنگیی سەپاندبوو و، قسە نەکردن!

خزمەتکاران کورسییەکانیان ڕاکێشایە دواوە، تا نانخۆران بتوانن لەسەریان دابنیشن و، هەرسێکیان بێدەنگ دانیشتن. پییەر خاولییەکەی لەســەر ڕانی بڵاوکردەوە و، ســەرنجی هــەردوکیانی دا و، پیشــانیدا کــە دەیــەوێت ئــەو بێدەنگییــە نــەمێنێت. دوو ئافرەتەکــەیش هەستیان کرد، کە پێویستە ئەو بێدەنگییە بپسێنن و کەمێک هەست بە خۆشییەکانی ژیانیش بکەن.

بۆیە خاتوو ماری پرسیی:

"کۆنتی بەڕێز... ئارەزووی خواردنەوەی ڤۆدکا دەکەیت؟"

کتوپڕ ئەم پرسیارە، هەموویانی لە بیرکردنەوە لە ڕابردوو دابڕی.

ماری لە سەری ڕۆیشت:

"کۆنت... کەمێک باسی خۆتمان بۆ بکە، چونکە شتی وایشیان، لەبارەی تۆوە گێڕاوەتەوە کە بڕوا کردن پێیان سەخت بێت!"

پییەریش بە بزەیەکی لاقرتی ئامێزەوە وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ! هەندێک شتیشیان لە بارەی خۆمەوە بۆ گێڕاومەتەوە، کە سەرسوورهێن بوون و، خۆشم نەمدی بوون! جارێکیان ماری ئەبرامۆڤنا منی بانگهێشتی ماڵی خۆی کرد و، چیرۆکێکی گێڕایەوە، کە گوایە بەسەر منداڵ هاتووە و، هەرگیز بەسەرم نەهاتبوو! دواتر ستیبان ستیبانیتش فێری کردم، چۆن لە بارەی خۆمەوە بۆ خەڵکی بدوێم! تێگەیشتم کەسانی ناسراوی، وەکوو من، دەبنە جێی سەرنج و خەڵکی دەیانەوێت قسەیان بۆ بکەم. تاکوو ئەوانیش لە دەمی ئەو کەسانەی وەکوو من ناسراون، چیرۆکەکان بگێڕنەوە!

ناتاشا پێکەنی و وێستی قسە بکات. بەڵام خاتوو ماری مۆڵەتی نەدا و وتی:

"ئەوەیان کە پێیان وتووین، گوایا تۆ لە مۆسکۆدا تووشی زیانێک بوویت، بە بڕی دوو ملیۆن ڕۆبڵا! ئەی ئەمە ڕاست بوو؟"

پییەر هاواری کرد:

"بەڵام ئێستا سێ هێندەی ئەو دەمە دەوڵەمەند و ساماندارم!"

هەرچەند قەرزەکانی هاوسەرە مردووەکەیشی هاتبووە سەر و، کۆشکێکیان لێ سەندبووەوە. کەچی هەر سوور بوو لە سەر دەوڵەمەندبوونەکەی بە سێ هێندەی جاران!

پییەر لەسەری ڕۆیشت:

"بە هەرحاڵ ئەو قازانجەی من کردومە... مافی خۆم بووە."

بەڵام دواتر نەیویست لە سەر ئەم بابەتە بڕوات.

پاشان ماری پرسیی:

"دەتەوێت خانووبەرەکە، بگەڕێنیتەوە بۆ خۆت؟"

پییەریش وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ! ساڤیلیتشیش خوازیاری ئەمەیە."

خاتو ماری پرسیی،"پێم بڵێ... لە بارەی مردنی کۆنتیسەوە چیت زانیبوو، هەر لەو کاتەیشدا خۆت لە مۆسکۆ بوویت... وا نەبوو؟"

پییەر سوور هەڵگەڕا و هەستی کرد، ڕەنگە پرسیارەکەی واتایەکی وا بدات بە دەستەوە، کە خۆی پێی خۆش نەبێت و مەبەستیشی نەبوو بێت.

پییەر بەو شێوەیە پرسیارەکەی وەرنەگرتبوو کە ئەو بیری لێ دەکردەوە وتی،"نەخێر لە شاری ئۆریل هەواڵەکەم زانی و کارێکی فرەی کردە سەر دەروونم."

تیلەچاوێکیشی دایە ناتاشا و، بۆی دەرکەوت کە ئەویش ئارەزوویەتی لەبارەی هاوسەرەکەیەوە قسەی فرەتر بکات.

لە سەری ڕۆیشت:

"هەرچەند، دوو هاوسەری نموونەیی نەبووین. لەگەڵ ئەوەیشدا مردنی هیلین کارێکی فرەی کردە سەرم! ئەو دەمەی دوو کەس بە شەڕ دێن، هەردوکیان هەڵەن. بەڵام کە یەکێکیان دەمرێت، هەمیشە ئەوی تر تاوانبار دەکرێت. دواجار مردنێکی بەو شێوەیەش و،

که دووربێت له خۆشەویست و، کەسە نزیکەکان و، خەمخۆران!"

که بینی ناتاشا هاوڕایەتی و لە روخساریدا دیارە، لە سەری ڕۆیشت:

"من زۆرم بەزەیی پێدا هاتەوە! زۆر زۆر!"

خاتوو ماری هەڵیدایە:

"کەوابوو ئێستا بوویتە بێوە پیاو و، لە باریت بۆ هاوسەرگیرییەکی تر."

پییەر سوور هەڵگەڕا و، تەقەلای دا و ماوەیەکی زۆر لە ناتاشای نەڕوانی. ئەوکاتەیش کە بڕیاری دا و سەیری ناتاشای کرد، ئەوی بە ورەوە، بینی.

خاتوو ماری پرسیی:

"ئاخۆ... ئەوە ڕاست بوو، کە خۆت ناپلیۆنت بینی و، قسەیشت لەگەڵ کردووە؟ هەروەکوو ئەوەی ئێمە بیستمان!"

پییەر بە پێکەنینەوە وتی:

"بڵێی خەڵکەکە پێیان وابێت دیل بووان، میوانی دیوەخانی ناپلیۆن بووبن؟ من خۆیم هەر نەبینی، کەسیشم نەبینی باسی ئەو بکات. لە دیلیەکەمدا هاوڕێی کەسانێک بووم، هێندە خراپ بوون، کە هەرگیز بە بیری تۆدا نەهاتووە!"

ئەوان لەوەدابوون، لە خواردن ببنەوە، پییەر هەستی کرد پەلکێشی گێڕانەوەی دیلبوونەکەی بووە و، لە سەرەتایشدا نەیدەویست باسی خۆی بکات.

ناتاشا بە کەمێک پێکەنینەوە لێی پرسی:

"ئەوە ڕاستە: کە گوایا بۆ ئەوە لە مۆسکۆ مابوویتەوە، تاکوو ناپلیۆن بکوژیت و ئەو دەمەی لە نزیک بورجی سۆخارییڤەوە تۆمان بینی - بیرت دێتەوە؟ منیش بیرم هەر بۆ ئەو کارەی تۆ چووبوو، کە بیکەیت!"

پییەر دڵانی بەوەدا نا و، خۆی دا بە دەستەوە. بە هۆی ئەو چەندین پرسیارەی خاتوو ماری و، بە تایبەتی خاتوو ناتاشاوە، وایان لێکرد کە هەموو سەرکێشیەکانی خۆی بە دوورو درێژی بگێڕێتەوە.

کاتێک کەوتە گێڕانەوەی ئازار و ئەشکەنجەکانی. ئیدی لەگەڵ هەڵوێستە سەختەکانی ئەو دەمەدا جۆشی خوارد و، بە هەڵچوونەوە کەوتە گێڕانەوەی.

خاتوو ماری دەمێک لە پییەری دەڕوانی و، دەمێکیش لە ناتاشا و بزەی هەمیشە لەسەر لێوان بوو. لەگەڵ گێڕانەوەی پییەر و گوێگرتنی خۆیدا، هەستی بە نیانیی پییەر دەکرد. بەڵام ناتاشا هەردوو ئانیشکی لە سەر مێزی نانخواردنەکە دابابوو و، هەر دەمەی ڕەنگ و ڕووی بە جۆرێک دەگۆڕدرا و بە باشی گوێدێری بوو و، چاوی لە چاوانی نەدەبڕی و تەواو لەگەڵ بەسەرهاتەکانی پییەردا جۆشی خواردبوو. نەک هەر بەو ڕەفتارانە، بەڵکوو

بەو هەناسە هەڵکێشان و، پرسیارە کورتانەیش دەیسەلماند کە بە تەواوی لە چیرۆکەکانی دەگات.

بە دوایدا بە سەرهاتی ژن و منالّەکەی بۆ گێڕانەوە کە چۆن رزگاری کردن و بە هۆی ئەو رووداوەوە، لە لایەن سوپای فەڕەنساوە گیراوە!

وتیشی:

"دیمەنێکی زۆر سەخت بوو. منالّانێکی فرەی بەجێماو! بڕێکیان لە باوەشی کڵپەی ئاگرە سوورەکەدا مابوونەوە! بە بەرچاوی خۆمەوە منالّێکیان لە نێو کڵپەی ئاگرەکەدا هێنایە دەرەوە! ژنێک دەبینرا... ژنانێک دەبینران، کە سەربازە داگیرکارەکان ئالّتونەکانیان لێ دادەمالّین! گوارەکانیان لە گوێ دەکردنەوە!"

پاشان پییەر سوور هەڵگەڕا و لەسەری ڕۆیشت:

"لە ناکاو کۆمەڵە سەبازێک پەیدابوون، چەندین کەسی بێتاوانیان لەگەڵ خۆیان ڕاپێچ کردبوو و، دایاننە پێش و منیش کەوتمە نێویانەوە."

ناتاشا وتی،"ڕەنگە تۆ هەموو رووداوەکەت وەکو خۆی بیر نەمابێت! ئەگەرنا... دەبێت دەسەوسان نەبووبیت و، شتێکت هەر کردبێت."

دواتر ناتاشا قسەکانی وا تەواوکرد،"شتێکی باشت بۆ خۆت و ئەوان کردووە."

پییەر گێڕانەوەکەی درێژە پێدا و، کە گەیشتە باسی لە سێدارەدانی ئاگرخەڕەوەکان، ویستی هەڵوێستە زۆر بە ئازار و سەختەکان باس نەکات. بەڵام ناتاشا زۆری لێکرد کە بەسەرهاتەکە وەکوو خۆی بگێڕێتەوە و هیچی لێ نەشارێتەوە.

پییەر لە سەر کورسییەکە هەستا و، کەوتە گەڕان و هاتوچۆ بە ژووڕەکەدا و، ناتاشایش چاوی تێبڕی بوو. پییەر ویستی باسی کاراتاییڤی بۆ بکات.بەڵام وەستا.

"نەخێر! هەرگیز ناتوانن وەکوو من تێی بگەن کە ئازارەکانم چیی فێرکردم!ن

ناتاشایش وتی:

"بەڵێ ئێمەیش تێدەگەین! بەڵێ تێدەگەین! بەردەوام بە، چیی بەسەرهات؟"

پییەر وتی،"بە بەرچاوی خۆمەوە کوشتیان!"

پاشان کەوتە گێڕانەوەی کشانەوەی خۆی و، دەیلەکانی تر، لەگەڵ کشانەوەی سوپای شکاوی فەڕەنسادا و، گێڕانەوەی نەخۆشکەوتنی کاراتاییڤ و، مردنەکەی.

وا سەرکێشییەکانی دەگێڕایەوە، وەکوو ئەوەی یەکەمجاری بێت، بیریان لێ بکاتەوە. هەموو ئەو ئازارانەی چێشتبووی، لە ئێستایدا بە لایەوە واتایەکی نوێی هەبوو. کە قسەی بۆ ناتاشا دەکرد، چێژێکی فرەی لێ دەبینی و، وەکو هەر پیاوێک بۆ ئافرەتێک بدوێت. ئەو ژنانەش گوێدێری پیاوان دەبن خۆ هێندە بە زیرەکی گوێ ناگرن، تاوەکوو بابەتەکە بە باشی تێبگەن. بەڵکو بایەخ بە ڕیز کردنی رووداوەکان دەدەن، تاکوو دواتر بە ئارەزوو و، ویستی خۆیان، دەریبهێننەوە. خۆ ژنان زۆر باش دەزانن ئەو کەسانە

هەڵبژێرن، کە پێیاندا هەڵ بدەن!

ناتاشا بێئەوەی ئاگای لە خۆی بێت، بە ووردی گوێڕایەڵی بوو. وشەیەکی یان جوولەیەکی پیەر، یان رەزمی دەنگی لە دەست خۆی نەدەدا. جاری وابوو وشەکەی تەواو نەدەکرد ناتاشا دەیقۆستەوە و، لە دڵی خۆیدا هەڵیدەگرت. هەرچیەکیش بە خەیاڵی پیەردا بهاتایە، ناتاشا خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرد.

هەرچەندە خاتوو ماری خەیاڵیشی بۆ شتێکی تر فڕیبوو. بەڵام جاروبارێک بەشداریی گفتوگۆکەیانی دەکرد. ئەو پێی وابوو کە رەنگە رۆژانێک بێتە پێشەوە عیشقێک لە نێوان پیەر و ناتاشادا چەکەرە بکات. ئەم بیرۆکەیەیش دڵخۆشی دەکرد.

پیەر قسە و چیرۆکەکانی کۆتا پێ هێنا. بەڵام ناتاشا هەر بە هیوای گێڕانەوەی بڕێک لەو باسانە بوو، کە رەنگە پیەر لێی شاردبێتەوە. هەرچی پیەریش بوو، تیلەچاوی دەدایە و، هەرچەندە پەشۆکاویش بوو، بەڵام بەوە بەختەوەر بوو.

کات سەعات سێی بەرەبەیان بوو، کەچی کەسیان مەیلی نووستنیان نەبوو و، لە درەنگ بوونی کات بێ ئاگا بوون.

پیەر هـــاواری کرد:

ئەوان لە ئەشکەنجەو ئازار دەدوێن. بەڵام گەر ئێستا لێم بپرسن: ئاخۆ حەز دەکەیت بگەڕێتەوە، ئەو سەردەمەی پێش دیلبوون. یان جارێکی دی ئەو سەرکێشیی دیلبوونە ببینیتەوە؟ دەڵێم بەو خوایە: سەردەمی دیلبوونەکە و خواردنی گۆشتی ئەسپەکەم دەوێت! هەرچەندە مرۆڤ کە لە رێی ژیانی ئاسایی دەرچوو، وا هەست دەکات، ون بووە. بەڵام لە راستیدا لەوێوە شتێکی نـوێ دەست پێدەکات. لە راستیدا: تـا ژیان هەبێت بەختەوەریش هەیە و، بەختەوەرییەکی فرەیش لە بەردەمماندایە.

پاشان بە ناتاشای وت،"ئەم قسەیەم زیاتر بۆ تۆیە."

ئەویش بە بیرێکی بڵاوەوە وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ! بەڵێ! من ژیانێکی لەوە باشترم ناوێت، کە لەوە و پێش ژیاوم."

پیەر بە ئاگاوە لێی روانی و دواتر قسەکەی ئەوی پشتڕاست کردەوە:

"بەڵێ! لەوە زیاتر نەبێت!"

پاشان پیەر هـــاواری کرد:

"ئەوە هەڵەیە! زۆریش هەڵەیە! نە من نە تۆ لەوە بەرپرس نین بژین و حەز بە ژیان بکەین."

کتوپڕ ناتاشا سەری لە نێو دەستەکانی نا و، دایە پڕمەی گریان.

خاتوو ماری لێی پرسی" کە ئەوە چییەتی؟

ناتاشا وەڵامی دایەوە،"هیچ نییە! هیچ نییە!"

به دەم گریانەکەیەوە، بۆ پیرەر پێکەنی. پاشان خواحافیزی کرد و، وتی کاتی نووستنە. پیرەریش هەستا و، ئەویش رۆیشت.

خاتوو ماری و ناتاشا لە ژووری نووستنەکە یەکتریان بینییەوە. پاشان کەوتنە باسکردنی ئەو شتانەی پیرەر بۆی گێڕابوونەوە. بەڵام نە خاتوو ماری و، نە ناتاشا سەرنجی خۆیان بەرامبەر پیرەر دەرنەبڕی. ناتاشایش هیچی دەربارەی پیرەر نەگووت.

ناتاشا وتی،"دەی... شەو شاد ماری گیان. هەر وەکوو زۆر جاران دەترسین، باسی میر ئاندریە بکەین و خەمی ئەوەمانە سۆزەکانمان لیخن بێت."

خاتوو ماری هەناسەیەکی قوولی هەڵکێشا، وەکوو ئەوەی پشتگیریی قسەکەی ئەو بکات. بەڵام لە راستیدا وا نەبوو.

وتی،"جا... دەکرێت ئەومان بیر بچێتەوە؟"

ناتاشایش وتی،"ئەو قسانەی ئەمڕۆ سوودی زۆری بۆ من هەبوو. هەرچەند ئەو ئازارێکی سەختی هەبووە. بەڵام من سوودم لەو قسانە بینی. من لەو بڕوایەدام کە هاوسەرەکەیشی خۆشویستووە."

لە ناکاو دوای ئەوەی سوور هەڵگەڕا پرسیی:

"ئاخۆ... هەڵەم لەم قسە کردنەمدا لەگەڵ پیرەر؟"

خاتوو ماریش وەڵامی دایەوە،"بەوەی کە ئەم ئێوارەیە قسەت لەگەڵ پیرەر کردووە؟ ئۆوا! نەخێر. ئەو کەسێکی زۆر ناسک و نیانە!!"

لە ناکاو ناتاشا بە بزەیەکەوە، کە زووتر خاتوو ماری لێی نەدی بوو وتی:

"دەزانیت ئێستا لە جارانی زۆر پاک و خاوێنترە و قسەکانی روونترە! زۆریش چالاک بووە و، هەر دەڵێی تازە لە گەرماو هاتووەتە دەرەوە.. تێم دەگەیت ماری؟ مەبەستم گەرماوی دەروونییە... ئەمەی دەیڵێم: راست نییە!؟"

ماری وەڵامی دایەوە"بەڵێ! کەڵکی زۆری لەو بارودۆخە وەرگرتووە."

ئەو پاڵتۆ کورتەی. سەر و قژداهێنانەکەی! هەر رێک دەڵێی لە گەرماو هاتووەتە دەرەوە. دەڵێی جارانی باوکمە.

خاتوو ماری وتی،"دەزانم میر ئاندریە، هیچ کەسێکی بە هێندەی ئەم پیرەرە، خۆش نەویستووە!"

"خۆ هیچ سیفاتێکی هاوبەش لە نێوانیشیاندا نییە! راستیان وتووە: جیاوازییەکان دەبنە هۆی هاوڕێیەتی پیاوان. بە هاوڕێیەتی ئاندریە و پیرەر، ئەو راستییە سەلمێنراوە. ئاخر تۆ سیفەتێکی هاوبەش لە نێو ئەو دوانەدا دەبینی؟ بە هەرحاڵا پیرەر، لاوێکی باش و شیاوە!"

ناتاشایش وتی،"دەی... شەو شاد."

تا خەو ناتاشای بردەوە... ئەو بزە تایبەتە بە خۆی، لە سەر لێوانی نەبڕا.

بەشی نۆزدەیەم
عیشقو خۆشەویستی

پییەر زۆری پێچوو، تاکو توانیی ئەو رۆژە بنوێت، بە ژوورەکەیدا هەر دەهات و دەچوو. دەمێک برۆکانی یەک دەهێناوە و، بیرۆکەی ترسناک بە میشکیدا دەهات و دەمێکیش روو کراوە و، بەختەوەر دەهاتە بەرچاو.

پییەر بیری لە عیشقەکەی میر ئاندریە و، ناتاشا دەکردەوە و، ئیرەیی پێ دەبردن. جاری وایش بوو، داوای لێبوردنی لە خۆی دەکرد و، تاکوو سەعات شەشی بەیانی بە ژوورەکەیدا دەهات و دەچوو.

کاتی خۆگۆڕین و، چوونە نێو نوێنەکەیەوە بۆ نوستن، لە خۆی پرسی:

"بەڵام چی بکرێت باشە! لە کاتێکدا هیچ چارەسەرێک نییە؟ چی بکرێت؟"

دوای کەمێک رامان کەوتەوە دواندنی خۆی:

"هەرچەند ئەم بەختیارییەی من نامۆ و مەحاڵ بێت، پێویستە کار بۆ ئەوە بکەم، کە ببینە هاوژینی یەکتری."

زووتر پییەر بڕیاری دابوو، کە پێنج شەمە سەفەری پێترزبۆرگ بکات. کە بۆ بەیانییەکەی لە خەو رابوو، پێنج شەمەیش بوو. ساڤیلیتش هات و لێی پرسیی کە چی بکات بۆ کارئاسانیی سەفەرکردنەکەی.

پییەر خێرا لێی پرسی:

"بۆچی سەفەری پێترزبۆرگ. بۆ دەبێت بچم؟ چ کارێکم لەوێ هەیە؟"

پاشان بیری کەوتەوە و وتی:

"ئۆو! بەڵێ! پێش ئەو رووداوە دەمویست بچم. جا بۆ-نا!؟ دواتر دەچم."

به دەم بیرکردنەوەوە لە ساڤیلیتشی روانی و وتـــی:

"ئای کە پیاوێکی ئازا و، کەسێکی بە بایەخ بوو! بیری لە هەموو شتێک دەکردەوە! ئەو بزەیەی چەند لێ دەهات!"

پاشان پییەر لێی پرسی:

"ساڤیلیتش... کەواتـە: ئێستایش هـەر ناتـەوێت کەسـێکی ئـازاد بیـت و لـە کۆیلایـەتی رزگارت بێت؟"

ساڤیلیتشیش وتـی:

"خاوەن شکۆ... من چی لە ئازادی بکەم؟ ئێمە بە چێژترین تەمەنمان لە ژێر فەرمانی کۆنتی بەرێزدا بە سەر برد ـ خوا لێی خۆش ببێت ـ و لە ژێر فەرمانی تۆیشدا بووین و هیچ سکاڵایەکمان نەبوو."

ئـەویش پرسیی،"باشە ئەی منداڵەکانت؟"

خزمەتکارەکەیش وەڵامی دایەوە:

"بەڕێز، منداڵەکانیشم وەکو خۆم کار دەکەن. ئەوانیش دەتوانن لەگەڵ کەسانێکی وەک تۆی پیاوی پیاوانەدا بژین."

پییەر پرسیی،"ئەی... وەرەسە و نەوەکانی دوای خۆم چی!"

پاشان لە سەری ڕۆیشت:

"هەردێ ژن بهێنم... دوور نییە و، ڕەنگە ئەمە ڕوو بدات."

خزمەتکارەکەیش هەڵیدایە:

"دەتوانم ئەوە بڵێم و لێم ڕوونە کە ئەو ژنهێنانەت کارێکی زۆر چاک دەبێت."

پییەریش لە دڵی خۆیدا وتـــی:

"بڕوانە چەند بە سادەیی بیر دەکاتەوە... هەست بەوە ناکات، کە چەندەیش مەترسیدارە! ئـای کە کارێکی ترسناکە!"

ساڤیلیتش پرسیی،"فەرمانت بە چییە؟ ئـاخۆ سەفەرەکەت دەخەیتە سبەینێ؟"

پییەریش وتی: "نەخێر! ئەو سەفەرەم دوا خستووە. دوایی کاتەکەیت پێ دەڵێم. ببوورن تووشی دڵەڕاوکێم کردن."

کە ساڤیلیتیش بینیی زەردەخەنە بەسەر لێوی پییەرەوەیە وا بیری کردەوە:

"بێگومان بابەتەکەی هەر سەفەری پێترزبۆرگ نییە. پێویستە پێش سەفەر کردنەکەی لە کارەکەی تری خۆی ببێتەوە. بە هـەرحاڵ هەرچەند وا خۆی پیشان دەدات کە بێ ئاگایە، بەڵام لە شتەکان سڵ دەکاتەوە."

پاشان پییەریش لە خۆیی پرسی: "ئاخۆ پێویست بکات لەو بارەیەوە، قسەی بۆ بکەم و، بیروڕای ئەویش بزانم؟ نەخێر! ئێستا کاتی شیاو نییە. مەگەر کاتێکی تر."

پاشـان پییەر بە دەم نانخواردنی بەیانییەوە، باسی ئەوەی بۆ کچە ئامۆزاکەی خۆی

کرد، که دوێنێ له ماڵی خاتوو ماری بووه.

پاشان لێی پرسی،"تۆ پێتوایه: کێم بینی بێت؟ ناتاشا ڕۆستۆف!"

کچه ئامۆزاکه‌ی، وای پیشاندا که ئه‌وه شتێکی سه‌رسوڕهێن نییه.

پاشان پییه‌ر لێی پرسی،"باشه تۆ ده‌یناسیت؟"

کچه ئامۆزا وه‌ڵامی دایه‌وه،"خاتو ناتاشام دیوه و بیستبووم، ماره‌بڕی میر ئاندریه ڕۆستۆف بووه. ئه‌وه‌یش بۆ بنه‌ماڵه‌ی ڕۆستۆف به‌سوود بووه. چونکه وایان لێ ده‌گێڕانه‌وه، که ئه‌و بنه‌ماڵه‌یه، ئابوورییان به‌ره‌و داروخان چووه."

پاشان پرسییه‌وه:

"نه‌خێر! من مه‌به‌ستم: ناتاشا ڕۆستۆف خۆی، ده‌ناسیت؟"

ئامۆزایش وتی:

"چیرۆکی ئه‌وم بیستووه و، وه‌کوو ده‌رده‌که‌وێت چیرۆکێکی تراجیدیی بووه!"

پییه‌ر له دڵی خۆیدا وتی:

"ئه‌م ئامۆزایه یان ئه‌وه‌تا ئاگای له‌و کچه نه‌بووه! یان وای ده‌رده‌خات که بێئاگایه. پێویسته هیچ به ئه‌میش نه‌ڵێم."

کچه ئامۆزا بڕێک خواردنی بۆ سه‌فه‌ره‌که‌ی پییه‌ر، ئاماده کردبوو.

پییه‌ریش له دڵی خۆیدا وتی:

"ئه‌م جۆرانه که‌سانێکی چاکن. بڕوانه چۆناو چۆن بیری له هه‌موو شتێک کردووه‌ته‌وه و، سوودی خۆیشی تێدا نییه. به ئه‌مه‌ی که هه‌موو شتێکی بۆ ئاماده کردووم، سه‌رسامم!"

هه‌ر له‌و ڕۆژه‌دا سه‌رۆکی پۆلیس هات و، به پییه‌ری ڕاگه‌یاند، که پێویسته که‌سێکی باوه‌ڕپێکراو بنێرێت بۆ کۆشکی ڤاسیت، له کرملن، تاکوو سه‌رپه‌رشتیی ئه‌و شتومه‌کانه بکه‌ن، که به‌سه‌ر خاوه‌ن مولکه‌کاندا دابه‌ش کراوه.

پییه‌ریش له سه‌رۆکی پۆلیسی ڕوانی و وا بیری کرده‌وه:

"ئه‌میش پیاوێکی به جه‌رگه! پیاوێکی جوانخاس! که‌سێکی نیانه! سه‌یره خه‌ڵکی له باره‌ی ئه‌مه‌وه خراپ ده‌دوێن و، ده‌ڵێن: گوایا به‌رتیلخۆره و بێناموس! ئه‌مه‌یش له خۆیدا که‌ڕێتییه. ئه‌و خه‌ڵکه خۆیان فێریان کردووه. ئیدی بۆچی به‌رتیلیان لێ وه‌رنه‌گرێت؟ خه‌ڵکه‌که هه‌موویان به‌رتیلخۆرن. به‌ڵام ئه‌م پیاوێکی نیانه و ته‌نانه‌ت ئه‌و بزه‌یه‌ی به ڕووی منداڵ، ده‌چێته سه‌رلێوانی، فره جوانه!"

پییه‌ر چوو بۆ لای خاتوو ماری، تاکو نانی نیوه‌ڕۆی له‌گه‌ڵدا بخوات. به ڕێوه و له کاتی په‌رینه‌وه‌ی به شه‌قامه‌که‌دا و، له نێو ئه‌و دارو په‌ردووه‌دا، جوانی و قه‌شه‌نگیی دیمه‌نی ئه‌و خانووه ڕوخاوانه سه‌رسامی کرد. له‌و ناوه‌دا چه‌ندین بۆربی فێنک که‌ره‌وه و، چه‌ندین ڕاسته دیواری که‌وتوو، که له ده‌ستدانی ڕین و کولێزیه‌ی وه‌بیر ده‌هێنایه‌وه. ئه‌و ڕاسته

دیواره کەوتووانە بەسەر یەکدا و، ئەوانەی لەسەر شەقامەکان دەیبینین، یان دارتاش بوون و پارچە تەختەیان پێبوو. یان گالیسکەوان بوون. یان دەستگیر و بەقاڵەکان بوون و، لەروخساریاندا وا دەخوێنرایەوە، وەکوو ئەوەی بیانەوێت بڵێن:

"ئۆو! ئەوە خۆیەتی! بابزانین، لەمەودوا چی روو دەدات و، چی لێ دەکەوێتەوە!"

کە خۆی بە مااڵی خاتوو ماریدا کرد، لە خۆی پرسی:

"کە ئاخۆ بڵێی راست بێت و دوێنێ هاتبێتە ئەم ماڵەوە و ناتاشای هەر بە راستی دیبێت و، قسەی لەگەڵ کردبێت؟"

پاشان بەخۆی گوت: "کوڕە...رەنگە ئەوە زیندەخەون بووبێت! رەنگە ئێستا خۆم بکەم بە ژووردا و، ئەوی هەر لێ نەبێت!"

بەاڵم هەر کە گەیشتە ژوورەوە، هەستی بە بوونی ناتاشا کرد و، هەموو هەستی بزوا. هەمان کراسە رەشەکە و، هەمان سەرداهێنانی جارانی بوو. کەچی هەست و جوڵەی گۆڕدرابوو!

ناتاشا هەروەکوو منااڵیەکەی خۆی و، کاتی مارەبڕییەکەی لە میر ئاندریە منابووەوە. بریسکەی بەختەوەری و پرسا بوون لە چاوانیدا هەست پێدەکرا. پییەر ئارەزووی بوو، دوای نانی نیوەڕۆیش و تاکوو درەنگانی شەویش لایان بمێنێتەوە. بەاڵم خاتوو ماری دەیویست پیاوانی کڵێسە بانگهێشت بکات و، ئەو شەوە پیرۆز بکات. بۆیە کە هەر دوو کچەکە رۆیشتن، ئەویش ناچار بوو ئەوێ جێ بهێڵێت.

رۆژی دواتر هەر زوو گەڕایەوە و نانی خوارد و، تا شەو مایەوە. ناتاشا و خاتوو ماری: بەختەوەریی خۆیان بە بینینی پییەر، بۆ نەدەشاردرایەوە. قسەکانیان بچڕبچڕ بوو و، لەسەر بابەتێک نەدەوەستان.

ناتاشا و خاتوو ماری لە یەکتریان روانی و پرسی ئەوەیان بوو، کە رەنگە پییەر هەر زوو جێیان بهێڵێت. پییەر خۆیشی لەوە گەیشتبوو. بەاڵم نەیدەتوانی بڕوات. هەستی بە بێزار بوون کرد و، نەیشیدەتوانی هەستێت و بڕوات. ماری هەرچەندی کرد هەاڵوێستەکەی بۆ راست نەکرایەوە. ناچار هەستا و بە بیانووی سەرئێشەوە جێی هێشتن.

وتــی،"کەواتە... سبەینێ سەفەری پێترزبۆگ دەکەیت."

پییەر بە سەرسوڕمانەوە وەاڵمی دایەوە و، وەکوو گاڵتەی پێکرابێت وتی:

"نەخێر... سەفەر ناکەم. بەڵێ... نەخێر بۆ پێترزبۆرگ؟ سبەینێیش؟"

لەبەردەم خاتوو ماریدا وەستا و سوور هەڵگەڕابوو. دەریخست بێزارە لە رۆیشتن و وتی،"بەاڵم خواحافیزیتان پێ نااڵیم. دەستە و نەزەر وەستاوم و، چیتان دەوێت با خزمەتتان بکەم."

ناتاشا دەستی تەوقە کردنی بۆ پییەر درێژ کرد و، دواتر گەڕایەوە دواوە و لە سەر قەنەفەکە دانیشت و، سەرنجێکی قوواڵی ئەوی دا. ماندووێتییەکەی پێشووی رەویەوە و،

لەوە دەچوو کە بیەوێت قسەیەکی زۆر بکات.

بەرۆیشتنی ناتاشا شلەژاوییەکەی نەما و، چالاک بووەوە. پاشان کورسییەکەی خۆی راکێشا و، خۆی لە خاتوو ماری نزیک کردەوە.

وەکو وەڵامی ئەو سەرنجەی خاتوو ماری بداتەوە، وتـی:

"بەڵێ خاتوون دەمویست پێت بڵێم: یارمەتیم بدە، خاتوو مـاری یارمـەتیم بدە. پێویستە چی بکەم؟ دەتوانم چاوتێبڕینم بۆ دوارۆژ ببێت... خاتوون؟ ئـەی هـاوڕێ ئازیزەکـەم، گـوێم لێ بگرە. هەموو شتێک دەزانم. دەزانم من شایستەی ئەو نیم! دەشزانم لە ئێستادا ناکرێت هەر باسیشی بکەم. بـەڵام خۆ دەتوانم ببمـە بـرای و وەکـوو بـرا هـەڵس و کـەوتی لەگەڵ بکەم. نەخێر وانـا... من نامەوێت. ناتوانم..."

وەستا و دەستی خستە سەر دەم و چاوی و لە سەری رۆیشت:

"زۆر باشـە... فـەرموو بـزانم تـۆ چـی دەڵێیت؟ خۆیشـم نـازانم لەکەیـەوە خۆشـمدەوێت. بەڵام ئەوە دەزانم تەنیا هەر ئەوم خۆشدەوێت. هێندەم خۆشدەوێت کە مەحاڵە بـە بـێ ئـەو بژیم! پەلەی ئەوەیشم نییە هەر خێرا داوای بکەم. بـەڵام هێندەم دەوێت کـە بتوانم وا بیر بکەمـەوە کـە بـۆمن ببێت و، بەخـەمی ئـەوەوەم لـە دەسـتم دەرچێت... پـێم بڵـێ... ئـاخۆ ئومێدبڕاو نابم لێی؟ دەپێم بڵێ، ئێستا پێویستە من چی کەم؟ خاتوونە ئـازیزەکەم!"

دوای کەمێک بیدەنگی، کە زانیی هیچ نالێت دەستەکانی گرت و گوشیی.

خاتوو ماریش وتی:

"من هـەر بیـرم لای ئـەو قسـەیەیە کـە بـۆت کـردم. جێی خۆیـەتی باسـی خۆشـەویستیی خۆتی بۆ بکەیت."

خاتوو ماری بیدەنگ بوو. لەوە دەچوو بیەوێت پێی بڵێت کە لە ئێستایدا: مەحاڵە. بـەڵام تا کۆتایی وتوویژەکە ئـەم قسـەیەی نـەکرد. لـە کاتێکدا لـە پێرێ ئێوارەوە، هەسـتی بـــەوە کردبوو، کە ناتاشا ئاڵوگۆڕێکی بنـەڕەتی، بەسـەر دەروونیدا هـاتووە و، قسـە کردنـی پییـەر لەبارەی خۆشـەویستییەوە بۆی، نایخاتە خانەی سووکایەتییەوە بۆی. پێوەیشی دیـارە حـەز دەکات لەو بارەیەوە قسەی بۆ بکرێت.

لەگەڵ ئەوەیشـدا خـاتوو مـاری رسـتەکەی تـەواو کـرد: "ئەگـەر ئێسـتا لـە بـارەی خۆشەویستییەوە قسـەی بۆ بکەیت... ئەمە مەحاڵە! پییـەریش لێی پرسـی،"کەواتە... پێویسـتە چی بکەم؟" خاتوو ماری وەڵامی دایەوە،"ڕێ بدە من کار لەم کێشەیەتدا بکەم. خۆم دەزانم کە..." پییەر سەرنجی چاوانی ماریدا و وتی،"دەی پێم بڵێ پێم بڵێ چیی پێ دەڵێیت؟"

پاشان خاتوو ماری رستەکەی پێشووی راست کردەوە و وتـی:

ــ من دەزانم تۆی خۆشدەوێت... هەر دێت تۆی خۆشبووێت... هێشتا قسـەکەی تـەواو نەکردبوو، کە هەستا و دەستەکانی زۆر بە پەرۆشەوە گوشی.

ئەمجا لێی پرسی:

"بە چیدا دەزانیت منی خۆشدەوێت؟ ئاخۆ ئومێدم هەبێت؟ تۆ پێت وایە؟"

ماریش بە زەردەخەنەیەکەوە، ئەوەی پشتڕاست کردەوە و وتـی:

"بەڵێ من پێم وایە، لەم بارەیەوە بۆ خزمانی بنووسە و پشتت بە من ئەستوور بێت. هەرکاتی گونجاو هات، ئەوا خۆم لەم بارەیەوە دەیدوێنم. منیش حەزم بەمەیە. دڵیشم خەبەری داوە، کە ئەو کارە هەردەبێت."

پیـەریش وتی،"نـەخێر! نـەخێر! بـڕوا ناکـەم بسـازێت! ئـای کـە بەختـەوەرم! نـەخێر نەگونجاوە! وەی کە بەختەوەرم!"

پیەر لەبەر خۆیەوە وتی،"نەخێر، شیاو نییە!"

هەستا و دەستەکانی خاتوو ماریی ماچ کرد.

پاشان خاتو ماری پێی وت:

"کەواتە... وا باشە تۆ بچیتەوە بۆ پێترزبۆرگ و، خۆم نامەت بۆ دەنووسم.

پیەریش وتی: "بۆ پێترزبۆرگ؟ سەفەر بکەم؟ بەڵێ! زۆر باشە دەڕۆم. بەڵام دەتوانم سبەینێ بێمەوە بۆ بینینی تۆ؟"

رۆژی دواتر پیەر هاتەوە بۆ لای و خواحافیزیشی لێ کرد. هەر چەند ناتاشا گوڕ و چالاکیی جارانی نەمابوو. بەڵام کە لە چاوانی ئەوی دەڕوانی، هەستی دەکرد نە ناتاشا و نە پیەر، بوونیان نییە و تەنیا بەختەوەریی دەبینی.

ئەم پرسیارەی هەمیشە لە خۆی دەکردو دەیووتـەوە:

"بڵێی ئەمە شیاوو راست بێت؟ نەخێر ئەوە من نیم!"

ئەمـە لـە دڵـی خۆیـدا و لـەو کاتانـەی ناتاشـا قسـەی بـۆ دەکـرد. لـەخۆی دەپرسـی و بەختـەوەریی بـە هـەموو جەسـتەیەوە دیـاربوو. ئـەو دەمەیشـی وێسـتی بـڕوات، دەسـتە لاوازەکانی خستە نێو دەستی خۆیەوە. لە دڵی خۆیشیدا لەخۆی پرسی:

"بڵێی ئـەم دەسـت و روخسـار و دوو چـاوە! ئـەم گەنجیـەی جوانـە ژنانەیـەی کـە بـەمن نامۆیە، ببمە خاوەنی! بۆ تاهەتایەو لـە خۆمدا بتوێتـەوە؟ نـەخێر شـتی وا بـۆ مـن نەشـیاوەو شایستەی نیم!..." بە دەنگێکی بڵند ناتاشایش پێی وت"خوات لەگەڵ... کۆنت."

پاشان لەسـەرخۆ وتییـەوە،"بە پەرۆشـەوە، چـاوەڕوانی گەڕانـەوەت دەبم."

ئەم وشە سادانە و ئەو سـەرنجانە بوونە سـەرچاوەی وشک نـەبووی بیرەوەریـی پیـەر و، بە درێژایی دوو مانگ، بووە سـەرچاوەی چەندین گریمـان و زیندەخـەونی بەختـەوەری. بە تایبەتی کە پێی وتبوو: بە پەرۆشەوە چـاوەڕوانیت دەکەم...

لـە خـۆی دەپرسـی،"ئەرێ... ئـەوە چـۆن ئـەو قسـەیەی کـرد؟" بـەڵێ... "بەپەرۆشـەوە چاوەڕوانیـت دەکـەم!" چەنـد بەختـەوەرم!! شـتی وا چـۆن دەبێـت؟ ئـای کـە دڵخـۆش و ئاسوودەم!"

بەشی بیستەم
کەسێتی و دەروونی پییەر

هەرگیز ئەو هەست و بیرکردنەوەیەی لە کاتی دیاری کردن و هاوسەرگیریی لەگەڵ هیلیندا، لەم هەستەی ئێستای نەدەچوو. ئەو قسانەی ئەوسای دووبارە نەدەکردەوە، کە بە هیلینی وتبوو. ئەوی کە بە خۆی دەوت: باشە بۆچی پێم وت: خۆشمدەوێیت!؟ بەڵام بۆ ناتاشا بە پێچەوانەوە بوو! هەموو قسەکانی ناتاشا و ئەوانەی خۆی بە ناتاشای وتبوو، دووبارە و چەند بارەی دەکردەوە. تەنانەت ئالاوگۆڕەکانی رووی ناتاشایشی دەهاتەوە بەرچاو! هەمیشە رستەکانی ناتاشای دەووتەوە و دەیووتنەوە. بیری لە خراپی و باشیی ئەم رەفتارەی نەدەکردەوە.

هەندێک جار قسەکانی لا مەزن دەبوو و لە خۆی دەپرسی:

"بڵێی ئەمە خەون نەبێت!؟ بڵێی خاتو ماری بە هەڵەدا نەچووبێت؟ رەنگە خۆم فریوم خواردبێت و، متمانەی زۆرم پێ کردبێت!؟ بەڵام نەخێر بڕوام پێیەتی. هەرچۆنێک کەوتەوە. خاتو ماری لەم بارەیەوە هەر قسەی لەگەڵ دەکات."

لێیشم رووندە ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە، ئاوا وەڵام دەداتەوە،"چەندە سەیرە! بێگومان پییەر بە هەڵەدا چووە. چونکە ئەو پیاوێکە و بەس. لە کاتێکدا من... زۆرم لەو جیاوازە و لەو بەرەوبانترم و، زۆریش."

ئەم ترسە پییەری زۆر ئازار دەدا. بیری لە هیچ پرۆژەیەکی بۆ ژیانی خۆی نەدەکردەوە و، بڕوای بە خۆی نەمابوو.

هێندەی بەسە ئەو خەونەی بێتەدی. دوای ئەوە ئیدی هیچ شتێک بایەخی بەلای ئەوەوە نامێنێت و، هەموو شتێک تەواو دەبێت.

لە ناکاو وڕ و کاسییەک، پییەری داگیرکرد. پێی وابوو و، ئەو کارە لە توانای ئەودا نییە و بەرگەی ناگرێت! هەموو جیهان لە خۆشەویستیی ئەودا توابووەوە.

کاتی وابوو پێی وابوو، مرۆڤەکان سەرقاڵی دەستەبەر کردنی بەختەوەریی ئەون! ئەوانیش لەگەڵیدا هەموو دڵخۆش و بەختەوەرن. بەڵام خەڵکەکە ئەمەی لێ دەیشارنەوە و، وای پیشان دەدەن سەقاڵی کاری خۆیانن.

بەزەییشی بەو کەسانەدا دەهاتەوە، کە لە خۆشەویستییەکەی ئەو بێئاگان و، لەو بەختەوەرییە بێبەشن. ئارەزووی بوو چیرۆکی خۆشەویستیی خۆی بۆ هەموو ئەو کەسانە بگێڕێتەوە، کە دەیبینین و تێیانبگەیەنێت کە لە خۆشەویستی بەولاوە هەموو ئەو شتانەی تری نێو ئەم جیهانە... هیچ و بێکەڵکن!! کاتێک دەیانویست باسی کارێکی بۆ بکەن، کە بۆیان کردووە. یان لای ئەودا حوکمیان بەسەر بابەتێکی گشتیدا دەدا، لەبارەی دەوڵەتەوە، یان لەبارەی شەڕەوە و، بڕیاریان دەدا کە ئەم چارەسەر، یان ئەو چارەسەرەیان خەڵکیی ئاسوودە دەکات. پییەر بە زەردەخەنەیەکەوە گوێی لە قسەکەرەکە دەگرت و، بە سەرنجە سەیرەکانی خەڵکەکەی تووشی سەرسوڕمان دەکرد.

هەموو ئەوانەیشی کە خۆیان بە شارەزا دەزانی لە ژیاندا، بە لای ئەوەوە داماو و نەزان بوون! چونکە نە تێیان دەگەیشت و، نە ئەوانیش لە پییەر دەگەیشتن. هەموو فایلی ژنە مردووەکەی خۆی پشکنی و، بەرامبەر بە ئەو هەستی بە هیچ بیرەوەری و سۆزێک نەکرد. بەزەیی ئەوەیشی پێیدا دەهاتەوە، کە چیژی لە ژیانی وەرنەگرتووە و، نەیزانیوە خۆشەویستی بکات و، وەکوو خۆی چێژ لە ژیان وەربگرێت!

میر ڤاسیلییش هەموو شانازییەکی زۆری بەو مەدالیایەوە بوو، کە وەریگرتبوو و، بەو پۆستە نوێیەی کە پێی سپێردرابوو!!

بەشی بیست و یەکەم
ددان پیانانەکانی ناتاشا

هەر لەو ئێوارەیەوە ناتاشا دوای ڕۆیشتنی پییەر، بە بزەیەکەوە بە خاتوو ماریی وتبوو: "پییەر بە خۆی و سەرە داهێنراو و بەرگە فەرمییەکەیەوە، دەتووت تازە لە گەرماو هاتووەتە دەرەوە!" هەستی کرد بوو، کە شتێکی نهێنی لە ناخیدا پەیدابووە و، لە گەشە و جوڵەدایە و، ناتوانێت کپی بکاتەوە. ڕوخساری گەشاندووەتەوە و، ڕەنگو ڕووی پرشنگدار کردووە. بووژاندنەوە بە دەروونییەوە و، ئومێد پەیداکردن بە ژیانی پێوە دیارە! وەکوو ئەوەی هەرچییەکی بەسەرهاتووە، بیری چووبێتەوە، وابوو!

لەوکاتە بە دواوە سکاڵای لە خۆی و ژیانی خۆی نەدەکرد. بۆ جارێکیش گلەیی لێ نەبیسترا و، تەقەلای دەدا، وا بدوێت کە ڕابردووی بیر نەکەوێتەوە. زۆر کەم لە بارەی پییەرەوە دەدوا. بەڵام کە خاتوو ماری، ناوی پییەری دەهێنا و، باسی ئەوی بۆ دەکرد، وەکو پشکۆی ژێر خۆڵەمێش دەگەشایەوە و، بزەیەکی قەشەنگی نامۆ، دەچووە سەر لێوانی. لەسەرەتادا خاتوو ماری سەری لەو ئاڵوگۆڕە دەروونییەی ناتاشا سوڕمابوو! دواتر لە هۆیەکەی گەیشت و، بەو بارودۆخە پەژارە دایدەگرت.

کەوتە بیر کردنەوە لەو ئاڵوگۆڕەی ناتاشا و لەدڵی خۆیدا وتی:

"بڵێی خۆشەویستییەکەی بۆ براکەم: ڕووکەش بووبێت ، وا بە ئاسانی ئەوی بیرچووەتەوە!؟"

بەڵام کە لەگەڵ ناتاشادا پێکەوە دەبوون، لۆمەی نەدەکرد. چونکە ئەو هێزە بزاوتەی ئەوی داگیرکردبوو، لە سەراتایدا بە ئاسانی ڕکێف نەدەکرا. تەنانەت خاتوو ماری وا بیری دەکردەوە کە لە دەروونی خۆیشیدا بۆی نییە... بەرامبەر خۆشەویستی و شوو کردنەوەی، لۆمەی ناتاشا بکات.

ناتاشایش خۆی دابوو بە دەست ئەو هەستە نوێیەی خۆیەوە و، رووی خۆش و گەشانەوەی و، بەختەوەریی خۆی نەدەشاردەوە. دوای ئەوەی خاتوو ماری لەگەڵ پییەر ڕێکەوت و گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. ناتاشا چوو بۆ لای و، لە دەم دەرگاکەیدا وەستا.بەپەرۆشەوە لێی پرسی"ئاخۆ،ئەوە دەزانیت؟ بەڵێ دەزانیت؟

گەشبینەکی خەماوی ناتاشای زەوت کرد و، داوای لێبووردنی کرد و وتی: "ویستم لەپشت دەرگاکەوە گوێتان لێ بگرم. بەڵام ئەوەم نەکرد چونکە دەمزانی دواتر قسەکانم بۆ دەگێڕیتەوە. "هەرچەند خاتوو ماری هەستی بە پەرۆشی و سۆزی ناتاشا دەکرد، بەڵام سەرەتا ئازاری بەو هەڵوێستە چەشت و، بەزەییشی بە ناتاشادا دەهاتەوە. ناتاشایش لای خۆیەوە براکەی ئەو و خۆشەویستییەکەیی بیرکەوتەوە.

ماریش ئاوا کەوتە بیرکردنەوە: "من چی بکەم؟ ناتوانێت بەم شێوەیە نەبێت و مافی خۆیشییەتی!"

خاتو ماری بەشێوازێکی خەماویەوە، کەوتە گێڕانەوەی قسەکانی پییەر لە بارەی ئەوەوە. ناتاشایش پێی سەیر بوو، کە پییەر سەفەری پێترزبۆرگ دەکات!

وەکو ئەوەی تێنەگەیشت بێت، دووبارەی کردەوە،"بۆ پێترزبۆرگ؟"

بەڵام کە بینینیی پەژارە خاتوو ماریی داگرتووە، وا بۆی چوو کە خەم لە برا لەدەستچووە عاشقەکەی خۆی دەخوات و، ئەمیش دایە پرمەی گریان.

ناتاشا لێی پرسی:

"ماری گیان تۆ پێم بڵێ: پێویستە چی بکەم؟ من خەمی ئەوەمە کەسێکی خراپ دەربچم! پەیمان بێت چۆنم ئامۆژگاری بکەیت، وابکەم. فەرموو فێرم بکە چی بکەم"

خاتو ماریش لێی پرسی،"ئەو پییەرەت خۆشدەوێت؟"

ناتاشایش بە چرپە وتی: **بەڵێ**.

کە فرمێسکی بە چاوانی ناتاشاوە بینی لە پێکەنینەکەی خۆشبوو و لێی پرسی:

"کەوابوو بۆچی دەگریت؟ من لای خۆمەوە، بەم کارەی تۆ بەختەوەرم!"

ناتاشایش وتی: "هەرچەند ئەم کارە خێرا پێکنایەت و، پێیدەچێت... بەڵام بیر لەو بەختەوەرییە بکەرەوە، کەوا داماندەپۆشێت، ئەو دەمەی من دەبمە هاوسەری پییەر و تۆیش دەبیتە هاوسەری نیکۆلا."

خاتوو ماریش وتی،"ناتاشا.. زووتریش ئامۆژگاری تۆم کرد کە لەبارەی نیکۆلاوە قسە مەکە. ئێستا کاتی باسکردنی شووکردنەکەی تۆیە."

هەردوکیان بێدەنگ بوون.

لە ناکاو ناتاشا دەستی کردەوە بە قسە کردن:

"بەڵام بۆچی پییەر سەفەری پێترزبۆرگ دەکات؟"

بەڵام هەر خۆیشی زوو وەڵامی خۆی دایەوە:

"نەخێر! نەخێر! دەبێت ئەو سەفەرە هەر بکات... وانییە ماری؟"

پاری پێنجەم

بەشی یەکەم
سەرزەنشتکاران و پیاهەڵدەران

دوای حەوت ساڵێک، چیرۆکی میژووی هەڵچوونە مرۆڤایەتییەکە، شێوەی هێوری خۆی وەرگرتەوە. بەڵام ئەو هێزە شاردراوەیەی کە مرۆڤایەتی، دەبزوێنێت، هەر بە نەزانراوی مایەوە. چونکە لە یاساکانی جووڵە نازانین! هەرچەند رووکاری سەرەوەی ئەو دەریایە و، چیرۆکەکەی میژوو کپ و وەستاو بوو. بەڵام مرۆڤایەتی سەرومڕی جووڵەی بێ بڕانەوە بوو و، هەروایش بووە.

ئەو رەوە، چەندین کۆڕ و کۆمەڵی، لە مرۆڤ پێکهێنا و، بۆ پێکهێنانی دەوڵەتان و، رەوی گەل و نەتەوەکان چەندین هۆکاریشی هێنایە ئاراوە.

چیرۆکی میژوو وەکوو، جارانی نەبوو. لە ناکاو و کتوپڕ، شەپۆلی خۆی لەم کەنارەوە بۆ ئەو کەنار بە مرۆڤ دا و، لە ناوەوە دەکولا! کەسایەتییە میژووییەکان وەکوو جاران شەپۆلەکانی بە کێش نەدەکرد، لەم کەنارەی زەریاوە بۆ ئەو کەناری زەریای میژوو. بەڵکوو لە شوێنی خۆیدا دەخولایەوە. ئێستا ئەو جووڵە میژووییانە، لە ڕێ و جێی سیاسەت و، کارە دبلۆماسییەکان و یاسا نێو دەوڵەتی و پەیماننامەکانەوە دەکرێن.

میژوونووسان بە چالاکیی ئەو کەسایەتییە میژوویانە دەڵێن پەرچە کردار. ناسراوەکانی سەردەم هەر لە ئەسکەندەرەوە تاکوو ناپلیۆن و، خاتوو دۆشتال و "ڤۆسیۆس"[1] و

---

١ ـ ڤۆسیۆس: بەتریاک بووە لە قوستەنتینە و کەسێکی بوێریش بووە.

شـیلنبگ[1]و "فیختـه[2]" و "شـاتوبریان[3]" و، ئـەوانی تـر، لـە بـەردەم دادوەردا بێتـاوان دەردەچوون... یان بە گوێرەی ئەو بەشداریەیان لە ئاڵوگۆڕەکەدا و، ئەو پەرچەکردارەی هەیانبووە، حوکم دەدران.

بە گوێرەی بیروڕای میژوونووسان، پـەرچەکردار لە رووسیا خۆیدا و، لەو سەردەمەدا وابوو، کەوا بـەرپرسی یـەکەم ئەلکسـەندەری یەکـەم بـووە. کە هـەر ئەو هاندەری یەکـەم بووە بۆ رزگار کردنی رووسیا.

ئەمڕۆیش لە نێو ئەدەبی رووسیدا هـەر لـە قوتابییـەکی ساکارەوە، تـاکو شـارەزاترین میژوونووس، کەسێک نـەبووە سـەرزەنشتی ئەسـکەندەری یەکـەم نـەکات! ئـەویش بـە هـۆی ئەو هـەموو هـەڵانەوە بووە، کە لەو دەمەدا رووياندابوو.

دەبـوو بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان بجوڵایەتـەوە و، باشـترین مامەڵـەی لەگەڵ ئـەو رووداوانەدا بکردایە. لـە سـەرەتـای حوکمیدا و، لـە (١٨١٢)دا مامەڵەکانی فـرە بـاش بـوو. بـەڵام دواتـر مامەڵـە کردنـەکانی خـراپ بـوون. لەوانـە: مۆڵەتـدان بـە پۆلۆنیـا بـە دانـانی دەستوور بۆ خۆیان و، وەدیهێنانی هاوپەیمانی پیرۆز.. دەست والا کردنی ئاراکتیشیف و بـاڵا کردنـی دەسـەڵاتەکانی تـری ئـەو پیـاوە. پشـتگیری کردنـی جۆلبیسـتن و مەزهـەبی سۆڤیگەرایەتی و، هاندانی شیشکۆف و ڤۆسیۆس.

ئەوەیشی بە باش نەزانرا، کە هەموو بایەخێکی لە راهێنانی سـەربازیدا چڕ کردبووەوە و، فەیلەقی سیمینۆفسکیی هەڵەوەشاندەوە.

ئەو ڕەوشانەی کەوا میژوونووسان تێیدا پشتگیرییان لـە ئەسـکەندەری یەکـەم دەکـرد ـ مەبەستم ئەو رزگاری و ئازادییە بوو، لە سەرەتای حوکم کردنیدا کردی و، ئـەو خەباتـەی دژی ناپلیۆن و، ئەو خۆراگرییەی سالانی ١٨١٢ و ١٨١٣، کـە زەمیـان دەکـرد بـەو بەسـتنی هاوپەیمانی پیرۆزە و، گەڕانەوەی مولک بۆ پۆلۆنیا لە سەرچاوەیەکی وەکوو کەڵچـەر و رووناکبیری و، مەرجـە بۆماوەییەکانـەوە پەیدا نـەبوو بـوو. هـەر ئەمانـەیش بیـرو ژیریـی ئەلکسەندەری یەکەمیان لە چێوە نەدا!؟

ئەو زۆرداری کردنە لە سەر ئەم بنەمایانە بوون:

"کەسێکی میژوویی وەکوو ئەلکسەندەری یەکەم، کرابووە سـەرگەورەی مرۆڤایـەتی. لـە شوێنێکی وا دانرابوو، کە هەموو تیشکەکانی لەسەر بوو. کەسایەتییەک کە لەژێر رکێفی بە هێزتـرین کاریگـەریی جیهانـدا بـوو. ئـەو کاریگەرییـەی کـە لـە هـەموو حوکمڕانییەکـەدا دەبینرێتەوە و بریتین لە: پیلانگێڕان... درۆ... پیاهەڵدان... خۆبیرچوونەوە... هتد.

---

١ ـ شیلبنگفەیلەسووفێکی ئەڵمانی بووە.

٢ ـ ژان ژونلیب فیختە:فەیلەسوفێکی ئەڵمانی بوو.

٣ ـ فیگۆنت فراسوا رۆنیە شاتوبریان: نووسەرێکی فەرەنسی.-

لۆمە کردنی میژوونووسانیش هەر بەم لایەنانەوە ناگیرسێتەوە. چونکە تیلە چاوێکی دی هەیە بۆ بەختەوەریی کۆمەڵی مرۆڤ.

ئەم گریمانەیەش سروشتییە و مشتومڕی لەسەر ناکرێت. ئەگەر سەرنج لە پەڕەی میژوو بگرین، دەبینین گۆشەنیگا بۆ بەختەوەریی مرۆڤ سالا لە دوای سالا دەگۆڕدرێت و جیاواز دەبێت. هەروەها لە میژوونووسێکەوە بۆ میژوونووسێکی دی دەگۆڕدرێت و، بە شێوەیەک ئەوەی کە میژوونووسێک بە هەنگاوی میژوویی چاک دایدەنێت. دوای دە ساڵی دی بە خراپ دەکەوێتەوە و پێچەوانەکەیشی هەر راستە.

لەوەیش زوونتر بیروڕا بڵاوکراوەکانی میژوونووسێک بە درێژایی چەند ساڵێک دروست دەبێت و، دواتر کە بەراورد بکرێنەوە دژ بەیەک دەوەستنەوە، لە بەرامبەر روانینی ئەو میژوونووسە بۆ چاکە و خراپە!

ئەوەتا بڕێک لە میژوونووسان وەسفی ئەلکسەندەری یەکەم دەکەن، بۆ ئەو دەستوورەی بە پۆڵۆنیای بەخشی و ئەو هاوپەیمانییە پیرۆزەی کە مۆری کرد، لە کاتێکدا بڕێکی تری میژوونووسان بە تاوانی دادەنێن.

ناتوانرێت بەچالاکییەکانی ئەلکسەندەری یەکەم، یان ناپلیۆن بوترێت زیانبەخشە، یان سوودبەخش، چونکە سەختە چونییەتیی ئەو چالاکییانە بخرێتە روو. ئەو چلاکییانە بەلای بڕێکەوە پەسەند نییە، هەر لەبەر ئەوەی لەگەڵ بڕی رۆشنبیریی ئەو بڕەدا نایەتەوە، کە بەرامبەر خێر و چاکە هەیانە.

گریمان ئەلکسەندەر توانای چالاکی نواندنی زیاتری بووە لەوەی کە کردوویەتی. گریمان توانای جێبەجێ کردنی ئەو ڕێنماییانەیشی بووە، کە ئەوانەی تاوانباریان دەکرد، دەیانداو وایان پیشان دەدا کە ئامانجی سەرەکی پێ دەزانن. ئەو ئامانجە سەرەکییەی کە مرۆڤایەتی بە تاسەیەوە بوو. گریمان ئەم پرۆگرامی چاودێریی بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئازادی و یەکسانی و پەگرتنەی ـ کە هیچ شتێک بەهێندەی ئەمانە سووربوون لەسەریان نییە وەکو ئەوەی بەدەرەوەوەیە لە نێو خەڵکیدا ـ کە دانەرانیان لە پرۆگرامدا ئەمڕۆ چاوەڕێن، گریمان ئەم پرۆگرامەیان لە توانایدایە کە جێبەجێ بکرێت و ئەلکسەندەر لە سەری ڕۆیشت. ئەی چالاکی ئەو کەسانەی تر، چییان بەسەر دێت کە بەرەنگاری دەبنەوە، بەتایبەتی کە دەبینن حکومەت جێبەجێی دەکات و میژوونووسان بە بە سوودی دەزانن؟ ئەو چالاکییانە چین، تاکوو ببن؟ ئەم ژیانە چییە تاکوو ببێت؟ ئەی چی ڕووی دەدا؟ گریمانی ئەوەی کە ژیانی مرۆڤایەتی لە توانایدایە بە هۆی ژیرییەوە بەڕێوە بچێت، ئەوە لە خۆیدا نکوڵی کردنە لە تواناکانی ژیان خۆی.

بەشی دووم
دوو هۆکاری: ڕێکەوتو بلیمەتی

گریمان ـ هەروەکو بەرنامەی مێژوونووسانیشە ـ کە پیاوانی مەزن سەرکردایەتیی مرۆڤایەتی دەکەن، بەرەو ئامانجە بەرچاوەکان. ئیدی بۆ مەزنیی ڕووسیا بێت، یان فەڕەنسا، یان هاوتابوونی ئەورووپا، یان بۆ پەرەگرتنی جیهان، یا هەر ئامانجێکی دی، کەوا بکات شیکردنەوەی مێژوو، بەبێ پەنابردنە بەر هەردوو هۆکار و پاڵنەرەکانی "ڕێکەوت" و "بلیمەت"ی مەحاڵ بێت. ئەگەر مەبەست لە شەڕەکانی ئەورووپا لەم سەدەیەی ئێمەدا، مەزنکردنی ڕووسیا بوایە. لە توانادا بوو بەو ئامانجە بگەیشتنایە و، بە بێ ئەو شەڕانەی بەر لە داگیرکاریەکان و، تەنانەت لە داگیرکاریەکانیشدا.

گەر مەبەستیش مەزن کردنی فەڕەنسا بوایە. ئەوا دەتوانرا بە بێ شۆڕش و مۆڵکایەتییش هەر بەو ئامانجە بگەیشتنایە! خۆ ئەگەر مەبەستیش بڵاوکردنەوەی چەند بیرو فەلسەفەیەکیش بوایە، ئەوا چاپخانەکان لە تونایاندا بوو، زۆر سەرکەوتوانەتر لە سەربازان ئەو بیرو فەلسەفانە بڵاو بکەنەوە.

ئەگەر مەبەستیش پەرەی شارۆیی بوون و، گەشەی شارستانییەت بووایە، ئەوا لە توانادا بوو، بە بێ هیچ سەختی و نارەحەتییەک، پێشوازی لەو پەرەگرتنە بکرایە. چەند هۆی سەرکەوتوو هەبوو، بۆ شارۆیی بوون و، پەرەی مەدەنییەت و زۆر لەو بە فیڕۆدانەی سامانی خەڵکان بە شێوەیەکی باشتریش.

کەوا بوو بۆ کارەکان بەو جۆرە کەوتنەوە و، بە شێوەیەکی تر نەکەوتنەوە؟ چونکە بۆ خۆی لە خۆیدا واکەوتەوە. ڕێکەوت فلان هەڵوێستی هێنایە ئاراوە. بلیمەتییش ڕیکەوتەکەی

قۆستەوە و، بەکاری برد. مێژوویش هەر ئەمە دەڵێت.

بەڵام ئەی **رێکەوت**: لەخۆیدا چییە؟ بلیمەتی چییە؟

دوو زاراوەی: رێکەوت و بلیمەتی، شتێک ناگەیەنن لە بووندا و، بوونیان هەبێت. هەر بۆیەش ناتوانرێت دیاری بکرێن. ئەو دوو زاراوەیە، لە تێگەیشتنێکی سنووردار لە چێوەی دیاردەیەک بەولاوە، هیچی تر ناگەیەنن.

من.نازانم بۆ ئەو دیاردەیە، یان ئەمەیان دەرکەوت؟ پێم وابێت ناشتوانم هۆیەکەی بزانم، تاکوو دواتر هەستی پێ بکەم. بۆیە بەوە دەڵێم: رێکەوت.

هێزێک دەبینم، کە ئاسەوارێک لەسەر شوێنێکی بەرچاو بەجێ دەهێڵێت: کە لەگەڵ توانای مرۆڤدا گونجاوبێت و، هۆکارەکەی نەزانراو بێت، پێی دەڵێم: بلیمەتی. گەر خاوەن رانە مەڕەکە بزانێت کە خواردن پێدانەکەی بەو مەڕانە و تێر کردنیان، بە مەبەستی قەڵەوبوونیانە: ئەوا لەبەر ئەوەی هۆی قەڵەو بوونی ئەو مەڕانە دەزانێت، کەوابوو پەنا ناباتە بەر رێکەوت و بلیمەتی و، بڵێت ئەوە رێکەوت و بلیمەتییە! هیچ هەڵەفەگیریەکی مەنتیقی لە ژیانی کەسایەتییە مێژووییەکاندا نابینرێت بە بێ وەلاوەنانی ئاسینی ئامانجی نزیک و زانراو، دانمان بەوەدا نا کە ئامانجی کۆتا نەزانراوە. ئا لێرەوە جیاوازیی هەڵس‌و کەوتو چالاکیی دەردەکەوێت. ئیدی پێویستیمان بە رێکەوتو بلیمەتی نییە. هێندە بەسە کە گریمانی ئەوە هەیە، هەڵچوونی گەلانی ئەوروپا بە لامانەوە ئاشکرانییە. رەوی رۆژئاواییەکان بەرەو رۆژهەلاتو، رۆژهەلاتییەکان بەرەو رۆژئاوا کاکڵەی روورداو و ئامانجەکانن. ئەو کاتە بەشێک نییە لەوانەی وەکوو **بلیمەتی** لە ناپلیۆن و ئەلکسەندەردا بین. پێویستیشمان بەوە نییە، وەکوو کەسایەتییەکی جیاواز لە کەسانی تر، لە ناپلیۆن و ئەلکسەندەر بڕوانین. پێویستمان بەوەیش نییە کە سادەترین و بچووکترین رووداویش بدەینە پاڵ رێکەوت، لەو دوو پیاوەدا کە تێیاندایە. بەڵام ئەو سادەترین رووداوانەیش پێویستییەکی پێویست بوون. هەروەها مەحاڵە دوو پیاوی تر بدۆزینەوە، کە بەو وردی و سیفاتانەی ئەو دوانەوە بن و وەڵامدەرەوەی ئەو سەردەمەی ئەوان بن.

لە کاتێکی لەم جۆرەدا پێویستمان بەوە نییە، شتەکە وەکوو بلیمەتی یان جۆرێک لە بلیمەتی ببینین، یان ناپلیۆن و ئەلکسەندەر، بە کەسانی تایبەتمەند و جیا لە مرۆڤ ببینین.

پێویستیش ناکات بۆ هەر رووداوێکی سادە و کەمبایەخیش، کە ئەو دوو پیاوە دەیکەن، پەنا بۆ رێکەوت ببەین و، بە هۆیەوە شی بکەینەوە. بەڵکوو دەبێت بە جۆرێک لەو رووداوانە بڕوانین: کە ئەوانە: پێویستییەکی پێویست بوون. ئەگەر رووبشمان لە دداننان بە ئامانجی سەرەکیدا وەرگێڕا، ئەوا تێدەگەین کە وەکوو چۆن چاوەڕێی بەرو تۆوێکی چاکتر ناکەین، لە رووەکێک کە خۆی وەبەری دێنێت. ئاوایش مەحاڵە بەرچاوی خۆمانی بخەین، کە هیچ دوو کەسێکی تریش بتوانن وەلامی زۆر وردی هۆکاری ئەو رووداوانە بدەنەوە، کە خۆیان پێی هەستاون.

بەشی سێیەم
کورتەیەک لە بارەی ناپلیۆنەوە

واتـای قـوولّی رووداوەکـانی ئـەوروپا، لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا، لـە بزووتنـەوە شۆڕشـگێڕییە میللیەکەیـدا: هێرشـی جـەماوەری رۆژئـاوا بـووە بـەرەو رۆژهـەلّات و، رۆژهەلّاتییـەکانیش بـەرەو رۆژئـاوا. هێرشـی رۆژئاواییـان بـەرەو رۆژهـەلّات، بـەرایی ئـەو هێرشانە بوو.

جا تا پەلاماری رۆژئاواییان، بگاتە مۆسکۆ لە سەریان پێویستبوو:

١ ـ کە لە نێو خۆیاندا یەک بگرن و، ببنە یەک پارچەی هێرشبەر، تاکوو بتوانن خۆیان لەبەر شەڕو بەرەنگاربوونەوەی رۆژهەلّاتییەکاندا بگرن.

٢ ـ دەبوو هەموو باو و نەریتەکانی خۆیان وێلّا بکەن و، پشتگوێی بخەن.

٣ ـ بۆ ئەوەی هێرشەکەیان بە ئامانج بگەیەنن، دەبوو سەرکردەیەک رابەر بێت. کە لە کاتی هێرشەکەیاندا تالّان و راووڕووت و کوشت و بڕ، حەلّالّا بکات.

یەکـەم: گردبوونـەوەکانی سـەردەمی کـۆنی سـوپا کەمبایـەخ بـوو و، لـە فەڕەنسـا بـە یـەکجاری شـۆڕش لەبەریـەکی هەلّوەشـاندو، بـاوو نەریتـە کۆنینـەکان تێـداچوون. گـرد بوونەوەی نوێ و، باو و نەرێتی نوێ، هاتـە ئاراوە و، لـە ئەنجامـدا ئـەو پیـاوە رەخسـا، کـە سـەرکردایەتیی بزووتنـەوەی داهـاتوو بکـات و، بەرپرسـیارێتیی رووداوەکـان لـە ئەسـتۆ بگرێت.

ئەو پیاوەیش بێ بەلّگە و بێ پێشینە و، بێ ناوو نیشان و، تەنانەت، فەڕەنسـییش نـەبوو و، لـە کاتی بزووتنـەوە و جموجوولّی حیزبەکاندا و، لەبارو دۆخێکی زۆر نـامۆدا، دزەی کردە نێو ریزەکانی پێشەوەی سەرکردەکان و، بێ ئەوەی سەر بە هیچ پارتێک بێت، خـۆی سەپاند.

نەزانینی یاوەرانی و، رسوایی و لاوازیی دوژمنانی و، بێ چاو و رووی خۆی و، بیرتەسکیی ئەو پیاوە لەخۆباییە خۆی، وای کرد ببێتە سەرکردەی سوپا. بەهای سوپای ئیتالّی و دووەپەرێز بوونی دوژمنانی ناپلیۆن خۆی و، گالّتەپێهاتنی لووتبەرزییە منالانەکەی، وای بۆ رەخسان کە سەرکەوتنی سەربازی وەدەست بێنێت. رێکەوتنێکی فرەی هەمیشە بە شوێنەوە بوو. بەلام نە لە رووسیادا و نە لە تورکیادا، پالّپشتی نەبوو. لە کاتی شەڕەکەی ئیتالّیادا، لە مەترسیی کۆتایی هاتنییەوە نزیک بووەوە. هەر جارە و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، رزگار دەبوو.

کە لەئیتالیایش گەڕایەوە بۆ پاریس، سەرنجیدا حکومەت لەباری لەبەریەک هەڵوەشاندنداید و، پۆستدارانیشی لە تیاچوونێکی بێ سن و دووداڵ.

لە ناکاو هۆیەک وەکوو قارچک هەڵدەتۆقێت، بۆ رزگار بوون لەو مەترسیبە کۆمەڵە نێردراوێکی بەدواداهاتووی دوورخراوە، بۆ ئەفریقا و سەرلەنوێ رێکەوت دەبێتە هاوڕێگای.

ئەو مالّتایەی کە بە بەرگریکاری سەخت و بە توانا بەناوبانگ بوو، بێ ئەوەی فیشەکێک بتەقێنێت، خۆی بە دەستەوەدا! ئەو بڕیارانەیشی کە ترسناک بوون، سەرکەوتنیان دەستەبەر کرد. کەشتییەلی دوژمن، کە مۆڵەتی نەدەدا، تەنانەت بەلەمێکیش تێپەڕێت، ڕێی بۆ سوپایەکی مەزن کردەوە، بۆ تێپەڕ بوون. ئەوان وا بۆی چووبوون، کە ئەوانەی ئەو خراپانەیان بەرپا کردووە و لە سەروو هەموویانەوە سەرکردەکەیان، زۆر چاکن و، شایستەن و، لە وێنەی قەیسەر و ئەلکسەندەری مەکدۆنین.

ئەم نموونە بالّایەی سەرکەوتن و مەزنییە، کە لەسەر گومان دروست نەبووە و بەس. نەکوو شتی خراپ بە دوای خۆیدا ناهێنێت، بەڵکوو شانازیش بەو تاوانانەوە دەکرێت کە هیچ شیکردنەوە و پالّنەرێک بۆ ڕوودانیان هەڵناگرێت. ئەو پێشەنگییە و نموونەییەی ئەو پیاوەی تووشی وەسوەسە کردبوو.

لە ناوچەی ئەفریقادا، ئەمە گەشەی سەندبوو. چونکە لەو شوێنە هەر بڕیارێک پیادە کرابوو، سەرکەوتنی بە دەست هێنابوو. نەخۆشیی تاعوون سواری کۆڵیان بوو و، هیچ تاوانێکی کوشتنی دیلەکانی نەدرایە پاڵ. گەڕانەوەی سوپاکەی لە ئەفریقا و، بە سوتاندنی ئەو ناوچەیە وای کرد، دەرەجەدارانی دەوروبەری جێی بهێڵن و، ئەمەیش بە سوود بۆ ناپلیۆن گەڕایەوە.

سەرلەنوێ کەشتییەلی دوژمن ڕێی بۆ چۆڵ کرد و، بۆ دووەم جار لە تیاچوون قوتار بوو. سەری سەرخۆشی سەرکەوتنە پڕ تاوانەکانی بوو و، گەیشتە پاریس و ئامادەی ئەوە بووەوە، کە رۆڵی خۆی ببینێت و، ئامانجێکی دیاریکراویشی نەبوو. گەندەڵ بوونی حکومەتی سالّێک پێش گەیشتنی، لەوەبوو ببێتە هۆی تیاچوونی. دوورکەوتنەوەیشی لە

پارتەکان، تەنیا بۆ دەرخستنی تایبەتمەندیەکانی خۆی و بەرز کردنەوەی پۆستەکەی بوو.

هیچ پلانێکی بۆ کارەکانی نەبوو و، لە هەموو شتێک دەترسا. بەڵام پارتەکان خۆیان بەودا هەڵدەواسی و، داوای یارمەتییان لێ دەکرد. چونکە ناپلیۆن بۆ خۆی ببووە پیاوی باڵا و نموونەی مەزنیی بوو و، لە ئیتالیا و ئەفریقیاو میسردا پێی ناسرابوو. لە کاتێکدا خۆپەرست و رسوا و سڵنەکەر لە تاوان بوو و، هەر خۆیشی رووداوەکانی دەهێنایە ئاراوە.

ئەو پیاوی پێویستی ئەو شوێنە بوو، کە چاوەڕوانی بوو. ئەمەیش زۆر جاران و لە زۆر باردا، بە ویستی خۆی نەبوو. وەنەبێت خاوەن پلان و بە ورەیش بووبێت. هەموو جووڵە و تەقەلاکانیشی بۆ گەیشتن بوو، بە کورسیی دەسەڵات و، بەڕێوەبردنی وڵات و، تەقەلاکانیشی سەری گرت و، پەلکێشی یەکێک لە کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبەرانی حکومەتیان کرد.

کەچی سڵەمیەوە و پێی وابوو، تیاچووە و، وای پیشاندا کە هێڵنج دەدات و لەوەیشە بڕشێتەوە ـ کەچی بەڕێوەبەرانی ئەو کۆڕە کە شانازیان پێوە دەکرد، پێیان وابوو، بەو خۆدزینەوەیەی ناپلیۆن، ئەوان تێداچوون و، ئەم قسەیەیان بە دەمەوە گرتبوو.

ئەوە بۆ خۆی رێکەوت بوو، یان بە ملیۆن رێکەوت بوو و، سوڵتانیش خۆی بە دەستەوە نەدابوو و، خەڵکیش دەیگوت، وەکو ئەوەی خۆیان بە دەست وشەیەکی نهێنییەوە دابێت وابوو و، هەموویان کاریان بۆ جێگیرکردنی ئەو سوڵتانە بوو. ئەوانە هەموویان رێکەوت بوون.

ئەوە رێکەوت بوو، کە دۆق "دانجیان"[1]ی خستە ژێر رکێفیەوە و، وای کرد کار بۆ کوشتنی بکات. رەشەکوژیی خەڵکەکەیش وا تێبگەیەنێت کە تاکوو دەسەڵات و هێزی لە ژێر دەستدا بێت، لە هەموو بڕیارەکانیدا، رەوایە.

ئەوە رێکەوت بوو، کە بە هەموو توانایەوە، بەرەنگاری ئنگلتەرە ببێتەوە، گومانی تێدا نەبوو کە ئەو بەرەنگاربوونەوەیە، دەبووە هۆی لەناوبردنی خۆی و هەرگیز بەو مەبەستەی خۆی نەدەگەیشت، ئەگەر خۆ بە دەستەوەدانی لە ناکاوی "ماک"[2] و سەربازە نەمساوییەکان، بە بێ شەڕ و تەقە، بە ناپلیۆن نەبوایە.

ئەمەیش رێکەوت و بلیمەتی بوو، کە سەرکەوتنیان لە ئۆستەرلییز پێ بەخشی. هەر بە رێکەوت بوو، کە هەموو خەڵکان و نەک هەر فەرەنسییەکان، بەڵکوو هەموو ئەوروپا جگە لە ئینگلتەرە، کە لە هیچ لە رووداوەکانی ئەو رۆژەدا بەشداریان نەکردبوو، ئەو هەموو خەڵکانەی ئەوروپا لەگەڵ ئەوەیشدا کە ترسیان لە ناپلیۆن هەبوو و، رقیان لە تاوانەکانی

---

١ ـ دۆق دانجیان "کوڕی نویس هینری یە.

٢ ـ زووتر وتمان ژەنەڕاڵێکی نەمساوی بوو، خۆی ٣٠٠٠٠جەنگاوەری دا بە دەست ناپلیۆنەوە!

ناپلیۆن بوو، ددانیان بە دەسەلاتی ئەودا ناوە و، ئەو نازناوی ناپلیۆنەی: کە هەر خۆی لە خۆی نابوو و، ئەو فەلسەفەیەی هەیبوو لە بارەی مەزنی و بالابوونەوە، بە قەشەنگ و پەسەندیان دەزانی.

وەکو ئەوەی هێزەکانی رۆژئاوا بیانەوێت پێش وەختە، جوولەکانی داهاتووی ناپلیۆن تاقی بکەنەوە: چەند جارێک رووە و رۆژهەلات بوونەوە و، لە سالەکانی (١٨٠٥) و (١٨٠٦) و (١٨٠٧) و (١٨٠٩) دا، هەر جارە و بەهێز و ژمارەی فرەترەوە، بەرەو رۆژهەلات بوونەوە. لە (١٨١١)دا ئەو قەبارە سەربازییە لە قەبارەیەکی زۆر قەبە و بەرفراوانی میللیی گەلانی ناوەندی ئەوروپادا توایەوە. تاکوو ئەم قەبارەی سەربازییەی ئەوان فرەتر ببوایە بیانووی هەلس و کەوتی ئەو پیاوەیش کە سەرکردە بوو، لە بارتر دەبوو.

لەو دە سالەی ئەو بزووتنەوەیەی تێدا ئامادە کرا، ئەم پیاوە لەگەل سەرانی بە تاجدا، لە ئەوروپا و ئەو دەسەلاتدارانەی جیهان کە دەسەلاتیان لێ زەوت کرابوو کەوتە دانووسان. ئەوانەی نەیاندەتوانی رێگری لە ئامانجی ناپلیۆن و فەلسەفەکەی بگرن، کە لە سەرکەوتن و بالابووندا بوو. کە ئامانج و فەلسەفەیەکی بێ واتا بوو، بە بەراوورد لەگەل ئامانج و فەلسەفەکانی تری ئاساییدا. ئیدی سەرۆکەکان یەک لە دوای یەک شانۆگەریی رسواییان بەرامبەر ناپلیۆن پیشان دەدا.

پادشای بروسیا هاوسەرەکەی خۆی نارد دەرباری ناپلیۆن، تاکوو پاکانەی بۆ بکات و، ئیمپراتۆری نەمسا بەنیعمەت و لالێکردنەوەی زانی، ئەگەر لەسەر نوێنەکەی و ژووری نووستنەکەیدا کچەکەی پێشوازی لە قەیسەرە بکات.

ئەلبای پاسەوانی خەزێنەی نەختینەکانی میللەتان، پیرۆزیی ئایینی ولاتەکەی، لە پێناو بەرز راگرتنی ئەو پیاوە مەزنەدا، کە ناپلیۆن بوو، دەخاتە خزمەتییەوە.

خودی ناپلیۆن خۆیشی چاوی لەو رۆلانەوە نەبوو، کە بیگێڕێت، بە هێندەی ئەوەی دەوروبەرەکەی پەلکێشیان دەکرد بۆی و، بەرپرسیارێتیی رووداوەکانی ئەو کات و داهاتوویشیان دەخستە ئەستۆی ئەو.

هەر ساختە و تاوانێک و ناپاکییەکی سووک بوونی بکردایە، ئەو دەوروبەرەی بەکاری چاک و قەشەنگیان بۆ لە قەلەم دەدا و، باسیان دەکرد. ئەلمانەکان بۆ رازی کردنی ئەو شکستەکەی ئینا و ئاویرستادتیشیان، بە سەرکەوتن بۆ لە قەلەم دا و، ئاهەنگیشیان بۆ گێڕا.

دواتر خۆ ناپلیۆن هەر خۆی بە تەنیا مەزن نەبوو. بەلکوو باو و باپیران و براکان و منالانی ژنەکەی و، مێردی خوشکەکانی و، برای ژنەکانیشی مەزن بوون! هەر کە خۆی ئامادە دەبوو، بۆ شەڕ کردن و، هێرش بردن، ئەو هێزەیشی کە سوپا بوو، ئامادەی پەلاماردان دەبوو.

پاشان داگیرکردن و بەرەو ڕۆژهەڵات چوون و گرتنی شاری مۆسکۆ، کە ئامانجی خۆی بوو پێی گەیشت. پایتەختی داگیر کرد و سوپای ڕووسی تێک و پێک شکاند و، بە شێوەیەک لەوەو پێش ئەوەی لە بەرامبەر هیچ دوژمنێکیدا بۆ نەکرابوو. نە لە ئۆستەرلیتز و نە لە واگرام.

کتوپڕ دوور لەبری ڕێکەوت و تاوەناتاوێک بلیمەتی، کە ناپلیۆنییان لە سەرکەوتنێکەوە، بۆ سەرکەوتنێکی تر دەگواستەوە. چەندین هەڵەفەی زنجیرەی لەبن نەهاتووی ڕێکەوت دژوار و خراپیشی بۆ ڕەخسا. هەر لە هەڵامەتەکەی ناپۆنەوە لە پوورۆدینۆ، تاکوو سەرماو سۆڵە تونەکەی ئەو زستانەوە و، ئەو کێپەی گرانەی مۆسکۆی پێ سووتێنرا. لەبری بلیمەتبوون، گێلی و ڕسواییەکی دەگمەنی ئەوی دەرخست.

داگیرکردن گۆڕدرا بە پاشەکشە بەرەو دواوە و هەڵاتن. لەبری ئەوەی ڕێکەوتەکان لەگەڵیدا بن، دژ بە ویستەکانی ناپلیۆن بوونەوە!

پاشان ڕەوێکی پێچەوانە و ئەمەیان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەستی پێ کرد و، ڕێک وەکوو دەرئەنجامی ڕەوی ڕۆژئاواییەکان بوو بۆ ڕۆژهەڵات! کە لە ساڵەکانی (١٨٠٥) و (١٨٠٦) و (١٨٠٩)دا ڕوویاندا و گەلانی ناوەندی ئەوروپا بەشداریان تێدا کرد. ئەو ڕەوە هەمان خێرایی بە خۆوە بینی و، بە تایبەتی بە نزیک بوونەوەیان لە ئامانجیانەوە. ئامانجی کۆتایی گەیشتن بوو بە پاریس.

دەسەڵاتەکەی ناپلیۆن داڕووخا و، خۆیشی لە حکومەتدا نەما. ئیدی هەر لەو کاتەوە کارەکانی سووک و بێبایەخ بوون و، خۆیشی جێی بەزەیی بوو.

بەڵام بە ڕێکەوتێکی نوێی شیکردنەوە، هەڵنەگر: سەرلەنوێ خۆی لە کارەکەی هەڵدەقورتێنێت. هاوپەیمانان ڕقیان لە ناپلیۆن دەبووەوە و بە هۆکاری ستەمدیدەیی و سەختی ژیانی خۆیان دەزانی. دوای ئەوەی دەسەڵاتی نەما، ئەویش دەیویست خۆی وەکوو دە ساڵا لەوەوپێش: خۆی پێشان بداتەوە.

نەک وەک ئەمساڵی کە تاوانبارێکی لە یاسا دەرچوو، بە خەڵک ناسێنرابوو. بەڵام بەڕێکەوتێکی نامۆیش بێت، کەس بەو شێوە نەیبینی. هێشتا ڕۆڵەکەی کۆتا نەبوو بوو. کەوابوو ئەو پیاوە لە دە ساڵی ڕابردوو و، ساڵی داهاتوویشیدا، وەکوو یەک بوو و، بە تاوانبار دانرا و، لە یاسا دەرچوو.

ئیدی نێردرا بۆ شوێنێکی دوو ڕۆژەڕێی دوور لە فەرەنساوە. کە هەر خوا خۆی دەزانێت چ سوودێکی بۆ ئەوێش هەبوو!

بەشی چوارەم
پەیوەندی نەك مەبەست

ئـەو بزوتنـەوەی گەلانـە بـەرەو کـەنارەکانی ژیـری هـەنگاوی نـا و، بازنـەی شەپۆلەکانی کەوتنە سـەر مـەنگیی ئاوی دەریا و، دیبلۆماتەکان بە سـەر ئـەو شـەپۆلانەوە کەوتنـە مەلـە کـردن. ئـەو دیبلۆماتانـە پێیـان وابـوو خۆیـان ئـەو شـەپۆلانەیان ئـارام کردووەتەوە. بەڵام ئەوە دەریاکە بوو، کەوتبووە شەپۆلدان و دیبلۆماتەکانیش پێیان وابوو کە هەر خۆیشیان بوونە هۆی ئەو هەڵچوونی دەریایە!

بـە هـۆی شـەڕەژاویی هێزەکانـەوە و چـاوەڕوانی شـەڕی نێـوان پاشـایانیان بـووە و دەربازبوونیش لەو شەڕە مەحاڵ بووە. بەڵام خاڵی سـەرەتای هـەڵچوونی ئـەو شـەپۆلە لـە پاریسـەوە نـەبوو ــ وەکـو خۆیـان هەمیشـەیی چـاوەڕێی بـوون ــ بـەڵکوو پـاریس بـووە دوایەمین خاڵی ئەو شەپۆلەی، کە لە رۆژئاواوە دەستی پێکردبوو.

جـارێکی دی ئـەو پیـاوەی فەڕەنسـای کـاول کـرد بـە تـەنیا مایـەوە و، نـە پێویسـتیی بـە کوودەتا و نە بە سـەرباز بوو. تەنانەت پاسـەوانێکی دارستانیش دەیتوانی یەخـەی بگرێت و دەست بنێتە بینەقاقای. هەر بە ڕێکەوت نەک کەس دەستی نەنایە بینەقاقای: بەڵکوو هەموو ئەو کەسانەی تا دوێنێش نەفرەتیان لێ دەکرد و تەنانەت، مانگێک دوای پێشوازییەکەیشیان نەفرەتیان لێ دەکردەوە، پێشـوازیەکی فـرە بـە پەرۆشیشـیان لـێ کـرد! ئیدی ئـەو پیـاوە بـە پێویست مایەوە و، بووە بیـانووی بزووتنـەوەی دەسـتەجەمعییەکان و، ئـەو بزوتنەوەیـەیش ئەمانەی بەجێ هێنا و کاری خۆی بەجێ گەیاند و، دوایین رۆڵی بینی و داوای لـە نوێنـەر کرد بەرگەکەی دابماڵێت و، ئـەو ماکیاجـەی روخسـاری بسـڕێتەوە. چونکە پێویستیان پێی نەمابوو.

چەند ساڵێک تێپەڕی ئەو پیاوە لە دوورگەی تاراوگە و، پەرێز کەوتنەکەیدا، چەند شانۆگەرییەکی پێکەنینهێنی جێی بەزەیی گێڕا، پیلانی دەگێڕا و، درۆی دەکرد بۆ کارەکانی و سوودێکیش لە بڕو بیانوو هێنانەوەکەیدا نەبوو. بەهای خۆی دەزانی، چ کەسێکە. لە کاتێکدا دەستێکی شاردراوە و نادیار و پاڵنەر، پێشەنگی بوو.

دوای ئەوەی رۆڵەکەی خۆی بینی، نوێنەرەکەیش بەرگی دامالّی. دەرهێنەریش ئەکتەرەکەی نیشان داین...

ـ فەرموو لەو کەسە بڕوانن کە بڕواتان پێی بوو! ئەمە خۆیەتی! ئێستا بینیتان کە ئەو کەسەی ئاراستەتان دەکات، ئەو نییە و منم!؟ بەڵام ئەو پیاوانەی هێز و دەسەڵاتی ئەو، کوێری کردبوون و، شەپۆلیان دەدا بۆ ماوەیەکی زۆر، لەم راستییە هەر تێنەگەیشتن!

مەنتیق و پێویست بوون کە ژیانی ئەلکسەندەری یەکەمیان پێکهێنابوو. ئەو کەسێتییەی کە سەرکردەی بزوتنەوەی پێچەوانە بوو و، لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا رەوی بزوتنەوەی برد، لەوەیش مەزنتر بوو. پێویستە پیاوێک کە شوێنێکی سەرکردایەتی لەو بزوتنەوەیدا بوو، بۆ شپرزەکردنی کەسانی دی چی بکات؟

دیارە لەسەرێتی هەستی رەوابوونی هەبێت و، بەشداری کێشەکانی ئەوروپا بێت، بەڵام دوور بە دوور. تاکوو بەرژەوەندییە پۆخڵەکانیش بەرچاوی لێڵ نەکات لە سەری بوو، مەزنیی خۆی رابکێشێتە سەر هاوبەشەکانی، کە پاشایانی ئەو سەردەمە بوون. دەبوو ئاراستەی بەرەو کەسێتییەکی قەشەنگ و خۆشەویست بێت. پێویستە زووتریش ناپلیۆن سووکایەتیی پێ کردبێت.

ئەم هەموو مەرجانە لە ئەسکەندەری یەکەمدا کۆ بووبوونەوە. ئەمانەیش هەموویان بەرهەمی "رێکەوت ـ صدفە"کان بوون، کە لە ژمارەدن نەدەهاتن و، بە درێژایی ژیانی رابردووی ئەو رێکەوتانە: لە رۆشنبیریدا و ئارەزووی ئازادی و لە راوێژکارانی دەوروبەرانیدا و سەرەڕێی ئۆستەرلیتز و تیلسیت و وایەر فۆرت دا چێنرابوون.

لە شەڕی میللیدا ناپلیۆن بە بێ جوولّە و چالاکی، مایەوە، چونکە هیچ پۆستێک بەو نەمابوو. بەڵام کە پێویستبوونی شەڕی ئەورووپا دەرکەوت. لە کاتی دیاریکراودا کەسێتیی ئەو لە کات و ساتی لە باردا دەرکەوت. گەلانی ئەورووپای پەرتکراو و پارچە پارچەبووی کۆکردەوە و، بەرەو ئامانجی بردن.

گەیشتە ئامانج و دوای شەڕەکەی سالّی (١٨١٥) ئەلکسەندەر خۆی لە پێگەیەکی زۆر بەهێزدا بینییەوە، پێگەیەکی وا کە مرۆڤ بتوانێت پێی بگات. ئەم بارەی بە چ شێوەیەک بەکار برد؟

ئەلکسەندەری یەکەم ئاشتەوایی بۆ ئەورووپا گێڕایەوە. پیاوێک بوو هەر لە منالّییەوە هەوڵی وەدەست هێنانی بەختەوەریی بوو، بۆ گەلەکەی. هاندەری رێکخراوە ئازادیخوازەکان بوو، لەو کاتەدا خۆیشی فراوانترین دەسەڵاتی هەبوو.

لە کاتێکدا ناپلیۆنیش لە شوێنی دوورخراوەکەیدا، خەریکی دانانی پیلانی فریودەری منالانەی خۆی بوو و، هەڵلای بەختەوەر کردنی جیهانی نابووەوە: گەر بواری کار کردنی پێ بدرێت. هەر لەو کاتەدا و دوای ئەوەی ئەلکسەندەر، ئەرکەکەی سەرشانی کۆتا پێ هێنا و، هەستی بە.دەستی خوا دەکرد بەسەر سەرییەوە، لە ناکاو ددانی بە ئەو دنیا (عدم)دا نا و، سوڵتەکەی خۆی سپاردە دەستی چەند کەسێکی رسوا و بێزارەوە.

خۆیشی زۆر بەسادەیی وتی:

"نەخێر بۆ خاتری هەر ئیمە نا و بەس! ئەی مەزن! بۆ خاتری تەنیا ئیمە نا! بەڵکو بۆ خاتری ناوی خۆت! منیش پیاوێکم وەکو ئێوە، ڕێم بدەن تا وەکو پیاوێک بژیم، ڕێم بدەن بیر لە ڕەوانی خۆم و خوا بکەمەوە. هەر وەکو خۆر، کەوا چۆن چۆنی گەردیلەکانیشی بە بریسکەن و، چەند گۆیەکی خڕو تەواون و، لە بۆشایی گەردوونێکدا بڵاو بوونەتەوە. لە پانتاییەکدا، کە مرۆڤ هەرگیز دەستی پێیدا ناگات. هەر بەو شێوەیەیش مرۆڤ لە خۆیدا چەند ئامانجی تایبەت بە خۆی و ئومێدێکی لە خۆ گرتووە. هەرچەند ئەو ئامانجانەیشی بۆ بەرژەوەندیی گشتی مرۆڤ هەڵگرتووە. بەڵام پانتاییەکەی هێندە بەر فراوانە کە هیچ مرۆڤێک پێیان ناگات!! هەنگێک کە بەسەر گوڵێکەوە بوو و، دای بە منالێکەوە. دیارە منالەکەیش لە هەنگ دەترسێت و پێی وایە کە هەنگ بۆ پێوەدانی مرۆڤ دروست بووە! شاعیرێکیش کە لەو هەنگە دەڕوانێت و دەبینێت، هەنگەکە خۆی بە تۆپی گوڵاندا دەکات، لە ئامانجی ئەو هەنگە دەڕوانێت: وا شیلەی گوڵان بۆ شانەکانی نێو شوێنەکەی خۆی هێناوە، پێی وایە کە هەنگەکە هەنگوین بۆ ئەو دروست دەکات. هەنگەوانێکی دی، کە لە ژیانی پووڕە هەنگی کۆڵیوەتەوە دەڵێت: ئەو شیلە و هەڵاڵەیەی هەنگەکە دەیباتە نێو پووڕەکەیەوە بۆ هەڵهاتنی خانە و بەچکە چکۆلەکانی نێو شانەکان و، تێر کردنی شاهەنگە و، ئامانجی پاراستنی ڕەگەزەکەی خۆیەتی. زانای ڕووەکیش وا ئەو هەنگە دەبینێت کە هەڵاڵە و تۆوی ڕووەکەکانی هەڵگرتووە لە گوڵێکەوە و دەیبات بۆ گوڵە مێیەک و، پیتاندن پێکدێنێت و، هەموو کارەکانی ئەو هەنگە لەو چێوەدایە.

یەکێکی تریش کە کاری بڵاو کردنەوەی ڕووەکە، هەمان بیروڕای هەیە. لە کاتێکدا کاری ئەو هەنگە نە بە تەنیا ئەو مەبەستەی یەکەمە و نە ئەوەی دووەم و نە سێیەمە و، نە ئەو ئامانجانەیە کە بیر و ژیریی مرۆڤ پێی گەیشتووە و، نە ئەو ئامانجەی کە دەبێت هەنگەکە پێی بگات، مەحاڵا و دوورە دەستە!

تەنیا یەک شت ئاسانە بەلای مرۆڤەوە. ئەویش سەردان و تێبینیی ئەو پەیوەندییە نادیارانەیە، لە ژیانی هەنگ و دیاردە ژیارییەکانی تردا هەیە. هەر ئەم بارەیش دەبینرێت لە کەسایەتییە میژوویییەکان و، پەیوەندییەکانیان بە گەلەکانیانەوە: لە دیاری کردنی ئەو ئامانجانەی کە تەقەلای بۆ دەدەن.

بەشی پێنجەم
میراتییەکەی کۆنت

هاوسەرگیرییەکەی ناتاشا و پییەر پیزۆخۆڤ، دوایین رووداوی خۆشی ساڵی (١٨١٣)ی بنەماڵە و خێزانەکەی میرەپیرە ـ واتە خێزانی ڕۆستۆڤ ـ بوو. هەر ئەو ساڵە، کۆنت ئیلیا ئاندریەڤیتش‌ی تێدا مرد و ئەو رووداوە بووە هۆی، لەبەر یەک هەڵوەشاندنەوەی بنەماڵەکە.

هەروەها سووتانی مۆسکۆ و هەڵهاتنی بنەماڵەی ڕۆستۆڤ لە شار و، مردنی میر ئاندریە و بێ ئومێد بوونی ناتاشا و، مردنی پیتیا و، ئازار و خەمەکانی کۆنتیسەی بەرەو بان برد و، هێندەی تر خەمەکانی میرەپیرەی لە سەر شان قورس کرد بوو. کە سەری دادەخست لەوە دەچوو چاوەڕێی لێدانێکی قورس بێت و هەڵنەستێتەوە.

جاری وابوو میرەپیرە مەترسیدار دەبینرا، بڕێ جاریش شڵەژاو دەبینرا دەمێکیش فرەچالاک و بزێو خۆی پیشان دەدا. لە رووکەشدا هاوسەرگیریی ناتاشا ماوەیەک سەرقاڵی کرد. ئاهەنگ و بانگهێشت و، سفرە و خوان خۆپیشاندان کە دڵخۆشە، کەمێک ماندووی کردبوو. بەڵام ئەو رووخۆشییەی وای کردبوو کە دەوروبەر و خۆشەویستانی بەزەییان پێدا بێتەوە.

دوای سەفەر کردنی پییەر و هاوسەرەکەی، کەوتە سکاڵای ناساغی و زۆری پێنەچوو نەخۆش کەوت و کەوتە زەوی. هەر چەندە پزیشکان ئومێدیان بە چاکبوونەوەی پێدەبەخشی، بەڵام ئەو لێی ڕوون بوو، کە ئیدی هەڵناسێتەوە.

کۆنتیسەی هاوژینی دوو هەفتەی بە دیار چرپاکەی ئەوەوە بە سەر برد و، تەنانەت جل و بەرگی خۆیشی نەگۆری. هەرجارەی کە دەرمانەکانی دەکرد بە دەمەوە میرەپیرە دەستی ئەوی ماچ دەکرد و دەگریا و، هیچی نەدەگوت. رۆژێکی تر داوای لێبوردنی لە ژنەکەی و کوڕەکەی کرد ـ هەرچەند کوڕەکەیشی لەوێ نەبوو ـ دەستیشی بە گریان کرد و رایگەیاند کە ئەوە تەنها هەڵەی ژیانێتی کە سامانەکەی خۆی تەخشان و پەخشان کردووە و، خۆیشی بە تاوانبار دەزانێت بەو کارەی.

دوای ئەمانە زۆر بە ئارامی مرد. رۆژی دواتر هەموو هۆڵ و ژوورەکانی ئەو خانووەی بنەماڵەی ڕۆستۆف بە کرێیان گرتبوو بە خزم و ناسیاوانی مردووەکە پڕ بوو و، ئامادەی ناشتنی بوون. هەموو ئەو کەسانە هەر ئەوانە بوون، لەسەر سفرە و خوانەکەی ئەو نانیان خواردبوو و، لە ماڵکەیدا سەمایان کردبوو. هەر ئەوانە بوون کە زۆر جاران گاڵتەیشیان پێ کردبوو.

هەموو لەو کاتەدا یەک هەستیان بەرامبەر میرەپیرە هەبوو، کە ئازاری ویژدان و سۆز و خۆشەویستی بۆ مردووەکە بوو.

بۆ بیانووی هەڵس و کەوتەکانیشیان دەیانووت:

"بەڵێ! هەموو شتێک دەوترێت! بەڵام هەرچۆنێک بێت: ئەو پیاوێکی فرە باش بوو. کەسانی وەکوو ئەو بەئاسانی دەست ناکەون!دوا جار کێ هەیە هەڵەکانی خۆیی، لەدەروونی خۆیدا هەڵنەگرتبێت؟ لەو کاتەدا کارەکانی بە شێوەیەک شڵەژاوو شلۆق بوو کە نەدەزانرا دوای سااڵێکی دی چۆن چۆنی دەکەونەوە. تا لە ناکاو مرد."

نیکۆلا لە پاریس لەگەڵ سوپای ڕووسدا بوو، کە هەواڵی مردنی باوکی پێگەیشت. ئیدی داوای کرد خانەنشینی بکەن و، چاوەڕێی ئەنجامی داواکەی نەکرد و سەفەری مۆسکۆی کرد.

دوای مانگێک لە مردنی کۆنت، کەوتنە لێکۆلینەوە لە پارە و سامانی کۆنت و سەریان سووڕما لە مەزنیی ئەو قەرزە زۆر و جیاوازانەی کە لەسەرشانی کۆنتی مردوو بووە! چونکە قەرزەکانی دوو هێندەی سامان و موڵکەکانی بوو!

خزمان و دۆستان ئامۆژگاری نیکۆلایان کرد، کە میراتی باوکی وەرنەگرێت. بەڵام نیکۆلا ئەو کارەی بە سوکایەتی کردن دەزانی بە بیرەوەرییە پیرۆزەکانی باوکی. بۆیە گوێی لە ئامۆژگاریەکان نەگرت و، بەشە میراتییەکەی خۆی وەرگرت و پەیمانیشیدا قەرزەکانی باوکیشی بداتەوە.

پاشان خاوەن قەرزەکان کە دەمێک بوو دڵنیان بە خۆیاندا گرتبوو لە ژیانی کۆنتدا داوایان نەکردبوو، کتوپڕ هەموویان هاتن و داوای قەرزەکانیان کردەوە. دواتر لە نێو خۆیشیاندا بووە قڕەیان لەسەر ئەوەی کێیان زووتر قەرزەکانی وەربگرێتەوە.

ئەوانەیان کە نووسراوی رەهنیان، لە خاوەن قەرزەکانی تر کەمتر بوو، سوورتر بوون لە سەر وەرگرتنەوەی قەرزەکان. لەوانیش میتانکا و چەند کەسێکی دی بوون، نەیانهێشت نیکۆلا پشوویەک بدات و مۆڵەتیان نەدا. ئەوانەشی کە تا کۆتێی پیر لە ژیاندا مابوو، بەزەییان پێدا دەهاتەوە، ئێستا زماندرێژییان دەکرد بەرامبەر نیکۆلایەک کە بە دەمی خۆی پەیمانی دابوو: هەموو قەرزەکان بداتەوە.

یەکێک لە نێوەندخوازەکان سەرکەوتوو نەبوو، لە کێشەی ئەو قەرزانەدا و کەسیان پێشنیازەکانی نیکۆلایان پەسەند نەبوو. بۆیە هەموو مولکەکانی نیکۆلای کۆچکردوویان خستە زیاد کردنی ئاشکراوە و مولکەکان بە نیوە نرخ، فرۆشران و دواتر نیوەی قەرزەکان هەروا مانەوە و نیکۆلا بۆی نەدرایەوە.

نیکۆلا (٣٠٠٠) رۆبڵی لە پیزۆخۆڤی زاوای قەرز کرد و، دایەوە بەوانەی کە کاتی خۆی بە راستەوخۆ پارەی نەختینەیان بە پیرەکۆنت دابوو، تاکوو نەهێڵێت لەسەر ئەو قەرزە نەختینانە بخرێتە بەندینخانەوە. چونکە خاوەن ئەو جۆرە قەرزانە هەڕەشەی خستنە بەندینخانەیان لێ دەکرد.

گەڕانەوە بۆ سوپا مەحاڵا بوو بۆ نیکۆلا. کە لە یەکەم گواستنەوەی پلەبەندی و شوێنی چۆڵ لەبەردەمیدا لەوەبوو بگاتە پۆستی "سەرۆک ــ زعیم". لەگەڵ هەموو ئەمانیشدا فەرمانبەرێتی لە مۆسکۆ پەسەند کرد و دامەزرا. هەرچەندە خۆیشی راژە کردنی شارۆیی بە لاوە پەسەند نەبوو و، ئەو بارودۆخەی مۆسکۆ و مانەوە لە نێویدا.

دوای ئەوەی بەرگە سەربازیەکەی ــ کە زۆری حەز بە لە لەبەرکردنی بوو ــ داکەند. لەگەڵ ئانا و سۆنیا لە خانوویەکی بچووکدا و لە سێقنتسیڤ و شەقامی ڤراگیک، کە کەوتبووە پشت مۆزەخانەی ئەلیکسەندەری سێیەمەوە و دەوروبەری ئەو شەقامە، پڕ بوو لە خانووی بچووکی خەڵکە سادەکە، نیشتەجێ بوو. ئەو شەقامەیش کەوتبووە ئاستی لاوانەی دارگۆمیلۆڤسکاییاوە.

پییەر و ناتاشا کە لە پێترزبۆرگ نیشتەجێ بوون، بێ ئاگابوون لە بارودۆخی ئابووریی نیکۆلا. خۆیشی لە تەقەلای ئەوەدابوو، دوای قەرز کردنی بڕە پارەکە لە زاواکەی، بڕی تێچوونی ژیارییەکەی بشارێتەوە و، کاروباری پارە و سامانیشی فرە نالەبار بوو و، بە (١٢٠٠) رۆپڵ و، دەیویست دایکی و ناتاشا بە شێوەیەک بژێنێت، کە هەست بە هەژاربوونی خێزانەکەی خۆیان نەکەن. کۆنتیسەی دایکیشی نەیدەتوانی دەستبڵاوانە نەژی و هەژارانە بژی و، ئەو هەر لە منالییەوە لەسەر ژیانی خۆش و بووەیی راهاتبوو. درێغی نەدەکرد لە دیاری ناردن بۆ هاورێیانی. یان داوای خواردن و مەیی گرانبەهای دەکرد. یان داوای پارەی لە نیکۆلا دەکرد تاکوو لە ناکاو بیدا بە ناتاشا و سۆنیا و، تەنانەت بیدا بە نیکۆلا خۆیشی.

سۆنیا هەمیشە سەرقالی کاروباری ماڵەکە بوو، خزمەتی پوورەکەی باوکی دەکرد و کتێبی بۆ دەخوێندەوە و، شانی دابووە بەر ئەو رق و کینەیەی کە لە ناخیدا بوو. یارمەتی نیکۆلاشی دەدا، بۆ شاردنەوەی ئەو بە دواداهاتنە ئابووریییەی بنەماڵەکە، لە کۆنتیسە.

کەچی نیکۆلا خۆی بە منەتباری سۆنیا نەدەزانی، لە بەرامبەر ئەو خزمەتانەی کە بۆ کۆنتیسەی دایکی ئەو دەیکات! وای دانەدەنا کە ئەوە لەو قەرزانەیە کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە. هێندەی هەبوو بە ئارامیی ئەو کچە سەرسام بوو.

هەرچەند سۆنیاش هەمیشە دەیتوانی خۆی شیرین و شیرینتر بکات. بەڵام نەیدەتوانی لای نیکۆلا خۆی خۆشەویست بکات. چونکە نیکۆلا هەستی بەوە کردبوو تاکوو سۆنیا خۆی پتر بەرێتە پێشەوە، خۆشەویستی ئەو لە دڵیدا دێتە خوارەوە. ئەو قسەیەی کرد بوو، بە مانا بە سەر سۆنیاوە، کە لە نامەکەیدا بۆی نووسیبوو، بەوەی کە ئازادی کردووە، بە ئەوەی دەتوانێت: پابەند نەبێت بەو پەیمانەی زووتر پێی دابوو.

نیکۆلایش وا هەڵس و کەوتی لەگەڵ سۆنیا دەکرد، وەکوو ئەوەی هەر چییەک زووتر لە نێوانیاندا رووبدابوو بیر چووەتەوە و جارێکی دی بیر ناکەونەوە.

ئابووری و پارەی نیکۆلا بەرەو داکشان چوو، گلدانەوەی پارە لەو موچەیەی خەوێک بوو کە نەدەهاتە دی! هەر بە ئەوەوە نەوەستا کە هیچی بۆ پاشەکەوت نەدەکرا لە موچەکەی: بەڵکوو بۆ دەستەبەر کردنی داخوازیی دایکیشی کەوتە وەرگرتنی قەرزانێک بە بڕی کەم! خۆی وا دەبینییەوە کە لە کێشەیەکی بێ چارەسەردا دەژی.

بۆیە بیرۆکەی ماڕە کردن و هاوسەرگیری لەگەڵ کچە میراتگرێکی دەوڵەمەند هەر ئەو بیرۆکەیەی خزمانی پێیان راگەیاندبوو و، خۆیشی بە دڵی نەبوو، هات بە خەیاڵیدا، یەکێک بوو لە چارەسەرەکان بۆ ئەو قەیرانە ئابووریییەی تێی کەوتبوو.

بیرۆکەی دووەمیش ئەوە بوو، کە بە مردنی دایکی، باری قەیرانەکەی زۆر سووکتر دەبێت. ئومێدی بە هیچیش بوو. وایشی نیاز بوو مل بداتە بەر ئەو بارە قەیراناویەی و بێزاریش نەبێت لەو قەیرانە ئابووریییە و، خۆیشی لەو هاوڕێ و ناسیاوانەی بە دوور دەگرت، کە بەزەییان پێیدا دەهاتەوە و، دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکرد و پێی وابوو کەسێتیی پێی دەشکێت.

ئیدی خۆی لە یاری کردن دەدزییەوە. تەنانەت لە ماڵەکەی خۆیشیدا. جاروبارێک یاری بەختگرتنەوەی بە کاغەزەکان لەگەڵ دایکیدا دەکرد. یان بە ژووڕەکەیدا هەر دەهات و دەچوو و، پاییی دەکێشا. ئیدی بە شێوەیەک پارێزگاری ڕەوشتی خۆی دەکرد... مەگەر هەر بە خۆی بکرێت.

بەشی شەشەم
ماری و نیکۆلا

لە سەرەتای وەرزی زستاندا، ماری گەڕایەوە مۆسکۆ و، بە هۆی ورتە ورتی دانیشتوانی شارەکەوە، ئاگادری بارودۆخی بنەماڵەی ڕۆستۆڤ بوو و، ئەو شێوە قوربانییەی کوڕەکەیان دەیدات، لە پێناوی دایکەکەی خۆیدا. ئەمیشیان دیسان هەر بە گوێرەی ورتە ورتی نێو خەڵکی مۆسکۆ بوو!!

خاتوو ماری بە متمانەیەکی زۆرەوە، بە خۆشەویستەکەی، لە دڵی خۆیدا وتی:

"چاوەڕوانی پێچەوانەی ئەوە نەبووم، لەم دەزگیرانەم."

هاوڕێیەتی و، بگرە خزمایەتیشی لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە، وایدەخوازی کە سەردانی ئەو بنەماڵەیەی ڕۆستۆڤ بکات. بەڵام هەرکە بیری لەوە دەکردەوە کە نیکۆلا لە ڤورۆنیگ و، لە ئەو ڕووداوەی کە بەسەری هاتبوو، چۆنیەتی یارمەتیی ئەوی دابوو: لەو سەردانە دەترسا!

زۆری لە خۆی کرد و، دوای چەند هەفتەیەک لە گەڕانەوەی بۆ مۆسکۆ: سەردانی بنەماڵەی ڕۆستۆڤی کرد و، لەبەر ئەوەی بۆ چوونە ژوورەکەی کۆنتیسە دەبوو بە ژوورەکەی نیکۆلادا تێبپەڕییایە، بۆیە یەکەم کەس کە پێشوازیی لە خاتوو ماری کرد، نیکۆلا بوو. بۆ یەکەمجار لە ڕوخساری نیکۆلادا، لەبری ئەو شادمانییەی کە ماری لێی چاوەڕوان دەکرد، ساردی و وشکی و لوتبەرزی، کە لەوەوپێش بەو شێوەیە لێی نەبینی بوو، پێوە دیاربوو.

نیکۆلا دوای ئەحوالّ پرسینی، بەرەو ژوورەکەی دایکی بردی. خۆیشی هەر پێنج خولەکێک لایان مایەوە و دواتر، خۆی دزییەوە. هەر کە خاتو ماری لە ژوورەکەی کۆنتیسە هاتە دەرەوە. نیکۆلا خۆی گەیاندێ و زۆر بە رەوشتێکی جوان و نیانانە گەیاندییە رارەوەکە. بۆ ئەو سەرنجانەی لەبارەی تەندروستیی کۆنتیسەوە، ئەم هیچی وەلاّم نەدایەوە:

وەکو ئەوەی پێی بلّێت:

"خاتوون... ئەمانەی دەیلّێیت: پەیوەندیی بە تۆوە چییە؟ تکایە بە ئارامی بمانهێلّە!"

وەکوو ئەوەی نیکۆلا بێزارییەکەی بۆ نەشاردرێتەوە، لەو کاتەدا گالیسکەکەی کۆنتیسە دوور کەوتەوە، لە بەردەم سۆنیادا بە دەنگی بلّند وتی:

"بۆچی ئەم کچە لەم ناوە دەبینرێت؟ من بەرگەی ئەو گێلانەی زۆر بلّێن و ئەو ماستاوچییانە، ناگرم!"

سۆنیایش نەیتوانی دلّخۆشیی بەو قسەیەی نیکۆلا بشارێتەوە و بەلاّم پێی وت:

" ئای! چۆن دەتوانیت بەو شێوەیە بدوێیت نیکۆلا!؟ ئەو کچە زۆر نیانە و دایکت زۆری خۆشدەوێت!؟"

نیکۆلا هیچی نەگوت و، حەزیشی نەدەکرد، کەس ناوی ئەو خاتوو ماریە لە لای ئەودا ببات. بەلاّم کۆنتیسە لە باسکردن و پێداهەلّدانی ماری کۆلّی نەدا و زۆریشی لە نیکۆلا کرد، کە ئەویش سەردانی بکات و، ئارەزووی بینینی ئەو ماریە بکات. ئیدی هەمیشە بە پەرۆشەوە کۆنتیسە لە ماری دەدوا. بەلاّم ئەو دەمانەی دایکی لە بارەی ئەو کچەوە دەدوا، نیکۆلا پەنای بۆ بێدەنگی دەبرد و، بەمەیشی دایکی سەغلّەت دەکرد.

هەموو جارێک دایکی دەیووت:

"کچێکی جوان و نیان و کراوەیە و، پێویستە سەردانی بکەیت. هەر جارێک بۆت رێکەوت سەردانی بکە و، گەر وایش نەکەیت، ئەوا من لە خۆت دەڕەنجێنیت."

نیکۆلایش وەلاّمی دەدایەوە:

"بەلاّم بە نیاز نیم... سەردانی بکەم... دایە گیان."

دایکیشی پێی دەوت:

"جاران زۆر ئارەزووت بوو، سەردانی بکەیت. بەلاّم ئێستا ئەم کارەت بە لاوە خۆش نییە! هەر بە راستی ئازیزەکەم... من لێت تێناگەم!! تۆ لە ناکاو بێزار دەبیت و، ناتەوێت کەس ببینیت."

نیکۆلایش وتی،"نەموتووە بێزارم."

دیکیشی هەلّیدایە:

"ئاخر چۆن کەمێک لەمەوپێش وتت: حەز بە بینینی ناکەم؟ لەگەلّ ئەوەیشدا کچێکە مەزنە و، فرە بەنرخە و، هەمیشە ئەوت پێ باش بووە. ئێستاش هۆی چییە؟ ئێوە هەموو

شتێکم لێ دەشارنەوە!"

ئەویش وەڵامی دایەوە،"بەڵام هەرگیز وا نییە... دایکە!"

دایکیشی دیسان هەڵیدایە:

"ئەگەر داوای کردەوەیەکی خراپم لێ بکردیتایە، بە هەرحاڵ و رێی تێدەچوو. خۆ من لەوە زیاترم داوا نەکردووە، که سەردانێکی بکەیت و وەڵامی سەردانەکەی ئەو بدەیتەوە و، ئەمەیش بـاو و نەریتە و، دەیسـەپێنێت بەسـەرماندا... زۆرم تکا لـێ کردوویت ئەمە بکـەیت. بـەڵام لێـرە بـە دواوە داوای هیچـت لـێ ناکـەم... مـادام شـتەکانی خـۆت لـە مـن دەشاریتەوە.

دواتر نیکۆلا ملی دا و وتی:

"زۆر باشە..لەبەر ئەوەی تۆ سووریت لەسەر ئەو کارە، من دەچمە سەردانی."

دایکیشی وتـی،"بۆ من وەکو یەکە. من لەبەر خۆت ئەو داوایەم لێ کردیت."

نیکۆلا هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و، سـمێڵی خـۆی کرۆشـت و، بـۆ راکێشـانی سـەرنجی دایکیشی، کاغەزی کاغەزێنەکەی بڵاوکردەوە و، ویستی بابەتەکەی پێ بگۆڕێت.

بۆ سبەینێ، هەمان بابەت باس کرایەوە و، دوو سبەی و هـەموو رۆژەکانی تـریش، بـە هەمان شێوە دووبارە دەبووەوە.

ماریێش لای خۆیەوە که ئەو پێشوازییە سـارد و سـڕەی لـە نیکۆلاوە بینـی، هاتـە سـەر ئـەوەی کـە وەکـوو ئـەوەی خـۆی بیـری لـێ کردبـووەوە، نەچوونـەکەی باشـتر بـوو، لـە چوونەکەی.

بۆیە بە لووتبەرزییەوە بە خۆی وت:

"دەبوو چاوەڕێی لەوە باشتری لێ نەکەم. بەڵامـەوە ئـەوە گرنگ نییـە. مـن تـەنیا بینینـی پـیرەژنە کۆنتیسـەم دەویست، که هەمیشە لەگەڵ منـدا نیان بووە و، من قەرزاری ئەوم."

بەڵام ئەم بیانوانە نەیانتوانی ئارامی بکەونەوە. هـەموو جارێک کـە ئـەو سـەردانەی بیـر دەکەوتـەوە، جۆرێـک لـە لۆمـە کردنـی خـۆی لـە بیـر و هۆشـیدا قـوت دەبـووەوە. هەرچەنـد بڕیاری دابوو، جارێکی دی ئەو سەردانە بۆ لای بنەماڵەی ڕۆستۆف دووبارە نەکاتەوە و، خۆیان و ئەو پێشوازییە ساردەی بیر بچێتەوە. بـەڵام کـە لـە خۆیشـی دەپرسـی: ئـاخۆ چـی بێزاری کردووە، لە پڕ پەیوەندیی لەگەڵ نیکۆلای وەبیر دەهاتەوە. ئەو هەسـتە سـاردەی بـە هەسـتی راسـتەقینەی نیکـۆلا نـەدەزانی بەرامبـەری و، پێـی وابـوو، شـتێکی نادیـار لـە پشـت ئەوەوە هەبووە. خۆ دەبێت ئەو شـتە شـاردراوەیە ئاشـکرا ببێـت! بۆیـە پێویسـتە چـاوەڕوان بێت و، وا هەستی دەکرد، ئەو نیکۆلایە دەروونی ناجێگیر بێت.

لە چلەی زستاندا بوون، لە ژووری وانە خوێندنەکەی برازاکەیدا بوو و چـاودێریی وانـە فێربوونەکەی برازاکەی بوو، کە هاتن و پێیان راگەیاند ڕۆستۆف هاتووەتە سەردانی.

لەبەر ئەوەی بڕیاری وابوو، هیچێک لەو کێشەی پێشـوازییە بـۆ ڕۆسـتۆف نـەدرکێنێت، کچە بۆرییەنی بانگ کرد و، لە تەکیدا خۆی کرد بە هۆڵەکەدا. لـە یەکـەم سـەرنجی مـاری بـۆ

نیکۆلا، هەستی کرد کە نیکۆلا بۆ بەجێهێنانی ئەرکێک لە ئەرکە باوە شیاوەکان هاتووە.

دوای دە خولەکێک لە رێ و رەسمی ئەو ئەرکە و، کە ئیدی میوان دەتوانێت زۆر بلیمەتانە بکشێتەوە. نیکۆلا وا هەستا کە بڕوات. خاتوو ماریش بە هۆی یارمەتیی کچە بۆرژینەوە، لە گفتوگۆکاندا، توانیی بە جوانترین شێوە میوانداریەکە بەڕێوە بەرێت. بەڵام لە دوا چرکەی میوانداریەکەیدا هەستی بە ماندوێتی زۆری قسەکانی خۆی کرد، بە تایبەت ئەو قسانەی کە گرنگ نەبوو باسیان بکات.

بیرۆکەی بێبەش بوونی لە سادەترین هۆیەکانی شادبوون لە ژیانیدا، وای کرد کە بیری بڵاو بێت و، ماوەیەک بە دانیشتوویی بمێنێتەوە و، نیکۆلای بیر بچێتەوە، کە میوانێتی و دەیەوێت بڕوات.

نیکۆلایش سەرنجێکی داو نەیویست وای پیشان بدات، کە ئاگای لەدڵغە لێدانی ماریە، بۆیە چەند وشەیەکی بە کچە بۆرژین وت و، کەوتەوە سەرنجدانی ماری. ئەویش نەجوولا و روخسارە سادەکەی بە ڕوونی پەژارەی پێوە دیاربوو، نیکۆلا بەزەیی پێداهاتەوە و، وای بۆچوو کە رەنگە ئەو بووبێتە هۆی ئەو پەژارەیەی کە لە روخساریدا دیارە و هەرگیز بۆی ناشاردرێتەوە. حەزی کرد چەند وشەیەکی نیانی پێ بڵێت. بەڵام هەرچەندە هەوڵیدا شتێک نەبوو بیکاتە بیانوو بۆ ئەو قسانەی کە خوازیاربوو پێی بڵێت.

ناچار هەستاو وتی،"خواحافیز... خاتوون!"

ماریش سوورهەڵگەڕا و، هەناسەیەکی قوونڵی هەڵکێشا و وەکوو ئەوەی تازە بە ئاگا هاتبێتەوە وتی،"ئای! ببووره! ئەی کۆنت ئەوە دەڕۆیت؟ زۆر باشە... خوات لەگەڵ، کەوابوو... بەڵام ئەی پشتییەکەی دایکت چی؟"

کچە بۆرژین لە ژوورەکە دەرچوو و وتی:

"چاوەڕێم بکە... هەر ئێستا ئەو پشتییەتان بۆ دێنم."

هەردوکیان بێدەنگ بوونەوە و، لەیەکیان روانی.

دواتر نیکۆلا بە بزەیەکی ماتەوە وتی: "بەڵێ خاتوون، هەر دەڵێی دوێنێ بوو. بەڵام لەو کاتەوەی بۆ یەکەمجار یەکمان بینی لە بۆگۆتشارۆقۆ، ئاخۆ تا ئێستا چەند لێشاوی ئاو بە ژێر پردەکەیدا ڕۆیشتبێت؟ ئەوکاتە پێمان وابوو داماوین... بەڵام ئێستا تەقەلا دەدەم، ئەو دەمە بگەڕێتەوە... بەڵام بە داخەوە ئەو کاتە ناگەڕێتە دواوە."

کە نیکۆلا دەدوا ماری بە بزەیەک و چاوانی بریسکەدارەوە لێی دەڕوانی و، وا دەردەکەوت تێگەیشتنی رستەکان و، نهێنیی پشت قسەکان ماندووی بکات، تا بۆی دەربکەوێت. بە تایبەتیش، لەوەی هەستی راستەقینەی خۆی بەرامبەر دەربببڕێت.

خاتو ماری وتی: "بەڵێ! بەڵام بۆ رابردوو بە داخ مەبە.... هێندەی لە توانامدا بێت، دەتوانم لە ئێستای ژیانی تۆ تێبگەم. پێم وایە لەبەر ئەوەی لە ئێستای خۆتدا قوربانی دەدەیت، چیژ لە بیرەوەرییەکانی کۆنت وەردەگریت."

نیکۆلا به توندی قسەکەی پێ بڕی:

"ئەم پیاهەڵدانەتم پەسەند نییە... بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەوە ڕوو دەدات. هەر هێندەم لەسەرە لۆمەی خۆم بکەم... بەڵام ئەمەیش سەرنجڕاکێش نییە و، دڵی دەوروبەر خۆش ناکات. سەرنجەکەیشی بیرۆکەکەی خۆیی پشتڕاست کردەوە."

"خاتوو ماری وتی:

"پێم وایە ڕێم دەدەیت ئەوە بڵێم... من زۆر لە خۆت و لە بنەماڵەکەیشت نزیک بووم و، پێم وابوو ئەم خۆشەویستییەم لە جێی خۆی دادەنێیت... بەڵام لەوە دەچێت بە هەڵەدا چووبم."

دەنگی تووشی لەرزە بوو و، دواتر خۆی ڕکێف کردەوە و لەسەری ڕۆیشت:

ـ هۆیەکەی نازانم، بەڵام هێندە دەزانم جاران وا نەبووێت و...

نیکۆلایش هەڵیدایە،"ئاخر بە هەزاران هۆ بۆ ئەو "بۆچی"یە هەیە!!

پاشان بە هێواشی دریژەی دایە:

"خاتوون... سوپاست دەکەم... جاروبار ئەوە زۆر سەختە."

لە ناخییەوە دەنگێک بە خاتوو ماریی وت:

"ئاە! ئەوە تەنیا هۆیەک بوو! من تەنیا هەر ئەو سەرنجە نیان و، ئەو دیمەنە قەشەنگەیم خۆش نەویستبوو و بڕابێتەوە، بەڵکوو ئەو ڕۆحە بااڵیەیشی، کە هەردەم ئامادەی خۆ بە قوربانیدانە، لە پێناوی بەرامبەرەکەیدا. بەڵێ... ئێستا ئەو هەژار و بێ سامانە و، منیش دەوڵەمەندم..."

بەڵێ هەر ئەوەیە هۆیەکە... ئەگەر ئەوە ڕووی نەدایە... کە بیری نیانییەکەی جارانی ئەوی کەوتەوە و، ئێستایش لە ڕووە نیانەکەی ڕوانی و، کەمێک پەژارەی پێوە دیاربوو، کتوپڕ هۆی سارد‌ییەکەی ئەو کاتەی کە ئەم سەردانی ئەوی کردبوو: بۆ دەرکەوت.

بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت چی دەکات، لێی نزیک بووە و هاواری کرد:

"کۆنت... هەرچەند تێنەگەیشتم، ئەوە بۆ ڕوویدا. بەڵام ئەو ئازارم دەدات... وا ئێستا پێی لێدەنێم: تۆ دەتەوێت لە هاوڕێیەتییە کۆنەکەی دووبە دوومانم بێبەش بکەیت و، نازانم ئەمە بۆ ئازارم دەدا؟"

چاوانی پڕ بە فرمێسک بوون و دەنگیشی گیرا:

"لە ژیانمدا بەختیارییەکی کەمم دیوە و، زیانەکان باری شانمیان قورس کردووە!! خوات لەگەڵ."

خاتوو ماری دایە پڕمەی گریان و، لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

نیکۆلایش بە بانگ کردنەکەی، و وێستی بیوەستێنێت و وتی: "خاتوون! بۆ خاتری خوا بوەستە! ئەی... خاتوون." ئەویش لای کردەوە و چەند چرکەیەک بە بێدەنگی لەیەکتریان ڕوانی. لە ناکاو ئەو شتەی کە هێندە دوورەدەست بوو، هەر بیریشی لێ نەکرابووەوە، ڕوویدا و هەردوکیان ناچاری بوون.

بەشی حەوتەم
نیکۆلا لە نێو مۆڵکەکانیدا

لە پایزی (١٨١٤)دا ماری لەگەڵ نیکۆلادا هاوسەرگیریی کرد و، لەگەڵ مێردەکەیدا چوونەوە بۆ لیساگۆری، تاکوو لەگەڵ سۆنیا و دایکیدا بژین. نیکۆلایش لە ماوەی چوار ساڵدا و، بێ ئەوەی دەست بۆ پارە و سامانی ماریی هاوژینی بەرێت قەرزەکانی خۆی دایەوە.

قەرزەکەی پییەریشی بە هۆی ئەو میراتییەوە، کە کچە ئامۆزاکەی دوای مردنی بۆی جێی هێشتبوو، دایەوە. دوای سێ ساڵ و، لە ساڵی (١٨٢٠)دا نیکۆلا توانیی باری ئابووری و سامانی خۆی، رێک بخاتەوە و، تەنانەت توانیی پارچە زەوییەکی بچووکیش لە نزیک لیساجورییەوە بکڕێت.

پاشان کەوتە دانوسان بۆ کڕینەوەی زەوییەکەی ئۆترانوای، کە دەمێک بوو خەونی بە گێڕانەوەیەوە دەبینی. کەوا سەپابوو بە سەریدا بۆ خۆی سەرپەرشتیی مۆڵکەکانی و کشتوکاڵەکەی بکات و، کشتکاریی کردە کاری سەرەکیی خۆی. مۆڵکدارێکی سادە بوو و، حەزی بە تازەگەریی نەبوو، بە تایبەتی تازەگەریی ئینگلیزی کە ئەو دەمە باو بوو.

هەمیشە لاقرتێی بە هونەری کشتوکاڵا دەکرد و، حەزیشی بە چاکردنی تەویلە و، جۆری ئەسپەکان و تۆو کردنی گەنمە گرانبەهاکان نەبوو. بۆیە کارە فرە لایەنەکانی،

ئەوانە بوون کە هەمیشە لەبەر دەستدا بوون. ئۆکسجین و ئازۆت، جوت و گاسن و لەوەڕگاکان، سەرنجی رانەدەکێشا. بەڵام بایەخی بە کارکەران و، بەو ئازۆت و ئۆکسجین و، لەوەڕگا و گاسن و جووتە دەدا، مەبەستم هەموو جوتیارو کرێکارەکان بوو.

کە نیکۆلا کەوتە کار وەکو مولکدار، توانیی لەبەر وردیی لە کارەکانیدا جوتیاران کێشی خۆی بکات، بە تایبەتی وای بۆ دەچوو ئەوان ئامێر نین، بەڵکوو ئامانجیەلێکن کە پێویستە پێیان بگەین. لە سەرەتادا و، دوای کۆڵینەوە لە جوتیاران، ویستی لە پێویستییەکانیان شارەزابێت و، چاکە و خراپەیان بزانێت.

نیکۆلا وای پیشان دەدا تەگبیرکەرە و فەرمان وەرگرە. لە راستیدا بە هۆی هەڵس و کەوتی لەگەڵ جوتیاراندا، خۆی لەبارەیانەوە ڕۆشنبیر و پڕ زانیاری کرد. کەوتە کۆڵینەوە لە بیروڕاکان و بابەتەکان و، حوکمەکانی لە بارەی ئەوانەی چاکەن و ئەوانەی خراپەن.

دوای ئەوەی زەوق و ئارەزووەکانی جوتیار تێگەیشت و، لە زمانیان شارەزا بوو، وەکوو خزم خۆیی لێیان نزیک کردەوە. پاشان کەوتە ئاڕاستەکردنیان و، زۆر چالاکانەیش بەرامبەر جوتیاران ئەرکەکانی بەجێ دەهێنا و، دواتر نیکۆلا باشترین سوودی بینی و فرەترین بەرهەمی دەستکەوت.

نیکۆلا بەڕێوەبردنی مولکەکانی بایەخ پێدا و، هەر فەرمانگەیەک، حاکمێک و بریکار و یاریدەدەرێکی بۆ دانا. ئەوانەیش چەند سەرکردەیەک بوون کە دەرەبەگەکان، هەر لە کاتی بوونی "کۆیلەی زەوی"یەوە، هەڵی بژارد بوون.

ئەو دەمە ئەو پێگانە باوی بوو. ئەوانیش هەر ئەوانە بوون کە دێنشینان هەڵیان بژاردبوون. بۆیە هەرگیز پێویست بە گۆڕینی ئەو سەرۆکە هەڵبژێردراوانە نەبوو. پێش ئەوەی تایبەتمەندییەکانی کوودی کیمیاوی شی بکاتەوە و، پێش ئەوەی "لە" و "بۆ"یان لە سەر بنووسرێت پرسیاری ژمارەی ئاژەڵەکانی لە جوتیاران دەکرد و پاشان بڕەکەی بۆ دیاری دەکردن.

ئەو خێزانانەی لە باشترین و فراوانترینی زەوییەکانیدا نیشتەجێ دەکرد و، رێی نەدەدا بەش بەش ببن. جوتیارە تەمبەڵ و کارنەکەران و پیاوخراپان و بێکەڵکەکانیانی دەردەکردن و، نەیدەهێشت کاری بۆ بکەن. کاتی تۆوەدان و دروێنەیش چاودێری باشی کێڵگەکانی خۆی و جوتیارانی دەکرد. چونکە بەشێکی زۆر کەم، لە مولکدارەکان کێڵگەکانی خۆیان دەبینی و، بەو شێوەیەی نیکۆلایان دەکرد. بۆیە کەمێک لەو خاوەن کێڵگانە بە هێندەی ئەو بەرهەمیان فرە و پاک بوو. ئارەزووی بایەخدانی بە خزمەتکاران نەبوو و، بە زیادە لەسک و سپڵی لاورگی ناو دەبردن.

هێندەی ناز پێدابوون، ئەگەر پێویست بوایە لە بەرامبەر یەکێکیاندا بڕیار بدات، راستەوخۆ بڕیاری نەدەدا و، راوێژی بە هەموو ئەندامانی خێزانەکە دەکرد. بە تایبەتی ئەو کاتەی کە پێویست دەبوو، سزای یەکێکیان بدات. بەڵام ئەو کاتانەی کە دەبوو جوتیارێک

بەرگی سەربازی لەبەر بکات، نیکۆلا راڕا نەدەبوو لە هەڵبژاردنی کۆیلەیەک و، لە شوێنی ئەو جوتیارە و، کۆیلەیەکی ڕەوانەی سەربازیی دەکرد. چونکە دەیزانی هەر بڕیارێک ئەو بیدات ڕەزامەندیی هەمووانی لەسەر دەبێت. بەهەرحاڵ نەیدەویست ئەرکی یەکێکیان بەکارکردن قورس بکات. یان بە خواستی خۆی بەکارکردن سزای بدات. بەڵام ئەرکی کاری لەسەر سووک دەکردن و جاروبار خەڵاتیشی دەکردن. نەیدەتوانی لە بەرامبەر شتێکدا کە لەسەر بنکەی خۆی وەستابوو، بڵێت کار بکات یان نەیکات. بۆیە ئەو بنکەیە هەمیشە چەسپاو بوو و نەدەلەرزی. بە هەموو هێزێکییەوە "گەلی ڕووسیای خۆمان" - کە ئەم ڕستەیەی دەوت - خۆشیدەویست. تەنیا لەبەر ئەم هۆیە بوو، هەستی بەمە کرد و ئەو شێوازی کارپێکردنەی هەڵبژارد و ئەمەش فرە بە سوود بوو بۆی.

ماری هەستی بە ئێرەیی دەکرد لەو خۆشەویستییەی مێردەکەی لە نێو خەڵکیدا هەیبوو و، بە داخی ئەوەیش بوو، کە نەیدەتوانی لەو کارەیدا شانبەشانی ئەو بێت. هەرچییەکیشی دەکرد نەیدەتوانی لە خۆشییەکانی ئەو دنیا نامۆیەدا بە خۆی و، خۆشی و ناخۆشییەکانیشی بگات. لەوە نەدەگەیشت هۆی چییە نیکۆلا کە لە تۆودان دەگەڕێتەوە، هێندە شاد و بەختەوەرە!

ئاخر ئەو هەر لەبەرەبەیانەوە هەڵدەستا و، یا لە نێو کێڵگەکاندا بوو، یان لە نێو دروێنەی دانەوێڵەدا لە کاردا بوو. هەستی بەو بەختەوەری و پەرۆشییەی نیکۆلا نەدەکرد لەو کاتانەدا کە، کە دەگەڕایەوە بۆماڵ و چایەکی لەگەڵدا، دەخواردەوە. هەستی بەو خۆشییەی نیکۆلا نەدەکرد کاتێک لەبارەی دەوڵەمەندیی ماتڤی ئیرمیشینی جوتیارەوە قسەی بۆ دەکرد، چۆناو چۆن ئەو جوتیارە بەدرێژیی شەو خۆی و خێزانەکەی مەڵێ دانەوێڵەکەی خۆیان گواستەوە و هەرئەوانیش یەکەم کەس بوون کە دەستیان بە هەڵگرتنەوەی بەروبوومەکەیان کردووە و خەرمانی خۆیان ئامادە کردووە.

ماری تێنەدەگەیشت بۆچی ئاوا بەشادییەوە نیکۆلا دێت و دەچێت و پێدەکەنێت و، لە کاتی باران بارینەکەدا لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوەی دەڕوانێت و، ئەو بارانە لێزمەیە دەبینێت، کە هەرزنەکەی خوارەوەی - کە خەریک بوو وشک دەبوو - ئێستا پاراو دەکات.

بۆچی نیکۆلا کاتی بایەکە، هەورە ڕەشەکەی پاڵ دەدا لە کاتی دروێنە و کۆ کۆدنەوەی سروودی نێو کێڵگەی. لەزەوییە بەیارەکانییەوە بە ڕوویەکی سوور هەڵگەڕاوەوە و هەناسەبڕکێی ماندوێتی و عارەقەیەکی فرەوە دەگەڕاوە و، بەری دەستەکانی لە یەک دەخشاند و، سەری پڕ بوو لە بۆنی نەعنا و دەیوت:

"زۆرباشە... ئەمەشیان زۆژێکی چکۆلە بوو. هەموو بەرهەمەکان لە گەنجینەکان دەئاخنرێن. هەم بەروبوومی خۆم و، هەم ئەوانەی دیتشینان."

تەنانەت، پتر دەسەوسان دەبوو، لە تێگەیشتنی نیکۆلای مێردی، کە هۆی تووڕەبوون و

هەڵچوونەکانی ئـەوی نـەدەزانی! لەگەڵ ئەوەیشدا نیکۆلا لـە خۆیدا پیاوێکی دڵنـەرم بـوو! هەمیشەیش حەز و ئـارەزووەکانی خۆی وەدی دەهێنا.

کاتێک مـاری داواکـاریی دێنشینانی ژنـان و پیاوانیـانی دەگەیانـدە نیکۆلا و، بـە ئـەوەی داوایان لێ دەکرد، کە مێردەکەی لەکارکردنیان ببەخشێت و بۆچی هێندەیش نیانە؟

نیکۆلا وەڵامی ماریی دەدایەوە، کە لەم جۆرە کاتانـەدا دەسـت وەرنەداتـە کارەکانییـەوە. بۆیـە مـاری هەستی دەکرد، کـە نیکۆلاکـەی خـۆی، جیهانێکی تایبـەت بـە خـۆیی هەیـە. ئـەو جیهانەیشـی چەنـد بنەمایـەکی هەیـە، کـە ئـەم هەسـتیان پـێ ناکـات. کاتێـک خـۆی بـە تێگەیشتنییەوە ماندوو دەکرد و دەیخستە ژێر پرسیارەوە، دەستی دەکرد بە باسی چاکە و خێرەکانی بەرامبەر دەوروبەر و، کەسانی نزیک بە خۆی.

دوای کپ بوونەوە، نیکۆلا وەڵامی دەدایـەوە:

"بـەڵام هـەرگیز... شـتی وا بـە مێشکی منـدا نـەهاتووە. هـەرگیز مـن بەختـەوەریی ئـەوانم هەڵنەچنیوە و، دروست نەکردووە. هێنانی بەختەوەری بۆ خـەڵکان و دروستکردنی بۆیـان، وەکـو خــەونێکی: شـاعیرانەیە و، دەمەتـەقێی ژنـان وایـە! ئـەوەی مـن پێویسـتم پێیـەتی و، دەمەوێت ئەوەیە: کە منااڵەکانمان هەژار نەکەون. بۆ ئەمەیش پێویستە سامانەکەمان فرەتر بکەین و، گەشەی پێ بدەین. بۆ وەدیهێنانی ئەمـەیش، پێویستمان بـە یاسـا و بـڕوا هەیـە و، ئەمە هەموو شتەکەیە."

لێرەدا هەردوو دەستی خۆی ئاڵشت دەکات و بە تووندی لە سەری دەڕوات:

"هەروەها پێویستە بە شوێن ڕەوابوونیشدا بگەڕێین، ئەمەش بەڵگەنەویستە چونکە گـەر جوتیار بەرگەکانی بەری لەبار نەبوو و برسـی بـوو و، تـەنیا ئەسپێکی لـەڕی هـەبوو، ئـەوا ئەو جوتیارە ناتوانێت نە لەبەرخاتری خۆی و، نە لەبەر خاتری منیش کار بکات."

ڕەنگـە بـە هـۆی وێڵکردنـی بیرکردنـەوە لـەوەی کـارێکی خێـر دەکـات بـۆ ئەوانـەی دەوروبـەری و نـاوی نـەنابێت چاکـە، ئـا بـەو شـێوەیە، بەرهەمەکـەی وەردەگرتـەوە. سـامانەکەی نیکـۆلا فـرەو فرەتـر دەبـوو. بـە ئاشکرا دێنشـینانی دەوروبـەر هەرچییـەکیان بفرۆشتایە دەچوون بۆ لای ئەو.

تەنانـەت دوای مردنیشـی و، تـا ماوەیـەکی دوور و سـاڵانێکی فـرەیش، ئـەویان لـە یـاد نەچوو و دەیانوت و دەیانوتەوە:

"ئـەو مـەزن و گـەورە بـوو... بێگومـان هەرچەنـد پیـاوێکی سـادە و نیـان نـەبوو. بـەڵام مشتومڕ هەڵناگرێت کە گەورە و مەزن بوو."

بەشی هەشتەم
دروستکردنی کۆشک

تـەنیا ئـەوەی کـە جاروبـار دەبـووە مایـەی ئـازار بـۆ نیکـۆلا لـە پەیوەندییـدا بـە کۆیلەکانییەوە، ئەوە بوو، کە لە کاتی هەڵچوونیدا بەرامبەریان، دەستی بە کار دەهێنا و لێی بەرز دەکردنەوە، ئەمەیشی وەکو سوارەیەک تێدا مابووەوە.

لە سەرەتادا لێدانی پێ شەرم نەبـوو. بـەڵام لـە سـاڵی دووەمـی هاوسـەرگیریەکەیدا لـە ناکاو ئەو بیرکردنەوەیەی گۆڕی و، ئەو رەوشتەی خۆیی بە رەوا نەزانی.

رۆژێکی هاوین ئەو جێگرەی خۆیی لە بۆگۆتشارۆقۆ بانگ کرد، کە لە شـوێنی درووونـی کۆچکردوو دابنابوو. چونکە بە پارە دزین و پشتگوێخستنی ئەرکەکانی سەرشـانی تاوانبار کرابوو. کە جێگر گەیشت، نیکۆلا بەرەو رووی چوو و، لە کۆتایی پلیکانەکەدا لـە سـەرەوە، پێی گەیشت و، لـەناکاو دەنگی لێدان و هـاوار و قیـژە بڵند بـووەوە. ئـەویش لـە ئـەنجامی وەلامەکانی ئەو جێگرەوە پەیدا بوو.

دواتر کە نیکۆلا بۆ نانخواردن گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. لـە هاوسـەرەکەی نزیک بـووەوە و، ئـەویش لـە بـەردەم رایەڵـەی تەونـە هەڵخسـتوەکەیدا، دانیشـتبوو و، سـەری داخسـتبوو. نیکۆلایش وەکـوو جـارانی کەوتـە گێڕانـەوەی ئـەو کارانـەی سـەر لـە بـەیانیی خـۆی و، لـە درێژەی قسەکانیدا باسی ئەو جێگرەیشی بۆ کرد.

روخساری کۆنتیسـەی ژنی لێرەدا رەنگی سوور هەڵگەڕا و، لێوەکانی هێنایـەوە یـەک و، بێئەوەی بجوولێت، یان سـەری بـەرز بکاتـەوە و، لە مێردەکەی بڕوانێت.

نیکۆلا هەر بە ناوهێنانی بریکارەکە هـاواری کرد:

"ئـای! کـه رسـواییەکی پۆخڵـە! خـۆ ئەگـەر مەبەسـتی بوایـە، شـتی زۆرتـری بـۆ دەردەخستم!"

لە ناکاو پرسیی،"بەڵام... ماری، ئەوە چیتە؟"

کۆنتیسە سەری وا بڵند کردەوە کە قسە بکات. بەڵام سەری نەوی کردەوە و لێوەکانی نوقاندەوە.

نیکۆلایش پرسییەوە،"ئەوە چیتە؟ چیتە هاوڕێکەم؟"

کۆنتیسـە مـاری بـەو گریاوییـەوە جوانتر بـوو بـوو. ئـەو هـەرگیز بـە ئـازاری جەسـتەیی خۆی نـەدەگریا. بـەڵام هەمیشـە بـە هـۆی پـەژارە و بـەزەیی هاتنـەوەوە بـە خـەڵکیدا گریـانی دەهات. ئەو دەمەیش کە دەگریا چاوە بریسکەدارەکانی قەشەنگتر دەبوون.

هەرکە نیکۆلا دەستەکانی ئەوی خستە دەستی خۆیـەوە. ئیدی خـۆی بـۆ نـەگیرا و دایـە پڕمـەی گریان و هێندەی بۆ وترا:

"نیکۆلا، خۆم بینیم! بەڵێ ئەو هەڵەی کردبوو، بەڵام تۆ، بۆچی.. زانیم... نیکۆلا!"

پاشان روخساری خستە نێو بەری دەستەکانییەوە. نیکۆلایش سوور هەڵگەڕا و بێدەنگ بـوو و، لێی دوورکەوتـەوە و کەوتـە هـاتوچۆ بـە ژووورەکـەدا. نیکـۆلا لـە هـۆی فرمێسـک رشتنەکەی تێگەیشت. خۆ دەیتوانی هەر لەسەرەتاوە، پشتگیری ئەو بکات و هـاوڕای بێت و، لـە ناخییـەوە دڵدان بـە هـەموو ئـەو تاوانـەدا بنێـت و، هـەموو ئـەو تاوانانـەی هـەر لـە سەرەتای منداڵیی خۆیەوە کردبوونی،

لە خۆی پرسی:

"ئایا ئەمە شتێکە لە هەسـتەوەر؟ بڵێی شتێک بێت لـە هەسـتەوەر؟ بـۆچی ئەمـەیش لـەو چیرۆکانەیە کە بە پێوە خەو لە خەڵک دەخات. یان لە ژیانی راستەقینەوە وەرگیراوە؟"

بێ ئەوەی لە دڵی خۆیدا، وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، سـەیرێکی تـری ئـەو هاوژینـەی کردەوە کە سۆز و خۆشەویستی لێ دەباری و، هەر زوو گەشتە ئەوەی کە هاوسەرەکەی لەسەر حەقە و هەر خۆی تاوانبارە.

بۆیە بە چرپە و دوای ئەوەی خۆی نزیک کردەوە، وتی:

"ماری... پەیمانت دەدەمێ لەمەودوا هەرگیز شتی وا روو نادات...!"

بە دەنگێکی لەتردارەوە وەکوو ئەوی منداڵێک داوای لێبووردن بکات، وتی:

"پەیمان بێت ماری، جارێکی دی ئەمە روو ناداتەوە."

ئـەو فرمێسـک بـە چاوانیـدا هاتـە خـوارەوە و، مێردەکەیشـی دەسـتەکانی گـرت و مـاچی کـرد. مـاری سـەیرێکی دەسـتەکانی نیکـۆلای کـرد و، وێسـتی بابەتەکـە بگـۆڕێـت و رووانیـی موستیلەکەی پەنجەی مێردەکەی ـ کـە کەللـە سـەری لاوکـۆن بـە سـەر نقێمەکەیـەوە بـوو ـ شکاوە و لێی پرسی:

"نیکۆلا! ئەوە لە کەیەوە نقێمە گرانبەهاکەی موستیلەکەت شکاوە؟"

نیکۆلاش وەلامی دایەوە:

"هەر ئەمڕۆ...بە هۆی هەمان ڕووداوەوە شکا! ئـای! مـاری... ئیدی باسی ئـەم ڕووداوە مەکە."

کەمێک سوور هەڵگەڕا و لە سەری ڕۆیشت:

"پەیمانی شەرەفت دەدەمێ، ئەمەی ڕوویدا هەرگیز دووبارە نابێتەوە..."

نقێمە شکاوەکەی خستەوە ڕوو و لە سەری ڕۆیشت:

"خۆ ڕەنگە ئەم موستیلەیەیش هەمیشە ئەم پەیمانەکەم بیر بخاتەوە!"

هەر لەو کاتە بە دواوە کە گفتوگۆکانی لەگەڵ بریکار و ژمێریارەکانی دەست پێدەکرد: سوور هەڵدەگەڕا و مشتی خۆی توند دەکرد و، دواتر ئەو موستیلەیەی خول دەدا کە لە پەنجەیدا بوو و، سەری خۆی دادەخست، بەرامبەر ئەو پیاوەی کە لێی تووڕە ببوو و، پەیمانەکەی خۆی، بیر دەکەوتەوە. بەڵام سااڵی یەک دوو جارێک دەستی لە بەردەستەکان هـەر بـەرز دەکـردەوە و، لێی دەدان و خـۆی بیـر دەچـووەوە. بـەڵام دواتـر دەچـووە لای هاوژینەکـەی و ددانـی بـە هەڵـەکـەی خۆیـدا دەنـا و، هـەموو جـارێکیش پـەیمانی دەدا کـە دووبارەی ناکاتەوە.

هەموو جارێک پێی دەگوت،"ماری، حەقی خۆتە ڕقت لێم ببێتەوە،منیش هەر ئەوە دێنم!"

ماریی کۆنتیسەیش، بە سەریدا دەهات و دەیوت:

"بـەڵام لـەو کاتانـەدا هـەوڵ بدە لـەو کەسـەی ڕقت لێی هەستاوە، دوور بکەوێتـەوە. بـە تایبـەتی ئەو کاتانەی هەست دەکەیت: جڵەوی خۆتت بۆ ناگیرێت."

کەسە خانەدان و نەجیبزادەکانی دەوڵەت لە دڵەوە ڕێزیان دەگرت و، کەمێک نیکۆلایان خۆشدەویست. ئەویش گوێی زۆر بە بەرژەوەندیی ئەو چینە نـەدەدا و، بـە شـێوەیەکی وا، بڕێک لـەو خانەدانانـە، نیکۆلایـان بـە کەسـێکی بـە خۆنـاز لـە قەڵـەم دەدا. بڕێکی دی پێیـان وابوو، بەو ڕەفتارەی، خۆی لە گێلی دەدات.

هەر لـە وەرزی کشتوکاڵەوە لـە بـەهاردا، تـا وەرزی دروێنـە و کۆکردنـەوەی بەرهـەم، کاری ناو کێڵگەکان هەموو کاتەکانی بردبوو. کە پاییز دەهاتـەوە، دەکەوتـە ڕاو و شـکار و، بە هەمان چاالکی نێو کێڵگەی، ڕاوەکانیشی دەکرد.

بە مانگ یان دوو مانگ، بە خۆی و ڕەوێک تووڵە و تانجییەوە، خۆی ون دەکرد و، لـە ماڵ دوور دەکەوتەوە. زستانانیش سەردانی گوندە دوورەکانی دەکرد. یان بە خوێندنەوەی کتێبەوە خەریک دەبوو. ئەو کتێبانەیشی دەیخوێندنـەوە مێژوویی بـوون. سـاڵانەیش بڕێکی فرە پـارەی بـۆ کڕینـی کتێب دادەنـا. لـە قسـەکانیشـیدا وا دەردەکـەوت دواتـر کتێبخانەیـەکی مـەزنی لـێ دروسـت بکـات. بڕیاریشـی دابـوو هـەر کتێبێـک بکەوێتـە بـازارەوە دەبێـت بیخوێنێتەوە. زۆر جدیانە دادەنیشت لە نوسینگەی کتێبخانە و تەرخانی خوێندنەوە دەبوو.

لە سەرەتادا کردبووی بە پێویست لەسەر خۆی و، دواتر لێی بووە خوو و چێژی تایبەتی لێ وەردەگرت. هەستی بەوە دەکرد کە کارێکی جدی دەکات. بەڵێ ئەو سەفەرانەی بە هۆی کاری پێویستەوە، بڕێک کاتی لێ دەبرد. بەڵام هەموو وەرزی زستانی لە نێو ماڵدا و ئامێزی گەرمی خێزان بەسەر دەبرد. بەشداری کاری رۆژانەی هاوسەر و منداڵەکانی بوو. تا دەهات زیاتر و زیاتر کێشی ماریی هاوژینی دەبوو. هەر رۆژە و گەنجینەیەکی نوێی تری رەوانیی لەو ژنەیدا بۆ دەردەکەوت، کە لەوەوپێش پێی نەزانیبوو.

لە هاوسەرگیریەکەی نیکۆلایشەوە، سۆنیا لە ماڵی ئەودا نیشتەجێ بوو. نیکۆلایش چی لە نێوان خۆی و سۆنیادا پێش هاوسەرگیریەکەی رووی دابوو، هەمووی بۆ ماری گێڕابووەوە و، خۆیشی تێیدا تاوانبار پیشاندابوو و، وەسفی سۆنیای کردبوو و، تکایشی لە ماری کردبوو، لەگەڵی نیان بێت و، ئەم کچە مامەی ئەوی خۆشبوێت.

ماریش لەو تاوانە گەیشتبوو، کە مێردەکەی بەرامبەر سۆنیا کردبووی. هەستی بە تاوانی خۆیشی دەکرد، بەرامبەر سۆنیا. وایشی هەست دەکرد کە نیکۆلا لەبەر سامانەکەی هاوسەرگیریی لەگەڵ کردووە! بۆیە هیچ رقێکی لە سۆنیا نەبوو، بەڵکوو هەوڵی ئەوەی بوو، کە سۆنیای خۆش بوێت. بەڵام سۆنیا نەک هەر دوور بوو ماری خۆشبوێت، بەڵکوو زۆر جاران دووژمنایەتی بەرامبەر بە ماری بە رەفتارەکانییەوە دیاربوو و، ئەمەی بۆ نەدەشاردرایەوە.

رۆژێکیان لە بارەی سۆنیاوە، قسەی بۆ ناتاشای هاوڕێی دەکرد و، باسی ئەو ناڕەواییەی بۆ دەکرد، کە بەرامبەری کردوویەتی.

ناتاشایش پێی وت:

"دەزانیت، لەبەر ئەوەی ئینجیلت زۆر خوێندووەتەوە، بڕگەیەکی تێدایە رێک بەسەر سۆنیادا واتاکەی دەسەپێت."

ماریش بە سەرسوڕمانەوە پرسیی،"کام بڕگەیە؟"

"ئەوەی هەیەتی زیاتر و زیاتری دەدرێتێ. ئەوەیشی کە نییەتی لێی وەردەگرێتەوە."[1]

تۆ ئەمەت زانیوە؟ ئەوەی کە نییەتی. رێک ئەوە سۆنیا خۆیەتی... ئەمە بۆ؟ خۆیشم نازانم! خۆ رەنگە خۆ پەرستیش نەبێت... نازانم. بەڵام هەموو شتێکی لێ دەسەندرێتەوە. جاری وا هەیە زۆر بە پەرۆشەوە بەزەییم پێیدا دێتەوە. لە هەموو دڵمەوە، حەزم کردووە، رۆژێک بێت کە نیکۆلا مارەی بکات و، ببێتە هاوسەری. هەمیشەیش لەبەر چاوم بووە، کە ئەو هاوسەرگیرییە روونادات. ئەو کچە وەکوو گوڵە بێ بۆن و بەرامەکەی فرێز وایە! جاری وایە بۆی دەلاوێمەوە. جاری وایش هەیە دەگەمە ئەوەی کە سۆنیا وەکوو هەستی پێ نەکات وایە.

---

١ ـ مەتی: ئیسحاقی (٢٥).

هەرچەندە کاتی خۆی کۆنتیسە ماری بۆ هاوڕێکەیی روون کردبووەوە، کە پێویستە وشەکانی ئینجیل زیاتر لە واتای... ئەودیویشیان تێ بگەین.

هێندەی بەس بوو کە ئاگای لە سۆنیا بێت و، شیکردنەوەکەی ناتاشای پەسەند بوو. هەموو جارێک دەیووت کە لە راستیدا لەگەڵ چارەنووسی خۆیشیدا کە وەکوو گوڵی بێ بۆن بووە، راهاتووە. وایش دەردەکەوت کە وەکوو ئەندامێکی خێزانەکە، هەموو ئەندامانی خێزانەکەیی خۆشبوێت. وەکوو پشیلەی لێهاتبوو و، لەبری ئەوەی هۆگری ئەندامانی خێزان ببێت، هۆگری خانووەکە بوو بوو. خزمەتی پیرە کۆنتیسەی دایکی نیکۆلای دەکرد و، یاریی لەگەڵ منالەکانی بنەماڵەکە دەکرد. هەمیشەیش ئامادەی خزمەتکردن بوو، ئەوەی بۆی جێبەجێ بکرایە دەیکرد. ئەوانیش ئەو کارکردنەی ئەویان پێ نەدەزانی و، پێزانینیان بۆ دەرنەدەبڕی.

کۆشکەکەی لیساگۆری کە سەرلەنوێ دروست کرابوەوە، وەک ئەو کۆشکە نەبوو کە میری کۆچکردوو، کاتی خۆی دروستی کردبوو. بەرزیی خانووەکە لە سەردەمێکدا بوو، کە حساب بۆ بڕی تێچوون کرابوو.

ئەو کۆشکە مەزنەی بناغەکەی بەرد بوو، لە تەختە دروست کرابوو. دیوی ناوەوەی بە سادەیی گەچکاری کرابوو و، ژوورەکانی پان و پۆڕ و، تەختی زەوییەکەی تەختەبەندی سپی بوو و، چەند قەنەفەیەکی سادە و، چەندین کورسی تۆکمە و سەنگینی تێدابوو. لەگەڵ چەند مێزێکی دار سەروو. کە لە دار سەرووەکانی دارستانەکەوە هێنرابوون و، بە دەستی دارتاشە میللیەکان دروستکرابوون.

لەبەر ئەوەی کۆشکەکە فراوان بوو، چەند ژوورێکی بۆ خزمەتکاران و بەشێکی تەرخانی میوان کرابوو. خزمانی بنەماڵەی ڕۆستۆڤ و، بنەماڵەی پۆلکۆنسکی ناوەناوە لەو بەشەدا کۆدەبوونەوە. کە دەهاتنە سەردان، هەمویان پێکەوە بوون بە گالیسکەیەک کە شازدە ئەسپ بە کێشی دەکرد و، بە دەیان خزمەتکاریان لەگەڵدا بوو و، چەند مانگێکی دوورو درێژ، تێیدا دەمانەوە. لەگەڵ ڕۆژی یەکەم یان دووەمی هاتنیاندا، سەد کەسێکی تریش، بۆ بینینی ئەمان و سالّی وا بوو، ئەوانیش چوار جاران دەبوونە میوانی ئەو کۆشکەی نیکۆلا.

ئیدی بە بۆنەی سالّیادی لەدایکبوونی گەورەی ماڵا، یان تکاکاران بوایە. بەڵام دوور لەم سەردانیانە و، ڕۆژانی ئاسایی، ژیانیان ڕێک و پێک بوو و، لە کاتی چاخواردنەوەیاندا، یان کاتی کۆبوونەوەیان بۆ نانی نیوەڕۆ یان ئێوارە، شەڵەژاوییان پێوە دیار نەبوو. خواردنەکانیشیان لە بەروبوومی کێڵگەکەی خۆیان بوو.

بەشی نۆیەم
لە جەژندا

ئێوارەی پێنجەم رۆژی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٨٢٠) جەژنی زستانەی قدیس نیکۆلا بوو. ئەو ساڵە هەر لە سەرەتای پایزەوە، ناتاشا و مێردەکەی و، منداڵەکانیان، لای براکەی بوو. پییەر بەرەو پێترزبۆرگ سەفەری کرد و، وەکو خۆی دەیگوت سەرقاڵی کۆمەڵێک کار دەبێت و، نزیکەی سێ هەفتەی پێدەچێت. بەڵام ئەوە شەش هەفتە رابوورد و، ئەوان هەر لە چاوەڕوانی هاتنەوەی ناکاوی بوون.

لە پێنجی کانوونی یەکەمدا، بێ لە بنەماڵەی پیزۆخۆف، میوانێکی تریان هەبوو کە هاوڕێی کۆنی نیکۆلای بوو. ئەویش ژەنەراڵی خانەنشین: ڤازیلی فیدوروڤیتش دینسۆف بوو. نیکۆلا نەیدەزانی کە پێویستە رۆژی شەشەمی ئەو مانگە، کە رۆژی ئاهەنگ گێڕانەکەیە و، میوانانێکی زۆر پەیدا دەبن، پێویستە چاکەتە پان و پۆرەکەی دابکەنێت و، بەرگی فەرمیی ئاهەنگ بپۆشێت و، پێڵاوی نووک تیژ لە پێ بکات و، روو بکاتە ئەو کڵێسەیەی، کە خۆی سەرپەرشتی کردبوو و، تەوقەی پیرۆزبایی لەگەڵ میوانان بکات و، پێشەنگیی میوانەکان بێت و، بەرەو مێزی نانخواردنیان ببات. دەبێت قسەیش لە بارەی هەڵبژاردنی نەجیبزادەکان و وەرزەوە بکات. هەر لەو رۆژەدا بە رەوای زانی کە بە گوێرەی باو و ئارەزووی خۆی بژیێت.

بۆیە خۆی سەرقاڵ کرد، لەگەڵ بریکاری گوندێکی نزیک بە ریازان کە مووڵکی برازای ژنبراکەی بوو. دوو نامەی لە بارەی کارەکانییەوە نووسی و، بە نێو زەوییە بەیارەکان و، بینینی گەوڕ و تەویلەکاندا گەڕا.

دوای تەگبیر کردنی پێویست، کە ئەویش جەژنی گشتی خەڵکەکە بوو، بۆ نانی نیوەڕۆ گەڕایەوە. لە سەر مێزە دریژەکەی خوانەکە جێی خۆی گرت و قاپەکانیش لە سەر ئەو مێزە بە گوێرەی ژمارەی بنەماڵەکە بیست قاپ بوو، رێک خرابوون و ریز کرابوون. تەنانەت مۆڵەتی ئەوەی نەبوو دوو قسە لەگەڵ هاوژینەکەی خۆیشی بکات.

خەڵکەکە هەڵ یەکە و، شوێنی خۆی لە سەر مێزی خوانەکە گرتبوو. دایکی و پیرەمێردە 'بیسلۆخا'، کە هەمیشە بە دوایەوە بوو و، بووکەکەی و ئەو پیرە ژنەی سێ منالەکە بە دوایەوە بوون، لەگەڵ دایەن و فێرکارەکەی و، برازاکە و دایەنەکەیش. هەروەها سۆنیا و دینسۆف و ناتاشا و، منالەکانی کە سێ کەس بوون. پیرە میخائیل ئیڤانیتش، لەگەڵ ئەندزیارەکەی میری کۆچکردوو، ئەو پیاوەی کە بە ئارامی لە لیساجوری سەری نایەوە.

کۆنتیسە ماریەش لەوسەری مێزی خوانەکەوە دانیشتبوو. هەرکە هاوژینەکەی خۆی بینی بە لەسەر مێزی خوانەکە: پاڵی بە پەرداخەکانی بەردەم خۆیەوە نا. تێگەیشت کە کەمێک شپرزەیە و، هەر ئەو شتوەیەی کە جاروبار پێوەی دەبینرا. بە تایبەتیش دوای شۆربا خواردنەکان و، ئەو دەمانەی کە لە کێڵگەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە. بۆیە ماری لەو بارە دەروونییەی نیکۆلا شارەزا بوو.

جا گەر خاتوو ماری خۆی، دەروونی ئارام بوایە، ئەوا هیچی نەدەگوت، تاکوو لە خواردن دەبووەوە. تێی دەگەیاند کە ئەو گرژییەی، باریکی پێویست نییە بۆ ئەو. بەڵام ئەو رۆژە ئەو پیلانەی بەرامبەر بە گرژ بوونی مێردەکەی، بیرچووەوە و کەوتە پەژارە خواردن بەو بارە ئاڵۆزە دەروونییەی مێردەکەی و، هەستی کرد بێزاریی دایگرتووە.

پاشان لێی پرسی کە لە کوێ بووە؟ نیکۆلا وەڵامی پرسیارەکەیی دایەوە. دیسان ماری پرسیاری لێ کردەوە، کە ئاخۆ بارودۆخی تەواوە؟ بە تایبەتی بارودۆخی مولکەکانی. بەڵام ئەمجارە لە وەڵامدانەوەدا، نیکۆلا توند بوو و، رووی تاڵا بوو.

کۆنتیسە ماری لە دڵی خۆیدا وتی،"کەوابوو هەڵە نەبووم لە خوێندنەوەی روخساریدا!"

بە وەڵامەکانیدا دەردەکەوت، کە کۆنتیسەی هاوژینیشی بێزار بووە. هەر ئەوەندەی بەلاوە گرنگ بوو، کە کۆتایی بە قسە کردن بێنێت لەوبارەیەوە. هەستیشی بەوە دەکرد، کە پرسیارەکانی ئاسایی و سروشتی نین. ناشتوانێت کۆڵ بدات لە پرسیار کردن.

هەر زوو دینیسۆف قسەی بە بەردا هێنا و، باسەکەی گۆڕی بە شتی گشتی. خاتوو ماریی کۆنتیسەیش لەوە بە دواوە، رووی نەکردە هاوژینەکەی و، هیچی لەگەڵ نەدەگووت. کە لە خواردنیش بوونەوە. هەریەکە و، لای خۆیەوە خۆی لە پیرەژنە کۆنتیسە نزیک کردەوە و، سوپاسی ئەوی کرد. کۆنتیسە ماری دەستی بۆ مێردەکەی دریژکرد و ئەویش ماچی کرد[1].پاشان هۆی ئەوەی لێپرسی کە بۆچی لێی تووڕەیە.

---

١ ـ نەرێتێکی کۆنی ڕووسەکانە و وەکوو دەستخۆشانە لە کاتانی هاڵ ماچ دەکرێت.

نیکۆلایش وتی:

"هەمیشە بەو شێوەیە بیر لە من دەکەیتەوە! ئاخر بۆچی پێت خۆشە لە تۆ بێزار بم؟"

بەڵام کۆنتیسە ماری وشەی "بۆچی"ی بەلاوە وابوو کە:

"بەڵێ من بێزارم لێت و نامەوێت پێیشت بڵێم بۆچی؟"

نیکۆلا ئاسوودانە لەگەڵ هاوژینەکەی دەژیا و، بەشێوەیەک مۆڵەتی سۆنیا و پیرەژنە کۆنتیسەیان نەدەدا کە ئیرەیی وایان لێ بکات رەخنەیان لێ بگرن. بەڵام بڕێک شڵەژاوی ناوەناوە پێیانەوە دەبینرا. وەکوو هەر ژن و مێردێک بە تایبەتیش دوای هەر نزیک بوونەوە و بەختەوەرییەک، دوورکەوتنەوە لەیەک و بێزاربوون دەهاتە ئاراوە. ئەو لێک دوورکەوتنەوەیەی کۆنتیسە ماری دوای دووگیانبوونەکەی رووبدا، چونکە بەم دواییانە دووگیانیش ببوو.

نیکۆلا بەدەنگی بەرز ـ کۆنتیسە ماریش پێی وابوو کە مەبەستی تووڕە کردنێتی ـ وتی:

"زۆر باشە! خۆشەویستان و خاتوونانی نیان، ئەمڕۆ لەسەر قاچەکانی خۆم و بە دریژایی شەش سەعات وەستاوم. گومانیشی تێدا نییە کە سبەینێش بە هەمان شێوە دەبم و، تا کۆتایشم هەروا دەمێنمەوە. بەڵام وا ئەمڕۆ دەمەوێت بڕۆم بڕێک بحەوێمەوە."

بێئەوەی هیچی تر بە کۆنتیسە ماری بڵێت، بەرەو شوێنی حەوانەوەکەی خۆی چوو و، لەسەر قەنەفەیەک راکشا.

ماریش وابیری کردەوە:

"ئەمە بارودۆخەکەیە، ئەو ڕوو دەکاتە خەڵکەکە و، هیچ شتێک راستەوخۆ بە من نالێت. زۆرچاک دەزانم خۆی بە دوور دەگرێت لێم و، بە تایبەتی لەم بارەیشدا کە دووگیانم. پاشان لە ئاوێنەکەدا سەرنجێکی سکە بەرزبووەکەی خۆی و رووە زەردەهەڵگەڕاوەکەی دەدا. خۆی لە هەموو کاتێک فرەتر خۆی بە تاوانبار دەزانی."

هەموو شتە کتوپڕ و لە ناکاوەکان، بۆ ئەو خورپە بوو. لەوانە: لەرینەوەی دەنگەکان، پێکەنینەکەی دینیسۆڤ و، قسەکانی ناتاشا و، بە تایبەتی ئەو روانینەی لە سۆنیا. هەمیشە سۆنیا بیانووی کۆنتیسە ماری بوون بۆ تووڕەبوونەکانی خۆی.

دوای ئەوە چەند خولەکێک، لای میوانەکانی مایەوە و هیچیان لێ تێنەگەیشت. پاشان بێدەنگ جێی هێشتن و، چوو بەلای منالەکانیەوە و، ژوورەکەیان. منالەکانیش لەسەر کورسییەکان دانیشتبوون و، بۆ مۆسکۆ دەچوون و، داوایان لێ کرد لەگەڵیان بچێت بۆ مۆسکۆ. ئەویش کەوتە یاری کردن لەگەڵیان، بەڵام بێزارییەکەی لە مێردەکەی، هەر لەبیر نەچووەوە.

بە خێرایی هەستا و، لەسەر نووکی پەنجەکانی چووە دەرەوە و، بەرەو نوێن و جێی نووستنە چکۆلەکەی بووەوە.

له دڵی خۆیشیدا وتی:

"رەنگە نەنووستبێت... هەر ئێستا باسەکەی لەگەڵ یەکلایی دەکەمەوە."

ئاندریە چکۆلە نۆبەرەی منداڵەکان بوو، شوێنی ماری پووری کەوت و، وەکو ئەو لەسەر بنووکی پەنجەکانی دەڕۆیشت و، کەوتە لاسایی کردنەوەی. ماریش ئاگای لێی نەبوو، لە هۆڵی پێشوازیەکەدا چاوی بە سۆنیا کەوت. سۆنیایش لە هەموو کێشەکاندا، بەرەو رووی ماری دەبووەوە.

بۆیە بە ماریی وت:

"ماریی ئازیز... پێم وایە خەریکە مێردەکەت بنوێت و، زۆر ماندووە! ئاگات لێی بێت ئاندریە چکۆلە خەبەری نەکاتەوە."

کۆنتیسە ماری لای کردەوە و، ئاندریە چکۆلەی بە دوای خۆیەوە بینی و، هەستی کرد کە سۆنیا راست دەکات و، کە تێگەیشت خۆی هەڵەیە سوور هەڵگەڕا و خەریک بوو، قسە بە سۆنیایش بڵێت و، هەستی بریندار بکات. بەڵام توانیی ددان بە خۆیدا بگرێت. بە ئاندریە چکۆلەیشی وت، شوێنی بکەوێت و وای نیشاندا کە گوێ بە قسەکانی سۆنیا نادات و، لە دەرگاکە نزیک بووەوە.

سۆنیایش خۆی کرد بە دەرگاکەی بەرامبەردا. لە ژوورەکەوە دەنگی هەناسەی خەوتووەکە دەبیسترا. لەگەڵ بیستنی هەناسەی مێردەکەیدا، نێوچاوانە بەرز و سمێڵەکانی ئەوی بینی. ئەو روخسارەی کە زۆر جاران لە کاتی نوستنی ئەودا، نیوە شەوان و لە کاتی کپی شەودا، سەرنجی دابوو.

لەناکاو نیکۆلا کۆکەیەکی کرد و، ئاندریەی چکۆلە لە دەرگاکەوە هاواری کرد:

"باوکە... دایکیشم لێرەیە!"

کۆنتیسە ماری زەرد هەڵگەڕا و، بە ئاندریەی برازای وت: کە بێدەنگ بێت، منداڵەکەش بە قسەی کرد. بۆ خولەکێک بێدەنگ بوونەوە و، ماری دەیزانی چەند نیکۆلا رقی لەو کەسانە دەبێتەوە، کە لە ناکاو لە خەوی هەڵدەستێنن. لەودیو دەرگایشەوە کەسێک کۆکی و، نیکۆلا جارێکی تر لە جێگەکەیدا جوڵایەوە.

بە جۆرێک بێزاری لە دەنگیدا دیار بوو، وتی:

"ئەڕێ ڕێ نادەن: گەر بۆ خولەکێکیش بووە بحەوێمەوە؟ ماری ئەوە خۆتیت؟ ئەوە ئەو کورەت بۆ لەگەڵ خۆت هێناوە؟"

کۆنتیسە ماریش وتی:

"بۆیە هاتم ویستم چاوێک بە ژوورەکەدا بگێڕم و بەس، کە هیچم نەبینی، لێم ببوورە."

نیکۆلا کۆکەیەکی بۆکرد و، بێدەنگ بوو! کۆنتیسە ماریش لە دەرگاکە دوور کەوتەوە و، منداڵەکەی بردەوە ژووره منداڵانەکەی خۆی.

کچه چکۆلەی ناتاشایش، چاو ڕەشێکی جوانی سێ سالانە بوو و، لای باوکی لە منالەکانی تری ناتاشا خۆشەویستتر بوو. دوای پێنج خولەکێک، هەستی کرد کە باوکی نووستووە و، دایکیشی خۆی کردووە بە نێو نوێنەکەیدا، بێئەوەی دایکی ئاگای لێ بێت، بۆ باوکی دەگەڕا.

کچە چاو ڕەش بێ ترس دەرگاکەی کردەوە. پاشان بە چەند هەنگاوێکی ناجێگیر، بەرەو کتێبخانەکە ڕۆیشت. کەمێک وەستایەوە و کەوتە سەرنجدانی باوکی و، بینیی نووستووە و پشتی تێکردووە. پاشان لەسەر نووکی پێپەکانی بەرەو باوکی چوو و، ئەو دەستەیانی ماچ کرد کە نیکۆلا خستبوویە ژوور سەری. ئەویش بە سۆزەوە لای کردەوە بە لایدا و بزەیەکی خۆشەویستیی بۆ کرد.

لەودیو دەرگاکەوە، ماری بە ترسێکەوە وتی:

"ناتاشا! ناتاشا! باوکت بە خەبەر مەهێنە."

ناتاشا چکۆلەیش سەرکەوتوانە وەڵامی دایەوە:

"نەخێر، بەڵام ئەو حەزی لە نوستن نییە و پێدەکەنێت."

نیکۆلا لەسەر قەنەفەکە دانیشت و، پێپەکانی خستە سەر زەوییەکە و، کچەی خستە باوەشییەوە.

بە ژنەکەیشی وت: "ماری وەرە ژوورەوە."

ماری هاتە ژوور و لە تەنیشت مێزدەکەیەوە لێی دانیشتو بە سۆزێکەوە وتی:

"نەمزانی بوو، ئەم کچە شوێنم کەوتووە و، کارێکم نەبوو و، هەروایش هاتم."

نیکۆلا دەستێکی کچە چکۆلەکەی گرتبوو و، سەرنجێکی هاوژینەکەی دا و ڕوخسارە شڵەژاوەکەی ئەوی بینی. خۆیدا بەسەر شانیدا و ماچێکی لە ناکاوی قژی کرد.

لە ناتاشا چکۆلەیشی پرسی: "ئاخۆ دەکرێت... دایە ماچ بکەیت؟"

ناتاشا چکۆلەیش بە تەریقییەوە لێوەکانی والا کردەوە.

ماریش شوێن ماچی مێزدەکەی بۆ ناتاشا دیاری کرد و پێی وت:

ـ ئەمەیش ماچ بکە!

نیکۆلایش وەکوو بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری ژنەکەی بداتەوە، وتی:

"خۆیشم نازانم، بۆچی پێتوایە، ڕەفتاری من خراپە."

هاوژینەکەیشی وتی:

"تۆ ناتوانیت بیهێنیتە بەرچاوت، چەند بەدبەخت و بێچارەم؟ کە تۆ لەو بارە دەروونییەدا دەبینم، چەند هەست بە تەنیایی دەکەم!؟ پێیشموایە هەمیشە هەر بەو جۆرەیت..."

ئەویش بە ڕوویەکی خۆشەوە هاواری کرد:

"ماری، وسبە! ئەوانە کەرێتی بوون، چۆن شەرم ناکەیت؟"

کۆنتیسه ماریش وتی،"وا به خەیاڵمدا دێت، که بەم شێوەیەوە تۆ منت خۆشناوێت، من کەسێکی ناشرینم و زۆریش... به تایبەتیش... له ئێستامدا..."

"ئای! چەند هیچ و پووچیت!"

ئاخر خۆ جوانی خۆشەویستی بەرهەم ناهێنێت! بەڵکوو خۆشەویستی جوانی بەرهەم دێنێت. مالڤینا و هاوشێوەکانی لەبەر جوانییەکانیانە خۆشمان دەوێن، بەڵام باری ژنەکەم واکەوتووەتەوە هەست به خۆشەویستی ناکەم. بەڵکو هەست بەشتێکی دی دەکەم. ناشزانم چۆنت بۆ شی بکەمەوە! بە تایبەتی ئەو کاتانەی لێمەوە دوور دەبیت. یان ئەو کاتانەی نێوانمان لێڵ دەبێت و، وەکو ئەمەی پێش کەمێک لە نێوانماندا ڕوویدا. لەوکاتانەدا واهەست ئەکەم، ون بووم و بێنرخ بووم! بۆ نموونە فەرموو ئەو پەنجەیەم بۆ تۆ! ئاخۆ ئەم پەنجەیەی خۆمم خۆشدەوێت. نەخێر خۆشم ناوێت، بەڵام دەی فەرموو خۆت تاقی بکەوە و بیبڕەوە و لە دەستمی بکەوە!

هاوژینەکەی وتی:

"نەخێر ئەوە من نیم! بەڵام تێدەگەم. کەواتە تۆ لە من بێزار نیت؟"

نیکۆلایش به بزەیەکەوە وتی:

"بێزار! ئای که ئەمەی تۆ، شێوە بیرکردنەوەیەکی هیچە!"

پاشان نیکۆلا هەستا و دەستی بە قژە بژەکەی خۆیدا هێنا و، کەوتە هاتوچۆ بە ژووڕەکەدا، دوای ئەوەی ئاشت بوونەوە، ئێستا ئامادەیە بە دەنگی بەرز و لە بەرامبەر هاوژینەکەیدا بیر بکاتەوە.

وتیشی،"دەزانیت ماری بیرم لەچی کردەوە؟"

هەر لە خۆیشی نەپرسی ئاخۆ هاوژینەکەی گوێی لێ دەگرێت؟ چونکە بەلایەوە فرە گرنگ نەبوو، پێویست بوو، هەر لەو کاتەوەی ئەو بیرۆکەیەی لەلا دروست بوو بوو، هاوژینەکەیشی بەشداری تێدا بکات. پاشان بۆی ئاشکرا کرد کە بە نیازە ئەو بەهارە بانگهێشتی پییەر بکات، بۆ ماڵی خۆیان و بەهارەکە پێکەوە بە سەر بەرن.

کۆنتیسه ماری گوێی لێ گرت و چەند سەرنجێکیشی خستە بەردەمی مێردەکەی و، وای کرد ئەویش بە دەنگی بەرز بیر بکاتەوە و، دەری بخات بیری هەر بەلای منالەکانییەوەیە.

به فەرەنسی هێمای به ناتاشا چکۆله دا و وتی:

"هەر له ئێستاوە، ئافرەت چەند هەست به شت دەکات. ئێوە ڕەخنه له ئێمەی ژنان گرتن و، دەڵێن گوایە، ئێمە خاوەن مەنتیق نین، بەڵام با مەنتیقی ئێمە وا بێت! من پێی دەڵێم: باوکت حەز به خەوتن دەکات. ئەویش وەڵام دەداتەوە: نەخێر، ئەوەتا بابە پێدەکەنێت."

پاشان به بزەیەک و شادی و کرانەوەوە هاواری کرد: ئەوەتا ڕاستیشی کرد.

هاوژینەکەیشی وتی: **بەڵێ! بەڵێ!**

نیکۆلا بە قۆڵە تۆکمەکانی، ناتاشا چکۆلەی بڵند کردەوە و، کچەی خستە سەرشانی و، هەردوو رانی گرت و، کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا. سەخت بوو بزانرێت کامیان: باوک یان کچۆلەکە بەختەوەرترە!

ماری بە فەڕەنسی و بە چرپە وتی:

"گوێ بگرە... تۆ بەرەو زۆرداری کردن دەچیت. خۆیشت زۆرت حەز لێیەتی."

نیکۆلایش وتی:

"دەتەوێت چی بکەم؟ هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابم، بەو شێوەیە دەرنەکەوم؟"

لەو کاتەدا لە دالان و ژوورەکەی تەنیشتەوە، ترپەی پێ دەبیسترا و لەوە دەچوو ئەوە هەنگاوی کەسێک بێت، کە لە دوورەوە هاتبێت.

نیکۆلا وتی: "یەکێک هات!"

کۆنتیسە هەڵیدایە و، بە دەم چوونە دەرەوە، لە ژوورەکە وتی:

"لێم روونە... ئەوە پییەرە، هاتووە."

نیکۆلا هەلی رۆیشتنی هاوژینەکەی قۆستەوە و، لەگەڵ کچەکەی مایەوە و بێدەنگ بوو و، هەناسەی لە خۆی بڕی. کچەی لە سەر شانی هێنایە خوارەوە و، نووساندی بەسنگییەوە. ئیدی بازبازێنی کچەکە بەو ناوەدا، چەند سەمایەکی بیر هێنایەوە. کە سەرنجی دەم و چاوە خڕەکەیدا، بیری لە کاتی پیربوونی خۆی کردەوە و، چۆن چۆنی بە نێو خەڵکەکەدا بە دەم سەمای مازۆکاوە دەیبات، هەر وەکوو باوکی خوالێخۆشبووی کە چۆن سەمای دانێۆ کوپەری لەگەڵ ناتاشا دەکرد.

دوای چەند خولەکێک کۆنتیسە ماری گەڕایەوە ژوورەکەی و هاواری کرد:

"ئەوەتا... نیکۆلا: خۆیەتی. ئێستایش ناتاشای خۆشەویستمان ژیایەوە. ئەگەر دەتبینی بە چ پەرۆشییەکەوە پێشوازیم لێ کرد و چۆن گلەیی دواکەوتنەکەیم کردا! دەی خێراکە وەرە! وەرە!"

سەرنجێکی کچە چکۆلەی دا، کەوا چۆن خۆی بە باوکییەوە نووساندووە و لە سەری رۆیشت،"دە... ئیتر کەمێک لێک دوور بکەونەوە!"

نیکۆلا بەوە شادبوو دەستی کچەکەی گرتبوو.

کۆنتیسە بە خاوی و ئارامی هاتە دەرەوە و وتی:

"نەخێر! نەخێر... هەر بیرم نەکردبووەوە کە خۆم هێندە بەختەوەر دەبینمەوە."

بزەیەک چووە سەر روخساری و هەناسەیەکیشی هەڵکێشا، کە لە هەناسەی خەمێکی قوولا دەچوو. لەگەڵ ئەم بەختەوەرییەدا بەختەوەرییەکی دی هەبوو. بەختەوەرییەک کە لەم جیهانەدا دەستی پێ راناگەیەنرێت. بەڵام بەم دواییانە و بێ ویستی خۆی بە مێشکی ئەودا هاتبوو.

بەشی دەیەم
گەڕانەوەی پییەر

سەرەتای بەهاری ساڵی (١٨١٣) بوو، ناتاشا شووی کرد. تا ساڵی ١٨٢٠ سێ کچی بوو. دواتر ئەو کوڕەی بوو، کە زۆر تامەزرۆی بوو و، بە شیری مەمەکەکانی خۆی تێری دەکرد. خۆیشی کەمێک بە خۆیدا هاتبوو و، قەڵەو بە جۆرێک بوو بوو کە خەڵکی ناتاشای ئەم ساڵانەی بوونی و خۆشیی و، ناتاشاکەی رۆژانی رابردووی لەڕۆلاوازی بۆ لە یەک جوێ نەدەکرایەوە.

روخسارێکی قەشەنگ و نەرمی و نیانیی پێوە دیاربوو. ئەو تیشکە هەمیشە گەرمەی جاران کە مایەی جوانی و سەرنجڕاکێشی جارانی بوو، روخساری ئەوی جێ هێشتبوو. زۆر جاران مرۆڤ لە روخسار و لەش ولاری بەولاوە هیچی تری نابینرێت. تەنیا مێینەیەکی بە هێزی جوان و پڕ بەرهەمی تێدا دەبینرا. کڵپەی گڕی رابردوو، جاروبارێک و لە بارودۆخێکی وەکو هەستانی منداڵێک لەسەر جێی نەخۆشینەکەی، یان هاتنەوەی مێردەکەی، یان ئەو کاتانەی کە لەگەڵ کۆنتیسە ماری لە بارەی میر ئاندریەوە دەدوا، پێوەی دەبینرا.

لای میردەکەیشیدا هەرگیز باسی میر ئاندریەی نەدەکرد، نەبادا ئیرەیی بە بیرەوەرییەکانی ناتاشا بەرێت، لە بارەی میر ئاندریەوە. یان پێی وابێت، کە دەگەڕێتەوە سەر گۆرانی وتن، بە هۆی ئەو بیرەوەریانەوە بێت کە لە رابردوودا هەیبووە. چونکە لەو دەمەوەی شووی کردبوو، پشتی لە گۆرانی وتن کردبوو، لەو کاتانەیدا کە رابردووی میراتی بوو بۆی و بیری دەکەوتەوە، جوانتر و قەشەنگتر دەردەکەوت.

هەر لە شووکردنەکەیەوە، ناتاشا لە مۆسکۆدا نیشتەجێ بوو، یا لە پیترزبۆرگ یان لە نێو مولکەکانی دەوروبەری مۆسکۆ، یان لای دایکی دەمایەوە. واتە لای نیکۆلا. کەم رێدەکەوت کۆنتیسە پیزۆخۆڤی لاو ناتاشا لە کۆمەڵگادا و لەوانەی تێکەڵیان دەبوو کەسانێکی ببینیایە کە شاد بن بە بینینی ئەو کۆنتیسەی دوور بوو لە نیانی و خۆشەویستی ئەوانەوە. هۆیەکەشی ئەوە نەبوو، کە تێکەڵیان نەدەبوو. بەڵام دووگیانبوونە بە دوای یەکەکانیدا و، شیردانی منداڵەکانی و بەشداریکردنی هەموو ساتەکانی میردەکەی. هەموو ئەمانە وای کردبوو لە خەڵکەکە دوور بکەوێتەوە.

هەموو ئەوانەیشی بەر لە شووکردنەکەی ناسیبوویان، سەریان لەو ئاڵوگۆڕەی سوڕما بوو و، بە نائاساییان دەزانی. تەنیا پیرەژنە کۆنتیسە کە دیمەنی دایکایەتی پێوە دیار بوو، لەو ناتاشایە گەیشتبوو و، زانیبووی کە تەنیا مەبەستی ناتاشا، لە شووکردنی، پێکەوەنانی خێزان و بنەماڵە بووە.

ناتاشا جارێکیشیان لە ماوتراندویە و جدیانە، ئەو قسەیەی کرد بوو، کە پڕ بە دڵ خوازیاری پێکەوە نانی خێزانە و دروست کردنی بنەماڵەی خۆی. لەو دڵەی پڕ دایکایەتیشیەوە سەری لەو خەڵکە سوڕدەما کە وەکوو خۆی لە ناتاشای کچی تێناگەن! هەمیشە ئەوەیشی بۆ دەرکەوتبوو کە لە دواڕۆژدا ناتاشا هاوژینێکی لەباری لێ دەردەچێت.

لەسەریشی دەڕۆیشت:

"خۆییشی ئەوەی هەبوو، کە زیاد لە پێویست میردەکەی خۆشدەویست و، بەو کارەیشی کەمێک دەبووە گاڵتەجاڕی کەسانی دەورو بەری خۆی."

ناتاشا شوێن ئەو بنەماڵە ئاڵتوونیانە دەکەوت کە خەڵکانێکی زیرەک بانگەشەیان بۆ دەکرد و، بڕوای بەو پەندە پێشینانەی فەڕەنسییەکان بوو، کە وتویانە: کچ کە شووی کرد، نابێت ئارەزووەکانی خۆی پشتگوێ بخات و لە گۆڕی بنێت. بەڵکوو دەبێت پەرە بە کەسێتی خۆی بدات و، لە جارانیشی زیاتر. دەبێت سەرنجکێشی میردی بێت و، لەوەیش زیاتر کە کاتی دەزگیراندارێتی دەیکرد. بەڵام ناتاشا بە پێچەوانەی ئەمەوە بوو، هەموو ڕووە جوانەکانی خۆی وێڵا کردبوو و، لە پێشیانەوە گۆرانی وتنەکەی.

گۆرانی وتنەکەیشی بە هێزترین سەرنجکێشێک بوو لە ئەودا و، گوێی بە هەڵسوکەوت و قەشەنگی و نیانیی خۆی نەدەدا، لە گفتوگۆ کردندا. گوێی بە بارە سەرنجکێشەکانی

خۆی، یان بە خۆڕازاندنەوە بەرامبەر بە میردەکەی نەدەدا. یان بەوەی داواکاری زۆری لە میرد هەبێت و دەیویست بێزاری نەکات. هەر ڕێک بە پێچەوانەی ئەو ڕێسا و بنەمایانەوە دەجوولایەوە. وا هەستی دەکرد ئەو ئیغرایانەی کە غەریزە پێی بەخشیوە و دەبێت بۆ میردی دەربخات، لە بەرچاوی میردەکەی بە هیچ و پێکەنینهێنی دەزانی!

کە بە هەموو ویستییەوە خۆی خستووەتە بەردەستی، واتە بە هەموو ڕەوانیەوە و گۆشەیەکی بچکۆلەی بۆ خۆی لە ڕەوانیدا نەهێشتبووەوە. وا هەستی دەکرد کە یەکگرتنی لەگەڵ میردەکەیدا، بۆ ئەو هەستە شیعریە ناگەڕێتەوە، کە بە کێشی ئەوی کردووە. بەڵکوو بۆ شتێک دەگەڕێتەوە کە مەحاڵە دیاری بکرێت. بەڵام ئەو شتە سەقامگیر و نەگۆڕە، وەکو یەکگرتنی ڕەوان و جەستەیەتی.

بەڵام بە چەند شێوەیەکی شانۆیی خۆی بنوێنێت و، سەبەتە لە قۆڵا بکات و گورانی عەشق بچڕێت، تا وا بکات میردەکەی عاشقی بێت، بەڵای ناتاشاوە نامۆ بوو و، وەکو خۆڕازاندنەوەکەی بۆ ئەوەی خەڵکی بە خۆی سەرسام بکات وابوو. بە وردی ئەمەی بۆ پشتڕاست نەبووەوە، هەرچەندە هەرگیز کاتی ئەوەیشی نەبوو بۆ ئەو خۆ جوان کردنە. بەڵام پێیشی باش نەبوو خۆی و هەر هەموو پانتایی بیرو خەیاڵی بخاتە بەر دەستی پیاوێک، کە بە تەواوی هەموو بوونی خۆیی وەکوو هاوسەرێک پێش کەشی کردووە.

لە ڕاستیدا هۆی ڕاستەقینەی دوورکەوتنەوەی لە گۆرانی ووتن و، خۆ جوان کردن و نیانی لە گفتوگۆکردندا نەبوونی کات بوو، بۆ تەرخانکردن بۆ ئەو جۆرە کارانە.

ئێمە دەزانین مرۆڤ دەتوانێت هەموو بیرو ژیریی لە شتێکدا کۆبکاتەوە، با ئەو شتە بێبایەخیش بێت. ئەوەیش دەزانین، کێشەیەک هەرچەند بچووک و بێبایەخیش بێت، دەتوانرێت سەرنجی لەسەر چڕ بکرێتەوە و گشتگیر بکرێت.

ئەوەی بیرو هۆشی ناتاشای زەوت کرد بوو، خێزانەکەی بوو. واتا هاوژینەکەی و، تەقەلای پاریزگاری لێکردنی و، تا ئەوەی خۆی بە هاوبەشی ئەو و مالا و منالا دەزانی. بە پێویستیشی دەزانی دووگیان بێت پێیانەوە و، منالی ببێت و، تێریان بکات و پەروەردەیان بکات. بە هێندەی ئەوەی نەکوو بە بیرو ژیریی. بەڵکوو بە هەموو ڕەوان و بوونییەوە لەوەی، سەرقالی دەبوو. کەچی ئەو شتەی ئەو خۆی پێوەی ماندوو دەکرد بایەخەکەی بەرەوبان تر دەبوو لەبەرچاوی. بۆیە وای دەبینی کە ئەمەی ئەم سەرقالی بووە و، خۆی پێوە ماندوو کردووە، هەر بە توانای خۆی ناکرێت و دەبێت هەموو هێز و تواناکان لەو خاڵەدا چڕ بکرێنەوە. پاشان ناشگەنە ئەوەی کە بەلایەوە پێویست بوو و، دەستیشی لێ هەڵناگرێت، گفتوگۆو دادوەرییەکان ژیرانە بوون، لە بارەی مافەکانی ژنی میرداڕەوە و پەیوەندی نێوان دوو هاوسەرو ئازادییەکانیان و مافەکانیان.

هەرچەندە خەڵکی ئەو کاتە وەکوو ئێستا نەبوون و، ئەمانەیان بە کێشە ناو نەدەبرد.

لەگەڵ ئەمەیشدا ناتاشا بایەخی بەمە نەدەدا، بێگومان تێیشی نەدەگەیشت. لەڕابردوودا وەکوو ئێستا نەبوو و، وا بیر دەکرایەوە کە تەنیا ئەوانەیان نەبێت دوو هاوسەرەکە چێژیان لە یەکتر وەردەگرت، ئیدی شتەکانی دی گرنگ نین! واتە یەک بنەما خێزان پێک دێنێت، نەکوو واتا تەواوەکەی، کەوا خێزان بوو. ناتاشا پێویستی بە مێردێک بوو و پێی درا بوو.

هەروەکو چۆن پێویستە جەستە ئەو برە خواردنەی پێویستە، کە پێی تێر ببێت.. ئاوایش خێزان پێویستە تەنیا یەک مێردی تێدا بێت و، یەک ژن! کەوابوو فرە ژنی بە هیچ شێوەیەک رەوا نییە. ئەگەر ئامانج لە خواردن تێرکردنی جەستە بێت، کەوابوو ئەوەی لە کاتێدا دوو ژەمە خۆراک دەخوات، رەنگە هەست بە چێژێکی مەزنتر بکات. بەڵام ناگاتە ئەو ئامانجە، چونکە گەدە لە یەک کاتدا دوو ژەمە خواردنی پێکەوە بۆ هەرس ناکرێت. ئەگەر ئامانج لە هاوسەرگیری پێکەوەنانی خێزان بێت، کە وابوو پێویست دەکات کە پیاو چەند ژنێکی هەبێت، رەنگە هەموویان چێژی زۆریان لەو هاوسەرگیریە وەرگرتبێت، بەڵام خێزانیان بە دەست نەهێناوە و، بەو ئامانجە نەگەیشتوون. ئەگەر ئامانجیشی لە ژەمە خۆراک تێرکردنی جەستە بێتو ئامانجیش لە هاوسەرگیری پێکەوەنانی خێزانو بنەماڵە بێت، بێگومان زۆر سادانە پێویستە کە لەژەمە خۆراک زیاتر نەخورێتو هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێک زیاتر نەکرێت، واتە لە یەک ژن زیاتر مارە نەکرێت لە پیاو.

ناتاشا پێویستی بە مێردێک بوو و، بەو مێردەیش گەیشت. ئەو مێردەیش خێرانی بۆ پێکەوەنا، ئەویش مێردی لەوە باشتری نەدەویست. بەڵکو هەموو تواناکانی بۆ خزمەتکردنی مێرد و منداڵەکانی تەرخان کردبوو و، بیری لە باشتر نەدەکردەوە.

ناتاشا دڵی بە خەڵکەکە زۆر نەدەکرایەوە و حەزی بە کۆمەڵە کەسێک بوو کە بریتی بن لە کۆنتیسە ماری و دایکی و سۆنیا. حەزی لەو قەرەبالغییە بوو. کە بە ئازادی بە بەرگی نوستنەوە و قژی بژی دانەهێناوییەوە بچێتە نێوایان و لە ژووری منداڵەکانەوە هاتبێتە ناویان و، بە ڕوویەکی گەشەوە و، بەروانکەیەکی زەردبوو بە شیری رژاوی مەمکەکانیەوە و، گوێی لەو وەسفانە بێت کە دەربارەی تەندروستیی منداڵەکانی پێی دەوترێت.

ناتاشا بەرگی شۆخی خۆی پشتگوێ خستبوو، تەنانەت قسەکانیشی جاروبار لە شوێنی خۆیدا نەبوو، بەغیلی بردنەکیشی – کە ئیرەیی بە سۆنیا و دایەنەکە و هەموو ئافرەتێکی جوان دەبرد – لەولاوە بوەستێت. کەس‌و کاریش پێیان وابوو پیرەر بووە بە ژێر سۆلەی ژنەکەیەوە و، ئەوەیش بۆ خۆی راست بوو. هەر لە رۆژانی سەرەتای هاوسەرگیرییانەوە، ناتاشا دواکارییەکانی خستبووە ڕوو.

پیرەریش سەری سوڕما بەو تیلەچاوە نوێیانەی لێی بیستبوو، بەڵام زۆر بەختەوەر بوو پێیان و، سەری بۆ نەوی دەکرد. پیرەریش بێ باشی و بە شێوەیەک ملی بۆ دا، کە نەیدەوێرا بە بزەوە ئافرەتێکی تر بدوێنێت، نەیدەوێرا بچێتە یانەی شەوانیشەوە، نانێکی

ئێواره بخوات و، پاره بۆ گەیشتن به ئارەزووەکانی خۆی خەرج بکات.

به هۆی کاروبارەکانییەوه نەبوایه، نەیدەویرا سەفەرێکی کەمێک درێژخایەن بکات. ئەو کارانەیشی کە پێویستی بە سەفەر کردن بوو، ناتاشا بۆی رێکدەخست. لە بەرامبەر ئەمەیشدا بۆی هەبوو، دەست لە هەموو خێزانەکەی وەربدات. چونکە ناتاشا وای کردبوو، ببووە کۆیلەی مێردەکەی، بە تایبەتی کە هەر هەردوکیان پێکەوە دەبوون.

کاتێک پییەر کارێکی لە مالدا دەکرد، یان خەریکی خوێندنەوە دەبوو، هەموو کەسانی نێو ئەو مالە، لەسەر نووکی پەنجەکانیان دەڕۆیشتن، تاکوو ئەو بێزار نەکەن. هەر هێندە بەس بوو، ئارەزووەکەی بڵێت، تاکو بە زووترین کات ناتاشا بۆی دەستەبەر بکات. خۆ هێندەش بەس بوو پییەر تکای شتێک بکات، تا چی زووترە ناتاشا بۆی جێبەجێ بکات.

مالا بە فەرمانەکانی مێرد بەڕێوە دەچوو، واتە بە گوێرەی حەزەکانی پییەر بوو. ناتاشایش بە مەزەندەکردن رێی بە حەزەکانی مێردەکەی دەبرد و، جێبەجێ دەکردن. شێوازی ژیان، شوێنی مانەوە و پەیوەندی بە خەڵکەوە و، پەیوەندیی هاورێیەتی. کێشەکانی ناتاشا و پەروەردەکردنی منالەکان. هەموو ئەمانە پییەر بڕیاری لێدەدا. لەوەیش پتر ئەوەبوو، دوای گوێگرتن لە پییەر ناتاشا بیروڕا و فەرمانەکانی لێ هەڵدەهێنجا و، بەوردی جێبەجێیانی دەکرد. خۆ ئەگەر رێک بکەوتایە و رەفتارێکی پێچەوانەی بیرۆکەیەکی پییەر خۆی بوایە، ئەوا ناتاشا رووبەڕووی دەوەستایەوە.بە هۆی لاوازی کوڕە نۆبەرەکەیەوە، ناتاشا ناچار بوو سێ جاران دایەنەکەی بۆ بگۆڕێت. لێرەدا پییەر ئەو بیردۆزانەی رۆسۆی کە خۆی بڕوای پێیان بوو، بۆ باس کرد لە بارەی ئەو شیردەرانە، کە پێچەوانەی سروشت بوون و، زیانیان هەبوو. هەرچەند ناتاشا دژیشی بوو، بەڵام بێدەنگی لێکرد. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو دژی پزیشکان و تەنانەت مێردەکەیشی وەستایەوە، کە دەیویست خۆی شیری ئەو منالە بدات. ئەو کارەی کە ئەودەم نەک کارێکی بێ وێنە بوو، بەڵکوو زیانبەخشیش بوو. ئیدی لەو کاتەوە خۆی شیری منالەکانی خۆیی دەدا.زۆرجاران وا رووی دەدا و لە ساتەکانی تووڕەبوون و هەڵچوونداً، ئەو دوو هاوسەرە، شەڕیان دەکرد. دوای شەڕەکەیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ـ ئەمەش بۆ پییەر دڵخوشکەر و سەرسوڕهێن بوو ــ نەک هەر لە وشەکانی ژنەکەیدا دەردەکەوت، بەڵکوو لە کردەوەکانیشیدا ئەو تووڕە بوونە دەردەکەوت. دوای حەوت سالا لە هاوسەرگیری ــ بەخۆشحاڵییەوە ـ گەیشتبووە ئەو راستییەی کە ئەو مێردێکی شەڕانی نەبووە، بەوەیش هەستی بەو راستییە کردبوو کە لە هەڵسوکەوتی ژنەکەیدا دەرکەوتبوو. وا هەستی دەکرد کە چاکە و خراپە لە ناوەوەیدا تێکەڵا یەکن و لە توندو تیژیی یەکتر کەم دەکەنەوە. ئەوەیش کە لە ژنەکەیدا دەردەکەوت: رووە چاکەکەی بوو. ئەوەیشی کە چاک نەبوو، ژنەکەی وەلاوەی دەنا.

بەشی یازدەیەم
گلەیی ناتاشا

پێش دوو مانگێک بوو، کە پییەر لای بنەماڵەی ڕۆستۆف جێگیر بوو و، لە میر فیدۆرەوە نامەیەکی بۆ هات و تێیدا بانگی پییەری کردبوو بۆ کۆ بوونەوەی ئەو دامەزراوەی کە کاتی خۆی، یەکێک بوو لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی.

ناتاشا کە هەموو ئەو نامانەی میردەکەی دەخوێندەوە، کە بۆ میردەکەی دەهات و، کە ئەم نامەیەی خوێندەوە ئامۆژگاریی پییەری کرد، هەرچەندە بە دوور کەوتنەوەیشی بێزار دەبێت، کە سەفەری پیترزبۆرگ بکات.. ئەم ناتاشایە بێ ئەوەی لە شتەکان بگات، بە چاوی بایەخەوە، لە هەموو کارە ڕۆژانە و بیروبۆچوونەکانی میردەکەی دەڕوانی. هەموو دەمێک خەمی ئەوەی بوو، نەبێتە ڕێگر لە بەردەم چالاکییەکانی میردەکەیدا. وەلامی ئەو سەرنجە شەرمنەی میردەکەی بەو نامەیە وا دایەوە کە پێویستە داوای نامەکە بەجێ بێنێت و بڕوات. بەڵام بەو مەرجەی کاتی گەڕانەوەکەی بۆ دیاری بکات.

مۆڵەتی مانگێکیشی پێدا، تا لە پیترزبۆرگ بمێنێتەوە. ئیدی هەر لە پازدە ڕۆژی مۆڵەتەکە بە دواوە، ناتاشا کەوتە دڵەڕاوکێ و، خەمێکی بێبڕانەوەوە. دینسۆڤیش ئەو ژەنەراڵە خانەنشین کراوە، بێزار بوو، لەو بارە دەروونییەی ناتاشا، ئەو لەو دوو هەفتەی دواییدا گەیشتبوو و بە پەژارە و سەرسامییەوە، وەکو ئەوەی لە وێنەی خۆشەویستێکی بڕوانێت، لە ناتاشای دەڕوانی. هەر کە شتێک لە سەرنجکێشییەکانی ڕابردووی تێدا دەبینی. یان لە ڕەفتاریدا هەستی پێدەکرد، هێندەی دی، بێزاری دەکرد.

وەلامی هەڕەمەکی و وتوویژیەهلیکی وا کە لە باسی منالانیان تینەدەپەڕاند، ناتاشای بێزار دەکرد. بە تایبەتی لەو کاتەدا بۆ ئەوەی دایکی، یان براکەی، یان سۆنیا، یان کۆنتیسە ماری، قسەیان دەکرد: تاکوو بیانوو بۆ دواکەوتنی پییەر بدۆزنەوە لە گەڕانەوەیدا و، ئامانجیشیان لەوە بەسەردا هاتن و هاندان و بەرز کردنەوەی وردی ئەو بوو.

ناتاشایش.بۆ ئەو قسانەیان دەیوت:

"ئەوە لە شتیەلیک و کەرێتییەک بەولاوە، هیچی تر نییە! هەموو سەرقالییەکانی پییەر بێ واتایەو هیچ بەدەستەوە نادات. هەموو ئەو رێکخراوانەش گێلانەیە."

پاشان چووەوە ژووری منالان و، مەمکی دا بە کوڕە تاقانەکەی کە پێتیای ناو بوو. ئەوەیشی تێدا نەبوو، کەس بتوانێت وەکوو ئەو کوڕە چکۆلەی کە سێ مانگانە بوو ئارامیی پێ ببەخشێت و، ئاسوودەی بکات. لە هەمان کاتدا ئەو منالەیش لە سەرسنگی دایکی ئارام دەبووەوە و، دایکیشی هەستی بە هەناسەکانی کوڕەکەی دەکرد و، جوولەی لووتە چکۆلەکەی.

هەر وەکوو ئەوە وابوو، ئەو منالەی سەرسینەی پێی بڵێت:

"ئەوە تووڕە دەبیت! ئیرەیی دەبەیت! دەتەوێت تۆڵەی لێ بکەیتەوە، تۆ دەترسیت، بەڵام من ئەوەتا لێرەم. ئیدی لەوە زیاتر چیت دەوێت؟"

لەبەر ئەوەی ئەمانە راستییەکی حاشا هەڵنەگر بوون، ناتاشا نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتەوە. لەو دوو هەفتە پڕ دڵەڕاوکێیەدا، زۆر جاران ناتاشا پەنای بۆ ئەو چکۆلەیە دەبرد، تاوەکوو ئارام ببێتەوە و، رەوانی خۆی هێور بکاتەوە. زۆری بایەخ بەو کوڕە چکۆلەیە دەدا. تەنانەت خواردنی زۆری پێی دەدا و بەو هۆیەوە، ئەو منالە نەخۆش کەوت و، ناتاشا زۆر پێی شڵەژا. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، دیاربوو ناتاشا پێویستی بەو بارودۆخە بوو. چونکە بە سەرقالبوونی بەو کوڕە چکۆلەوە، دڵەڕاوکێی بۆ مێردەکەی بیر دەچووەوە.

لەو کاتەدا دەنگی پێچکەی گالیسکەکەی پییەر هات، ناتاشا شیری بە کوڕە چکۆلەکەی دەدا. دایەنە پیرەی پەروەردەکار هات و دەیزانی چەندە دڵی خاتوونە گەورەکەی خۆش دەکات. دەرگای کردەوە و بێ ئەوەی دەنگە دەنگ بەرپا بکات.

ناتاشا بە چرپەو پەلە، ترسی ئەوەیشی بوو منالەکە خەبەری ببێتەوە پرسیی:

"ئەوە خۆی بوو؟"

دایەنە پەروەردەکارە پیرەکەیش وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ! ئازیزەکەم، ئەوە خۆیەتی."

ناتاشا سوور هەڵگەڕا، قاچی کەوتە جوولە، بەڵام کاتی بازدان و راکردن نەبوو و، سەرلەنوێ منالەکە چاوانی هەڵبڕییەوە و، لە ناتاشای رووانی. هەروەکوو ئەوەی ئەو منالە بڵێت: ئـای تۆیش هەر لێرەیت! پاشان کەوتەوە مژینی مەمکی دایکی.

ناتاشا بە هێواشی مەمکی لە دەمی کوڕەکەی دەرهێنا و، منالەکەی دایە دەست

پیرەژنەکە و، دەستێکی بە پشتیدا دا. پاشان بە هەنگاوی گەورە گەورە خۆی گەیاندە دەرگاکە. بەڵام لە دەرگاکەدا وەستا. ویژدانی ئازاری دەدا، کەوا دڵی بزێوانە شادە و ئەویشی جێ هێشتووە! ئەمجارە گەڕایەوە بۆڵای کوڕەکەی روانی پیرەژنەی دایەن، وا دەستی بە کەمەی شوێنی نوستنی منااڵەکەوەیە.

بە بزەیەکەوە وەکوو هۆگرێک چرپانی بە گوێی خاتوونەکەیدا و وتـی:

"بـــڕۆ! بڕۆ! ئـازیزەکەم. بێخەمبە... بـــڕۆ!"

پاشان ناتاشا بە خێرایی کەوتە راکردن، بەرەو ژوورەکەی تر. سەرلەنوێ دینسۆڤ ناتاشاکەی جارانی بینییەوە و، سەبیلەکەیش بە لالێویەوە بوو و، لە نوسینگەکەوە بەرەو هۆڵە گەورەکەی میوان دەچوو. تیشکێکی رووناک بە شەپۆلە تیشکەکانی، ئەو ناوەی داپۆشی بوو.

بە دەم راکردنەوە هاواری دەکرد: **ئـــەوە... خۆیەتی!**

دینسۆڤ هەستی کرد ناتاشا بەختەوەرە بە هاتنەوەی پییەر، هەرچەندە زۆری خۆش نەدەویست. کە ناتاشا گەیشتە دااڵنەکە، کەسێکی باڵابەرزی بینی پاڵتۆیەکی زستانەی لە بەردایە و، خەریکی لابردنی قایشی سەر لووتی بوو.

ناتاشا لە دڵی خۆیدا دەیوت و دەیوتەوە:

"ئـەوە... ئـــەوە! بە ڕاستی ئەوە خۆیـــەتی! ئەوەتا لێرەیە!"

پاشان خۆی گەیاندێ و باوەشی بە ملیدا کرد و، بە تووندی خۆی پێوە نووسان و سەری خستە سەر سنگی. دواتر لێی دوور کەوتەوە، تاکوو سەرنجی روخسارە سوور هەڵگەڕاوەکەی بدات، کە هێشتا کلووە بەفرەکانی دەرەوەی پێوە مابوو.

پاشان لەبەر خۆیەوە وتـی،"بەڵـێ! ئەوە خۆیەتـــی! شاد و بەختەوەریشە!"

بـەڵام کتـوپڕ هـەموو پـەژارە و ئازارەکـانی چـاوەڕوانبوونی خـۆی بیرکەوتـەوە و، بـە درێژایی ئەو دوو هەفتەیە و، شادی و کرانەوە بە رووییەوە نەما.

بۆیـە لێشـاوی گلـەیی بەســەر مێردەکەیـدا رشـت و پێـی وت: "بەڵـــێ! بـۆ خـۆت بەختەوەریت! تۆ زۆریش بەختەوەریت! کاتی زۆر باشت بەســەر بردووە!.. ئەی هـەر لـەو کاتەدا من چی!؟ دەبوو بەزەییت تەنها بە منااڵەکاندا بهاتایەوە، من منااڵەبەرێکی شیردەرم و، شیرەکەم پیس بووە.. منااڵەکە خـەریک بوو بمرێت! بـەڵام تۆیش خریکی رابواردنی خۆت بووییت! بـەڵێ.. تـەنیا راتدەبواردووە! پییـەریش هەستی بـەوە دەکرد، تاوانبار نییـە، بـەوەی نەیتوانیوە، زووتر بێتەوە و بگەڕێتەوە. ئەوەیشی دەزانی ئەم تووڕەبوونـەی ناتاشا لـەجێی خۆیدا نییە و، لە یەک دوو خولەکدا هەڵچوونەکەی دادەمرکێتـەوە. بـە تایبـەتیش هەستی بـە بەختەوەری خۆی دەکرد و، ئارەزوومەند بوو، کە بزەیـەکی بۆ بکات. بـەڵام ئـەو نـەیوێرا ئەوە بکاتو شڵەژاوی روخساری داپۆشیوو.

ناچار بۆی دانەوێەوەو پێی وت:

"سوێندت بۆ دەخۆم نەمتوانی زوو تر بگەڕێمەوە! بەڵام پێتیا چۆنە؟"

ناتاشایش وەلامی دایەوە و وتی:

"ئیستا ئەو باشە. دەی وەرە! ئەوە چۆن تەریق نابیتەوە؟ ئەگەر دەزانیت لە کاتی لێرە نەبوونتدا چیم بەسەر هاتووە و، چۆن ئازارم چەشتووە!!

پییەریش هەڵیدایە،"خۆ تۆ خۆت نەخۆش نیت!؟"

ناتاشایش بێ ئەوەی دەستی مێردەکەی بەربدات، وتی،"وەرە! وەرە!"

هەردوکیان چوون بۆ ژوورەکەی خۆیان و، کاتێک نیکۆلا و ژنەکەی هاتنەوە، کەوتنە گەڕان بە شوێن پییەردا و، لە ژووری منداڵەکان دۆزییانەوە. بینییان کوڕە شیرەخۆرەکەی بەسەر بەری دەستە پانەکانییەوەیەتی. گێژەڵووکەی توڕەبوون و هەڵچوونەکەی ناتاشا زۆری پێچوو بوو و، ڕەوی بووبوەوە و، بە سۆزەوە لە مێرد و منداڵەکەی سەردەستی پێکەوە دەڕوانی.

ئەمجا پرسیاری کرد:

"بەشێوەیەکی باش و شایستە وتوویژت لەگەڵ مێردەکەت کرد؟

ئەویش وتی: بەڵێ! زۆرباشیش!

ناتاشا لێی پرسی:

"بۆی ڕێکەوت سەری بگیرێتە دەست؟ بەڕاستی ئەم زۆر عاشقی تۆیە.. پییەر!"

ئەویش وەلامی دایەوە: بەڵێ! تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت...

لەوکاتەدا نیکۆلا و کۆنتیسە ماری هاتنە ژوور. پییەر بۆیان نوشتایەوە و، خۆی و منداڵەکەی ماچ کرد و، دەستی لە کوڕەکەیشی بەرنەدا. پاشان وەلامی پرسیاری هەردوکیانی دایەوە. بەڵام شیرەخۆرە چکۆلەکە بە خۆی و کڵاوە لەرزۆکەکەی سەریەوە، سەرنجی پییەری ڕاکێشا. گفتوگۆکانیان بە بایەخیش بوو.

کۆنتیسە ماری بە دەم یاریکردنەوە بۆ منداڵەکە وتی: چەندە نەرم و نیانە!

پاشان بەلای مێردەکەیدا لای کردەوە و لەسەری ڕۆیشت:

"لێت تێناگەم نیکۆلا... بۆ هەست بە قەشەنگیی ئەم چکۆلە جوانە ناکەیت؟"

نیکۆلایش بە ساردێکەوە لە منداڵەکەی ڕوانی و وتی:

"هیچێک لەوەی دەیڵێیت تێناگەم! ئاخر ئەمە لە پارچە گۆشتێک بەولاوە هیچی تر نییە!"

ماری بیانووی بۆ مێردەکەی هێنایەوە و لە سەری ڕۆیشت: "لەگەڵ ئەوەیشدا بەم جۆرە دەدوێیت.. کەچی هیچ باوکێک بە هێندەی ئەو بەسۆز نەبووە، بۆ منداڵ! بەڵام وایشە... پێویستە بۆ ئەوەی منداڵان جوانو قەشەنگ بن، تەمەنیان لە ساڵەوەختە تێ بپەڕێت! بەڵام..."ناتاشایش وتی،"بەڵام پییەر، زۆر چاک دەزانێت منداڵ پەروەردە بکات."

پییەریش بە پێکەنینەوە هاواری کرد:

"بەڵێ! ڕاست دەکات، بەڵام هەر لەبەر ئەوە نییە و بەس!"

پاشان منداڵەکەی لێ وەرگرت و دایەوە بە دایەنە پیرەکە.

بەشی دوازدەیەم
پیرەژنە کۆنتیسە

چەندین دیاردەی جیاواز لە لیسیاجوریدا هەبوو. ئەمەیش لە هەموو بنەماڵە راستەقینەکاندا بوونیان هەبوو. هەر ئەندامێکی خێزانیش نەریت و کلتووری تایبەت بە خۆی پاراستبوو. لە پەیوەندییەکانیشیاندا بە دەوروبەرەوە، بوورده و دەست کراوە بوون. بە شێوەیەک هەموو لە نێو رێکخراوی کۆمەڵگادا توابوونەوە.

ئەگەر لە ماڵدا رووداوێک رووی بدایە، خۆشی بوایە، پێی خۆشنوود دەبوون. خەماویش بوایە پێی خەمبار دەبوون. بە هەرحاڵ بۆ هەر یەکێک لەو دیاردانە هۆیەلێکی تایبەت بە خۆی هەبووە و، وای دەکرد ئەندامەکان بەختەوەر، یان خەمبار بن.

هەر بۆیە، گەڕانەوەی پییەر، رووداوێکی دڵخۆشکەر و گرنگ بوو و، هەموو هەمان بیروڕایان بۆ گەڕانەوەکەی بوو. خزمەتکارانیش کە باشترین دادوەرن بەسەر گەورەکانیانەوە! چونکە ئەوان قەرزاربارانن، نەک هەر بە قسە و دەربڕینی سۆزەوە. بەڵکو بە گوێرەی کردەوەکانیان و، شێوازیان لە ژیاندا.

ئەوەبوو، ئـەوانیش بەختەوەر بوون بە گەرانەوەی پیرەر. چونکە دەیانزانی ئیدی کۆنت کۆڵ دەدات، لە چوونە دەرەوەی رۆژانەی بۆ نێو مواڵکەکانی و، زیاتر کراوە و دڵخۆش دەبێت. بێ لەمانەیش هەریەکەیان بە بۆنەی جەژنەوە دیاریەکی بە نرخ وەردەگرێت.

منااڵەکانو دایەن و پەروەردەکاران شاد بوون بە هاتنەوەی پیرەر. چونکە هەر خۆی مایەی تێکەڵیان بوو و، دەیتوانی پارچە ئاوازی سکۆتلاندی، بە پیانۆیەکە دەربهێنێت و وای دەردەخست بۆ هەموو سەمایەکی ئافرەتانیش بگونجێت.

نیکۆلا چکۆلەیش کە ئێستا پازدە ساڵانە، گەنجێکی زیرەکی کەمێک لاوازە و نەخۆشە. قژی سەری کەستەنائیی لوول و چاو جوان بوو. ئەمیش بەختەوەر بوو بە هاتنەوەی پیرەر. هەر وەکوو نیکۆلا چکۆلە، بە مامە پیرەر بانگی دەکرد و، پێیشی سەرسام بوو و، زۆری خۆشدەویست.

وەکو زۆر کەمیش ئەوی دەبینی: کەسیش هانی نەدابوو بۆ ئەو خۆشەویستیە. ماریش کە پەروەردەکردنی ئەو گەنجەی لە ئەستۆ گرتبوو. زۆری تەقەلا دەدا، کە مێردەکەیی خۆش بووێت. واتە رۆستۆف. بەو هێندەیەی کە رۆستۆفی ئەوی خۆشدەوێت. لە راستیشدا ئەو گەنجە مامەی خۆشدەویست. بەاڵم بە کەمێک پارێزەوە. ئەو گەنجە حەزی بەوە نەبوو، کە ببێتە سوارە، یان وەکوو نیکۆلای مامی: مەدالیای خاچی "قدیس جۆرج"ی دەست بکەوێت.

ئارەزووی ئەوەی بوو ببێتە زانا. بلیمەت و نیان بێت، وەکو مامی. لای پیرەر بوایە، هەمیشە روخساری بەختەوەریی لێ دەباری. بەاڵم هەر کە مامی بیدوانداید، ئەو سوور هەڵدەگەڕا و شەرمی دەکرد. کەچی هەر وشەیەکی لە پیرەر ببیستایە و لێی روون نەبوایە، لەای دیسانی خزمەتکار باسی دەکرد و دەیویست ئەو بە جوانی تێی بگەیەنێت. باسی ژیانی رابردووی پیرەر و، خەمەکانی تاکو ساڵانی (١٨١٢)، بۆ بکات. چەندین وێنە شیعریی تەم و مژاویی واتا شاراوەی لێ پێکهاتبوو، بە گوێرەی ئەوانەی کەبیستبوونی، بۆی دەگێڕایەوە.

هەڵەشەییەکانی شاری مۆسکۆی و، بە"دیل" گیرانی لەگەڵ ئەفلاتون کاراتاییڤدا. ئەو پیاوەی کە پیرەر لای ئەو باسی کرد بوو. هەروەها باسی هاوڕێیەتییەکەی بۆ میر ئاندریەی باوکی ـ خوا لێی خۆشبێت ـ بۆ کرد بوو.

وای کرد کە لە لای ئەو لاوە خۆشەویست و پیرۆز و پاڵەوان بێت. ئەو لاوە لە هەندێک لە خاڵەکانی وتوویژەوە، کە لەبارەی باوکی خوالێخۆشبوویەوە بەرگوێی دەکەوت و، لە ناتاشاوە و، هەروەها لەو سۆزەوەی لە دەنگی پیرەردا دەردەکەوت، کاتێک لەبارەی

خوالێخۆشبووەوە دەدوا. لەو پەرۆشی و سۆزە شارراوەیەوە، لە قسەکانی ناتاشادا بەرامبەر ئاندریە هەیبوو، دەردەکەوت.

گەیشتە ئەوەی کە باوکی کاتی خۆی ناتاشای خۆشویستووە و، دواتر دوای مردنی خۆی بە هاوڕێکەی سپاردووە. ئەو باوکەیی، کە بەو شێوەیە وەبیر خۆی دەهێنایەوە، شێوەیەکی پەروەردەکاری مەزن و، بااڵی ئەوی لا دروست دەبوو. وێنەی باوکی، کاتێک کە بیری لێ دەکردەوە، ئاسایی نەبوو! وای کردبوو کە ئەو لاوە فرمێسک بە چاوانیدا بێتە خوارەوە و، پەرۆشیی لە چاوانیدا دیار بێت.

کەواتە نیکۆلای چکۆلە شاد بوو بە گەڕانەوەی پییەر. میوانەکانیش بەختەوەر بوون. پییەر خۆیشی بە هۆی رووە خۆش و کراوەکەیەوە، دەستی لە هەموو رایەڵەی کۆمەڵەکەدا هەبوو. هەموو گەورەکانی ماڵەکە، سەرەڕای ژنەکەیشی، شاد بوون بەوەی کە گەیشتنەوە بەو کەسەی، ژیان شانبەشانی دەڕوات. پییەرخۆیشی سێبەری قورس نەبوو و هەمیشە ئارام بوو.

پیرەژنانیش دڵخۆش بوون بەو دیاریانەی بۆی هێنابوون. بە تایبەتیش کە دەیانزانی بە هاتنەوەی ئەو، ناتاشا رووە گەش و کراوەییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە.

پییەریش کە هەستی بە شێوازە جیاوازەکانی نیگای دەوروبەری دەکرد. بۆیە ئەویش بە شێوەیەکی چاوەڕوانکراو دیاریی پێی دەبەخشین. ئەو پییەرەی کە زۆر جاران بە هەڵەدا دەچوو و، لە هەموو خەڵک زووتر شتی بیر دەچووەوە. بەاڵم ئەو لیستی پێویستیانەی کە هاوسەرەکەی بۆی نووسیبوو، هەر هەمووی کڕی بوو. هیچیشی لە داواکاریەکانی خەسووی و زاواکەی بیر نەچووبوو. تەنانەت ئەو پارچە قوماشەیش، کە بۆ جلی پیرەژنە بیلۆڤا و، تەنانەت ئەو بووکانەیش بۆ برازاکانی، بۆی دیاریکرابوو.

سەری سوڕما کە لە سەرەتای هاوسەرگیرییەکەیانەوە، داوای لە پییەر کردبوو، کە هیچی بیرنەچێت لەو شتانەی کە بۆی دیاری دەکات، تاوەکوو بیکڕێت. لەوەیش سەرسوڕهێنتر ئەوە بوو، کە لە یەکەم سەفەری دوای هاوسەرگیریەکەیدا، هەموو شتەکانی بۆی نوسرابوو، بیر چووبووەوە. بۆیە ژنەکەی لێی تووڕە بوو. ئیدی ئەوە بوو، دواتر لەسەر ئەوە راهات کە هیچی بیر نەچێت. تاکو خۆی بۆ ئەو کارە تەرخان نەکردایە، کە شت هێنان بوو دوای گەڕانەوەی، نەدەگەڕایەوە. چێژی لەو دیاری کڕینانە وەردەگرت کە بۆ کەسانی دەوروبەری دەهێنا و، بە نرخی زۆر گرانیش شتەکانی دەکڕی! ناتاشایش لەگەڵ قسەی خەڵکەکەدا بوو، بەوەی کە بەرگپۆشینی خۆی پشتگوێ دەخست. بەاڵم پییەر ئەمەی بە چاک دەزانی و بە سیفەتی باشی، بۆ لە قەڵەم دەدا.

دوای ئەوەی بە کراوەیی لەگەڵ خێزانەدا دەژیان کە خەرجییان زۆر بوو، ئەو کارانەیشی کە لە رابردوودا بەرەو خراپی چوو بوو، بە هۆی قەرزەکانی ژنەکەی پیشوویەوە... ئێستا بەرەو باشی دەڕوات. چونکە بە خێزانەکەیەوە بەسترابوو، خەرجیشی کەمتر بوو بوو. وازی لەو رازاندنەوەیەی کە پارەی زۆری دەویست هێنابوو و، ئێستا حەزی پێی نییە.

پیرەر هەستی دەکرد کە باری ژیانی سەقامگیرە و، لێرە بەدواوە شتەکان جێگیرن و، تاکو مردنیش سەرومڕ دەبێت. دواتر ژیانی ساکار و کەم خەرجیتر بوو. بە رووبەکی شادەوە، شتەکڕدراوەکانی والا دەکرد و، بە گۆرانییەوە پارچە قوماشەکەی پیشان دەدا و بە خاوەنەکەیشی دەگوت: ها! ئەمە جوانە!

ناتاشا کچە نۆبەرەکەی خستە سەر ئەژنۆکانی و سەرنجەکانی بۆ مێردەکەی گواستەوە و وتی،"ئەمەیان بۆ خاتوو بیلۆڤە؟ قەشەنگە!"

دەستێکی بە قوماشەکەدا هێنا و، لە سەری ڕۆیشت:

"بە لایەنی کەمەوە، ئەمە مەترەی ڕۆپلێک زیاتری پێ دراوە.

کە پیرەر نرخەکەی پێ وت، ئەویش هاواری کرد:

"کەواتە ئەمە زۆر گرانبەهایە! بەڵام خۆ منالەکان دڵخۆش دەکات! هەروەها دایکیشم."

دەستی بۆ شانەی قژ داهێنانەکەی خۆی برد و وتی:

"بەڵام هەڵەت کردووە، بەوەی ئەمەت بۆ من کڕیوە!"

ئەویش وتی،"خاتوو ئیدیل ناچاری کردم ئەمە بکڕم. بیگرە دەی..دەی! ئەمەبوو کە سوور بویت لەسەر کڕینی. بەڵام ئەی کەی هەڵیگرم."

کردی بە نێوان زوڵفەکانیدا و وتی:

"منیش بۆ ڕۆژی جڵو بەرگ هەڵگرتنەکەی ماشا، هەڵیدەگرم. ڕەنگە لە نێو خەڵکدا مۆدی بگەڕێتەوە... دەی با بڕۆین."

دوای ئەوەی هەردوکیان دیارییەکانیان کۆکردەوە، یەکەمجار بۆ ژووری منالەکان چوون. پاشان بەرەو ژووری کۆنتیسەی پیرێژن بوونەوە. پیرەژنە کۆنتیسە وەکوو جاران لەگەڵ خاتوونە بیلۆڤ دانیشتبوو و، یاری کاغەزێنیان دەکرد.

ئەو دەمەی پیرەر و ناتاشا گەیشتنە هۆڵەکە و، بوخچەی دیارییەکان لە بن دەستیاندا بوو: پیرەژنە کۆنتیسە شەست سالانەی تێپەڕاندبوو و، قژەکەی سپی بوو بوو. کڵاوێکی خوریی لەسەر کردبوو و، قژی داپۆشیبوو. دەم و چاوی دەماراوی و لێوی سەرەوەی کەمێک چووبووەوە بە ناودا. لە کاتێکدا چاوانیشی کەوتبوونە تاریکایی و ڕەنگیان پێ

نەمابوو. وا هەستی دەکرد کە ئــەویان لەم دنیایە لە بیرچووەتەوە.

لەو دەمەوەی کورەکەی مردبوو و، زۆری پێنەچوو کە میردەکەیشی مرد. نەچێژی لە ژیان وەردەگرت و، نە حەزیشی لە ژیان بوو. هەر ئەوەبوو دەیخوارد و دەیخواردەوە و، دەنووست و لەگەڵ خەڵکیش دادەنیشت. بەڵام هــەرگیز وەکوو جاران نــەدەژیا. ژیانی وێڵ کردبوو، لێرە بــە دواوە بــۆ حەوانــەوە لــە ژیاندا دەگــەڕا و، ئــەو حــەوانەوەیــەیش تــەنیا لــە مردندا بەدیی دەکرد. بەڵام مردن تا ئێستای بۆی نەهاتووە. کەوابوو دەبێت ســەرومڕ بێت. واتا دەبێت مرۆڤ هێزە زیندووەکانی بەکار بێنێت. ئەو دەم وەکوو هەڵس و کەوت لەگەڵ منالدا بکات وایە. یان ئەوانــەی فرە چوونەتە ســاڵەوە و ئامانجی دەرەکییان نــەماوە. هــەر هێندەی ماوە جــووڵە بە ئارەزووەکانی و بە توانا جیاوازەکانی بکرێت.

ئــەو پیــرە ژنــە پێویستیی بــە خــواردن و نوســتن و بیرکردنــەوە و گفتوگــۆ و گریــان و سەرقاڵبوون بە شتێکەوە و، تووڕە بوون و هەڵچوون و... هتد، بــوو. ئەمانــەیش بــە بڕێکی کــەم، چونکــە ئــەویش گــەدە و مێشک و ماســولکە و جگــەری هەیــە. بــێ ئــەوەی کــە هــیچ پاڵنــەرێکی دەرکیــی هــەبێت، ئەمانــەی هــەموو کــار پــێ دەکــرد. ئــەویش هــەر وەکــوو ئــەو بەســاڵاچوانەی لــێ هــاتبوو کــە لــە پشت ئــەو ئامانجــەوە، کــە ژیــانی ســادەی خــۆی بــوو.. ئامانجی تری نەدەبینی، تاکوو زۆر بە سادەیی وزەکانی بۆ بەکار بێنێت.

هەر بۆ ئەوەی سییەکان و زمانی بجوڵێن، داوای فەرمانی ئەوەی دەکرد، کارێک بکات. وەکو منالێکی بچکۆلــە کــە پێویســتی بــە لــووت ســڕین بێت دەگریــا. هــەرچییــەک ئامــانجی کەســانی بــە توانــا بوایــە: ئــەو بەلایــەوە بیــانوو بــوو. هــەر لــە بەیانییــەوە، تــاکو نیــوەڕوان خواردنێکی قورسی بخواردایە، بۆ ئێوارە هــەستی بــەوە دەکرد کــە پێویســتە خــۆی تــووڕە بکــات. ئیــدی یەکــەم بیــانووی دەســت بکەوتایــە کــە زۆر جــاران گوێگرانییەکــەی خــاتوو پیولۆقیش بوو، هەڵدەچوو. هــەرچییــەکی بوێســتایە بــە دەنگی نــزم و، لــە گوشــەی ئەوبــەری ژوورەکەوە پێی دەگوت.

بۆ نموونە پێی وت،"ئــازیزەکەم...وا هــەست دەکــەم ئاو و هــەوا زۆر گــەرم بێت!"

خاتوونە پیولۆقیش وەڵامی دایــەوە،"بەڵێ وایە! ئەوانیش لێرەن."

ئیدی پیرەژنە کۆنتیسە هەڵدەچوو و دەیووت:

"ئــای پەروەردگارا! ئەم پیرەژنە پیولۆقە چەندە رسوا و کەرە!"

بیانووی دووەم بۆ هەڵچوونــەکانی، ئــەوەبوو کــە هــەڵیدەمژی. جــاری وابــوو وشــک یــان زۆر شێدار و، جاری وایش بوو زبر و نەرم بوو.

دوای تووڕەبــوون و هــەڵچوونــەکانیش، روخســاری زەرد هــەڵدەگــەڕا. هاورازەکــانی

دەیانزانی چ کاتێک ئەو خاتوو پیولۆڤە کەڕە گوێ گرانە، بانگ دەکاتەوە لای خۆی. چ کاتێکیش پیرەژنە کۆنتیسە زەرد هەڵدەگەڕێتەوە. لە بیانووەکانی تریش درێغی نەدەکرد و، لەوانە بۆ ماوەیەکی زۆر، یاری کاغەزێن ماندووی دەکرد. گەر پێویستیی بە گریان بوایە، ئەوا پیرە کۆنتی مێردی وەبیر خۆی دەهێنایەوە. گەر پێویستی بە پیشاندانی دڵەڕاوکێی خۆی بوایە، بەلاولووی نیکۆلای مێردمنالا و، تەندروستیی ئەودا دەهات. گەر پێویستیشی بە وتنی قسەی ناشیرین بوایە. کۆنتیسە ماریی دەکردە ئامانج بۆ خۆی و، هێرشی دەکردە سەر. گەر پێویستیشی بەراهێنانکردن بوایە، بە رایەڵە دەنگییەکانی نێو قوڕگی، ئەوا ئێواران و، دوای ئەوەی لە سەعات حەوت بەداوە سەرخەوێکی دەشکاند، دەکەوتە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی کە زووتر، گێڕابوونییەوە بۆ هەمان گوێگرانی خۆی.

هەموو دانیشتوانی کۆشک، هەرچەند کەسیشیان ئەمەیان باس نەدەکرد، هەستیان بەو بارودۆخەی پیرەژنە کۆنتیسە کردبوو. بۆیە هەموویان هەمیشە لە تەقەلای ئەوەدا بوون، کە پیرەژنە کۆنتیسە لە خۆیان رازی بکەن. سەرنجە ناکاوەکان و ئەو بزە خەماوییەی نێوان نیکۆلا و پییەر و ناتاشا و، کۆنتیسە ماری بۆ خۆیان بەڵگەی ئەوە بوون، کە هەمووان ئاگاداری ئەو بارودۆخە دەروونییەی پیرەژنە کۆنتیسەن. بەڵام ئەو سەرنجانەی لەم بارە بە دوور بوون، شتیەلێکی تریان دەدرکاند. لەوانە: ئەوەیان دەدرکاند کە پیرەژنە کۆنتیسە، ئەرکی سەرشانی خۆی لەم جیهانەدا بەجێ هێناوە، خۆ جارانیش وەکوو ئەمڕۆ نەژیاوە!

رۆژێک دێت ئێمەیش وەکوو ئەومان بەسەر بێت. بۆیە پێویستە بۆی دابمووکێینەوە و، هەموو ئارەزووەکانی بۆ بەدی بێنین. دەبێت لە بەرامبەر بێزارکردنەکانیدا خۆڕاگر بین، بۆ ئەو بوونەوەرەی کە لە رابردوودا ئازیزمان بووە. رۆژانێک بوو لە پێناوی ژیانی ئێمەدا خەباتی دەکرد و، ئێستایش وای لێهاتووە جێی بەزەیی پێداهاتنەوە بێت.

ئەو هەموو روانینەی ئەوان دەریدەخست کە:

"لە نێو مالدا لە کەسە گێل و دەروون پۆخڵەکان و، منالانی ورد بەولاوە، کە لەم بارو دۆخە ناگەن و، خۆیان لە کۆنتیسە پیرە بەدوور دەگرن زیاتر، کەسی تر نەماوەتەوە."

بەشی سیازدەیەم
بە دەوری سەماوەرەوە

کە پیپەر و هاوسەرەکەی چوونە هۆڵەکەوە، کۆنتیسە ئاسایی بوو و پێویستی بەوە بوو بلیمەتی خۆی بەکار بێنێت و، راهێنان لەسەر ئارامبوونی درێژخایەن بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا هەر کە پیپەر یان کوڕەکەی لە سەفەر بگەڕایەتەوە کۆمەڵێک وشەی هەبوو و چەندبارەی دەکردەوە:

"زۆر باشە! کاتی گەڕانەوەی هاتووە ئازیزەکەم، فرە چاوەڕوانت بووین لە کۆتاییدا... سوپاس بۆ خوا، ئەوە خۆتیت!"

هەرکاتێک دیاریپەکیان پێشکەش بکردایە دەیووت:

"دیاریەکەت، دڵخۆشم ناکات، بە هێندەی ئەوەی کە بیرت لە پیرەژنێکی وەکوو من کردووەتەوە!"

دیارە کە لەو کاتانەدا، پیپەر بێزاری دەکرد، چونکە ئەو یاریپەی لێ تێک دەدا. کە بەرەو سەرکەوتن نەدەچوو و، تێیدا کۆتا دەبوو. پاشان پیرەژنە کۆنتیسە بەلای دیاریپەکەدا لای دەکردەوە، کە پاکەتی دەستەی کاغەزین بوو و، زۆر جوان و نایاب دروستکرابوو. لەگەڵ کوپێکی هونەریی شین و، سەرپۆشێکی ناسکی بە سەرەوە بوو و، وێنەی کۆمەڵە شوانێکی پێوە بوو.

قووتوویەکی زیوینیش بوو، کە وێنەی کۆنتی بەسەرەوە بوو و، پیپەر خۆی

رایسپاردبوو و، لە پێترزبۆرگ ئەو وێنەیەی بۆ دابنێن. لە میژبوو کۆنتیسە خۆیشی پەرۆشی ئەو تابلۆیە بوو.

لەو ساتەدا کۆنت حەزی نەکرد بگرییت، بۆیە بە وێلکردنێکەوە لەو وێنەیەی روانی و، وای پیشاندا تەنیا بایەخ بە قووتووەکە دەدا.

رستە باوە چەند بارەکەی وتەوە:

"سوپاس هاوڕێ! فرە بەختەوەرت کردم. بەڵام باشتر بوو، خۆیشت لەوێ بویتایە. ئەگەرنا ئەمە هیچ واتایەک نابەخشێت. لەسەرتە هۆشداری بدەیت بە ژنەکەت، چونکە ئەو بێ هەستە! وەکو شێت وایە، بە تایبەتی ئەو کاتانەی تۆ لێرە نیت! ئەو نەهیچ دەبینێت و، نە هیچیشی لە بیر دەمێنێت."

لەسەری رۆیشت:

"ئانا تیمۆییڤنا، لەو قوتووە بڕوانە کە کوڕەکەمان بۆی هێناوین."

خاتوو پیولۆڤ بە دیارییەکان سەرسام و دڵخۆش بوو و، رەنگ و ڕووی کرایەوە، بە تایبەتی کە پارچە قوماشەکەی خۆیشی بینی. شتیەلێکی زۆر هەبوون کە پییەر و، ناتاشا و نیکۆلا و کۆنتیسە ماری و دینیسۆڤ، دەیانویست لە بارەیانەوە بدوێن و نەیاندەتوانی لەبەردەم پیرەژنە کۆنتیسەدا قسەی لەسەر بکەن. ئەوەیش لەبەر ئەوە نەبوو کە بیانەوێت لێی بشارنەوە. بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو، کە ئەو پیرەژنە بێئاگا بوو، لە زۆرێک لەو ڕووداوانەی دەوروبەری خۆی و، بە جۆرێک بوو باسی هەر بابەتێک بکرایە، بە ڕاست و چەپدا پرسیاری لەبارەیەوە دەکرد.

پاشان دەبوو هەر لە سەرەتاوە، بابەتەکەیان بۆ بگێڕایەتەوە. سەد جاران پێت بووتایە فلان مرد و فلانە کەس هاوسەرگیریی کرد، ئەو دواتر ئەمانەی بیر نەدەهاتەوە.

ئەندامانی خێزان، لە دەوری سەماوەری هۆڵەکە، وەکوو پێوەی راهاتبوون، کۆ دەبوونەوە. پییەریش هەموو جارێک ناچار دەبوو، وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری بێبەهای پیرەژنە کۆنتیسە بداتەوە. پییەر پێی دەوت: کە میر ڤازیلی پیر بووە و کۆنتیسە ماری ئەلکیسڤنایش، تۆی بیر نەچووەتەوە. تکایە تۆیش ئەوت بیر نەچێتەوە! بەم شێوەیە... ئەم وتوویژانە کە کەس بایەخی پێ نەدەدا سەرومڕ دەبوو. بەڵام بۆ کاتی چاخواردنەوە ببووە کارێکی پێویست.

سۆنیا بەلای سەماوەرەکەوە دانیشتبوو. هەموو ئەندامانی خێزانەکەیش بە دەوری میزی نانخواردنەکەوە بوون. لە نێویاندا منالان و پەروەردەکارانیانو فێرکارە پیاوەکان و، پێشووتر نانی خۆیان خوارد بوو. هەر یەکە و شوێنی خۆی گرتبوو. نیکۆلا بە تەنیشت

ئاگرەکەوە بەرامبەر مێزە چکۆلەیەک کە چای دەخرایە سەر، بۆ خواردنەوە، دانیشتبوو.

میلیکای پیرەژن کە وەکو سەگی نەێنگر بوو، کچی میلیکای یەکەم بوو. سەری بە تەواوەتی سپی بوو بوو و، دوو چاوی گەورەی رەشی پێوەبوو، بەلای خۆیەوە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو. دینسۆفیش بە جووتێک سمێل و قژی لوول و، دوو لاجانگەوە، کە ناوەناوە، مووی سپییان تێکەوتبوو و، چاکەتێکی جەنەرالانەی قۆپچە کراوەی لە بەردابوو. بە تەنیشت کۆنتیسە ماریيەوە دانیشتبوو.

بەلام پییەر لە نێوان هاوژینەکەی و پیرەژنە کۆنتیسەدا دانیشتبوو. قسەیەکی بۆ دەگێڕانەوە. کە دەیزانی خاتوونی پیرەژنە کۆنتیسە بایەخی پێ دەدات و، رەنگە تێی بگات. لە بارەی رووداوە سیاسیەکانەوە و، ئەو کەسانەی کە هەڵەفەکانی ئەو کۆنتیسە پیرەیان پێکهێنابوو و، لە سەردەمی خۆیدا کەیلی چالاکی بوون، قسەی دەکرد. بەلام ئەمڕۆ ئەندامانی ئەو هەڵەفانە، پەرش و بڵاوی جیهان بوون و، دواین رۆژەکانی تەمەنیان دەگوزەرێنن و، بەری ئەو رەنجەیان دەچننەوە کە کاتی خۆی چاندوویانە.

بە هەرحاڵا ئەوان کەسانی سەردەمی پیرەژنە کۆنتیسە و، ئەندامانێکی ژیانی راستەقینەی ئەو بوون. ناتاشا هەستی بەوە کردبوو، ئەو سەفەرە چلاکیی بە پییەر بەخشیبوو و، بایەخی باشی پێدابوو، بابەتیەلێکی فرەیشی لە هەمانەدایە، تا بیگێڕێتەوە و، نەیوێراوە لای پیرەژنە کۆنتیسەدا بیانگێڕێتەوە.

دینسۆفیش کە ئەندامێکی خێزانەکە نەبوو، نەیدەتوانی لە خۆگرتنەوەکەی پییەر بگات. هەرچەندە دینسۆف لەوانە بێزاریش بوو و، لە پێترزبۆرگدا بایەخی بە رووداوەکانی رۆژ دەدا. هانەهانەی پییەریشی دەدا، تا ووردەکاریی ئەو کێشە نوێیانە دەربخات کە پەیوەندیی بە تیپی سیمیو نۆڤسکی و ئاراکتشیڤ و کۆمەڵە کتێبی پیرۆزەوەیە.

هەرچی پییەریش بوو، لە باسەکەی لای دەدا و، چیرۆکێکی دیی دەگێڕایەوە. بەلام ناتاشا و پییەر، زوو فریای دەکەوتن و، باسەکەیان پێ دەهێنایەوە سەر باسی تەندروستی میر ئیڤان و کۆنتیسە ماری ئەنتۆنۆڤنا.

دینسۆف پرسیی:

"دەی! ئەمە شێتی و سەرکێشییە! ئەو "گۆستەر و تاتارینۆڤایە[1]" دەکرێت بەو شێوەیە سەرومڕ بێت.

پییەریش هاواری کرد:

---

١ ــ دوای سالی "١٨١٥"فەلسەفەی سۆفیگەری کاریگەریی بەسەر ئەسکەندەری یەکەمەوە بوو. ئەم دوو ناوەیش هەرە سۆفییەکانی ئەو سالانە.

ـ بەڵێ ئەمە سەرومڕ دەبێت و، لە جارانیش زیاتر و، ئێستا "کۆمەڵەی کتێبی پیرۆز"[1] بۆ خۆی حوکمەتە.

پیرەژنە کۆنتیسە چایەکەی خواردەوە و، بۆ بیانوو دەگەڕا، تاکو خۆی تووڕە بکاتەوە و پرسیی،"لەچی دەدوێیت هاوڕێ ئازیزەکەم؟ وتت چی؟ حوکمەت؟ من هیچ تێناگەم!"

نیکۆلا، دەیزانی بە زمانی دایکی بدوێت، بۆیە وتی:

"بەڵام دایە گیان زۆر باش دەزانیت، کە میر ئەلکسەندەر نیکۆلایڤیتیش گۆلستین، کۆمەڵەیەکی ڕێکخستووە، وەکوو دەڵێن: ئەو کۆمەڵەیە زۆر بە توانایشە."

پیەرێش وتی:

"ئەراکتسیشف و گۆلستین، ئەمڕۆ ئەم دووانە بۆ خۆیان حوکمەتن. جا چۆن حوکمەتێکیش!؟ لە هەموو شوێنێکدا فڕوفێڵ دەبینن، بەڵام لە هەموو شتێک دەترسن..."

پیرەژنە کۆنتیسە بە تووڕەییەوە وتی:

"چۆن؟ چۆن دەکرێت میر ئەلکسەندەر نیکۆلایڤیتش گۆلستین، تاوانبار بێت!؟ ئەو کەسێکی زۆر بەخشندەیە و، لای ماری ئەمنتۆنۆڤنا، ئەوم بینیوە و پێی گەیشتووم."

کە بینی هەمووان بێدەنگییان لێکرد، پتر تووڕە بوو و لە سەری ڕۆیشت:

"لەم ڕۆژ و سەردەمەدا هەریەکە و لای خۆیەوە، ئەوانی تر تاوانبار دەکات! ئەگەرنا... چ خراپەیەک لەو کارەدا هەیە؟"

بە ڕوویەکی گرژەوە هەستا و، دانیشتوان هەمووان لەگەڵیدا هەستانە سەر پێ. پاشان چووەوە شوێنەکەی خۆی و، هەمان جێی سەر سفرە و خوانەکە.

لە نێو ئەو کپییەدا، لە ژوورەکەی تەنیشتەوە، دەنگی قریکەی پێکەنین بڵند بووەوە. پێکەنینەکان منالانە بوون و، دەنگیان دەدایەوە! گومانی تێدا نەما کە شتێکی خۆش و پێکەنینهێن لە جیهانی بچووکی منالاندا ڕوویدابوە و، دەنگی تیژی ناتاشا چکۆلە، بە سەر دەنگەکانی تردا زاڵا بوو و دەیووت: تەواوە! تەواوە!

پیەرو کۆنتیسە ماری و ژنەکەی نیکۆلا، لە یەکتریان ڕوانی و، ناتاشایش سەرومڕ لێی دەڕوانی. پاشان هاواری کرد،"ئای کە ئاوازێکی میوزیکی خۆشە!"

کۆنتیسە مارییش وتی:

"ئەوە ئانا مکارۆڤنای ژەنیارە. هەرخۆی:جوتێ گۆرەویشی چنیوە!"

پیەرێش لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی و هاواری کرد:

---

١ ـ أ .ن گۆسیتین: لە ١٨١٢ دا ئەم کۆمەڵەیەی دامەزراند ودواتر تاوانبار کرا بەوەی کتێبی دژە ئایین بڵاو دەکاتەوە و، هەڵوەشێنرایەوە.

"ئـۆو! هەر ئێستا دەچمە لای، تاکو بە چاوی خۆم: ببینم."

لە بەر دەرگاکەیش وەستا و وتـــی:

"ماری... ئەزانی بۆ ئەم ئاوازە میوزیکەم، حەز لێیە. تایبەتە؟ ئەوە لەبـەر ئـەوەی ئـەوان هـەواڵیان پـێم دا، کـە بارودۆخەکـە باشـە. ئـەمڕۆ کـە دەگەڕامـەوە، تـا لـە ماڵـەوە نزیکتـر دەبوومەوە، ترسەکەم زیاتر دەبوو! هەرکە گەیشتمە دالانەکە گوێم لە ئەندرێشـا بـوو، بـە دەنگی بەرز پێدەکەنی!

بۆیە منیش لە دڵی خۆمدا وتم،"دیارە بارودۆخی ماڵەکە لە بارو بێخەمە!"

نیکۆلایش بۆ ئەم قسانەی پشگیریی کرد و وتی:

"من دەزانم... ئـەو هـەستەیشـم وێڵ نـەکردووە. بـەڵام پێویستە نـەڕۆم بـۆ بینینیـان، ئـەو دوو گۆرەویە وەکوو خورپەیەکی خۆش بۆ منیان داناوە."

پییەریش بەرەو ژووری منالەکان چوو و، گوێی لە هاوارو قیژەیان بوو و پێدەکـەنین و تا دەهات دەنگیان بڵندتر دەبووەوە.

گوێی لە کەسێکیان بوو بانگی دەکرد:

"دەی! ئانا ماکارۆفنا، تۆو منالەکان، بێنە ناوەڕاستی ژووورەکـەوە و، ژێر رکێفی خـۆم... یەک... دوو.. هەر کە گوتم سێ... تۆ لێرەدا بمێنـەوە. تـۆیش وەرە نێوان هـەردوو باسکم... تێگەیشتن؟ یەک... دوو..."

بێدەنگییەکە ماوەکەی کورت بوو. پاشان هاواری کرد: **سێ!**

منالان ژووورەکەیان پڕ لە قاو و قیژ و هاوت و هاوار کرد و هاواریان کرد:

دووان... ئا لەوێش دووانی تر هەیە!

دوو گۆرەویی، کە ئاناماکارۆفنا دەیچنین، پێکـەوە لـەوێ بـوو. لـە شـوێنێکدا بـوو، خـۆی نەبوایە کەس شوێنەکەیانی پێ نەدەزانی. هەر کە چنینەکەیانی تەواو بکردایە، فرە بە ڕێز و مەزنییەوە لە بەردەم ئەو منداڵانەدا دەریدەهێنا!

بەشی چواردەیەم
لە نوسینگەکەی نیکۆلادا

ئـای کە بە پەلە منالّەکان هاتن و خوازیاریی خۆیـان بـۆ بەسـەربردنی شـەوێکی شـاد، بـۆ ئەندامانی نێو مـاڵ دەربـڕی! دوای ئـەوەی دایـک و باوکیـان مـاچ کـرد. ژن و پیـاوانی چاودێرکـارانی منالّـەکانیش بـۆ میوانـان و خانـەخوێ نوشـتانەوە و منالّـە خـاوەن جیهانـە چکۆلەکانیان لە تەک خۆیاندا برد.

تـەنیا دیسـال و قوتابییەکـەی لـەوێ مانـەوە. ئیـدی پەروەردەکارەکـە بـە دەنگێکـی نـزم، نیکۆلا چکۆلەی بانگ کرد، تا ئەوانیش بچنە دەرەوە.

قوتابییە چکۆلەیش بە دەنگی نزم وەڵامی دایەوە:

"نەخێر... بەڕێز دیسال، داوا لە پوورم دەکەم، ڕێم بدات تاکوو بمێنمەوە."

لە کۆنتیسە ماریش نزیک بووەوە و وتی،"پوورە... ڕێم بدە لێرە بمێنمەوە."

تکا کردن و کەمێک هەڵچوون و پەرۆشییش، بە روخساریەوە دیاربوو.

خاتو ماری بەلای ئەودا لای کردەوە و سەرنجێکی پییەریشی داو پێی وت:

"کە تۆ لێرە دەبیت. ئیدی ئەم کوڕە ناتوانێت لێت دوور بکەوێتەوە!"

پییەریش دەستی بۆ مامۆستا سویسرییەکە راکێشا و وتـی:
"بەڕێز دیسال تۆ بڕۆ و ئێوارەیەکی شاد.کەمێکی تر خۆم کوڕەکەت بۆ دێنم."
پاشان رووی کردە نیکۆلا چکۆلە و وتـــی:
"پێم وابێت، هێشتا بە جوانی یەکترمان نەبینیوە."
رووپشی کردە کۆنتیسە ماری و لەسەری رۆیشت:
"ماری... ئاە! ئەم کوڕە چەندە لە باوکی خۆی، دەچێت!"
کـە لـە منالّەکـەی پرسـی، ئـەو سـوور هەڵگـەڕابوو و بـە چـاوە بریسـکەدارەکانییەوە. لەپێیەوە بۆ سەری پێیدا هەڵیدەڕوانی.
باوکە؟

پییـەر سـەری بـۆ لەقاند و دەربـارەی منـاڵ درێـژەی بـە قسـەکانیدا. کۆنتیسـە مـاریش دەستی کرد بە چنین و، ناتاشایش چاوی لە مێردەکەی نەدەتروکان. نیکۆلا و دینیسـۆڤیش هەستابوون و، هەریەکەیان پاپێکی پێبوو و دەیکێشا. بەدەم پایپکێشـان و خواردنـەوەوەی ئەو چـایانەوە کە بە دەستی ئەو سۆنیایە تێکرابوو، کە لە نزیک سەماوەرەکەوە دانیشتبوو و، پەژارە بەسیمایەوە دیاربوو.

منالّە بە روخسار نەخۆشە قژلوولە چاو بریسکەدارەکەیش، لە سوچێکی ژوورەکەوە بە ملـە باریکەکـەی نێـو یەخـە تەنگەکەیـەوە، خـۆی گەیانـدە لای پییـەرەوە و، پییـەریش لـە ژوورەکەدا وەستابوو. جاروبارێکیش دەلەرزی. دیاربوو کە کەوتبووە ژێر کاریگەرییـەکی بە هێزەوە و لە گفتوگۆدا بوو لەگەڵ خـۆیدا!

وتوویژیان لە بارەی پرۆپاگەندەی بڵاوبووەوەی رۆژەوە بوو و، ئـەو پرۆپاگەندانـەیش لـە چینـی بـاڵای دەوڵەتـــەوە سـەرچاوەیان دەگـرت. ئـەو چینـەی کـە زۆرینـەی هاوڵاتیـان بایەخی سیاسەتی ناوخۆ لایان چڕ بووەتەوە.

دینیسۆڤیش کە لە حکومەت بە هۆی ئەو بەدواداهاتنەی لە سیاسـەتدا تووشـی بووبوو، بێـزار بـوو، بـە دڵخۆشـییەوە هـەواڵی ئـەو بێعەقڵیانـەی، لـە پێترزبـۆرگ و لـەو بارودۆخـە نالەبارەدا، رووبان دابوو، وەردەگرت.

پییـەر هـەر بابـەتێکی بـۆ بـاس دەکـردن، ئـــەو تێبینیـی لـە سـەر هـەبوو. جـاران دەبـوو ئەڵمانی بوونایە، بەڵام ئێستا دەبێت لەگەڵ تاتارێنۆڤا و، خاتوو "ماری دی کرودنە"[1] سـەما بکرێت! دەبێت... ئێکهارتشۆش و کۆمپانیاکەی بخوێنرێتەوە. ئای! گەر بکرایە لێرەدا وەسفی ئـازایەتیی بۆناپارت بکرایە. بۆناپارت دەیزانی چۆن چۆنی گسک لەو بێئەقڵیانە بدات.

---

۱ ـ خاتوو دی کرودنە:(۱۷۱٤ـ ۱۸۲٤) سـۆفیەکی ڕووسـی بـوو کـاریگەریی زۆری بەسـەر ئەلکسـەندەرەوە هەبوو!

پاشان پرسیی:

"بۆخاتری خوا! من دەپرسم: ئەمە چی دەگەیەنێت تیپی سیمیونۆڤسکی: بە شوارتــزی سەرباز بسپێردرێت؟"

لەگەڵ ئــەوەیشــدا نیکــۆلا هەســتی بــەوە دەکــرد، کــە پێویســتە وەکــوو دینیسۆڤســکی شــەڕەنگێزانە لــە شــتەکان بڕوانێــت. کــەچی هــەر دەرســی وەرنــەدەگرت.. گرنــگ بــوو و ئەرکیشی بوو، کە قسەی خۆی لەبارەی حکومەتەوە بکات. وای دەبینی دامەزراندنی فلّان کەس بە وەزیر، بۆ ئەو وەزارەت، یان ئەم وەزارەت. دامەزراندنی فلّان بە دادوەری گشتی، بۆ ئەم هەرێم، یان ئەو هەرێم. ئەو وشەیەی کە ئیمپراتۆر وتوویەتی. یان ئەو وشەیەی ئــەو وەزیرەیان وتوویەتی. قسەیەلێکن بایەخی مەزنیان هەیە!

ئەو دوانەیان کە پرسیارەکانیان لەو بارەیەوە لە پیــەر دەکرد، پرسیارەکانیان وابوو، کــە نەیانــدەتوانی لــە چێــوەی ئــەو پڕوپاگەندانــەی ئــەو رۆژە بچنــە دەرەوە، کەلــە لایــەنی دەزگــای بــاڵای دەوڵەتــەوە دەر دەچــوون. بــەڵام ناتاشــایەک کــە بــە هــەموو لــق و پــۆپی هەستەکانی مێردەکەی و، بیرۆکەکانی دەزانی: وای مەزندە کرد، لە مێژە پیــەر دەیــەوێت و بۆی ناکرێت، بابەتەکان بگوێزێتەوە بۆ شتێکی تر و، لەبارەی شتە خۆییەکانــەوە بدوێت. ئەوانەی کە هاندەری بوون بۆ سەفەر کردن بۆ پێترزبۆرگ. ئــەویش داوای لێبووردن بوو لەو هاوڕێیەی کە فیدۆری ناو بوو. بۆیەش بە گورجی چوو تا یارمەتی بدات و، لــە بــارەی کێشەکەیەوە لەگەڵ فیدۆر پرسیاری کرد.

لە نیکۆلای پرسی: **کێشەکە چی بوو؟**

پیــەریش سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و وتی:

"هەمیشــە هــەر یــەک شت بــوو. هــەمووان پێیان وایــە کارەکان بــە ڕێکی بــەڕێوە نــاچن! ئەمەیش سەرومڕ نابێت. ئەرکی هــەموو کەسێکی بــە ڕەوشتیشــە، کــە لــە سنووری توانای خۆیدا کار بکات."

نیکۆلا بڕۆکانی هێنایەوە یەک و وتی:

"خەڵکی بە ڕەوشت ناتوانێت ئەوە بکات؟ ئێمە دەتوانین چی بکەین؟"

ئەویش وتی،"زۆر باشە، هەر ڕێک وایە..."

نیکۆلایش وتی،"وەرن... بڕۆین بۆ نوسینگەکەی خۆم."

ناتاشا دەنگی پیرەژنە پەروەردەکارەکەی بیست و، دەمێک بوو چاوەڕوانی ئەوە بوو، تاکوو بانگی بکەن بۆ شیردانی چکۆلەکەی.

چوو بۆ ژووری منــاڵان و، خاتوو مــاریــش شــوێنی کــەوت. لــە هــەمان کاتدا پیــاوانیش چوون بۆ نوسینگەکەی نیکۆلا. نیکۆلاپولکۆنسکیی چکۆلەیش شوێنیان کەوت و، مامی هــەر ئاگایشی لــەوە نــەبوو. نیکۆلا چکۆلــە چــووە ســوچێکی تاریکــەوە لــە ژووری نوسینگەکەداو

نزیک پەنجەرەکەوە.

لە دینیسۆڤی پرسی،"کەواتە... ئەی تۆ چی دەکەیت؟"

نیکۆلایش وتی،"تۆ هەمیشە خەیاڵپڵاوی!!"

بیئەوەی پییەر داببنیشێت، بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو و، جاروبار دەوەستایەوە و، بە دەبست خەریکی هێمادان بوو و، جاروبارێک لەگەڵ وشەکاندا فیکەیەکیش لە دەمی دەردەچوو.

پاشان وتـــی:

"زۆر باشە، ئێستا بیروڕای خۆمتان پێ دەڵێم: بارو دۆخ لە پێترزبۆرگ بەم شێوەیەیە: ئیمپراتۆر هەرگیز دەست لە هیچ کاروبارێکی دەوڵەت وەرنادات و، خۆی داوە بە دەست بیرۆکەی سۆفیگەرێتییەوە. "لەو کات و ساتەیشدا، پییەر لەو کەسانە نەدەبورد کە خۆیان دابوو بە دەست ڕێبازی سۆفیگەرییەوە. ئێستا ئەو ئیمپراتۆرە، لە ئارامیی خۆی زیاتر داوای هیچی تر ناکات. ئارامیی خۆیشی بۆ دەستەبەر ناکرێت بە هۆی ئەو کەسانەوە نەبێت، کە ئیمان و ئابڕوویان نەبووە و نییە، لەو کەسانەی کە هەموو شتێکیان حەپەلووش کردبـــوو و، خنکانـــد بـــوو. لـــەو جـــۆرە کەســـانەیش "ماگنیتســـکی"[1] و ئاراکتشـــیڤ و هاوشێوەکانیانە.

ڕووی قسەی کردە نیکۆلاو وتی:

"لەســـەر ئـــەوە کۆکیـــت: خـــۆت ســـەرپەرشـــتیی مواڵکـــەکانت نەکـــەیت، بـــە دوای ئارامیـــدا بگـــەڕێیت؟ بـــەو کـــارەت زۆر بـــە خێرایـــی بـــە ئامانجەکـــەی خـــۆت دەگـــەیت، یـــان بـــە شـــوێن مواڵکەکانی خۆتەوە بیت و، سوور بیت، لە سەریان؟.. ئەی وا نییە؟"

نیکۆلایش وتی،"بەڵێ! بەڵێ! جا ئەمە پرسیاری ناوێت؟"

ئەویش وتی:

"کەواتە... هەموو شتەکان دادەڕمێن. لە دادگاکاندا دزیکردن هەیە! لە سوپادا تواڵە و لێدان هەیـــە! ئـــەوان گـــەل دەچەوســـێننەوە! زۆربـــەی گونـــدەکانیان کردووەتـــە مۆڵگـــە و "سەربازگە"[2]بەر بەخوێندەواربوون دەگرن و، هەرچییەک پاک و تەڕو پاراو بێت، کاولی دەکەن. هەمووانیش هەستیان بەوە کردووە، کە ئەم بارودۆخە تا سەر بەرێوە ناچێت. هەموو شتێک لە باریکیدا دەپچڕێت، بەڵام پەتی زۆرداری لە ئەستووریدا دەبچڕێت!

پییەر شتێکی نوێی نەگوتبوو، بەڵکوو ئەوە بیروڕای خەڵکەکەیش بوو و، هەر لە سەردەمی حکومەتانەوە، ئەمانە وترابوون.

---

١ ـ ماگنیتسکی: ڕاگری زانکۆی قازان بوو، کتێبە گوماناویە ئاینیەکانی لە نێو برد.

٢ ـ یاسای سوپا وابوو کە بنکەی سەربازەکان سریە و فەوجەکان لە گوندەکان جێگیر دەکران و دەبوو وەکوو مەشق یارمەتیی جوتیارانی نێو کێڵگەکانیان بدایە.

لەسەری رۆیشت،"لە پێترزبۆرگ تەنیا یەک شتم بە ئەوان وت."

دینیسۆڤ لێی پرسی،"ئەوان کێن؟"

پییەر بە سەرنجێکی پڕ واتاوە وتی:

"خۆتان زۆر باش دەزانن کە میر قیدرۆر و ئەوانی تریش بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و بەجێ هێنانی کاری خێرخوازییان لە ئەستۆ گرتبوو و، ئەوەیش شتێکی نایابە و، گومانی تێدا نییە. ئامانجێکی سەرسامکەریشی دەبێت! بەڵام گومانی تێدا نییە، کە شتی تریش لەو بارە نالەبارەدا، لەو بارەیەوە، هەیە.

"ئەوە لێرە چی دەکەیت؟"

دوای ئەوەی پییەر قۆڵی نیکۆلای گرت: لەسەری رۆیشت:

"ئەوە چیتە؟ وازی لێ بێنە. پێم وتن: هێندە بەس نییە. بەڵکوو پێویستە لەو کاتەدا شتێکی تر هەبووبێت. مادام بە توندی چاوەڕوانی پچڕاندنی پەتە بەستراوەکەن، مادام هەمووتان لە چاوەڕوانیدان لە هەر ساتێکادا ڕوو بدات. هەڵگەڕانەوەیەکی بێگوماناوییە. لەسەرمانە زۆرترین ژمارەمان دەست لە نێو دەستی یەک بنێین، بۆ ئەوەی بە ڕووی ڕووداوە گشتییەکەندا بوەستینەوە. هەرگەنجێک تۆکمە و بەهێز بێت، بۆ خۆیانی کێش دەکەن و، هەندێکیانیان بە ئافرەت لە خشتە دەبردێن و، بڕێکیشیان بە دیاری و خەڵات. بڕێکی تریشیان بە سامان و دارایی. تا هەموویان دەگواستنەوە بۆ سەربازگەیەکی دی.

بەڵام بێڵایەنان و ئەوانەی وەکوو من و تۆ بوون، کەسێکیان لێ نەمایەوە. من دووبارەی دەکەمەوە، بازنەی کۆمەڵەکەتان پان و پۆڕ بکەن. با دروشمتان هەر چاکەخوازی نەبێت، بەڵکو کار و سەربەخۆییش بێت.

نیکۆلا کورسییەکی نزیکتر خستەوە. برازاکەی بیرچووەوە و لە سەری دانیشت و بێزاری بە ڕوخسارییەوە دیار بوو. دەکۆکی و بڕۆکانی پتر و پتر یەک دەهێنایەوە و، گوێی بۆ قسەکانی پییەر شل کردبوو.

ئەمجا هاواری کرد:

"بەڵێ! بەڵام کارکردن بۆ کام ئامانج؟ پەیوەندیەکانتان لەگەڵ حکومەت چۆن بێت؟"

ئەویش پرسیی:

"پەیوەندییەکان؟ پەیوەندییەکان لە چێوەی هاوکاریدا دەبن. دەکرێ کۆمەڵەکە نهێنی نەبێت. دواتر حکومەت ڕێی پێ بدات بە ئاشکرا کار بکات. خۆ کۆمەڵەکە دوژمنی حکومەت نابێت! مادام لە ئەندامانێکی پارێزگاران پێکهاتووە و، بە هەموو واتایەکی نەجیبزادەکان: ئەوە کۆمەڵەی خانەدانان دەبێت. هەموو ئەو شتانەی ئەو دەیەوێت: بەرهەڵستی کردنی کەسانێکی وەکو بۆگاتشۆف و، سەربڕینی منالەکانی من و تۆیە. بەرهەڵستیکردنی کەسێکی

وەکو ئاراکتشیڤە، بەوەی من بنێرێت بۆ سەربازگەیەکی زۆرەملێ. بۆ ئەمانەیە و" بەس دەبێت دەست بخەینە نێو دەستی یەک و تەنیا ئامانجمان چاکە و ئاشتەوایی و ئاسوودەیی گشتی بێت."

نیکۆلایش هەڵیدایە:

"بەڵێ! بەڵام کۆمەڵەیەکی نهێنی، لە دژایەتیکردنی حکومەت و زیان پێگەیاندن بەوڵاوە، هیچی تر ناکات و، شەڕ دەنێتەوە."

پییەریش پرسیی:

"بۆچی؟ ئایا کۆمەڵەی توگن کە ئەوروپای رزگار کرد، "تا ئەو دەمەیش نەیاندەوێرا وا بیربکەنەوە کە رووسیا هەموو جیهانی ڕزگار کردووە" زیانبەخش بوو؟ لە کاتێکدا ئەو کۆمەڵەیە، کۆمەڵەیەکی چاکەخواز بوو. لە خۆیدا جێی خۆشویستن و هاوکاری بوو. ئەو هەر لە مەسیحی لە خاچدراو دەچوو...

لە نێو گەرمەی گفتوگۆکەیاندا، ناتاشا خۆی بە ژوورەکەدا کرد و، بە دڵێکی خۆشەوە، لە مێردەکەی دەڕوانی. دڵخۆشییەکەی بەوە نەبوو، کە مێردەکەی چی دەڵێت. ئەوە سەرنجی رانەکێشابوو، بەڵکوو بە کاری سادە و ئاسانی زانراوی دەبینی و، کۆن بوو بەلایەوە. بەوە دڵخۆش بوو کە دەیبینی کەسێکی پەرۆش و چالاکە.

منالە چکۆلە مل باریکەی نێو یەخە تەنگی کراسەکە و، ئەوەی خەڵکەکە بیریان چووبووەوە، بە چاوانی پەرۆش و خۆشییەوە، پتر لە ناتاشا لە پییەری دەڕوانی. هەر وشەیەک لە دەمی مامی دابکەوتایە، ئەوی گەرمتر دەکرد و، سوورتر دەبووەوە، بێ ئەوەی ئاگایشی لە خۆی بێت، لەگەڵ قسەکاندا پەنجەی بادەدا و، یەکە یەکە، مۆمەکانی ژووری نیکۆلای مامی دەشکاند.

هەموو جارێک شتەکان وا ناکەونەوە کە حسابیان بۆ کراوە! ئێستا کۆمەڵەی تووگنی ئەڵمانی و ئەو یەکێتییەی من پێشنیارم کردووە، دەخەمە بەردەمت...

دینیسۆڤ قسەکەی پێ بڕی و بە توندی وتی:

"دەی... براکەم ئەمە هەر بۆ گۆشتی کاڵ خۆرەکانە. کە کۆمەڵەی ئەڵمانیەکانە! بەڵام من هیچی لێ تێناگەم. ئەو وشەیەیشم باش بۆ ناوترێت. من لەگەڵ ئەوەدا ڕێکم و، بە دڵیشم نییە کە شتەکان لە خراپەوە بۆ خراپتر دەڕۆن. هەرچەند "کۆمەڵە"یش شتێکە کە من تێیناگەم. بەڵام لەگەڵ شۆڕشدام.

پییەر بزەیەک گرتی و ناتاشا لە قاقای دا. بەڵام نیکۆلا برۆکانی بڵند کردەوە، بۆ پییەری سەلماند کە کودەتا شتێکی چاوەڕوان نەکراوە. ئەو مەترسییەیشی کە لێوەی دەدوێت، تەنیا لە مێشکی خۆیدا هەیە. پییەر پێچەوانەی ئەوەی بۆ دەسەلمان. لەبەر ئەوەی بیرو ژیریی بە توانات‌ری هەبوو، هەر زوو هەستێ بەسەرکەوتنی کرا. ئەمەش وای کرد تووڕەبوونەکەی دوو هێندەی تر بێت. چونکە لە ناخیدا و، بە هۆی خەملاندنی بیرو هۆشی

خۆیەوە بوو، نەک بە مەنتیقی بیرو ژیریی. پێی وابوو بیرۆکەکەی راستە و گومان هەڵناگرێت. هەستا و بە تووڕەییەوە پاپەکەی لە سەر میزەکە دانا.

دواتر فڕێی دایە سەر زەوی و هاواری کرد:

"گوێ لەوە بگرە، کە پێت دەڵێم: هەرچەند توانای سەلماندنت نییە، کەچی وای پیشان دەدەیت، کە هەموو شتەکان بە شێوەیەکی خراپ بەڕێوە دەچن! ئیمە بەرەو شۆڕشێکی رامالەر دەڕۆین و، منیش هیچ شتێک لەمانەی تۆ دەیڵێیت، نابینم. تۆیش دەڵێیت کە سوێندخواردن لە خۆیدا پەیمان و ریکەوتنە. بەڵام من بەم شێوەیە وەڵامت دەدەمەوە:

"تۆ باشترین هاوڕێی منیت. خۆیشت ئەمە باش دەزانیت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر کۆمەڵەیەکی نهێنی دروست بکەم و، دژی حکومەت بوەستمەوە، ئەو حکومەتە هەرچۆنێک بێت. خۆم دەزانم کە لەسەرمە گوێڕایەڵی ئەو حکومەتە بم. ئەگەر لەم کاتەدا ئاراکتیشف فەرمانی پێدام بە فیرقەیەکی سەربازەوە پەلامارت بدەم و بتکوژم. بێ سێودوو بۆت دێم. ئیستایش بەئارەزووی خۆت قسە بکە."

کپییەکی قورس دوای ئەو قسانە، باڵی بە سەردا کێشان. ناتاشا لە پێشەوەی قسەکەران بوو و، بەرگری لە میزدەکەی کرد و، هێرشی کردە سەر براکەی و، بەرگریکردنەکەیشی لاواز و گێلانە بوو. بەڵام ئەو بە مەبەستی خۆی گەیشت. دوای ئەوەی گفتوگۆکان بەرەنگاربوونەوەیان بەخۆوە بینی، ئاسایی بوونەوە. نیکۆلا دوایەمین قسەکەری گفتوگۆکانیان بوو.

کە هەموو هەستان بڕۆن، نانی ئێوارە بخۆن، نیکۆلا پلکۆنسکی چکۆلە لە پیەر نزیک بووەوە.

زەردیش هەڵگەڕابوو، پرسیی:

"مامە پیەر.. تۆ...نە..ئەگەر ئێستا باوکم زیندوو بوایە..تۆیش پێتوادەبوو؟"

منداڵەکە سەری داخست. لەو کاتەدا و بۆ یەکەمجار بۆی دەرکەوت کە زیانی بە نووسینگەکەی مامی گەیاندووە، سوور هەڵگەڕا و لە نیکۆلا نزیک بووەوە.

پاشان ئاماژەی بە مۆم و مۆمدانە شکاوەکان دا و وتی:

"ببوورن مامە، ئەمە من کردوومە..."

نیکۆلا بە کەمێک بێزارییەوە هەستا و، مۆمە شکاوەکانی فڕێ دا و وتی:

باشە! باشە!

رووی لە منداڵە چکۆلە وەرگێڕاو تەقەلای دا تووڕەبوونەکەی بشارێتەوەو وتی:

"جێی تۆ ئێرە نەبوو..."

بەشی پازدەیەم
بیرەوەرییەکان

لە کاتی نانخواردنی ئێوارە، گفتوگۆکان نە دەربارەی سیاسەت بوو، نە کۆمەڵە نهێنییەکان. بەڵکوو بە پێچەوانەوە بۆ بابەتێک، کە فرە وە گیانی ناتاشا خۆش بوو. ئەویش بیرەوەرییەکانی ساڵی (١٨١٢) بوو. ئەو باباتەیش دینیسۆڤ هێنایە پێشەوە. پییەریش فرە پێی خۆش بوو و، بە پەرۆشییەوە بوو و، بە جۆرێک بوو کەوا زووتر ئەو بارە دەروونییەی پێوە نەبینرابوو. دواتر بەلێک رازی بوونەوە بڵاوەیان کرد.

دوای نانخواردن نیکۆلا لە ژوورەکەی خۆیدا خۆی گۆڕی. فەرمانی بۆ بریکاری مولکەکانی ـ کە لە مێژبوو چاوەڕێی کردبوو ـ دەرکرد. دواتر بە بەرگی نووستنەوە خۆی بە ژووری نووستندا کرد و، هاوسەرەکەی بینی لە سەر مێزی نوسینگەکەیەتی و سەرقاڵی نووسینە.

لێی پرسی،"ماری! ئەوە چی دەنووسیت؟"

کۆنتیسە ماری سوور هەڵگەڕا. خەمی ئەوەی بوو مێردەکەی باش تێی نەگات و، دواتر پێی رەزامەند نەبێت. لەبەر ئەوە پێی باش بوو، نووسینەکەی لێ بشارێتەوە. بەڵام بەوەش شاد بوو، کە لە کاتی ئەو نووسینەیدا بینراوە و، ئەمە وای لێدەکات ناچار بێت، لە بارەی ئەو نووسینەوە، قسەی بۆ بکات.

دەستی دەفتەرە شینە پڕ لە نووسینەی بەخەتی درشت، بۆ دریژ کرد و وتی:

"ئەمە دەفتەری یادەوەرییەکانمە."

نیکۆلایش بە لاقرتیپەکەوە دەفتەرەکەی لێ وەرگرت و پرسیی: **بـــیرەوەری؟**

بە فەڕەنسی لە دەفتەرەکەدا ئەمەی خوێندەوە:

"**چواری کانوونی یەکەم ..**

ئەمڕۆ کە ئاندریە چکۆلە لە خەو هەستا و بەرگەکەی لەبەر نەکردا! خاتوو لوویزی ڕێزدار، ناردی بە شوێنمدا و، پێداگریشی لەو داوا ناکاوەی کرد. هەرچەند هۆشداریم بۆ ئەو کارەی پێدا. بەڵام نەک هەر سوودی نەبوو، بەڵکو ڕقەکەی ئەستوورتر بوو. لە کۆتایدا بڕیارمدا وێڵی بکەم. پێیشم وت لێرە بە دواوە خۆشمناوێت. دواتر لە کاری منداڵەکاندا کەوتمە یارمەتیدانی بەخێوکەرەکە.

ماوەیەکی زۆر وەکو لێدراوێک لە ستونەکەدا مایەوە و، پاشان کراسەکەی دا بەسەرمدا. ئەو زۆر کڕوزایەوە و، نەمتوانی بە سەریدا بێم. پێوەی دیار بوو کە ئەوەی زۆرتر ئازاری ئەوی دەدا، بێزارکردن و بوون بە خەمی بوو بۆ من.

کە ئێوارە دەفتەری نمرەکانیم پێدا. دەستی بە گریان کردەوە و، بە کەمێک بەزەیی بزواندم. پاشان باوەشی پێمدا کرد.

نیکۆلا پرسیی،"دەفتەری هێماکان چییە؟"

ماریپش وەڵامی دایەوە:

"ئێستا هەموو ئێوارەیەک نمرەی هەڵسووکەوت بۆ کەسە گەورەکان دادەنێم.

نیکۆلا لە سەرنجەکانی ئەوی ڕوانی و، سەرلەنوێ کەوتەوە هەڵدانەوەی پەڕەکان و، خوێندنەوەی بیرەوەرییەکان، ئەوەی بە دیدی دایکەوە بۆ ژیانی منداڵانەکان گرنگ بوایە و، دیار بوایە، دەیگێڕایەوە. ئیدی لە بارەی ڕەوشی منداڵان و، ئەو شتانەی دەبوونە هۆی ڕامان لە بارە گشتیەکاندا و، لە بارەی پرۆگرامی ڕۆشنبیر کردنەوە، دەدوا.

هەرچەند بەڵای دایکەکەوە باسەکانی بێکەڵک نەبوون. بەڵام زۆربەیان دریژەدان بوو بە باسی بچووکی بێکەڵک. یان لانیکەم، بەڵای باوکێکەوە کە بۆ یەکەمجار بیرەوەرییەکی دەخوێندەوە کە تایبەت بوو بە منداڵان و بەس.

پاشان ڕۆژی پێنجی کانوونی یەکەمی خوێندەوە:

"میتیا هەڵسووکەوتی لە سەر میزی نانخوارن خراپ بوو. باوکیشی فەرمانیدا لەبەر ئەو ناڕێکییەی، شیرینی پێ نەدرێت! ئای کە شێوەیەکی پەژاراوی هەبوو کاتێک دەیبینی، ئەوانی تر شیرینییان خوارد و خۆیشی بێبەش کرابوو. پێم وایە سزادان بە بێبەش کردن

لە شیرینی، تەنیا هەڵپە فرەتر دەکات و، ئەمەیش بە نیکۆلای باوک دەڵێم.

نیکۆلا دەفتەرەکەی لەولاوە دانا و، لە هاوژینەکەی روانی. سەرنجی ئەویش لەوە دەچوو بپرسێت:

ئاخۆ بیرەوەرییەکەیانت پێ باشە... یان نا؟

گومانی تێدا نەبوو، کە نەکوو پشتگیریی لە نوسینەوەی بیرەوەرییەکان دەکات. بەڵکو بەرامبەر هاوژینەکەیشی سەرسامی دەکات.

وا بیری دەکردەوە:

رەنگە ئەم ژنە ئەم خۆ بە بلیمەت زانینەی پێویست نەبوایە. رەنگە ئەم کارەی هەر بێسوودیش بوو بێت. بەڵام دەشێت ئەم شڵەژاویی بیر و ژیرییە هەمیشە تەنیا یەک مەبەستی بوو بێت. کە خێر و چاکەی منداڵەکەیە. دیارە ئەمەیش چێژی پێ دەبەخشێ و رازیی دەکات.

گەر نیکۆلا بیتوانیبا ئەو سۆز و خۆشەویستییەی ئەوی شی بکردایەتەوە، ئەوا لەو هەموو خۆشەویستییەی ژنەکەی تێ دەگەیشت و، هەستی بە رەوانی ئەو هاوژینەیشی دەکرد. پشتی بەو سەرسامییە دەبەست بەرامبەر ئەو ژیانە رەوانییە بە تەوژمەی و، بەو هەستە ئەخلاقیە بەرزەی، کە گەلێک لە تێگەیشتنی ئەو سەخت تر بوو. شانازیی دەکرد بەوەی کە هاوژینەکەی ئەو پلە مەزنە ژیرییە نیانەی هەیە و، دانی بەوەیشدا دەنا: کە لە رەوتی رۆچوون بەرەو جیهانی نێو خود دا، لەو هاوژینەی دواکەوتوو ترە و، پێی ناگاتەوە.

نیکۆلا بە سۆزەوە وتی،"هاوڕام و لەگەڵتدام، هاوڕێ."

دوای کەمێک بیرەنگی لە سەری رۆیشت:

"ئەمڕۆ هەڵسوکەوتت خراپ بوو. وتوویژمان لەگەڵ پییەر کرد و، تۆ لەگەڵمان نەبوویت، لە نوسینگە و وتوویژەکەیشمان تۆندیی بە خۆوە بینی. منیش لەوە زیاترم بۆ نەدەکرا. منداڵێکی هێندە بچووکە دەپرسم: گەر ناتاشا رکێفی نەکردایە، بەرەو کوێ دەچوو؟ دەتوانیت بیهێنیتە بەرچاوت کە ئاخۆ بۆچی سەفەری پێترزبۆرگی کردووە؟... ئەوان لەوێ... دامەزراند."

کۆنتیسە ماری بەمە قسەکەی پێ بڕی:

"ئەوە دەزانم، چونکە ناتاشا بۆی گێڕامەوە."

نیکۆلا کە رقی بە باسکردنی ئەو گفتوگۆیە هەستابوو و، وتییەوە:

"ئای تۆبێش ئەوە دەزانیت! ئەوەی دەیەوێت کۆ ئێمە لامان وابێت ئەرکی هەموو

کەسێکی بە شەرەفە کە دژی حکومەت بوەستێتەوە... بەڵام سوێندخواردنەکە و ئەرکەکە... بە درۆ بخەوە کە خۆت لەوێ نەبووبیت. هەموو ئامادەبوانیش هێرشیان کردە سەرم. هەم دینیسۆڤ و هەم ناتاشایش. ناتاشا پێکەنینم دێنێ. لەگەڵ رکێفکردنیدا لە کارە ژیری و مەنتیقیەکاندا، کەچی هیچی پێ نییە، تەنانەت وشەیەکیش! هەر دەتوانیت ئەوە بڵێتەوە کە مێردەکەی دەیڵێت!"

نیکۆلا ئەمەی بەدەنگی بڵند دەوت و خۆی دابوو بە دەست ئارەزووی رەخنەگرتنەوە لەوانەی کە لە خۆشەویستان و نزیکانی بوون: ئەوەی بیر چوو بووەوە، کە رەنگە ئەوەی بە ناتاشای بڵێت ڕێک بەسەر خۆشیدا بچەسپێت!

کۆنتیسە ماریش وتی،"بەڵێ هەر ئەود سەرنجی منیشی راکێشا."

نیکۆلا هەڵیدایە:

"هەرکە وتم پێویستە پەیمان لە سەروو هەموو شتێکەوە بێت: کەوتە سەلماندنی ئەوە بۆ من، کە خوا چی دەزانێت! بە داخەوە کە لەوێ نەبووبیت، گەر لەوێ بوویتایە لەڕێ دەرچوونەکەیت بۆ دەر دەکەوت!"

کۆنتیسە ماری وەڵامی دایەوە:

"بەڵای منەوە تۆ راست دەکەیت. هەر ئەمەیشم بە ناتاشا وت."

پییەر وای پیشان دەدات مرۆڤەکان ئازار دەچێژن و، خراپ دەبن. ئەرکی خۆمانە یارمەتیی نزیک و خزمان بدەین. هەر خۆیشی لە سەر راستییە. بەڵام ئەوەی بیرچووەوە کە ئەرکی هەنووکەیی تر، لەسەر شانمانە و، خوا پێویستی کردووە لە سەرمان. ئێمە دەتوانین ژیانی تایبەتیی خۆمان بخەینە مەترسییەوە. بەڵام ناکرێت ژیانی منداڵەکانمان بخەینە مەترسییەوە.

نیکۆلا هاواری کرد، کە پێی وایە هەر ڕێک ئەمە بوو کە پییەر دەیووت:

ـ بەڵێ! بەڵێ! منیش هەر ئەوەم پێ وت. بەڵام ئەوان ڕۆیشتن بە ڕێی خۆیانەوە. قسەیان لەبارەی خۆشەویستیی نامۆیان و مەسیحیەت دەکرد... ئەمانەیان لەبەردەم ئەو نیکۆلایەدا دەوت، کە بە دزییەوە خۆی بە نوسینگەکەدا کرد و هەموو شتەکانی شکاند.

کۆنتیسە ماری وتییەوە:

"ئاە! نیکۆلا دەزانیت ئەم چکۆلەیە زۆرجار ئازارم دەدات. منداڵیکی ئاسایی نییە! لەوە دەترسم بە هۆی منداڵەکانی خۆمەوە، ئەو پشتگوێ بخەم. ئاخر ئێمەیش منداڵمان هەیە و، خێزانمان هەیە. بەڵام ئەو منداڵە کەسی نییە! ئەو هەمیشە تەنیایە و لەگەڵ ئەندیشەکانی خۆیدا دەژی."

نیکۆلایش وتی:

"بەڵام بـا جێی بهێڵین و وازی لێ بێنین. خۆ شتێک نییه که ویژدانت سەرزەنشت بکات بـۆی. هـەروەکو بـه سـۆزترین دایکێک کـه بتوانێت بـۆ منالّەکانی بکات، تـۆیش بـۆ ئـەوی دەکەیت. منیش بـەم رەفتارەی تۆ دڵشـادم. ئـاخر ئـەویش منالّێکی بچکۆلـەی زۆر نـەرم و نیانه."

لەسەری رۆیشت:

"ئـەمڕۆ زۆر روو کراوه بـوو، ئـەو دەمـەی گـوێی لـه پیـەر گرتبـوو، سـەرنجی ئـەوەت دابـوو: کـه هەسـتاین و روومـان لـه ژووری چێشـتخانه کـرد، روانـیم هـەموو شـتەکانی نوسـینگەکەی تێکشـکاندووه. هـەر زوو داوای لێبـوردنی کـرد، لـه! هـەرگیز نەمبیسـتووه درۆیەکیش بکات. منالّێکی فره نیانه."

هەرچەند له ناخەوه برازاکەیشی خۆشنەدەویست، بەڵام ئەم قسەیەی فره باره کردەوه و وای کردبوو پابەندی ئەم وەسفەی منالّەکه بێت.

کۆنتیسه ماری وتی:

"لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا. ئەگەر دایکی هەبوایـه، بـارو دۆخەکه جیـاواز دەبـوو. مـن وا هەست دەکەم بارەکەی جیاوازه. هەر ئەمەیش ئـازارم دەدات. ئەگەرنا تابڵێیت، منالّێکی لـه بارو قەشەنگه. من زۆری لێ دەترسم. ئەوەیش دەزانم که ژیانی ئەو منالّه لـه نێو خەڵکیدا بۆی به سوود دەبێت."

نیکۆلا وتی:

"بێگومان! هەر زوویش ئەمه دەهاته دی. ئەم هاوینه دەینێرم بۆ پێترزبۆرگ."

پاشان گەڕایەوه سەر ئەو قسانەی نێو نوسینگەکەی و له سەری رۆیشت:

"بەڵێ! ئەوه راسته، پیـەر تەنیا خۆشخەیاڵێک بوو و، ئێستایش هەر وایه. ژنەکه تۆ پێم بڵـێ: ئـەوەی لـەوێ روو دەدات: چ پەیوەندییـەکی بـه منەوەیـه: گـەر ئاراکتشـیف پیـاوێکی نەفرەتی بێت؟ ئاخۆ بۆ دەبێـت بـەلای منێکەوه گرنگ بێت، که هاوسـەرگیریم کردووه و، هێنده قـەرزم لەسـەر کەڵەکه بـووه، کـه بهێڵێت بـه هۆیـەوه لـه بەندیخانه تووند بکرێم: لـه کاتێکدا دایکم نـه ئەمـه دەبینێت و نـه تێیشـدەگات؟ دواتریش تـۆ و منالّەکان و ئـەم هـەموو کارکردنەیش. ئـاخۆ رۆژەکانی تەمـەن لـه کێڵگەکاندا، یـان لـه نوسیگەکەمدا بەسـەر بـەرم؟ نەخێر! هەرچەند دەشزانم که پێویسـته کـار بکـەم، تـاکوو دایکـم بـه ئاسـوودەیی بژیێت. بـۆ ئەوەیش که بۆ تۆیش واژو بکەم که قەرزارتم. بۆ ئەوەیش که نەهێڵم منالّەکان وەکو خـۆم هەژار بن."

کۆنتیسە ماری دەیویست بە میردەکەی بڵێت: کە مرۆڤ هەر بە نان ناژی! رەنگە بایەخ زۆر بدات بە کارەکانیشی. بەڵام هەستی کرد کە ئەم قسانە بێکەڵک دەبن و، لە جێی خۆیاندا نابن. بۆیە تەنها بەوە کۆڵیدا کە دەستی میردەکەی ماچ بکات. بەو کارەیشی پشتگیریی خـۆی بۆ قسەکانی میردەکەی نیشاندا.

دوای کەمێک نیکۆلا کەوتەوە قسە کردن:

"ماری تۆ دەزانیت کە ئیلیا میترۆڤانۆڤیتش ـ بریکاری کارەکانی ـ ئەمرۆ لە دێیەکەمان کە لە حکومەتی تاموڤدایە، گەڕایەوە و پێی وتم: کە کڕیار بەسەر دارستانەکەمانەوەیە و، بڕی (٨٠٠٠٠) رۆپڵیشیان داوە.

نیکـۆلا بـە رووبـەکی کـراوەوە کەوتـە شـیکردنەوەی ئـەوەی کـە لـە توانایدایـە، لـە سەردەمێکدا سەرلەنوێ ئوترادنویە بگەڕێنێتەوە. "هەروا دە ساڵێکی تر ئیدی منالەکان... لە بارێکی نایابدا دەبن".

کۆنتیسە ماری، بە جۆرێک گوێدێری قسەکانی نیکۆلا بوو، کە وشەیەکیشی لە دەست دەرنەدەچوو، لەوانەی کە دەڵێت! ماری دەیزانی هەموو جارێک کە ئاوا بە دەنگی بڵند بیر دەکاتەوە. دواتر دەگەڕێتەوە سەری و ئەوەی لێ دەپرسێتەوە کە باسی بۆ کردووە و، زۆر تووڕە دەبێت، گەر خەیاڵی بە لای شتی تردا چووبێت.

بەڵام ناچاریش بوو خۆی زۆر ماندوو بکات. چونکە ئەم قسانە هەرگیز بە لایەوە گرنگ نەبوو. کەوابوو هەر لێی دەڕوانی، کاتێک بیری بەلای شتێکی تردا نەچووایە. بەهەرحاڵ سۆزەکانی لەلایەکی تر بوو. هەستی بەو خۆشەویستییە پڕ لە سۆزەی دەکرد بەرامبەر ئەو میردەی کـە هـەرگیز تێگەیشتنیشـی وەکـوو هـی ئـەو نـەبوو. لەگەڵ ئـەو هەسـتەی هەیەتی، دەشبووە بەربەست لە بەردەم بایەخدانیدا بە پرۆژەکانی میردەکەی.

چەندین بیرۆکـەی تر بـە میشکیدا تێدەپـەڕین و نـامۆ بـوون بەوانـەی کە میردی بۆی دەگێڕایەوە. ئەم بیری لە خوشکەزاکەی دەکردەوە "ئەو قسـەیەی لـەبارەی هـەڵچوونی ئەو کوڕە چکۆلەیەوە لـەو کاتـەدا کـە پیـەر قسـەی دەکرد و، گوێدێری بـوو کاریگـەریی فرەی بەسەریەوە بوو."

چەندین بەڵگەی جیاوازی هەستیار بە میشکیدا تێدەپەڕی. کاتێک بیری لە میردەکەی و بیری لە کردەوەکانی ئەویش دەکردەوە. بەراوردی ئەو و منالەکانی خۆی نەدەکرد. بەڵکوو بـەراوردی سـۆزەکەی بەرامبـەر میردەکـەی و، ئـەو سـۆزەی منالـەکانی دەکـرد کـە لـە دەروونیدا دەیانوروژان.

بە داخەوە وای دەبینی لەو سۆزەی کە بەو کوڕە چکۆلەیـەی دەدا، کەمێک ناتـەواوی

هەیە. هەندێک جار هۆیەکەی بۆ جیاوازی لە تەمەندا دەگێڕایەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا هەستی بە بڕێک تاوانباریی خۆیشی دەکرد، لە بەرامبەر ئەو کوڕەدا. پاشان پەیمانی بە خۆی دەدا کە باری ئەو رەوشەی خۆی راست بکاتەوە و، کاری مەحاڵ بکات بۆ خۆشویستنی مێردەکەی و منداڵەکانی و، ئەو کوڕە چکۆلەیە و هەموو خزمان و، هەر وەکو مەسیح بێت و هەموو مرۆڤی خۆش بوێت.

هەمیشە رەوان و نەفسی ماری بە تاسەی ئەو دنیای بێکۆتابوونەوە و کامڵبوونی رەها بووە! دواتر نەیدەتوانی هەرگیز ئاسوودە بێت. لە روخساریدا ئەو شێوە قوواڵەی ئازارە نهێنییەی تێدا دەبینرا.

ڕێک هەر لەو ساتەدا، لێی روانی و لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەی پەروەردگار! ئەگەر ئەم مێردەم بمرێت روو لە کوێ بکەین!؟ ئەوەی کە فرە بیری لێ دەکەمەوە، ئەوەیە کە لەم بارە دەروونییەیدا روخساری بەم شێوەیەیە!"

بەرامبەر پەیکەرە چکۆلەکان وەستا و کەوتە خوێندنی نوێژی ئێوارە.

بەشی شازدەیەم
خەونـــە چکۆلەکە

هەرکە ناتاشا لەگەڵ میردەکەیدا تاک کەوتەوە. کەوتە گفتوگۆ و قسەیەلێک کە هەر لە نێوان هاوسەراندا دەکرێت. واتا پێش وتنی هەر بیرۆکەیەک گۆترە دەکرا و، دواتر لە قاڵبی وشەکاندا دەوترا. کتوپڕ و خێرا دەربڕین رووی دەدا و، ئاسایی نەبوو! ئەو قسانەیش نە خوێندنەوەیان بۆ دەکرا و نە دادوەری و، نە هیچیان لێ هەڵ دەهێنجرا! بەڵکو قسەکان شێوازێکی تەواو تایبەتیان هەبوو.

ناتاشایش لەسەر ئەو شێوازی وتوویژەی لەگەڵ میردەکەی راهاتبوو. جۆرێک بوو هەمیشە ناکۆکییان لەسەر پرۆژەی پیەر بوو. ئەویش بەوەی کە بیرۆکەکەی خۆی مەنتقیانە دەردەبڕی و، زۆر چاکیش ماری دەیزانی، هەرکە ئەو دەست بکات بە سەلماندن بۆ پرۆژەکەی: بیانوو و پاڵنەرەکانی دەخاتە روو. ئەوەیشی دەزانی کە کۆتایی وتوویژیان بە نیگەرانبوون لە یەک، دەبێت.

هەر کە دوو بە دوو کەوتنەوە، ناتاشا لە میردەکەی نزیکتر دەبووەوە و، بە نیانی و، چاوانی گەشی و شادیی پێوە دیار دەبوو. لە ناکاو بە هەردوو دەستی سەری میردەکەی گرت و، نووساندی بە سنگی خۆیەوە.

پاشان هاواری کرد:

"ئیدی ئێستا تۆ هی خۆمیت! ناتوانیت لە ئێستا بەدواوە لە دەستم هەڵبێیت!"

بەهەر حاڵ گفتوگۆیەک کەوتە نێوانیانەوە دوور لە مەنتیق. بابەتەکانیان تەواو دژبەیەک بوو. ئەم شێوازەیشیان کە لەیەک کاتدا چەند بابەتێکیان باس دەکرد، وەنەبێت روون بێت،

بەڵکو پێچەوانە دەکەوتەوە، لە تێگەیشتنی ئەو دوو ژنو مێردەدا. چۆن هەموو شتەکانی نێو خەونەکان، عەقڵبڕ نین و پێچەوانەی مەنتیقن و هیچن، بابەتەکنیشیان وابوو! تەنیا ئەو سۆزە نەبێت مەنتیقکی ئەو خەونانە دەبزوێنێت و، سەرسامیی بە خەونەکان دەدا. بیروڕاکانی ئەو دوانەیش هەروا بوو. نە دادوەر بوونی هەبوو، نە وشەکانیان روون و ئاشکرا و ریزبەند بوون! تەنیا و تەنیا، سۆز بزوێنەری وتووێژەکەیان دەبوو.

ناتاشا شێوەی ژیانی براکەی بۆ پییەر دەگێڕایەوە. تێیدەگەیاند بەو هۆیەوە خەم دەخوات. ناشتوانێت بێ مێردەکەی بژیێت! هەروەها پێی دەگوت: تا دێت کۆنتیسە ماریی پترو پتر خۆشدەوێت. چۆن چۆنی ئەو لە هەموو شتێکدا لە خۆی بالاترە! چاک و دڵپاکە. زۆر راستگۆیانە ئەو دانپیانانەی لە بەرامبەر پییەردا دەوت و بالاتریی ماریی دەردەخست، بە بەراورد بە خۆی.

بەڵام نەیشیدەپێچایەوە و، داوای لە مێردەکەی دەکرد کە دەبێت خۆی لە ماری و هەموو ژنانی تر بە بالاتر بزانێت. دەبوو زوو ئەمەی بە گوێی مێردەکەیدا بدایە. بە تایبەتی بەم دوادواییە کە لە پێترزبۆرگ گەڕابووە و، ژنانێکی فرەی بینی بوو.

پییەر ملی بۆ لە سەر سووربوونەکەی ناتاشا نەوی کرد و، ئەوەی بۆ گێڕایەوە کە چەندین جار بانگهێشتی خوان و ئاهەنگی شەوانە کراوە، لە پێترزبۆرگ و لەگەڵ ژنان، بەڵام ئەم پێی ئاسوودە نەبووە و ئامادەی ئەو ئاهەنگانە نەبووە!

وتیشی:

"لەوێ وتووێژم لەگەڵ ژناندا هەر وێڵ کردبوو. چونکە هیچ شتێک بە هێندەی ژن دواندن بێزارکەر نییە! خۆیشم هەر زۆر سەرقاڵ بووم.

ناتاشا کەوتە قسە کردن:

"ئاخر، ئەوەی ئەوان کردوویانە تەنیا وروژاندن بووە! ئەم ماریییە، خۆی دەڵێت، هێندە شارەزای دەروونی منالانم، تەنانەت نەفسیان دەبینم. کەچی دوێنی، میتیای چکۆلە دابووی لە کەللەی..."

پییەریش قسەکەی پێ بڕی و وتی،"چووەتەوە سەر باوکی خۆی."

ناتاشا وشەکانی پییەری دووبارە کردەوە:

"بەڵێ! نیکۆلا ئەو لایەنە لاوازەی هەیە کە وای لێدەکات، هیچ شتێکی پەسەند نەبێت، لە ئەوانەی کۆمەڵا پەسەندی نییە. بەڵام من لەوە دەگەم کە تۆ پێچەوانەی ئەویت و، هەمیشە دەتەوێت کەوا ئازاد و دەستکراوە بیت.

پییەر وەڵامی دایەوە:

"نەخێر! بەڵکوو شتی بنەڕەتی ئەوەیە کە بیرۆکەکان و دادوەریەکان، بە لای نیکۆلاوە کات بەسەربردنە هەروەکوو شێوازێک بێت بۆ رابواردن. نوسینگەیەکی دامەزراندووە و بنکەیەکی بۆ خۆی داناوە. ئەویش ئەوەیە تا داواین کتێبێک کە کڕیویەتی نەیخوێنێتەوە،

کتێبێکی تر نـاکرێت. سیسمۆندی و رۆسۆ، مۆنتسکیو...ـ

به بزەیەکەوە و بە نەرمکردنەوەی وشەکانەوە لە سەری رۆیشت:

ـئەوە تۆ خۆت دەزانیت. بە هەرحاڵا، چەندە...ـ

ناتاشا قسەکەی پێ بڕی و وای پیشاندا ئەوە پێویست نییە و وتـی:

ـکەوابوو، تۆ پێت وایە بیروڕاکان بە لای ئەوەوە کات بەسەربردنە؟ـ

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـبەڵێ! بەڵام بەلای منەوە، شتەکانی تر، مایەی کات بەسەربردنن، لەو ماوەی مانەوەمدا لە پێترزبۆرگ، هەموو ئەو شتانەی دەمبینی، وەکو خـەون بوو بـە لامـەوە. کە بیرۆکەیـەک زەوتی دەکردم. ئیدی هیچ شتێک بەلامەوە بایەخی نەبوو.

ناتاشایش وتی:

ـئای! چەند بـە داخـەوەم کە نـەمبینی، خوازیـاری بەیانییـەکی پڕ بەختـەوەری بیت بـۆ منالەکان! کامیان لە هەموویان دڵخۆشکەرترە؟ بێگومان: لیز؟ـ

پییەر وەڵامی دایەوە: بەڵـــــێ!

ئەوەی بیروژیریی داگیر کردبوو بۆی گێڕایەوە و لە سەری رۆیشت:

ـنیکۆلا وا بۆ یدەچوو کە پێویست ناکات بیر بکەینەوە. بەڵام من ئەمە ناتوانم.ـ

ناتاشا گومانی لە مەزنیی بیرۆکەکەی پییەر نەبوو، بەڵام شتێک بێزاری دەکرد. ئـەویش ئەوە بوو، کە بڵێی ئەوە مێردەکەی خۆی بێت!؟ ئاخۆ شیاوە پیاوێک بـەو هـەموو گرنگی و پێویستبوونەوە بۆ کۆمـەڵگا... مێردی ئـەو بێت!؟ ئەمـە چـۆن بـوو رووی دا؟ وێسـتی ئـەم شێوەیەی بۆ دەربـبڕێت، لە مێشکی خۆیدا پرسیاری ئەوەی هەبوو، کە ئاخۆ ئەوانەی پییەر نرخی بااڵی بـۆ دادەنـان کامانـەن؟ پاشـان ئەوانـە کێن کە دەتوانن بڕیـاری ئـەوە بـدەن کـە پییەر لە هـەموویان بلیمـەتترە؟ هـەروەکو لـە قسـەکانیدا دەردەکـەوت، هـیچ کەسێک وەکوو ئەفلاتون کاراتاییڤ بەلایەوە ڕێزدار نەبوو.

ناتاشا هـــاواری کرد:

ـدەزانی بیر لـەچی دەکەمـەوە!؟ بیر لـە ئـەفلاتون کاراتـاییڤ دەکەمـەوە. دەتوانێت چـی بکات. ئاخۆ ئەو پشتگیریت دەکات؟ـ

پییـەر هـەرگیز لـەو پرسـیارە سەراسـیمە نـەبوو، چونکـە پلەبەنـدی بیرۆکـەکانی ئـەوی دەزانی.

بۆیە پرسیی،ـئەفلاتون کاراتاییڤ؟ـ

لە بیرکردنەوەدا نقوم بوو و، تەقەلای ئەوەی بوو کە ئاخۆ کاراتـاییڤ چ حوکمێک لـەو بابەتەدا بدات؟

دواتر وتـــی:

"ئەو تێنەدەگەیشت؟ بەڵام کێ دەزانێت؟ ڕەنگە شتی وا بکات!"

لە ناکاو ناتاشا وتی:

"ئەمە جێی مەترسییە، ئەو خۆشەویستییەی بۆ تۆ هەمە. ئەوە بۆخۆی جێی مەترسییە!"

پییەر دوای کەمێک بیرکردنەوە وتی:

"نەخێر پشتگیریم ناکات. ئەوەی لەسەری کۆک نەبوو، ژیانی خێزانیمانە. ئەو خوازیاری بینینی جوانی بوو، لە هەموو شوێنێک، لەگەڵ بەختەوەری و ئاسوودەیی بە شێوەیەک شانازیم دەکرد بەوەی کە بمانبینێت. تۆ سکاڵات لە دابڕان هەیە. بەڵام ئەگەر دەزانێت کە چ سۆزێکی تایبەت، دوای ئەو دابڕانە لەناخمدایە..."

ناتاشا وێستی بەرهەڵستیی قسەکەی بکات: **بـــەڵام**...

پییەر هەڵیدایە:

"نەخێر! شتەکە ئەوە نییە. من لە خۆشوستنتدا کەمتەرخەم نابم. بەڵام مرۆڤ دەتوانێت لەوەیش زیاتر خۆشویستن بکات. ئەوەیش وایە بە تایبەتی... زۆر باشە... بەڵێ..."

قسەکانی تەواو نەکرد، چونکە سەرنجی هەردوکیان یەکانگیر بوو و، بە هۆیەوە قسەکانیان ئاڵوگۆڕ کرد.

لە ناکاو ناتاشا وتی:

"چەند کەڕێتیە قسە کردن لەبارەی مانگی هەنگوینییەوە. قسەکە ئەوەیە گوایە مرۆڤ تەنیا لە رۆژانی سەرەتای هاوسەرگیریدا بەختەوەر دەبێت. بەڵام وا نییە! ئەوەتا ئێستای خۆمان لە رۆژانی سەرەتا باشترە! ئەگەر هەرگیز ئەو سەفەرانەت تێدا نەکردایە، خۆشتریش دەبوو. بیرت ماوە چۆن لەیەکتر تورە بووین؟ هەمیشەیش من هەڵە دەبووم. هەمیشە هەر خۆم هەڵە بووم! ئەوە بۆ هەرگیز من ئەو شتانەم بیر نامێنێت؟"

پییەر بەبزەیەکەوە وتی،"هەر لەبەر هەمان هۆ! غیرە کردن...!"

"شتی وام پێ مەڵێ! توانای بیستنیم نییە!"

گرێکی سارد لە چاوانیدا دەبینرا، دوای کەمێکیش بیدەنگی وتی: **بینیت**؟

ئەویش وتی،"نەخێر! بە هەرحاڵ، ئەگەر بیبینم، نایناسمەوە."

ئیدی هەردوکیان کپ بوونەوە.

ناتاشا کە دەیویست ئەو هەورە ڕەشەی نێوانیان بڕەوێنێتەوە، هاواری کرد:

"ئەی ئەوەیش دەزانیت: ئەو کاتەی لە نوسینگە قسەت دەکرد و، منیش سەیرم دەکردیت، تۆ بێ کەم و زیاد هەر لەو دەچوویت و، لەگەڵ چکۆلەکەتدا کتومت وەکو دوو دڵۆپە ئاو دەتانتواند! ئای! کاتی ئەوەیە بچم خەریکی ئەو بم... کاتی خۆیەتی. بەڵام چوونم ئازارم دەدا."

چەند چرکەیەک کپ بوونەوە. دواتر و لە ناکاو ڕوویان لە یەک کردەوە و هەردوکیان پێکەوە کەوتنە قسە کردن. پییەر بە گەرمی و نیانی دەدوا و ناتاشا بە بزەیەکی شیرینەوە،

بەرەنگاری یەک بوونەوە. وەستانەوە و لە بەرامبەر یەکدا گەڕانەوە.

پاشان پیپەر وتی،"کەواتە، دەتەوێت چی بڵێیت؟ قسە بکە... دەی قسە بکە."

ناتاشایش هاواری کرد:

"نەخێر! پێویستە تۆ قسە بکەیت. بەڵام من هەرچییەک بڵێم: کەڕێتییە!"

پیپەر گەڕایەوە سەر ئەو بابەتەی، کە باسیان کردبوو. پاشان بە زمانێکی لە خۆ رازیبوونەوە، کەوتە قسە کردن لە بارەی سەرکەوتنەکانی نێو شاری پێترزبۆرگ. لەو کاتەدا پێیوابوو بانگێهشتی ئەوە کراوە، کە رووسیا و هەموو جیهان بە ئاقارێکی نوێدا ببات!

لەسەری رۆیشت:

"دەمویست ئەوە بڵێم کە هەموو بیرۆکەکان لەوانەی ئەنجامی مەزنیان دەبێت هەمیشە سادەن. هەموو بیرۆکەکەی منیش ئەوە بوو کە: کەسانی شەڕخواز و خراپ بە یەکگرتنیان هێز و توانا پەیدا دەکەن. کەوابوو کەسانی چاک و شەریفیش دەبێت وەکو ئەوان بکەن و، یەگ بگرن. بێگومان بەلای تۆیشەوە ئەمە کارێکی سادە و ئاسانە."

ئەویش وەڵامی دایەوە،"بەڵێ! هەروایە."

پیپەریش پرسیی،"ئەی تۆ! دەتەوێت چی بڵێیت؟"

ناتاشایش وتی: **هیچ! هیچ!**

ئەویش وتی: **بـــەڵام؟**

ناتاشا بزەیەکی فراوان لە سەر لێوانی بوو و، سوورببوو لە سەری و وتی:

"پێت دەڵێم هیچ نـاڵێم! هێندەم دەویست لـەبارەی پێتیـاوە قسـەت بـۆ بکـەم. ئـەمڕۆ دایەنەکەی هات تاکو لەگەڵ خۆی ببیات. باوەشی کردبوو بـە منـدا و کەوتـە پێکەنین. پێتیـا چـاوانی وا نووقاندبوو، گوایـە خـۆی شـاردووەتەوە. هـەر زۆریش نیانـە! ئـەوەتا هـاوار و قیژەیەتی... خوات لەگەڵ."

لە هەمان کاتدا، لە نهۆمی خوارەوە، لە ژووری نوستنەکەی نیکۆلا پلکۆنسکیی چکۆلـە، چـــراکە وەکـوو جـاران داگیرسـا بـوو. ئـاخر ئـەو منداڵـە لـە تـاریکی دەترسـا و تەقـەلای زۆریشیان دا بۆ رەوینەوەی ئەو ترسەی. بەڵام بێسوود بوو.

دیسال چوار پشتییە بەرزەکەی لە ژوورسەر نابوو و لێی نووست بوو

نیکۆلا چکۆلـە تـازە لـە خـەو هەستابوو و، گیـانی نیشـتبووە سـەر ئـارەق و، لەسـەر نوێنەکەی خـۆی دانیشتبوو و، خەوێکی ناخۆش بە خەبەری هێنابووەوە و لـە پێش خـۆیی دەڕوانی.. لـەو خەوەیـدا ئـەوەی بینـی بـوو، کـە خـۆی و پیپـەری مـامی دەمـامکی وەکـوو ئەوانەی نێو چیرۆکەکانی پلوتارکیان لە روخسار نابوو و، لە پێشەنگی سوپایەکی مەزنەوە دەڕۆیشتن!

سوپاکەیش لە چەندین ریزی سپی پۆش پێکهاتبوو و، هەر بەو پەڕە وردە سپیانە دەچوون، کە لە هەوادا دەبینران و، دیسان ناوی نابوون تاڵە دەزووەکانی پاکیزەی پیرۆز. بەردەمیشیان بەو تاڵە دەزووە دروست بووبوو، بەڵام تۆکمەتر.

خۆی و مامە پیرە، زۆر بە سووکەڵەیی بەرەو پێش دەچوون و، لە ئامانجەکە نزیک دەبوونەوە. زۆر لە تان و پۆکانی تاڵە دەزووەکان رەوینەوە و پێکداچوونەوە و دەکەوتنە باریکی مەترسیدارەوە. لە ناکاو مامە نیکۆلا خۆڕاگرانە چووە بەردەمیان و، کەوتە هەڕەشە کردن. ئاماژەی بە پاشماوەی پەڕێک و مۆمێک دا کە بەرگەکانی پێ مۆر دەکرا، وتی،"ئێوە ئەم کارەتان کردووە. ئێوە ئازیزی من بوون، بەڵام ئاراکتشیف فەرمانی پێداوم کە هەرکەسێک لێتان نزیک ببێتەوە... بیکوژم."

نیکۆلا رووی بەرەو پیرە وەرگێڕا. بەڵام پیرەری لێ نەبوو. پیرە ببوو بە باوکی، نە سنوور و، نە شێوەی هەبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا هەستی دەکرد بە تەنیشتییەوەیە. نیکۆلا چکۆلە هەستی کرد خۆشەویستییەکەی لە تواناکەیی بێبەش دەکات. هەستی کرد نیشتمانی نییە! بەڵایشی نییە! پەیکەرشی نییە! وەکو ئەوە وابوو: شل ببێتەوە و باوکیشی دەستی بە سەر شانیدا دەدا و، دڵی دەدایەوە. بەڵام مامە نیکۆلا پەلاماریان دەدات و، بەرەبەرە لێیان نزیک دەبێتەوە. منااڵە چکۆلە ئیدی زۆر ترسا و لەخەو هەستا و لەدڵی خۆیدا وتی:

"باوکم. **هەرچەند دوو وێنەی باوکی لە ماڵدا هەبوو و، زۆر لە یەک دەچوون بەڵام هەرگیز ئەو میر ئاندریەی باوکی: وەکو مرۆڤ لە میشکیدا بەرجەستە نەدەبوو!**. باوکم بە تەنیشتمەوەیە و یاریم لەگەڵ دەکات. لەگەڵ خۆم و مامە پیرەریش ڕێک بوو. هاوڕێکانم هەرچیم پێ بڵێن دەیکەم. "موسیوس شیڤۆلا" دەستی خۆی سووتاند. ئەی بۆ منیش لە ژیانی خۆمدا ئەوە نەکەم؟ دەزانم ئەوان دەیانەوێت فێر ببم و خوێندەوار بم. هەر دەبێت فێر ببم. بەڵام ڕۆژێک دادێت ئەمەیش کۆتا دەبێت! پاشان دەکەومە کار. تەنیا داوای یەک شتیش لە خوا دەکەم. ئەویش ئەوەیە: منیش تووشی ئەو شتانە بم، کە پیاوە مەزنەکانی نێو چیرۆکەکانی پلوتارک تووشیان بووەوە و، ئەوکات منیش هەروەکو ئەوان دەکەم. بەڵکو کاری لەوانیش باشتر دەکەم. هەموو خەڵکی دەبێت بەو کارانەم بزانن و تێبگەن. دواتر منیان خۆشدەوێت و پێم سەرسام دەبن!

لەناکاو نیکۆلای چکۆلە، وا هەستی کرد کە ئارەزووی گریان دەکات و قوڕگی گیرا و سینەی تەنگ بوو. دواتر فرمێسک بە خوڕ لە چاوانی باری.

دەنگی دیسان هات و پرسیی،"سەرت دێشێت؟

چکۆلەکە سەری نایەوە سەر پشتییەکە و وتی: **نەخێر**.

پاشان کەوتە بیرکردنەوە لە دیسان و وتی:

"ئەو پیاوێکی بە ڕەوشتە و نیانە. خۆشمدوێت. مامە پیرە: ئای کە پیاوێکی نایابە! ئەی باوکم... بەڵێ، دەبێت کارێک بکەم ئەویش شانازیم پێوە بکات."

پاری شەشەم

بەشی یەکەم
بزوێنەری مێژوو

ئەگەر مەبەست لە مێژوو: ژیانی گەلان بێت، ئەوا درک کردن نابێت بە رەوشی مرۆڤایەتیی. بەڵکوو هەستکردنی راستەوخۆ دەبێت بە ژیانی گەلێک. ژیانی تەنیا گەلێکیش، لە سنووری وشەیەلێکدا گیر دەخوات و دانانی شتیەلێک کە تەواو لە مەحاڵ دەچن.

مێژوونووسانی سەردەمانی دێرین، پەنایان بۆ هەمان رێگا بردووە، تاکوو بە هۆیەوە وەسفی بکەن و ئەو مادەیە هەست پێ بکەن کە ئەویش هێنانی ژیانی گەلێکی نێو گەلانە. هاتوون وەسفی ژیانی سەرکردەی ئەو گەلەیان بە جیا و دوور لە کارلێکەکانی دەوروبەری خۆی، کردووە.

بەڵای ئەوانەوە چالاکیی ئەو سەرکردە و سەرۆکەیان: کارایی و چالاکیی هەموو گەلەکەی خۆی پیشان دەدا.

بەڵام دوو پرسیارەکە ئەمانەن: چۆن ئەو کەسە دوورەپەرێزە و دوور لە گەلەکەی، توانیویەتی بە ویستی خۆی گەل ببزوێنێت!؟ پاڵنەری ئەو ویستەی سەرکردەکەیان، بۆ ئاراستە کردنی گەلەکەی چی بووە؟

مێژوونووسانی دێرین، وەڵامی ئەم پرسیارانەیان بەم جۆرە داوەتەوە:

"وەڵامی پرسیاری یەکەمیان وا داوەتەوە کە: پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ویستی خودایی لە رکیف بوونی گەلان بۆ تەنیا کەسێک."

وەڵامی پرسیاری دووەمیشیان وا داوەتەوە: کە هەر ئەو ویستە خودایییە ئاراستەی

پیاوی هەڵبژێردراو بەرەو ئامانجی دیاریکراو دەکات! کەواتە ئەو کێشانە چارەسەر کراون و بەڵای دێرینەکانیشەوە هەروابوو. کە بە ئیمانی خودایی راستەوخۆ بەشداریی لە کێشە و باسەکانی مرۆڤایەتیدا دەکرێت. بەڵام مێژووی سەردەم و نوێ ئەم گریمانەی بێردۆزە ڕەت دەکاتەوە، بەوەی کە چارەنووسێکی ئاسمانی بێت.

دەشێ بڕوا بێنین بەوەی مێژووی نوێ، بە دەربازبوونی لە باوە دێرینەکە کە ڕکێف بوونی مرۆڤە بۆ ویستە ئاسمانییەکان و، ئامانجێکی دیاریکراوی لە پێشینەیە و گەلان ئاراستەی دەبن. ئەوەی هەڵبژارد کە لێکۆڵینەوە بکات لە دیاردەکانی دەسەڵات و هێزە قوواڵەکان بۆ ئەو دیاردانە. بەڵام مێژووی نوێ ئەمەی نەکرد. ئەگەر لە ڕووی تێۆریەوە تێگەیشتنە دێرینەکە ڕەت دەکاتەوە، ئەوە بە هۆی جێبەجێ کردنی پێگەییەوەیە.

مێژووی نوێ لە جیاتی ئەوەی چەندین کەسایەتیی خاوەن دەسەڵاتی ئاسمانی کە ویستی ئاسمانی ڕاستەوخۆ ئاراستەی دەکات پێشکەشمان بکات. یان پاڵەوانێکن چەندین تایبەتمەندیی سەرووی ئاساییان هەیە. یان بە سانایی کەسانێکن پاشینەی جۆرا و جۆریان هەیە. هەر لە پاشایانەوە تا ڕۆژنامەنووسان، هەر ئەمانە خۆیان سەرکردایەتیو ئاراستەی جەماوەر دەکەن. لەجیاتی ئامانجی پێشینەی دیاریکراو لەلایەن هێزی ئاسمانیەوە بۆ بڕێک لەگەلان، وەکو عبرانیەکان و ئیغریقیەکان و ڕۆمانییەکان، لە پێناوی ئاراستە کردنی هەنگاوی مرۆڤایەتیانەیان. مێژووی نوێی سەردەم ئامانجی تایبەتیی دادەنێت کە: بەختەوەریی گەلی فەڕەنسا، ئەڵمان، ئینگلیز، ئەگەر فراوانتری بکەینەوە: خێر و چاکەی هەموو شارستانییەتی مرۆڤایەتییە. ئەو مرۆڤایەتییەی کە داگیرکەرانی گەلانی بەشی سەرووی ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی دەگرێتەوە. مێژووی نوێ باو و نەریتە کۆنە دێرینەکان ڕەت دەکاتەوە، بێ ئەوەی جێگرەوەیەکی بۆ دابنێت.

ئەگەر مەنتیق هەر بە تۆپزی ئەو مێژوونووسانەی وایان لەقەڵەم دەدا ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی هێزی ئاسمانی پاشایان و قەدەری دێرین کەوا بگەڕێتەوە، بۆ خاڵی دەرچوون... کەوابوو دداننانە بە:

١ ـ کەوا مرۆڤەکان لە لایەن پەراوێزخراوانەوە، ئاراستە دەکرێن.

٢ ـ کەوا ئامانجێکی دیاریکراو هەیە، گەلان و مرۆڤایەتی بەرەو ڕووی دەڕۆن.

ئیدی هەموو ئەو کتێبە نوێیانەی، کە مێژوونووسان نوسیویانە هەر لە "جیبون"ەوە تا "یالک" لەگەڵ جیاوازیشیاندا بە ڕووکەش. بناغەیان هەر ئەو دوو بەدیهە کۆنەیە.

مێژووی نوێ لە سەرەتادا وەسفی چالاکیی چەند کەسێکی دوور لە خەڵکی دەکەن و دەڵێن: ئەوانە پێشڕەویی مرۆڤایەتی دەکەن. هەندێک لە مێژوونووسان ناخرێنە نێوەوە تەنیا پاشایان و ژەنەرالان و وەزیران نەبێت. مێژوونوسێکی دی وتاربێژان و زانایان و چاکەخوازان و فەیلەسووفان و شاعیران دەخاتە پاڵ پاشایان. دواتر ئەو ئامانجەی کە مرۆڤایەتی تەقەلای بۆ دەدا، لە لای مێژوونووسەکە ئاشکرایە. ئەو ئامانجەیش لای ئەو

میژوونووسه: مەزنیی دەوڵەتی رۆمانی، یان دەوڵەتی ئیسپانی، یان دەوڵەتی فەرەنسییە، هەر ئەو ئامانجە لای میژوونووسێکی دی: یەکسانی و شارستانییەتە.

شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ دا رووید‌ا و، ئەم شۆڕشەش گەورەتر بوو و شەپۆلی دا و شێوەی بزوتنەوە و جوواڵەی گەلانی رۆژئاوای بەرەو رۆژهەڵات وەرگرت. ئەو جوواڵەیە، چەند جار ئاراستەی رۆژهەڵاتی وەرگرت و، بەرەنگاری جوواڵەیەک بووەوە کە پێچەوانە بوو و، لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا ببووەوە.

لە ساڵی ١٨١٢ دا گەیشتە ئەوپەڕی، کە مۆسکۆ بوو. پاشان لە رۆژهەڵاتەوە دیسان گەڕایەوە بەرەو رۆژئاوا. لەو هاتوچۆیەیدا، گەلانی ناوەندی ئەوروپاشی تێپەڕاند. ئەو جوواڵەیە کە پێچەوانە بووەوە گەڕایەوە ئەو شوێنەی کە لێوەی دەرچوو بوو: کە پاریس بوو و ئیدی وەستایەوە. لەو قۆناغەدا کە بیست ساڵێک درێژ بوو. بڕێکی مەزنی ئەو کێڵگانە لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە تاڵان کرا. خانووبەرەکان سوتێنران و، ئاراستەی بازرگانی گۆڕدرا. بە ملیۆنان خەڵک جێگۆڕکێیان کرد. بە ملیۆنان مەسیحی کە خۆشەویستی نەریتیان بوو: کەوتنە سەربڕینی یەکتری. هەموو ئەمانە چی دەگەیەنن!؟ چۆن ئەو هەموو شتانە رووی‌اندا؟ چی پاڵی بەوانەوە دەنا خانووبەرە بسوتێنن و، لە خۆیان بکوژن؟ هۆی ئەو رووداوانە چین؟ ئەمە هەر ئەو پرسیارە سادانە ی ژیری بڕانەن کە مرۆڤ لەو دەمەدا کە بەرامبەر ئەو قۆناغەی میژوو هەڵوێستە دەکات و پێویستە لە خۆیی بکات. ئێمەیش بەلای جیهانی ئەو میژووەدا لا دەکەینەوە، کە دەیەوێت بۆ گەلان و مرۆڤایەتی خۆی بخاتە روو. ئەگەر میژوو پابەندی گۆشەنیگای دێرین بوایە. پێویست بوو بڵێت: کە ئاسمان بۆ ئەوەی پاداشتی گەلەکەی بکات، یان سزای بدات، دەستەڵات دەبەخشێتە ناپلیۆن، دەیکاتە ئامێر و، مەبەستەکانی خۆیی پێ بەجێ دەهێنێت. کەوابوو ئەم وەڵامە کامڵ و روونە. کەوابوو دەتوانین بڕوامان بە پەیامی ئاسمانی هەبێت و ناپلیۆن رەت بکەینەوە. جا ئەوەی بڕوای وا بێت کە ناپلیۆن پاداشتی ئاسمانییە، یان سزای ئاسمانە، ئیدی ماوە بۆ هیچ دژواربونێک ناهێڵێتەوە. بەڵام میژووی نوێ ناتوانێت وەڵامی ئەو بڕیارە بداتەوە. ئێستا جیهان ئەو بیرۆکە کۆنەی پەسەند نییە کە دەست تێوەردانی راستەوخۆی ئاسمانە لە کارەکانی مرۆڤایەتی! لە دواجاریشدا پێویستە بۆ وەڵامی دی بگەڕێت. ئەگەر میژووی نوێ وەڵام بداتەوە پێمان دەڵێت:

"ئێوە دەتانەوێت واتای ئەو بزووتنەوە و جوواڵەکردنە و، ڕێوشوێنەکانی بزانن. یان بەوە بگەن چ هێزێک ئەو رووداوانەی بەرهەم هێناوە؟ کەواتە گوێ بگرن: "لویسی چواردە مرۆڤێکی خۆ بە زل زان و، خۆهەڵکێش بوو. چەندین ژنی هاودەم و ئاشکرای بوو و. چەندین وەزیر، بە شێوەیەکی بێکەڵک ورتەورتیان لە نێو فەرەنسادا بەرپا کرد. شوێنکەوتووانی کەسانی لاواز بوون و حوکمی ولاتیان دەکرد. چونکە ئەوانیش وەکوو

خۆی خراپ بوون. ئەوانیش هەر سەرقاڵی ئافرەتان بوون. بێ لە ئەمیش بڕێک لە خەڵکی، چەندین کتێبیان لەسەر ڕەوشی ئەو ماوەیە دانا.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا، نزیکەی بیست کەسێک لە پاریس کۆبوونەوە. ئەمانە دیانووت، کە مرۆڤەکان هەموو یەکسانن و ئازادن. لە ئەنجامی ئەمەدا: هەموو فەڕەنسا کەوتنە یەکتر کوشتن و، نغرۆکردنی یەکتر. ئەو خەڵکە پاشاکەی خۆیان کوشت. خەڵکێکی زۆری تریان کوشت!

هەر لەو ماوەیەدا لە فەڕەنسا کەسێکی بلیمەت هەبوو و ئەویش ناپلیۆن بوو. لە هەموو لایەکەوە ئەو پیاوە سەرکەوتنی بە دەست دەهێنا. بە واتایەکی تر کەسێکی زۆری کوشت، چونکە بلیمەتێکی مەزن بوو. هۆیەکەیشی نازانین. ئەفریقییەکانی زۆر بە جوانی لە وڵاتی خۆیاندا کوشت و زۆر فێڵاوی و زیرەک بوو. بە شێوەیەک کە گەڕایەوە بۆ فەڕەنسا، فەرمانیدا کە هەموو گوێڕایەڵی بن. خەڵکیش بە قسەیان کرد. هەرکە خۆیشی کرد بە ئیمپراتۆر، بەرەو ئیتالیا و نەمسا و ڕووسیا بووەوە، بۆ کوشتنی خەڵک.

لەو سەردەمەدا ئیمپراتۆر ئەلکسەندەر حوکمڕانی ڕووسیا بوو. ئەویش ویستی یاسا بگێڕێتەوە بۆ ئەوروپا و، بۆیەش لەگەڵ ناپلیۆن بە شەڕ هات. بەڵام لە ساڵی (١٨٠٧)دا، کتوپڕ بوو بە هاوڕێی، بەم شێوەیەیش، تا ساڵی (١٨١١) لەگەڵیدا مایەوە.

ئیدی لێرە بە دواوە بووەوە بە دوژمنی. ئەمە لە کاتێکدا بوو پێکەوە خەڵکێکی فرەیان بەکوشت دا.

ناپلیۆن سەرکردایەتی (٦٠٠٠٠٠) سەربازی کرد و، بەرەو ڕووسیا بووەوە و، مۆسکۆی داگیر کرد. بەڵام دواتر شتین و کەسانی تر ئامۆژگاریی ئیمپراتۆر ئەلکسەندەریان کرد و، ئەویش ئەوروپای یەک پێگرتەوە و، چووەوە بەگژ ئەو کەسەدا تا ئاسوودەیی لێ تێک بدا.

لە پڕێکدا هەموو هاوپەیمانانی ناپلیۆن دەبنەوە بە دوژمنی و، پێکەوە ڕادەپەڕن و ڕووبەڕووی ئەو هێزە نوێیە دەبنەوە کە ناپلیۆن پێکەوەی نابوو. ئەوەبوو هاوپەیمانەکان سەرکەوتن و خۆیان کرد بە پاریسدا. ناپلیۆنیان ناچار کرد لە کورسیی پاشایەتی بێتە خوارەوە. بێ ئەوەی نازناوی ئیمپراتۆری لێ بستێنەوە، دووریان خستەوە بۆ دوورگەی ئیلبا. پاشان کۆمەڵێک شێوازی ڕێزلێنانیان بۆ ئەو ناپلیۆنە داهێنا کە تاکوو پێنج ساڵ لەوە و پێش پێیان دەوت گەورەترین دزی لە یاسا دەرچوو! لویسی هەژدەیەمێکیان کرد بە سەرکردە، بە سەر فەڕەنساوە، کە هەمیشە فەڕەنسا و هاوپەیمانانی لاقرتێیان پێ دەکرد.

لە کاتێکدا ناپلیۆن دەستبەرداری دەستەڵاتەکەی بوو، چەند فرمێسکێکی لەبەردەم پاسەوانە پیرەکەیدا بۆ ڕشت! ئیدی خۆی لە تاراوگە بینییەوە. دواتر لەگەڵ پیاوانی دەوڵەت و، دیبلۆماتەکان و کەسە چالاکەکان بۆ ڕاوێژکردن لە ڤییەنا کۆبوونەوە، بە تایبەتیش تالیران کە توانی لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر کورسییەکی بۆ دیاریکراو دابنیشێت

و، که دوایی به هۆیەوە سنووری فەڕەنسا فراوانتر بوو.

ئەنجامی وتوویژەکانیان بووە هۆی بەختەوەری بۆ ئەوان و، زەحمەت و سەختی بۆ گەلان. بەڵام ئەو دیبلۆماتانە لە ناکاو بوونە دوژمنی یەک و، لووتیان لە یەک کرد و، ئامادەی ئەوە بوون کە فەرمان بە سوپاکانیان بدەن، تا بکەونە سەربڕینی یەکتری.

بەڵام ناپلیۆن لەو دەمەدا لەگەڵ فیرقەیکی سەربازیدا گەڕایەوە بۆ فەڕەنسا. ئیدی ئەوانەیشی کە رقیان لێ دەبووەوە، چوونە ژێر رکێفی. ئەمەیش پاشایانی نیگەران کرد. بۆیە کەوتنەوە شەڕ لەگەڵ فەڕەنسییەکان. تا ئەوەبوو بەسەر ژەنەڕاڵا ناپلیۆندا زاڵا بوون و ئاوارەی دوورگەی قدیسی "هیلانە"یان کرد.

لەناکاو وەکوو کەسێکی ڕێگر مامەڵەی ناپلیۆنیان کرد. هەر لەوێ و دوور لە نیشتمانەکەی، کە فەڕەنسا بوو، مرد. مردنێکی لەسەرخۆ لەسەر یەکێک لە تاشە بەردەکان مرد، وای لە نەوەکانی دوای خۆی کرد، ببنە میراتگری کارە مەزنەکانی.

کۆنەپەرستان لە ئەوروپاش سەرلەنوێ حوکمڕانییان گرتەوە دەست. ئیتر حکومەتەکانی تریش کەوتنەوە چەوساندنەوەی گەلەکانی خۆیان. ئەوە بەرباد بوونە گەر وای دابنێین ئەو هەمووە لە گاڵتە کردن و، کاریگەرێتی چیرۆکە میژوونووسەکان بەولاوە هیچی تر نین! بە پێچەوانەوە، ئەمە دەربڕینێکی زۆر نیانانەیە، بۆ ئەو وەڵامە دژوارانەی کە بە پرسیاری میژوو دراوەتەوە. بەڵکوو بۆ ئەوانەیش کە هەموو میژووەمان دەخەنە بەردەست. هەر لە دروستکارانی لێکۆڵینەوەکان و، چیرۆک لە بارەی دەوڵەتی سەربەخۆوە، تا دانەرانی میژووە گشتییەکان، یان میژووەکانی ڕۆشنبیری. ئەمیش بۆ خۆی جۆرێکی سەردەمیانەی نوێیە.

نامۆیی ئەو وەڵامانە و سووکێتیان لەوەدایە کە میژوو وەکوو کەڕەوالێەیەک وایە، وەڵامی پرسیاریەلێک دەداتەوە، کە هێشتا نەکراون! ئەگەر مەبەستی میژوو وەسفکردنی بزووتنەوەکانی گەلان و مرۆڤایەتی بێت، پرسیاری یەکەم کە داوای وەڵامی پێویست دەکات و، شتەکانی سەر بە ئەو تێگەیشتنیان ئاسان نییە، ئەم پرسیارەیە:

"ئەوە چ هێزێکە گەلان دەبزوێنێت؟"

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە:

میژووی نوێ بە شتێک لە بایەخەوە، بۆمان دەگێڕتەوە: کە یان ناپلیۆن توانایەکی لە ڕادەبەدەری بووە، یان لویسی چواردە: کەسێک بووە فرە بیری کردووەتەوە. بەڵام ئێمە دڵنیا بەو توانایەدا نانێین. کەوابوو لە سەرمانە پێش ئەوەی لە کەسانی جۆری ناپلیۆن و لویسی چواردە و دانەران بکۆڵینەوە. کەوا پەیوەندییەک لە نێوان ئەو کەسایەتیانە و، بزووتنەوەی گەلاندا هەبووە. ئەگەر هێزێکی دی، جێی هێزی ئاسمانی گرتووەتەوە. دەبێت بنەماکانی ئەو هێزە ڕوون بکەنەوە. چونکە میژوو لێرەدایە.

بەشی دووەم
چەواشە بوونی مێژوونووسان

ئەو هێزە کامەیە کە گەلان دەبزوێنێت؟ دانەرانی مێژوو و، وەرگێڕە تاکەکان و مێژوونووسانی گەلانی لاکەوتوو، وایان داناوە کە ئەو هێزە دەسەڵاتی تایبەتیی پاڵەوانان و سەرکردەکان دروستی دەکات. بە گوێرەی ئەو دیاردانەی لێوەی دەدوێن رووداوەکان بەرهەمی ئەو بەڕێوەبردنانەن کە کەسانی وەکوو ناپلیۆن و ئەلکسەندەر دەیکەن.

بە شێوەیەکی گشتی ئەو کەسانەی، کە مێژوونووس وەسفی ژیانی تایبەتییان دەکات، ئەو وەڵامانەی ئەو جۆرە مێژوونووسانە لە پای پرسیارەکەدا دەیدەنەوە کە پرس بوو لەو هێزەی رووداوەکان دەجوواڵێنێت. بەڵام وەڵامەکە تەنیا لە سنورێکی دیاریکراودایە. کە ئەویش ئەوەیە بۆ هەر رووداوێک یەک مێژوونووس هەیە. چونکە مێژوونووسانی نەتەوەکانی دی هێندە بیروڕای جیاواز لە وەسفکردنی یەک رووداودا دەدەن بە دەستەوە، کە وەڵامەکانیان بۆ پرسی مێژوو، نرخ و بەهای خۆی بزر دەکات. چونکە هەریەکەیان نەک هەر ئەو هێزە بە شێوەیەکی جیاواز باس دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەی تێگەیشتنی مێژوونووسەکەی دراوسێی خۆیشییەوە، قسەوباسی لە سەر دەکات!

یەکێک دەڵێت کە رووداوەکە هۆکاری بە هێزبوونی ناپلیۆن بوو! یەکێکی دی دەڵێت: ئەوەیش بە هۆی هێزی زۆری ئەلکسەندەرەوە بوو. کەسی سێیەمیش دەڵێت: ئەنجامی توانای کەسی سێیەم بوو. لە هەموویشی زیاتر ئەوەیە کە میژوونووسان دژ بە یەک دەوەستنەوە. تەنانەت لەو هێز و توانایەیشدا کە لە دەسەڵاتی یەک کەسدا دەیبینەوە!

هەر بەو شێوەیەی کە "تییرس"ی میژوونووس خۆی لە هەوادارانی ناپلیۆن بوو، دەسەڵاتی ناپلیۆن بۆ چاکەخوازیی و بلیمەتییەکەی ناپلیۆن خۆی دەگێڕێتەوە. بەڵام "لانگری" کە هەواداری ناپلیۆن نەبوو، هێزو تواناکەی ناپلیۆن بۆ دزییەکانی و فێڵەکانی بەرامبەر بە گەل دەگێڕێتەوە.

دواتر میژوونووسانێکی لەم جۆرە، کاتێک هەریەکەیان بیرۆکە میژوویییەکەی خۆی پێشکەش دەکات، بە ئەو گریمانە تایبەتیانە خۆی ئەو هێز و دەسەڵاتە دادەڕووخێت... هیچ وەڵامێکیش نادەنەوە بۆ پرسیارە بنەڕەتییەکەی میژوو.

ئەو میژوونووسانەی بایەخ بە میژووی گشتی دەدەن، بەوەی کە تەماشای میژووی هەموو گەلان دەکەن. بە گوێرەی دیاردەکان هەڵەی تیلەچاوی ئەو میژوونووسە تایبەتانە لە بابەتی بوونی هێزدا لە رووداوەکان رەت دەکەنەوە. ئەوان دڵان بە بوونی دەسەڵاتی ئەو هێزە نووساوەوە بە پاڵەوانان و سەرکردەکان نانێن. بەڵکوو وای دادەنێین کە ئەو میژووە دەرەنجامی چەندین هێزی ئاراستە جیاواز، بووە. بەڵام بەوەی کە شەڕێک یان داگیرکارییەک بەرامبەر گەلێک بەرپا دەکەن. ئەوان دەکەونە کنە کردن و پشکنین بۆ هۆیەکانی ئەو رووداوانە. نەک بۆ دەسەڵات لە تاکە کەسێکدا. بەڵکوو لە کردار و پەرچەکرداری ئاڵوگۆڕی ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە پەیوەندییان بەو رووداوەوە هەیە کە لێی دەکۆڵنەوە.

بە گوێرەی ئەم تیلەچاوە، دەسەڵاتی کەسایەتییە میژوونووسەکان، کەوا دانراوە دەرئەنجامی چەندین هێزە، لە ئێستا بە دواوە لەوە دەچێت، کە وەکو هێزێکی وا لێی نەڕوانرێت کە بە تەنیا خۆی دەتوانێت رووداوەکان بەرپا بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا نووسەرانی میژووە گشتییە هەمەلاندارەکان، پەنا بۆ ئەم تێگەیشتنە دەبەن کە ئەو دەسەڵاتەی وایان داناوە هەر خۆی لە توانایدایە رووداوەکان بەرپا بکات، ڕێوشوێنی بەرامبەر رووداوەکە، بەگوێرەی هەڵسوکەوتی بەرپاکەری رووداوەکە وەردەگرن. لە قسەکانیاندا وا دەردەکەوێت هەندێک جار کە کەسایەتیی میژوویی شوێنکەوتووی سەردەمەکەی خۆیەتی و، دەسەڵاتەکەیشی ئەنجامی چەندین هێز و دەسەڵاتی جیاوازە.

جاری وایش هەیە دەڵێن کە دەسەڵاتەکەی خۆی ئەو هێزەیە، کە رووداوەکان بەرپا دەکات. لەو نموونەیەیش: جیرۆینۆس و شۆسەر و چەندینی تر، ئەوە دەسەڵمێنن کە ناپلیۆن بەرهەمی فەلسەفە و شۆڕشی (١٧٨٩)یە. جاری وایش هەیە وای دەردەخەن کە

پەلامارەکەی سالّی (١٨١٢)، هەروەها چەند رووداوێکی مێژوویی تر کە بەلایانەوە کە پەسەند نەبووە، تەنیا هۆکاری ویستە ئاراستە نەشیاوەکانی ناپلیون بووە. بیرۆکە شۆڕشگێڕەکان و باری بیرکردنەوەی گشتی دەسەلاتی ناپلیۆن دروستی کردووە. دواتر هەر دەسەلاتەکەی ناپلیۆن بوو، ئەو باری بیرکردنەوە و، بیری شۆڕشگێڕییەی خنکاند.

ئەم دژوارە نامۆیانە بە رێکەوت نەبوون. ئێمە لە هەر هەنگاوێکدا نایبینین و بەس. بەڵکوو ئەو سیفاتانەی دانەرانی مێژووە گشتی و هەمەلایەنەکان پێشکەشی دەکەن لە زنجیرەیەک لە دژوارەکان پێکهاتووە. ئەو دژواربیانە لە واقیعی ئێستایەوە دروست بووە. ئەوەیش وایە کە مێژوونووسانی لەو جۆرە، دوای ئەوەی لە گۆڕەپانی شیکارییەکانیاندا تەراتێن دەکەن: لە ناوەراستی رێگادا دەوەستن.

مێژوونووسە تاکرەوەکە و، ئەوەی کە پەلامارەکەی (١٨١٣)یان بۆ گەرانەوەی بنەماڵەی بۆربۆن بوو، بۆ سەر کورسی پاشایەتی، بە دڵنیاییەوە لەسەر ئەوە سوورن کە بە هۆی بەرێوەبردنەکەی ئەلکسەندەرەوە بووە.

بەڵام جیرڤینۆس کە دانەری مێژووی گشتی و هەمەلایەنەیە، ئەم سووربوونەی ئەو بە درۆ دەخاتەوە. تەقەلای ئەوەیش دەدا، کە بیسەلمێنێت پەلامارەکەی (١٨١٣) و، گەرانەوەی بۆربۆنییەکان بۆسەر کورسیی پاشایەتی، بێ لەبەرێوەبردنە نالەبارەکەی ئەلکسەندەر، بە هۆی چالاکیی شتین و مەترنیخ و مەدام دیسال و تالیران و فێختە و شاتوبریان و، کەسانی تریشەوە بووە.

دیار بوو جیرڤینۆس ئەلکسەندەری بۆ پێکهاتەکانی گەرانەوە. کە شاتوبریان و تالیران بوو... هتد. کە ئەوە دەگەیەنێت بە ملیۆنان فەرەنسی گوێرایەڵی بۆربۆنییەکان بوون. بۆ شیکردنەوەی ئەوەی کە چۆن گوێرایەڵی بۆ ئەو پەیوەندیانە بووە. واتای وایە چۆن لە پارچە یەکسانەکانی بڕی "ب" لە ئەنجامی یەکسانبوونی "أ. ب" دەرچووە. مێژوونووس لەسەرێتی پەسەندی ئەو هێزە بکات کە زووتر نکوڵی لێی دەکرد. ددانیش بەوەدا بنێت کە ئەوە دەرئەنجامی چەندین هێز بووە. واتا لە سەرێتی پەسەندی هێزێک بکات: کەشیکردنەوەی بۆ نییە و لەو تێکەڵەیە پێکهاتووە. ئەمەیش هەر ئەوکارەیە، کە نووسەرانی مێژووی گشتگیر و هەمەلایەنە دەیکەن. هەر بەم هۆیەیشەوە تووشی بیروڕای دژبەیەکی خۆیان دەبنەوە.

دێنشینان، ئەوانەی نازانن کە بارانەکەیان لە کوێوە بۆ دێت. بە گوێرەی ئارەزوویان لە هەورو ئاو و هەوای قەشەنگ وجوانە دەڵێن: کە با هەورەکانی پاڵدا، یان باڕەش هەورەکانی هێنا. هەر رێک نووسەرانی مێژووە هەمەلایەنەکانیش وا دەکەن. هەرکە لەگەڵ بیردۆزەکەی خۆیان هاتەوە، دەڵێن دەسەلات لە ئەنجامی رووداوەکانەوە پەیدا دەبێت. گەر پێویستیشیان بوو، شتێکی دی بسەلمێنن.

مێژوونووسان قسه و رای سێیەمیشیان هەیە. ئەویش ئەوەیە ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن مێژوونووسانی ڕۆشنبیر و، هەندێ جاریش ڕووداوەکان: کاریگەریی هەنگاوەگانی مێژووە گشتییەکانیان بە سەرەوەیە. نووسەران و خاتوونەکان خۆیان ڕووداوەکان بەرهەم دێنن. بەڵام ئەو مێژوونووسانەیش دیسان بە شێوازی جیاواز لەو هێزانە دەگەن. ئەو مێژوونووسانە لە کۆمەڵەی خۆپیشاندەرانەوە کە لەگەڵ هەر ڕووداوێکدا سەر هەڵدەدەن، هێمای چالاکیی فیکریی خۆیان هەڵدەهێنجن. ئاشکرای دەکەن کە ئەو چالاکییە هۆکاری هەموو شتێکە.

بە هەرحاڵ پاراستنی هەموو وتارەکان پەسەند بکەین. با ئەوەیشمان پەسەند بێت کە گەلان بە هێزێکی نەناسراو بەڕێوە دەبرێت: کە ناوی بیرۆکەکەیە. کێشەی بنەڕەتیی مێژوو بە چارە نەکراوی دەمێنێتەوە. دەتوانین فڵانە ڕووداو تێبگەین. بەو شێوەیەی کە ناپلیۆن لە سەر حوکمە. ئەو پەیوەندییەی کە هەیە لە نێوان هەموو ئەوانەی لە سەردەمێکدا دەژین، بە هیچ شێوەیەک گومانی پێ نابرێت.

بەم شێوەیە دەکرێت بڕێک پەیوەندی لە نێوان چالاکیی خەڵکە بیردۆزەکەدا و بزوتنەوەی مێژووییان بدۆزینەوە. هەر ڕێک وەکوو ئەو پەیوەندییە سەردەمیانەی نێوان بزوتنەوەی مرۆڤایەتی و بازرگانان و ئەو کار و پیشەوەران و خاوەن باخ و بێستانەکان و هەرشتێکی تردا هەیە.

بەڵام تا چەند، چالاکیی بڕێک پیاوانی بیرو فەلسەفە بەلای مێژوونووسانی ڕۆشنبیر ، وەکوو هۆیەک بۆ هەموو بزوتنەوەیەکی مێژوویی یان دەربڕین لەو بارەیەوە دەردەکەوێت ؟ ئەمە کارێکە تێگەیشتنی سەختە.

مێژوونووسان بەم چەند بنەمایە گەیشتوون:

١ ـ زانایان خۆیانن کە مێژوو دەنووسنەوە. کەواتە سروشتییە بەلای ئەوانەوە کە پێیان وابێت: چالاکیی ئەوانەی وەکو ئەون و، لە خۆیین، بزوتنەوەی مرۆڤایەتی دەبووژێننەوە.

٢ ـ بزوتنەوەی بیر و ژیری و ڕۆشنبیری و شارستانیەت و مەدەنیەت، ئەمانە هەموو زاراوەیەلێکی ڕووتن و گشتگیرن، بۆیە بە ئاسانی جێیان لە سایەی هەموو بیرو بۆچوونێکدا دەبێتەوە.

بەشی سێیەم
دەسەڵات چییە؟

مرۆڤ دەپرسێت: بزوتنەوەیە لە خۆیدا چییە؟ شەمەندەفەری پێچکەدار بۆ خۆی جوواڵەیە. ڕەنگە جوتیارێک وەاڵم بداتەوە: کە شەیتان پاڵنەرێتی! یەکێکی دی بڵێت: شەمەندەفەرەکە بەرەو پێش ڕێ دەکات، چونکە پێچکەکانی دەخولێنەوە. سێیەمیش لەسەر ئەوە سوورە، کە هۆی بزوتنەوەکەی لەو دووکەڵەدایە کە بایەکە بڵاوی دەکاتەوە.

ناتوانین بۆ جوتیاری یەکەم بسەلمێنین کە بە هەڵەدا چووە. کەواتە پێویست دەبێت هۆیەک بدۆزینەوە، تاکوو بڕوای پێ بێنین: کە شەیتان بوونی نییە. یان پێویستە جوتیارێکی دی تێی بگەیەنێت کە ئەوەی پاڵ بە شەمەندەفەرەکەوە دەنێت شەیتان نییە! بەڵکو ئەڵمانییەکە، ڕەنگە ئەم دژوارییە بۆ خۆی ببێتە هۆی ئەوەی کە بۆ هەردوکیان بسەلمێت کە کەوتوونەتە هەڵەوە. بەاڵم ئەوەی کە دەڵێت: جووڵەکە لە شەمەندەفەرەکە خۆیەوەیەتی، هەر خۆی دژ بە خۆی دەوەستێتەوە! بۆیە لەسەر شیکردنەوەی خۆی، سەرومڕ دەبێت. بێگومان تێیدا پێش دەکەوێت. شیکردنەوەیش بۆ هۆی بزوتنەوەی شەمەندەفەرەکە، کە ناکرێت لە لێکۆڵینەوە لە هۆیەکانی بوەستێت تا ئەو دەمەی دەگاتە دواترین هۆی بزوتنەوەی شەمەندەفەرەکە: کە فشاری هەڵمی ئەو ئاوەیە کە لە مەنجەڵەکەیدایە.

بەڵام ئەوەی کە وتبووی: هۆیەکەی ئەو دوکەڵەیە کە "با" بڵاوی دەکاتەوە. بە شیکردنەوە دەرکەوت بزوتنەوەی شەمەندەفەرەکە رازیکەر نەبووە، بۆیە گەڕاوەتەوە بۆ دیاردەی یەکەم و، بە سەر راستییەکەدا کەوتووە و کردوویەتی بە هۆی بزووتنەکە. تەنیا تێگەیشتنێک کە بتوانێت بزوتنەوەی شەمەندەفەرەکە روون بکاتەوە، ئەو تێگەیشتنەیە، کە هێزێکی هاوتا هەیە بۆ روودانی بزوتنەوەکە. دواتر تەنیا تێگەیشتنێک کە بتوانێت بزوتنەوەی گەلان روون بکاتەوە، ئەو تێگەیشتنەیە کە هێزی هاوتا هەبووە بۆ ئەو بزوتنەوەیە.

بەهەر حاڵ مێژوونووسە بۆچوون جیاوازەکان، لەوە دەگەن کە لەم تێگەیشتنە چەند هێزێکی دوور لە یەک دروست بکەن، کە بزوتنەوەکە تێیدا هاوتا نەبێت.

هەندێکیان وای دەبینێت کە هێزێکی لکاو هەیە بە پاڵەوانانەوە! هەروەکوو ئەو جوتیارەی کە لە پشت بزوتنەوەی شەمەندەفەرەکەوە شەیتان دەبینێت! بڕێکی تر هێزێک دەبینن کە بەرهەمی هێزێکی ترە! بۆ نموونە وەکو بزوتنەوەی شەمەندەفەرەکان.

بڕێکی تریش کاریگەریی بیرو هۆشی پێوە دەبینن. هەروەکوو ئەو دووکەڵەی بایەکە پەرش و بڵاوی دەکاتەوە. مادام مێژووی کەسایەتییە پەراوێزخراوەکان نەبێت ناینووسینەوە. ئەگەر قەیسەر خۆیشی بێت. یان ئەلکسەندەر بێت. یان لۆسەر و ڤۆڵتێر: ناتوانرێت شیکردنەوە بۆ بزوتنەوەکانی مرۆڤایەتی بکرێت بێ ئەوەی وێنای هێزێک بکرێت، کە زۆر لە مرۆڤ دەکات تاکو چالاکییان بۆ ئامانجێکی ناوکۆیی خۆیان ئاراستە بکەن.

مێژوونووسان هیچێک لەو واتایە نازانن کە تەنیا یەک هێز هەیە. ئەویش دەسەڵاتە ئەو تێگەیشتنە تەنیا چنگێکە کە رەشمەی بابەتی مێژوو رکێف دەکات. هەر ئەمەی کە ئێمە لە ئێستادا تێیگەیشتووین. تێکشکاندنی ئەو چنگ پێداکردنە، بێ ئەوەی ئامێری خۆیمان پێ بێت و، وەکو ئەوەی باکل کردی. ئەوە دەگەیەنێت کە دواپین توانا کۆڵینەوەمان لە مێژوو لە دەستداوە.

نووسەرانی کات و ساتە گشتی و مێژوویەکان خۆیان و مێژوونووسانی رۆشنبیر، بێ جیاوازی وای پێشان دەدەن: کە ئەم تێگەیشتنە رەت دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، لە هەر هەنگاوێک لە هەنگاوەکانی نووسینەوەکانیاندا، ناتوانن خۆیانی لێ دەربباز بکەن و پەنای بۆ دەبەن!

تا ئەمڕۆیش زانستی مێژوو هەر لە رەخنەکاریدا دەخولێتەوە. وەرگێڕانەکانی ژیان و مێژووی کات و ساتە کەسییەکان، وەکوو جۆرەکانی پارەی نەختینەن. دەچێتە بەکاربردنەوە و، زیان بە هیچ کەسێکی دی ناگەیەنێت. بەڵکوو شتێک لە سوودیشی دەبێت. چونکە کێشەیەک ناجوولێنن کە بە زێر زەرکەفت بکرێت. بەڵام هەر زوو ئەودەمەی بیر لە ئاسانیی دروستکردنی دەکەینەوە، گومان لە نرخی پارچە نەختینەکە

دەکەین! یان ئەو دەمەی زێڕی پێ دەکڕین. هەروایش گومان لە واتای راستەقینەی میژووی لەو جۆرە دەکەین. یان زۆر بە ئاسانی دەپرسین: ئەو هێزە چی بوو کاری کردە سەر ناپلیۆن؟ ئەو دەمەی کە دەمانەوێت بە های کاغەزێکی پارەی نەختینە بگۆڕین بە زێڕ. دانەرانی کات و ساتی میژووی گشتی و میژوونووسانی سەر بە رۆشنبیری ددان بەوەدا دەنێن کەسانێک هەن بڕیاریان داوە، دوای ئەوەی ئەو کاغەزە پارەی نەختینەیە کەڵکی نەماوە، پارەی نەختینەی مەعدەنی دەخەنە شوێنی. هەر بەو شێوەیەیش دانەرانی کات و سات و میژووە گشتییەکان نابنە زێڕێکی راستەقینە، تاکوو وەڵامی بنەڕەتیی ئەم پرسیارە میژووییە نەدەنەوە، کە: دەسەڵات چییە؟

ئەوان وەڵامیەلێکی دژ بە یەک دەدەنەوە، بۆ ئەم پرسیارە! لە کاتێکدا ئەو هاوڕێیانەمان کە رۆشنبیری دەخوێنن، لە بارەی شتانێکەوە دەدوێن کە زۆر لێکەوە جیاوازن. بەکارهێنانی بەرد لە شوێنی زێڕ، ناکرێت تەنیا لە نێوان ئەو کەسانەدا نەبێت زۆر بە ئاسوودەییەوە، ئەو کارە ویستیانە. یان ئەو کەسانەی نرخی زێڕ نازانن.

میژوونووسە گشتی و هەمەلایەنەکان نووسیویانە. میژوونووسە سەر بەرۆشنبیرەکان هەمان رۆڵا دەبینن. ئەمانیش وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتی نادەنەوە.

بەشی چوارەم
سەرچاوەی دەسەڵات

دوای ڕەتکردنەوەم بۆ باوەڕی کۆنینە و نەوی بوون لە بەرامبەر هێزی ئاسمانیدا. ڕکێف بوونی گەل بۆ یەک پیاوی هەڵبژێردراو. ئەو ویستەیش بۆ ڕکێف بوون بۆ هێزە ئاسمانیەکە. مەحاڵ دەبێت، مێژوو هەنگاوێکیش بچێتە پێش بێ ئەوەی خۆی بە دژوارەکاندا بکێشێت!

کاتێک یەکێک لەم دوانە هەڵبژێرێت، یان ئەوەتا بگەڕێتەوە بۆ باوەڕەکەی پێشوو، کە دەستێوەردانی هێزی ئاسمانە لە کێشە مرۆییەکاندا. یان ئەوەتا شیکردنەوەیەکی وردبۆ ئەو هێز و دەسەڵاتە بکرێت، کە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی لەبەرهەمهێنانی ڕووداوەکاندا هەیە و، پێی دەوترێت **دەسەڵات**.

گەڕانەوە بۆ یەکەمین پێداگریش سەختە و مەحاڵە، چونکە باوەڕیان لە ناو برد. بۆیە شیکردنەوەی دەسەڵات، بووە کارێکی پێویست. ناپلیۆن فەرمانی دەرکرد بە کۆکردنەوەی سوپا و، چوون بۆ شەڕ. لەگەڵ ئەم ڕێ و شوێنەدا تا مەودایەکی باش ڕاهاتبووین. بە شێوەیەک کە زانینی ئەم باسەی کە ئاخۆ بۆچی (٦٠٠٠٠٠) سەرباز دەردەچن بۆ شەڕ و، بە یەک وشەی ناپلیۆن کە هیچ مانایەکی نییە و وشەکەش ڕسوایە. لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشت و فەرمانەکانی جێبەجێ کرا؟

ئەم شیکردنەوە و لێکدانەوە کاتێک رازیمان دەکات پێمان وابێت ناپلیۆن هێزو توانای لەو هێزە ئاسمانیەوە وەرگرتووە. بەڵام رازی نابین ئەو دەمەی بڕواکردنی ئەم شێوەیە رەت دەکەینەوە. پاشان شیکردنەوە بۆ دیاریکردنی سروشتی ئەو دەسەڵاتە، دەبێتە کارێکی پێویست. کە تەنیا پیاوێک لە نێو پیاوانی تردا هەیەتی. ناکرێت ئەو دەسەڵاتە، بە دەسەڵاتێکی راستەوخۆو بە هۆی سەرکەوتنی دادوەرییەوە لە کەسێکی زاڵەوە بەسەر دروستبوویەکی لاوازەوە بسەپێت.

ئەوە سەرکەوتوویەکە پشت بە بەکارهێنانی هێزی دادگاییەوە دەبەستێت. یان ئەوەتا هەڕەشە دەکات بە بەکارهێنانی، هەر ئەوەیشە دەسەڵاتی **هەرقل** زاڵ دەکات و لەسەر زاڵیی رەوشت ناوەستێت. هەر وەکو وادەبینرا.

بە سادەیی و نەفامیی بڕێک لە مێژوونووسان، لەوانەی کە سوور بوون لەسەر ئەوەی دروستکەرانی مێژوو هەموو پاڵەوانن: واتە پیاوانێکن بە هۆی توانای رەوشتی و، بیروڕیریەوە دەگۆڕدرێن بۆ کەسانێک کە خۆیان وەکو **بلیمەت** پیشان دەدەن. ئەو دەسەڵاتە لەسەر باڵابوونی هێزو توانای رەوشت پەیدا نابێت. چونکە ئەگەر ئەو بلیمەتە و پاڵەوانەکانمان خستە لاوە، کە لە شێوەی ناپلیۆندان. بە شێوازی جیاواز حوکم بە سەر سیفاتی رەوشتیاندا دەدرێت.

مێژوو بۆمان دەسەلمێنێت کە کەسانی وەکوو لویسی چواردە و مەتەرنیخ. ئەمانە کە بە ملیۆنان خەڵکیان جوولە پێ دەکرد. بە دروستی خاوەنی هێزو توانا و رەوشتی باش نەبوون. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، جەماوەرە شوێنکەوتووەکانیان لە خۆیان بە رەوشتتر بوون. ئەوانە رەوشتیان لە رەوشتی ئەو جەماوەرە نزمتر بوو کە حوکمیان دەکردن. هەر بۆیەیش بە وەرگرتنی **دەسەلات**، ئیدی لە جەماوەرەکەیان دادەبڕان. بەڵام ئەو دوانە بۆ مێژوو و دەوڵەت و دەسەڵات بەپێچەوانەوەن.

بە سانایی دوو دیاردەن، هەر وەکوو ئەوەی ئاگرەکە. گەر بەوەی کە فیزیا بێت: بۆ خۆی ئەوە مادەیەک نییە! بەڵکوو دیاردەیە لەم جیاوازییە بنەڕەتییە لە تیلەی چاودا بۆ مێژوو بۆ مافەکان، زانستی مافەکان دەتوانێت چۆن ویستی بدوێت لەبارەی ئەو شێوازەی کە پێویستە بگێڕدرێتەوە بەر لەرێکخستنی دەسەڵاتتداو لە سروشتی ئەو دەسەڵاتەدا. کەوا دانراوە لە دەرەوەی کاتو ئەو سەردەمەیە! بەڵام ئەمەیش دەستەوسانە لە ئاستی وەڵامی ئەو پرسیارانەدا کە مێژوو دەیانبزوێنێت! لەبارەی واتای دەسەڵاتێکەوە کە کاتو زەمان شێوەکانی ئاڵوگۆڕ پێدەکات، ناوەستێت.

دەسەڵات ئەو کۆمەڵە ویستەیە، کە جەماوەر دەیبەخشێت بە کەسێک کە خۆی هەڵیبژاردووە. جا ئەگەر ئەو دەسەڵاتە، جەماوەر بەخشیبێتی بە خاوەن حوکم، ئاخۆ بەم بۆچوونە بۆگاتشیف نوێنەری ویستەکانی جەماوەر بوو؟ ئەگەر وا نەبووایە، بۆچی ناپلیۆن ئەو نوێنەرە بوو، تاکو چەند ناپلیۆنی سێیەم کە لە پۆلۆن دەستبەسەر کرا، تاوانبار بوو؟

ئاخۆ چەند تاوانبار دوای ئەوان بە فەرمانی ئەو دەستبەسەر کراون؟ لە شۆڕشەکانی دەرباری دەسەلاتدا، کە دوو یا سێ کەس پێی هەڵدەستان. ئاخۆ ویستی گەل دیسانەوە، بە هەڵبژاردەیەکی نوێ دادەنرا؟ لە کێشە نێودەوڵەتیەکاندا، ویستی جەماوەریی گەلێک، پێشکەش بە یەکێک دەکرا کە ئەو گەلەی داگیر کردبوو؟

لە ساڵی (١٨٠٨)دا ئاخۆ ویست و ئیرادەی کۆمەڵەی ئایین: بە ناپلیۆن بەخشرا؟ ئاخۆ لە ساڵی (١٨٠٩)یشدا ویست و ئیرادەی گەلی ڕووسیی، درابووە دەستی ئەو سەرکردەیە؟ لە کاتێکدا کەوا سوپا هاوپەیمانەکەمان لەگەڵ فەڕەنسا بۆ کوشت و بڕی نەمسا دەچوو؟ بە سێ ڕێگا دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە:

١ ـ یان ئەوەتا پەسەندی دەکەین، کە ویست و ئیرادەی جەماوەر، بێ هیچ مەرجێک بەرەو ڕووی ئەو کەسە دەکرێتەوە، کە ئێمە دیاریمان کردووە. دواتر هەموو دەست تێوەردانێکی دەسەلاتی نوێ، دەبێت وا دابنرێت کە ئەوانە دوژمنایەتین دژی دەسەلاتی ڕاستەقینە.

٢ـ یان پێویستە ئەوەمان پەسەند بێت کە ئیرادە و ویستی جەماوەر، بە چەند مەرجێکی دیاریکراو دەبەخشرێت بە حاکمان. لەم بارەدا هەموو دووبارەکی، یان کاولکردنی ئەو دەسەلاتە، لە ئەوەوە پەیدا دەبێت کە حاکمان ئەو مەرجانەیان پێشێل کردووە، کە بۆ پێدانی دەسەلات بە سەریاندا سەپێنراوە.

٣ـ یان پێویستە ئەوەمان پەسەند بێت، کە ویست و ئیرادەی جەماوەر دەبەخشرێت بە حاکمان، بەڵام بە چەند مەرجێک و لە نێو پەیماننامەدا دەنوسرێت، دەستێوەردانی دەسەلاتەکانی تر و، بەگژاچوونەوە و، داڕوخان لە زێدەڕەوی، یان کەمتەرخەمی حاکمانەوە پەیدا دەبێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەرجانەی، کە جەماوەر لە کاتی ڕادەستکردنی دەسەلاتدا سەپاندوویەتی بەسەر حاکماندا.

مێژوونووسان پەیوەندیی جەماوەر بە حاکمەکانیانەوە، بەم سێ ڕەهەندە شی دەکەنەوە. ئەو مێژوونووسانەیشی کە لەبەر سادەیی و گێلیی خۆیان، تێناگەن ئەوە کێشەی دەسەلاتە، کە ئەوانی بەو لاڕێیەدا بردووە. لەوە دەچێت ئەمانە هەر ئەوانە بن کە پەسەندیانە ئیرادە و ویستی گەلان بە بێ هیچ مەرجێک ڕادەستی چەند کەسێک دەکرێت! بەڵام کە ئەمە بە سەر واقعیدا سەدە و سەردەمانێک دەچەسپێنرێت: کە ژیانی گەلان ئاڵۆز دەبێت و، چەندین دەسەلاتی جیاواز دێنە گۆڕێ و بە گژ ئەو دەسەلاتەدا دەچنەوە. ئەمەیش دەبێتە شتێکی خراپ و زیان بەخش!

بەڵام جۆرێکی تری مێژوونووسان ددان بەم هەڵەیەدا دەنێن و، وا دەڵێن کە دەسەلات پشت بە وەرگرتنی ویست و ئیرادەی جەماوەر دەبەستێت و، بە مەرج دەسەلات وەردەگرێت. بەو شێوەیە هیچ کەسایەتییەکی مێژوویی تەواوی دەسەلات وەرناگرێت.

تەنیا بەو گوێرەیە دەسەلاتی دەبێت، ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکات کەوا جەماوەر بۆی داناوە. بەڵام ئەو مێژوونووسانە ئەوە نـاڵێن کە ئەو بەرنامەیە لە بارەی چییەوەیە. ئەگەر قسەیشیان کرد، یەکتری بە درۆ دەخەنەوە.

بڕێکی فرە لە مێژوونووسان هاوڕای ئەم بەرنامەیەن. کە گوایە مەبەست لە بزوتنەوەی گەلێک: شێوەیەکە لە مەزن کردنی گەل و سامان و ئازادی و ڕۆشنبیر کردنی هاوڵاتیان لە فەرەنسا و، هەر دەوڵەتێکی تردا.

بەڵام ئەگەر چاو بپۆشین لەو دژواریانەی کە مێژوونووسان تێی دەکەون. لە سروشتی ئەو بەرنامەیە، ئەوە ویستەکانی گەل بە مەرج ڕادەستی سەرکردە بکرێت و پەسەند کردنی بەرنامەیەکی هاوبەش هەبێت لە نێوان هەموویاندا.

ڕووداوە مێژووییەکان لەگەڵ بیردۆزە مێژووییەکاندا دژوار دەبن، ئەگەر مەرجەکان ڕێ بە دەسەلات بدات، لە بارەی سامان و ئازادی و پەرەگرتنی گەلەوە دەستێوەردان بکات. ئاخۆ حوکمدان بەسەر کەسانێکی وەکوو لویسی چواردە و، شارلی یەکەم، چـۆن بێت؟

مێژوونووسـان وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەدەنـەوە کـە ئـەنجامی کردەوەکـانی لویسـی چواردە، بەوەی پشتی لەو بـەرنامەیە کردبوو، کەوتووەتە سەرشانی لویسی شازدە. بەڵام ئەی بۆ نەکەوتە سەر شـانی لویسی چواردە خۆی، یـان لویسی پازدە؟ بۆچی هـەر ڕێک لەسەر لویسی شازدە کەوت؟ وەڵام بۆ ئەم پرسیارانە نین! چونکە لە شیکردنەوەکەدا بە هەڵە دەچن و، لە دیاری کردنی هۆیەکەیدا، بـە هەڵەدا دەچن. ئیدی دەسـەلات بۆ چەندین سەدە لە دەستی حاکمەکاندا دەمێنێتەوە. دواتر لە ناکاو دەگوێزرێتەوە و، لـە مـاوەی پـەنجا سالدا، دەکەوێتە دەست "کۆمەڵەی دامەزراوەکان" و "حکومـەتی کاربـەڕێکردن" و نـاپلیۆن و ئەلکسـەندەر و، لویسـی هەژدەیـەم و، شـارلی دەیـەم و، لـویس فیلیپ و کۆمـاری ١٨٤٨ و، نـاپلیۆنی سـێیەم. بـەم شـێوەیە زۆربـەی ڕووداوە مێژووییـەکان هـەر لـە شـەڕە ناوخۆییەکانەوە و، شۆڕشەکان و داگیرکارییەکان، بەو شێوەیە دەبێت و لێر بە دواوە، لای مێژوونووسان وا نەماوە، کە ڕووداوەکان ئەنجامی ڕادەستی ویست و ئیرادەی ئازاد بێت. بەڵکو بۆ ڕێکەوتێک دەگەڕایەوە کە دەمێک بە هۆی هەڵخەڵەتاندنەوە بوو و، دەمێکیش بە هۆی هەڵە یەڵێکەوە. یان بە هۆی لاوازیی دیبلۆماتییەوە. یان پاشاکە خۆیەوە. یـان لاوازیـی سەرۆک حیزبەوە.

بەم شێوەیە زۆربەی ڕووداوە مێژووییەکان هەر لە شەڕی ناوخۆوە و شۆڕشەکانەوە، تا داگیرکارییەکان، وا دەکەوتنەوە.

لێرە بە دواوە لای ئەو مێژوونووسانە حوکم و دەسـەلات، ئـەنجامی بەرهـەمی ویستی ئازاد نەبوو. بەڵکوو بەرهەمی بەڕێوە بردنێکی ئاراستە هەڵە بووە و لە لایـەن کەسێک یـان

چەند کەسێکەوە، بەڕێوە چووە.

ئەو مێژوونووسانە هەروەکوو ئەو زانای ڕووەکەن، کە چەند ڕووەکێکی بینیوە بەرەکەی لە دوو لەت پێک هاتووە، ئیدی بڕیاری داوە، کە هەموو ڕووەکەکان بە دوو لەت دەڕوێن و گەورە دەبن. تەنانەت دارخورما و داربەڕوویش هەروایە. ئەوانەیش کە بە دوو کەرتی نابن و گەورە نابن، ڕیزپەڕ و جیاوازن.

لەو بارەدا ئەو هێزەی کە گەلێک دەجوڵێنێت، نە لە کەسێتی مێژوویدایە و، نە هیچ. بەڵکوو لەگەڵ خۆیدایە. کەوابوو واتای کەسێتی چی دەگەیەنێت؟

مێژوونووسان دەڵێن: ئەوان دەربڕی ویستی جەماوەرن. چالاکیشیان بە سوودە لە نوێنەرایەتیی کردنی جەماوەردا.

بەڵام پرسیارێکی نوێ سەرهەڵ دەدا:

"ئاخۆ کردەوەکانی کەسایەتییە مێژووییەکان، دەربڕی ویستی گەلانن؟ یان دەربڕی ویستی خۆیانن؟ ئەگەر هەموو کردەوەکانی کەسایەتییە مێژووییەکان دەربڕی ویستی جەماوەر بوونایە ـ وەکو بڕێک وا بۆی دەچن ـ کەوابوو ڕەوشی ناپلیۆن و، کاترینی دووەم، بە هەموو بەردەوامییەکەوە هەر لە پڕوپاگەندەی دەرباری شاهانەوە، تا زۆربڵێییەکانیان نموونەی ژیانی گەلانن، ئەمەیش بۆخۆی، درۆیەکی ڕوون و ئاشکرایە.

بەرامبەر بەم سەختییە، مێژوونووسان گوتەی سێیەم هاتووە بەخەیاڵیاندا. دەتوانین گەورەترین ڕووداوانێک و، زۆرترینیان بخەینە ژێر باڵی ئەوانەوەی، کە دەڵێن: ئەو نوێ کردنەوانەی کە زۆر بەربڵاون و، نزیکەی لەلای هەموو مێژوونووسان پەسەندە ئەمەیە:

ئازادی، یەکسانی، پەرەگرتن، پێشکەوتن، شارستانیەت، ڕۆشنبیری."

پاشان بەلای ئەو کەسایەتیانەدا لا دەکاتەوە، کە زۆرترین بیرەوەرییان لە دوا جێماوە. هەر لە: پاشایان و وەزیران و، ژەنەڕالان و، نووسەران و چاکەخوازان، پاپاکانەوە، تاکوو ڕۆژنامەوانان.

بۆ هەر هەنگاوێک مێژوو سەلماندنێکمان پێشکەش دەکات. ئاخۆ هەڵچوونی گەلانی ڕۆژئاوا لە کۆتایی سەدەی دواییدا و، تەماعکارییان کە ئاراستەی ڕۆژهەڵات کراوە. واشی دەکرێتەوە کە چالاکیی لویسی چواردە و لویسی پازدە و، لویسی شازدە و دۆستە کچەکانیان بووە و، وەزیرەکانیان؟ یان بە ژیانی ناپلیۆن، ڕۆسۆ، دیدرۆ، بۆ ماریشە و ئەوانی تر؟

ئاخۆ ڕەوەکانی سەردەمی شەڕەکانی خاچ و، پەلامارەکانیان بەرەو ڕۆژهەڵات، بە هۆی تمووحی گودمروا دی بۆبۆن و قدیس لویس و ژنەکانیانەوە ببەستێتەوە؟ ئەو بزوتنەوەیەی کە جەماوەر پێی هەستا و لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات بوو. بێ ئامانجێکی ڕوون و دیاری کراو و، بێ سەرکردەی گەلێکی لێهاتوو بوو؟ ئەوانە جەردەیەلێکی پێ

خاوس بوون و، لەگەڵ پەترۆسی "خۆگرەوە ـ زاهد" بوون و تا ئێستایش، ئێمە هەستی پێ ناکەین.

دوای ئەوەی بیانوو درا بە مەزنەکانی ئەو سەردەمە کە ئامانجێکی ژیرانەو پیرۆز بوو، بۆ بەرپا کردنی شەڕی خاچ پەرستان. ئەویش رزگار کردنی ئۆرشەلیم بوو. ئیدی پاپاکان و، پاشایان و، سوارەکان گەلانیان هان دەدا، بۆ رزگار کردنی شوێنە پیرۆزەکان.

مێژوو ژیانی گۆدفروا و شاعیران لەخۆیاندا تۆمار دەکات. بەلام مێژووی ژیانی گەلان و پاڵنەرەکانیان لە تەم و مژدا دەهێڵێتەوە! بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا مێژووی شارستانییەت پاڵنەری هەر نووسەرێک، یان چاکە خوازێک و مەرجەکانی ژیانی و بیروڕاکانیمان بۆ شی دەکاتەوە.

ئەگەر هەردوو جۆرەکەی مێژوو کۆ بکەینەوە و، لێکی بدەین، وەکو ئەوەی مێژوونووسانی کۆن کردوویانە. لە مێژووی پاشایان و، نووسەران و شاعیران بەولاوە هیچی ترمان دەست ناکەوێت.

بەشی پێنجەم
گەلان و کەسایەتییەکان

ژیانی گەلان لە نێو ژیانی کەسایەتییە بالا و میژوویەکانیاندا نییە. چونکە هیچ پەیوەندییەک نادۆزینەوە، لە نێوان ژیانی ئەو کەسایەتیانە و گەلەکانیاندا! شتێک نەماوە بەو گەلانەی خۆیانەوە ببەستێتەوە. ئەو بیردۆزەیش بوونی نییە کە دەڵێت: ویست و ئیرادەی جەماوەر لە کەسێتییەکی دیاریکراودا کۆدەبێتەوە.

هەر کە بزوتنەوە، یان جەنگ، یان شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد، ئیدی ئەم بیردۆزە دەستەوەستان دەبێت لە ئاستی شیکردنەوەی هەموو شتەکانیدا. ئەو وەڵامانەی ئەم بیردۆزە دەیداتەوە لە کێشەکانی میژوودا، هەر وەکوو وەڵامی کەسێک دەکەوێتەوە، کە رانە مەڕێکی بە دەم رێوە بینیبێت! ئیدی گوێ بەو خواردنەی ئەو ڕانە مەڕە نەدراوە، کە لە شوێنی لەوەڕەکاندا خواردوویەتی. گوێ بە چالاکیی شوانەکە خۆیشی نەدراوە. ئاگای لەوەش نەبووە کە ڕانەکە بەرەو کوێ دەڕوات. تەنیا سەیری ئەو ئاژەڵەی پێشەوەی ڕانەمەڕەکەی کردووە. واتە تەنیا هەر پێشەنگی ڕانەمەڕەکەی بینیوە. ڕانە مەڕەکەیش بەو ئاراستەیە دەڕوات کە ئاژەڵی پێشەنگ گرتوویەتییە بەر. چونکە ویست و ئیرادەی ڕانە مەڕەکە، دراوە بەو مەڕی پێشەنگە.

کە ڕانەمەڕەکە بەو ئاراستەیەدا دەڕوات، لەبەر ئەوەیە پێشەنگی ڕانەمەڕەکە، بەو ئاراستەیەدا دەڕوات. چونکە هەموو مەڕەکان ویست و خواستی خۆیان داوەتە ئەو مەڕە پێشەنگە سەرکردەیە.

بەم شێوەیە میژوونووسان، لە گوتەی یەکەم خۆشدەبن و وەلاوەی دەنێن. قسەی ئەوانەی کە ئاڵوگۆڕ کردنی دەسەلاتی بێ مەرجیان بۆ دەسەلاتداران بەلاوە پەسەندە.

کـه مـەڕی پێشـەنگی ڕانەکـه ئاراسـتەی ڕۆیشـتنەکەی خـۆی گـۆڕی، ئـەوا هـەموو ڕانەمەڕەکـەی دوای خـۆی ئاراستەیان گـۆڕوه و، ویسـت و ئـارەزووی خۆیـان گۆڕیـوه. چونکـه کـۆی ویسـتی ڕانـەکه لـه سـەرکردەیەکەوه، بـۆ سـەرکردەیەکی تـر دەگۆڕدرێت. ڕەوەکەیشیان بە گوێرەی توانـای سەرکردەکەیانە، لە بەرەو باشتر یـان خراپتر، چوونیان لەو ڕۆیشتنەیاندا.

ئەگەر ئاژەڵە پێشەنگەکانی ڕانەکە، بە بەردەوامی لە گۆڕاندا بوون و ئـاراستەیشیان لـه گۆڕاندا بوو: ئەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئاژەڵەکان بەو ئاراستەیەدا بـڕۆن کـه لای خـۆمان ناسراوە. ئیرادە و ویستیان دەخەنە دەستی کەسێکەوە کە خۆیان لە نێو زۆرێکدا هەڵیان بژاردوون.

لەو حاڵەدا لە سەریانە ڕێ و شوێنێک پەیدا بکەن، کە شـارەزای ئەو ئاراستەیە بێت. ئەویش دەبێت ڕێ و شوێنەکە لە لایەن ئەو کەسانەوە بێت، کە جاروبار پێشـەنگی ڕانەکە و هەندێک جـار بـە دوای ڕانەکـەوە دەڕۆن. نـەوەکوو لەوانـەی کـە پێشـەنگی ڕانەمەڕەکـه بوون.

مێژوونووسان بەم شێوەیە دەدوێن، کە ئەوان وا لە کەسایەتییە مێژووییەکان دەڕوانن، ئیدی هـەر لـە پاشـایانەوە تـاکوو ڕۆژنامـەوانان و، ئەوانەیشـی دەربـڕ و نمایندەی کـات و سەردەمی خۆیانن.

بیردۆزی بەندبوونی ویستی جـەماوەر بـە کەسـێتیی مێژووییـەوە، جوینـەوەی هـەمان بۆچوونن و تەنیا لە وشەکاندا جیاوازن.

هۆیەکانی ڕووداوە مێژووییەکان چین؟ دەسـەڵاتە... ئەی دەسـەڵات چییـە؟ کـۆی ویسـتی جـەماوەرە و بـۆ کەسـێک گواسـتراوەتەوە و، بـە تـەنیا کەسـێک دراوە. بـە کـام کۆمەڵـە مـەرجێک ئـەو گواستنەوەیە دەکرێت؟ بـە مـەرجێک کەسـی هـەڵبژێردراو دەربـڕی ویسـتی هـەموان بێـت. بـە واتایـەکی دی، دەسـەڵات... دەسـەڵاتە! دەسـەڵات زاراوەیەکـە واتاکـەی تێناگەین. بە چ مـەرجێک ئـەو ویست و خواستانەی کۆمـەڵا ڕادەسـتی سـەرکردە دەکرێت؟ بـەو مەرجـەی ئامـانجی کەسـی هـەڵبژێردراو، هـەر ئـەو ئامانجـە بێت، کـە کۆمـەڵا دیـاریی کردووە.

ئەگەر گۆڕەپانی زانستی مرۆڤ، تـەنیا لـە هـزردا بوایـە، ئـەوا مرۆڤایـەتی دوای ئـەوەی دەکەوتـە ژێـر رکێفـی ڕەخنـەی جیهانـەوە، دەگەیشـتە ئـەم ئەنجامـە. کـە ئـەویش ئەمەیـە: "دەسـەڵات زاراوەیـەکی ڕووتـە و، لـە ڕاسـتیدا هـەر بوونیشـی بـۆ نییـە. بـەڵام مـرۆڤ بـۆ تێگەشتن لە دیاردەکان بێ لە بیرو ژیریی ڕووت، شتی تری هەیە. ئەویش تاقیکردنەوەکانە، کە بە هۆیەوە دادوەرانە چاودێریی دەکات. تاقیکردنەوە سەلماندوویەتی کە دەسـەڵات هـەر وشـە و زاراوەیـەک نییـە، بـەڵکوو ڕاستییەکی حاشـاهەڵنەگرە. ئەگـەر وەسـفێک نـەبوو بـۆ چالاکیی کۆمەڵی مرۆڤ و، مرۆڤمـان خسـتە لاوە، دەتـوانین پێناسـەی دەسـەڵاتمان نـەوێت.

ئاخر میژووی رووداوەکان، بوونی دەسەلات دەسەلمێنێت.

هەر کە رووداوێک رووددات، کەسێک یان چەند کەسێک دەبینین تێیدا دەردەکەون، کە بە هۆی چاکەکاریی ئەوانەوە و، ویست و ئیرادەیانەوە، رووداوەکە کۆنترۆڵ کراوە. ناپلیۆنی سێیەم فەرمان دەردەکات و، فەرمانبەرەکان بەرەو مەکسیک دەبنەوە. پاشای رووسیا و بسمارک فەرمانەکانیان دەردەکەن و، سوپاکانیان بەرەو بۆهیمیا دەبنەوە. ئەلکسەندەری یەکەم فەرمان دەردەکات و، فەرمانبەرەکان ژێر رکێفی بۆربۆنیەکان دەکەون. تاقیکردنەوە و ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە رووداوێک، ویستی کەسێک یان زیاتری لە پشتەوە بووە و، هەر ئەوانیش فەرمانیان داوە، بە بەرپا بوونی ئەو رووداوانە.

میژوونووسان ویستویانە، بە هۆی ئەوەوە کە لە کۆنەوە لە سەری راهاتوون، بڵێن کەوا خوا دەست لە کێشەکانی جیهان وەر دەدات. هەر رووداوێکیش یەکێک دەبێتە هۆی، کە دەسەلات بەدەستە. ئەم ئەنجامەی ئەوان پێی گەیشتوون نە دادوەریی ژیری و نە تاقیکردنەوەی کردەیی سەلماندوویەتی. لە لایەکی ترەوە، دادوەریەکان سەماندوویانە، کە دەر بڕینی ویستی مرۆڤ ـ واتا قسەکانی ـ بۆ خۆی بەشێکە لە چالاکییە گشتییەکە، لە هەر رووداوێکدا. بە وێنەی شەڕێک، یان شۆڕشێک.

ئەگەر بڕوا نەهێنین بە بوونی هێزێکی نادیاری سەرووی سروشتەوە، واتا بوونی موعجیزەیەک، ئەوا مەحاڵە تەنیا بە وشەیەلێک ملیۆنانی مرۆڤ جووڵە پێ بکرێت!! لەلایەکی ترەوە میژوو سەلماندوویەتی. هەتا ئەمەیشمان پەسەند بێت. دەربڕینی ویستی کەسایەتییە میژووییەکان لەزۆر باردا، ناگاتە هیچ ئەنجامێک. واتا نەک فەرمانەکانیان جێ بەجێ ناکرێت، بەڵکو پێچەوانەی ئەوە روو دەدات: کە ئەوان فەرمانیان پێ داوە.

ئەگەر بڕوامان بە دەستێوەردانی خوا نەبێت لە کێشە مرۆییەکاندا. کەوابوو ناتوانین وا لە دەسەلات بڕوانین کە هۆی رووداوەکان بێت.

لە گۆشەنیگای ئەزموونەوە: دەسەلات لە پەیوەندیی شوێنکەوتووان بۆ ویستی کەسێک بەولاوە هیچی تر نییە!

لەسەرمانە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان فەرمانەکان و رووداوەکان دەری بخەین:

١ــ مەرجی پێویستە بۆ هەموو ئەوشتانەی روو دەدەن، پەیوەستە بوونی بزووتنەوەکەیە بە کات و سەردەمەوە، لەگەڵ رووداوەکان و فەرمانە تاکە کەسییەکان.

٢ ـ مەرجی پێویست بوونی پەیوەندیی نێوان ئەو کەسەی کە فەرمان دەردەکات و، ئەوانەی کەجێبەجێی دەکەن.

بەشی شەشەم
سەرکردایەتی و جێبەجێ کردن

ویستی خوداوەندی، جیا لە کات و زەمانە، هەر خۆی بە تەنیا دەتوانێت کار بکاتە سەر زنجیرە رووداوێک، کە هەر دەبێت لە چەند ساڵێک یان چەند سەدەیەکدا روو بدات. هێزی خواوەندی هەر بۆ خۆی بە ویستی بێ مەرجانەی خۆی، ئاراستەی رەوی مرۆڤەکان دیاری دەکات. بەڵام مرۆڤ لەو کاتەدا، پێچەوانەی ئەمە کار دەکات و، بۆ خۆی بەشداریی رووداوەکان دەکات.

بۆ نموونە کە دەڵێین: ناپلیۆن سوپاکەی نارد بۆ شەڕ. ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ یەک شت. لە ساتێکی دیاریکراودا، زنجیرەیەک لە فەرمانی یەک لە دوای یەک و پێکەوە گرێدراو دێتە گوتن. ناپلیۆن نەیدەتوانی فەرمان بدات هێرش بکرێتە سەر رووسیا. هەرگیز ئەوەیشی نەکردووە. رۆژێکیان فەرمانی داوە ئەو کاغەزانە، یان ئەمەیان، بنێردرێت بۆ ڤییەنا و بەرلین و پیترزبۆرگ. دوا بە دوای ئەو ڕێ و شوێنانە، ئەو زانیارییانە بنێردرێت بۆ سوپا و، هێزەکانی دەریا و، بنکەی بەڕێوەبردن و... هتد. کەواتە ئەو ناپلیۆنە: ئەو کاتەی سەرکردایەتیی سوپای فەڕەنسای کردووە بەرەو وڵاتی رووسیا، بە هەزاران فەرمانی لەبارەی ئەو زنجیرە رووداوانەوە دەرکردووە، تا گەیشتووەتە ئەوەی سوپاکەی بەرەو رووسیا بڕوات.

ناپلیۆن بە دریژایی حوکمڕانی خۆی، کۆڵی نەدا لە دەرکردنی فەرمانەکان بۆ هێرش کردنە سەر ئینگلتەرە. لەو پێناوەیشدا لە هەموو پرۆژەکانی تری خۆی، زیاتر خۆی بۆ ماندوو کرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا یەک جاریش تاقی نەکردەوە، بزانێت ئاخۆ پرۆژەکەی سەری گرتووە؟ بەڵکوو تەواو سەرقاڵی هێرشەکەی بوو بۆ سەر ڕووسیا. هەر وەکوو خۆیشی وتبووی: پاشگەزبوونەوەی لەو هێرشەی بۆ سەر ئینگلتەرە و، لە کاتی خۆیدا: سوودێکی زۆریشی هەبووە بۆی. هۆی ئەو پەلامارنەدانەیش ئەوەبووە کە فەرمانەکانی یەکەمجاری لەگەڵ زنجیرەی ڕووداوەکان نەگونجاو بووە.

ناتوانرێت فەرمانێک بخرێتە واری جێبەجێ کردنەوە، گەر بە شێوەیەک نەبێت لە توانادا بێت جێبەجێ بکرێت.

بۆ زانینی ئەوەی چ فەرمانێک توانای جێبەجێ بوونی هەیە و، کامە توانای جێبەجێ بوونی نییە؟ مەحاڵە ئەمە بزانرێت! نەک هەر بۆ هێرشەکەی ناپلیۆن بۆ سەر ڕووسیا، کە ملیۆنەها مرۆڤی جووڵە پێ کرد. بەڵکو بۆ سادەترین ڕووداویش هەر وایە. چونکە ڕێی تێدەچێت لەگەڵ جێبەجێ کردنی هەر فەرمانێکەدا ملیۆنەها کۆسپ و تەگەرەی ڕووبەڕوو ببێتەوە.

ئێمە وای دەبینین لە بەرامبەر ئەو فەرمانانەدا کە جێبەجێ بوون، چەندین فەرمانی تر جێبەجێ نەبوون. ئەو فەرمانە مەحاڵانە پەیوەندییان بە ڕووداوەکانەوە نەبووە و، تەنیا ئەوە بووە کە نەتوانراوە جێبەجێ بکرێن.

ئێمە دەڵێین: ناپلیۆن ویستی پەلاماری ڕووسیا بدات و، ویستەکەی جێبەجێ کرد. لە ڕاستیدا لە هیچ شوێنێکی چالاکییەکانیاندا، شتێکمان نەدی ئەو ویستەی تێدابێت. ئێمە تەنیا زنجیرە فەرمانێکمان بینیوە، کە ویستی ئەوی دەربڕیوە. ئەویش بە شێوەیەکی تەم و مژاوی. بەم شێوەیە، کە بە بایەخەوە و لە زەمەنێکی دیاریکراودا، پەیوەندی نێوان فەرمانەکە و ڕووداوەکە، دەبینین کە فەرمانەکە بە هیچ شێوەیەک هۆی دروستبوونی ڕووداوەکە نەبووە. تەنیا پەیوەندییەکی سنووردار لە نێوانیاندا بووە.

تاکو کاکڵەی ئەو پەیوەندییە تێبگەین، لە سەرمانە لە مەرجی دووەم کە تا ئێستا لێی بێدەنگ بووین، بکۆڵینەوە. کە لەلایەن خواوەندەوە نەبووە، بەڵکوو لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە دەرچووە. ئەویش ئەوەیە مرۆڤ خۆی فەرمانەکە دەردەکات و، خۆیشی بەشدارە لە دروستکردنی ڕووداوەکەدا. ئەو پەیوەندییەی لە نێوان فەرماندەرەکە و جێبەجێکەرانیدایە، پێی دەوترێت: دەسەڵات. ئەو پەیوەندییەیش بەم شێوەیەیە: تاکوو مرۆڤەکان پێکەوە کار بکەن، دەبێت کۆمەڵا پێکەوە بن. پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان لە بەشداریکردنیان لە کارێکدا دەبێت. ئەو کۆمەڵانە ئەم پەیوەندیانە هەمیشە پێکیانەوە دەبەستێت: زۆرترین ژمارەی کەسەکان گەورەترین پشکیان دەبێت. کەمینەیشیان کەمترین پشکی بەردەکەوێت

لەو کارە هەرەوەزییەی کە لەپێناویدا یەکیان گرتووە.

لەو گردبوونەوەیەدا بۆ کارێکی هاوبەش، سوپایەک پێک دێت، کە شێوەیەکی ڕوون و دیاریکراو بە دەستەوە دەدات.

لەسەرەتادا سوپا لە خوارترینی کەسانەوە پێک دەهێنرێت. سەربازان زۆرترینی ئەو سوپایەیان پێک هێناوە. سەربازان پاشان عەریفەکان و ئەفسەران. بەڵام ئەمانەیان ژمارەیان کەمترە لەوانی تر. تا دەگاتە سەر کردایەتیی باڵا، کە یەک کەسە. دەکرێت سوپا بە قووچەکێک بچوێنرێت و، سەربازان بنکە فراوانەکەی پێک دێنن. تا بەرەو لوتکەکەی بڕۆین چێوەکەی تەنگ دەبێتەوە و، سەرکردایەتیی گشتی لە لوتکەیدایە.

سەربازان کە بەشی هەرە زۆرینەن، بنکەی قوچەکەکە پێک دێنن، ئەو سەربازانەن کە لێ دەدرێن و قەمەیان پێدا دەکرێت و، دەسووتێنرێن و ڕووت دەکرێنەوە. هەر سەربازانیشن کە فەرمان لە کەسانی سەرووترەوە وەردەگرن. بەڵام خۆیان بۆیان نییە فەرمان دەربکەن.

ئەفسەران کە ژمارەیان لە سەربازان کەمترە، بە هەمان کاری ئەوان هەڵناسن. بەڵام بەشێکی کەمی فەرمان دەردەکەن. ژەنەرالانیش سەرکردایەتیی ڕەوی چەکداران دەکەن، بۆ ئامانجێک کە بۆیان دیاری کراوە. لەگەڵ ئەمەیشدا ڕەنگە دەستیشیان بەر چەک هەر نەکەوێت. بەڵام سەرکردایەتیی گشتی فەرمان دەردەکات بە جووڵەی قەبارەی سوپا و، ڕێکخستنی ئەو قەبارەیە و جووڵەکەی.

بەم شێوەیە تا لە خوارەوەی قووچەکەکە دەگاتە سەرەوە و تەنیا یەک کەسایەتی، کە ئەویش ئاراستەکەر و ڕێبەرە. هەرچەندە کەمترین چالاکیی هەیە لە کاری هاوبەشی قووچەکەکەدا، بەڵام چالاکیی بەرامبەر سەرکردایەتی لە هەموویان فرەترە. بەو پەیوەندییەی لە نێوان ئەو کەسەی سەرکردایەتی دەکات و، ئەوانەی ژێر ڕکێفی سەر کردایەتییەکە دەکەون، دەوترێت... دەسەڵات.

دوای کۆڵینەوە لەو مەرجەی کە دەبێت پەیوەندی هەبێت لە نێوان ئەوەی فەرمان دەردەکات و، ئەوانەی کە جێبەجێی دەکەن. بۆمان دەرکەوت کە ئەوەی فەرمانەکە دەردەکات، کەمترین بەشداریی دەبێت لە ڕووداوەکاندا. ئەوان چالاکییان لەگەڵ سەرکردایەتییەکاندا دەبێت و هیچی تر.

بەشی حەوتەم
رووپۆشی بەرپرسیارێتیی رەوشت

بۆ هەر رووداوێک لە ئاستۆوە سەر هەڵدەدا، هەر یەکە و بۆچوونی تایبەتیی خۆی لە بارەیەوە دەخاتە روو. بێگومان بۆچوونی کەسانێکی تێدا هەڵدەکەوێت، کە لە راستییەوە نزیک ببێتەوە. هەروەها تێبینیدایە لە راستییەکەوە دوور دەکەوێتەوە. بۆچوونی ئێمەیش پەیوەندیی بە هۆیەکەی و ئەنجامەکەیەوە هەیە.

کۆمەڵە پیاوێک پارچە تەختە کێش دەکەن. ئیتر هەریەکە و لای خۆیەوە، بۆچوونی خۆی هەیە، لە بارەی چۆنییەتیی کێشکردنی تەختەکانەوە و ئەو شوێنەی لێی دادەنێن. کاری تەختە کێشکردنەکە کۆتایی دێت و، دەردەکەوێت کە کارەکەیان بە گوێرەی بۆچوونی یەکێکیان کراوە. پاشان پیاوەکانی تر وا بیر دەکەنەوە، کە ئەو کەسەی کارەکەیان بە گوێرەی بۆچوونەکەی بووە سەرکردایەتیی کردوون. ئەمەیش هەمان ئەو کارەیە کە دەسەڵات پێی هەڵدەستێت.

ئەو کەسەی کە زۆرترینی کارەکەی جێبەجێ کردووە. بە بەراورد لەگەڵ هاوڕێکانی، کەمترین بیری لەو کارە کردووەتەوە. دواتر کەمترین بیری لە ئەنجامی ئەو کارە هاوبەشە کردووەتەوە و، ئەو فەرمانانەی کە پێویست بووە بۆ ئەو کارە پەیڕەوی کردووە. بەڵام ئەوەیان کە لە هەموویان زیاتر لە کارەکەدا رۆڵی سەرەکیی بینیوە، هەرچەند لە کاری دەست و مەچەکیشدا لە هەموویشیان بە تواناتر بووە، کەچی هەموو کارەکەی تەنیا قسە کردن بووە!

کە مرۆڤیش بە تاک کار دەکات، چەندین هۆ و بیانووی بۆ ئەوە هەیە. لەوانە چالاکییەکانی رابردووی خۆی. گەلەکارەکان، واتە: ئەوانەی بە کۆمەڵا و هەرەوەز کار دەکەن، ڕێ بە خەڵکانی دەرەوەی کاریان دەدەن، کە بە ئارەزووی خۆیان بە هۆ و پاڵنەرەکانی کاریانەوە خەیاڵا لێ بدەن و، گریمانی کارە هاوبەشەکەیان دابنێن.

فەڕەنسییەکان کەوتنە خنکاندنی یەکتر و سەربڕینی خۆیان. لەبەر چەندین هۆی زانراو و نەزانراو، بەلامانەوە. ئەو ڕووداوەیش کۆمەڵێک بیانووی خۆی، لە ویستی فەڕەنسییەکاندا هەبووە. ئەو فەڕەنسییانەی کە وایان دانابوو ڕووداوە پێویست بوو، بۆ بەختەوەرکردنی فەڕەنسا کە لە پێناوی ئازادی و یەکسانیدا بووە. تا بیانوویش بۆ ئەو ڕووداوانە نەدۆزنەوە، کۆڵا لە یەکتر سەربڕین نادەن. لەوانە: پێویستبوونی تاکبوونەوەی دەسەڵات و، پێویستبوونی خۆڕاگری بەرامبەر ئەوروپا، بۆ ئەوەی لە ڕۆژئاوەوە بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆن. شانبەشانی ئەم ڕووداوەیش کۆمەڵە وتارێک دێتە ئاراوە، لە بارەی مەزنیی فەڕەنسا و ڕسوایەتیی ئینگلتەرە و... هتد.

مێژوو دەیسەلمێنێت کە ئەو بیانووانە دروست نین و دژ بە یەکن. هەر وەکوو ئەوە وایە: بە بیانووی دەرچوونی **یاسای مافەکانی مرۆڤەوە**، مرۆڤێک بکوژیت! یان کوژرانی ملیۆنان لە خەڵکی و، لە ڕووسیا و لە پێناوی ڕسواکردنی ئینگلتەرەدا. لەگەڵ ئەمانەیشدا ئەم بیانوانە لای کەسانی سەردەم واتای ناوەکیی هەیە. مەبەستیش لە هەموو ئەمانە ڕووپۆشکردنی بەرپرسیارێتیی ڕەوشتیی ئەوانەیە کە لە پێشی شەمەندەفەرەوە دادەنرێن، تاکو لە کاتی پێویستدا، هێڵە ئاسنینەکەیان پێ گەسک بدرێت!!

ئەمیش ئاوا پاک کەرەوەی ئەو بەرپرسیارێتیە ڕەوشتیەیە. دوای پشکنینی هەر ڕووداوێک، پرسیارە گرنگەکە دێتە پێشەوە کە ئەمەیە: چۆن دەکرێت بە ملیۆنان کەس و پێکەوە، شەڕ بەرپا بکەن و، قەسابخانە دابنێن و، تاوان بکەن؟

دەکرێت لەم شێوە ئاڵۆزە ژیانە نوێیەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە ئەوروپا بە خەیاڵدا بێت. کە ڕووداوێک پێش ڕوودانەکەی، پاشایان یان وەزیرەکان، یان پەرلەمانتاران و ڕۆژنامەوانان هەڵیان نەسەنگاندبێت و، بڕیاریان لە ڕوودانی دابێت!؟

ئاراستەی کەشتییەک لە دەریادا هەرچۆنێک بێت، کۆمەڵە شەپۆلێک دەبینین کە بەملا و ئەولایدا دەشکێنەوە. ئەو خولخواردنی ئاوەیش بەلای سەرنشینانییەوە، تەنیا جوولە و بزووتنەوەیەکە و، دەبینرێت. ئێمە هەست بەوە ناکەین کە هەر جوولەیەک لە جوولەی شەپۆلەکان، تەنیا و تەنیا کەشتییەکە دیاریی دەکات! ئەوەیش کە تووشی ئەو هەڵەیەمان دەکات، ئەوەیە کە هەر بەرەو پێش دەڕۆین و، هەستی پێ ناکەین.

بەڵام ئەگەر هەنگاو بە هەنگاو، بە دوای کەشتییەکەوە بووین، هەمان ئەنجاممان لە بزووتنەوەی کەسایەتییە مێژووییەکاندا دەست دەکەوێت! واتا گەر لە مەرجی سەرەکیمان کۆڵییەوە، بۆ ئەو هەموو ڕووداوانەی ڕوو دەدەن، پەیوەستبوونی بزووتنەوەکەمان بە

کاتەوە، بۆ دەردەکەوێت.

ئەمەیش بەوەی پەیوەندیی پێویستی نێوان کەسایەتییە میژوویییەکانمان لەگەڵ جەماوەر، بیر نەچێتەوە. میژوونووسان کە لەو دەربڕینانەی ویستی کەسایەتییە میژوویییەکان زیاتر، گوێ بە هیچێک لە ئەوانە نادەن، کە پەیوەستە بە ڕووداوەکانەوە: گریمانی ئەوەیان کردووە کە ڕووداوەکان سەر بە فەرمانەکانن.

بەڵام ئێمە کە پشکنینمان بۆ ئەو ڕووداوانە کرد و، ئەو پەیوەندییەی کەسایەتییە میژوویییەکان و جەماوەر کۆدەکاتەوە، بینیمان ئەو کەسایەتییانە وەکوو فەرمانەکانیانن و، خۆیان دەبنە پاشکۆی ڕووداوەکان. سەلماندنی ئەم پاشکۆییە ئەوەیە... کە جاری وا هەیە، هەرچەند فەرمانەکانی ڕووداوێک فرە و هەمەجۆر بن، کەچی ڕووداوەکە بەرپا نابێت! هۆگەلێکی تر هەن، بەڵام ڕووداوەکە هەرچۆنێک بێت، هەرکە ڕوویدا، لە نێوان ئەو ویستەی کەسایەتییە جیاوازەکان دەربانبڕیوە، هۆیەلێکن پێویستە بدرێنە پاڵی و، بە گوێرەی کات و سەعاتی ڕووداوەکە. کە گەیشتینە ئەم ئەنجامە، دەتوانین بە ڕوونی و سوورىبوونیشەوە لە سەری، وەڵامی هەر دوو پرسیارە بنەڕەتییەکەی میژوو بدەینەوە، کە:

(١) دەسەڵات چییە؟

(٢) ئەو هێزە چییە کە گەلان دەجووڵێنێت؟

دەسەڵات لە پەیوەندیی تاکە کەسیی دیار و ناسراوەوە، بە کەسایەتییەلێکی تر دەبێت. ئەو پەیوەندیانە بە جۆرێک ڕێکخراون کە ئەو کەسێتییە نمایندەی زۆرترین ژمارەی بیرو بۆچوونەکان و، گریمانەکان و، بیانووەکانی سەر بەو ڕووداوە بن، کە لە ئاراداید. دەسەڵات چالاکیی فیکری! یان یەک گرتنی فڵان کەسایەتی و فیسار کەسایەتییە و، بزووتنەوەی جەماوەر دروستی ناکات! وەکوو ئەوەی میژوونووسان بۆی دەچن!! بەڵکوو بزووتنەوەکە بە چالاکیی هەموو ئەوانە دێتە ئاراوە، کە لە ڕووداوەکەدا بەشدار دەبن.

لە ڕووی تیلەچاوی ڕەوشتیشەوە، وا دەردەکەوێت کە دەسەڵات هۆی ڕووداو بێت! بە شێوەیەکی دی: واتا هۆ، هاوتای ئەو دیاردەیە نابێت، کە ئێمە خەریکین پشکنینی بۆ دەکەین و، لە دوا دوای شیکردنەوەکەدا دەگەینە بازنەی تا هەتایی و کۆتایی و، ئەوپەڕی ئەوەی ژیریی مرۆڤ لە گۆڕەپانی فیکردا، پێی گەیشتووە.

کە قسە لە بارەی کارلێکی ئاڵوگۆڕ دەکەین لە نێوان کارەبا و گەرمادا. کارەبا گەرمی بەخشە و، گەرمی کارەبا بەرهەم دێنێت. ئێمە ناتوانین بپرسین لە کوێوە ئەو دوانە پەیدابوون؟ دەتوانین هێندە بڵێین، کە بەو شێوەیە دروست دەبێت. چونکە ئەمە یاسایەکی موتڵەقە. ئێمە نازانین بۆ ئەم شەڕە هەیە؟ یان ئەو شۆڕشە هەیە؟ لەوەیش زیاتر نازانین، کە مرۆڤەکان یەک دەگرن بۆ ئەوەی ئەم کردەوەیە، یان ئەو کارە بکەن. ئەوەیش بۆ خۆی یاسایە!

بەشی هەشتەم
ئـازادیی مرۆڤایـەتی

ئەگەر مێژوو لە چێوەی پەیوەندیی دیاردە دەرەکییەکاندا بوایە، دەتوانرا ئەم یاسایە بە ڕوونی و سادەیی بخرایەتە ڕوو و، ئیدی گوتارەکەی ئێمەیش کۆتایی پێ دەهات. بەڵام یاسای مێژوو پەیوەندە بە مرۆڤەوە. گەردیلەی میتاڵێک بە تەنیا ناتوانێت بۆمبێک دەربخات، کە پێویستی بە کێشکردن، یان پاڵەپەستۆی هەوا هەیە. هەر خۆیشی ناتوانێت پێمان بڵێت، کە ئەم یاسایە هەڵەیە. بەڵام ئەو مرۆڤەی کە هەر خۆی ڕووداو و، مێژووی دروست کردووە، بێ سێ و دوو پێ لەسەر پێچەوانەکەی دادەگرێت. بەوەی دەڵێت: من ئازادم و پێ لە ملی یاساکان نیم. ئەم بوونە شاردراوەیەی کێشەی ئازادیی مرۆڤیش لە هەر هەنگاوێک لە هەنگاوەکانی مێژوودا، خۆی وەدەر دەخات. هەموو مێژوونووسە جدییەکان، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن گەیشتوونەتە ئەم کێشەیە. سەرچاوەی هەموو دژواریەکانی مێژوو و، گومانەکانی و ئەو ڕێگا هەڵەیەی کە جیهان گرتوویەتی، لە مانەوەی ئەم کێشەیەیە، کە ئازادیی مرۆڤە، بەبێ چارەسەر. لە ئەمەیش بەولاوە هیچی تر نییە.

ئەگەر ویستی تاکەکان ئازاد بێت، واتە ئەگەر لە بوونی هەر یەکێکدایە کە بە ئازادی هەڵس و کەوت بکات. واتا بە ئارەزوو و ویستی خۆی. ڕوونە کە بە کارێکی ئازاد هەڵبستێت و دژ بە یاسا بوو: ئیتر دەبێتە هۆی پەک خستنی یاساکان و واتایەک بۆ یاساکانی مرۆڤایەتی نامێنێتەوە! ئەگەر تەنیا یەک یاسا هەبێت، کە کردەوەکانی مرۆڤ ئاراستە بکات. کەواتە هیچ ئازادییەک نامێنێت بۆ مرۆڤ. چونکە ئەو کاتە ویستی هەر یەکێک دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەو یاسایەوە.

ئەم دژواربوونە کێشەی ئازادیی هەڵبژاردن، کە لە سەردەمە کۆنەکانەوە، مێشکی

کەسە دێرینەکانی سەرقالا کردووە و، هەرگیز لە بایەخی کەم نەبووەتەوە. بوونی هەبووە. ئەو کێشەیە بەم شێوەیە دەخرێتە روو: یان وا لە مرۆڤ دەڕوانین وەکوو بابەتێکی سەرنج، لە هەر ڕوویەکەوە بێت: لاهووت بێت، یان مێژوویی، یان ڕەوشتیی، یان فەلسەفی: هەمیشە "یاسای پێویستبوونی هاوبەش ـ قانون الحتمیه المشترکه" لە نێوان گیانلەبەرە زیندووەکاندا دەبینین. یان ئەوەتا بە پێچەوانەوە لە گۆشەنیگای ئەزموونەکانمانەوە و ویژدانمانەوە، لێی دەڕوانین. کەواتە هەست بە ئازادی دەکەین. ویژدان کە بە تەواوی لە ژیری و هزر دابڕاوە و جیایە: سەرچاوە و کانیی زانیاریمانە، لە بارەی خۆمانەوە.

ویژدان سەرچاوەی خۆناسینی مرۆڤە و، ویژدان بە تەواوی لە عەقڵیش دابڕاوە. بەڵام مرۆڤ بە هۆی عەقڵەوە، دەتوانێت چاودێریی خۆی بکات، نەکوو بە هۆی ویژدانی خۆیەوە. بەبێ وشیاریی خود، بیرکردنەوە لە هەر سەرنجێک، یان چەسپاندنی کردەیی هزر، سوودی نابێت. مرۆڤ هەست بە زیندوویی خۆی ناکات، لەو کاتانەدا نەبێت کە هەست بە ویست و ئیرادەی خۆی دەکات. بە واتایەکی دی، لە ویستو ئیرادەی خۆی بەولاوە، هەست بە هیچی تر ناکات. هەر ئەو ویستەیشی کاکڵەی ژیانێتی. هەست بەمەیش ناکات تا ئازاد نەبێت.مرۆڤ بۆ ئەوەی تێبگات و چاودێری بکات و، بگاتە ئەنجام، پێویستە لە بەراییدا، هەست بەوە بکات، کە کەسێکی زیندووە. هیچ کەسێک هەست بە زیندوویی خۆی ناکات، تاکو بڕوای بە خۆی نەبێت. ئەو وڕە و بڕوا بە خۆ بوونەیش، پێناسەی ژیانێتی. هەستیشی پێ ناکات، تاکوو ئازاد نەبێت. تەنیا ئەو کەسەیش مەودای توانای خۆی هەست پێ دەکات، کە ئازادە. تۆ بانگەشەی ئەوە دەکەیت، کە ئازاد نیت. من دەتوانم دەستەکانی خۆم بەرز و نزم بکەمەوە. هەموو کەسێکیش دەزانێت کە ئەوە وەڵامێکی مەنتیقی نییە. لە کاتێکدا ئەوە راستییە و، سەلماندنی ئازادییەکە، کە کەس ناتوانێت بە درۆی بخاتەوە. کەسێک هەست بکات، ئازادیی زەوت کراوە، وا هەست دەکات، ژیانی لێ زەوت کراوە. مرۆڤ دەستکاری پەروەردگارێکی خاوەن هەژموونە و، هەموو توانایەکی هەیە. کەوابوو، ئەی هەڵە چییە؟ هەر ئەوەی کە پێناسەکەی، لە ئازادیی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمەیش هەر ئەو پرسیارەیە کە لاهووت دەیکات.

هەموو مرۆڤێک، چ کێوی و درندەخوو بێت، یان وشیارو بیرمەند. هەمووان پێکەوەن. هەر حوکم و ئەزموونێکیش لە ئارادا بێت، ناتوانێت بۆ ساتێکیش، ژیان بێنێتە بەرچاوی خۆی. وایش هەست دەکات، هەرچەند ئەوە مەحاڵیش بێت، کە ئەوە راستییە. ئەگەر بەو بیروڕایە بێبەش بێت لە ئازادی، نەک هەر لە ژیان ناگات، ناشتوانێت ساتێکیش بژیێت! چونکە هەر هەموو تەقەلاکان و دەرچوونەکانی مرۆڤ لە فراوانتر کردنی ئازادیی خۆی بەولاوە، هیچی تر نییە. داراو نەدارا، بوونی ناوبانگ و نەبوونی، دەسەڵات و رکێفبوون، بەهێزبوون و لاوازبوون، دروستیی و نادروستیی جەستە. زانابوون و نەزانیی، کارو بێکارەبوون، تێری و برسیبوون.چاکە و خراپە. ئەمانە هەموویان پلەیەلێکن: بڵندترن، یان

نزمترن له ئـازادی.

ئەگەر وێناکردنی خەیاڵیی مرۆڤ ئـازاد نـەبوو، واتـا ئـەو وێناکردنەی: لـە ژیـان و زیندوویـەتی بێبەشـە. مـرۆڤ دروست کراوێکی خـوایی خـاوەن هێزو توانـای تـا هەتاییـە. کەیلی نیانی و چاکەخوازییە و تواناداره بەسـەر هـەموو شتەکاندا. کەوابوو ***گوناه*** و ***هەڵە*** چین!؟ ئەو شتەی کە واتاکەی لە ئاگایی و ئـازادیی مرۆڤەوە سـەرچاوە دەگرێت و گەشـە دەکات!؟ ئـەمە ئـەو پرسیارەیە کە جیهانی لاهووت دەیکات. کردەوەکانـی مرۆڤ لە رکێفی یـاسایەلێکی گشتیدایـە و نـەگۆڕە و تـۆمار کـراوە. کـەوابوو بەرپرسـیارێتیی مـرۆڤ بەرامبـەر کۆمـەڵگا ـ ئـەوەی کـە لـە ئاگـایی ئـازادیی خۆیـەوە پـەرەی گرتـووە ـ لـە چیدا دەبینرێتەوە؟ ئـەمە ئـەو پرسیارەیە کە زانـایانی جیهانی ماف دەیکەن.

کـردەوەکانی مـرۆڤ لـە سـەرچاوە بۆماوەییەکانـەوە سـەرچاوە دەگرێت. لەگەڵ ئـەو پاڵنەرانـەی کـە بـەرەو کردەوەکـەی دەبـەن. ئـەی ئـاخۆ وێـژدان و واتـای ئـەو چاکـە و خراپەیەی کە لە ئاگایی ئـازادییەوە دەردەچێت، چیی بێت!؟

ئـەمەیش ئـەو پرسیارەیە کـە زانـایانی جیهانی **رەوشت** دەیکەن. لـەوە دەچێت ئـەو مرۆڤەی پەیوەست بێت بـە ژیـانی مرۆڤایەتییـەوە، جڵـەوگیری ئـەو یاسـایانەدا بووبێت کـە ئـەو ژیـانە بەڕێوە دەبات. بەڵام مرۆڤ سـەربەست دەردەکـەوێت و دوور لـەو پەیوەسـتییە و، هـەر وەکوو ئەوەی خاوەن ئازادیی رەهابێت. پێویستە چۆن لە ژیـانی رابـردووی گـەلان و مرۆڤایەتی بڕوانین؟ ئـاخۆ ژیـان بـەرهـەمی چـالاکیی خەڵکـە ئـازادەکە بـووە؟ یـان کەسـە رکێفبووەکە؟ ئـەمەیش دیسانەوە ئـەو پرسیارەیە کە زانـایانی جیهـانی مێژوو دەیکەن.

کێشـەی ویسـتی ئـازاد نەگەیشـتووەتە گۆڕەپـانێک کـە نـەتوانێت خـۆی بنوێنێت. لـەم سـەردەمە پـڕ فـێڵا و سـاختەیەدا، کـە بانگەشـەی بڵاوبوونـەوەی زانسـتیی تێـدادەکرێت، زۆرینـەی ئـەو خەڵکـە کـە بڕێکیـان بـە پێشـەنگ لـەم سـەردەمەدا، داناوە! کـە لـە راسـتیدا ئەمانەی پێیان وابوو زانایانی سروشت ـ ئەوانەی کە تـەنیا سـەیری یـەک رووی کێشـەکان دەکـەن ـ جـەماوەرێکی نەزانن.ئـەوان دەڵێن: ویست و ئیرادەیەکی ئازاد، بـوونی نییە. مادام ژیـانی مرۆڤ بـە جوولـەی ماسـولکەکانییەوە بـەندە و، ماسـولکەکانیش بـە دەمارەکانـەوە بەندن. نەفس و ویستیش ئـازاد نـین، مادام مرۆڤ لـە سـەردەمە دێرین و نەزانراوەکانـەوە لە مەیموونەوە پـەرەی گرتـووە.

مرۆڤـی رکێفـی یاسـا هاوبەشـەکان دەتوانێـت لـە کـاتێکی نادیـاردا، خـۆی لـە "ئـاژەڵی خوارینـە" بدزێتـەوە. واتـا شـیکردنەوەیەکی داهێنراوانـە بـۆ ئـەم ڕاسـتییەی کـە لـە هـەزاران سـاڵەوە، لە لایـەن ئایینەکان و فەیلەسووفەکانەوە، دەدانیـان پێدا نـراوە. هـەر کـاری مـرۆڤ خۆیـەتی. زاناکـانی سـروشت و سـەرسـامبووەکان، پێیـان وابـوو چارەسـەری ئـەو کێشـەیە هەروەکوو کرێکارانی خانوبەرەیە و، ئەوانەی فەرمانیان پـێ دراوە، کـە گـەچکاریی لایـەکی کڵێسـەیەک بکەن. ئـەوانیش هـەڵـی لەوێ نـەبوونی سیـەرکارەکەیان دەقۆزنـەوە و، بـەڵام بـە هۆی پـاڵنەری ئایینییەوە لە ویژدانیـاندا: کاری زۆرتر بۆ کڵێسەکە دەکەن.

بەشی نـۆیەم
ئـــازادی و پێویستبوون

مێژوو تایبەتمەندییەک دەداتە ئـازادی و پێویستبوون و دەیخاتە پێشـەنگی هـەموو لقـەکانی تـری زانسـتەکانی تـرەوە. ئـەم کێشـەیە نابەسـترێتەوە بـە هـەمان ویسـتی مرۆڤایەتییەوە. لەم کێشەدا مێژوو لـە بەرامبـەر زانستەکانی تردا، خـۆی لـە چـەقی جیهانی چەندین ئەزموونی تایبەتمەندیدا دەبینێتەوە. ئامانجی مێژوو، ویستی مرۆڤ خـۆی نییە. بـەڵکو ئـەو بیرۆکەیەیـە کـە لـە بارەیـەوە دروستی دەکات. هـەر ئەمەیشـە وایکردووە: کـە ئـەمیش وەکـوو لاهـووت و رەوشـت و فەلسـەفە، بـێ جوولـە بمێنێتـەوە، لـە بەرامبـەر رۆچوون بۆ قولایی ئەو نهێنییە مەزنەی کە: یـەک گرتنـەوەی دوو دژەیەکە. کە ئـازادی و پێویست بوونن. لـە ژیـانی واقعیدا هەستکردن بـە هـەر رووداوێکی مێژوویی و، هـەموو کردەوەیـەکی مرۆڤایـەتی بـە رووئـی و وردی و بـێ ئـەوەی هـیچ دژوارییـەکی تێـدا دەربکەوێت، بەڕێوە دەچێت. ئـەمە لەگەڵ ئەوەیشدا کە دوای کاملبوونی ئـازادی و لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، بێ هیچ دژوارییەک وەدەردەکەوێت.

کاتێک پێویسـت دەبێت کێشـەی ئـازادی و پێویسـتبوون کێشـەی چیبـوونی ئـەو دوو چەمکە بە وردی و بە تەواوی چـارەسەر بکرێت و، فەلسـەفەی مێژوو لـە توانایدایـەو لـە

سەرێتی رێگای پێچەوانەی زانستەکانی تر بگرێتە بەر. وا بۆ مێژوو باشە لە جیاتی هەوڵدانی بۆ پێناسەکردنی دیاردەکانی ژیانی بۆ ئەو پێناسەکردنە. واتای تر بدۆزێتەوە.

بە هەر شێوەیەک لە کردەوەکانی مرۆڤێک یان چەند مرۆڤێک بە ئاگابین، ئەوا جێ پەنجەی ئازادیی مرۆڤایەتی لەلایەکەوە و، یاساکانی پێویستبوون لە لایەکی ترەوە تێدا دەبینین و، پێناسەی ئەو دوو چەمکە. جا ئەگەر بایەخمان بە ڕەوی گەلان، یا داگیرکاریی بەربەرییەکان، یان سیاسەتی ناپلیۆنی سێیەم، یان ئەو کارەی کەسێک سەعاتێک لەمەوبەر ئەنجام دراوە.. لە تاقیکردنەوەیەک و بە سەیرانکردنی زیاتر نەزانراوە. ئێمە لەو هەموودا، دژوارییەک نابینین. پشکی ئازادی و پێویستبوون، کە ئەو کردەوانە دیاری دەکەن، بە ڕوون و ئاشکرایی پێیانەوە وەدیار دەکەوێت.

زۆر جاران بیروباوەڕەکان جیاواز دەبن لە بەرامبەر بوونی چەمکی ئازادی لە کردەوەیەکدا. ئەوەیش بە گوێرەی تیلەچاوی پشکنەری کێشەکە دێتە ئاراوە. بەڵام لە کردەوەی مرۆڤایەتیدا ئازادی و پێویستبوون سەرومڕ لە هەموو بارێکدا وەکوو تێکەڵەیەک دەردەکەون. لە هەر بارێکی پشکنیندا، بڕێکی دیاریکراو لە ئازادی و پێویستبوون هەیە. تا پشکی پێویستبوون فرەتر بێت، پشکی ئازادیی تێیدا کەمتر دەبێتەوە.

پەیوەندیی ئەو ڕەگەزە وایە، هەر کاتێک یەکێکیان فرەتر بێت، ئەوا ئەوی تریان لە هاوکێشەکەدا کەمتر دەبێتەوە و، هاوکێشەکە پێچەوانەیە. کەسێک کە نوقم دەبێت و خەریکە بخنکێت، خۆی بە مرۆڤێکی ترەوە دەگرێتەوە و، بۆ لای خۆیی ڕادەکێشێت. ئەو دایکە برسییەی کە شیردانی منااڵەکەی ماندووی دەکات و خۆیشی ژەمە خواردنەکەی دزیوە، یان ئەو پیاوەی کە فەرمانی کوشتنی کەسێکی لە یەکێکی بێ چەکەوە وەرگرتووە و جێبەجێی دەکات. ئەم جۆرانە وا دەردەکەون کە تاوانەکەیان کەمتر و بچووکتر بێت. چونکە ئازادییان کەمتر بووەتەوە و زیاتر گوێ لە مستی یاساکانی پێویستبوون بوون. ئەمەیش لەبەر چاوی ئەوانەی کە دەزانن ئەوان چۆن گوێ لە مستی یاسا و پێویستبوونەکەی بوون. کەسێکیش بیست ساڵا لەمەوبەر تاوانێکی کردبێت هەروایە، کە ئەویش لەو کاتەوە لە کۆمەڵگەدا ژیانێکی ئارام دەژیێت و زیان بە هیچ زیندەوەرێک ناگەیەنێت. لەوە دەچێت تاوانەکەی کەمتر بێت و کردەوەکەی دوای بیست ساڵا، لەبەر چاوی ئەوانەی حوکم بەسەر تاوانەکەیدا دەدەن سووکتر بێت و زیاتر چووبێتە ژێر رکێفی پێویستبوونەوە. ئازادیی هەمان تاوان ڕەهاترە بەڵای ئەوانەوەی کە دوای ڕۆژێک لە ڕوودانی تاوانەکە پشکنینی بۆ دەکەن. بۆ کردەوەکانی پیاوێکی شێتیش، یان سەرخۆش هەر هەمان شێوەیە. کە وا دەردەکەوێت ئازادییەکەی ڕەهاتر و پێویستبوونەکەیشی کەمتر دەبێتەوە. ئازادی و لێپرسیارێتی لەو بارودۆخە جیاوازانەدا، لە

هەڵکشان و داکشاندا دەبن. دەبینین بە بەردەوامی لێپرسیارێت ی‌و پێویستبوون فرەتر دەبێت، کاتێک ئازادی کەمتر دەبێتەوە و پێچەوانەکەیشی راستە.

ئایین و هەستی دروست و زانستی ماف و میژوو، خۆی ئەم پەیوەندییانە بەم ڕێگەیە تێدەگات. لە هەموو بارێکدا کە بیرۆکەی ئازادی و پێویستبوون، واتە زەروورەت، گەورەترو بچووکتر دەبێت. ئەمە (٣) بنەمای هەیە:

١ ـ پەیوەندیی مرۆڤی بکەر بە جیهانی دەرەوەدا.

٢ ـ بە کات و زەمانەوە.

٣ ـ بەو جوواڵێنەرانەی کە پاڵنەری بووە بۆ کارەکە.

یەکەم بنەمای پشکنین: دەبینین ئەو کەسەی کە خەریکە دەخنکێت. ئازادیی کەمتر دەبێتەوە و پێویستبوونی زۆرتر و گەورەتر دەبێتەوە، لەو کەسەی کە سەقامگیرە لە سەر ئەو زەوییەی، لە سەری وەستاوە.

کردەوەی مرۆڤی بەستراوە بە کۆت و زنجیری بنەماڵە و، خێزانەکەی و خزمەتکردن و پرۆژەکانییەوە: ئەوا بێگومان لە ئازادیی کەم بووەتەوە و، زیاتر و زیاتر ژێر رکێفی یاساکان کەوتووە. ئەگەر مرۆڤێکی تاک و تەنیاباڵمان وەرگرت، بێ ئەوەی بایەخ بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەری بدەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە کردەوەکانی ئازاد و ڕەهایە. بەڵام ئەگەر پەیوەندییەک، لە پەیوەندییەکانیمان بە نێوەندەکەی خۆیەوە بینی. ئیدی ئەو مرۆڤەی کە قسەی بۆ دەکات. یان ئەو کتیبەی دەیخوێنیتەوە. یان ئەو کارەی سەرقاڵی کردووە. تەنانەت ئەو بایەیش کە بەدەوریەوەیە. ئەوە بەڵای کەمەوە کار لە یەک دیویش بووە، لە دیوەکانی چالاکییەکانی، دەکات. بیروباوەڕمان بە ئازادییەکەی کورت دێنێ و، هەست بە زیاتری ژێر رکێفچوونی بۆ پێویستبوون دەکەین.

بنەمای دووەمی پشکنین:

پەیوەندییە کاتییەکانی. ئەوانە کەم و زۆر دەردەکەون، لە نێوان مرۆڤ و جیهاندا. ئەو بیرۆدۆزانەی کەم و زۆر ڕوونن لە بارەی ئەو شوێنەی کە چالاکییەکانی تێدا بردووە و، داگیری کردووە. ئەگەر دوای مانگێک لە تەواوبونی کارێکو کاتێک لە هەڵو مەرجێکی جیاوازدا دەبم. بە ناچاری دانی پێدادەنێم کە زۆرێک لەو شتانە بە سوودن.

ئەگەر هزرت گێڕایەوە دواوە و، کارێکی کۆنترت لەمەی ئێستات وەبیر خۆت هێنایەوە، کەوا دە ساڵ و هەندێک بە سەریدا تێپەڕیوە، ئەوا ئەنجامەکانت ڕوون و ئاشکراتر بۆ دەردەکەوێت. تەنانەت ئەوەی کە ڕووی داوە، بەڵامەوە سەختیش دەبێت، بیهێنمەوە بەرچاوم و، ئەنجامەکەی بخەمڵێنم.

هەرچەند پێشکەوتن بدەم بە هزرم لە حوکمەکانمدا، هەر بەرەو هەمان شتم دەباتەوە و ئەنجام هەڵهێنجانەکەم لە ئازادی لە یەکێک لە کارەکانمدا، تووشی دوو دڵی و

سەرسامیم دەکات. لە مێژوویشدا لەم جۆرە پێشکەوتنە بە تەواوی لەبارەی بیروڕامانەوە لە بەشداریکردنی ویستی ئازاد، لە کارە مرۆڤایەتییەکاندا دەبینین.

شەڕی نەمسا و بروسیا، وەکوو ئەنجامێکی فڕو فێڵ لە بسمارک، دێتە بەرچاومان. شەڕەکانی ناپلیۆنمان وا بۆ دەردەکەوێت لەگەڵ کەمێک گومانـدا، هۆکارەکەی ویستی بـرێـک پـاڵەوان بووبێت.

بنەمای سێیەمی پشکنین:

هێندەی بۆمان بلوێت، بە ناخی ریزبەندی رووداویەلێکی بێ کۆتادا ڕۆ بچین. لە ئەو ڕووداوانەی کە کۆتـا نـابن: گەرەکە هـەر ڕووداوێک ماقوولییەتی تێدابێت. دواتـر هـەر رووداوێک لە رووداوەکانی مرۆڤ، شوێن و جێی دیاریی خۆی هەیە و بەرهـەمی کۆمەڵە ڕووداوێکی رابـردووە و، هۆکاریشە بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو.

لەمەوە بـۆمان دەردەکەوێت کە کردەوەکانمان و، کار و کردەوەکانی کەسانی تر لای ئێمە وا دەنوێنێت، کە ئـازادی تێیدا فرەتـرە و، کـەمتر رکێفی پێویستبوونـە و بـە هێندەی ئـەو زیـادبوونە زانیاریمـان لـەبارەی یاسـاکانی فیسـیۆلۆژی و سـایکۆلۆژییەوە و ئـەو مێژووەی لە سەرنجەکانی رکێفی مرۆڤەوە هەڵدەهێنجرێن، هەیە.

کاتێک هۆی کردەوەیەک نازانین، جا کارەکە چاک بێت، یان خـراپ. یـان مامناوەندی نێوان چاکە و خراپە، ئـەو دەم ئێمـە حـەزمان بەوەیـە کـە زۆرتـرین بـڕی ئـازادیی تێدا ببینینەوە. خـۆ گەر تاوان بوو، پێش هەموو شتێک داوای جێبەجێ کردنی سزاکەی دەکەین. ئەگەر کردەوەکەیش باش بوو، ئـەوا نوقمی پیاهەڵدانی دەکەین. گەر مامناوەندیش بـوو، بە یەکێک لە بەڵگەکانی تۆکمەیی کەسێتی و ئـازادیی دەزانین. بـەڵام ئەگـەر تـەنیا یـەک هـۆ لـە هۆیەکانی ڕووداندا ئـەو کارە بـزانین. ئـەوا بـڕێکی دیـاریکراو لە پێویستبوون دەدۆزینەوە و، بۆ تاوانەکە لێبوورەدەتر دەبـین و، کەمتر پـەرۆشی کاری چاکە دەبین.

ئەو ڕاستییەی پەیدابوونی تاوانبار و، دروستبوونی لـە نێو کەسـانی چـاک و باشدا لـە تاوانەکـەی ئـەو سـووک دەکـات. قوربانیـدانی بـاوک و دایـک و، خـەڵاتکردن ئاسـانتـرە لـە تێگەیشتنمان بـە بـەراورد بـەو قوربانیانـەی کە هۆیـەکانی نادیارن. هـەر بۆیـەیش سـۆزمان کەمتر دەبزوێنێت و، کەمترین ئازادیی تێدا دەبێت.

لەسەر ئـەم سێ بنەمایە، هەست بە لێپرسینەوە نەکردن لە تاواندا دەوەسـتێت و، دۆخـە کاڵبووەوەکە بەلای یاساکانەوە پەسەند دەبێت. هەست بـە لێپرسـینەوە بـەوە گـەورەتر یـان بچـووکتر دەردەکـەوێت، کـە تـا چەنـدە بـارودۆخی تاوانبارەکـە بـە گـەورەترین یـان بچووکترینی تاوانەوە دەبینرێت.

هەروەها بـە گوێرەی درێـژی و کورتیی کات و زەمانـی ڕووداندنـی کردەوەکە حـوکم بە سـەرادرانەکەی دەگۆڕدرێت. هـەروەها حوکمدانەکە بـە گـوێرەی بـڕی ئـەو زانیارییانـە دەبێت لە بـارەی هۆیـەکانی ئـەو کارەوە.

بەشی دەیەم
یەکگرتنی ئــازادیو پێویستبوون

ئــەو ئاڵۆزییــەی بــۆ ئــازادی و لێپرسیارێتی دایدەنێین، بــە گــوێرەی توندوتۆڵی، یــان لاوازیی پەیوەست بوونی هزرە بە جیهانی دەرەوە. لەگەڵ پلەی دووری و نزیکی کات و، هۆیەکانی ڕووداوەکەوە.

ئەگــەر بــە ســەرنجەوە لــە بــاری مرۆڤێکمــان ڕوانــی کــە پەیوەنــدیی لەگەڵ جیهــانی دەرەوەدا بــاش بوو. کە نێوانی کات و کارەکە و حوکمدان بە سەریدا، تا ئــەوپەڕی بــوو و پــاڵنەرەکانی زانــراو بــوو. لــەو بــارەدا بــڕی لێپرسیارێتی و پێویستبوون دەبینین و، بــڕی کەمتریش لە ئازادیش دەبینین.

خۆ ئەگەر لە هەردوو بارەکەدا، لە تیلە چاوی خۆمانــەوە ســەرنجمان دا، هەرچەند توانیمان وردبینی بکەین، لەبارەی پەیوەندیی مرۆڤ بە جیهانی دەرەوەی خۆی بکەین، یان لــە هــەردوو بارەکــەدا بــاری ســەرنجمان بگــۆڕین. چەندەیش لــە پەیوەســتبوونی مرۆڤ بــە جیهــانی دەرەوە، بکۆڵینــەوە. یــان وای دابنێین ئــــەم پەیوەستبوونــــە دوور لــە تێگەیشــتنی ئێمەوەیە. هەرچەندەیش لە نێوان کارو حوکمدان بە ســەریدا، ماوەکــەمان درێــژ کردەوە، یــا کورت کردەوە، چەندەیش هۆیــەکان بزانین یــان نــەزانین، هــەرگیز ناگەینــە ئــازادیی ڕەهــا، یــان لیپرسیارێتی و پێویستبوونی تــەواو.

١ـ چەندە وای دابنێین کە تاک ناچێتە ژێر رکێفی هیچ کاریگەرییەکی دەرەکییەوە. ئێمە هەر ناگەینە تێگەیشتنی ئازادی و شوێنجێ. من دەستم بڵند و نەوی دەکەم. وای دەبینم کە جووڵەکەم ئازادە. بەڵام کاتێک لە خۆم دەپرسم، ئاخۆ دەتوانم بە هەموو ئاراستەکاندا دەستم بجووڵێنم؟ بۆم دەردەکەوێت کە دەستم بە ئاراستەیەک جووڵاوە کە بەرگری تێدا بۆ دەستم و خۆم کەمترین بووە. منیش لە نێو هەموو ئاراستەکاندا ئەوەیانم هەڵبژارد کە کەمترین وزەی بۆ بەکار دێنم، تاکوو جووڵە و بزوتنەوەکەیشم ئازاد و رەها بێت. کەواتە ناتوانین مرۆڤێک بێنینەوە بەرچاوی خۆمان، کە ئازاد بێت! تەنیا ئەوە نەبێت، لە دەرەوەی شوێنجێ بێت. ئەمەیش بۆ خۆی، کارێکی مەحاڵە.

٢ـ هەرچەند نزیک ببینەوە لە حوکمدان بەسەر کارێکدا، بە هۆی ئەو کاتەوەی، کە ئەو کارە تێدا رووبداوە، ئەوا ئێمە هەرگیز ناتوانین لەو ئازادییەی ئەو کاتە تێ بگەین. لەڕاستیدا ئەگەر کارێکم بە هەند وەرگرت کە پێش ساتێک رووبدابوو. ئەوا ناتوانم حوکمی ڕێژەی ئازادیی بە سەردا بدەم، مادام پابەندی ئەو ڕووەیم کە کارەکەی تێدا تەواو کراوە. کات شتەکانی لێک ترازاند و ناتوانم زەمان بوەستێنم. ئەو قۆڵەی لە کاتی خۆیدا بڵندم کردەوە و، ئەو هەوایەی کە جووڵەکەم بە قۆڵم تێدا کرد، وەکوو خۆیان ئەو کاتەی رووداوی ئەوسایان نەماون! نە بایەکە هەمان ئەو بایەیە کە کات و ساتی خۆی قۆڵم تێدا جووڵانەوە. نە قۆڵەکەیشم وەک هەمان تایبەتمەندیی زەمانی جووڵاندنەوەکەی خۆی ماوە. ئەو کاتەی، کاتی خۆی قۆڵم تێدا جووڵاندووە، هەرگیز ناگەڕێتەوە.

٣ـ تاکو سەختییەکە مەزنتر بێت بۆ گەیشتن بە هۆی رووداوەکە، ئێمە هەرگیز ناگەینە ئەوەی کە بتوانین ئازادیی رەها لە ڕووداوەکەدا بێنینە بەرچاو.

یەکەمین پێویستی بۆ بیرو ژیریمان، گەڕانە بە شوێن هۆی رووداوەکەدا. چونکە بە بێ بوونی هۆ، مەحاڵە بتوانین دیاردەکە بێنینەوە بەرچاومان. تەنانەت ئەگەر گریمانی ئەوەمان دانا، کە کەسێکی ئازاد و دوور لە هەر کاریگەرییەک هەبوو، ئەگەر بایەخمان بە کارێکی ئەو کەسە دا، لەو کات و ساتەی کارەکەی تێدا ئەنجام داوە، تا بە هۆکارەکەی خۆیەوە نەبەستینەوە، هەرگیز تێی ناگەین.

هەر زیندەوەرێک بەدەر بوو لە کاریگەریی دەرەکی و، لە کات و ئازادی و دوور لە هۆ، ئەوا ئەو زیندەوەرە، مرۆڤ نییە! هەروەها مەحاڵە کردەوەیەکی مرۆڤ بێنینە بەرچاومان، کە ئازادیی تێدا نەبێت و، تەنیا لە ژێر رکێفی لێپرسیارێتی و پێویستبووندا بوو بێت.

١ـ هەرچەندێک زانیاریمان لە بارەی ئەو شوێن و جێیەی کە مرۆڤەکەی تێدابووە، بەربڵاوتر بێت، هەرگیز کامڵ نابێت، چونکە ژمارەی مەرجەکانی ڕووداوەکە بێ کۆتایە!

ڕێک وەکوو شوێنجێی ڕووداوەکە خۆیەتی و، ناکۆتـایە.

٢ـ هەرچی بکەین تاکوو ئەو دووریی نێوان دیاردە پشکنراوەکە و کاتەکەی و ساتی حوکم بەسەردادانی بهێلینەوە. ئەو ماوەی ڕووداوەی گوێی پێ دەدرێت، بە دیاری کراوی وەکـوو خـۆی دەمێنێتـەوە. بـەڵام زەمـان بـێ کۆتـا دەمێنێتـەوە. بـەم گوێرەیـە نابێـت پێویستبوون، بوونی هەبێت.

٣ـ زانیـاریمان بـە ریزبـەندی هۆیـەکانی کارێکی دیـاریکراو هـەرچـەندێک بێت، هـەر ناگەینە تێگەیشتنی تـەواوی ئەو کارە، مادام ئـەو ریزبەندە لە بن نەهاتوو بێت.

بۆ ئەوەی وای دابنێین کە کردەوەیەکی مرۆڤاندۆستانەیە، دەبێت لە ژێر رکێفی یاسای پێویستبووندا بووبێت. لـە سـەرمانە ددان بـەوەدا بنێین کـە ئێمـە بـڕی بـێ کۆتای مـەرجـە شوێنجێیەکان پێ دەزانین و، ماوەی بـێ کۆتای زەمـانی بـەردەوامی ناکۆتـابوونیش. لەگەڵ ریزبەندی هۆیەکان. بۆ ئەوەی بە پێچەوانەوە خەیاڵ بکەینەوە لە مرۆڤێکی ئـازادی ڕەها لە یاسای پێویستبـوون، لەسـەرمانە وای دابنێین کە تاکە و تەنیایـە و، لـە دەرەوەی شوێنجێ و کات و هۆیـەکانە.

لە باری یەکەمدا ئەگەر پێویستبوون بەبێ ئـازادی بلوایە. دەگەیشتینە پێناسەی یاسای پێویستبوون. تەنانەت بە پێویستبوون خۆیشی. واتا بە شێوەیەکی بێ نـاوەرۆک.

لە بـاری دووەمدا ئـەگەر ئـازادی، بـەبێ پێویستبوون بلـوایە، ئـەو دەمـە دەگەیشتینە ئـــازادییەکی بـــێ مـــەرج و لـــە دەرەوەی کـــات و شـــوێنجێ و هۆیـــەکان. ئـــازادییەک لەبـەرئەوەی بێ مەرج بـووە، یان بێ سنوور بووە. ئەو کاتە.. ناوەڕۆکێک دەبێت بێ هـیچ چێوەیەک. کەوابوو بـۆ هـەر فـەلسەفەیەک بە شێوەیەکی گشتی دەگەینە ئـەم دوو بنەمایـە و، منیش ئەوەتان دەخەمە بەر دەست کە هزر دەیڵێت:

١ـ شوێنجێ و ئەو شێوانەی لە خـۆی گرتووە و دەبینرێت. مادەکە بـۆ خۆی بێ کۆتایە و بە شێوەی دی هەستی پێ ناکرێت.

٢ـ کات جوولەی ناکۆتایە و بۆ ساتێکیش نـاوەستێت، بـە شـێوەی تریش و بـێ لەمـەی هەیە، هەستی پێ ناکرێت.

٣ـ مـن لـە دەرەوەی هـەر هۆیـەکیم. چونکـە وا هەسـت دەکـەم خـۆم هـۆی هـەموو دیاردەکانی ژیـانی خۆمم.

هـزر یاسـاکانی پێویسـتبوون دەردەبڕێت. وشـیاریش دەربـڕی چۆنییـەتیی ئـازادی. ئازادیی بێ مەرج، کاکڵەی ژیـانە و، لە ویژدانی مرۆڤدایە. پێویستبوونیش هزری مرۆڤە لـە سایەی سێ شێوازەکەدا.

ئـــازادی ئەوەیـــە دەیپشـــکنین. پێویســـتبوونیش پشـــکنراوەکەیە. ئـــازادی شـــمەکە و پێویستبوون "تییانە[1]" کەیەتی و، لە خۆیی گرتووە. ئێمەیش ئەگەر ئەم دوو سەرچاوەی زانیاریو زانستە لێک جوێ بکەینەوە کە ئەم دوانە وەک شتومەکەکەو تییانەکەی وان. بەمە دەگەینە تێگەیشتن لە **ئازادی** و **پێویستبوون**. کە هەر یەکەیان ئەویتر رەت دەکاتەوەو هەستی پێ ناکرێت. ئێمەیش کە یەکیان دەخەینو تەنیـا بەمـە دەگەینە بینینی شێوەیەکی روون لە ژیـانـی مرۆڤایەتی و بەدەر لەم دوو تێگەیشتنەی کە هەریەکەیان ئەویتر دیاری دەکاتو بە یەکگرتنیان ئەمە روو دەدات. هەر وەکو یەکگرتنەکەی شمەکەکەو تییانەکەیەتی.

ناکرێت هیچێک لە شێوەی ژیـان بێنینە بەرچاو. هەموو ئـەوەی لـە بـارەیەوە دەزانـین لە پەیوەندیی نێوان ئـازادی و پەیوەستبوون بەولاوە هیچی تر نییە. کە ئەمەیش پەیوەندیی نێوان **وێـژدان** و **هـزرە**. توانسـتی ژیـاریی سروشت لـە دەرەوەی خۆمـانو وێژدانمانـە. ئێمەیش بە قورسی ناوی دەبەین، هەروەکو توانستی وەستاوو کارەباو توانستی ژیـاری... هتد. بـەڵام توانستی ژیـانی مرۆڤ بـە هـۆی وێژدانمانەوە ناسراوەو بـە ئـازادی نـاوی دەبەین.

تـایبەتمەندیی ئـازادیی مـرۆڤو جیاکردنـەوەی لـە هـەموو توانسـتەکانی تـر، ئـەوەیە چونکە ئێمـە هەستی پێ دەکەین. بـەڵام بـەڵای هـزرەوە جیاوازیی لەگەڵ هـیچ توانستێکی تردا نییە. هێزی قورسایی‌و کارەبـاو بەکێش کردنی کیمیاوی جیاوازیان لەگەڵ یەکدا نییە. چونکە هزرمان هەر یەکەیانی بەجیاو بە تـاک ناسیوە. بۆ هێزی ئـازادیش هـەر وایـەو لـە هێزە سروشتیەکانی تر جیا ناکرێتـەوە. تەنیـا بـەو پێناسـەیە نـەبێت کە هـزر خۆی بۆی کـردووە. ئـازادی بـەبێ پێویسـتبوون. واتـا بـێ یاسـاکانی ئـەو هـزرەی کـە خۆی دیـاریی دەکات.

هەموو ئەوەی لە بارەی سروشتەوە دەیـزانین، لـە پەیوەندیی نێوان هێزی سروشت و پێویست بوون، لە لایەک و ژیان و یاساکانی هزر بەلاوە، هیچی تر نییە.

ئـەوەی بـە لامانەوە زانراوە بە یاساکانی **پێویستبوون**، نـاوی دەبـەین. ئـەوەیشی بـە لامانەوە نـەزانراوە **ئـازادی** یـە. ئـازادیش بـەلای مێژووەوە. لـە دەربڕینی ئـەو پاشماوە نەزانراوەیە کە لە بـارەی یاساکانـی ژیـانی مرۆڤەوە دەیزانین.

---

١ ـ تیانە: مەنجەڵ، قـابلەمە. وەرگێڕی کوردی

بەشی یـازدەیەم
مەبەست لە مێژوو

دداننان بە ئـازادیی مرۆڤدا، وەکوو هێزێک، بە هێندەی ئـەوەبوو، کاریگـەریی لـە سـەر ڕووداوەکان هەبێت.

مێژوو دیاردەی ئـازادیی مرۆڤـە لە پەیوەندییدا لەگەڵ جیهانی دەرەوە و، لێکۆڵینەوەی بۆ دەکات. واتا بە گوێرەی یاساکانی هزر، ئـازادی دیـاری دەکات. لەبەر ئـەوە بە گوێرەی ئەو هەندە ژێر رکێفچوونەی ئـازادی بۆ ئەو یاسایانە ئەویش بە ئـاگایە.

دداننـان بـە ئـازادیی مرۆڤایـەتی، وەکـوو هێزێکـە کـە بـە هێنـدەی ئـەوە بێـت کـار لـە ڕووداوەکان بکات. واتا ئەو لە ژێر رکێفی هیچ یاسایەکدا نییە. پەسەند کردنی ئەمەیش واتا لـە نـاوبردنی گریمـانی بـوونی هـەر یاسـایەلێکە. دواتـر بـوونی هـەر زانسـتێک، ئەگـەر جەستەیەک لـە توانایدا بێت بـە ئـازادی بجوولێت، کـەوابوو یاسـاکانی کلێبـەر و نیـوتن بـوونیان نییـە و ئیـدی لـە توانایشـدا نابێـت، جوولـەی هەسـارەکانی ئاسـمان بێنینـە بەرچاومان. هەروەها ئەگەر کردەوەیەکی مرۆڤی ئـازاد هـەبێت، کەوابوو هیچ یاسایەکی مێژوویی نییە. ئیدی هێنانەوە بەرچاوی ڕووداوێکی مێژووییش مەحاڵ دەبێت.

لـەبارەی مێژوویشـەوە ویسـتەکانی مرۆڤایـەتی بـە گوێرەی ئـەو هێڵانـە دەجـووڵێن کـە جەمسـەرەکانی ئەوسـەریان نادیارە و شاردراوەیە. بەڵام وشیاریی ئـازادی لە کاتی ئێستای ناسکدا، وا دەجووڵێت کە لە جـەمسـەرەکەی تـرەوە: شوێن و کات و هۆکان هەیە.

ماوەیەکی دوورو درێژە کۆڵینەوە دەستی پێ کردووە و، شێوە بیرکردنەوەی نوێ کە پێویستە مێژووی سەردەم پەیڕەویی بکات، پێگەیشتووە. لە کاتێکدا مێژووی کۆن زیاتر و زیاتر هۆیەکانی رووداوەکانی بەش بەش دەکات. بە هەرحاڵ زانستە مرۆییەکانیش، هەمان رێ و شوێن دەگرنە بەر.

ماتماتیکیش، ئەو زانستە رێک و پێکە ئەو کاتەی دەگاتە ناکۆتا لە ورد کردنەوە و دابەش کردندا، پەنا بۆ کۆمەڵە دەباتەوە. بیرکاری واز لە چەمکی **هێڵ** دێنێت، تاکو پشکنین بۆ یاسا بکات. زانستەکانی تریش، با شێوازیشیان جیاواز بن، هەر هەمان شت دەکەن.

کە نیوتن یاسای کێشکردنی سەلماند، نەیووت کە خۆر و زەوی تایبەتمەندیی کێشکردنی تەنەکانی تریان هەیە. بەڵکو وتوویەتی: هەموو تەنەکان، هەر لە گەورەیانەوە تا بچووکترینیان تایبەتمەندیی کێشکردنی خۆیانیان هەیە. واتا هێزی جووڵەی تەنەکانی پشتگوێ خست و لە تایبەتمەندییەکی **هاوبەش** دوا لە نێوان هەموو تەنەکاندا و لە هەرە گەورەوە، تا هەرە بچووکیان.

زانستە سروشتییەکانیش هەمان کار دەکەن، تاکوو بۆ یاساکان بگەڕێن، هۆیەکان پشتگوێ دەخەن.

مێژوویش ئەگەر مەبەستی کۆڵینەوە بێت لە بزووتنەوەی گەلان و مرۆڤایەتی، هەمان رێگا دەگرێتە بەر و وەسفی چەند بەشێکی ناکات بە جیا. پێویستە هۆیەکانی وێڵ بکات، تاکوو بۆی بکرێت لە یاساکانی هاوبەشی ئازادی هەرە بچووکەوە کە یەکسانە و بوار نییە بۆ هەڵوەشاندنەوەیان، بدوێت.

بەشی دوازدەیەم
پێویستبوون و یاساکان

لەو کاتەوەی یاسای کۆپەرنیک و سەلماندنەکەی کە پێداگریی بوو لەسەر خولاندنەوەی زەوی بە دەوری خۆردا، دۆزرایەوە. هەموو ئەو یاسا کۆنانە لە بارەی "**گەردوون**" هوە هەبوون، لەبەر یەک هەڵوەشاندەوە.

خۆ دەتوانرا ئەم یاسایە نوێیە ڕەت بکرێتەوە و، یاسا کۆنەکەی کە لەبارەی جووڵە قەبارەکانەوە بوو، پارێزگاری لێ بکرێت. بەڵام وا دەردەکەوێت کە ئەگەر ڕەتمان بکردایەتەوە، ئەوا مەحاڵا دەبوو بمانتوانیایە بەردەوام بین، لەسەر ئەو کۆڵینەوە جیهانیانەی بەتلیمۆس. هەرچۆنێک بێت زانستەکانی بەتلیمۆس بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە کۆڵینەوە بەردەوام بوو. تەنانەت تاکوو دوای دۆزینەوەی یاساکانی کۆپەرنیکیش.

لەگەڵ ئەمەیشدا مێژووی کۆن، هەر لەگەڵ ئەم یاسایەلە نوێیەدایە، لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت. لێکۆڵینەوە بۆ ئامار، جوگرافیا، ئابووریی و، بەراوردی لەگەڵ فەلسەفە و، زانستی تویژەکانی زەوی پێ دەکرێت.

بەڵام لە بارەی فەلسەفەی سروشتەوە، پێکداپژانێکی خوێناوی لە نێوان بیردۆزە کۆن و نوێیەکاندا هەیە. لاهووت بە ئەرکی پاسەوانیکردنی بنەما کۆنەکان هەڵدەستا و بنەما نوێیەکانی بەوە تاوانبار دەکرد، کە وشیاریی مرۆڤ دادەڕووخێنێت!

لە سەردەمی ئێستاماندا ئەو پێکداپژانە لە نێوان دوو چەمکی کۆن و نوێ لە بارەی مێژووەوە، هەر وا بە لێڵی و نامۆیی و خۆگری ماوەتەوە. لەم بارەدا لاهووت پاسەوانی بۆچوونە کۆنەکەیە.

شەڕەکە ئارەزووەکان دەیجوڵێنێ و، ڕەوایی تێدا دەخنکێنێت. لە لایەکەوە بە داخەوە

دەبین بۆ ئەو کاولکاریانەی لە ئەو ئاوەدانییانەدا ڕوو دەدەن کە بە درێژایی سەدەکان هاتۆتە بوون. لەلایەکی تریشەوە ئارەزووی کاولکاری لە هزری خەڵکەکەدا دەبینرێت.

ئەو کەسانەی ڕاستییە نوێیەکانی بواری فەلسەفەی سروشت ڕەت دەکەنەوە، وای دادەنێن کە ئەگەر ئەو ڕاستیانەیان پەسەند بێت، ئەوا بڕوابوون بە خوا و دروستکراویی جیهان و، موعجیزەی **یەشوع کوڕی نون** دادەڕووخێنن!

بەڵام ئەوانەی: پشتگیریی لە یاساکانی کۆپەرنیک و نیوتن و ڤۆڵتێر دەکەن، پێیان وایە ئەم یاسایانەی زانستی فەلسەفەی ئایین دادەڕووخێنێت! ڤۆڵتێر یاساکانی کێشکردنی زەویی بۆ، دژ بە ئایینی بەکار دەبرد.

لەوە دەچێت ئەمڕۆیش هەر ڕێک بەم ڕێگایە، هێندە بەس بێت، کە دان بە یاساکانی پێویستبوونـــدا بنێـــین، تـــاکوو واتـــاکانی نـــەفس و چـــاکە و خراپـــە و دامـــەزراوە حکومەتییەکانی پێ دابڕووخێن. یاسای پێویستبوون لە مێژوودا، ڕێک هەر وەکوو یاساکەی کۆپەرنیک وایە لە زانستی **گەردوون** (فلک)دا. دامەزراوە سیاسیو ئایینیەکان کاول ناکات. بەڵکو بناغەی ئەوانیش تۆکمەتر دەکات و ڕاوەستاوتریان دەکات.

کەواتە ئەمڕۆ ئێمەیش دەکەوینە مێژووەوە و هەمان کێشەی زاناکانی گەردوون. جیاوازیی نێوان بیردۆزەکان لەسەر پەسەندکردنیان، یان ڕەتکردنەوەی یەکتابوونی ڕەهای ڕووداوە دیـــارەکانەوە. لـــە زانســـتی گەردوونـــدا، ســـەقامگیریی زەوی و لـــە مێـــژوودا، سەربەخۆیی تاکەکان و ئازادیی مرۆڤە. لە زانستی گەردووندا سەختیی پەسەندکردنی جوولّـــەی زەوی و هەسارەکانی تر هەبـــوو. کە ئەوە بۆ ئێمە دەستبەردان بـــوو لەو هەستەی جارانمان هەمانبوو، کە ئەویش سەقامگیریو وەستاویـــی زەوی و هەسارەکان بوو. لە مێژوویشدا ئەوە ئەستەم بوو، پەسەندی بکەین کە تـــاک لە ژێر ڕکێفی زەمان و شوێنێ و هۆیەکاندا بێت. چونکە بۆ ئەمەیش مرۆڤ پێویستی بەوە بوو کە دەستبەرداری ڕاستەوخۆی سەربەخۆیی خۆی بێت. بەڵام هەر وەکوو ئەوەی بیردۆزی نوێی زانستی گەردوون دەڵێت: ڕاستە ئێمە هەست بە جوولّـــەی زەوی ناکەین. بەڵام ئەگەر بڕوا بە ڕاوەستاوی زەوی بکەین، ئەوا دەگەینە شتیەلێکی نـــاڕێک و نـــاپەسەند. بەڵام ئەگەر پێچەوانەکەی پەسەند بکەین: ئەوا ئێمە پاشکۆی جیهانی دەرەوە و زەمان و هۆیەلەکانین. بێگومان دەگەینە کۆمەڵە یاسایەک. لەباری یەکەمدا ناچار بووین دەستبەرداری هەستکردن ببین بە سەقامگیریی و وەستاوی و پەسەندکردنی ئەو جوولّـــەیەی زەوی کە هەستی پێ ناکەین. لە بارەی تریشەوە دیسان لەسەرمانە دەستبەرداری ئەو ئازادییە ببین کە لێی بە ئاگاینو پاشکۆیەک پەسەند بکەین، کە هەستی پێ ناکەین. بەڵام ئەگەر هەنگاو بە هەنگاو بـــە دوای کەشـــتیەکەوە بـــووین. هـــەمان ئەنجاممان دەســـت دەکـــەوێت لـــە بزووتنـــەوەی کەسایەتیە مێژووییەکاندا.

کۆتـــــــایی

کورتەیەک لە ژیانی جەوهەر مەحمود داراغا

● ناوی جەوهەر مەحمود حسینە. نازناوی "داراغا"یە و داراغایش دێیەکی کوێرەوە بووی سەر بە گەڕەکی سەرچنارێی ئێستایە.

* لە دایک بووی ساڵی (١٩٤٩) زایینە.

* قوتابخانەی سەرشەقام و قوتابخانەی (جەمهووری کۆن و نەورۆز)ی بنەڕەتیی ئێستایە و ناوەندیی سلێمانیی تە واو کردووە.

* لە ساڵی (١٩٦٧ ــ ١٩٦٨) بڕوانامەی خانەی مامۆستایانی سلێمانیی وەرگرتووە.

* لە ساڵی (١٩٧١) بە پیشەی مامۆستا لە گوندی (ئەحمەد بـرندە)ی سەر بە (وارماوە) دامەزراوە.

* شاکاری (هـەزارو یەک شەوە ـ الف لیله و لیله)ی لە زمانی عەرەبییەوەوەرگێڕاوە بۆ زمانی شیرینی کوردی و لە ساڵی (٢٠٠٧) و بە بەرگی ڕەق و تیراژی (١٥٠٠) دانە و لە (٤) بەرگدا، چاپخانەی (شڤان) چاپی یەکەمی خستە کتێبخانەکانەوە و چاپی دووەمیشی بە تیراژی (١٠٠٠) دانە و دیسان بە (٤) بەرگ چاپخانەی (چوارچرا) لە ساڵی (٢٠١٣)دا چاپی کردووە تەوە.

چاپی سێیەمیشی لە (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە) و بە دوو بەرگی ڕەق و، لە بۆکسێکی جواندا، بە تیراژی (١٠٠٠)دانە چاپی کرد کردە وە و، لە (٢٠١٥/١١/١٤)دا، بڵاو کرایەوە. هەر ئەم ناوەندە چاپی چوارەمیشی کردەوە.

* شاکاری (شەڕو ئـاشتی ـ الحرب و السلم)ی ڕۆمان نووسی ڕووسیی بە نـاوبانگ (لیو تۆلستۆی)ی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردی و (خانەی وەرگێڕان) لە ساڵی (٢٠١٢) و لە (٤) بەرگدا و بە تیراژی (٧٥٠) سێت لە چاپی داوە. بۆ جاری دووەم ناوەندی جەماڵ عیرفان بە تیراژی (١٠٠٠) سێت چاپی کردەوە.

* ڕۆمانی (قـومارچی ـ المقامر)ی کەڵە نووسەری ڕووسی (دۆستویفسکی)ی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی و لە ساڵی (٢٠١٣)دا دەزگای (خانەی وەرگێڕان) بە تیراژی (٥٠٠) دانە چاپی کردووە و(ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە)یش بۆ جاری دووەم و سێیەمیشی بە تیراژی (١٠٠٠)دانە، چاپی کردەوە.

* ڕۆمانی (قەموورەکەی نۆتـردام ـ احدب نوتـردام)ی ڕۆمان نووسی فەڕە نسی (ڤیکتۆر هیگۆ)ی لە زمانی عەرە بییەوەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی شیرینی کوردی و بە تیراژی (١٠٠٠) دانە و بە بەرگی ڕەق چاپ کراو لە (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە) لە ٢٠١٥/٩/١٢ کەوتە بەردە ستی خوێنەران.

* وەرگێڕانی بۆ ڕۆمانی (کەتنەکانی کچۆڵەیەکی لاسار) کردووە و لە (ناوەندی هونەری و ڕۆشنبیریی ئەندێشە) چاپ بووە. ئەم ڕۆمانە لە نووسینی (ماریۆ بـارگاس یوسا)یە.

* وەرگێڕانی بۆ ڕۆمانی (تیریـزا باتیستا)ی گەورە ڕۆمان نووس: (جۆرجی ئەمادۆ) کردووە و لە

(ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە) چاپ بووە.

* رۆمانی(خۆشەویستی و سێبەرەکان)ی رۆمان نووسی گەورە، (ئیزابیل ئەلیندی)ی وەرگێڕاوە و، لە (ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە) چاپ بووە.

* لەگەڵ هەواری کچیشیدا، رۆمانی (کلیلەکەی سارا)یان لە فەرەنسییەوە وەرگێڕاوە و لە (ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە) چاپ بووە.

* وەرگێڕانی بۆ رۆمانی(نرکەی چیاکە) کردووەو ئەم رۆمانە لە نووسینی (یاسۆناری کاوباتا)ی یابانییە و لە (ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە) چاپ بووە.

* وەرگێڕانی بۆ رۆمانی (کۆتەلی رۆژ)ی کازو ئیشوجۆروو کردووەو (ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە) بە تیراژی (١٠٠٠)دانە لە ساڵی (٢٠١٧)دا چاپی کردووە.

* وەرگێڕانی بۆ شاکاری (بێنەوایـان ـ البؤساء)ی ڤیکتۆر هیگۆی فەرەنسی کردووە و لە ساڵی (٢٠١٩)دا (ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە) چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

* رۆمانی (هـەرزەکاری)ی (دۆستۆڤسکی)ی رۆمان نووسی ڕووسیی وەرگێڕاوە و لە (ناوەندی جەمال عیرفان) و بە تیراژی (١٠٠٠) دانە چاپ بووە.

* پێداچوونەوەی بۆ کتێبی (تەندروستیی کوردستان بە رەو کوێ؟) کردووە و ئە م کتێبە لە نووسینی (جەمال مەلا سەعید)ە و لە ساڵی (٢٠٠٩) لە چاپخانەی (گەنج) چاپ کراوە.

* بەڕێوەبەری نووسین بووە لە مانگانە گۆڤاری (ژەنەر)دا. یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارەیش لە کانوونی یەکەمی (٢٠٠١)دا و لە سلێمانی چاپ کراوە.

* (بەڕێـوەبەری نووسین)ی وەرزەگۆڤـاری (سەنتەری رۆشنبیریی سەرا)ی سـەر بە منالپـارێزی کوردستانیش بووە وبە هۆی قەیرانی داراییەوە، ئێستا ئەو گۆڤـارە، راگیراوە.

* لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا چەندین نووسین وکورتە چیرۆک و کاریکاتێری بڵاوکردووەتەوە.

* چەندین فیلمی دیکۆمێنتاریی زانستی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفیی وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی و بە دۆبلاژکراوی لە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سلێمانیەوە پەخش بووە.

* لە رادیۆی (دەنگی کتێب) وەکوو بەڕێوەبەر لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠١٢) کاری کردووە و چەندین بەرنامەی لەو رادیۆوە پەخش بووە. لەوانە گۆشەی (خەرمانی پەندی پێشینان) و (سروەی شاعیران). لەگەڵ گۆشەی (حیکایەتی هەزارو یەک شەوە). کە لە خوێندەوەی وەرگێر خۆی بووە و جێبەجێ کردنی (کاروان بلووری).

* پڕۆژەی خوێندنەوەی هەر چوار بەرگەکەی (هەزارو یەک شەوە)ی خستە بەردەستی خاوەنی رادیۆی (دەنگی کتێب) و (قـاوەخانەی کلتووری)، تاکوو دوای بە کلیپ بوونی، بە سەر سەنتەرەکانی نابینایانی هەرێمی کوردستاندا، دابەش بکرێت. بەڵام بە داخەوە، دوای خوێندنەوەی (٣) بەرگی ئەم شاکاری (هـەزارو یەک شەوە)یە، پڕۆژەکە بە کۆتا نەگەیشت و، بە نیوەناچڵی مایەوە!

* ئێستایش لە ژایندایە و خانەنیشینە و، سەرومڕە لە خوێندنەوە و نووسیندا.

هێزەکانی رووس، بە شکاوی لە بەردەم سوپای (12)ی نەتەوەی ئەوروپادا کەم بوونەوە و، لەگەڵ هاوڵاتیانی رووسیشدا لە سەرەتادا تا سمۆلنسک، لە پاشەکشەدا بوون و، دواجار بەرەو "بورۆدینۆن و، خۆیان لە بەرەنگار بوونەوە، لەگەڵ سوپای فەڕەنسا دەدزییەوە. سوپاکەی ناپلیۆنیش بەرەو مۆسکۆ بووەوە و تا دەهات پەرۆشتر دەبوو، بۆ ئەو کارەی. هەر وەکو زیاتر بوونی خێرایی تەنێک، لە کەوتنە خوارەوەیدا و، بە نزیکتر بوونەوەی لە زەوییەوە. ئەوانیش تا لە مۆسکۆوە نزیکتر دەبوونەوە، خێراتر دەبوون. وابوو کە سوپا برسییەکەی ناپلیۆن بە هەزاران "فرسەخ"ی بەجێ هێشتبوو هەروا دە دوازدە فرسەخێکی مابوو، بە ئامانج بگات و، مۆسکۆ داگیر بکات. بۆیەتا دەهات بەرەو ئامانجەکەیان خێرا و خێراتر دەبوون. لە نێو سوپای رووسیشدا، تا پاشەکشەیان زۆرتر دەبوو: رق و کینەیان ئەستوورتر دەبوو. دواییین پێکدادان، لەنێوان ئەو دوو سوپایەدا لە بوورۆدینۆ رووید. بەڵام سوپای رووس، وەک چۆن تۆپێک بە تەوژم دەکشێت و، لە ناکاو بەر بەردێک دەکەوێت و دەگەڕێتەوە. هەر بەو شێوەی گەڕانەوەی تۆپەکە ئەویش پاشەکشەی کرد.

ناوەندی توێژینەوەی نەەبیی
عەبدوڵڕەحمان زەبیحی
لەسەر نەرکی (د. تەها رەسوڵ) چاپکراوە
2020